





# بابەت و نووسراوەکانی
# هاوڕێ عەلی بداغی

---

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

## بابەتەکانی: ساڵی ٢٠٠٩ - لاپەڕی: ١٣


١- منداڵان و مافەکانیان لە یاساکانی کۆماری ئیسلامی دا.

٢- لە رەمەزان دا پاروومان لە رۆنی کەوتبوو.

٣- نەکەی بە تاوانی بنووسی!.

٤- ژن پارێزی وەک پێویستییەک لە پێناو بنەبڕکردنی توندوتیژیدا.

٦- هەرزان و تالانە گوڵم!.

٧- تاوانی ژیان لە کەلەبەرەکانی خۆکوژی دا.

٨- لاوان و مراندنی هەست و ویستەکانیان.

٩- جینایەتێک لە بێدەنگی و رەوایی پێدانی دا.

١٠- ئەنفالی سپی و دەنگی پیی مۆتەکەی مەرگ.

١١- ١٠خاڵی گرینگ لە پەروەردەکردنی باشی منداڵان دا.

١٢- توندوتیژیو لێدانی منداڵ، شێوازێکی غەڵەتی پەروەردە.

١٣- هەڵمەتێک لە پێناو هەستانە وە دا.

١٤- مادە هۆشبەرەکان، مەترسیەک لە سەر ئەمن و ئاسایشی نەتەوەیی.

١٥- گاڵتەی تاڵی مرۆڤی کوردو مافەکانی.

١٦- ئاسۆی خەباتی ژنان لە دۆخی ئێستادا.

١٧- رۆڵی کورد لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ئێران دا.

١٨- هێڵی هەژاریی ٨٥٠ هەزار تمەنی، نەورۆزانەی خەڵکی ئێران.

١٩- چەکی کولی ئیعدام وەک مۆدێلێکی سەرکوتی کۆمەڵایەتی!.

٢٠- سەبارەت بە چەمکی مێژوویی‌و کۆمەڵایەتیی بزووتنەوەی سەربەخۆی ژنان.

٢١- شێوەی گونجاوی هەڵسوکەوت لەگەڵ هەڵەی منداڵان.

٢٢- لاوان لە گێژەنی بێکاری دا.

٢٣- لۆزان لە پێخەفی ئەمجارەیدا.

٢٤- لە کپ کرانەوە تا بوونەوە گڕکانێکی دی.

٢٥- چی ماوە بە تالانی نەبەن؟.

٢٦- حیکایەتی عەشقێ.

٢٧- هەڵبژاردن لە ئێراندا، ئەو ڕێگەیەی بۆ تورکستان دەچێ!.

٢٨- لە خەمی لە دەستدانی هاوڕێ م جەعفەر زەمانی دا.

٢٩- گەرموگوڕیی بازاڕی لەشفرۆشی لە ئێراندا.

٣٠- دوگماتیزمی ئایینی لە نیزامی پەروەردەیی ئێراندا.

٣١- لاوان لە بەرەنگاریی ڕێژیم دا.

٣٢- منداڵانی سەرشەقام، منداڵانی نێو قووڵکەکان.

٣٣- وتووێژ لە گەڵ سۆران قوربانی؛ کارناسی شوێنەوارناسی.

٣٤- منداڵان و دیاردەی کارکردنی منداڵان.

٣٥- لە خۆشەویستیی پەپوولە بێ نازەکان دا.

٣٦- مافی منداڵان لە کۆنڤانسیۆنی جیهانی و لە یاساکانی ڕێژیمی ئیسلامیدا.

٣٧- دیسانەوەش پشووی هاوینی و باسەکانی!.

٣٨- دەیەمین هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ئێران و چەند سەرنجێک!.

٣٩- گرینگیی خەسارناسیی ئیعتیاد لە نێوان ژنانی موعتاددا.

٤٠- ئیعتیاد وزیانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی لە کۆمەڵگادا.

٤١- ئەو کتێبانەی د. قاسملوو نووسیوونی، یا دە بارەی ئەودا نووسراون .

٤٢- راکردن یان راوکردنی مێشکەکان.

٤٣- بزووتنەوەی ژنانو ماراتۆنی خەبات لە پێناوی مافەکانیان دا.

٤٤- خوێندنەوەیەک بۆ دەستدرێژی کردنە سەر بەندییە سیاسییەکان.

٤٥- بێ بایەخیی گیانی مرۆڤی کورد!.
٤٦- دەستدرێژی وەک ئەشکەنجەیەکی سیستماتیک.
٤٧- باڵندەی کام دارستان بە زمانی خۆی ناخوێنێت؟.
٤٨- هەژاری لە نێوان واقع و حاشا لێ کردنی دا.
٤٩- کەمپەینی یەک میلیون واژۆ لە نێوان بوێری و نەوێران دا.
٥٠ بەسیجی قوتابی و پێوەندیی بە ڕەگ داکوتانی توندوتیژی لە کۆمەڵگادا.
٥١- شیشەو کریستاڵ، ئێستاش کڕاک و پان کڕاک.
٥٢- ئیوارە خەمە و دوا دڵۆپی خۆشەویستی دەرژێ لە ساتەکانی پێکەوە بوونمان.
٥٣- ئاوڕێک لە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران دا (لە بەرەبەری جیهانیی مافی مرۆڤ دا).
٥٤- یادەوەریی ڕۆژێکی پووشپەڕ.
٥٥- ئیعتیادی ژنان،تایبەتمەندی و دەرەنجامەکانی.
٥٦- توندو تیژی دژی منداڵان و ٧ پرسیاری گرینگی کێ و چی-یەکان!.
٥٧- کەمئەندامی، دۆخێک بۆ دابڕان لەژیان.
٥٨- هەوری ڕەش و فرمێسکی تیمساح.
٥٩- فڕین.
٦٠- ئێعدام، بڕیاری شەرع یان لاهێزی سیاسی بۆ دەسەڵات.
٦٢- کەمئەندامی، بیانوویەک بۆ دابڕان لەژیان

## بابەتەکانی: ساڵی ٢٠١٠ - لاپەڕەی: ١٦٤

١- حاشا لە گۆشتی کەروێشک و بۆ تسی تاژی.
٢- ئێعدام، بڕیاری شەرع یان لاهێزی سیاسی بۆ دەسەڵات
٣- کێشەی ئەتۆمیی ئێران، مەترسی یان هەڕوگیفێکی سیاسی.
٤- خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران بە زمانی ئامار.

٥- چێژی تەرک کردن زۆر زیاترە لە چێژی کێشان.

٦- دوورە دیمەنی ژیانی کرێکاران لە ساڵی تازەدا.

٧- کوردستان و ساڵێک پێشێلکرانی سیستماتیکی مافی مرۆڤ.

٨- ئەمجارەیان تەحریمەکان چیان لێ شین دەبێ؟.

٩- گەڕانەوە لە لێواری مەرگەوە.

١٠- کوژران بە چ تاوانێک و لە پێناو چی دا؟.

١١- لە پەراوێزی ئیمزا کردنی پەیماننامەی ژنێڤاکاڵ لە لایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە.

١٢- کرێکاری کورد و ئەو مافانەی کە پێشیان نازانێ!!!.

١٣- ئەو قەیرانانەی تەنگیان بە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵ چنیوە!.

١٤- ئێرانی ١٢٠ میلیۆن کەسی و کاریگەریی لە سەر داهاتووی هاوکێشە ناوچەییەکان.

١٥- میراتی کلتووری لە گفتوگۆیەک لەگەڵ هونەرمەند محەممەد ڕۆستەم زادە، (نامۆ) دا.

١٦- ئەو ژیانەی پەردەی کچێنی لە بەر یەکی برد (چیرۆکی ڕاستەقینەی ژیانی خەزاڵ ناوێک).

١٧- تەقینەوەکەی زاهیدان و بارودۆخی زیاتر لە ١٥ میلیۆن کەسی سوننە لە ئێران دا.

١٨- کۆماری ئیسلامیی ئێران، وڵاتی مەرگ و بەردەباران.

١٩- کۆماری ئیسلامی، چە کی ئێعتیاد و شە ڕێکی ماڵوێرانکە ر.

٢٠- گەڕان بەدوای هەناسەکانی ژیان لە نێو دووکەڵی کوورەکانی مەرگ دا.

٢١- لە موچڕکی دارستانەوە تا ناڵەی ئەسپەکانی سەر سنوور.

٢٢- باسێک لە بەردەوامیی سیاسەتی بە موعتاد کردنی لاوانی کورد.

٢٣- کوردە بێ ناسنامەکانی سووریە.

٢٤- ساڵی نوێی خوێندن لە ئێران و پلان و پیلانەکانی ڕێژیم بۆ جۆریکی دیکە لە پەروەردەی ئیدۆلۆژیکی.

٢٥- پێگەی "دادگای ویژەی رووحانییەت" لە نێو مامۆستایانی ئایینیی سوننە لە ئێران دا.

٢٦- قاچاغی کچان و ژنانی ئێرانی و بۆمبێک لە چاوەڕوانیی تەقینەوەدا.

٢٧- سەربەخۆیی مافی بێ ئەولاوئەولای کوردە.

٢٨- پێناسەی ونی "تاوانی سیاسی" لە نیزامی دادپەروەریی کۆماری ئیسلامی دا.

٢٩- ئەو هاوار و زریکانەی تێکەڵ بە ئاگر و دووکەڵ دەبن.

٣٠- دوژمنایەتیی لە بن نەهاتووی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ کەلەپوور و میراتی فەرهەنگیی کورد.

## بابەتەکانی: ساڵی ۲۰۱۱ لاپەڕەی: ۲۶۶

١- نرخی بێکاری لە نێوان ئیدیعاکانی ئەحمەدی نژاد و راستییەکان دا.

٢- ئێران، وڵاتی مەرگ و سێدارە.

٣- خەتەنەی ژنان، بڤەیەک و بەردەوامیی جینایەتێک لە بێدەنگی دا.

٤- کوردستان و ٣٢ ساڵ بەربەرەکانی دژی کۆماری ئیسلامی.

٥- هۆکارەکانی پشتی پەردەی جاشێتی و زۆر بوونی بەسیج لە کوردستان.

٦- پێویستیی بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان و گۆڕینی هەڵویستەکان.

٧- وتووێژ لە گەڵ بەرێوەبەر و وتەبێژی "کەمپینی ١٠ رۆژ خەبات دژی ئیعدام".

٨- کۆماری ئیسلامی و توشبوونی بە ریسواییەکی دیکە.

٩- کۆماری ئیسلامی و گەمەکردنی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەدا.

١٠- نامەی ژنێکی ئێرانی بۆ پیاوانی نیشتمانەکەی.

١١- ئەوگوڵەی وا لە سەحرا روابوو.

١٢- ئاسۆی رەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران لە ژێر رووناکایی بڕیاری ئەوجارەی شوورای مافی مرۆڤ.

١٣- کارتێکەریی ئابووریی شپرێوی ئێران لە سەر تەقینەوەی کێشە کۆمەلایەتییەکان.

١٤- مەترسیی پرۆژە ئەتومییەکانی ئێران لە ژێر تیشکی تەقینەوەکەی فۆکۆشیمادا.

١٥- چەند سەرنجێک لە سەر کۆنفرانسی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان.

١٦- سەفەرەکەی ئەحمەدی نژاد بۆ سنە و چەند سەرنجێک.

١٧- لە پێشواز و لە یاد و شکۆی مانگرتنە بەشکۆکەی ٢٣ی بانەمەڕی پارەکەد.

١٨- " کاتێ کە با لە گەڵ خۆیدا دەمان با"، نامەی بڵاونەکراوەی شەهید فەرزاد کەمانگەر.

١٩- منداڵانی کورد و رۆژی جیهانیی خۆیان.

٢٠- کوا وادەکەی ئەحمەدی نژاد بۆ دابینکردنی ٢ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار هەلی کار لە ساڵی تازەدا؟.

٢١- کوردستان و بەردەوامیی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ.

٢٢- ٢٢ی پووشپەڕ سەرکەوتنی ئیرادەی خەڵک یان شتی دی؟؟.

٢٣- ٢٢ی پووشپەڕ، مانگرتنی خەڵکی کوردستان و چەند سەرنجێک.

٢٤- پژاک ئامانجی شەڕە یان بیانوو؟؟.
٢٥- ئێران و واقعییەتی کۆڕەوی مێشک و بژاردەکانی.
٢٦- " گەورە مەبە کزەی جەرگم، تا من مابم..."
٢٧- دەردەڵێ لە گەڵ خەونی شێعرێکدا.
٢٨- لەززەتی ئینسانکوژیی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان.
٢٩- رۆژی لە دایکبوونم و چەند قسەیەک لە ناخی دڵەوە.
٣٠- راکردن لە نیشتمان، چارەنووسی نوخبەکانی کورد لە بواری وەزرشیشدا.
٣١- قەیرەیی و قەیرانی چوونە سەرێی تەمەنی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش لە ئێراندا.
٣٢- کرانەوەی خوێندنگەکان لە ئێران و بێبەشیی بە میلیۆن کورد لە خوێندن بە زمانی دایکی.
٣٣- کوژران بە کام تاوان و بە پێی کێهە قانوون؟؟.
٣٤- درۆ و دەهۆکانی ئەحمەدی نژاد لە ئامار و ئامارسازیدا.
٣٥- خۆزگە مردن هەبا دەردی پەشیمانی نەبا....
٣٦- بۆ بەڕێز ئەحمەد شەهید و ستافەکەی لە شووڕای مافی مرۆڤ.
٣٧- نوێکردنەوەی بەڵێنی ٩ ساڵە لە ٩ ساڵەی شەهید بوونی هاوڕێم مەنسوور مەعرووفی دا.
٣٨- پێشێلکاریی مافی پتر لە ١٥ میلیۆن کەسی سوننی لە ئێرانی ئیسلامیدا.
٣٩- شلێر باپیری: هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی دژی ژنان لە کوردستان لاوازە.
٤٠- لیستی سەرجەم ئەو گەمارۆیانەی لە ٣٣ ساڵی رابردوودا خراونەتە سەر ئێران.
٤١- ئێران و پرسی مافی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠١١ ی زایینیدا.

## بابەتەکانی: ساڵی ٢٠١٢ - لاپەڕەی: ٤٠٠

١- شەوی یەڵدایە یا دەیجوورە ئەمشەو.
٢- بەسەرهاتی نەبڕاوەی کوژرانی کۆڵبەرانی کورد بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی.
٣- یارانە و خەڵک و دەوڵەت لە دووهەمین فازی ئەو گەلاڵەیەدا.

٤- ململانێی ئێران و کۆمەڵگای جیهانی لە ساڵی ٢٠١١ ی زایینی دا.
٥- ئەو حەوت دیکتاتۆڕەی پێیان لە لێوی گۆڕە.
٦- پەرەسەندنی فرۆشی ئەندامانی لەش لە ئێران لە نێوان باش یان نەباش بوونی ئەو دیاردەیەدا.
٧- گەمارۆکانی ئەجارە بە زیانی سپای پاسدارانە یان بە قازانجی؟؟؟.
٨- ژنان و پرسی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە ئێران.
٩- هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە نێوان گرینگییان بۆ دەسەڵات و خەڵکدا.
١٠- هەژاری و گرانی لە ئێرانی ئەوڕۆدا، هۆکار و دەرەنجامەکان؟.
١١- ئێران و گەمارۆکان و، ئەو گرانییەی تەنگی بە خەڵکی هەڵ چنیوە.
١٢- دیمانەیەک لەگەڵ کاوە ئاهەنگەری سەبارەت بە کۆبوونەوەکانی ستوکهۆڵم و بروکسێل.
١٣- ئەوا دیسان هەرای جەنگە و کوردوستانم ڕوو لە خوێنە
١٤- کەسریی بودجەی بنەماڵەکان لە ئێران و کاریگەریی لە سەر ژیانی ڕۆژانەیان
١٥- گەمارۆ جیهانییەکان دژی ئێران و پرسی کۆبوونەوەی لوتکەی وڵاتانی بێلایەن لە تاران.
١٦- سەردەشت و خەم و مەینەتیی خەڵکی ئەو شارە.
١٧- هەژاری و گرانی لە ئێرانی ئەمڕۆدا، هۆکار و دەرەنجامەکان؟
١٨- دۆمینۆی داخرانی باڵوێزخانەکانی ئێران لە وڵاتانی دەرەوە
١٩- حەقدەستی کەم و سفرەی بەتاڵی کرێکاران
٢٠- کاریگەریی گەمارۆکانی کۆمەڵگای جیهانی لە سەر ئابووری و ژیانی خەڵکی ئێران
٢١- ئەگەری هاتنەوەی کۆپێن و ریزگرتنی خەڵک لە بەر دەم " عامیل"ەکاندا
٢٢- شەپۆلەکانی پاڕازیت لە ئێران و مەترسییەکانی بۆ سەر سلامەتیی خەڵک
٢٣- هەڵبژاردنەکانی ئەمریکاو میتۆدی ئەلێکتورال کالێج
٢٤- ڕۆژە گرینگەکانی هەڵبژاردنی ٢٠١٢ ی سەرۆک کۆماریی ئەمریکا
٢٥- نیزیک بوونەوەی سەربەخۆیی کاتالۆنیای ئیسپانیا
٢٦- لەگەڵ سووتانی باڵەکانی تۆ دڵی منیش هەڵقرچا
٢٧- پێگەی ئەخلاق لە پرسی کورد و مافی مرۆڤی کورد لە ئێران
٢٨- ڕێگایەکی کاریگەر بۆ دروستکردنی گۆڕان

## بابەتەکانی: ساڵی ٢٠١٣ - لاپەڕی: ٤٧٥


١- زامێ بە قووڵایی برینی کارەساتێک

٢- چۆنیەتیی مەڵهەمی زامی مناڵە سووتاوەکانی شیناوێ

٣- کار، کۆڵبەریو ڕۆژی جیهانیی کرێکار

٤- بێکاری، هەژاری، گرانیو وادەی هەڵبژاردنەکان

٥- خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران لە نێوان حاشالێکردنو واقیعدا

٦- منداڵانی کار لە قرچەی هاوینو تینی سوورەتاودا

٧- وتووێژی" کوردستانوکورد" لە گەڵ حەسەن عوسمانی، باوکی ئەوین، کچە جوانەمەرگەکەی شاری بانە


## بابەتەکانی: ساڵی ٢٠١٤ - لاپەڕی: ٤٩٩


١- شەڕێکی بەردەوامو ناڵەناڵی بێ کۆتایی...

٢- کرێکاری کورد لە نێو خاکو خۆڵو؛ بۆنی باڕووتو خوێندا

٣- یۆتۆپیای پاراستنی سەروەریی خاکو نیزامی سیاسی لە ڕێی زاوزێی زۆرەوە!

٤- دەنگی پێی بێگانە لە سەر خاکی کورد

٥- زمان وەک شوناسو پێناسی نەتەوەیی‌و، وەک مافو داوا

٦- نوێنەرانی کورد لە مەجلیس، خەمی خەڵکو ئەرکە لەبیرکراوەکانیان

٧- لێدرانی زەنگی قوتابخانەکانو ژەنگیی نیزامی پەروەردە لە ئێراندا

٨- چۆنیەتیی پرسینەوە لە گەندەڵییە حکومییەکان لە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا

٩- مین لە کوردستان، خەمی خەڵکو بێخەمیی کاربەدەستانی حکومەت

١٠- ئابووریی تێکتەپیو لە سۆنگەی خەونی بە ئەتومی کردنی وڵاتدا

١١- تراویلکەی باشبوونی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا

١٢- "مێروولە واباشە نەچێ بە گژ قوللەیی قافا"

## بابەتەکانی: ساڵی ٢٠١٥ - لاپەڕەی: ٥٣٧

١- کوردستانو پشکی لە نەهامەتییەکانی ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامیدا

٢- شۆڕشی ٥٧، ڕەنجێکی خەسارو خەڵکێکی کۆڵەوار

٣- داوایەکی ڕەوا کە بەیەکگرتوویی‌و شێلگیری دێتە دی

٤- ساڵی نوێی هەتاوی‌و دوورەدیمەنی پرسی مافی مرۆڤ لەمساڵدا

٥- لە پەسنی لێبوردەیی‌و بەخشینەوەی ژیاندا

٦- پرسی ژنان لە ئێرانو بێ‌خەمیی نوێنەرانی ژن لە مەجلیس

٧- خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگا کراوەو داخراوەکاندا

٨- کۆمەڵگا نابێتە دینی یان ئەوان ئیسلامیان بۆ مانەوەی خۆیان دەوێ؟

٩- پێویستیی هەڵمەتێک بۆ ڕێگری لە کوشتاری کۆڵبەرانو کاسبکارانی کورد

١٠- تەقینەوەی سێکسی لە کۆمەڵگای ئێرانو سیاسەتی ناکارامەی حاشاو حەشاردان

## بابەتەکانی: ساڵی ٢٠١٦ - لاپەڕەی: ٥٦٦

١- بەڵێنی ئێران بە بەشار ئەسەدو حیزبوڵڵا بۆ دابینکردنی پێداویستی‌یە دەرمانی‌و پزیشکی‌یەکانیان

٢- هەتا ماڵێ بیهەوێ لە مزگەوتێ حەرامە

٣- ئەوەی ئەحمەد شەهید نەیدی

٤- کرێکار لە ئێران لە نێو دوو بەرداشی بێ‌مافی‌و ترسی لە دەستدانی کارەکەیدا

٥- کوردستانێکی هەژار، خەڵکێکی بێکارو هەژاریی هەزار بە هەزار...

٦- كاتێ منداڵێكی تەمەن ١٠ ساڵ ملی خۆی بە پەتەوە دەكا!
٧- ئەو غەدرەی بگرە هەر لە كورد دەكرێ
٨- كوردستان و فەرهەنگێك بۆ لێفێربوون
٩- ئەوان لە كێلی مردووشمان دەترسن!
١٠- كاریگەریی بڕیاری دادگای میكونوس لە سەر گۆڕینی سیاسەتی كۆماری ئیسلامی
١١- فراكسیۆن، پرسێك كە نوێنەرانی كورد لە مەجلیس خۆ لەقەرەی نادەن
١٢- جێگە و پێگەی منداڵان و مافەكانیان لە ئێرانی ئێستادا
١٣- بۆ پەلامارە تێرۆریستییەكەی سەر حدك دەستی كۆماری ئیسلامیی لەپشتە؟

## بابەتەكانی: ساڵی ٢٠١٧ - لاپەڕەی: ٦٠٤

١- ڕەفسەنجانی چیی بۆ نیزام كرد و چیی بەسەر خەڵك هێنا؟
٢- خەمی نان لە نێوان ڕێژنەی فیشەك و ڕقی سروشتدا
٣- نیسێی دروشمەكانی شۆڕشی ٥٧ بەسەر ٣٨ ساڵ دەسەڵاتداریەتیی كۆماری ئیسلامیدا
٤- ژنان لە ئێران و تێچووی زۆری بەشدارییان لە سیاسەت و كاری ڕێكخراوەییدا
٥- «دنیای منداڵان» لە باوەشی دایكی دڵسۆزی «كوردستان»دا
٦- هەڵبژاردن چۆن دەكرێ ببێتە چەك بۆ دێموكراسیو مافی بەرامبەر لە ئێراندا؟
٧- یادی ٥٠ ساڵەی ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ لە وتووێژی "كوردستان" لەگەڵ سمایل بازیاردا
٨- هەڵبژاردنەكانی ٢٩ی بانەمەڕی ئێران، لە سەرەتاوە تا كۆتایی
٩- بەڵگەكانی تاوانێكی گەورە كە ناتوانن بیسڕنەوە!
١٠- ئێران وڵاتێكی ئیسلامیی پڕ لە تاوان و لادان
١١- كۆماری ئیسلامی وەك دژی ژین و ژینگە لە كوردستان
١٢- هەژاری لە ئامارەوە هەتا هەژانی كۆمەڵگە
١٣- حەوت دەیە خەباتی حیزبی دێموكراتی كوردستان لە ڕوانگەی چەند كەسایەتییەكی سیاسی و ڕووناكبیرییەوە

١٤- دارمانی ئەخلاقی لە کۆمەڵگە و خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتییەکان
١٥- ئەزموونێک و دەرفەتێک بۆ بەخۆداهاتنەوە
١٦- پاییز، کچانی شیناوێ و وەرزی نوێی خوێندن لە دڵەخورپە و نیگەرانیدا
١٧- ئێعدام چەکی درێژکردنەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی
١٨- لە پێناو پاراستنی دەسکەوتەکاندا
١٩- کوردستان دوور لە سیلەی چاوی جەهانگیر
٢٠- بوومەلەرزەکەی کرماشان و شانازی و سەروەریی نەتەوەییمان
٢١- خامنەیی ٩٥ میلیارد دۆلاری سامان هەیە و سەدا ٩٥ی خەڵکی ئێرانیش هەژارن

# بابەتەکانی: ساڵی ٢٠٠٩

-----------------------------------------------------------

## منداڵان و مافەکانیان لە یاساکانی کۆماری ئیسلامی دا

رۆژی ١٦ی رەزبەر لە ئێرانی بندەستی رێژیمی ئیسلامی دا وەک رۆژی منداڵان دیاری کراوە، لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییش دا نیزیک بە تەواوی وڵاتانی سوسیالیستی و ٣٠ ئەیالەتی ئامریکا رۆژی ١ی ژووئەن وەک رۆژی جیهانیی منداڵان دەکەن بە جێژن و زۆر وڵاتی دیکەش هەن کە رۆژی ٢٠ی نوامبر، رۆژی پەسند کرانی کونڤانسیۆنی مافی منداڵانیان وەک رۆژی جیهانیی منداڵان بە فەرمی ناسیوە. لەو نێوەدا وڵاتی دیکەش هەیە کە رۆژی منداڵانی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆ وێنە لە ژاپۆن رۆژی ٥ی مانگی مەی و لە هیند رۆژی ١٤ی نوامبر، رۆژی سەربەخۆیی ئەو وڵاتە وەک رۆژی منداڵان دیاری کراوە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو جیاوازییانەو پێک نەهاتنێکی گشتی لەسەر ساغبوونەوە لەسەر رۆژێکی دیاریکراو بەناوی منداڵان لە ئاستی جیهان دا، لە جێدا دیاریکردنی رۆژێک بەناوی منداڵان لە نێودەوڵەتان دا نیشانەی گرینگیدان بە رەوشی منداڵان و خوێندنەوەی منداڵان و رۆڵی کاریگەری ئەوان لە بنیاتنان و پێشڤەچوونی کۆمەڵگایەیی سالم و تەندروستە و پەسند کرانی کونڤانسیۆنی جیهانیی مافی منداڵانیش دیارترین ئیرادەی جیهانی بۆ بەرگری کردن لە منداڵان و ئامادە کردنیان بۆ ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگای مرۆییە.

رێژیمی ئیسلامیی ئێرانیش لە رەشەمەی ١٣٧٢ی هەتاوی دا کۆنڤانسیۆنی جیهانیی مافی منداڵانی بەدانانی پێش مەرجێک واژۆ کردوە، بەڵام جیاوازی و کەلەبەری یەکجار زۆری نێوان یاساکانی رێژیم و نێوەرۆکی کۆنڤانسیۆن، بە کردەوە پێشێلکاری مافی منداڵانی لە ئێران دا یاسامەند کردوە.

ئەو پێش مەرجەی کە "نێوەرۆکی کۆنڤانسیۆنەکە لە هەرکاتێک داو لە هەر بوارێک دا دژایەتیی لەگەڵ یاساو رێسا ئیسلامییەکان و یاسای نێوخۆیی وڵات بێ، ئێران لە جێبەجێ کردنی خۆ دەبوێرێ" وای کردوە کە رێژیم خۆی لە بەرامبەر هیچ کام لە بەندەکانی کۆنڤانسیۆنەکەدا بە دەرووەست و بەرپرسیار نەزانێ.

هەرکام لە وڵاتانی واژۆکەی ڕێککەوتننامەو پەیماننامە نێونەتەوەییەکان دەروەست بە وەدەکرێن کە یاسا نێوخۆییکانی وڵات گونجاو لەگەڵ یاسا نێونەتەوەییەکان دابرێژین یان لەو چوارچێوەیەدا گۆڕانکارییەکان تێدا بکەن، بەڵام یاساکانی پێوەندیدار بە منداڵ و مافەکانیان لە ئێران داو تەنانەت دوای ١٥ ساڵ پەیوەستبوون بە کۆنڤانسیۆنی جیهانی مافی منداڵانیش هەروا لە دژی منداڵان و ناتەبا لەگەڵ ڕێووشوێنەکانی ئەو کۆنڤانسیۆنەشە کە ئێران خۆی بە دەروەست لە بەرامبەر جێبەجێ کردنی دا زانیوە.

یەکەمین گرفتی پێناسەو جێبەجێ کردنی مافی منداڵان لە پێناسەی چەمکی منداڵ و پێناسەی جیاوازی ئەو چەمکە لە ئەدەبیاتی سیاسی ـ ئایینی و کۆمەڵایەتیی لە ئێران دا دەست پێدەکا:

بەپێی ئەو تەعەهودەی ئێران بە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی داوە، منداڵان هەموو ئەو کەسانەن تەمەنیان خوار ١٨ ساڵە، بەڵام لە یاسای کاری وڵات دا منداڵان ئەو کەسانەن کە ١٥ ساڵیان تەواو نەکردووە هیچ خاوەن کارێک بۆی نیە وەبەر کاریان بنێ. لە گۆشەنیگای شەرعییەوە منداڵان، کچانی تەمەن ٩ ساڵ و کوڕانی هەرزەکاری خوار چواردە ساڵن، لە رووی سیاسیشەوە منداڵان کەسانی ژێر ١٦ ساڵن و بۆیان نیە لە هەڵبژاردنەکانی وڵات دا بەشدار بن، لە یاساکانی " دابین کردنی کۆمەڵایەتییش دا منداڵانی بیمە کراو دەتوانن لە خزمەتگوزارییەکانی بیمە بەهرەمەند بن بەو مەرجانەی کە سەڵت بن و کچ ٢٥ ساڵ و کوڕەکانیش ١٨ ساڵیان تەواو نەکردبێ. لە یاسای ئامارگیری وڵاتیش دا منداڵان کەسانی خوار ١٠ ساڵن.

هەر ئەو کۆک نەبوون لەسەر دیاریکردنی تەمەنێکی تایبەت بە منداڵان وای کردوە کە زۆربەی لایەنە بەرپرسیارەکانی پەروەردەو مافی منداڵان خۆ لە بەرپرسایەتی یان لە حاند منداڵان بدزنەوە.

جیا لەوەش یاساکانی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ناتەبا بوونیشیان لەگەڵ یەکتری پرواپڕن لە رەوایی دان بە چەوساندنەوەی منداڵان و پێشێلکاریی مافەکانیان. منداڵانی ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامی حوکمی ئیعدامیان لەسەر جێبەجێ دەکرێ، بە پەروەردەیەکی ئیدئۆلۆژیکی و ناسەردەمیانە گۆش دەکرێن، وەبەر کار ئەویش کاری قورس دەنرێن، ڕێژەی منداڵانی سەر شەقام هەر دێ و زیاتر دەبێ، ئیعتیاد لە نێو منداڵان دا بوتە شتێکی ئاسایی، چالاکیی باندەکانی سێکس و بازرگانی کردن بە منداڵ تادێ پەرە دەستێنێ، نیزیک بە ٥ - ٣ میلیون منداڵ لە پەروەردە و خوێندن بێبەش، یان لێی دابڕاون، بەپێی لێکۆڵینەوەی یۆنیسێف و وەزارەتی بێهداشت

٢٥%ی منداڵان ٦ تا ١١ ساڵ و ٩ لە سەدی منداڵانی ١٢ تا ١٦ ساڵ لە رووی جەستەییەوە ئازار دەدرێن و هیچ لایەنێکیش خۆی لە بەرامبەر توندوتیژی نواندن دژی منداڵان بە بەرپرسیار نازانێ.

خۆ لە جێدا بارودۆخی منداڵانی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکەشی گەلێ نالەبارترو چەند قات دڵتەزێنتر لە منداڵانی دیکەی ئێرانە.
رێژیمی کۆماری ئیسلامی رۆژی ١٦ی رەزبەر وەکوو رۆژی منداڵان جێژن دەگرێ، بەڵام منداڵان خۆیان و ئەو ئامارانەی لە پێوەندیی لەگەڵ رەوشی منداڵان دا بڵاو بوونەتەوە، زۆر بەباشی تەعبیر لەو دۆزەخە دەکەن کە کۆماری ئیسلامی بۆیانی پێک هێناوە

## لە رەمەزان دا پارووەمان لە رۆنی کەوتبوو

بەسەرهاتی دڵتەزێنتر لە ژیانی ژنانی لەشفرۆشیش هەیەو ئەوەی دەیخوێننەوە یەک لەو چیرۆکە تاڵانەیە کە ژمارەیان لەو وڵاتەدا رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبێ. هەمووان بە چاوی کێشەو تاوان لەو کەسانە دەڕوانن. بەڵام کەس نیە لە لایان دانیشێو گوێی دڵ بە قسەو خەمی ئەوان بسپێرێ، وەک بڵێی ئەوانە تاعوونیان بێ.

بەشێکی زۆری ئەو بەسەرهاتە سانسۆر کراوە. ئەگەر پێتان وایە دەبێ بگرین، ئەگەر پێتان وایە دەبێ هەڵچن یان بێزارو تووڕە بن لەو کەسانەی ئەو دۆخەیان بەسەر ئێراندا سەپاندوە، بەڵام پێشەکی با لە ناخی دڵەوە ئەو واقعە ترسناکە ببینن.
راستییەکی روون
زۆر دەترسام. ئەوان دەیان توانی ئەتکم بکەن، حەیام بەرن. ئەمن لەو ماوەیەدا تێکەڵاوی زۆر لەو بەسیجی¬یانە ببووم. تێیان دا هەبوو کە بە راستی خۆشم دەویستن، کەسانێک کە شانازیشم پێوە دەکردن. بەڵام ئەوانەی ئەو جارە لە گەڵیان تێکەڵاو ببووم، ئەوانەی نازانم چۆناوچۆن فریویان دامو بەلارێیاندا بردم، بێزار لە هەموو موسڵمانێک، لە هەموو ئایینو باوەڕێکیان کردم. ئەوان لافی دینداریان لێ دەدا، بەڵام کاریان تەنیا

هەڵخەڵەتاندنی كەسانێكی وەک من بوو. پاركەكانی شار ببوونە شوێنی سەرەكیی ژیانی من. ڕۆژ تا ئێوارە كاری من لەشفرۆشیو بەڕێ كردنی كڕیارەكانم بوو. وام لێ هاتبوو هیچ كەسێكم بۆ گرینگ نەبێ. پێم خۆش بوو ئیدز بگرمو لە ڕێگەی خۆشمەوە هەموو ئەو كەسانە پێوە كەم كە دێنە لامو دەیان ناسمو تەنانەت ئەوانەش كە نایانناسم. هەر بۆیە قەت نەم دەهێشت مشتەرییەكانم كاندۆم بەكار بێنن. بێزم لە خۆم هەڵ دەستا. زۆرجار بیرم لەوەش دەكردەوە كە كۆتایی بەو ژیانە سووكو چرووكەم بێنم. "ئەكبەر" كە یەكەم كڕیاری من بوو، حەوتووی جارێک دەهاتە لامو سێكسی لەگەڵ دەكردم. هەر ئەویش زۆربەی كڕیارەكانی دیكەشمی بۆ دەناردم. زۆر جار تەلەفوونی بۆ دەكردمو ژمارە تەلەفوونی چەند كەسێكی پێ دەدامو بۆ لای ئەوانی دەناردم. "موحسین"یش شەوانە بە ماشینەكەی دەیبردمە سەر "كار". ئەو ڕۆژەش حەوت كەسم بەڕێ دەكرد. بۆ پێنج شەممەكانیش كە لە چەند ڕۆژ پێشترەوە دەیان گرتمەوە. هیچ حەوتوویەک نەبوو لە میوانیو پارتییەكان دا لە سەریەک چەند كەسم پێ بەڕێ نەكەن.

ڕۆژبەڕۆژ تەنیاتر دەمامەوە، خەمۆكو نەخۆش كەوتبووم. لە تەنیاییەكانمدا پتر وەبیر ڕابردووو ژیانی پێشووم دەكەوتمەوە. بیرم لەوە دەكردەوە كە ئەمن چەندە چارەڕەشم. بۆ دەبێ ببمە هۆی چێژ بەخشین بە كەسانی دی؟ بەڵام بۆ دەبێ بۆ خۆم چێژ لە هیچ پیاوێک وەرنەگرم. ئەمن هەمووكات خولیای پێوەندییەكی دوولایەنە بووم، بەڵام بۆ خۆم دنیای خۆمم بەسەر خۆمدا تێک ڕووخاند. وەبیر قسەی هاوڕێیەكم كەوتبوومەوە، ئەو دەیگوت بۆ وا لە خۆت دەكەی؟ بۆ دەهێڵی چییان پێ خۆش بێ بەسەرت بێنن؟ تەنیا لەبەر پوول؟ ئەمن دەمگوت نا لە بەر پوول نیە، خووم پێ گرتووە. ئەو دەیگوت: ئەوان وردو خاشت دەكەن. كاسەی مستەڕاحت دیوە؟ هەموو كەس لە سەری دادەنیشێو كاری خۆی دەكا، بۆتە شوێنی بەتاڵكردنی پیساییەكانی مرۆڤەكان. مەهێڵە وەک كاسەی مستەڕاحت لێ بكەن. مەهێڵە چێژ شەهوانییەكانی خۆیان لە تۆدا بە تاڵ بكەنو لێدەنو بڕۆن. لانیكەم لەگەڵ یەكێک تێكەڵ ببە كە لە چێژە مرۆییەكان دا هاوبەشیت بكا. بەڵام ئەمن پێی پێ دەكەنیمو لە تەنیشت ئەو قسانە تێدەپەڕیم. مانگی ڕەمەزانە، شەوانی گریانو تاریكی، شەوانی كزیی ئەستێرەكان، شەوانی چوون بۆ بەهەشتی زەهرا لەگەڵ كۆڕی یاران، مانگی ڕەمەزانە، مانگێگ كە سات بە ساتی بۆ من پڕن لە بیرەوەری. چوونە مزگەوتەكان، بەربانگ كردنەوە لەگەڵ "هەیئەت"ەكانو خۆدزینەوە پێش لە هەموویان. مانگی ڕەمەزانە، شەوانی بامیەو زولوبیاو سیگارو دووكەڵ بەر لە پارشێوو شەوانی حەسرەتی پێكێک ئارەق.

مانگی ڕەمەزانم زۆر خۆش دەوێ، زۆرم پێ جوانەو هەمیشەش پێم جوان بووە. ئەگەرچی تاڵترین بیرەوەرییەكانم،

دڵتەزێنترین یادەوەرییەکانم هەر هەمووی لەو مانگە دان. مانگی رەمەزان لوتکەی کاروکاسبیی من بوو. ناشزانم بۆ؟ بەڵام لە مانگی رەمەزان دا پاروومان لە رۆنی دەکەوت. جا نازانم هەر بۆ من وا بوو یا بۆ هەمووان، ئەوە نازانم.... لە مانگی رەمەزاندا لە نیوەرۆوە کارەکان دەستی پێ دەکردو تا ٤ی بەیانیی دەکێشا. ئێوارە لەگەڵ کەسێکدا، نزیک بەربانگ لەگەڵ کەسێکی دیکە نیوە شەو یەکێکی دی، پارشێوو بەرەبەیان چەند کەسێکی دیکەو هەر سەعاتێ لەگەڵ یەکێکو کەسێکی دی و لەگەڵ هەموو جۆرە کەسێک. زۆربەی سێکسەکانمان لە حەمام دا بوو، چونکی حەمامەکانی گەڕەکی ئێمە لە مانگی رەمەزاندا هەتا پارشێو کراوەن. مانگی رەمەزان هاتوە، ئەمن نوقمی دەریای بیرەوەریم، بیرەوەریی دوورو نزیک خۆشو ناخۆش. ئەمن کوڕێکی لەشفرۆشم.

وەرگیراو لە "نیمروز"ی لەندەن

---

## نەکەی بە تاوانی بنووسی!

"گوڵشیفتە فەراهانیش رۆیشت." ئەو هەواڵە وەک بۆمب لە ئێراندا تەقییەوە و زۆر هەڵوێستی لێک جیاوازی بە دوادا هات. ئەوانەی خەمی نیشتمان و سینەمای ئێران دەخۆن، هەناسەی حەسرەتیان بۆ هەڵ کێشا، ئەوانەی ئێرانیان لێ بۆتە دۆزەخ و دەروویەک بۆ رزگار بوون شک نابەن، گوتیان خۆزگەم بە خۆی رزگاری بوو، ئەوانەش کە لە ژێر سێبەری دەسەڵاتدارێتیی رێژیمی ئیسلامیدا و لە سەر حیسابی خەڵکانی ئێران دەخۆن و دەنوون و گیرفانە هەرگیز لە پڕ نەهاتووەکانیان دەئاخنن و تەنیاو تەنیا بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانیان بۆ گرینگە، گوتیان ملی شکا، بەغدا نیوەی رێگەی بێ، باش بوو رۆیشت.

گوڵشیفتە رۆیشت، ئەوە دەتوانێ خەسارێک بۆ هونەری سینەمای ئێران و دەسکەوتێکیش بۆ هالیوود بێ، بەڵام کەم کەس پرسییان کە گوڵشیفتە بۆ رۆیشت؟ بۆ؟ گوڵشیفتە فەراهانی ئەکتەری سەرکەوتوو و جوانخاسی سینەمای ئێران تەنیا یەکێک لەو ١٥٠هەزار کۆچبەرە لاوەیە کە ساڵانە ئێران جێ دەهێڵن و لە گەڵا خۆیان سەرمایەی زانستی، ئەدەبی، هونەری و ئابووریی وڵاتەکەیان هەڵ دەگرن و لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بە عەرزی دا دەدەن. ئەمرۆکە دیاردەی کۆچکردنی سەرمایە هونەری، ئەدەبی، زانستی و ئابوورییەکانی وڵات کە بە راکردنی مێشکەکان ناوی دەرکردوە، خەسارێکی هەرە گەورەیە کە لە سایەی بێ وڵامی و بێ کفایەتی بەرێوەبەرانی وڵاتەوە بەرۆکی

کۆمەڵگای ئێرانی گرتوە. سندووقی نێونەتەوەیی دراو لە ئاماری ساڵی ٢٠٠٧ی خۆیدا باس لەوە دەکا کە ساڵانە ١٥٠ تا ١٨٠هەزار ئیرانیی خوێندەواری زانکۆدیتوو هەوڵ بۆ پەنابەری لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەدەن. ئێران لە نێوان ٩١ وڵاتی روو لە گەشەیان گەشە نەسەندوو دا پلەی یەکەمی لە راکردنی مێشکەکانیدا هەیە و زیانە ماددییەکانی ئەم راکردنی سەرمایە زانستییەکانی وڵات بۆ هەندەران لە ساڵأدا بە ٥٠ میلیارد دۆلار مەزەندە دەکرێ. حەوتوو نامەی سازمانی مودیرییەت و پلانرێژیی وڵات نووسیویەتی کە ٩٠ کەس لە ١٢٥ قوتابیی سەرکەوتوو کە لە سێ ساڵی ڕابردوودا کە لە ئۆلەمپیادە جیهانییەکاندا پلەی بەرزیان هێناوەتەوە، ئێستا لە زانکۆکانی ئەمریکادا خەریکی خوێندن و لێکۆڵینەوەن و زۆربەی نیزیک بە تەواوی ئەوانیش قەت بۆ ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامی ناگەڕێنەوە. مێژووی راکردنی مێشکەکان لە ئێراندا ئەوەندە دوور نیە، خومەینی لە یەکەمین هەنگاوەکانی دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران و لە کاتی بە ناو شۆرشی فەرهەنگیدا بەم جۆرە لە بەرامبەر دەسپێکی راکردنی مێشکەکان لە ئێراندا هەڵوێست دەگرێ و هێڵا و ڕێباز بۆ قوتابی و بەرێوەبەرانی وڵاتەکەی دیاری دەکا:"موناففقین یەکبین دەڵێن مێشکەکان خەریکن رادەکەن.بە جەهەننەم کە رادەکەن، ئەوانە کە زانکۆیان تەواو کردوە ئەوانە کە قسە و سەری زار و بنی زاریان باسی زانست و شارستانییەتی رۆژئاوایە، لێیان گەڕێن با برۆن، ئێمە ئەو زانستە و پێشکەوتنە و ئەو شارستانییەتەمان ناوێ. ئەگەر ئێوەش پێتان وایە کە لێرە جێتان نابێتەوە فەرموون بار بکەن، بەغدا نیوەی رێگاتان بێ، کەس پێشی پێ نەگرتوون."

هۆکارەکان بۆ ئەم ویستە نارمانییە، واتە دەرباز بوون لەم دۆخە دژوارەی ئێران و پەنابردن بۆ هەندەران روون و ئاشکران. ئێران وڵاتێکی لە دواکەوتوویدا راگیراو و گەشە نەسەندوویە، داهاتی سەرانەی وڵات زۆر نزم و ئاستی حەقدەستەکان لە خوارێ و لێشاوی بێکاری وڵاتی داگیر کردوە، ئازادییە تاکەکەسییەکان ئازادییە کلتووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەو وڵاتە دا هیچ بۆن و بەرامە و مانایەکیان نیە، خوێندکار، مامۆستای زانکۆ،سەرمایەکانی زانست و داهێنان و پێشکەوتن رێز و بایەخ و حورمەتیان ناگیرێ، بژاردەکانی کۆمەڵگا، خوێندکارانی زانکۆ و بەشی هەرە زۆری کۆمەڵانی خەڵک داهاتوویەکی گەش لە سبەی و دوارۆژی ژیانیان بەدی ناکەن، فشاری ئابووری، زەبرو زەنگ و سەرکوتی سیاسی و گەندەڵیی هەوسار پچڕاوی حکومەتی، ئێرانی لە خەڵکانی ئێران کردۆتە دۆزەخ، بەو حاڵە تۆ بڵێی گوڵشیفتەکان و مێشکە راکردووکانی دیکە لە ئێران تاوانیان کردبێ کە خۆیان لەم دۆزەخە رزگار کردوە؟ ئەوانەی دەڕۆن دەیانەوێ بژین، دەیانەوێ گەشە بە توانایی و لێهاتووییەکانی خۆیان بدەن، دەیانەوێ بۆ پێشەوە هەنگاو باوێن، لە مانەوە بێزارن، عەوداڵی ئاوات و ئامانجەکانیانن و ئێران بۆ ئەوان بەستێنێکی زۆر بچووکە کە ناتوانن خۆیانی تێدا ببیننەوە. ئەوانی وە شوێن

ئاوات و خۆزیاکانیان کەوتوون و وڵاتەکەیان بە ناچاری جێ هێشتوە، هیچ تاوانێکیان نەکردوە، تاوانبار ئەو کەسانەن کە دەسەڵاتی ئێرانیان قۆرخ کردوە، قەیرانی ئەمنییەتی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، پەروەردەیی و مەعیشەتییان بۆ خەڵکی ئێران خولقاندوە و وایان کردوە کە خەڵکی ناچار بن بە هەزار هەزار نیشتمان و وڵاتی خۆیان جێ بهێڵن.

## ژن پارێزی وەک پێویستییەک لە پێناو بنەبڕکردنی توندوتیژیدا

٩ ساڵ لەوە پێش کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ٢٥ی نوامبری هەموو ساڵێکی وەک رۆژی جیهانی"بنەبڕ کردنی توندوتیژی دژی ژنان" دیاری کرد. ئامانج لەو کارەش کۆکردنەوەی پشتگیریی هەرچی زیاتری حکوومەت و رێکخراوە نادەوڵەتییەکان بۆ ژنان و گەشە پێدانی وشیاریی لەو پێوەندییەدا بوو. گرنگترین ئاکامی ئەم هەوڵ و خەباتە جیهانییە دەرخستنی ئەو دیاردەیە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و یەکێک لە پێشێلکارییەکانی مافی ژنانە. چونکە تا پێش ئەم چەند ساڵە توندوتیژی دژی ژنان دیاردەیەکی شاراوەو دوور لە سەرنج و بینینەکان بووو ئامارەکان لەم پێوەندییەدا نەک بە هێند وەرنەدەگیران، بەڵکو توندوتیژی وەک دیاردەیەکی سروشتی و ئاسایی سەیر دەکرا.

بەڵام ئەمرۆکە لە بەرهەمی خەباتی ژنان و پارێزەران و داواکارانی مافی ژنان توندوتیژی وەک تاوان دەژمێرێ و سزای تاوانبارانیش لەم پێوەندییەدا دیاری و پۆلێن کراوە. هەربۆیەش توندوتیژی لە سەر بنەمای رەگەزی وەک یەکێک لە سەرەکیترین خاڵەکانی پێشێلکاریی مافی ژنان سەیر دەکرێو ئەم دیاردەیە لە زۆربەی کۆمەڵگا مرۆییەکاندا باوەو دەبیندرێو کەمی و زۆریو ئاستی توندوتیژیی ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە بۆ ئاستی وشیاریی گشتیی کۆمەڵگاو حکوومەتەکان و نۆرم و بۆچوون و باوەڕو نەریت و ئایین و چۆنیەتیی پشتگیریی یاساکانی ئەو وڵات و کۆمەڵگایانە دەگەڕێتەوە.

ژنان بە گشتی لە نێو کەشی خێزانی یان کۆمەڵگادا دەکەونە بەر توندوتیژیو یان دەنا ئەو توندوتیژییەی دژی

ژنـان یاسامەندو لە لایەن ئۆرگـانیزم و دەزگـا حکوومەتییەکـانەوە سـەرچاوە دەگـرێ، بەڵام بە گشتی بنچینەکـانی کولتـووری پیاوسـالاری هەم وەک داب و نەریت و هەم وەک پێکهـاتەی پیاوسـالاریو کارتێکەرییەکـانی لە داڕشتنی یاسـاکاندا وەک هۆکـاری سـەرەکیی خولـقـانی تونـدوتیژی دژی ژنـانەو تونـدوتیژی دەرەنجـامی ئەو هەڵاواردن و جیاوازیدانانەیە کە ڕێگرە لە بەردەم یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە هەموو ئاستەکانی ژیاندا.

ژنـان لە کۆمەڵگـای ئێرانیشـدا زۆر بە تونـدی دەکەونە بەر تونـدوتیژی، بـێ ئەوەی نـاڕەزایەتییەکی ئەوتـۆی لـێ کەوتبێـتەوە. لە ئێرانـی بندەسـتی ڕێژیمـی ئیسـلامیدا پێوەنـدی نێـوان ژن و مێـرد وەک پێوەنـدییەک لە بیـاڤی تایبەتیـدا شـرۆڤە دەکـرێ کە ئەوانـی دی مـافی دەسـتێوەردان و دزەکـردن لەو بیاڤەیـانـدا نـیە. هەر بـۆیەش هیـچ چەشنە ناوەندو دەزگایەک بۆ پشتگیری و داکۆکی کردن لەو ژنانە نیە کە دەکەونە بەر شاڵاوی توندوتیژی.

ئەو ژنانەی توندوتیژییان لەگەڵ دەکرێ بە هۆی زۆر هۆکاری ئابووریو کۆمەڵایەتیو گرینگتر لە هەمووشیان هەستی بەرپرسیارەتی لە بەرانـبەر چارەنووسـی منـداڵەکانیان بێـدەنگ لە تەنیشت ئەو جـۆرە ڕەفتـارە نەشیاوانەدا تـێ دەپەڕن، چونکە لە ئەگەری بەدوادا چوونی یاساییدا یان ناچارن لە دواجاردا بۆ هەرێمی ژیانی هاوبەش و بۆ لای مێردەکانیـان بگەڕێـنەوە، کە دیـارە ئەمجارەیـان دەبـێ خۆیـان بـۆ هەڵسـوکەوتی تونـدوتیژتری هاوسـەرە ڤـین هەڵگرتووەکانییان ئامادە بکەن، یان دەبێ لەگەڵ ئاسەوارەکانی تەڵاق لە ژیانی کۆمەڵایەتییـان هەڵ بکەن کە بە پێی تێڕوانینە تـایبەتییەکانی کـۆمەڵگە بـۆ ژنـانی تەڵاق وەرگرتـوو هەر ژنێـک توانـای بەرگـرتن لە بەرانـبەر ئەو جۆرە تێڕوانینەی نیە.

تونـدوتیژی دژی ژنـان چ جەسـتەیی و چ دەروونـی و چ ئـازارە جنسـییەکان بە تـایبەت لە نەبـوونی ناوەنـدەکانی داکۆکیکەر لە ئێراندا ئازادیو ئەمنییەت و ئاسایشی ژنان تـا ئاستێکی زۆر وەمەترسی خستوەو بەوەش ئاسەوارەکانی نواندنی توندوتیژی کۆتایی نایە. توندوتیژی دژی ژنان نە تەنیا ئەمنییەتی ڕەوانیی خێزان و کۆمەڵگە خەوشەدار دەکـا، بەڵکـوو توانـای هەر چەشنە داهێنـان، ئەفرانـدن، هێزنوانـدن و بـاوەڕ بەخـۆ بوونێـک لە ژنانـدا دەکـوژێ. توندوتیژی دژی ژنان ئەگەرچی دیـاردەیەکی بـاوو بە جۆرێـک لە نـاخی تاکەکانی کۆمەڵگەدا جێی گرتـووە، بەڵام لەگەڵ چوونە سەری ئاستی وشیاریی خەڵک و لە ڕێگەی پەروەردەو فێـر کردنـی بەردەوامەوە دەکـرێ کۆنترۆڵ و لە ئاکامیشدا بنەبڕ بکری. پەروەردەو فێرکردن هەر لە منداڵییەوە، لە سەر بنەمای ڕێزگرتن و خۆش ویستنی یەکتـر دەتـوانێ هۆکـاری بەرگێڕەوەیەکـی بە هێـزی تونـدوتیژی لە داهـاتووی کـۆمەڵگەدا بـێ، بەڵام پەسـند کـردن و

چەسپاندنی یاسای داکۆکی و پشتیوانی لێ کردن و سڕینەوەی یاساکانی ڕێخۆشکەرو بوار پێدەری توندوتیژی لە لایەن حکوومەتەکانەوە، ڕێگەچارەی گونجاوی کۆنترۆڵ و نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنانە.

## هەرزان و تاڵانە گولم!

ڕۆژی سێ شەممە، ١٠ی بەفرانباری ئەم مانگە ئەحمەد نەجاری، خەڵکی ئاوایی کاسەکەرانی پیرانشار و خاوەنی ژن و باوکی سێ منداڵ بە هۆی تەقەی هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە لە کوێستانەکانی کانی خودا گیانی لە دەست دا. ئەم جۆرە ڕووداوانە ئەوەندە لە کوردستان دووپاتە بوونەتەوە کە ئیدی نە دەبنە مانشێتی ڕۆژنامەکان و چەند پاتبوونەوەشیان جۆرێک ڕاهاتن و خوو گرتن و ئاسایی بوونەوەی لای کۆمەڵانی خەڵک دروست کردوە.

بە پێی ئامارەکانی ناوەندی هەواڵی" کوردستان و کوردنیوز" لە ماوەی سێ مانگی پاییزی ئەم ساڵدا پتر لە ١٠٠ کەس لە کاسبکاران و کۆڵبەرانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بە هۆکارو شێوازی جۆراوجۆر لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە کوژراو، بریندار و دەسبەسەر کراون. لە ٥٩ کەس کوژراوی ئەو ڕووداوانە ٤٠ کەسیان ڕاستەوخۆ بە تەقەی هێزەکانی ڕێژیم کوژراون و ١٩ کەسەکەی دیکەشیان لە کاتی ڕاوەدوونان لە لایەن ئەو هێزانەوە بە ڕووداوی هاتوچۆ گیانیان لە دەست داوە. ئەو ئامارە لە ئەنجامی ئەو هەواڵ و زانیارییانە کۆ کراوەیە کە بەو ناوەند گەیشتوون، ئەگینا ڕێژەی توندوتیژی و سەرکوتی کارسبکارانی کوردو ئەژماری قوربانییانی ڕەفتاری دژەمرۆڤانەی هێزەکانی ڕێژیم دەرحەق بە ڕۆڵەکانی گەلی کورد گەلێ لەوە زیاترە.

کۆڵبەران و کاسبکارانی کورد بریتین لە کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکانی سەر سنوور، پیاوان و ژنان و تەنانەت منداڵان کە قوربانیی سیاسەتە دژەگەلییەکانی ئەو ڕێژیمەن کە کوردستانی لە دواکەوتوویی ئابووری وکلتووریدا ڕاگرتوە. هەموو پەلەقاژە و دەست بە کونی ماردا کردن و سنوور بەزاندن و ئەو سەرماو سۆڵ بڕینانەی کاسبکارانی کورد بۆ پارووە نانێکە چۆتە سەر پشتی شێرو لە گەرووی نەهەنگدا بۆی دەگەڕێن، ئەگینا نە ئەو ژنە کۆڵەمەرگییە ناوی ژیانە و نە ئەو کەلوپەلانەی ئەوان لە کۆڵیان ناوە شیاو و بایەخی ئەو گیانبەخت کردن و هانکە هانک و تووشی تووش هاتن و چەرمە سەرییەی هەیە.ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ناوی قاچاغچیی بە سەر کۆڵبەران و کاسبکارانی کورددا بڕیوە و بەم جۆرە بە بەتاوانبار ناساندنی ئەو توێژە لە خەڵکی هەژار و

بێدەرەتانە ڕێی بۆ هەر چەشنە سەرکوتێک و توندوتیژییەک و کوشتن و تالانبرییەکی خۆی خۆش کردوە. بەڵام لە ڕاستیدا ڕێژیم خۆی تەنیا تاوانبار و خاوەن کێشەی سەرەکییە کە ئەو دۆخەی بە سەر خەڵکی هەژار داسەپاندوە. چونکی ئەو کێشەو گرفتانەی ئەو خەڵکەی ناچار بە کۆڵبەری و سنووربەزاندن کردوە، ناچار بە تێپەڕین لە هەڵدێر و گورەپانە مینەکان و بەرگە گرتن لە بەرامبەر سەرماوسۆڵەو رقی سروشت کردوە، هەر هەمووی سەرچاوەکەی بۆ سیاسەت و بیرۆکەو بەڕێوبەری ئەو ڕێژیمە لە کوردستان دەگەڕێتەوە. کوردستانێکی لە دواکەوتوویدا ڕاگیراو، بێکاری یەکی کارەساتبار، هەژارییەکی لە رادەبەدەر، چوونە سەری تێچووەکانی ژیان بوارگەلێکی لە بار بۆ پەنابردنە بەر هەر چەشنە کارێکی تاقەت پڕووکێن و مەترسیدارن. بەڵام لەگەڵ هەموو مەترسییەکانی بەردەم ڕێی ئەو ژیانە کۆڵەمەرگییە، لە هەڵدێران لە رەوەزە بەرد دو تەقینەوەی مین لە ژێر پێ‌و کوژران و نقوستان بوون بگرە تا و لە سەرمان رەق هەڵاتن، ئەوەی جێی تێڕامان و پرسیار خولقێنە ئەوەیە کە ڕێژیم بە جێی دابینکردنی کار بۆ رۆڵەکانی ئەو گەلە هێزەکانی دەنێرێتە سەر ڕێگەیان و بۆسەیان بۆ دادەنێ، بە جێی پاراستنی گیان و ماڵیان لە دەستدرێژی هەر خۆی سیلەیان لێ دەگرێ و ڕێگەی هاتوچۆ یان مینرێژ دەکا، تەقەیان لێ دەکاو ماڵ و ژیانیان بە تالان دەباو تەنانەت بەزەیی بە ئێستر و وڵاغی ئەو کاسبکارانەشدا نایەتەوە ئەو ئاژەڵە بەستەزمانانەش دەداتە بەر رەهێڵیەی فیشەک و قڕیان دەکا.

هەموو ئەو رەفتارە دژی مرۆییانە ئەو ئاماژەیەن کە ئەو ڕێژیمە هیچ نرخ و بەهایەک بۆ گیانی مرۆڤی کورد دانانێ، کوشتن و تالانی ماڵو حاڵیان بەرەوا دەزانێ، لە بەرامبەر دابینکردنی ژیانێکی شیاوی مرۆیی و خولقاندنی دەرفەتی کارو پەیداکردنی بژیوی ژیانی ئەو گەلە نەک خۆی بە دەرووەست نازانێ، بەڵکوو هەموو پەلەقاژە سروشتییەکانی رۆلەکانی ئەو گەلە بۆ دابینکردنی لانیکەمی بژیوی ژیان بە ئاگرو ئاسن و کوشتن وبڕین وەڵام دەداتەوە. ئەوە نێوەرۆکی ڕێژێمیکی دژە مرۆڤ و سەرەڕۆیە کە تەنیا لە ڕێگەی سەرکوت و زەبروزەنگەوە درێژە بە تەمەنی خۆی دەدا. بەڵام بێ دەنگی لە هەمبەر ئەو هەموو جینایەتانەی ڕێژیم لە کوردستان لەلایەن چالاکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی لە ئێران لەگەڵ ئەوەی تاڵ و جێی داخە، ئەو دەرفەتەش بە ڕێژیم دەدا کە بێبەزییانەتەو بێترس و دڵەراوکێ درێژە بە جینایەتە دژی مرۆییەکانی لە کوردستاندا بدا.

## تاوانی ژیان لە کەلەبەرەکانی خۆکوژی دا

خۆکوژی وەک دیاردەیەکی کۆنباوی کۆمەڵایەتی و جیهانی کە دەرەنجامی کێشە کۆمەڵایەتی و تێکچوونە دەروونی یەکانی مرۆڤەکانە، ئەمڕۆکە یەکێک لە هەرە کێشە گرینگەکانی کۆمەڵگای کوردستانە و نووسین لەسەر ئەو بابەتە هەستیارەو خەسارناسیی ئەو دیاردەیە هەر لە جێدا سەخت و دژوارە، چونکی ئامارێکی وردو دەقیق لەسەر ئەژماری ئەو کەسانەی پەنا بۆ خۆکوژی دەبەن لە بەردەست دا نیەو ئێستاش بە هۆی نادیارەوە ئاماری خۆکوژییەکان لە ئێراندا وەک زۆر دیاردەی دیکەی کۆمەڵایەتی نهێنی و زۆر ئاڵۆزو تەنانەت پارادۆکسە.

لە گشتییەتی خۆی دا هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی وەک بێکاری، هەژاری، تەڵاق، لە دەستدانی کەسانی زۆر خۆشەویست، لە دەستدانی پشتیوانی و سۆزی بنەماڵەو خێزان و هۆکارە دەروونییەکانی وەک ناهومێدی، خەمۆکی، هەست بە شکست کردن، ئیعتیاد بە مادە ئەلکۆلی و هۆشبەرەکان، هەست کردن بە پوچی لە ژ یاندا، نەمانی تروسکەی هیواو قەیرانی عاتفی و سۆزداری زنجیرە هۆکارێکی پاڵنەر و بەستێنێکی لەبار بۆ پەنابردنە بەر خۆکوژین.

جیا لەو هۆکارانە خۆکوژی هەڵگری کۆمەڵە واتایەکی دیکەشە، وەک دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ دەرباز بوون لە کێشەو قەیرانەکان، یان هاوارو دەربڕینێکی واتادار بۆ یارمەتی وەرگرتن و بەهاناوە چوون و یان دەنا ڕاکێشانی سەرنج و بینینی ئەو کەسانەی بۆ تاکی خۆکوژ زۆر گرینگن. بەڵام گرینگتر لە هەموو ئەوانە ئەوەیە کە خۆکوژی چ کاریگەرییەک لەسەر پاکژی ڕەوانینی کۆمەڵگادا دەنێ و بەرز بوونەوەی ئەژمارو ئاماری خۆکوژی چ جۆرە خەسارێکی لێ دەکەوێتەوەو وڵامی ئەو پرسیارانەشە کە نیگەرانیی زۆر بۆ کۆمەڵناسان و توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵانی خەڵک دروست کردوە. خۆکوژی وەک دیاردەیەک کە خۆی دەرەنجامی زۆر کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونییە، بۆخۆشی هۆکارو بەستێن سازی زۆر قەیران و کێشەی دیکەشە. خۆکوژی لە نێو هەر خێزان و بنەماڵەو کۆمەڵگایەک دا ڕووی بدا، ئاسەوارو کاریگەریی نگەتیڤ و نالەبار لەسەر ڕەوتی خێزانی و کۆمەڵگادا دادەنێ و ئەمنییەتی ڕەوانیی خێزان و کۆمەڵگا لەگەڵ مەترسیی زۆر جیددی بەرەوڕوو دەکا. هەر ئەوەش وا دەخوازێ کە خۆکوژی لە ڕووی دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و یاساییەوە تاوتوێ بکەی و هۆکار، یان هۆکارەکانی بەستێن سازی ئەم ڕووداوانە بناسرێن تا ڕێگەچارەی بەرەوڕووبوونەوەشی بۆ بدۆزرێتەوە.

بەڵام بەرپرسانی حکوومەتی و بەڕێوەبەرانی رێژیم ئێستاش هەر سیاسەتی شاردنەوەو نکۆڵی لێکردن لە بوونی ئەو دیاردەیەیان هەر وەک دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە گرتۆتە بەر. ئاساییە کە هەنگاوی یەکەم و سەرەکیی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ هەر دیاردەیەک سەلماندن و بینینی وەک خۆی دیاردەکەیەو پاشان هەنگاوەکانی دیکەی چارەسەری یەک لە دوای یەک دێنە ئاراوە.

بە پێی زانیارییەکانی بەر دەست پاڵنەرو ئەنگیزەکانی خۆکوژی لە کوردستاندا لە گرووپ گەلی ناموسی، کێشەی خێزانی، بێ هیوایی لە دەرەنجامی هەژاری و بێ ئەنوایی، رووخان و رمان لە پرۆسەی خۆشەویستی، ئاشکرا بوونی نهێنییەکان و ئیعتیاد بە مادە هۆشبەرەکاندا پۆلین کراون. ئەژماری ئەو ژنانەی هانا بۆ خۆکوژی دەبەن دوو بەرامبەر ئەو پیاوانەیە کە وەها هەڵوێستێکیان گرتوە، بەڵام پرۆسەی خۆکوژی لە پیاواندا سەرکەوتووترەو ٧٤ لە سەدی ژنانی خۆکوژ شێوازی خۆسووتاندنیان بۆ ئەو کارە هەڵ بژاردوە.

پێکهاتەی سوننەتیی کۆمەڵگای کوردی کە لەسەر بنەمای کلتووری پیاوسالاری بیچمی گرتووەو لە وەها کەش و هەوایەک دا کە ژنان کەمترین ئیرادەو بڕیاریان لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بە دەستەو قوربانیانی سەرەکیی توندو تیژی لە بنەماڵە دان و هەر بە هۆی ئەم پێکهاتەیەوە کەمترین دەرفەتیان بۆ خۆپێگەیاندن و تێگەیشتن لە پرسی خۆیان و دۆزینەوەی رێگاچارەو بەرەنگاری پێ دراوە، هەموو ئەوانە بەستێنی لەباری بۆ چوونە سەرێی ئەژماری ئەو کەسانەن کە دەنگی مافخوازیی خۆیان لە گەرووی برژاوو جەستەی خەڵووزیانەوە دەردەبڕن.
رێگەچارەی کردەیی بۆ بەرەوڕوو بوونەوەی ئەو قەیرانە چییە؟

یەکەم هەنگاو دانپێدانان بە هەبوونی ئەو قەیرانە و پاشان پلانرێژی بۆ دامەزراندنی ناوەندەکانی راوێژکاری خێزانی، ناوەندەکانی وەخۆ گرو بەهاتاوە چوونی ئەو کەسانەی ئەو مەترسییەیان لەسەر دەکرێ، بردنە سەرێی ئاستی پەروەردەیی و کلتووریی کۆمەڵگا لە رێگای رێکخراوو دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، دانانی ناوەندەکانی راوێژکاریی تایبەت بە بەر لە هاوسەرگیری، بایەخدان بە رۆڵ و کاریگەریی ژنان لە پرسەکانی کۆمەڵگا و بردنە سەرێی شوێن و پێگەی کەسێتیی ژنان، دیاریکردنی سزای توند بۆ ئەو پیاوانەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان دەنوێنن و هەمووی ئەوانەی دەتوانن هۆکارگەلی بەرگێڕەوەو کۆسپی بەردەم پەرەسەندنی ئەو دیارەیە بن.

* ئەو جۆرە خۆکوژییە خۆویستانەی گرووپە توندڕەوە تیروریستییەکان بە مەبەستی ئامانجە سیاسییەکان رەچاوی دەگرن، لە چوارچێوەی بابەتیی ئەم وتارەدا ناگونجێن.

## لاوان و مراندنی هەست و ویستەکانیان

کۆمەڵگای ئێران کۆمەڵگایەکی لاوە، ئەوەی کە لاوان زۆرینەی کۆمەڵگای ئێران پێک دێنن و ٦٥لە سەدی حەشیمەتی ئێران خوار تەمەن ٣٥ ساڵن، دەتوانێ ئیمتیازێکی زێرین و سەرەتییەکی زۆر گرینگ بۆ ئەندازیارانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتە بێ. لاوان دەتوانن زۆرترین کاریگەرییان لە سەر ڕەوتی گەشەسەندنی کۆمەڵگای ئێران هەبێ، بەو مەرجەی لەلایەن بەڕێوەبەران و کاربەدەستانی وڵاتەوە بخوێندرێنەوە، کەڵک لە وزەو هزرو توانایان بە مەبەستی پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵگا وەربگیردرێ و لەلایەن ئەندازیارانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتەوە بە هیند وەربگیردرێن. چونکی لاوان بە تێڕوانینێکی جیاوازتر لە وەچەکانی پێش خۆیانەوە سەیری کێشەو پرسەکانی کۆمەڵگا دەکەن و زۆر جیددی و لێبڕاوتر لە وەچەکانی بە پارێزی پێش خۆیان بیر لە گۆڕان و ئاڵوگۆڕ دەکەنەوەو هەنگاوی بۆ داوێژن.

بەڵام کۆمەڵگای لاوی ئێران ئەو کۆمەڵگایە نیە کە بە وەها تایبەتمەندییەکەوە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی وڵات دا جێی گرتبێ، ئەمڕۆکە ئەو کۆمەڵگایە تووشی قەیران و مەترسیی لەبەر یەک هەڵوەشان بۆتەوە.

ئامارەکانی ٢٣ ڕێکخراوو دامودەزگاکانی پێوەندیدار بە کێشەو خەسارە کۆمەڵایەتییەکان سەرەڕای جیاوازیی نێوانیشیان ئاماژە بە دۆخی قەیراناویی کۆمەڵگایەکن کە لاوان نیزیک بە نیوەی حەشیمەتەکەی پێک دێنن.

بە پێی ئەو ئامارانە تەمەنی لەشفرۆشی بۆ خوار ١٢ساڵ و تەمەنی گیرۆدە بوون بە ماددە هۆشبەرەکان بۆ خوار ١١ ساڵ و تەمەنی تاوانکاریی بۆ خوار ١٠ ساڵ دا بەزیوە. هەر بەپێی ئەو ئامارانە خەسارو کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە دەیەی سێهەمی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی ئیسلامی دا ٢٥ لە سەد پەرەی سەندووە.

قەیرانی شوناس، بێکاری، هەژاری، خەمۆکی، خۆکوژی، ئیعتیاد، لەشفرۆشی، تەڵاق، توندوتیژی، ڕاکردن لە ماڵ و وڵات بەشێک لەو کێشەو دیاردەو خەسارانەیە کە لە نێو کۆمەڵگای لاوی ئێراندا هەروا لە زێدە بوون و پەرەسەندن دایە.

زۆربەی نیزیک بە تەواوی لاوانی ئێران سەرچاوەی هەموو ئەو کێشەو قەیرانانەو ئەوەی کە پێگەی کۆمەڵایەتیی شیاوی خۆیان پێ نەدراوە، ئەوەی کە ئاسۆیەکی روون لە پاشەرۆژی خۆیان بەدی ناکەن و سەرچاوەی هەموو گرفتە ئابووری و دەروونییەکانیان بۆ بەڕێوەبەریی چەوتی کۆمەڵگاو دەسەڵاتدارەتیی رێژیمێکی نادەروەستی وەک کۆماری ئیسلامی دەگەڕێننەوە. بەڵام بەو حاڵەش کۆی هەموو ئەو قەیران و مراندنەی هەست و خولیای لاوێتی لاوان نەبۆتە هۆی ئەوەی لە ئاستی گشتی خۆی دا لاوان لە دژی ئەو نیزام و بەڕێوەبەرییە رابن و دژکردەوەی چەشنی بەرامبەریان هەبێ، بەڵکوو لە بەرامبەر ئەو کێشەو گرفت و کۆسپانەدا دۆشداماوو هەست بە پووچی و بێ هیوایی و فەوتان و قوربانی بوونی خۆیان دەکەن. لە گۆشەنیگایەکی تایبەتیشەوە هەموو هەوڵی زۆرینەی لاوان بۆ وەدەستهێنانی پلەو پایەی بەرزتر لەوەی کە هەیانە، بۆ دۆزینەوەی کاری گونجاو، بەتایبەت کاری گونجاو لەگەڵ پسپۆڕی و خوێندەواری بۆ لاوانی خاوەن بڕوانامەو هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش تووشی شکست و هەرەسهێنان هاتوە. ئەم دۆخە تایبەتییە پەراوێز کەوتنی لاوانی لێ کەوتۆتەوەو پەراوێز خرانی لاوان کە سەرمایە کۆمەڵایەتییە ئەکتیڤەکانی کۆمەڵگان، زۆر دەرەنجامی دڵتەزێن و جێی داخی بۆ کۆمەڵگا بە دواوە دەبێ کە تا ئێستا بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی وڵات لە بەرامبەریان دا خۆیان لە گێلی داوەو زۆر خەمساردانە لە تەنیشت بە فیڕۆچوونی وزەو توانستی ئەو حەشیمەتە شوێندارنەرە تێپەڕیون.

ئەمڕۆکە دۆشداماویی لاوان لە ئاستەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە تەنیشت خەسارەکانی دیکەی وەک قەیرانی شوناس و ئیعتیادو بێکاری و هەژاری، کۆمەڵگای لاوی ئێرانی تووشی دۆخی ئانۆمیک کردەوە، بەو مانایە کە لە نەبوونی هاوسەنگییەک لە نێوان ویست و خولیاو ئامانجەکانی لاوان و نەگونجانی ئەو نیازو ویستانە لەگەڵ واقع و نەبوونی رێگە بۆ پێگەیشتن و وەدیهێنانیان دا لاوان هیچ شتێکیان بۆ نامێنێتەوە جگە لە شکاندنی نۆرم و بایەخەکانی کۆمەڵگاو دژایەتیکردنی یاساو رێساکان و خستنەوەی مەودا لە نێوان خۆیان و کۆمەڵگادا. درێژەکێشانی ئەو دۆخەش لە دوا وێستگەکانی دیکەی دا ململانێی توندی نێوان لاوان و وەچەی پێش خۆیان و دواتریش بەرەنگاری و دژایەتیکردنی سیستیم و بەڕێوەبەریی رێژیمی لێ دەکەوێتەوە

رێکەوت: رێبەندانی ١٣٨٧ - جانێوێری ٢٠٠٩

## جینایەتێک لە بێدەنگی و ڕەوایی پێدانی دا

ڕۆژی شەشەمی فێورییەی هەرساڵ ڕۆژی جیهانیی خەبات دژی خەتەنەکردنی ژنانە. خەتەنە کردەوەیەکە کەتییێدا بەشێک لە ئەندامی زاوزێی ژنان دەبڕدرێ کە لەگەڵ بڕینی ئەم بەشە لە لەش و ئەندامی زاوزێی ژنان هەستی ژنانە یان ژنییێتی ژنانی خەتەنەکراو لە نێو دەچێ.

مێژووی خەتەنەکردنی ژنان بۆ ٢٠٠ ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیح دەگەرێتەوەو بە یەکێکی دیکە لە چەشنەکانی دەسەڵات و هێز نواندنی پیاوان بەسەر ژنان لە کۆمەڵگاکانی پیاو سالاردا دەژمێردرێ کە تائێستاش لە زۆر لە کۆمەڵگا مرۆیی یەکاندا هەروا بەردەوامە. دەمارگرژیی ئایینی، دواکەوتوویی کلتووری، نەبوونی زانیاری لە سەر دەرەنجامەکانی خەتەنەو بەستنەوەی خەتەنە کچان بە نەریتە ئایینی و نەتەوەیی‌یەکان هۆکارگەلی بەردەوامیی خەتەنەکردنی کچان لە سەر دەمی ئێستا دان. بەپێی دوایین ئامارەکانی ڕێکخراوی جیهانیی بێهداشت ١٦٠ میلون کچ و ژنی خەتەنەکراو لە جیهان دا هەن و لە ساڵدا پتر لە ٣ میلیون کچی دیکەش لە تەمەنی ٢ تا ٤ساڵی دا خەتەنە دەکرین.

ئەم دیاردەیە لە نێو نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانیش دا دیاردەیەکی باوەو و لە ژێر باندۆر و کارتێکەری‌یە نەریتی و ئایینی‌یەکاندا هەر وا قوربانی وەردەگرێ.

پەروین زەبیحی، چالاکی بواری ژنان لە لێکوڵینەوەیەکی تایبەت دا بە ئاماژەبە ئاستی بەربڵاوی خەتەنەکردنی کچان لە کوردستان هۆکاری ئەم بەربڵاوی‌یەی خەتەنەکردنی کچان بۆ ڕەگ داکوتانی ئەو باوەڕە ئایینی‌یە دەگەڕێنێتەوە کەخەتەنەکردن بەکردارێکی ئایینی و نەریتێکی ئیسلامی پێناسە دەکەن. ناوبراو دەڵێ لە پۆلێکی ٤٠ کەسی لە شاری بۆکان ٣٨ کەس و لە پۆلێکی ١٨ کەسی لە شاری پیرانشار هەر هەموویان خەتەنەکرابوون.

### ئامانجەکانی خەتەنەکردنی کچان

. بەجێ گەیاندنی ئەرکێکی ئایینی وەک ئەوەی کە خەتەنەکردن سوننەتی عایشێو فاتمەیە
. کۆنترۆڵکردنی ئیشتیاو ویستەجینسی یەکانی کچان بەر لە شووکردن
. پارستن و نیشاندانی پاک داوینی کچان بەهاوسەرانی داهاتوویان!!

خەتەنەکردنی کچان وەک یەکێک لە نیشانەکانی توندوتیژی دژی ژنان کە لە نەبوونی زانیاری و وشیاریی گشتی کۆمەڵگادا هەروا قوربانی وەردەگرێ، زۆرتر بە هۆی ماما ناوچەیی و پیرێژنەکان و لەهیندێک لە ناوچەکانی کوردستان بە هۆی ژنە دۆم و قەرەجەکانەوەو بەبێ رەچاوکردنی هیچ چەشنە ئامادەکارییەکی پزیشکی و بێهداشتی و بەکەرەستەگەلی وەک تیغ، چەقۆو مقەستەوە ئەنجام دەدرێن.

زیان و دەرەنجامەکانی خەتەنەکردن:

خەتەنەکردنی کوڕان ئەگەر لە قازانجی کوڕان و پرسێکی پزیشکی و بێهداشتی یە، بەڵام خەتەنەکردنی کچان سەقەت کردنی ئەوان و بەهەر بیانوو و مەبەستێک بێ جینایەتێکی دژەمرۆیی یە.

بڕینی کلیتوریس لە کچاندا ئەوان تووشی زۆر کێشەی جەستەیی و دەروونی دەکا. کیس کردنی منداڵدان و" واژن"، ئێش و ژان لەکاتی سوڕی مانگانەدا و لە نێوچوونی توانای منداڵبوون بەشێک لە زیانە جەستەیی یەکانی خەتەنەکردنی ژنانن. خەتەنەکردن هەستی چێژ وەرگرتنی سێکسی لە ژناندا دەکوژێ و بەگشتی پێوەندی یەسێکسی یەکان بۆ ژنی خەتەنەکرا دژوارو بەژان تەواو دەبێ و ئەوەش بەمانای پێخوست کرانی مافی سروشتیی ژنان و زەوتکردنی مافی مرۆیی ئەوانە.

بەشێک لە زیانە دەروونی یەکانی خەتەنەکردنی ژنانیش بریتین لە توشبوون بە خەمۆکی، ترس و دڵەڕاوکێ، ساردوسڕی پێوەندییەکان، دابەزینی هەست و ئیشیای جنسی ژنانەیان و خۆشکردنی بوار بۆ سەرهەڵدانی کێشەی خێزانی و قوڵبوونەوەی ئەو کێشەو گرفتانە تا ئاستی تەڵاق و جیا بوونەوە.

کۆی زیانە جەستەیی و دەروونییەکانی کچان و ژنانی خەتەنەکراو و چوونە سەرێی پلەی زانیاری و وشیاریی کۆمەڵاتی خەڵک وای کردوە کە وردەوردە خەڵک بیرلەوە بکەنەوە کە خەتەنەکردنی کچان نەک پێکەو کەسایەتیی ئەوان بەرزناکاتەوەو متمانەو دڵنیاییان پێ نابەخشێ، بەڵکوو جینایەتێک و کردەوەیەکی دژەمرۆیییە کە

دەرحەق ئەوان ئەنجام دەدرێ. بەڵام تاگەیشتن بە بنەبڕکردنی ئەو دیاردەیە ڕێگەیەکی دووروودرێژ وپڕ لە کەندو لەاندمان لە بەردەم دایە.

ئەمرۆکە لایەنەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ ومافی ژنان خەتەنەکردن بە یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی توندوتیژیی دژی ژنان ناو دەبەن و کۆمەڵگای ڕۆژئاواش بە قەدەغە کردنی قانوونی، ئەو ڕەفتارەیان بە دژەمرۆیی و گەڕانەوە بۆ سەدەکانی ناڤین باس کردوە. لە ئێران و کوردستانیش دا پێویستە خەتەنەکردنی کچان و ژنان بەرەسمی وەک توندو تیژیی نامووسی بناسرێ و بە شێوەیەی یاسایی بڕیاری قەدەغە کردنی بدرێ. پێویستە مامۆستایان ئایینی فتوای خەتەنە نەکردنی کچان دەربکەن و بە پەروەرەو فێرکردنی بەردەوام لە بنەماڵە، قوتابخانەو خوێندنگاو کۆمەڵگا دا هەوڵ بۆ بنەبڕکردنی بدرێ. سزادان و سەپاندنی سزای قورس بەسەر بکەرانی ئەوەڕەفتارە چ ئەندامانی خێزان یان ماماکان و ناوەندە پزیشکی یەسەرپیپچێکەرەکانیش دەتوانێ هەنگاوی جیەدی و لیبڕاو بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە.

## ئەنفالی سپی و دەنگی پیی مۆتەکەی مەرگ

دیاردەی گیرۆدەبوون (ئیعتیاد) بە ماددە هۆشبەرەکانو قاچاغو ساتوسەودا کردن بەم جۆرە ماددانەوە ئەگەرچی دیاردەیەکی جیهانییەو بینەقاقای زۆربەی وڵاتانی گرتوە، بەڵام زۆرترین خەسارو زیانەکانی گیرۆدەو پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە، وەبەر کۆمەڵگای ئێران کەوتوە. ئێران گەورەترین بازاڕی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکانە لە جیهانداو ئامارە رسمییەکانی ژمارەی گیرۆدەبووان بە داوی ئیعتیاد ٤ ـ ٦ میلیۆن کەس دەقەبلێنن، بەڵام ئامارە غەیرە ڕەسمییەکان دەڵێن لە نێوان ٧ تا ١٠ میلیۆن کەس لە خەڵکی ئێران موعتادن کە لاوەکانو کەسانی ژێر ٣٠ساڵ زۆرینەی حەشیمەتی موعتادی ئێران پێک دەهێنن.

ناکامیو نەزۆک مانەوەی بەناو بەربەرەکانیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دژی ماددە هۆشبەرەکانو پەرەسەندنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتری دیاردەی ڕاهاتن بە ماددە سڕکەرەکان لە نێو خەڵکی ئێراندا ڕاستییەکمان بۆ دەردەخا، ئەویش

ئەوەیە كە ئەگەر لەلایەک کۆنترۆڵی ئەو دیاردەیە لە دەست بەرپرسانی پێوەندیداری ڕێژیم دەرچووەو، ڕێژیم بە كردەوە لە چارەسەركردنی ئەم قەیرانەدا داماوە، لە لایەكی دیكەش ڕێژیم بە "سیاسەت" كردن لەگەڵ ئەم دیاردەیە زۆر بە باشی لە خزمەتی ئامانجە دزێوەكانیدا كەڵكی لێوەردەگرێ.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەو بیانوویە كە ئێران قەڵغانی زیانەكانی ماددە هۆشبەرەكان لە جیهان دایەو بەر بە ترانزیتی ڕەهای مادەسەڕكەرەكان دەگرێ، بە ناو خۆی لە ڕیزی ئەو وڵاتانە خزاندوە كە دژی قاچاغی ماددە هۆشبەرەكان خەبات دەكەنو بەوەش ساڵانە بە میلیۆنان دۆلار لە ڕێكخراوەكانی نەتەوەیەكگرتووەكانو ڕێكخراوە جیهانییەكانی دیكە یارمەتی وەردەگرێو لەوەلاش لە ژێر ناوی خەبات دژی ماددە هۆشبەرەكان جیابیرە ئازادیخوازەكان سەركوت دەكاو لە ئاستی گشتیدا دەبینین كە وزەو توانای بەرهەڵستكارانەی بە میلیۆن لاوی گەلانی ئێرانی بێهێزو دەستەوەستان هێشتۆتەوەو لە پێی خستوون. واتە لە دوو دێردا هێزی پرسیاركردنی تێیاندا كوشتوە، توانای بەرەنگاریو دژكردەوەی ئەوانی مراندوە.

لەگەڵ ئەوەی نرخی ماددە هۆشبەرەكان ساڵ بە ساڵ دێتەخوارێ، خشتەی تەمەنی ڕاهاتووەكانیش بەردەوام ڕوو لە نزمییەو مێرمنداڵانو منداڵانیش بەشێكی بەرچاو لە حەشیمەتی گیرۆدەی ئێران پێك دێنن. دابەزینی نرخی ماددە بێهۆشكەرەكان واتە ڕێخۆشكردن بۆ زۆرترین داواو، بەرینتر بوونەوەی هەرچی زیاتری بازاڕی بەكارهێنانو لە ئاكامدا تێوەگلانی هەرچی زیاتری لاوانو مێرمنداڵان لەو زەلكاوەدا. هۆكارگەلی ئابووری لە تەنیشت بێئاگایی لەهەمبەر خەسارەكانی ئەم دیاردەیە، لە تاكی بەكارهێنەردا چاوگەی دەركەوتنو پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە لە كۆمەڵگای ئێرانە.

كاتێك بێكاری لە بەربڵاوترین شێوەی خۆیدا ئەوكی لاوانی گرتوە، كاتێك هەژاریو بێدەرەتانی ڕوخساری ڕووتی خۆی لە كۆمەڵگادا دەرخستوە، كاتێك جیاوازیدانانو هەڵاواردن بۆتە سیاسەتی ڕەسمی ڕێژیم، كاتێك كە زەختو گوشاری سیاسی هەمووجۆرە، ئازادییەكی سیاسیو فەردیی لە خەڵك زەوت كردوە، كاتێك ئیمكاناتی تەفریحی گونجاوو لەبار بۆ لاوان دابین ناكرێو كاتێكیش ماددە هۆشبەرەكان زۆر بە هاسانیو زۆر بە هەرزانو لە هەموو جێیەك دەست دەكەون، ئەدی چۆن ئەو دیاردەیە تا بینەقاقا كۆمەڵگا لەخۆیدا نوقم ناكا؟

بەسەرنجدان بە بارودۆخی كۆمەڵگای ئێرانو پەرەسەندنی ڕەهای ڕاهاتن (ئێعتیاد) لە ئێراندا، دەتوانین بڵێین كە بەناو خەباتی ڕێژیم دژی ئەم دیاردەیە تووشی شكستی زۆر سەخت بووەو هەر لەجێشدا ئەم خەباتە چەواشەكارانە

بووه. واته ئەگەر بەربەرەکانێو دژکردەوەیەکیش لەلایەن رێژیمەوه نیشان درابێ، ئەوه بەربەرەکانی دژی ماددە هۆشبەرەکان بووه نەک بنبڕکردنو نەهێشتنی دیاردەی گیرۆدەیی له ئێراندا، لەبەر ئەوەی دەستبەسەرداگرتنی ماددە هۆشبەرەکان وەک تەنیا کارێک کە رێژیم لە ئاستێکی زۆر نزمو خوارێداو جارجار دەی کا، تەنیا پێش بە بڵاوبوونەوەی ئەم ماددە هۆشبەرانە دەگرێو له حاڵێکدا راهاتن وەک زیانێکی کۆمەڵایەتیی گرێدراو بە نۆرمو دژە نۆرمەکانی کۆمەڵگا رەفتارێکی ئینسانییەو پەرچەکرداری فەرهەنگی دەخوازێ. بە شێوەیەکی روونتر ئەوە کە خەبات دژی ماددە هۆشبەرەکان خۆی لەبەرەنگارییەکی فیزیکی لە بەرامبەر بەرهەمهێنان، قاچاغو بڵاوبوونەوەی ماددە سەرکەرەکاندا دەبینێتەوەو پرۆسەیەکی نیزامییە لە هەمبەر دیاردەیەکی تاوانبارانە، لە حاڵێکدا خەبات بۆ نەهێشتنی گیرۆدەیی، خەباتێکی کلتووری ـ کۆمەڵایەتییە لە پێناو پاکژکردنی کۆمەڵگاو گەڕاندنەوەی گیرۆدەکان بۆ باوەشی ژینگەیەکی سالمو کۆمەڵگایەکی ساخڵەم.

کە دەشڵێین خەباتێکی چەواشەکارانە بەو مانایە کە رێژیم بە تایبەت لەچەند ساڵی رابردوودا زۆر بەکەمی دەستی بەسەر ماددە هۆشبەرەکاندا گرتوەو کەمترین بڕی ماددە هۆشبەرەکانی زەوت کردوەو لە نێوی بردوون. واتە ماددە هۆشبەرکان زۆر بە هاسانیو زۆر بە لێشاوو بەبێ کەمترینو چووکترین کۆسپ لە ئێراندا بڵاودەبنەوە.

بنبڕکردنی دیاردەی ئیعتیاد لە کۆمەڵگا ئینسانییەکاندا ئەزموون کراوەو بۆ نموونە لە وڵاتێکی پتر لە یەک میلیارد کەسیی چیندا سەرکەوتوو بوو، ئەدی چۆنە ئەم خەباتە لە ئێراندا تووشی شکست بووە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە گەلێک جار گوتوومانە، رێژیمێک کە مانەوەی دەسەڵاتەکەی لە نەبوونی هێزی وشیارو پرسیارکەری کۆمەڵگاو لە نەبوونی هێزو وزەی لاوانی بەرهەڵستکارو بە هۆشو بیردا دەبینێ، رێژیمێک کە مەوجوودییەتی خۆی لە قەیران خوڵقێنیو قەیران بۆ قەیراندا دەپارێزێو نەخۆشیی کۆمەڵگا گەرەنتی درێژتر بوونەوەی تەمەنی دەسەڵاتەکەیەتیی، چۆن دێ هەنگاوی کردەکی لە پێناو چارەسەری ئەم خەسارەماڵوێرانکەرەدا هەڵ بگرێ؟

## ١٠ خاڵی گرینگ لە پەروەردەکردنی باشی منداڵان دا

گرینگترین ئەرکو بەرپرسایەتیی دایکانو باوکان پەروەردەکردنو بارهێنانی منداڵەکانیانە. ئەوە رەفتاری شیاوو دژکردەوە گونجاوەکانی دایکانو باوکانە کە داهاتووی منداڵی لەسەر بنیات دەنرێ. لەم وتارەدا باس لە ١٠ خاڵی کورت بەڵام گرینگو سوودبەخش لە پێوەندیی لەگەڵ پەروەردەی سەرکەوتوانەی منداڵان کراوە.

با ئێمە وەک دایکانو باوکان جۆرێ منداڵەکانمان بخەملێنین کە خۆیان خۆش بوێ، هەستی متمانە بەخۆ بوونیان تێدا بەهێزتر بکرێو وا هەست بکەن خۆشەویستو جێی سەرنجی ئێمەن. رەچاو کردنی ئەم ١٠خاڵی خوارەوە یارمەتیی منداڵەکانمان دەدا کە هەست بە ئاسودەییو ئاسایش بکەن.

١- کەڵکوەرگرتن لە کاتەکانی پێکەوە بوون: بڕوا بە خۆبوونی منداڵەکەی ئێوە ژێر کاریگەریی چۆنیەتیی ئەو کاتانەدا شکڵ دەگرێ کە لەگەڵیدا تێکەڵاون، نەک چەندایەتییو کەمو زۆری ئەو کاتانە. ئێمە لە ژیانی رۆژانەو بەو هەموو سەرقاڵییانەی هەمانە زۆرتر لە بیری کارو هەوڵی رۆژانەمان داینو کاتێک منداڵەکەمان قسەمان لەگەڵ دەکا سەد لە سەدی سەرنجو فیکرمان لە لای ئەو نیەو زۆرجار وا دەنوێنن کە گوێمان بۆ گرتوون. ئەگەر بێتوو کاتێکی بەکەڵکو بەسود بۆ منداڵەکانمان لە ژیانی رۆژانەماندا تەرخان نەکەین (ئەو کاتانەی هەموو سەرنجو بیرو هۆشمان لای ئەوان بێ) ئەوا وردە وردە زۆر ئاکارو رەفتاری نەگونجاو لەودا سەرهەڵ دەدا. لە لای منداڵ ئەوە زۆر زۆر گرینگە کە ئێمە سەرنجو بایەخی پێدەدەین.

٢- قسە هیچی تێناچێ، کردەوە زۆر باشترە: لەوانەیە رۆژانە دەیان داوا لە منداڵەکانمان بکەین. ئەوان مێشکیان پڕە لە قسەکانی ئێمە، بۆیە با ئێمەش هەوڵ بدەین زۆرترین داوایان بۆ جێبەجی بکەین.

٣- یارمەتیی منداڵەکەتان بدەن با هەست بە تواناکانی خۆی بکا: ئەگەر بێتوو ئێوە ئەم ڕێگایەی نیشان نەدەن، ئەو بۆ خۆی زۆر ڕێگەی نەگونجاو بۆ دەرخستنی تواناکانی خۆی تاقی دەکاتەوە.

ڕێگە گونجاوەکان بریتین لە: راوێژیان لەگەڵ بکەن، مافی هەڵبژاردنیان پێبدەن، ڕێگەیان پێبدەن لە حیساب

کردنی خەرجو داهاتو دەرکەوتی ماڵی پارەتیتان بدەن، جاروبار کاروباری چێشت لێنان بەوان بسپێرن. منداڵی ٣ساڵە دەتوانێ سەوزی بشواتەوە، سفرە راخاو نانیش دابنێ. ئێمە بۆ خۆمان هەموو ئەو کارانە دەکەین، چونکی بۆ ئێمە بێ ژانەسەرە، بەڵام ئاکامەکەی ئەوەیە کەمنداڵەکەمان هەست بە کەمایسی دەکا.

٤- لێیان گەڕێن با بۆ خۆیان ئەنجامی کارەکانیان ئەزموون بکەن: منداڵەکەتان کارێک دەکا، لە پێش دا لە خۆتا بپرسن کە "ئەگەر من لێی گەڕابام چ دەبوو" کاتێک ئێمە بەردەوام لە هەموو شتێکداو تەنانەت شتێک کە پێویستیش ناکا دەخاڵەت دەکەین، ئاشکرایە کە منداڵەکانمان لە ئەزموون کۆکردنەوەو بینینی ئاکامی کارەکانیان بێبەش کردوە.

٥- لێی گەڕێن شارەزای یاساو رێساکانی نێو خێزان بێ: جاری وایە گەیشتن بە ئاکامێک ئەوەندە دوور دەکەوێتەوە کە ناتوانین بە ئاسانی ئەزموونیان بکەین. لەو کاتانەدا دەبێ بیر لە ئاکامێکی گونجاو بکەینەوە. بۆ وێنە منداڵەکەمان کتێبێکی خۆی لە ماڵی هاوڕێیەکی بە جێهێشتووەو نای هێنێتەوە. ئێوە دێنو حەوتوویەک بەسەریدا دەبۆڵێنن. ئەو کارە تەنیا رەنجانی ئەوی تێدایە. بەڵام ئەگەر بۆ خۆتان بچن کتێبەکەی بۆ بێننەوەو بەڵام بەقەرار پارەی کتێبەکە لە رۆژانە یا حەوتووانەکەی کەم بکەنەوە، هەم ئەوەتان شارەزای یاساکانی خێزان کردوەو هەم دڵی ئەویشتان راگرتووە.

٦- کەمتر تووشی کونتاکتو پێک هەڵپرژان بن: لەوانە منداڵەکەتان لە کاتێکی تایبەت دا بە قسەی ناخۆش یان بە تووڕە بوون تاقیتان بکاتەوە. ئێوە دەبێ لەو کاتەدا بە هێمنی بە جێی بێڵنو بچنە ژوورێکی دیکە.

٧- جیاوازی لە نێوان رەفتاری منداڵەکەتانو کەسایەتییەکەی دابنێن: قەت بە منالەکەتان مەڵێن کە تۆ "خراپی"، چونکی ئەو کارە ورەی دەڕوخێنێ. تێی بگەیەنن کە ئێوە نەک ناخۆشتان ناوێ، بگرە زۆریش خۆشتان دەوێ بەڵام کارەکەتان بە دڵ نەبووە. تێی بگەیەنن کە بۆ خۆی "خراپ" نیە بەڵکوو کارەکەی هەڵەیە.

٨- هاوکات لێبڕاوو دڵۆڤان بن: بۆ وێنە پێی دەڵێن کە زوو خۆی ساز بکا بە سەیارە دەچینە سەیران. ئەگەر کوو لە ماوەی دیاریکراودا جلوبەرگی لەبەر نەکردبوو، لێی قەڵس مەبن، چونکی ئەو دەتوانێ لە سەیارەکەش دا ئەو کارە بکا. بەڵام پێی بڵێن کە دەبوا حەتمەن تا ئەو کاتە خۆی ساز کردبا. ئەوە زۆر گرینگە کە منداڵەکەمان تێبگا لە رووی خۆشەویستییەوە کارێکمان لێی دەوێ یان لە رووی تووڕەیی!

٩- بیرکردنەوە لە ئەنجامی کار زۆر گرینگە: ئێمە هەموو کات دەمانەوێ زۆر زوو هەموو شتێک بخەینە ژێر رکێفی خۆمانو بۆوەش هەموو رێگەیەک تاقی دەکەینەوە. لە ئاکامدا منداڵەکەمان هەست بەوە دەکا کە لە ژێر گوشاردایە. ئێمە چمان لەوان دەوێ، دەبێ بەکردەوەش فێری بکەین. بۆ وێنە ئەگەر تووڕە بووینو دەستمان لێ بەرز کردەوەو لێمان دا ] تەنانەت ئەگەر پێشتر پێمان گوتبی کە لێدانو دەست بەرز کردنەوە هەڵەیە[ ئەو ئەوەمان لێ فێر دەبێ کە دەتوانێو بۆی هەیە بۆ دەستخستنی داواکەی پەنا بۆ زەبرو گوشارو زۆر بەرێ!

١٠- لەگەڵ منداڵەکەتان شەففافو روونبێژ بن: ئەگەر پێتان وایە نابێ لە نێو دووکان دا چلۆرە بخوا یان ئەو شتەی داوای دەکا بۆی بکرِدرێ، نێو چاوانتان تاڵو مۆن مەکەن، زۆر لەسەرەخۆ و بە رووگەشی پێی بڵێنو بە قسەشی مەکەن. ئەگەر ئێوە بە روونی قسەتان لەگەڵ کرد، ئەویش فێر دەبێ زیاتر رێزتان لێ بگرێ.

پەروەردەی شیاو درووستی منداڵ کارێکی ئەوەندە دژوارو ئاڵۆز نیە، بەڵام جێبەجێ کردنەکەیو وردبینیو هیممەتو پشوو درێژی دەوێو دایکانو باوکان بۆ ئەم مەبەستە دەبێ لەسەری سوورو لێبڕاو بن.

## توندوتیژیو لێدانی منداڵ، شێوازێکی غەڵەتی پەروەردە

یونیسێف، رێکخراوی نێونەتەوەیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە راپۆرتێکی خۆیدا دەڵێ کە لە ٣٥ وڵاتی قاررەی ئاسیادا لەهەر ٨ منداڵ شەشیان لە بنەماڵەکانی خۆیاندا لەگەڵ جۆری لە توندوتیژی بەرەوروون. لەو نێوەدا پیاوان زۆرتر لە ژنان منداڵەکانیان ئازار دەدەنو منداڵانی کچیش زیاتر لە کوڕان توندوتیژییان لەسەر دەکرێ.

هەر ئەو ئامارەی یۆنیسێف پێمان دەڵی کە ٥٠ لە سەدی بنەماڵەکان باوەڕیان بە توندیو تیژیو تەمبێ کردنی منداڵەکانیان وەک یەکێک لە شێوازەکانی پەروەردە هەیە. بەڵام چ هۆکارێک هەیە بۆ ئەوەی توندوتیژی وەک شێوازێکی پەروەردە لە بنەماڵەو ناوەندەکانی خوێندنو پەروەردەدا رەچاو بکرێ؟

لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە کە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان یان ئەو کۆمەڵگایانەی کە یاساورێساکان لەسەر

بنەماو تەوەری "زۆر"و هێز جێگیر بوونو لۆژیکو مەنتیق لەوێدا دەوری کەمتر دەبینن، تەمبێ کردن دژوارترین، کەم خەرجترینو لە هەمان حاڵدا خراپ ترین دژکردەوەیە.

منداڵانی ئێمە لەسەرەتاوە فیر دەبن کە "بەڵێ" بۆ هەموو شتێکی گەورەکان بڵێنو سەر بۆ هەموو داوایەکی ئەوان داخەنو بۆیان نیە کە قەت وشەی "نا" بەکار بێنن و ئەگەر بۆ جارێ وشەی "نا"و "نایکەم" بێتە سەر زاریان، لەگەڵ تەمبێو توندوتیژی بەرەوروو دەبنەوە، هەر بۆیەش کاتێکیش گەورە دەبن، تاقەتی بیستنی وشەی "نا"ی منداڵکانیان نابێو لەوانەیە ئەگەر "نا" بۆ داوەیەکیان بگوترێ، ئەوا پەنا بەرنە بەر توندوتیژیو تەمبێ کردنی منداڵەکانیان. لەخۆڕا نیە کە زۆربەی هەرە زۆری منداڵان لە کۆمەڵگای باوک سالاردا یان خەمۆکن یان شەڕانیو مەیلەوتوندوتیژن.

بۆیە ئەگەر بمانەوێ جیهانێکی بێهەراو پڕ لە هێمنیو تەباییمان هەبێ، دەبێ لە یەکەم هەنگاودا بەرەنگاری شێوازەکانی توندوتیژی نواندن لە بنەماڵەدا ببینەوە. بنبڕ کردنی توندوتیژی لە بنەماڵە سەرکەوتن لە دنیایەکی بێشەڕو قڕەدا مسۆگر دەکا.

زۆرجار توندوتیژی لەلایەن کولتوورەکانی کۆمەڵگادا رەواییان پێ دەدرێو تەنانەت بنەماڵەکان زۆر ئاسایی وەری دەگرنو لە قاڵبی نۆرمێکی کۆمەڵایەتیدا جێی دەخەن. ئەمەش هۆکاری دەروونی هەیە. کاتێک ئێمە قسەی خۆمان ببەینە سەر، پەنا بۆ توندوتیژی دەبەین، یانی کاتێک ئێمە فێری رێزگرتن لەخۆمان نەبووینو لە منداڵیەوە بە هەست بە سووکایەتیکردن گەورە بووین، ئاسایی دەبێ کە رێز بۆ خەڵکی دیکەش دانەنێینو منداڵانیش کە هەم چووکەو هەم بێدەسەلاتن، گەورەترینو زۆرترین قوربانییانی پریشکی ئەم توندوتیژیو سووکایەتی پێکردنەن. توندیو تیژی نواندنی دایکانو باوکان هۆکاری بزر بوونو لەناو چوونی باوەڕو متمانە بەخۆ بوونو تەبایی ئەندامانی بنەماڵەیە. کاریگەریی ئەوەش درێژخایەنو بەردەوامەو هەر ئەو منداڵە لە گەورەساڵیدا دەبێتە باوکێکی هێرشبەرو منداڵەکەی خۆی ئازار دەدا.

ئەگەر لە پەروەردەی بنەماڵەدا لۆژیکو مەنتیق گوتاری زاڵ بێ، دەتوانین بەسەر زۆر قەیراندا زاڵ ببین، بەلام لەهەر جێیەکدا شێوازو رێکاری پەروەردەییو زانستیو رێوشوێنی عەقلانیو مەنتیقیمان بۆ چارەسەریی ناکۆکیەکانی بنەماڵەو خێزان نەبێ، توندوتیژی وەک تەنیا رێگەچارە رەچاو دەکرێو بەکار دەهێندرێ.

ئەوە شتێکی روونە کە منداڵ لە رێگەی دیتنو بینین زۆرترین شت فێر دەبێ، نەک لە رێگەی بیستنو ئەوەش بۆ ئەو دەبێتە سەرمەشقی فێربوون.

منداڵ لە دایکو باوکی فێر دەبێ کە چۆن رەفتار بکا. دایکو باوکێک کە بەسەر یەکتردا دەگوڕێنن، دەبۆڵێننو پەنا دەبەنە بەر توندوتیژی، لەهەمان کاتدا ئەوەیان فێری منداڵەکەیان کردوە کە "ئەگەر کەسێک قسەیەکی کرد کە بە دڵی تۆ نەبوو یان کارێکی پێچەوانەی دڵخوازی تۆی کرد، بۆت هەیە چیت پێخۆشە بەسەری بێنی، لێی دەی، لێی تووڕە بیو بەسەریدا بگوڕێنی."

با لە خۆمان ڕا دەست پێبکەین، بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی لە جیهان، با توندوتیژی لە خێزانو بنەماڵەدا بنبڕ بکەین کە ئەمە هەنگاوی یەکەمو سەرەکی لەم پێناوە دایە.

---

## هەڵمەتێک لە پێناو هەستانە وە دا

ئەوەی ئەمرۆکە چاوەدێران، رەخنەگران و توێژەرە کۆمەڵایەتی یەکانی کۆمەڵگای ئێرانی تووشی نیگەرانیی زۆر کردوە، پەرەسەندنی رۆژ لە دوای رۆژی دیاردەی ئیعتیادو تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان لە کۆمەڵگای ئێران دایە.

ئەوەش کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران ئاخۆ شکستی لە خەبات و بەربەرەکانیی دژی مادده هۆشبەرەکان و دیاردەی ئیعتیاد خواردوە یان ئەوەی کە لە بنەڕەت دا رێژیم خەباتێکی لێبڕاو و راشکاوانەو جیددیی دژی ئەو دیاردەیە نەکردووە بە سیاسەت کردن لەگەڵ ئەو قەیرانە، قەیرانی ئیعتیادی بۆ تێپەڕینی لە قەیرانەکانی دیکەی قۆستۆتەوە، هیچ لە و راستی یە ناگۆڕێ کە خەسارەکانی ئیعتیاد هەردەم پانتایی یەکی زۆرتر لە ژیان و ئەمنییەتی کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئێران داگیر دەکا.

لە سۆنگەی پەرەسەندنی ئیعتیادەوە ڕێژەی بێکاری، لادان و دەست بردنە بەر تاوانە کۆمەلایەتی یەکانی وەک دزی، ڕاکردن لە یاسا، توندوتیژی، خۆکوژی و تەلاق و... هەردێ و زێدەتر دەبێ و لەو لاش تەمەنی توشبوون بۆخوار ١٢ساڵ دادەبەزێ و بازاری بەر بلاوی بەکارهێنەران وای کردوە کە بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان جۆرەها ماددەی هۆشبەری شیمیاییی وەک کراک، کریستاڵ و شیشە لە دەرەوەی ولات را برژێننە هەرێمی ولاتەوە یان دەنا بۆ خۆیان لە لابراتوارە نهێنی و ژێرزەمینی یەکاندا بە ناخالسیی زۆرترەوە بەرهەمیان بهێنن و لە بازارەکانی ئێراندا بلاویان بکەنەوە.

هەروەک گوتمان ڕێژیمی ئیسلامی تەنانەت بەداننانی بەرپرسانی بەناو ستادی بەربەرەکانی دژی مادده هۆشبەرەکان و هێزە ئینتزامی یەکانی خۆی لە خەبات دژی پەرەسەندنی ئەو دیاردە یەدا تووشی شکست و ناکامی هاتوە، بەلام لە ونێوەدا ئەوە ئەرکی هەموو کۆمەلانی خەڵکی ئێران بەهەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگایە کە لە هەڵمەتێکی گشتی دا دژی پەرەسەندنی ئەو قەیرانە ماڵوێرانکەرە بوەستنەوە.

خەبات دژی دیاردەی ئیعتیاد لە گشتییەتی خۆی دا بەسێ ڕەهەندی تایبەت دا تێ دەپەڕی و ئەو سێ شێوازە دەگرێتە بەر:

یەکەم: خەبات و بەربەرەکانی دژی بازرگانیی ماددەهۆشبەرەکان و ڕێگرتن و بەرگرتن لە بلاو بوونەوەی لە کۆمەڵگادا

دووهەم: دەرمان و چارەسەریی توشبووان و گەڕاندنەوەیان بۆ باوەشی خێزان و ژیان و کۆمەڵگا

سێهەم: چالاکی و شێوازەکانی بەرگرتن و پێشگیری لە تووشبوون و کەمکردنەوەی ئاستی داواکاریی مادده هۆشبەرەکان لە کۆمەڵگادا.

خەبات دژی بازرگانیکردن و ڕێگرتن لە بلاو بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان کە پەرچەکردار و شێوازێکی توندوتیژ خوازانەیە، ئەگەرچی لە ئەستۆو لە توانای حکوومەت و دامودەزگاکانی بەرێوەبەریی ولات دایە، بەلام لە باشترین حاڵەتی خۆی دا نەیتوانیوە بەر بە پەرەسەندنی ئیعتیادو وبلاو بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان بگرێ.

شێوازی دەرمانی و چارەسەریی توشبووانیش هەم ئاستەنگی گرینگی وەک کات و هەزینە و تیچووێ زۆری لە بەردەم

دایە و هەمیش لە ئەو شیوازەدا دڵنیایی یەک لە ئاکام و سەرکەوتنی یەکجارەکیی بەدی ناکرێ. ئەم شێوازە لە خەبات پێویستیی بە نەخۆشخانەو ناوەندگەلی زۆری تایبەت بە وەرگرتنی موعتادەکان، سرینە و پاکژ کردنەوەیان لە ژەهری هۆشبەرەکان، توانا بەخشینەوەو بەهێز کردنەوەی جەستەیی و دەروونیی موعتادەکان ولە دواجاریش دا کردنەوەی فێرگەی پیشەیی و دابنیکردنی کارو ژیان بۆ ڕێگرتنیان لە دووبارە تێهەڵچوونەوەیان بۆ داوی ئیعتیاد دایە کە ئەوەشیان بەگشتی ئەرک و وەزیفەی حکوومەتەو ڕێکخراوە ناحکوومی و ﷼کان لەم بوارە دا تەنیا دەتوانن ڕۆڵی نموونەیی و ئولگوویی ببنین

بەڵام شیوازی بەرگیری و پیشگرتن لە تیوەگلان هەم تێچوویەکی زۆر کەمتری لە چاوشیوازەکانی ئاماژە پێکراو دەوێ و هەمیش هەرکەس لە بەر خۆیەوە دەتوانی پشکی گرینگی لەم هەڵمەتەی کۆنترۆڵ و بنەبڕکردنە دا هەبێ.

کەشی خێزان واتە دایکان و باوکان، مامۆستاکان لەقوتابخانەکان، راوێژکار و یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتی یەکان لە ﷼ کان و دامودەزگاکانی وەک بیهزیستی دا و راگەیەنەگشتی یەکانی وەک تەلەڤزیون و رۆژنامەوگۆڤار و ماڵپەرە ئینتیرنێتی یەکان دەتوانن بەهەست پێکردن بەوبەرپرسیارەتی یە رۆڵی گرینگ لە وەستاندن و کۆنترۆڵکردنی ئەو قەیرانە و هەنگاوەکانی پاکژ کردنەوەی کۆمەڵگاو پاکژ راگرتنی کۆمەڵگادا ببینن.

بەشێک لە هێڵە گشتی یەکانی ئەم هەڵمەتە گشتگیرە دەتوانێ ئەمانە بن:

* وشیارو ورپاکردنەوەی خەڵکی سەبارەت بە مەترسی و خەساروزیانەکانی ماددەهۆشبەرەکان.
* بایخدان بە نۆرمەکلتووریی و کۆمەڵایەتی یەکانی کۆمەڵگا و بە هێزکردنی بایەخەگشتی یەکان لە بەرامبەر بەها تاکە کەسی یەکاندا.

* پەروەردەی سەردەمیانەو کرانەوە هێشنەوەی رێیەک بۆ بەهاناوە چوون لە کاتی ئاستەنگ و قەیرانەکان لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵ دا.
* پشتگیری لە پەسندکردنی یاسای توندوتیژ دژی بازرگانانی ماددە هۆشبەرەکان و هەوڵدان بۆ یاسامەند کردنی ژیانی خەڵک.
* بەهێزکردنی و چەسپاندنی ئەو تیروانینەی کە موعتاد نەخۆشە نەک تاونبار ونەخۆش پێویستی بە پێڕاگەشتن و دەرمان و چارەسەریە.

## مادە هۆشبەرەکان، مەترسیەک لە سەر ئەمن و ئاسایشی نەتەوەیی

ئەمڕۆکە دیاردەی قاچاخ و ساتوسەودای مادە هۆشبەرەکان یەکێک لەو چوار قەیرانی گەورە و گرینگی کۆمەڵگەی مرۆیی یە و لە تەنشیت قەیرانی ناوکی و ئەتۆمی، حەشیمەتی و ژینگە زۆرترین دڵەڕاوکێ و کێشەی بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەت و حکومەتەکان دروست کردوە. ئەورۆ لە دنیا دا وڵاتێک نابینین و تەنانەت شارێک بوونی نیە کە دەستەویەخەی دیاردەی قەیرانی مادە هۆشبەرەکان نەبووبێ. ئەو دیاردەیە بە کەڵک وەرگرتن لە گەشەی تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندن و پیشەسازیی مودێرن، پەرەسەندنی باندەکانی مافیا و دەستە شاراوەکانی نێو دەسەڵات و هەرێمی حکومەتەکان وەها ئاڵۆزی و کێشەیەکی بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی ناوەتەوە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانی وەک "تاوانە سازمان دراوەکان" (ئەو تاوانانەی ڕێکخراون) پێناسەی دەکا و لە کۆڕی گشتیی خۆی دا زۆر کۆنڤانسیۆن و بڕیارنامەی گرینگی لە پێوەندیی لەگەڵ ئەم دیاردەیە دا پەسند کردوە. کۆنڤانسیۆنەکانی ١٩٦١ - ١٩٧١، کۆنڤانسیۆنی هاوپێچ و تەاوکەری ١٩٧٢، کۆنڤانسیۆنی ١٩٨٢، کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان تایبەت بە کێشەی مادەهۆشبەرەکان لە ساڵی ١٩٩٨ و دەیان کۆنگرەی کۆمیسیۆنەکانی ڕێکخراوە نەتەوە یەکگرتوەکان و کۆنگرەی هاوبەشی وڵاتان، گرینگیی قاچاخ و ساتوسەودای مادە هۆشبەرەکانی و دیاردەی ئیعتیاد و گیرۆدە بوون لە کۆمەڵگەی مرۆیی مان پتر بۆ دەردەخەن.

**هۆکاریی تەقینەوەی مادە هۆشبەرەکان و قووڵبوونەوی ئەو قەیرانە جیهانیە؟**

گرینگترین هۆکاری داماویی کۆمەڵگەی مرۆیی لە هەمبەر پەرەسەندنی دیاردەی مادە هۆشبەرەکان قازانجی خەیاڵیی ساتوسەودای مادە هۆشبەرەکان بۆ مافیا و تۆڕەکانی بازرگانی پێوەکردنی مادە هۆشبەرەکانە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی ٢٠٠٦ دا ڕایگەیاند کە سەرمایەکی ١٦ تریلیۆن دولاری جۆرێ لە پیشەیەکی نایاسایی لە جیهان دا وەڕێ خستوە کە دوای بازاری نەوت و بازرگانیی چەک و چۆڵ لە ئاستی نێودەڵەتی دا پڕ قازانجترین بازرگانیی جیهانیە.

ئەو سەرما یە ١٦ تریلیۆن دولارییە ئەو کاتە مەترسیەکانی دەردەکەوی کە بە یارمەتی و پشتیوانی زۆر لە دەزگا

زانیاریە دەوڵەتیەکان دەستی مافیاکانی بازرگانی و بڵاوکردنەوی مادە هۆشبەرەکانی بۆ پەرەپێدان و هەرچی زیاتر بڵاوبوونەوەی ئەو دیاردەیە ئاوەڵا دەکا. هەڵمەتی ١٠ ساڵەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان (١٩٩٨ - ٢٠٠٨) بۆ دابەزاندنی تا نزمترنی ئاستی ئەو قەیرانەش وێناچێ لە کردەوەدا دەسکەوتێکی ئەوتۆی تەنانەت لە کۆنترۆڵکردنی قەیرانەکەش دا بووبێ، چونکی بە پێی لێداونی کوفی عەنان، سکرتێری پێشووی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی ٢٠٠٤ دا ٤٠٠ میلیۆن موعتاد ئاماریان گیراوە، بەڵام ئە ڕێژەیە لە ٦ مانگی یەکەمی ٢٠٠٠٨ دا بۆ ٤٨٠ میلیۆن کەس بەرز بۆتەوە کە ئەوە نیشاندەری سەرنەکەوتنی ئیرادەی جیهانی بۆ ئەم بەربەرەکانی و خەباتە جیهانیەیە کە بانگەشەی بۆ دەکا.

ئا لێرەدایە پر سیارێک دێتە گۆڕێ: کە لە راستی دا ئەوە چ ئاستەنگ و لەمپەرێکە خەبات و هەوڵە جیهانیەکان دژی پەرەسەندنی مادە هۆ شبەرەکانی ناکام هێشتۆتەوە؟ تۆ بڵێی هەڵتەکاندن و نەهێشتنی چاندنی خەشخاش لە وڵاتی ئەفغانستان کە بە پێی راپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان پتر لە ٨٨% لە سەدی خەشخاش ی دنیای لێ بەرهەم دەهێندرێ، زیاتر لە خەرج و تێچووی شەڕی نێونەدەوڵەتی، شەڕی دژی تیرۆر و پێشبڕکێی چەکوچۆل و خۆ پڕچەک کردنی دەوڵەتانی تێ دەچێ؟

چ نهێنیەک لە ساتویەودای و بازرگانیی مادە هۆشبەرەکاندایە کە کاتێک کۆمۆنیستەکان لە ئەفغانستان دا بە دەسەڵات دەگەن، چاندنی خەشخاش بەرز دەبێتەوە، کاتێک یەکیەتی سۆڤییەتی پێشوو ئەو وڵاتە داگیر دەکا، چاندنی خەشخاش نەک راناگیرێ، زیاتریش پەرەدەستێنێ، موجاهیدنەکان دێنە سەرە کار، بەرهەمهێنانی خەشخاش هەر لە هەڵکشان دا دەبێ و تالیبان دێتە سەرکار و دەسەڵاتی ئەو وڵاتە پاوان دەکا، بەڵام پەرە بە چاندنی خەشخاش و بەرهەمهێنانی تریاک دەدرێ و دوای هێرشی هێزەکانی هاوپەیمان و فرەنەتەوەش بۆ سەر ئەلقاعیدە و تالیبان لە ئەفغانستان و دامەزراندنی کۆماریی نوێ و هاتنە سەرکاری حامید کەرزای لیبراڵ و دیموکراتیش بەرهەم هێنانی مادە هۆشبەرەکان نەک ناوەستێ، نەک راناگیرێ و کەم نابێتەوە، بەڵکوو بە بەرزترین ئاستی خۆشی دەگا؟

### مادە هۆشبەرەکان وەک چەکیک دژی ئاسایشی نەتەوەیی

باشووری کوردستان پتر لە ١٢٠٠ کیلۆمێتر لەگەڵ وڵاتی ئێران سنووری هاوبەشی هەیە و لەو لاوەش ئێران دوورودرێژترین سنووری لەگەڵ ئەفغانستان وەک گەورەترین کانگەی بەرهەمهێنانی مادە هۆشبەرەکان هەیە. ئەوەش

مەترسیەکی گەورەیە کە مافیاکانی ترانزیت و بڵاو کەرەوەی مادە هۆشبەرەکان بیانەوێ عێراق و هەرێمی کوردستان بکەنە بازاریکی پڕپیتی بەکار هێنانی مادە هۆشبەرەکان. بە تایبەت کە لە باشووری کوردستان باشترین زەمینە و دەرەفەتیان بۆ ئەم پیلانە هەیە کە ئەویش نائاگایی و نەبوونی رۆشنبیریی پێویست لە ئاستی ئەو کارەساتە لە نێو بیروڕای گشتی هەرێمەکە دایە. خەڵکی هەرێمی باشووری کوردستان زۆر بە کەمی مادە هۆشبەرەکان دەناسن، سەبارەت بە دەرەنجام و کاریگەریی مادە هۆشبەرەکان لە سەر تەندورستی کۆمەڵگە و هێزی کۆمەڵ زانیاریـیان زۆر زۆر کەمە و بوار بۆ تێوەگلانی لاوانی ئەم کۆمەڵگەیە زۆر ئامادەیە. بە تایبەت ئەگەر ئەوەش لەبەر چاو بگرین کە دۆزی سیاسیی کورد لە باشووری کوردستان هێشتا ناسەقامگیرە و دوژمنانی میللەتی کورد بە تایبەت وڵاتانی دژە کوردی دراوسێ کە بوونی هەرێمێکی کوردیی هێزمەند لە دژی بەرژەوەندییەکای خۆیانی دەبینن و قەتیش ئەو دوژمنایەتیەیان نەشاردۆتەوە، ئاسایی دێتە بەرچاو کە دوژمنانمان بە چەکی مادە هۆشبەرەکان شەڕی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان بکەن. ئەگەر لە وڵاتانی دیکە دیاردەی مادە هۆشبەرەکان، دەیاردەیەکی ئابوورییە و مافیاکان و بازرگانان لە پشتەوەین، بەڵام لە کوردستان ئەم دیاردەیە هەم ئابوورییە، هەم سیاسی و هەمیش کۆمەڵایەتی.

ئەگەر لە وڵاتانی دیکە ئەم دیاردەییە بەربەرکانی لەگەڵ دەکرێ، کۆنترۆڵ دەکرێ بەڵام لە کوردستان (بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان) ئەم دیاردەیە لە لایەن حکومەتەوە نەک بەربەرەکانیی لەگەڵ ناکرێ بەڵکوو بە شێوەیەکی سیستماتیک پەرەی پێ دەدەرێ، رێی بۆ خۆش دەکرێ و وەک چەکێک لە دژی ئیرادەی نە تەوەیی ئەم خەڵکە بە کار دەهێندرێ.

ئەمرۆکە دوژمنانی میللەتی کورد بەرەیەکی دیکەی شەڕیان لە دژی کورد کردۆتەوە بەڵام شەڕێک کە نە تەقەی تفەنگی دەبیسرێ و نە بۆنی باروتی هەست پێ دەکرێ و قوربانیانی ئەم شەڕەش کەمتر لەو قوربانیانە نین کە بە درێژایی مێژوو ئەم نەتەوەیە بۆ رزگاریی خۆی پێشکەشی بارەگای ئازادیی کردوە.

بۆ زیاتر ورد بوونەو لەو مژارە پێویستە سەر پێیی زیانەکانی مادە هۆشبەرەکان لە سەر کۆمەڵگە خەسارناسی و پۆلێنبەندی بکەین، کە لە سێ تەوەر دا جێ دەگرن:

١- ئابووری

٢- کۆمەڵایەتی

٣- سیاسی

### تەوەر ی ئابووری

ئیعتیـاد لە هەمـوو کۆمەڵگەکـان دا پەرە بە دیـاردەی بێکـاریی دەدا. رێـژەی بێکـاریش پێوەنـدیی راسـتەوخۆی بە وەبەرهێنـان و گەشـەی ئـابووری کـۆمەڵگەوە هەیە. کۆمەڵگە چەنـدی مـو عتـاد هەبـێ، ئەوەنـدەش لە هێـزی کـار و وەبەرهێنان بێ بەشە. زیانەکانی ئەو بێ کاری و کاریگەریەکەی لە سەر ئابووری کۆمەڵگە ئەو کـاتە پتـر دەبـێ و پتر دەردەکەوێ کە کۆمەڵگەی لاوی ولات تووشی ئەو قەیرانە بن. هۆکاری ئەمەش روونە کە ئەگەرچی لاوان هێزی بە هێـزی هەمـوو چـالاکی و گـوڕ و تـین و وەبەرهێنـان و پێشـکەوتنێکن، بەڵام قوربانیـانی سـەرەکیی دیـاردە کۆمەڵایەتیکانیشن و لە ریزی پێشەوەی ئەو خەسار و زیانانەن کە بەرۆکی کۆمەڵگا دەگرن. ئەوەش لە جێی خۆی کە سـەرمایەیەکی مـاددیی زۆری کـۆمەڵگە بە جێـێ تەرخـان کرانـی بـۆ پـرۆژە خزمەتگوزاریەکـان، پرۆژەکـانی وەبەرهێنـان و ئـاوەدان کـردنەوە سـەرفی ساتوسـەودا و بازرگـانی بە مـادە هـۆ شـبەرەکان دەکـرێ و ئەو سـەرمایە ماددییە زۆر و زەوەندە بە جێی قازانج گەیاندن بە کۆمەڵگە، بە زیانی کۆمەڵگە وەرگەڕ دەخرێ و کۆمەڵگە تووش بە تووشی کێشە و قەیرانی مەترسیدار دەکا.

روویەکی دیکەی پێوەندیی نێوان ئیعتیاد و بێکاریی، پەرەسەندنی هەژاری لە کۆمەڵگە دایە. لەو نێوەش دا بـێ لە بەرچاو گرتنی جۆرەکانی هەژ اری و بەستێنەکانی دەبـێ ئەوە قبـووڵ بکەین کە هە ژاری لە دوو لاوە کـاریگەریی گرینگیـان لە سـەر ژیـانی کـۆمەڵایەتی خەڵـک هەیە. لە لایەک ژیـانی بنەماڵەکـان هەڵ دەتەکێنـێ، سـەرمایەی کولتووری و پەروەردەیی کـۆمەڵگە دادەبەزێنـێ و تـاکەکـانی کـۆمەڵگەی هەژار تووشـی جۆرەهـا زیـانی کـۆمەڵایەتی، دەروونی دەکا و لە لایەکی د یکەشەوە نایەکسـانیی وەبەرهێنـان و بە کارهێنـان لـێ دەکەوێتەوە. بەو مانـایەی کە بەشـێکی هەرە زۆری داهـات بـۆ رێژەیەکـی زۆر کەمـی کـۆمەڵگە دەبـێ و بەشـی هەرە زۆری کـۆمەڵگەش لەگەڵ گرفتەکانی دەست پێ راگەیشتن بە پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیان بەرەو روو دەبن.

### کۆمەڵایەتی

ئیعتیاد خۆی وەک لادانێکی کۆمەڵایەتیی کاریگەریی نەرێنیی لە سەر زۆر کێشە و دیاردەی کۆمەڵایەتی دیکە هەیە. بۆ وێنە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان رێژەی تـاوان و تـاوانکـاری لە کۆمەڵگە دا بەرز دەکـاتەوە. تونـدوتیژی، دزی، لەشفرۆشـی و چـوونە سـەرێی رێـژەی تەلاق و کەمبـوونەوەی زەواج و هاوسـەرگیریی بەشـێک لە کـاردانەوەی

ئیعتیاد بە مادە هۆشبەرەکانن. بۆ وێنە ئەگەر لە بنەماڵەیەک دا باوک موعتاد بێ، ئەوا بەر لە هەموو شتێک ژنی ماڵ مێردێکی بەرپرسیار و منداڵەکان باوکێکی دەروەستیان لە دەست داوە. باوکی موعتاد دەتوانێ هۆی هاندان و سەرچەشن بۆ بنەماڵەکەی بۆ لای ئیعیتاد بێ. بە تایبەت کە ئەزموونەکان سەلماندوویانە کە تاکی موعتاد بۆ خۆ دەربازکردن لە لۆمە و تیرو توانجی دەوربەری هەوڵی بە موعتاد کردنی هەموو ئەو کەسانەی دەروبەری خۆی دەدا. هەر لەو بنەماڵەیەی باسمان کرد ئیعتیاد دەبیتە هۆی پێرانەگەیشتن و پەروەردەیەکی ناساڵم و ناتەندروست. منداڵانی ئەو جۆرە بنەماڵەیە زۆربەیان واز لە خوێندن دێنن و بەرەو لادانە کۆمەڵایەتیەکان دەچن.

هەژاری، دەسکورتی، پەنا بۆ دزی بردن و تەنانەت لەشفرۆشی و کەوتنە زیندان دەتوانێ کاردانەوەی ئیعتیاد لە سەر ئەو بنەماڵانە بێ کە گەورەی ماڵ یان ئەندامەکانی دیکەی بنەماڵەیان تووشی ئیعتیاد بووە.

هەروەها ئیعتیاد رێژەی خۆکوژی، خەمۆکی و نەخۆشی گەلێکی مەترسیداری وەک ئایدز لە کۆمەڵگەدا بەرز دەکاتەوە. بێ متمانەیی، بێ هیوایی و کاڵ بوونەوەی بەها کۆمەڵایەتیەکاان بەشێکی دیکەی دەرەنجامەکانی پەرەسەندنی ئیعتیاد لە کۆمەڵگە دان.

سیاسی

سەرەکیترین کارتێکەریی مادە هۆشبەرەکان لە سەر تاکی بە کارهێنەر لاواز کردن و کوشتنی ئیرادەو هەستی بەرەنگاریی ئەوە. لە لای کەسێکی موعتاد گرینگتر لە هەموو کەس، گرینگتر لە هەموو شتێک وەدەست هێنانی مادە هۆشبەرە و دابین کردنی پێداویستیەکانی مادە هۆشبەری رۆژانەیەتی.

هیچ کام لە بەها کۆمەڵایەتیەکانی وەک سۆز و خۆشەویستی، نامووس، ئەخلاق، دەرەوست بوون، هەستیار بوون، بەرپرسارێتی و ئینتیمای سیاسی لە تاکی موعتاد مانای نامێنێ و تە نانەت تاکی موعتاد لە کاتی پێویستیی بە مادەی هۆشبەر و دەست نەکوتنی دا ئامادەیە دەست بۆ هەموو تاوانێک و جینایەتێک و کردەوەیەک ببا. مادەی هۆشبەر ئازایەتیی، هەستی بەرخودان، ویستی تۆڵە، بیر کردنەوەو نیشتمانپەروەری لە تاکی موعتاد و تووشبوو دا دەکوژێ و سەر بەرەوژێر و ترسەنۆک و داماوی دەکا.

بە پێی ئەو لێکدانەوەیە و سەرنجدان بە کاریگەریی ئیعتیاد بە مادە هۆشبەرەکان لە سەر لەشی مرۆڤ، دەروونی مرۆڤ، تەندروستی کۆمەڵگە و کۆی هەموو ئەو زیان و خەسارانەی کۆمەڵگە لە سۆنگەی مادە هۆشبەرەکانەوە

تووشی دەبێ، دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە دوژمنان و نەیارانی نەتەوەکەمان زۆر باش دەتوانن مادە هۆشبەرەکان وەک چەکێکی کاریگەر لە دژی نەتەوەکەمان، دەسکەوتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانمان بەکار بێنن.

بە تایبەت کە دوژمنانی نەتەوەکەمان لە شەڕی راستەوخۆ و کوشتنی راستەوخۆی دا دەسکەوتێکی ئەوتۆیان وەدەست نەهێناوە. ئەگەر لە شەڕی داگیرکاری دا پێشمەرگەیەک دەکوژرا، ئەوا براو کەسوکارو هاونیشتمانانی بە هەست بە بەرپرسیارەتی و تۆڵە ساندنەوە جێی ئەوی دەگرتەوە، ئەگەر پۆل پۆل بارزانی شرت و گوم و قەلاچۆکران، ئەگەر ئەنفال ١٨٠/٠٠٠ کوردی لە باوەشی نیشتمان را بۆ گورە بە کۆمەڵەکان رەکێش کرد، ئەگەر ٥٠٠٠ پەپولە لە چرکەساتێک لە هەڵەبجە دا بوونە خەڵووز، بەلام هە موو ئەوانە چۆکیان بە کورد دانەدا، ئیرادەی کوردی لەرزۆک نەکرد، لەو ویستە رەواکانی پاشگەزی نەکردنەوە، بگرە هەستی بەرەنگاری، ئیمان بە رەوایی و سەرکەوتنی لە لای ئەوان بەهێزتر و بە گوڕتر کرد، بەلام ئیعتیاد مەرگێکی سەخیفانە، سوک و چرووک و بێ بایەخە کە دوژمنانمان لاوانمانی پێ تووش دەکەن. ئیعتیاد ئیرادەی لاوانمان بۆ بەرخودان، داهێنان، بنیاتنان، نۆژەنکردنەوە و وشیار بوون دەکوژێ و دەستەوەستان و داماویان دەکا. بۆ دوژمنانی نەتەوەی کورد یەک شت زۆر گرینگە، لە نێو بردنی میلەتی کورد، لەو بەر یە ک هەڵتەکاندنی ئیرادە و ویستی میللەتی کورد، ئەوە ئامانجی سەرەکیی دوژمنانی ئێمەیە و لای ئەوان گەیشتن بەو ئامانجە گرینگە، نەک رێگە و شێواز و کەرەستە و ئامرازەکانی.

لەو نێوەدا وشیاریی گشتی خەڵک سەبارەت بە پیلانی دوژمنانمان و ئەو رێوشوینانەی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان دەیگرنە بەر، رۆڵی سەرەکی دەبینێ لە سەرکەوتنیان بە ئاکام نەگەیشتنی هەوڵەکانیان دا.

بەو پێیە ئەرکی خەبات د ژی مادە هۆ شبەرەکان و نەهێشتنی ئیعتیاد لە کۆمەڵگە تەنیا لە ئەستۆی حکومەت دا نیە و هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە، رێکخراوەکان، حیزبەکان و لایەنە کولتووری و رووناکبیریەکان ئەشێ ئەو مە ترسی و ئەرکە لە سەر شانی خۆیان هەست پێ بکەن و ئەرکی راگەیاندن لەو نێوەدا لە هەموو یان قوورسترە. بەلام هەوڵ و مشوور و سیاسەتەکانی حکوومەت بنگەیی و هۆکاریی بەرگیرەوەی سەرەکیە. بە تایبەت کە پێشگیری زۆر لە چارەسەری ئاسانتر و کە م تێچووترە.

- حکوومەت دەبێ بە توندترین شێوە، رێگە لە هاتن و بلاو بوونەوەی مادە هۆشبەرەکان بگرێ و سنوورەکان چاوەدێری وردیان بخاتە سەر و سزای زۆر قوورس بە سەر بارزگانانی مادە هۆشبەرەکان دا بسەپێنێ.

- حکوومەت دەبێ بە رەخساندنی دەرەفەتی کار بۆ لاوان، پەرەپێدان بە چالاکیە وەرزشیەکان و رابواردنی سالم کەشێکی لەبارو گونجاو بە پێی ویستی لاوان بۆ ئەوان دەستەبەر بکا تا لاوان هەست بە متمانەیی، ئەهۆنی و هیوا بکەن و نەکەونە داوی مادە هۆشبەرەکانەوە.

- دانی زانیاری و وشیاری لە ڕێگەی راگەیاندنە گشتیەکان و گونجاندنی سیستەمی پەروەردە و خوێندن بۆ بەرگرتن لەو دیاردەیە مالوێرانکەرە دەبێ یەکێکی دیکە لە هەنگاوەکانی حکومەت بێ.

- بەستنی کۆنفرانس و کۆنگرەی تایبەت بە بەشدا ریی کەسانی شارەزا و پسپۆر و دەروونناس و یاساناس بۆ دامەزراندنی ئۆرگانیزمێک بۆ بەرنگاریی مادە هۆ شبەرەکان.

---

## گاڵتەی تاڵی مرۆڤی کوردو مافەکانی

٦٠ ساڵ لەوەپێش و بە پەسندکرانی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ بزووتنەوەیەکی هەراو رەوتێکی بەربڵاو و جیهانگیری مرۆڤ بایەخانە دەستی پێ کرد. هەوڵی سەرەکی لە هەموو ئەو ماوەیەدا ئەوە بووە کە پێناسە لۆکاڵی و نەریتییەکان لە مرۆڤ جێ پێی لەق بکرێ و لە پێناسەیەکی سەرتاپاگیری جیهانیدا مرۆڤ و مافە سروشتی و رەواکانی خۆیانی تێدا ببیننەوە. هەوڵەکان لەو پێناوەدا ئەگەر چی تەواو سەر نەکەوتوون، بەڵام دەسکەوتەکانی ئەو خەباتە سەرەڕای هەموو ڕێگریو بەرگیرییە نەریتی، ئایینی و کولتوورییەکان و سازی ناسازی نیزام و سیستەمە چەقبەستوو و کۆنە پارێزەکانەوە جێی پەسن و شانازین و ئێستاش تا گەیشتن بەوەی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە جاڕنامە را بۆ یاسا بگۆڕدرێ، ڕێگە سەخت و پڕکەندو لەندو گەوە.

لە جێدا بە پرەنسیپ بوونی مافی مرۆڤ لە ئاستی جیهانیدا وای کردوە کە ڕێژیمێکی نادێموکراتیک و دژە مرۆڤی وەک کۆماری ئیسلامییش لافی لە بەر چاوگرتنی مافی مرۆڤ لە ئێراندا لێ بدا، بەڵام بەردەوامیی مەحکوومکرانی ڕێژیمی ئێران لە سێ دەیەی رابردوو دا لە لایەن کۆمیسیون و شووراکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئورووپا و ناوەند و ڕێکخراوە جیهانییە بێسنوورەکانی پارێزەری مافی مرۆڤە ئاماژە بە گاڵتەی تاڵی

مافی مرۆڤ و مرۆڤ و بەهاکانی لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامیدا دەکەن. پێشیلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران سیستیماتیک و بە بەرنامەو پلان و بە شێوەی یاسایی و یاسامەند بەرێوە دەچن، کە لە سەرکوت و پێخوست کردنی مافی نەتەوە بندەستەکانی ئێران، دەرکردن و بەڕێوە بردنی حوکمی ئیعدام و لە سێدارەدان، شاڵاوی گرتن و بەنـدکردنی سـەرەڕۆیانەی چالاکـانی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و کولتـووری، سـەرکوتی توندوتیژانـەی بزاوتـە مەدنییەکانی ژنـان و خوێنـدکاران و منـداڵان، ئیعدامی منـداڵانی ژێـر ١٨ سـاڵ، دژایەتیکردن و سەرکوتی بزاوتە کریکاری یەکان و هتددا خۆی دەبینێتەوە. دیـارە بـارودۆخی مـافی مـرۆڤ لـە کوردستان جیاوازتر لـە ناوچەکانی دیکەی ئێرانیشە. کوردەکانی ئێران کە سێهەمین پێکهاتەی حەشیمەتی ئەو وڵاتە پێک دەهێنن، لـە هـەر چەشنە مافێکی سیاسی و کلتووری و مرۆیی خۆیان بێ بەشن و یاسای بنەڕەتیی ئەو وڵاتە بە حاشا لێ کردن لە" تنوع" و جۆراوجۆری و فرەیی زمـان و کلتوور و نەتـەوە لـە ئێراندا هەموو جۆرە سیاسەتێکی هەڵاواردن و جیاوازیدانان و سەرکوتێکی بۆ بەڕێوەبەرانی وڵات بە رەسمی و بە رەوا ناسیوە.

ئەوەی جێی تێڕامانـە کـە تـا ئێستاش سەرکوتی مـاف و ئازادییـەکانی خـەڵکی کوردستان و پێشیلکاریی رووت و دژەمرۆییانـەی مافـەکانی ئـەو گەلـە، دوور لـە بینـین و سـەرنجدانەکان و بـێ کـەمترین کاردانـەوەو دژکـردەوەی لێبڕاوانەی کۆڕ و کۆمەڵەکانی پـارێزەری مـافی مرۆڤەوە بـەرەوروو بـووە. لـە کوردستانێکدا کـە حیـزب و رێکخـراوە سیاسییەکانی لە چالاکی بەربەست و نایاسایی کراون، خەڵکەکەش کەمترین دەرفەتی بەشداریی لە کایەی سیاسی پێ نەدراوە، رێکخراو و ناوەندەکانی پارێزەری مافی مرۆڤی بە توندترین شێوە کەوتوونەتە بەر توندوتیریی و باجی بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی رۆڵەکانی گرتن و ئەشکەنجەدان و حوکمی لە سێدارەدان یان زیندانیی درێژخایەن بووە، مـافی مـرۆڤ و بایەخـەکانی مرۆڤـی کـورد لـە لایـەن دەسەڵاتبەدەسـتانی رێژیمـی ئیسلامییەوە، گاڵتەجاڕ و سووک و چرووک سەیری کراوە.

دیـارە زاڵبـوونی کەشـی سانسـۆڕ و خەفـەکانی و ئەمنییـەتی کـردن کێشـەکانی کوردسـتان وای کـردوە کـە وێنـەی راستەقینەی توندوتیژی و سەرکوت و پێشیلکارییەکانی مرۆڤی کورد لە کوردستان بۆ بیرورای گشتی و چالاکـانی ئـەم بـوارە دەرنەکـەوێ و پێویسـتی نـاردنی هەیئـەت یـان گرووپێکـی نـاحکوومیی نێونەتـەوەیی بـە مەبەسـتی لێکوڵینەوەو بەدوا داچوونی رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان و پێشیلکاریی یەسیستماتیکی مـافی مرۆڤی کـورد لـە ئێران لە لایەن رێژیمی ئیسلامییەوە لە هەر کاتێک پتر بێتە بەر چاو.

## ئاسۆی خەباتی ژنان لە دۆخی ئێستادا

بزووتنەوەی ژنانی کورد لە پێناو دەستەبەر کردنی مافە پێخوستکراوەکانیان رابردوویەکی نیزیک بە ١٠٠ ساڵەی هەیە. لە دامەزرانی یەکەم ئەنجوومەنی ژنانەوە کە بە هۆی خاتوو "ئەنجەم یامەلەکی" یەوە لە ساڵی ١٩١٩ زایین دا و بە مەبەستی یارمەتیدان بە ژنان و منداڵانی کوردی قوربانیی شەڕی یەکەمی جیهانی دامەزرا تا دەرکەوتنی ژنانی خەباتگێڕ و خوێندەوار لە بیاڤی رۆژنامە نووسیی کوردی و دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان و بەشداریی چالاکانەی ژنان لە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا و تا ئەم ساڵانەی دواییش بزاوتی ژنانی کوردو ئێران هەڵگری دوو تایبەتمەندیی سەرەکین:

**یەکەم** ئەوەی ئەم بزاوتانە تەنیا لە بازنەی ناوەندە رووناکبیریەکان دا دەرکەوتوون و تەنیا بژاردەکان و ژنانی خوێندەوارو پێگەیشتووی کوردیان لە خۆیان گرتوە.

**دووهەم** ئەوەی کە هەموو بزاوت و جوڵانەوەکانی ژنانی کورد لەو ماوەیەدا بەستراوەیی و پاشکۆیەتیی بزاڤی سیاسی کوردی یان پێوە دیارەو لە ژێر باندۆڕو کارتێکەریەکانی بزووتنەوە سیاسییەکاندا خۆیان دەرخستوەو لە نێوان خەباتی ژنان لە بیاڤی کۆمەڵایەتی و سیاسی دا بە پێی هەلومەرجی تایبەتیی بزووتنەوەی کوردی و دۆزی سەپێنراودا ئەولەوییەتی خەباتی ژنان بە بەشداریی ئەوان لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی دا دراوە.

بەڵام لەم چەند ساڵەی دوایی دا بزووتنەوەی ژنانی کورد لە ئێران و بە گشتی بزووتنەوەی سەرتاسەریی ژنان لە ئێراندا بە قۆناغێکی نوێی "ئەزموونکردنی بزووتنەوەی سەربەخۆی ژنان"دا تێ دەپەڕێ. ئەم قۆناغە نوێیەی بزووتنەوەی ژنان ئەگەرچی تێچوویەکی زۆری بە سەر ژنانی خەباتگێڕدا سەپاندوەو رەوتی سەرکوت و گرتن و سزادانی قورسی بۆ چالاکان و هەڵسووڕانی ژن بە دواوە بووە، بەڵام لە بەرامبەردا چەند دەسکەوتێکی گرینگیشیان بەو بەها قورسانە وەدەست هێناوە کە بوونەتە دەسمایەی بەردەوامبوونی ژنان لە خەبات و بەرخۆدان و خۆڕاگری یان دا. ئەوەی کە خەباتی ژنان لە ناوەندو کۆڕو کۆبوونەوە رووناکبیریە تایبەتەکانەوە خزیوەتە هەناوی

کۆمەڵگا، ئەوەی کە خەباتی ژنان یەکگرتوویی و هاوپێوەندی توندو تۆڵی لە نێوان هەموو ژنانی ئێراندا دروست کردوە ئەوەی کە سەرنج و پشتیوانیی رۆژ لە دوای رۆژ زیاتری کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان بۆ لای خۆی رادەکێشێ و ئەوەی کە چیدی لە بێدەنگی دا سەرکوت و دەسبەسەر ناکرێن.

ئەمڕۆکە بزاڤی یەکسانیخوازانەی ژنان رێکار و شێوازێکی گرینگی بۆ بەردەوامیی خەباتی خۆی هەڵبژاردوە، خەباتێکی یاسامەند، ئاشتیخوازانەو مەدەنی. ئەمڕۆکە ژنانی خەباتگێڕی کورد شانبەشانی ژنانی ئازادیخوازی گەلانی ئێران و بە تام و چێژ کردنی ژانی هاوبەش زۆر باش لە شوناس و هۆڤییەتی خۆیان گەیشتوون، دەزانن کێن و چییان دەوێ و لەو پێناوەدا دەبێ چی بکەن و چۆنی بکەن و چ جۆرە هەڵوێست و گوتارو دیسکۆرسێکیان هەبێ. بەو حاڵەشەوە بزووتنەوەی ژنان لە دۆخی ئێستادا هەروا کەمایەسی و گرفت و کۆسپ و رێگریی خۆی هەر هەیە. ئەوەی کە ئێستاش ژنان خاوەنی تریبۆنێکی گشتگیر بۆ بڵاو کردنەوەی بیرو بۆچوون و گوتارو پەرە پێدانی خەباتی خۆیان نین، ئەوەی کە ئیزنی پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوەیان پێ نادرێ، ئەوەی کە کەشی سەرکوت و زەبرو زەنگ تەمی بێهیوایی دەخاتە سەر دەسکەوتی ژنان و ئەوەی کە پێوەندیی ژنانی گەلانی ئێران هێشتا یەکانگیرو پتەو نیە و ژنان نەیانتوانیوە لە بزووتنەوەیەکی سەرتاپاگیردا خۆیان رێک بخەن و رێکخستنەکانی خۆیانی تێدا بەهێز بکەن. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو ئاستەنگ و کۆسپ و تەگەرانەش بزووتنەوەی ژنان بەرەو هەڵکشانە. چۆنکی رۆژ لەگەڵ رۆژ ژنان زیاتر بە ماف و ئازادی و وسیت و داواکانیان ئاشنا دەکا، رۆژ لە دوای رۆژ ژمارەیەکی زیاتر لە چالاکانی ژن دێنێتە گۆڕەپانی خەبات و تێکەڵاوی چالاکیی مەدەنی و کۆمەڵایەتی‌یان دەکا، چونکی خەباتگێڕانی ژن ئەمڕۆکە لە کاتی سەرکوت و گیران ئەشکەنجەشدا نابەزن، لە ویستەکانیان پاشگەز نابنەوەو بە بوێری و ئازایەتی و خۆڕاگرییان پتر ژنان بۆ خەبات و نەسرەوتن هان دەدەن.

رێکەوت: رەشەمی ١٣٨٧ - فێبریوێری ٢٠٠٩

## رۆڵی كورد لە هەڵبژاردنەكانی سەرۆک كۆماری ئێران دا

وا بڕیارە دەیەمین خولی هەڵبژاردنەكانی سەركۆماریی ئێران لە ٢٢ی جۆزەردانی ساڵی نوێی ئەوساڵدا دا بەڕێوەبچێ. ئارایشی هێزو حیزب و لایەنە سیاسییەكانی وڵاتیش تا دێ پتر روون دەبێتەوە. ئەوەی بۆ ئۆپۆزیسیۆنی رێژیمی كۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوەو ئەوەیە كە ئەمجارەشیان هەڵبژاردنەكان لە نەبوون و ئامادە نەبوونی هێزە پێشكەوتنخوازو گۆڕانخوازەكانی دەرەوەی دەسەڵاتدارەتیی رێژیم و لە كەشێكی تەواو داخراوی سیاسی دا بەڕێوە دەچێو ئەگەرچی هێشتا ئەو هێزو لایەنە بەرهەڵستكارانە بە روونی هەڵوێستی خۆیان لەمبارەوە دەرنەبڕیوە، بەڵام بەپێی نەریت و رابردووی هەڵوێستەكانی ئەو لایەنانە وێدەچێ بایكۆت كردنی هەڵبژاردنەكان وەک جاران هەڵوێستی سەرەكیی ئەو حیزب و هێزو لایەنانە بێ. بایكۆتكردنی هەڵبژاردنەكان لەلایەن هێزو لایەنە سیاسی و رووناكبیرییەكانی نێوخۆی وڵاتیشەوە گریمانەیەكی بەهێزو پرسی رۆژەڤی ئەو لایەنانەیە.

دەستاودەست كردنی دەسەڵات لە هەڤركێی هەڵبژاردنەكانی دەیەمین خولی سەركۆماری رێژیم ئەمجارەش لە نێوان دوو باڵی راست و بنەماخوازی (ئوسولگەرای) رێژیم و باڵی بەناو ریفۆرمخوازی ئەو رێژیمەدا دەكرێ و ئەگەرچی رێفۆرمخوازەكان لە ئێستادا بە چەند پاڵێوراوەوە {دیارە ئەگەر لەلایەن شووڕای نیگابانەوە ئیزنی بەشدارییان پێ بدرێ} هاتوونەتە گۆڕەپانی هەڤركێ، بەڵام وا وێدەچێ بەرەو رووبوونی سەرەكیی ئەو دوو باڵە لە دەركەوتنی مەحموود ئەحمەدی نژادو میر حوسێنی مووسەویدا بەرجەستە ببێ.

لە دەركەوتن و پڕوپاگەندەی پاڵێوراوەكانیش دا ئەوەی بەرچاو دەكەوێ ئەوەیە كە دیسان هیچ كام لەوان وادەو بەڵێن، چ بگا بە بەرنامەی ورد و دیاریكراویان بۆ گۆڕینی یاسای بنەڕەتیی وڵات وەک كۆسپی سەرەكی و دیواری پۆڵایین لە بەرانبەر هەر چەشنە گۆڕانێكی بنەڕەتی نەهێناوەتە گۆڕێ. هیچ كام لەوان رێگەچارەی قەیرانە ئابوورییەكانی وەک بێكاری، گرانی، ئاوسان و هەژاریی رۆژ لە دوای رۆژ زیاتری كۆمەڵانی خەڵكیان بۆ بیرو رای گشتی نەخستۆتە روو. باسی كرانەوەی كەشی سیاسیی وڵات و هێنانە گۆڕێی پرسە گرینگەكانی وەک ئازادی، مافی مرۆڤ و مافی هاووڵاتیبوون و مافی نەتەوە بندەست و پەراوێزخراوەكان تەنانەت بۆ بازاڕ گەرمیی هەڵبژاردنەكانیش بووبێ تا ئێستا وەک پلاتفۆرم و بەرنامەی كاری هەڵبژاردنەكانی هیچ كام لە خۆ پاڵێوراوەكاندا وەبەر چاو نەكەوتوە. بەڵام ئەوەی تا ئێستا بۆ خەڵكی روون و ئاشكرایە ئەوەیە كە بە سەرنجدان

بە نێوەرۆکی رێژیم و ئەزموونی رابردووی پاڵێوراوان و کەسێتییان سەرەڕای جیاوازییان لە باڵبەندی و جێگرتنیان لە تەواوەتیی پێکهاتەی رێژیم دا یەک ئامانجی هاوبەشیان هەیە و ئەو ئامانجە هاوبەشە لە گۆڕەپانی هەڤرکێیەکانی ٢٢ی جۆزەردان دا پاراستن و راگرتنی رێژیمەکەیان لە حاند رەشەبای قەیرانەکان دایەو بۆ پێکانی ئەو ئامانجەش هەر کامەیان ئاخێوو دروشم و شێوازی خۆیان بۆ هەڵخەڵەتاندن و کۆ کردنەوەی دەنگی خەڵکی هەیە.

کوردەکانی ئێران لە رەوتی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری دا مافی هەڵبژاردنیان نیە و تەنیا و تەنیا دەتوانن لە رەوتی هەڵبژاردنەکان دا دەنگ بە یەکێک لەو مۆرانە بدەن کە رێژیم لە هەموو بوارێکەوە لێیان خاترجەم و دڵنیایە. کێشەکانی کوردیش لە ماوەی ٣٠ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی رێژیم دا بە چارەسەر نەکراوی ماونەتەوەو گۆڕینی مۆرەکان و دەستاو دەستکردنی دەسەڵات لە نێوان رەوت و باڵەکانی رێژیمیش دا (کە جاری وابووە کورد هیوای پێ بووەو دەنگیشی بۆ داوە) دۆزی کوردی نەک تەنیا هەنگاوێک بەرەو پێشێ نەبردوە، بەڵکوو رەوتی سەرکوت و ئاسمیلە کردنی کوردیشی پترو توندتر کردوە، ئەوەش وای کردوە کە کورد بە کردەوە لە چەند هەڵبژاردنی رابردوو لە ٧ ـ ٨ ساڵی رابردوودا بە کۆدەنگی و هاوپێوەندیی تەواوەوە دەنگی "نا" بە تەواوێتیی رێژیم بدەن. کێشەی کورد لە ئێران ئەوەیە کە وەک هاووڵاتیی پلە ٢ و ٣ سەیری دەکرێ. لە بەڕێوەبەریی سەرەوەی وڵات دا پشکی نیە، هەوڵی ئاسمیلە کردن و شێواندنی شوناس و پێناسی دەدرێ، ناوچەکەی لە دواکەوتوویی ئابووری دا راگیراوە، زمانەکەی بە فەرمی ناناسرێ و ئیزنی ئەوەی پێ نادرێ منداڵەکانی بە زمانی زگماکیی خۆیان بخوێنن و بنووسن و پەروەردە بکرێن، وەڵامی ویست و داوا رەواکانی بە ئاگرو ئاسن و سەرکوت دەدرێتەوە. لە هەموو شتێک و لە هەموو بوارێک دا حیسابی جیاوازی غەوارە (غیرخودی)ی بۆ دەکرێ. هەموو ئەوانە وەها وشیارییەکی سیاسیی بەرزی لەلای کورد دروست کردوە کە فریوی دروشم و گەمەکانی رێژیم لە شانۆی هەڵبژاردنەکاندا نەخۆن. بەڵام ئەوەش لە جێی خۆی کە کورد لە هەموو پتانسێل و تواناو زەرفییەتەکانی خۆی بۆ بەرجەستە کردن و هێزنواندنی خۆی لە گۆڕەپانی هەڵبژاردنەکاندا کەڵکی وەرنەگرتوە کە ئەمە هۆکاری خۆی هەیە و خەسارناسیی ئەم جۆرە دەرکەوتنەی کورد هەم پێویستە و هەم ئەگەر دیسان گوتاری کورد و هەڵوێستی کورد "نا" گوتن بە تەواوێتی رێژیم بێ، ئەوە دەبێ ئەو بایکۆت کردن و مل بادانە، رێژیم تووشی باجدان و تێچووی زۆر بکا. ئەمەش ئەرکی هێزو لایەنە سیاسی و ناوەندە رووناکبیری و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانە کە بە پێشکەشکردنی پرۆژەو پلانی ئامانجخوازی هاوبەش گوتاری هاوبەشی کورد لەو پێوەندیەدا رێک بخەن و کاریگەریی خۆیان لە هەڤرکێی هەڵبژاردنەکاندا دا بنێن.

## هێڵی هەژاریی ۸۵۰ هەزار تمەنی، نەورۆزانەی خەڵکی ئێران

لە بەرەبەری بەهارو دەسپێکی ساڵی نوێ بۆ خەڵکانی ئێران و لە دوا مانگەکانی دەوڵەتی نۆیەم بە دروشمەکانی عەدالەتی کۆمەلایەتی و هێنانی داهاتی فرۆشی نەوت بۆ سەر سفرەکانی خەڵک، بلاوبوونەوەی هەواڵی گەیشتنی هێڵی هەژاری بە سنوورەکانی ۸۰۰ هەزار تمەن پەرەی بەو نیگەرانییە دا کە ئاخۆ بلێی ئەمجارەیان وەزعی سفرەکانی زۆرینەی خەڵکی ئێران کە تام چێشتووی هەژارین دەبێ چۆن بێ و لە ساڵی نوێ دا چۆن دەبێ؟ هەر لەو پێوەندییەدا خستنە رووی چەند پرسیارو هەوڵدان بۆ وەلامدانەوەیان دوورەدیمەنێکی ئەو وەزعە نالەبارەی ژیانی خەڵکمان پتر بۆ دەر دەخا:

ئەو ئامارو ئەژمارانە چەندە راستن و لە واقعی ژیانی خەڵکی نزیکن؟ هۆکاری ئەم دۆخە نالەبارەی ئابووری وڵات چیە کە تەنانەت نرخی بۆشکەیەک نەوت دەگاتە ۱٤۰ دولاریش کەچی نرخی هەژاری نەک دانابەزێ بەڵکوو هێڵی هەژاری بۆ سەرو سەرووتر دەکشێ؟ ڕێگەچارەکانی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو قەیرانە چین؟ لەو نێوەدا کەس یا لایەنێک هەیە کە لە خەمی پتر لەو ۲۰ میلیۆن کەسە لە خەڵکی ئێران دابێ کە بە پێی ئامارەکانی بانکی ناوەندی لە ژێرهێڵی هەژاری، ئەویش هێڵی هەژاری توندوتیژو زبردا دەژین؟

بریکاری پلانرێژیی سەرۆک کۆماریی ئێران پێی وایە کە ۱۵ میلیۆن کەس لە خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین، بەلام کارناسانی ئابووریی وڵات بە خستنە رووی بەڵگەو دیکۆمێنت ئەوە دەسەلمێنن کە ئەو ئامارە رەسمییەی دەوڵەت تەنیا لە پێوەندیی لەگەڵ هێڵی هەژاریی توندوتیژو زبر دایەو بە پێی پێناسەو ستانداردە جیهانییەکان نیوەی حەشیمەتی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین.

هێڵی هەژاریی توندوتیژو زبر، واتە دابین نەبوونی پێداویستییە سەرەکییەکانی خواردنی رۆژانە کە بریتیە لە دابینکردنی ۲۰۰۰ کیلۆ کالۆری کە وەزارەتی خۆشبژێویی (رفاه) ڕێژیم دیاریی کردوە.

ڕێژیم پێی وایە ۱۵ میلیۆن کەس لە حەشیمەتی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین، بەلام بەو حاڵەش ئێران لە سەرووی وڵاتانی هەناردەکەری نەوت لە رووی هەبوونی هەژاری لە وڵات دایە. بە تایبەت ئەوەی کە لەم

ساڵانەی دوایی داو بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی وڵاتانی کەنداوو هەناردەکەری نەوت لە وڵاتانی باشووری ئێران ڕێژەی هەژاری لەو وڵاتانە گەیوەتە ژمارە سیفرو داهاتی سەرانەی وڵاتیشیان چۆتە سەرێ، بەڵام لە ئێراندا ئەوە نرخی ئاوسان، بێکاری و گرانییە کە بەردەوام دەچێتە سەرێ.

لە حاڵێکدا کە بێکاری، ئاوسان و گرانی ئابووریی ئێرانی داتەپیوتر لە جاران کردوە، ئەحمەدی نژاد، سەرۆک کۆماری ئێران لە کۆبوونەوەی فەقێ و مەلاکانی "حەوزەی علمییە"ی شاری قوم دا بەرپرسیارێتی بەڕێوەبەریی وڵاتی خستە ئەستۆی "ئیمامی زەمان" و گوتی کە "ئەوە ئیمامی زەمانە کە هەموو دنیا بەڕێوە دەباو دەستی ئیمامی زەمان لە بەڕێوەبەریی کاروباری وڵاتدا پڕ دیارو ئاشکرایە".

کارناسانی ئابووریی وڵات پەرەسەندنی گرانی و ئاوسان بۆ سیاسەتگوزاریی کاتی و تەنانەت دژوازەی ئابووریی دەوڵەت، چوونە سەرێی نەغدینەیی و قەیرانەکانی سیاسەتی دەرەکیی وڵات دەگەڕێننەوە، بەڵام خەڵک لە حاڵێک دا بەئێسک و پێست و خوێن و گۆشتەوە لە ژێر بەرداشی هەژاری دا دەهاڕدرێن و بە ناچار ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پێداویستی سەرەکییەکانی خواردن و ژیانیان پلەبەندی دەکەن، رایەکی جیاوازتریان هەیە:

ئەوان دەڵێن ئێمە دەزانین کە ژێر پێمان دەریای نەوت و گازەو ئەوەش سەروەت و سامانی گشتیی هەموو خەڵکە، بەڵام ئەدی کێ دەبێ باجی سیاسەتە دەرەکییەکانی ڕێژیم بدا؟، بێگومان هەر ئێمە. ئاخر ئەگەر ئەو سامانە بۆ خەڵکی ئێران و بۆ سەر سفرەی ئەوان بگەڕێتەوە، ئەوە هێزەکانی حیزبوڵڵای لوبنان و حەماس و سووریە و گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکەی داردەستی ڕێژیم ئیدی هێزو توانای هەڵسوڕان بە قازانجی ڕێژیمیان نابێ و ئەوەش خۆ نابێ و ناکرێ!

ئەمڕۆکە هۆکارەکانی بەرەو ژوور چوونی نرخی بێکاری، ئاوسان و گرانی و هێڵی هەژاری روون و ئاشکران: زۆربەی ئەو هۆکارانە ریشەی سیاسییان هەیە و ڕێگەچارەکانیشیان سیاسییە. داهاتی گەلانی ئێران لە جیاتی ئەوەی لە دەستی هەموو ئەو خەڵکەدا بێ، لە دەستی کۆمەڵێکی زۆر کەم و چەند لە سەدی ئەو خەڵکە دایە کە لەدامەزراوە نیزامی، ئەمنیەتی و ئابوورییەکانی ڕێژیم دا جێیان گرتوە. دامەزراوەکانی وەک "بنیاد مستضعفان"، " آستان قودس رضوی"، "١٥ی خرداد"و دامەزراوە ئەمنیەتییەکان کە وەک شێرپەنجە ئابووریی وڵاتیان لە چنگی خۆیاندا گرمۆڵە کردوە. پێڕەو کردنی سیاسەتی ئاژاوەگێڕی و یارمەتیدانی گرووپە تێکدەرەکان لە چوار قوڕنەی دنیاو گەندەڵیی ئیداری و ئابووریی وڵاتیش لە جێی خۆی کە لە تەنیشت نەبوونی ئەمنییەت بۆ وەبەرهێنانی دەرەکی وای کردوە

ئـابووریی ئـەو وڵاتـە رۆژ لەگـەڵ رۆژ زیـاتر لاوازو داتـەپیو بـێ و لـەم سۆنگەشـەوە ژیـان و گـوزەرانی کۆمـەڵانی خەڵکیش هەر بەرەو نالەباریی زێدەتر بڕوا.

## چەکی کولی ئیعدام وەک مۆدێلێکی سەرکوتی کۆمەڵایەتی!

رێکخراوی نێونەتەوییی لێبوردن دوایین راپـۆرتی خـۆی لـە ژێـر نـاوی "سزای مەرگ و ئیعدامەکانی سـاڵی ۲۰۰۸"ی زایینیی لە رۆژی ۳ی خاکەلێوەی ئەمساڵدا بڵاو کردەوە. بەپێی ئەو راپۆرتە لە ساڵی رابردوودا لانیکەم ۳٤٦ کەس لە ئێراندا ئیعدام کراون و وڵاتی ئێرانیش بەو ئەژمارە لە ئیعدامەکان لە ئاستی جیهانـدا پلـەی دووهـەمی بۆخـۆی تـاپۆ کردوە.

دیارە رێکخراوی نێونەتـەوییی لێبـوردن بـۆ ئـەم راپۆرتەشـی پشـتی بـە ئامـارو بـاس و هەواڵـەکانی راگەیەنەگشتی یەکان و گرووپ و لایەنەکانی داکۆکیکەری مافی مرۆڤ و راگەیەندراوە فەرمی یەکانی ئەو وڵاتانە بەستوە کە سزای ئیعـدامیان تێـدا بـەرێوە دەچـێ. هەربۆیـەش ئەگـەرچی لـەم یـەک دوو سـاڵەی دوایـی دا هاوکـاریی ئـەو گـرووپ و لایەنـانـەی پێنـاسـی داکـۆکیکردن لـە مـافی مـرۆڤ یـان لـە ئێرانـدا هەیـە، یارمـەتیی بـەئامادە کردنـی راپـۆرتێکی وردوپوخت و دەقیقتر لە ساڵانی را بردوو کردوە، بەڵام پڕ دیارە کەراستی یـەکانی پێوەندیـدار بـە بـەرێوە چـوونی سزای ئیعدام لە ئێراندا زۆر زیاتر لەوەیە کە لەو راپۆرتە دا هاتوە و ئەگەر بێتوو ناوەندێکی خاوەن سەلاحییەتی نێونەتـەوەیی ئـەرکی چاوەدێری کردنـی رەوشـی مـافی مـرۆڤ لـە ئێرانـی بکەوێتـە ئەسـتۆ، بێگومـان پتـر بـوار بـۆ ئامادەکردنی راپۆرتێکی زۆر لەوە وردترو راستتر لەو پێوەندی‌یەدا خۆش دەبێ. لە ماوەی ۳۰ ساڵ دەسەڵاتدارەیتی رێژیمی ئیسلامیی ئێراندا ئەوەی کە جێبەجێ کردن و بەرێوە بردنی عەدالەت و دادپەروەری وەک ئەمرێکی ئاسمانی یە "بۆ تەکەرەستە و بیانووی شانۆ گەرانی سیاسی و بەرێوەبەریی وڵات تاهەمیسان بە بیانووی دابینکردنی نـەزم و ئاسایشی کۆمەڵگا توندوتیژترین شێوازی پێشیلکاریی مافی مرۆڤ لـەو وڵاتـەدا وەک شتێکی زۆر ئاسـایی چـاوی لـێ بکـرێ و لـەژێر سـێبەری رەوایـی و شـەرعییەتی ئـایینی دا رێـژیم لەچـەکی ئیعـدام، وەک مـۆدێلێکی سـەرکۆتی کۆمەڵایـەتی بـۆ بـەهێزتر کردنـی پێگـەی خـۆی و پترمانـەوەی لـە کورسـی دەسـەڵات دا هـەروا کـەڵکی لـێ وەربگرێ.جیبەجێ کردنی سزای ئیعدام لە ئێراندا لە کاتێک دا رەوتی بەردەوامی و هەڵکشانی خۆی دەپێوێ کە

بەڕێوە بردنی ئیعدام و تەنانەت دەرکردنی سزای ئیعدام تەنیا لە ٢٤ وڵات دا نەبێ، لەوڵاتانی دیکەی دنیا بە تەواوێتی هەڵ گیراوە و لەسیستمی قەزاییی وڵاتاندا سڕاوەتەوە. لە نێو ئەم ٢٤ وڵاتەشدا زۆرترین ڕێژەی ئیعدامەکان وەبەر ٥ی وڵاتانی چین، ئێران، عەرەبستان، پاکستان و ئامریکا دەکەوی کە ئێران خاوەکانی پلەی دووهەمی ئەو ریز بەندی یە لە جیهان دایە. جگەلەوەش ئێران لە ساڵی ١٩٩٠ی زایینەوە پتر لە هەموو وڵاتانی رەچاو کەری سزای ئیعدام ئەو سزایەی لە سەر منداڵان و مێرمنداڵانی تاوانبار دا بەڕێوە بردوە و ئەوەش لە کاتێک دایە کە ئێران خۆی کۆنڤانسیونی جیهانیی مافی منداڵانی بەرەسمی ناسیوەو بەپێی بەندی ٣٧ی ئەم کۆنڤاسیۆنەو خاڵی شەشەمی بەندی ٥ی جاڕنامەی نێونەتەوەیی مافی مەدەنی و سیاسی نابێ حوکمی ئیعدام لە سەر ئەو تاوانبارانە بەرێوەبچی کە لە کاتی دستبردنە بەرئەو جۆرە تاوانانە دا تەمەنیان کەمتر لە ١٨ ساڵ بوە. لە حاڵێک دا لە مادەی ٣ مانگی یەکەمی ئەمسالیشدا (٢٠٠٩) پتر لە ٢٠٠ کەس لە ئێران دا سزای ئیعدامیان لە سەر بەرێوە چووە، بەرپرسانی دەزگای قەزاییی رێژیم هەروەک جاران مەبەست لە جێبەجێکردنی ئەوسزا قورسانە بۆ پاکژ کردنەوەی کۆمەڵگاو سڕینەوەی تاوانەکان دەگەڕێننەوە، بەڵام هەر ئەوە خۆی ناتەبایی لەگەڵ سەرەکیترین پێناسەی سزا لە یاسا نێونەتەوەیی یەکاندا هەیە. مەبەست لە سزا یانی سزا ڕاندنەوەی نۆرمی بزر بوو بۆ تاکی تاوانبار و چاکسازی لەودایە بەڵام هەموو مافناسانی دنیا کۆکن لە سەر ئەوەی کە سزای ئیعدام خۆی لەمپەر و کۆسپی سەرەکیی گەنیشتن بەو ئامانجەیە. بەرپرسانی قەزایی رێژیم بۆ رەوایی دان بەسزای ئیعدامەکان پشت بەدەقە ئایینی یەکان دەبەستن بەڵام پسپۆرانی ئایین رایەکی دیکەیان هەیە. ئەوان پێیان وایە کەهەموو یاساوریساا ئایینییەکان لەگەڵ بەرەو پیشچوونی زەم ەن و گۆڕانە کۆمەڵایەتی یەکان دا توانای گۆڕانیان هەیە و دەبێ بگۆردرێن. بەکردەوەش ئەوە دیارە، چونکی ئێران تەنیا وڵاتی موسلمان لە جیهاندا نیە و دەبینین کە لە زۆر لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا یاسا نێو خۆییەکانی ئەو وڵاتانە بەخۆ گونجاندن لەگەڵ یاساکانی مافی مرۆڤ گۆڕانیان بەخۆیانەوە بینیوە بەڵام رێژیمی ئیسلامیی ئێراندا ئیعدام لە پێکهاتەی هێزو دەسەڵاتی سیاسی دا وەک لاهێزێکی سەرەکی لە خزمەت و بەرژەوەندیی دەسەڵات بەدەستانی رێژیم دا کەڵکی لێ وەردەگیرێ و تا مانەوەی ئەم رێژیمەش ناکری بیر لەوە بکرێتەوە کە لەو سیستمە دا سزای ئیعدام و کوشتنەوە و بەردەباران هەڵ بگیرێ. بەڵام لە کۆتایی داخاڵی گرنیگ ئەوەیە کە رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر دەنگی دژی ئیعدام لە ناخی کۆمەڵگای ئێرانەوە دەبیسترێ و ناوەند و رێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ زیاتر لە جاران هەوڵەکانی خۆیان بۆ سرینەوەی ئەو سزایە دژێوە ریکادەخەن.

# سەبارەت بە چەمکی مێژوویی‌و کۆمەڵایەتیی بزووتنەوەی سەربەخۆی ژنان

سیما راستین
وەرگێران لە فارسییەوە: عەلی بداغی

لـە بەرامبـەر کۆمـۆنی پـاریس دازۆر بـە گـوڕ و ڕاشـکاوانە گـوتی " کاتێـک ژنــان مـافی چوونـە پـای سـێدارەو هەڵواسرانیان هەیە، دەبێ مافی چوونە پشت تریبوونیشیان هەبێ".

لە سێهەمی نوامبری ١٩٧٣دا ئەو ژنە بوێرو بیر مەندە چووە پای سێدارەو بە لە سێدارەدرانی تێزە مێژوویی‌یەکەی واتا" پیاوانە بوونی مافی مرۆڤ" سەلمێنرا. پێنج رۆژ پێش لە سێدارەدرانی ئەو، کۆمۆن، روحی دژایـەتیی لەگـەڵ ژنانی بەداخستنی هەموو ئەنجوومەنو رێکخراوەکانی ژنان دەرخستو هەڕەشەی لە ژنان کرد کە ئەگـەر بێتـو درێـژە بە دەربڕینی نارەزایەتی‌یەکانیان بدەن، بەشداری کردنیـان لـە کۆنوانسیۆنو کـۆڕو کۆبوونـەوە گشتی‌یەکاندا یاساغ دەکـــا." ئالمــپ دوگــوش" لەگــەڵ ئــەوەش دا یــەکێک لــە رادیکــاڵترین رەخنــەگرانی تونــدوتیژی یــەکانی حکوومەتی "رووبسپییر" بوو.

بێگومـان حەرەکـەتی" ئالمپ دوگوش"و هاوخەباتـەکانی وەک" مـادام رۆلانـد" نـاکرێ بـە سـوتفەو دیاردەیـەکی تـاک تەوەر دابنـرێ‌و ئـەم رەوتـە لـە سـەر قـەوارەی رەوتـی لایەنـەکانی تێگەیشتن‌و خـەباتی مافخوازانـەی ژنـان کـە لـە زووەوە لـە گـۆڕێ دابـووە، دامـەزراوەو لـە سـەردەمی شـۆرش دا پشکووتن. بـۆ وێنـە لـە شـۆرشی جـەماوەریی خـەڵکی پاریس لە ساڵی ١٧٨٩و دەست بەسـەرداگرتنی کۆشـکی باسـتیل دا ژنـانیش بەقـەرا پیـاوان بەشـداری‌یان کـرد. بـێ ئەملاو ئەولا مێژووی خەباتی مافخوازانەی ژنان بۆ وەدەسهێنانی مافەکانیان بە درێژایی مێژووی نووسـراوی مرۆڤـە. کەچی مێژوونووسان سەرەڕای جیاوازیی بیروبۆچوونیان لە یـە شـت دا بـە کـۆی دەنـگ کـۆکن لەسـەر ئـەوەی چـاو لـە حانـد هـەموو شـتێک بنـووقێنن کـە پێوەنـدی بـە ژنانـەوە هەیـە. بـۆ وێنـە لـە سـەرچاوە مێژووییـەکان دا لـە مـەڕ قۆنـاغی مێژوویی سەدەکانی نێوەراست واتـا لـە سـەدەی ١٤ ڕاتـا ١٧ بـە درێـژی‌و تەسـەلی سـەبارەت بـە دەسـەڵاتی رەهـای کلیسـا وەک گـەورەترین خـاوەن زەوی‌و زار، بـارودۆخی نالـەبارو دڵتـەزێنی وەرزێڕەکـان، ئەنکیزاسـیون، شەڕەکانی ٣٠ سـاڵەو هتـد نووسـراوە کـەچی سـەبارەت بـە مـافی ژنـان کـە ناوەنـدی قورسـایی‌یەکەی" راوە دوونـانی

جادووگەرەکان" بووە، بە دەگمەن ئاماژەیەک کراوە. خاڵی یەکجار گرینگ لە بواری ئەو سەرکوتانە لە ئەساس دا پێشکەوتن‌و پێشڤەچوونە حقووقی‌یەکانی بەرچاوی ژنان لە بوارگەلی‌سیاسی‌و کۆمەڵایەتی لە هێندێک شوێن‌و ناوچەی ئورووپا بوو.

لە ریزی ئەمانەدا دەتوانرێ بە نەمانی مافی فرۆشتن‌و کوژرانی ژنان لەلایەن پیاوانەوە، مافی هەبوون‌و دامەزراندنی بنکەو بنیادی ئابووری، مافی خاوەنێتی، مافی وەسییەت‌و مافی بەستنی گرێبەست، بەشداریی ژنان لە هەموو پیشەکان دا تا ساڵی ١٤٥٠ ئاماژەیان پێبکرێ. هەموو ئەو مافانە لەلایەن دەوڵەتەوە کە خۆی ئامرازی ئەنکیزاسییون(دەزگای پشکنینی بیروباوەر) بوو، لە ژنان زەوت‌و ئەستێندرایەوە. بەم جۆرە بەخستنە ژێر رکێفی هاوسەرێتی لە پاوانی کلیساو کۆنترۆڵ کردنی کێشە جنسی‌یەکان لە رێگەی یاساگەلێکی وەک نەبوونی مافی هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرێتی بۆ ژنان، دیاریکردنی سزای مەرگ بۆ پێوەندیی ژنان لەگەڵ کەسانی جیا لە هاوسەریان‌و خستنی منداڵ، کەوتنە سەرکوت‌و توندوتیژی نواندن دژی ژنان بە مەبەستی زەوت کردن‌و ئەستاندنەوەی مافە ئابووری‌یەکانیان. لایەنە بەرفراوانەکانی توندوتیژی‌و ئەستاندنەوەی هەر جۆرە مافێکی خاوەنێتی‌و پێگەی کۆمەڵایەتیی ژنان، سووتاندنی ژنانی بیریار، هونەرمەند، رۆشنبیرو ئازادیخوازو ئاگردانی بەرهەم‌و نووسراوەکانیان سەرەتا لە لێکۆڵینەوە سوسیالیستی‌یەکان لە کۆتایی سەدەی ١٩ و دواتر لە توێژینەوە فیمینیستیی‌یەکان لە نیوەی سەدەی بیستەم دا دەرکەوت.

لەراستی‌دا بوونی سەرکوت‌و زەبروزەنگ هەموو کاتێک نیشانەی هەبوونی ئیعترازو خۆراگری‌یە. ئەگەرکوو ژنان، نەتەوە بندەستەکان، توێژە چەوساوەکان مل بۆ ئەو بارودۆخو چارەنووسە بدەن کە بە سەریان دا سەپاوەو خوازیاری گۆڕینی پێوەندی‌یەکانی نێوان خودا باڵادەست‌و عەبدە ژێر دەستەکان نەبن، بە دڵنیایی‌یەوە رەوتی سەرکوتیش لە شێوەی توندوتیژو فیزیکی‌دا بەرێوە ناچێ‌و لە شێوەی یاساو رێسای ئایینی، فەرهەنگی‌و تاهەتایی‌دا هەروا نەگۆڕ دەمێنێتەوە.

بەڵام لەوەی‌ڕا کە ملدانی (ملکەچ کردنی) رەگەزی مێ بۆ رەگەزی نێر بۆ سەردەمی پێش لە مێژووی نووسراوەی مرۆڤ دەگەرێتەوەو یەکەمین دەسەڵات‌و دەوڵەتەکان لە سەرەتای دامەزرانیانەوە، پیاوانەو لەسەر بناغەی خێزانی پیاوسالار دامەزراون، نەتەنیا رەگەزێتی ژنانەی بە تەواوەتی، بەڵکوو بە تێگەیشتنەوە هەر چەشنە رۆڵی سرووشتی ئەوەیان لە ژیانی کۆمەڵایەتی‌و کلتووری کۆمەڵگادا سڕی‌یەوە.

لە هەموو سەردەمەکان دا بوونی یاسا توندوتیژەکانی حکوومیو ئایینیلە ژێر ناوی پاراستنی بنیادی خێزان، تەواو رووی لە سەرکوتی سیستماتیکی ژنانو رێگەپێنەدان بەهەر چەشنە ئازادییەک بۆ ژنان بووە. هەبوونی ئەو یاسا گەلەو نەریتە نامرۆڤایەتییانە ئەوە ئاشکرا دەکەن کە رەوتی مل کەچکردن بە ژنانو چەوساندنەوەیانو پاراستنو بەردەوام بوونی ئەم رەوتە ئەوەندە ساناو ئاسان نەهاتۆتە دیو تەنیا بە زەبری کەرەسەکانی سەرکوتو زەبروزەنگی حکوومی، دینیو کلتووری چەسپاوە.

ئەگەر دیسانەکەش بۆ کەمێک دواتر بگەڕێینەوە، لەسەردەمی زۆر کۆن دا سەرەڕای بندەستەکردنی ژنان لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتییەکان دا دەبینن، لەوەڕا کە دەوڵەتە عەنتیکەو کۆنەکان بەقەد دەوڵەتەکانی سەردەمی ئێستا تەیار بە توندوتیژی سیستماتیکی دەوڵەتی نەبوونو بەتایبەت لە بنەڕەت دا هەر دەسەڵاتێکی نادینی بوون، بندەستەییو چەوساندنەوەی ژنان زۆرتر لەلایەن بنەماڵەو عەشیرەوە بەرێوە دەچووو جارجارەش دەرەتانی تیشکێک ئازادی بۆ نێومالْ دەرەخسا. زۆر لە ژنان لەو دەرفەتە بچووکو ئیمکاناتە کەمانە کەڵکیان وەرگرتووەو خۆیان لە فێربوونی زانستو بوارەکانی دیکەدا تاقی کردۆتەوە لەساڵی ٣٦٥ی پێش لە زایین تا ساڵی ٥٢٩ی زایینی کە ئاکادیمیای فەلسەفەی ئەفلاتوونو ئەرەستۆو لە گۆڕێ دابووو ناوی ئەو فیلسووفانەی خاوەنی کتێبو تیۆری بوون، تێیدا دەنوسرا، ناوی زیاتر لە ٥٠ ژنی فیلسووف لەو ئاکادیمیایەدا تۆمار کراوە. زۆربەی بەرهەمو نووسینەکانی ئەو ژنە فیلسووفانە لە قۆناغی دواتری دەسەڵاتی کلیساو سەرکوتی ژنانی ئازادیخوازو پێشەنگ لە ژێر ناوی جادووگەردا سووتێندران. مەبەستی من لە ئاماژە بەو خاڵە مێژووییانە نەناوبردنو ئاماژە کردن بە ژنانی ناسراو لە مێژوو، بەڵکوو تیشک خستنە بۆ سەر چوار خاڵ:

**یەکەم:** ئەوەی مێژووی خەباتو خۆراگریی ژنان لە بەرامبەر سیستمی تەواو ناعادیلانەو سەرکوتگەری پیاوسالاری بە شۆرشەکانی بۆرژوایی دەستی پێنەکردوە.

**دووهەم:** ئەوەی کە ئیعترازو نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی ژنان واتا ئەم ویستو داخوازییانەی کە لەلایەن جەماوەریی ژنانەوە پشتیوانیان لێکراوەو لە مێژوودا ئاماژەی پێدراوە، بۆ سەردەمی لووتکەی شۆرشە بۆرژواییەکان دەگەرێتەوە.

**سێهەم:** ئەوەی کە لە سیستمی پیاوسالاریدا نەتەنیا دەسەڵات لە خێزان دا بەڵکوو لە سیاسەت، کلتوورو هونەریش دا لە پاوانی پیاوان دایە، پێنوسیش لە دەستی مێژوونووسانی پیاو دابووە. ئەو بێدەنگیو کپ بوونە مێژووییە

تەنانەت لە سەردەمی ئێستاشو بگرە لە پێشکەوتووترین شوێنی جیهانیش دا کەم تا کورتێک هەر هەیە. بەو حاڵەش بۆ باسکردن لەسەر پرسی بزووتنەوەی سەربەخۆی ژنان پشت بەستن بە مێژووی بەردەممان پێویستە.

چوارەم: ئەوەی کەلە هەموو شۆرشێک داو بەتایبەت کۆمۆنی پاریس کە بەشانازی مێژوو دەژمێردرێ، بەشداریی ژنان لە شۆرشو قوربانیدان دڵخوازو ئازاد بووە، بەڵام هەرکات ویستو خواستە دیاریکراوەکانیان هێناوەتە بەرباس، سەرکووت کراون.

"مێری ولستون کرافت" لە بریتانیا لە کتێبێک دا لە ژێر ناوی"لە پێناو داکۆکێکردن لە مافی ژنان" لە ساڵی ١٩٧٢ لە ژێر کاریگەریی شۆرشی مەزنی فەرانسەو سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی ژنان لەو وڵاتەدا داخوازیەکانی مافی فێربوون، مافی بەشداری لە کاروباری سیاسیو پاراستنو لەبەرچاوگرتنی مافی ئینسانی سەربەخۆ بێ‌لەبەر چاوگرتنی رەگەزی هێنایەگۆڕێ. بزووتنەوەی سەرەکیی ژنان لە ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی"ئانگلیناو سارا کرایمک" لە بزووتنەوەی دژی کۆیلەداریەوە ئیلهامو سەرچاوەی دەگرتو رزگاریو سەربەستیی کۆیلەکانی نێوماڵو خێزانی کردبووە بنەمای داخوازیەکانی(١٨٢٠).

"ئیما هارت" یەکەمین قوتابخانەی کچانی لە ماڵی خۆیدا کردەوە. لوتکەی بزووتنەوەی ژنانی ئەمریکا خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی دەنگدان بوو کە سەرەنجام لە ساڵی ١٩١٨دا پەسند کراو چەسپا. یەکەمین نیشانەکانی فیمینیستی نوێ لە چالاکیو نووسینەکانی نووسەری بەناوبانگ"بتی فریدان" لە کتێبی "شێتی ژنان" لە ساڵی ١٩٦٣دا دەرکەوت. بتی فریدان گۆڕانێکی یەکجار گەورەی خستە نێو ئەندێشەو هزری ژنانی ئەمریکاو بیروڕای گشتی ئەو وڵاتەوە. ئەو لەگەڵ هەزاران ژنی ئاسایی لە ئامریکا کە خانوو، ماڵو حاڵی شیاوو ژیانی دابینکراویان هەبوو، وتووێژی کرد.زۆربەی ئەو ژنانە خۆیان بە دۆڕاوو فەوتاوو هەروەها لە بواری کۆمەڵایەتیەوە خۆیان لە پەراوێزدا هەست پێ‌دەکرد.

بتی فریدان ئەو باسەی لە ژێر ناوی" کێشەی بێ ناو" کۆبەندی کردو تێزو تیۆریەکی بەو بنەماو پێناسەیە هێنایەگۆڕێ کە گرفتی سەرەکیی ژنان لە وەدینەهاتنی نیازە دەروونیەکانیان دایەو ئەو ئاستەنگە خواستە جنیسیەکانی ئەوان سنووردارو بەرتەسک دەکا. "بتی‌فریدان پەی" بە کێشەی سەرەکیی ژنان، واتا"دیل بوونی رەگەزایەتی" یانی نەبرد.هەر بۆیەش هەم ئەوو هەم" سیمۆن دوبواریش" کە بە نووسینی کتێبی"رەگەزی دووهەم" شەپۆلێکی لەجموجۆلیەکانی فیمینیستیدا وەرێ خستبوو، لە پۆلینبەندیی فیمینیسم دا لە چوارچێوەی فیمینیسمی

خۆپارێز"محافڤهکار"دا جێدەگرن. چونکی هەر دووکیان سەرەڕای شارەزابوونیان لە دەروونناسی ژنان بە جۆرێک لە تاکێتی"فەردییەت"ی هەر ژنو یاخۆ ئیمکاناتی دیاریکراو تایبەت بەبوونی مرۆڤی دا بە شوێن ڕێگە چارەو وەڵام دانەوەدا دەگەرێن.

شەپۆلی دواتری فیمینیسم کە بەجۆرێک بۆتە ماکەو چاوگەی هزریی هەموو ڕێکخراوەکانی ژنان، بەچاوی ڕەخنەوە ڕوانییە بزووتنەوەی فیمینیسی پێشوو،و ئەوەی هێنایە گۆڕێ کە هەموو داخوازیو ویستەکانی ژنان بە بەشداریی پیاوانو لە چوارچێوەی خەباتی گشتیو هەمەلایەنە لە پێناو مافی مرۆڤ، یەکسانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتیو حقوقی بووە. ژنان مافەکانیان لە پیاوان داوا دەکەن پیاوانیش ئەو بەشەی زەرەری بۆ پەز نیە پێیان دەبەخشن. فیمینیستە رادیکاڵەکان ئەو جۆرە لە خەباتە، بە هاتنەدەر لە بەرگی کۆیلەی بەسراوەو چوونە نێوبەرگی کویلەی سەربەست پێناسە دەکەن. هەر بۆیەش فیمینیسمی سەربەخۆیان بنیات نا. فیمینیسمی سەربەخۆ (رادیکاڵ) بەدوای شێوازگەلی خەباتی تایبەت بەخۆو گونجاو لەگەڵ دەروونییاتی ژنانەو نایهەوێ شێوازی خەباتی پیاوانە بگرێتە بەرو رەچاوی بکا. بەر لە هەموو شتێک ژنان دەبێ خۆیان لە ژێر کارتێکەریی مێژوویی پیاوان کە بۆتە ئوستوورە، دەربازبکەنو خۆیان ببیننەوە. ئەو جودا خوازیە شێوەی جۆراوجۆری گرتە خۆی. بەشێک لە فیمینیستەکان ئەوەیان بە ستراتیژیەکی کاتیو لە کاتی تێپەربوونو لە هەمان کات دا یەکجار پێویست بە مەبەستی وەدەست خستنی دەسەڵاتو تێگەیشتن لەگرینگی هاوپێوەندیی ژنان دەبینی. بناغەی هەرجۆرە پێوەندیو چالاکییەکی هاوبەش لە داهاتوودا دەبێ"خوشکانە"و هاوپێوەندیی ژنان بێ. بۆ هێندێتر لەوان ئەو سەربەخۆییە بەمەبەستی کۆبوونەوە لە دەوری یەکتریو گرتنەبەری ستراتیژیەک بەبێ ئامادە بوونی پیاوانو بریاردانی ئەوانە.

فیمینیستی سەربەخۆ تایبەتمەندییەکی دیکەی هەر لەگەڵ پێناسە کردنی خۆی بووە، ئەویش کەڵک وەرگرتن لە مێتۆدی لێکدانەوەی مارکسیستی لە لێکدانەوەی کۆمەڵایەتیو ئانتاگونیسمی چینایەتی بۆ شرۆڤە کردنی دژبەرییەکانی نێوان دوورەگەز. پێشەنگەکانی فیمینیسمی سەربەخۆو پشت بەستوو بە لێکدانەوەی مارکسیستی بریتین لە"کتەمیلت، شولامیت فایرستونو جولیت میشیل".

کتەمیلت بە نووسینی کتێبی"رەگەزێتی سیاسی" لە ساڵی ١٩٧٠دا بزووتنەوەی فیمینیستی دەیەی ٧٠ی ئامریکای خستە ژێر رکێفی خۆی. کاکڵی بۆچوونەکانی کتەمیلت دەکرێ ئاوا کورت بکرێتەوە کە کاپیتالیسم بنەمای هێزو دەسەڵاتی سیاسی نیە بەڵکوو پیاوسالاری، هەڵکشانی پیاوان بۆ توێژی باڵادەستو سەرکوتی ژنی لێدەکەوێتەوە.

کاپیتاڵ کەرەسەری گەرەنتیی باڵادەست بوون نیە بەڵکوو ئەوە کلتووری مەزنخوازی رەگەزی پیاوە. ئەو بەشە لە فیمینیستەکان کە هیوا بڕاوو تەما بڕاو لەوادەو بەڵێنەکانی سوسیالیسم لە چارەسەری کێشەی ژنان دا بوونو بە شوێن ئیدەو ستراتیژی سەربەخۆی ژنان بۆ رزگاریی ژنان عەوداڵ بوون، لە سەرەتادا نەیاندەتوانی خۆیان لە بیری مارکسیستیو وەلانانی ئەو سیستمە دەرباز بکەنو کەوتنە تێکەڵکردنی ئیدئۆلۆژیەکان.

جێکەوتوویی‌و گەشەی تیئۆری فیمینیسمی سەربەخۆ لە پێکەوە گرێدانی گونجاوو پێویستی خەباتی چینایەتی‌و کۆمەڵایەتی‌و خەباتی سەربەخۆی ژنان بۆ رزگاریی رەگەزی مێ دژی سیستمو یاساو کلتووری باوک سالاریدا خۆی دەبینێتەوە. بۆ هێندێکیش فیمینیسمی سەربەخۆ تا ئاستی دژایەتیکردنی پیاو دەچێتە پێش. لە خەباتی فیمینیسیدا وەک هەموو شێوازەکانی خەباتی کۆمەڵایەتی، کلتووری‌و نەتەوەیی لایەنەکانی زێدەرۆیی‌و هەر بەلادا نەچوون(افراگو تفریگ) دەوردەبینن. بە کورتی بە خوێندنەوەی مێژوو دەتوانین بەو کۆبەندی‌و ئاکامە بگەین کە رێکخراوی سەربەخۆی ژنان لە ناخو هەناوی خەباتی کۆمەڵایەتی‌و یەکسانیخوازی لە مێژینەی ژنان دا وەک پێویستی‌یەکی مێژوویی‌و بێ ئەملاو ئەولا لە دایک بوو.

## شێوەی گونجاوی هەڵسوکەوت لەگەڵ هەڵەی منداڵان

ئێوە کاتێک بەسەر هەڵەیەکی منداڵەکەتاندا دەکەون، چی دەکەنو چۆنی لەگەڵ دەجووڵێنەوە؟ شێوەی هەڵسوکەوتو رەفتاری گونجاوو شیاوی ئێوە لەو کاتانەدا زۆر گرینگە. هەم دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆوەی لە هەڵەکەی تێ‌بگاو هەم ئەوەی ورەو هەستی بڕوا بەخۆبوونی لە دەست نەدا. دایکانو باوکان باشتر لە هەموو کەس دەتوانن لەو کاتانەدا فریای منداڵەکانیان کەونو هەڵەکانیان بۆ دەستنیشان بکەن بەجۆرێک کە دەبێتە ئەزموونێک بۆ ئەوان.

ئەوە بەڵگەنەویستو حاشا هەڵنەگرە کە هەموو کەس لە ژیاندا تووشی هەڵە دەبێ‌و کەس نیە بڵێ من هەمیشە خۆم لە هەڵە لاداوە. ئەوەش بڵێین هەرچەند بڕێک لەهەڵەکان زۆر گرینگو شوێندانەرنو زەحمەتە بکرێ قەرەبوو

ببنەوە، بەلام لەهەرحاڵدا بەشێک لەژیانی مرۆڤن. شێوەی بەرەوڕوو بوونەوەی هەر تاکێک لەگەڵ ئەوجۆرە هەلانە کاریگەری راستەوخۆی دەبێ لەسەر هەستی بڕوابەخۆبوونی ئەودا.

ئەو منداڵانەی هەستی بڕوا بەخۆبوونیان لەئاستێکی بەرزدایە، باشتر لەحاند هەڵەکانیان راست دەبنەوە. ئەو جۆرە منداڵانە زۆر سانا دان بەهەڵەکەیاندا دەنێنو دەڵێن: "دەی باشە نەمزانیو تێکم دا، جارێکی دی چ بکەم"؟

ئەوان دەبینن کە هەڵەیەکیان کردوەو دانی پێدا دێنن. ئەو منداڵانە رێوشوێنێکی نوێ دەبیننەوە بۆوەی جارێکی دی تووشی هەڵەی پێشوویان نەبنەوە. لەراستیدا ئەوجۆرە منداڵانە لەهەڵەکانیان ئەزموون وەردەگرن.

بەلام ئەو منداڵانەی هەستی بڕوا بەخۆبوونیان نزمە، جۆرێکیتر بەرەوڕووی هەڵەکانیان دەبنەوە. زۆربەی جار ئەزموونەکانی ئەو دەستە لە منداڵان دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەفتارێکی لاوازتر لەخۆیان بخەنە روو. لەوەها کاتێک دا ئەوجۆرە منداڵانە دەڵێن: "خۆمن گوتم هیچ کارێک ناتوانم بەباشی بکەم". ئەوان بەجێی ئەوەی هەڵەکانیان وەک دەرفەتێک بۆ فێربوونو ئەزموون وەرگرتن ببینن، دەیکەنە بیانوویەک بۆ وازهێنانو ئەنجام نەدانی کارەکە لەدواجاردا. بەو پێیە ئەزموون نابێتە هۆی گەشە سەندنی ئەوان بەڵکوو ورەو هەستی بڕوا بەخۆبوونیشیان دادەبەزێنێ. ئەگەر ئەوان دەیانزانی کە مرۆڤ تووشی هەڵەش دەبێو هەڵە دەرفەتو کەرەسەیەکە بۆ فێربوون، جۆرێکیتر سەیری ئەزموون کردنیان دەکرد. ئێوەش بۆ یارمەتیدانی منداڵەکەتان دەبێ رێگایەکی بۆ بیننەوە کە لە هەڵەکانی وەک دەرفەتێکو بوارێک بۆ فێربوونو ئەزموون وەرگرتن کەڵک وەرگرێو بەم جۆرە ئێوە متمانەییو هەستی بڕوا بەخۆبوونێکی زۆرتان پێ بەخشیوە.

دایکانو باوکان دەبێ بەهەر جۆرێکو بەهەر شێوەیەک بێ ئەم تەموگومانە باوە بڕەوێننەوە کە "هەڵەکردن هەمیشە دزێوو ناشیرینە"، نا واش نیە. هەر ئەوجۆرەی باسمان کرد، هەڵەش دەرفەتێکە بۆ فێربوون. هەڵبەت هەمووکات گۆڕینی ڕەفتارو ڕەوشت پێویستی بەکات، پشوودرێژیو بەردەوامبوون هەیە. شێوەی جووڵانەوەو هەڵسوکەوتی ئێوە لەگەڵ هەڵە، هەڵەکانتانو هەڵەکانیان دەگوازرێتەوە بۆ منداڵەکەشتانو ئەو ئەوە لەئێوە فێر دەبێ. لێرەدا بۆوەی بتوانن یارمەتی منداڵەکەتان بدەن تا "ترس لەهەڵەکردن" لەخۆی دوور خاتەوە، چەند پێشنیارێک دەخەینە ڕوو.

* تێی گەیەنن کە لەوانەیە هەموو کەس تووشی هەڵەبێو زۆر لە منداڵەکانی دیکەش بەبێ کەموکوڕی کارەکانیان بەئاکام ناگەیەنن.کاتێک هەڵەیەک لەمنداڵ روودەدا، ئەو هەست بە ناکامیو بێزاری دەکاو لەوانەیە وابیر

بکاتەوە کە ئەو توانای ئەنجامدانی هیچ کارێکی نیەو شایانی ئەوە نیە ریزی لێ بگیردرێ هەربۆیە پێویستە جارجارە وەبیری بێنینەوە کە هەڵە شتێک نیە کەس تووشی نەهاتبێو هەر لەئەو ڕووی دابێ.

* ئێوە خۆتان دان بە هەڵەکانتان دا بنێن. دایکانو باوکان حەتمەن دەبێ ئەوە بسەلمێنن کە رەنگبێ ئەوانیش تووشی هەڵە ببن، لەبەرئەوەی کە منداڵ دایکو باوکی بەتەواو مانا بەتواناو شارەزا بەهەموو شتێک دەزانێ. کەچی دایکانو باوکانیش جاروبار تووشی هەڵە دەبن، بەڵام زۆرجار لە درکاندنیان خۆ دەبوێرن.

* لەشێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ هەڵەکانتان دا ببنە باشترین ئولگو بۆ منداڵەکانتان. کەسانی سەرکەوتوو دێنو لە هەڵەکانیان ئەزموون وەردەگرن. ئێوە دان بە هەڵەکانتاندا بنێنو بە منداڵەکانتان بڵێن: "من ئەوجارە تووشی هەڵە بووم، بەڵام جارێکیدی واناکەمو ئەوکارە بەوشێوەیە ئەنجام دەدەم".

* هەڵەی کەسانی بەناوبانگو ناوبەدەرەوەی بۆ باس بکەنو لەکاتی گونجاوو شیاودا ئاماژە بەهەڵەی ئەو جۆرە کەسانە بکەنو مەبەست لەوکارە تێگەیاندنی منداڵە لەوەی کە بەوە بگا کە هەمووکەس لەوانەیە تووشی هەڵە ببێ. بۆ ئەوکارەش دەتوانن لەوکتێبو گۆڤاروبڵاوکراوانەی هەڵگری بابەتو زانیاری نوێو بەنرخن، یارمەتی وەرگرن.

بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بەدوو نموونە بکرێ: "ئابراهام لینکۆڵن" بەرلەوەی بۆ سەرۆک کۆماری ئامریکا هەڵبژێردرێ، ٨جار پێشبرکێی هەڵبژاردنی دۆڕاندبوو. یان دەنا برایانی ڕایت ٧٠جار هەوڵەکەیان بۆ فڕین ناکام مایەوە، بەڵام دواجار توانیان فڕۆکەکەیان لەئاسمان دا هەڵفڕێنن.

* یارمەتی منداڵەکانتان بدەن تا فێری باوەڕبەخۆبوونو گەشبین بەخۆی بێو لەگەڵ خۆی ئاسوودەو ڕووڕاست بێ. ئەگەر دیتان منداڵەکەتان سەبارەت بە تووشبوونی هەڵە زۆر هەستیارو نیگەرانە، یارمەتی بدەن تا فێربێ کە: بەردەوام لەگەڵ خۆی هیوابەخشانەو بەباشی بدوێو متمانەو هەستی بڕوابەخۆبوونی بەهێز بکا. بۆ وێنە ڕستەکانی وەک "من هەست بەئارامی دەکەمو کۆنترۆڵی خۆم لەبەردەست دایە" یان دەنا "من هەموو هەوڵێکی خۆم دەدەم".

تا ئەوجۆرە ڕستانە زیاتر لەگەڵ خۆی دووپات کاتەوە، زۆرتر باوەر بەخۆیی‌و تواناکانی دێنێ.

* فێری بکەن هەڵە وەک ڕووداوێک ببینێ نەک ئەوە بێ‌و تەنیا خۆی بەتاوانبارو خەتابار بزانێ. زۆربەی‌جار خودی هەڵە نابێتە هۆی دابەزینی ورەو هەستی بڕوابەخۆبوونی منداڵ، بەڵکوو ئەوجۆری ڕوانین‌و لێکدانەوەی ئەو لەهەڵەکەیەتی کەڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر متمانەو هەستی بڕوابەخۆبوونی ئەوو خۆبەکەمگر باری دێنێ.

* ڕێوشوێن‌و ڕێگەیەکی گونجاو بۆ دەرفەتێکی‌تر ببینەوە. کاتێک منداڵەکەتان دانی بەهەڵەکەی‌داناو ئەوەی وەک ڕووداوێک بینی] نەک وەک لۆمەکردنی خۆی[، ئێوەش پێویستە ڕێوشوێنێکی گونجاوی بۆ باشتر بەڕێوەبردنی کارەکەی لەدواجاردا بۆ بخەنە ڕووو یارمەتی بدەن.

***

دەقە فارسی‌یەکەی لە سایتی WWW.Farzand.com وەرگێراوە

ڕێکەوت: خاکەلێوەی ١٣٨٧ - مارچی ٢٠٠٩

## لاوان لە گێژەنی بێکاری دا

بێکاری یەکێک لە هەرە کێشەو قەیرانە کۆمەلایەتی‌یەکانی ئێستای کۆمەڵگای ئێرانە. بە جۆرێک کەرەوتی ڕوولە هەڵکشانی نرخی بێکاری بەردەوام یەکێک لە کەڵکەڵە سەرەکی یەکانی کارناسانی ئابووریی وڵات و گرووپ و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگای ئێران بووە

لاوان، ژنان، دەرچووانی زانکۆو خاوەن بڕوانامە ئاکادیمی‌یەکان و کۆمەڵانی ناوچە بێبەش و لە دواکەوتوویی ڕاگیراوەکان زۆرترین حەشیمەتی بێکاری ئێران پێک دەهێنن. ئامارە ڕەسمی و نارەسمی‌یەکان بەرچاوروونی‌یەکی زیاترمان لە پێوەندی لەگەڵ دیاردەی بێکاری لە ئێراندا پێ دەدا. لەو نێوەدا ئامارەکانی دوو ناوەندی سەرەکیی

وەدەسهێنانی ئامار، واتە بانکی ناوەندی و ناوەندی ئامار لە پێوەندی لەگەڵ نرخی بێکاری لە ئێراندا زۆر لە یەکتر جیاوازن.ناوەندی ئامار نرخی بێکاری لە ئێرانی لە ساڵی ١٣٨٧ی هەتاویدا ١٤ لەسەدو حەشیمەتی بێکاری ئێرانیشی بە لانیکەم ٣میلیون کەس خەملاندە.(١) بەڵام بانکی ناوەندی نرخی بێکاری لە ساڵی ١٣٨٧ی بە٩.٦ لەسەد و ژمارەی بێکارانی وڵاتی ٢میلیون و دووسەد هەزارکەس راگەیاندوە. کەچی ئابووریناسە سەربەخۆ و کارناسە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وەک دوکتور فەریبورزی رەیس دانا دەڵێن کە لە ئێراندا زیاتر لە ٤میلیون کەس وەک هێزی کاری ئامادە لە هەلی کار بێبەشن و بێکارن.] دیارە لە ئامارە رەسمی‌یەکاندا کەسانی دەستگێڕ و ئەوانەی کاری رەش دەکەن یان لە یەکێک لەوە رزەکانی ساڵدا هەلی کاریان بۆ دەرەخسێ، وەک کەسانی بێکارو چاوەڕوانی هەلی کار حیسابیان بۆ ناکرێ و لە ئاماری بێکاران دا دەردەهاوێژرێن.[ پشکی لاوانی ١٨تا٢٥ ساڵ لەو حەشیمەتە بێکارە٦.٢٥ لەسەدە (٢) ئەوەش لە جێی خۆی کە بەشێکی زۆر لە لاوان لەو تەمەنەدا بەهۆی خوێندن لە زانکۆو ناوەندە پەروەر دەیی‌یەکان دا عەو داڵی کارکردن و پەیدا کردنی کارنین. بەشی لاوانی زانکۆ دیتوو دەرچووی ناوەندە ئاکادیمی‌یەکانیش لە حەشیمەتی بێکاری ئێران ١٢لەسەدە.(٣) بەردەوامیی بێکاریی خوێندەوارانی زانکۆیی دەربڕی راستی‌یەکی تاڵی دیکەشە.ئەوەی کە کارکردن لە ئێران و گەشەی ئابووریی وڵات زۆر پشت ئەستوور بەکارناسان و لێزانانی تەیار بە زانستی رۆژ و سەردەم نیە، یان هەر لەبنەڕەت دا رێژیم بە پێویستی نازانێ لەو هێزە بەهێزە کەلکی پیویست وەربگرێ. ئەوە لە حاڵێک دایە کە لە وڵاتانی دیکەی رووڵەگەشە هێزی لاوی زانکۆ دیتوو و خوێندەوار زۆر بەخێرایی وبە لەبەر چاوگرتنی سەرەتی و ئیمتیازی تایبەتەوە دەچنەنێو بازاری کاری وڵاتەکانیانەوە. کێشەی بێکاری ژنان و بەتایبەت ژنانی لاویش لە جێی خۆی کە بە سەرهاتێکی تەواو جیاوازە. رادەی بێکاریی ژنانی لاوی ١٥تا٢٥ ساڵ ٢٩.٣ لەسەدە کە لە چاو نرخی بێکاری لەگەڵ پیاوانی ئەو تەمەنە زۆر زیاترە. ژنانی خوێندەواری زانکۆییش پشکی خۆیان لە حەشیمەتی بێکارانی وڵات ١٦.٧ لەسەدە کە زۆر زیاترە لە چاو لاوانی پیاوی خوێندەواری ئەو ئاستە تەمەنی‌یەدا. هۆکارێکی دیکەی وەک چوونە سەرێی رێژەی تەڵاق و زێدەتربوونی ژمارەی ئەو خێزانانەی ژنان سەرپەرستییان دەکەن و هەڵیان دەسووڕێنن، لە و دۆخە نالە بارەی کاروبازاری کار و نەبوونی هەلی کار بۆ ئەوژنانەدا بواری بۆ زۆر دیاردە و خەساری دیکەی وەک لە شفرۆشی، ئیعتیادو دەست بردنە بەر تاوانە کۆمەڵایەتی‌یەکان خۆش کردوە و لە سادەترین حاڵەت دا رەوتی بردنە ژێر هێڵی هەژاریی ئەو خێزانانەی خێراتر کردوە.

بێگومان لە هەموو وڵاتانی دنیادا هەبوونی حەشیمەت و هێزی لاو وەک گەورەترین سامان و سەرمایەی نیشتمانیی ئەو وڵاتانە دێتە ژمارو هەر ئەو هێزەچالاک و خوڵقینەرە گرینگترین پشیوان و گەرەنتیی گەشەسەندنی

وڵاتەکەیانن. بەڵام بێکار بوونی ٢٥ لە سەدی حەشیمەتی لاوی ئێران لەگەڵ ئەوەی زیانێکی قەرەبوو نەکراو و نە خەملێندراوی لە ئابووری و ڕەوتی گەشەکردنی وڵات داوە، کۆمەڵێک خەسار و زیانی مەترسیداریشی تووشی لاوان کردوە. لە ئەنجامی ئەو تەنگژە و گرفتانەی لەو سۆنگەیەوە بەرەورووی لاوان بوونەتەوە، بەشێکی زۆر لە لاوان تووشی لادان لە نۆرم و بەهاکۆمەڵایەتی‌یەکان بوونەتەوە و بواربۆ ڕووتێکردنی لاوان بۆ کاری ڕەش یا نەشیاوی وەک قاچاغی ماددەهۆشبەرەکان و لێکترازانی شیرازەی خێزانەکان و چوونە سەرێی ڕێژەی تاوان و جینایەت و لادانەکانی وەک ئیعتیادو دزی لە بارترو مەیسەرتر بووە. دواکەوتن و چوونە سەرێی تەمەنی پێکەوەنانی ژیان، چوونەسەرێی ڕێژەی تەڵاق و پەرەسەندنی خەمۆکیش لە دەرەنجامەکانی دیکەی بێکارین.

بەڵام ڕۆڵی حکوومەت و دامودەزگابەرپرسیارە حکوومی یەکان لەو نێوەدا چیە؟ ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە کە ساڵ بەساڵ نرخی بێکاری لە ئێراندا زێدەتردەبێ و سیاسەت و ڕێوشوێنە ئابووری یەکانی ڕێژیم وەڵامدەری ئەو دۆخ و واقعەنەبوە و تەنانەت نەیتوانیوە کۆنترۆلیشی بکاو لە ئاستێک دا ڕای بگرێ. کۆمەڵگای ئێران پێویستی بە ڕەخساندنی لانیکەم ٨٠٠ هەزار یان لەواقعدا یەک ملیۆن و دووسەد هەزار هەلی کار لە ساڵدا هەیە بۆ ئەوەی نرخی بێکاری لەو ئاستەی ئێستادا ڕاگرێ یان بیهەوێ لەو نرخە بێکارییە کەم بکاتەوە بەڵام ئابووریی ئێران زۆر زۆرە لەوە لاوازترە یەک لە سێی ئەم هەلە کارییانە بۆ حەشیمەتی بێکارانی وڵات برەخسێنێ. نەبوونی کەشی لەبار بۆ سەرمایە گوزاریی نێو خۆیی و نەبوونی سەرمایە گوزاریی بیانی لە ئەنجامی سیاسەتە گێرەشێوێنی‌یەکانی ڕێژیم و سیاسەتی چەوتی ئابووریی ڕێژیم لە بواری نیزامی دراو، کەرتی تایبەتی، پیشەسازی و هەناردەو هاوردەیی دا ئەو قەیرانەی بۆ خەڵکی ئێران خوڵقاندوە. سەیرنیە کە لە ئەنجامی ڕەچاوکردنی ئەو جورە سیاسەتانەی ڕێژیم چ دەرەکی و چ سیاسەتی ئابووریی و هۆی گەمارۆ ئابوورییەکان، پشکی ئێران لە یەک تریلیون و ٢٠٠ میلیار د دۆلار سەرمایەگۆزاریی ڕاستەوخۆی دەرەکیی وڵاتان لە ساڵی ٨٦ دا تەنیا ٣٠میلیون دۆلار بێ، (٦) بەڵام لە دراوسێەتی ئێراندا پشکی وڵاتانێکی وەک ئیمارات ١٢ میلیارد، تورکیە ١٠میلیارد و پاکستان ٣ میلیارد دۆلار بووە.

کەوابوو بەم وەزعەناله بارەوە و لە ئێستاش دا بەهۆی قەیرانی ئابووری لە ئاستی جیهانی دا وکاریگەریی لە سەر ئابووریی ئێران توبڵێی چ دووره دیمەنێک بتوانرێ لە قەیرانی بێکاری لە ئێراندا وینا بکردرێ.

سەرچاوەکان:

. دوکتور محەممەد مەدد، سەرۆکی ناوەندی ئاماری ئێران١
. مالپەڕی " ادوار نیوز" ٢٤/ ٢/ ٨٧ بەنەقڵ لە سەرۆکی ناوەندی ئامار ٢
. مانگنامەی "برنا٣
. هەمان سەرچاوەی(٢)٤

٥- ILNA - غولامعەمی فەرجادی کارناسی بازاری کار
٦- رۆژنامەی"اعتمادملی"١٩ی بەفرانباری ٨٦

## لۆزان لە پێخەفی ئەمجارەیدا

لەبەر ئاوێنە گەورەکەی نێو ژوورەکەم وەستاوەو دەست بەشانەو مقەستەوە خەریکی کات کوشتنم. تاڵە سپی‌یەکانی مووی سەرم تادێن زۆرتر دەبن. لەمێژە ئیدی کارم پێیان نیە. نەک ئەوەی بەینم لەگەڵیان خۆش کردبێ، نا... چیدی دەرەقەتیان نایەم. ئەو کاتەی هێشتا ملی ئەم رێگەیەم نەگرتبوو ئەو گوتی چاوەروانت دەمێنمەوە ئەگەر پرچی سپیشم لەماڵە بابم هۆندبێتەوە. چ درۆیەکی شیرین! دیمەنی ئەوی رەنگ بزرکاوی پۆپ چەرمووم کە هێنایە بەرچاوم پێکەنین گرتمی، ئەو هەژێنانە گوتی چ تاڵە ئەو پێکەنینە ناوەختەت. گوتم چ شیرینە ئەم... پێم نەگووت کە ماڵوێران خۆ درۆ کردنیش نازانی،بەڵام گوتم کە شیلە بزەو یادەکانت دەکەمە توێشووی سەفەری هات و نەهاتم، گوتم گەر تەوێڵت چرچن بن‌و گۆنات شەوقیان لێ‌ببرێ، هیچ گرینگ نیە نا، بەڵام گوتم دەترسم، دەترسم بەسەر کەلاوەی خۆشەویستی‌و کاولاشی ئەوینمان دا بێمەوە. "ترس لە هەناوی سەفەر هەنگاوەکانی رێ‌بڕینت پێ‌شل نەکا نا" ئەوەی گوتو بە پێکەنینەوە لەباوەشم هاتەدەر. قەتم وا بەشەوق‌و رووگەش نەدیبوو. تا لەبەرچاویشم ون بوو، پەیتاپەیتا دەگەڕاوەو دەمدی بەجووڵەی دەست ماڵئاواییم لێ‌دەکا. بەخۆمم گوت لێی‌گەرێ ئەو قەت لەنەهێنی سەفەر ناگا ئەگەرچی سەفەر هەموو شتێکیشی پێ دەبەخشێ. سەیرە ئەو قەت بستێک لەخۆی‌و رۆژێک لە شارەکەی دوور نەکەوتبۆوە، ئەدی ئەمجارە بۆ ترسی رێ نیشتبوو؟ من ئەو ترسەم لەهەدانەدانی چاوەکانی‌دا خوێندبۆوە. بۆدەترسا؟ لەوەی کە نەگەڕێمەوە؟ خۆ ئەو لەمێژ بوو چیتر پیاسەی نێو دەروازە قەبرانو ئێوارانی سەرشەقامی پێ‌خۆش نەبوو، ئەوە هیچ، چیرۆکەکانیشمی چ بەلاوە گرینگ نەمابوو، هەر

نەیدەخوێندنەوە. باشە ئەدی بۆ گوتی چاوەروانت دەمێنمەوە؟ هەربۆوەی بۆرۆیشتن هانم بداو ئای نەوەکو پەشیمان ببمەوە؟

یانی ئەو نەیدەزانی کە بەر لەسڵکردنە بێبیانووەکانیو بەر لە فرمێسکە گاڵتجارەکەی رۆژێک بەر لە ماڵاوایی من لەمێژە ئەو سەفەرەم دەست پێ کردبوو؟ بلێی چەندە خۆی خواردبێتەوەو ژان گرتبێتی تا بۆ بەرێ کردنم بێتە سەر قەرارو وابنوێنێ کە دابڕانمان چەندە هەژمەت، بەڵام کاتی دەبێ...

***

گوێم لە دەنگێتی. لەگەڵ چەند دەستەخوشکێکی لەبەردەم ژوورەکەم وەستاونو ئەو ماڵئاواییان لێ دەکا. سەیرە، هەر ئەورۆ دوانیوەرۆ دەمەویست بیکەمە پاڵەوانی چیرۆکی "با". لەمێژە سەری بەدیوەکەم دا نەکردوە بەڵام لەوەتی لێرەم لەمن دا دەژی. تەنیا کەسیکە کەچیرۆکەکانمی بۆ دەخوێنمەوەو ئەویش هەمووجارێ تەنیا سەری رادەوەشێنێو بەس. قەت چیرۆکەکانمی بەدڵ نەبووە. هەر دەڵێ چیرۆکەکانت باس لەمانەوە دەکەن، بۆخۆشیان ئەوەندە ماونەتەوە گەنیون، بۆ باسی سەفەر ناکەی ها؟... تەقەی لەدەرگا هەستاند. فەرمووم نەکرد، قەتم فەرموو نەکردوەو یەکەمجاریش کە دەهاتینە ژوورەکەم هەر خۆی وەپێش کەوت. بڕێک خۆم خڕ دەکەمەوەو لەپشت میزی کارەکەم دادەنیشم. لەبەر دەمم راوەستاوەو لێوبەبزە لێم دەڕوانێ. من هەر چاوم تێ بڕیوە. بە پشت قامکی دەستی دەکوتێتە میزەکەو دەڵێ لێرەی؟ بەجووڵەی سەروچاو وەڵامی دەدەمەوە، چاوێک بەسەر مێزی کارو دەوروبەری ئاڵۆزو شێواوم دادەخشێنێو دەڵێ "هاتنە نێو ژووری تۆ وەک ئەوەیە خۆت خزاندبێتە نێو ئەشکەوتێکی بێ رووحو نۆتەک، نامۆو ساردوسڕ. تۆ هاتووی خۆت لە شێعر یاخۆ چیرۆکێکی نوێدا ببینیەوە، بەڵام ئەو پەیڤەکانت لێ دەکاتە نووکی نەشتەرو لەگیانت بەردەدا. چ ئازارێکی خۆشو خۆویستە بەڵام تەنیا بۆ یەکەمجار. دواجار ئیدی خۆت نایەی، ئەوە ئازارەکەیە پەلکێشت دەکا. من نازانم ژووری هەموو نووسەرێکو دنیای خەیاڵی هەموو چیرۆک نووسێک وایە یا هەرهی تۆ...؟!

هەڵدەستمە سەرپێو پەنجەکانم لەقژی وەردێنم کەچی ئەو توند بەخۆیەوە دەمگوشێو سەر دەخاتە سەر سینگم. بەئەسپایی دەڵێ گلەییم لێمەکە ماوەیەکە نەهاتوومەتە لات. نازانم بۆ ئەو پێیوایە لەو ماوەیەدا چاوم لەدەرگا نەتروکاندوە؟ یاخۆ بیرم هەر لای ئەو بووە. لەسەر قەرەوێڵەکەم دانیشتووین و سەیری یەکتر دەکەین. جوان لێی ورد دەبمەوە. چ بەدەوری خۆیدا نەهاتوە. ساکارو سادە بەڵام جوانتر لە هەمووکات. کەخۆی جوان ناکا دڵرفێنترە،

قەتم ئەوە پێ نەگوتوە بەڵام تا هاتۆتە لای من هەر وابوە، وەک بڵێی ئەوەی لەچاوم دا خوێند بێتەوە. "چیە بۆ ئەوەندە بێدەنگی؟ شتی تازە چت هەیە"؟ بەبزەوە دەست دەبەمە نێو ڕەشنووسەکانمو چیرۆکی "یاد لەنێو هەورە پەمەیی‌و هەناسە خەواڵووەکانی" بۆ دەخوێنمەوە. نایەڵێ تەواوی کەمو لەبن دەستمی دەردەکێشێ‌و بە سەر سەرمانی دا بڵاو دەکاتەوەوو دەڵێ: واز بێنە لەم چەندپاتە کردنەوەی گوتنەکان. کۆتایی ئەم چیرۆکەشت دەگاتە لنگەفرتەی ئەوپیرێژنەی لەسەرەمەرگیش دا بەدەم ئاواتە خنکاوەکانی سەردەمی مناڵی پێ دەکەنێ، ئەو ئاواتانەی قەت بۆی نەبوونە ساباتێکی هەرچەندە گچکەش، هەمووتەمەنی هەرزەکاریشی هەر بەخەونو خەیاڵ بردە سەرێ کەچی نەبوو بۆ تاقەجارێکیش لە مانای خەونێکی ورد بێتەوە...

چ وڵامێکی نادەمەوە. باش دەزانم وەها چیرۆکێکی لەهیچ کوێ نەخوێندۆتەوەو ئەوەش هەموو شەوەژانەکانی سەردەمی مناڵی‌و لاوەتیی دایکی‌و تاپۆی ژیانی لەمەودوای خۆشیەتی. کە دەبینێ حەز ناکەم قسەی لێ وەرگرمەوە، لێویک هەڵدەقرچێنێ . "دەڵێی چی تازە کە هاتووم ژوورەکەت بۆ خاوێن کەمەوەو ئێرەت بۆ هەڵوەژێرم، لانیکەم ئەوە تەنیا کارێک کە لەتۆی باشتر دەزانم". ئەوەی گوت و هەستایە سەرپێ‌و بۆماوەیەک چاوی بە چواردەوری ژوورەکەم داگێرا. نیگای لەسەر چەکەکەم ڕاوەستا کە لەپشت کورسی‌یەکەمو لەخوارووی قەرەوێڵەکەم بەدیوارەوە هەڵم پەساردبوو. بۆشایی نێوان چەکەکەو دیوارەکە لەخوارەوەڕا تا سەرێ تانجاڵجاڵووکە دای‌پۆشیبوو. دەستی بۆ درێژ کردو بەرزی کردەوە. "لەمێژە دەستت بۆ نەبردووە، تەواو ژەنگی هێناوە، ڕۆنت هەیە"؟ چەکەکەی لەدەست دەردێنم، بەزۆریش نایهەوێ بیدا. "ئەگەر لەخۆتم جوانتر خاوێن نەکردەوە! چەکەکەی باوکیشم هەر بۆخۆم خاوێنی دەکەمەوە. چیە داتناوە بڕزێ"؟ بەجووڵەی سەر وڵامی "ئا"ی دەدەمەوە.. چاو لەچاوم دەبڕێ‌و لێوەکانی دەکرۆژێ. دەنگی بەرز دەکاتەوە: ئێوەمانان خۆتان بەوە ڕادەنێن کە قێزتان لەتفەنگو خوێن دەبێتەوە بەڵام هەر خۆت قەت سڵت لە کوشتن کردۆتەوە؟ بێبەزەییانە ژیان دەکەیتە گاڵتەجاڕی دەستەواژەکانو لە پاڵەوانی چیرۆکەکانتی دەستێنیەوە. ئێوەمانان دەنگ هەڵدەبڕن کە چەک ناشیرینو دزێوە، بەڵام ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە هەر هەمووتان ترسەنۆکنو تەقە نازانن. من چۆن دەتوانم چەک بە شتێکی قێزەونی بزانم لەکاتێک دا هەر ئەوە کە لەچرکەساتێک دا دەمخاتە باوەشی هەموو خەونەکانم. ئەو هەروا بێ پشوو درێژە بە قسەکانی دەداو من وردە وردە کۆتایی‌یەکانی چیرۆکی "با" لەمێشکم دادادەڕێژم. "با" بەدیتنی ئەو دەستی پێ نەکرد. "با" بڵێسەی یادی سۆما بوو بەڵام ئەو هەر یەکەمجار کە بینیمی وای کرد کە هەنووکە ئیدی ئەمیان بنووسمەوە...

هەردوو پیلی دەگرمو بەتێڕامانەوە دەڵێم حەیف نیە گەش گوڵێکی وەک تۆ چیرۆکی ژیانەوە لەلولەی تفەنگ دا

بخوێنێتەوە؟ پێ دەکەنی... بەرز، بەرزترو پێکەنین دەبێتە قاقایەکو لەپڕ بێدەنگی‌یەک دەکەوێتە نێوانمان، دەست دەخاتە ژێر چەناگەم. دەستی دەلەرزێ بەڵام بڕوا بەخۆیانە دەڵی چاو لێکە، یانی من زیندووم؟ مۆمەکانی تەمەنم هەر دێن و زۆر دەبن کەچی هەموویان بێ شۆقو کووژاوەن و سەدان بگرەو هەزارانی‌ترم لەگۆڕستانی یادو کات دا داگیرساندوە، هەرخۆم بەدەستی خۆم. لەرزینی دەستەکانی زۆرتر دەبن. بۆوەی لەرزینی دەستەکانی بشارێتەوە لەدەوری ملم تۆقەیان پێ دەکا. زۆری پێ ناچێ دەستەکانی شڵ دەبێ‌و بۆخۆشی وردەوردە لە باوەشم دا... ماندووتر لەوە دێتە بەرچاو کە بتوانم بەلاواندنەوە بیهێنمەوە سەرخۆ. ئەو لەخۆڕا پێی وایە کە لە باوەشی من دا دەتوانێ تۆزێ پشو بدا، منێک لەخۆی شەکەتو ماندووتر، تەنیاو تەنیاتر. ئەوەم بەخۆشی گوتوە، بەڵام ئەو دەڵێ لانیکەم تۆ لەگەڵ پاڵەوانی چیرۆکەکانت دا دەژێ، من چی؟ ئەوەی هاتۆتە لام زوو لێم تێر بووەو پاشان وەڕەز. قەت نەمتوانیوە خۆشەویستێکم بۆماوەیەکی زۆر لای‌خۆم پاراستبێ. تاوەخۆ هاتوومەتەوە، بینیومە کەجێی هێشتوومو دیسانەکەش تەنیا ماومەتەوە، من لە خۆشویستن دا هیچی تێ دا ناهێڵمەوە. نازانم بۆچی پێم وابوو درۆی دەکرد. لانیکەم بۆمن وانەبوە، یامن هەستم بەوە نەکردووە تێیدا تواومەتەوە. بگرە لەوە ترسابێ نەوەکوو منیش لێی هەڵگەڕێمەوە، هەربۆیە هەمووکات ئەوەی دەگوت کە لەگەڵ تۆ زۆر بەپارێزەوە دەجووڵێمەوە.

شل شل لەباوەشم دا هەناسە دەداو جارجارە بەجووڵەیەکی نەرم زیاتر جێی‌خۆی لەباوەشم دا خۆش دەکا. ریتمی هەناسەکانی توندترو خێراتر دەبن. نامەوێ بزانم بیرلەچی دەکاتەوە یاخۆ چی بۆتە هۆی‌هەژانو بێ‌ئۆقرەیی. لەوە تووڕەم کە خەریکە وردەوردە داگیرم دەکاو منیش هەروا سووکو سانا ڕیگەی پێ دەدەم چی پێ‌خۆشە وابکا. ڕۆژەکانی یەکەمی ناسیاویمانم دێتەوە یاد. ئەو پێوەندی‌یە ئەهریمەنی‌یە لەو ڕۆژەوە دەستی پێ کرد کە کارتپۆستاڵێکم بەدەست گەیشت. بۆیە دەڵێم ئەهریمەنی چونکی هەموو کەس پێی‌وایە من زۆر بەختەوەرم بەوەی کە هەموو جاری بەتەنیا دێتە ژوورەکەم ، بەوەی کاتێک پێکەوەمان دەبینن ئەو هەر پێکەنین دەبەخشێ‌و بۆ ساتێکیش بزە لەسەر لێوی بزر نابێ. ئێرەییم پێ دەبەن بەڵام خۆم چی؟ ئەو ژیان وەک دۆزەخ دەبینێ‌و لە من شوێن پێی توولە ڕێیەک دەپرسێ بۆ ئەو بەهەشتەی خوولیایەتی. کەچی وەها خووم پێ گرتوە کە خۆشم کەوتوومەتە نێو ئەو دۆزەخەی کە ئێستا زۆریش حەز بە دەرچوونی لێ ناکەین...

ئەو ڕۆژەی کارت پۆستاڵەکەیان بۆ هێنام چی وای نەمابوو فرێی‌دەمە نێو زبڵدانەوە. دەمزانی سەرەتایەکی دیکەیە بۆ گیرۆدە بوونێکی تر. بەڵام کردمەوە. تەنیا دوو ڕستەو ڕێکەوتێکو ناوێکی قێزەون. "بۆوەی هەست بە تەنیایی نەکەی. ڕۆژی لەدایک بوونت پیرۆز. لۆزان ٨١/٦/١".

زیاترلە دەجار ئەوچەندە رستەیەم خوێندەوە، لۆزان کێیە کە هێشتانەم دیوە بەڵام پڕاوپڕم لێی لە نەفرەت، لەخۆیوناوەکەی، ڕێکەوتی لەدایک بوونی منی چۆن زانیوە؟ لە شایی سەرداری هاوڕێم بووین کە دیم لە دوورە دێ. زانیم کە دەبێ بۆخۆی بێ. ئەویش چاوی لێ نەدەترووکاندم. نیگام لێ دەدزیەوە وسەیری داوەتەکەم دەکرد. بەڵام بەخۆم نەبوو دیسان بۆلای وی‌دەگەڕامەوە. هەمووچاوەکان لەسەر وی کۆبوونەوە. راوستاوم تا بچێتە ریزی داوەت. بەڵام ئەو لەجێی خۆی نەدەبزووتو چاوە برسی‌یەکانی هەروا لەمن بڕیبوو. هێشتا لەگەڕی ڕەشبەڵەک دا جێم خۆش نەکردبوو کەهاتە دەستمەوە. هەستم دەکردکە هەموو چاوەکان لەسەر ئێمە کۆبوونەتەوە. دەستی گوشیم. "سڵاو ئاشنا، کارتەکەت پێ جوان بوو". بێئەوەی چاوی لێ بکەم زۆر بەساردی گوتم ڕۆژی لەدایک بوونی من چۆن دەزانی لەکاتێک دا بۆخۆم لەبیرم چووبۆوە؟ تۆکێی؟ بەراستی تۆ ناوت لۆزانە؟ زەردەخەنەیەکی کەوتە سەر لێوو گوتی دووساڵی پی‌دەوێ وڵامی ئەو چەند پرسیارەتم دابێتەوە، بەڵام بۆ ڕۆژی لەدایک بوونت دەمزانی. پاش ماوەیەک بێدەنگی گوتی، ڕاستی‌یەکت دەوێ هەروا ناردم. ئاخر ئەورۆژە ڕۆژی لەدایک بوونی خۆم بوو، گوتم حەتمەن دەبێ ڕۆژی لەدایک بوونی تۆش بی.....

هەستم بە تەڕبوونی سینگم کرد. بەنەرمی لەباوەشم دا هەنیسکی دەدا. دەست دەخەمە نێو قژە خورمایی پەخشان کراوەکەی‌و سەردەخەمە سەر شانی. ناتوانم بیری لێ نەکەمەوە، دەتگوت خەمەکانی منەو ئەویان لەپێ خستوە. بەنەرمی لەسەر قەرەوێڵەکەم ڕای‌دەکێشمو قژە ئاڵۆسکاوو خوساوەکەی لەسەر دەموچاوی لادەدەم. بێدەنگو ئارام فرمێسک دەبارێنێ‌و لێوەکانی وێک دەگوشێ. لێو دەخەمە سەر گۆناکانی. سوێر سوێر بەڵام بۆوا شیرین ئەمجارەیان؟ بەئاهەنگی ڕێژنەماچی من هەنیسکەکانی ئەویش خێراتر دەبن. قەت وانەبوە. جاران تا سەریم دەخستە سەر سینگم پرێسکەی دڵی بۆ دەکردمەوەو شاعیرانە وێنەی خەمە تازەکانی بۆ دەکێشامەوە. هەرکاتێکیش هاوسۆزیم دەکردو دەمەویست شتێکم گوتبێ بەشیلەبزەیەکەوە قسەی پێ‌دەبڕیمو بەنەرمی دەیگوت بۆوەی نەهاتووم کە هیچم لە تۆ گوێ لێ بێ ، لە ئامۆژگاری بێزارم بەڵام شوێنێکم دەوێ بۆ پشوودان. تۆ باوەشت لەمن مەستێننەوە، من بەوە سوکناییم دێ‌و بەس. هیچ مەڵێ تەنیا ئەوەی کە چیرۆکی نوێ چیت نووسیوە؟ هاتووم بزانم ئەمجارەیان ژیانت بەخشیوە یا هەمیسان گەڵای تەمەنی وەرزێکی سەوزت هەڵوەراندوە؟ هاتووم بۆوەی ببینم کەی دەبمە پاڵەوانی چیرۆکێکی تۆ، دوایین چیرۆکت دەڵێم دەزانی بۆ؟ چونکی ئێوارەی ڕۆژێکی پێش نووسینی دواین چیرۆکەکەت ئەوە ئەمنم کە ئەو چیرۆکەت دەنووسمەوە...

چاوەکانی وەسەریەک ناوەو چیتر هەنیسکان نادا. بزەیەکی شیرین خۆی خزاندۆتە سەر لێوەکانی. قەتم ئاوا

جوانو رووح سووک نەهاتۆتە بەرچاو. کوڵمەکانی دەتگوت گەڵا قەیسیی پاش بارانن.لێوە بچووکو خوێن تێ چزاوەکەی تکاو پارانەوەیان لێدەباری. بەپشت قامکەکانی دەستم گۆناکانی دەلاوێنمەوەو دەست دەخەمە ژێر گەردنیو ماچێک لە لێوەکانی دەدزم. بێ ئەوەی چاو هەڵێنێ هەناسەیەکی قووڵ هە ڵ دەکێشێو دەڵێ خەتای خۆت بوو کە کارت پستاڵەکەت بۆ نەناردمەوە، بۆ هێشتت بێمە نێو خەڵوەتی ژیانتەوە، منێک کە چم پێ نەبەخشی. ئێستاش درەنگ نەبوە. بمکە بە پاڵەوانی دوا چیرۆکتو هێڵێکی سوور...

قامک لەسەر لێوەکانی دادەنێمو نایەڵم قسەکانی تەواو بکا. سەیرە کە ئەمنیش دەستەکانم دەلەرزن، گوێم لە ترپەی دڵم دەبێ کە لە سینگم دا جێی نابێتەوە. موچرکێک تەواوی لەشم دادەگرێو تەزوویەک دەکەوێتە گیانم. هەستێکی نەک زۆر نامۆ دەخزێتە هەناوم. تەواو خۆم دۆڕاندوە. چاوەکانی هەروا وەسەریەک ناوەو پەنجەی منیش هەروا لەسەر لێوەکانیەتی. سەر دەخەمە سەر شانیو بەئەسپایی پێی دەڵێم تۆ لەسەر شاباڵی ویستێک هاتیتەلام، شلکوتی رووحت کردم تاکوو داگیرت کردم، ئیدی چۆنە باسی ماڵئاوایی دەکەی؟ هێشتا چاوەکانی هەڵ نەهێناوە بەڵام بەو قسانەی من دیسانەکەش لێزمەی فرمێسک لەچاوانی شۆڕبوونەوە. لەگەڵ هەنیسکی ئەو کوڵی گریانێکی خەست ئەوکی گرتم. بەدەم هەنیسک دانەوە دەڵێ: "ئەگەر چیرۆکەکەت نووسی لەبیرت نەچێ ئەمن ڕەنگی سوورم زۆر خۆش دەویست"! بە ماندوویی هەڵ دەستێو لەبەرامبەر ئاوێنەکەدا دەوەستێ. قژە پەخشو پەرێشان کراوەکەی لە پشت سەری کۆی دەکاتەوەو دەی بەستێ. روو بە ئاوێنە بزەیەک دێنێتە سەر لێو و دەڵێ: پێم گوتبووی کە ئاوێنە نیزیک ترین هاوڕێم بوو؟ من نازانم ئەتۆ کەی ئەو چیرۆکە دەست پێ دەکەی؟ تەواو گەشابۆوە، لێوەکانی گوڵیان کردبوو، پشکووتبوونو چاوەکانی دەبریسکانەوە. لەبەرامبەر ئاوێنەکە هەرخول دەداو لەخۆیو بەژنو باڵای دەڕوانێ. هەڵ دەستمە سەر پێو بەئێشتیا سەیری دەکەم. ئەوەی لێی دەترسام تووشی هاتبووم. گەڕاوە بۆلام. چاوەکانی پرسیاریان لێ دەباری، لەپڕ بوونە گومان، بەگومانەوە لە منیشی دەڕوانی. چاوەکانی برسی بوون، نیگای لەسەر چەکەکەم راوەستاو بزەیەک هاتە سەر لێوی. لەپڕ خۆدەخاتە باوەشمو شێتانە ماچم دەکا. هەروا لەباوەشم دا تل دەخواو دەڵێ: مزوتۆ هەردووکمان پاڵەوانی دوایین چیرۆکەکەتین، وایە؟ هیچ ناڵێم و چێژ لە گەرمیی باوەشو هەناسەکانی وەردەگرمو بیر لە قسەکانی دەکەمەوە. چەند بەپەلەیە لە خۆشویستن دا. وەک بڵێی بیەوێ تۆڵەی دووساڵ بێدەنگی ئەم هاوارەی بکاتەوە. هەست دەکەم ماچەکانی بۆکرۆزیان دێ. بۆ ساردیی هەموو ئاواتە گنخاوەکانی. زوو هەست بە تێک چوونم دەکا. بەپەلەو بەبێ ماڵئاوایی ژوورەکەم بە جێ دێڵێ...

نووسینەکەی چیرۆکی "با" دەستی پێکردەوە. لەپشت مێزی کارەکەم دانیشتوومو بێ پشوو دەیان کێشمەوە، ئاوێنە، گوڵی سوور، فرمێسک، بریقەی چەکو ژیانەوە لەوبەر سنووری مەرگەوە. ئاوا بڕۆمە پێش بۆ ئێوارە تەواوی دەکەم. دڵنیام ئەوە هەمان چیرۆکە کە ئەو لەمێژە چاوەڕوانی بوو. دوایین چیرۆکم کە هەردووکمان تێیدا پاڵەوانی سەرەکین. بەڵام ئەمن دەزانم کە ئەوە دوایین چیرۆکم نابێ، چووزانم رەنگبێ واش بێ...

## لە کپ کرانەوە تا بوونەوە گڕکانێکی دی

بزاوتی ژنان بۆ یەکسانیخوازی و دابینبوونی مافی وەک یەک و دۆزینەوەی شوێنگەی شیاوی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا بە کۆمەڵێک دەسکەوتی گرینگەوە بەشداریی لە شۆڕشێک دا کرد کە "ئازادی" توخترین و سەرەکیترینی درووشمەکەی بوو. بەڵام ئێستاش پاش ٣٠ ساڵ دەسەڵاتدارەتی میراتگرانی ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتییە مەزنە، ژنان هەروا بەرچاوترین توێژی قوربانییانی ویستی ئازادین.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ و گەیشتنی ئیسلامییەکان بە ئایدۆلۆژیی ئیسلامی سیاسییەوە بە تەختی دەسەڵات لە مەودایەکی زەمەنیی خێرادا بزاوتی ژنان تووشی نسکۆ هات. خومەینی لە وتاری رۆژی ١٦ی رەشەممەی ساڵی ١٣٥٧و تەنیا ٢٠ رۆژ دوای سەرکەوتنی درووشمەکانی ئازادی، لە قوتابخانەی "ریفاه" دا فتوای سەپاندنی حیجابی زۆرەملی بۆ ژنان دەرکردو ئەوە سەرەتای کۆت و بەندەی یەک لە دوای یەکەکانی بەردەم بزاوتی ژنان لە سایەی ئەو حکومەتە ئارمانییەدا بوو کە ژنان بەشداریی فراوانیان لە پێناو چێ کردنی دا کردبوو و قوربانیی زۆریشیان لە پێناو سەرکەوتنی دا دابوو. بەربەرەکانی و بەرەنگاریی ژنانی ئازادیخواز لە هەمبەر هێژموونیی زاڵی گرووپە ئیسلامییەکانی براوەی شەڕی دەسەڵات سەرکوتی بێ بەزەییانەی ئەو بزاوتەی لێ کەوتەوە. شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراق ئەو دەرفەتەی بە رێژیم دا بە توندترین شێوە دەنگی دژبەران و جودا بیرانی خۆی کپ بکا. بزاوت و خەباتی ژنان لەم قۆناغە زەمەنییەدا لە دەرکەوتنی کۆڕو کۆبوونەوە تایبەتییەکانی ژنان ئەویش لە بازنەی داخراوو بەرتەسک دا کورت دەبۆوە. دوا بە دوای کۆتایی هاتنی قۆناغی شەڕی ٨ ساڵەش چالاکییەکان هەر لەو گرووپ و ناوەندو Ngo داخراوانەدا درێژەی کێشا. شکستی قۆناغی ٨ ساڵەی رێفۆرمخوازیی حکومەتی و بە

بۆنبەست گەیشتنی چەمكەكانی فیمنیسمی ئیسلامی و مافی مرۆڤی ئیسلامی، ژنانی چالاك و ئازادیخوازی كۆمەڵگای ئێرانی لە هاوپێوەندییەكی نوێداو لە دەوری كاركردن لە پێناو چەسپاندنی بەها زەمینییەكانی مافی مرۆڤ و ئازادی و بەرامبەریی ماف و چێ كردنی پاشەرۆژێكی باشتر بۆ ژنان دا رێك خستەوە. بەمجۆرە كۆڕو كۆبوونەوە تایبەتی و داخراوەكانی ژنان گۆڕدران بە بەڕێوەبردنی رێوڕەسمەكانی رۆژی جیهانی ژنان و دەركەوتن و وەرێخستنی كەمپەینی جۆراوجۆرو هێنانە گۆڕێی ویست و داوای دیاریكراوو تایبەت و هەوڵدان لە پێناو چەسپاندن و وەدیهێنانی داواكانیان دا.

خەباتی ئاشكراو لێبڕاوی ژنان لەم قۆناغەدا شەوەزەنگی گوتاری فەندەمەنتاڵی ئایینیی كۆمەڵگای دڕ داو چەمكەكانی توندوتیژی خێزانی و حكومەتی، پیاوسالاری، مافی مرۆڤ، مافی ژنان، منداڵ ئازاری، هەڵاواردن، فیمنیسم، باوكسالاری، بەرامبەری حقو قی كە لەلایەن بزاوتی ژنانەوە كاریان لەسەر دەكردرا، گوتارو بینینی زاڵ و باوی كاڵ كردەوە. كەمپەینی "نیشتمانی من، دایكی من"، "مەنشووری لە خۆمان و بۆ خۆمان"،" كەمپەینی پشتیوانی لە مافی ژنان بۆ چوونە نێو یاریگاكان"،" كەمپەینی یاسای بێ بەردەباران"،" كەمپەینی نا" بۆ گەڵاڵەی پشتیوانی لە پیاوان لە بنەماڵەدا"، " كەمپەینی خوێندن مافی منە، پشكی من نیە"،"كەمپەینی "نا بۆ گەڵاڵەی ئەمنییەتی كۆمەڵایەتی" و "كەمپەینی یەك میلیۆن ئیمزا بۆ گۆڕینی یاسا پڕ لە نابەرابەرییەكان" و خەبات و بەرگریی جێی پەسند و شانازیی ژنان لە ماف و شوناس و هۆوییەتە شێواندراوەكانیان بزاوتی ژنانی ئێرانی خستۆتە رەهەندێكی دیكەوە كە دەكرێ پێناسەیەكی نوێ و تایبەتی بۆ بكرێ: ئەوەی كە ویست و داوای ژنان ژیرانە و بوێرانە و بە روونی باسی لێ دەكرێ واتە ئەوەی كە ژنان چییان دەوێ، یان چییان ناوێ و ئەوەش كە دەیانەوێ چۆنیان دەوێ. پێداگری كردن و قوربانیدان و پاشەكشە نەكردن لە بەرامبەر ئەو رێگری و سەركوت و زەبروزەنگ و توندو تیژی نواندنەی لە سەریانە، تایبەتمەندییەكی دیكەی دەركەوتنی نوێی ژنان لە نێوان هێزو گرووپ و لایەنە فیكری و نەتەوەیییەكانی ژنان دایە.

ئەم قۆناغە نوێیەی بزاوتی ژنان هەستیارو بۆ ئەوان پڕ مەترسیترە چونكی لەگەڵ ئەوەی رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر لەلایەن هێزو گرووپ و ناوەندە نێونەتەوەییەكانەوە پشتیوانییان لێ دەكرێ و بە دانی خەڵات و بە رۆژەڤ كردنی دۆخی ژنانی ئێران رەوایی بە چالاكانی ئەم بزاوتە دەدرێ، بەڵام هەر بەو پێیەش رەوتی سەركوتی هەڵسوڕانی ئەم بزاوتە لەلایەن رێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە تا دێ زیاترو توندترو بێ بەزەییانەتر دەبێ. گرتن و ئەشكەنجە دان و بڕینەوەی سزای قورس و دووور خستنەوەی چالاكانی بزاوتی ژنان ئەگەرچی رەوتێكی لە مێژینەی سەركوتی

ژنان لەلایەن حکومەتەوە بووە، بەڵام لە ئێستادا ڕەهەندێکی زۆر بەرفراوانتری لەخۆ گرتوە. ئەمڕۆکە کەمپەینی یەک میلیۆن ئیمزا بۆ گۆڕینی یەکسانی گرینگترین گۆڕەپان و دەرکەوتەی خەبات و بزاوتی ژنانە. ئەو حەرەکەتە بەربەرینە هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی پێویستیی هەرچی گشتگیر کردنی ویست و داواکاریی ژنانە. ئەو کەمپەینە کە زۆرترین سەرنج و بینینی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە، خاوەنی ٢ خەڵاتی جیهانییە بە هۆی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی‌یەوە تونای بۆ بوونە گۆڕەپانێکی جیددی لەگەڵ نیزام و سیستمی دژ بە ژن لە ئێراندا هەیە. بەشێک لەو تایبەتمەندی‌یانە ئەوەن کە ویست و کۆی داواکان زۆر بە ڕوونی لەو داوانامەیە دا ئاماژەیان پێکراوەو پێداگرییان لە سەر ڕکراوە، داواکان تایبەت بە توێژێکی دیاری ژنان نین و ئەوەندە گشتگیرن کە ژنانی ئێران هەموویان سەرەڕای جیاوازی بیرو ئینتیمای سیاسی خۆیانی تێدا دەبیننەوە، پێکهاتەیەکی تا ڕادەیەکی زۆر دێموکراتیکی هەیەو لەو ماوە کورتە ٣ ساڵەی دا توانیویەتی کۆمەڵێک کادری بە تواناو لێوەشاوە لە نێوخۆی دا بۆ بزاوتی ژنان پەروەردە بکاو پرسی ژنان لە کۆڕو کۆبوونەوە تایبەتی‌یەکانەوە بۆ ناخی کۆمەڵگا پەلکێش بکاو ئەم پرسە بۆ قوتابخانەکان، شوێنی کارو بازارو یاریگاو پارک و سەیرانگەکان بگوازێتەوەو زۆرترین توێژی ژنان تێکەڵ بەم ڕەوتە لە خەبات و چالاکییە بکا. گرینگتر لە هەموو ئەوانەش بە سڕینەوەی دردۆنگییەکان پیاوانیش پشکداری ئەم ڕەوتە بکاو لە هێزو توانای پیاوانی یەکسانیخواز و دێموکرات بۆ بردنە پێشی کێشەی ژنان کەڵکی پێویست وەرگرێ.

ئەم ڕەوتە لە خەبات و بزاوتی ژنان شایانی پشت گرتن و داکۆکی لێ کردنە. شێوازی مەدەنی و شارستانی و بە دوور لە توندوتیژی گرتنە بەری چالاکانی کەمپەین، سیلە گرتن لە یاسا تەژی لە نابەرامبەری و هەڵاواردنەکان، یاسامەند کردنی ژیان و خەباتی ژنان و پێکهاتەی دێسانترالی بەڕێوەبەری و تەواویەتیی کەمپەین وای کردوە کە پشگیریی بەشێکی زۆر لە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئوپۆزیسیونی ڕێژیم لە دەرەوەی وڵاتیش بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.

لە خاڵە بەهێزەکانی دیکەی کەمپەین بەشداریی دیارو کاریگەری ژنانی نەتەوە بندەستەکان و ئامادە بوونی چالاکانەی پشکداریی ئەوان لە دەسکەوتەکانی کەمپەینە. لە کوردستان ژنی کورد هەم لە سۆنگەی ژن بوون و لە سۆنگەی کورد بوونی قوربانیی هەڵاواردن و نابەرامبەرییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بووە، بەڵام خەبات و بەرخۆدان و وەستان و بەرگریکردن بەشێک لە شوناس و پێناسی ژنانی کورد بووە. ژنانی کورد هەم بەشدارییان لە خەباتی سیاسی و مەدەنی حیزبە بەرهەڵستکارەکانی ڕێژیم دا کردوەو هەم لە بزاوتی مەدەنیی کۆمەڵگای ئێراندا

شوێنگە و پێگەی دیاریکراوی خۆیان دۆزیوەتەوە. هاوبەشی ژنان لە قوربانیدان، چەوسانەوە، زیان بەرکەوتن لە سۆنگەی یاسا پڕ لە هەڵاواردن و نابەرامبەرییەکان خۆی هاوبەشی و هاوپێوەندیی بەرخۆدان و بەربەرەکانیشی لە ژناندا دروست کردوە. ژن بوون و رەگەزی ژن بوون و هاوبەشیی ژان و خەمەکانی ژنان بەسە بۆ ئەوەی پێوەندییەکی پتەو لە نێوان ژنانی ئێران دا دروست بێ و بە ئەزموون وەرگرتن لە هەڵە و کەم کوڕییەکانی پێشوو وەک نەبوونی تۆڕی پێوەندی و پێوەندیی نێو هێزو لایەنە بەشدارەکانی بزاوتی ژنان ئەمجارەیان ویست و توانستی خۆیان لە بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری دا یەک بخەن و کەمپەینی یەم میلیۆن واژۆش دەرفەت و بوارێکی لەبارە بۆ ئەزموونکردنی هاوپێوەندییەکی لەو چەشنەو گواستنەوە دەنگ و ویستی تایبەتیی ژنانی کورد بە ژنانی دیکەی کۆمەڵگای ئێران.

کەمپەین ئەگەرچی تا ئێستاش نەیتوانیوە ویست و داوای خۆی لە مەڕ گۆڕانی یاسا پڕ لە هەڵاواردنەکان بەسەر رێژم دا بسەپێنێ، بەڵام بە رۆشنگەری، بردنە سەرێ ئاستی وشیاریی ژنان، بەشداری کردنی ژنا لە پرس و چالاکییە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان و هێنانە گۆڕێی شێوازی نوێ بۆ گۆڕان و داوا کردنی ماف توانیویەتی دەستکەوتێکی زۆر بۆ بزاوتی ژنان دەستەبەر بکا.

## چی ماوە بە تالانی نەبەن؟

شوناسی کلتووری و کۆمەلایەتی و سیاسیی هەر کۆمەلگایەک، هەر نەتەوەیەک رەچەلەک و بناخە و چاوگی کلتووری ئەو کومەلگاو نەتەوەیە.ئەو شوناسە رووگەیەکە پێت دەڵێ کێی؟ چی ولەکوێ را هاتووی و لە کوێی مێژووی مرۆڤایەتی و شارستانیەت و ژیاری مرۆیی دا جێت گرتوە؟ لە کۆمەلناسیی میراتی کلتووری دا ئەو شوناسە لە گچکەترین و پاژترین وردەکلتوورەکانەوە هە تا گرنگترین لایەنە کلتوورییەکان لە خۆوە دەگرێ.

میراتی کلتووری هەر نەتەوەیەک هەموو ئەو ماتریال و بەرهەمە مادی و مەعنەوی یانەیە کە تەعبیر لە مێژووی ئەو نەتەوەیە دەکەن و شووناس و ناسنامەی ئەو نەتەوەیە لە رێڕەوی مێژوو دا دەردەخەن. ئەو میراتە بریتیە لە

شوێنەواره مێژوویەکان، کەلوپەل وئەو بەرهەمە عەنتیکەیانەی لەوانەیە تەمەنیان بە درێژایی مێژووی ئەو نەتەوەیە بێ و لە راستی دا ئەوە میراتە کلتووریەکانی هەر نەتەوەیەکە کە باس لە مێژوو،داب ونەریت، باوەڕوبەها و بایەخە کۆمەڵایەتیەکان وچۆنیەتیی ژیان و هۆنەرئەفراندنی ئەو نەتەوەیە دەکەن.

بەڵام لە کاتێک دا کە لە سەردەمی گلۆبال دا میراتە کلتوورییەکانی نەتەوەکان وەک شوناس وپێناسی نەتەوەییان لە هەوڵی بە جیهانی کردنی دان،میراتە کلتووریەکانی نەتەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان دا لە لایان رێژیمی ئیسلامی ئێرانەوە بەتاڵان دەبردرێ، هەولی شێواندنی دەدری، تێکەو دەپێچرێ و لە بێدەنگی دا لە نێو دەبردرێ و مەبەست وئامانجی ئەم پرۆسەیەش تواندنەوەو ئاسیمیلە کردنی نەتەوەی کورد و بێ بەش کردنی ئەو نەتەوە لە میرات ومێژووی چەند هەزارسالەیەتی.

پاراستنی میراتی کلتووری هەر نەتەوەیەک بە چەند هۆ زۆر گرینگە.یەکەم ئەوەی کە ئەو میراتە تەعبیر لەمێژوو و رابردوو و گۆڕانەمێژوویەکانی ئەو نەتەوەیە دەکەن و چییەتی و کێ و چۆنبوونی ئەو نەتەوەیە بە درێژایی مێژوویەکەی دا باس دەکەن و شایەدی بۆ دەدەن.

دووهەم ئەو میراتە کلتووریە نەک هەر لە رووی مەعنەوییەوە بەڵکوو لە رووی ماددیشەوە بایەخی زۆری هەیەو دەتوانێ پەرە بە سەنعەتی توریسم و بازاری گەشت و گوزاری ئەو نەتەوانە بدا. بەڵام رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە کەلک وەرگرتن لە هەژاریی کلتووری وئابووریی خەڵک وبە وریایی وپلانی تایبەتەوە وبە مەبەستی شێواندن وئەستاندنەوەی شوناسی نەتەوەی کورد لەو گەلە ئەوەندەی بۆی کراوە شوێنەواره مێژوویەکانی ئەو میللەتەی لە رۆژهەلاتی کوردستان تێک داوە، کەلوپەل وعەنتیکەکانی بە تاڵان ولە نێوەدا چی تەعبیری لە پێگەی مێژووی کورد وەک نەتەوەیەک لە رێ رەوی مێژوودا کردوە، لە نێوی بردوە.

رێژیمی ئیسلامی ئێران دوا بە دوای سەپاندنی شەڕ بە سەرنەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە پێی بەرنامەی لە پێش دا پلان بۆ دارێژراو زۆربەی نزیک بە تەواوی قەلاتەکانی کوردستانی گرت وبنکەو مۆڵگەی سوپاو دامودەزگا سەرکوتگەرەکانی لێ دامەزرادن ولە بنەوە چی ئاسەواری مێژوویی وگرانبایی بوو هەر لە لایان خۆیانەوە بە تاڵان بران وبەشێکی یەک جا رزۆریشیان فەوتێندران. بە تاڵان بردنی کەلوپەل و ئاسەواره مێژوویەکانی "قەڵایچی" لە گوندی قەڵایچیی بۆکان، قەڵای "زێویە"ی شاری سەقز، قەڵای ماران لەشەرەفکەندو نیسکاوا وئەژدیهای داشی باخچەی تەرەغە و بە بیانوی دروستکردنی تاریکە بازاری قەڵای سەردارلە شاری بۆکان

دزینی ئاسەوارە مێژووییەكانی ئەو شوێنە ودۆزینەوەو بە تاڵان بردنی هەزاران كەلوپەلی عە نتیكە نمونەو بەشێكی زۆر بچووكی ئەو تاڵانبڕیە لە بەشێكی چووكەی كوردستان.

هەر لەو ماوەیەش دا بڵاو بوونەوەی هەواڵی لە نێو چوونی یەكجارەكیی ئاسەواری مێژووی قەرەكەند لە شاری بۆكان وڕووخاندنی قەڵای كۆشكەلە لە شاری سەقز بە بیانوی دروستكردنی نەخۆشخانەیەك پەرەی بەو نیگەرانیە دا كە بەرپرسانی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی سەرەڕای بە ئاگاهاتنەوەی ڕۆڵەكانی كوردو هەول و تێكۆشانیان بۆ پارێزگاری لە میراتی كە لە پووریان هەر وا درێژە بە سیاسەتی لە نێو بردن و فەوتاندنی شوێنەوارە مێژوویەكانی گەلی كورد دەكەن.سەیر لەوە دایە كە ڕێژیم زۆر گاڵتەجاڕانەول ە ژێر ناوی پرۆژە خزمەتگوزاری یەكاندا سیاسەتی شۆڤینانەی خۆی دەباتە پێش، بۆ وێنە وەك بلێی دروستكردنی ئەو نە خۆشخانەیە لە شاری سەقز لە هیچ جێیەك مەیسەر نابێ، جگە لە تەنیشت قەڵاتی كۆشكە ڵەنەبێ!! ئەمرۆ كە میراتی كلتووری ئێمەی كورد لە دوو لاوە لە مەترسی دایە.لە لایەك كە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران وەك دوژمنێك هەوڵی شێواندن وفەوتاندن و لە نێوبردنی دەداو لە لایەكی دیكەش لە نەبوونی حكوومەت و كیانێكی سیاسیی سەربەخۆدا و لە ژێر كار تێكەریی شەپۆلەكانی بە جیهانی بوون دا كەمتر ئەو هێزو توانایە شك دەبا شوناس و پێناسی كورد لە كۆمەلگای نێونەتەوەیی دابەرجەستەبكاو دەری بخا.

هەر ئەوەش ئەركێكی قورس دەخاتە سەرشانی هەموو تاكەكانی كۆمەلگای كوردی وبە تایبەت حیزبە سیاسیەكان، ناوەند وكۆڕو لایەنە ڕووناكبیرەكان كە بە وشیارییەوە لەمبارەوە هەستیار و لە سەر پێ بن. پێویستە ئاستی وشیاریی گشتیی خەلك لە پێوەندی لە گەل گرینگیی لە رادەبەدەری ئاسەوار و میراتە كلتووریەكانی نەتەوەكەمان بچێتە سەرترو كۆڕو ناوەندە نێونەتەوەیی یەكان لە سیاسەت و كرداری ڕێژیم لە هەمبەر میراتی كلتووریی كورد كە بێ گومان بەشێك لەمێژووی شارستانیەت و مروڤایەتی یە ئاگادار بكرێنەوە و ئیزن نەدرێ كە ڕێژیمی كۆماری ئیسلامیبەدەست ئاوەڵەییەوە درێژە بە جێبەجێ كردنی پیلان وسیاسەتە شۆڤینیەكانی خۆی بدا.

## حیکایەتی عەشقێ

بۆ "ئەوی جوانتر لەبەهار"

حیکایەتی عەشقی ئێمە چەن غەریبو چ بێباران، لەگەڵ بەهارو پشکووتن چەندە نامۆو، چ سرڕێکە خۆشەویستیی خەزان لە توێی دێردێری ئەم حیکایەتەدا؟

چ بێبەزەیین چرکەکانی ژوان لە دوا ساتەکانی لێک دابڕان، رەشپۆش ئەو پێکانەی ئاشنا بە ناوی تۆو لە ئێوارەکانی ئێستادا بە بێدەنگی دەچنە سەرێو، روو زەرد ئەم وشانەی دەبووا لە دوا هەموو سەرخۆشییەک ببنە شێعرێ لە پەسنی تۆ.

شەوەو سەربانی قەڵا دەبیسێ حەیرانێ لە گەرووی مەیتەکانی میوانیو، دەبینێ دوور دوور دیمەنی چۆلە ژوانێو، جووتێ کۆتر لە دەستەملانێو دیسانەکەش هەرئەم حیکایەتەی عەشقی ئێمە... دەبیسێ ئەم چرپە شیرینانەو دەیداتە گوێی ئەو مەیتانەی وا باوەشی بۆ کردوونەتەوە...

هـــۆ ئـــاسکۆڵەی رەوەنـدی بێبەزەیی!!

تیرێژی چاوەکانت لە یەکەم ساتی ئاشناییدا چ دلۆڤانە خۆی خزاندە هەناوی بێ ئۆقرەییمو لە پێی خستم، بزە شیرینەکانت چ خوداوەندانە بۆ هەرێمی ئەو دڵە گڕگرتوە کەوتنە فڕین. نیگا شەرمێونو پڕاوپڕ لە نهێنییەکانت چ زوو، چەندە ساکار نێوانی بێمتمانەییمانی پڕکردەوە؟

پێم بڵێ تۆ کێی؟

پێغەمبەرێک کە لە دیرۆکی کتێبە کۆنەکاندا بەزیویو پەیامی ئاشتیت پێیە؟

کانییەک کە لە پێدەشتی دوورەدەستی چیایەکی سەرکەش، لە داوێنی پڕلە خۆزیای باوەشی دلۆڤانیت کردۆتەوە و بزەی رووناکی و روونیم پێدەبەخشی؟

یان گەزیزەی و بالا بالا لەگەڵ یەکەم شنەی شەماڵ، وێرای یەکەم بڵێسەی ئاگری نەورۆز، هەگبەی ئالآت کردۆتەشانو مزگێنیی بەهاری نوێم بە گوێدا دەچپێنێ؟

پێم بڵێ تۆ کێی؟

تاسەی شکۆفەی ماچی غوربەتمیو لێم نادیار؟ نەرمە هەناسەی دوا رۆژی هیوای هەروەک بەهار؟

زایەڵەی کەسکی ئەوینی تۆ ئەهورای؟ ژین دەبەخشێ گەرمیی هەناسەت تۆ مەسیحای؟

دەلاوێنێ بسکی شێعرم تۆ تریفەی؟ بۆنی خۆشی هەرچی حەزمی تۆ وەنەوشەی؟....

ئەمانە چپەیئەوینداری عاشقێک بوو عەشقی ناسی کەچی عەشق ئایەتی مەرگی بە گەردنیا هەڵاواسی....

شەوەو تەنیاییەکانی قەلا، ماندوو، وەڕەزو کاس لەم هەموو مەرگە خەونانە، کپو بێدەنگ دیوارەکان، هەموو بیریان وێڵی پەیبردن بە نهێنی ئەم وشانە.

شەوە، نە ئەو شەوانەی رۆژ نیە لە تاریکی ئەنگووستە چاوەکانیدا باس لە هەتڵە بوونی رێگە نەکەین بەرەو ئاسۆ، نە ئەو شەوانەی هاواری مەنفاییەکان لە بێدەنگیی رەشی خۆیا بزر دەکەن.

شەوە، نە ئەو شەوانەی ئەستێرەکان دڵدارەکان بۆ جیژوانێ بانگهێشت دەکەن بۆ وەی تاوێ لە پشووو؛ ئیستێک لە باوەشی ماچو گوناح چێژ بکەن.

شەوە، نە ئەو شەوانەی خەونی درۆی تۆ بە تاراوەو، نە شەوانی پیاسەمان لە خەیاڵگەی ترسنۆکیت داو نەئەو شەوانەی خۆت بە بووکیی شێعرەکانم دەبرد.

شەوە.... شەوەژانی هەموو قەسیدەکانی ماچ لە سێبەری شەنگە ژوانەکانمە کە ئەیان سووتێنم

شەوی گابۆڕی هەموو ئەم شیلە بزانن لە لێوانی مەمت ئەیان تارێنم....

گیانە حیکایەتی عەشقی ئێمە چەندە لە خۆمان دوور، تەنیا نهێنی خەونی مەنفاییەک بوو کە هیوای ماچی گوڵو ئالآی، هەمووی لێی بوونە گومان. ئەو لە گومان دا لەدایک بوو، لە کۆچ دا دارە دارەی کردو لە غوربەتیش دا سەردەنێتەوە، ئەو مەنفاییە تۆ... من... حیکایەتی هەمووومان بوو.

## هەڵبژاردن لە ئێراندا، ئەو ڕێگەیەی بۆ تورکستان دەچێ!

هەڵبژاردنەکانی دەیەمین خولی سەرۆک کۆماریی ئێران لە ٢٢ی جۆزەردانی ئەوساڵدا بەڕێوەدەچێ. هەروەک هەموو هەڵبژاردنەکانی پێشوو لێژنەکانی چاوەدێریی وەزارەتی نێوخۆو شوورای نیگابان بە باشترین شێوەی لواو کارەکانی! خۆیان راپەڕاندوە، بۆ بازار گەرمیی هەڵبژاردنەکان هەیئەتی حاکمەی ئێران چەند کەسێک لە بەناو رێفۆرمخوازەکانی بە مەبەستی هاندانی خەڵکی ئوپۆزیسیۆنو خوازیاری گۆڕان لەگەمەکەدا بەشدار کردوە کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانیش هەروەک جاران لە سێ دەستەی لایەنگرانو پارێزەرانی سیستمی ویلایەتی فەقیە، رێفورمخوازانی گۆڕان خوازی مولتەزیم بە ویلایەتیی فەقیە و بنەماکانی نیزامو تەیفی گۆڕانخوازی پێکهاتە شکێنی خوازیاری هەڵبژاردنی ئازاد دا جێدەرگرن (دیارە بە گۆڕانی رێژەی سێ دەستە کە)و هەڵوێستی هەرکام لەو سێ دەستەیەش روونو ئاشکرایە. دەستەی پارێزەرانو لایەنگرانی نیزامی ویلایەت کە هەموو ئامرازو لاهێزو ناوەندەکانی دەسەڵاتی لەبەر دەست دایە، براوەی بێ ئەم لاو ئەولای گەمەکەنو شانۆگەریی هەڵبژاردنیشیان تەنیا بۆ رووکەشی رەوایی پێبخشینەوە بە دەسەڵاتەکەیان وەرێ خستوە، رێفۆرخوازانی تینووی دەسەڵاتیش بە مەبەستی پشکی زیاتر وەبەر کەوتن لە خوانی دەسەڵات خەڵکی پتر بۆ بەشدار کردن هان دەدەنو راکێشانی سەرنجی خەڵک تەنیا ئەو لانیکەمی بەختو شانسەیە کە ئەوان دڵیان پێخۆش کردووە شکی دەبەنو دەستەی دێموکراسیخوازانو گۆڕان ویستە پێکهاتەشکێنەکانیش تەحریمو بایکوت کردنی هەڵبژاردنەکان وەک تاکە رێی بەردەستیان هەڵبژاردوە. هەر بەو

پێیەش ئاکامی هەڵبژاردنەکان شتێک نابێ جگە لە گۆڕینی مۆرەکان  هەر لە نێوان "خودی"یەکان لە بەرژەوەندیی هەیئەتی حاکمەداو ئەرکی دەوڵەتی نوێش هەروەک پێشوو پاراستنی سیستمی ویلایەتی فەقیەو بەرژەوەندییەکانی نیزام دەبێ.

هێنانە گۆڕێی چەند پرسیارو وەستان لە سەر وەڵامی ئەو پرسیارانە دەتوانێ بەرچاو روونییەکی زیاترمان لە پێوەندی لەگەڵ رەوتی هەڵبژاردنەکان لە نێو سیستمی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا  پێببەخشێ:

"دەبێ" یەکانی هەڵبژاردنێکی بەواتای راستەقینە چینو ئەو "دەبێ"یانە چەند لە هەڵبژاردنەکانی نێو سیستمی رێژیمی ئیسلامیی ئێران دا ماناو بوونی تایبەت بە خۆیان هەیە؟

هەڵبژاردنەکانی مەجلیس چەند گۆڕەپانی ململانێی نێوان هێزەکانی لایەنگری پارێزانی دۆخی ئارایی‌و گۆڕانی پێکهاتەیی لە دۆخی ئارایی دایە؟ هەڵبژێراوانی ئەو چەشنە هەڵ بژاردنانە کێنو چەندەیان لە باراندایە؟ دەوڵەتی نوێ چەندە دەتوانێ دیسکۆرسی رێفۆرم لە حاکمییەت دا نوێنەرایەتی بکاو بوار بۆ جێبەجێ کردنو جێگیر کردنی خۆش بکاو گەلێک  پرسیاری دیکە کە پرژانە سەریان لە دەرفەتی ئەو وتارە دانین.

"دەبێ"یەکانی هەر هەڵبژاردنێک سێ بنچینەی لێک تەنراون کە بریتین لە:

١- پێکهێنانی ئەو دەرەتانەی هەڵبژاردن بۆ خەڵک، کە تێیدا خەڵکی بەدڵی خۆیانو ئازادانەو بەپێی لێکدانەوەو لاگیری‌و خواستی خۆیان بەربژێرانی خۆیان دیاری بکەنو هەڵیان بژێرن.

٢- دووهەم بنچینەی هەڵبژاردن بێغەل‌و غەش‌و پارێزراو بوونی سڵامەتیی هەڵبژاردنەکەیە هەم لە رووی یەکسانی لە بەرامبەر یاسادا، هەم بێلایەن بوونی دەسەڵات لە  پرۆسەی هەڵبژاردنەکانو سەربەخۆیی سیاسی‌و بێلایەنیی لێژنەی چاوەدێری‌و بەرێوەبەریی هەڵبژارنەکان لە بەرامبەر هەر چەشنە لاگیرییەکی سیاسی‌و سڵامەتیی هەڵبژاردن لە رووی بژاردنی دەنگەکانو رێگەگرتن لە ئەگەری گزەو فزە.

٣- لێهاتوویی ئۆرگانو دەزگای هەڵبژێردراو لە بەرامبەر متمانەی خەڵکی دا سێهەم بنچینەی هەر هەڵبژاردنێکە. (عەبدی، عەباس، بایستەهای یک انتخاب).

بە وەستانێک لەسەر هەڵبژارنەکانی نێو سیستمی رێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆمان دەردەکەوێ کە هەڵبژاردنەکانی نێو سیستمی رێژیم خاڵیو چۆڕاوە لە هەرسێ بنچینەی "دەبێ"یەکانی هەڵبژاردنە. بەو مانایە کە ئەوە لێژنەکانی چاوەدێری وەزارەتی نێوخۆو پاشان شووراى نیگابان وەک عەقڵی گشتییە کە بۆ خەڵکی ئێرانی دیاری دەکەن کە دەبێ دەنگ بە کام کەسی ساڵح!و کامە کەسی بەئیمان بدەن. شعووری سیاسیو لێکدانەوەو هەڵبژاردنی خەڵک لەو گەمەیەدا پوولێکی قەڵب نایەنێ. دواتر هەر ئەوە شووراى نیگابانە کە ئەگەر ئاکامی هەڵبژاردنەکەی بەدڵ بوو ئەوە هیچ، دەنا قۆڵی لێ هەڵ دەماڵێو بەباتڵ کردنی بەشێک لە سندووقەکانو هێنانە دەرێی سندووقی نوێی دەنگدان لە بنکە نیزامییەکانی سوپاو ئەرتەشو دەسکاریی دەنگەکان بە ئەنجامە دڵخوازەکەی خۆی دەگاو ئەوەش بە زۆر دەر خواردی خەڵکو بیرو رای گشتی دەداو هەڵبژێردراوی ئەو شانۆگەریانەش نەک نوێنەرو هەڵبژێردراوی خەڵکو کۆمەڵ، بەڵکوو نوێنەرانو هەڵبژێردراوانی هەیئەتی حاکمەی رێژیمو کەسانی دیاریکراوو تاقیکراون.

جا بۆیە هیوادار بوون بە ئاکامی هەڵبژاردنێکی قەتیسکراوو خنکێندراو بەو ئاراستەیەی رێچکەیەک بۆ گۆڕانو دێموکراسی بکاتەوە، لە بنەڕەت دا بێ مانـاو دوور لە چاوەڕوانییەو تەنیاو تەنیا رەوایی پێدان بە رێژیمو جوانکاریی روخساری دزێوی ئەو سیستمەی لێ دەکەوێتەوە.

---

## لە خەمی لە دەستدانی هاوریم جەعفەر زەمانی دا

بەیانیی رۆژی پێنجشەممە، ١٧ی بانەمەر هاورێ و هاوسەنگەری خۆشەویستم کاک جەعفەر زمانی دوای ساڵێک بەربەرەکانی لە گەڵ نەخۆشیی شێرپەنجەی گەدە کۆری گەرمی هاوڕێیانی و ئامێزی پڕ دلۆڤانیی خێزانەکەی بە جێ هێشت و دڵە گەرم و تەژی لە هیواکەی لە لێدان کەوت.

بە مەرگی ناوەختی کاک جەعفەر، حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەندامێکی کارامە و کادرێکی لێوەشاوەی خۆی لە ئاستی رێبەریی حیزب دا لە دەست دا، بەڵام نیشتمانی مرۆیی، مرۆڤێکی روح سووک و مەزن و پڕ بایەخی لە کیس چوو.

کاک جەعفەر ئازەرییەکی رووناکبیر و پێشمەرگەیەکی بوێری حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو کە هەست پێکردن، بینین و تێگەیشتن لە ژانی هاوبەش و ئەرکی خەبات لە دژی زوڵم و زۆرداری و چەوساندەوە ئەوی هێنایە ریزی خەباتگێڕانی ئازادیخواز و دیموکراسیخوازی کورد.

کاک جەعفەر سەمبولی هاوخەباتی و هاوچارەنووسیی گەلانی بندەستی ئیران و ئیرادە نواندن و هاوبەشیی نەتەوە چەوساوەکانی ئێران بۆ گۆڕان و چێ کردنی ئێرانێکی دیموکرات بوو. ئەوەی من لە کاک جەعفەری فێر بووم ئەوەیە کە گرینگتر لە "کوردانە"ژیان و"کوردایەتی"کردن، چۆن ژیان و مرۆیی بیرکردنەوەو ئازایەتیی بڕیاردانی گیان لە سەر لەپی دەستبوون لە پێناو وەدیهێنانی ئامانج وبەها و بایەخە مرۆیی یەکانە.

رۆحی کاک جەعفەر شاد و هەر دەم زیندوو و گەشاوە بێ بیری مرۆڤدۆستی لە نێو هەموو نەتەوەکانی دنیا دا.

---

## گەرموگوڕیی بازاڕی لەشفرۆشی لە ئێراندا

رۆژنامەی سەرمایە، چاپی تاران بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە گروپێک لە کارناسە کۆمەڵایەتییەکان لە چەند شارێکی ئێراندا ئەنجامیان دابوو، کۆمەڵە ئامارێکی نوێ و جێی سەرنج و گرینگی لە پێوەندی لە گەڵ پەرەسەندنی دیاردەی لەشفرۆشی لە ئێراندا خستۆتە روو. کاکڵی لێکۆڵینەوەی ئەو گرووپە کارناسییە ئەوەیە کە "لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠دا تەمەنی لەشفرۆشی لە سەروو ٣٠ ساڵ بوو، بەڵام تەمەنی لەشفرۆشی لە ئێستادا بۆ خوار ١٥ ساڵ دابەزیوە"، "پێشتر سەڵتەکان زیاتر روویان لە لەشفرۆشی دەکرد، بەڵام ئێستا ئەو دیاردەیە پتر لە نێو خێزاندارەکاندا پەرەی گرتووە"و هۆکارەکانی توشبوون بە نەخۆشی ئایدز لە گواستنەوە خوێنییەکان بۆ پێوەندییە سێکسییە نایاساییەکان گۆڕاوە.

کارناسە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێک هۆکار بۆ پەرەسەندنی لەشفرۆشی لە کۆمەڵگا مرۆییەکان داو تێکەوتنی سۆزانییەکان بۆ ئەو لادانە* ریز دەکەن کە گرنگترینیان بریتین لە: هەژاری و دەسکورتی، بێکاری، تەڵاق، بێ

هاناو پشتیوان مانەوەی ژنانی سەرپەرستی خێزان، چوونە سەرێی تەمەنی هاوسەرگیری، چوونەسەرێی ڕێژەی ژنانی گیرۆدە بە مادە هۆشبەرەکان، داواکاریی زۆری پیاوانی تامەزرۆی پێوەندی گرتن لە گەڵ سۆزانییەکان و داهاتی زۆرو بوونە پیشەیەکی پڕ خێرو بێر بۆ سۆزانییەکان و هتد. پسپۆڕانی دەروونناسیش ئاماژە بە "کارتێکەرییەکانی بیچمگرتنی خراپی کەسایەتیی تاک لە کۆمەڵگا"، "تاپۆ کرانی پرسە جنسییەکان و پەروەردەی جنسی لە سیستمی پەروەردەیی خێزان و کۆمەڵگا" و "بواری تایبەتی ڕێخۆشکەرو پاڵنەری تاک وەک کەشی نا ئەمنی خێزان، هەست بە کەمی سۆزو خۆشەویستی لە قۆناغی منداڵیو مێرمنداڵی" وەک هۆکاری سەرەکیی ڕوو تێکردن لە لەشفرۆشیو چوونەسەرێی ڕێژەی سۆزانییەکان ناو دەبەن. بەڵام گرینگ لێرەدا خەمساردی بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی وڵاتە کە وا سووک و ساناو بێ هیچ پلان و پرۆژەیەک بۆ چارەسەریی قەیران و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە تەنیشت ئەو خەسارانە تێ دەپەڕن کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە کۆمەڵگای ئێراندا پەرە دەستێنن.

ژیانی ژنانی سۆزانی تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەوان بەردەوام لە ترس داو لە باوەش تەنیاییدا دەژین، ئەوان بێبەش لە سۆزو خۆشەویستین و تەنانەت لە لایەن هاوڕەگەزەکانی خۆشیانەوە زیاتر لە پیاوان وەک کەسانی سووک و چرووک و بێ بایەخ سەیر دەکرێن و لە کۆمەڵگادا وەرناگیرێن، بەڵام پرسیار ئەوەیە تۆ بڵێی کامە ژن چێژ لە فرۆشتنی جەستەی خۆی وەک تایبەتیترین شتی خۆی وەرگرێ؟ کامە ژن عەوداڵ و تینووی ئەو جۆرە تێڕوانین و بینینانەیەکە کە بەردەوام وەک نیچیرێک لە سەر خوی هەستی پێ دەکا؟ کامە ژن پێی خۆشە مۆتەکەی ترس و دڵەڕاوکێی بەردەوام بە سەرەوە بێ؟ ئەگەر نیازو پێویستییەک، پێویستییەک گرینگتر لە هەموو بەهاکان ناچار بە تێوەگلان لە زەلکاوی ئەو لادانەی نەکا، جا ئەو پێویستیە چ ماددی بێ، چ عاتفی و دەروونی.

پەرەسەندنی دیاردەی لەشفرۆشی لە ئێراندا کاریگەریی بەرچاوو نیگەتیڤی لە سەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەک چوونە سەرێی ڕێژەی ئیعتیاد، پەتای ئایدز، تاوانکاری، کاڵبوونەوەی بەها مرۆییەکان و سست و لەرزۆک کردن و لێک ترازانی شیرازەی خێزان هەیەو ئەوەش وا دەخوازێ لە کۆمەڵگای بەهاخوازو نۆرم ویستی ئێراندا وەک مەترسییەک بە هێند وەربگیرێ و مشووری ئەوەی لێ بخورێ کە ئاسەوارە زیانبارەکانی بە لانیکەمی خۆی بگەیەندرێ. بۆ ئەوەش یەکەم هەنگاو خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ تیۆریی جنسی لە ئێراندایە. لە ئیستادا بە هۆی چوونەسەرێی تەمەنی پێکەوە نانی ژیانی هاوبەش و دابەزینی تەمەنی بلووغ و خۆناسین، مەودای نێوان خۆناسین و هاوسەر گیری بە ١٥ تا ٢٠ ساڵ گەیشتوە، تێکدانی ئەو باڵانسەو کەمکردنەوەی ئەو مەودایە لە ڕێگەی پلان و پرۆژەی ئاسانکارییەوە دەتوانێ گرینگ و شوێن دانەر بێ. شکاندنی تابۆی جنسی لە سیستمی

پەروەردەیی‌دا، کەمکرانەوەی ڕێژەی بێکاری، هەژاری‌و کەلێنی چینایەتی‌و خوێندنەوەی نوێ بۆ قوناغی لاوی‌و نەهێشتنی کۆت و بەندو مەحدوودییەتەکان زەروورەت و "دەبێ" کانی پرسی کۆنترۆڵ و کەمکردنەوەی دیاردەی لەشفرۆشین کە دەبێ بە هێند وەر بگیرێن و پلان و بەرنامەیان بۆ دابنرێ.

* بۆیە دەڵێم لادان، چونکە ئەو دیاردەیە لە هێندێک کۆمەڵگادا وەک کارو پیشە سەیر دەکرێ و لە هێندێک کۆمەڵگاش دا وەک لادان و تاوان دەژمێردرێ.

## دوگماتیزمی ئایینی لە نیزامی پەروەردەیی ئێراندا

قوتابیان و خوێندکاران توێژێکی گرینگ لە حەشیمەتی ئەمڕۆی ئێرانن. بەو بۆنەیەوە باس کردن لە قوتابییان و دۆخی ئێستایان لە چەند رووەوە گرینگ و جێی سەرنجە: یەکەم ئەوەی کە قوتابییانی ئێران لە رووی ژمارەوە حەشیمەتێکی ٢٢ میلیون کەسی لە خەڵکی ئەو وڵاتە پێک دێنن و کاریگەرییەکانی ئەو حەشیمەتە لە سەر ئاراستەکانی کۆمەڵگا دیار و شوێندانەر و گرینگن. دووهەم ئەوەی کە ئەو حەشیمەتە بیست و چەند ملیون کەسییە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو و لە دۆخێکی تایبەتدا و لە چوارچێوەی نیزامێکی پەروەردەیی دا بۆ بەدەستەوە گرتنی بەرپرسیارەتی‌یەکان لە داهاتووی کۆمەڵگا دا ئامادە و پەروەردە دەکرێن. سێهەم بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە "نیوەی حەشیمەتی ئێران لە خوار تەمەنی ١٩ ساڵانن" (١) و پێویستە نیاز و پێداویستی‌یەکان و کێشەکانی ئەو گرووپە تەمەنی‌یە لە لایەن پلانرێژانی گەشەی وڵاتەوە بخوێندرێنەوە و گرینگی‌یان پێ بدرێ، کە نادرێ. پەروەردە لە هەموو سیستمە پەروەردەییەکانی کۆمەڵگاکان دا بریتی‌یە لە پرۆسەیەک کە تێیدا زانست و بەها و نۆرم و بایەخەکانی کۆمەڵگا فێری وەچەی نوێی کۆمەڵگا دەکرێ و بە پشت بەستن بەو پەروەردەیە رێ بۆ دۆزینەوەی نەخش و کاریگەرییان لە کۆمەڵگا دا و گەیشتن بە ئامانجە تاکەکەسی‌یەکانیان خۆش دەکرێ.

بەڵام لە سیستمی پەروەردەیی کۆماری ئیسلامیدا پەروەردەی ئیدیۆلۆژیکی لە سەر بنەمای نۆرم و بەها ئایینی‌یەکان لە سەرووی پەروەردە لە سەر بنەمای زانستە سەردەمیانەکانەوەیە. ئەوەش سیستمی پەروەردەیی ئێرانی تووشی

قەیرانێکی قووڵ کردۆتەوە، بە جۆرێک کە تەنانەت عەلیرەزا عێراقی‌نیا، بریکاری گشتیی پەروەردە و فێر کردن لە تاران دەڵێ: بەو حاڵەوە چاتر وایە منداڵان چیدی نەچنە قوتابخانەکان، چونکە نەچوونیان باشترە و ئەو کتێبە دەرسی‌یانە هیچ شتێکیان بۆ سەردەمی ئێستای منداڵان تێدا نیە و تا ئەو کاتەش پەروەردەی ئایینی ژێرخانی نیزامی پەروەردەیی ئێران بێ، گرفت و قەیرانەکان زیاتر لە جاران تووشی نیزامی پەروەردەیی وڵات دەبێتەوە. ئەمڕۆکە گرینگترین ئامانج بۆ کار بەدەستانی ڕێژیم لە هەمبەری پرسی پەروەردە لە ئێراندا ئەوەیە کە چۆن مێشکی منداڵان و مێرمنداڵان بشۆنەوە، چۆنیان دەستەمۆ بکەن، چۆنیان بەرێنوێنی و پرەنسیپە ئیدیۆلۆژی‌یەکانیان پەروەردە بکەن تا لە کاتی پێویست دا وەک سوپایەکی شوێنکەوتووی گوێڕایەڵ لە پێناو ئامانج و بەرژەوەندی‌یەکانیان دا بەکاریان بێنن. ئەوان بە دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی بە ناو "امر بە معروف و نهی از منکر" و "امور تربیتی" و "بسیج دانش ئ‌موزی" و لە ڕێگەی شێوازەکانی هاندان، تۆقاندن و کەسایەتی پێدانی درۆیین و لە بەردەست دانانی ئیمکاناتی تایبەت بۆ قوتابیانی بەسیجی هەوڵی ڕاکێشانی منداڵان و مێرمنداڵان و بە کارهێنانی ئەوان لە پێناو ئامانجە سیاسی و نیزامی‌یەکانی خۆیان دەدەن.

بانگەشەکانی شەهادەتخوازی، دژایەتیکردنی ڕۆژئاوا بە تایبەت ئامریکا و ئیسرائیل، خراپ و نیگەتیڤ شیکردنەوەی چەمکەکانی دێموکراسیخوازی، ئازادیخوازی و لە مێشک ئاخنینی ئەفسانە دوور لە ڕاستی‌یە ئایینییەکان و نیشاندانی نیزامی کۆماری ئیسلامی بە ئیرادەی خودا و ئەوەی کە ڕێبەرانی ڕێژیم و ویلایەتی فەقیە نوێنەرایەتیی ئیمامی زەمان دەکەن، لەو وانە سەرەکی‌یانەن کە ئامانجدارانە هەر دەم پلانی نوێ نوێیان بۆ دادەڕێژرێ.

١٣ی خەزەڵوەر وەک ڕۆژی قوتابییش دەرفەتێکە تا ڕێبەرانی ڕێژیم بەرووبوومی پلان و پیلانەکانیان هەڵگرنەوە و نیشانی بدەن کە چەندە لەبەرەو پێشبردنی سیاسەتەکانیان دا سەرکەتوو بوون. ئەوان لەو ڕۆژەدا و بە هێنانە سەر شەقامی قوتابییان و لە زارنانی و پێ‌گوتنەوەی دروشمە تایبەتی‌یەکانیان و بەستنی چاوی قوتابیان هەم کەڵکی پڕوپاگەندەیی لەو ئامادە بوونە زۆرەملی‌یە وەردەگرن، هەمیش ئەو دەرفەتە لە ڕەخنە گران زەوت دەکەن تا لە ڕۆژی قوتابی دا خەسار ناسیی سیستمی پەروەردەیی لە ئێران و بارودۆخی قوتابیان لەو وڵاتە دا بکەن. بێگومان پەروەردە کردنی دۆگماتیکی کۆماری ئیسلامی دەرەنجامی زۆر خەراپی بۆ کۆمەڵگای ئێران لێ دەکەوێتەوە کە ئۆرگانیزە بوونی فەندەمنتالیزم، بارهێنانی وەچەیەکی شەڕەنگێز و توند و تیژ لە دەرەنجامە بەراییەکانی وەها سیاسەت و دۆگماتیزمی پەروەردەیی لە کۆمەڵگای ئێران دایە.

## لاوان لە بەرەنگاریی ڕێژیم دا

ئامارەکان باس لەوەدەکەن کە کۆمەڵگای لاوی ئێران تووشی مەترسی‌یەکی سەیر هاتوە: تەمەنی تاوانکاری گەیوەتە خوار ١٠ ساڵ، تەمەنی توشبوون بە ئیعتیاد بۆ ژێر ١٣ ساڵ دابەزیوە، ئاستی تەمەنی لە شفرۆشی بە١٤ ساڵ گەیشتوە، لە چاو پێش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران ڕاکردن لە ماڵ لە لایەن کچانەوە، ٢٣% چۆتە سەرێ، ڕێژەی تەڵاق ٢٧% و خۆکوژی لە نێوان لاواندا ٣٠% پەرەی سەندوە و هەموو ئەوانە بەرهەمی دەسەڵاتدارێتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامن.*

ڕێژەی کۆچ بۆ هەندەران یان باشتر وایە بڵێین ڕاکردن لە وڵات و نیشتمان لە هیچ بڕگەیەکی مێژوویی دا بە قەرا تەمەنی دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامی بەسەر ئێران دانەبووە، ڕاکردنی مێشکەکان، دەرچووانی زانکۆ و لاوانی تەمابڕاو ساڵە و ساڵ روو لە زیاد بوون دایە، ئەوانەی زیندانەکانی ڕێژیمیان پێ قەڵاپرچن کراوە، زۆربەی هەرەزۆر و نیزیک بە تەواویان، ئەوانەی مەحکووم بە ئیعدام کراون، ئەوانەی بە پەتی سێدارەوە هەڵ واسراون، نیزیک بە تەواویان هەموو ئەو لاوانەن کەتەمەنیان ژێر٣٠ ساڵ و هاو تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامن.

بێکاری، بێ هیوایی، ون بوونی شوناس و لادان لە بەها کۆمەڵایەتی و بایەخە ئایینی یەکان بەشێکی دیکە لە و خەسارانەن کە بەرۆکی کۆمەڵگای لاوی ئێرانی گرتوە.
کۆمەڵگای لاوی ئێران نوقمی قەیران و کێشەی پرمەترسی یە، بەڵام خاڵی گرینگی لێرەدایەکە حەشیمەتی لاوی ئێران پەروەدەکراو وپێگە یشتوو لە نێو سیستیم و نیزامێکن کە خۆی بە نیزامێکی ئاسمانی، یەکسانیخواز و سەر چەشنی کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی مرۆیی لە هەنووکەی جیهان دا پێناسە دەکا.

بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە دوای گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵات و بۆ مانەوە و بەردەوامیی خۆیان لە لوتکەی دەسەڵات دا کەوتنە بیری پەروەردە کردنی نەوەیەکی نوێ لە حەشیمەتی ئێران. نەوەیەک کە گۆشکراوی ڕێوشوین و پرەنسیپە ئیدئۆلۆژیکییەکانی خۆیان بێ، نەوەیەک کە بە بایەخە شۆڕشگێڕانەکانیان!، بەبنەما ئیدئۆلوژیکییەکانیان! پەروەردە کراین و بۆ ئەو مەبەستەش دەیان ڕێکخراو دەزگا و مۆئەسیسەیان وەگەڕ خست، نیزامی پەروەردەیی نوێیان بە پێی بنەماکانی خۆیان داڕشتەوە، لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە کە لە پاوانی

خۆیان دابوو، ئەوەی مەبەستیان بوو دەرخواردی منداڵ و گەورەیان دا، گەلێ ڕێخکراوی وەک "حیراسەت" و" ئوموری تەربیەتی"و" بەسیجی دانش ئاموزی "یان لە قوتابخانەکان پەستاوت، تا نەوەیەک بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەیان و بۆ بەردەوامی دەسەڵاتەکەیان پەروەردەبکەن: بەڵام سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵگای لاوی پەروەردە بوو ئەو نیزامە قوربانیی سەرەکیی خەسارەکانی ئەو ڕێژیمەن، بەڵام بەروویەکی دیکەش دا هێزی بەرهەڵستکارانی ئەو ڕێژیمەش هەر ئەو لاوانەن کە خۆیان بەرنامەی پەروەردەییان بۆ داڕشتبوون، لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە بڵێی ئەو نەوەیە وانەکانیان خراپ لێ فێربوون؟

کارناسە کۆمەڵایەتی یەکانی نێوخۆی وڵات لە و بڕوایەدان کە ئەو قەیران و کۆی ئەو خەسارو زیانانەی بەرۆکی کۆمەڵگای لاوی ئێران گرتوە، بەرهەمی قۆناغی تێپەڕین (دوران گ ژار) ە کە بە شۆڕشی گەلانی ئێران دەست پێ دەکا و هۆکارەکەشی بۆ تێگەیشتنی پێچەوانەو بڕیاردانی هەڵە وسیاسەتی چەوتی ئابووریی کۆمەڵایەتیی بەڕێوەبەرانی وڵات دەگێڕنەوە. بەڵام لاوان خۆیان بەباشی وەڵامی ئەو دۆخ و واقعە دەدەنەوە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک نیزامێکی ناسەردەمییانە بە هۆکاری سەرەکیی خۆڵقانی هەموو ئەو قەیرانانە دەزانن.

نیزامێک و ڕێژیمێک کە هیچ وەڵامێکی بۆ ویست و داخوازی لاوان پێ نیە. ویست و داخوازیی لاوانیش ئەگەرچی زۆرن، بەڵام سەرەکیترین ویستی کۆمەڵگای لاوی ئێران ئازادیەکە بەتوندترین شێوە لێیان زەوت کراوە. ئازادی را دەربڕین، ئازادیی هەڵبژاردنی و پۆشینی جلو بەرگ، ئازادیی پێوەندیی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر، ئازادی لە بوارەکانی هونەری، کولتووری و وەرزشی و کارو..

بەڵام سنووری هەموو ئەو ماف و ئازادییانە بۆ لاوان تەسک و تەسکتر دەبێتەوەو بەو پێیەش ڕۆژ بە ڕۆژ کەلێنی کۆمەڵگای لاو و ڕێژیم قوڵتر دەبێتەوە و دەستی بەناو ڕێفورمخوازەکانیش لە نێو هەمبانەکە هاتۆتە دەرێ و لاوان هیچ چەشنە هیوایەکیشیان بەوان نەماوە.

بەڵام داهاتووی کۆمەڵگای ئێران لەلایەن کۆمەڵگای لاوی ئێرانەوە چێدەکرێتەوە، هەر ئەو لاوانەی نیزامی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرگری لەخۆی پەروەردەی کردن کەچی ئەوان بە پێچەوانەی ویستی ڕێژیم بوونەتە داینامۆی هەڵچوون و ڕاپەڕین و گۆڕان لە پێکهاتەی گۆڕان لە ئێرانی ئێستادا.

٭ ئامارەکان لە ڕۆژنامەی شەرق وەرگیراون

## منداڵانی سەرشەقام،منداڵانی نێو قووڵکەکان

خەسارەکۆمەڵایەتی‌یەکان بە گشتی بەرهەمی دوو هۆکاری سیاسی‌و کۆمەڵایەتین. هۆکاری سیاسی دەرنجامی ئەو ئیرادەو خواستەیە کە دەیەوێ کۆمەڵگایەک بە هەموو بەهاو بایەخەکانیەوە لەبار بەرێ‌و نەک هەر دەستەمۆ، بەڵکوو بە نەخۆش‌و داماو خستنی، رێ بۆ پترمانەوەی دەسەڵات‌و زاڵ هێشتنەوەی ئۆتوریتەکەی خۆش بکا. هۆکاری کۆمەڵایەتییش بە لەبەرچاوگرتنی سیستمی پەروەردەیی‌و کلتووریی باو لە کۆمەڵگاو نزم بوونی وشیاریی گشتی‌و لاواز بوونی ڕووناکبیری‌یەکان مەیسەر دەکەن. بوونی منداڵانی سەرشەقام‌و بەردەوام روو لە زیادبوونی ئاماری ئەو منداڵانەی شەقام وەک ماڵ‌و پەناگەو شوێنی دڵنیابوون هەڵ دەبژێرن یان ناچار بە هەڵبژێرانی دەبن، ئاماژەکانی قەیرانێکی قووڵی کۆمەڵایەتین کە هەم بەرهەمی سیستمی سیاسی‌و هەم کلتووری کۆمەڵگان‌و پشت گوێ خستن‌و بە هێندنەگرتنی بوارەکانی ئەم خەسارە هەردەم هەراوتر دەکا. منداڵانی سەرشەقام دوو بەشن: ١ـ منداڵانی شەقام

٢. منداڵانی سەرشەقام.

منداڵانی شەقام: منداڵانی شەقام ئەو بەشە لە منداڵانن کە شەقام‌و سەرپەناو شوێنی ژیانیان پێدەبەخشێ. ئەو منداڵانە لەوانەیە لە بنەماڵەکانیان جیابووبینەوەو رایان کردبێ‌و لەوانەشە کەس لە ئەندامانی بنەماڵە، یان کەسوکاریان زیندوو نەبن. شەقام لە لای ئەو منداڵانە گۆڕەپانی خەبات بۆ ژیان‌و مانەوەیە.

منداڵانی سەرشەقام: ئەو بەشە لە منداڵانی شەقامن کە بە تەواوی لە بنەماڵەکانیان دانەبراِون‌و لەوانەشە شەوانە بۆ خەوتن بگەڕێنەوە لای خێزانەکەیان، بەڵام بە هۆی هەژاری‌و دەسکورتی بنەماڵەکانیان هانا بۆ شەقامەکان دێنن. منداڵانی سەرشەقام بە گشتی کۆمەڵێک پاڵنەر لە سەر شەقامیان دێڵنەوە کە بە کورتی ئاماژەیان پێدەکەین:

. پەیداکردنی بژیوی خۆیان‌و خاوو خێزانیان: بنەماڵەی ئەو بەشە لە منداڵان ئاتاج‌و هەژارن‌و ئەوان ناچ رن یارمەتیی بژیوی بنەماڵەکانیان بدەن. ئەو منداڵانە لە رووی ناچاری‌یەوە دەست بە هەموو ئەو کارانە دەبەن:

سوالکەری، دزی، حەمبالی، گەڕان لە نێو زبڵدانەکان، قاچاغ کردنی مادده سڕکەرەکان، خاوێن کردنەوەی ئیداراتو توالیتەکان، واکس لێدان، لەشفرۆشی، دەستگێڕیو ژەنیاری.

ـ راکردن لە گرفتو ناخۆشییەکانی بنەماڵە: زۆر لە منداڵان دێنە سەر ئەو باوەڕە کە ژیانی سەرشەقام بۆ وان گەلێ باشترە لە مانەوەیان لە نێو خێزانەکەیان دا. ئەوان لە گرفتەکانی نێوخێزان وەک شەڕی نێوان دایکو باوکو پشتگوێ خستنیان لە لایەن ئەوانەوەو جاڕزو ماندوو دەبنو شەقام بۆ درێژەدانی ژیان هەڵ دەبژێرن.

ـ دۆزینەوەی پەناگەو سەرپەنا: ئەم حاڵەتە زۆرتر لە بنەماڵەکانی پڕ حەشیمەت دا روو دەدا. لەو جۆرە بنەماڵانەدا منداڵان بۆوەی جێ بۆ براو خوشکە چکۆلە، یان خوشکو براگەورەکانیان چۆڵو خۆشو زۆرتر بکەن، ماڵێ جێدەهێڵنو روو لە شەقامەکان دەکەن.

منداڵان بەگشتی لە بەرامبەر خەسارو زیانەکانی کۆمەڵگا لاوازو کەم تواناو بێدەرەتانن، بەڵام ئاسەواری ئەم زیانانە لەسەر منداڵانی سەرشەقام پتر لە هەموویان خۆدەردەخەن. گوشاری ئەم خەسارانە زۆرترین قورسایی لەسەر منداڵانی سەرشەقام هەیە.

گرفتەکانی منداڵانی شەقام لە سێ تەوەری کۆمەڵایەتی، جەستەییو دەروونیدا جێدەگرن.

تەوەری کۆمەڵایەتی: منداڵانی سەرشەقام زۆربەیان هەژارو، ئاتاجنو لە چوونە قوتابخانەو فێربوون بێبەشن. ژینگەی پڕ کێشەو هەرای شەقامو توندوتیژی کۆمەڵگا لەشی ناسکو دەروونی بێگەردی منداڵان دەهاڕێو وردیان دەکا. جیا

لەوەش منداڵانی سەرشەقام نەتەنیا لە سۆزو خۆشەویستیی خەڵکانی دی بێبەشنو کەس هاوسۆزییان لەگەڵ ناکا، بەڵکوو بە پێچەوانەوەش بە روانگەیەکی نەگەتیڤو سەلبییەوە سەیریان دەکرێو...

تەوەری جسمیو جەستەیی:

منداڵانی سەرشەقام بەگشتی تووشی بەدخۆراکینو تەنانەت زۆرجار لانیکەمی خواردنی پێویستی رۆژانەشیان دەست

ناکەوێ. گوشاری کاری قورس لەشیان دەپرووکێنیو بریندارییان دەکاو شوێنەواری نالەبار لەسەر لەشیان دادەنێ. زۆر لەو مندالآنە دەکەونە داوی گرووپە مافیاییەکانی قاچاغو دەستدرێژییان دەکرێتە سەرو...

تەوەری دەروونی: مندالآنی سەرشەقامی دابڕاو لە سۆزو خۆشەویستی، وشکو بێ عاتیفە گەورە دەبن. جوانیو ناسکیو سۆز لە ناخیان دا دەکوژرێو هەر ئەوەی شوێنی ژیانیان بەردەوام بگۆڕو لەم شار بۆ ئەو شارو لەم شەقام بۆ ئەو شەقامە بەستراوەییو هۆگرییان بۆ هیچ شوێنو لایەنێک لادروست نابێ. تەنیایی لە ناخیان دا مرۆڤێکی بێ بەزەو نادەرووەستو هەڵچوو دروست دەکا.

مندالآنی سەرشەقام پێویستیان بە ئاوڕدانەوەو لالێکردنەوە دەوڵەتو دەزگا پێوەندیدارەکان هەیە. بە روانگەیەکی تاوانبارانە روانین بۆ مندالآنی سەرشەقامو بێ خەسارناسیی بابەتیانەی ئەم دیاردەیە ناتوانرێ سەرچاوەکانی دیارکەوتنو پەرەسەندنی ئەم خەسارە گەورەیەو وشک بکرێ.

رێکەوت: بانەمەڕی ١٣٨٨ - ئەپریلی ٢٠٠٩

---

## وتوویژ لە گەڵ سۆران قوربانی،کارناسی شوێنەوارناسی

میراتی کولتووریی هەر نەتەوەیەک، هێڵی جیاوازیی یان پەیوەندی و شوناسی ئەو نەتەوەیە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەن

رۆژی ٢٨ی مانگی بانەمەڕ (١٨ی مانگی مەی) بە رۆژی جیهانی گنجینەو میراتە کلتوورییەکان ناو نراوە. میراتی کلتووری هەر نەتەوەیەک هەموو ئەو ماتریال و بەرهەمە مادیو مەعنەویانەیە کە تەعبیر لە مێژووی ئەو نەتەوەیە دەکەن و شووناسو ناسنامەی ئەو نەتەوەیە لە رێڕەوی مێژوودا دەردەخەن. ئەو میراتە بریتیە لە

شوێنەوارە مێژوویەکان، کەلوپەلو ئەو بەرهەمە عەنتیکەیانەی لەوانەیە تەمەنیان بە درێژایی مێژووی ئەو نەتەوەیە بێ. لە راستیدا ئەوە میراتە کلتووریەکانی هەر نەتەوەیەکە کە باس لە مێژوو، دابو نەریت، باوەڕوبەهاو بایەخە کۆمەڵایەتیەکان و چۆنیەتیی ژیانو هۆنەر ئەفراندنی ئەو نەتەوەیە دەکەن.

سەبارەت بە پرسی میراتی کلتووریی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دیمانەیەکم لەگەڵ سۆران قوربانی، کارناسی شوێنەوارناسی پێک هێناوە:

. لە سەرەتادا پێناسەو تەعریفی جەنابتان لە سەر گەنجینەو میراتی فەرهەنگی چیە؟

میراتی کلتووری، کۆی ئەو بەرهەو چالاکییانەی مرۆڤ دەگرێتەوە کە لە کۆنەوە بەجێ ماون و مەبەستی کولتووری، زانستی، جوانی، دەروونیو مێژووییان لە پشت بووە کە ئەمەش دەکرێنە دوو بەشی ماددیو مەعنەوی.

میراتی کولتووریی ماددی، ئەو کەرستەو ئاسەوارانەن کە بە شێوەی مەلمووس بەردەستن کە هەموو شوێنێکی مێژویی، کۆلێکسیۆن و مۆزەی مێژوویی سروشت و پێشانگای هونەری و مێژوویی و تەکنیکی و بەڵگەیی و سینەمایی لە خۆ دەگرێت.

میراتی کولتووریی مەعنەویش کە نامەلمووسن و هەموو نەریتو زمانو جەژنو ئایینو موسیقاو شێعرو فۆلکلۆرو شانۆو پزیشکیی سوننەتی و ئەدەبو شێوەی خواردنو وەرزشو کایەی خەڵکی لە خۆ دەگرێت دەکرێ بە گشتی کۆی ئەو دوو بەشە لە میراتی کولتووری، بە گەنجینە وێنا بکەین.

میراتی کلتووریی نەتەوەکان چ کاریگەییەک لە سەر شوناسو پێناسی ئەوان دادەنێن؟

میراتی کولتووریی نەتەوەکان، هێڵی جیاوازیی یان پەیوەندیی نەتەوەیەک لەگەڵ نەتەوەیەکی دیکەن، واتە دوو نەتەوە لە کۆی ئەو میراتانەن کە لێک جیاواز دەبن یان لێک دەچن، هەر نەتەوەیەک بە کۆمەڵێک میراتی کولتووری لێک جیا دەکرێتەوە و ئەم جیاوازییەش خاڵی سەرەکیی دروستبوونی شوناسی جیایە. بەو مانایە ئەگەر بڕیار بێت دوو نەتەوە بە جیا بزانین، بەڵام هەموو نەریت و کولتوورێکی هاوبەش و بێ جیاوازییان هەبێت، ئەوسا ناتوانین باس لە شوناسی جیا بکەین بۆ هەر کام لەو دوو نەتەوەیە. لە پێناسەی نەتەوەدا دێت کە

"نەتەوە یەکەیەکی مرۆیی گەورەیە کە هۆکاری پەیوەندییان، کولتووری و تێگەیشتنی هاوبەشە"و هەر ئەو کولتوورو تێگەیشتنەیە کە ئێمە لە ئەوی تر جیا دەکاتەوە و شوناسی جیای لێ دەکەوێتەوە

بەپێی ئەو پێناسەیش کە حاڵەتێکی دوولایەنەو بەرگەشتپەزیری هەیە، نەتەوە ئەو کومەڵە مرۆڤەن کە میراتی کولتووریی هاوبەشیان هەیەو پێچەوانەکەشی دورستە، واتە ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی میراتی کولتووریی هاوبەشیان نییە، نەتەوە نین. ئەوەش گرینگیی بابەتەکە لە دروستبوونی شوناسدا دەگەیەنێت

نەتەوەکان وەک خۆیانو بە گشتی کۆمەڵگای مرۆیی چەندەی پێویست بەو میراتە کلتووریانە هەیە؟

دەکرێ بڵێین بەردی بناغەی دروستبوونی نەتەوە، هەر ئەو میراتە کولتوورییانەنو زەروورەتی ئەو موهیمە لێرەدا دیارەو بۆ کۆمەڵگای مرۆییش جێگەی سەرنجە. کۆمەڵگای مرۆیی لە کۆی نەتەوە جیاکانی جیهان پێک دێت و نەتەوەکانیش لەکۆی ئەو کولتووره ماددیو مەعنەوییانە پێک هاتوون، ئینجا دەکرێت بگوترێ کە کۆمەڵگای جیهانی لەو کولتوورانە پێک هاتوە. کەواتە پاراستنو بایەخدان بەو کولتوورانە، پاراستنی پێکهاتەی کۆمەڵگای مرۆییەو هەر لەم ئاراستەیەدایە کە هەندێک ناوەندو دامەزراوەی نێونەتەوەییو نێودەوڵەتی دروست بوون کە گرینگی بە پاراستنو زیندووراگرتنی ئەو میراتە کولتوورییانە بە هەر دوو شێوەکەیەوە دەدەن. بۆیان (ICOM)، مەجلیسی نێودەوڵەتیی موزەکان (UNESCO) وێنە یونیسکۆ (IFLA) ناوەندی قەڵغانی شین.

ئەرزشو بایەخی ئەو میراتە کلتوورییانە چین؟ میراتە کلتوورییەکان لە بۆ رەهەند و لایەنی ماددیو لە سەنعەتی توریسم دا چەندەیان بایەخو کاریگەرییان لە سەر ئابووری وڵاتان هەیە؟

بایەخی سەرەکیی ئەو میراتە کولتوورییانە هەروەک لە ناوەکەیەوە دیارە بە پلەی یەکەم بایەخی کولتوورییە، دواتر سیاسی و ئابووری، میراتی کولتووریی نەتەوەکان، بەشێکی یەکجار مەزنیان لە پیشەسازیی توریزمدا هەیە. ئەو میراتانە، ئاوێنەی باڵانوێنی نەتەوەو دەوڵەتانن. داهاتی بەرهەمهاتوو لە توریزمدا، زۆر جار شان لە شانی داهاتی نەوت دەداتو ئەمەش ئەو واتایە دەگەیەنێت کە هەر وڵاتێک کە موزە و کوولتووری دەوڵەمەندی هەبێت، سەرنجراکێشترە و توریستێکی زیاتریش روو لەو وڵاتە دەکەن بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی سیاسی.

ئامارەکانی وڵاتی ئێران لە بواری توریزمدا، لە ماوەی ساڵی رابردوو بەو شێوەیەن: ٢/٥١٨/٠٣٥ کەس بیانی

سەردانی ئێرانیان کردووە کە ٥٠%یان مەبەستی تووریستییان هەبووە، واتە ٧٥٩/٠١٧/١ کەس. هەروەها ٣١٧/١٩٦/٦ کەس لە ئێرانەوە سەردانی دەرەوەیان کردووە کە ٩٠%یان توریست بوون. ئەو ئامارە لە توریست، یانی ئاڵوگۆڕ کردنی چەندین ملیارد دۆلار.

میراتی کلتووری لە چیدا بەرجەستە دەبێ و دەردەکەوێ؟ شوێنەوار، ئاسەوار یان دەقە نووسراوەکانیش؟

ـ میراتی کلتووری هەروەک لە پێناسەیەکدا هاتووە، هەموو ئەو بەرهەمە ماددی و مەعنەوییانەی مرۆڤ دەگرێتەوە کە لە کۆنەوە بۆی بەجێ ماون و دەقە نووسراوەکانیش بەشێک لەو میراتەن، بەڵام بایەخی ئەو نووسراوانە، پەیوەندیی راستەوخۆیان بە کاتەوە هەیە.

کاک سۆران! میراتی کلتووریی کورد بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە مەترسیی فەوتان و شێواندن دایە و تاڵانبڕی ئاسەوارە مێژووییەکان بە شێوەیەکی سیستماتیک و بە هاریکاریی کەسانی هەلپەرەست بەردەوام باسی لێوە دەکرێ. زیانەکانی ئەو تاڵانبڕی و شێواندنە بۆ نەتەوەی کورد، کە بە تایبەت لە قۆناغی بیچم گرتنی شعووری نەتەوەیی و سیاسی دایە چین و چ دەرەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە؟

ـ ئەو تاڵانکردن و شێواندن و چەواشەکردنە کە بە شێوەیەکی سیستماتیک ئەنجام دەدرێن، لە سێ رەهەندی کلتووری، سیاسی و ئابووری زیانی قەرەبوو نەکراوە و مەزن بە میراتی کورد دەگەیەنێت. کاتێک کە سواڵەتێکی مێژوویی لە کوردستان تاڵان دەکرێت و دەفەوتێنرێت، لە هەنگاوی یەکەمدا، بەرهەمێکی کولتووری، ماددی ـ فەرهەنگی کە موڵکی هەموو مرۆڤایەتی بە گشتی و کورد بە تایبەتییە، تێدا دەچێت. دواتر ئەگەر خوێندنەوەیەکی سیاسی بۆ بکەین ئەوە کوردە کە لە مێژووی خۆی بێبەری دەکرێت و مێژووەکەی چەواشە و تاڵان دەکرێت و لە کۆتاییشدا ئەگەر ئەوە قاسەی کوردە کە دەبڕدرێت.

ئێستا ئەگەر دزینی ئەو سواڵەتەی کوردستان لە مقیاسێکی گەورەتردا لێک بدەینەوە، خەسارەکانی لە هەر سێ رەهەندی کولتووری، سیاسی و ئابووریدا وەک کارەساتێک دەردەکەوێت.

نەتەوەیەک کە کەلتوور و مێژووەکەی لێ بسێنرێتەوە و چەواشە بکرێت، دەبێتە نەتەوەیەکی بێ شوناس و سەرلێشێواو. ئەگەر ئەو سیناریۆیە لەسەر کورددا، کە لە بواری شکڵگرتن و شعووری نەتەوەییەوە لە دارەدارە دایە،

پیادە بکرێت نەتەوەی کورد لە نەتەوەیەکی خاوەن کولتوور و دیرۆک، دەبێتە نەتەوەیەکی سەرلێشێواو و باوەڕبەخۆ نەبوو.

ئەرکی پاراستنی میراتی کلتووریی ئێمە لە ئەستۆی کێیە و چ لایەنێک بەرپرسیارە لەو پێوەندییەدا؟

. ئەرکی پاراستنی میراتی کولتووریی ئێمەی کورد، لەسەر ئێمەی کوردە و تەنیا خۆمان لێی بەرپرسیارین، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئەرکی سەرەکیی پاراستنی ئەو کولتوورانە لەسەر دەوڵەتن، ئێستا کە بۆمان دەرکەوتووە کە ئەو دەوڵەتانەی حوکمرانی کوردستان دەکەن، لە هەوڵی شێواندن و تاڵانکردنیدان، ئێمە دەبێ خۆمان بیانپارێزن. لێرەشدا رۆڵی حزبە سیاسییەکان و کەسایەتییەکان دەردەکەوێت کە دەبێ خۆیان بە خاوەنی ئەو پرسە بزانن و هەوڵی وشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بدەن لە هەمبەر ئەو موهیمە.

ئایا ناوەندێکی نێونەتەوەیی هەیە کە کورد بتوانێ بۆ پاراستنی میراتە کلتوورییەکەی لە مەترسیی فەوتاندن و شێواندنی لە لایەن دەوڵەتانی داگیرکەرەوە هانای بۆ بەرێ و داوای دەستێوەردانی ئەوان لەو کێشەیەدا بکا؟

. حیزبە سیاسییەکان لە رێگەی کاناڵەکانی راگەیاندنەوە دەتوانن بە باشترین شێوە خەڵک لەم کارەساتە ئاگادار بکەنەوە و شێوەی پاراستنی ئەو ئاسەوارانە بە خەڵک بگەیەنن. هەر لەم تریبوونەوە دەکرێ کۆمەڵگای جیهانی بە دەنگ خۆمانەوە بهێنین و ناوەندە کولتووری و موزەکان لەم تراژیدیایە ئاگادار بکەینەوە.لەو پێوەندیەیەش دا سەرەکیترین ناوەندی نێودەوڵەتی کە دەکرێ لەو بوارەدا پەنای بۆ بەرێت یونیسکۆیە.

---

## منداڵان و دیاردەی کارکردنی منداڵان

١ی مانگی مەی هەموو ساڵێک رۆژی جیهانیی کرێکار و ١ی ژوئەنی هەموو ساڵێکیش رۆژی جیهانیی منداڵانە. بۆیەش جێی خۆیەتی باسێک لەسەر دیاردەی کار کردنی منداڵان بکەم.

لە پێوەندی لەگەڵ کارکردنی منداڵان دا جۆرێک هەڵە تێگەیشتن یان بە لاڕێدا بردن هەیە، ئەوەش ئەوەی کە ئەم دیاردەیە زۆرتر لە دیاردەی منداڵانی سەرشەقام دا بەرجەستە دەکرێ. بەڵام لە ڕاستیدا دیاردەی کار پێکردنی منداڵان پانتاییەکی زۆر بەربڵاوتر لەوەی لە ژیانی منداڵانی ئێراندا داگیر کردوە. هۆی ئەو بەرجەستە بوونەی دیاردەی کاری منداڵان لە منداڵانی سەرشەقامیش دا بۆ دیار بوونی ئەو دیاردەیە بە شێوەیەکی زەق لەبەر چاوی خەڵکی دەگەڕێتەوە و ئەوەش وادەکا کە زۆر کەمتر وەبەر کارنانی منداڵان لە مووچە و مەزراکان، لەسەر داری تەون، لە کارگە و کارخانە و کوورەخانەکان و لە نێو باند و مافیاکانی بازرگانیی ماددە هۆشبەرەکان و بازرگانیی سێکس دا ببیندرێ و قسەی لەسەر بکرێ.

ئەگەرچی دیاردەی کار پێکردنی منداڵان دیاردەیەکی جیهانیيە، بەڵام بەربڵاوی ئەو دیاردەیە لە ئێران و ژینگەی تایبەتیی منداڵانی کار لە ئێران دا وادەکا بە سەرنجەوە ئەو دیاردەیە لە وڵاتەکەمان دا تاوتوێ بکرێ.

ڕێکخراوی جیهانیی کار لە هەشتا و حەوتەمین کۆبوونەوەی خۆ ی دا ڕای گەیاندوە کە لە ئێراندا ١ میلیون و ٨٠٠ هەزار منداڵی کرێکار هەیە. "یونیسف"یش لە ڕاپۆرتێکی لەو چەشنەدا ئاماری منداڵانی وەبەر کانراوی ئێران بە ٩/٢ لە سەدی حەشیمەتی منداڵانی ئێران دادەنێ کە ئەم حەشیمەتەی منداڵان لە تەمەنی ٦ تا ١٤ ساڵدا جێ دەگرن و لە خوێندن و فێربوون لە خوێندنگەکانی دابڕاون. هۆکارەکانی کار کردنی منداڵان زۆرتر بۆ دۆخی نالەباری ئابووریی بنەماڵەکانیان دەگەڕێتەوە و ئەگەرچی هەژاری و بێکاری چاوگی سەرەکیی وەبەرکارنانی منداڵانن، بەڵام پەرەسەندنی خەسارە کۆمەڵایەتی یەکانی دیکەی وەک ئیعتیادی دایک و باوک، تەڵاق و کۆچی گوندییەکان بۆ شار پتر پەرەی بە زێدەتر بوونی حەشیمەتی منداڵانی کارەکەر داوە، کەم داهاتی، بێداهاتی و سەخت بوونی باری گوزەران و بژێوی بنەماڵەکانیش وادەکا قورسایی پەیدا کردنی بژێوی خێزان بکەوێتە ئەستۆی منداڵانی کەم تەمەنیش و ئەندامانی خێزان و منداڵەکانیش بەنابەدڵی و بە پێی خۆشنەبوونی خۆیان ملّ بۆ ئەو چارەنووسە ڕابکێشن.

جیا لە هۆکارەکانی کارکردنی منداڵان ژینگە و ڕەوش کار پێیکردنی منداڵان باسێکی دیکەی ئەم مژارەیە. هەروەک گوترا بەشی زۆری حەشیمەتی منداڵانی کار لەسەر شەقامەکان، باخ و مەزرا و مووچە و لەسەر داری تەونەکان و لە کارگە و کارخانە بچووکەکاندا خەریکی کار کردنن. لەو نێوەدا پەسەند کردنی یاسای مەعاف کردنی کارگەکانی کەمتر لە ١٠ کەس لە شمولکردنی نەگرتنەوەی یاسای کار، بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە زۆربەی زۆری ئەو

منداڵانە لەو جۆرە شوێنانەدا خەریکی کارکردنن، وای کردوە کە رەوشی منداڵانی کار بە بێ بینین و چاودێری یاسایی رۆژ بە رۆژ خراپتر ببێ. مووچەو حەقدەستی کەم، سەعاتی کاری زۆر بە بێ کەمترین ئیمکانات و رێوشوێنەکانی ئەمنییەتی و بێهداشتی وێنەیەکی بچووک لە راستەقینەی ژیانی ئەو منداڵانەن و زۆر جاریش بینراوەو بیسراوە کە منداڵان لە کارگە ژێرزەمینییەکان دا تەنانەت لە لایەن گەورەکان را دەستریژی سیکسیان کراوەتە سەر. باسی خوێندن و پەروەردە بوونیش لە جێی خۆی کە ئەمڕۆکە پتر لە ٥ میلیۆن منداڵ لە خوێندن بێبەش یان دابڕاون کە بەشێکی زۆر واتە نیزیک بە ٢ میلیۆن کەس لەوانە لە منداڵان کارەکەر پێک دێن.

منداڵانی کار قوربانیی ناعەداڵەتی و قەیرانە کۆمەڵایەتی و ئابووریی یەکانی وڵاتن کە ئەگەر وانەبوایە یان ئەوان ئاوا بێ نازو ناچار بە کارکردن نەبان، لەوانەیە لە ئەنجامی خوێندن و گەشەکردنیان دا دوکتور، ئەندازیارو بەرێوەبەرانی سەرکەوتووی وڵاتیان لێ دەرچووبایە. بەڵام چارەنووسی ئەوان شتێکی دیکەیە. لەو نێوەدا هەوڵی چالاکانی مەدەنی و NGOکانی داکۆکیکەر لە مافی منداڵانیش نەیتوانیوە وابکا کە بەرێوەبەرانی وڵات مشووری ئەو دۆخە نالەبارەی منداڵانی کار بخۆن و بەرپرسان و کاربەدەستان هەروا بە خۆدزینەوە لە بەرپرسیارەتی رێگە بۆ چەوساندنەوەو پووکانەوەی هەرچی زیاتری ئەو منداڵانە خۆش دەکەن.

دەرەنجامە کۆمەڵایەتییەکانی پەرەسەندنی ئەو دیاردەش تاڵ و مەترسیدارە. راکێشران بەرەو کێشانی سیگارو بەرەبەرە مادده هۆشبەرەکان، توشبوون و راهاتن بە تاوان و تاوانکاری و بەشداری کردن لە تاوان گەلێکی وەک دزی، بڵاوکردنەوەی مادده هۆشبەرەکان، کوشتن، فرۆشتنی ئەندامەکانی لەش و کەوتنە دوای باندەکانی بازرگانیی لەش تەنیا بەشێک لە دەرەنجامەکانی دیاردەی کاری منداڵان و هاتنەدەرێی منداڵان لە کەشی خێزان و چەتری پەروەردەیی دایە. کارکردنی منداڵان ناتەباو دژی مافە سروشتی و مەدەنییەکانی منداڵانەو زۆربوونی ئەژماری منداڵانی کارەکەر لە هەر کۆمەڵگایەکدا ئاماژەکانی کارەسات و هەبوونی قەیران لەو کۆمەڵگایانەدایە. لە لایەکی دیکەش ئەو منداڵانە بە هۆی کاری تاقەت پرووکێن تووش جۆرەها نەخۆشی و ئێسترێس و دڵەڕاوکێ و خەمۆکی دەبن و بە هۆی دابڕانیان لە پرۆسەی خوێندن و پەروەردەو ژاکانیان بە هۆی کاری زۆرەوە راندۆمانی ئابووریی وڵاتیش لە داهاتوودا دەهێننە خوارێ.

چیرۆکی تاڵی بەسەرهات و چارەنووسی منداڵانی کار بەوەندە نابڕێتەوە. منداڵان شیاوی ژیانێکی ئاسوودەن و دەبێ وێڕای چێژ وەرگرتن لە قۆناغی زووتێپەڕی منداڵانی بۆ داهاتووی کۆمەڵگا پەروەردە بکرێن. لەم رووەوە

کارپێکردنی منداڵان نەک شیاوی کەسێتی منداڵان نیە بەڵکوو تاوانێکە کە دەرحەق بە ئەوان و داهاتووی کۆمەڵگا دەکرێ و تاوانباری سەرەکیی ئەنجامدانی ئەو تاوانەش لە ئێراندا نیزامی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی یە کە سەرچاوەی هەموو قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵات و دەرەنجامەکانی ئەو دیاردەو قەیرانانەیە.

---

## لە خۆشەویستیی پەپوولە بێ نازەکان دا

دەقی قسەکانم لە ڕێورەسمی ڕۆژی جیهانیی مندالان کە لە یەکێک لە بنکەکەنی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بەڕێوە چوو

**منداڵانی چاوگەش!**

**دایک وباوکانی خۆشەویست و میوانە بەرێزەکان!**

ئەمرۆکە بە بۆنەی ١ی ژوئەن، ڕۆژی جیهانیی منداڵانەوە لێرە لەدەوری یەک کۆبووینەتەوە، هەربەم بۆنەشەوە پیرۆزبایی یەکی گەرم پێشکێشی هەموو منداڵانی کوردستان و منداڵانی بەشدار لە جێژنەکەماندا دەکەم.

لەگەڵ ئەوەی ئەمرۆکە هەموومان بەگەشی و خۆشی یەوە لێرە کۆبووینەتەوە تا وێڕای ڕێزگرتن لە منداڵان و مافەکانیان خۆشمان بە شەریک و هاوبەشی شادی و دڵخۆشی یەکانیان بزانین و لەگەڵ ئەوەشدا کە هیچ پێم خۆش نیە بۆساتیکیش و بە هەر بیانوویەک بزەی شیرینی سەرلێوە ناسکەکانی ئەومنداڵانە کاڵەو بێ و ناسکیی خەیاڵ و بیرکردنەوەیان چرژی تێ کەوێ، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ئەمرۆ و لەرۆژی تایبەتی و جیهاینی منداڵاندا جێی خۆیەتی کە هەر لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ژیانی منداڵانی ئێران، کە منداڵانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش بەشێک لەو حەشیمەتەن، چەندراستی یەک و چەند دیمەنێکی تاڵ بخەینە بەر چاو وباسێکیان لێ بکەین.

ئەمرۆکە منداڵانی بەختەوەر و ماف پارێزراوی جیهان لەکاتێک دا رۆژی تایبەت بە خۆیان کردۆتە جێژن کە بەشی هەرە زرۆی منداڵانی وڵاتەکەمان ئێران، بەتایبەت منداڵانی نیشتمان خۆشە ویستەکەمان کوردستان هەرناشزانن رۆژێک بەو ناوەوە لە رۆژ ژمێرەکان دا هەیە،

یان ئەگەر بشزانن لە ژێر تەوژمی تاڵی و دژواری یەکانی ژیانی تاقەت پڕووکێنی خێزانەکان یان دا تەنیا هەناسەی حەسرەتی و بەشی مەینەتی بۆ هەڵ دەکێشن.

منداڵان لە هەموو کۆمەڵگا ئینسانی یەکاندا بەسەر مایە پڕبایەخەکانی کۆمەڵگا دا دەنرێن و وێڕای پاراستنی ماف و کە سێتییان بۆ بەرێوەبەریی داهاتووی کۆمەڵگاش پەروەردە دەکرێن، بەڵام منداڵانی کورد و سەرجەم منداڵانی ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامی لەو ژینگەیە و لە ژیان لەو جۆرە کەش و بوارە دا بێبەشن. ئەگەر لە وڵاتانی پێگەیشتوو و دێموکراتیکی دنیادا یاساکان و بەها کلتووری‌یەکانی کۆمەڵگا خزمەت بە پەروەردەو گەشەو هەڵدان و پارێزراو بوونی مافی منداڵان دەکەن و گەرەنتیشیان دەکەن، بەڵام لە ئێراندا ئەوە یاساکانن کە ژیانێکی تاڵ و کۆڵە مەرگی یان بە سەر منداڵان دا سەپاندووەو بەپلەیەک نزمتریش ئەوەبەشێکی زور لە نۆرم و هەڵسوکەوتە کولتووری کۆمەڵایەتی‌یەکانە بزەی لە سەر لێوی منداڵان تاراندووەو ئەوانی لە گەشەو نەشە خستوە. ئەمرۆکە منداڵانی کۆمەڵگای ئێمە قوربانییانی سەرەکیی دیاردەکانی وەک هەژاری و بێکاریی سەر پەرستەکانیانن. ئەمرۆکە شەقامەکان پڕن لە و منداڵانەی بۆ پەیداکردنی پاروونانێک بۆ خۆیان یا خێزانەکەیان خەریکی دەستگێڕی و کاری جەستەیی قورس لە کارگە و کار خانەکانن. ئەمرۆکە هەزاران منداڵ لەو وڵاتەکەمان دا بەهۆی هەژاری و دەسکورتی بنەماڵەکانیان لە خوێندن بێبەش یان بەنیوە چڵیو لەرووی ناچاری یەوە واز لە خوێندن دێنن. ئەمرۆکە بەهەزاران منداڵ بە هۆی تاوانکاری یەوە لە گرتووخانەکان دا تەمەنی منداڵییان تێپەر دەکەن و تێشیان دا زۆرن ئەو منداڵانەی چاوەڕوانن تا بەگەیشتنیان بەتەمەنی ١٨ساڵی بەپەتی سێدارەوە هەڵ واسرێن. توندوتیژی دژی منداڵانیش لەجێی خۆی کە ریشەی لە کلتووری کۆمەڵگادا داکوتاوەو بەهەموو شێوەکانی یەوە لە سەرمنداڵان بەرێوەدەچێ. لێرەش دا بەرپرسیارەتیی هەموو ئەو بەشمەینەتی یانە، وەبەرکارنان و پێشێل کردنانەی مافی منداڵان و دابڕاندنیان لە دنیای شادو بێگەردو شیاوی کەسێتییان هەر لە ئەستۆی گەورەکان دایە.

ئەمرۆکە خەمی قورسی من رەوشی نالەباری منداڵانی کوردی نیشتمانەکەمە کە لە چاو منداڵانی شوێنەکانی دیکەی ئێران بە چەندقات دەچەوسێنەوەو دەپڕووکێنەوە. ئەو منداڵانەی کە تەنانەت لە خوێندن بە زمانی دایکی یان

بێبەشن و هەژاری و دەستەنگی بنەماڵەکانیان بەرپرسیارەتیی دەسختنی بژێوی خێزانی خستۆتە ئەستۆی ئەوانیش و ناچاری کردوون لەمووچە و باخ و مەزراکان دا. لەشەقام و کارگە بچووک و کورخانەکاندا، بە دەسگیرِی و کۆڵبەری و پشت چەمانەوە لە سەر دار تەونەکاندا خەمی دایکان و باوکان و گەورەکانی خۆیان لەکۆڵ نین و بەجێی حەسانەوەو ئاسایش و خۆشی بژێوی و کات بە سەر بردن بە کایەو وەرزش و خۆشی، ناسکیی لەش و بێگەردیی خۆیان و خەونەکانیان هەرزان فرۆش بکەن. دڵپڕی من بۆ ئەو منداڵانەیە شوناس و پێناسی نەتەوەیی یان لە ژێرناوی بەناو پەروەردەدا لێ دەستێنەوە و خەستەگریانیشم بۆ ئەو پەپولانەیە بەهیوای کایە و قوماری منداڵانەیان راکەراکە تەنیا چەند بستێک لە گوندەکانیان دووردەکەونەوە، بەڵام شریخەی مینە بی بەزەیی یەکان مەرگەسات دەخاتە بەزمی قاقاو پێکەنینیان و شین و شەپۆر داوێتە کۆشی خێزانەکانیان.

بەڕێزان! منداڵە چاوگەشەکان!

بەرێوەبردنی رێورەسم و وەرێ خستنی کارنەڤاڵی خۆشی و شادی لە رۆژی ١ی ژوئەن، رۆژی جیهاینی منداڵان دا تەنیابەشێک لەو کارانەیەکە ئێمە دەبێ بۆ منداڵانی بکەین. بەڵام بەشی سەرەکیی و گرینگی ئەرکی ئێمە لەو پێناوەدا دەربرینی نارەزایەتی و گۆڕینی ئەو وەزعەیە کە ئەو ژیانە تاڵەی بەسەر منداڵان دا سەپاندوە.ئێمە خوازیاری ئەوەین کە منداڵانی کورد و هەموو منداڵانی بەشمەینەت و بەشخوراوی جیهان، ژیانی شیاوی کەسیتیی ئینسانیی خۆیان هەبێ، رێزیان لێ بگیرێ، ئاسایش و ئەمینیەتیان هەبێ، ژیانی خۆش بژێوو و بێ کار کردن و چەوسانەوەیان هەبێ: ئیمکاناتی خوێندن و دەواو دەرمان و پەروەردەی بێ بەرامبەریان بۆ دابین بکردرێ.

بە هیوای گۆڕان لە ژیانی منداڵان و بەقازانجی ئەوان و ئێوەش منداڵانی بەشدار لەو جێژنە دا هەر شادو لێو بەبزەو رووگەش بن.

## مافی منداڵان لە کۆنڤانسیونی جیهانی و لە یاساکانی ڕێژیمی ئیسلامیدا

یەکێک لە گرینگترین بەڵگەو دیکۆمێنتەکانی پێوەندیدار بە منداڵان و مافی جیهانگیری ئەوان کۆنڤانسیوینی جیهانیی منداڵانە کە لە ساڵی ١٩٨٩ی زاینی داو لە لایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پەسندکراوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەلایەن وڵاتی ئێرانەوە ئەو کۆنڤانسیۆنەی لە ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی دا واژۆ کردوە بەومەرجەی" هەرکات و لە هەر شوێنێک دا نێوەوکی ئەو کۆنڤانسیۆنە لەگەڵ یاسانێوخۆیی و ڕێوشوێنە ئیسلامییەکانی وڵاتەوە ناتەبایی هەبێ، لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە جێبەجێ ناگرێ." ئەومەرجەی ئێران بۆ ئەندامەیتی خۆی لەو کۆنڤانسیۆنەدا داینـاوە، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە پێوەندی لەگەڵ تەعەهودو دەروەستییەکانی ئێران لە حەوزەی منداڵان و مافەکانیانی تووشی سەر لێشێواوی و دردۆنگی کردوە، هەربۆیەش بە بەردەوامی لە لایەن کومیتەی هەواڵدەری و ڕاپۆرت گەیاندنی کۆنڤانسیۆنەکە(سی . ئار. سی) و هەروەها لە لایەن کۆڕوکۆمەڵەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ و مافی منداڵانەوە رەخنەی لێ گیراوە و پێشیلکاری یەکانی مافی منداڵان بەهۆی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە لەلایەن ئەو لایەنانەوە مەحکووم کراوە.

یەکێک لە پرنسیپەکانی ئەندامەتی لە هەر کونڤانسیۆن و پەیماننامەیەکی جیهانی دا ئەوەیە کە دەوڵەتی ئەندام تەعەهود دەدا کە لە ژێر ڕووناکایی یاسا نیونەتەوەیی یەکاندا گۆڕان لە یاسانێوخۆیی یەکانی وڵاتەکەی دا پێک بێنێ یان دەنا ڕێفورمیان تێدا بکا. بەڵام ئێران دوای ١٦ساڵ ئەندامەیتی خۆی لەم کۆنڤانسیۆنەدا تا ئێستا هیچ گۆڕانێک و تەنانەت ریفورمێکی لە یاساکانی وڵات دا بە قازانجی منداڵان و مافەکانیان نەکردوە. هەربۆیەش ڕەوشی منداڵان و مافەکانیان لە ئێرانی ئیسلامی دا یەکجار نالەبارو دڵتەزێنە. زۆربەی منداڵانی وڵاتەکەمان لە هەژاری و بەشمەینەتی دا دەژین، ئەوان بە دەست فەرق و جیاوازیدانان و هەڵاواردن و نەبوونی ئیمکاناتی پەروەردەیی سەردەم و تەنانەت بێهداشت و خوێندن و ژیان لە ژینگەیەکی شیاوی کە سێتییان دەناڵێن. بە سەدان هەزار منداڵ لە و وڵاتە لەرووی ناچاری یەوە وەبەر کار نراون و دوورلە چاو وچاوەدێریی تەنانەت یاسا پڕلە مافکوژییەکانی کاری ئەو ڕێژیمەش بە حەقدەستی کەم و سەعاتی کاری زۆرەوە لە کارگە بچووکەکاندا بە بێ گەرەنتیی و ئەمنییەتی بێهداشتی و بیمەی کارەوە خەریکی هەرزانفرۆش کردنی توانا جەستەیییەکانی خۆیانن. هەژاری و دۆخی نالەباری ئابووریی وڵات وای کردوە کە بەشێکی یەکجار زۆر لە منداڵانی ئێران دەرفەتی خوێندن و قوتابخانە چوونیان پێ نەدرێ یان ئەوەی ناچار بن بەنیوە چڵی واز لە خوێندن بێنن. ڕێژەی منداڵانی

سەرشەقام، منداڵانی توشبوو و قوربانیانی ئیعتیاد بەمادەهۆشبەرەکان، منداڵانی بەندکراو بە هۆی دەست بردنە بەر تاوان و تاوانکاریش کە بەردەوام روو لە هەڵکشان و زیدەتر بوونە، یەکێکی دیکە لە نیگەرانی یەکانی چاوەدێرانی مافی منداڵان لە ئێران دایە. بابەتی ئیعدام کردنی مێرمنداڵان لە ئێرانیش دا لە جێی خۆی کە ئێران پێچەوانەی هەموو دەروەستی‌یەکانی بە پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنە جیهانی‌یەکان پلەی یەکەمی لە ئیعدامکردنی مێرمنداڵان لە جیهان دا هەیە. چەمکی منداڵی و پێناسەی منداڵان یەکێک لەو خاڵەگرنیگانەیە کە کۆک نەبوون و نەبوونی کۆدەنگییەکی ناوەندەکانی بەرپرسیاری بیاڤەکانی سیاسی، یاسایی، کۆمەڵایەتی لە سەر چەمکی منداڵی کێشەی زۆری بۆ منداڵان ناوەتەوە و رێگەی بۆ بەقانوونی کردنی پێشێلکردنی مافەکانی ئەوان خۆش کردوە. بۆ وێنە ئێران بەپێی ئەو دەروەستی‌یەی کە دەبێ بەکۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەیییەکانی هەبێ، ناچارە ئەوپێناسەیە بسەڵمێنێ کە منداڵان هەموو ئەو کە سانەن کە هێشتا ١٨ ساڵیان لە تەمەنیان دا تەواو نەکردوە. بەڵام یاساکانی نێوخۆی وڵات شتێکی دیکە باس دەکەن: بەپیی یاسای کار منداڵان ئەو کەسانەن کە خوار ١٥ ساڵن و هیچ خاوەن کارێک بۆی نیە وەبەر کاریان بنێ. لەرووی شەرعی و ئایینیشەوە منداڵان بریتیین لە کچانی خوار ٩ساڵ و کوڕانی ژێر ١٥ ساڵی مانگی کە هێشتا خۆیان نەناسیوە.لەرووی سیاسیشەوە منداڵان چ کچ یان کوڕ کەسانی ژێر ١٥ساڵن کە بەهۆی ئەوەی هێشتا بەتەمەنی خۆناسین نەگەیشتوون ناتوانن بەشداری لە کاری سیاسی و هەڵبژاردنە کاندا بکەن. لە نیزامی بانکی و هەروەها سەربازی دامنداڵان کەسانی ژێر ١٨ساڵن و لە نیزامی ئامارگیری و سەرژمێریی وڵاتیش دا منداڵان کەسانی ژێر ١٠ساڵن. ئەو رێکنەکەوتن و پێناسەی جیاواز لە یەکترە لە منداڵ و چەمکی منداڵی وای کردوە کە لە کردەوەدا و لە یەکەم هەنگاو دا باردۆخی منداڵان لەرووی حەشیمەت و شوێنگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی یان دیار و روون و بەر چاونەبێ و رێگە بە خۆدەرباز کردن و خۆدزینەوەی بەرپرسان و ناوەندە بەرپرسیارەکانی پێوەندیدار بە پرسی منداڵان و کێشەکانیان بدرێ. بەو پێیە ئەو پرسیارەی کە" منداڵ" کێیە، هێشتا لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامی‌دا وڵامێکی سەر راست لە سەربنەمای واقعی نیە و ئەوەش واتە بەر دەوامیی پێشیلکردنی مافی منداڵان. دواوتە ئەوەی کە: لە کاتێک دا کە منداڵان نیزیک بە ٥٤%ی حەشیمەتی ئێران پێک دێنن بەڵام هیچ رێکخراو و ناوەندێک لە ئیراندا نیە لە ئاستی گشتی دا داکۆکی لە مافەکانیان بکاو بیەوێ گۆڕان لە دۆخی ئەوان دا پێک بێنێ، دووره دیمەنەکانی ژیان و چارە نووسی منداڵان لە و وڵاتەدا هەروا پڕ ژان و کەسەر دەنوێنن.

**رێکەوت: پووشپەڕی ١٣٨٨ - مای ٢٠٠٩**

## دیسانەوەش پشووی هاوینی و باسەکانی!

بابەتی پڕکردنەوەی کاتی بەتاڵی قوتابیانی ئێران لە کاتی پشووی هاوینیدا یەکێک لەو بابەتە هەرە گرینگانەیە کە بەردەوام مشتومڕی لە سەر دەکرێ و لە لایەن کارناسانی بواری پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەوە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێ. لە نیوەی مانگی جۆزەردان دا تاقیکارییەکانی کۆتایی ساڵی خوێندنی پتر لە ١٥ میلیون قوتابی کۆتایی پێ دێ و دوابەدوای ئەوە تەعتیلاتی نیزیک بە ٤ مانگەی ساڵی خوێندن دەست پێ دەکا. دیارە هەر لە جێدا ماوەی پشووی هاوینی و دوورودرێژو زۆربوونی ئەو ماوەیە یەکێک لە باسە هەستیارەکانی پەروەردەیی لە لای کارناسانی ئەم بوارەیە:

کارناسانی رەخنەگری سیستمی پەروەردەیی ئێران پێیان وایە کە تەعتیلاتی هاوینی خوێندن بۆ پێکهاتەی کشتوکاڵیی کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە کە لەگەڵ واقعی ئێستای کۆمەڵگەی ئێران زۆر جیاوازە. لەوەها پێکهاتەیەکدا هاوینان بۆیە دەکرایە پشوو هەتا قوتابیان یارمەتیی خێزانەکانیان لە هەڵگرتنەوەی خەڵەو خەرمانی ساڵانەیاندا بدەن. ئەو کارناسانە بیانووی گەرم بوونی هەوا بۆ داخستنی قوتابخانەکان لە لایەن پلانرێژانی وەزارەتی خوێندن و پەروەردەی ئێران بە شتێکی پڕو پوچ دادەنێن دەڵێن لە سەردەمی ئێستادا دابینکردنی سیستمی فێنک کەرەوە لە پۆلەکانی خوێندن دا زۆر ئاسان و گونجاوە. بە تایبەت کە ئەو تەعتیلاتە لەگەڵ جوغرافیای ناوچە جیاوازەکانی ئێران وەک یەک نایەتەوە. بۆ وێنە ئەو تەعتیلاتە لە پارێزگاکانی گەرمێنی وەک خوزستان لەگەڵ پارێزگای کوێستانیی وەک کوردستان لە یەک کات دایەو دەسپێکی خوێندنی ساڵی تازەش هەر هاوکاتە، لە کاتێکدا منداڵان دەبێ لە ناوچە کوێستانییەکاندا بوومەلێڵی بەیانی لە خەو هەستن و بە سەرماو سۆڵ و خەواڵوو بچنە قوتابخانە، بەڵام لە فێنکایی مانگی جوزەردان و هەوای سازگارو گونجاوی پووشپەڕدا دەرکی قوتابخانەکانیان لێ داخرا بێ.

ئێستا سەرەڕای ئەوەی کە ئاخۆ پشووی هاوینیی ئاوا دوورودرێژ لە سیتیمی خوێندنی ئێراندا کە بۆ خۆی بە بۆنەی جیاوازەوە پڕە لە رۆژە تەعتیلەکان، چەندە زانستییەو بە لێزانییەوە دیاری کراوە، بابەتی پڕکردنەوەی کاتی بەتاڵی قوتابیان و حەشیمەتی پتر لە ١٥ میلیون کەسیی ئێران یەکێکی دیکە لە باسە هەستیارو پڕ لە

گەنگەشەکانی کارناسەکان و دامودەزگا حکومی و ناحکومییەکانە.

ئەمڕۆکە ١٦ ڕێکخراو و دەزگای حکومی ڕاستەوخۆ لە بواری پلانرێژی و پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکانی قوتابیان و لاواندا چالاکن کە گرینگترینی ئەو دەزگایانەبریتین لە: وەزارتخانەکانی خوێندن وپەروەردە، زانست، بێهداشت، مانگی سوور، جیهادی دانشگایی، کۆمیتەی ئیمداد، ڕێکخراوی میللی لاوان، سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی، بەسیج، سازمانی تەربیەتی بەدەنی، یەکیەتیی ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی قوتابیان و خوێندکاران، ناوەندە کولتوورییەکانی مزگەوتەکان و شارەوانییەکان و.. بەڵام هیچ کام لەو دامودەزگاو ناوەندانە سەرەڕای وەرگرتنی بودجەیەکی زۆر نەیانتوانیوە پلانی کردەیی بۆ دەوڵەمەندکرانی کاتە بەتاڵەکانی قوتابییان بەپێی کەسێتی و پێداویستییەکانیان دابڕێژن و جێبەجێی بکەن. دابینکردنی ئیمکانات و پێداویستییەکان چالاکییە فیزیکی، وەرزشی، هونەری و پەروەردەیی و تەفریحییەکان دەتوانێ ڕەهەندێکی لانیکەمی لە ئەرکەکانی حکوومەت بێ کە تەنانەت لەم ئاستە لانیکەمییەشدا بابەتی پڕکرنەوەو دەوڵەمەند کردنی کاتی بەتاڵی قوتابیان گرینگیی ئەوتۆی پێ نەدراوە. ئەم گرنگی پێ نەدان یا داماوی لە پلانرێژیی گونجاوو ئەرک وەخۆنەگرییە جگە لە زیانەکانی دابڕاندنی قوتابیان لە کەشێکی سالم لە پێناو بوژانەوەو حەسانەوەدا پەرە بەزۆر لادان و تاوانی کۆمەڵایەتی لەو وەرزەدا دەدا. دیارە هەرکام لەو ئۆرگان و دەزگایانەی ناوبراو کۆمەڵێک چالاکی و خولی تایبەت لەو وەرزە دا بۆ قوتابیان دەکەنەوە بەڵام بەهۆی لەبەرچاو نەگرتنی نیازو پێداویستییە سەرەکییەکانی قوتابیان و خوێندنەوەی هەڵەیان بۆ کاتی بەتاڵ و پشوو ئەو خولانە لەلایەن قوتابیان و لاوانەوە پێشوازییەکی ئەوتۆیان لێ ناکرێ.

بەڵام لە کوردستان بابەتی پشووی هاوینی کاتی بەتاڵی قوتابیان لەو وەرزەدا بابەتێکی جیاوازترە. گرفت و ئاستەنگە ئابوورییەکان، ئەم وەرزەی قوتابیانی کوردی لە کردەوەدا بە دەرفەتێک بۆ کار کردن و یارمەتیدانی بنەماڵەکان بۆ پەیدا کردن و پاشکەوت کردنی بژێوی خێزان گۆڕیوە. هەر بۆیەش پشووی هاوینی جگە لە ژمارەیەک لە منداڵانی بنەماڵە خۆش بژێوو دەوڵەمەند بۆ زۆربەی منداڵان و لاوانی کورد بریتییە لە شان وەبەردان و کارکردنی لە کوورەخانەو کارخانەکان و چوون بۆ دەسکەتەو بژارو کارکردن لە مووچەو باغ و مەزراکان و دەسگێڕی لە شەقامەکان شارەکاندا.

قوتابیان و منداڵانی کورد کە دەبوا لە کاتەکانی پشووی هاوینی دا بەپێی هۆگری و ئینتمای خۆیان وبە چالاکییە هونەری، وەرزشی و فێرکارییەکان بوار بۆ پشکووتنی تواناو ئیستعدادە دەروونییەکانیان خۆش کردبا، بەکردەوە لە

گۆڕەپانەکانی کارو پووکان و پڕووکانەوەداو لەرووی ناچارییەوە وزەو تواناو کاتە پڕ بایەخەکانی خۆیان لە پێناو یارمەتیدانی بژیوی خێزانەکانیان دا هەزرانفروش دەکەن. ئەمەش یەکێکی دیکە لە دەرنجامەکانی سیاسەتی هەڵاواردن و جیاوازیدانانی رێژیمی ئیسلامییە دەرحەق بە خەڵکی کوردستان.

## دەیەمین هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ئێران و چەند سەرنجێک!

جیاوازییەکانی دەیەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ئێران هەر لە سەرەتاوەو لە زۆر لاوە دیارو بەرچاو بوو کە گرنگترینیان لە لایەکەوە لانیکەمی بایکۆت و لە لایەکی دیکەوە لانی زۆری بانگەشەو پڕوپاگەندە بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بوو.

کۆمەڵگەی ئێران و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگە کە دوابەدوای وەدی نەهاتنی لانیکەمی گۆڕانەکان بە هۆی بزواتی رێفورمخوازییەوە تووشی جۆرێ داماوی و هیوابڕاوی هاتبووو ئەو دۆخە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی نۆیەمین خولی سەرۆک کۆماری و هاتنە ئارای کاراکتێری ئەحمەدی نژادی لێ کەوتبۆوە، ئەمجارەیان بەهەست کردن بە مەترسی و بە سەرنجدان بە ناکارامەیی سیاسەتی تەحریم و بایکۆت، هەموو هێزە گۆڕانخوازەکان و تەنانەت بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی نەیاری کۆماری ئیسلامییش تێکڕا لە سەر بابەتی بەشداری کردن بە مەبەستی وەلانانی ئەحمەدی نژادو هێنانە ئارای گۆڕان هاتنە نێوکایەی هەڵبژاردنەکانەوە.

کەشی هەڵبژاردنی دەیەمین خولی سەرۆک کۆماری لە چەند رووەوە گرینگ و تایبەت بوون:

. هەم لە بانگەشەکانی بەربژارەکانداو هەم لە ویست و داخوازەکانی کۆمەڵانی خەڵک دا زۆرترین و بانترینی ئاستەکان بەرچاو کەوتبوو. کۆمەڵانی خەڵک لە رێگەی حیزبەکان، رێکخراوو سەندیکاو گرووپەکانی خۆیانەوە داوا سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو مەدەنییەکانیان لەگەڵ بەربژارەکان دەهێنانە گۆڕێو بەربژارەکانیش وادەو بەڵێنەکانیان تا سنووری بەزاندنی هێڵە سوورەکانیش بردە سەرێ، بۆ وێنە مووسەوی وێڕای بەڵێنی گەڕاندنەوەی کەسێتیی حقووقی بۆ هاووڵاتیان و کرانەوەی کەشی سیاسی باس لە واژۆ کردنی کۆنڤانسیۆنی ژێنێڤی لە ئەگەری

هەڵبژاردنی بە سەرۆک کۆماریی ئێران دا کرد.

کەڕووبی وادەی بەشدار کردنی بڕاردەو کەمایەتییە نەتەوەییەکانی لە بەڕێوەبەریی (کەلان)ی حکوومەتی بە " کەمایەتییە نەتەوەیی و ئاینی یەکان"ی دەداو پێی لەسەر لابردنی هەرچەشنە ستەمو جیاوازی دانانێک لەسەر بنەمای قەومی و ئایینی دا دەگرت. موحسین رەزایی چەند هەنگاو لەوە زیاتریش چووە پێشو گوتی: ئەگەر ببمە سەرکۆمار، ئەوە ئێران بەسەر نۆ ناوچەی فیدراڵیی ئابووری دا دابەش دەکەمو بەڕێوەبردنی هەرکام لەو ناوچانەش بە دانیشتووانی ئەو ناوچانە دەسپێرم.

ـ بابەتی فرەنەتەوەیی ئێرانو وەک خۆیان گوتەنی "جۆراوجۆریی قەومی" لە لایەن بەربژارەکانەوەو لە پرۆپاگەندەکانی ئەوان دا سەرنج و گرینگیی تایبەتیی پەیدا کرد. کەڕووبی و مووسەوی، بەربژارەکانی سەر بە باڵەکانی سەر بە رەوتی ریفۆرمخوازیی حکوومەتی هەرکام بە دەرکردنی بەیاننامەی هەشت ماددەیی و سێزدە ماددەیی فوکوسیان لەسەر پرسی نەتەوەیی و سڕینەوەی هەلاواردنە مێژووییەکان لەسەر نەتەوە بن دەستەکانی ئێرانی دەکرد. ئەحمەدی نژادو رەزاییش بە لەبەر کردنی جلوبەرگی خەڵکانی ناوچەکانی رۆژئاوای وڵات لە دانی دروشم و وادەو بەڵێن کەمیان نەهێناو هێنانە گۆڕیی ویست و داخوازەکانی خەڵکانی ئەو ناوچانەیان کرد بووە ئاوردووی تەندووری هەڵبژاردنەکان. رۆلی ژنان لەکەشوهەوای هەڵبژارنەکان دا تۆخ و بەرچاو بوو. لەو نێوەدا هەم رێکخراوەو گرووپ و کۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی ژنان بە فورمولە کردن و خستنە بەر باسی داواکانیان بۆ بەربژارەکان و بەتایبەت بۆ دوو بەربژاری رێفۆرمخواز بە قورساییەوە هاتنە نێو کایەکەو بەربژارەکانیش وێڕای پشت بەستن و مەیدان پێدان بەژنانی دیار لە ستادەکانی هەڵبژاردن دا بەشدار کردنی ژنان لە پۆستە کلیدییەکانی حکوومەت و تەنانەت پەیوەست بوون بە کۆنڤانسیۆنی نەهێشتنی جیاوازییەکانی نێوان ژن و پیاوی ژنێڤیان خستبووە بەرنامەکانی خۆیانەوە. ئەمەش رۆڵی بەرچاوی لە هێزمەند کردنی کەمپینی هەڵبژاردنەکانی دوو پاڵێوراوی ریفۆرمخوازو کۆکردنەوەی پشتیوانی ژنان بۆ ئەو جووتە بەربژارە گێڕا.

ـ مناڤل"مناڤرە" لە دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامی دا یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم خولەی هەڵبژاردنەکان لە ئێران بوو. بوونی ئەو "مناڤرە" دووقۆڵیانە وێڕای گەرموگوڕی بەخشین بە کەشی هەڵبژاردنەکان لە چەند لاوە، کۆمەڵە دەرەنجامێکی بە قازانجی بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەلایەتیی ئێران لێ کەوتەوە. لە قاو دان و ئاشکرا کردنی گەندەڵییە ئابوورییەکان بە هۆی بەرپرسە هەرە پایەبەرزەکانی حکوومەتی و لە لایەن

بەربژارانی هەڵبژاردنەکانەوە کە بۆ خۆشیان لە مۆرە سەرەکییەکانی رێژیم و دامودەزگای حکوومەتی بوون، شکاندنی ئەو تابۆو بەزاندنی ئەو هێڵە سوورانە لە لایەن خودی بەربژارانەوە کە پێشتر باس کردنیان باسی سەرو سزای قورسی بە دواوە بوو، داننان بە قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و هێنانە گۆڕی ئامارو ئەرقامی پێوەندیدار بە بێکاری، ئاوسان، گرانی و چەواشەکارییەکانی رێژیم کە پێشتر حاشایان لێ دەکرا، دەکرێ وەک دەسکەوتێک بۆ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی دابنرێ کە دواتر چالاکانی مەدەنی بەپشت بەستن بەو فاکت و دیکومێنتانە دەتوانن خەبات و بزاوتی خۆیان بەرنە پێش.

ـ کەشی هەڵبژاردنەکان لە کوردستاندا تایبەت و جیاواز بوو. کارو کردەوەکانی ئەحمەدی نژاد لە ٤ساڵی رابردوو لە تەنیشت کارنامەی لاوازی رێفورمخوازەکان لە ماوەی ٨ ساڵی دەسەڵاتدارەتییان دا لە سەرەتادا جۆری ساردی و سڕی و خەم ساردی و بێ تەفاوەتیی گشتیی خەڵکی بەنیسبەت ئەو هەڵبژاردنانەوە لێ کەوتبۆوە. بەڵام لە نێو کۆمەڵی بژاردەکان و رێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان دا گەرموگوڕییەکی کەم وێنەو شەپۆلێکی نوێ بەمەبەستی گۆڕین وەرێ کەوتبوو کە سەرچاوەکەی بۆ داخراو بوونی کەشی سیاسی، سیاسەتی سەرکوت و بەهێند نەگرتنی ماف و داخوازو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان لە لایەن حکوومەت و خەبات لە پێناو گۆڕینی ئەو دۆخە ئارایییە دەگەڕاوە. دەرکردنی بەیاننامەیەک لە لایەن کەڕووبی، پاڵێوراوی ریفۆرمخواز کە بە دوای دانیشتنی یەکیەتیی دێموکراتیکی خوێندکارانی کورد، رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و بەرەی یەکگرتووی کورد لەگەڵ ناوبراو بڵاوکرایەوەو تێیدا بە ئاشکراو ئەگەرچی بە لانیکەم وادەی سڕینەوەی مافکوژی و پێشێلکارییەکانی ماف بە ژنان و نەتەوە بندەستەکان و شوێنکەوتووانی کەمینە ئایینییەکان درابوو، کەشی هەڵبژاردنەکانی خستە فەزایەکی دیکەوە.

نزیک بە تەواوی رێکخراوە مەدەنی و خوێندکارییەکانی چالاک و شوناس خوازی گۆڕەپانی نێوخۆی کوردستان، پشتیوانیی خۆیان لە بەربژارەکانی رێفورمخوازو بەتایبەت کەڕووبی راگەیاند. لە دەرەوەی وڵات و لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی نەیاری رێژیمیش دا حیزبی دێموکراتی کوردستان و پارتی ئازادیی کوردستان سیاسەتی بایکوتی هەڵبژاردنەکانیان وەلا ناو خەڵکی کوردستانیان بۆ بەشداریی لە خەباتێکی مەدەنی بە ناوی قۆستنەوەی هەل و دەرفەتەکانی هەڵبژاردن بۆ هێنانەگۆڕو داواکردن و دەستەبەر کردنی مافە سیاسی و مەدەنییەکان هان دا. لە وەها کەشێکی خولقاوو کاربۆکراوداو لە کوردستانی شوناس خواز دا ئیدی هەڵبژاردنەکان، فازی هەڵبژاردن لە نێوان خراپ و خراپتر یان دەنگی دژدان بە هەڵبژاردەو بەربژێری نیزامی تێپەڕاندو لە فازی نوێ دا هەلی دەنگدان بە ویست و داخوازە رەواکان هاتە کایەوەو لانیکەمی ئەم ماف و داخوازییانە لە بەرنامەو لێدوان و قسەکانی دوو

بەربژاری ریفۆرمخوازدا رەنگی دابۆوە.

ـ بە گشتی هەموو ئاراستەکانی هەڵبژاردنی دەیەمین خولی سەرکۆماریی ئێران هەوڵدان بۆ گۆڕین و گۆڕان و تێپەڕین لە دەسەڵاتی دژی گەلی و دژە مرۆڤی و قەیرانسازی ئەحمەدی نژادو بازنەی بڕیاردانی ئێستای وڵات بوو. ئاراستەکان وایان دەردەخست کە هەڵبژاردنەکانی ئەم دەورەیە لە فۆرمی خۆیدا جۆرە ریفراندۆمێک و "نا" گوتنێکی گشتی بەو جۆرە بەڕێوبەرییەی وڵاتە کە ئەحمەدی نژادو رێبەریی رژێم نوێنەرایەتیی دەکەن.

ئاکامی هەڵبژاردنەکان، پێشاندەری ئیرادەو ویستێکی گەورە بۆ گۆڕان لە نێو خەڵکی ئێراندا بوو. خەڵکی ئێران بە دژایەتی کردنی ئەحمەدی نژاد کاندیدای قۆڵی کۆنەپارێزو پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی، هەوڵیان دا پاشەکشە بە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی بکەن و رێگە بۆ گۆڕان لە کەشوهەوای وڵاتدا خۆش بکەن. بەڵام بڕیار بەدەستانی ئەو رژێمە تەنانەت رێگەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە چوارچێوەی ئەو رژێمەش دا نادەن، هەر بۆیە لە دژی ئاکامەکانی هەڵبژاردن و لە دژی دەنگەکانی خەڵکی ئێران، کودیتایان کردو ئەحمەدی نژادیان وەک براوەی ئەم هەڵبژاردنە راگەیاند. بەڵام خەڵکێک کە بەو گەرموگوڕی و شێلگیرییەوە بە نیازی گۆڕان هاتبووە نێو ململانێی هەڵبژاردن، ملی بۆ ئەم کودیتایەو بێ رێزی بە دەنگەکانی خۆی نەدا. هەر بۆیە لە سەرانسەری ئێران لە دژی ئەم کودەتایە هاتنە سەر شەقامەکان.

## گرینگیی خەسارناسیی ئیعتیاد لە نێوان ژنانی موعتاددا

لە خەسارناسیی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و لێکدانەوەی خەسارە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆر جار تووشی جۆری هەڵە تێگەیشتن دەبین وەک ئەوەی بڵێی کە زۆربەی ئەو دیاردانە پیاوانە بن و خەسارناسی و رۆچوون بە ناخی هۆکارو دەرەنجامەکانیش دا زۆرتر لە بازنەی زێهنییەتێکی پیاوانەدا قەتیس ماونەتەوە، لە حاڵێک دا ژنان بەپێی پێگەو جێو شوێنیان لە پێکهاتەی خێزانی دا یەکەمین و سەرەکیترین قوربانییانی دیاردەو خەسارە کۆمەڵایەتییەکانن.

ئێعتیاد بە مادده هۆشبەرەکان یەکێک لەو خەسارە کۆمەڵایەتییانەیە کە زۆرتر بە پێناسەیەکی پیاوانەوە باسی لێکراوەو زۆربەی زۆری خەڵکی پێیان وایە کە مادده هۆشبەرەکان و تووشبوون و بەکار هێنانیان جۆرە لادانێکە کە زۆرتر پیاوان تووشی دەبن و ژنان کەمتر دەکەونە داوی ئێعتیادەوە، تەنانەت جگەرەکێشانی کچان و ژنان لە کۆمەڵگای ئێران و کوردستاندا بە دژەباو و رەوشت خراپیی ژنان لێک دەدرێتەوە کەهۆکارەکەی بۆ بنەما نەریتی و نۆرمە جێکەوتووەکانی کۆمەڵگاکەمان دەگەڕێتەوە. بەڵام شاراوە مانەوەی دیاردەی ئێعتیاد لە نێو ژنان دا هەم بواری بۆ پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە لە نێو ژنان دا خۆش کردوەو هەمیش ئەوەی کە ئەم بوارەی نەداوە تا پانتاییەکی تایبەت دا خەسارناسی بکرێ و لە ئەو هۆکارو دەرەنجامانەی تووشبوونی ژنان بە ئێعتیاد بکۆڵدرێتەوە کە بە نیسبەت ئێعتیاد لە نێو پیاوان دا هەم جیاوازەو هەم تایبەت.

وەزارەتی بێهداشتی ئێران ژمارەی موعتادەکانی ژن یەک لە هەشتی حەشیمەتی موعتادی ئێران دادەنێ (١ ژنی موعتاد لە بەرامبەر ٨ پیاوی موعتاد) و بە پێی قسەی بەرپرسانی زیندانەکانی ئێران زیاتر لە نیوەی ژنانی بەندیی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ بەکارهێنان و کڕین و فرۆشتنی مادده هۆشبەرەکان دەسبەسەر کراون. هەر بەپێی ئەو ئامارو توێژینەوانە چیدی ناتوانین بڵێین کە ژمارەی کچ و ژنە موعتادەکان بەشی کەمینەی حەشیمەتی موعتادەکانی ئێران پێک دەهێنن، ئەوەش لە جێی خۆی کە بەهۆی ئەو جۆرە ببینین و روانگە تایبەتی و ناحەزانەی بۆ کچان و ژنانی موعتاد هەیە، زۆر بە کەمی کچان و ژنانی موعتاد خۆیان بە ناوەندەکانی خۆ ناسین و ناوەندەکانی چارەسەری و وازهێنان دەناسێنن و هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە شاراوە مانەوەی ئەو دیاردەیە لە نێو ژنان دا، بەشێکی بەرچاو لە حەشیمەتی ژنانی موعتاد لە ئامارەکانی پێوەندیدار بەو دیاردەیە حیسابیان بۆ نەکرێ.

رەگەز فاکتۆرێکی گرینگ لە دیاردەی ئێعتیاددا دەبینێ. بۆ وێنە دەبینی کە بە پێی ئەو رۆڵ و ئەرک و چاوەڕوانییانەی لە پێناسەی ژن لە کۆمەڵگادا بۆ ژنان لەبەر چاو دەگیرێ، بینینی ژنی موعتاد هەموو ئەو رۆڵ و چاوەڕوانییانە تووشی شێوان و خەوش دەکا. کۆمەڵگا تووشبوونی ژنان بە ئێعتیاد بە لادانێکی زۆر قورستر و شیاوی سزای قورستر لە چاو پیاوان دادەنێ و ئەگەر هێندێک جار ئێعتیادی پیاوان وەک نەخۆشی سەیر بکرێ، بەڵام لە ژنان دا هەر ئەو دیاردەیە بە لادان و خەوشدار کردنی کەسێتی ژنی موعتاد دادەنرێ.

ئێعتیاد لە نێو ژنان دا باسێک نیە کە بتوانین بە خێرایی بە تەنیشتی دا تێ بپەڕین. بە بڕوای زۆربەی

کارناسەکان خەسار و زیانەکانی تووشبوونی ژنان بە مادده هۆشبەرەکان زۆر زیاتر لەو زیانەیە کە لە سۆنگەی ئێعتیادی پیاوانەوە تووشی کۆمەڵگا دەبێ، لەبەر ئەوەی کە تووشبوونی ژنان بە داوی ئێعتیاد زۆر خەسارو دیاردەی دیکەی لێدەکەوێتەوە کە توندوتیژی و راکردن لە ماڵ و پەنا بردنە بەر دزی و لەشفرۆشی تەنیا بەشێک لەو دەرەنجامانەیە کە لەو سۆنگەیەوە ژنانی موعتاد تووشی دەبن. لەلایەکی دیکەشەوە لە کاتی تووشبوونی ژنێک بە دوای ئێعتیاد ئاکام و خەسارو دوا دەرەنجامەکان هەر تایبەت بە خۆی نامێنێ، بەڵکوو خێزان و کەسانی دەورووبەریشی تێوەدەپێچێ و نەک هەر لەسەر منداڵەکانی کاریگەریی زۆر خەراپ دادەنێ، بەڵکوو خێزانەکەش بەرەو لێک ترازان و هەڵوەشان دەبا، ئەوەش ئاکامی ئەو جۆرە روانگە و بینینە بۆ ئەو جۆرە خێزانانەیە کە ئەندامی ژنی ئەو خێزانانە تووشی ئێعتیاد بووە. لە رووی ئاکامە زیانبارە جەستەیی و دەروونیەکانیشەوە ژنانی موعتاد زیاتر دەبێ باجی تووشبوونەکەیان بدەن. بەپێی قسەی راوێژکاران و پزیشکانی بە هاناوە چوونی تووشبوان بە مادده هۆشبەرەکان مەودای زەمەنیی یەکەم ئەزموونکردنی ماددەی هۆشبەر تا تەزریقی مادده هۆشبەرەکان لە ژنان دا ۱ تا۲ ساڵە، بەڵام بەپێی سروشتی ئەو مەودا زەمەنییە لە پیاواندا ۸ ساڵە، رێژەی مردن بەهۆی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە ژنان دا هەم زیاترو هەم خێراترە. لە کاتی وازهێنان و ئەگەری چارەسەریش دا ژنانی موعتاد بەهۆی ئەرکە تایبەتیەکانی پێڕاگەیشتن بە مێردو منداڵ کاتێکی لەبارو گونجاویان بۆ خۆدیتنەوەو بە هێزکردنەوەی خۆیان نامێنێ. ئەوەش لە جێی خۆی کە هەر بەهۆی پیاوانە بینینی دیاردەی ئێعتیادەوە هیچ چەشنە ناوەندێکی چارەسەری و وازهێنان بۆ ژنانی موعتاد لە ئارا دانیەو ئیمکانات و پلانرێژییەکانی ئەو جۆرە ناوەندانە کە ژمارەشیان زۆر کەمە تایبەت بۆ پیاوانی موعتاد لەبەر چاوگیراوە. رۆڵی پیاوان لە پرسی ئێعتیادی ژنان و هاندانیشیان بۆ وازهێنان یەکێکی دیکە لە باسە گرینگەکانی مەبەستی ئەم وتارەیە. بە سەرنجدان بە ئامارەکان، وتووێژو توێژینەوەکان زۆربەی هەرە زۆری ژنانی موعتاد یان باوک و برا یان مێردی موعتادیان هەیە یان بەهۆی پیاوانەوە تووشی لادانێکی کۆمەڵایەتیی بوون و لەو سۆنگەیەشەوە پەلکێشی ئێعتیاد کراون. لە کات یان ئەگەری وازهێنانیش دا بەو هۆیەوە کە ژنانی موعتاد خاوەن هاوسەری موعتاد لە بواری ئابوورییەوە سەربەخۆ نین و چاو لە دەستی مێردەکانیانن، نە دەتوانن مێردەکانیان بۆ وازهێنان هان بدەن و نە دەشتوانن پشتگیری هاوڕێیەکانیان بۆ وازهێنانی خۆیان وەدەست بێنن و بەهۆی بینینی تایبەتیی کۆمەڵگاش بۆ کەسانی بێوەژن، وازهێنان لە ژیانی هاوبەش و تەڵاق وەرگرتن و جیا بوونەوە یان لە هاوسەرەکانیان تووشی تێچوویەکی زۆریان کاو بە ناچاری درێژە بەو ژیانە نالەبارە بدەن. تووشبوونی ژنان بە ئێعتیاد جگەبە هۆکاری گرینگی هاوژینی لەگەڵ پیاوانی موعتاد زنجیرە هۆکارێکی دیکەشی لە پشتە. نەبوونی وشیاری و زانیاریی پێویست، هەبوونی کەمەڵێک دەنگۆو باوەڕی غەڵەت و بێ بنەمای وەک ئەوەی مادده

هۆشبەرەکان بەتایبەت حەشیش چاو خومار دەکەن و هێزی سێکسی زیاد دەکەن، لە خۆدا شک نەبردنی تواناو لێهاتوویی بۆ دۆزینەوەی هەلی کارو بردنە سەرێ پێگەی کۆمەڵایەتی، لە دەستدانی هێزی بڕوا بەخۆبوون لە کاتی نەگەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکان، ژیان لە بنەماڵەیەکی شێواو بێ دیسیپلین، یاخی بوون لە نۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکان و کارتێکەریی هاوڕێی نەباش کۆمەڵە پاڵنەرو هۆکاری دیکەن کە سەرنج و ئینتیمای ژنان بۆلای ماددە هۆشبەرەکان رادەکێشن.

دەرەنجام و ئاکامەکانی ئێعتیاد لە ژنانیش دا هەڵگری کۆمەڵێک خەسڵەتی تایبەتن.

لە تەنیشت ئەوەی کە وازهێنان بۆ ژنانی موعتاد زۆر دژوار و ئیمکانات و رێوشوێنەکانی ئاسانکاریی وازهێنان بۆ ژنان زۆر کەم و دەگمەن و کاریگەرییە جیسمی و رۆحییەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لە سەر لەش و دەروونی ژنانی موعتاددا زۆر بەرهەست و پڕ دیارە، کۆمەڵە دەرەنجامێکی دیکەش هەن کە بەرهەمی ئێعتیاد لە ژنان دایە:

ئاکامی گەلێ لێکۆڵینەوە ئەوەمان پێدەڵێن کە ژنانی موعتاد بە ئەلکۆڵ و ماددە هۆشبەرەکان زۆر زیاتر لە ژنانی دیکەنە دەکەونە بەر تەوژمی توندوتیژیی کەسانی دەورووبەریان. تووشبوون بە خەمۆکی و لە دەستدانی هیوا بە ژیان و پەنا بردنە بەر خۆکوژی لە نێو ژنانی موعتاددا زۆر دیارو بەرچاوە. ئێعتیاد هەروەها کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر ژنانی دووگیان و منداڵەکانیان هەیە. بەشی زۆری ژنانی دووگیانی موعتاد منداڵەکانیان لەبار دەچێ یان ئەوەی کۆرپەکانیان ناتەواوو کەمئەندام دەبن یا خۆ کێشیان سروشتی نیەو هەڵنادەن. لە ئاستی کۆمەڵایەتیش دا ناسناوی بەدڕەوشت و ژنانی هەرزەو سووک هەردەم لەگەڵ ژنانی موعتاد دایەو وەک نێچیرێکی لەبار لەلایەن کڕیارانی سێکسییەوە سەیریان دەکردرێ. هەر ئەوەش کۆسپی سەرەکیی رەهەندی چارەسەریی و وازهێنانی ژنانی موعتادیشە. پەنا بردنە بەر تاوانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک دزی، لەشفرۆشی و پەرەسەندنی خەسار گەلێکی وەک نەخۆشی ئایدزو چوونە سەرێ رێژەی تەڵاق لەبەر یەک هەڵوەشانی نیزامی پەروەردەیی خێزانی لە دەرەنجامەکانی دیکەی ئێعتیاد لە نێو ژنان دایە.

دوا وتە ئەوەی کە سەرنجدان و بایەخ پێنەدان بە پرس و کێشەی ئێعتیاد لە نێو ژنان داو پلانرێژی و دانانی رێوشوێن و مکانیزم بۆ کۆنترۆڵ و بەرەو رووبوونەوەی ئەم دیاردەیە لە داهاتوویەکی زۆر نیزیک دا کۆمەڵگای ئێران تووشی خەسارو قەیرانێکی زۆر قووڵ دەکا.

## ئیعتیاد و زیانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی لە کۆمەڵگادا

ئیعتیـاد لە هەمـوو کۆمەڵگەکـان دا پەرە بە دیـاردەی بێکـاریی دەدا. ڕێـژەی بێکـاریش پێوەنـدیی راسـتەوخۆی بە وەبەرهێنان و گەشەی ئـابووری کۆمەڵگەوە هەیە. کۆمەڵگە چەندی مو عتـاد هەبێ، ئەوەنـدەش لە هێـزی کـار و وەبەرهێنان بێ بەشە. زیانەکانی ئەو بێ کاری و کاریگەرییەکەی لە سەر ئابووریی کۆمەڵگە ئەو کاتە پتر دەبێ و زیـاتر دەردەکەوێ کە کـۆمەڵگەی لاوی وڵات تووشـی ئەو قەیـرانە بـن. هۆکـاری ئەمەش روونە کە ئەگەرچـی لاوان هێزی بە هێزی هەمـوو چـالاکی و گوڕ و تین و وەبەرهێنـان و پێشکەوتنێکن، بەڵام قوربانیـانی سـەرەکیی دیـاردە کۆمەڵایەتیکانیشـن و لە ریـزی پێشـەوەی ئەو خەسـار و زیانـانەدان کە بەرۆکـی کۆمەڵگـا دەگـرن. ئەوەش لە جێـی خۆی کە سەرمایەیەکی ماددیی زۆری کۆمەڵگە بە جێێ تەرخـان کرانـی بـۆ پـرۆژە خزمەتگوزارییەکـان، پرۆژەکـانی وەبەرهێنـان و ئـاوەدان کـردنەوە سـەرفی ساتوسـەودا و بـازرگـانی بە مـادە هـۆ شـبەرەکان دەکـرێ و ئەو سـەرمایە ماددییە زۆر و زەوەندە بە جێی قازانج گەیاندن بە کۆمەڵگە، بە زیانی کۆمەڵگە وەرگەڕ دەخرێ و کۆمەڵگە تووش بە تووشی کێشە و قەیرانی مەترسیدار دەکا.

روویەکی دیکەی پێوەندیی نێوان ئیعتیاد و بێکاریی، پەرەسەندنی هەژاری لە کۆمەڵگە دایە. لەو نێوەش دا بێ لە بەرچاو گرتنی جۆرەکانی هەژ اری و بەستێنەکانی دەبـێ ئەوە قبـووڵ بکەیـن کە هە ژاری لە دوو لاوە کـاریگەریی گرینگیـان لە سـەر ژیـانی کـۆمەڵایەتی خەڵـک هەیە. لە لایەک ژیـانی بنەماڵەکـان هەڵ دەتەکێنـێ، سـەرمایەی کولتووری و پەروەردەیی کۆمەڵگە دادەبەزێنـێ و تـاکەکـانی کۆمەڵگەی هەژار تووشی جۆرەهـا زیـانی کۆمەڵایەتی و دەروونـی دەکـا و لە لایەکـی دیکەشەوە نایەکسـانیی وەبەرهێنـان و بە کـارهێنـان لـێ دەکەوێـتەوە. بەو مانـایەی کە بەشـێکی هەرە زۆری داهـات بـۆ ڕێژەیەکـی زۆر کەمـی کـۆمەڵگە دەبـێ و بەشـی هەرە زۆری کـۆمەڵگەش لەگەڵ گرفتەکانی دەست پێ راگەیشتن بە پێداویستییە سەرەکیەکانی ژیان بەرەو روو دەبن

### کۆمەڵایەتیی

ئیعتیاد خۆی وەک لادانێکی کۆمەڵایەتیی کاریگەریی نەرێنیی لە سەر زۆر کێشە و دیاردەی کۆمەڵایەتی دیکە هەیە. بۆ وێنە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان ڕێژەی تـاوان و تـاوانکـاری لە کۆمەڵگە دا بەرز دەکـاتەوە. توندوتیژی،

دزی، لەشفرۆشی و چوونە سەرێی رێژەی تەلاق و کەمبوونەوی زەواج و هاوسەرگیریی بەشێک لە کاردانەوەی ئیعتیاد بە مادە هۆشبەرەکانن. بۆ وێنە ئەگەر لە بنەماڵەیەک دا باوک موعتاد بێ، ئەوا بەر لە هەموو شتێک ژنی ماڵ مێردێکی بەرپرسیار و منداڵەکان باوکێکی دەروەستیان لە دەست داوە. باوکی موعتاد دەتوانێ هۆی هاندان و سەرچەشن بۆ بنەماڵەکەی بۆ لای ئیعیتاد بێ. بە تایبەت کە ئەزموونەکان سەلماندوویانە کە تاکی موعتاد بۆ خۆ دەربازکردن لە لۆمە و تیرو توانجی دەوربەری هەوڵی بە موعتاد کردنی هەموو ئەو کەسانەی دەروبەری خۆی دەدا. هەر لەو بنەماڵەیەی باسمان کرد ئیعتیاد دەبیتە هۆی پێرانەگەیشتن و پەروەردەیەکی ناساڵم و ناتەندروست. منداڵانی ئەو جۆرە بنەماڵەیە زۆربەیان واز لە خوێندن دێنن و بەرەو لادانە کۆمەڵایەتیەکان دەچن.

هەژاری، دەسکورتی، پەنا بۆ دزی بردن و تەنانەت لەشفرۆشی و کەوتنە زیندان دەتوانێ کاردانەوەی ئیعتیاد لە سەر ئەو بنەماڵانە بێ کە گەورەی ماڵ یان ئەندامەکانی دیکەی بنەماڵەیان تووشی ئیعتیاد بووە.

هەروەها ئیعتیاد رێژەی خۆکوژی، خەمۆکی و نەخۆشی گەلێکی مەترسیداری وەک ئایدز لە کۆمەڵگەدا بەرز دەکاتەوە. بێ متمانەیی، بێ هیوایی و کاڵ بوونەوەی بەها کۆمەڵایەتیەکان بەشێکی دیکەی دەرەنجامەکانی پەرەسەندنی ئیعتیاد لە کۆمەڵگە دان.

---

## ئەو کتێبانەی د. قاسملوو نووسیوونی، یا دە بارەی ئەودا نووسراون

لە دوکتور قاسملوو، بیرمەندی گەورەی کورد دوو کتێبی چاپکراوی "کوردستان و کورد" و "چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی" داو هەروەها نامیلکەی "کورتە باسێک لەسەر سوسیالیزم" بە یادگار بۆ نەتەوەکەی بەجێ ماوە. لەدوای شەهید بوونیشی کۆکراوەی بەرهەمەکانی و کۆمەڵێک کتێب سەبارەت بە رۆڵی دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد و رەوشی پەروەندەی تیرۆری وییەن و کەسایەتیی دوکتور قاسملوو نوسراون و بە چاپ گەیشتوون. لێرەدا هەوڵ دراوە ئاماژە بە بەشێک لەو بەرهەم و پەرتووکانە بکرێن کە بەرهەمی دوکتور قاسمملوون یا لەسەر کەسایەتی و رۆڵی ئەو لە بزووتنەوەی سیاسی کورد دا نووسراون:

## چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازای

" چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی" دا بەرگی یەکەمی کورتەیەک لەمێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە دوکتور قاسملووی مەزن ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لەسەر پەسەندی دەفتەری سیاسیی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات و بە بۆنەی چلەمین ساڵی دامەزرانی حیزبەوە نووسیویەتی.

" چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی " کە تا ئێستا چوار جار لە چاپ دراوەتەوە، لە سێ فەسڵ پێک هاتوە و باس لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان تا کودیتای ٢٨ ی گەلاوێژ ی ١٣٣٢ ی هەتاوی لە ئێراندا دەکا. دوکتور قاسملوو بەتەما بوو بەرگی دووهەم و سێهەمی ئەو کتێبەش وەک کورتەیەک لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان بنووسێ، بەڵام ئەو کارە بەهۆی هەلومەرجی تایبەتی خەبات و لە ماوەی پێش بینی کراودا نەکراو لە دوای شەهید بوونیشی ئەم ئەرکە خرایە ئەستۆی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە و ناوبراو لە ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی دا درێژەی کارەکەی دوکتور قاسملووی لە ژێر ناوی "نیو سەدە تێکۆشان" لە دوو بەرگ دا بە ئەنجام گەیاند.

## تاڤگەی حەقیقەت

تاڤگەی حەقیقەت کە لەسێ بەرگ دا چاپ و بڵاو بۆتەوە، لە راستیدا کۆکراوەی بەشێک لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملووی مەزنەو کاوە بەهرامی ئەرکی سەرپەرستی کردن و کۆکردنەوە و بە چاپ گەیاندنی ئەو بەرهەمانەی لە توێی سێ بەرگ دا وەئەستۆ گرتوە. جگە لە کورتە باس و شیکردنەوەی کورتە باس، وانەکانی ئابووریی سیاسی، باسێک لە سەر مودیرییەت، وتووێژە چاپەمەنی یەکانی دوکتور قاسملوو لەگەڵ رۆژنامەو گۆڤارە بیانیو نێو خۆییەکانی کوردستان، وتووێژە رادێویی‌یەکانی دوکتور قاسملوو، پەیامو نامەکانی دوکتور قاسملوو بۆ کەسایەتییە سیاسییەکان، وتارە رادێوییەکان، وتەکانی شەهید قاسملوو لە کۆبوونەوەکانی حیزبی، بەشێک لە مژارو بابەتەکانی تاڤگەی هەقیقەت لە سێ بەرگی چاپکراوی دان.

## ئیسکۆرت بەرەو تاران

کتێبی "ئیسکۆرت بەرەو تاران" نووسینی پیتەر پلیچ، مافناس و سەرۆکی حیزبی کەسکەکانی وڵاتی ئوتریشە. ئەم

کتێبە بە گشتی دیکۆمێنتی تیرۆری ڤیەن و وردەکاریی بە دوادا چوونە پۆلیسی و قەزاییەکانی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانیەتی. ئەگەر چی نووسەر بۆ نووسینی ئەو کتێبەو کۆکردنەوەی

زانیارییەکانی پێوەندیدار بە رووداوی تیرۆرەکە دەستی ئاوەڵا نەبووەو ئەو دیکۆمێنتە پۆلێن کراوانە لەلایەن دەزگای پۆلیسو بەشی دژی تیرۆری ئۆتریشەوە گوزینشی لە بەردەستی ئەو داندراون، بەڵام پیتیرپلیچ بەزیرەکیو شیلگیریو وردبینیی تایبەتەوە وردترین زانیارییەکانی پێشو پاش تیرۆر کردنی دوکتور قاسملووی کۆکردۆتەوەو بەروونی پەردە لە سەر سناریۆی پووش بەسەرکردنی پەروەندەی تیرۆرەکەو پیشێل کردنی یاسای وڵاتەکەی لادەداو رێککەوتنو سازانی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی ئوتریشو کۆماری ئیسلامی بە نرخی بەستنی پەروەندەی تیرۆی دوکتور قاسملوولە قاو دەدا.

ئەوی بۆ نووسەری ئێسکۆرت بەرەو تاران گرینگ بووە، ئەوەیە کە کردەوەو رەفتاری ناقانوونیو دزێوی سیاسەتڤانانو دەسەڵاتبەدەستانی وڵاتەکەی لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆری سکرتێری حیزبی دێموکرات لە پێناو بەرژەوەندیی ئابووری دا ئاشکرا بکاو لە قاوی بدا. شایانە باسە ئەم کتێبە بە هۆی حەسەن ئەیوبزادە لە زمانی ئاڵمانییەوە کراوە بە کوردی.

## قاسملوو لە رێبازیدا زیندوە

کتێبی " قاسملوو لە رێبازی دا زیندوە" لە نووسین و ئامادەکردنی قادر وریایە. نووسەر کتێبەکەی بە ٤ فەسڵ دابەش کردوە. فەسلی یەکەمی کتێبەکە هەڵبژاردەیەک لەو وتارو نووسینانەی نووسەری لە خۆگرتوە کە بەبۆنەی تایبەتو لەیادی دوکتور قاسملوو دا نووسراون. فەسلی دووهەمی کتێبەکە تایبەتە بەو وتارو وتووێژانەی دوکتور قاسملوو کە نووسەر وەری گێراونە سەر زمانی کوردی. لە فەسلی سێهەم دا کۆمەڵێک لە پەیامی هاوسۆزیو هاوخەمیی حیزبو رێکخراوو کەسایەتییە سیاسییەکان بڵاو کراوەتەوە کە بەبۆنەی تیرۆری دوکتوری قاسملووی نەمرەوە نووسراونو بۆ حیزبی دێموکرات نێردراون.

فەسلی چوارەمو دوایین بەشی کتێبی" قاسملوو لە رێبازی دا زیندوە" بۆ باسێک لە پێوەندی لەگەڵ پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملووو بەدوا دا چوونی ئەو پەروەندەیە دا تەرخان کراوە.

## خولیاو مەرگی قاسملووی کورد

" خولیاو مەرگی قاسملووی کورد" بەرهەمی رۆژنامەنووسی ڤێنزوئیلایی، کارول پرۆون هووبێر، دۆستی نیزیکی دوکتور قاسملووگەلی کوردە. ئەو کتێبە هەروەک لە پێشەکییەکەی دا هاتوە، بەشێک لە ژیانو خەباتی دوکتور قاسملووو گۆشەیەک لە سەر بردەی پڕ دەردو مەینەتو هەوڵو خەباتی دوکتور قاسملووو نەتەوەی زۆر لێکراوو رزگاریخوازی کورد دەخاتە بەر چاو. ئەم کتێبە بە دوو زمانی ئیسپانیولیو ئینگلیسی چاپو بلاو بۆتەوەو لەلایەن" فەتاح کاویان" بە زمانی کوردی تەرجومە کراوەتەوە. کارول پرۆنهووبێر بۆ نووسینی ئەو کتێبە چەندین جار لە نێوخۆو دەرەوی کوردستان لەگەڵ دوکتور قاسملوو وتووێژی راستەوخۆی کردووەو بۆهەر چی زیاتر دەرخستنی باری کەسێتیو لایەنی تیرۆر و پەروەندەی قەزاییی تیرۆر دوکتور قاسملوو سەردانی زۆر ولات و کەسایەتیی سیاسیی وەک ئەحمەدبن بیلا، سەرۆک کۆماری پێشووی ئەلجەزایر، بێرنارد کۆشنێر وەزیری کاروباری دەرەوەی فەرانسە، پیترپیلیچ، سەرۆکی حیزبی سەوزەکانی ئوتریش، ئوسوالدکپ ِسیلیر، بەرپرسی پۆلیسی ئوتریش، جەلال تالەبانی، سەرکۆماری عێراقو دەیان کەسایەتیی سیاسی، ئەدەبیو حقوقیی دیکەی کردوە. ئەم کتێبە بەگشتیو بەکورتی باس لە مێژووی کورد، رەوتی سیاسیی بزووتنەوەی کورد دوای راپەرینی گەلانی ئێران (١٩٧٩)، ژیانو کەسایەتیی دوکتور قاسملووو لێکولێنەوە لە پەروەندەی تیرۆری ڤییەن دەکا.

## عەبدولرەحمان قاسملوو، ژیانو رۆڵی سیاسیی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد دا

ئەم کتێبە تویژینەوەیەکی مێژوویيو سیاسییە کەباس لە ژیانو رۆڵی سیاسیی دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد لە ساڵانی ١٩٣٠ تا ١٩٨٩ دا دەکاو لە بنەڕەتدا تێزی ماستەر (فەوقەلیسانسی) هۆشمەند عەلی مەحموود شیخانی یە کە پێشکێش بە بەشی مێژووی کولێژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە کراوە.

ئەم توێژینەوەیە لە پێنج بەشی سەرەکی پێک هاتوە: بەشی یەکەمی ئەو توێژینەوەیە بۆ باسێک لە سەر ژیانو کەسێتیی دوکتور قاسملوو لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی دا تەرخان کراوە. لەبەشی دووهەم دا رۆڵی سیاسیی دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد لە ماوەی دەسەلاتدارەتیی رێژیمی پاشایەتی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٥ تا ١٩٧٨ خراواتە بەر باسو لەبەشی سێهەم دا ئاماژە بە رۆڵی رێبەریی دوکتور قاسملوو لە بەرەوپێشبردنی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانو گەلی کورد لە قۆناغەکانی دەسەلاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی

تا کاتی تیرۆر کرانی کراوە. بەشی چوارەمی ئەو توێژینەوەیە باس لە هونەری دیپلۆماسیی قاسملووی نەمر لەگەڵ بزووتنەوەو حیزبە سەرتاسەرییەکانی ئێران، باشووری کوردستان، باکووری کوردستان، ڕۆژ ئاوای کوردستانو ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا. بەشی کۆتایی ئەم توێژینەوەیە تایبەت بە هونەری دیپلۆماسیی دوکتور قاسملوو لە ناساندنی کێشەی کورد بە جیهانی دەرەوەو بەرۆژەڤ کردنی پرسی کوردو دامەزراندنی پێوەندیی کورد لەگەڵ دنیای دەرەوە کراوە.

## دوکتور قاسملوو بانگا ئاشتیو ئازادی‌یە

ئەم کتێبە کۆکراوەی بەشێک لەوتارو نووسینو ژیاننامەی دوکتور قاسملووی مەزنە کە شەهاب خالیدی کۆی کردۆتەوەو بە زاراوەی کرمانجیی سەروو وبە پیتی لاتین بەچاپی گەیاندوە.

چەند بەشێکی ئەم کتێبە بریتیی‌یە لە: دوکتور قاسملوو و بزاڤی ئازادیخوازانەی کورد، دوکتور قاسملووو بزاڤی سەرتاسەریی ئێران، ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە ڕێبەریی حدکو بەشێک لە وتووێژە چاپەمەنیو رادیۆیی‌یەکانی دوکتور قاسملوو.

## دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی مۆدێردنو شۆرشگێرێکی دێموکرات

کتێبی" دوکتور قاسملوو، ڕێبەرێکی مۆدێرنو شۆرشگێرێکی دێموکرات" کۆکراوەی کۆمەڵێک لێدوانو بیرورای نووسەران، سیاسەتمەداران و ڕۆژنامەنووسان سەبارەت بە دوکتور قاسملووە کە لەلایەن کاوە بەهرامی‌یەوە ئامادەی چاپ کراوەو بڵاو کراوەتەوە. ناونیشانی چەند فەسلێکی ئەو کتێبە بریتین لە: دوکتور قاسملوو لە ئاوێنەی ڕێکخراوو کەسایەتی‌یە سیاسییەکانەوە، یادی ١٠ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، ڕۆڵی دوکتورقاسملوو لە سەربەخۆیی سیاسیی حیزب دا، دوکتور قاسملوو پێغەمبەری ئاشتی،و دێموکراسیی راستەقینە لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووە.

ڕێکەوت: جۆزەردانی ١٣٨٨ - جوونی ٢٠٠٩

## راکردن یان ڕاوکردنی سەرمایەکان

ڕووداوە سیاسییەکانی دوای کودیتای هەڵبژاردنی دەیەمین خولی سەرۆک کۆماری لە ئێران لە زۆر لاوە کاریگەرییی لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئێران داناوە. یەکێک لەو کاریگەرییانە هاتنەوە بەرباس و تین و گوڕ بەخشین بە دیاردەی کۆچ بۆ هەندەران و جێهێشتنی وڵاتەکەیان بەتایبەت لە نێو توێژی لاوان و خوێندەوارانـدا زیـاتر بەرهەست و دیـارە. ڕۆژنامـەی "مـردم سـالاری" بـە ئامـاژە بـە وتـووێژێکی "بریتابـارون"، ڕاگـری کـولیژی "ئـالبێرتۆ"ی کانـادا لەگـەڵ هەواڵـدەریی ئاسۆشـیتێد پـرێس بـاس لـە شـاڵاوی خوێنـدکارە ئێرانییـەکان بـۆ سـەر زانکۆکـانی ئـەو وڵاتـە دەکـاو دەنووسـێ کـە ڕێـژەی وەرگیرانـی خوێنـدکارە ئێرانییـەکان لـە هـاوینی ئەوسـاڵداو بـۆ خوێنـدنی سـاڵی نـوێی زانکۆکـان ٦٠ لـە سـەد زیـادی کـردوە. دوکتـور بریتـا بـارون لـە حاڵێکـدا کـە پێخۆشبوون و خۆشـحاڵیی خـۆی لـە وەرگرتنـی بژاردەکـانی ئێـران ناشـارێتەوە، بـە ئاسۆشـیتێد پـرێس دەڵـێ ڕووداوە سیاسـییە نێوخۆییەکانی چەند مانگی ڕابردووی ئێران کاریگەریی زۆری لەسەر ئەو دیاردەیەو بێ هیوا کردنی لاوانی ئێران لە ژیـان لـەو وڵاتـەدا کـردوە، نـاوبراو دەڵـێ زۆربـەی نیزیـک بـە تـەواوی ئـەو خوێنـدکارە ئێرانییانـەی ئێمـە وەرمـان گرتوون، ئاستی زانستیی بەرزیان هەیەو خزمەتی شایان بە پاشخانی زانستیی وڵاتەکەمان کانادا دەکەن.

دیاردەی کۆچ و گۆڕینی شوێنی ژیان دیاردەیەکی سروشتی و کۆنباوی کۆمەڵایەتییە، بەڵام ئەوەی کارناس و توێژەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئێرانی تووشی نیگەرانیی زۆر کردوە، پەرەسەندنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیـاتری ئـەو دیاردەیـە لـە کۆمەڵگـەی ئێـران دایـە کـە لـە تەنیشـت کەمتەرخـەمی و بـە هێنـد نـەگرتنی کاربەدەسـتانی حکوومەتـەوە، ئـەوە کۆمەڵکەی ئێرانە کە دەبێ تێچووی زۆرو زەوەندی ئەو کۆچ و کۆچبارو ڕاکردنی سەرمایە فیکری و هزرییەکانی وڵات بداو بە تایبەت کە کۆچی زیاتر لە ٩٠ لە سەدی ئەو بژاردانە، کورد گوتـەنی "سـەفەری بـێ گەڕانەوەیـە". یـەکێک لە گرفتەکانی بـەردەم ئـەو دیاردەیـە شـاراوە مانـەوەی ئـەو خەسـارە کۆمەڵایـەتییە کـە سـەرەڕای ئـەوەی لـە سـاڵدا نیزیک بە ٢٥٠ هەزار کەسی خوێندەواری خاوەن بڕوانامە، کۆمەڵگەی ئێران جێ دەهێڵن، بـەڵام هێشـتا کارناسـانی هێـزی مرۆیـی و کاربەدەسـتانی حکوومـەتی یـا لـە مەترسـیی ئـەو کێشـەیە تێناگـەن و تێنەگەیشـتوون، یـان بـە خەمساردییەوە لە تەنیشتی تێپەڕیون.

ڕەوتی ڕاکردنی بژاردەکانی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتداریتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا سێ قۆناغی زەمەنیی بڕیوە:
ـ شەپۆلی یەکەم ڕۆژەکانی سەرەتای کلپە ئەستاندنی شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی پێکرد کە بەشێکی بەرچاو لە بژاردەکـان و هێـزی کـاری پسپۆر لـە بەشـەکانی دەوڵـەتی و گشـتی دا لـە ترسـی توندوتیژییـەکانی شـۆڕش و سەرهەڵدانە خوێناوییەکەی ئەوکاتی ئێران ملی ڕێگەی هەندەرانیان گرت. بایەخی دۆلاریی ئەو قۆناغـە لـە کۆچباری بژاردەکانی ئێران بە چوار سەد میلیارد دۆلار لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاویدا مەزەندە کراوە.

ـ شەپۆلی دوویەمی ڕاکردنی بژاردەکانی ئێران هاوکات بوو لەگەڵ دەسپێکی شەڕی ئێران و عێراق و پاکانە حیسابە نێوخۆییەکانی ئێران. بەشی هەرە زۆری هێزی مرۆیی پسپۆرو ئاکادیمیی وڵات کە بە تایبەت بەشێکی زۆریـان دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ نێوخۆی وڵات گەڕابوونەوە، لەو قۆناغە زەمەنییەی ٨ ساڵەدا ئێرانیـان چـۆڵ کردو لە وڵاتە سەنعەتی و خاوەن سیستمە سیاسییە سەقامگیرەکاندا گیرسانەوە.

شەپۆلی سێیەمیش کە بە تایبەت لەم ساڵانەی دوایی دا ڕەوتێکی خێرای بە خۆیەوە گرتـوە تایبـەت بـە قۆنـاغی دوای شەڕی ٨ ساڵەو ئاڵۆزییە سیاسییەکانی ئێران و دیارکەوتنی قەیرانە ئابووری و زانستی و کۆمەڵایەتییـەکانی نێوخۆی وڵاتە. سەیر ئەوەیە کە لە کاتێک دا بە پێی ئاماری ڕەسمی ٩٢ لە سەدی لاوانی سەرکەوتووی ئێرانـی لـە ئولەمپیادە زانستی و تەکنیکییە نێودەوڵەتییەکاندا لەسەر پێشنیاری زانکۆکانی دەرەوەی وڵات، ئێران بە جێ دێڵن و بە تـاق و لۆقەش ناگەڕێنەوە، بەڵام کاربەدەستانی حکوومەتی وەک نە بایان دیبێ و نە بۆران و نەک لە خـەمی مشوورخواردنێکی ئەو کارەساتەدا نین، بەڵکوو بەشێکی سەرەکی لـە پلانرێژانی سیاسیی وڵات خۆشحاڵیی خۆشیان لەو دۆخەو لە پاکژ! کردنەوەی کۆمەڵگەی ئێران ناشارنەوە.

بەڵام لە جێدا هێنانەگۆڕێی ئەو پرسیارە ئەگەر چەند پاتەش بێ هەر پێویستە کە بۆ ئەو ڕەوتی کۆچکردنە هـەر بەردەوامە؟ دوو هۆکاری سەرەکیی "پاڵ پێوەنان" و "ڕاکێشان" کۆمەڵگەی ئێرانی تووشی قەیرانی ڕاکرنی مێشکەکان و کۆمەڵگەی دەرەوەشی پشکدار لە قازانجی ڕاوکردنی مێشکەکان کردوە:

هۆکارەکـانی پـاڵ پێوەنـان: نـەبوونی دەرفـەت و ئیمکانـاتی درێژەپێـدان بـە خوێنـدن، کـەمبوونی ئیمکانـاتی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو نزمبوونی ستانداردەکانی توێژینـەوە زانستی و فەننییەکان، ناهاوسەنگ بـوونی داهـات و دەرکەوتەکانی ژیان، نەبوونی دەرفەتی کاریی شیاو بە پێی تواناو کار لێهاتوویی، نەبوونی ئـازادیی تاکەکەسی و

کۆمەڵایەتی و دادپەروەری لە خوێندن و کار پی ئەسپاردن و دامەزراندن بەشێک لە هۆکارەکانی پاڵ پێوەنانی بژاردەکان بۆ بیرکردنەوە لە راکردن بۆ دەرەوەی وڵاتن.

بەڵام هۆکارەکانی راکێشان تەواو پێچەوانەی ئەو دۆخەیە کە لە ئێراندا بە سەر توێژی بژاردەی کۆمەڵگەدا سەپێندراوە. زۆربەی نیزیک بە تەواوی پسپۆرانی ئاکادیمی و ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات گیرساونەتەوە لە ژیان و دۆخی خۆیان رازین، چونکی: دەرفەتی درێژەپێدان بە خوێندنیان وەک یەک هەیە، لە بواری ئابوورییەوە خۆش بژێوو بێ‌گرفتن، ئەمنییەتی شوغلی و سیاسیی تەواویان هەیە، بە پێی کار لێهاتوویی و بە بێ جیاوازیدانان دەرفەتی کار وەرگرتن و دامەزرانیان هەیە، سیستمی پەروەردەیی و خوێندنی باڵای وڵاتانی دەرەوە کاراو بەردەوام روو لە گەشەو هەڵکشان دایەو ئازادیی سیاسی و کۆمەڵایەتییان هەیە.

زۆر سروشتییە کە بۆ مرۆڤێکی گۆڕانخوازو ئارمانخواز جیاوازیی ئەو دوو ژینگەیە کاریگەریی لەسەر چۆنکردنی داهاتووی ژیان و کاری دابنێ و سەرەڕای هەموو خۆشەویستی و هۆگری و ئینتماکەی بۆ وڵات و نیشتمانەکەی بیر لە خۆرزگارکردن و خۆدەربازکردن بکاتەوەو لە پێناو گەیشتن بە یۆتۆپیاکەی هەموو ئەو سنوورو کەندو کۆسپانە ببەزێنێ.

## بزووتنەوەی ژنانو ماراتۆنی خەبات لە پێناوی مافەکانیان دا

ئەوەی کە بزووتنەوەی ژنان لە ئێراندا هەروا بەردەوامەو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی رێیەکی دوورو درێژی لە بەر دەم دایە، هۆکارێکی زۆر سەرەکیی هەیە، ئەویش پیاوانە بوونی یاساکانو پیاوانی بینینی یاسادانەرەکان بۆ نووسینو پەسند کردنی یاساکانە.

ئەو نابەرامبەریو نایەکسانیە کاریگەریی راستەو خۆی لەسەر ژیانی رۆژانەی ژنانی ئێران داناوەو هەر ئەوەش وای کردوە خەباتو هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو یاسا نابەرامبەرانە پرسی ژیانەکیی بزاوتو رێکخراوە

یەکسانیخوازەکانی ژنان بێ. بەڵام ئەوەی مەبەستی ئەم نووسینەیە ئەوەیە کە ئێستاش بەشێکی زۆر لە حەشیمەتی ژنانی ئێران کۆتو بەندەکانی ئەو زنجیرە یاسایانەیان لەسەر دەستو پێلو پێی خۆیان هەست پێ نەکردووەو بەناچاری وەک واقعێکی ئاسایی ملیان بۆ دانەواندە. ئاماژە بە چەندتەوەرێکی ئەم نابەرامبەریە حقوقیانە مەبەستی ئەم وتارەیە:

## ژیانی هاوبەش

ژن هەر لەگەڵ شووکردنی کۆمەڵێک لە مافە سروشتیەکانی خۆی لە کیس دەدا، وەک مافی شوێنی نیشتەجێ بوون، ئیزنی سەفەر کردنو چوونەدەرێ لە ولات. هەروەدا ژن لەگەڵ شوو کردنی پێویستە لەهەر هەلومەرجێک دا مل بۆ داوا تایبەتیو جنسیەکانی مێردەکەی راکێشێو تەنانەت کار کردنینی دەبێ لەسەر ئیزنو پێخۆشبوونی مێردەکەی بێ. هیچ ژنێکی ئێرانی ناتوانێ بە بێ ئیزنی وەزارەتی دەرەوە شوو بە پیاوێکی بیانی بکا لە حاڵێک دا ئەو سنووردانانو مەحدودییەتە پیاوان ناگرێتەوە. ژن لەیەک کات دا دەتوانێ تەنیا مێردێکی هەبێ، بەڵام پیاوەکەی لەیەک کاتدا دەتوانی چوار ژنی مارەکراو بێ ژمار ژنی سیغیەیی هەبێ.

## تەمەنی ئەرک وە خۆگریو سزادان

تەمەن خۆناسینو ئەرک وەخۆگریی یاسایی بوکچان ٩ساڵ مانگی، واتە ٨ساڵو ٩مانگی هەتاویە لە حاڵێک دا ئەو تەمەنە بۆ کوڕان ١٥ ساڵی مانگی دیاری کراوە. واتە ئەگەر کچۆڵەیەکی ٨ساڵان تووشی کردەوە یەک یان هەڵەیەک بێ، وەک مرۆڤێکی گەورەساڵ سزای بەسەر دا دەسەپێ تەنانەت ئەگەر ئەو سزایە ئیعدامو پەتی سێدارەش بێ.

## خوێن باییو شایەدی دان

لەکاتی زامار بوونو زیانی جەستەییان کوژرانی نائەنقەست دا خوێن بایی ژن نیوەی خوێن بایی پیاوانەو لەکاتی شایەدی دانیش دا شایەدی دانی ژن بە نیوەی شایەدیدانی پیاو دەژمێردرێ، ئەووەش لە جێی خۆی کە لە هیندێک حاڵەتی تایبەتدا ژنان هەر مافی شایەتیدانیان نیە. وەک زینای" مەحسەنە"، لێخۆشبوون لە تۆڵە (قماص)،وەسیەتو ..

## داوەری کردن

بە پێی یاسا ژنان مافی دادەوەری‌و بوون بە دادوەریان نیە. دامەزراندنی ژنان بەبڕوانامەن دادوەری لە سیستمی قەزایی‌و دەزگای دادوەری لە ئێراندا تەنیا وەک راوێژکاری دۆسیەکانەو دادوەری پیاو لە لێکدانەوەو خوێندنەوەی دۆسیەکاندا تەنیا بیرورای ئەو جۆرە ژنانە وەردەگری‌و هیچ ناچار نیە راوێژشیان پێ بکا.

## میرات

بە پێی یاسای وڵاتی ئێران لەکاتی کۆچکردنی دایک یان باوک داو لە ئەگەری هەبوونی منداڵی کچو کوڕدا، کوڕەکان دوو هیندە کچەکان میراتیان پێ دەبڕێ. لەکاتی مردنی ژن یان مێردیش دا وەرگرتنی میرات لە یەکتر وەک یەک نیە. بۆوێنە ئەگەر ژنێک مێردەکەی بمرێ‌و منداڵی لێی هەبێ، ئەوا یەک لەهەشتی ماڵی مێردەکەی پێ دەبڕێ‌و ئەگەر منداڵی نەبێ یەک لە چواری ماڵی‌و سامانەکەی پێ دەبڕێ. بەڵام مێرد لەکاتی مردنی ژنەکەی دا ئەگەر ژنەکە منداڵی هەبێ ئەوا یەک لە چواری سامانەکەی‌و ئەگەر منداڵ نەبێ نیوەی هەموو سامانی ژنەکەی پێ دەبڕێ. ئەگەر بێتو ژنە میراتگری دیکەی نەبێ ئەوا هەموو ماڵو سامانەکەی بە پیاوەکەی دەگا لە حاڵێک دا ئەگەر مێردەکە بمرێ‌و هیچ میراتگرێکی نەبێ تەنیا یەک لە چواری سامانەکەی بە ژنەکەی دەبڕێ‌و دەوڵەت سێ لە چوارەکەی دیکە بە قازانجی حکوومەت زەوت دەکا. خاڵێکی جیی سەرنج لەوەدایە کە ئەگەر پیاوێکی چەند ژنە بمرێ، هەر ئەو یەک لە هەشتەی ماڵو سامانەکەی بە سەر هەموو ژنەکانی دا وەک یەک دابەش دەکردرێ.

## تەڵاق

بە پێی یاسا تەڵاق مافی بێ ئەملاو ئەولای پیاوەو پیاو بۆی هەیە هەرکاتێک پێی خۆشی بوو لە ژنەکەی جیابێتەوەو تەڵاقی بدا. بەڵام ئەگەر بێتو ژن داوای جیابوونەوە بکا ئەوا دەبێ لە دادگا بە بەڵگە بسەلمێنێ کە مێردەکەی بۆی خراپە، موعتادە، نەفەقەی پێ ناداو یان دەنا حوکمی درێژ خایەنی زیندان بۆ مێردەکەی براوەتەوەو مێردەکەی لە گرتووخانەیە. سەلماندنی ئەو ئیددیعا یان داوا کارییانەش لە دادگادا چەند ساڵێک دەخایەنێ‌و لە جێ دا زۆر سەختو دژوارو تاقەت پڕووکێنە. لە کۆتایش دا ئەگەر ژنە توانی لە دادگا بۆ چوونەکانی بسەلمێنێ، ئەو جار دەبێ لە مارەییەکەی خۆش بێ دەنا ناتوانێ لە مێردەکەی جیابێتەوە.

### سەرپەرستی کردنو راگرتنی منداڵ

لەیاساکانی ئێراندا" حچانت"و" ولایەت "ی منداڵان دوو چەمکی لێک جیاوازن. " حچانت " بە مانای راگرتنی منداڵە بەڵام " ولایت" بەمانای سەرپەرستی کردنو بەرێوە بردنی کارو باری دارایی، بڕیار دان لەسەر شوێنی ژیان، خوێندنو چوونەدەرێ لە وڵاتو ئیزن دان لە کاروباری دەرمانیی منداڵە. بەپێی یاسا دایک ناتوانێ هیچ کاتێک ببێتە سەرپەرستی منداڵەکانیو تەنانەت لە نەبوونی باوکو باپیرو جەدی باپیریشی دا ناتوانێ مافی سەرپەرستی کردنی منداڵەکانی هەبێو تەنیا دەتوانێ" قیم"ی منداڵەکانی بێو لەو کاتەدا بەرێوەبەرایەتی سەرپەرستی کە لە ژێر بڕیارو چاوە دێریی دادستانیی وڵات دایە، چاوە دێری بەسەر کاروباری دایکە قەیومەکە دا دەکاو تەنانەت مافی فروشتنی سامانی منداڵەکانیشی نیە. سەبارەت بە " حضانت" ی منداڵ دوای تەلاق دایک دەتوانی منداڵی هاوبەش لەگەڵ مێردەکەی تا تەمەنی ٧ساڵیی لەلای خۆی راگرێو ئەگەر لەو ماوەیەدا شوو بکاتەوە، ئەو مافەشی لێ دەستیندرێتەوە.

**ڕێکەوت: گەلاوێژی ١٣٨٨ - جوولای ٢٠٠٩**

---

## خوێندنەوەیەک بۆ دەستدرێژی کردنە سەر بەندییە سیاسییەکان

شیرین عیبادی، خاوەنی خەڵاتی ئاشتیی نوبێل و مافناس و پارێزەر، ٧ساڵ لەوەپێش و لە بەرگرینامەکەی کوژرانی زەهرا کازمیدا وەک یەکێک لە پارێزەرانی پەروەندەکە بە ئاشکراو زۆر بە روونی گوتی:" باشە ئەگەر سەری زارا لە شتێکی قورس کەوتووەو پێی مردوە، بەڵام پێم نالێن کە بۆچی بەشێکی تایبەت لە جلوبەرگەکانی ئەو خوێناوی یە؟"

شیرین عیبادی ئەو کات زۆری هەوڵ دا مەسەلەی دەستدرێژی کردنە سەر بەندییە سیاسی و غەیرە سیاسییەکان بکاتە پرسێکی رۆژەڤی حقووقی و سیاسی . کۆمەڵایەتی، بەڵام هاواری ئەو زۆری بڕ نەکرد، هەتا ئەوەی کە

کەڕووبی دووحەوتوو لەوەپێش لە نامەیەکی لە ڤاودەرانەدا پەردەی لەسەر جینایەتێکی شاراوەی دیکەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەرهەق بە خەڵکی ئێران، ئەویش لەهەمبەر بێ دەسەڵات و مەزلوومترین کەسەکان، واتە بەندییە چارەرەشەکانی نێو چاڵەرەشەکانی کۆماری ئیسلامی لا دا.

مێژووی دەستدرێژی کردنە سەر زیندانییەکان لەو ڕێژیمەدا بۆ سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتن و پاکانە حیسابیان لەگەڵ حیزب و ڕێکخراو وکەسایەتی یە جودابیرو نەیارەکانیان لە زیندانەکان دا، ئەویش بە پاساوی ئایینی و شەرعی دەگەڕێتەوە.

هاواری پڕبەگەرووی ئەو کچان و ژنان و تازە لاوانەی لە زیندانەکانی ڕێژیم داو لەلایەن بازجوو و زینداننانەکان را دەستدرێژیی جینسی‌یان کرابووە سەر و دوایە ئازاد کرابوون، ئەگەرچی جەرگبڕو ڕاتڵەکێنەر بوو، بەڵام کەم کەس بیستیان و لە بیریان ما، کەچی زۆربەی ئەوان لە پەژارەدا خۆیان کوشت. ئەگەرچی ئەو پرسە ئێستا چوارچێوەکانی زیندانی بەزاندووە و لە نێو میدیاکان و کۆڕو کۆبوونەوەی خێزان و گرووپ و کۆمەڵەکاندا باسی ڕۆژڤەو پێدەچێ وەها لە ڤاودان و ئاشکرا بوونی ئەو جینایەتانە شەرعییەت و ڕەوایی ئەو نیزام و ڕێژیمە زیاتر لەوەش بباتە ژێر پرسیار. بەڵام هەر لەو پێوەندییەدا چەند خاڵێکی جێی سەرنج هەیە کە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەم:

ـ بەهەڵە وا دێتە بەرباس کە دەستدرێژی کردنە سەر زیندانییەکان بۆ چێژوەرگرتن و دابینکردنی ویستە جینسی‌یەکانی دەستدرێژیکەر دەگەڕێتەوە. ئەو جۆرە خوێندنەوانە لەوەها کردەوەیەک زۆر هەڵەیە و یارمەتی بە دابەزاندنی ئاستی تاوانەکەو سڕینەوەو لە کۆڵ کردنەوەی بەرپرسیارەتیی ئەو جینایەتە لە نیزام و دەسەڵات دەکا. چونکی لەوانەیە کە کەسی دەستدرێژیکەر لەکاتی ئەنجامدانی دەستدرێژی کردنەکەی چێژو خۆشیی پێ بگا، بەڵام لەبنەڕەت دا دەستدرێژی کردنەکە وەک ئەشکەنجەو بەمەبەستی توندوتیژی نواندنی لەو پەڕی خۆی دایە کەروو دەدا، نەک ئەوەی ئەو کەسە دەستدرێژی کەرە بیهەوی شەهوەت و ئیشتیای جینسیی خۆی دا بمرکێنێ. بەڵگەش بۆ ئەوە بەسەرهات و گێڕاوەکانی ئەو زیندانییانەیەکە دەستدرێژییان کراوەتە سەرو دوایە ئازاد کراوان:" باز جووەکە لێم هاتەپێش و گوتی بیستوومە کە دەرۆی سەرت زۆر بەرزرادەگری، بەغرورو متمانە بە خۆوە هەنگاو دەنێی، ئەمن ئێستا دەمەوێ ئەو غروور ومتمانە بە خۆ بوونەت لێ بستێنم، دەمەوێ وەها وردو خاشت کەم لەرووت

هەڵ نەیە لە هیچ کوێ سەر هەڵێنی..."(بەسەرهات زیندانەییەک بە ناوی نیناکە لە زیندان دا دەستدرێژی کرابووە سەر)

ـ دەستدرێژی کردنە سەر زیندانییەکان چ کچ، چ کوڕ، جۆرێکی تایبەت لە ئەشکەنجەیە. لەو ئەشکەنجەیەدا قوربانی هەم لە رووی جەستەیی یەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەر، هەم لەرووی رۆحی و دەروونی‌یەوە وردوخاش دەکرێ. ئەو جۆرە ئەشکەنجەیە تایبەت بۆ رووخاندنی کەسایەتیی کەسی پەلامار دراوو بە تاڵ کردنەوەی لە کەرامەت و بوێری و متمانە بەخۆبوونی ئەوە کە رەچاو دەکرێ و کەسی دەستدرێژیکەریش چێژی سادیستی و دەستخۆشانەی بریاردەرانی ئەو جینایەتانەی پێ دەبڕێ.

ـ مەبەستێکی دیکەی بڕیاردەران و جێبەجێکەرانی ئەو جینایەتە تۆقاندنی خەڵک و زراو بردنی نەیاران و چاوترسێن کردنی بەرهەڵستکارانی رێژیمە تا لە ترسی ئابڕوو چوون و تووش نەبوون بەوەها چارەنووسێک سەری خۆیان بەردەنەوەو واز لەبەرەنگاری و خەبات و بەر خودان بێنن.

ـ رێژیمی کۆماری ئیسلامی تەنیا رێژیمی دیکتاتۆر و سەرەڕوو دژی گەلی نیە، لەوانەیە لە زۆر نیزام و رێژیمێک دا و بەمەبەستی پاراستنی دەسەڵات لەزیندانەکاندا ئەشکەنجە هەبێ، لێدان و هەڵواسین و تەنانەت نینۆک کێشان و ئوتوو کردنیش هەبێ، بەڵام دەستدرێژی کردن بڤەیەکە کە پێوەندی بە ناموس و کەرامەت و کەسایەتیی مرۆڤەوە هەیە و هیچ ئەشکەنجەگەرێک مل بەوەها کردەویەکی دزێو نادا. کەوابوو دەتوانین بڵێین کە بەرپرسانی رێژیمی ئیسلامی لە جۆرێکی ترن و بۆ پاراستنی نیزام و بەرژەوەندییەکانیان هەموو پرەنسیپەکانی مرۆڤیان پێخوست کردوەو هەر بەهاو بایەخێکی مرۆیی، دینی و ئەخلاقی لە لای ئەوان پووشێک ناهێنێو تەنیا ئامانج و حوجەت لای ئەوان جێبەجێ کردنی وەسیەتی خومەینی¬یە کە گەلێک جار دەیگوت: پاراستن و راگرتنی ئەو نیزامە لە هەموو شتێک و هەموو مەبەستێک گرینگترە.

## بێ بایەخیی گیانی مرۆڤی کورد!

لە ماوەی ١٠ ڕۆژی ڕابردوودا لانیکەم ئەوەندەی سەرچاوەکانی گەیاندنی هەواڵ بڵاویان کردۆتەوە ٨ کەسی دیکە لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوونەتە قوربانیی تەقینەوەی مین و سێ کەسیان گیانیان لە دەست داوەو پێنجیشیان کەم ئەندام و نقوستان بوون.

باسی تەقینەوەی مین لە کوردستان و پانتایی خەسارو زیانەکانی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی قوربانییان و هەر لە بنەڕەت دا کێشەی هەبوونی زیاتر لە ١٦ میلیۆن مین لە نێو زەوی و زارو مووچەو مەزراو شاخ و کێوەکانی کوردستان لەگەڵ ئەوەی بابەتێکی تازەورووژاو نیەو هەواڵەکانی تەقینەوەی مین و زیان و دەرنجامەکانی پووچەڵ نەکرانەوەی مینەکانی کوردستان گەلێ جار لە ڕاگەیەنە گشتیەکاندا باسیان لێ کراوە، بەڵام کاروکارنامەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتە کردەییەکانی لەهەمبەر ئەو کێشە گەورەو پڕ مەترسی و زیانبارە جێی تێڕامان و ڕاڤە کردنە.

شەڕی ٨ ساڵەی عێراق و ئێران و خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و بەکارهێنانی هەموو چەکێک لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ تێکشکاندنی ئەو بزووتنەوەیەو بەچۆکداهێنانی ئیرادەی مافخوازانەی گەلی کورد بۆتە هۆی ئەوەی ئێستاکە ١٦ میلیۆن مینی پووچەڵ نەکراوە لە کوردستان و ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژئاوای ئێران لە نێو دڵی زەوی دا چاوەڕوانی پێ لەسەر دانانێک و تەقینەوە بن.

کۆتایی هاتنی شەڕی عێراق و ئێران و کۆکردنەوەی مۆڵگەو پێگە نیزامییەکانی دەوروبەر بە مین تەنراوی ڕێژیم لە کوردستان چاوەڕوانیی دەسپێکی هەڵمەتی کۆکردنەوەو پووچەڵکردنەوەی ئەو هەمووە مینەی لەلای کۆمەڵانی خەڵک دروست کردبوو چونکی هەم پێویست بوو لە خەسارو زیانە گیانییەکانی تەقینەوەی مین ڕزگاریان بێ و هەمیسان لە ڕووی ئابووریشەوە ئەو نیزیک بە سێ میلیۆن هێکتار زەویو زارو مووچەو مەزراو کێڵگەکان بە خاوێن بوونەوەیان لە ئاسەواری مینە چێنراوەکان ببنە پشتیوانییەکی ئابووری بۆ خاوەنانی ئەو زەوی و زارانە.

بەڵام لە بواری عەمەلی داو دوای تێپەڕینی زیاتر لە ٢٠ ساڵ لە کۆتایی هاتنی شەڕو سەرەڕای هەموو

دەوڵەمەندی و داهاتی زۆری ئێران عەمەلیاتی پاکسازی و پووچەڵ کردنەوەی مینە چێنراوەکان لە کوردستان زۆر بە هێمنی چۆتە پێش و پانتایی زیان و خەسارە ماددی و گیانییەکان، فشاری چالاکانی مافی مرۆڤ و هەوڵی نوێنەرانی شارە کوردستانییەکان لە مەجلیسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا نەیتوانیوە هیچ خێراییەکی بەرچاو لە پێناو کۆکردنەوەو پووچەڵکردنەوەی مینەکان لە کوردستاندا ببەخشێ.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تێچووی زۆری ماددی، ژمارەی زۆری مینەکان و سروشتی شاخاوی و ڕژدی ناوچە مینرێژکراوەکان وەک بیانوویەک بۆ لەسەرەخۆ بوونی هەڵمەتی پاکژ کردنەوەی ناوچە بە مین تەنراوەکان دێنێتەوەو دەڵێ ئەم پرۆسەیە تا ٤٠ ساڵی داهاتوو دەخایەنێ، واتە تا ٤٠ ساڵی دیکەش دەبێ خەڵکی ناوچە سنوورییەکان هەموو کات و ساتێک لە دڵەڕاوێکی تەقینەوەی مین لە ژێر پێیان و کوژران و نقوستان بوونی خزم و کەسوکاریان و بەرهەڵداهێشتنەوەی مووچەو مەزراو کێڵگە بە مین چێنراوەکانیان بن.

بەڵام ئەوە لە ڕاستیدا تەنیا دەرخەری ڕاستیەکە کە گیانی مرۆڤی کوردو منداڵ و خەڵکی سڤیل و مەدەنیی کورد کە قوربانییانی سەرەکیی تەقینەوەی مینەکانن لە ڕوانگەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە پووڵێکی ڕەش ناهێنێ. چونکی سەرەڕای ئەم واقیعە تاڵە "حەمیدرەزا ئیرشادمەنیش" بریکاری وەزیری بەرگری و پایەبەرزترین بەرپرسی حکوومەتی لە ناوەندی پاکژ کردنەوەی ناوچە مێنرێژکراوەکان ماوەیەک لەوەپێش ڕایگەیاند کە لەلایەن ئەوانەوە کاری پاکژ کردنەوەی ناوچە مینرێژ کراوەکانی دوو پارێزگای سنە و ورمێ کۆتایی پێهاتوە ئەوەش لە جێی خۆی کە ڕێژیم کەمترین کارو پرۆژەی بۆ فێرکردن و وریا کردنەوەی ئەو کەسانە بە جێ گەیاندوە کە لە ناوچە مەترسیدارەکاندا دەژین. جگە لەوانەش ئاغای ئیرشادمەنیش نەیفەرمووە کە دوای ٢٠ ساڵ کاری بە قەولی خۆیان پاکسازیی ناوچە مینرێژکراوەکانی ئەو دوو پارێزگایە کوردستان چەند مینیان لە هەموو کورستان کۆکردۆتەوە یان پووچەڵیان کردۆتەوە. بێگومان ئەو بەرپرسەی ڕێژیم قەت ناتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە. چونکی بێگومان ژمارەی کوژراوو بریندارانی ڕووداوەکانی تەقینەوەی مین لەم ساڵانەدا زۆر لە ئاماری کاری ئەو ناوەندەی پاکژکردنەوەیە زیاترە کە ئێستا پێی وایە ئەو دوو پارێزگایەی کوردستان مینیان تێدا نەماوە.

یەکێکی دیکە لە کێشە بەرچاوەکانی ئەو بابەتە بەردەوامی لە ژیان و پرسی دەرمان و دابینکردنی کۆمەڵایەتیی ئەو قوربانییانەیە کە بەهۆی تەقینەوەی مین لە مردن ڕزگاریان بووە، بەڵام نقوستان و کەمئەندام کەوتوونەوە. وەزارەتی بەرگریی ئێران لە ئامارێکی فەرمی دا ژمارەی کوژراوانی تەقینەوەی مین لە ڕۆژئاوای ئێران لە ماوەی

دوای شەڕی ٨ ساڵەی ئێران عێراق بە ٢٠ هەزار و ژمارەی بریندارو نقوستانەکانیش بە سێ ئەوەندەی ژمارەی کوژراوەکان دادەنێ بەڵام تا ئێستا هیچ قانوونێک بۆ داکۆکی کردن لە بنەماڵەی کوژراوەکان و قوربانییانی تەقینەوەی مین لە پارڵمانی ئێراندا پەسند نەکراوەو هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە هیچ دەزگایەکی حکوومەتی و هیچ دامەزراوەو ئیدارەیەک خۆی لە حاندی خەسارو زیانەکانی دەرەنجامی تەقینەوەی مین لە کوردستاندا بە بەرپرسیار نەزانێ. لە حاڵێکدا پێویستە کە ئەو کەسانە هەموو وەک قوربانییانی شەڕ چاویان لێ بکرێ و ژیانی بنەماڵەی قوربانییانی تەقینەوەی مین لەلایەن حکوومەتەوە، دابین بکرێ و لە رووی دابین کردنی کۆمەڵایەتییەوە، پشتیوانی و داکۆکییان لێبکرێ.

نوێنەرانی شارو ناوچە کوردستانییەکانیش لە مەجلیس دا کەمتەرخەمی و کەم کارییان لەم بارەیەوە زۆرو بەرچاوە. دارشتنی قانوون و گەڵاڵەیەک بۆ پشتیوانی کردن و پاراستنی مافی قوربانیانی دەرەنجامەکانی تەقینەوەی مین و بە پەسند گەیاندنی لە مەجلیس دا لانیکەمی ئەو ئەرک و بەرپرسیارەتییە کە دەبوا تا ئێستا رایان پەڕاندباو فشاری خۆیان بۆ خێرا کردنی هەوڵەکانی پاکژ کردنەوەی ناوچە مینرێژ کراوەکانی کوردستان بۆسەر بەرپرسانی حکوومەتی زۆر کردبا.

---

## دەستدرێژی وەک ئەشکەنجەیەکی سیستماتیک

تەرانە موسەوی چ ئەو کچە جلک سەوزە بێ کە رۆژی ٧ی پووشپەڕ لە کۆبوونەوەکەی تەنیشت مزگەوتی "قوبا" دەسبەسەر کرا و دەستدرێژی کرایە سەر و دوایە لەبەر پچڕانی ئەندامی زاوزێی بردرایە نەخۆشخانەیەک لە کەرەج و دوایە لە باوەشی قەبرستانێکی بێناوونیشان لە باکووری ئێران سەری وەدەرنا، چ نەبێ، ئێستا بۆتە هێماو سەمبولی هەموو ئەو ژنانەی کە لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە لە زیندانەکانی رژێمی ئیسلامیدا دەستدرێژییان کراوەتە سەر.

من دەمەوێ بڵێم تەنیا "تەرانە"یەک، کەم یا زۆر هیچ لەوە ناگۆڕی کە کاتێک کەڕووبی دەنووسێ "هێندێک کەس وەها بە توندو تیژییەوە دەستدرێژییان کردۆتە سەر کچانی دەسبەسەر کراو کە منداڵدان و ئەندامی زاووزێیان

تووشی پچڕان و دڕان بووە" و تەنانەت ئەگەر ئەو قسانەی کەڕوویش فریان بەسەر راستییەوە نەبێ، هیچ لەوە ناگۆڕێ، چونکی کاتێک ئازەری ئالی کەنعان یان هەمان (نینا ئەقدەم) دێتە بەر دووربین و باس دەکا کە چۆن لە زیندانی شاری سنە دا دەستدرێژیان کردۆتە سەری و یان کاتێک رۆئیا تلووعی پەردە لەسەر دەستدرێژیی بازجووەکەی لەسەر خۆی لادەدا، ئیدی ئەوانە هەموو بەڵگەمەند کران.

کاتێک کە منیرە بەرادەران، لە کتێبی راستییەکی ساکار لەسەر تاهیرە دەنووسێ، تاهیرە یەکی جوان چاکی باڵابەرز کە بە هۆی دەستدرێی کرانە سەری لەلایەن پاسدارێکەوە شێت بوو، هەر ئەو تاهیرەیەی کە زۆربەی ژنە بەندییەکانی تاران لە دەیەی ٦٠دا وێنەی رەزا سووکیان لە بیر ماوە، یان کاتێک کە تەرمی زەهرا کازمی لە سیمان دەگرن و شیرین عیبادی، پارێزەی زارا لە دادگا دەڵێ: باشە پێم نالێن بۆ دەرپێ و شۆرتەکەی زارا خوێناوییەو یان کاتێک کە پزیشکی یاسایی ئاشکرای کرد کە لە دەستبەسەرگەی بەسیجی هەمەدان دا دەستدرێژی کراوەتە سەر زەهرا بەنی یەعقووب و کاتێک کە...، چیدی ماوە کە ئەم جینایەتانە هەر لە پەردەدا بمێننەوە؟؟

دەستدرێژی کردنە سەر ژنانی بەندیی سیاسی لەلایەن بازجووەکان، زیندانڤانان و ئەو کەسانەی دەستیان پێیان رادەگا و تەنانەت بەرپرسانی دەزگای قەزاییش، توندوتیژترین ئەشکەنجەیەکە کە ئاسەوارە جەستەیی و دەروونیی ئەو ئەشکەنجانە لە بەرامبەر هیچ جۆرە ئەشکەنجەیەکی دیکەدا بەراورد ناکرێ.

سەبارەت بەو ئەشکەنجانەو دەستدرێژی کردنانە سەر ژنانی بەندیی سیاسی ناوەناوە راپۆرت و نووسین بڵاو کراوەتەوەو سیستماتیک ترین جۆری ئەو دەستدرێژی کردنانە، دەستدرێژی کردنە سەر کچانی "باکیرە"یە کە بە هۆی سیاسییەوە بە ئیعدام مەحکووم کرابوون و شەوی بەر لە ئیعدام چووبوونە زگیان.

بەڵگەی ئەو جۆرە کردەوانە لێدوانی بنەماڵەی ئەو قوربانییانەیە کە رۆژی دوای ئیعدامی کچەکەیان وێڕای رادەست کردنەوەی تەرمی کچە ئیعدام کراوەکەیان، بڕە پارەیەکیان وەک مارەیی کیژۆڵەکانیان پێدەدرا!! لەو راپۆرتانەدا کچانی باکیرە شەوی ئیعدام لە پیاوانی زیندانڤان مارە دەکران تا کچێنی یان پێ نەهێڵن، چونکی ئەگەر وانەبا لەوانە بوو ئەو زیندانیە ئیعدامییانە چونکی باکیرە بوون، دوایە بچنە بەهەشت!!! چەند ساڵ دواتر "گالیندۆپۆل" نێردراوی تایبەتی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بۆ لێکۆڵینەوەو پرسینەوە لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران دیاری کرابوو، لە راپۆتەکەیدا ئاوای نووسیبوو:"ژنانی باکیرەی سزا دراو بە ئیعدام بە

زۆرەملی لە پیاوێکی نێو زیندان مارە دەکران و بەرلە بەڕێوەبردنی حوکمی ئیعدامەکەی پەردەی کچێنیان پێنەدەهێشتن و لە گەڵیان جووت دەبوون و دوایە ئیعدامیان دەکردن".

لەو نێوەدا مەسەلەی سەلماندنی دەستدرێژی کردن زۆر سەخت و گەلێ جاریش نەسەلماوە، جا چ بگا بەوەی کە ئەو رووداوە لە زیندان دا بەسەر ژنێک یان کەسێک هاتبێ. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەش ئەو دڵنیاییەیە هەیە کە لە زیندانە سیاسییەکانی دەیەی ٦٠دا باسی دەستدرێژی کردنە سەر ژنانی سیاسی بەندکراو ئەوەندە زۆر و باو بوو کە کار گەیشتە ئەوەی ئایەتوڵلا مونتەزیری، جێگری رێبەریی رێژیم لە کاتی خۆی داو لە رێکەوتی ١٧ی رەزبەری ٦٥دا لە نامەیەکدا بۆ خومەینی بنووسێ: ئەرێ دەزانن کە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دا کیژە لاوەکان بە زۆری زۆر داگیر دەکرێن و دەستدرێژییان دەکرێتە سەر؟ ئەدی دەزانن لە کاتی لێپچینەوە لە کچانی بەندکراو جنێوی ناموسی و قسەو قسەلۆکی ناشیرینی سێکسییان پێدەگوترێ؟..

کەواتە ئەو بۆچوونە هەڵەیە کە پێمان وابێ بە پێی نامەکەی کەڕووبی دەستدرێژیی کردنە سەر بەندییە سیاسییەکان تەنیا دوای هەڵبژاردنی ٢٢ی جۆزەردان و هەر ئەو جارە کرابێ و بەر لەوە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا رووی نەدابێ.

کەڕووبی لە نامەی ٧ی گەلاوێژی ٨٨ی خۆی بۆ هاشمی رەفسەنجانی دا بێ ئەوەی ئاماژە بە رابردوو و پێشینەی دەستدرێژی کردنە سەر زیندانییەکان لە گرتووخانەکانی رێژیمەکەی دا بکا، دەنووسێ "ئەوانەی ئەو باسەیان لەلای من درکاندووە، هەموو کەسانی پایە بەرزی خاوەن بەرپرسیارەتیی هەستیار لە وڵات دان. ئەو کەسە خاوەن ناوو ناوبانگانەی کە بەشداریی بەرگری پیرۆزیان لە شەڕی ٨ ساڵە دا کردوە. ئەو رووداوانەی لە گرتووخانەکاندا هاتوونە پێشێ تەنانەت ئەگەر یەک دانەشیان راست بێ، کارەساتێکە بۆ کۆماری ئیسلامی و مێژووی روون و شکۆداری شیعە بۆ کارەساتێکی رەش و پڕ شوورەیی دەگۆڕێ و رووی زۆر لە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان و لەوانە رێژیمی پاشایەتیی سپی کردوە... هێندێک کەس لەوانەی دەسبەسەر کرابوون باسی ئەوەیان گێراوەتەوە کە کەسانێک وەها بە توندو تیژییەوە دەستدرێژییان کردۆتە سەر کچانی بەندی کە ئەندامی زاوزێیان پچڕاوە. لەلایەکی دیکەشەوە جۆرێک دەستدرێژی کراوەتە سەر کوڕە لاوەکان کە زۆربەیان تووشی نەخۆشی جەستەیی و دەروونی بوون و لە قوژبنی ماڵەوەیان خزیون..." لە دوای کەڕوبیش بەرپرسان و وتەبێژانی رێژیم لە لێدوان و ئاخاوتنەکانیان ئەوەندەی بۆیان کرابێ حاشایان لێ کردوەو ئەگەر بۆشیان نەکرابێ لە هەوڵی ئەوە دابوون کە

ئەو جینایەتانە تا ئاستی نزمی "ڕووداوێک" دای بەزێنن و وا بنوێنن کە تەنیا جارێک کراوەو ئەویش دوای هەڵبژاردنەکانی ئەم جارە بووە، لە حاڵێک دا لایەنەکانی ئەو کارەساتە زۆر بەربەرین و ڕابردووکەشی لە مێژووی ئەو ڕێژیمەدا بۆ زۆر کۆن دەگەڕێتەوە ئەوەی ڕاست بێ سەلماندنی دەستدرێژی کردنە سەر و لە ئاستێکی نزمتردا ئەشکەنجەو ئازاردانە سێکسییەکان بەهۆی ئەوەی دوور لە بینین و چاوی خەڵک و شایەتحاڵ ڕوو دەدەن و بەهۆی لە ڕوو هەڵنەهاتن و بەخۆدا شکاندنەوەی قوربانی و تەنانەت لە ڕووی ترس و دڵەڕاوکێیەی ئەو کەسانەوە زۆرجار باسیان لێوە ناکرێ و لە بێدەنگی دا دەمێننەوەو ئاشکرا کردنەکەشی سەخت و دژوارە. ئێستا سەرەڕای هەموو ئەوانە ئەو باسە کاتێک ئاڵۆزتر دەبێ کە دەبینیت دەستدرێژی کردن سەرەڕای خۆ سەپاندن، دامرکاندنی شەهوەت و ویستی جینسی و شکاندنی کەسێتی ئەو کەسەی دەستدرێژیی دەکرێتە سەر، جۆرێک لە تۆقێنەرترین کەرەسەی ئەشکەنجەیە بۆ وەرگرتنی زانیاری، وەرگرتنی ئیعتراف و وردوخاش کردنی کەسێتی و کەسایەتیی ئەو کەسە.

هەر بۆیەش لەو نێوەدا ئەرکی هەموو هێزە گەلییەکان، هێزە سەربەخۆو لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگا ئەوەیە کە خوێندنەوەو ڕاڤە کردنێکی وردیان لە ماهییەت و نێوەڕۆکی ئەو جۆرە دەستدرێژی . ئەشکەنجانە هەبێ کە هەڵبەت بە بێ یارمەتیی و قوربانییانی ئەو کارەساتە کارێکی دژوارە.

ئەزموونەکانی بوسنی ، سوودان و شێوازەکانی لە قاودەرانە و بە دوادا چوونی یاسایی و حقووقیی دەستدرێژییە سیستماتیکەکان وەک نموونەیەکی بەرچاو لە جینایەت دژی مرۆڤایەتی و بە سزا گەیاندنی بکەران و بڕیار دەران یەکێک لەو ئەرکانەیە کە چالاکانی بواری ژنان و بواری مافی مرۆڤ دەبێ لە بیری نەکەن. دەبا ناوی تەرانە مووسەوی، زارا بەنی یەعقووب و زارا کازمی و قوربانییانی دیکەی دەستدرێژی ئەشکەنجە کە ئەمڕۆکە لە نێومان دا نەماون، لە دادگایەک دا زیندوو بیبێتەوەو بکەرانی ئەو جینایەتانە بە سزای خۆیان بگەیەنێ.

ن: شادی سەدر

و:عە لی بداغی

ڕێکەوت: خەرمانانی ١٣٨٨ - ئاگۆستی ٢٠٠٩

## باڵندەی کام دارستان بە زمانی خۆی ناخوێنێت؟

بە کرانەوەی دەرکی قوتابخانەکان و دەسپێکی ساڵێکی دیکەی خوێندن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێنەیەکی دیکە لە پێشێلکاریی مافی مرۆڤی کورد زیاتر لە هەر کاتێک خۆی دەردەخا، ئەویش خوێندنی زیاتر لە دوو میلیۆن کەسی کوردە بە زمانێک جگەلە زمانی زگماکی و دایکیان. سەرەڕای ئەو پێشێلکارییەی مافی مرۆڤی کورد لایەنێکی دیکەی زیانەکانی ئەو کێشەیە وەدوا کەوتنی پرۆسەی فێربوون و پەروەردە بوون بە تایبەت بۆ منداڵانی قۆناغی سەرەتاییە. چونکی منداڵێک کە لە منداڵدانی دایکی دا گوێی لە زمان و دەنگی دایکی دەبێ و دوا بە دوای لە دایکبوونی و لە کاتی بیستنی ئەو زمانەدا گوێی لێدەگرێ و پێی هێور دەبێتەوەو بەرەبەرەو لەگەڵ هەڵدان و گەورە بوون فێری دەبێ و هەر بەو زمانە بیر دەکاتەوەو فێری ئەوە دەبێ کە چۆن ویست و داواکانی خۆی بەو زمانەی کە فرچکی پێگرتوە لەگەڵ کەسانی دەوروبەری بێنێتە گۆڕێ، لە پڕ بەسەر زمانێک دادەکەوێ کە مانـاو دەربڕینەکەی زۆر جیاوازە لە زمانی دایکیی‌و نەک ناتوانێ بەو زمانە بیر بکاتەوە، بەڵکوو لە ئاخاوتن و فێر بوونیشی دا تووشی زۆر گرفت و تەنگ و چەڵەمە دەبێتەوە. ئەوەش لە خۆڕا نیە، چونکی پێوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان مێشک و زمان و دڵ دا هەیە و هەر لە ڕێگەی ئەو پێوەندییەوە هەست و نەست و ئەزموونەکان بیچم دەگرن. مرۆڤ بە زمانی زگماکیی خۆی دەتوانێ زۆر بەباشی و بێ گرێ و گۆڵ باس لە خۆشی و خەمەکانی، هەست و چێژو بیرەوەرییەکانی، حەزو خۆزگەو ئاواتەکانی بکاو هەر لەو ڕێگەیەشەوە شوناس و پێناسی خۆی وەرگرێ. بەڵام پێمل کردنی منداڵانی کورد بە خوێندن بە زمانی فارسی هەر لە جێ دا ئەو پێوەندییە تێک دەداو لە رووی دەرونی و کەسایەتی و زێهنییەوە یەکەم زەربەی قورسی خۆی لێ دەدا.

زمان لە روویەکی دیکەشەوە پێوەندییەکی چڕی لەگەڵ شوناسی مرۆڤەوە هەیە، ئەگەر بێتو ریزە شوناسێکی وەک شوناسی مێژوویی، شوناسی کلتووری، شوناسی زمانی و شوناسی ئایینی بە پاژە سەرەکییەکانی پێک هێنەری کەسایەتیی مرۆڤێک بزانین، ئەوا شوناسی زمان گرنگترین و لەسەررووی هەموو ئەو شوناسانەوەیە. چونکی ئەو کەسە یان هەر کەسێک بەر لەوەی بزانێ کە چ دین و ئایینێکی هەیە، بەرلەوەی بزانێ رەگەزی خۆی چیە و نێرە یا مێ، بەر لەوەی بزانێ بەچکە هەژارە یا دەوڵەمەندو چ پلەو پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی هەیەو تەنانەت بەر

لەوەش کە بزانێ خەڵکی چ نیشتمانێک و وڵاتێکە، لە شوناسی زمانیی خۆی تێدەگاو خۆڕسکانە خۆشی دەوێ و هەوڵی پاراستنی دەدا.

خاڵی گرینگ و جێی سەرنج ئەوەیە کە بەداخەوە ئەوە تەنیا دەسەڵاتی ناوەندی نیە کە رێگری لە خوێندن بە زمانی کوردی و زمانە نافارسییەکان لە کوردستان و ئێراندا دەکاو ئەوە بە مەترسییەک بۆ سەر ئاسایشی دەسەڵاتەکەیان و پاراستنی وڵاتەکەیان راڤە دەکەن، بەڵکوو لە نێو کۆمەڵگەی رووناکبیری و بژاردەکانی وڵاتیش دا ئەو گوتارە بەهێزە کە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی وڵات ئەشێ هەموو دانیشتووانی ئەو وڵاتە بە زمانی فارسی بخوێنن و بەو زمانە بئاخێون و بە هیچ جۆرێکیش بیر لەوە ناکەنەوە کە فێربوون و خوێندن بە زمانی زگماکی لە وڵاتێکی فرە نەتەوەدا بە مانای وەمەترسی خستنی یەکپارچەیی سنوورەکانی ئەو وڵاتە نیەو ئەگەر هاوپێوەندیی و هەستی پێکەوە ژیان و پێکەوە گونجانی دانیشتووانی وڵاتێکی لەو چەشنە کزو لاوازە، ئەوا هۆکارەکەی بۆ چۆنییەتی هەڵسوکەوت و مامەڵەی دەسەڵات بەدەستانی و خاوەنانی هێز لەو وڵاتەدا دەگەڕێتەوە.

سەبارەت بە زمان و مافی مرۆڤیشەوە پێویستە بگوترێ کە زمان ماکەی هەموو مافە سروشتییەکانی مرۆڤە. زمانی زگماکی وەک یەکەم شتە کە زارۆی مرۆڤ فێری دەبێ و بۆ هەتاهەتایە قسەی پێدەکا و بەکاری دێنێ. هەر بۆیەش مافی خوێندن بەو زمانە وەک مافی ژیان، مافی خاوەنێتی و مافی هەبوونی بیرو باوەڕو ئایین بەشێک لە مافە بنەمایی و سەرەکییەکانی هەر مرۆڤێکن و هیچ دەوڵەتێک بۆی نیە لە پرۆسەی خوێندن دا زمانێک جگەلە زمانی زگماکیی بەسەر دانیشتووانی وڵاتەکەی دا بسەپێنێ.

بەڵام خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە بۆیان نیە بە زمانی زگماکیی خۆیان بخوێنن، بەرەوڕووی ستەمێکی کۆمەڵایەتیی و کلتووری و سیاسی زۆر گەورە بوونەتەوەو ئەوەی کە سەرەڕای هەموو ئەو رێگیرییانەو دوای تێپەڕینی سەدان ساڵ لە سیاسەتی توانەوەی کلتووری و زمانی رۆڵەکانی ئەو گەلە شوناسی خۆیان پاراستوەو زۆر سەرکەوتن و هەڵدانیان لە مێژووی نەتەوەکەیان دا تۆمار کردوە، ئەوە بۆ ئازایەتی و ئیرادەی بە نەتەوەو دەوڵەت بوونی ئەو میللەتە دەگەڕێتەوە.

## هەژاری لە نێوان واقع و حاشا لێ کردنی دا

لە دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن دا هەواڵی نەچوونە قوتابخانەی زیاتر لە ٤ میلیون منداڵ بە هۆی هەژاریی بنەماڵەکانیان بوو بە مانشێتی زۆربەی ڕۆژنامە نێوخۆیی‌یەکانی ئێران و زۆر لایەن و ڕێکخراو وێڕای بە داخبوونیان لە وەها باردۆخێک لە کەشی پەروەردەیی ئێراندا، خەسارناسیی ئەو واقعە تاڵەیان کردوە.

جاوید سوبحانی، ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەریی ناوەندی داکۆکی لە مافی منداڵان ئاشکرای کرد کە سەرەڕای ئەوەی منداڵان ٣٣% ی حەشیمەتی ئێران پێک دێنن، بەڵام فاکتۆری حەشیمەتیی منداڵان و تایبەتمەندییە جیاوازییەکانی ئەو بەشە گرینگە لە کۆمەڵگە کەمترین کاریگەریی لەسەر سیاسەتی گشتی و کەلانی وڵات دا نەبوە. بەڵام هەموو سیاسەتە وردو کەلانە ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەکان زۆرترین کاریگەریی خۆی لەسەر منداڵان، ئەویش لە زووترین کات دا دادەنێ.

هەژاری یەکێک لەو فاکتۆر و دیاردانەیە کە کاریگەریی زۆری لەسەر ڕەوشی منداڵانی ئێران داناوە. بە پێی ئامارە ڕەسمی‌یەکان و بە لەبەر چاوگرتنی فاکتۆری دیاری هێڵی هەژاری، ١٠تا ١٤ میلیون کەس لە حەشیمەتی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین. بەپێی ئاماری هەیئەتی بەڕێوەبەریی ناوەندی داکۆکی لە مافی منداڵانیش نێونجی حەشیمەتی ژێر ١٨ ساڵ کە دەبێ لە قوتابخانەکان خەریکی خوێندن و پەروەردە بن، دەکاتە ٣٣% ی ئەو حەشیمەتەو بەمجۆرە دەبینین کە ٣ هەتا ٤ میلیون منداڵ لەژێر هێڵی هەژاریی موتڵەق دا دەژین و یەکەم کارتێکەرییەکانی هەژاریش لە سەر واقعی ژیانی ئەو منداڵانەش، گەڕانەوەیان لە قوتابخانەو واز هێنانیان لە خوێندنە.

ئەگەرچی ئاماری ورد لەسەر ڕێژەی واز هێنانی منداڵان لە خوێندن لە ساڵی نوێ دا بڵاو نەکراوتەوەو لە بنەڕەت دا وەها ئامارێک زۆر بە سەختی لە لایەن ناوەندەکانی تایبەتەوە بۆ دەرەوە دزە دەکا، بەڵام بە پێی دوایین سەرژمێری ئێران کە ساڵی ١٣٨٥ ئەنجام دراوە، سێ میلیون و ٥٠٠ هەزار منداڵ لە تەمەنی تایبەت بە خوێندنیان دا و لە ڕووی ناچارییەوەو بە هۆی دەستەنگی و دەسکورتی و هەژاری بنەماڵەکانیانەوە وازیان لە خوێندن هێناوەو

تێکەڵ بە بازاری کاری وڵات بوون. وازهێنانی منداڵانیش لە خوێندن جگە لەزیانی و خەسارەکانی تایبەت بە خۆی لە بواری پەروەردەی گشتیی وڵات دا، بواری لەباری بۆ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی زۆر دیاردەی کۆمەڵایەتیی وەک منداڵانی کار، منداڵانی سەر شەقام، چوونە سەرێی ڕێژەی تاوانکاری و نزم بوونی تەمەنی دەست بردنە بەر تاوان و قاچاغ و هتد خۆش کردوە.

خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە سیاسەتە چەوت و نەگونجاوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و نەبوونی بەرنامەرێژی بۆ گەشەی مرۆیی کۆمەڵگە ڕۆژبەڕۆژ خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێران زێدەتر لە جاران کردوە. بەڵام گرینگتر لەوەش ئەوەیە کە بەرپرسانی پێوەندیداری ڕێژیم بەجێی گۆڕینی سیاسەت و پێداچوونەوە بەپلان و پرۆژە و سیاسەتەکانی حکوومەت لەو بوارانەدا بە حاشا لێ کردن لە واقعی تاڵی ژیانی خەڵکانی ئێران بەردەوام هەوڵی سڕینەوەی ئەسڵی کێشەکەیان داوە. بۆ وێنە لە حاڵێک دا کە موسا سەروەتی، ئەندامی کۆمیسیۆنی بەرنامەو بوودجەی مەجلیس رادەگەیەنێ کە لە ئێراندا ١٤میلیون کەسیی لە ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین و پێویستە پێدا چوونەوە بە سیاسەتە ئابوورییەکانی وڵات دا بکرێتەوەو پلانی تایبەت بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانە دابرێژرێ، کەچی ڕەزا میری، وەزیری ڕیفاەو دابینکردنی کۆمەڵایەتیی ڕێژیم لە کابینەی نۆیەم دا بەئاشکرا حاشا لە بوونی تاقە یەک کەس لە ژێر هێڵی هەژاری لە ئێراندا دەکاو دەڵێ تەنیا کەسانێک کە کەمتر لە ١ دۆلار دا هاتیان لە ڕۆژ دا هەیە وەک هەژار دەژمێردرێن و ناو براو پێی وایە کە هیچ کەس لە ئێراندا کەمتر لە ١ دوڵار واتە نیزیک بە ١٠٠٠ تمەن لە ڕۆژدا داهاتیان نیەو ئەگەر هەشبێ، ئەوا لە ژێر چەتری پشێوانیی کۆمیتەی ئیمداو بێهزیستی دان، واتە زۆر بە ڕوونی ئەسڵی باسەکە دەسڕێتەوەو وەک یەکێک لە بەرپرسانی ڕێژیم لە بەرامبەر بەرپرسیارەیتی ئەو دۆخە تاڵەدا خۆی دەدزێتەوە. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە تۆ بڵێی بەرپرسان و سیاسەت دارێژەرانی کۆماری ئیسلامی بتوانن بە ئەو مووچەو مانگانەی بۆ کرێکاران و مامۆستایان و کارمەندانی وەزاتخانەکانی خۆیان بڕیوەتەوە، تەنیا مانگێک بژین؟ ئاخۆ لە بەرامبەر گەڕانەوە و وازهێنانی منداڵان لە خوێندن و قوتابخانە بە دەستەنگی و دەسکورتی و هەژاری بنەماڵەکانیانەوە بۆ چرکە ساتێکیش هەست بە بەرپرسیارەتی ئازاری ویژدانی.

ڕێکەوت: ڕەزبەری ١٣٨٨ - سێپتەمبەری ٢٠٠٩

## کەمپەینی یەک میلیون واژۆ لە نێوان بوێری و نەوێران دا

سەرکوتی ژنانی خۆپیشاندەر لە خۆپیشاندانی گەورەی دژی "حیجابی زۆرەملی" لە زستانی ١٣٥٧ی هەتاویدا لە لایەن ئیسلامییە شۆڕشگێڕەکانی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی یەکەم کۆنتاکت و پێکدادانی نیزامی نوێی ئینقلابی لەگەڵ بزاوتی ژنان بوو. هەر بۆیەش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دوابەدوای سەقامگیرکردنی دەسەڵاتەکەی لە یەکەم هەنگاوەکان دا بە دانانی کۆمەڵە یاسایەکی نوێ بە پشت بەستن بە دەقە ئایینی و بنەما شەرعی‌یەکان گۆڕەپانی بەرەنگاری و بەرەوروو بوونەوەی لەگەڵ بزاوتی ژنانی دیاری کرد. پاشان بە گۆڕینی یاساکانی پشتیوانیی خێزان و دامەزراندنی چەند ئۆرگانیزمێکی وەک "ستادی ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە"، گەشتەکانی سارولڵاو جوندولڵاو دواتر هێزە ئینتزامییەکان و ئاوەڵاکردنی دەستیان بۆ هەر چەشنە کارو کردەوەو پەلامارێک دەرهەق بە ژنانی مافخواز، کەوتە سەرکوتی بزاوتی یەکسانیخوازیی ژنان و هەوڵدان بۆ هەرەسی پێهێنان بە ئیرادەی بەرخۆدان و پشت راستکردنەوەی ژنانی ئێران کە بە هیوای دەستەبەریی هەموو ماف و ئازادییەکانیان لەگەڵ ئەو شۆڕشە مەزنە کەوتبوون کە دەسەڵاتی پاشایەتیی تێکەوە پێچابوو.

بەڵام ئێستا دوای ٣٠ ساڵ لە دەسەڵاتدارەتیی ئەو ڕێژیمەو دوای مانەوەو پەل هاویشتنی هەموو ئەو ئۆرگانیزمە سەرکوتکەرانەی ڕێژیم بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئێران بۆمان دەردەکەوێ کەوا دیارە ژنان و بزاوتی ژنان سەرەڕای هەمووسەرکوت و گرتن و ئەشکەنجەو ئیعدام و دەستدرێژییەکان پێملی ویست و ئیرادەی ڕێژیم و ملکەچی یاسا پڕ لە هەڵاواردنەکانی ئەو ڕێژیمە نەبووە، لە بەرامبەریش دا ئەگەر ڕێژیم دوای ٣٠ ساڵ لە رووی ناچارییەوە کۆمەڵە گۆڕانێکی رواڵەتیی لە بڕێ لە یاساکانی دا پێک هێنابێ، بەڵام تا ئێستا ئامادە نەبووە سەبارەت بە ڕیفۆرم پێک هێنان لە تاقە یەک یاسای بنەڕەتی لە پێوەندی لەگەڵ مافی ژنان دا یەک هەنگاو لە ویست و هەڵوێستەکانی خۆی پاشەکشە بکا.

کۆبوونەوەی ژنان لە ٢٢ی جۆزەردانی ٨٤ی هەتاوی لە پارکی "لالە"ی تاران کە دواتر کەمپەینی یەک میلیون واژۆ بۆ گۆڕینی یاسا نایەکسانەکانی لێ کەوتەوە، ئەگەر لەلایەک بە ئامانجەکانی باڵا کردن و گەشەی بزاوتی ژنان لێک دەدرێتەوە، بەڵام لە روویەکی دیکەشەوە بزووتنەوەی مافخوازانەی ژنانی خستۆتە بەردەم ئەزموونێکی مێژوویی

چارەنوس سازەوە.

هەوڵدان بۆ جێخستنی ئەو بیرو تێڕوانینەی کە بزاوتی مافخوازانەی ژنان لە نێو نیزامێکی سیکۆلارو لە جودایی دین لە سیاسەت لە کۆمەڵگەدا پێدەگاو بە ئاکام دەگا، بەردەوام یەکێک لە ئامانج و کارکردەکانی بزاوتی ژنان بووە. بەڵام لە بەڵگەو دیکۆمێنتەکانی کەمپەینی یەک میلیون واژۆ، لە و تارو لێدوانەکانی وتەبێژو بەڕێوەبەرانی ئەو کەمپەینە نەک لە هیچ شوێنێک و ئاماژەیەک بەو پێویستییە ژیانەکییە، واتا پێویستیی جیایی دین لە سیاسەت نەکراوە بەڵکوو زۆر شەرمێونانە سەبارەت بە پێویستیی پێداچوونەوە بە یاساکانی رەوایی پێدەر بە هەڵاواردن بەردەوام پێ لەسەر ئەوەدا گیراوە کە ئەو داواو پێویستیی گۆرانکارییە هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ بنەماکانی شەرعیەت و یاسا دینیەکان نیەو بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدرێ کە بگوترێ ئەو بزاوتە سیاسی نیەو کلتووری ـ کۆمەلایەتییە، یان ئەوەی کە ناتەباو دژی بنەما ئایینی و شەرعییەکان نیە. بەڵام شاردنەوەی ئەو راستییە بەڕێوەبەرانی کەمپەینی تووشی پارادۆکس و تەنانەت گرفت لەگەڵ بەردەنگەکانی کردوە. چونکە لە کاتێک دا کە باس کردن لە ئازادییەکانی ژنان لە حیجاب رابگرە تا ئازادیی بڕیاردان بۆ ژیان و مافی تەڵاق و هەموو ماف و حەقێکی بەرامبەر لەگەڵ پیاوان سیستمی سیاسی تووشی کاردانەوەو دژکردەوە دەکا، ئیدی چیدی هەوڵەکان بۆ خۆدزینەوە لە بەرەوروو بوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی و بنەماکانی ئەو دەسەڵاتە کە رەواییەکەی لە بنەما شەرعیەکان وەردەگرێ، بێ ئاکام و مەحاڵە.

بەرەی لاوی کۆمەڵگە، بزاوتی خوێندکاری و بزاوتی مەدەنی کۆمەڵگەی ئێران و شعووری سیاسیی بەرزی مافخوازان چیدی پێملی یاساو رێسا پڕ لە هەڵاواردنەکانی رێژیم نابێ و ئەوە بەڕێبەرانی ئەو کەمپەینە دەبێ وریا بکاتەوە کە دەبێ سنووربەندییەکی روون و ئاشکرایان لەگەڵ یاساکان و پارێزەرانی یاساکانی رێژیم هەبێ.

## بەسیجی قوتابی و پێوەندیی بە رەگ داکوتانی توندوتیژی لە کۆمەڵگادا

لە خۆپیشاندان و رێوڕەسمی رۆژی ١٣ی خەزەڵوەری ئەمساڵش دا وەزیری پەروەردەو فێرکردنی پێشووی کۆماری ئیسلامی لەنێو قسەکانیدا کە بەمەبەستی رێزگرتن لەقوتابییان و رۆڵی پڕبایەخی ئەوان دەیکردن، ئاشکرای کرد

کە ٣٦٠٠٠ قوتابیی قۆناغەکانی ناوەندی لەکاتی شەڕی ٨ساڵەی عێراق و ئێراندا، لەبەرگی شەڕکەری و لە بەرەکانی شەڕدا کوژراون.

قسەکانی ئەو بەرپرسەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەڕۆژی قوتابی لە ئێراندا بووە بیانوویەک کە نووسینی ئوجارەم بۆ وێبلاگەکەم بۆ باس لەسەر دیاردەی بەسیجی قوتابی و بەکارهێنانی منداڵان لەکاروباری سیاسی و نیزامی و کاریگەریی ئەندامەتیی منداڵان لە ریکخراوە شێوە نیزامییەکان لەسەر بیچمگرتنی کەسایەتیی ئەوان و پەرەپێدان بە دیاردەی توندوتیژی لەکۆمەڵگا تەرخان بکەم.

خومەینی لەسەرماوەزی ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی دا بڕیاری دامەزراندنی بنیاتێکی لەژێر ناوی"بەسیجی موستەزعەفین" دا دەرکرد. پاش دامەزرانی ئەو بنیاتە شێوە نیزامییە، ڕێکخراوەکانی بەسیج لە مزگەوتەکان، ئیدارە دەوڵەتییەکان، زانکۆ و قوتابخانەو خوێندنگەکان دا بیچمیان گرت و دەستیان بە تۆربەندیی ئەندامگیری لەنێو منداڵان و مێرمنداڵان لەئاستێکی بەربەرین داکرد.

ئەو ڕەوتە لە ئێران بەپشت بەستن بەبنەمایەکی ئیدولۆژیکی و مەزهەبی و لەپێناو وەدیهێنانی تێزی "ئەرتەشی ٢٠میلیۆنیی " خومەینی دا پەرەی بەکارو چالاکییەکانی خۆی لەرەهەندەکانی پەروەردەیی، کلتووری و نیزامی لەنێو منداڵان و مێرمنداڵانی خوێندنگەکان دا.

دوای دەسپێکردنی شەری نێوان عێراق و ئێران "بەسیجی موسیتەزعەفین" کرا بە ژێر کۆی سپای پاسداران و لەکردەوە دا بوو بە ڕێکخراوێکی شێوە نیزامی.

لەکاتی شەڕی ٨ساڵە داو بەپێی ئامارە ڕەسمییەکانی خودی حکوومەت زیاتر لە ٥٥٠ هەزار قوتابی لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوەیەوە نێردرانە بەرەکانی شەڕ. لەوانە ٣٦هەزار کەسیان کوژران، زیاتر لە ٣٣٠ هەزار کەسیان کەمئەندام و نقوستان بوون و زیاتر ٢٦٠٠٠کەس لەوانیش لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە بەدیل گیران و لە ئوردووگاکانی دیلەکانی شەڕدا منداڵی و مێرمنداڵیی خۆیان تێپەڕاند.

ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە کۆنڤانسیۆنی جیهانیی مافی منداڵانی بەرەسمی ناسیوە. مادەی ١٩ی ئەو کونڤانسیۆنە هەرچەشنە توندوتیژییەک دژی منداڵان و هەر جۆرە کەڵکی خراپ وەرگرتن لە منداڵان بۆ مەبەستە

سیاسی و نیزامییەکانی مەحکووم کردوەو ولاتانی ئەندامی ئەو کۆنڤاسیۆنەشی ئەرکدار کردوە کە رێ لەهەر چەشنە هاندان و بەشدارییەکی منداڵان بۆ مەبەستە نیزامییەکان بگرن.

بەڵام لەرێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بەبێ گوێدان بە هیچ کام لەو پرەنسیب و رێوشوێنانە ئورگانیزمەکانی بەسیجی قوتابییان هەردەم زیاتر دەکرێنەوەو رێژیم گەلێ جار بەمەبەستی کەڵک وەرگرتنی سیاسی و تەنانەت رەوایی بەخشین بەخۆی یارمەتی و هێزی لەو ئورگانیزمانەی وەرگرتوە، بەبێ ئەوەی هیچ بۆی گرینگ بێ کە هاندان و بەشداری کردنی منداڵان و قوتابییان لەو بوارەدا چیها زیانی جەستەیی و دەروونییان پێ دەگەیەنێ و چەندەش بوار بۆ پەرەپێدان بە توندوتیژی و کلتووری شەڕەنگێزی و توندوتیژی لەکۆمەڵگا دا زۆر خۆش دەکا!

دیاردەی بەسیجی قوتابیی پێوەندیی راستەوخۆی بەدیاردەی رەگداکوتانی توندوتیژی لەهەناوی کۆمەڵگادا هەیە. بەپێی ئامارە حکوومەتی‌یەکان لەزیاتر لە ٧٠٠٠ حەوزەی پەروەردەیە، واتە قوتابخانەو خوێندنگەکان داو لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی دا ٤ میلیون و ٦٠٠ هەزار قوتابی وەک ئەندامی سادەو ئەندامی کاراو چالاکی بەسیجی قوتابی‌دا رێک خراون و کاریان پێ ئەسپێردراوە. لەم دواییانەشدا تەنانەت بۆخۆدزینەوە لەفشاری ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و مافی منداڵان دەمامکی بەسیجیان لەسەر ئەو ئورگانیزمانەیان هەڵ گرتوەو لە قوتابخانە سەرەتایی‌یەکان دا لەژێر ناوی "تەرحی هۆمێدان" لە قوتابخانە ناوەندییەکان لەژێر ناوی "تەرحی پویەندەگان" و لەخوێندنگە دواناوەندییەکانیش دا لەژێر ناوی "تەرحی پیشگامان" دا چالاکییە فێرکارییەکانیان لەبواری ئیدولۆژیکی و نیزامی دەبەنە پێشێ و پەرەیان پێ دەدەن.

ئاساییشە کە ئەگەر منداڵێک هەر لە تەمەنی کەم و لە قۆناغی سەرەتایی خوێندن دا بە بنەمایەکە ئیدولوژیکی گۆش بکرێ و فێری بەکارهینانی چەک و راهێنانە نیزامیەکان بێ، نەک هەر ئەوەی بیچمەکانی توندوتیژی لەکۆمەڵگا دا رەگدادەکوتن، بگرە رێژیم لەو هێزانە و لە کاتی پێویست دا بە مەبەستی رەوایی دان بە نیزام و دەسەڵاتەکەی کەڵکی زۆر خراپ وەردەگرێ، بەتایبەت بەلەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە قۆناغی ژێر ١٨ساڵ هەرەتی هەڵچوون و یاخیبوونی مرۆڤەو لەو تەمەنەدا مرۆڤ زۆر بە ئاسانی دەتوانێ بکەوێتە ژێر کارتێکەرییەکانی کەشی درۆیینی پەروەردە ئیدئۆلۆژیک و ببێتە گۆپاڵ و ئەبزاری سەرکوتی دەسەڵاتبەدەستانی حکوومەتی.

## شیشەو کریستاڵ، ئێستاش کڕاک و پان کڕاک

سەبارەت بە دیاردەی ئێعتیاد لە کۆمەڵگای سوننەتی و خاوەن سیستمە نادێموکڕاتیکەکان دا خاڵی گرینگ و زۆر هەستیار، نەبوونی ئامارێکی جێی باوەڕ وورو و دەقیقە. ئەمە هەم هۆکاری سیاسی و ئەمنییەتی هەیە، هەم کۆمەڵایەتی و دەروونی.

لە کۆمەڵگای سوننەتیی ئێران دا ئێعتیاد وەک دیاردەیەکی نەباوو نەشیاو و دژە بایەخەکانی کۆمەڵ سەیر دەکرێ و هەر ئەوەش وای کردوە کە کەسانی موعتاد تا ئەو جێیەی بۆیان دەکرێ خۆیان لە خەڵکی دوور بگرن، لەبەر چاوان بزر بن و خۆیان لە سەردانی ناوەندە بێهداشتی و تەندروستییەکان بدزنەوەو ئەوەش وای کردوە ئاماری رەسمی و جێی باوەڕی خێڵی موعتادەکانی ئێران هەمووکات جێی پرسیار و مشتومڕ بێ.

بەرپرسانی سیاسیی وڵاتیش هەم لە رواڵەت دا بۆپاراستنی ئابڕوو و حەیسییەت و پرستیژی نیزامەکەیان و لە راستیش دا بە مەبەستی خۆدزینەوە لە ئەرکی بەرپرسیارەتیی خۆیان هەوڵ دەدەن ئاماری موعتادانی وڵات زۆر لەوە کەمتر پیشان بدرێ کە لە واقع دا بوونی هەیە.

بەڵام لەهەر حاڵ دا هەم بۆ پلاندان و بەرەنگار بوونەوەی ئەو قەیرانە پێویستە ئامارێکی ورد و دروست لە بەردەستی توێژەران و پسپۆڕانی پزیشکی و دەروونناسیی وڵات دا هەبێ و هەم ئاماژە بەرهەستەکانی ئەو قەیرانە وایان کردوە هەوڵە سیاسییەکانی کاربەدەستانی رێژیم بۆ شاردنەوەو پووش بەسەرکردنی راستییەکانی ئەو دیاردەیە زۆر بڕ نەکاو ئاکامی دڵخوازی بۆ ئەوان لێ نەکەوێتەوە. چونکە لانیکەم راپۆرتەکەی ساڵی ٢٠٠٩ی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئێران گەورەترین وڵاتی بەکارهێنەری مادە هۆشبەرەکان لە دنیا دایە. بەڵام ئەوەی لەو نێوەدا زۆر گرینگ و هەستیارە دوو شتە: یەکەم ئەوەی لاوانی خوار تەمەن ٢٤ساڵ زیاتر لە ٦٠%ی حەشیمەتی موعتادەکانی وڵات پێک دێنن.

دووهەم ئەوەی کە ئولگوی مەسرەفی مادە هۆشبەرەکان گۆڕانی زۆر و خێرای بەخۆیەوە بینیوە و لە مادە هۆشبەرە سروشتییەکانی وەک تریاک و حەشیشەوە بەرەو مەواددی شیمیایی و سەنعەتیی وەک شیشەو کڕاک پەلی هاویشتوە.

هۆی سەرەکیی ئەوگۆڕانە لە ئولگووی مەسرەفی بەکارهێنان لە مادە هۆشبەرە کۆنەکانی وەک تریاک و هێروئین را بۆ شیشە و کراک، بۆ هەرزانی و بە ئاسان دەستکەوتن و راحەت مەسرەف کردن و بەکار هێنانی مادە هۆشبەرە شیمیایی و سەنعەتیەکانی وەک شیشەو کراک دەگەڕێتەوە.

لەو نێوەدا بڵاوبوونەوەی کراک و بەم دواییانەش یان کراک لە شێوازی بنێشت و لە رەنگی جۆراوجۆر لە پارێزگاکانی کوردستان و بەگشتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا نیگەرانی و مەترسیی زۆری بۆ لایەنە بەرپرسیارەکان ناوەتەوە.

کراک لە پێوەرو ستانداردی نێو نەتەوەیی خۆی دا لە کوکائین بەرهەم دەهێندرێ، بەڵام ئەو مادەیەی لە ئێراندا کراکی پێ دەگوترێ ئەو کراکەی ئامریکا و ئەورووپا نیە ولە کۆکایین دروست نەکراوەو پاڵاوتراوی مۆرفینییەو دیارە جیا لەوەش ناخالسی و خشت و خاڵی یەکجار زۆریشی پێوە زیاد دەکرێ و هەموو ئەوانەش نەک لە لابراوتوارو کارگە پزیشکیەکاندا، بەڵکوو دەست سازن و لە کارگە ژێر زەمینیەکان داو بە شاراوە بەرهەم دەهێندرێن.

کارتێکەرییەکانی کراک لەسەر لەشی مرۆڤ پێوەندیی بەو ناخالسی و خشت و خاڵانەیە کە بەمادە سەرەکیەکە زیاد دەکرێ بەڵام بەو حاڵەش خراپترین کاریگەریی لەسەر لەش و دەروونی ئەو کەسانەیە کە بەکاری دێنن. کراک تارە دەنگیەکان لەنێو دەباو لەکەمتر لە دوو ساڵیش دا هەموو سیستمی بەرگریی کەسەکە تێک و پێک دەداو شانسی مانەوەو درێژە پێدان بە ژیانی بە تەواوی لێ دەستێنێ.

سەبارەت بە کراک دوو شتی گرینگی دیکەش هەن: یەکیان دابەزینی تەمەنی بەکارهێنەرانی کراک بۆ خوار ١٦ ساڵ و بڵاوبوونەوەی لە خوێندنگە ناوەندی و دواناوەندیەکان داو دووهەمیان ئەوەی کە شانسی وازهێنان و دوور کەوتنەوە لە کراک بۆ بەکارهێنەرانی کراک ئێجگار کەمە.

وازهێنان لە کراک و وەلانانی شیشەو یان کراک پێویستیی بە ئەنگیزەی تایبەت و هاوکاری زۆری کەسی بەکارهێنەرو بنەماڵەکەی و چارەسەری و خەواندنی لە ناوەندێکی موجەهەزی پزیشکی هەیە و پێویستە تیمێکی پسپۆری تایبەتیی پێکهاتوو لە دەروونناس، ژارناس، پزیشکی ئەعساب، پزیشکی هەناو و یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی بەردەوام بۆ ماوەیەکی زۆر کاری لەسەر بکەن هەتا هەل و بواری گەڕانەوە بۆ ژیان و ئاسایی بوونەوەی

دۆخی جەستەیی و دەروونیی بۆ پێک بهێننەوەو ئەوەش نە بۆ لاوێکی موعتادی کۆڵەواری کورد دەڕەخسێ و نە ئەو ئیمکاناتە پزیشکیە تایبەتیەش لە کوردستان و تەنانەت لە ئێرانیش دا لەبەر دەستی خێڵی موعتادانی ئێران دادەنرێ.

## ئیوارە خەمە و دوا دڵۆپی خۆشەویستی دەرژێ لە ساتەکانی پێکەوە بوونمان

تۆ هەناسەی سەوزی ئەوین با ئەمجارەیان چیتر نەتکێمە نێو هەوری پەمەیی خەیاڵو نەرژێمە باوەشی وەهمەوە. بێستە باخەندەکانی جوانەمەرگو سۆزەکانی هەڵقرچاو نیشتمانی خەمیان جێ بهێڵن، ئەوسا منیش شێعرێک دەکەمە دیاری بۆ بەرۆکی بێوەفاییت، کە گشت هەناسەی لەسوتووی یادەکانو خەڵووزی یادگاریکانت وەرگرتبێ.

چیرۆکی خەمی هەرچی ئەشقیایە دەمکردە قەسیدەو چەند بە نەرمی دەم چپاندە گوێی دڵت تاکوو ببتە هەوێنی هەرچی وەرزی خەندەیە، کە چی ئێستا قەسیدەی مەرگی عەشقم لە کۆڵانی کێهە دڵتا، لە ژێر زایەڵەی کامە قاقای کامە شەوتا، بێنو برژێنە قوڵایی کێهە خەمی کامە یادتا.

ئازیز، لەخەونی پەپولەکانی عاشق تاکوو توانیم تێم گەیاندی، لە رازی چەمو نهێنی قەڵبەزەی، چیم لەلا بوو بۆم درکاندی، لە رژدی شاخو چیرۆکی چیاییەکان چیم دیتبوو، چم بیستبوو بۆتم هانیو گوتم، گیانە زەریا ماسی جێناهێڵێ تا ئەو کاتەی لەناو سینگی، نەرمە شەپۆلی خۆشەویستی شک ببا. نیشتمان چۆن شاخ لە بیر دەکا، ئەگەر ئەشکەوتەکانی نەبنە بۆسە بۆ پێکانی سینگی هەتاو؟ شنە بەهار خەمبار دەکاو لێی دەتۆرێ، ئەگەر شەپۆری هەڵاڵەی دەستە خوشکیو گریانە خوێنی دایکی گەزیزەی نەبیستبێ لەسەمای سەوزی گوڵان دا؟ زەریای چاوی عاشق چلۆن فرمێسکی لێ دەتۆرێ ئەگەرکوو هەژمەتی مالاوایی بۆ هەمیشەی، لەهەناویدا هەست پێ نەکردبێ؟

مەپرسە، هیچ مەپرسە کە چۆن هەناسەتم دەکردە میوانی گشت ئێوارە خوانەکانی کاتی تەنیاییمو شنەی یادتم

رادەسپاردە خەڵوەتی پەپوولە عاشقەکانیتری هەیبەت سوڵتانو چەندە بە خۆشی کاتەکانی پێکەوە بوونمان، کورتە ژوانەکانی سەردەمی هەڵفڕینمان پێکێ، ناچەند پێکێ بە خوماری چاوەکانتم هەڵ دەداو لە خوماری نیگاکانتم دەخواردەوە.

هۆ پاشماوەکانی یادی کەسکی تۆراو و سۆزە جێماوەکانی یادی گۆڕاو! ئەمە نە هاواری قەتیسماوی ئەوینە لە کاتە بەرتەنگە ناسکەکانی پێش لەسێدارەو نە فڕکەباڵی پەرەسێلکەیەکی کۆچەرە کە دوایین نیگای ماڵاوایی لە بۆ باڵای نیشتمانی دەگێڕێو وەنەوشەی ئاسمانی یادی جێ دەهێڵێ. ئەوە تک تک هەناسەی سەوزی بەهارێکی ئەرخەوانە کەوا خوێنی خەزانی لێ دەچۆڕێو چیتر بە چرپەی جاڕی هەر ماوە نەفەسو بەترپەی هەنگاوەکانی سنوورتاوێنت دڵخۆش نابێو باش دەزانێ وا لەمێژە هەنگاوەکانت ئاهەنگی رێ بڕینی مەیلەو دڵیان بیرچۆتەوە باریونەتە نێو کۆشی رەشەبای "بەزین"و چاو چۆن وابەگوڕ بەرەو دواوە دەکشێنەوە!

لە خەونی بەهارێکی تازەبەباردا بووینە شکۆفەی پیرەدارێکو چاوەڕێی قەسیدەی مەرگێ دەکەین. لەسەر شەپۆلێکی کەف پەڕیـَنی بەگوڕ بووینە کلکەی هەورێکی پەمەییو بەئاسمان دا پێی هەڵ گەڕاوین بۆ پەی بردن بە نهێنی درەوشانەوەی ئەستێرەیەک یا خۆ بارینی تەرزەبارانو چیمان دەس نەکەوت. چ خەمێکی بەرزە باڵایە چیرۆکی چاوەکەت لەسەر دوو رێیانی من .... تۆو ئێمەدا.

هۆ ئازیز! خۆ من ناڵێم چۆن دڵت هات پۆرترێتی خەونی کەسکی عاشقت، بگریتە بەر قینی برووسکەی کاموَسکی بێدارێکی تاوێنەر.

خۆ من ناڵێم چۆنە کەوا خەرمانی هەرچی یادو بەڵێنە چوونە ژێر هەوری ڕەشو بوونە بادی هەوا. هەناسەکانی دوا پەخشانی عاشقت دڵۆپ دڵۆپ سۆزەی وەفایان لێ دەچۆڕێو شنەی پەیامێ کە هۆ ئازیزەکەم لە قامووسی پێشمەرگەدا جگە لە باوەشی خۆشەویستیو ماچی وەفاو سۆزی ئەمەگ، جگە لە گوڵبزەی هیواو تیشکیخۆرو خەونی نیان بەشوێن هیچ دا مەگەڕێ، دڵنیابە هەر ئەمەو بەس، هەر ئەمەیەو بەس.

ڕێکەوت: خەزەڵوەری ١٣٨٨ - ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩

## ئاوڕێک لە رەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران دا بە بۆنەی رۆژی جیهانیی مافی مرۆڤەوە

١٠ دێسامبر، (١٩ی سەرماوەز) ساڵرۆژی پەسندکرانی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤە و لە لایەن کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە رۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ ناودێر کراوە.

هەوڵدان بۆ پاراستن و رێزگرتن لە بەها ئینسانی یەکان و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ رابردوویەکی بە درێژایی مێژووی مرۆڤ و مرۆڤایەتی هەیە. ٦٢٤ ساڵ پێش زایین بیرمەندانی شاری ئاتێن هەوڵیان دا بە چێ کردنی ئەو بنەما و بایەخانەی کە ئەورۆ بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ دەناسرێن، بەرەنگاری ملهوڕی و زۆرداری و دیکتاتۆریی سەردەم ببنەوە. نیزیک بە ١٠٠ ساڵ دواتر و لە ساڵی ٥٣٨ی پێش زایین دا کورش، شای پاشاکانی ئێرانی کەونار بڕیاری دا کە لە هەموو هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی دا مافی مرۆڤەکان لە هەڵبژاردنەکانی ئایین و شوێنی ژیان و نیشتەجێ بوون بە فەرمی بناسرێ و کوێلەداری و مەزنیی نژادی هەڵ وەشێتەوە. بەردەنووسی پاسارگاد کە ئێستا لە مۆزەخانەی بریتانیا دا پارێزگاری لێ دەکرێ، لە ساڵی ١٩٧١ دا لە لایەن رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بە یەکەمین جارنامەی گەردونیی مافی مرۆڤ ناسرا.

هەوڵەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بۆ بە بەیاخ کردنی گیانی مرۆڤ و ژیان و بەهاکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٤٨ی زایین دا پەسند کرانی جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤی لێ کەوتەوە کە ئێستا نیزیک بە ٢٠٠ وڵاتی سەر گۆی زەوی بە فەرمییان ناسیوە و خۆیان لە بەرامبەر جێبەجێ کردنەکەی دا بە بەرپرسیار زانیوە.

ئێران لە سەردەمی رێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی دا ئەو جاڕنامەیەی بە فەرمی ناسی و رێژیمی کۆماری ئیسلامییش دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلای ئێران دەروەستیی ئێرانی بەو جاڕنامەیە و ئەندامەتیی ئێرانی لە ریزی واژۆکەرانی ئەو پەیماننامە جیهانیە دووپات کردەوە.

بەڵام ئێستاو لە ٦١ ساڵەی رۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ دا بەسەرهاتی مرۆڤ و مافەکانی لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامی تاڵترو دڵتەزێنتر لەوەیە کە بتوانرێ بە نوسین و دەربڕین باسی لێ بکرێ. پێشێلکردنی مافی

مرۆڤ لە ئێران لەلایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە وەها ئاشکراو وەها توندو تیژو نامرۆڤانە بەرێوە دەچێ کە ئەو رێژیمە بە یەکێک لە سەرەڕۆترین نەیارانی مافی مرۆڤ لە دنیا دا ناسراوەو تا ئێستا زیاتر لە ٣٠ جار لەلایەن کۆڕو کۆمەڵە نێو نەتەوەیی یەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و کۆمیسیۆن و شوڕای مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە مەحکووم کراوە. دوایین جار ئەو رێژیمە لە رێکەوتی ٢٩ی خەزەڵوەری ئەم ساڵ و لەلایەن کومیتەی سێهەمی کۆڕی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە سەبارەت بە پێشێلکردنی رەهاو ئاشکرای مافی مرۆڤ مەحکووم کرا. پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران لە پانتایی یەکی زۆر بەرفراوان دا بەرێوە دەچێ و رێژیمی ئیسلامیی ئێران دەستی بردۆتە نێو تایبەتی ترین سوچ و کەلەبەری ژیانی خەڵکی، تا ئەو جێیەی تەنانەت بینین و سەیرکردنی کاناڵە تەلەڤزیۆنییەکانیشی بۆ خەڵکی دیاری کردوە کە چاو لە چی بکەن و چاو لێ کردنی چی قەدەغەیە! چی لەبەر کردن و چۆن لەبەرکردن و چی خواردن و چی خواردنەوەی خەڵکیش لەلایەن ئەو رێژیمەوە چوارچێوەی بۆ داندراوە و لادان و بەزاندنی ئەو چوار چێوەیە سزای قورسی بۆ لە بەر چاو گیراوە.

ژنان، منداڵان، کەمایەتی یە نەتەوەیی و ئایینی یەکان و جودابیران لە ئێران دا ئەو بەش و توێژە لە خەڵکانی ئێرانن کە بە توندترین شێوە مافەکانیان پێشێل دەکرێ.

لە ئێران دا ئیعدام و بڕیاری لە سێدارەدان هەروا برەوی هەیە و تەنیا لە ماوەی ٩ مانگی رابردووی ئەو ساڵ دا زیاتر لە ٢٥٩ کەس لە ئێران دا لە سێدارە دراون و گرتوخانە و ئەشکەنجەگاکانی رێژیم و ئەوەی لە سیاچاڵەکانی رێژیم دا بەسەر نەیاران و جودابیران دەهێنرێ لە مێژوو و دنیا دا وێنەی نیە. لێدان و لە برقدان، ئەشکەنجەی جەستەیی و روحی، دەست پەڕاندن و چاو دەرهێنان و دەستدرێژیی سێکسی کردنە سەر بەندییە سیاسی و مەدەنی یەکان لە گرتووخانەکانی رێژیم دا شتێکی ئاسایی و رێگە پێدراو و باو و لەلایەن بەرپرسانی رێژیمەوە سروشتی یە.

بەڵام رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان بەسەرهاتێکی جیاوازە. کوردەکان و کەمایەتی یە نەتەوەیی یەکان لەگەڵ جۆرەها پێشێلکاریی مافەکانیان و فەرق و جیاوازیدانان و هەڵاواردن و توندوتیژی بەرەوڕوون. هێشتا مانگێک لە ئیعدامکردنی ئیحسان فەتاحیان، لاوی جودا بیری کورد لەلایەن رێژیمەوە تێ نەپەڕیوە و هەر ئێستاش ١٤ لاوی خەباتگێڕ و رۆژنامە نووس و چالاکی کورد لەژێر پەتی سێدارەدان. تاوانی ئەو لاوانەی کورد دەنگ هەڵبڕین دژی ناعەداڵەتی، پێشێلکاریی و زەوتکرانی مافی هاونیشتمانانیان بووە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دوور لە چاوەدێریی وردی کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیییەکان و دوور لە فشارو لێپرسینەوەو ڕەخنەی کاریگەری ئەو ناوەندو کۆڕو کۆمەڵانە پێشێلکاریی مافی مرۆڤی لە کوردستان بەو پەڕی خۆی گەیاندوە.

سەپاندنی کەشوهەوای ترس و سەرکوتی توندوتیژی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و مەدەنی و سیاسییەکانی کوردستان، کەشی داخراوی گەیاندنی ئازاد و پەلاماردانی ئازادیخوازان و ڕێ نەدان بە چالاکیی چالاکان لە بواری کلتووری و ڕووناکبیری و سیاسەتی توندوتیژیی هەڵسوکەوت لەگەڵ کاسبکارانی سەر سنوور بەشێکی زۆر بچووک لە کارو کردەوە و کارنامەی کۆماری ئیسلامی لەو بەشەی ئێرانن. سەیر لەوە دایە کە ڕێژیم لەکاتێک دا کە بەهۆی ئیعدام کردنی تاوانباران لەلایەن کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیییەکانەوە بە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ مەحکووم دەکردرێ، بەڵام کوژرانی زیاتر لە ١٠٠ کەس لە خەڵکی بێ تاوان و کاسبکاری کورد لە ماوەی ٩ مانگی ڕابردوو لە ناوچە سنوورییەکان بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیمەوە تا ئێستا سەرنج و بینینی کەسی بۆ لای خۆی ڕانەکێشاوە.

سیاسەتی هەڵکردن و مامەڵە کردنی دنیای دەرەوە لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بە هێند وەرنەگیرانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە پێوەندییە دیپلۆماتیک و ئابوورییەکانی وڵاتانی جیهان لە گەڵ ئەو ڕێژیمە وای کردوە کە لە لایەک ڕێژیم ئەو هەڵەی بە باشترین شێوە بۆ سەرکوتی نەیارانی خۆی بە کار هێنابێ و لەلایەکی دیکەشەوە پرسی ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و بەهاو بایەخ و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤیش لە لایەن وڵاتانی مودەعیی دێموکراسی و ئومانیستەوە بە گاڵتە جارێک و لاهێزێکی سیاسی بۆ بەش و بەرژەوەندیی زیاتر گۆڕیبێ.

---

## یادەوەریی ڕۆژێکی پووشپەڕ

چەک و ڕەختەکەی لە خۆ کردەوەو لە پشت سەری لە شوێنی خۆی هەڵی واسین. چووە پشت مێزی کارەکەی. هاوڕێکانی هەر کام بە کارێکەوە خافڵابوون. بێستوون خەریکی نووسین بوو، ناسر تەرراحیی دەکرد و هیوا بە هێدفۆن گوێی دابووە دەنگ و باس و ...

حەوشەی قەڵا كپ و بێدەنگ، ڕۆژ خەریكی ئاوابوون بوو، دیمەنە ڕازاوەكانی سروشت لە پووشپەڕدا دڵڕفێنتر دەهاتە بەر چاو. شۆڕش پاش ماوەیەك ڕوانین لە پەنجەرەوە بۆ حەوشەی قەڵا لە پشت میزەكەی هەستاو دەستی دایە كتێبێك و لە ژووری وەدەر كەوت. لە بن سێبەری دارە تووەیەك پەتۆكەی ڕاخست و پاڵی وە دارەكە داو خەریكی خوێندنەوە بوو. هێشتا لاپەڕەیەكی تەواو نەكردبوو دایكی هاتە بەر چاوی و وەك هەموو جاریشك دەستی كرد بە لومەو تیرو توانج پێدادانی ....

ـ دەك ڕۆڵە عەمرت نەمێنێ. وەڵڵا...ت بخواردبایە چاكتر بوو. "دەڕۆم و دەچمە ڕیزی شوڕش، گەلەكەم چاوی لە منە". باوكیشت هەر وای دەگوت. ئەدی ئەو كاتەی وا بە كڵفەتی و قەرەواشی وكاری ماڵان پێنج منداڵی سەرو پێچكەم بەخێو دەكرد بۆچی كەس نەبوو ئاوڕێكم لێ بداتەوەو بڵێ با تۆزێك بار لە سەر شانی ئەو ژنە سووك بكەم؟ ئاخر ئەوە مێردەكەی لە پێناو ئێمەدا خەبات دەكا! چەند شەوو نیوە شەو، وەخت وە ناوەخت جاش و پاسدار بەر دەرگایان پێ گرتم و بە بیانووی سەیرو سەمەرە ماڵمیان پشكنی و كەس بوو بێ بە هانامانەوە؟ تۆش كووردایەتیم بۆ دەكەی و لە پێناو ماف و ئازادیی هەر ئەو خەڵكەدا خۆت هەڵوەدای شاخ و داخان كردووە! بەڵام خۆ فایدەی چی، لە گوێی گادا نووستووی و فڕت بە سەر هیچ شتێكەوە نیە. یان ناتەوێ بزانی و خۆت لە گێلی دەدەی؟ من لێرە كوندە جەرگ بووم هێندە ببیسم كە "كوڕی كابرا قوونی كارو كاسبیی نەبوو، داپیرەی لە كەلاوەكۆنان جێ هێشتووەو خۆشی وەدوای كڵاوی خوار كەوتووە" ....

قسەكانی دایكی دەتگووت كوتكەو لە سەری دەدرێن. هەستا سەر پێ و لە هاوڕێیەكی كە لەو دەوروبەرە پیاسەی دەكرد دوو جگەرەی وەرگرت و گەڕاوە بن دارە تووەكە. هەرچی هێناو بردی نەیتوانی خەیاڵی دایكی لە خۆ دوور خاتەوە...

ـ "پێم ناڵێی بۆ لە سەر ئەو خەڵكە خۆت بە كوشت دەدەی؟ لە باوكتانەوە تەنیا فرمێسك و خوێن و چەرمەسەری و ئەركی سەرپەرستیی ئێوەم بۆ بەجێ ما. تەمەنی لاوەتیم و جوانیم لە سەر ئێوە دانا. لە سەرتان دانیشتم و پێم گەیاندن، دڵم بەوە خۆش بوو كوڕم گەورە كردووەو لە بەری دەحەسێمەوە، لە كاتی پیری و پەككەوتەییم دا بۆم دەبێتە داری بەری. نەمزانی جیفركێك لە خۆی دەداو لەگەڵ تەنیایی و پیری و بەشمەینەتی لە ژوورە چۆڵاندا جێم دەهێڵی ..."

بە چزەی قامكی وەخۆ هاتەوە. قونچكە سیگارەكەی فڕێ داو هەستاو بە پەلە بۆ لای ژوورەكەی چوو. لە نێو

سندووقی كتێبەكانی دا ئالبۆمی وێنەكانی و نامەكانی هێنا دەرێ و لە قەلا وەدەر كەوت. بە دەم ڕێوە ئالبۆمەكەی هەڵ دەداوە. هەر لاپەڕەیەك و كۆمەلێك وێنەو دنیایەك بیرەوەری.

لە وێنەیەك دا خوشكە چكۆلەكەی بە گریانەوە باوەشی بۆ گرتبوٌوەو دەیگوت:

ـ كاكە گیان بگەڕێوە، بۆ ئێمە كۆستێك بەسە، وەرەوە...

بزەیەكی تاڵ كەوتە سەر لێوی. چاوی بە نامەكانی خۆشەویستە جێماوەكەی كەوت. لە دوورەوە بە كراسێكی سووری گوڵ زەرد لەوبەرەوە بۆ لای هات.

ـ دەزانی چیە شۆڕش! خۆشەویستی تۆ لام پیرۆزە، بەلام من ژیانم خۆش دەوێ. نامهەوێ باوكی مندالەكەم قەت لێمان دوور كەوێتەوە. پێم خۆشە هەموو ئێوارەیەك بەرەو پیلی بچم و لە باوەشی یەكتردا ماندووی لەش و تامەزرۆیی رۆحمان دەربكەین. نا نا من نەك حازر نیم لە چیاو لە تاراوگە بژیم تەنانەت نامهەوێ تاقە ساتێكیش لە دلەڕاوكێ دا كاتەكانم بەرمە سەر. من نامەوێ بەردەوام چاوەڕوانی هەوالی برینداربوون یا كوژرانی هاوسەرەكەم بم. كورتی ببڕمەوە، من حەزم لە فرمێسك و تەنیا كەوتنەوەو دابڕان نیەو ناشمهەوێ وەك دایكت لە هەڕەتی لاوەتی دا بێوەژن بم. بمبورە وا قسەت لەگەڵ دەكەم، بەلام تۆ پێت وانیە ئەوە تۆی خەیانەتت پێ كردووم كە بەجێت هێشتووم؟...

شۆڕش نەیدەزانی چی دەكا، ئالبۆمەكانی فڕێ دا سەر زەوی و دەستی كرد بە چاڵ هەلقەندن. یەك، دوو، سێ، چوار، پێنج،...

لە پێش هەموان دا دایكی ناشت. پاشان براو خوشكەكانی و خۆشەویستەكەی و خزم و كەس و ئەوەی بە بیری مابوو. هەموویانی لە گۆڕ نان و چالی كردن. كاتێك كە لە ناشتنی ئەوان بۆوە، وێنەكانی ئالبۆمەكەی دەرێناو لەگەڵ نامەو دیارییەكانی سۆمای خۆشەویستی لە سەر یەك كەلەكەی كردن و شەمچەیەكی پێوە نان. بەدەم سووتانی وێنەو نامەكان هەناسەیەكی پڕ لە حەسرەتی هەڵ كێشاو بە ئاورەكە جگەرەكەی داگیرساندو بۆ قەلا گەڕایەوە...

## ئیعتیادی ژنان،تایبەتمەندی و دەرەنجامەکانی

ژنان نیوەی حەشیمەتی کۆمەڵگای ئیمەو کۆمەڵگای مرۆیی جیهان پێک دێنن، بەڵام بەشی ئەوان لە زیان و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان، لە لادان و توندوتیژی و تاوانکارییەکان زۆر زیاتر لەو مافە رەوا، مرۆیی و سروشتییانەیە کە لە ئاکامی خەباتێکی دوورو درێژو پڕ کێشەو زیان و بە هەوڵ و گیانبازیی خۆیان وەدەستیان هێناوە.

ئەوە بەو مانایەیە کە ژنان یەکەمین قوربانیان و لە ریزی پێشەوەی زیانکەوتووانی لادان و کێشەو قەیرانە کۆمەڵایەتی یەکانن و ئەمرۆکەش لە ئێران و کوردستان دا ئێعتیاد سەرەکیترین، گرینگترین و کارەساتبارترین قەیرانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵانی خەڵکە.

وەزارەتی بێهداشتی کۆماری ئیسلامی دەڵێ "ژنانی موعتادی ئێران ۱۱ لە سەدی حەشیمەتی موعتادانی ئێران پێک دێنن و نیوەی ژنانی بەندکراو لە گرتووخانەکانی رێژیم لە پێوەندی لەگەڵ ماددە سڕکەرەکاندا دەستبەسەرکراون".(*)

کارناسانی زانستە کۆمەڵایەتی یەکان پێیان وایە دەرەنجامەکانی تێوەگلانی ژنان بە دوای ئێعتیاد زیانبارتر لە ئێعتیادی پیاوانە. ئێعتیاد لە نێو ژنان دا خۆی خوڵقێنەری زۆر دیاردەو خەساری دیکەی وەک راکردن لە ماڵ، لەشفرۆشی و پەرەسەندنی توندوتیژی یە.
دیسانەکەش ئەگەر لە بنەماڵەیەک دا ژن موعتاد بێ، منداڵان و ئەندامانی خێزانەکەشی بەرەوڕووی ئەو کێشەیە دەبنەوەو مەترسیی لەبەریەک هەڵوەشانی ئەو جۆرە بنەماڵانە هەردەم لە ئارا دایە. گرفتی دیکەی ئێعتیاد لە ژنان دا تێڕوانینی زۆر نیگەتیڤی خەڵک بۆ تاکی ژنی موعتادە. ئەگەر لە روانگەی خەڵکەوە موعتادێکی پیاو، کەسێکی قوربانی، نەخۆش و گیرۆدەیە، بەڵام ژنێکی موعتاد بە چاوی کەسێکی بەد رەوشت، بێ بەندوبارو سووک و چرووک سەیری دەکرێ کە لە نۆرم بەهاو بایەخە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا لای داوەو هەر ئەوەش گەورەترین کۆسپی بەردەم چارەسەری و گەڕانەوەو دەرمانی ئەو بەشە لە حەشیمەتی موعتادی کۆمەڵگایە.

هۆكارەكانی كاریگەر لە سەر پەرەسەندنی ئێعتیاد و تێوەگلان بۆ زەلكاوی ئێعتیاد گشتین بەڵام ئیعتیاد لە ژنان دا هۆكارە سەرەكییەكەی بۆ كەشی نێو خێزان و بنەماڵەیی دەگەڕێتەوە. بە پێی ئامارەكان زۆربەی كچانی موعتاد باوك و برا یان، خۆشەویستی موعتادیان هەیە و زۆربەی ژنە موعتادەكانیش لە ڕێگەی مێردەكانیانەوە تووشی ئەو بەڵا ماڵوێرانكەرە بوون . بەڵام گرینگ ئەوەیە كەتەنیا لەماوەی ٤ساڵی ڕابردوودا پەرەسەندنی ئیعتیاد لەنێوان ژنان دا سێ هێندەی پیاوان بووە و ئەگەر ئەو ڕەوتەبەم شێوەیە بەردەوام بێ، ڕێژەی ژنانی موعتاد لەگەڵ پیاوانی موعتاد وەك یەكی لێ دێ . ئەوەش لەحاڵێك دایە كە ئیمكانات و ڕێوشوێنەكانی دەرمان و وازهێنان زۆرتر پیاوانە و بۆپیاوان لەبەر چاوگیراون . ئەوەش لەجێی خۆی كەبەهۆی تێڕوانینە نیگەتیڤەگەی كۆمەڵگە بۆ ژنە موعتادەكان، ئەوانیش بەهۆی دەروونی كردنی ئەوجۆرە تیڕوانینە لە دەرخستی خۆیان وەكەسێكی موعتادوو هەوڵدان بۆ دەرمان و چارەسەری وازهینانی خۆ دەبوێرن . هەرئەوەش وای كردووە دیاردەی ئیعتیادی ژنان و مادە سڕكەرەكان وەك قەیرانێكی شاراوە و كپ كراوی لێ بێ . هەر بۆیەش بە كەمگرتنی ئەو دیاردەیە لەنێو ژنان دا و پەرەسەندنی خێرای لەتەنیشت تێڕوانینە تەك لایەنییەكەی كۆمەڵگا بەنیسبەت حەشیمەتی ژنانی موعتادەوە دەرئەنجامی زۆر ناخۆشی بۆ كۆمەڵگای مرۆیی ئێران بەدواوە دەبێ كە كەمتر ینیان لەبەریەك هەڵوەشانی شیرازەی بنەماڵە و كارتێكەریەكانی ئەو دیاردە لەسەر ئاسایشی كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگایە .

(*) سایتی خەبەریی "ایسنا"، ١٧ پووشپەڕ

---

## توندو تیژی دژی منداڵان و ٧ پرسیاری گرینگی كێ و چی-یەكان!

توند و تیژی بەرهەمی كۆمەڵگا سەرەتایی-یەكانی مرۆڤایەتی-یە. "لوویی ئیشتراوس" پێی وایە مرۆڤەكان چەندە توانیبێتیان خۆیان لە سروشتو یاسامەندییەكانی دەرباز بكەنو بەسەریان دا زاڵ ببن، بەو ڕادەیەش پاشخانی كولتوورو پانتای كارتێكەریی كولتووری مرۆیی خۆیان دەوڵەمەندتر كردوە. لە دنیای ئەمڕۆدا كە خوانی شەڕی مرۆڤ لە گەڵ سروشت چ لە كۆمەڵگا پێشكەوتووەكاندا و چ لە كۆمەڵگا پاشڤە چوو و دواكەوتووەكان داو لە بازنەی سنووورداری گۆی زەویدا ئاوەڵایە، ئێستاش دیاردەی توندو تیژی چ لە شێوازی سەرەتایی و چ لە شێوەی ئاڵۆزیدا هەروا باو و گشتگیرە.

ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە لە کۆمەڵگای توندو تیژی خولقێن-دا کە هەموو ئامرازو لاهێزەکانی پێوەندی، کلتووری، ئایین، کۆمەلایەتیو ئابووری لە خزمەتی توندو تیژی خولقاندنو بەرهەم هێنانی توندوتیژی دایە، مرۆڤە هەڵکەوتووەکان و لە هەمان کاتدا مرۆڤە کەم دەسەڵاتو لاوازترەکانی وەک ژنانو منداڵانو بەتایبەت منداڵانی کچ پتر دەبنە ئامانجی توندوتیژییەکان.

لەم دەرفەتەدا ئاوڕێکی کورت لە رەوشی منداڵانو پێوەندیی ئەوان لە گەڵ توندوتیژی دەدەینەوەو ٧ پرسیاری گرینگ سەبارەت بەو کێشەیە دێنینە گۆڕێ.

١- کێ؟ یان کامانە کەس زۆرترین مەترسیی توندوتیژییان لەسەرە؟ منداڵانی ژێر تەمەن ١٨ ساڵ بەتایبەت کچانی بەر لەتەمەنی خۆ ناسین لە زۆرترینی ئەو کەسانەن کە دەکەونە بەر کرداری توندوتیژی.

جێی ئاماژەیە کە کردەوەی توندوتیژیی دژی ئەو منداڵانە لە لایەن ئەندامانی بنەماڵەکەیانو زۆرتر بە ئامانجی بارهێنانو پەروەردە کردنیان بەرێوە دەچنو گەلێ جاریش وەک نۆرمو بەهایەکی کۆمەلایەتیش جێ دەگرن.

٢- کێهە و کامانە کەس بکەر و هۆکاری ئەو توندوتیژیانەی دژی منداڵانن؟ ئەو دەستەیە پانتایەکی فراوان لە بنەماڵە ڕا هەتا گرووپە کۆمەلایەتییەکان، رێکخراو و ناوەندە کۆمەلایەتییەکان لە خۆ دەگرێ. لە ئاستی خێزانو بنەماڵەدا باوک، دایک، برا یان خوشکی گەورەتر، بابەگەورەو دایە پیرە، مام، خاڵو پوورەکان وەک ئەستۆندەکی سەرەکیی پێکهاتەی خێزانە گەورەکانو لە ژێر ئامانجی پەروەردەیی! دا پەنا بۆ توندوتیژی دژی منداڵان دەبەن. لە ئاستی رێکخراوە کۆمەلایەتییەکانیش دا قوتابخانەو ناوەندە فێر کاری-یەکان گرینگترین شوێنی ئامادەبوونو کۆ کرانەوەی منداڵانن کە بکەرانی سەرەکی توندوتیژی نواندن لەو شوێنانە مامۆستایانو بەخێوکەرانو ئەو راهێنەرانەن کە لە ژێر دەمامکی پەروەردەو بار هێنانو ئامادە کردن بۆ قۆناغی سەروتردا پەرە بە توندو تیژی دژی منداڵان دەدەن.

لەو پێکهاتەیەدا مەزن خوازیو بڕیار بەدەستیو زەبروزەنگ لە سەرەوە بۆ خوارێو لە گەورەوە بۆ بچووکو لە حکوومەتەوە بۆ ناوەندە کۆمەلایەتیو جەماوەرییەکانو لە دوا جاردا بۆ هەرێمی خێزانەکان پەلی داکوتاوە...

٣- بۆچی؟ لە پێوەندی لە گەڵ هۆیەکانی سەرهەڵدانو پەرەسەندنی توندوتیژیدا دەبێ ئاماژە بە چەند خاڵ

بکەین. پێوەندیی ژنو پیاو لە کۆمەڵگای مرۆیی-دا بۆارخوڵقێنی هاوسەنگیی رەوشتی مرۆیی لە خزمەت سۆزو دلۆڤانیو عەتف دایە. ژنان بناغە دانەرانی عەشقو خۆشەویستی لە هەرێمی خێزانو لە نێو هاوسەرانو بەتایبەت منداڵەکانیان دان. لە کۆمەڵگای ئێستا ( بەتایبەت کۆمەڵگاکانی رۆژهەلاتی ناڤین دا) کە دیوارێکی بێ متمانەییو لێک دابران لە نێوان ئەو دوو رەگەزەدایە، چاوەڕوانیی بوونی سۆزو خۆشەویستی دەبێ سەیرو نامۆ بێ. گوشاری ژیانی شارنیشی وێرای هەموو هەوڵدانو تێکۆشان بەلام ئاستی گوزەرانی نزمو هەروەها کەلەبەرو کەلێنی قووڵی چینایەتی نێوان خەڵکو تەوەری سەروەتو سامان پەرستیو هەوڵدان بۆ مانەوە لە بارۆدوخی سەختو دژواری ئێستا بە سەرنجدان بە داهاتی کەمو تێچووی زۆری پێداویستییەکانی ژیان، کێشەی دەروونیی زۆری بۆ خەڵک خولقاندوە. بەردەوامیی ئاسەواری شەڕو دواتریش ململانێی جیددیی خەڵکو حکوومەتو لە دواجاردا دابڕانی نێوان نەوەی کۆنو نوێو بەرگەنەگرتنی دەروونیو عەسەبیو دارایی ئەوان لە بەرامبەر دابینکردنی پێداویستییەکانی منداڵان، تەنیا رێگەی بەرەو روو بوونەوە بۆ گەورەکان کراوە دەهێڵێتەوەو توندوتیژی نواندن ئاسانترین رێگە بۆ خۆ قوتار کردن لەو تەنگو چەڵەمانەیە.

٤- چۆن؟ شێوازەکانی توندوتیژی نواندن دژی منداڵان چۆنو چین. ئەو شێوازانە بە مەبەستی جۆراو جۆری پەروەردەیی یا ملهۆڕی بریتین لە تەمبێ کردنی جەستەیی، لێدان، گرتن، بێبەش کردن لە سۆزو خۆشەویستی، بێبەری کردن لە ئیمکاناتی خوێندنو خۆشگوزەرانی، وەبەرکارنانی بێ مووچەو پارە، چەوساندنەوەی جەستەییو کەڵکی جەستەییو سیکسی بە تایبەت لە کچان-داو فرۆشتنو بەکرێ دانو ئازاردانی جەستەیی بە کۆمەڵی ئەوانو هتد.

٥- کەی؟ ئەو دیاردانە ئەو کاتانە روو دەدەن کە قەیرانە ئابووریو کۆمەلایەتییەکان گشتگیر بوو بێتنو بەرۆکی بنەماڵەو دایکانو باوکانی گرتبێو لە لایەن دامودەزگا دەوڵەتییەکانیشەوە هیچ چەشنە کارئاسانییەک بۆ رێگە گرتن لەو خەسارانە لە گۆڕێدانەبێ.

٦- لە کوێ؟ لە گەڵ ئەوەی لە بنەڕەت دا مافی منداڵانو پاراستنو رەچاو کردنی مافەکانیان ئێستاش ئەو جۆرەی کە پێویستە لە بنەماڵەو حکوومەت دا پێناسە نەکراوەو جێگەو پێگەی مافی منداڵان لە یاسای بەڕێوەبەریی-دا بزرو نادیارە، بەلام دیاردەی توندوتیژی لە هەمبەر منداڵان لە رووی ئابوورییەوە زۆرتر لە نێو بنەماڵە دەستکورتو هەژارەکان، لە رووی کۆمەلایەتییەوە لە نێو چینی نەخوێندەوارو کەم خوێندەوارەکانو لە رووی

جوغرافیایی-یەوە لە کۆمەڵگای شارداو لە رووی رێکخراوەییەوە لە نێو بنەماڵەو کارگە پیشەییو ناوەندەکانی کارکردنی وەبەر هێنانی بێ مۆڵەت دا دەبینین.

٧- چ بکەین؟ بێگۆمان کەمکردنەوەو نەهێشتنی دیاردەی توندو تیژی دژی مندالان بە بێ جێ خستنی ئاسایشی کۆمەلایەتیو ئابووری بۆ جەماوەرو دابینکردنی بژێوی ئابروومەندانە بۆ هەژارەکانی شارو دێ مەیسەر نابێ. بەو حاڵەش یەکەم هەنگاو لە کورت خایەن دا فێر کردنی گەورەسالان لە بنەماڵەو رێکخراوە بەرینترەکانی وەک قوتابخانەو دواتر نووسینو دارشتنو پەسند کردنی یاساکان داکۆکیی گەرەنتیداری داراییو تەنانەت سزادان بۆ کەسانی هەلپەرست یا خۆ نائاگا لە کۆمەڵگادا دەتوانێ کاریگەریی خۆی هەبێ. جگە لەوەش خوێندنەوە و پێناسەکردنەوەی هەرەتی منداڵیو هەڵسوکەوتە توندوتیژییەکان لە یەک کات دا دەتوانێ یارمەتیدەری ئەو چارە سەرییانە بن کە باسمان کردن.

رێکەوت: سەرماوەزی ١٣٨٨ - نۆڤەمبەری ٢٠٠٩

## کەمئەندامی، دۆخێک بۆ دابڕان لەژیان

کەمئەندامان و نقوستانەکانی هەر کۆمەڵگەیەک، بەشی جیانەکراوو لەهەمان کات دا لەبیرکراوی ئەو کۆمەڵگەیەن. لەزۆربەی ولاتانی دنیاداو بە تایبەت لە ولاتە پێشکەوتووەکاندا زۆر یاسای تایبەتی کاری پێ دەکرێ تا لەژێر تروسکایی ئەو یاسایانەدا کەمئەندامانی ئەو ولاتە هەلی کاریان بۆ برەخسێ، سەبارەت بە پێداویستی-یە کۆمەلایەتییەکان دابین بکرێن و ئاستی ژیان و خۆش بژێویی ئەوان بچێتە سەرێ.

کۆمەڵگەی ئێران یەکێک لەو کۆمەڵگەیانەیە کە زۆرترین کەمئەندامی هەیەو لە رووی زۆر بوونی کەمئەندامانی شەڕەوە پلەی یەکەمی لە دنیادا هەیە.

بە پێی ئامارە ڕەسمی-یەکان زیاتر لە ٢میلیون و ٣٠٠هەزار کەس مرۆڤی کەمئەندام و نقوستان لە کۆمەڵگەی ئێران دا دەژین کە ئەو حەشیمەتە بەهۆکارگەلێکی وەک نەخۆشیی زگماگ، شەڕی ٨ ساڵە، بەدخۆراکی، نەخۆشی عفونێی جۆراوجۆر، بریندار بوون لەکاتی کارکردن، خراپ بەکارهێنانی دەواو دەرمان، تەقینەوەی مین لەناوچە سنوورییەکان و ڕووداوەکانی هاتوچۆو پێکدادانی ماشێن بەشێک، یان سڵامەتیی بەشێک لە لەشیان لە دەست داوە.

خاڵی گرینگ و جێی سەرنج لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ژیانی کەمئەندامانی ئێران لەچاو وڵاتانی دیکە لەوەدایە کە لەوڵاتە پێشکەوتووەکان دا هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەیە کە چۆن بکرێ زۆرترین و باشترین ئیمکانات بۆ پێڕاگەیشتنی لەبار بۆ ئەوان دابین بکرێ و لەگەڵ پڕ کردنەوەی بۆشایی-یەکانی ژیان و وێڕای گۆڕینی زێهنییەتی کۆمەڵگە بۆئەو کەمایسی-یانە، ژیانێکی شیاوی ئینسانییان بۆ لەبەرچاو بگیردرێ، بەڵام لە ئێران دا کۆمەڵگای کەمئەندامی ئێران، هەژارترین، بێ ئەنواترین، بەشخوراوترین و بێ هاناو پشستیوانترینی کەسیانی ئەو کۆمەڵگەیەن کە نەک هەر لە بیر کراون، بەڵکو و تەنانەت یاساکانی بەڕێوەبەریی وڵاتیش بواری زیاتریان بۆ پشتگوێ خرانی ئەو حەشیمەتە زۆرە لە کۆمەڵگەی ئێران خۆش کردوە. هەژاری و داماویی کەمئەندامانی وڵات گەیوەتە جێیەک کە بینیمان تەنیا لەو ساڵ دا چەند کەمئەندام، کە تەنانەت کەمئەندامی شەڕی ٨ساڵەش بوون، لەبەر دەم مەجلیسی شووڕای ئیسلامی دا ئاگریان لە خۆیان بەردا.

ئەمڕۆکە بنەڕەتیترین گرفتی کەمئەندامانی ئێران نەبوونی کارو هەلی کارییە تا لەو ڕێگەیەوە بتوانن ژیانی خۆیانی پێ دابن بکەن.

بە پێی یاسا دەبێ ٣%ی هەموو دەرفەتە کارییەکان(ڕەسمی، پەیمانیو کریکاری) لە هەموو بەش و دەزگا دەوڵەتی و ئیدارییەکان و لە هەموو وەزارەتخانە و شیرکەت و دامەزراوە دەوڵەتیەکانو کەرتی تایبەتیش بە کەمئەندامان بدرێ، بەڵامئەو یاسایە نەک هەر لەکەرتی تایبەت، بەڵکو لە بەشی دەوڵەتیش دا قەتجێبەجێنەکراوەو تەنانەت هیچ ئاسانکارییەکیش، وەک پێدانی وامێک کە بنوانرێ کارێکی پێ وەرێ بخرێ بۆ کەمئەندامان لەبەر چاو نەگیراوە.

تەنانەت ئەو بەشە یەکجار کەمەش لە کەمئەندامانی کۆمەڵگە کە لە بەشە ئیدارییەکان و لە کەرتی تایبەت دا توانیویانە لە خوارترین ئاستەکانی دا هەلی کاریان بۆ برەخسێ، لە کاتی کەمکردنەوەی هێزی ئینسانیی ئەو شیرکەت و ئیداراتانە دا، ئەوان زووترو زیاتر لە هەمووان کارەکانیان لە دەست دەدەن. ئەوەش لە جێی خۆی کە

تەنانەت لەو دەرفەتە کەم و بەرتەسکەش دا کە بۆ دامەزراندنی کەسانی کەمئەندام لە ئێراندا هەیە،فەرق و جیاوازیدانان لە نێوان خۆییو ناخۆیییەکاندا قسەی یەکەم دەکا.

ئەو فەرق و جیاوازیدانانە لە پارێزگاکانی کوردستاندا زیاترو زەق-تر بەرچاو دەکەوێ. لە کوردستاندا کە رۆژانە بە هۆی تەقینەوەی مینی چێنراو لە لایەن هێزەکانی رێژیمەوە کەسانێکی زۆر نقوستان دەبن، دامودەزگا ئیدارییەکانی رێژیم لە کوردستان تەنانەت ئامادە نین ناوی ئەو کەسانە لە ریزی کەمئەندامانی ئەو وڵاتە دا بنووسن، هەتا بە هیچ شێوەیەک خۆیان لە بەرامبەر ژیان و گوزەران و دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەوان و پێڕاگەیشتنیان دا بە بەرپرسیار نەزانن.

ئەو تەبعیزو جیاوازیدانانەش لە بەشی دامەزراندن و پێ ئەسپاردنی کاردا زیاتر بەرچاو دەکەوێ و ئەگەر لە کوردستان هەلیچکی کار بۆ کەمئەندامێک بڕەخسێ، ئەندامەتیی ئەو کەسە لە هێزی بەسیج و سپا دا کاریگەریی زۆری لەسەر دامەزراندنی ناوبراو دا دەبێ.

بارودۆخی تایبەتیی کوردستان و خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی وەک هەژاری و بێکاری و گرانی و نەبونی ئامووزش بۆ فێر بووونی پیشەو توانایی بەرێوەبردنی کارو کەمتەرخەمی و خەمساردی بەرپرسان و دامودەزگا حکومەتی-یەکان ئەوەندی دیکە ژیانیان لە کەمئەندامانی کوردستان تاڵ کردوە. ئەوەش وای کردوە کە لە کەمبوون یان باشتر وایە بڵێین مە لە نەبوونی ئەو دەرفەتانە بۆ بەشداریی کۆمەڵایەتی کەمئەندامام دا، کەلێن و مەودای نێوان ئەوان و کۆمەڵگە بەردەوا م هەراوترو زیاتر ببێ.

## هەوری رەش و فرمێسکی تیمساح

مەحموودی ئەحمەدینژاد لە پەراوێزی کۆبوونەوەی سەرۆکی وڵاتان لە دانمارک بۆ باس و بڕیار لە سەر ژینگە، رایگەیاند کە ئێران بە تەمایە داوای قەرەبوو کردنەوەی زیانەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی لە سێ وڵاتی براوەی

شەڕ، ئامریكا، بریتانیاو روسیە بكا. سەرۆک كۆماری ئێران دەڵێ ئەوە مافی خەڵكی ئێرانەو دەبێ پێیان ببڕێ، چونكە خەڵكی ئێران ٦٥ ساڵ لەوە پێش وڵاتەكەیان وەک پردی سەركەوتن بەكار هێنرا، بەڵام سەرەڕای ئەوەی خەسارو زیانێكی زۆریان وێكەوت، كەچی دواتر هیچیان پێ نەبڕاو چییان پێنەدرا.

ئێستا سەرەڕای ئەوەی كە قسەكانی ئەحمەدینەژاد چەندە لە نێو كۆڕو كۆمەڵە سیاسییەكان و ناوەندە حوقووقییەكانی كۆمەڵگای نێونەتەوەیی دا بڕ دەكاو ئەو بابەتە لە رووی حوقووقییەوە چەندەی بایەخ هەیە، كۆمەڵە پرسیارێكیش دێتە بەرچاو كە پێویستە رێبەرانی رێژیم خۆیان وەڵامیان بدەنەوە.

ئەوە كە ئاخۆ ماف و حەق-و حوقووقی خەڵک ئەوەندە لای ئەوان بایەخی هەیە كە شەڕی بۆ بكەن و خۆیانی پێوە ماندوو بكەن؟ ئەدی بۆ لە ٢٣ی جۆزەردان دا زیاتر لە ٢٠ میلیون دەنگی خەڵكیان دزی، ئەدی ئەوە ماف و حەقی خەڵک نەبوو؟ بۆچی خۆپیشاندانی هێمنانە و مەدەنیی خەڵكیان كە بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە دزرانی دەنگەكانیان هاتبوونە سەر شەقام، لە خوێن گەوزاند، پشتگیری و وەرگرتنەوەی دەنگی خەڵک مافی ئەوان بوو كە پێیان نەدرا، یان سەركوت و كوشتن و گرتن و دەستدرێژی سێكسی كردنە سەریان؟

پرسیار ئەوەیە كە ئاخۆ پشتگیری لە گرووپە تێرۆریستەكانی حیزبوڵڵاو حەماس و سەدرو ئەلقاعیدەو پێدانی بە میلیارد دۆلار لە داهات و سامانی گشتیی خەڵكی ئێران بەو گرووپانە مافی خەڵكی ئێرانە تا لەو سونگەیەوە لە دنیادا تەریک بخرێنەوە؟ یان ئەوە مافی خەڵكی ئێرانە كە ئەمنییەت و ئاسایش و ژیانیان لێ هەڵگرێ تا ئەو جێیەی لە نیشتمانی خۆیان دا جێیان نەبێتەوە؟

كێ مافی خەڵكی ئێرانی پێشێل كردوە، وڵاتانی رۆژئاوا، یان دەسەڵاتە دژی گەلییەكان كە خوێنی لاوان و ئازادیخوازان و گەلانی ئێرانیان لە شووشە كردوە! كێ زیانی راستەقینەو قەرەبوو نەكراوەی بە كۆمەڵگای ئێران گەیاندوە؟

٩٠ ساڵ لە شەڕی یەكەمی جیهانی و ٦٥ ساڵ لە شەڕی دووهەمی جیهانی تێدەپەڕێ. خەڵكانی وڵاتانی براوەی شەڕ هیچ، خەڵكانی وڵاتانی دۆڕاوو كاوڵكراوی شەڕ وەک ژاپۆن و ئاڵمان لە كوێ و ئێستای خەڵكی ئێران لە كوێ، دەوڵەتەكانی ئەو گەلانە لە كوێو ئێرانی خاوەن شكۆ! لە كوێ، تۆ بڵێی ئێران لە ژاپۆن و ئاڵمان زیاتر زیانی بەركەوتبێ؟

کۆمەڵگایەک کە لە ٢٥ میلیون هێزی کاری، ١٧ میلیون بێکاری هەبێ کە ٣ لە ٤ی ئەو بێکارانەش لە لاوانی خوێندەوار و دانشگایی پێک هاتبن، کۆمەڵگایەک کە ٧٠%ی سەنایع و کارخانەکانی بە هۆی سیاسەتی چەوتی بەڕێوەبەرانی لە کار کەوتبێ، کۆمەڵگایەک کە زیاتر لە ٤ میلیون موعتادی هەبێ، تەمەنی لەشفرۆشی بۆ خوار ١٤ ساڵ دابەزیبێ، تەمەنی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەشی بە هۆی نەبوونی کارو هیوا بە داهاتووی ژیان بۆ سەروو ٣٠ ساڵ هەڵکشابێ، لە حاڵێک دا لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا بە سەدان میلیارد دۆلاری داهات لە فرۆشی نەوت بووبێ، ئەوە خەتا و تاوانی وڵاتانی بێگانەیە، یان دەوڵەتە دژی گەلییەکانی بێگانە لە خەڵک؟ ئەوە وڵاتانی رۆژئاوان دەستیان لە بینەقاقای خەڵک وەرناوەو مافەکانیان لێ زەوت کردوون، یان خوێنمژان و ئەو بەڕێزانەی بە ناوی نوێنەری خودا لەسەر عەرزو هەڵبژێردراوانی گەل! حوکمیان بەسەردا دەکەن.

زیان و خەسارو نەهامەتییەکانی خەڵک لە سۆنگەی ٣٠ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی رێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاترە یان ئەو زیان و خەسارانەی ٧٠ - ٩٠ ساڵ لەوە پێش و لە سۆنگەی شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانییەوە وەبەر پێشینییانی ئەو خەڵکە کەوتوە؟

٢٢ ساڵ لەوەپێش خەڵکی بێتاوانی سەردەشت لە لایەن رێژیمی بەعسەوە هێرشی شیمیاییان کرایە سەرو زیاتر لە ١٠٠٠کەس بەم هۆیەوە کوژران و پتر لە ٧٠٠٠ کەسیش بریندار بوون و زیانیان وێکەوت.

رێژیمی بەعس رووخا، رێبەرانی ئەو رێژیمە نەک هەر لەبەر ئەوەی تاوانیان دژی گەلی خۆیان کردوە، بەڵکوو بە تاوانی ئەنجامدانی تاوان دژی مرۆڤایەتی درانە دادگاو زۆر گەل و لایەن و وڵاتی دراوسێی وەک کۆیت لە سۆنگەی تاوانەکانی ئەو رێژیمەوە قەرەبوو کرانەوە، ئەدی بۆ رێبەرانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران لەمبارەوە نەک هەر متەقیان لە خۆیان بڕیوە، بەڵکوو ئیزنی ئەوەش نادەن کە نوێنەرانی خەڵکی زیان وێکەوتووی ئەو رووداوە سامناکە بۆ خۆیان و بە تێچووی خۆیان پێوشوێنی ئەو داخوازییە بکەون، ئەوە لە حاڵێک دایە کە هەر خودی یاساکانی دادگای بنچینەیی تاوانەکانی عێراق ئەو مافەیان پێدەدا.

هەموو ئەو بابەتانە ئاماژە بەو راستییە دەکەن کە مافی کوردو مافی خەڵکانی غەیرە خۆیی لە لای کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی پووڵێکی قەڵب ناهێنێ و بۆ ئەو رێژیمە گرینگتر لە هەموو شتێک هەوڵدان بۆ زیاتر مانەوەی خۆی لەسەر تەختی دەسەڵاتەو بۆ ئەو مەبەستەش ئامادەیە کە حەق و حقوق و مافی رەوای هەموو خەڵکی ئێرانیش لەو پێناوەدا فیدا و پێخوست بکا، وەک چۆن تا ئێستا کردوویەتی.

***

ناونیشانی ئەو بابەتە لە شێعرێکی "بۆران"ی شاعیر وەرگیراوە:

هۆ هەوری رەش
ئەشکی تیمساح رشتن بەسە
خۆر بە زیندوویی دەنێژی و
بۆشی دەگری بە دەلەسە!

## فڕین (*)

لە مێژساڵە هەواڵی کوژران یان نەقوستان و بریندار بوونی خەڵکی سڤیلو مەدەنیی کورد بەهۆی تەقینەوەی مین بۆتە شتێکی ئاسایی، بەو مانایەش کە بەردەوامی و چەند پات و سەت پاتبوونەوەی ئەو رووداوانە نە ئیدی دەبنە مانشێتی رۆژنامەکان و نەبە دوا چوونی رۆژنامەڤانییان لەسەر دەکرێو خەریکە وردە وردە کاریگەریی لە سەر هەژانی ویژدانی گشتیی کۆمەڵگای کەم و کەمتر دەبێتەوە، وەک چۆن دەگوترێ "بەردەوامیو چەند پات بوونەوەی تاوانو دیاردە ناحەزەکان لە"قۆبح"و ناحەزیی ئەوان کەم دەکاتەوە". بەڵام بەو حاڵەش ئەوە راستییەکە کە تەقینەوەی مین لە کوردستانی رۆژهەڵات رۆژانە ۲.۳ قوربانی وەردەگرێ، واتە لە ساڵدا نیزیک بە ۸۵۰ کەس لە خەڵکی بێتاوان و مەدەنیی کورد ب ەهۆی تەقینەوەی مین گیانیان لێ دەستێندرێ، یان بریندارو نەقوستانو پەککەوتە دەبن.

قوربانیانی تەقینەوەی مین کێن؟ ئەو منداڵانەی بۆ کایە و قوماران لە گوندی دەچنە دەرێ یان بەرخەلو گاڕان وەپێش خۆیان دەدەنو رێی لەوەڕگەکانی دەوروبەر گوندەکەیان دەگرنە بەر،و هەڵ دەوەرن، ئەو ژن و کچانەی کە بۆ کەنگر و رێواس و گیا و گژی بەهاری ملی شاخ و بەندەن و کوێستانەکانی دوورو نزیکی دێیەکان دەگرنو ناگەڕێنەوە، ئەو کاسبکارو خەڵکە لێقەوماوەی بۆ پاروە نانێک بۆسەکانی هێزە کورد کوژەکانی کۆماری ئیسلامیو

گرژییەکانی سروشت دەبەزێننو دواجار یان گیانیان لە سەر ئەم پارووە نانە دادەنێن یان بە نەقوستانی دەبنە سەرباری خێزانو ماڵو منداڵە هەژارو دەسکورتەکەیان.

ئەوەش بە جێی خۆی کە "مین" ترس و دڵەراوکێی کردۆتە مۆتەکەیەک بۆ سەر ژیانی رۆژانەی ئەو گشت خەڵکەی زێدو نیشتمانو زەویو زارو کێڵگەکانی خۆیان لێ بۆتە بۆسەی مەرگو نەمان.

جیا لە زیانە گیانییەکانی تەقینەوەی مین، هەبوونی ئەم وردیلە مەرگ هێنەرە چ لە رووی کۆمەڵایەتیو چ لە رووی ئابوورییەوە زیان و خەسارێکی زۆری بە کۆمەڵگا و ئابووریی کوردستان گەیاندوە. ئێستاش بە هەزاران هێکتار زەویی بە پیت ولەوەڕگە و کویستانەکانی کوردستان بە هۆی مینرێژ بوونیانەوە کەڵکیان لێ وەناگیرێ، بە هەزاران کەس لە گوندنشینان ماڵ و حاڵی خۆیان بە جێ هێشتوە و روویان کردۆتە شارەکان و ڕیژەی بێکاریان لەم سونگەوە بردۆتە سەر. دیاردە کۆمەلایەتییەکانی وەک چوونەسەرێی رێژەی تەلاق، قەیرەیی، بێوەژنی، منداڵانی سەر شەقامو تەنانەت سواڵکەری لە دەرەنجامەکانی تەقینەوەی مینو کاریگەریی ئەم قەیرانە لەسەر کۆمەڵگای کوردینو بێبەش بوونی کۆمەڵگای کوردیش لە هێزی مرۆیی نە قوستانەکانو کەم ئەندامەکان کۆمەڵگا لە بوارەکانی بەرهەمهینانو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیش لە جێی خۆی کە کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر ڕەوتی گەشەو پێشکەوتنی کۆمەڵگا.

## هۆکارەکانی بوونو مانەوەو زێدە بوونی مین لە کوردستان

مین وەک خۆی چەکێکی بەرگرییە کە لە بەرەکانی شەڕدا بۆ بەرگەری لە شوێنە نیزامییەکان لە هێرشی دوژمنو بۆ ترساندنو خاوو لەسەرخۆ کردنەوەی هێزی دوژمن لە جموجۆڵ بەکار دێ. لە کاتی شەڕی ٨ ساڵەی عێراق ـ ئێران دا رێژیم نیزیک بە ١٦ میلیۆن مینی دژە نەفەری لە کوردستان چاند، لە کاتی هێرش و میلیتاریزە کردنی کوردستانیش دا گوندو بەرزاییو تەپۆڵکە نەما مۆڵگەو پایەگای لێ دانەمەزرێنێو دەوروبەری ئەو مۆڵگانەش بە مین نەتەنێ. ٢٠ ساڵە شەری ئێران ـ عێراق کۆتایی پێهاتوە، زیاتر لە ١٠ ساڵە چالاکیی چەکداریی حیزبە کوردستانییەکان وەستێندراوە، بەشی هەرە زۆری کۆنە مۆڵگەکانی رێژیم چۆڵ کراونو بێ کۆ کردنەوەی مینەکان تێڵدرووەکانی دەوروبەریان کۆ کراون کەچی نەک هەڵمەتی کۆکردنەوەو پاکژ کردنەوەی ناوچە مینرێژکراوەکان هەنگاوێکی کردەیی بۆ هەلأ نەهێندراوەتەوە، بەڵکوو پرۆسەی مینرێژ کردن لە ناوچەکانی سەر سنوورو لە سەر رێی کاسبکارانو کاروانچییەکانی سەر سنوور لە لایەن رێژیمەوە بەردەوام بووە، بۆوەی رێی بە هاتوچۆی ئەو

كاسبكارو كۆڵبەرانە بگرێ كە لە رووی ناچاریو بێ دەرەتانییەوە لە گەرووی شێر دا بە دوای پارووە نانێكدا بۆ خاوخێزانیان دەگەڕێن.

**هۆكاری ئەمەش بۆ چەند خاڵ دەگەڕێتەوە:**

**یەكەم،** ئەوەی كە رژێمی كۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش رێككەوتننامەی نێو نەتەوەیی ئوتاوای لە ساڵی ١٩٩٧ دا بۆ قەدەغە كردنی بەكارهێنانو عەمبار كردنو گواستنەوەی مین ئیمزا نەكردوە، بەوەش رژێمی ئێران هیچ چەشنە دەروەستییەكی حقوقیی بۆ خۆی دروست نەكردوە.

**دووهەم،** ئەوەی هەڵمەتی پاكژ كردنەوەی زەویی مین رێژ كراو تێچوونێكی زۆری دەوێ، ئەو مینەی نرخەكەی تەنیا ٣ دۆلارە، ٣٠٠ دۆلاری بۆ هەڵگرتنەوەكەی تێدەچێ. لە رۆژهەڵاتی كوردستان زیاتر لە ١٢ میلیۆن مینی پووچەڵنەكراوی نێژراو هەیە كە بەشی هەرە زۆری ئەو مینانە بە بێ هەبوونو لە گۆڕێدا بوونی نەخشە چێندراوەو رژێم تا ئێستا خۆی لە قەرەی ئەم بەرپرسایەتییە نەداوە تا ئەو بەڵایەی بۆ خۆی بۆ خەڵكی بە دیاری هێناوە، لە سەریانی كەم كاتەوە.

سێهەم هۆكار، بۆ نێوەرۆكو ماهییەتی رژێم دەرهەق بە گەلی كورد دەگەڕێتەوە. ئەوەی بۆ رژێم گرینگ نیە گیانو خوێنو سەرو ماڵی خەڵكی كوردە. رژێم ئەوەی بە كردەوە سەلماندوە كە دوژمنی قەستەسەرو نەیاری سوێندخواردووی گەلی كوردەو بۆ تواندنەوەی ئەم گەلەو بە چۆكداهێنانی بزووتنەوەی بەرەنگاریو مافخوازانەی ئەو گەلەش لە هیچ چەشنە جینایەتێكو كردەوەیەكی نامرۆیی نەپرینگاوەتەوە. هەر بۆیەش لەو پێوەندییەدا نە بۆ خۆی هیچ هەنگاوێگ هەڵ دەگرێو نە رێگە بە رێكخراوە مرۆڤدۆستە نێو نەتەوەییەكانیش دەدا بێنە كوردستانو لەم پێناوەدا بە هانای خەڵكی كوردستانەوە بێن.

* لە ناونیشانی بە نامەیەكی تەلەفیزیۆنی "كوردسات" وەرگیراوە.

## کەمئەندامی، بیانوویەک بۆ دابڕان لەژیان

کەمئەندامان و نقوستانەکانی هەر کۆمەڵگەیەک، بەشی جیانەکراوو لەهەمان کات دا لەبیرکراوی ئەو کۆمەڵگەیەن. لەزۆربەی وڵاتانی دنیاداو بە تایبەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا زۆر یاسای تایبەتی کاری پێ دەکرێ تا لەژێر تررووسکایی ئەو یاسایانەدا کەمئەندامانی ئەو وڵاتە هەلی کاریان بۆ بڕەخسێ، سەبارەت بە پێداویستی یە کۆمەڵایەتییەکان دابین بکرێن و ئاستی ژیان و خۆش بژێویی ئەوان بچێتە سەرێ.

کۆمەڵگەی ئێران یەکێک لەو کۆمەڵگەیانەیە کە زۆرترین کەمئەندامی هەیەو لە رووی زۆر بوونی کەمئەندامانی شەڕەوە پلەی یەکەمی لە دنیادا هەیە.

بە پێی ئامارە رەسمی یەکان زیاتر لە ٢میلیون و ٣٠٠هەزار کەس مرۆڤی کەمئەندام و نقوستان لە کۆمەڵگەی ئێران دا دەژین کە ئەو حەشیمەتە بەهۆکارگەلێکی وەک نەخۆشیی زگماک، شەڕی ٨ ساڵە، بەدخۆراکی، نەخۆشی عفونێی جۆراوجۆر، بریندار بوون لەکاتی کارکردن، خراپ بەکارهێنانی دەواو دەرمان، تەقینەوەی مین لەناوچە سنوورییەکان و رووداوەکانی هاتوچۆو پێکدادانی ماشێن بەشێک، یان سڵامەتیی بەشێک لە لەشیان لە دەست داوە. خاڵی گرینگ و جێی سەرنج لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ژیانی کەمئەندامانی ئێران لەچاو وڵاتانی دیکە لەوەدایە کە لەوڵاتە پێشکەوتووەکان دا هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەیە کە چۆن بکرێ زۆرترین و باشترین ئیمکانات بۆ پێڕاگەیشتنی لەبار بۆ ئەوان دابین بکرێ و لەگەڵ پڕ کردنەوەی بۆشایی یەکانی ژیان و وێڕای گۆڕینی زێهنییەتی کۆمەڵگە بۆئەو کەمایسی یانە، ژیانێکی شیاوی ئینسانییان بۆ لەبەرچاو بگیردرێ، بەڵام لە ئێران دا کۆمەڵگای کەمئەندامی ئێران، هەژارترین، بێ ئەنواترین، بەشخوراوترین و بێ هاناو پشستیوانترینی کەسیانی ئەو کۆمەڵگەیەن کە نەک هەر لە بیر کراون، بەڵکو و تەنانەت یاساکانی بەڕێوەبەریی وڵاتیش بواری زیاتریان بۆ پشتگوێ خرانی ئەو حەشیمەتە زۆرە لە کۆمەڵگەی ئێران خۆش کردوە. هەژاری و داماویی کەمئەندامانی وڵات گەیوەتە جێیەک کە بینیمان تەنیا لەو ساڵ دا چەند کەمئەندام ، کە تەنانەت کەمئەندامی شەڕی ٨ساڵەش بوون، لەبەر دەم مەجلیسی شووڕای ئیسلامی دا ئاگریان لە خۆیان بەردا.

ئەمڕۆکە بنەڕەتیترین گرفتی کەمئەندامانی ئێران نەبوونی کارو هەلی کارییە تا لەو رێگەیەوە بتوانن ژیانی

خۆیانی پێ دابن بکەن.

بە پێی یاسا دەبێ ٣%ی هەموو دەرفەتە کارییەکان(رەسمی، پەیمانیو کریکاری) لە هەموو بەش و دەزگا دەوڵەتی و ئیدارییەکان و لە هەموو وەزارەتخانە و شیرکەت و دامەزراوە دەوڵەتیەکانو کەرتی تایبەتیش بە کەمئەندامان بدرێ، بەڵامئەو یاسایە نەک هەر لەکەرتی تایبەت، بەڵکو لە بەشی دەوڵەتیش دا قەتجێبەجێ نەکراوە و تەنانەت هیچ ئاسانکارییەکیش، وەک پێدانی وامێک کە بنوانرێ کارێکی پێ وەڕێ بخرێ بۆ کەمئەندامان لەبەر چاو نەگیراوە.

تەنانەت ئەو بەشە یەکجار کەمەش لە کەمئەندامانی کۆمەڵگە کە لە بەشە ئیدارییەکان و لە کەرتی تایبەت دا توانیویانە لە خوارترین ئاستەکانی دا هەلی کاریان بۆ بڕەخسێ، لە کاتی کەمکردنەوەی هێزی ئینسانیی ئەو شیرکەت و ئیداراتانە دا ، ئەوان زووترو زیاتر لە هەمووان کارەکانیان لە دەست دەدەن. ئەوەش لە جێی  خۆی کە تەنانەت لەو دەرفەتە کەم و بەرتەسکەش دا کە بۆ دامەزراندنی کەسانی کەمئەندام لە ئێراندا هەیە،فەرق و جیاوازیدانان لە نێوان خۆییو ناخۆییەکاندا قسەی یەکەم دەکا.

ئەو فەرق و جیاوازیدانانە لە پارێزگاکانی کوردستاندا زیاترو زەق تر بەرچاو دەکەوێ. لە کوردستاندا کە رۆژانە بە هۆی تەقینەوەی مینی چێنراو لە لایەن هێزەکانی رێژیمەوە کەسانێکی زۆر نقوستان دەبن، دامودەزگا ئیدارییەکانی رێژیم لە کوردستان تەنانەت ئامادە نین ناوی ئەو کەسانە لە ریزی کەمئەندامانی ئەو وڵاتە دا بنووسن، هەتا بە هیچ شێوەیەک خۆیان لە بەرامبەر ژیان و گوزەران و دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەوان و پێڕاگەیشتنیان دا بە بەرپرسیار نەزانن.

ئەو تەبعیزو جیاوازیدانانەە لە بەشی دامەزراندن و پێ ئەسپاردنی کاردا زیاتر بەرچاو دەکەوێ و ئەگەر لە کوردستان هەلیچکی کار بۆ کەمئەندامێک بڕەخسێ، ئەندامەتیی ئەو  کەسە لە هێزی بەسیج و سپا دا کاریگەریی زۆری لەسەر دامەزراندنی ناوبراو دا دەبێ.

بارودۆخی تایبەتیی کوردستان و خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی وەک هەژاری و بێکاری و گرانی و نەبونی ئامووزش بۆ فێر بووونی پیشەو توانایی بەرێوەبردنی کارو کەمتەرخەمی و خەمساردی بەرپرسان و دامودەزگا حکومەتیەکان ئەوەندی دیکە ژیانیان لە کەمئەندامانی کوردستان تاڵ کردوە. ئەوەش وای کردوە کە لە کەمبوون یان باشتر وایە

بڵێین مە لە نەبوونی ئەو دەرفەتانە بۆ بەشداریی کۆمەڵایەتی کەمئەندامام دا، کەلێن و مەودای نێوان ئەوان و کۆمەڵگە بەردەوا م هەراوترو زیاتر ببێ.

رێکەوت: بەفرانباری ١٣٨٨ - دێسەمبەری ٢٠٠٩

## بابەتەکانی: ساڵی ٢٠١٠

---

### حاشا لە گۆشتی کەروێشک و بۆ تسی تاژی.

لایحەی ئامانجدارکردنی یارانەکان دوای پەسەندکرانی لەلایەن مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و شووڕای نیگابانەوە لە ساڵی نوێی هەتاوییەوە دەخرێتە ڕۆژەڤی کاری دەوڵەتەوە، بەلام هێشتا کێشەی سەرەکەی نێوان دەوڵەت و مەجلیس لەسەر بڕی داهاتی دەوڵەت لە شوێنی ئامانجدار کردنی یارانەکان نەبڕاوەتەوە. هەرچی مەجلیسە بڕی ٢٠ هەزار میلیارد تمەنی بۆ ئەو مەبەستە لەبەر دەستی دەوڵەت داناوە، بەلام دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد دەڵێ بە کەمترلە ٤٠هەزار میلیارد تمەن ناتوانێ ئەو پرۆژەی بخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە. ئەو بڕە پووڵەش لە شوێنی بردنە سەرێی -نرخەکان و ئازاد کردنی قیمەتەکان دابین دەکرێ، هەر بۆیەش لەوانەیە لە ئاکامی ڕێکنەکەوتنی مەجلیس و دەوڵەت دا، دەوڵەت لە درێژەدانی جێبەجێ کردنی ئەولایحەیە پاشگەز بێتەوە.

بەلام جیا لە خاڵە ناکۆکی-یەکانی مەجلیس و دەوڵەت لەسەر ئاراستە حقووقی، قانوونی و سیاسی-یەکانی ئەو لایحەیە، کۆمەڵە لایەنێکی شاراوەی ئەو پرۆژەیە سەر لێشێواوی و خاڵی جێی پرسیاری لەلای کۆمەلانی خەڵک دروست کردوە.

ئەوەی کە ئەو خوشە بەندییانە بە پێی چ پێوەرو پێودانگێک کراوە کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵک لە خوشەی سێ دا جێیان گرتوە کە تایبەت بەو کەس و بنەمالانەن کە دەوڵەمەند و خۆش بژێون؟ ئەو بڕە پەرداختی-یە نەغدییە چەندەیە و لە کەیەوە یارانەکان لەسەر شمەک و خزمەتگوزارییەکان هەڵ دەگیرێ؟

ڕاگەیاندنی خوشە بەندییەکان لە زۆر لاوە نیگەرانی و سەر سووڕمانی لەلای خەڵک و کارناسە ئابوورییەکان دروست کردوە. دەوڵەت لە حاڵێک دا ئیدعا دەکا زۆرترین کاری کارناسیی لەسەر ئەو لایحەیە کردوە،بەلام دەرنجام و دەرکەوتەکان شتێکی جیاواز و ناتەبا لەگەڵ ئەوەیان دەرخستوە. ئەوەی لەو نێوەدا دیارو ئاشکرایە کە

جێ گرتنی خەڵک لە خشتەی خوشەبەندییەکان دا بە پێی رادەی حەقدەست و مووچەی مانگانە دیاری کراوە، نەک بە لەبەرچاو گرتنی تێچووەکانی ژیان و پێوەر گەلێکی گرینگی وەک کرێ خانوو و گەڕاندنەوەی قیستە بانکی-یەکان. لێرە دا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە چەند لە سەدی خەڵک لە خوشەکانی یەک و دوو دا جێ دەگرن کە دەبێ یارمەتیی نەغدییان پێ بدرێ؟ دەوڵەت ئیدعا دەکا کە دەمێک ساڵە کاری کارناسی لەسەر ئەو لایحەیە دەکا، کە چی ئێستاش روون نیە لە یارانەی نەغدی بە هەر کام لە خوشەکان چەندە دەدرێ؟ یان ئەوەی وەک باس دەکرێ هیچ بڕە پارەیەک بە بنەماڵەکانی نێو خوشەی ۳ش دەدرێ یا نا؟ یان ئەوەی کەنرخەکان ئازاد دەکرێن، چۆن و بە چ شێوەیەک یارانەکان لە سەر هەڵ دەگیرێ و لە یەکەم ساڵی جێ خستنی ئەو پرۆژە بریارەدا نرخی برق، گاز، بێنزین و کاڵاکانی وەک ئارد و قەند و رۆن و شەکر دەگاتە چەندە و لە سۆنگەی چەند هێندە بوونی نرخی بێنزین نرخی شمەک و کاڵاکانی بازار چی لێ بەسەر دێ؟

بانکی ناوەندی هێڵی هەژاریی بنەماڵەیەکی ٦ کەسیی ژێر ۷۸۰ هەزار تمەن راگەیاندوە. بە پێی ئەو ئامارە ۳۰ میلیون کەس لە خوشەی یەک دا جێیان گرتوە کە بریتین لە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیەی کە لە خێزانێکی ٦ کەسی دا لە مانگ دا کەمتر لە ٤۷۰هەزار تمەن داهاتیان هەیە. ۱۷ میلیون کەسیش ئەندامانی ئەو بنەماڵانەن کە لە خێزانێکی ٦ کەسی دا لە مانگ دا لەنێوان ٤۷۰ هەزار تا ۷۸۰ هەزار تمەن داهاتیان هەیە. بەو پێیە ٤۷ میلیون کەس لە خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین و لە خوشەی یەک و دوو دا جێ دەگرن.

بەڵام خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە جێگری ئەحمەدی نژاد رایگەیاندوە کە لەوانەیە مانگی ۱۵هەزار تمەن یارانەکان نەغدی لەمانگ دا بەو کەسانە بدا کە لە خوشەی یەک دا دانراون و ئەو بڕە پارەیە بۆ کەسانی نێو خوشەی دوو لەوە کەمتر دەبێ. کارناسانی ئابووری پێیان وایە تەنانەت هەر ئەوەندە پووڵەش کە دیاری کراوە لەوانەیە دەوڵەت تووشی کەسریی بودجە بکا، ئەوە لەحاڵێک دایە کە ئەحمەدی نژاد لە کاتی پڕوپاگەندەکانی هەلبژاردن دا رایگەیاندبوو کە لە ئەگەری پەسندکرانی لایحەی ئامانجدارکردنی یارانەکان دا بڕی ۷۰ هەزار تمەن لە مانگێک دا ئەویش بۆ تاک تاکی خەڵکی ئێران دەبڕدرێتەوە. ئەوەی کە چۆنە لە ماوەی تەنیا ۷مانگ دا ۷۰ هەزار تمەن بۆ خوار ۱۵ هەار تمەن دابەزیوەو هەر لە بنەڕەت دا چەندە ئەو لایحەی لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئێران دایە، با لە جێی خۆی بمێنێ!

خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج لە پێوەندی لەگەڵ راگەیاندنی خوشە بەندییەکانی ئەو لایحەیە ئەوەیە کە زۆربەی

خەڵکی کوردستان کە هەژارو کەم داهات و لە دواکەوتوویی ئابووری دا راگیراون، لە خوشەی سێ دا دانراون، واتە ئەو کەسانەی خۆش بژێوو دەوڵەمەندن. ئەوەش لەگەڵ ئەوەی ناڕەزایەتیی زۆری خەڵکی لێ کەوتۆتەوە، پەرەی بەو نیگەرانیەش داوە کە لە کاتی ئازاد کردنی قیمەتەکان دا و چوونە سەرێی زیاتری نرخی"تورم" و گرانی تر بوونی نرخی شمەک و کاڵاکان، خەڵکی هەژارو بێ داهات و کەم داهاتی کوردستان چۆن بەرگەی ئەوشە پۆلە نوێیەی گرانی دەگرن کە لەوانەیە سۆنامی-یەکی لێ بکەوێتەوە. هەر بۆیەش وای کردوە کە خەڵک لەنێو خۆیان دا بڵێن "حاشا لە گۆشتی کەروێشک و...!

## ئێعدام، بڕیاری شەرع یان لاهێزی سیاسی بۆ دەسەڵات

رەنگبێ مرۆڤ درندەترین گیانلەبەر بێ کە بۆ کوشتن و لە نێو بردنی هاورەگەزەکانی خۆی جۆرەها شێواز و مێتۆدی داهێنابێ و بە هێنانەوەی بیانووی زێدەخوازی و تۆڵە سەندنەوەو بە هۆی هەڵنەکردن لەگەڵ-یەکتر جیا لە شەڕو کوشتار، لە نێو چوارچێوەی یەک وڵات و کیانێکی سیاسیش دا بڕیاری مەرگی بۆ هاورەگەزەکانی دەرکردبێ.

ئایین و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لە زۆربەی کۆمەڵگا مرۆییەکان دا ماکەی شەرعییەت دان بە گونجانی سزای ئێعدام لە سیستمە حقووقی و قەزاییەکان دا بوون و بەرەبەرەش بە پەرەسەندنی بیری مرۆڤ تەوەری و ئۆمانسیم و تۆخبوونەوەی بایەخە مرۆییەکان و بە پێی کەم و زۆریی ئەو پەرەسەندنانە، سزای ئێعدام لە سیستمی حقووقی ئەو کۆمەڵگایانەش دا هەڵ گیراوە.

ئەوەش کە ئەورۆ ئێران لە رووی بەرێوەبردنی حوکمی ئێعدامەوە پلەی دووهەمی لە دنیادا هەیە، بەشێکی بۆ رەگ داکوتانی روحی تۆڵە و توندوتیژی لە کۆمەڵگا وگەڕانەوە بۆ کارتێکەری و زاڵبوونی بڕیارە ئایینییەکان لەو کۆمەڵگایەدا دەگەڕێتەوە کە رێگەی بەوەداوە کە سیستمی حقووقی و قەزایی وڵات شەرعییەتی پەیڕەو کردنی حوکمی ئیعدام هەر لە ناخی ئەو کۆمەڵگایە وەربگرێ.

بەلام ئێعدام کردن وەک ئامرازێکی سیاسی بۆ سەرکوت و زاڵ - کردنی کەشی ترس و تۆقاندن لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە بابەتێکی جیاوازە لەو رەوتە کۆمەڵایەتییە.

بابەتی ئیعدام کردن وەک سزایەکی حقووقی لە نیزامی کۆماری ئیسلامی دا پتر لەوەی بنەمای حقووقی هەبێ، بڕیارێکی سیاسییە. ئیعدام - کردنی گیراوانی سیاسی بە "تۆمەت" و "تاوان"ی "محاربە" بابەتێکە کە تەنانەت زۆربەی لێکۆڵەرە ئیسلامییەکانیش رەتیان کردۆتەوە، چونکی بە پێی هەموو رێوشوێن و پەروەردەکانی ئیسلام مەبەست لە سزا، تێگەیاندن لە هەڵەو هەوڵدان بۆ چاکسازی لە تاکی تاوانبار دایە، بەلام بە کوشتنی کەسەکان تەنیا دەرفەتی ئەو چاکسازییە لە تاوانباران وەرگیراوەتەوە.

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئامانج لەبەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدام بۆ بنەبڕکردنی تاوان لە کۆمەڵگاو گەڕاندنەوەی بایەخ بۆ بەها کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان دەگەڕێننەوە، بەلام لەگەڵا ئەوەی ئەو ولاتە لە رووی جێبەجێ کردنی حوکمی ئیعدامەوە پلەی دووهەمی لە دنیادا هەیە، بەلام ئەو شالاوە لە ئیعدامکردنانە نەیتوانیوە رێژەی تاوان و جینایەت لەو کۆمەڵگایەدا کەم بکاتەوە. هۆکاری ئەوەش بۆ نوقسانی لە بینینی پێوەندییەکانی نێوان تاوان وهۆکارەکانی رووادانی تاوان دەگەڕێتەوە. لە نیزامی حقووقیی ئێران دا تەنیا تاوان و تاوانبار دەبیندرێ و هیچ جۆرە سەرنجێک بۆ بوارو هۆکارو لایەنەکانی خوڵقان یان رووادانی تاوانەکە نادرێ. لە بەرامبەر ئەوەش دا هەوڵەکان بۆ نەهێشتنی سزای ئیعدام لە ئێران بە هۆی کەشی توندوتیژو هەبوونی روحی تۆلە سەندنەوە لە لایەن بنەماڵەو خوێنگرانەوە لە سەرەتای رێ دایە. لەو نێوەش دا ئیعدام وەک چەک و ئامرازێکی سەرکوت لە لایەن بەرێوەبەرانی رێژیمەوە بۆ سەقامگیریی سیاسی ئەوپەڕی کەڵکی لێ وەرگیراوە، بە جۆرێک کە پەرسەندنی حوکمی ئیعدامەکان لە ماوەی ٧ مانگی رابردوودا نیگەرانیی زۆری بۆ کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی پشگیری لە مافی مرۆڤ ساز کردوە.

دەزگای قەزایی رێژیم لە ماوەی دوای هەڵبژاردنەکانی بەهاری ئەو ساڵەوە بە پشت بەستن بە ئیعترافە زۆرە ملی-یەکان کە زۆربەیان بە هۆی دەزگا ئەمنییەتی و ئیتلاعاتییەکان ئەویش لەژێر فشاری زۆرو ئەشکەنجەدا وەرگیراون، حوکمی زۆر قورس و سزای ئیعدامی بۆ زۆر گیراوی سیاسی دەرکردوە کە هەموو ئەو حوکمانە بە پێی لێکدانەوەی تاکەکەسی و ئەنگیزەی سیاسییەوە بەسەر تۆمەتباران دا سەپاوە.

بە پێی راپۆرتی رێكخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە دوای هەڵبژاردنەكانی مانگی جۆزەردانەوە لە ئێران ١١٥ كەس لە سێدارە دراون كە چەند كەس لەوان لە كوردستان بە تاوانی عەقیدەتی و جودابیری لەگەڵ رێژیم ئیعدام كراون و بەشێكی زۆری دیكەش لەوان لەو مێرمنداڵانە پێكهاتوون كە بێ ئەوەی تاوانباری ئەو تاوانانە بن كە لە رووی كاڵفامیی منداڵانەوە كردوویانن، لە ژیان بێبەش كراون.

هەر لەو پێوەندییەدا زۆربەی مافناسان سوورن لەسەر ئەوەی كە دەركردنی حوكمی ئیعدام ئێستا لە ئێراندا زۆرتر سیاسی و سەلیقەیییە و بنەمای حقووقی-یان نیە. بۆ وێنە حوكمی ئێعدام لە شانۆگەریی دادگایی كردنەكانی تاوانبارانی دوای هەڵبژاردن بۆ ٥ كەس دەرچووە، لە حاڵێك دا بە پێی بەڵگە هەموو ئەو ٥ كەسە چەند مانگ بەر لە هەڵبژاردنەكان گیرابوون و لە هیچ خۆپیشاندانێك و نارەزایەتی دەربڕینێكی سەرشەقام دا بەشدارییان نەكردبوو. لە كوردستانیش دا كە ئێستا زیاتر لە ١٧ كەس لە چالاكانی سیاسی و مەدەنی لە ژێر پەتی سێدارە دان، رێژیم تەنیا مەبەستی سەركوتی سیاسی و رێگرتن لە بزووتنەوەی بەرەنگارخوازانە و بەردەوام بوون لە سیاسەتی ئەمنییەتی و پۆلیسی كردنی كوردستانە كە ئەو شێوازەی گرتۆتەبەر. ئەگینا بە پێی بۆچوونی زۆربەی مافناسان تەنانەت هەر بە پێی ئەو یاسایانەی ئێستای سزادانەكان، دەركردنی حوكمی "محاربە" بۆ چالاكانی سیاسی و مەدەنی و نارازییانی حكوومەتی هیچ بنەمایەكی شەرعی و حقووقی نیە.

رێكەوت: رێبەندانی ١٣٨٨ - جانێوێری ٢٠١٠

## كێشەی ئەتۆمیی ئێران، مەترسی یان هەڕوگیفێكی سیاسی

نیزیك بە ٨ ساڵە كێشەی ئێران و دنیای رۆژئاوا لە سەر بەرنامە ئەتۆمییەكانی ئەو وڵاتە تەوەری سەرەكیی كۆمەڵە هاوكێشەیەكی سیاسیی دیكەیە كە كۆماری ئیسلامی لە پێك ناكۆكیی بەرژەوندیی وڵاتانی زلهێزدا توانیویەتی بە قازانجی خۆی بیان قۆزێتەوەو، وابكا درێژە بە بەرنامە ناوكی یەكانی بدا.

كۆماری ئیسلامی لە سونگەی لاساری و سەرەڕۆیی یەكانی خۆی لە درێژە پێدان بە پیتاندنی ئۆرانیوم تا ئێستا سێ

جار و لە سێ بڕیارنامەی شوورای ئەمنییەتی نەتەوەیەکگرتووەکان دا کۆمەڵە گەمارۆ و تەحریمێکی وەک سزا خراوەتەسەر، بەڵام هیچ کام زنجیرە سزایانە کۆڵیان بە ئێران نەداوە، هۆکاری ئەوەش بۆ کۆک نەبوون و نەبوونی ئیرادەیەکی هاوبەش بۆ جێبەجێ کردنی ئەو سزایانە لەسەر ئێران دەگەڕێتەوە کە تەنانەت لە لایەن ئەو وڵاتانەش کە بۆ خۆیان بەشیان بە سەپاندنی سزاکانەوە بووە، لەبەرچاو نەگیراوە. ئیستاش دوای ئەوەی کە ئێران رایگەیاندوە کە هەوڵەکانی خۆی بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆمی پیتێندراوی سەروو ٢٠% دەست پێ کردوە و دوابەدوای ئەوەی ئەحمەدی نژاد لە رۆژی ٢٢ی رێبەندان دا رایگەیاند کە یە کەم مەحموولەی ئەو سووتەمەنییەی بۆ کاری لێکۆڵینەوەیی رادەستی زانایانی ئێران کردوە، جارێکی دیکە خەریکە گەرای کۆدەنگییەکی دیکەی کۆمەڵگەی جیهانی دژی ئێران بگوورێ. بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە ئاخۆ ئەو کۆدەنگییە لە دواجاردا سەپاندنی زنجیرە سزایەکی نوێی ئابووری وسیاسیی دیکە دژی ئێران لێ دەکەوێتەوە یانا، یان ئەوەی کە ئەو سزایانە بەشی وزەی ئێران دەگرێتەوە یانا، کە ئەو بەشەیان فارس گوتەنی" پاشنە ئاشیلی" کۆماری ئیسلامییە، یان ئەوەی کە ئاخۆ ئەمجارەیان ئیرادەیەکی هاوبەش و یەکگرتوو بە جێبەجێ کردنی ئەو سزایانە دژی ئێران رێک دەکەوێ یا نا، لەجێدا هێنانەبەر باسی دوو پرسیاری گرینگ و دیاریکەری ئاراستەکانە: ئەوەی کە بارودۆخی نێوخۆیی ئێران و بە گشتی مەوقعییەتی ئێران لە هاوکێشە سیاسیی یەکان دا چۆنە و لە بەرژەوەندی کام لادا دەشکێتەوە؟ ئەوەش کە تۆ بلێی سەرکێشی و مەترسیی بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێران ئەوەندە بەرهەست و دیار بێ کە بتوانێ کۆدەنگییەکی جیهانی بۆ بەرەورووبوونەوە دژی ئێران وەڕێبخا، یان بە واتایەکی دیکە ئەو قسانەی لە زاری گەورە بەرپرسانی ئێران دێتە دەرێ، هەمووی هەڕوگیف و، بلۆفی سیاسی یە؟

سەبارەت بە مەوقعییەتی ئێران بۆ چوونەکان جیاوازن. کۆمەڵێک لە کارناسانی سیاسی پێیان وایە دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد پێگەیەکی لاوازی هەیە و هەموو بادانەوە و هەڕوگیفەکانی ناوبراو سەبارەت بە پیتاندنی ئۆرانیۆمی سەروو لە ٢٠% بۆ ئەوەیە لە دانوستانەکانی لەگەڵ رۆژئاوادا بە قورسایی یەکی زیاترەوە هەنگاو بێنێتە پێشی.

پەرەسەندنی جووڵانەوەی سەوز لە ئێران ئەو هیوایەی خستبوە نێو دڵی زۆر لە دیپلۆماتەکان کە ئەگەری جێگۆرکێی دەسەڵات لە ئێران دا، ئەوانەی جێی بەرپرسانی ئیستای ئێران دەگرنەو، ئینتمایەکی زیاتریان بۆ چارەسەریی ئاشتییانەی ئەو کێشەیە لەگەڵ رۆژئاوا هەبێ، بەڵام شانۆی هێز نواندنی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد لە رۆژی ٢٢ی رێبەندان دا دوورەدیمەنی رووخاندنی کۆماری ئیسلامیی لە لایەن بزووتنەوەی سەوزەوە، ئەگەر بۆماوەیەکیش بێ،

ڕەواندەوە. ئیستا سەرکەوتن و زاڵبوونی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد لە سەرکوت وپاشەکشە پێکردن بە جووڵانەوەی سەوز لەوانەیە بەشێک لە دیپلۆماتەکانی ڕۆژئاوای هێنابێتە سەرئەو باوڕە کە واباشە جارێکی دیکەش لەگەڵ کاربەدەستانی ئیستای حکوومەت پێک بێنەوە. ئەگەرچی لەوەش دڵنیان کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هیچ حاڵەتێک دا چ ڕێزو بایەخێک بۆڕێککەوتن وپڕەنسیپە نێونەتەوەیی کان دانانێ. لەلایەکی دیکەشەوە ئەو مەترسییە هەیە کە هەر چەشنە سازان و ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئێران پێگەی ئەحمەدی نژاد و دەوڵەتی کودیتاکەی لە نێوخۆی ئێران دا بەهێزتر بکا.

بەڵام لە تەنیشت ئەوانە ئەو بۆچوونەش هەیە کە ڕۆژئاوا دەبێ خۆی لەگەڵ ئێران یەکلا بکاتەوە. ٧ ساڵ وتووێژ و سیاسەتی نەرمی نواندن و چاوسوورکردن تەنیا بەهێزتربوون و یاغیگەریی ئێرانی لێ کەوتۆتەوە. لەم بارەوە بەشێک لە دیپلۆماتەکانی ڕۆژئاوا لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئیدی کاتی بڕیاردان و یەکلا بوونەوەیان تەحریمی ئابووری قورس تا لە ژێر سێبەری سزاگەلێکی لەو چەشنەدا دیپلۆماسی بتوانێ کاریکا دەسکەوتی هەبێ، یان ئەوەی کە بە هەڵبژاردنی بەربژێری نیزامی و چەکداری کێشە و بابەتی مەترسییەکانی ئێران لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە. لەونێوەدا هێشتا ئەو گریمانەیەش یەکلا بۆتەوە کە هەر بەراست ئێران مەترسیەکی گەورە لەسەر ئەمنیەتی جیهانییە؟ بۆچوونی زۆر لە کارناسان و دیپلۆماتەکانی ڕۆژئاوا لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەی دا کە ئەحمەدی نژاد فڕ ویژی دەکا و ئێران نەک لەتوانای دا نیە بۆمبی ئەتۆمی بەرهەم بهێنێ، بەڵکوو ژێرساختە ئابوورییەکەشی ئیزنی ئەوەی پێ نادا جارێ بەو زووانە هەنگاوێکی ئەوتۆ لەو پێناوەدا هەڵگرێ، وای کردوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماهییەت و پێکهاتەی خۆیدا وەک مەترسییەک و هەڕەشەیەک چاوی لێ نەکرێ. ئەوەش وادەکا کە کایەو گەمەی سیاسیی ئێران و ڕۆژئاوا جارێ هەروا درێژەی هەبێ.

## خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران بە زمانی ئامار

لە دەیەی دووهەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی را تاکوو ئێستا توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان، دەروونناس و کۆمەڵناس و بەرپرسە ئیدارییە دەروەستەکان لە ئێران بەردەوام سەرهەڵدان و پەرەسەندنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیان وەبیر بەرپرسان و دامودەزگا حکوومییەکانی پێوەندیدار هێناوەتەوەو ئەوانیان لە تەقینەوەی

ئاسەواره زیانبارەکانی ئەو دیاردانە وریا کردۆتەوە.

بەڵام ئەگەر لە لایەک کێشەو بابەتە سیاسی یەکان بە قورسایی زیاترەوە، سێبەریان خستۆتە سەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان و لەم سۆنگەیەوە دیاردەو خەسارە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام پشتگوێ خراون، لە لایەکی دیکەشەوە نەبوونی ئامارێکی وردو گشتگیر کە لە لایەن خودی بەرپرسان و بنیاتە حکوومییەکانەوە پشتڕاست کرابێتەوە بەردەوام ئەو گومانەی دروست کردوە کە لەوانەیە جۆرێک گەورەکردنەوەی کێشەو قەیرانەکان لەو واقعانە کرابێ تا بەمجۆرە رەخنەو گازندەیەکی زیاتر ئاراستەی بەرپرسە دەوڵەتییەکان کرابێ و کفایەت و جۆری بەڕێوەبەریی وڵات لە لایەن ئەوانەوە خرابێتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام لەو ماوەیەدا کۆمەڵە ئامارێک لە زمانی بەرپرسانی پایەبەرزی ئیدارات و دەزگاکانی رێژیم بڵاو بوونەوە کە هەموو ئیددیعا و ئامارەکانی رۆژنامەنووسان و توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان پشتڕاست دەکەنەوە.

بڵاڤۆکی "مێهری نوێ" سەر بە رێکخراوی بێهزیستی ئێران لە ژمارە ٥ی خۆی-دا کۆمەڵە ئامارو زانیارییەکی جێی سەرنجی بڵاو کردۆتەوە.

ئەوەی کە تەمەنی تووشبوون بە ئێعتیاد بۆ خوار ١٤ ساڵ دابەزیوەو ئەو دیاردەیە خەریکە لە قوتابخانەکانیش دا پەرەدەستێنێ، ئەوەی کە زیاتر لە ٤ میلیۆن کەس لە ئێران دا مادەی هۆشبەر بەکار دێنن، ئەوەی کە لە سۆنگەی پەرەسەندنی دیاردەی ئێعتیادو بێکارییەوە ئاماری تەڵاق ٣٠% لە چاو ساڵی رابردوو زیادی کردوە. هەر بە پێی ئەو راپۆرتە تەمەنی لەشفرۆشی بۆ خوار ١٦ ساڵ دابەزیوەو ئەوەی کە بەشی هەرە زۆری ئەو ژنانە نەخوێندەوار نین و خاوەن مێردو منداڵن.

زانیارییەکانی ئەو راپۆرتە ئەوە ئاشکرا دەکەن کە ئێران حەوتەمین وڵات لە ئاستی دنیادایە کە زۆرترین کەرەسەی ئارایشی و خۆجوانکردنی بۆ دێ و لە رووی بەکار هێنانی مەوادی ئارایشییەوە دوای عەرەبستان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا لە پلەی دووهەم دایە. ئەگەر لە وڵاتانی گەشەسەندوودا ژنانی سەروو ٤٠ ساڵ روو لە ئارایش دەکەن، بەڵام لە ئێران دا گرووپی تەمەنیی خوار ٢٤ ساڵ گەورەترین گرووپی بەکار هێنانی مەوادی ئارایشین کە هۆکاری ئەوە نەک بۆ جوانی ناسی، بەڵکوو بۆ دەروونناسیی ئەوان دەگەڕێتەوە.

بە پێی راپۆرتی سازمانی میللی لاوانی پارێزگای تاران لە ماوەی ٦ مانگی یەکەمی ئەوساڵ دا ئاماری زەماوەند

٦% لە چاو ساڵی رابردوو دابەزیوەو لە بەرامبەردا ئاماری تەلاق ٢١% زیادی کردوە.

مورتەزا بەختیاری وەزیری دادگوستەریی ئێرانیش رایگەیاندوە کە لە ماوەی ١٠ مانگی رابردووی ئەوساڵدا ٥ میلیۆن و ٩٠٠ هەزار پەروەندەی حقووقی و کەیفەری لە دادگاکان-دا کراونەتەوە. وەزیری دادگوستەریی ئێران ئاشکرای کردوە کە لەوساڵدا ٣ میلیۆن و ٢٠٠ هەزار پەروەندەی کەیفەری، ٢ میلیۆن و ٨٠٠ هەزار پەروەندەی حقووقی لە دادگاکانی وڵاتدا کاریان لە سەر کراوە و زیاتر لە ٣ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار پەروەندەش لە "شووڕاکانی حەلی ئیختلاف"دا بەدواداچوونیان بۆ دەکرێ.

عەلیڕەزا جەمشیدی وتەبێژی پێشووی دەزگای قەزایی ئاشکرای کردوە کە بارستایی پەروەندە قەزاییەکانی ئێران زیاتر لە وڵاتی چین بە ١ میلیاردو ٣٠٠ میلیۆن حەشیمەتە.

ساڵی رابردووش قوربانعەلی دورِی نەجەف ئابادی، دادستانی پێشووی وڵات رایگەیاندبوو کە لە هەر ١٠٠ هەزار کەسی ئێران، ٢٠٠ کەسیان لە زیندان دان. ناوبراو گوتبووی کە لە دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتییەوە حەشیمەتی ئێران ٢ بەرامبەر بووە، بەڵام ئەژماری زیندانییەکانی ئێران بۆتە ١٠ بەرامبەر.

هەموو ئەوانە لە ئێرانێکدا روو دەدەن کە سەرکۆمارەکەی ئیدیعا دەکا وڵاتەکەی ئازادترین وڵات، خەڵکەکەی بەختەوەرترین خەڵکی دنیاو دەسەڵاتەکەی و دەوڵەتەکەی دێموکراتیک ترین نیزامی دنیایەو وڵاتانی دیکەشی راسپاردوە کە تیتۆڵێک لە ئێران دادڕن و رایگەیاندوە کە ئامادەن مودیرییەت و بەڕێوەبەریی دنیاش بگرنە دەست.

## چێژی تەرک کردن زۆر زیاترە لە چێژی کێشان

**(ن.ب)** ٢٦ ساڵی تەمەنە، تا سێهەمی ناوەندی خوێندوویەتیو دواتر لە نانەواخانە کاری کردوە. ناوبراو ٨ ساڵ مەواددی موخەدیری مەسرەف کردوە خۆی گوتەنی ئەوەی بەردەستی کەوتبێ، تامی کردوە. (ن.ب) ی ماندووو شەکەت، بێ وازو لاواز، وەڕەز لە خۆیو ژیان،ترووسکایی ئومێدێک لەزەلکاوی ئیعتیاد دەردەکێشێو گیانێکی نوێی

بە بەردا دەکاتەوە. ناوبراو بە دڵێکی ئاوەڵا لە گەڵمان دادەنیشێ‌و بەسەرهاتی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە:

* چۆن بوو بۆ یەکەمجار ماددەی هۆشبەرت بەکار هێنا؟ کەی‌و چۆن بوو؟

* خۆپیشاندانی خەڵکی بۆکان بۆ پشتگیری لە ئۆجەلان بوو. ساڵی ٧٧ کە ئۆجەلان گیراو خەڵکی کوردستانیش راپەڕین، ئەمن دوایی گیرام، زۆریان لێدامو ئەشکەنجە کرام. یەکێک لەو ئەشکەنجانە بۆ ترساندن‌و تۆقاندنم، (جوجە کەباب) کردن بوو. لاقم شکا... بۆ شکانی ژانی لاقم مەوادیان پێدەدامو ئەمن نەمدەزانی. دواتر لە زیندان سەربازێک ئەو نەهێنی‌یەی بۆ درکاندم، ئەو گوتی کە بەردەوام تریاکیان بۆ لە چایی کردووەو دەرخواردیان داوم... دوایە بۆخۆم داوام دەکرد... ئێشم زۆر دەبوو، تەواوی ئێسکی لەشم دەیان زریکاند، بەڵام کە بۆیان دەهێنام، ئەهوەن دەبوومەوە.

(ن.ب) دوای بەربوونیشی لە زیندان واز لە تریاک ناهێنێ. چونکی وەک بۆ خۆی دەڵێ هەم ئێش‌و ژانی زۆر بووەو هەم قەتیش پێی وا نەبووە موعتاد دەبێ‌و چارەنووسێکی تاڵ‌و پڕ مەرگەسات تووشی دەبێ. (ن.ب) دەڵێ نەک پێم وانەبوو گیرۆدە دەبم، پێم وانەبوو قەت کەسانی دەوروبەرو تەنانەت بنەماڵەکەشم رۆژێ بزانن کە ئەمن مەواد مەسرەف دەکەم.

(ن.ب) ٣ ساڵی دیکەش تریاک دەکێشێ، دوایە روو دەکاتە هێرۆئین. دەڵێ لە پڕ تریاک گران بوو، سەرەڕای گرانی دەستیش نەدەکەوت بەڵام هێرۆئین وەک خیزو خۆڵ‌و زۆریش هەرزانتر لە هەموو جێیەک دەست دەکەوت. گیرایی‌یەکەشی زیاتر بوو. کەس بەو پیلانەی رێژیمی نەدەزانی. ئەمن ئەگەر بمزانیبایە بەستراوەیی هێرۆئین ئەوەندە زۆرە، دەمم لێ نەدەدا.

کۆتایی مەوادی رەش لە ژیانی موعتادیی (ن.ب)و هاوڕێیانی‌و رووتێکردنیان بۆ گەردی سپی، دەسپێکی رۆژە رەشەکانی ژیانیان بوو. (ن.ب) دەڵێ رۆژانی یەکەمو دووهەم باش بوو... هەرزان بوو... بە هێز بوو... بەڵام دوایە دەرەقەتی نەدەهاتین لە رۆژی یەک "بەست"و دوو بەستەوە گەیشتبووینە ٢٠، ٣٠ بەست. بە کێشان چێژێکی ئەوتۆمان پێ نەدەگەیشت، فێری تەزریق‌و گەڕان بە دەوای دەمارەکانی لەشیش بووین.

(ن.ب) چاو دەکاتەوەو لە دەوروبەر دەڕوانێ، توانای بینینی دیمەنەکانی هەیە، مێر منداڵێکی ١٥ ساڵە دوو

بەست هێرۆئین لە بەر چاوی (ن) لە فرۆشیار وەردەگرێ، کزە لە جەرگی (ن) هەڵدەستێ، بەڵام بێدەنگ سەری دادەخاو پیش دەخواتەوە. دوێنێ یەکێک لە رەفیقەکانی دۆستە کچەکەی هێنا بووە پارکو فەرمووی کردبوو. کچەکە لە پێشدا قایل نەبوو، بەڵام زوو خۆی بەدەستەوە دابوو... وێنەی ئەو کچانە چ زۆرو خەڵکی موعتادیش لەگەڵ یەکترو دەوروبەر چەند بێ بەزەیی...

لە (ن.ب) دەپرسم خەرجی کڕینی مەواددتان چۆن دابین دەکرد؟ بە بزەیەکی تاڵەوە دەڵێ: چۆنمان دابین دەکرد؟! دەبوا دابینمان کردبا... لە هەر رێگەیەکو بە هەر نرخێک... کەسی موعتاد بەرگەی ژانو ئێشی خوماری ناگرێ، بۆیەش مل بۆ هەر کارێکی بەجێو نابەجێ رادەکێشێ...

ئەگەر نەیبێ سواڵ دەکا... دزی دەکا... دەست بۆ هەر کارێکو کردەوەیەکی ناحەز درێژ دەکا...

ئەو مەوادەی دەوێو بۆ ئەو هیچ شتێک لەوە گرنگتر نیە... لەو کاتانەدا غیرەت، شەرەف، نامووس... بنەماڵە پوڵێکی رەش ناهێنێ... ژیانی چەندان کەس لەم سۆنگەیەوە لەبەر یەک هەڵوەشا... غروورێکی چەند زۆر کە خرانە ژێر پێلەقەو نامووسێکی زۆر کە بۆ بەستێک گەردی هێرۆئین فرۆشرا...

هێرۆئین هەرزانو زۆر... لە سەری هەموو کۆڵانێک، لە سووچی هەر شەقامێک، لە پارکو شوێنە گشتییەکانو لە هەموو جێیەک دەست دەکەوت، بە تەلەفونیش بۆت دەهاتە بەر دەرگای ماڵ، ئەوە تۆ بووی کە پێویستیت بووو زۆریشت دەویست. ئەگەر ئیمکاناتو پوولت هەبایە ئەوە هیچ، ئەگەریش نا، ئەوە دەبوا گرانترینو بە نرخترین بەهاکانی ژیانت بۆ ئەو گەردە هەرزانە دابایە...

مەوادەی موخەدیر قاچاغە، تەنانەت کێشانەکەیو بەکار هێنانەکەشی تاوانەو سزای هەیە، ئەدی چۆن بەرۆژی روونو وا بە هاسانی لە هەموو جێیەک دەستاو دەست دەگەڕێو مەعامەلە دەکرێ، ئەدی هێزەکانی ئینتیزامیو ئاسایشو...؟ (ن.ب) بە پەرۆشەوە دەڵێ کام هێزی بەرهەڵستکار؟ کام خەبات؟ کام رێگرتنو بڵاو بوونەوە؟ کامە مەواد فرۆش هەیە بە دزی مەوادی فرۆشتبێ؟ کێ لەوان گیراوەو لە زیندان دا راگیراوە؟ ١٥ساڵیش دەبێ خۆ قاچاغچییەکی مەوادەی موخەدیریان ئیعدام نەکردوە، وە نەبێ باوەڕیان بە ئیعدام نەبێ. زیندان هەیە، بەڵام تەنیا بۆ کەسی موعتاد. بۆوەی بڵێن ئەوەتا دەگرینو دەبڕین... لە زیندانیش چ زۆرە مەوادو حەب... بۆ خۆیان بە زۆر حەبت پێ دەدەن... دەڵێن با ئێشت نەبێو تووشی گرژی دەمار نەبیو دوایە بەسەرمان دا ساغ نەبیەوە... تۆ

که لە زیندان دێیە دەرێ، نەک وازت لێ نەهێناوە فێری زۆر شتی خراپتری وەک حەبیش بووی... تازە حەب لەجێی خۆی.. کراکو تەمچیزەکو دەمچیزەکو دەیان ماددەی سڕکەری دیکە کە ئەمرۆ نموونەی بەکارهێنانن لە نێو لاواندا... بەشی زۆری موعتادەکان بۆیەکەمجار لە زیندانەکاندا تووشی ئەم جۆرە مەوادادانە دەبنو دەرهاتن لە ژێر کاریگەریی ئەوانەش بەراستی کە سەختو دژوارە...

لە (ن.ب) دەپرسم پێت وایە لەبەرچی ڕۆژ بە ڕۆژ لاوەکانو مێرمندالان پتر لەو زلکاوە دەگلێن؟ ئەو دەڵێ کەسیک کە لە ئامێزی بنەماڵە تەریک دەخرێتەوەو کاتێک هەژاری لە هەموو جێیەک هاوار دەکا، کاتێک لاو بێ هیواو بێ تەمایەو ئاسۆیەکی روون شک نەبا... کاتێک بێکاریو فشاری سەختی ژیان لاوەکان دەهاڕێ، کاتێ هیچ وشیارییەک سەبارەت بەدوا ئاکامەکانی ئیعتیاد بە خەڵک نادرێ، کاتێک زۆرترین تەبلیغاتو جەوسازی بۆ ماددە هۆشبەرەکان دەکرێ، کاتێ خەمو خەفەت جەرگو دڵت دەردێنێو لەو لاش مەوادی موخەدیری هەرزانت بە ئاسان دەست دەکەوێ، کوڕی ئازای دەوێ تخونی نەکەوێو خۆی بپارێزێ... کاکە گیان! فەزاکە ئامادەیەو مێر مندالانو لاوەکانیش فارس گوتەنی "ێسیب پـژیرن" (لاوازن).

بەو حالەش تەجروبەی تەرکو وازهێنان سەرکەوتوویە؟ (ن.ب) چۆن توانی شوورەکانی بەستراوەیی بڕووخێنێ؟ ئەو دەڵێ ئەگەر بەراستی بتهەوێ دەتوانی، سەختەو زۆریش سەختە بەڵام دەتوانی... ئەمن بۆخۆم مادندوو ببووم... چەنددها جار دەمبیست کە دایکم دوعای مەرگی لێ دەکردم... تووکو نزای دەرو جیرانو خەڵکی دیش لە جێی خۆی... ناحەقیان نەبوو... کەسی موعتاد سەرباری کۆمەڵگایە... شار... گەڕەک... بنەماڵە... کۆمەڵگا... هەموویان ناحەز دەکا... هەموویان وێران دەکا... ئەگەر بەو قەناعەتە گەیشتی کە تۆ زیادیو لەخۆڕا هەناسە دەدەی، ئەگەر تۆسقاڵێکیش هیمەتو ئیرادەت هەبێ، دەتوانی واز بێنی، دەتوانی بگەڕێیەوە بۆ ژیان... بەڵام هیمەتی خۆتو بنەماڵەو کۆمەڵگاشی دەوێ...

قسە زۆرن بەڵام کاتو بوار کەم، لێی دەپرسم دوا قسەو پەیامت بۆ کۆنە هاوڕێکانتو کەسانی وەک ئەوانن: دەڵێ ئەگەر دەنگم پێیان بگا، سادقانە دەڵێم لەززەتی تەرک کردن زۆر زۆر زیاترە لەتامو چێژی کێشان. دەتوانن واز بێنن، زەمەنێکی سەختە، کەس بەزەیی بە کەس دانایە، خۆتان فریای خۆتان کەون، ئەودیوی ژیان شیرینە، جوانە، پڕ لە غروورە، هەموو ئەو شتانەی تێدایە کە لە دەستتان داوە، کە لێتان بزر بووە، بەڵام دەتوانن وەدەستیان بێننەوە... بگەڕێنەوە... بگەڕێنەوە...

## دووره دیمەنی ژیانی کرێکاران لە ساڵی تازەدا

ژیانی کرێکاران لە ئێران یەکێک لە تراژیدیاکانی ئەو وڵاتەیە، چونکی بە پێی ئەو مووچە و حەقدەستەی کە پێیان دەدرێ و بە لە بەرچاوگرتنی ئەو گرانی و "تەورم"ە هەوسارپچڕاوەی لە کۆمەڵگا دا هەیە، دەردەکەوێ کە ئەوان لە چ ژیانێکی تاقەت پڕوکێن و هەژارانەدا بە سەر دەبەن.

لە ساڵی ٨٨ دا کە دوایین رۆژەکانی تێپەڕ دەکەین، مووچەی دیاریکراو بۆ هەر کرێکارێک ٢٦٣ هەزار تمەن لە مانگێک دا بوو، بەڵام قەت هیچ بەرپرسێکی دەوڵەتی تا ئێستا ئامادە نەبوو وەڵامێک بەو پرسیارە بداتەوە کە بەو حەقدەستە دەکرێ چ جۆرە ژیانێکی گونجاو و ئابڕوومەندانە بۆ کرێکارێک و بنەماڵەکەی داببن بکردرێ.

دیارینەکرانی هێڵی هەژاریش بۆ ساڵی داهاتوو یەکێکی دیکە لە کێشەی کۆمەڵگای کرێکاریی ئێرانە.

دەوڵەت لە ساڵانی رابردوو بە دیاریکردنی هێڵی هەژاری دەیهێشت دووره دیمەنێک لە وەزعی کرێکاران بخرێتە بەرچاو، بەڵام ئەو ساڵ دەوڵەت تا ئێستا بە شێوەی رەسمی لە دیاریکردنی هێڵی هەژاری خۆی بواردوە، چونکی بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ هاوسەنگییەک لەنێوان هێڵی هەژاری و مووچەی مانگانەی کرێکاراندا پێک بێنێ.

رەزا شەهابی، ئەندامی سەندیکای شۆفیرەکانی شیرکەتی واحیدی تاران بە زمانێکی زۆر سادە باس لە قووڵایی کارەساتی ژیانی کرێکاران لە ئێران دا دەکا. ئەو دەڵێ "مووچەی مانگانەو پایەی کرێکار ٢٦٣ هەزار تمەنە، بەڵام لانیکەمی هەزینەکانی بنەماڵەیەکی ٤ کەسی لە شارە گەورەکانی وەک تاران زیاتر لە ١میلیۆن تمەنە. کرێکاری داماو ئەوەی دیکەی لە کوێ بێنێ؟" ئەوەش لە جێی خۆی کە کارگەو کارخانەو واحید تەولیدییەکان یەک لە دوای یەک دادەخرێن و پۆل پۆل بە لەشکری بێکاران زیاد دەبێ و رۆژ بە رۆژیش گرانی زۆرتر دەبێ.

ئەورۆکە گرینگترین کێشەی کرێکارانی ئێران ئەمنییەتی شوغڵی و کاریی ئەوانە. ئەورۆکە زۆربەی کارگەو کارخانەکانی ئێران بە زەرفییەتی ٢٠%ی و٣٠%ی خۆیان کار دەکەن. کار بۆ کەسی کرێکار یانی هەموو شتێک. کاتێک کار نەبێ، ژیان و هەناسەدان و شیرازەی خێزانیی کرێکار لەبەر یەک هەڵ دەوەشێ.

ئەوڕۆکە لە ئێران دا هیچ گەرەنتییەک بۆ پاراستنی ئەمنییەتی کاری نیە. خاوەن کار هەر کاتێک پێی خۆش بێ دەتوانێ کرێکارەکەی لەسەر کار دەر بکا. چونکی لە مێژ ساڵە بە جێی ئیمزا کردنی"قەرار داد" ی کار وەرەقەیەکی سپی بە کەسی کرێکار ئیمزا دەکرێ و بەمجۆرە لە مافی بیمە کردن، حەقی منداڵ و حەقی نیشتەجێ بوون بێبەش و بێبەری دەکرێ. بە هەزاران نموونە بینراوە کە خاوەن کار دوای ٥ ساڵ کرێکارەکەی دەر دەکا، بێ ئەوەی هیچ کام لە مافەکانی پێ بدا، بێ ئەوەی کە هیچ حیسابێک بۆ رابردووی و گیانکێشیی ئەو کرێکارە بکا.

ئەحمەدی نژاد لە حاڵێک دا ئیدیعا دەکا کە دەوڵەتی" ریفاه" و خوشبژێوی بۆ خەڵک دامەزراندوە. کە بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگای ئێران کە لە کەسانی کرێکارو زەحمەتکێش پێک دێن، لە ژێر قورسترین زەبرەکان و فشارەکان بۆ دابینکردنی لانیکەمی پێداویستی-یەکانی ژیانی رۆژانە دان. ئەو دەوڵەتە بە هۆی سیاسەتە ئابووریی-یەکانی و بە هۆی سیاسەتەکانی دەرەوەی لە ڕێگەپێدان بەوەی کە ئێران ببێتە گەورەترین بازاری مەسرەفی چین، گەورەترین زەربەی لە ئەمنییەتی کاری کرێکاران داوەو لە بەرامبەر ئەوەشدا دروشمی زریقەو بریقەداری لە خواردی کرێکاران داوە.

کرێکار ئەمڕۆکە لە ئێران کەسێکی تووڕە، ماندوو، وەڕەز و تێک تەپیوە کە نە دەتوانێ بە منداڵەکانی رابگا و نە دەتوانێ کاتێکیان لەگەڵ بباتە سەرێ و نەهەر دەرفەتی ئەوەی هەیە لە گەڵیان دابنیشێ. ئەو دەبێ بەردەوام و راکە راکە پێوشوێنی کار کەوێ تا بتوانێ بە هەر جۆرێک بووبێ، بۆ سەری برج پوڵی کرێ خانوو، پوڵی ئاو و برق و گاز و تەلیفون و پێداویستییەکانی دیکەی ژیانی خێزانەکەی دابین بکا. هەلومەرجی دژواری ژیان وای کردوە کە کرێکار بۆ ژیان و بژێوی خۆی دووکار و سێ کار بکا. ترسی لەدەستدانی کاریش وای کردوە کە لە ترسی گیران و کەوتنە زیندان و بێ بژێو مانەوەی ماڵ وخێزان و لە بەریەک هەڵوەشانی بنەماڵەکەی، کەسی کرێکار نەوێرێ تێکەڵ بە هیچ رێکخراو تەشەکولێک بێ.

ئەو بێدەنگ دەبێ و چاو لێ دەکا. چونکی دەشزانێ کە تەشەکول و رێکخراوەکانیش ناتوانن خۆیان لەبەر هەڕەشەو سەرکوتی دەزگاکانی رێژیم راگرن و چووکترین ئیعترازو ناڕەزایەتیی ئەوان شوێنکاری زۆر خراپی بۆ ژیان و ئەمنییەتی بنەماڵەیی ئەو بە دوا دا دێ.

رێکەوت: ڕەشەمێ ١٣٨٨ - فێبریوێری ٢٠١٠

## کوردستان و سالێک پێشێلکرانی سیستماتیکی مافی مرۆڤ

**سەرەتا دریژەی پیشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە ٣ مانگی زستاندا:**

**ماشینی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی و پیشێلکاریی سیستماتیکی مافی مرۆڤی کورد لە کوردستان لە لایەن ڕێژیمەوە لە ماوەی ٣ مانگی زستانی ئەو ساڵ دا زیاتر لە ١٧٩ قوربانیی وەرگرتوە.**

**لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا هێزە ئەمنییەتی و ئینتزامییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان ٢٥ کەس لە خەڵکی بێتاوان و بێدەرەتانی کوردستانیان کوشتوە، کە ٢١ کەس لەو کوژراوانە خەڵکی کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون کە راستەوخۆ لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراونەتە بەر دەسڕێژ و هەر لە ئاکامی ئەو زەبرو زەنگە و تەقەکردنی سەرەڕۆیانەی هێزەکانی ڕێژیم لە کاسبکارانی کورد ١٣ کەس بریندار بوون.**

**فشاری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بۆ سەر کاسبکارانی کورد هەر بە کوژران و بریندار بوونی ئەو ٣٧ کەسە لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا کورت ناکرێتەوە. لەو ماوەیەدا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە کەمین دانانەوە لە سەر ڕێی کاسبکاران و تەقەکردن لە کاروانی کاسبکاران زیاتر لە ١٤٠ سەر وڵاغی کاسبکارانیان کوشتوە، کە زیاتر لە ١٠٠ سەری ئەو وڵاغانە بە تەقە لێکردن لە مەودای چەند میترییەوە کوژراون و مەبەستی هێزەکانی ڕێژیم لەو کارەش زەرەر پێگەیاندن بەو کاسبکارانە بووە لە ماڵ و سامانی دنیا هەر ئەو وڵاغانەیان شک بردوە تا بە بار کێشان پێیان بژیوی ماڵ و منداڵیانی پێ دابین بکەن.**

**جیا لەوەش هێزەکانی ڕێژیم لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا دەستیان بە سەر سەدان باری کاسبکاران دا داگرتوە کە بە پێی بەراوردێکی سەرەتایی کاسبکاران خۆیان بایی زیاتر لە ٤٠٠ میلیۆن تمەن بووە.**

**هەر بە پێی ئەو هەواڵ و زانیاریانەی بە ناوەندی هەواڵی " کوردستان و کورد نیوز" گەیشتوون، لە ماوەی ٣ مانگی زستانی ئەو ساڵ دا ١٤١ چالاکی مەدەنی و هاونیشتمانی کورد لە کوردستان لە لایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانی**

کۆماری ئیسلامییەوە بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی قۆڵبەست کراون و لە نێو ئەو ١٤١ کەسە دا ٢٨ کەسیان دادگایی و حوکمی ٦ ساڵ زیندان تا ٢٢ مانگ زیندانیان بە سەردا سەپاوە.

سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی خوێندکارانی کوردیشی هەڵ نەبواردوە. لە ماوەی ٣ مانگی زستان دا زیاتر لە ١١٠ خوێندکاری کورد لە زانکۆکانی ئێران بۆ کومیتەی ئینزباتیی زانکۆکان و حیراسەتی ئەو زانکۆیانە بانگ کراون و لە نێو ئەو ١١٠ خوێندکارەدا ٢٢ کەسیان سزای چەند تێرم بێبەش بوون لە خوێندن و دەرکران لە زانکۆیان بەسەردا سەپاوە. هەر لە ماوەی ئەو سێ مانگەی زستان دا هێزە ئیتلاعاتی و ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی ٢٧ خوێندکاری کوردیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی یان بە تاوانی بەشداری لە چالاکییەکانی نارەزایەتی دەربڕین لە هەڵسوکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی قۆڵبەست کردوە و لە بەندیخانەیان پەستاوتوون.

شایانی باسە ئەو ئامارانە بە پێی ئەو زانیارییانە کۆ کراونەتەوە کە راستەوخۆ بە ناوەندی هەوالی "کوردستان و کورد نیوز" گەیشتوون، ئەگینا بە دڵنیاییەوە ئاماری ورد و روونی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان زۆر لەوە زیاترە کە لێرەدا باسی کراوە.

بە کۆبەندییەک لە ئاماری پێشیلکارییەکانی مافی مرۆڤی کورد لە کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە و بە پێی زانیارییەکانی ٤ راپۆرتی وەرزانەی ناوەندی هەواڵی" کوردستان و کورد نیوز" کورتە دیمەنێک لە پیشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە ماوەی ساڵی ١٣٨٨ ی هەتاوی بەم شێوەیە:

❊ ماشێنی ئێعدامی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ساڵی ٨٨ ی هەتاویش دا لە کار نەوەستا. لەو ساڵدا " ئیحسان فەتاحیان"، " فەسیح یاسەمەنی" و " ئەردەشیر کشاوەرز" بە تاوانی چالاکیی سیاسی و هاوکاری لە گەڵ حیزبە نەیارەکانی کۆماری ئیسلامی لە سێدارە دران و لە لایەن دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامییەوە حوکمی ئێعدام بە سەر کۆمەڵێکی دیکەش لە چالاکانی کورد سەپێندرا.

❊ لە ماوەی ئەو ساڵ دا ١٣٣ کەس لە خەڵکی بێتاوان و سڤیلی کوردستان راستەوخۆ بە هۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە کوژراون.

❊ لە ساڵی ١٣٨٨ ی هەتاوی دا ٨٦ کەس لە خەڵکی کاسبکاری کورد لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بە تەقەی راستەوخۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بریندار بوون.

* لە ساڵی ١٣٨٨ دا ٣٨٥ چالاکی مەدەنی، خوێندکاری و خەڵکی سڤیل و مەدەنیی کوردستان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لە لایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە قۆڵبەست کران، لە نێو ئەو کەسانەدا ١٢٦ کەسیان لە دادگاکانی شۆرش دا دادگایی کراون و سزاگەلیکی وەک ئێعدام و زیندانیی ١١ سال تا ٢٢ مانگ زیندان و دوورخرانەوەیان بە سەردا سەپێندراوە. لە نێو ئەو کەسانەدا کۆمەلێک کەسیان بە بارمتەی قورس تا کاتی دادگایی کردنەکانیان ئازاد کراون و ژمارەیەکی زۆریشیان ئێستاش لە دەسبەسەرگەکانی دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ژێر ئەشکەنجە و لێپێچینەوەدان.

* خوێندکارانی کورد لە زانکۆکان ساڵێکی پڕ چالاکی و لە هەمان حاڵدا سەخت و دژواریان تێپەڕ کرد. لە ساڵی ٨٨ ی هەتاوی دا زیاتر لە ٢٧٠ خوێندکاری کورد و زۆربەیان لە رەوتی رووداوەکانی دوای هەلبژاردنەکانی ٢٢ ی جۆزەردان دا بۆ کومیتە ئینزباتییەکانی زانکۆکانی ئێران بانگ کران و لە نێویان دا ٥٤ خوێندکاری کورد لە گەڵ سزای زیندان، دەرکران لە زانکۆ و بێبەشبوون لە خویندن، هەڵپەسێرانی یەک تێرم یا دوو تێرمی خوێندن بەرەورِوو بوونەوە.

* هەروەها ئێستا کۆمەڵێک گیراوی سیاسی ومەدەنیی کورد لە لایەن دەزگای قەزایی رژێمەوە حوکمی ئێعدامیان بە سەردا سەپێندراوە هێندێک لەو لاوە بە ئێعدام مەحکووم کراوانە لە بەندیخانەدا بریتین لە:

فەرزاد کەمانگەر، عەلی حەیدەریان، فەرهاد وەکێلی، شیرین عەلەم هوویی، شێرکۆ مەعارفی، زەینەب جەلالیان، ڕەمەزان ئەحمەد، فەرهاد چالش، ڕوستەم ئەرکیا، حەبیبوڵلا لەتیفی، حوسێن خزری.

---

## ئەمجارەیان تەحریمەکان چیان لێ شین دەبێ؟

لە کاتێک دا وڵاتانی بەهێزی رۆژئاوا هەوڵەکانیان بۆ هاندانی چین و رووسیە بۆ هاورِایی، کۆدەنگی لە مەرِ ساغبوونەوەیان بۆ سەپاندنی خولێکی نوێی سزادان دژی ئێران چڕتر کردۆتەوە، کە هەمووان بە گشتی لەسەر ئەوە کۆکن کە گەمارۆی ئابووری کە رۆژئاوا لە سەریان کێشەی لەگەڵ ئێران هەیە.

بەڵام ئەوەی كە بڵێی ئەو تەحریم و سزایانە چ كاریگەرییەكیان لەسەر ئابووریی ئێران داناوە، دیارە و بەرچاوە كە بەشی سەرەكیی ئابووری داتەپیوی ئێران هۆكارەكەی هەر بۆ ئەو گەمارۆ ئابوورییانە دەگەڕێتەوە كە شووڕای ئەمنییەتی نەتەوەیەكگرتووەكان و بە شێوەی یەك لایەنەش ئامریكا و هاوپەیمانەكانی بە سەر ئێرانیان دا سەپاندوە. بەڵام ئەوەی كە بۆتە هۆی ئەوەی حاكمییەتی كۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ئەو گەمارۆو سزا ئابوورییانەدا خۆراگر بێ و كۆڵ نەدا، بابەتی داهاتی ٨٠ ملیارد دۆلاریی ئێران لە فرۆشتنی نەوت بووە كە وای كردووە ئەگەر ئەو تەحریمانە زیاتر و توندتر لە جارانیش بەسەر ئەو وڵاتە دا بسەپێندرێن، رێژیم بە پشت بەستن بەو داهاتە ماشێنی نیزامیی خۆی هەروا لەسەر پێ راگرێ و بەو ئاسانیە پێملی ویستی وڵاتانی زلهێز بۆ وەستاندنی بەرنامە ناوكیەكانی نەبێ.

پێبەند نەبوونی خودی وڵاتانی بڕیاردەو رێكخەری گەمارۆكان بە نێوەڕۆكی سزاكان لە رووی جێبەجێ كردنەوە هۆیەكی دیكەی كاریگەر نەبوونی تەواو و بڕی تەحریمەكان دژی ئێران بوون. بە تایبەت رۆڵی مەنفیی دوو وڵاتی چین و رووسیە لەو نێوەدا تۆخ و پڕ دیارە. دوو وڵاتی چین و رووسیە ئەوەندەی بۆیان كراوە لە سێ قۆناغ دا بڕیارنامەكانی شووڕای ئەمنییەتی نەتەوەیەكگرتووەكان لە دژی ئێران بخەنە ژێر كار تێكەریی نفوز و دەسرۆیشتوویی خۆیانەوە. لە قۆناغی یەكەم دا ئەوەندەی بۆیان كراوە ویستوویانە پێكهاتنی كۆدەنگی و ئیرادەی هاوبەشی جیهانی بۆ پەسندكرانی بڕیارنامەكان لە شوڕای ئەمنییەت دا وە دوابخەن، چەتی تێ بخەن و لە راستە رێی سروشتیی خۆی لاریی بكەن. دواتر و لە قۆناغی دووهەم دا هەوڵ دەدەن لە توندی و لە هێزی فشاری بڕیارنامەكان كەم بكەنەوەو وا بكەن نێوەڕۆكی بڕیارنامەكان وا نەبێ كارتێكەریی قووڵ بكاتە سەر پێوەندیی ئێران و ئەوان وەك دوو هاوپەیمانی سەرەكیی ئەو وڵاتە لە هاوكێشە سیاسییەكان دا. پاشان لە قۆناغی دوای پەسندكرانی بڕیارنامەكانیش بە پێبەند نەبوونیان بە نێوەڕۆك و خاڵەكانی بڕیارنامەكان بە كردەوە وایان كردووە كە بڕیارنامەكان وەك خۆیان كاریگەریی شیاوی خۆیان لە سەركۆماری ئیسلامی نەبێ و كۆماری ئیسلامی بتوانێ لە دژایەتی و پێكناكۆكیی بەرژەوەندیی وڵاتان دا زۆرترین و باشترین كەڵك وەربگرێ.

ئیستا لە كاتێكدا وڵاتانی رۆژئاوایی سەرنج و پشتیوانیی چین و رووسیە، دوو وڵاتی هەمیشەیی و خاوەن مافی ڤیتۆیان بۆ سەپاندنی چوارەمین بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەكگرتووەكان پێویستە و دیپلۆماسیی رۆژئاوا لەو پێوەندییە دا تا ئاستێكی باش چۆتە پێشێ، روون نیە كە رەشنووسی ئەو بڕیارنامەیە لە چ فازێك دا سزا نوێیەكان دژی ئیرانی دەستنیشان كردوە و ئاخۆ ئەو جارەشیان بەشی وزەی ئێران، وەك ژیانەكیترین بابەتی

**خۆڕاگریی ئێران لە تیغی تەحریمەکان لادراوە یا نا؟**

زۆربەی کارناسانی ئابووری و سیاسی لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەگەر ئێران تەحریمی سیاسی نەکرێ و بەشداریی ئێران لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی بەربەستی نەخرێتە سەرو ئێران لە رووی سیاسیی¬یەو ئیزولە نەکرێ و لە تەنیشت ئەو تەحریمە سیاسییە بەشی وزەی ئێران، واتا نەوت و گازەکەی گەمارۆی نەخرێتە سەر، ئەوا هیچ چەشنە تەحریم وگەمارۆیەکی نەتەوەیەکگرتووەکان، تەنانەت ئەگەر بە باشی و بە وردیش جێبەجێ بکرێن، فشارێکی ئەوتۆیا ناخەنە سەر رێبەرانی کۆماری ئیسلامی و ئەوان لە ویست و ئامانجە سیاسی و نیزامییەکانیان پاشگەز ناکەنەوە.

بەشی وزەی ئێران بڕبڕەی ئابووریی ئەو وڵاتەیە و حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی تەواو و رەهای بەسەر ئەو بەشە دا هەیە و لە رێگەی داهاتی ئەو بەشەوە بەرنامە و ئامانجە سیاسی و چەکدارییەکانیان دەبەنە پێش. کەواتە هەر چەشنە تەحریمکردنێکی ئێران ئەگەر بەشی وزەی ئێران نەگرێتەوە، کارتێکەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر بە چۆکدا هێنان و پێمل کردنی کۆماری ئیسلامی بە ویستی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لێ ناکەوێتەوەو لەو نێوەدا ئەگەر خاڵ بە خاڵی تەحریمەکان ژیرانە کاری لەسەر نەکرابێ و وردبینی تەواوی تێدا رەچاونەکرابێ، لەوانەیە ئاکامی پێچەوانەشی لە دژی بەرژەوەندییەکانی خەڵک و جوڵانەوەی دێموکراسیخوازیی لەنێوخۆی ئێران دا لێ بکەوێتەوە.

دووریش نیە لەو نێوەدا رێبەرانی کۆماری ئیسلامی کۆمەڵگای جیهانی بەرەو رووی بارودۆخێکی تایبەت دا بخەن. رێبەرانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی باش دەزانن کە تەحریمە نێو دەوڵەتی¬یەکان بە تایبەت لە بەشی وزە و تەحریمی ژیرانە کە لە دژی بەرژەوەندیی رێبەرانی رێژیم بن، دەتوانن چ کاریگەرییەکی مەنفی و نالەبار لەسەر دەسەڵاتەکەیان دابنێن، هەر بۆیەش بیر لە ئاڵۆزکردنی ناوچەکەو نانەوەی چەند شەڕ و پێکدادانێک لە رۆژهەڵاتی نێوەراست دەکەنەوە تا لە ژێر کاریگەریی ئەو بارودۆخە دا وڵاتانی رۆژئاوا بخەنە هەڵومەرجێکی جیاواز لە بڕیاردان و هەڵوێست گرتن، کە قسەکانی ئەحمەدی نژاد لە کاتی کردنەوەی کارخانەیەک لە شاری سیرجان، لە رۆژی ١٤ی خاکەلێوە و هەڕەشە لە ئیسرائیل لە درێژەی ئەو سیاسەتە دایە.

رێبەرانی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەو باوەڕەن کە هێرشێکی نیزامی بۆ سەر ئێران بە تایبەت ئەگەر لەلایەن ئیسرائیلەوە کرابێتە سەریان، دەتوانێ رێبەرانی رێژیم لەو گێژاوەی ئێستا دەرباز بکاو ئەوان بە وروژاندن و کەڵک

وەرگرتن لە هەستی ناسیۆنالیستی خەڵکانی ئێران جارێکی دیکە خۆیان و خەڵکی ئێران لە بەرەیەک دا پێناسە بکەن. بەڵام ئەوەی کە ئاخۆ وەها بارودۆخێک ئەو ئیزنە بە ڕێبەرانی ڕێژیم دەدا کە وەک خۆیان دەیانەوێ بیقۆزنەوە، یان ئەوەی ئاکامی پێچەوانەی بۆ ڕێژیم لێ دەکەوێتەوە، شتێک نیە کە بکرێ لە ئێستاوە پێشبینی بکرێ

## گەڕانەوە لە لێواری مەرگەوە

لە مێژ ساڵە ئیعتیاد بە ماددە هۆشبەرەکان سنووری دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی لە ئێران دا بەزاندوە و وەک قەیرانێکی قووڵی کۆمەڵایەتی بەرۆکی خەڵکی ئێرانی گرتوە. قەیرانێک کە بە قسەی خودی بەرپرسانی ڕێژیم، ڕۆژبە ڕۆژ پتر قوربانیانی هەڵ دەلووشێ و ڕێژیم و دامودەزگا پێوەندیدارەکانی دەستەوەستان و تووشی شکست و ناکامی کردوە.

ئامارە ڕەسمییەکان ئەوە پتر لە ١٠ ساڵە! بەردەوام باس لە بوونی ٢ میلیون موعتاد لە کۆمەڵگای ئێران دا دەکەن، ئامارە غەیرە ڕەسمییەکانیش ئەو ڕێژەیە بە ٦تا٨ و هێندێکشیان بە ١٠ میلیون کەسی دەقەبلێنن. گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە ئەم قەیرانە ڕۆژبە ڕۆژ زیاتر لە ئێراندا پەرە دەستێنێ، تەمەنی تووشبووان تا دێ نزمتر دەبێ، پێی ئەم بەڵا ماڵوێرانکەرە بۆ قوتابخانەکانی ناوەندی و تەنانەت سەرەتاییش کراوەتەوە، ئیعتیاد لە نێو کچان و ژنانیش دا تا دێ پتر خۆی دەردەخا. گرینگتر لەوەش ئەوەیە کە ئیعتیاد، پەرەسەندنی خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەشی لێ کەوتۆتەوە. ڕێژەی تەڵاق، منداڵانی سەرشەقام، نەخۆشیی ئێیدز، لەشفرۆشی و خۆکوژی بەردەوام لە ئێران-دا دەچنە سەرێ و هۆکاری سەرەکیی ئەم بەرز بوونەوەیەش، قووڵبوونەوەی پەرەسەندنی قەیرانی ئیعتیاد لە کۆمەڵگای ئێران دایە. گرینگتر لە هەمووی ئەوانەش دانانی بەرپرسانی ڕێژیم بە شکست و سەر نەکەوتنی کۆماری ئیسلامی لە کۆنترۆڵ و ڕاگرتنی ڕادەی خەسارەکانی ئەم قەیرانە کۆمەڵایەتییەی بێ ئاکام مانەوەی بەناو بەربەرەکانی و خەبات! دژی ئەم قەیرانەیە.

لە بازاری ئێران دا ١٧٠٠ جۆر ماددەی سڕکەری شیمیایی، سەنعەتیی سوننەتی هەیە. (١) کە کاریگەریی مەنفیی

مادده سڕکەرە شیمیاییەکان بەهۆی نەبوونی زانیاریی ئەوتۆ لە سەر جۆری ئەو ماددانەو نەناسراو بوونیان قورسترین زەبری لە کۆمەڵگای ئێران وەشاندوە. پتر لە ٣ میلیون موعتادی ئێران ئێیدزیان هەیە و ئەگەر هەمووشیان نەشیان بێ بەردەوام مەترسیی تووشبوون بەو نەخۆشییەیان لەسەرە. (٢)

قاچاغچیانی مادده سڕکەرەکان باشترین "مصونیت"ی گرتن و زیندانی کرانیان لە ئێران دا هەیە. بڵاو بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە ئاکامی هەڵوەرینی ئەو جۆرە ماددانەدا نیە کە لە ڕێگەی ئێرانەوە دەچنە ئورووپاء دەرەوە. بەڵکوو بە شێوەیەکی تەواو سیستماتیک لە کۆمەڵگای ئێران دا بڵاو دەبێتەوە. مەهدیی ئەبیووبی، بەرپرسی پێشووی بەناو ناوەندی خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان بە ئاماژە بەناوی سەرۆکی چەند باندێکی قاچاغ و بڵاو کردنەوەی مادده سڕکەرەکان لە ئێران دا ( کە بە قەولی خۆیان دوای ساڵەها راوەدوونان و شەڕ پێکدادان توانیبوویان لە داویان بخەن و بیانگرن) دەڵێ کە ئەو کەڵە قاچاغچییانە تەنانەت کەمتر لە چەند مانگ لە زیندان دا ماونەتەوە و بەرهەڵدا کراون.(٣) لە کاتێکدا حوکمی داداگای ئەوانە ئیعدام و زیندانیی تاهەتایی بووە.

لەوەها دۆخێک دا کە هەر لە بنەڕەت دا شتێک بەناوی خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان و کەمکردنەوەی خەسار و زیانەکانی ئەو دیاردە ماڵوێرانکەرە لە ئێرانی ئیسلامیدا لە گۆڕێ دانیە، ئاساییە کە "ساڵانە ٨% بە ئاماری حەشیمەتی موعتادەکانی ئێران زێدە ببێ."(٤)

ئیعتیاد ساڵانە پتر لە ١٠٠٠٠ میلیارد تمەن زیان بە ئابووریی ئێران دەگەیەنێ، ٤٧٠٠ میلیارد تمەنی ئەو بڕە پارەیە لە گیرفانی کڕیارە موعتادەکان دێتە دەرێ و بە نەسیبی قاچاغچی و مەواد فرۆشەکان دەبێ و ٢٦٠٠ میلیارد تمەن بەرواڵەت دەوڵەت بۆ بەربەرەکانی دژی قاچاغ و کۆکردنەوەی مەواد لە بازارەکانی ئێران و دەرمان و پێشگیری لە پەرە سەندنی ئیعتیاد خەرجی دەکا و ٢٧٠٠ میلیارد تمەنیش زیانی دەرەنجام و ئاکامی ئەو خەسارە کۆمەڵایەتییانەن کە لە سۆنگەی ئیعتیادەوە بە سەر کۆمەڵگەدا دەسەپێ و دەبێ خەڵک تاوانەکەی بدەن.(٥)

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە کلکەی زۆربەی کارتێلە ئابوورییەکانی قاچاغ و فرۆش و ترانزیتی مادده هۆشبەرەکان لە ئێران دا بە بەرپرسە پایەبەرز و پلە یەکەکانی ڕێژیم و فەرخە ئاغاکان دەگاتەوە کە بازرگانی و ترانزیتی مادده سڕکەرەکان لە ئێران دا هیدایەت دەکەن و هۆکاری سەرەکیی ناکارامەیی ڕێژیمیش لەو بەناو بەربەرەکانییەدا هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە.

ڕێژیم تا ئێستا کەمترین هەزینەی بۆ بەرنامەڕێژیی بەرگیری و ئامووزش و دەرمان و بەربەرەکانیی فیزیکی وەک سێ هێڵی سێگۆشەی خەبات بۆ نەهێشتنی ئیعتیاد و مادده هۆشبەرەکان کردوە، بۆ هەرکام لەوانەش هۆی سەرەکی هەیە، خەرجی بۆ بەرگیری و ئامووزش دانانێ، چونکی نایهەوێ زانیارییەکانی پێویست لە بارەی ئاکام و دوا دەرەنجامەکانی ئیعتیاد بە خەڵکی بەتایبەت لاوان و مێرمندالان بگا، دەرمانیش هەزینە وخەرج و تێچوویەکی یەکجار زۆری وەک دابینکردنی کار و مشوور خواردنی گەڕاندنەوەیان بۆ ژیانی ئاسایی دەوێ و سەبارەت بە خەباتی فیزیکییش دەبێ بڵێین کە تا ئێستا چەقۆ نەبووە دەسکی خۆی ببڕی و داهاتوویەکی روونیش بۆ گۆڕان لەم واقیعە بەم مێتود و عەقڵییەت و لەم سیستەمەدا بەدی ناکرێ.

سەرچاوەکان:

١- هەواڵدەریی فارس، ١٤ی بانەمەڕی ١٣٨٦ی هەتاوی
٢- وتاری دوکتور کامەران عەلایی، بەڕێوەبەریی ئەنیستیتۆی پارس لە بەشی بێهداشتی گشتیی زانکۆی لوس ئانجلێس، مای ٢٠٠٧
٣- ڕاپۆرتی هەواڵنێری هەواڵدەریی فارس، ئەفشین شاعیری، سەرماوەزی ١٣٨٥
٤- سەید موئەیید عەلەویان، جێگری بەشی ساخڵەمەی وەزارەتی بێهداشت، ڕاپۆرتی ٢٦ - ٤ - ٨٥ BBC
٥- حەمەرەزا خەتیبیان، بەرپرسی نووسینگەی ڕێکخراوە ناوەدوڵەتییەکانی ستادی خەبات دژی مادده سڕەکەرەکان

## کوژران بە چ تاوانێک و لە پێناو چی دا؟

نیوەی یەکەمی یەکەم مانگی بەهاری ئەوساڵ دا لانیکەم ٥ کەس لە کۆڵبەران و کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کوژران و زیاتر لە ٦ کەسیش بە تەقەی ئەو هێزانە بریندار بوون و بایی زیاتر لە چەند سەد میلیون تمەنیش باری کاسبکاران، کە لە پارچەو سیگارو چایی و شەکرو مۆبایل و LCD ی پێک هاتوون، لەلایەن ئەو هێزانەوە دەستیان بە سەر داگیراوەو بە تاڵان چوون.

ئەوە لە حاڵێک دایە کە میدیاکانی کوردستان و ناوەندەکانی چالاک لە بواری مافی مرۆڤ ئاشکرایان کردوە کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لەماوەی ساڵی ٨٨ی هەتاوی دا ١٣٣ کەس لە خەڵکی مەدەنی و کاسبکارو هەژارو دەسکورتی ناوچە سنوورییەکانی کوردستانیان کوشتووە زیاتر لە ٨٦ کەسیشیان بریندار کردوە کە ناو نیشان و شوێنی کوژران و بریندار بوونی هەموو ئەو کەسانەش بە وردی باس کراون.

ڕێژەی ئەو ڕەوت و کوشت و کوشتارەی خەڵکی بێ دەرەتان و بەشمەینەتیەی کوردستان لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە حاڵێک دایە کە ڕێژیم ئیددیعا دەکا ئەو کەسانە قاچاغچین و هێزە چەکدارەکانیان لەبەرەنگار بوونەوەی تۆرو باندەکانی قاچاغچی و دەست بەسەر داگرتنی شمەکی قاچاغ لە ڕەوتی بەرگری کردن لە خۆیان دا دەستیان بۆ چەک بردوە. بەڵام بەرپرسانی ڕێژیم لە کورستان باس لەوە ناکەن کە تا ئێستا چەند کیلۆ مەودای موخەدیریان لەو بە ناو قاچاغچییانە گرتوە و ناڵێن کە دەستیان بە سەر کامەها چەک و چۆڵ و جۆری تەقەمەنی یان شوێنەوارو کەلوپەلی مێژوویی داگرتوە، چونکی ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو بارو شمەک و مەحمولانەی لە سەریان ئەو کوشتارەیان لە کوردستان وەرێ خستوە، لە شەکرو چایی و سیگارو مۆبایل و کریستاڵ و مەشرووب بەو لاوەتر ناچێ کەلە کورستان را بۆ بەشەکانی دیکەی ئێران دەچن، بەڵام باجەکەی کە کوژران و بریندار بوون و ماڵوێرانکەرییە، هەر دەبێ خەڵکی کورستان بیدەن.

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئەوەش ناڵێن کە لە بەرامبەر کوشتنی ئەو ١٣٣ کەس و بریندار کردنی زیاتر لە ٨٦ کەس لە کاسبکارانی کورد، ئەی زیانە گیانی-یەکانی هێزەکانی خۆیان چەندە بووە؟ کەلاکی چەند کوژراوی هێزەکانی ڕێژیم لەو بەناو بەرەنگاری دژی ئەو قاچاغچییانە دا لەسەر عەرزی کەوتون و لاشەی چەند برینداری هێزەکانی ڕێژیم براونەتە نەخۆشخانەکان؟؟ چونکی لە ڕاستی دا لە بەرەی هێزەکانی ڕێژیم دا خوێن لە لووتی کەس نەهاتووە وکوشتنی سەرەڕۆیانەی خەڵکی بێتاوان و بێدەرەتان و ڕێگەپێدان بە بەکارهێنانی چەک بە بێ هیچ ڕێوشوێن و یاسا و ڕێسایەک بۆتە مایەو هۆی چێژوەرگرتنی سادیسمانەی هێزەکانی ڕێژیم و خولقاندنی وکەش و هەوای ترس و تۆقاندن و لەسەر پێ ڕاگرتنی ماشێنی نیزامی و چەکداریی ڕێژیم لە کورستان دا.

بەڵام خۆ ئەگەر واشی دابنێین کە ئەو هێنان و بردنی کەل و پەل و شمەکانە بۆ ئەم دیوو ئەو دیوی سنوور لەبەر ئەوەی مافی یاسایی و گومرکیی ئەوان لەبەرچاو نەگیراوە، کارێکی ناقانوونیەو، لە گۆشەنیگای تاوان ناسی و لە پێناسە قەزایی-یەکان دا مۆرکی قاچاغی لێ دەدرێ، ئەدی هەر بۆ بە پێی یاساو قانوون مامەڵە لە گەڵ

بەرەورووبوونەوەی ئەو دیاردەیە ناکرێ؟ کامە قانوون ڕێگەی کوشتن و تەقەکردن لەو کەسانەی داوە کە نەک چەکیان پێ نیە، بەڵکوو لەو پەڕی داماوی و ناچاری داو بە قیمەتی بە گیان کڕینی هەموو ئەو نەهامەتییانە درێژە بەو کارە دەدەن؟

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کاتێک دا ناوی قاچاغچی بە سەر ئەو کۆڵبەرانە دا دەبڕێ کە ئێران بۆتە شارێی قاچاغ و ترانزیتی مەوادی مەخەدیر بۆ ئورووپا، بەڵام کوا لە ساڵ دا چەند قاچاغچیی موادی موخەدیری تەیار بە چەکوچۆڵی مودێرن لە ئێرانا دا کوژراون؟ ئەگەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەی ڕاستەقینەی شەڕ دژی دیارەی قاچاغی! کردۆتەوە، ئەدی چی لەو "ئیسکەلە نا مەرئی" یانەی خودی سپای پاسداران کردووەو بە کام میکانیزم چاوەدێریی فڕۆکەخانەکانی کردوە کە لەلایەن خودی ئاغاو فەرخە ئاغا و دامودەزگا حکومەتییانەوە ڕۆژانە بە میلیۆنها میلیۆن تۆن کەل و پەل و شمەک قاچاغ دێنن و دەبەن؟

ئاخۆ ئەوانە قاچاغچین یان ئەو کۆڵبەرە داماوانەی لە کوردستانێکی هەژارو ولە دواکەوتوویی ئابووری دا ڕاگیراو دا، کە لە نەبوونی هیچ ژێر خانێکی ئابووری و گەشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕۆژانە بە هاتوچۆی سەر سنوور بژێوی ژیان، ئەویش ژیانی مەمرەو مەژیی خۆیان و بنەماڵەکانیان دابین دەکەن و لەسەر ئەوەی کە چەند کارتۆنە سیگارێک یان چەند پاکەتە بلوور و کریستاڵێکیان بە کۆڵەوەیە، دەدرێنە بەر گوللەو دەکوژرێن؟

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە حاڵێک دا پاساوی قانوونی! بۆ ئەو کوشت و کوشتارەی کاسبکاران و کۆڵبەران لە کوردستان دێننەوە کە بۆ کەسی ڕوون ناکەنەوە کە بە پێی کامە قانوون ئەو بەشە لە وڵاتی ئێران لە هەژاری و دواکەوتوویی دا ڕاگیراوە و بەدبەختی و فەلاکەتی لێ دەبارێ؟ بە پێی کام قانوون ئەو هەمووە فەرق و جیاوازیدانانە دەرحەق بە گەلی کورد وەک ناوچەکانی کوردستان لەچاو بەشەکانی دیکەی ئێران بە ڕەوا بینراوە کە بۆ نموونە لە قووڵایی ٧٠ کیلومیتریی هەموو ناوچەکانی کوردستان تاقە کارگەو کارخانەیەک نابینی کە تێی دا ٢٠ کەس کاری تێدا بکەن، بەڵام بۆ نموونە لە نیزیک شاری زەنجانەوە( وەک یەکەم شاری نیزیک بە کوردستان) تا تاران و لەو مەودا ٦٥٠ کیلومیترییە دا زیاتر لە ٧٠٠٠ کارخانە تەقەتەقیانە و دووکەڵ دەکەن، بەڵام بەشی کوردەی داماوو هەژار هەر لە تەقە و لوورەی تفەنگ دا ماوەتەوە!

کەواتە ڕیشەی ئەو دیارەیە لە کوردستان بۆ تێڕوانینی ئەمنیەتیی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان و گەلی کورد دەگەڕێتەوە کە نە هێشتوویەتی ئەو بەشە لە وڵاتی ئێران ڕەوتی گەشەی ئابووری و مرۆیی خۆی بپێوێ و نە

ئیزنی ئەوەی داوە کە کەرتی تایبەتی (بە بیانووی نەبوونی ئەمنییەت) لەو بەشە دا گیان بگرێ و سەرمایە گوزاری بکا و نە بۆ خۆشیان وەک کەرتی دەوڵەتی هیچ پرۆژەو پلانێکیان بۆ گەشەی ئابووری و گرینگیدان بە ژێرخانی ئابووریی کوردستان داوە.

ڕەشە کوژی و دەست بردنە بەر هەموو جینایەتەکانیشیان لە کورستان، بۆ تێڕوانین و نێوەڕۆکی دوژمنکارانەیان دەرحەق بە گەلی کورد دەگەڕێتەوە کە هەر لە بنەرەت دا میللەتی کورد بە جودا لە خۆیان و بە نەیار و چقڵی چاوی خۆیان دەزانن، هەر بۆیەش لە ئەنجامدانی هیچ جینایەتێک و کرەوەیەکی دوژمنکارانە سڵ ناکەن.

ڕێکەوت: خاکەلێوەی ١٣٨٩ - مارچی ٢٠١٠

## لە پەراوێزی ئیمزا کردنی پەیماننامەی ژنێڤاکاڵ لە لایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆتایی مانگی خاکەلێوەی ئەمساڵدا ڕێکەوتننامەی ژنێڤاکاڵی ئیمزا کرد.

کاک خالید عەزیزی لە کاتی ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیەدا گوتی کە ئێمە وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و نەتەوەی کورد نە مینمان دروست کردوە و نە بەکارمان هێناوە، بەڵکوو ئێمە خۆمان قوربانیانی ئەو چەکە وێرانکەرەین و بۆیەش دژایەتیی دروستکردن و بەکارهێنان و هەڵگرتنی دەکەین و چاوەڕوانیشمان لە ڕێکخراوی ژنێڤاکاڵ هەیە کە بە هاوڕێیەتی ڕێکخراوەکانی دیکە فشار بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی تا ئەو مینانەی بۆ خۆی و بۆ مەبەستی سیاسی و نیزامی لە کوردستان چاندوویەتی، بێ هەڵی بگرێتەوە.

خاتوو ئێلیزابێت دێکرێ وارنێر، سەرۆکی ڕێکخراوی ژنێڤاکاڵیش لە کاتی ئیمزا کردنی ئەو پەیماننامەیەدا ویرای

مەحکوومکردنی سیاسەت و ڕەفتارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ مینرێژ کردنی کوردستان و کەمتەرخەمیی ئەو ڕێژیمە بۆ هەڵگرتنەوەیان، پیشوازیی لە هەوڵە مرۆیی و ئاشتیخوازانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد.

ڕێکخراوی ژنێڤاکاڵ کە ڕێکخراوێکی ناحکومیی سەر ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە و، بە پشتیوانیی ئەو ڕێکخراوەیە بانگەواز بۆ دژایەتیکردنی دروستکردن و هەڵگرتن و عەمبارکردنی مینی دژەنەفەر دەکا، تا ئێستا لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی شەڕیان تێدا ڕووی داوە، بنکە و ئۆفیسی کردۆتەوە و یارمەتیی هەڵگرتنەوەی مین و پێڕاگەشتن بە قوربانییانی تەقینەوەی مین لەو ناوچانەی داوە.

کوردستانی ئێران و خەڵکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە ٣٠ ساڵە باجی تەقینەوەی مین لە ژینگە و شوێنی ژیانیان دەدەن و بە پێی ئامارە ڕەسمییەکان لە ساڵ دا زیاتر لە ٨٠٠ کەس لە خەڵکی کوردستان کە زۆربەشیان دانیشتووی ناوچە سنوورییەکانی کوردستانن، بە هۆی تەقینەوەی مین لە شوێنی کار و ژیان و ماڵ و حاڵیان دا دەکوژرێن وبریندار و نقوستان دەبن.

مین وەک خۆی چەکێکی بەرگرییە کە لە بەرەکانی شەڕدا بۆ بەرگەری لە شوێنە نیزامییەکان لە هێرشی دوژمن و بۆ ترساندن و خاوو لەسەرخۆ کردنەوەی هێزی دوژمن لە جموجۆڵ بەکار دێ. لە کاتی شەڕی ٨ ساڵەی عێراق و ئێران دا ڕێژیم نیزیک بە ١٦ میلیۆن مینی دژە نەفەری لە کوردستان چاند، لە کاتی هێرش و میلیتاریزە کردنی کوردستانیش دا گوندو بەرزایی و تەپۆڵکە نەما مۆڵگەو پایەگای لێ دانەمەزرێنێ و دەوروبەری ئەو مۆڵگانەش بە مین نەتەنێ.

بەڵام ئێستا ٢١ ساڵە شەری ئێران ـ عێراق کۆتایی پێهاتوە و نیزیک ١٥ ساڵیشە چالاکیی چەکداریی حیزبە کوردستانییەکان وەستێندراوە. لەم ڕووەشەوە بەشی هەرە زۆری کۆنە مۆڵگەکانی ڕێژیم چۆل کراون و بێ کۆ کردنەوەی مینەکان، تێڵدرووەکانی دەوروبەریان کۆ کراون کەچی نەک هەڵمەتی کۆکردنەوەو پاکژ کردنەوەی ناوچە مینرێژکراوەکان هەنگاوێکی کردەیی بۆ هەڵ نەهێندراوەتەوە، بەڵکوو پرۆسەی مینرێژ کردن لە ناوچەکانی سەر سنوورو لە سەر ڕێی کاسبکاران و کاروانچییەکانی سەر سنوور لە لایەن ڕێژیمەوە ڕەوتێکی بەردەوام بووە.

قوربانییانی تەقینەوەی مین لە کوردستان نیزیک بە تەواویان خەڵکی مەدەنی و کەسانی بێدەرەتانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستانن.

ئەو منداڵانەی بۆ کایە و قوماران لە گوندی دەچنە دەرێ یان بەرخەل و گاڕان وەپێش خۆیان دەدەن و ڕێی لەوەڕگەکانی دەورووبەر گوندەکەیان دەگرنە بەر، ئەو ژن و کچانەی کە بۆ کەنگر و ڕێواس و گیا و گژی بەهاری ملی شاخ و بەندەن و کوێستانەکانی دوورو نزیکی ئاواییەکانیان دەگرن و ئەو کاسبکارو خەڵکە لێقەوماوەی بۆ پاروو نانێک بۆسەکانی هێزە کورد کوژەکانی کۆماری ئیسلامی و گرژی و رژدییەکانی سروشت دەبەزێنن و دواجار یان گیانیان لە سەر ئەم پاروو نانە دادەنێن یان بە نەقوستانی دەبنە سەرباری خێزان و ماڵ و منداڵە هەژارو دەسکورتەکەیان، ئەوانە بەشی سەرەکیی قوربانیانی تەقینەوەی مین لە کوردستان پێک دێنن، بەڵام ئەوانەی کە بەم هۆیەوە گیانیان لە دەست دەدەن زۆر بەختەوەرتر لەو کەسانەن کە بە نقوستانی و پەککەوتویی بێ هیچ چەشنە یارمەتیدانێکی پزیشکی و قەرەبووکردنەوە و پێراگەیشتنێک و دابینبوونێکی کۆمەڵایەتی دەبێ درێژە بە ژیانی پڕ چەرمەسەرییان بدەن.

جیا لە زیانە گیانییەکانی تەقینەوەی مین، هەبوونی ئەم وردیلە مەرگ هێنەرە چ لە رووی کۆمەڵایەتی و چ لە رووی ئابوورییەوە زیان و خەسارێکی زۆری بە کۆمەڵگا و ئابووریی کوردستان گەیاندوە. ئێستاش بە هەزاران هێکتار زەویی بە پیت ولەوەڕگە و کوێستانەکانی کوردستان بە هۆی مینرێژ بوونیانەوە کەڵکیان لێ وەناگیرێ، بە هەزاران کەس لە گوندنشینان ماڵ و حاڵی خۆیان بە جێ هێشتوە و روویان کردۆتە شارەکان و ڕیژەی بێکاریان لەم سونگەوە بردۆتە سەر. دیاردە کۆمەلایەتییەکانی وەک چوونەسەرێی ڕێژەی تەلاق، قەیرەیی، بێوەژنی، منداڵانی سەر شەقام و تەنانەت سواڵکەری لە دەرەنجامەکانی تەقینەوەی مین و کاریگەریی ئەم قەیرانە لەسەر کۆمەڵگای کوردی رۆژهەلاتی کوردستانە.

بە پێی ئاماری ناوەندە رەسمییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێستا زیاتر لە ١٢ میلیۆن مین لە کوردستان بە پووچەڵنەکراوی ماونەتەوە و تێپەڕینی زەمان و رووداوە سرووشتییەکانی وەک بەفر و باران لەو ماوەیەدا جێگۆرکێی بە زۆر لەو مینانە کردوە و تەنانەت بەشیکی هەرە زۆری نیزیک بە تەواوی ئەو مینانەش بە بێ نەخشە و کاتی خۆی و ئێستاش هەروا لە گۆترە چێندراون و ئەوەش کاری هەڵگرتنەوەیانی چەند بەرابەر دژوار کردوە.

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دەڵێن هەڵگرتنەوەی هەر مینێک زیاتر لە ٣٠٠ دۆلار و بە گشتی خاوێن کردنەوەی ناوچە مینرێژکراوەکانی کوردستان ٤٠ ساڵی دیکەش کات دەبا.

بەڵام ئەو جۆرە لیدوان و سیاسەتانە لە راستیدا تەنیا پاساوێکن بۆ ئەوەی کە ئەو ناوچانە هەر بەو شێوەیە و وەک خۆیان بە مینرێژکراوی بمێننەوە.

کۆماری ئیسلامی دەڵێ کە ئەو مینانە میراتی شەڕی ٨ ساڵەن و ئێستاش بە هۆی تەحریمەکانی سەر ئێرانەوە ناتوانن کەرەسە و تێکنۆلۆژی پێویست بۆ هەڵگرتنەوەی مینەکان دابین بکەن و بە شێوەی دەستیش هەر مینێک زیاتر لە ٣٠٠ دۆلاری تێدەچێ.

لەوبارەوە روونکردنەوەی چەند بابەت پێویستە:

**یەکەم** ئەوەی کە لەوانەیە بەشێکی زۆری ئەو مینانە لە کاتی شەڕی ئێران و عێراقدا چێندرابن، بەڵام خۆ زۆربەی شوێنەکانی کوردستان و ناوچەکانی قووڵایی کوردستان خۆ بەرەی شەری ٨ ساڵە نەبوون، ئەدی چۆنە مینرێژ کراون؟؟؟

**دووهەم** ئەوەی کە ئەوە زیاتر لە ٢٠ ساڵە شەڕی ئێران و عیراق کۆتایی پێ هاتوە، کوا کۆماری ئیسلامی چەند مەیدانی مین لە کوردستانی خاوێن لە مین کردۆتەوە، خۆ ئەوەش لە جێی خۆی کە نەک تا ئێستا دەستی لەو کارە راگرتوە، بگرە بە بەردەوامیش درێژەی بە رەوتی مینرێژ کردنی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان داوە.

**سێهەم** ئەوەی کە کامە ناوەند و دەزگایەکی حکوومی خۆی لە بەرامبەر بە رووداوەکانی تەقینەوەی مین لە کوردستان بە بەرپرسیار زانیوە و تا ئێستا کامە ناوەند بنەماڵەی قوربانییانی ئەو شەرە بەردەوامەی لە کوردستانی قەرەبوو کردۆتەوە و کامانە ناوەند و بنیات بۆ پێراگەیشتن و دابینکردنی ژیانی قوربانییانی نقوستان و پەککەوتووانی روووداوەکانی تەقینەوەی مین لە کوردستان دامەزراون و بوونیان هەیە؟؟

**چوارەم** ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی باس لە تێچووی زۆری ئەو هەڵمەتە و نەبوونی تێکنۆلۆژیی پێویست بۆ هەڵگرتنەوەی مین لە کوردستان دەکا، ئەدی چۆنە کۆماری ئیسلامی بە میلیۆنها دۆلار یارمەتیی گرووپە شەڕخوازەکانی فلستین و لوبنان دەکا و بە میلیارد دۆلار سەرمایەگوزاری لە وڵاتانی ڤێنۆزۆلا و زیمبابوە و ئۆگاندا دەکا و نەخۆشخانەی چەند سەد میلیۆن دۆلاری لە بەحرین بۆ شیعەکانی ئەو وڵاتە ساز دەکا، بەڵام بۆ هەڵگرتنەوەی ئەو مینانەی کە هەر بۆ خۆی چاندوونی و بۆ بڕینەوەی مووچەیەکی هەرچەندە کەمیش بۆ

قوربانیانی ئەو کارەساتانە دەکرووزێتەوە و خۆی لەو بەرپرسیارەتییە دەدزێتەوە؟؟؟ چۆنە کە تێکنۆلۆژیی ئەوەی هەیە کە ئاسمان داگیر بکا و ئاپۆلۆ و مانگی دەسکرد وەحەوا بخا، ئۆرانیۆم بە خەستیی زیاتر لە ٢٠% بەرهەم بهێنێ و جێی شیرکەتە گەورەکانی دۆزینەوە وهەلێنجانی نەوت لە مەیدانە نەفتییەکان بگرێتەوە و سیستمی سیخوڕی پێشکەوتوو لە سەر جموجۆڵ و پێوەندییەکانی خەڵک دابنێ، بەڵام ناتوانێ چەند ماشێنێکی سادەی تەقاندنەوەی مین و کەرەسەی دۆزینەوەی مین دابین بکا؟؟؟؟

بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە ئەوەی بۆ رێژیم گرینگ نیە گیان و خوێن و سەرو ماڵی خەڵکی کوردە. رێژیم ئەوەی بە کردەوە سەلماندوە کە دوژمنی قەستەسەرو نەیاری سوێندخواردووی گەلی کوردەو بۆ تواندنەوەی ئەم گەلەو بە چۆکداهێنانی بزووتنەوەی بەرەنگاری و مافخوازانەی ئەو گەلەش لە هیچ چەشنە جینایەتێک و کردەوەیەکی نامرۆیی نەپرینگاوەتەوە. هەر بۆیەش لەو پێوەندییەدا نە بۆ خۆی هیچ هەنگاوێگ هەڵ دەگرێ و نە رێگە بە رێکخراوە مرڤدۆستە نێو نەتەوەییەکانی وەکوو ژنێڤاکاڵیش دەدا کە بێنە کوردستان و لەم پێناوەدا بە هانای خەڵکی کوردستانەوە بێن.

---

## کرێکاری کورد و ئەو مافانەی کە پێشیان نازانێ!!!

رۆژی ١مانگی مەی وەک رۆژی جیهانیی کرێکار دەرفەتێکە تا بەو بۆنەیە ئاورێکی زیاتر لە بارودۆخی کرێکاران بدرێتەوە و خوێندنەوەیەک بۆ رەوشی ژیان و بژیویی کرێکاران و خەبات و تێکۆشانیان لە پێناوی مافە سینفی و پیشەییەکانیاندا بکرێ. مەبەستی ئەو نوسینەیە ئەوەیە کە ئەگەر چی کرێکارانی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران لە یەکەیەکی سیاسی و جغرافیایی هاوبەش بە ناوی" ئێران" دابە فرۆشتنی هێزی کاری خۆیان ژیان و بژیوی ماڵ و منداڵیان دابین دەکەن و بە گشتیش یاسا و رێساکانی کار لەو وڵاتەدا گشتگیر و وەک یەکن، بەڵام بە پێی جیاوازیی جوغرافیای ژیانی کرێکارانی کورد لەگەڵ کرێکارانی ناوچەکانی دیکەی ئێران، جیاوازییەکی یەکجار زۆریش لە شێوەی ژیان و دەسکەوتنی ماف و دەستخستنی بژیوی ژیانی کرێکارانی کورد لە چاو کرێکارە غەیرە کوردەکان لە ئێراندا دەبینرێ.

ئەوەی کە مۆتەکەی بێکاری و لە دەستدانی هەل و سەرفەتەکانی کار لە سایەی فەیرانی بەڕێوەبەریی سیاسی و سیاسەتی چەوتی ئابووریی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیدا خەوی لە چاوی کرێکارانی ئێران زڕاندوە، ئەوەی کە مووچە و حەقدەستی کرێکاران لە چاو نرخی ئاوسانی ئابووری و هێڵی هەژاریی دیاریکراو یەکجار نزم و کەمەو،ئەوەی کە هەر ئەو مووچە و حەقدەستە کەمەش جاری وایە ٣ مانگ و ٦ مانگیش دوا دەخرێ و، ئەوەی کە کرێکاران ئەمنییەتی شوغلییان نیە و مافە سیاسی و سینفییەکانیان پێشێل دەکرێ و، ئەوەی کە کرێکارانی ئێران توانا و ئازادیی دروستکردنی سەندیکا و ڕێکخراوی سینفیی خۆیان نیە، و ئەوەی کە کرێکاران لە زۆربەی ئیمکاناتی دەوڵەتی وەک پەروەردە و بێهداشت و خزمەتگوزارییە گشتییەکان بێبەشن و، ئەوەی کە ژیانێکی شیاوی مرۆڤیان نیە،ئەوە ژانی هاوبەشی هەموو کرێکارانی ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامییە، بەڵام کرێکارانی کورد جیا لەوانەش کۆمەڵێک ژان و کێشەی تایبەت بە خۆیان هەیە کە چینی کرێکاری غەیرە کورد لە ئێراندا نیانە.

**یەکەم** ئەوەی لە کوردستان نرخی بێکاری یەکجار لە سەرێیە. ئەگەر لە ناوچەکانی دیکەی ئێران نرخی بێکاری ١٥% تا ٢٠% بێ، ئەوا زۆربەی کارناسانی ئابووریی سەربەخۆ لە سەر ئەو باوەڕەن کە نرخی بێکاری لە کوردستان سەروو٣٠% و تەنانەت بۆ گرووپی تەمەنیی ٢٠ تا ٣٠ ساڵ بۆ سەروو ٤٠%یش هەڵ دەکشێ.

**دووهەم** ئەوەی کە لە کوردستان پێچەوانەی ناوچەکانی دیکەی ئێران زۆرتر کارگا و یەکەی بەرهەمهێنان بەزەرفییەتی ٣ تا ٥ کەسی دەبینی تا کارخانە و تەولیدیی گەورەگەورە، هەر بۆیەش بەشی هەرە زۆری خەڵکی بێکار و زەحمەتکێشی کوردستان پەنا بۆ کاری وەرزی، کرێکاریی خانووبەرە دروستکردن، کۆڵبەری دەستگیری دەبەن.

**سێهەم** ئەوەی کە لە ناوچەکانی دیکەی ئێران جگە لە کوردستان، کەسی کرێکار بە پێی ڕێککەوتنێکی دیاریکراو و لە ژێر چەتری داکۆکیی یاسادا هێزی کاری خۆی بە خاوەن کار دەفرۆشێ و سەرەڕای کەمیی مووچە و حەقدەستی، بەڵام بیمەیە و یاساکانی کار و دابینکردنی کۆمەڵایەتی دەیگرێتەوە. بەڵام لە کوردستان باس کردن لە بیمەی بێکاری، بیمەی دابینبونی کۆمەڵایەتی و مافە سینفییەکان هەم نامۆیە و هەم بێ مانا. چونکی کرێکارانی کورد بە هۆی بێکاری لە رادەبەدەر ئەوەندەی بیر لە پاراستنی هەلی کارەکەیان دەکەنەوە، ئەوەندە وەدوای پێوشوێنکەوتنی مافە قانوونی و سینفی-یەکانیان ناکەون.

چوارەم ئەوەی کە نارەزایەتی دەربڕینی کرێکاری کورد بە هۆی کەمبوونی حەقدەستەکەی، وەدرەنگ کەوتنی پێدانی حەقدەستەکەی، نەبوونی بیمەی دابینبوونی کۆمەڵایەتی و نەبوونی بیمەی بێکاری و تەنانەت دەرکرانی لە سەر کارەکەی زوو بەرچەسپی سیاسی لێ دەدرێ و هەر چەشنە نارەزایەتییەکی لەو سۆنگەیەوە بە توندی سەرکوت دەکرێ، هەر بۆیەش لە کوردستان کرێکاران زیاتر لەوەی بیر لە دروستکردنی هاوپێوەندی و رێکخراوی سینفی بۆ کۆکردنەوەی کرێکاران و بردنە سەر رێی زانیاریی پێشەیی خۆیان بکەنەوە، خەمی ئەوەیانە کارەکەیان لە کیس نەچێ و نانبڕاو نەبن.

بە گشتیش کرێکارانی کورد دووبەشن: ئەوانەی لە نێوخۆی کوردستانن و ئەوانەی بۆ پەیداکردنی کار روویان لە ناوچەکانی دیکەی ئێران کردوە.

کرێکارانی نێوخۆی کوردستان بە هۆی ئەوەی لە کوردستان کەمترین کارخانەو کارگەی پیشەیی لێیە، زۆربەی هەرە زۆریان روویان لەو کارانە کردوە کە لە ئێراندا بە کاری "کاذب" دەناسرێن.

کرێکاریی بەشی بیناسازی، کرێکاریی وەرزیی وەک دەسکەنە، بژارو رنینی میوە لە مووچە و باخ و مەزراکان، رستن و چنینی سوونەتی و تەون کردن، کار لە کوورەخانەکان و دەستگێڕی و میوەفرۆشی و کۆڵبەری لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بەشێک لەو کارانەن کە کرێکارانی کوردستان پەنایان بۆ دەبەن و تەنانەت لە بەشێکیشیان دا گیانیشیان لە پێناوی دا دادەنێن.

ئەو بەشە لە کرێکارانی کورد لە کوردستان رۆژانە حەقدەستەکانیان وەردەگرن و زۆربەی نزیک بە تەواویشیان هیچ بیمەیەکی کارو کۆمەڵایەتییان نیە و لە هەموو ئەو مافانە بێبەشن کە تەنانەت بە پێی یاساکانی کاری ئێران بۆ کەسێکی کرێکار لەبەر چاو گیراوە.

ئەو بەشەش لە کرێکارانی دیکەی کورد کە بۆ پەیدا کردنی کار رێگای شارە گەورەکانی دەرەوەی کوردستان دەگرن، بە هۆی ناخۆجیی بوونیان و لە رووی ناچارییەوە بە حەقدەستێکی کەمتر لە کرێکارە خۆجێییەکان دەبێ کار بکەن و بۆ ئەوەش کە بتوانن لە دوورەوە برەپارەیەک بۆ بنەماڵەکانیان بنێرنەوە، ناچارن جیا لە ماوەی کاری دیاریکراوی رۆژانەیان زێدەکارییش بکەن.

ئەوەی باس کرا دیمەنێکی خێراو کورت لە ژانی کرێکارانی کورد لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامی دا بوو.

ڕێکەوت: بانەمەڕی ١٣٨٩ - ئەپریلی ٢٠١٠

## ئەو قەیرانانەی تەنگیان بە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵ چنیوە!

کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە لە دنیا دا بە سەرەڕۆ و پێشێلکەری مافی مرۆڤ و نەگونجاو لە گەڵ دنیای ڕۆژئاوا ناسراوە، بەڵام بەو حاڵەش قورسایی ئێران لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و کایەکردن لە پێکناکۆکیی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی زلهێزدا پڕدیار و بەرچاوە.

٣٢ ساڵ لەوە پێش لە ئێران شۆڕشێک کرا کە ئەگەر لە لایەک ئەو شۆڕشە مەزنە کۆتایی بە دەسەڵاتدارەتیی زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵ سیستمی پاشایەتی لەو وڵاتە هێنا، بەڵام لە هەمان کاتیش دا کاریگەریی زۆری لە سەر گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکان لە دنیا و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دانا.

دروشمی سەرەکیی ئەو شۆڕشە مەزنە "سەربەخۆیی - ئازادی - کۆماری ئیسلامی" بوو. کۆماری ئیسلامی مێتۆدێک لە دەسەڵاتدارەتیی سیاسی بوو کە تا ئەو کات لە هیچ کوێی دنیادا ئەزموون و تاقی نەکرابۆوە.

دەسپێکی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیی تازە دامەزراو، هاوکات بوو لە گەڵ خوڵقاندنی یەکەم قەیران، ئەویش ئەو کاتە بوو کە ئایەتووڵلا خومەینی بە ڕەسمی ڕایگەیاند کە ئەو شۆڕشە کۆتایی نەهاتوە و ئەوان دەیانەوێ ئەو شۆڕشە و ئامانجەکانی ئەو شۆڕشە لە سنوورەکانی ئەو وڵاتە بترازێنن و لە دنیا دا بڵاویان بکەنەوە. وەها گوتارێکی سیاسی ئەویش لە سەردەمی شەڕی سارد دا زۆر یەک لە هاوکێشە و باڵبەندییەکانی گۆڕی.

پەلاماردرانی ئێران لە لایەن عێراقەوە و شەڕێکی قورسی ٨ ساڵە قەیرانێکی دیکە بوو کە لە ساڵەکانی سەرەتای

ئەو شۆڕشەدا بەربینگی بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی گرت. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی شەڕی ٨ ساڵە لە گەڵ عێراقیان وەک هەلێکی زێڕین قۆستەوە تا لە ژێر درووشمی" هەموو شتێک لە پێناو سەرکەوتن لە بەرەکانی شەڕ دا" بە سەر هەموو ئەو قەیرانانەدا باز بدەن کە بە هۆی سیاسەتی ناسەردەمیانە و دەسەڵاتدارەتی دوگماتیزمی ئایینییەوە لە ئێراندا وەک کارگ هەڵ تۆقیبوون.

گرینگترین قەیرانی ئەو سەردەمە گرانی بە هۆی دەرەنجامەکانی شەڕ و گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران و، نەبوونی ئازادیی سیاسی بوو. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە لە بەرەکانی شەڕی عێراق دا زیانی یەکجار زۆریان بەرکەوتبوو و ماشێنی نیزامیی ئێران لەو شەڕەدا بە تەواوی پەکی کەوتبوو، بۆ زاڵکردنی کەشی بێدەنگی و سەرکوت و بە مەبەستی شاردنەوەی شکستەکانی لە بەرەکانی شەڕ دا قەڵت و بڕ و ڕەشەکوژییەکی کەم وێنەی لە گرتووخانەکانی دا وەڕێ خست.

بە پێی ئاماری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا لە ساڵی ١٩٨٨ دا زیاتر لە ١٢٠٠٠ بەندیی سیاسیی لە گرتووخانەکاندا گوللەباران کرد و لە گۆڕە بە کۆمەڵەکانی " خاوەران" ی تاراندا چاڵی کردن.

کۆتایی شەڕی ٨ ساڵە بواری بۆ سەرهەڵدان ئەو قەیرانانە خۆش کرد کە تا ئەو کات لە سۆنگەی شەڕەوە شاردرابوونەوە، لە خۆڕا نەبوو کە هاشمی ڕەفسەنجانی، سەرۆکی پارلمانی سەردەمی شەڕی ٨ ساڵە لە گەڵ عێراق، شەڕ لە گەڵ ئەو وڵاتەی بە "بەرەکەت" و "نیعمەت" ی خودا زانیبوو.

قەیرانەکانی ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵات بریتی بوو لە بێکاری و تەقینەوەی حەشیمەتی لە کۆمەڵگا دا. ئەو کات لە گەڵ ئەوەی ئێران زیاتر لە ١ میلیۆن کەسی قوربانی لەو شەڕەدا دابوو، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری کارخانە و کارگە و یەکە بەرهەمهێنەرەکانی ئێران وێران ببون. سیاسەتی چاوەدێرێ نەکردنی زاوزێ بە مەبەستی تایبەتی سیاسی و کۆچی بێسەرەبەرەی گوندنشینان بۆ شارەکان و پەلەقاژەیان بۆ دەسخستنی هەلی کار کردن بەڕێوەبەرانی وڵاتیان تووشی سەرلێشێواوی کردبوو. بەرەورووبوونەوە لە گەڵ گوشاری چالاکانی مەدەنی و سیاسی بۆ کرانەوەی کەشی سیاسی و لابردنی فەزای سەرکوت وخەفەقان یەکێکی دیکە لەو قەیرانانە بوون کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی خۆیان لە گەڵ بەرەو روو دەدی.

لە دەرەوەی وڵاتیش کۆماری ئیسلامی بە هۆی پێداگریی لە سەر سیاسەتی ناردەنە دەرەوەی شۆڕش و

پشتیوانیکردنی ئاشکرا و بە کردەیی لە گرووپە بناژۆخوازەکانی حیزبوڵلای لوبنان و گرووپەکانی فەلەستینی لە سیاسەتی نێونەتەوەیی دا لە پەراوێز خرابوو.

کۆماری ئیسلامی لەو کاتەوە سیاسەتی خوڵقاندنی قەیران بۆ تێپەڕین لە قەیرانی گرتە بەر. لە نێوخۆی وڵات دا دیسان سیاسەتی سەرکوت و یەکدەست و یەکدەنگ کردنی گرتە بەر. دەستی سپای پاسدارانی لە سیاسەت و گرتنە دەستی ئابوریی وڵات دا ئاوەڵا کرد و لە دەرەوەی سنوورەکانیش و بە تایبەت لە دڵی ئوروپا دا کەوتە لە نێوبردنی نەیارانی سیاسیی خۆی.

لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٨٦ را تا ١٩٩٦ زیاتر لە ١٤٠ چالاکی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتەکانی ئورووپایی وەک فەڕانسە، ئاڵمان، ڤیینریس و نەمسا تیرۆر کران کە لەو نێوەدا تێرۆری دوکتور شاپووری بەختیار، دوایین سەرۆک وەزیری نیزامی پاشایەتیی ئێران، دوکتور کازم رەجەوی، برای مەسعود رەجەوی سەرۆکی مجاهیدینی خەڵقی ئێران لە فەڕانسە، دوکتور عەبدورەحمانی قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نەمسا، دوکتور سیروس ئیلاهی، چالاکیی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ، دوکتور غولام کشاوەرز، رێبەرایەتیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، دوکتورعەبدورەحمان برومەند، پارێزەر و چالاکی مافی مرۆڤ، دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بێرلینی ئاڵمان وێرای ٣ هاوڕێی لە دیارترینی ئەو تێرۆرە سیاسییانە بوو کە کۆماری ئیسلامی بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران کردنی و لە نیوخۆی وڵاتیش دا کە دەستی بۆ لە نێوبردنی نەیارانی سیاسیی بە هەموو شێوەیەک ئاوەڵا بوو.

بەڵام دوای ئەوەی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٩٧ دا و بە بڕیاری دادگای سەربەخۆی تاوانەکانی ئاڵمان و لە پەروەندەی "مێکونوس" دا بە بڕیاردان و بەڕێوەبردن و دەست تێداهەبوون لە تێرۆرەکانی دەرەوەی سنوورەکانی ئێران لە رۆژئاوا تاوانبار کران و حوکمی گیران و دەسبەسەر کران بۆ وەزیری ئیتلاعات و دەرەوەی ئێران دەرکرا، قەیرانی مەشرووعییەت و رەوایی ئێران بە یەکجاریی چووە ژێر پرسیار.

لە تەنیشت قەیرانی سیاسیی ئێران یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی ئێرانی لە هاوکێشە نەتەوەییەکان دا پەراوێز و لە ژێر گوشار خستبوو، بابەتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە لە لایەن دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامییەوە بوو.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٣١ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا تا ئێستا ٢٦ جار لە لایەن کۆمیسیۆن و شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەبارەت بە پێشێلکاریی سیستماتیکی مافی مرۆڤەوە مەحکووم کراوە و لەو ماوەیەش دا ساڵ نەبوە کە لە لایەن ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ و هەواڵنێرانی بێسنوورەوە لەمەڕ پێشێلکاریی مافی مرۆڤ و سەرکوتی ئازادیەکانی خەڵک ، بە تایبەت ئازادیی رادەربڕینەوە مەحکووم نەکرابێ.

ساڵی ٢٠٠٢ ی زایینی چەخماغەی قەیرانێکی دیکەی ئێرانی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لێ درا. لەو ساڵەدا ئاشکرا کرا کە کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ٢٠ ساڵە بە شێوەی نهێنی و دوور لەچاوی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی سەرقاڵی پیتاندنی ئورانیۆم و دروستکردنی بۆمبی ئەتوومییە. هەوڵە شاراوەکانی ئێران بۆ دەستراگەیشتن بە چەکی ناوکی بۆ جارێکی دیکە ئێرانی کردەوە بە چەقی قەیرانەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. کۆماری ئیسلامیی ئێران کە تا ئێستاشی لە گەڵ بێ نەیتوانیوە متمانەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ ئاشتیخوازانە بوونی بەرنامە ئەتومییەکەی وەدەست بێنێ، لە گەڵ سێ بڕیارنامەی سزادان و گەمارۆی ئابووریی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەروە روو بۆتەوە و ئێستاش وڵاتانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاڵمان کە بە وڵاتانی ( ١+٥ ) ناسراون، سەرقاڵی ساغبوونەوە و ئامادە کردنی رەشنووسی بڕیارنامەیەی چوارەمی سزادانەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دژی ئێرانن.

بەڵام لە نیوخۆی وڵاتیش دا کۆماری ئیسلامی بەرەورووی کۆمەلیک قەیران بۆتەوە کە لە ژێر سێبەری کێشە ئەتومییەکەی ئەو وڵاتەدا کەمتر باسیان لی دەکرێ و وەک بۆمبێکی سەعاتی چاوەڕوانی تەقینەوەن.

هەڵبژاردنەکانی ساڵی رابردووی سەرۆک کۆماریی ئێران و نارەزایەتیی بە میلیۆنان کەس بە ئاکامی هەڵبژاردنەکان، کە لە دژی ساختەکاریی باڵی ئەحمەدی نژاد رژابوونە سەر شەقامەکان رەوایی ئەو حکوومەتەی بە تەواوی بردە ژێر پرسیار.

دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد کە بە گرتنی هەزاران کەس لە خۆپیشاندەران و کوشتنی دەیان کەس لە کاتی خۆپیشاندانەکان و لە سێدارەدانی سەدان کەس و بە زاڵکردنی کەشی سەرکوت توانیویەتی پاشەکشەی کاتی بە هەڵچوون و بزووتنەوەی نارەزایەتی خەڵک بکا، بۆ خۆی زۆر باش دەزانێ کە ئەو بێدەنگییەی ئێستا پشکۆی ژێر خۆڵەمێشە و هەر دەم و ساتێک توانای گەشانەوەی هەیە.

جیا لەوانەش قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران شتێک نین کە بە سانایی لە تەنیشتی تێ بپەڕین.

بڵاڤۆکی "مێهری نوێ" سەر بە رێکخراوی بێهزیستی ئێران لە ژمارە ٥ ی خۆی دا کۆمەڵە ئامارو زانیارییەکی جێی سەرنجی بڵاو کردۆتەوە.

ئەوەی کە تەمەنی تووشبوون بە ئێعتیاد بۆ خوار ١٤ساڵ دابەزیوەو ئەو دیاردەیە خەریکە لە قوتابخانە سەرەتاییەکانیشدا پەرەدەستێنێ، ئەوەی کە زیاتر لە ٤ میلیۆن کەس لە ئێراندا مادەی هۆشبەر بەکار دێنن، ئەوەی کە لە سۆنگەی پەرەسەندنی دیاردەی ئێعتیادو بێکارییەوە ئاماری تەڵاق ٣٠% لە چاو ساڵی رابردوو زیادی کردوە. هەر بە پێی ئەو راپۆرتە تەمەنی لەشفرۆشی لە ئێران بۆ خوار ١٦ ساڵ دابەزیوەو ئەوەی کە بەشی هەرە زۆری ژنانی لەشفرۆش ی ئێران نەخوێندەوار نین و خاوەن مێردو منداڵن.

ئێران لە رووی راکردنی مێشکەکانی و کەسانی بژاردەکانی کۆمەڵگای دا لە دنیا دا لە پلەی یەکەم دایە و ساڵانە زیاتر ١٢٠ هەزار کەس لە ئێران را بەرەوە وڵاتانی دیکە رادەکەن کە بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانە دەرچووانی زانکۆ و خاوەن پلەی بەرزی ئاکادێمین.

لە ئیراندا رێژەی بێکاری ١٨% راگەیەندراوە بەڵام کارناسە ئابوورییە سەربەخۆکان ئەو ئامارە حکومەتییانە رەت دەکەنەوە و لە سەر ئەو باوەڕەن کە نرخی بێکاری لە ئێران سەروو ٣٠ لە سەدە.

بە پێی راپۆرتی سازمانی میللی لاوانی پارێزگای تاران لە ماوەی ٦ مانگی یەکەمی ئەوساڵدا ئاماری زەماوەند و پێکەوە نانی ژیان ٦% لە چاو ساڵی رابردوو دابەزیوەو لە بەرامبەردا ئاماری تەلاق ٢١% زیادی کردوە.

مورتەزا بەختیاری وەزیری دادگوستەریی ئێرانیش رایگەیاندوە کە لە ماوەی ١٠ مانگی رابردووی ئەوساڵدا ٥ میلیۆن و ٩٠٠ هەزار دۆسییەی حقووقی و سزادان لە دادگاکاندا کراونەتەوە. وەزیری دادگوستەریی ئێران ئاشکرای کردوە کە لەوساڵدا ٣ میلیۆن و ٢٠٠ هەزار دۆسییەی تاوانکاری ، ٢ میلیۆن و ٨٠٠ هەزار پەروەندەی حقووقی لە دادگاکانی وڵاتدا کاریان لە سەر کراوە و زیاتر لە ٣ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار دۆسیەش لە "شووڕاکانی چارەسەریی کێشەکان"دا بەدواداچوونیان بۆ دەکرێ.

عەلیڕەزا جەمشیدی وتەبێژی پێشووی دەزگای قەزایی ئاشکرای کردوە کە بارستایی پەروەندە قەزاییەکانی ئێران زیاتر لە وڵاتی چین بە ١ ملیاردو ٣٠٠ میلیۆن حەشیمەتە.

ساڵی رابردووش قوربانعەلی دوڕی نەجەف ئابادی، دادستانی پێشووی وڵات رایگەیاندبوو کە لە هەر ١٠٠ هەزار کەسی ئێران، ٢٠٠ کەسیان لە زیندان دان. ناوبراو گوتبووی کە لە دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتییەوە حەشیمەتی ئێران ٢ بەرامبەر بووە، بەڵام ئەژماری زیندانییەکانی ئێران بۆتە ١٠ بەرامبەر.

ئەوەی گوترا دووره دیمەنێک لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێرانی کۆماری ئیسلامی بوو.

## ئێرانی ١٢٠ میلیۆن کەسی و کاریگەریی لە سەر داهاتووی هاوکێشە ناوچەییەکان

رەنگبێ ئەورۆ ناوی ئێران و کۆماری ئیسلامی و سەرکۆمارەکەی ئەو وڵاتە، ئەحمەدی نژاد لە چەند رووەوە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان گرینگ و جێی باس و خواس بێ.

**یەکەم** ئەوەی کە ئەو وڵاتە بێ گوێدان بە ئیدانەکردنەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، پارلمانی کوردستان و دامودەزگا حکوومی و ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان و تەنانەت وەزارەتی دەرەوەی عێراقی فیدراڵیش نەک هەروا درێژە بە بوردومانکردنی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەدا، بگرە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە قووڵایی ٢ کیلۆمیتر و پانایی ٣ کیلۆمیتر هاتوونەتە نێو هەرێمی کوردستان و بە وتەی جەبار یاوەر، وتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوچەی بەردووناز جێگیر بوون ومۆڵگەیان دامەزراندوە و خەریکی لێدانی رێگە و بانی عەسکەرین.

**دووهەم** ئەوەی کە هەرچی مادەی هۆشبەر و حەبی سڕکەر کە دەڕژێتە هەرێمی کوردستانەوە لە سنوورەکانی ئێرانەوە دێن و بە پێی وتەی زۆر لە چاوەدێرانی سیاسی هەموو ئەوانەش ناکرێ بە هەڵکەوت بێ و شیمانەی زۆر بە هێز لەوە دایە کە ئەو هەوڵانە بە پێی بەرنامەیەکی سیستماتیک و بۆ دژایەتیکردنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان و

نەخۆش خستن و پەککەوتە کردنی کۆمەڵگای کوردستانە کە بەڕێوە دەچن.

**سێهەم** ئەوەی کە نەک هەر هەرێمی کوردستان بگرە زۆربەی وڵاتانی کەنداو و تەنانەت زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئێران بە مەترسییەک لە سەر ئەمنی قەومی و نیشتمانیی خۆیان دەزانن و بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانیش ئەو خورپەیەی خستۆتە دڵی زۆربەی وڵاتانی دراوسێی ئێران، کە لە ئەگەری دەسڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی و بوونی ئێران بە وڵاتێکی ئەتوومی، باڵانسی هێز و هاوکێشە ناوچەییەکان چ ئاڵوگۆڕێکیان بە سەر دادێ و ئەوان چەندەی لێ زەرەمەند دەبن.

سەربارى ئەوانەش ئەحمەدی نژاد، سەرۆک کۆماری ئێران لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا چەند جار بە ئاشکرا سیاسەتی کۆنترۆڵی حەشیمەتیی ئێرانی لە ئێستادا بردۆتە ژێر پرسیار و جگە لە خۆی، زۆربەی وەزیر و دامودەزگا و موئەسسییاتی حکومیی راسپاردوە کە بانگەشە بۆ سیاسەتی نوێی دەوڵەت بکەن و تەنانەت لە رێگای ناوەندە ئایینیەکانەوە بە هەموو مەلایەکی مزگەوتەکانی ئەو وڵاتەی فەرمان داوە کە دژی سیاسەتی پێشووی کۆنترۆڵکردنی حەشیمەتی قسە بۆ خەڵکی بکەن و پێیان بڵێن کە بەر بە منداڵبوونی زیاتر نەگرن.

ئەحمەدی نژاد دەڵی کە ئێران دەبێ ببێتە وڵاتێکی ١٢٠ میلیۆنی و هۆکاری ئەوەشی بۆ ئەوە گەڕاندۆتەوە کە ئێرانێکی ١٢٠ میلیۆن کەسی باشتر دەتوانێ بە گژی نەیاران و دوژمنانی لە دنیادا بچێتەوە و زووتر دەتوانێ ببێتە زلهێزێکی ناوچەیی و جیهانی.

سەرکۆماری ئێران لە حاڵێک دا ئەو قسانە دەکاو سیاسەتی کۆنترۆڵی حەشیمەتیی پێشووی ئەو وڵاتە لە ژێر ناوی " منداڵی کەمتر، ژیانی خۆشتر" دا دەباتە ژێر پرسیار و دژایەتیی بەرگیری لە منداڵبوونی زیاتر دەکا، کە چەند مانگ لەو پێش و لە رۆژی جیهانیی حەشیمەت دا لە لایەن سندووقی نێودەوڵەتیی حەشیمەتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک مۆدیلی هەرە سەرکەوتووی کۆنترۆڵی حەشیمەت لە وڵاتانی ئیسلامیدا ناسرابوو.

بەر لە تاوتوێکردنی مەبەستە سیاسییەکانی ئەحمەدی نژاد لە گرتنەبەری ئەو سیاسەتە و ئەوەی کە ئاخۆ هەر لە بنەڕەت دا کۆماری ئیسلامی دەتوانێ ئەو سیاسەتە پراکتیزە بکا یا نا، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە رابردووی سیاسەتی کۆنترۆڵی حەشیمەت لە ئێران دا بۆ زیاتر لە ٥٠ ساڵ لەوە پێش دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەو کات کە ئێران سیستمێکی پاشایەتیی حوکمی دەکرد و نیزامی پاشایەتیی پەهلەوی خولیای مۆدێلی رۆژئاوایی و گشتاندنی بە سەر

کۆمەڵگای ئێراندا بوون، لە لایەن ناوەندە ئاینییەکانی شیعەی ئێرانەوە دژایەتیی زۆر دەکرا. دوای رووخامی نیزامی پاشایەتیی لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ و گەیشتنی شۆرشگێرە ئاینییەکان بە لوتکەی دەسەلات، نەک ئەو سیاسەتە نەخرایەوە بەرسەرنج، بگرە تەقینەوەی حەشیمەتی لە ئێران دا لێ کەوتەوە. لە ماوەی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراقیش کە فاکتۆڕی حەشیمەت رۆڵی گرینگی لە بالانسی شەڕ دا هەبوو بە یەکجاری باسی کۆنترۆڵی حەشیمەتی لە ئێران وەلا نرا. بەلام دوای کۆتایی هاتنی شەڕ لە ساڵی ١٩٨٨ دا و ئەو گرفتانەی حکومەت بەرەوڕووی ببۆوە، کەوتنەوە بیر سیاسەت و بەرنامەکەی حەمەڕەزاشای پەهلەوی و خستیانەوە بەرباس و بواری جێبەجێکردنەوە. بەلام ئەو جارەیان هێزی ناوەندە ئاینییەکان کە کاتی خۆی دژایەتیی ئەو پلانە نیشتمانییەی نیزامی پاشایەتیی دەکرد، ئەو جارەیان بە هەموو تواناوە کەوتە جێ خستنی ئەو پلان و سیاسەتە، چونکی لە راستیدا تەقینەوەی حەشیمەت لە ئێراندا بڕستی لە بەڕێوەبەرانی وڵات بڕیبوو.

ئێران ئەوکات لە ساڵ دا بایی ١٠٠ میلیۆن دۆلاری شیری وشک دەکڕی، کە دەکرا ئەو کات بەو پارەیە ٣ کارخانەیەی گەورەی دروستکردنی شیری وشک دابنرێ. دابینکردنی جلوبەرگ، خواردن، قوتابخانە و ئیمکاناتی لەشساغی و تەندروستی کیشەکانی دیکەی ئەوکاتی حکومەتی ئێران بوون. بابەتی بێکاریی لاوان و پەرەسەندنی گرانییش لە جێی خۆی تا ئەوەی موسەوی، سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئێران و گەورە بەرهەڵستکاری ئێستای ئێران بە وەرگرتنی متمانە و پشتیوانیی ئایەتوڵلا خومەینی، رێبەری ئەوکاتی ئێران سیاسەتی کۆنترۆڵی حەشیمەتیی ئێرانی خستە دەستووری کار و پرۆژەی حکوومەتەوە.

لەو کاتەوە شوێنێک لە ئیدارە و بەڕێوەبەرییەکان، نەخۆشخانەکان، شوێنە گشتییەکان، شەقام و کۆڵانەکان لە ئێران دا نەما کە تابلۆ و دروشمی "منداڵی کەمتر، ژیانی خۆشتر" ی لێ هەڵنەواسرێ و تەنانەت کار گەیشتە جێیەک کە حکومەت بڕیاری دا هەر بنەماڵەیەک زیاتر لە سێ منداڵی هەبێ، منداڵی چوارەم لە پێناسە و ناسنامە و هەموو مافێکی هاووڵاتیبوونی بێبەش دەکرێ. بەلام ئێستا و کتوپڕ و رێک پێچەوانەی ئەو رێوشوێنانەی ٢٢ ساڵە ئێران کاری پێ دەکا و جێی دەخا، ئەحمەدی نژاد دەڵی هەر منداڵێک کە لە دایک بێ لە ساڵ دا بڕی ١٠٠٠٠٠٠ تمەنی بۆ دەخرێتە بانکەوە و بنەماڵەکان هان دەدا منداڵی زیاتریان ببێ.

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە هەر بە راست مەبەستی ئەحمەدی نژاد لە ئەو وەرچەرخانە سیاسیە چییە و ناوبراو چ بەرنامە و پرۆژەیەکیشی بۆ بەرەوڕوو بوونەوە لە گەڵ هەموو ئەو قەیرانانە هەیە کە لە ئێرانی ٧٠ میلیۆنیی

ئێستا تەنگیان پێ هەڵچنیوە و دەبێ لە ئێرانی سەروو ١٢٠ میلیۆن کەسی لە گەڵیان را بێ؟؟

بۆ خوێندنەوەی سیاسەتەکانی ئەحمەدی نژاد لەو پێوەندییەدا دەکرێ ئاماژە بە دوو فاکتۆر و پاڵنەری بە هێز بکەین: یەکەمیان ئەنگیزە و پاڵنەری سیاسی و ئیدۆلۆژیکییە و دووهەمیشیان پێوەندیی بە تۆخ بوونەوەی رۆڵی ژنان لە خەبات و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دایە کە حکومەتی بناژۆخوازی ئەحمەدی نژاد چاوی بە دیتنی دابڕانی ژن لە ماڵ و مەتبەخەکان و بەشدارییان لە شانۆی سیاسەت و بزاوتە کۆمەڵایەتییەکان هەڵ نایە.

### پاڵنەری سیاسی و ئیدۆلۆژیکی:

فاکتۆری زۆریی حەشیمەت لە روانگەی هەموو حکوومەت و دەسەڵاتە پۆپۆلیست و ئایدۆلۆژییەکانەوە کە بیر لە داگیرکاری و مەزنخوازی لە ناوچە و جیهان دا دەکەنەوە، فاکتۆرێکی گرینگ و چارەنووسساز و جۆرێک لە ئامرازەکانی هێز و دەسەڵات لە جوغرافیای سیاسیی وڵاتان دایە. کۆماری ئیسلامیی ئێران کە خۆی بە نوێنەری ئیسلامی سیاسی لە دنیادا دەزانێ و پێی وایە کە ڕێبەرایەتیی هەموو بیر و ئایدیاو دەسەڵاتەکانی دژ بە رۆژئاوا دەکا، لە مێژە خەون بەوە دەبینێ کە تاکە دەسەڵاتی زاڵ و بەهێزی رۆژهەڵاتی ناڤین بێ.

ئەحمەدی نژاد پێی وایە کە ئێرانی ١٢٠ میلیۆنی دەتوانێ قورسایی تایبەتیی خۆی لە هاوکێشە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تەنانەت جیهان دا دابنێ.

پاڵنەڕیی تێکدانی باڵانسی هێزی ئێستای ژنان لە هاوکێشە نیوخۆییەکانی ئێراندا

نیگەرانیی ئەحمەدی نژاد لە مەڕ پێگەی ئیستای خیزان و بنەماڵە لە کۆمەڵگای ئێران و بە تایبەت رۆڵی روو لە گەشەی ژنان لە شانۆی سیاسەت و بزاوتە مەدەنییەکانی یەکێکی دیکە لەو پاڵنەرانەیە کە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ دیسانەکەش ژنان لە کۆمەڵگا را بەرەو ماڵ و چێشتخانەکان ببەنەوە و سەرقاڵی بەخێوکردن و پێراگەیشتن بە منداڵی بکەن.

لە روانگەی ئەحمەدی نژادو ئەندامانی کابینەکەی هەموو ئەو ئاڵوگۆڕ و تابۆ شکێنی و گۆڕینی نۆڕمە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەو گۆرانکارییە دەگەڕێتەوە کە لە پێگەی ژن و شوێنگەی ژن لە کۆمەڵگای ئێران دا پێک

هاتوه. کەواتە ڕێگا چارەش هەر گەڕانەوە بۆ نەریتە کۆنەکان و گەڕاندنەوەی ژنان بۆ کونجی ماڵەکان و پێ ئەسپاردنی ئەرکی ماڵ و چێشت لێنان و بە منداڵ و مێرد ڕاگەیشتن بە ئەوانە.

بەڵام پرسیاری سەرەکی و هەستیار لەوە دایە کە ئاخۆ لێدوان و سیاسەتی نوێی ئەحمەدی نژاد و حکوومەتەکەی تەنیا هەڕوگیفێکی سیاسییە یان دەکرێ پراکتیزەش بکرێ؟؟ ئایا حکوومەتی ئێستای ئێران کە ئیستا لە بەڕێوەبردنێکی ئێرانێکی ٧٠ میلیۆن کەسی دا دۆشداماوە، توانای بەڕێوەبردنی ئێرانی ١٢٠ میلیۆن کەسیی هەیە؟؟ هەموو زانیاری و داتا و ئامارەکان لە پیوەندی لە گەڵ ئێران و کۆمەڵگای ئێران دا ئەوە پیشان دەدەن کە ئەحمەدی نژاد ناتوانێ میلەکانی کاتژمێر بۆ دواوە بگەڕێنێتەوە و بە یۆتۆپیای ئێرانی ١٢٠ میلیۆنی بگا، مەگەر ئەوەی کە سیستمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی ئاڵوگۆڕی بنگەیی بە سەردا بێ.
ئێران لە رووی " سەرانەی داهاتی نیشتمانی" لە نێو ١٦٠ وڵات دا لە پلەی ١١٤ دایە و هەر ئێستاش دنیایەک قەیرانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ژینگەیی بەرۆکی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەی گرتوە.

هەر ئێستا بە پێی ستاندارده جیهانییەکان زیاتر لە ٤٠ میلیۆن کەس لە حەشیمەتی ٧٣ میلیۆنیی ئێران و بە پێی ئاماری ناوەندە حکومییەکانی ئێران زیاتر لە ٢٥ میلیۆن کەس لە حەشیمەتی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین. نرخی بێکاری بە تایبەت لە نێو لاوانی تەمەن ٢٥ تا ٣٥ ساڵ دا سەروو ٣٠% ە و زیاتر لە ٦ میلیۆن کەس لە خەڵکی ئێران موعتاد بە مادە هۆشبەرەکانن و ئێران لە رووی راکردنی لاوان و کەسانی خوێندەواری بۆ دەرەوەی وڵات لە دنیا دا پلەی یەکەمی هەیە و بە وڵاتی راکردنی مێشکەکانی ناسراوە.

زیاتر لە ٤ میلیۆن قوتابیی ناوەندی و دواناوەندیی ئێران بە هۆی کێشە ئابوورییەکانی بنەماڵەکانیان وازیان لە خوێندن هێناوە و ٢٥% ی قوتابخانە و خوێندنگەکانی ئێران بە هۆی نەبوونی شوێن و جێ و ڕێی پێویست بۆ خوێندن بە شێوەی ٢ شیفتی و تەنانەت ٣ شیفتی بەرێوە دەبردرێن و ٤٥% ی هەموو خوێندنگەکانی ئێران پێویستییان بە نۆژەنکردنەوەیە.

ئێران بە بوونی ٧٠ میلیۆن کەس هەر ئێستا کێشە ئاو و وشکەساڵی و لە نێوچوونی لەسەرەخۆی سەرچاوە سرووشتییەکانی هەیە.

دیارە لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردوو دا لە رووی کلتووریشەوە ئاڵوگۆڕی زۆری تێدا پێک هاتوە و هیچ وێناچی وەچەی

نوێی کۆمەڵگای ئێران بۆ نەریتە کۆنەکانی بگەڕێتەوە و شۆڕشی حەشیمەتی لە ٥٠ساڵی رابردوودا لە رووی پێکهاتەی زەینی و کلتووری و کۆمەڵناسییەوە ئاڵوگۆڕی زۆری لە ئێران دا لێ کەوتۆتەوە.

ماوەتەوە ئەوە بڵێین کە بە وەها وەزع و لەوەها هەلومەرجێک دا باس کردنی لە یۆتۆپیای ئێرانی ١٢٠ میلیۆنی تەنیا دەتوانێ بە واتای گەڕوگیفی سیاسی و ئەرک وەخۆنەگریی حکومەتی ئەحمەدی نژاد لێک بدرێتەوە. چونکی تەنانەت لە پێچەوانەی هەموو ئەوانەش دا دیسانەکەش بە سەرنجدان بە هەموو قەیرانە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان زۆرتر کردنی حەشیمەت لە هیچ وڵاتێک و لە هیچ شوێنێکی دنیا دا بە قازانجی هیچ کۆمەڵگا و دەوڵەت و حکومەتێک نیە.

رێکەوت: پووشپەڕی ١٣٨٩ - مای ٢٠١٠

---

## میراتی کلتووری لە گفتوگۆیەک لەگەڵ هونەرمەند محەممەد رۆستەم زادە، (نامۆ) دا

شوناسی کلتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەر کۆمەڵگەیەک، هەر نەتەوەیەک رەچەلەک و بناخە و چاوگی کلتووری ئەو کومەلگاو نەتەوەیەیە. ئەو شوناسە رووگەیەکە پێت دەڵێ کێی؟چی و، لەکوێ را هاتووی و لە کوێی مێژووی مرۆڤایەتی و شارستانیەت و ژیاری مرۆیی دا جێت گرتوە؟ لە کۆمەڵناسیی میراتی کلتووری دا ئەو شوناسە لە گچکەترین و پاژترین وردەکلتوورەکانەوە هەتا گرنگترین لایەنە کلتوورییەکان لە خۆوە دەگرێ.

میراتی کلتووری هەر نەتەوەیەک هەموو ئەو ماتریال و بەرهەمە ماددی و مەعنەوی یانەیە کە تەعبیر لە مێژووی ئەو نەتەوەیە دەکەن و شوناس و ناسنامەی ئەو نەتەوەیە لە رێڕەوی مێژوو دا دەردەخەن. ئەو میراتە بریتیە لە شوێنەوارە مێژووییەکان،کەلوپەل وئەو بەرهەمە عەنتیکانەی لەوانەیە تەمەنیان بە درێژایی مێژووی ئەو نەتەوەیە بێ و لە راستی دا ئەوە میراتە کلتوورییەکانی هەر نەتەوەیەکە کە باس لە مێژوو،داب ونەریت، باوەڕوبەها و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان وچۆنیەتیی ژیان وداهێنانی ئەو نەتەوەیە دەکەن.

لەو پێوەندییەدا وتووێژێکم لە گەڵ هونەرمەند محەممەد ڕۆستەم زادە (نـامۆ)، مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێرپێک هێناوە و لە ڕۆژنامەی "کوردستان"، ئۆرکانی ناوەندیی حدک دا بڵاوم کردۆتەوە

**مامۆستا نامۆ لە سەرەتای باسەکەمان دا بفەرموون کە ڕوانگە یان بڵێین پێناسەی جەنابتان بۆ میراتی کلتووریی هەر نەتەوەیەک چیە؟**

نامۆ: بە بڕوای من هەر نەتەوەیەک جگە لە زمان ، شوناس و پێناسەی تایبەتی خۆی هەس. ئەم شوناس و پێناسەیە کۆمەڵێک هەڵسوکەوت، داب و نەریت ، بکە و نەکە و... تـاد ی لە خۆ گرتووە کە بە سەدان و بگرە بەهەزاران ساڵ لە دڵ و دەروونیاندا جێگیر و ڕیشەی داکوتاوە و بەسەر یەکدا کەڵەکە بووە و دەکرێ بڵێین بە چەشنێک حاڵەتی داسەپانی تێدایە و بەسەر تاک تاکی ئەوان لە ڕێگای جۆر بە جۆرەوە حوکم دەکات. ئەگەر بمانهەوێت باشتر پێناسەی بکەین دابەشی دەکەین بە: میراتی کەلتووری مردوو میراتی کەلتووری زیندوو. ئەوەش بۆخۆی دیسان دابەشە بە میراتی کەلتووری ئایینی و میراتی کەلتووری ئێتنیکی یان قەومی. میراتی کەلتووری مردوو لە ڕاستیدا دەتوانێت زۆر کەون بێت، بۆچی مردوو ؟! لە بەر ئەوەی جۆری تێروانینی ئەو مرۆڤانە لەو سەردەمەدا بۆ جیهان و دەورووبەریان و لێکدانەوەیان بۆ مەرگ و ژیان زۆر گۆڕاوە و گۆڕانکاریی بە سەردا هاتوە، وەک ڕێسا و یاسا کەس پابەندی ئەو جۆرە بیر کردنەوەیە نەماوە و تەنیا لە ڕێگای کۆمەڵێک ئاسەوارو شوێنەوارۆ دەتوانین پێناسەیان بکەین لە سەر بیر و باوەر و جۆرو شێوازی ژیانیان.

جۆری تێروانین لە جیهانی ماددیی و جگە ماددیی (مەبەستم جیهانی وێناییە) - دەبێتە هۆکارێک بۆ ئافراندنی چیرۆک، ئەفسانە، پاڵەوانیەتی، تراژێدیا و ژانرەکانی تری هونەری. لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین جۆرێک دابڕان دروست دەبێت لە نێوان ئێستا و ڕابردوودا، کە هەر ئەوە خۆی پێویستی بەوە هەیە لە ڕێگای پێناسەکردنی ئەو ئاسەوارانە پەیوەندییەک دروست ببێت. هەر وەک پێشتر باسم لە میراتە ئایینیەکان کرد،میراتە ئایینیەکان بە پێی گۆڕانی ئایین و جێگیر بوونی ئایینی نوێ لە ناو کۆمەڵگادا ئەوانیش دەگۆڕێن وەک بڵێین لە پێش هاتنی ئایینی ئیسلام، کێشانەوە و درووست کردنی هەیکەلی مرۆڤ و ئـاژەڵ شتێکی ڕەوا بووە و کەس بەرگری نەکردوە بەڵام پاشی هاتنی ئایینی ئیسلام و بە موسڵمان بوونی خەڵکی کوردستان ئیتر وەک شتێکی حەرام و نا مەشروع سەیری کراوە و ڕێگایان بە هونەرمەندان نەداوە بۆ ئافراندنی پەیکەر و ڕەسم, پتر گرینگی دراوە بە فۆرمە ئەندازیی و هەندەسییەکان.

ئەوەیتریان میراتە کەلتوورییە ئێتنیکیەکانە، وەک جۆری جل و بەرگ، جێژنی وەرزەکان کە پەیوەندی هەیە بە دەغڵ و دان و سەرما و گەرماوە، ژن هێنان و شوو کردن، مەرگ، رەقس و مۆسیقا و... تاد. هەڵبەت ئەوانیش بە پێی گۆڕانی باری ژیانی مرۆڤەکان وردە وردە گۆرانکارییان بە سەردا هاتووە. ئاشکرایە خۆی ئەم جیاوازییانە، جوانیەکی داوە بە روخساری مرۆڤایەتی و بۆتە هۆکارێک بۆ دەوڵەمەند ی و جۆراوجۆری.

**ئێمە کە باس لە میراتی کلتووری دەکەین، چۆن باس لە میراتی کلتووریی کورد دەکەین؟ میراتە کلتوورییەکانی ئێمەی کورد چین و کامانەن؟**

کوردیش وەک تەواوی نەتەوەکانی ئەم جیهانە، لە باری چاند و کەلتوورەوە کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆی هەیە. (هەڵبەت ئەوە بڵێم کورد لە رەوتی بەرەو بە نەتەوە بووندایە) کورد پتر لە شوێنێکی جۆگرافیایی تایبەت دەژی کە زۆر وێک دەچێ؛ واتە دەتوانین بڵێین کورد و چیا دوو رەهەندی لێک جیا نەکراوەن. هەر خۆی ئەوە بۆتە هۆکارێک بۆ ئەوەی گرینگی بدات بە پرسی ئاژەڵداری، کۆچکردن و شوانکارەیی بوون و... تاد. دیارە ئەمە کۆمەڵێک تایبەتمەندی دروست کردووە بۆ ئەوەی ئەو کوردەی وا لە دەوروبەری چیاکانی کەفکاز دەژی، دەگەڵ ئەوەی وا لە بناری شاخەکانی شاهۆ و دالاهۆ یان دێنایە جیاوازیەکی ئەوتۆیان نەبێت. پێویستە ئەوەش بێژم زۆربەی میراتە کەلتوورییە زیندووەکان لە لایەن رەوەند و کۆچبەرەکانۆ پارێزراوە. ئەگەر کورد بە نەتەوە دابنێین، ئەوا ئێمەش وەک نەتەوەکانی تری سەر ئەم زەوییە خرە، دوو جۆر میراتمان هەیە، میراتی مردوو و میراتی زیندوو. میراتی مردووم تا ڕادەیەک بۆ باس کردن، میراتە زیندووەکان ئەوانەن وا بە تێپەر بوونی زەمانیش لە رووی پێویست بوونەوە درێژە بە ژیانی خۆیان ئەدەن. دروست کردنی هەمە جۆرە راخەر (لباد، فەرش و بەڕە و ...) جاجم و پۆپەشمین و جۆری جل و بەرگ و چۆنیەتی دروست کردنی خانووبەرە، کەرەستەی جۆراوجۆری ناو ماڵ و هێندێک لە یاری و کایەکان و ئامێرەکانی مۆسیقاو هەر خۆی مۆسیقاش. روونە گشت نەتەوەکانی جیهان ئەو شتانەی باسمان کرد ئەوانیش هەیتیان بەڵام جیاوازییەک کە دروست دەبێت لە باری ئێستاتیکاییەوەیە. ئێستاتیکای کوردێک دەگەڵ ئێستاتیکای ئارەبێک زۆر جیاوازە، تەنانەت دەگەڵ فارسێکیش کە لە باری ئێتنیکیەوە لێک نزیکن هەر جیاوازە. ئێوە بڕواننە شێوازی ئاخاوتنی فارسان کە چۆن وشەکان دەکێشنەوە و ئاهەنگی پێ ئەدەن، هەر بەو چەشنەش لە دروست کردنی بیناشدا فۆرمی کەوانی بەکار دێنن وەک «گومبەز ، تاق و هەیوان و...». لە راخەرەکانیشاندا ئەگەر سەرنجتان دابێت، هێڵی شکاو زۆر کەمە بە پێچەوانە تا خوا حەزکا فۆرمی حەلەزوونی و ئسپیرال بە کار دێنن. بەڵام کورد فۆرم و مۆتیێڤی شکاو و هێندسی و گۆشەدار بەکار دێنێت،

هەر وەک خانووەکانمان کە ئەڵێی زیگۆراتەکانن وەک خانوەکانی ناوچەی هەورامان. دیتووتانە ئەمانە خۆیان تایبەتمەندین، جۆری ئاخاوتنیشمان هەر لە سەر هێڵی شکاوە، بە تایبەت کوردەکانی باکوور.

**خوێندنەوەتان بۆ گرینگی و کاریگەریی میراتی کلتووری نەتەویەک لە پرۆسەی بە نەتەوەبوون و بە دەوڵەت بوونی دا چیە؟ ئەو بابەتە چۆن لە گەڵ پرۆسەی بە نەتەوەبوونی کورد دا باس دەکەن؟**

ئەگەر میراتە کەلتووریەکان وەک بەڵگەنامە سەیر بکەین دوو جۆرن: ئا: بەڵگەی منقول واتە ئەوانەی هەڵ دەگیرێن و ئاسان دەکرێ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بیگوازینەوە و دەگەڵ خۆماندا هەڵیانگرین وەک ئەوانەی لە سەر قوڕ، چەرم، لاپەرە و کاغەز دەنووسرێن یان نووسراون و دەتوانین مودەعی ئەوە بین کە وا ئەو شوێنەی تێیداین هی ئێمەیە و خاوەنی ئەوین پێشانی دادگا یان هەر شوێنکی تری بدەین. ب: بەڵگەی غیر منقول، واتە ئەو بەڵگانەن وا ناگوازرێنەوە و قورسن و رێی تێناچێ هەڵگیرێن، بەڵام لە باری مێژوو، ئێستا، هێما زۆر رەگەزی ترۆ دەناسرێنەوە کە پەیوەستن بە چ نەتەوەیەکەوە وەک شوێنەوارە کەونارایەکان، کەلات (قەڵا) و بەردە تاشراوەکان جا چ لە ژێر هەرد دا بێت یان لە سەر رووبەری شاخێک، هیچ جیاواز نییە. بۆیە زۆر جار نەتەوەیەکی دەسەڵاتدار بە سەر نەتەوە یان نەتەوەکانی تردا هەوڵی سڕینەوەی ئاسەواری نەتەوە بن دەستەکانی ئەدات، بە هەموو شێوەیەک. لە بەر ئەوە بە باوەری من راگرتن و پاراستن و هایدار کرنی خەڵکی سەبارەت بە مەترسی لە ناوچوونی ئەم بەڵگانە ئەرکی سەر شان و ملی ئێمەیە وە هەروەها دروست کردنی شوناس (معرفە) بۆ ئەوەی نەتەوەیە ک ببێت بە دەوڵەت زۆر گرینگ و پێویستە. ئەو نەتەوانەی کە لە سەدەکانی پێشودا باڵادەست بوون زۆر شانازییان بەوە دەهات باس لە رابردووی پرشەنگداری خۆیان بکەن، بەردەوام ئەو سیمایەیان بە گوێی نەتەوەکیان دەدایاوە تا هێز و برستێکی تازەیان پێ ببەخشن و هانیان بدەن بۆ بەرەو پێش وەچوون. ئەمە خاڵێکی زۆر گرێنگە وەک ئالمانییەکان، ئیتالییەکان و رژێمی پاشایەتی لە ئێران، بە جێژنەکانی ٢٥٠٠ ساڵە دەیهەویست ئەو کارە بکات. «کاسیریەر» لە نوسراوەکانی خۆیدا و لە کتێبی ئستورەی دەوڵەت بە تایبەت باسی ئەم تەوەرەی کردووە.

**ئایا میراتە کلتوورییەکان تەنیا بایەخی مەعنەوییان هەیە یان دەکرێ لە گۆشە نیگای ئابووری و ماددیشەوە سەیریان بکرێ؟**

باسی باری مەعنەوییە کەم لە پرسیاری پێشوودا کرد، کە بۆ ئەوەی نەتەوەیەکی مردوو زیندوو کەیتەوە

پێویستیت بە کۆمەڵێک سەرکەوتن و شانازیەکانی رابردوو هەیە، بۆ ئەوەی میللەت بەخۆیدا بێتەوە و ئەو پرسیارەی لا درووست بێت کە بۆ چی و لە کوێرا خۆی دۆراندووە ؟! واتە لە باری خەسارناسیەوە شی و شرۆڤە بکرێت. بەڵێ زۆر پێویست و زۆر گرینگە. هەروەها لە لایەنی ئابووریشۆ گەلێک سوودمەندە. خۆی هاتنی توورێزم بۆ ئەم وڵاتانە وا میراتی باوک باپیرانین هێشتۆتۆ و پاراستوویانە و بوونەتە مۆزەخانەیەکی گەورە، سەرمایەیەکی ماددی زۆریش راکێش ئەکەن بۆ وڵاتەکەیان.

**جەنابتان چۆن باس لە سیاسەتی مامەڵەی داگیرکەرانی کوردستان لە گەڵ سامان و میراتی کلتووریی نەتەوەی کورد دەکەن؟**

بەراستی شوێن نەماوە، جێ نەماوە نەیدەنەوە بە دووی زێر و زێو دا؛ مەخابن ئەو کەسانە کە شوێنە کە ئەدەنۆ لەبەر ئەوەی ئاگاداری وەزعەکە نین کاتێک تووشی ئەو شتەنایەن کە وا بەدوویەوەن، بە تێکدانی شوێنەکە و دەورو بەر داخی دڵیان دەرێژن. زۆر لەوانەیە دیزەو گۆزەکەی دەوروبەر بە نرختر بێت تا زێر و زێوەکە.!
بووشە دەسکی خەنجەرێک کە نووسراوە یان شێوەی ئاژەڵێکی پێوە بووە، کەسەکە بە نرخی نەزانیوە بەس لەبەر زێرەکەی تواندوویەتی .هیچ گومانی تێدا نییە لە هەموو ئەو جێیانە دەستی چەپەڵی کاربەدەستانی کۆماری دژە ئینسانی ئیسلامی تێدایە. تەنانەت ئەگەر پرسیار لە خەڵکی ئەو گوندانەش بکەن وا شتی لێ دۆزراوەتەوە، کە چۆن شەوانە ماشینی بەرپرسان و کاربەدەستان حکومی و سپای پاسداران و... تاد خەریک و سەرقاڵی دانەوە و دزی لە سامان و سەرمایەی نەتەوەی کوردن و تێکدان و لەناو بردنیشی بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن .!! لە راستیدا، گریانم دێ، جێنەماوە تێکی نەدەن، شوێن نەماوە نەیرووخێنن، شت نەماوە نەیدزن و نەیفرۆشن. بەداخۆ خۆشمان لەم کارەدا دەستمان هەبووە و هەیە.

**لە ساڵانی رابردوودا زۆر جارمان بیستوە کە شوینەوارە مێژووییەکان کوردستان دراونەتەوە و بە تاڵان چوون، یان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە کاول کراون و خاپوور بوون، سەرەڕای سیاسەتی روونی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا، ئەدی پێتان وا نیە کە نەتەوەی کوردیش باش لە میراتی کلتووری خۆی تێ نەگەیوە و نایناسێ و گرینگیی خۆی پێ نەداوە؟**

ئەمانە گشتی بەڵگەی بوونی ئێمەن لە سەر ئەم وڵاتەی وا تێیدا دەژین، ئەوانە شوناس و پێناسەی ئێمەن، وەک چۆن کەسێک کارتی پێناسەی هەیە و دەڵێت ئەوە منم، ئەو شوێنەوارانەش بەڵگە و پێناسەی میللی و

نەتەوەییمانن. لە شەری یەکەم  و دووهەمی جیهانی دا، شاری پاریس کەوتە بەر هێرشی دڕەندانەی مووشەک و تۆپ و بۆردمانی بەردەوامی ئالمانیەکانەوە و مەترسی ئەوە هەبوو کە شوێنەوارەکانی شاری پاریس تێدا بچن، خەڵکی شاری پاریس لە بەر ئەوەی تێگەیشتوو بوون ئەو گۆنی و تەلیسانەی وا لەبەر ماڵەکانی خۆیان دایان بوو بردییانە بەر تاقی نوسرەت (تاقی سەرکەوتنی ناپێلیۆن) و ئەوێیان پێ پاراست، واتە ئامادە بوون خۆیان تێدا بچن بەڵام یادگارەکان و شوێنە وارە دێرینەکانیان تێدا نەچێت! ئەوە تێگەییشتنی دەوێت. بەڵام بە داخ و کەسەرێکی زۆرو بە هۆی تێنەگەییشتن و نەزانین، خۆمان کار ئاسانی دەکەین بۆ دوژمنانمان. هەڵبەت لەو نێوەشدا کەسانێک هەن فەرمان لە گەورەکانیان وەردەگرن و بە نەخشە و پلان کار دەکەن بۆ لە ناو چوونی ئاسەوار و شوێنە دێرینەکان. دەبێ ئێمە بزانین کە ئەوە سامانی نەتەوایەتیمانە و هی کەسێک یان کەسانێکی تایبەت نییە ، ئەوە ملکی خەڵکە و هەموانیش لە راگرتن و پاراستنی ئەم سامانە بەرپرسن. کەمتەرخەمی لەمبارەدا دوژمنایەتییەکی ئاشکرایە سەبارەت بە لە ناوچوونی میراتی نەتەوایەتی. ئەو کەسانەی وا پاساوی ئەوە بۆ کارە نارەواکانیان دێننەوە »ئەگەر ئێمەش نەیکەین، ئەوا کەسانی دی دەیکەن». بەڕای من ئەوپەری خیانەتە و دەبێ بە زووترین کات پێشیان پێبگردرێت و سەزا بدرێن؛ چۆن لە بەر قازانج و بەرژەوەندی کەسانێک، میللەتێک تووشی خەسار بێت .!!

**مامۆستا نامۆ وەک دوایین پرسیار، ئەرکی پاراستنی میراتی کلتووری و شوێنەوار و ئاسەوارە مێژوویەکانمان کە بەشێک لە شوناس و پێناسمانن، لە ئەستۆی کێیە؟**

پێویستە ئەوەمان لە بیر نەچێت، هەر چالاکییەک کە ئەمڕۆیکەین پەیوەستە بە رابردوویەکەوە، لانیکەم بۆ ئێمەی کورد وایە بەڵام بە هۆی ئەوەی رابردوانمان نەهاتوون مێژوومان بۆ بنووسنەوە، لە میمۆری مێشکماندا دابڕانێک دروست بووە. ئێمە نەتەوەیەکین بە هەزاران ساڵە لە شوێنی باوک و باپیرانمان دەژین و هێرش و پەلاماریشمان بۆ وڵاتی کەس نەبردووە، بەڵام پەلاماریان بۆ هێناوین و خاک و وڵاتیان لێ زەوت کردوین و دەیکەن. لە سەردەمی گوتییەکانەوە بیگرە تا دەگاتە مادەکان و هەنووکەش ئێمە لە سەر وڵاتی خۆمانین، پێویستە لە سەر مێژوو و میراتمان بدوێین و لێکۆڵینەوەی لە سەر بکەین. یەکێکی تر لە مەترسییەکان سڕینەوەی شوناسی کورد لە سەر نیشتمانەکەیەتی، کە مێژووەکەی بەقەرای خودی مێژووە. داگیرکەرانی وڵاتمان بە گۆڕینی ناوی شوێنەوار و گوندەکان بۆ سەر ئارەبی، تورکی و فارسی، چەندین مەبەستیان بووە کە لە هەموویان گریگتر ئەوەیە بوونی ئێمە وەک شوناس لە سەر وان بسڕنەوە. زۆر بە پێویستی دەزانم ئەو ناوانە بگەڕێنەوە سەر ناوە

ڕەسەنەکانی خۆیان، چونکوو لە رووی ئەوانەوە زۆر شوێنی مێژوویی و کەوناراییمان بۆ ئاشکرا دەبێت. گرینگترین پلە لە میراتی کەلتووریدا، پێدانی پێناسەی نەتەوایەتییە ». یادی بەخێر باوکم هەمیشە ئەیفەرموو: رۆڵە گیان هەرگیز لە بیرت نەچێت، ڕاگرتن زۆر ئەستەمترە لە گرتن». ئێستا کە ساڵانێکی زۆر لەو کاتە تێپەڕێوە، من لە مەبەستەکەی باوکم باشتر تێگەیشتووم. هەرچەند باوکم پتر مەبەستی ڕاگرتنی ئەو شتانە بوو وا لە پاش خۆی بۆ ئێمەی بەجێ دەهێشت.

بەڕاستی وایە من بەو فەرموودەی باوکم بەس وشەیەکی پێزۆر دەکەم: ڕاگرتن و پاراستن زۆر ئەستەمترە لە گرتن. لە بۆ پاراستن و ڕاگرتن ئەم خاڵانە پێویستن: ئا: لە ئاستی تەسک، مام ناوەندی و گشتگیر. پێویستە پلانمان هەبێت تا لەم ڕوویەوە کۆمەلانی خەڵک لە تەک گرینگی و هەستیاری میراتی کەلتوورییان ئاگادار بن و هەروەها ئاشنایان بکەین دەگەڵ کۆمەڵگا نوێیەکانی جیهان. لە ئاستی تەسکدا پێویستە تاک تاکی کەسانی بنەماڵە ئاگادار بکەینەوە و هەر لەوێرا دەسپێبکەین، پاشان مەدرەسەکان - لە ئاستی مابەیندا لە گرووپە کانی ناو کۆمەڵگا و هەروەها ڕێکخراوە مەدەنیەکان، ڕێکخراوە میری و حکومیەکان ئاشنا بکەین وێڕای دەور و گرینگیان و ناساندنیان بە کۆمەڵگای جیهانی. لە ئاستی گشتگیریشدا، بەڕێوەبەرانی سەرەوەی کۆمەڵگا پێویستیان بە پلانێکی نووسراو و کارناسانە بۆ پاراستنی میراتی کەلتووری دەبێت. جابۆ پاراستن و ڕاگرتنی میراتی کەلتووری، دەکرێ ٥ قۆناغ دیاری بکەین:

١- فێر کردنی گشتی لە ڕێگای دەنگ و ڕەنگ (تی.وی)، ئێنتێرنێت، گۆڤار و ڕۆژنامەوە.

٢- فێرکردنی پسپۆرانە لەئاستی ناوەندی، دواناوەندی و زانکۆ.

٣- فێرکردنی هونەرەدەستیەکان، کە ١٥٠ ماددەی هونەری کەلتووری لە خۆ دەگرێت.

٤- فێرکردن لە کاتی ڕاژە (خزمەت) دا، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی کارمەندانی میراتی کەلتووری و ئەو کارمەندانەی وا حەزیان لە فێربوونە لە ڕێکخراوەکانیتردا.

٥- فێرکردنی هێزی پاسەوانی تایبەت، پۆلیس، ئەنجومەنی شار و گوندەکان و کارمەندانی گومروک.

ب)- بەشداریدانی کۆمەلانی خەڵک لە بۆ ڕاگرتن و پارستنی میرات و کەلتوور و بەرز نرخاندنی لە ڕێگای دابین کردنی هەل و مەرجەکانی ئەم بەشداریکردنە.

ج)- ئەنجامی توێژینەوەی بنەڕەتی و زانستیانە و کارا هەروها گەشە پێدان لە بوواری میراتی کەلتووری و دۆزینەوەی هۆوهۆکارگەلی نزمکردنەوی بایەخەکانی میراتی کەلتووری و لە ناوچوونیان و پێشکەشکردنی ڕێگاچارە بۆ بەرزنرخاندنی لە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگادا.

د)- وتەی ئاخریشم ئەوەیەکە رەوتی بە جیهانیبوون شتێکە نکۆڵی لێ ناکرێت، لێشی دەرباز نابین. جا لەبەر ئەوە باشترە بێین بارودۆخێکی گونجاو بۆ دروستکردنی بیرۆکەی ئایدیال و لۆژیکانە لە ناو کۆمەڵگا ئامادە بکەین؛ ئەمە هەنگاوێکی گرینگە بۆ مەبەستەکەمان.

## ئەو ژیانەی پەردەی کچێنی لە بەر یەکی برد (چیرۆکی راستەقینەی ژیانی خەزاڵ ناوێک)

- ئەلۆ، سڵاو، هیوا بۆخۆتی؟
- بەڵێ بۆخۆمم، جەنابتان؟
- ئەمنم خەزاڵ!
- خەزاڵ؟! کام خەزاڵ؟
- خەزاڵی کۆنە عیشقی ئاواتی هاوڕێت، چ زوو منتان لەبیر کرد، یانی ئێستا نامناسییەوە؟

ئەو زووەی خەزاڵ باسی دەکرد زەمەنێکی زیاتر لە ١٠ ساڵەی لێک دابڕان بوو. ئەو ١٠ ساڵ لەوە پێش هەموو هیواکانی ئاواتی هاوڕێمی هەڵ پڕووکاند و خەونی خۆشەویستییەکانی لێ کردە کابووس و هێلانەی هومێدی ئاواتی کردە کاولاشی خەم و حەسرەت.

ئاوات و خەزاڵ دراوسێی یەکتر بوون و یەکتریان زۆر خۆش دەویست. چیرۆکی خۆشەویستیی ئەوان لەسەر زار و زمانی گەورە و بچووکی گەڕەک بوو. خۆشەویستی پاک و بێگەردی ئەو جووتە ئیلهامی بە زۆر لە عاشقۆلەکانی گەڕەک بەخشیبوو. ئەمن کە هاوڕێی نزیکی ئاوات بووم، دەمدی کە ئاواتی دڵ پڕ لە خۆزیا چەندەی دڵ بەو گراوە

و ئەوینەی خۆش کردوە.

بنەماڵەی ئاوات بە خزمایەتیی ماڵی خەزاڵ رازی بوون، بەڵام ماڵی خەزاڵ بەرزەفڕ و ئاواتیان شایانی زاوایەتیی خۆیان نەدەدی. هەوڵەکانی خەزاڵ و مانگرتنەکەشی نەیتوانی بنەماڵەکەی قایل بەو زەماوەندە بکا. وەڵامی"نا" بەو خوازبێنییە ئاواتی ناهومێد و تەمابڕاو کرد. ئەوەشم لە زمانی ئاوات بیست کە خەزاڵ چەند جارێک داوای لێ کردوە تا هەڵی گرێ و پێکەوە ماڵۆچکەیەک لەو دوور دوورانە پێکەوە بنێن و ژیانێکی ساکار بەڵام هاوبەش و پڕ لە خۆشەویستیی دروست بکەن. کەچی ئاوات بەوە قایل نەبوو کە خەزاڵ هەڵ گرێ و کێشە بۆ بنەماڵەکەی بنێتەوە.

ئاوات خەزاڵی لەبیر نەبردەوە بەڵام لێی دابڕا و چەند ساڵ دواتر بوو بە پێشمەرگە، ٥ ساڵێکیش دەبێ کە چۆتە دەرەوەی وڵات و لەوێ وەک پەنابەر دەژی.

خەزاڵ داوای لێ کردم لە شوێنێک یەکتر ببینین، ئەو کوتی کە حەتمەن دەبێ یەکتر ببینین، چونکە تووشی گرفت و چەرمەسەرییەکی سەیر بۆتەوە.

دوو رۆژ دواتر لە شوێنێک لە پارکی گشتیی شار بەرامبەر بە یەک دانیشتبووین. دوای ١٥ ساڵ هەروا شۆخ و شەنگ بەڵام ماندوو و شەکەت. لە من و ئاواتی پرسی و منیش کورتەیەکم لە ژیانی خۆم و باس و خواسی ئاواتم بۆ باس کرد و هۆی داوا کردنی ئەو چاوپێکەوتنەم لێ پرسی.

خەزاڵ دوای کەمێک بێدەنگی کوتی بۆخۆشم نازانم کە بۆ دەمەوێ چیرۆکی ژیانی پڕ مەرگەساتم بۆتۆ بگێڕمەوە، رەنگبێ هەر ئەوەی کە رۆژنامەنووسی و ئەمە دەتوانێ سووژەیەک بۆ نووسینێکی تۆ بێ، یان ئەوەی هاوڕێی نزیکی ئاواتی کە قەت ناتوانم لە بیر خۆمی بەرمەوە و شایەدیش هەر دووکیان. بەڵام گرینگ ئەوەیە تۆ دەتەوێ گوێبیستی قسەکانم بی یان نا؟

رێکۆردێرەکەم کە هەمیشە و بۆ هەموو شوێنێکم لە گەڵ خۆمم دەبرد هەڵ کرد و لەبەر دەمیم دانا. خەزاڵ کوژاندییەوە و گوتی، زەبتی مەکە بەس گوێم بدەیە...

هێشتا ئاوات نەڕۆیشتبوو، خوازبێنیم بۆ هات،ماڵەکەیان ٦-٧ ماڵ لە خوار ماڵی خۆمان بوو. رەسووڵ تازە لە سەربازی گەڕابۆوە. سەنعەتکار بوو. سەیر ئەوەی بە خۆشەویستی نێوان من و ئاواتیشی دەزانی. بڕێکیش دۆستایەتیی لەگەڵ کەریمی برام هەبوو. بە رواڵەت کوڕێکی کراوە بوو. هەر ئەوشەوەی خوازبێنییەکە بە راشکاوی هەموو شتێکم بۆ باس کرد. پێم کوت کە لە دڵی مندا تەنیا کەسێک جێی هەیە و ئەویش ئاواتە. پێم گوت کە پاشگەز بێتەوە، چونکی نەخۆشم دەوێ و نە بە تەمام لە ئاوات جیا ببمەوە. ئەو بە زەردە خەنەیەکەوە گوتی: تازە بەینی تۆ و ئاوات شێوا و تەواو بوو. قسەی یەکجاریشم لەگەڵ باوکت و کاکە کەریمت بڕیوەتەوە. ئەوەندەش بە تەنگی ئەو هەتیوە بەرەڵایەش مەبە، ئەمن بەختەوەرت دەکەم، ئەمن هەموو خەونەکانت دێنمە دی، چیت هیوایە بۆتی دابین دەکەم.

زۆرم پێ گوت، کەمی وەرگرت. بۆم لە بنی کوولەکەکە دا و کوتم لە ژیانی مندا تەنیا پیاوێک دەتوانێ بوونی هەبێ، ئەویش ئاواتە. بەو قسەیەی من سوور هەڵ گەڕا، بەڵام بزەیەکی رواڵەتی هێنا و گوتی: چ نیە، لەو قسەیەشت پاشگەز دەبییەوە و زۆر شتی دیکەشت لەبیر دەچێتەوە...

ئەوشەو باوکم و کاکم کە تەواو لە من و لە ئاوات بە رەقدا چوون، گفتی ئایان بە رەسووڵ و بنەماڵەکەی دا و حەوتووی داهاتوویان بۆ مارەبڕین دیاری کرد. هەر بەیانیی ئەوشەوە لە ئاواتم راسپارد. تا ئەوشەوەی بە زۆر لە رەسووڵیان مارە کردم، سێ جاری دیکەم بە شوێن ئاوات دا نارد، تەنانەت لەبەری پاڕامەوە کە نەهێڵێ خۆشەویستیی چەند ساڵەمان فیدای سات و سەودای دوو بنەماڵە و نەزانکاریی دەور و بەرمان بێ، بەڵام ئاوات ملی نەدا، ئەو دیگوت نامەوێ چارەنووسی وەک دایکم و هەموو ئەو ژنانە بێ کە رەدوو دەکەون و بنەماڵەکانیان بێبەرییان دەکەن. لەمن ئەخت و چار و لە ئاواتیش مل بادان، لەمن پاڕانەوە و لەویش هەڵگەڕانەوە.

قسەم بە خەزاڵ بڕی.

- نا خەزاڵ وا مەڵێ، ئەو ئێستاش لەبیری نەکردووی. ئەو بێ ئینسافییە کە دەڵێی ئاوات لێم هەڵگەڕابۆوە، ئەو نەیدەویست دوژمنایەتی لە نێوان دوو بنەماڵە دا ساز بکا.

- هەرچی تۆ لە سەری بڕۆی شتیکە و راستییەکان شتێکی دیکەن. گرینگ ئەوەیە چارەنووسی من بە پشت تێکردنی ئاوات لە خۆشەویستییەکەمان گۆڕا. ئەمن بە نابەدڵی و بە زۆر لە رەسووڵ مارە کرام. قۆناغی دەزگیرانەتیمان

سارد و سڕ بوو. بۆ تاقە یەکجاریش بە دەمی پێنەکەنیم، لەگەڵی بۆ هیچ کوێ نەچووم، تەنانەت جلی بوکێنیش دایکم و خوشکەکانم بۆیان هەڵگرتم، دەمگووت بەشکم ڕەسووڵ لێم بەڕق دا بچێ و پەشیمان بێتەوە. ڕۆژی زەماوەندەکەشمان هەر لەخۆڕا چاوەڕێی ڕووداوێک و گۆڕانێک و تێکچوونی شایی و بەزمی ئەو ڕۆژە بووم، بەڵام هیچ شتێکی نائاسایی نەهاتە پێش. بووک دابەزی و گەڕی شایی گەرم بوو، یەک دوو دەوریش بە زۆری هەڵیان پەڕاندم، ئێوارە داهات میوانەکان ڕۆیشتنەوە، دەوروبەر چۆڵیان کرد و تەنیا ئەمن و ڕەسووڵ ماینەوە. ڕەسووڵ وەک ئەوەی حەوت مێشی لە کونێک دا دیتبێتەوە، مەست و سەرخۆش لەو سەرکەوتنە هاتە سەر ئەو جێیەی بۆیان ڕاخستبووین و ئەمنیشی ڕاکێشی جێخەو کرد. پێم گوت ڕەسووڵ، ڕاستە تا ئێستا نەک خۆشم نەویستووی، بگرە ڕەقیشم لێت بوو، بەڵام بەڵێن بێ پێت وەفادار بم و هەوڵیش دەدەم خۆشم بوێی. ڕەسووڵ گەرم دا هاتبوو، پەیتا پەیتا ماچی دەکردم و بە شێنەیی جلەکانی لەبەر دادەکەندم. گڵۆپی ژوورەکەمان کوژابۆوە و لە ژێر ڕووناکایی مانگەشەو کە لە پەنجەرەی ژوورەکەوە خزا بوە جێ خەوەکە، دیتم کە ڕەسووڵ چەند بە ئیشتیاوە لێم دێتە پێش و منیش بێ هیچ ناز و بەرگرییەک خۆم بە دەستەوەدا...

خەزاڵ بێدەنگ بوو. لێوەکانی دەلەرزین، فرمێسک لەسەر کوڵمە گەشەکانی لێزمەیان بەست. لێی گەڕام تا تێر تێر گریا و دڵی فێنک کردەوە. هەناسەیەکی هەڵ کێشا و درێژەی بە قسەکانی دا...

نەک بۆ ڕەسووڵ، بۆخۆشم زۆر سەیر بوو. خوێنم نەهات! دنیا لەبەر چاوم تاریک بوو، پشووم سوار ببوو. ڕەسووڵ گێژ ببوو، بەملا و ئەولا دا هەڵ دەسووڕا. هەر سات چاوەڕوانی ئەوە بووم کە ڕەسووڵ بە چەقۆیەک بێ و ورگم هەڵ دڕێ. شەپ و زللەکانی ڕەسووڵ ئێش و ژانیان نەبوو، بەڵام یەک بە یەکی قسەکانی وەک نەشتەرێک لە دڵم ڕۆ دەچوون. "تۆ ناپاکی"، "عیشقی تۆ و ئاوات گڵاو و چەپەڵ بووە"، "تۆ دۆڕاندووتە خانم"، تۆ هەر قابیل بەو چەپەڵەی".

کەوتمە پاڕانەوە، زۆر لاڵەوە کە بڕیاری بەپەلە نەدا، کەوتمە بەرپێی و گوتم کە ئەمن پاکم و خۆشەویستی من و ئاواتیش پاک بووە، ئەو کارە حەتمەن دەبێ هۆکاری پزیشکی هەبێ، دەمزانی کە ڕەسووڵ کوڕێکی موسڵمان و بەدینە، قورئانم هێنا تکا و دەستم بەسەردا دا کە ئەمن پاک و بێ خەوش بووم، جارێک و دوو جار نا، زیاتر لە٢٠ جار و ئەوەندە گریام هەتا فرمێسکم لێ بڕا. بەیانی بۆ معاینەی پزیشکی چووینە نەخۆشخانە. ڕووسووری من بۆ ڕەسووڵ ئاشکرا بوو.

بۆ دڵنیایی دوو نەخۆشخانەی دیکەشم لە شارەکانی دراوسێ پێ کرد. ماڵی خەزوورم پێیان وابوو ئەوە بۆ مانگی هەنگوینە شارەوشار دەکەین. رەسووڵ ئەهوەن ببۆوە، بەڵام ئەمن رووخابووم. ئەوە دەسپێکی ژیانی هاوبەشیم بوو. وردە وردە گۆڕدرام. مانگ هات و مانگ رۆی. هەوڵم دا عاشقی بم و هاوسەرێکی دڵسۆز بۆ ئەو و دایکێکی ئەویندار بۆ ئەو منداڵە بم کە رۆژ بە رۆژ لە زگم دا گەورەتر دەبوو. ساڵ هات و ساڵ رۆیی. کەژاڵی کچم روح سووک و لەبەر دڵان بوو. لەگەڵ ژیانی نوێم سازابووم، رەسووڵ تەواو بەکاری دووکانەوە خافڵا بوو، کەمتر گرینگی بە من دەدا، ئەمن ببوومە کابانێکی بێسەر و زمان ئەویش تەنیا نان و چا و پێڕاگەیشتن بە کەژاڵی لێم دەویست. رەسووڵ قەت شەوی بووکێنی و زاوایەتیمانی لەبیر نەچوو، بەڵام قەتی بەچاودا نەدامەوە. بەڵام زۆرجار دەمدی کە بە زۆر بە وردی لە کەژاڵ ورد دەبێتەوە بۆ ئەوەی بزانێ خاڵ و شوێنی هاوبەشیان هەیە و هیچ لە ئەوە دەچێ یا نا؟...

خەزاڵ تاوێک بێدەنگ بوو و چاوی لە کاتژمێرەکەی دەستی کرد و دەستی پێ کردەوە:

رۆژی رەشی من لەو کاتەوە دەستی پێ کرد کە رەسووڵ لە رووی بیر و بۆچوونی ئایینی یەوە تەواو گۆڕدرا. ریشی زۆری دەهێشتەوە، پاتۆڵی قوڵەی لەبەر دەکرد، سەری چووبا نوێژی نەدەچوو. ماوەیەکیش کت و پڕ ون بوو. زیاتر لە ٤ مانگی پێ چوو. دوایە لە زمان براکەیەوە بیستم کە چۆتە پاکستان و سەردانی ئەفغانستانیشی کردوە. بەڵێ، رەسووڵ ببووە موجاهیدی تاڵیبان و بن لادەن. کە هاتەوە ماڵێ هەمووشتێک گۆڕدرا، نە گرینگی بە ژیان دەدا و نە تەنانەت کەژاڵیشی وەخۆ دەگرت. تەواو لە ئێمە دابڕا بوو. رۆژێکیان بە رێکەوت لە نێو بازار مەستانەی خوشکی ئاواتم دی، زۆر بە دیتنی یەکتر خۆشحاڵ بووین. چووینە ئاومیوە فرۆشییەک و پێکەوە دەستمان کرد بە قسە و باس و ورددانەوەی بیرەوەریی ساڵانی رابردوو. مەستانە کەژاڵی لە ئامێز گرتبوو و پەیتا پەیتا ماچی دەکرد. بە هەموویەوە نیوسەعاتێک پێکەوە بووین و دوو سێ جاریش ناوی ئاوات و باس و خواسی هاتو گۆڕێ. ئەوشەوە تاڵترین شەوی ژیانم بوو. لەسەر سفرەی شام کەژاڵ زاری کردەوە و هەموو رووداوەکانی ئەو چوونە بازارەی بۆ باوکی گێڕاوە و گوتی کە مەستانە مان دیوە و ئاو میوەمان پێکەوە خواردۆتەوە. رەسووڵ گڕی گرت و کەژاڵی بە دیواردا دا، رق و قینێکی سەیر لە رووخساری دەباری. هیچ قسەیەکی ناشیرین نەما نەی کا. گوتی کە لەمێژە چاو لە کەژاڵ دەکەم و دەبینم لەمن ناچێ و دیسان رووداوەکەی شەوی بووکێنیمی زیندوو کردەوە کە تۆ پاک نەبووی و کەژاڵیش زۆڵ و بەچکەی حەرامی ئاواتە. هەر ئەوەندەم کوت کە ئێمە سەردانی سێ دوکتورمان کرد و ئەدی بەڵگەی پاکیی ئەمنیان نەدایە دەستت؟ ئەویش بە توورەییەوە گوڕاندی کە دوکتوری چی و عیلمی پزیشکی

چی؟ ئەوانە هەموو عیلمی شەیتانن.. پاشان خۆی کرد بە چێشتخانەکەدا و ئەمن و کەژاڵیش بەپەلە لە هاڵەکە هاتینە دەر و دەرگامان لە پشتەوە لێ داخست، رەسووڵ چەقۆیەکی گەورەی بە دەستەوە بوو و دەیویست دەرگای هاڵەکە بکاتەوە. لەگەڵ کەژاڵ بەپەلە هاتینە کووچە و خۆمان بە ماڵی جیرانێکمان دا کرد. لەوێوە تەلەفونم بۆ کەریمی برام کرد، ئەویش هات و چووینە ماڵی باوکم.. حەوتوویەک دوای ئەوە ئێمە لە دادگا بووین. ئەو زۆر بە بێشەرمی تاوانی خەیانەتی خستە پاڵ من و کەژاڵیشی بە میوەی حەرامی خۆشەویستی من و ئاوات لە قەڵەم دا.. سەرت نەیەشێنم، زۆر بە ئاسانی تەڵاقی دام و لەگەڵ کەژاڵ چووینەوە ماڵی بابم ئێستا سێ چوار مانگە ئاغا ژنی هێناوەتەوە و ژنەکەشی خوشکی یەکێک لە هاوبیرەکانی خۆیەتی...

خەزاڵ ماوەیەک بێدەنگ بوو. منیش هیچم پێ نەدەگوترا . پاش ماوەیەک چاوی لە سەعاتەکەی کرد و هەستایە سەر پێ. هەناسەیەکی قووڵی هەڵ کێشا. پێکەوە لە پارکەکە وەدەر کەوتین. هیچمان قسەمان نەدەکرد. لام وایە خەزاڵ بیر لە هەموو ئەو رۆژانە دەکاتەوە کە چۆن وەک گەڵای پاییز لە تەمەنی ژیانی وەریوون و منیش لە بیری داڕشتنەوەی ئەم بەسەرهاتە تاڵەی ژیانی خەزاڵ دا بووم، خەزاڵ ئەو کیژەی کە میراتگری خۆشەویستییەکی پاک و دوا رۆژی لێڵ و نادیار بوو.

---

## تەقینەوەکەی زاهیدان و بارودۆخی زیاتر لە ١٥ میلیۆن کەسی سوننە لە ئێران دا

تەقینەوەکەی رۆژی ٥ شەممەی رابردوو، ١٥ ی تەمووزی شاری زاهیدان لە پارێزگای سوننە نشینی ئێران کە لە مزگەوتێکی ئەو شارەدا رووی دا و زیاتر لە ١٢٠ کوژراو و ٢٠٠ بریندراری لی کەوتەوە، لە چەند لاوە جێی سەرنج و وردبوونەوەیە.

ئەگەر لە لایەک ئەو کردەوەیە کە کۆمەڵێک کەسی مەدەنی و بێ تاوانی کردە قوربانی، هەم لە لایەن کۆمەڵگای جیهانییەوە وەک کردەوەیەکی تێرۆریستی ناوی برا و هەم کۆماری ئیسلامی وەک بە ناو قوربانییەک کەلکی سیاسی خۆی لێ وەرگرت، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە ئەو پرسیارەی دیسان خستەوە بەرچاو کە بۆ توند و تیژی و کوشت و کوشتار لەو پارێزگایەی بلووچ و سوننە نشینی ئێراندا کۆتایی نایە؟

پرسیارێکی دیکە ئەوەیە کە هەر لە جێدا فەلسەفەی وجودی  و سەهەڵدانی گرووپی جوندوللا لەو بەشەی خاکی ئێران چیە  کە بەرپرسیارەتیی ئەو کردەوەیەی وەئەستۆ گرتوە و ئەوەی بە نیشانەی تۆڵە سەندنەوە لە کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە لە سێدارەدانی "عەبدولمالیک ریگی"، ڕێبەری خۆیان داناوە کە نیزیک مانگێک لەوە پێش لە سێدارە درا؟

چ هۆکارگەلیک و کامانە فاکتۆڕ لەو نێوەدا وایان کردوە کە بزووتنەوەی مافخوازانە و ڕزگاریخوازانەی بلووچەکانی ئێران بەو شێوەیە خەوشدار ببێ و کۆماری ئیسلامی بتوانێ بە دەست ئاوەڵایی زیاترەوە ڕەوایی بە سەرکوتی بێ بەزەییانەی ئەوان بدا؟

بەڵام لە گەڵ ئەوەش دا ئاخۆ بەردەوامیی گرووپی جوندوڵا لە سەر ئەو سیاسەت و جۆرە کردەوانە بە لە بەرچاو گرتنی هەموو ئەو کاردانەوە سەلبییانەی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دا لێی دەکەوێتەوە، دەتوانێ یارمەتی بە چارەسەریی کێشەی بلووچەکان و ڕەوایی دان بە خەباتی مافخوازانەی ئەوان بدا؟

وەڵامدانەوە بەو پرسیارە گرینگ و بنەماییانە  پێویستیی بەوە هەیە کە ئاوریک لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر نەتەوە بندەستەکان و کەمایەتییە ئایینییەکانی ئێران بدریتەوە.

بناخەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەر بنەمای ئایینی شیعەی اثنی عشری و سیستمی ولایەتی فەقیە داندراوە و ئایینزای ڕەسمیی شیعەیە و هیچ سوننەیەک لە حەشیمەتی زیاتر لە ١٥ میلیۆن کەسیی ئێران نەک بۆی نیە ببێتە سەرکۆماری ئەو وڵاتە، بگرە نوتوانێ ببێتە پارێزگاریش و تەواوێتیی دەستوور و یاسای بنەڕەتیی وڵات لەو دوو بنەمایەوە سەرچاوە دەگرن و لە ژێر تیشک و باندۆڕی ئەو دوو ئەسڵە دا دارێژراون، کەواتە دەتوانین بڵێین سیاسەتی هەڵاواردن و فەرق و جیاوازیدان و بێبەشکردن لە مافی سروشتی و یاسایی و مرۆیی کە هەموو کاردانەوەکانی وەکوو وەڕێکەوتنی بزووتنەوەی مافخوازانە و سەهەڵدانی گرووپ گەلێکی وەک جوندوڵای لی دەکەوێتەوە، هەموو لە ئێراندا هەم ڕواڵەت و هەم شەرعییەتی یاساییان هەیە.

تێروانینی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ  نەتەوە بندەستەکانی ئێران، وەک کورد، ئازەری، عەرەب، تورکمەن و بەلوچ، لە ماوی ٣٠ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی ئەو حکومەتەدا لە سەر بنەمای سیاسەتی پشت گوێخستن و حاشا لێ کردن و هەڵاواردن و فەرق و جیاوازیدانان بیچمی گرتوە. ئەگەر لە لایەک ویست و داخوازییەکانی نەتەوە

بندەستەکان بەردەوام لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە هاتۆتە گۆڕێ و داوای چارەسەری ئاشتییانە و مەدەنییانەی بۆ کراوە، بەڵام ئەو داوا ئاشتیخوازانەیە لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بەردەوام بە سەرکووت و قەڵاچۆکردن وڵام دراوەتەوە. شارو ناوچەکانی نەتەوە بندەستەکان بە بەردەوامی لە دواکەوتوویی ئابووری و هەژاری دا ڕاگیراون و سیاسەتە ئابورییەکانی کۆماری ئیسلامی قەت ئیزنی ئەوەی نەداوە ئەو ناوچانە ڕەوتی گەشە کردنی سروشتی خۆیان بپێون. لە رووی بیر و را و ئینتمای نەتەوەیی و ئایینییەشەوە لە لایەن دەسەڵاتەوە نەتەنیا قەت رێز لە بیروباوەڕەکانیان نەگیراوە، بەڵکوو بە چاوی سووکایەتی و بێ رێزییەوە سەیری بیروباوەڕەکانیان کراوەو تەنانەت بە مەبەستی سڕینەوەی باوەڕەکانیان شوێنە ئایینی و پیرۆزەکانیشان وێران و خاپوور کراون.

زمانی ئەو نەتەوانە نەک پێیان ناخوێندرێ، بەڵکوو هەوڵی فەوتانیشیان لە لایەن دەسەڵاتەوە دراوە و ئەوەی بۆ کۆماری ئیسلامی گرینگ بوە ئەوە بووە کە بە پێی پلان و بە شێوەیەکی سیستماتیک هەوڵ بۆ ئاسمیلە کردن و تواندنەوەی ئەو نەتەوانە لە ئێران دا بدا و بە هەموو تواناوە بەرنامەی بۆ نامۆ کردنی ئەو گەلانە لە شوناس و پێناسی نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆیان داوە.

بلووچەکان لە ئێران دا لە تەنیشت کوردەکان قوربانییانی سەرەکیی ئەو تێڕوانین و سیاسەتەن. تاوانی سەرەکیی ئەوانیش ئەوەیە کە هەم سوننەن و هەم نەتەوەیەک جیا لە نەتەوەی فارسن. پارێزگای سیستان و بلووچستان کە نیشتمانی بلووچەکانی ئێرانە، هەژارترین و دواکەوتووترین پارێزگای ئێرانە کە تێیدا ڕێژەی هەژاری سەروو ٤٥ لە سەدە.

بلووچەکان لە خوێندن بە زمانی خۆیان، لە بەئاگابوون لە مێژوو و شوناسی خۆیان، لە بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداریی ناوچەکەی خۆیان، لە پێ ئەسپاردنی پۆستەکانی بەڕێوەبەریی ناوچەکەیان بە خۆیان بێبەش کراون و ئەوەی بلووچەکان لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا بە ئێسک و پێستەوە هەستیان پی کردوە و لە گەڵی ژیاون و فرچکیان پێ گرتوە و لە گەڵی گەورە بوون، هەژاری، بێعەداڵەتی و نادادپەروەری و بێبەشی لە مافەکانیان بوە.

کەوابوو سروشتییە ئەو نایەکسانی و نادادپەروەرییە سیستماتیکە کاردانەوەی توندی خۆی هەبێ و پێ بە پێی رووتی و توندو تیژیی پێشێلکاریی حکومەتی، دژکردەوەی توندتر و زبری لە لایەن کۆمەڵگاوە لێ بکەوێتەوە و لە راستی دا لە دایکبوون و سەرهەڵدانی بزاوتێکی وەک بزاوتی بەرخودانی بلووچەکان کە بە جوندوڵا ناویان دەبن، بەرهەمی وەها هەلومەرج و بارودۆخێکی داسەپاوە.

دیاره لەو نێوەدا ئەگەرچی ئەم جۆره کردەوانه لە جۆری کردەوە خۆکوژییەکەی ئێوارەی ١٥ی تەمووز لە مزگەوتێکی شاری زاهیدان، بە هیچ شێوەیەک جێی پەسەندی هیچ لایەنێکی ئاشتیخوازو دێموکرات نیە، بەڵام لە راستی دا ئەم هەل و مەرجەی کە ئەمڕۆ بە سەر بەلوچستان دا سەپاوە، خۆی لە خۆی دا بەرهەم و دەرهاوێشتەی سیاسەتی دژی گەلی یانەی کۆماری ئیسلامی درحەق بە نەتەوە بندەستە و کەمایەتییە ئاینییەکانە.

بەڵام لەو نێوەدا چەند خاڵی گرینگ جێی سەرنج و وردبوونەوەیە.

یەکەم ئەوەی کە گەلی بلووچ دەبێ ئەو وشیارییەی هەبێ کە پەنابردنە بەر توندوتیژی رووتی لە چەشنی خۆتەقاندنەوە و کردەوەی تێرۆریستی هەم روخساری بزووتنەوەکەیان ناشیرین و خەوشدار دەکا و رەوایی و شەرعییەتی خەباتە مافخوازانەکەیان دەباتە ژێر پرسیار، هەمیش ئەوەی کە ناتوانێ بەو کردەوانە پاڵپشتی و پشتیوانیی کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ لای خۆی رابکیشێ، کەواتە پێویستە بە وەلانانی ئەو مێتۆدە لە خەبات هەوڵ بۆ جێخستن و کار پێ کردن بە مێتۆد و شێوازەکانی دیکەی خەبات دژی حکومەتی پێشێلکەری مافەکانیان بدا.

دووهەم ئەوەی کە وڵاتانی زلهێز و خاوەن کارتێکەری لە سەر رووداوەکان و بە گشتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێوستە ئەودیوی کێشەکانی خەڵکی بلووچستانیش ببینن و تەنیا بە مەحکومکردنی ئەو کردەوانە و بۆ خۆ دەرباز کردن لەو تۆمەتانەی کۆماری ئیسلامی بۆ رۆڵی ئەوان لەو کردەوانەدا دەیانخاتە پاڵیان، کێشەی سەرەکیی ئەو گەلە پشتگوێ نەخەن کە بۆ خۆیان قوربانی سیاسەتی تێرۆر و توند و تیژین و بە درێژایی مێژوو مافەکانیان پێخوست کراوە و لە دواکەوتوویی ئابووری و هەژاریی فرەچەشن دا راگیراون.

## کۆماری ئیسلامیی ئێران، وڵاتی مەرگ و بەردەباران

کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوە زیاتر لە ١٥ ساڵە سەبارەت بە بەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدام پلەی یەکەمی لە دنیادا هەیە و هەر سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و بە تایبەت ژنان و منداڵان زیاتر لە ١٠٠ جار لە ماوەی ئەو ٣٠ ساڵ دەسەڵاتدارەتییەی خۆی دا لە لایەن کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کومیتە و کۆمیسیۆنی ئەو ڕێکخراوەیە و ناوەندەکانی مافی مرۆڤەوە مەحکووم کراوە و بریارنامەی لە سەر دەرچووە.

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبوردن لە دوایین ڕاپۆرتی خۆیدا لە ژێر ناوی " سزای مەرگ و ئیعدامەکانی ساڵی ٢٠٠٩" ی زایینی دا ئاشکرای کردوە کە لە ساڵی ڕابردوودا لانیکەم ٣٤٦ کەس لە ئێراندا ئیعدام کراون و وڵاتی ئێرانیش بەو ئەژمارە لە ئیعدامەکان لە ئاستی جیهاندا پلەی یەکەمی بە پێی حەشیمەتەکەی بۆخۆی تاپۆ کردوە.

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبوردن بۆ ئەم ڕاپۆرتەشی پشتی بە ئامارو باس و هەواڵەکانی ڕاگەیەنەگشتی یەکان و گرووپ و لایەنەکانی داکۆکیکەری مافی مرۆڤ و ڕاگەیەندراوە فەرمی یەکانی ئەو وڵاتانە بەستوە کە سزای ئیعدامیان تێدا بەڕێوە دەچێ. هەربۆیەش ئەگەرچی لەم یەک دوو ساڵەی دوایی دا هاوکاریی ئەو گرووپ و لایەنانەی پێناسی داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ یان لە ئێراندا هەیە، یارمەتیی بەئامادە کردنی ڕاپۆرتێکی وردوپوخت و دەقیقتر لە ساڵانی ڕابردوو کردوە، بەڵام پڕ دیارە کەراستی یەکانی پێوەندیدار بە بەڕێوە چوونی سزای ئیعدام لە ئێراندا زۆر زیاتر لەوەیە کە لەو ڕاپۆرتە دا هاتوە و ئەگەر بێتوو ناوەندێکی خاوەن سەلاحییەتی نێونەتەوەیی ئەرکی چاوەدێری کردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێرانی بکەوێتە ئەستۆ، بێگومان پتر بوار بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی زۆر لەوە وردتروراستتر لەو پێوەندیی‌یەدا خۆش دەبێ. بەڵام ئەوەی لە هەموو ئەوانە گرینگترە ئەوەیە کە ئێران ئێستا تاکە وڵات لە دنیا دایە کە حوکمی بەردەباران کردنی تاوانباران بەڕێوە دەبا و بەرپرسانی دەزگای قەزایی و دادوەریی ئەو وڵاتە زۆر بە ئاشکرا بەرگری لەو جۆرە حوکم و سزایانە دەکەن و بە شانازییەوە باس لە جێبەجێکردنی ئەو سزایانە لە سەر تاوانباران دەکەن.

بە پێی زانیارییەکانی ناوەندەکانی مافی مرۆڤ ئێستا لە ئێراندا ٢٠٠ کەس حوکمی مردنیان بەسەردا سەپاوە کە ٣٥ کەسیان ژنن و حوکمی بەردەباران کردنیان بەسەردا سەپاوە. بەوتەی ناوبراو ئەو ٣٥ کەسە لە زیندانی

تەورێزن و هاوبەندی سەکینە محەممەدین کە ئێستا سێبەری مردن لە رێی بەردەبارانی لە سەرە.

بەردەباران لە ئێران سزایەکە کە لە سەر ئەو تاوانبارانە بەڕێوە دەچێ کە جیا لە هاوسەرەکەی خۆیان لە گەڵ کەسێکی دیکە کورد گوتەنی دەستیان تێکەڵ کردبێ و تووشی " زنای محصنە" بووبێتن.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو دا چەندین کەس لە ئێران بەردەباران کراون. عەلیرەزا جەمشیدی، وتەبێژی دەزگای دادوەریی کۆماری ئیسلامی رۆژی ١٣ ی جولای ٢٠٠٩ هەواڵی ئێعدام بە شێوەی بەردەبارانی دوو کەس لە شاری مەشهەدی پشتڕاست کردەوە. هەر لەو رۆژەدا کەسی سێهەمی مەحکووم بە بەردەباران توانی لە ژێر رەهێڵەی ئەو بەردانەی تێی دەگیران، خۆی لە قوڵکەکە دەرباز بکا و لە مردن رزگاری ببێ.

رۆژی ٦ ی جولای ٢٠٠٧ یش پیاوێک بە ناوی جەعفەر کیانی لە گوندی ئاقچەکەندی تاکستان دوای نیزیک بە ١١ ساڵ گیران لە گرتووخانەدا بەردەباران کرا. ئێستاش هەواڵەکان وا باس دەکەن کە بڕیارە سەکینە محەممەدی کە لە ساڵی ٢٠٠٦ ی زایینییەوە بە تاوانی زنای محصنە بە بەردەباران مەحکووم کراوە، لە کۆتاییەکانی مانگی تەمووزی ئەو ساڵ دا لە شاری تەورێز بەردەباران بکرێ.

هەواڵی ئەگەری بەردەباران کردنی سەکینە محەممەدی لە حاڵێک دا کاردانەوەی توندی کۆر و کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤی لە دنیادا لێ کەوتۆتەوە کە محەممەد جەواد لاریجانی، سکرتێری مافی مرۆڤی دەزگای دادوەریی کۆماری ئیسلامی وێڕای بردنە ژێر پرسیاری نارەزایەتیی گشتی دژی ئەو حوکمە لە کۆمەڵگای نیودەوڵەتی دا رایگەیاندوە کە حکومەتەکەی لەوبارەوە خۆی بە شەمەزار نازانێ کە حوکمی بەردەباران لە سەر تاوانباران دا بەڕێوە ببا و بەردەباران کردن سزایەکی شەرعی و یاساییە و لە یاسای بنەرەتیی وڵاتیش دا باسی لیوە کراوە.

ئێستا سەکینە محەممەدی لە حاڵێک دا لە قوڵکەی بەردەباران نیزیک دەبێتەوە کە پێشتر سزای ٩٩ قامچیی لە سەر بەڕێوە چووە و ماوی چوارساڵیشە لە گرتووخانەی تەورێز زیندانی کراوە.

لەو نێوەدا هەوڵەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی جێی بایەخ و سەرنجن.

" ئالیستێر بێرت" بەرپرسێکی پایەبەرزی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە راگەیەندراوێکی ئەو وەزارەتخانەیەدا کە

رۆژی ٧ ی جولای بڵاو کرایەوە داوای لە بەرپرسانی دەزگای دادوەری کۆماری ئیسلامی کردوە کە حوکمی بەردەبارانکردنی سەکینە محەممەدی رابگرێ و پێویستە رەوتی لێکۆڵینەوە و دادگایی کردنی ناوبراو پێداچوونەوەیەکی دیکەی پی دا بکرێ.

لە ماوەی دوو حەوتووی رابردوودا بەرپرسانی سیاسیی زۆربەی وڵاتانی دنیا وێرای ئەوەی سزای بەردەبارانیان بە کردەوەیەکی سەردەمی سەدەکانی نێوەڕاست داناوە، داوایان کردوە کە ئێران بۆ خۆ دەربازکردن لە تەریککەوتنەوەی زیاتر دەبێ سزای بەردەبارانکردنی سەکینە محەممەدی هەڵ وەشێنێتەوە.

" ئیلینا راس لاهتنین"، ئەندامی لێژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگریسی ئامریکاش لە نامەیەک دا داوای لە هیلاری کلیمتۆن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کردوە کە هەرچۆنێکی پێی دەکرێ و ئەوەندەی لە دەستی دێ بەر بە جێبەجێ کردنی بەردەبارانکردنی سەکینە محەممەدی بگرێ.

سەکینە محەممەدی خاوەنی دوو منداڵە و ئێستا منداڵەکانی هەموو هەوڵی خۆیان وەگەڕ خستوە کە دایکیان لە مردن رزگار بکەن. سەکینە بەوە تاوانبار کراوە کە دوای مردنی لە گەڵ پیاوێک دەستی تێکەڵ کردوە و تووشی "زنا"بووە. لە رەوتی دادگایی کردنی ناوبراو دا ئەو باسەش هاتە گۆڕێ کە ناوبراو بەر لە مردنی مێردەکەشی پیوەندیی لە گەڵ پیاوێکی دیکە دا بووە.

سەکینە محەممەدی هەموو تۆمەتەکانی سەر خۆی رەت کردۆتەوە و وتوویەتی کە داننانەکانی پێشووی لە ژێر فشار و ئەشکەنجەدا بووە. لە ٥ دادوەر کە دەبوا لە سەر پەروەندەی ناوبراو بڕیاری خۆیان بدەن، دوو دادوەریان سەکینەیان لە تاوانی " زنای محصنە" پا کردۆتەوە، بەڵام سێ دادوەرەکەی دیکە حوکمی " زنای محصنە"یان لە سەر ناوبراو پشتڕاست کردۆتەوە و بەوە ئەو حوکمە چۆتە قۆناغی جێبەجی کردنی دەزگای دادوەریی کۆماری ئیسلامییەوە.

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئامانج لەبەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدام و بەردەباران بۆ بنەبڕکردنی تاوان لە کۆمەڵگاو گەڕاندنەوەی بایەخ بۆ بەها کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان دەگەڕێننەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەو وڵاتە لە رووی جێبەجێ کردنی حوکمی ئیعدامەوە پلەی یەکەمی لە دنیادا هەیە، بەڵام ئەو شاڵاوە لە ئیعدامکردنانە نەیتوانیوە رێژەی تاوان و جینایەت لەو کۆمەڵگایەدا کەم بکاتەوە. هۆکاری ئەوەش بۆ سیاسەتی چەوتی چاوەدێری

كۆمەڵایەتی و نوقسانی لە بینینی پێوەندییەكانی نێوان تاوان وهۆكارەكانی ڕوودانی تاوان دا دەگەڕێتەوە.

لە نیزامی حقـووقیی ئێـران دا تەنیـا تـاوان و تاوانبـار دەبینـدرێ و هـیچ جـۆرە سـەرنجێک بـۆ بـوارو هۆكـارو لایەنەكانی خوڵقان یان ڕوودانی تاوانەكە نادرێ. لە بەرامبەر ئەوەش دا هەوڵەكان بۆ نەهێشتنی سزای ئیعدام لە ئێران بە هۆی كەشی توندوتیژو هەبوونی روحی تۆڵە سەندنەوە لە لایەن بنەماڵەو خوێنگرانەوە لە سەرەتای ڕێ دایە. لەو نێوەش دا ئیعدام وەک چەک و ئـامرازێكی سـەركوت لە لایەن بەرێـوەبەرانی ڕێـژیمەوە بـۆ سـەقامگیریی سیاسی ئەوپەڕی كەڵكی لێ وەرگیراوە.

هەر لەو پێوەندییەدا زۆربەی مافناسان سوورن لەسەر ئەوەی كە دەركردنی حوكمی ئیعدام ئێستا لە ئێراندا زۆرتـر سیاسی و سـەلیقەییيە و بنەمـای حقـووقی-یـان نـیە. بـۆ وێـنە لەرەوتـی دادگـایی كردنەكـانی تاوانبـارانی دوای هەڵبژاردنی دەیەمین خولی سەرۆک كۆماریی ئەو وڵاتە كە ساڵی رابردوو بەڕێوە چوو، حوكمی ئێعدام بـۆ ٥ كەس دەرچـووە، لە حاڵێـک دا بە پێـی دێكۆمێنـت و بەڵـگە هەمـوو ئەو ٥ كەسـە چەنـد مانـگ بەر لە هەڵبژاردنەكـان گیرابوون و لە هیچ خۆپیشاندانێک و نارەزایەتی دەربڕینێكی سەرشەقام دا بەشدارییان نەكردبوو. لە كوردستـانیش دا كە ئێستا زیاتر لە ١٧ كەس لە چالاكانی سیاسی و مەدەنی لە ژێر پەتی سێدارە دان، ڕێـژیم تەنیـا مەبەستی سەركوتی سیاسی و ڕێگرتن لە بزووتنەوەی بەرەنگـارخوازانە و بەردەوام بـوون لە سیاسەتی ئەمنییەتـی و پۆلیسـی كردنی كوردستانە كە ئەو شێوازەی گرتۆتەبەر. ئەگینا بە پێی بۆچوونی زۆربەی مافناسان تەنـانەت هەر بە پێـی ئەو یاسـایانەی ئێسـتای سـزادانەكان، دەركردنـی حـوكمی "محـاربە" بـۆ چالاكـانی سیاسـی و مەدەنـی و نارازییـانی حكوومەتی هیچ بنەمایەكی شەرعی و حقووقی نیە.

ڕێكەوت: جۆزەردانی ١٣٨٩ - جوونی ٢٠١٠

## کۆماری ئیسلامی، چه کی ئێعتیاد و شەڕێکی ماڵوێرانکەر

٢٥ی پوشپەڕ ڕۆژی جیهانیی خەبات دژی ماددە هۆشبەرەکانە. ئەوە بیانوویەکە تا ئاوڕێکی کورت لە کێشەی ماددەهۆشبەرەکان لە ئێران و کوردستان دا بدەینەوە و وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارە وەرگرینەوە کە بۆ کۆمەڵگای ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر نوقمی ئەو قەیرانە ماڵویرانکەرە دەبێ؟

دیاردەی ئێعتیاد بە مادە هۆشبەرەکان و بازرگانی بەو مادانە دیاردەیەکی جیهانییە. بەڵام ئەوە کە بۆچی زیانەکان و دەرەنجامەکانی ئەو دیاردەیە لە هەموو کۆمەڵگاکان وەک یەک نییە و بۆچی ئەو بەڵا ماڵوێرانکەرە وەک یەک لە هەموو کۆمەڵگاکان دا پەرەی نەسەندوە، پێوەندیی بە کۆمەڵە فاکتۆرێک هەیە کە ڕادەی وشیاریی گشتیی کۆمەڵگاکان، بوارە کۆمەڵایەتییەکان و جۆری دەسەڵات و حکوومەتەکان و نۆرم و بەها و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان گرینگترینی ئەو هۆکارانەن.

ئەوەی کە بۆ جۆری دەسەڵات لە کۆمەڵگای ئێران دا دەگەڕێتەوە، کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتێکی نادێموکراتیک و دژی گەلییە، شەرعییەتی خۆی لە خەڵکەکەی وەرنەگرتوە و وشیاریی کۆمەڵگاش بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر مان و درێژەی تەمەنی دەسەڵاتدارەتیی خۆی دەبینێ. هەر بۆیەش بەردەوام هەوڵی چاوەدێریکردنی توندی کۆمەڵگای لە ڕێگەی قەیران خولقێنی داوە و بەو جۆرە ویستوویەتی کە سەرهەڵدان و سەربزێوی و نارەزایەتییەکان کپ بکا. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو مەبەستە زۆر بە باشی بە ڕێگەپێدان بە بڵاو بوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان چەکی ئێعتیادی بۆ مەهار کردنی لاوان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە کار هێناوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ پاساودانی هۆکارەکانی پەرەسەندنی دیاردەی ئێعتیاد جیرانەتیی ئەفغانستان دەکاتە بیانوو، بەڵام تا ئیستاش ئامادە نەبوە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە خۆ ئیران تاکە دراوسێی ئەفغانستان نیە و باشە ئەدی بۆ ئێعتیاد لە خودی ئەفغانستان کە زیاتر لە سەتا حەفتای مادە هۆشبەرەکانی دنیای لێ بەرهەم دەهێندرێ، یەک لە دەی ئێران نیە؟

کۆماری ئیسلامی کە لە ڕواڵەت دا شەڕی هەموو وڵاتانی زلهێز و پڕ چەک دەکا و لە نێو خۆی وڵاتیش دا بە

قەولی خۆی لە ملی هەموو بەرهەڵستکارێکی داوە و کەس توانای سەربزێویی نییە، ئەدی ئەگەر ئەو ماستە گوریسی تێدا نیە چۆنە لە شەڕ و بەربەرەکانی لە گەڵ بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان شکستی خواردوە و بۆ خۆشی دانی پی دا دەنێ؟

باس کردنێکی گشتی لە وەزعییەتی تێوەگلانی کۆمەڵگای ئێران بە مادده هۆشبەرەکان دووره دیمەنێکی تاڵمان لەو وەزعە بۆ دەخاتە بەرچاو:

ئامارە رەسمییەکان ئەوە پتر لە ١٠ ساڵە! بەردەوام باس لە بوونی ٢ میلیون موعتاد لە کۆمەڵگای ئێران دا دەکەن، ئامارە غەیرە رەسمییەکانیش ئەو رێژەیە بە ٦تا٨ و هێندێکشیان بە ١٠ میلیون کەسی دەقەبڵێنن. گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە ئەم قەیرانە رۆژبە رۆژ زیاتر لە ئێراندا پەرە دەستێنێ، تەمەنی تووشبووان تا دێ نزمتر دەبێ، پێی ئەم بەڵا ماڵوێرانکەرە بۆ قوتابخانەکانی ناوەندی و تەنانەت سەرەتاییش کراوەتەوە و ئیعتیاد لە نێو کچان و ژنانیش دا تا دێ پتر خۆی دەردەخا.

گرینگتر لەوەش ئەوەیە کە ئیعتیاد، پەرەسەندنی خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەشی لێ کەوتۆتەوە. رێژەی تەڵاق، منداڵانی سەرشەقام، نەخۆشیی ئیدز، لەشفرۆشی و خۆکوژی بەردەوام لە ئێراندا دەچنە سەرێ و هۆکاری سەرەکیی ئەم بەرز بوونەوەیەش بۆ قووڵبوونەوە و پەرەسەندنی قەیرانی ئیعتیاد لە کۆمەڵگای ئێران دا دەگەڕێتەوە. گرینگتر لە هەمووی ئەوانەش داننانی بەرپرسانی رێژیم بە شکست و سەر نەکەوتنی کۆماری ئیسلامی لە کۆنترۆڵ و راگرتنی رادەی خەسارەکانی ئەم قەیرانە کۆمەڵایەتییە و بێ ئاکام مانەوەی بەناو بەربەرەکانی و خەبات! دژی ئەم قەیرانەیە.

لە بازاری ئێران دا ١٧٠٠ جۆر ماددەی سڕکەری شیمیایی، سەنعەتی و سوننەتی هەیە کە کاریگەریی مەنفیی مادده سڕکەرە شیمیاییەکان بەهۆی نەبوونی زانیاریی ئەوتۆ لە سەر جۆری ئەو ماددانەو نەناسراو بوونیان قورسترین زەبری لە کۆمەڵگای ئێران وەشاندوە. پتر لە ٣ میلیون موعتادی ئێران بەردەوام مەترسیی تووشبوون بەو نەخۆشییەیان لەسەرە.

قاچاغچییانی مادده سڕکەرەکان باشترین «مصونیت»ی گرتن و زیندانی کرانیان لە ئێران دا هەیە. بڵاو بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە ئاکامی هەڵوەرینی ئەو جۆرە ماددانەدا نییە کە لە رێگەی ئێرانەوە دەچنە ئورووپا و

دەرەوە، بەڵکوو بە شێوەیەکی تەواو سیستماتیک لە کۆمەڵگای ئێران دا بڵاو دەبێتەوە.

مەهدیی ئەییووبی، بەرپرسی پێشووی بەناو ناوەندی خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان بە ئاماژە بەناوی سەرۆکی چەند باندێکی قاچاغ و بڵاو کردنەوەی مادده سڕکەرەکان لە ئێران دا ( کە بە قەولی خۆیان دوای ساڵەها راوەدوونان و شەڕ و پێکدادان توانیبوویان باندەکەی لە داو بخەن و بیانگرن) دەڵێ کە ئەو کەڵە قاچاغچییانە تەنیا کەمتر لە چەند مانگ لە زیندان دا ماونەتەوە و بەرهەڵدا کراون. لە کاتێکدا حوکمی داداگای ئەوانە ئیعدام و زیندانیی تاهەتایی بووە.

لەوەها دۆخێک دا کە هەر لە بنەڕەت دا شتێک بەناوی خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان و کەمکردنەوەی خەسار و زیانەکانی ئەو دیاردەماڵوێرانکەرە لە ئێرانی ئیسلامیدا لە گۆڕێ دا نییە، ئاساییە کە «ساڵانە ٨% بە ئاماری حەشیمەتی موعتادەکانی ئێران زێدە ببێ.»

ئیعتیاد ساڵانە پتر لە ١٠٠٠٠ میلیارد تمەن زیان بە ئابووریی ئێران دەگەیەنێ، ٤٧٠٠ میلیارد تمەنی ئەو بڕە پارەیە لە گیرفانی کڕیارە موعتادەکان دێتە دەرێ و بە نەسیبی قاچاغچی و مەواد فرۆشەکان دەبێ و ٢٦٠٠ میلیارد تمەن بەرواڵەت دەوڵەت بۆ بەربەرەکانی دژی قاچاغ و کۆکردنەوەی مەواد لە بازارەکانی ئێران و دەرمان و پێشگیری لە پەرە سەندنی ئیعتیاد خەرجی دەکا و ٢٧٠٠ میلیارد تمەنیش زیانی دەرەنجام و ئاکامی ئەو خەسارە کۆمەڵایەتییانەن کە لە سۆنگەی ئیعتیادەوە بە سەر کۆمەڵگەدا دەسەپێ و دەبێ خەڵک تاوانەکەی بدەن.(٥)

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە کە کلکەی زۆربەی کارتێلە ئابوورییەکانی قاچاغ و فرۆش و ترانزیتی مادده هۆشبەرەکان لە ئێران دا بە بەرپرسە پایەبەرز و پلە یەکەکانی رێژیم و بێچووە ئاغاکان دەگاتەوە کە بازرگانی و ترانزیتی مادده سڕکەرەکان لە ئێران دا هیدایەت دەکەن و هۆکاری سەرەکیی ناکارامەیی رێژیمیش لەو بەناو بەربەرەکانییەدا هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە.

رێژیم تا ئێستا کەمترین هەزینەی بۆ بەرنامەرێژیی پێشگیری و ئامووزش و دەرمان و بەربەرەکانیی فیزیکی وەک سێ هێڵی سێگۆشەی خەبات بۆ نەهێشتنی ئیعتیاد و مادده هۆشبەرەکان کردوە، بۆ هەرکام لەوانەش هۆی سەرەکی هەیە، خەرجی بۆ پێشگیری و ئامووزش دانانێ، چونکی نایهەوێ زانیارییەکانی پێویست لە بارەی ئاکام و دوا دەرەنجامەکانی ئیعتیاد بە خەڵکی بەتایبەت لاوان و مێرمنداڵان بگا، دەرمانیش هەزینە وخەرج و تێچوویەکی

یەکجار زۆری وەک دابینکردنی کار و مشوور خواردنی گەڕاندنەوەیان بۆ ژیانی ئاسایی دەوێ و سەبارەت بە خەباتی فیزیکییش دەبێ بڵێین کە تا ئێستا چەقۆ نەبووە دەسکی خۆی ببڕی و داهاتوویەکی روونیش بۆ گۆڕان لەم واقیعە بەم مێتود و عەقڵییەت و لەم سیستمەدا بەدی ناکرێ.

---

## گەڕان بەدوای هەناسەکانی ژیان لە نێو دووکەڵی کوورەکانی مەرگ دا

کوورەخانە لای خەڵکی کوردستان هەم بە واتای دۆزەخەو هەم بەواتای هیواو هومێد. دۆزەخ بەو مانایەی تێیدا هەڵ دەقرچێیو لەتاو ئێش و سەختی و ماندوویی تاقەت پڕووکێنی دا بە هەزاران جار ئاواتی مردن دەکەی و، هیوا و هومێدیش بەو مانایە کە بەشێکی زۆر لە خەڵکی بێکار و بێدەرەتان و داماوی کوردستان کوورەخانە وەک تاکە هیواو کلاورۆژنەیەک دەبینن کە دەتوانن بەکارکردن تێیدا درێژە بە ژیانی کۆڵەمەرگیی خۆیان بدەن و ئەو پاڕادۆکسە واتا دۆزەخ بوون و لە هەمان کات دا تاکە هیوا بوونی کوورەخانە بۆ مرۆڤی کورد، یەکێک لەو واقعە تاڵانەی ژیانی کوردانە.

بزە و دڵخۆشیی ئەو پیاوە دەست قەڵشیوەی هێشتا ماندوویەتیی ٦مانگ کاری شەوو ڕۆژی لە لەش دەرنەچووە و لە زستان دا جێی کاری لە کوورەخانەیەکی مەشهەد و تاکستان و تەوریز گرتۆتەوە و ڕوخساری ماتەمبار و دڵ پڕ لەخەمی ئەو پیرە پیاوەی هەموو کوورەخانەکانی هەمەدان و شەبەستەرو تاران و مەلایری پشکنیوە و جێی دەست نەکەوتوە و، ئەژنۆی ماتەمی لەباوەش گرتوە، لە تراژیدی یەکانی دیکەی میللەتی کوردن.

ئێستاش کە مانگی جۆزەردانە و خەڵکی کوورەخانە بارگە و بنەیان پێچاوەتەوەو لە کوورەخانەکانی شارەکانی عەجەمستان دا بەعەرزیان داداوە و" مەیدان" یان خاوێن کردۆتەوە و فەرغوون و پێمەڕە و شیلانگ و لایلۆن و قالب و سەرەند و مەیدانکێشیان وەرگرتوە و، وەرزێکی دیکەیان لە ژیانی کۆڵەمەرگییان دەست پێ کردوە، جێی خۆیەتی ئاوڕێک لە ژیانی تاقەت پڕۆکێنی ئەو خەڵکە بەتایبەت ژنان و منداڵان بدەینەوە کە لەشی شلک و ناسکیان لە قرچەی گەرمای هاوین و سەختیی کاردا دەبێتە خەڵووز.

کوورەخانە شوێنێکە کە تێیدا ژن و پیاو، کچ و کوڕ، پیر ولاو و منداڵی کەم تەمەن و ساواش پڕ بە جەستەیان و زیاتر لە زەرفیەتی دەروونیان و تێکڕا و وێکڕا ماندوو دەبن و دادەهێزرێن.

باسکردن لە هێندێ لە تایبەتمەندییەکان و سروشتی کاری کوورەخانە بەرچاوڕوونیی زیاترمان لە شێوەی ژیان و چۆن کارکردن و ماندووبونی ئەو خەڵکە پێ دەدا.

کاری کوورەخانە بە تایبەت کاری قالبداری و خشت بڕی کە بەگشتی بنەماڵەکان ڕووی تێ دەکەن کارێکی قۆنتەراتی و گشتی یە. واتە بە ڕادەی بەرهەمهێنان و کاری خۆت دەتوانی داهاتت هەبێ، کەواتە لە نێو خێزانێک دا کار بۆ هەمووان هەیە و تەنانەت منداڵی ٥ ساڵەش هەر هیچ نەبێ دەبێ ئاگای لە "پاستاو"ەکان بێ و پڕیان بکا لە ئاو و بیان گوازێتەوە.

کار لە کوورەخانە تابعی ڕێککەوتن و پرەنسیپە دیاریکراوەکانی "کات" نیە. زۆر پێش لە مەلا بانگدان دەبێ لە خەو هەستی بچی بۆ سەر کار و، دوای سەعاتیک کارکردن و ئارەقە ڕشتن لە فێنکایی بەرەبەیان دا تازە دەبینی خەریکە رۆژ دەبێتەوە و دەبێ تا برێک لە تاریکانی ئێوارێ بکوتی و لەکارکردن بەردەوام بێ. لە خۆڕا نیە کە لە ڕۆژێک دا ٥ ژەم نان و چا دەخورێ، بەڵام سەری هەموو ژەمەکان لەبەر برسێتی و بێوازی بەلادادێی.کاری کوورەخانە جگە لە ماوە زەمەنییە دوورودرێژەکەی لە رووی کاتەوە، کارێکی قورسیشە. بەتایبەت کە ئەو کارە بۆ ژنان و منداڵان و بەتایبەت ژنانی دووگیان یەکجار قورس و مەترسیدارە.

کوورەخانەکان ناوەندیی دەرمانی و بێهداشتی یان تێدا نیە. شوێنی کاروحاوانەوە و ژیانی کرێکارەکانیش نەک بێهداشتی وپاک و خاوێن نیە،بەڵکوو زۆر زۆر پیس و پڕ لە جێی سەرهەڵدانی نەخۆشییە.

لە کوورەخانەکان دا هیچ شوێنێک بۆ سەرقاڵی و سەرگەرمی منداڵان دەست ناکەوێ، منداڵان دەبێ بێنە مەیدان و ئەگەر توانای خشت بڕینیان بوو کە باشە، دەنا دەبێ خشت کۆکەنەوە، ماسە دابێژن و ئاو لە پاستاو بکەن و کەرسەگ و سندە فڕێ بدەن و مەیدانەکان مەیدانکێش بکەن.

ژنان جیا لە کاری مەیدان و خشت بڕی کاری نان و چایی سازکردنی ژەمەکانو نان کردن و پاکووخاوێنی ماڵ و پێڕاگەیشتن بە منداڵەکانیشیان لەسەرشانە و، تازە لە روانگەی زۆر لە پیاوانیشەوە ئەو کارانە بە جۆرێ

حەسانەوە بۆ ژنان حیساب دەکرێ. نەخۆش کەوتن لە کوورەخانەدا بڤەیە، چونکی تا نەیە حاڵەتی جاو، کەس بڕوات پێناکاو پێیان وایە لە ترسی کارە خۆت مراندوە و مرۆڤەکان لە ڕووی عەتف و بەزەییەوە، زۆر ویشک و داتەپیو دەبن.لەو نێوەدا ژنانی دووگیان بەدەم ئازاری زیاترەوە دەناڵێنن. ژنانی کرێکار لە کوورەخانە تا پێومانگی خۆیان ناچارن مەیدانی کار جێنەهێڵن و دوای حەوتوویەک لە منداڵبوونەکەیان دەبێ لەگەڵ خۆیان لانکە و کۆرپەی ساوایان بێنە مەیدان و جارجار قالبەکانیان فڕێ بدەن و لە پەنای سێبەری" فەنەرەکان" چۆڕە شیرێ بە گەرووی ساواکەیان دا بکەن.

خۆ باسی درێژماوەیی کاری کوورەخانە و بەردەوامبوونی هەتا مانگێک پاییزو بیمە نەکرانی لەلایەن خاوەن کار و پێنەدانی حەقدەستەکانیان تا نیوەی زستان و بەهاری ساڵی داهاتووش لە جێی خۆی، کە بەشێک لە سروشتی کاری کوورەخانە لە سەردەمی چەوساندنەوەی کرێکارن لەلایەن خاوەن کارەوەیە.

لێرەدا خاڵی جێی سرنج ئەوەیە کە لە کوورەخانەدا، خاوەن کار بۆ زۆریی کار و ماوەی کار، و لەبەر قۆنتەرات بوونی زۆربەی کارەکان زۆری لە کرێکار ناکا، بەڵام بە هۆی ئەوەی حەقدەستی کارەکە کەمە، ئەوە خودی کرێکارەکەیە کە زەخت لە خۆی و ئەندامانی بنەماڵەکەی دەکا تا بەشی چەند مانگ پاییز و زستان بڕە پارەیەک پاشکەوت بکا و هۆکاری هەموو ئەوانەش بۆ هەژاری و بێکاری زۆر لە کوردستان دا دەگەڕێتەوە کە مرۆڤی کورد ناچار دەکا وەک زاڵمێک بۆ خۆی زوڵم لە خۆی بکا و بەدەستی خۆی دۆزەخێک بۆ خۆی و ماڵ و منداڵی دروست بکا.

---

## لە موچڕکی دارستانەوە تا ناڵەی ئەسپەکانی سەر سنوور

ژینگەی سەوز و ئاوەدانی کوردستان لە هاوینی ئەو ساڵ دا بە دەست دوو دیاردەی ناسروشتیی کەوتنەوەی ئاگر لە دارستانەکان و کوشتنی ئەسپ و وڵاغە بارهەڵگرەکان لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان زەرەرو زیانێکی یەکجار زۆری وێ کەوت.

لە سەرەتای بەهاری ئەو ساڵەوە زیاتر لە ٧٠٠٠ هێکتار دارستان و لەوەڕەگەی بە پیت و بەرەکەتی کوردستان بە تایبەت لە ناوچەکانی مەریوان، سەوڵاوا، سنە، بۆکان و سەقز را تا دەگاتە ئیلام بوونە خەڵووز و زیاتر لە ٣٠٠سەر ئەسپ و وڵاغی کاسبکارانیش دراونەتە بەر گولله و کەلاکی ئەو چوارپێیانە بێ ئەوەی بسوتێندرێن، هەروا لە دەشت و دۆڵەکانی کوردستان فڕێ دراون و بۆگەن و بۆساری ئەو ئاژەڵانە بە کیلۆمیتر ئەولاتر هەستی پێ دەکرێ.

مەبەستی ئەو نووسینە باس کردن لە زیانەکانی سووتانی دارستان و لەوەڕگەکان و بەراوردی ئەو خەسارانە و ژمارەی ئەو ئەسپ و وڵاغانە نیە کە دەکوژرێن وکەلاکیان لە شاخ و دۆڵەکان دا بۆگەن دەبن، بەڵکوو لە کورتە سەرنجێک دا باس لەو هۆکارانە دەکەین کە ئەو واقعەیان لێ کەوتۆتەوە.

ئەوەندەی کە بۆ سوتان و لە نێوچوونی دارستان و لێرەوارەکان دەگەڕێتەوە، کۆمەڵ ەهۆکارێک هەن کە میدیاکانی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە سەر ئەوان چڕ دەبنەوە و ئەو کەمە رۆژنامەیەی کە لە کوردستانیش دەردەچن، لە ترسی داخرانیان زیاتر لەوە ناچنە پێش و هۆکارەکانی ئەو تراژیدییایە لە گەرم و وشک بوونی وەرزی هاوینی ئەوساڵ و، کەمتەرخەمی و خەمساردیی کۆمەڵە کەسێکی رێبواری ئاگر پەژێن و ئەو جوتیارو وەرزێرانە دا بەرتەسک دەکرێنەوە کە دوای هەڵگرتنەوەی خەلە و خەرمانیان شەمچەیەک بە پەرێزەکانیانەوە دەنێن و......

بەڵام ئەوەی لەو نێوەدا ون و شاراوەیە نەخش و رۆڵی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی لەو رووداوانە دایە. کۆماری ئیسلامی خۆ ئەگەروای دابنێێن راستە وخۆش شەمچەی بە دارستانەکانەوە نەنابێ، ئەدی لێ گەران و هەوڵنەدان بۆ کوژادنەوەی ئاگر کەوتنەوەکان و خۆ دزینەوە لە بەرپرسیارەتیی بەرگرتن لە تەشەنەکردنی ئاگرەکان و چاوەدێری نەکردنی دارستان و لەوەرگەکان و ژینگە دەتوانێ چ پاساوێکی هەبێ؟ ئەدی لێ نەپرسینەوە و بە دوادانەچوونی ئەو رووداوانە و گوێ لێ خەواندن لە پانتایی هەموو ئەو زیان و خەسارانە دەتوانێ چ مانایەکی جگە لەوە هەبێ کە کۆماری ئیسلامی رقی لەو سروشت و ژینگەیەیە و هەر بۆیەش بە سووتان و لە نێوچوونی یەکجارەکیشی گنجێگ ناکەوێتە نێو چاوانیەوە.

بۆ وێنە تەنیا لە ماوەی دوو مانگی پووشپەڕو گەلاوێژی ئەو هاوینەدا دا ٢٢٩ جار ئاگر لە دارستانەکانی پارێزگای سنە کەوتۆتەوە و، لەو سۆنگەیەوە زیاتر لە ٧٠٠٠ هێکتار دارستان و لەوەڕگەی ئەو ناوچانە بوونەتە خەڵووز، بەڵام دەبینین کە هێلی کۆپتێری ئاگر کوژێنەوەی ئیدارەی سەرچاوە سروشتییەکانی شاری مەریوان کە

تەیار بە سیستمی ئاگر کوژێنەوەیە، لە کوژاندنەوەی تاکە یەک ئاگر کەوتنەوەش دا بەشداری نەکراوە، ئەوە لە حاڵێک دایە کە بۆ بە کرێ گرتنی ئەو هێلی کوپتێرە، لەو ماوەیە دا ٣٠٠ میلیۆن تمەن لە بوودجەی خەڵکی ئەو شارە بۆ ئەو کارە تەرخان کراوەو ئەو هێلی کۆپتێرە، دەتوانێ هەر جارە و ٥٠٠٠ لیتر ئاو لەگەڵ خۆی هەڵ گرێ و لە نیزیکترین شوێن کە گۆلی زرێبارە و لە خێراترین کات دا عەمباراوەکەی پڕ بکاتەوە.[١]

لە نموونەیەکی دیکە دا دەبینین فەرمانداریی شاری مەریوان دوای تێپەڕینی دوو مانگ لە دەستپێکی سووتمانەکان و دوای ئەوەی ١٩٠ رووداوی ئاگر کەوتنەوە لە ناوچەی مەریوان روو دەداو دوای ئەوەی زیاتر لە ٦٠٠٠ هێکتار لە چڕترین دارستانەکانی مەریوان و سەوڵاوا دەبنە خەڵووز، تازە بە تازە لە رۆژی ١١ی گەلاوێژ دا کۆبوونەوەی تایبەت بۆ تاوتوێکردنی ئەو سوتمانانە دەگرێ[٢] و ئەویش تازە بانگهێشتی ئەو ئیدارە و لایەنە دەکا کە نەک هەر هیچ بەرپرسیارەتییەک لە پێوەندی لە گەڵ بەرگرتن لەو رووداوانە دا بە ئەرکی خۆیان نازانن، بگرە کۆمەلێک لەو لایەنانە وەک ناوەندە نیزامی و ئەمنیەتییەکان بۆ خۆیان تاوانباری سەرەکیی بەشێکی زۆر لەو ئاگر کەوتنەوانەن.

رەنگبێ باس کردن لەو نموونەیەش جێی خۆی بێ کە هێزەکانی رێژیم بە ئیعترافی خۆیان لە سەرەتای ئەو ساڵەوە دەستیان بەسەر سەدان هەزار لیتر بێنزین و گازۆلی کاسبکاران دا گرتووە و بۆ تەمبێ کردنی کاسبکاران هەموو ئەو سوتەمەنییانەیان لە جێدا سوتاندوە!

ئەوانەو دەیان نموونەی دیکەی لەو چەشنە ئاماژەیەک بە جێ و شوێن و رۆڵی دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر رووداوی ئاگر کەوتنەوەکانی ئەو ساڵ لە کوردستانن.

بەڵام خۆ جیا لەوانەش دوژمنایەتیی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ خەڵک و نیشتمان و سروشتی کوردستان لە ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵی رابردوو دا شتێک نیە کە بەڵگەی دیکەی بوێ و دەرهێنان و بە تالانبردنی کانگاو سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان ئەویش بە شێوەیەکی قازانج ویستانە و تێکدەرانە نموونەی بەرچاوی ئەو دوژمنکارییانەن.

خۆ قسەی یەکێک لە بەرپرسانی پایەبەرزی سپای پاسداران لە پێوەندی لەگەڵ سوتمانەکانی کوردستانیش کە گوتبووی" بۆ ئێمە پاراستنی ئەمنیەتی کوردستان زۆر لەوە گرینگترە کە ئەو لێڕەوارو دارستانانە هەبن یا نەبن "

بەسە بۆ ئەوەی تێ بگەین بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە بیانووی پاراستنی ئەمنییەتی کوردستان و لە ژێر پاساوی ئەو بوختانە گەورەیە دا چ پیلان و پلانێکی شوومیان بۆ سروشت و نیشتمان و ژینگەی کوردستان داڕشتوە.

دیارە ئەگەر لێرەدا باسی کوژرانی بە ئانقەستی ئەسپ و ولاغی کاسبکاران لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستانیش بکەین و تاوێک لەلایەنە جیاوازەکانی ئەو جینایەتە و لایەنە زیانبارەکانی لە سەر سروشت و ژینگەی کوردستان رامێنین، جێی هیچ گومانێک نامێنێتەوە کە ئەو رێژیمە دوژمنی قەستەسەر و سوێند خواروودی کورد و نیشتمانی کورد و سروشت و ژینگەی کوردستانە و بە هیچ کلوجێک چاوی بەرایی دیتنی سەوزایی و ئاوەدانی و جوانیی نیشتمانی کوردانی نیە و تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی باشووریش کە سووتان و لە نێوچوونی سەدان هێکتار زەوی و مووچە و مەزرای گوند نشینانی لێ کەوتۆتەوە، نموونەیەکی دیکەی ئەو باسەن کە هێناومانەتە گۆری.

١- ماڵپەڕی ئەنجومەنی سەوزی چیا
٢- هەمان سەرچاوە

رێکەوت: گەلاوێژی ١٣٨٩ - جوولای ٢٠١٠

## باسێک لە بەردەوامیی سیاسەتی بە موعتاد کردنی لاوانی کورد

باس کردن لە کیشەی ئیعتیاد لە کوردستان لە چەند رووەوە هەردەم گرینگ وجێی باسە.

**یەکەم** ئەوەی ئەگەرچی رابردووی مەسرەفی مادە هۆشبەرەکان و بەتایبەت تریاک لە ئێران دا بۆ چەند سەد ساڵ لەوە پێش دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو دیاردەیە لە کوردستان نەک هەرتا دوای هاتنە سەرکاریی کۆماری ئیسلامی،

بەڵکوو تا ١٥ - ٢٠ ساڵ لەوە پێش دیاردەیەکی تەواو نامۆ بوو بەجورئەتەوە دەتوانین بڵێین کە ژمارەی موعتادەکانی هەر شارێک لە قامکەکانی دەست تێ نەدەپەڕین، پرسیار ئەوەیە چی وای کردوە کە ئەو بەڵایە بەو خێراییی و وابە پڕتاو لە کوردستان دا بڵاوبێتەوە؟

**دووهەم** ئەوەی ئینتمای لاوانی موعتادی کورد لە مادەی هۆشبەری سروشتیی وەک تریاک و حەشیش و تەنانەت هیرۆئین را بۆ لای مادەی هۆشبەری شیمیایی و کراک هەردەم روو لە زیاد بوونە.

پرسیار ئەوەیە کە چۆنە لە کوردستان نرخی هیرۆئین کە لە تریاک رەعەمەل دێ، هەرزانتر لە تریاکە و چۆنە رۆژبەرۆژ نرخی مادەی هۆشبەری شیمیایی کە رووخێنەرییەکی سەدان کەڕەت زیاتر لە مادەی هۆشبەری سروشتییە، بەردەوام لە دابەزین و کەم بوونەوە دایە؟

**سێهەم:** ئەوەی کە ئەگەرچی بە گشتی پرۆژەکانی بووژاندنەوە و چارەسەری و وازپێهێنانی کەسانی توشبوو بە مادە هۆشبەرەکان لە ئاستی ئێران دا کەمن، بەڵام پشکی کوردستان لەو بەشەکەمەش نادیارو کەم بایەخەو لە کوردستان ngo کانی چالاک لەو بوارەدا نەک لایەن ناوەندە حکوومییەکانەوە یارمەتییان نادرێ و ئاسانکاریی کارو چالاکیی زیاتریان بۆ ناکرێ، بگرە چەندەش بۆیان بکرێ چەت دەخەنەسەر کارو چالاکییەکانی ئەو ناوەندە خۆبەخش و گەلییانە کە دەیانەوێ لە شەوەزەنگی ژیانی موعتادەکانی کوردستاندا تۆزێ هیواو ئومیدی بووژانەوەیان پێ ببەخشن.

**چوارەم:** ئەوەی کە ئەگەرچی لە کوردستانیش وەک ناوچەکانی دیکەی ئێران هۆکارەکانی پاڵنەری لاوان و تەنانەت مێرمنداڵانیش بۆلای مادە هۆشبەرەکان زۆر و ئامادە و لەسەر پێن، بەڵام ئاکامی زۆر لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون و بە پێی زۆر بەڵگە و داننانی شایەتحاڵەکان ئیعتیاد لە کوردستان لە لایەن دەوڵەتەوە بە شێوەیەکی سیستماتیک پەرەی پێ دەدرێ و رێ بۆ هەرچی زیاتر تێوەگلانی لاوانی کورد لەو زەلکاوەدا خۆش دەکرێ.

کۆی هەموو ئەوانە چاوەدێرانی سیاسی دێننە سەر ئەو باوەڕەی شەڕ لە کوردستان لە نێوان کۆماری ئیسلامی و بزووتنەوەی بەرەنگارخوازانەی خەڵکی کورد نەک هەر تەواو نەبووە، بگرە کۆماری ئیسلامی بەکردنەوەی بەرەیەکی نوێ لەو شەڕەدا بە چەکی مادە هۆشبەرەکان لاوانی کورد لە سەرێی خۆی لادەبا و توانای بەرەنگاری و بیرکردنەوە و بەرهەڵستکارییان تێدا دەکوژێ.

ڕژێم لە لایەک بودجەیەکی ئەوتۆ بۆ هەڵمەت و چالاکیی پێشگیری، بە مەبەستی دوورخستنەوەی لاوان لە داوی ئیعتیاد لە کوردستان تەرخان ناکا و لە لایەکی دیکەشەوە بەرپرسان وهێزەکانی ڕژێم لە کوردستان کە زۆربەی نزیک بە تەواویان تەبعیدی و، لە کەسانی بێزارو ناسالمی شار و ناوچەکانی دەرەوەی کوردستان پێک دێن، لەگەڵ بازرگانانی مادە هۆشبەرەکان لە کوردستان کلکیان لە یەکتری قایم کردوە و ئەوانە و دەیان پاڵنەری دیکەی وەک بێکاری، هەژاری، نەبوونی ئاسۆیەکی روون و گەش بۆ داهاتووی لاوان دەستیان داوەتە دەستی یەک تا کێشەی ئیعتیاد لە کوردستان رۆژبەرۆژ زیاتر ئەو کۆمەڵگەیە بەرەو رووی مەترسیی لە بەریەک هەڵتەکان بکاتەوە.

لە خۆڕا نیە کە مەوادی موخەدیر لە بازار و پارکەکان، لە قوتابخانە و زانکۆکان و لە هەموو شوێن و گەڕەکێکی شارو گوندە دوورەدەستەکانیش دا زۆر و زەوند و بە ئاسانیی ئاو خواردنەوە و بە نرخی هەرزانتر لە شوێنەکانی دیکەی ئێران دەست دەکەون.

لەو نێوەدا تینوێتی رژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ بە چۆکداهێنانی لاوانی کورد هیچ سنوورێک ناناسێ و بەردەوام لە ڕێگەی دامودەزگاو تۆڕە تایبەتییەکانی خۆیان لە هەوڵی ئەوەدان بە گۆڕینی ئولگووی مەسرەفی مەوادی موخەدیر لە کوردستان، لە مەوادی موخەدیری سروشتی وەک تریاکەوە بۆ موادی موخەدیری شیمیایی وەک شیشە، کەشی لە بارتر و بواری گونجاوتر بۆ قڕ کردنی لاوانی کورد خۆش بکەن. لە خۆڕا نیە کە نرخی کیلویەک شیشەی ئەسل لە ماوەی ٢ ساڵ دا لە ١٢میلیون تمەنەوە بۆ یەک میلیون و ٥٠٠ هەزارتمەن لە کوردستان دادەشکێ، چونکی بەرپرسانی رژێم باش دەزانن کە توانای رووخێنەریی شیشە زیاتر لە ٧٠% و توانای رووخێنەرییە تریاک و هێروئین سەروو ٣٠% و کەسێک کە تووشی ئیعتیاد بە مادەی هۆشبەری شیشە ببێ، مەگەر لە پروسەیەکی دەرمانی درێژخایەن و پڕ هەزینەدا، ئەگینا ئیمکانی بووژانەوە و گەڕانەوەی بۆ ژیانی سروشتی و ئاسایی بە یەکجاری لێ هەڵ دەگیرێ.

بەسەرنجدان بەو راستییانە بزوتنەوەی سیاسی کورد ئەرکی سەرشانێتی لە قاوخی خەمساردیی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو دیاردەیەدا بێتە دەرو بەرنامەی گونجاوی خۆی بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەڵ ئەو مەترسییە هەبێ کەسیلەی لە هەموو سەرمایە مرۆڤی و مەعنەوییەکانی گرتووە.

## کوردە بێ - ناسنامەکانی سووریە

ئۆلێوی دوشووتە، بازرەسی تایبەتیی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە دوای سەردانێکی دا بۆ وڵاتی سووریە، لە راپۆرتێکدا بارودۆخی مافی مرۆڤی لەو وڵاتەدا بە نالەبارو هەستیارو جێی سەرنجی تایبەتی باس کردوە.

ئۆلێوی دوشووتە کە پشکێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری خواردنەو ئەگەرچی بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە بابەتی وشکە ساڵیی چەند ساڵەی رۆژهەڵاتی سووریە سەردانی ئەو وڵاتەی کردبوو، بەڵام بارودۆخي دڵتەزێنی کوردەکانی ئەو وڵاتە سەرنجی ئەوی بۆ لای خۆی راکێشاوەو ئەویش بەشێکی گرینگ لە راپۆرتەکەی بۆ باس لەسەر ژیانی کوردەکانی سووریەو کێشەکانی ئەوان تەرخان کردوە.

بە پێی ئەو راپۆرتە ٣٠٠ هەزار کوردی سووریە ناسنامەیان نیەو دەوڵەتی سووریە وەک هاووڵاتی و هاونیشتمانییەک نایان ناسێ و ئەو حەشیمەتە تابعییەتی هیچ وڵاتێکی دیکەشیان پی نەدراوەو هەر بۆیەش ئەو کۆمەڵە کوردە لە هەموو مافێکی هاووڵاتیبوون بێبەشن، بەو واتایە کە بۆیان نیە هیچ مڵک و زەوییەکی تاپۆیان هەبێ و لە هەموو مافێکی خوێندنی خۆڕایی، کەڵکوەرگرتن لە خزمەتگوزاریی بێهداشتی، هەبوونی پاسپۆرت بۆ سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات و دامەزران لە کەرتی دەوڵەتی دا بێبەش کراون.

ئۆلێوی دوشووتە نووسیویەتی کە بارودۆخی ئەو کوردە بێ ناسنامەیانە یەکجار نالەبارەو درێژەی ئەو بارودۆخە بەو شێوەیە قبووڵ ناکری و نەتەوەیەکگرتووەکان دەبێ بە جۆرێک مشووری ئەو بارودۆخە بخوا.

ئەو کوردانە لە ناوچەیەکی سووریەدا دەژین کە ماوەی ٥ ساڵە وشکەساڵییەکی بەردەوام گرتوویەتەوەو تا ئەو جێیەی کە ئاژەڵدارانی ئەو ناوچەیە زیاتر لە ٨٥%ی ئاژەڵەکانیان لە دەست بۆتەوەو زیاتر لە ٨٠٠ هەزار کەس لە خەڵکی ئەو ناوچەیە لەو پەڕی هەژاری و بێ ئەنوایی دا دەژین. ئەوەش لە حاڵێک دایە کە رۆژهەڵاتی سووریەو شوێنی ژیانی ئەو کەسانە تەنیا ناوچەی خاوەن نەوتی سووریەیەو هەموو بەرهەمی ٣٧٥ هەزار بۆشکە نەوتی رۆژانەی سووریە لەو ناوچەیە رەعەمەل دێ.

ئەوەی کە کوردەکان سەتا چەندی حەشیمەتی سووریە پێک دێنن، روون نیە. کوردەکان بۆ خۆیان دەڵێن کە ٦ میلیون کەسی خەڵکی سووریە کوردن، بەڵام بە سەرنجدان بە حەشیمەتی ٢٣ میلیونی سووریە ئەو ئامارە زۆر واقعبینانە نایەتە بەرچاو. بەڵام زۆربەی ناوەندە سەربەخۆکان ژمارەی کوردەکانی سووریە لە نێوان ٢ میلیون هەتا ٣ میلیون کەس باس دەکەن.

شوێنی سەرەکی چڕبوونەوەی کوردەکانی سووریە ناوچەی جزیرە لە باکووری رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەیەو شارەکانی کوبانی و کوێستانەکانی کورمانج و پارێزگای عەنتەب و ناوچەکانی دیکەش لە باکوورو رۆژهەڵاتی سووریە کوردەکانیان لێ نیشتەجێ کراوە.

بەشێکی دیکەش لە کوردەکانی ئەو وڵاتە روویان لە دیمێشق و شارە گەورەکانی دیکەی سووریە کردووە لەوێ ماونەتەوەو تەنانەت ژمارەیەکی زۆریش لە کوردەکانی سووریە پەرتەوازەی لوبنان بوون و وەک هاووڵاتی لوبنان وەرگیراون.

زۆرینەی کوردەکانی سووریە موسوڵمان و سوونەیی شافعین و ژمارەیەکی کەم لە کوردەکانی سووریە عەلەوی و یارسانن.

کوردەکانی سووریە تا پێش لە دەیەی ٦٠ی زایینی بەشدارییان لە حکوومەتی ئەو وڵاتەدا بووەو تەنانەت دوو کەس لە سەرۆک کۆمارەکانی ئەو وڵاتە "فەوزێ سەڵو" و "حەسەن زەعیم" کوردبوون و سووریە سەردەمانێکیش پەناگای ئەو کوردانەی تورکیە بوو کە لە وڵاتی خۆیان راوەدوو دەنران.
کاتی خۆی زۆر کەسایەتیی گەورەی کوردیش وەک میر جەلادەت عەلی بەدرخان و جگرخوێن لە ولاتی تورکیەوە بە هۆی راوەدوونان لە سووریە گیرساونەتەوەو تەنانەت عوسمان سەبری، یەکێک لەو کوردە سیاسییانەی تورکیە ساڵی ١٩٥٧ حیزبی دێموکراتی کوردی لە سووریە دامەزراند.

لە سەرەتای دەیەی ٦٠ ی زایینیدا کە بزووتنەوەی کورد لە عێراق بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانی بەدژی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق خەباتی دەکرد، کوردەکانی سووریە هاوسۆزی و هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ شۆڕشی مەلا مستەفا راگەیاندو بژاردە سیاسییەکانی کوردی سووریە کەوتنە خانەی پشتیوانی کردنی کردەیی لەو شۆڕشە.

ئەوەش وای کرد کە حکوومەتی سووریە بۆ بەرگرتن لە تەشەنەکردنی ئەو شۆڕشە بۆ نێو کوردەکانی وڵاتەکەی دەست بۆ کۆمەڵە کاروبەرنامەیەک ببا.

ساڵی ١٩٦٢ حکوومەتی سووریە لە ناوچەی جزیرە پرۆژەیەکی بۆ سەرژمێریی خەڵکی ئەو ناوچەیە بۆ پێدانی ناسنامەی نوێ بەڕێوە برد.

دوای کۆتاییی ئەو سەرژمێرییە نیزیک بە ١٥٠ هەزار کەسی ئەو ناوچەیە ناسنامەی ئەو وڵاتەیان پێ نەدراو دەوڵەتی سووریە حاشای لە سووری بوونی ئەوان کرد.

ئەوەی کە حکوومەتی سووریە بەپێی چ بنەمایەک کوردەکانی ناوچەی جزیرەی بەسووری یا غەیرە سووری دابەش کرد، روون نیەو ئەوەش بوە هۆی کەوتنەوەی ناڕەزایەتیی زۆر لە نێوان خەڵکی ئەو وڵاتەدا. بۆ وێنە لە بنەماڵەیەکدا بووە کە چەند ئەندامێک بە سووری و ئەندامەکانی دیکەی ئەو بنەماڵەیە بە غەیرە سووری زانراون، یان تەنانەت کەسێکی وەک تەوفیق نیزامەدین کە سەرۆکی ستادی ئەرتەشی سووریە بوو، غەیرە سووری ناسێندراو مافی هاووڵاتیبوونی لێ ئەستێندرایەوە.

ئەو کەسانەی کە حکوومەتی سووریە ئەوانی بە غەیرە سووری و بیانی زانی، کرانە دوو بەش.

بە گرووپێک لەو کەسانە کارتی پێناسی سوور دراو ناویان وەک کەسانی بیانیی نیشتەجێی سووریە لە نوسینگە دەوڵەتییەکاندا تۆمار کرا. بەمجۆرە ئەو کەسانە وەک کۆمەڵە کەسێکی بیانییان چاو لێ کرا کە تەنیا مافی نیشتەجێبوون لەو وڵاتەیان هەبوو، بێ ئەوەی کە هیچ چەشنە مافێکی هاووڵاتیبوونیان پێ بدرێ.

ئەو بەشەی دیکەش بێ ئەوەی ناونیشانیشان تۆمار بکرێ، تەنیا کارتێکی مەیلەو زەردیان دانێ. ئەو کەسانە کە دواتر نازناوی "مەکتوم"یان پێدرا، تەنیا مافی ژیانی لە وڵاتی سووریەیان هەبوو، بێ ئەوەی هیچ چەشنە مافێکی هاووڵاتیبوونیان هەبێ و تەنانەت ئەو کەمە مافەشیان هەبێ کە بۆ کەسانی بیانی لەبەر چاو گیراوە.

بەپێی راپۆرتەکەی ئۆلێوی دوشووتە ئێستا ئەو کەسانە و منداڵ و وەچەکانیان زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کەسن و هەروەها بێ ناسنامەن و ئەوەش پێچەوانەی رێوشوێنە نێو نەتەوەییەکانە کە سووریەش وەک ئەندامێکی رێکخراوی

نەتەوەیەکگرتووەکان دەروەست بە جێبەجێکردن و ڕێزگرتن لەو یاساو ڕێوشوێنانەیە.

جاڕنامەی مافی منداڵان پەسندکراوی کۆڕی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٥٩ و هەروەها کۆنڤانسیۆنی جیهانیی مافی منداڵان کە سووریەش ساڵی ١٩٩٣ ئیمزای کردوە، هەموو دەوڵەتەکان دەروەست بەوە دەکا کە هەموو منداڵێک دوای لە دایکبوونی ناونووسی بکاو تابعییەتی منداڵەکە بەپێی یاساکانی خۆیان دیاری بکا.

ئاکامەکانی ئەو پێشێلکارییانەش بۆ ئەو بەشە لە کوردەکانی سووریە بێبەشبوون لە خوێندن و خزمەتگوزارییە گشتی-یەکانە کە هەموو ئەوانەش پێچەوانەی هەموو ئەو ڕێوشوێنە نێونەتەوەییانەی وەک جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و کۆنفانسیۆنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە سورییەش وەک ئەندامێکی ئەو ڕێکخراوەیە ئیمزای کردوون و بە ڕەسمیی ناسیون.

بەپێی ماددەی ٣ و بەندی ج ی یاسای تابعییەتی سووریە هەموو ئەو منداڵانەی لەو وڵاتی سووریە لە دایک و باوکێک بە تابعییەتی نەناسراویان بێ تابعییەت سووریە لە دایک دەبن، وەک هاووڵاتی سووری دەناسرێن، بەڵام دەوڵەتی سووریە تا ئێستا ئەو مافەی بە کوردەکانی ئەو وڵاتە نەداوەو ئەو یاسایەی لەسەر ئەوان جێبەجێ نەکردوە.

ئاکامەکانی ئەو پێشێلکارییانەش بۆ ئەو بەشە لە کوردەکانی سووریە بێبەشبوون لە خوێندن و خزمەتگوزارییە گشتی-یەکانە کە هەموو ئەوانەش پێچەوانەی هەموو ئەو ڕێوشوێنە نێونەتەوەییانەی وەک جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و کۆنفانسیۆنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە سورییەش وەک ئەندامێکی ئەو ڕێکخراوەیە ئیمزای کردوون و بە ڕەسمیی ناسیون.

## ساڵی نوێی خوێندن لە ئێران و پلان و پیلانەكانی ڕێژیم بۆ جۆریكی دیكە لە پەروەردەی ئیدۆلۆژیكی

ساڵی نوێی خوێندن لە ئێران بۆ كۆمەڵگای زیاتر لە ٢٠ میلیۆن قوتابی و خوێندكاری ئێران لە كاتێك دا دەست پێ دەكا كە پلانرێژان و سیاسەت داڕێژەرانی كۆماری ئیسلامی بەرنامەی تایبەتیان بۆ سیستمی پەروەردەیی لە خوێندنگەكانی ئێران داڕشتوە.

ئاكامی سەرهەڵدانەكانی دوو ساڵی ڕابردوو و هەروەها هەراوبوونی بزووتنەوەی سیاسی و كۆمەڵایەتی و مەدەنیی خەڵكی ئێران و ڕۆڵی بەرچاوی خوێندكاران و قوتابییان لەو بزووتنەوانەدا كاربەدەستانی كۆماری ئیسلامیی هێناوەتە سەر ئەو قەناعەتەی كە ئەوەی تا ئێستا بۆ پەروەردەكردنی نەسڵی گوێڕایەڵ و مەكتەبیی كۆماری ئیسلامی ڕستوویانە و چنیویانە، لێیان بۆتەوە خوری و ئەو پەروەردە ئیدۆلۆژیكییەی تا ئێستا ئاكامی دڵخوازی لە بەرژەوەندی ئەوان دا لێ نەكەوتۆتەوە.

مسباحی یەزدی، یەكێك لە تیئۆریسیۆنەكانی كۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لە كۆبوونەوەی ساڵانەی مەجلیسی خوبرەگان دا بەئاشكرا وێڕای ڕەخنەگرتن لەو بارودۆخەی كە ئیستا لە زانكۆكاندا هەیە، ڕایگەیاند كە كۆماری ئیسلامی لە زانكۆكاندا نەیتوانیوە ئامانجەكانی خۆی بپێكێ و شكستی خواردوە.

پلانرێژانی كۆماری ئیسلامی پێیان وایە كە ئەو كەلێنەی ئێستا كەوتۆتە نێوان خەڵك و دەسەڵات، بەرهەمی كەمتەرخەمیی ناوەندە پەروەردەییەكان لە چڕتر كردنەوەی پەروەردە ئایینی و ئیدۆلۆژیكییەكانە و دەبێ بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە قورسایی زیاتر بخەنە سەر پەروەدە كردنی ئیدۆلۆژییانە و بەرنامەڕێژییەكانیان لەو پێناوەدا هەراوتر بكەنەوە، بە وردییەوە بیانبەنە پێش.

هەر لەو پێوەندییەدامعاونەتی پەروەردەیی وەزارەتی پەروەردە و فێركردنی كۆماری ئیسلامی ڕایگەیاندوە كە بە هێنانی كتێبێكی نوێ دەرسی بە تەمایە لە قۆناغەكانی ناوەندی و دواناوەندی دا هەوڵەكانی حكومەت بۆ تەربییەتی سیاسیی قوتابییان چڕتر بكەنەوە.

لە بەخشنامەیەک دا کە بۆ ئەو مەبەستە بۆ هەموو خوێندنگەکانی سەرتاسەری وڵات نێردراوە، لە سەر ئەوە پێ داگیراوەتەوە کە ئەو دەرسە دەبێ بە شێوەی رەسمی لە تەنیشت دەرسەکانی دیکە بخوێندرێ و ئیمتحانی لە سەر وەربگیردرێ و لە دەرچوون یا رەتبوونەوەی قوتابییان دا دەبێ کاریگەریی خۆی هەبێ و لە تەنیشت هەموو کتێبە دەرسییەکانی وەک شیمی و ریازی و فارسی و علووم دا دەبێ حەوتووانە چەند جەلەسەی کلاسی بۆ تەرخان بکرێ.

وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی کۆماری ئیسلامی رایگەیاندوە کە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو گەڵاڵەیە بۆ هەر قوتابخانەیەک دوو کەس وەک راهێنەر و مامۆستای تایبەت بەو دەرسانە لە بەرچاو گیراوە.

ئەو بەرنامەرێژییانە لە کوردستان بە مەبەستی تایبەتیتر و بە شێوەیەکی سیستماتیکی تر بەرێوە دەچن.

حەوتووی پێشوو خوسرەو ساکی، بەرپرسی ئیدارەی پەروەردە و فێرکردنی پارێزگای کوردستان ئاشکرای کرد کە لە سەرەتای رەزبەری ئەمساڵەوە بەرنامەیان بۆ کردنەوەی ٢٠٩ قوتابخانەی فێرکردنی بنەما ئایینییەکان لە هەموو شارەکانی پارێزگای سنە دارشتوە و هەر کام لەم قوتابخانە و فێرگە تایبەتییانە ١٢٠٠ قوتابی لە خۆ دەگرن و ئەو قوتابییانە لەو ناوەندانەدا لە بواری زانستە ئاینییەکان و بنەما پەروەردەییەکانی کۆماری ئیسلامی دا رادەهێندرێن و پەروەردە دەکرێن.

ئەوەی کە ئەمرۆکە گرینگترین ئامانج بۆ کاربەدەستانی رێژیم لە هەمبەری پرسی پەروەردە لە ئێراندا ئەوەیە کە چۆن مێشکی منداڵان و مێرمنداڵان بشۆنەوە، چۆنیان دەستەمۆ بکەن، چۆنیان بەرێنوێنی و پرەنسیپە ئیدیۆلۆژیەکانیان پەروەردە بکەن تا لە کاتی پێویست دا وەک سوپایەکی شوێنکەوتووی گوێڕایەڵ لە پێناو ئامانج و بەرژەوەندیەکانیان دا بەکاریان بێنن، شتێکی تازە نیە.

کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ٣٠ ساڵە کە بە دامەزراندنی رێکخراوەکانی بە ناو "امر بە معروف و نهی از منکر" و "امور تربیتی" و "بسیج دانش آموزی" و لە رێگەی شێوازەکانی هاندان، تۆقاندن و کەسایەتی پێدانی درۆیین و لە بەردەست دانانی ئیمکاناتی تایبەت بۆ قوتابیانی بەسیجی هەوڵی راکێشانی منداڵان و مێرمنداڵان و بە کارهێنانی ئەوان لە پێناو ئامانجە سیاسی و نیزامییەکانی خۆیان دەدەن.

بانگەشەکانی شەهادەتخوازی، دژایەتیکردنی رۆژئاوا بە تایبەت ئامریکا و ئیسرائیل، خراپ و نیگەتیڤ

شیکردنەوەی چەمکەکانی دێموکراسیخوازی، ئازادیخوازی و لە مێشک ئاخنینی ئەفسانە دوور لە راستی‌یە ئایینییەکان و نیشاندانی نیزامی کۆماری ئیسلامی بە ئیرادەی خودا و ئەوەی کە رێبەرانی رێژیم و ویلایەتی فەقیە نوێنەرایەتیی ئیمامی زەمان دەکەن، لەو وانە سەرەکی‌یانەن کە لە ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵی رابردوودا هەر دەم ئامانجدارانە پلانی نوێ نوێیان بۆ دادەرێژرێ.

بەڵام ئەوەی کە بۆ بەرنامە پەروەردەییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بارهێنانی نەوەی نوێی گویڕایەڵ سەرکەوتوو نەبوە و بۆ وەزارەتی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی کە داخراوترین بنیاتی کۆماری ئیسلامی بووە، نەیتوانیوە ئاکامی دڵخواز لەو پلانرێژی و سەرمایە گوزارییانە هەڵ بگرێتەوە، بۆ ناس نەکردنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و بێ متمانەیی و نامۆ بوونی ئەو پەروەدە ئیدۆلۆژیکییانە لە سەردەمی نوێ دا دەگەڕێتەوە.

هەر بۆیەش نە گۆڕینی نێوەرۆکی کتێبە دەرسییەکان و، نە بەهێزترکردن و پەرەپێدانی ناوەندە سیاسی نیزامییەکانی وەک بەسیجی قوتابیان و خوێندکاری لە قوتابخانە و زانکۆکان و، نە دەرکردن و بە زۆری بازخەرید کردنی مامۆستایانی زانکۆ و، نە جیا کردنەوە خوێندکاران لە سەر بنەمای رەگەزی ناتوانێ ئوتوریتە و دەسەڵاتی تاوێنەری کۆماری ئیسلامی بە سەر خوێندنگە و زانکۆکان دا زاڵ و بەهێز بێڵێتەوە و بەر بە کڵپەی نارەزایەتیی گشتیی خەڵکی ئێران و لە نێو ئەوان دا رۆڵی کاریگەری قوتابیان و خوێندکاران بگرێ.

رێکەوت: خەرمانانی ١٣٨٩ - ئاگۆستی ٢٠١٠

## پێگەی "دادگای ویژەی رووحانییەت" لە نێو مامۆستایانی ئایینیی سوننە لە ئێران دا

دادگای تایبەتیی پیاوانی ئایینی کە بە "دادگای ویژەی رووحانیەت" دەناسرێ، یەکێک لە یەکەمین ئۆرگانەکانی سەر بە دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی-یە کە لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی-دا بە بڕیاری ئایەتوڵڵا خومەینی دامەزرا.

ڕەخنەگران لەو دەزگایە دەڵێن کە ئەو دادگایە ئۆرگانێکی ناقانوونیەو تەنیا بۆ کۆنترۆڵکردنی مەلاکانی ئێران و بەرگرتن لە بزۆزی و چالاکیی سیاسیی ئەوان دژی کۆماری ئیسلامی دامەزراوە.

ئەو دادگایە تا ئێستا زۆر مەلای ڕەخنەگری حکوومەتی وەک ئایەتوڵلا شەریعەتمەداری، مونتەزیری، عەبدوڵلا نووری و موحسێن کەدیوەرو دەیان مەلای دیکەی ئێرانی دادگایی کردووە لەو نێوەدا مەلاکانی سوونیش وەک مامۆستا مەولەوی عەبدولحەمید، پێشنوێژی شاری زاهیدان و مامۆستا حەسەن ئەمینی، حاکمی شەرعی کوردستان لە لایەن ئەو دادگایەوە بانگ کراون و مەحکووم کراون.

دادگای تایبەتیی زانایانی ئیسلامی یان هەمان دادگای رووحانیەت لە لایەن زۆر لە زانایانی ئیسلامیی شیعە و زانایانی ئایینی سوونیشەوە چۆتە ژێر پرسیارو دژایەتیی بەردەوامی کاری ئەو دادگایە دەکری.

ئەو دادگایە تا ئێستا لە ١٠ شاری ئێران لقی هەیە، بەلام لە هیچ کام لە شارو ناچەکانی سووننی-نشین لقی تایبەتیی نیەو ئەگەر مەلاو پیاوانی ئایینی سووننی گومانێکیان بخرێتە سەر، ئەوا بۆ دادگاکانی شارەکانی دیکەی ئێران بانگ دەکرێن.

ئەو دادگایە لە روانگەی سووننی مەزهەبەکانەوە هیچ پێگەیەکی شەرعی و یاسایی نیە. حەسەن ئەمینی، حاکمی شەرعی شاری سنە کە بۆ خۆی تا ئێستا چەند جار بۆ دادگای تایبەتیی شاری مەشهەد بانگ کراوە، لەو بارەوە دەڵێ کە لە روانگەی ئیسلامەوە دادگای جۆراوجۆر مانای نیەو پێغەمبەری ئیسلامیش لە بەرامبەر یاساو قانووندا جیاوازیی لەگەڵ کەسێکی دیکە نەبوە، جا مادام ئەو جیاوازییە لە نێوان کەسەکاندا نەبێ، کەواتە دادگای جیاواز دەتوانێ چ مانایەکی هەبێ؟

بۆ دەبێ لە دادگای رووحانیەتدا عەیب و کەمایەسی و تاوان و لادانەکانی مەلاکان پەردەپۆش بکرێن و کەسێک کە مەلا نیەو هاووڵاتییەکی دیکەی ئەو وڵاتەیە، دەبێ بە سووکایەتی پێکردن دادگایی بکرێ.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئاخۆ ئەو دادگایە سەلاحییەتی ئەوەی هەیە کە مەلایەکی سووننی دادگایی بکاو حوکمی لەسەر دەربکا؟

زانایانی سوونی لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئەگەر بڕیار ئەوە بێ کە مەلایەک لەسەر لادانی مەزهەبی دادگایی بکرێ، دەبێ بە پێی ڕێوشوێنە مەزهەبی-یەکانی خۆی دادگایی بکرێ. ئەو زانایانە ئەو پرسیارە دەکەن کە چۆن دەبێ مەلایەکی شیعە لەسەر پرسە ئایینیەکان مەلایەکی سوونی دادگایی بکا، لە حاڵێکدا جیاوازیی زۆر لە خوێندنەوە ئایینییەکان لە نێوان شیعەکان و سوونەکاندا هەیە. جیا لەوەش بۆ دەبێ تەنانەت ئەو دادگایە لە سنەو بۆکان را بۆ دادگایی کردن بچێتە شاری مەشهەد.

مامۆستایان عەبدلحەمید حەسەن ئەمینی ئەوە بە سووکایەتی یەکی گەورە دەرهەق بە زانایانی ئایینی سوونی دەزانن.

زانایانی ئیسلامی ئەهلی سووننەت دەڵێن کە دادگای روحانیەت دادگایەکی سیاسی . مەزهەبییەو هیچ قازانجێکی بۆ مەلاکانی سوونی نەبوە. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە لەسەردەمی پێغیمبەرو خولەفای راشدینیشدا دادگای جیاواز بۆ کەسانی جیاواز نەبوە. بەڵام ئەگەر قەرارە ئیوە وەک ئەمرێکی واقیع بەسەر مەلایانی سوونیدا بسەپێ، پێویستە ئەو دادگایانە لە ناوچە سوونی نشینەکانیشدا هەبی و قازی و بڕیاردەری حوکمەکانیش دەبێ هەر لە نێو زانایانی سوونیدا هەڵ بپەردرێ، شتێک کە هەتا ئێستا لە لایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییەوە بێوەڵام ماوەتەوە.

---

## قاچاغی کچان و ژنانی ئێرانی و بۆمبێک لە چاوەڕوانیی تەقینەوەدا

هەڵلا و هەنگامە سیاسییەکانی ئێستای ئێران وای کردوە کە کۆمەڵێک کێشەی کۆمەلایەتیی هەستیاری ئێستای کۆمەڵگای ئێران کەمتر بخرێنە بەر باس و بە تێپەڕین لەو کێشانە هەل و دەرفەتی خەسارناسی و پلانرێژی بۆ چارەسەر کردنیشیان یا بە تەواوی لە بیر بکرێ، یان دەنا وەدوا بخرێ.

راستییەکانی پێوەندیدار بە قاچاغی ژنان و کچانی ئێرانی بۆ وڵاتە شێخ نشینەکانی دراوسێی ئێران و تەنانەی وڵاتانی ئورووپا تاڵتر لەوەن کە تەنیا وەک یەکێک لە دیاردەکانی بەرهەمی دەسەڵاتدارەتیی نەشیاو و دژە

گەلییانەی کۆماری ئیسلامی باسی لێ بکرێ و بە ئاسانی هەموو ئاکام و خەسارەکانی ئەو دیاردەیە بخرێتە پشت گوێ و باسی لی نەکرێ.

ئەوڕۆکە قاچاغی کچان و ژنان و منداڵان بە مەبەستی بازرگانیی پۆرنۆ پڕ داهاتترین پیشە لە دنیا دا دوای قاچاغی چەکوچۆڵ و مادهدە هۆشبەرەکانە ، کە ئەو قازانجە زۆرە مادییانە بە قیمەتی زیان و شکانی کەسایەتیی رووحی و مەعنەویی کچان و ژنان ، کە بە هۆکاری جۆراوجۆر کەوتوونەتە داوی ئەو باندانەوە، دەڕژێتە گیرفانی مافیاکانی قاچاغی کچان و ژنانەوە.

ئاکامی زۆر لێکۆڵینەوە لە پێوەندی لە گەڵ ئەو دیاردەیەدا دەری خستوە کە ئەو کچانەی وا بە هەر هۆکارێک لە ماڵی بابیان را دەکەن، باشترین نێچیر بۆ مافیاکانی مازرگانیی سێکسن.

تویژەرانی کۆمەڵایەتی دوو کۆمەڵە هۆکاری ئاشکرا و نادیار بۆ پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە لە ئێران دا پۆلێن دەکەن.

بەشیکی زۆر لە ژنان و کچان کە عەوداڵی ژیانی خەیاڵی و وەدستهێنانی داهاتی زۆرتر لەوەن کە دەستیان دەکەوێ، لە گەڵ پێکرانی پێشنیاری کاری باش و پر داهات هەڵ دەخەلەتێن و دوای کەوتنە داوی باندەکانی قاچاغی ژنان زوو بە زوو ناچار بە لەشفرۆشی دەبن.

هۆکارە نادیارەکانیش ریشەیان لە کۆمەڵە بەستێنێکی وەک موعتاد بوونی دایک و باوک یان تەنانەت خودی کەسەکە، پەرەسەندنی هەژاری لە کۆمەڵگا و نەبوونی دەرفەتەکانی پەروەردەیی بۆ ژنان دایە کە بواری لەبار بۆ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەو دیارەیەیان لە ئێران دا خۆش کردوە.

ئەوەندەش کە بۆ بەرپرسیارەتی و ئەرکی ناوەندە حکومییەکانی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە ئەوەیە کە هیچ چەشنە رێوشوێن و بنەمایەکی یاسایی بۆ بەرگرتن لەو کێشانە بوونیان نیە و تەنانەت زۆر جار باس لەوە دەکرێ کە دەوڵەت بۆ خۆی لە رێگەی کارئاسانی کردن بۆ بازرگانان و قاچاغچییەکانی ئەو بازاڕە پشکدار و، یەکێک لەو لایەنانەیە کە قازانجی زۆری لە بازرگانی کردن بە کچان و ژنانی ئێرانی پێ دەبرێ.

ئەوەی مەبەستی سەرەکیی ئەو نووسینەشە ئەوە نیە کە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چۆن دەتوانێ بە پەرەپێدان بە هاوکاریی چەند لایەنەی دەوڵەتان بەرەنگاری ئەو دیاردەیە بێتەوە و رووبەری زیانەکانی ئەو بازرگانییە لە سەر ئەمنیەتی کۆمەڵایەتیی خەڵک کەم بکاتەوە، بەڵکوو مەبەست ورد بوونەوەیەکی جیددی لە هۆکارە بنەڕەتییەکان و هەست کردن بە کۆمەڵیک حەقیقەتی تاڵی پێوەندیدار بەو دیاردەیەیە.

ئاکامی دوایین لێکۆڵینەوەیەک کە بنیاتێکی کۆمەڵناسیی ئێران لە دەرەوەی وڵات لە سەر بنەمای کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر زاری ئەو کچان و ژنانەی خۆویستانە بەشدارییان لەو توێژینەوەیەدا کردوە، قووڵایی بەشیک لەو کارەساتەی زۆر بە جوانی وێنا کردوە.

ئەوەی لەو لێکۆڵینەوەیەدا دەرکەوتوە ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو کچان و ژنانە لە ئێران را بۆ وڵاتانی پاکستان، وڵاتانی شیخ نشینی عەرەبی و ئامریکا و ئورووپا دەنێردرێن.

بەشی زۆربەی ئەو کچان و ژنانەی بازرگانیی پۆرنۆیان پێ دەکرێ، لەماڵەوە رایان کردوە و هۆکاری راکردنەکانیش جیاوازن. بە پێی ئەو زانیارییانەی کە بەشێک لەو کچان و ژنانە خۆیان درکاندوویانە، نیزیک بە ٦% ی ئەوان بە هۆی نەحاوانەوە لە گەڵ دایک و باوک لە ماڵی رایان کردوە. نیزیک بە ١٦% یش ئێعترافیان کردوە کە لە لایەن کەسانی نیزیک لە خۆیان هەڵ خەڵەتێندراون ١٥% ی ئەو کەسانەش نەبوونی ئاسایش و ئەمنیەت لە کەشی خێزانەکانیان بە هۆکاری راکردن لە بنەماڵەکانیان باس کردوە.

١٢% ی ئەو کەسانەش تەلاق و جیابوونەوە لە مێرد و سەرنەکەوتن لە ژیانی هاوبەشیان وەک هۆکاری روو تێکردن لەو پیشەیە باس کردوە و ١٥% ی ئەو کەسانەش بارودۆخی نالەباری ئابووریی وڵاتیان وەک هۆکاری جێهێشتنی ئێران بە تەمای دەسکەوتنی داهات و ژیانێکی خۆشتر لە قەڵەم داوە.

هەروەها دەرکەوتوە کە بەشی هەرە زۆری ئەو کچان و ژنانە بەر لە پەیوەستبوونیان بە گرووپ و مافیاکانی قاچاغی ژنان لە گەڵ ئەوەی پێشتر لە ماڵی خۆیان رایان کردوە، تووشی کۆمەڵیک تاوانکاریی دیکەی کۆمەڵایەتیی وەک هەڵگرتن و هێنان و بردن و فرۆشی مادە هۆشبەرەکان و دزی و ... بوون.

نێونجی تەمەنیی ئەو کەسانەش جێی سەرنج و وردبوونەوەن.

٧١% ی ئەو كەسانە تەمەنیان لە نێوان ١٤ تا ١٦ ساڵ دایە. ئەو قۆناغە تەمەنییە هەستیارە بواری ئەوەی بە باندەكانی مافیا داوە كە ئاسانتر ئەو كەسانە هەڵ خەڵەتێنن و لە داویان بخەن. ١٥% ی دیكەش لەو كچان و ژنانە نێونچی تەمەنیان لە نێوان ١٧ تا ٢٠ ساڵ دایە و ٥% ی دیكەی ئەو كچان و ژنانە تەمەنیان سەروو ٢٠ ساڵ بوە.

بە سەرنجدان بەوەی كە بەشیكی زۆری ئەو كچان و ژنانە نەخوازراو دەكەونە نێو داوی باندەكانی قاچاغی ژنان و بە جۆرێك لە جۆران هەڵ دەخەڵەتیندرێن، ئاماژە بە چەند رێگە و شێوازێكی هەڵ خەڵەتاندن و لە خشتە بردن و هاندانیان بۆ راكردن لە ماڵ و ملدان بە داوای سەرۆك باندەكان بۆ بازرگانیی سێكسی جێی سەرنجە.

بەشێك لەو كچانە بە هیوای دەسكەوتنی كاری گونجاو و پڕ داهات و بەشێكیش بە هیوای دەسكەوتنی هەلومەرجی دلخواز بۆ پێكەوەنانی ژیانی هاوبەش و لە سەر ویست و داوای خۆیان پەلكێشی ئەو باند و گرووپە قاچاغانە دەبن. بەشێك لەو كەسانەش رفێندراون و دوای ئەوەی ئەتك كراون، دەمكوت و بێدەنگ و ناچار بە ملدان بە سەر دۆخی داسەپاو دا كراون.

ئیعتیاد بە مادە هۆشبەرەكان و نەخۆشیی ئایدز و نەخۆشینە " مقاربتی" یەكان بەشێك لەو دەرەنجامانەیە كە دەبێ ئەو كچان و ژنانە چاوەڕوانیان بكەن. ئاكامی ئەو لێكۆڵینەوەیە دەری خستوە كە نیزیك بە ٦٠% ی ئەو كەسانە تەواو موعتاد بە مادە هۆشبەرەكانن و ٣١% یشیان موعتاد بە كیشانی سیگارن.

ئەو لیكۆڵینەوەیە لە سەر نرخی بە كرێدانی ئەو كەسانەش چەند زانیارییەكی بڵاو كردۆتەوە.

كرێی ئەو كچ و ژنانە، بە تایبەت جوان و جحێڵەكان بۆ شێخە عەرەبەكان ٢٥٠ هەزار تمەن لە شەو و رۆژێك دا و ٥ تا ١٠ هەزارتمەنیش بۆ كرێكارانی پاكستانی و هیندییە.

رێكەوت: ڕەزبەری ١٣٨٩ - سێپتەمبەری ٢٠١٠

## سەربەخۆیی مافی بێ ئەولاوئەولای کوردە

**کاوە ئاهەنگەری، نوێنەری حدک بۆ کاروباری یەکیەتیی ئورووپا: هاوبەشی مێژووی چەندە هزارسالە ناتوانێ دەلیلێک بێت بۆ پێکەوە ژیانی هەتا هەتایی نەتەوەکانی ئێرانی.**

باسێکی گرینگی دانیشتن و دیالۆگی نێوان حیزب و لایەنەسیاسییەکانی ئێران و کوردستان لە ئێستا دا باس کردن لەجۆری سیستم و نیزامی حکوومەتیی ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی، یان ئالتێرناتیوی کۆماری ئیسلامی لەئەگەری رووودانی ئاڵۆگۆڕی بنەڕەتی لە ئێران دایە. نیزیک بە تەواوی حیزبە کوردستانییەکان و زۆر یەک لە حیزب و رێکخراوەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش فدرالیسم و نیزامی فدراتیو بەباشترین جۆری سیستم بۆ بەڕێوەبردنی ئێران دەزانن، بەلام لەبەرامبەریش دا نەیارانی فدرالیسم و ناوەندگەراکان نیزامێکی دێموکراتیک لە سەر بنەمای مافی هاووڵاتیبوون بۆ ئێرانی داهاتوو وێنا دەکەن کە تێیدا لە سەر ئەساسی مافی وەک یەک کۆتایی بە سیاسەتی هەلاواردن و جیاوزیدانان بێ و بەشداریی سیاسی بۆ بەرێوەبەریی وڵات بۆ هەمووان وەک یەک کراوە بێ. بەلام ئەوەی کوردەکان پێی لە سەر دادەگرن و ناوەندگەراکان حاشای لێ دەکەن فرەنەتەوەبوونی ئێران و بوونی کێشەی نەتەوەیی و رابردووی ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی لە ئێران بووە.

لەو پیوەندییەد « کوردستان» سەرنج و بوچوونی کاوەئاهەنگەری، نوێنەری حدک بۆ کاروباری یەکیەتیی ئورووپای وەرگرتوە.

**کاک کاوە با ئەو پرسیارە بکەینە دەروازەی باسەکەمان کە ئەساسەن بۆچی فدرالیسم؟ زەروورەتی ئەم سیستەمە بۆ بەرێوەبەریی ئێران لە چی دایە؟**

بۆ پێداچوونەوە بە بنەمای فکری و لۆژیکی پێویستی بە فدرالیسم لە ئێراندا، من کەڵک لە بیروکەیەکی ئیمیل دورکهایم، کۆمەڵناسی بەناوبانگی فەڕانسەوی وەردەگرم کە لەوێدا کۆمەڵگە بەسەر دوو چەشن دا دابەش دەکات. یەکیان کۆمەڵگای مکانیکییە کە هەمان کۆمەڵگای نەریتییە. بەرچاوترین تایبەتمەندی کۆمەڵگای نەریتی، وەک

یەکچوونە، بە واتایەکی دیکە ئەندامانی کۆمەڵگەی مکانیکی جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ یەک نیە. بەڵام لە بەرانبەردا کۆمەڵگای ئۆرگانیک هەیە کە بە پێچەوانەی چەشنی یەکەم زەقترین تایبەتمەندیی ئەو کۆمەڵگایە وەک یەک نەچوونە. دورکهایم بۆ ئەم چەشنە کۆمەڵگایە نموونەی مرۆڤ دێنێتەو کە ئەندامەکانی جەستەی لەگەڵ ئەوەی کە لە شێوەو کارکرد (Function) و چۆنیەتیی خۆیاندا لێک جیاوازن و هەرکام سەربەخۆیی کارکردی و چەندایەتی و چلۆنایەتی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام لە نەهایەتدا هەموو ئەندامەکان بۆ وەگەڕ خستنی پەیکەرێکی گشتی بە ناوی جەستەی مرۆڤ کار دەکەن. بە یارمەتی وەرگرتن لەم مۆدێلە و بە لەبەر چاوگرتنی پێکهاتەی ئێران- پێم وایە جیاوازییەکان لە باری زمانی، ئایینی، کولتوری و داب و نەریت و تەنانەت ئاو و هەوای جۆراوجورەوە ئەوەندە بەرچاون کە کەس ناتوانێ نکۆڵی لێ بکات- باشترین مۆدێلی سیاسی بۆ ئیدارەی ئێران، مۆدێلی ئورگانیکی یە.

**کاک کاوە بەرەی لایەنگرانی فدرالیسم دیارن، کەزۆربەیان نەتەوە بندەستەکانی بن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیین. بەڵام نەیارانی فدرالیسم کێن و قورساییان لەهاوکێشەسیاسییەکانی ئێستای ئێران دا چەندەیە؟**

دەکرێ بە سانایی نەیارانی فدرالیسم بۆ داهاتووی ئێران دەستنیشان بکەین، بەڵام دابینکردنی قورسایی و تواناییان بۆ دابینکردنی فۆرمی سیاسی داهاتووی ئێران کەمێک دژوارە، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە هیچ هەڵبژاردنێکی ئازاد لە ئارادا نیە کە وەک پێوانەیەک چاوی لێ بکەین و بیکەین بە بنەمایەک بۆ قەزاوەتکردن. بە باوەڕی من بە لەبەرچاوگرتنی زەمان و ئاڵۆگۆڕەکانی ناوخۆی ئێران بە تایبەت بە دوای هەڵبژاردنی دەوری دەیەمی سەرکۆماری و پاشهاتەکانی، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گۆڕانکاری لە ئێراق، ئەفغانستان و بەرزبوونەوەی ئەگەر گۆڕانی هێمنانە و بێ توند و تیژی لە تورکیە و هەروەها گۆرانکاری لە ئاستی جیهاندا بەتایبەت دیاردەی بە جیهانیبوون لە بواری جۆراوجۆردا، وێڕای پێداگری بزووتنەوە نەتەوەییەکانی نێو ئێران، شانسێکی ئەوتۆ بۆ مانەوەی سانترالیزم و ناوەند گەرایی بەو شێوەیەی ئێستاکە و پێشوو لە ئارادا نەمێنێت. بۆیە دەتوانم بڵێم کە هەتا دێ یارانی فدرالیزم لە نێو ئێرانییەکان دا زیاتر دەبێ و نەیارانی فدراڵیزم کەمتر و کاڵتر و زەقتر دەبنەوە.

**ناوەندگەراکان بۆ پاساودانی سیاسەتەکانیان باس لەکۆمەڵێک» هاوبەشیی مێژوویی، کلتووری و تێکەڵاویی رەگەزی و سیاسی» ی نەتەوەکانی ئێران دەکەن کەگوایە مێژووی چەند هەزار ساڵەی ئێرانی لێ کەوتۆتەوەو «**

**قەوم»ەکانی ئێرانی لەدەوری تەوەرێک بەناوی ئێران کۆ کردۆتەوە. خوێندنەوەی ئێوەبۆ ئەو تەوجیهانە چیە؟ ئەو هاوبەشییانە کە ئەوان باسی دەکەن چەندە لە خزمەتی نەتەوەکانی ئێرانی دا بووە؟؟ ئایا هەر لەبنەڕەت دا بوونی ئەو هاوبەشییانە لە مێژووی پێکەوەژیانی نەتەوەکانی ئێرانی دا دژایەتیی لەگەڵ مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسینی ئەو نەتەوانە هەیە؟**

هاوبەشی مێژووی چەندە هزارساڵە ناتوانێ دەلیلێک بێت بۆ پێکەوە ژیانی هەتا هەتایی، نموونەی لەم جۆرەش لە دنیادا زۆرە و زەقترین بەڵگەش زیادکردنی ژمارەی دەوڵەتانی سەربەخۆ لە سەد ساڵی رابردوودایە، بە واتایەکی دیکە زۆربەی ئەم وڵاتانە مێژوویەکی پێکەوە ژیانی دوور و درێژیان هەبووە و لێکیش جیا بوونەتەوە. بەڵام ئەم ئیدەعایە لایەنێکی دیکەش دەگەیەنێ ئەویش بەو مانایە کە ئەم بەناو قەومانە هێندە تێکەڵ بەیەکتر بوون کە ئیتر کەس بنەما و ریشەی کولتوری خۆی ناناسێتەوە و لە راستیدا ئێستا لە ئێران دا یەک کولتور و یەک نەتەوە زیاتر نیەو ئەویش ئێرانییە. بەڵام ئەوەندەی من ئاگادار بم، لە ئێراندا کورد زۆر بە سانایی خۆی لە عەرەب بە جیا دەزانێ و تورکی ئازەربایجانیش خۆی بە فارس پێناسە ناکات و ئەوانی دیکەش هەر بەم شێوەیە. لە لایەکی دیکەوە تێکەڵاوی فامیلی لە رێگای زەماوەندەوە لە وڵاتانی ئورووپائییش هەیە، ئەساسەن جیاوازی ئیتنیکی و ئایینی و کولتوری نێوان ئالمانی و هوڵەندی زۆر کەمترە لە هی نێوان فارس و عەرەب یان تورک، بەڵام هەردووک نەتەوە خاوەن دوو دەوڵەتی سەربەخۆن. سەبارەت بە بەشی کۆتایی پرسیارەکەش دەبێ بلێم کە قەوارەی «بوون» وەک نەتەوە بوون یان قەوم بوون یان تەنانەت عەشیرەبوون هیچ پێوەندییەکی بە مافە سەرەتاییەکانەوە نیە، بە پێی جاڕنامەی مافی مرۆڤ هەرکەس بۆی هەیە بە زمانی زکماکی خۆی بخوێنێ، پەرە بە کولتوور و داب و نەریتی خۆی بدات، ئازادی ئایین و باوەڕی هەبێ و...هتد، ئەمانە پێوەندیی بەوە نیە کە ئایا کورد لە قالبی نەتەوەدا پێناسە دەکرێ یان هۆز. نەتەوە لە جیهاندا هەن کەمتر لە میلیونێک حەشیمەتن و دەوڵەتی سەربەخۆشیان هەیە. بۆیە پێم وابێ ئەم شێوە دەربڕینانە تەنیا خۆ دزینەوە لە هەندێک شت وەک دابەشکردنی دەسەڵات، دانپێدانان بە چەند نەتەوە بوونی ئێران و... کە ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر هەندێک هۆکاری وەک: مەزنیخوازی، نائاگایی و نەناسینی نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێران و درووستکردنی هێندێک ترسی مەجازی و پێناسە نەکردنی ئێران ئەم جۆرەی کە هەیە.

**ناوەندگەراکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی لە دژایەتیی دێسانتارلیزەکردنی ئێراندا، بەکردەوە ئەوانی خستۆتە یەک بەرەوە. چی وای کردوە کە ئەو دوو هێزە یان کۆمەڵە هێزانە کە بۆ**

**خۆیان دژبەری یەکترین، ئەگەر نەڵێین هاوپەیمان ئاوا هاوهەڵویست و هاوبۆچوون بن؟**

پێم وابێ هۆکاری سەرەکیی ئەم هاوپەیمانەتییە، لە شێوەی بیرکردنەوەیان و جیهانبینیی ئەوان دا بێت، ئەویش موتلەقگەرایی، مەزنی خوازییەو چۆنێتی روانین بۆ ئێرانە. لە روانگەی ناوەندگەرایەک کورد هیچ مافێکی بەسەر چارەنووسی سیاسی خۆیدا نیە. بە واتایەکی دیکە نە تەنیا کورد ناتوانێ باس لە چۆنێتی فۆرمی سیاسی بۆ ئیدارەی داهاتووی ئێران بکات، بەڵکوو ناتوانێ هیچ بڕیارێک لەسەر چارەنووسی کوردستانیش بدا، بەڵام بە پێچەوانە، ئەوان نە تەنیا ئیزن بە خۆیان دەدەن داواکانی گەلی کورد بە بیانووی جۆراوجۆرەوە ئینکار بکەن یان بە لارێیاندا ببەن، بەڵکوو نووسخە بۆ چارەنووسی هەموو ئێرانیش دەپێچنەوە بە بێ ئەوەی کە ئاورێک لە ویستی زۆرینەی پێکهاتەی ئێران بدەنەوە کە غەیرە فارسن. هەربۆیە ئەوان کورد و نەتەوەکانی دیکە بە حەقداری چارەنووسی سیاسیی ئێران نازانن بەڵام خۆیان خاوەنی شەشدانگی ئێرانن. ئەوان دەترسن کە یەک هەنگاو پاشەکشە و ئیعتراف بە فرەنەتەوە بوونی ئێران، ئەوان لە خاوەنێتیی ئێران دوور بکاتەوە.

**ئەگەر ئەو ترسە، ترسی سەربەخۆیی نەتەوەکانی ئێران بێ، خۆ لەگەڵ ئەوەی کە تا ئێستا هیچ کام لە نەتەوەکانی ئێرانی داوای سەربەخۆییان نەکردوە، بەڵام ئاخۆ سەربەخۆیی نەتەوەیەک تاوان و دژ بەماف و پرەنسیپە جیهانگیرەکانە؟؟ یان پێتان وایە کە جۆرێک هەڵە تێگەیشتن لە نێوان ئەو دوو بەرەیەدا هەیە؟**

وەڵام: بۆ راستکردنەوەی بەشی یەکەمی پرسیارەکەتان ، دەبێ بڵێم جەریان و رێکخراوی سەربەخۆییخوازی سەر بە نەتەوەکانی نێو ئێران - بێجگەلە فارس زمانەکان- هەن، بەڵام لەوانەیە حیزب و جەریانی سەرەکی و لە مێژینەی نێو نەتەوەکانی ئێرانی و یەک لەوان کورد نەبن. بە باوەڕی من ئەگەر رۆژێک لە رۆژان بە چاوەدێری نێودەوڵەتی و حزووری نوێنەران و چاوەدێرانی سەلاحیەتدار، راپرسییەکی گشتی لە کوردستان بەڕێوەبچێت و زۆرینەی خەڵکی کورد دەنگ بە سەربەخۆیی بدات، ئەوە ئەرکی هەموو دەوڵەت و رێکخراو و تاکێکی دێموکرات و ئازادیخوازە کە پشتیوانی لەم داوا دێموکراتیک و ئینسانییەی گەلی کورد لە ئێران دا بکات. بەڵام سەربەخۆیی کوردستان و ئیدارەی ئێران بەو پێکهاتە جۆراجۆرەیەوە دوو باسی تەواو لێک جیاوازن. ئەوەی کە ئێستا جێی باسە چۆنیەتیی ئیدارەکردنی ئێرانی ئێستاکە بەبوونی چەند نەتەوەی جیاوازەوە، کە لەگەڵ کوردستانێکی سەربەخۆ دوو باسن لە دوو بەستەری زەمانی و مەکانیی لێک جیاوازدا. بەڵام کێشەی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە لە لایەن بەشێک لە ئۆپۆزیسیونی ناوەندگەراوە هەندێک پرێنسیپ لەبەرچاو ناگیردرێ. بۆ لێک تێگەیشتن و ئیحتمالەن پێکگەیشتنی

دوو تاک یان حیزب، نەتەوە یان دەوڵەت، پێویستیمان بە ئامراز و شەرتێک هەیە؛ ئامرازەکە بوونی دیالۆگ و گفتوگۆیە. کە ئەم گرینگە لە نێو ئۆپوزیسیونی ئێرانیدا بە شێوەیەکی جیددی و بەرفراوان لە ئارادا نیە. تازە ئەگەر دەستیش پێ بکات دەبێ شەرتێک بە تەواوی رەچاو بکرێ و ئەویش ئەوەی کە لایەنەکان حەد و حدوودی خۆیان بزانن و حەق و حقووقی لایەنی بەرامبەریشیان بناسن. دەنا دیالۆگیش یان بە ئامانج ناگات یان بە لاڕێدا دەڕوات.

**بیانووی ناوەندگەراکان بۆ رەد کردنەوەی فدرالیزم زۆرە. نەیارانی فدرالیسم لە دەرەوە ئیدیعای ئەوە دەکەن کە لازمەی فدرالیسم ئەوەیە کە وڵات لە پێش دا تەجزیەو لەت و پەت ببێ و دوایە دەوڵەتە نوێ و تازە دامەزراوەکان ئەگەر ویستیان نیزامێکی فدڕالی پیک بێنن. ئایا لەنێو هەموو ئەو وڵاتانەی کە ئێستا بەشێوەی فدڕاڵی بەرێوە دەچن ، نموونەی ئەو ئیدیعایە بینراوە کە لە پێش دا لەت و کوت بووبێتن و دوایەیەکیان گرتبێتەوە؟**

من پێموایە کە ئەم ئیدەعایە تەنیا لە نەناسینی فدرالیسم و لاوازبوونی باری زانستییەوە سەرچاوە دەگرێت و یەگرتنی ئارەزوومەندانەی دەوڵەتانی سەربەخۆ شتێکی دیکەیە.

**نەیارانی فدرالیسم هەروەها ئیدیعا دەکەن کە فدرالیتە بوونی ئێران لاواز بوونی ئێرانی لێ دەکەوێتەوە بەجۆرێک کە وڵاتانی نادیموکراتیکی دەوروبەری تەماحی تێدەکەن و هێرشی بۆ دەبەن. ئایا وڵاتانی فدراتیوی ئێستای دنیا، لەرووی یەکیەتیخوازی و نیزامییەوە وڵات گەلێکی لاوازن؟**

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە نزیک بە ٤٠ لەسەدی دەوڵەتانی جیهان بە شێوەی فدراڵی یان چەشنێک لە لامەرکەزی بەرێوەدەچن. کە پێشکەوتووترین، ئازادترین و دێموکراتترین وڵاتانی جیهان لە خۆی دەگرێ.

زۆربەی ئەم وڵاتانە نە تەنیا لاواز نین بەڵکوو بەشێکن لە وڵاتانی بەهێزی جیهان وەک وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، ئوروپای رۆژئاوا و هیند و کانادا و... هتد. سەبارەت بە ئێرانیش پیویستە بڵێم کە لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا کۆماری ئیسلامی بە کردوە هیچ کەڵکێکی لە توانا و پوتانسییەلی فکری و سیاسی و ئینسانیی نەتەوەکانی نێو ئێران، سوونەکان و کەمینە ئایینیەکانی نێو ئێران وەرنەگرتوە، لە لایەکی دیکەشەوە فدرالیزم نە تەنیا بە مانای تەجزیەو لاوازکردنی ئێران نیە، بەڵکوو بە پێچەوانە بە مانای وەگەڕ خستنی ئەم هێز و هزرە

بلۆکە کراوانەی نێو ئێرانە بۆ ئێران، بۆیە بە دامەزراندی سیستەمی فدرالی نە تەنیا ئێران لاواز نابێ دەتوانێ ببێتە نموونەیەکی بەهێز بۆ وڵاتانی دراوسێ و فاکتۆرێکی بەهێز گەشەپێدانی دێموکراسی لە ناوچەدا.

**کاک کاوە ئەساسەن داخوازیی فدرالیسم وەک سیستم و نیزامێک بۆ بەڕیوەبەریی ئێرانی داهاتوو چەندە وەک ئیدەیەک و تەوافقێک چۆتە پیشی و وەک بەربژێریک مەترەحە؟؟ ئایا لایەنگرانی فیدرالیسم توانیویانە گرەوی ئەو ململانێیە ببەنەوە؟؟**

وەکی لە پرسیاری یەکەمیشدا ئاماژەم پێ کرد، ئێستاکە زیاتر لە جاران فدرالیسم بوەتە مژاری باسە سیاسییەکان و بە نسیبەت چەند دەیەی رابردوو تەئییدی فیدرالیزم وەک فۆرمی سیاسی داهاتووی ئیدارەی ئێران، زۆر لایەن دەگریتەوە. بێجگە لە حیزب و رێکخراوەکانی سەر بە نەتەوەکان و زۆربەی ئەحزاب و رێکخراوە چەپ و سێکولارەکان کە خۆیان بە سەراسەری پێناسە دەکەن لە بەرنامەی خۆیاندا فدرالیزم وەک رێکارێکی گونجاو بۆ ئیدارەی داهاتووی ئێران پێناسە دەکەن. سەبارەت بە سەقامگیرکردنی فدرالیزم بە دوای گۆڕان، پێم وایە ئەوە باشترین رێکارە و تەنیا رێگەچارەی کەم کردنەوەی کێشە نەخوازراوەکانە.

## پێناسەی ونی " تاوانی سیاسی" لە نیزامی دادپەروەریی کۆماری ئیسلامی دا

ساڵ نیە کە لە ئێران دا دەیان کەس بە تاوانی سیاسی لە سێدارە نەدرێن، هەزاران کەس بە تاوانی سیاسی نەگیرێن و بە تاوانی چالاکیی سیاسی دادگایی نەگیرێن و تووشی زیندانی درێژماوە نەبنەوە. تاوانی هەموو ئەو کەسانە کە لە سۆنگەی کردەوەکانیان تووشی ئەو سزایانە بوون، لە ئایینی سزادانەکان بە تاوانی سیاسی پێناسە دەکرێن، بەڵام بەو حاڵە ئیستاش کە ئیستایە لە یاساکانی دادوەریی کۆماری ئیسلامی دا تاوانی سیاسی، پێچەوانەی ئەسڵی ١٦٨ ی یاسای بنەڕەتیی وڵاتیش پێناسە نەکراوە.

ئەوەی لەو نێوەدا روونە ئەوەیە کە لە ماوی زیاتر لە ٣٠ ساڵی رابردوودا دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی هەموو تاوانێکی سیاسیی خستۆتە چوارچێوەی ئەمنیەتی و هەوڵدان دژی ئەمنیەتی نیشتمانی وڵات و، بەو بیانووە ئەوەی

پێی خۆش بووە بە سەر چالاکانی سیاسیی وڵاتی هێناوە.

لەو نێوەدا ئەوەی جێی سەرنجی تایبەتە ئەوەیە کە بە هۆی ئەوەی کە تاوانی سیاسی لە ئێران دا پێناسە نەکراوە، زۆر جار بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بەو پەڕی رووهەڵماڵراوییەوە رادەگەیەنن کە تاقە یەک زیندانیی سیاسی لە ئێران دا بوونی نیە.

ئیستا دوای تێپەڕینی زیاتر لە ٣٠ لە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی رادەگەیەنێ کە ئەگەرچی بارودۆخەکەش زۆر بە گونجاو نازانی، بەڵام ئامادەیە لایحەیەک بۆ پێناسە کردنی تاوانی سیاسی ئامادە بکا و بۆ مەجلیسی بنێرێ.

ئەو قسانەی سادق لاریجانی لە حاڵێک دایە کە دەزگای قەزایی ڕێژیم لە ساڵی ٨٧ ی هەتاویش دا لایحەیەکی بۆ ئەو مەبەستە ئامادە و تەنانەت بە پەسندی شووراری بەرزی قەزاییشی گەیاندبوو، بەڵام بەر لەوەی ئەو لایحەیە بدرێ بە مەجلیس بە هۆکاری نادیار نەدرایە مەجلیس.

پێشتریش و لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی ریفۆرمخوازەکان دا مەجلیسی شەشەم تەرحێکی بۆ دارشتن و پێناسە کردنی تاوانی سیاسی و جیاکردنەوەی لە تاوانی ئاسایی و ئەمنیەتی و شێوەی مامەڵە و سزا قانونییەکانی تاوانی سیاسی گەڵاڵە کردبوو. بەڵام شوورای نیگابان وێڕای رەت کردنەوەی ئەو تەرحە رایگەیاندبوو کە ئەو تەرحەی مەجلیس لە ١٨ خاڵ دا پێچەوانەی شەرع و قانوونی ئەساسییە و بۆ مەجلیسی ناردبۆوە. ئەو تەرحە دوای چەند جار هاتوچۆ لە نێوان مەجلیس و شووڕای نیگابان دا نێردرایە کۆری گشتیی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام و لەو کاتەوە تا ئێستا ئەو تەرح و گەڵاڵەیە ئیدی هیچ لایەکی لێ نەکراوەتەوە.

بەڵام لەو نێوەدا کۆمەڵە پرسیارێک دێتە گۆڕێ کە هەوڵدان بۆ وڵامدانەوە بەو پرسیارانە دەتوانێ ئەم باسە بە ئاراستەیەکی دیکەدا بکاتەوە. ئەوەی کە تاوانی سیاسی بە چی دەگوترێ، پێناسەی تاوانی سیاسی چ کاریگەرییەک لە سەر رەوتی پەروەندە سیاسییەکان دادەنێ و لە ئەساس دا چ جیاوازییەک لە نێوان تاوانبارێکی سیاسی لە گەڵ تاوانبارێکی ئاسایی دایە و ئەو ئیمتیاز و پۆئێن و مافانە چین کە زیندانییەکی سیاسی بە پێی یاسا دەبێ هەیبێ و بۆی لە بەرچاو بگیردرێ؟

تاوانی سیاسی لە روانگە و بۆچوونی جیاوازەوە پێناسەی جیاواز و تەنانەت دژ بە یەکیشی لی کراوە، بەڵام لە ئاسانترین تێگەیشتن دا تاوانی سیاسیە بریتییە لە هەر جۆرە رەفتار و کردەوەیەک کە بە مەبەستی رەخنەگرتن لە سیستمی بەریوەبەریی وڵات دژی حاکمییەت دەکرێ و مەبەستی سەرەکیش لەو کردەوە و چالاکییە، بە نارەوا نیشاندان و سەلماندنی لەجێدا نەبوونی رەفتار و بڕیار و رێوشوێنەکانی دەسەڵات و نیزامی بەرێوەبەریی وڵات، ئەویش بە مەبەستی گۆڕانە.

ئەو رەفتار و کردەوانەدا لە نووسینی وتار و بڵاوکردنەوەیان لە میدیا گشتییەکان، کۆڕ و کۆبوونەوە پێکهێنان و وەرێ خستنی خۆپیشاندان و سمینار گرتن دا دەردەکەون و مەبەستی سەرەکیی هەموو ئەو کردارانەش دژایەتی کردنی نیزام و سیستمی بەرێوەبەریی وڵاتە.

هەر بەو پێیەش جیاوازیی تاوانبارێکی سیاسی لە گەڵ تاوانبارێکی ئاسایی لێرەدا دەردەکەوێ کە تاوانباری سیاسی ئارمانجخوازە و لە بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگادایە کە بە ئەنجامدانی کردەوەیەکی ناقانوونی تاوانبار کراوە، بەڵام تاوانبارێکی ئاسایی تەنیا لە بەرژەوەندیی تاکی خۆی دا دەستی بۆ تاوانێک درێژ کردوە. تاوانباری سیاسی بەو بیروباوەرەی کە هەیەتی خۆی فیدای کۆمەڵگا و بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگاکەی دەکا، بەڵام تاوانباری ئاسایی بە پێچەوانە پرەنسیپەکانی کۆمەڵگا و بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەلگاکەی فیدای بەرژەوەندیی خۆی دەکا.

هەر لەو سۆنگەیەشەوە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا کۆمەڵە ئیمتیاز و مافێکی تایبەت بۆ زیندانییانی سیاسی لە بەرچاو گیراوە.

بۆ وێنە بەر لە هەموو شتێک رێزی تایبەتیان لێ دەگیرێ و، ویڕای پاراستنی کەرامەتیان لە گیراو و تاوانبارە ئاساییەکان جیا دەکرێنەوە و کۆمەڵە مافێکی تایبەت وەک دەست پێڕاگەیشتن بە زانیاری و شوێنی راگیرانی ستانداردیان بۆ دابین دەکرێ.

بەڵام لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دا راست پێچەوانەی ئەوە لە گەڵ تاوانبارانی سیاسی هەلسوکەوت دەکرێ. تاوانبارانی سیاسی تۆمەتی ئەمنیەتییان دەدرێتە پاڵ و دوای ئەشکەنجە کرانێکی زۆر، لە ژوورە تاکەکەسییەکانیان دەپەستێون و لە ژێر ناوی ریزە ئیدیعایەکی لیڵ و نادیاری وەک، هەوڵدان بۆ رووخاندنی نیزام

و دژایەتیکردنی خودا سزای قورسی زیندانی درێژ ماوە و تەنانەت ئێعدامیان بە سەردا دەسەپیندرێ.

لەو ولاتانەی تاوانی سیاسی پێناسە کراوە، چالاکانی سیاسی دەزانن کە لە بەرامبەر هەرچەشنە کردەوەیەک دا چ جۆرە سزایەک چاوەڕوانیان دەکا و لەوەش دلنیان کە جیا لە قازی کە نوێنەر و پارێزەری دەسەلات و حاکمییەتە، هەیئەتی مونسیفەیەک هەیە کە تەشخیسی تاوان بوون یا نەبوونی کردەوەکەی ئەوان دەدا و دادگایی کردنەکەشیان بە ئاشکرا و لە بەرچاوی میدیاکانە. بەلام لە ئێران دا بە هۆی ئەوەی کە تاوانی سیاسی پیناسە نەکراوە، هیچ روون نیە کە کردەوە یان دژکردەوەیەکی سیاسیی چالاکێک بە چ پێودانگێک هەلْ دەسەنگێندرێ و چ جۆرە سزایەکی بۆ دەبڕدرێتەوە. ئەوەش لە جێی خۆی کە هیچ کام لەو دادگایی کردنانەی تاوانبارانی سیاسی بە ئاشکرا بەرێوە ناچن و تەنانەت پێچەوانەی ئەسلی ١٦٨ ی یاسای بنەڕەتیی ولاتیش هەیئەتی مونسیفەیەک نیە کە تەشخیسی کردەوەکەی ئەو وەک تاوان یان کردارێکی قانوونی بکا و ، ئەوە تەنیا دادوەرە کە وەک پارێزەری بەرژەوەندییەکانی دەسەلات چۆنی پێ خۆش بێ بە گەز و ربەی خۆی دەیپێوێ و حوکمی خۆی دەدا.

بەلام دوا سەرنج لەو پێوەندییەدا ئەوەیە کە دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لە حالیک دا بەم دواییانە باسی لەوە کردوە کە لایحەیەک بۆ پیناسە کردنی تاوانی سیاسی ئامادە دەکا، کە لە بنەرەت دا ئەو کارە ئەرکی دەزگای قەزایی نیە و ئەوە مەجلیسە کە دەبێ ئەو یاسایانە دابرێژێ و پەسەندیان بکا و چاوەدێری بە سەر جێبەجێ کرانیان دا بکا. بەلام ئەوەش کە دوای زیاتر لە ٣٠ سالْ بۆ تا ئیستا مەجلیسی شوورای ئیسلامی ئەو ئەرکەی خۆی بە جێ نەگەیاندوە، بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە دەسەلاتبەدەستانی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی هەر لە جێدا نایانەوی کە وەها یاسایەک لە ئایینی دادرەسیی ئێران دا بوونی هەبێ، چونکی ئەوان نایانەوێ کە وا پیشان بدەن کە لە نێو نیزامی کۆماری ئیسلامی دا زیندانیی سیاسی هەیە و ژمارەی ئەو زینانییانەش چەندەن، چونکی لە دنیای ئەورۆدا ژمارەی زیندانییانی سیاسیی لە هەر ولاتێک دا یەکێک لە پێوەر و پیودانگەکانی ئازاد بوون و دێموکراتیک بوون و دادپەروەر بوونی حاکمییەتی ئەو ولاتەیە.

## ئەو هاوار و زریکانەی تێکەڵ بە ئاگر و دووکەڵ دەبن

لە ماوەی یەک مانگی رابردوو دا دیسانەکەش هاواری ئەو کچ و ژنانەی ئاگر بە دوایین رێگا و، رەنگبێ بە تاکە رێگای چارەسەریی کێشە کۆمەڵایەتییە تاکەکەسییەکانیان دەزانن، لە ئاسمانی شارەکانی جوانڕۆ، ئیلام، پاوە، نەوسوود، مەریوان، بۆکان، سەقز و مەهاباد دا دەنگیان دایەوە و بێ گومان هاوار و بریسکەی زۆر لەو ژنانەش لە کوردستان لەو ماوەیەدا هەر لە جێ دا و لە گەروویان دا کپ کراو و کەس نەیبیست.

بە پێی زانیاریی سەرچاوە فەرمییەکان لە ماوەی ٨ مانگی رابردوودا تەنیا لە پارێزگای ئیلام لە رۆژهەڵاتی کوردستان ٤٣٠ کچ و ژن خۆیان سووتاندوە و بە داخەوە زۆربەشیان لەو رووداوانەدا گیانیان لە دەست داوە.

بەردەوامیی دووپاتبوونەوەی ئەو رووداو و کارەساتانە دیسانەکەش دەرگای دەیان پرسیار بەرەورووی کۆمەڵناسان، رۆژنامەنووسان، توێژەرانی کۆمەڵایەتی، بەرپرسانی دامودەزگا حکومی و نا حکومییەکان و هەموو توێژ و تاکەکانی کۆمەڵگا دەخاتە سەر پشت کە ئاخۆ هەوڵەکان بۆ نەهێشتنی ستەمی جنسییەتی لە کوردستان لە سەر ژنان رەوتی بەراوەژوو دەپێوێ؟ ئایا رەوتی روو لە پێشێی ئاشنابوونی کچان و ژنان بە مافەکانیان لە کردەوەدا ئاکامی پێچەوانەوە لەو چەشنە لە بەرەوەڕووبوونەوەی لە گەڵ کێشەکانیان دا لێ کەوتۆتەوە؟ ئایا خۆسووتاندنی کچان و ژنان بەزین و راکردنی ئەوانە لە واقعە تاڵەکانی ژیان، یان ئەو خۆ بەخەڵووزکردنە دەبێ وەک یەکێک لە شێوازەکانی دەنگ هەڵبڕین و کۆمەڵگا وەئاگاهێنان تەعبیری لێ بکرێ؟ ئەگەر ئەو دیاردە دڵتەزێنانە وەک هاواری لە گەرووداخنکاو و بریسکەی بێبەشیی نیوەی کۆمەڵگا لە مافەکانیان تەعبیری لێ دەکرێ، ئەدی بۆ ئەو دیاردەیە لە کوردستان نەک رووی لە کەمی نەداوە، بەڵکوو بە پێی ئامارەکان و بە داخەوە بەردەوام بۆ سەروو هەڵ دەکشێ؟ ئایا کوردستان ناوچە و نیشتمانێکی جیاواز بۆ تۆخبوونەو و تەقینەوەی ئەو کارەساتانەیە؟ ئایا ناوەندە بەرپرسیارە حکومییەکان کە ئامرازەکانی کۆنترۆڵ، یاسادانان بۆ بەرگیری لە پەرەسەندنی توندوتیژی لە کۆمەڵگا و ئیعتبارەکانیان بۆ بەرزکردنەوەی وشیاریی گشتی و کاڵ کردنەوەی بەستێنەکانی هاندان بۆ خۆکوژییان بۆ خۆیان پاوان کردوە، بەردەوامیی ئەو کارەساتانە قەت خورپەی خستۆتە دلی ئەوان و، هەر لە بنەڕەت دا کامە رێوشوین و چ رێکاریک لە بەردەستی توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان دا هەیە کە بزانن ئەو ناوەند و دامودەزگایانە چەندە لە خەمی ئەرک و دەروەستییەکانیان دا بوون؟

ئەو ئەرک وەخۆگرییە کاتێک پرسیاری دەخرێتە سەر کە بە پێی دانانی بەڕێوەبەری گشتیی خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران پرسی خۆسووتاندن لە پارێزگاکانی ڕۆژئاوای ئێران، واتە بە گشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئیدی لە مێژە سنووری قەیرانی تێپەڕاندوە و دەبێ وەک کارەساتی مرۆیی باسی لێ بکرێ. بە پێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران تەنیا لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا و تەنیا لە پارێزگای ئیلام ٤٣٠ حاڵەتی خۆکوژی بە شێوەی خۆسووتاندن رووی داوە، واتە لە نێوان هەر دوو رۆژ دا ٣ کەس لە پارێزگای ئیلام خۆیان سووتاندوە.

هەروەها ئامارەکانی بنیاتی سەرۆک کۆماریی ئێران لە پێوەندی لە گەڵ توندو تیژی دژی ژنان ئاماژە بەوە دەکەن کە رێژەی خۆکوژیی ژنان لە ریگەی خۆسووتاندن و خواردنی ژەهر لە پارێزگاکانی دیکەی ڕۆژئاوای ئێران وەک کرماشان، سنە و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بەردەوام رووی لە هەڵکشان کردوە، بە جۆرێک کە ژمارەیەک لە خەسارناسە کۆمەڵایەتییەکان پێیان وایە کە ئەو دیاردەیە لە ئیسلام ئابادی ڕۆژئاوا لە پاریزگای کرماشان زۆر زۆر لە پارێزگای ئیلامیش زیاترە کە لە ئامارە رەسمییەکان دا پلەی یەکەمی خۆکوژی لە ئێران دا هەیە.

هۆکارەکانی پەنابردنە بەر خۆکوژی زۆر و لە هەمان دا دیار و پێناسە هەڵ گرن و ئەوە یەکەمجار نیە ئەو فاکتۆرانە وەک پاڵنەری خۆکوژی بخرێنە بەر باس، بەڵام بابەتی سەرەکی باس کردن لەو هەنگاوانەیە کە دەبێ بۆ کەمکردنەوە لەو خەسارانە هەڵ بگیرێن و تا ئێستا هیچ لایەنێک بە روونی ئەو ئەرکەی لە سەر شانی خۆی هەست پی نەکردوە.

خۆ ئەگەر رەگ داکوتانی کلتووری توند و تیژی لە کۆمەڵگای کوردی، بێ ئیرادەیی ژنان و کچان لە بەرەوەروو بوونەوەی کێشەکانیان و کەمی و کاڵ و کرچیی هەوڵەکان بۆ بردنە سەریی ئاستی تێگەیشتوویی خەڵک بە تایبەت ژنان لە بواری ماف و چەمکەکانی کۆمەڵایەتی لە تەنیشت کۆمەڵە هۆکارێکی کۆمەڵایەتی و ئابوریی دیکە بەستێنی لەبار بۆ روودانی ئەو هەوڵە خۆکوژییانە لە کوردستانن، بەڵام جۆری بینین و خەسارناسیی ئەو دیاردەیە لە لایەن دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی ئێران و دامودەزگا حکومییەکانی ئەو وڵاتەوە و، خەمساردیی ئەوان بە نیسبەت ئەو کێشە و ئارێشانە وای کردوە کە ئەو دیاردەیە زیاتر لە چوارچێوەی کێشەیەکی خێزانی دا بمێنێتەوە و بە هێشتنەوەی ئەو قەیرانە لە چوارچێوەی کێشەیەکی خێزانی دا رێگا بۆ خودزینەوە و لە کۆڵ خۆکردنەوەی هەموو بەرپرسیارەتییەک لەو پێوەندییەدا لە لایەن ناوەندە حکومییەکان و دەزگاکانی دەسەڵاتەوە خۆش بکرێ.

زۆربەی کۆمەڵناس و خەسارناسە کۆمەلایەتییەکان دوو ڕێکاری سەرەکی بۆ بەرەوروو بوونەوەی ئەو قەیرانە دەستنیشان دەکەن کە ئەویش بە تەواوی دەکەوێتەی خانەی ئەو ئەرک و بەرپرسیارەتییانەی کە هەموو دەوڵەت و حکومەتێک دەبێ لە بەرامبەر خەڵکەکەی خۆی دا هەیبێ.

گرینگی پێدان بە فێرکردن و پەروەردە و پلاندانان بۆ بردنە سەریی ئاستی تێگەیشتن و پێگەیشتوویی تەواوەتیی کۆمەڵگا بە پیاوان و ژنان لە هەمبەر پرسە گرینگەکانی کۆمەلایەتی و خێزانی، ئەویش لە پێناو و، بە مەبەستی بەرجەستە کردنی بەهاکانی مرۆڤ و ماف و ئازادییەکانی یەکێک لەو ئەرکانەیە کە دەبێ دەوڵەت و دامەدەزگا حکومییەکان لە تەنیشت ناوەند و ڕێکخراوە مەدەنییەکان پلانی بۆ دابنێن.

هەوڵدان بۆ باشتر کردنی ئاستی بژیو و کەمکردنەوە لە کێشە ئابوورییەکانی خەڵک وەک پاڵنەر و بەستێنیک بۆ سەرهەڵدانی دیاردە و خەسارە کۆمەلایەتییەکان، یەکێکی دیکە لە ڕێکارە کردەییەکان بۆ ئەو ئامانجەیە کە ئەویش راستەوخۆ پێوەندی بە سیستم و دەسەلاتی سیاسیی ولاتەوە هەیە. بەلام مەخابن هەم لە نەبوونی ڕێکخراوە مەدەنی و کۆمەلایەتییەکان و ئازادیی چالاکی بۆ شکلگرتن و تێکۆشانی ngo کان و هەم بە وردبوونەوە لە نێوەرۆکی دژە گەلییانەی دەسەلاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی، کۆمەڵگای کوردستان جارێ دەبێ هەروا شایەدی بەردەوامیی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنانە بێ.

ڕێکەوت: خەزەڵوەری ١٣٨٩ - ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

## دوژمنایەتیی لە بن نەهاتووی كۆماری ئیسلامی لە گەڵ كەلەپوور و میراتی فەرهەنگیی كورد

بەڕێوەبەری گشتیی میراتی كلتووریی پارێزگای ورمێ ماوەیەک لەوە پێش دانی بەوە دانا كە لە ماوەی ٦ مانگی یەكەمی ئەو ساڵ دا ٣٤ شوێنی كەوناری پارێزگای ورمێ لە لایەن كەسانی قازانج پەرەست و بازرگانانی كەلوپەلە كۆنینەكانەوە دراونەتەوە.

ئەوە جۆرە هەواڵانە هەر ماوەی جارێک لە میدیاكان دا بڵاو دەبنەوە و بێ ئەوەی كاریگەرییەكی ئەوتۆ لە سەر بیروڕای گشتیی خەڵک دا بنێن و كاردانەوەیەكی ئەوتۆیان لێ بكەوێتەوە، لە بیر دەچنەوە، بەڵام زیان و خەسارەكانی ئەو ڕووداوانە لە سەر مێژوو، شوناس، كلتوور و ناسنامەی ئەو نەتەوە و ئەو جوغرافیایەی ئەو ئاسەوارانەی لێ بە تاڵان دەچێ و ئەو شوێنەوارانەی لێ خاپوور دەكرێ، نە قەرەبوو دەكرێنەوە و نە بە هیچ پێوەرێكی ماددیش مەزندە دەكرێن.

لە پێوەندی لە گەڵ تێكدان، پشتگوێ خستن و بە تاڵان بردنی ئاسەوارە مێژووییەكانی نەتەوەكانی ئێران لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی كۆماری ئیسلامی دا پێویستە سەرەتا سەرنج و تێڕوانینی دەسەڵاتبەدەستانی كۆماری ئیسلامیمان لە هەمبەر پاشخانی دەوڵەمەند و میراتی كلتووریی نەتەوەكان لە بەر چاو بێ.

ڕوانینی كۆماری ئیسلامی بۆ ئەو بابەتە لە سەر دوو تەوەری سیاسی و عەقیدەتی یە.

سیاسی بەو مانای كە بە مەبەستی حاشا كردن لە پێناس و شوناسی ئەو نەتەوانەی خەباتی مافخوازانە دەكەن و بۆ پێناسەی خۆیان وەک نەتەوەیەک پشت بە مێژوو و كلتوور و ناسنامەی كەوناری خۆیان دەبەستن، ئەوەندەی بۆی كراوە هەوڵی سڕینەوە و فەوتاندنی ئەو شوێنەوار و ئاسەوارانەی داوە.

عەقیدەتیش بەو مانایە كە بە مەبەستی دژایەتیكردنی كلتووری نائیسلامی و بە خاوەن نەكردن، یان بە خاوەن نەزانینی مێژووی ئێرانی كەوناری بەر لە ئیسلام، ئەوەندەی بۆی كراوە لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا هەوڵی

سڕینەوەی ئەو شوێنەوار و ئاسەوارانەی داوە و ئەو سیاسەتەشی لە سێ ڕەهەندی خاپوور کردن، بە تالان بردن و پشتگوێ خستن و بە هیند نەگرتن دا بردۆتە پێشێ.

بە بینینێکی سەرپێیی کارنامەی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوو دا ئەو ئاسەوار و شوێنەوارانەی پێوەندی و تێکەڵاوییان بە ئایینی ئیسلام و بە تایبەت شیعە لە ئێران و دەرەوەی ئێرانەوە بووبێ، ئەوا هەوڵی پاراستن و نۆژەنکردنەوەیان دراوە و سەرمایە گوزارییان لە سەر کراوە. وەک چۆن حەوتوویەک لەوە پێش راگەیەندرا کە کۆماری ئیسلامی بڕی ٧٠٠ میلیارد تمەنی بۆ ئاوەدانکردنەوەی مەزاری ئیمام عەلی لە نەجەف تەرخان کردوە و ئەگەر ئەو نۆژەنکردنەوەیە زیاتر لەوەش هەڵ بگرێ، ئەوا بودجەی زیاتریشی بۆ تەرخان دەکەن، بەڵام بینای " فیلییە" لە خورەمشار کە شوێنەوارێکی سەردەمی قاجارەکانە، سەرەڕای ئەوەی لە سەرەتا دا ٤٠٠ میلیۆن تمەنیشیان بۆ نۆژەنکردنەوەی تەرخان کردبوو، بەڵام لە لایەن سپای پاسدارانەوە خاپوور کراو تێک و پێک درا.

سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش لە دوو قۆناغ دا سیاسەتی تێکدان و تالانی شوێنەوار و ئاسەوارە مێژووییەکانی کوردی بردۆتە پێشێ.

کۆماری ئیسلامی لە ساڵەکانی سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی و لە سەردەمی خەباتی چەکداری لە کوردستاندا بە قۆستنەوەی هەلی شەڕ و، بە پێی بەرنامەی لە پێشدا پلان بۆ دارێژراو زۆربەی نزیک بە تەواوی قەڵاتەکانی کوردستانی گرت وبنکەو مۆڵکەی سوپاو دامودەزگا سەرکوتگەرەکانی لێ دامەزراندن و، لە بنەوە چی ئاسەواری مێژوویی وگرانبایی بوو بە تالان بران وبەشێکی یەک جار زۆریشیان فەوتێندران. بە تالان بردنی کەلوپەل وئاسەوارە مێژوویەکانی "قەڵایچی" لە گوندی قەڵایچیی بۆکان، قەڵای "زێویە"ی شاری سەقز، قەڵای ماران لە شەرەفکەندونیسکاوا، و ئەژدیهای داشی لە تەرەغە نمونەو بەشێکی زۆر بچووکی ئەو تاڵانبڕیە لە رۆژهەڵاتی کوردستانن.

قەڵای سەرداری بۆکان کە یەکێک لە ئاسەوارەکانی سەردەمی قاجاریە لە کوردستان بوو، بە جێی نۆژەنکردنەوە کرا بە بنکەی سپای پاسداران و لە ماوەی چەند سال دا تێک و پیک دراو، دوایەش بە بیانوی دروستکردنی تاریکە بازاری "قەڵای سەردار" وەک مرۆژەیەکی خزمەتگوزاری!، ئەو قەڵایەیان هلۆڵ کرد و چی ئاسەواری مێژوویی و عەنتیکەی تێدا بوو بە تالانیان برد.

هەر لە ماوەی یەک ساڵی رابردووش دا بڵاو بوونەوەی هەواڵی لە نێو چوونی یەکجارەکیی ئاسەواری مێژووی قەرەکەند لە شاری بۆکان و رووخاندنی قەڵای کۆشکەلە لە شاری سەقز بە بیانوی دروستکردنی نەخۆشخانەیەک، پەرەی بەو نیگەرانیە دا کە بەرپرسانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای بە ئاگاهاتنەوەی رۆڵەکانی کوردو هەول و تێکۆشانیان بۆ پارێزگاری لە میراتی کەلەپووریان هەر وا درێژە بە سیاسەتی لە نێو بردن و فەوتاندنی شوێنەوارە مێژووییەکانی گەلی کورد دەدەن.

بەڵام ئەو سیاسەتە تەنیا پێوەندی بە دوژمنایەتیی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ کورد و نیشتمانی کوردستان نیە. کۆماری ئیسلامی جیا لەوەی کیشەی سەرەکی لە گەڵ شوناس و پێناسی نەتەوەکان، بە تایبەت نەتەوە شوناسخوازاکان هەیە و بە هەموو شێوەیەک بەرەنگاری ماتریاڵ و میراتە کلتورییەکانی ئەو شوناسە دەبێتەوە، هەر لە جێ دا کێشەی سەرەکیشی لە گەڵ مێژوو و شوناسی بەر لە ئیسلام هەیە.

بە واتەیەکی دیکە کۆماری ئیسلامی مێژووی ئێرانی بەر لە ئیسلام بە رەسمی ناناسێ و گرینگییەکی ئەوتۆی پێ نادا. واتە ئەگەر نەشتوانێ راستەوخۆ لە نێویان ببا، پشتگوێیان دەخا و لایان لی ناکاتەوە تا بۆ خۆیان وردە وردە لە نێو بچن و ئاسەواریان نەمێنێ.

کارناسانی شوێنەوارناسی رایان وایە کە باشترین سیاسەت بۆ تواندنەوە و لە نێوبردنی میراتی کلتووریی هەر نەتەوەیەک، ئاوڕ لی نەدانەوە و پشتگوێ خستن و لانەکردنەوە لە میراتە کلتورییەکانی ئەو نەتەوەیەیە، و ئەو خەمساردی و لا لێ نەکردنەوە و، وەک خۆی هێشتنەوەیەی میراتە کلتورییەکان، مەرگی بە شینەیی و فەوتانی یەکجارەیی ئەوانی بەدوا دادێ. سیاسەتێک لە کۆماری ئیسلامی لە تەنیشت تێکدان و تاڵانی ئاسەوار و شوێنەوارە مێژووییەکان زۆر بە باشی بردویەتیە پێشێ.

جیا لەوانەش بە درێژایی مێژووی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی بازاڕی هەڵکۆڵین و دانەوەی شوێنەوارە مێژووییەکان لە کوردستان و لە ئێران و بەتاڵانبردنی ئاسەوارە مێژوویی و عەنتیکەکان بەردەوام لە برەو دابوە و ئەوەش نەک تەنیا کەسانی ئاسایی قازانج پەرەست، بەڵکوو بەرپرسانی هەرە پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی و فەرماندەرانی سپای پاسدارانی لە پشت بووە.

بە تایبەت لە کوردستان مافیاکانی دانەوە و بە تاڵان بردنی ئاسەوارە مێژووییەکان بە چاوەدێریی و هاوبەشیی

ناوەندە ئەمنیەتی و کەسانی خاوەن دەسەڵات لە ٣٠ ساڵی رابردوو دا زەبری گورچکبڕیان لە پاشخان و میراتی کلتووری کورد داوە. ئەوەندەی توانیانە شوێنەوارە مێژوویەکانی کوردستانیان خاپوور کردوە، ئەوەندەش بۆیان چووە ئاسەوارە و شتە عەنتیکەکانیان بە تاڵان بردوە و ئەوەش کە ماوەتەوە هەروا نامەسئولانە لێی گەڕاون کە تێک بڕمێ و بە تاڵان ببرێ.

ڕێکەوت: سەرماوەزی ١٣٨٩ - نۆڤەمبەری ٢٠١٠

## نرخی بێکاری لە نێوان ئیدیعاکانی ئەحمەدی نژاد و راستییەکان دا

مەحموودی ئەحمەدی نـژاد، سەرکۆماری رێژیمی ئیسلامیی ئێران رۆژی دووشەممە لە کۆنفرانسێکی خەبەری دا رایگەیاند کە تا کۆتایی ماوەی سەرۆک کۆمارییەکەی، واتە نیزیک دوو ساڵ و نیوی دیکە کێشەی بێکاری لە ئێران بە یەکجاری چارەسەر دەکا و کارێک دەکا تاقە بێکارێک لەو وڵاتەدا نەمێنێ.

رەنگبێ لە یەکەم کاردانەوە بە بیستنی ئەو هەواڵەدا پێویست بێ چاوێک بە ئامار و ئەرقامەکان دا بخشێنین و بزانین کە سەرکۆماری رێژیمی ئیسلامیی ئێران ئەو گوێزە لە کام هەمبانە دەژمێرێ.

ئەحمەدی نژاد هەر لەو کۆنفرانسەدا ئیدیعای کردوە کە لە سەرەتای ئەوساڵەوە تا ئێستا ٨٠٠ هەزار دەرفەتی کاری بۆ بێکاران دروست کردوە و لە ٥ مانگی داهاتووشدا ٤٠٠ هەزار دەرفەتی کاریی نوێ دەخوڵقێنێ، بەڵام کارناسانی ئابووریی ئێران بە پشتبەستن بە ئامارە رەسمییەکان پێچەوانەی ئیدیعاکانی ئەحمەدی نژاد دەسەلمێنن.

کاتێک ئەحمەدی نژاد لەو کۆنفراسە خەبەرییەدا ئیدیعای ئەوەی کردوە کە دەوڵەتەکەی لە ساڵی ٨٩ ی هەتاوی دا ١ میلیۆن و ٢٠٠ هەزار دەرفەتی کاری لە وڵات دا دروست کردوە، روون نیە کە رۆژنامەنووسان و هەواڵنێرانی بیانی و نێوخۆیی چ هەڵوێست و کاردانەوەیەکیان بەو ئیدیعایە بووە، بەڵام بێ گومان بەرپوەبەران، کارگێڕان و هەڵسووڕێنەرانی بازاڕی کاری ئێران سەریان لەو ئامارە و لەو جۆرە پوش بەسەرکردنی واقعییەتەکانی ئێستای

کۆمەڵگای ئێران لە لایەن سەرکۆماری ئەو وڵاتە سوورٍ ماوە و گاڵتەی تاڵیان بەو بارودۆخە هاتوە.

ئەحمەدی نژاد لە کاتێک دا باسی ئەوە دەکا کە لەو ساڵ دا ١ میلیۆن و ٢٠٠ هەزار دەرفەتی کاری لە وڵات دا دابین دەکا کە بە پێی ئامارە رەسمییەکانی حکومەتی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد لە نێوان دوو بەرنامەی سێهەم و چوارەمی دەوڵەت، واتە تا ساڵی ٨٨ ی هەتاوی لە گەشبینانەترین حاڵەت دا توانیویەتی لە ساڵ دا ٦٠٠ هەزار دەرفەتی کاری نوێ دابین بکا، ئەوەش لە حاڵێک دایە کە ساڵانە زیاتر لە ١ میلیۆن و ٣٠٠ هەزار کەسی خوازیاری کار بە هێزی کاری ئێران زیاد بووە.

بەڵام روون نیە لە کاتێک دا نرخی گەشە و هەڵدانی ئێران بە نزمترین ئاستی خۆی گەیوە و تەنانەت تا ئیستا بانکی ناوەندیی ئێران ئامادە نەبوە نرخی هەڵدان و گەشەی وڵات و هەروەها نرخی بێکاریی ئێران لە بەر کارەساتبار بوونی رابگەیەنێ، ئەحمەدی نژاد بە پێی چ پێوەر و پێودانگێک ئەو درۆ زەلام و زەبەلاحەی لە زمان دێتە دەرێ.

کارناسانی ئابووریی ئێران هۆکاری بڵاونەکردنەوەی نرخی گەشە و نرخی بێکاری لە لایەن بانکی ناوەندیی ئێرانەوە بۆ خراپبوونی ئەو بارودۆخە دەگەڕێننەوە کە لانیکەم لە دوای ٢١ ساڵ لە کۆتایی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێڕاق بارودۆخی ئابووریی ئێران قەت وەک ئێستا و بەو ئەندازەیە خراپ نەبوە.

بانکی ناوەندیی ئێران دوای تێپەڕینی زیاتر لە ١٠٠ رۆژ هێشتا نرخی بێکاری لە وەرزی هاوینی رانەگەیاندوە. هەر بۆیەش کارناسانی ئابووری پێیان وایە کە ئەگەر نرخی بێکاری لەو ماوەیەدا داکشابایەو نرخی هەڵدان و گەشەی وڵاتیش تۆزێک هەڵ کشابایە، بێگومان لە لایەن ناوەندی ئامار و بانکی ناوەندییەوە رادەگەیەندرا و دەکرا بە هەرا.

کارناسانی ئابووریی ئێران پێیان وایە کە مەوادایەکی زۆر لە نێوانی ئامارە رەسمیەکان و واقعییەتەکانی پێوەندیدار بە نرخی بێکاری لە ئێران لە ئارا دایە.

بەڵام هەر بە پێی ئامارە رەسمییەکانیش بارودۆخی بێکاری لە ئێران لەو پەڕی شپرزەیی و نالەباریی خۆی دایە.

به پێی ئاماره ڕەسمییەکانی ناوەندەی ئاماری ئێران نرخی بێکاری له سەتا ١٠.٥ له ساڵی ٨٧ را بۆ سەتا ١٢ له ساڵی ٨٨ بەرز بۆتەوە و له نێوەڕاستەکانی بەهاری ئەو ساڵیش بۆ نیزیک له سەتا ١٥ هەڵ کشاوە.

ئاماری بێکاریش له هاوینی ئەو ساڵ دا که تا ئێستا وەک باس کرا، ڕانەگەیەندراوە، بەڵام به ئەگەری نیزیک له ڕاستی زۆر له سەروو سەتا ١٥ یە.

جیا لەوەی که گەمارۆ ئابورییەکانی نێو دەوڵەتی له سەر ئێران و بارودۆخی بازارەکانی وەبەرهێنانی دوای ئامانجدارکردنی یارانەکان وای کردوە که بەردەوام و ماوە ماوە واحیدە تەولیدییەکان ئێران له کار بوەستن، یان ئاستی بەرهەمهێنان و هێزی کاری خۆیان کەم بکەنەوە و لەو سۆنگەیەشەوە بەردەوام حەشیمەتی بێکارانی وڵات زێدە و زیدەتر ببێ.

ڕێکەوت: بەفرانباری ١٣٨٩ - دێسەمبەری ٢٠١٠

# بابەتەکانی: ساڵی ٢٠١١

-----------------------------------------------------------------

## ئێران، وڵاتی مەرگ و سێدارە

٢٠ رۆژ* زیاتر لە سەرەتای ساڵی ٢٠١١ ی زایینی تێنەپەڕیوە، بەڵام دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لەو ٢٠ رۆژەدا ٥٧ کەسی لە سێدارە داوە، حوکمی ئیعدامی بە سەر زیاتر لە ٤٩ کەسی دیکەش دا سەپاندووە و لەو دواییانەش دا رایگەیاندوە کە هەموو ئەو کەسانەی دەست بۆ ئەو تاوانانە دەبەن کە لە نیزامی دادی کۆماری ئیسلامی دا سزای مەرگیان بۆ لەبەرچاو گیراوە، پەروەندەکانیان زووتر لە کاتی پێویست و رەوانی ئاسایی خۆی بەدواداچوونی بۆ دەکرێ و دەدرێنە بەشی جێبەجێ کردنی حوکمەکان. ئەو راگەیاندنە یان باشتر وایە بڵێین ئۆلتیماتۆمە هەر زۆر زوو لە پەروەندەی دوو گیراوی سیاسیی کورد دا تاقی کرایەوە. بە جۆرێک کە رۆژی سێشەممە، ٧ ی بەفرانبار لقی ١٥ ی دادگای شۆڕشی شاری تاران تاوانی دژایەتیکردنی خودا و فەساد کردن لە سەر عەرزی بە سەر زانیار مرادی و لوقمان مرادی، دوو کوردی خەڵکی شاری مەریواندا ساغ کردەوە و مەحکوم بە ئێعدام لە بەرچاوی خەڵک و لە شوێنێکی گشتی کردن.

خاڵی گرینگ و جێی سەرنج لێرەدایە کە یەکەم دادگایی کردنی ئەو دوو کەسە رۆژی یەکی بەفرانبار بەرێوە چووە و روون نیە کە دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی چۆن لە ماوەی تەنیا حەوتوویەک دا پەروەندەی تاوانێکی سیاسی تاوتوێ کردوە و لێکۆڵینەوەکانی بە کۆتا گەیاندوە و سزای لە سێدارەدانی بۆ تۆمەتباران بڕێتەوە، رەوتێک کە لە نیزامی دادرەسیی ئەو دەگمەن وڵاتانەش کە هێشتا حوکمی ئیعدامیان تێدا بەرێوە دەچێ، ٦، ٨ تا ١٠ ساڵ دەخایەنێ.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ٢٠١٠ ی زایینیش دا و بە پێی راپۆرتی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لانیکەم ١٧٩ کەسی لە سێدارە داوە، ئەوە لە حاڵێک دایە کە رێکخراوەکانی جیهانیی مافی مرۆڤ

پێیان وایە کە ئاماری راستەقینەی ئیعدامکراوان لە ساڵی رابردوودا لە ئێران زۆر لەو ئامارە رەسمییەش زیاترە.

لەو وتارەدا هەوڵ دەدەم لە پێوەندی لە گەڵ بەڕێوەچوونی سزای ئیعدام لە ئێران و کاردانەوە گشتییەکان لە حەوزە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بە واقعیەتی بوون و بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدام، وەڵامی چەند پرسیاران بدەمەوە. ئەوەی کە بۆچی کۆماری ئیسلامی ئەوەندەی دڵ بە سزای ئیعدام بەستوە، بۆچی کاردانەوە بە ئیعدام و مانەوەی ئەو حوکمانە ئەوەندە لە لایەن توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای ئێرانەوە لاواز و بە کەم وەرگیراوە، سروشتی ئەو ئیعدامانە لە کوردستان چەندە جیاوازە لە گەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران و هەوڵەکان لە پێناو نەهێشتنی حوکمی ئیعدام لە ئێران لە چ قۆناغێک دایەو دواجار ئەوەی کە ئەرکەکان لەو پێناوەدا زۆرتر لە سەر شانی کێن؟

ئەوەندەی بۆ کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە ئەوەیە کە ئەو رێژیمە رێژیمێکی زۆردار و سەرەڕۆیە کە بە ئیقلاب و شێوەیەکی توندوتیژ هاتۆتە سەر کار و، هەر بە رەچاوکردن و برەپێدان بە مێتۆدەکانی توندوتیژی بناخەی دەسلاتەکەی قایم کردوە و تا ئێستا درێژەی بە تەمەنی خۆی داوە.

کۆماری ئیسلامی لە دەیەی ٦٠ ی هەتاوی دا سلی لە ئیعدامکردن و کوشتنی دەیان هەزار کەس لە نەیارانی سیاسیی خۆی لە زیندانەکاندا نەکرد و دوایەش ئیعدام و لە سێدارەدانی وەک چەکێک بۆ سەرکوتی جولانەوە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی نێو خۆی ئێران و وەک لاهێزێک و ئامرازێکی سیاسی بۆ سەرکوت و زاڵ-کردنی کەشی ترس و تۆقاندن لە ئێراندا گرتە بەر.

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئامانج لەبەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدام بۆ بنەبڕکردنی تاوان لە کۆمەڵگاو گەڕاندنەوەی بایەخ وبەها کۆمەلایەتی و ئایینییە بزربوو و کاڵبووەکان دەگەڕێننەوە، بەلام لەگەڵ ئەوەی ئەو ولاتە لە رووی جێبەجێ کردنی حوکمی ئیعدامەوە بە پێی حەشیمەتەکەی پلەی یەکەمی لە دنیادا هەیە، بەلام ئەو شالاوە لە ئیعدامکردنانە نەک نەیتوانیوە رێژەی تاوان و جینایەت لەو کۆمەڵگایەدا کەم بکاتەوە، بەڵکوو بە پێی ئیعترافی کاربەدەستانی پایەبەرزی رێژیم و بە پێی ئامار و زانیارییەکان، رێژەی تاوان و تاوانکاری لە ماوەی دەسەلاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی دا بە تایبەت لە دوو دەیەی رابردوودا چەند قات لە چاو پێشوو زیادی کردوە.

سروشتی ئیعدامەکان لە کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران جیاوازە. ئیعدامی سیاسی لە کوردستان لە سەر بنەمای " هەوڵی تاوانباران بۆ دژایەتیی کۆماری ئیسلامی" و، " بە دژەخودا ناسینی چالاکانی سیاسی" و بەوجۆرە بە موستەحەق زانینی ئەو کەسانە بە مەرگ و سێدارە رەوتێکی نەپساوەیە و بەردەوام لاهێزی دەستی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی نەیارانی سیاسیی بووە و لەو سۆنگەیەوە کۆمەڵگای کوردستان و هێزە سیاسییەکانی کوردستان تێچوویەکی زۆریان داوە.

لە کوردستان و لە نیزامی دادی کۆماری ئیسلامی لەو بەشەی ئێراندا دادستان و قازی هەردووکیان یەکن. واتە قازی کە دەبێ لە پەروەندەی تۆمەتبارەکە بکۆڵێتەوە هەر ئەو کەسەیە کە بۆ خۆی "کیفر خواست"ەکەی لە دژی تۆمەتبارەکە ریز کردوە و ئەوەی کە قازی بە چالاکێکی سیاسیی کورد دەڵێ " هەدا نادەم تا پەتی سێدارە بە ملتەوە نەکەم"، گاڵتەیەکی تاڵ بە هەموو نیزامێکی دادئەستێن لە دنیایە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەروەها لە ژێر ناوی بەربەرەکانیی دژی مادە هۆشبەرەکان و لە ژێر ئەو دەمامکەدا دەیان چالاکی سیاسی و ئازادیخوازی کورد و بە تایبەت بلووچی لە سێدارە داوە.

بەڵام جیاواز لە ئیعدامە سیاسییەکان و جیاواز لەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئیعدام و لە سێدارەدانی وەک ئامرازێک بۆ لە نێو بردنی فیزیکیی نەیارانی سیاسی بەکارهێناوە، چوونە سەرێی رێژەی ئیعدامی تاوانباران بە ئەنجامدانی تاوانە کۆمەڵایەتییەکان تا ئێستا کاردانەوەی ئەوتۆی لە لایەن خەڵکەوە لێ نەکەوتۆتەوە. بە زمانێکی دیکە تەنانەت بەشیکی زۆر لە خەڵکی نەک هیچ پەرچە کردارێکیان لە دژی ئەو توندوتیژییانەی دەسەڵات نەبوە، بەڵکوو بۆ خۆشیان بە چوونە سەیری بەڕێوەچوونی ئەو ئیعدامانە جۆرێک رەواییشیان بەو رەفتارانەی کۆماری ئیسلامی داوە و بە پێی ئەو واقعە هەوڵەکان بۆ نەهێشتنی سزای ئیعدام لە ئێران بە هۆی کەشی توندوتیژو هەبوونی روحی تۆلە سەندنەوە لە لایەن بنەماڵەو خوێنگرانەوە لە سەرەتای رێ دابێ.

ئەوە بەو مانایەیە کە ئەگەرچی لە ئێران دا زۆربەی ئیعدامەکان سیاسین و بنەماح حقوقییان نیە، ئەگەرچی نیزامی دادی کۆماری ئیسلامی پڕ لە هەڵاواردن و نادادەپەروەری و ناسەربەخۆیە، ئەگەرچی قەیرانە کۆمەڵایەتی و سیاسییە چارەسەرنەکراوەکان پاڵنەری زۆربەی ئەو رەفتارانەن کە لە ئێران دا حوکمی ئیعدامیان لێ دەکەوێتەوە، بەڵام کۆمەڵگای ئێرانیش وەک خۆی لایەنگری حوکمی ئیعدامە و ئەوەش ئەو دەرفەتە و ئەو بیانوویەی داوەتە دەستی دەسەڵات تا ئێحدام وەک چەکێک بە قازانجی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نیزامەکەی بەکار بێنێ.

هەوڵدان بۆ نەمانی سزای ئیعدام لە هەر كۆمەڵگایەک پیوسیتیی بە گۆڕینی قانوونی سزادانەكانی ئەو كۆمەڵگایە هەیە و ئەوەش بە بێ هەبونی بزووتنەوەیەكی بەهێزی دژی ئیعدام لەو كۆمەڵگایە و ویست و پێداگریی خەڵک مەیسەر نابێ. ئەو بزووتنەوەیە لە ئێران كەم خوێنە و دەبێ بە پێدانی زانیاری بە خەڵک و پەروەردە كردنی خەڵک بە گیانی دوور لە توند و تیژی، خەبات دژی نەهێشتنی ئەو سزایە لە نێو هەموو چین و توێژەكانی كۆمەڵگادا ڕێک بخرێ.

كۆماری ئیسلامیی ئێران پێی وایە كە سزای ئێعدام پێوەندی بە مافی مرۆڤ وەک پڕەنسیپێكی گشتی جیهانیەوە نیەو بەستە بە قانوونی بەشی قەزایی وڵاتەكەی خۆیەوەتی، دەبێ كۆمەڵگای جیهانیی لە ڕێگای فشاری كۆڕ و كەمەڵەكانی مافی مرۆڤ و ڕێكخراوەكانەوە بەرهەڵستی ئەو تێگەیشتنە و ئەو بڕیارە بێتەوە و ئەو گوتارە زاڵ بكرێ و ببێ بە بڕیار كە سزای مەرگ گرینگترین بەشی پێشیلكاریی رووتی مافی مرۆڤەو كۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەبێ بەرهەڵستی ئەو وڵاتانە بێتەوە كە ئەو حوكمە لە سەر خەڵكی وڵاتەكەیان جێبەجێ دەكەن.

ئەو وتارە رۆژی ٣٠ ی بەفرانبار نووسراوە

---

## خەتەنەی ژنان، بڤەیەک و بەردەوامیی جینایەتێک لە بێدەنگی دا

"خەتەنە سەقەت كردنی ژنانە"، "خەتەنە یەكێک لە دیارترین وێنەكانی پێشێلكاریی مافی ژنانە"، "خەتەنە ستەمێكی مێژووییە كە نەریت و ئایین و كلتوور لە ژنانی كوردی كردوە"، ئەوانە ئەگەر لە لایەک كۆمەڵە تەعبیرێک بۆ هەڵدانەوەی ئەو لایەنە لە پێخوستكردنی مافی ژنان بە درێژایی مێژووی كۆیلەتی و بێبەشیی ئەوان لە مافەكانیانن، لە لایەكی دیكەشەوە ئەو دیاردەیە تا ئێستاش لە گەڵ بێ وەک تابۆیەک و باشتریش وایە بڵێین وەک مۆتەكەیەک وایە كە بەربینگی ژنانی بەر نەداوە.

ڕۆژی ٦ی فێوریەی هەر ساڵێک (١٧ی ڕێبەندان)، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردنی مێینەیە.

خەتەنەی مێینە لە جیهاندا مێژوویکی چەند هەزار ساڵەی هەیەو جەخت لەسەرئەوە دەکرێتەوە کە ئەو دیاردەیە نەک تەنیا دیاردەیەکی مەزهەبی بەڵکوو دیاردەیەکی فکلتووریی کۆن باویشە. واتە پەیوەندی بە کلتووری پیاوسالاری کۆمەڵگاوە هەیە کە ژن تێیدا هیچ دەسەڵاتێکی نییەو دەبێ جێبەجێکەری بڕیارەکانی پیاوان بێت.

خەتەنە کردەوەیەکە کەتێیدا بەشێک لە ئەندامی زاوزێی ژنان دەبڕدرێ کە لەگەڵ بڕینی ئەم بەشە لە لەش و ئەندامی زاوزێی ژنان هەستی ژنانە یان ژنییێتی ژنانی خەتەنەکراویش لە نێو دەچێ.

مێژووی خەتەنەکردنی ژنان بۆ ٢٠٠ ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیح دەگەڕێتەوەو بە یەکێکی دیکە لە چەشنەکانی دەسەڵات و هێز نواندنی پیاوان بەسەر ژنان لە کۆمەڵگاکانی پیاو سالاردا دەژمێردرێ کە تائێستاش لە زۆر لە کۆمەڵگا مرۆییەکاندا هەروا بەردەوامە. دەمارگرژیی ئایینی، دواکەوتوویی کلتووری، نەبوونی زانیاری لە سەر دەرەنجامەکانی خەتەنەو بەستنەوەی خەتەنە کچان بە نەریتە ئایینی و نەتەوەییەکان هۆکارگەلی بەردەوامیی خەتەنەکردنی کچان لە سەر دەمی ئێستا دان. بەپێی دوایین ئامارەکانی ڕێکخراوی جیهانیی بێهداشت ١٦٠ میلون کچ و ژنی خەتەنەکراو لە جیهان دا هەن و لە ساڵدا پتر لە ٣ میلیون کچی دیکەش لە تەمەنی ٢ تا ٤ ساڵی دا خەتەنە دەکرێن.

بە پێی زۆر بەڵگەی کۆن ئەو نەریتە لە وڵاتی میسری کۆنەوە گەیوەتە میزۆپۆتامیا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

هێرۆدۆت، مێژوونووسی یۆنانی بوونی ئەو نەریتە لە نێوان میسرییەکان بۆ ساڵی پێنجەمی بەر لە لە دایکبوونی مەسیح دەگێڕێتەوە و ئاماژەی بەوەش کردوە کە ڕۆمییەکان، فنیقییەکانو بەشێکی لە ئەفریقاییەکانیش مێینەکانی خۆیان خەتەنە کردوە.

هێرۆدۆت پێچەوانەی زۆر کەس پێی وایە کەو نەریتە بە مەبەستی تێکدانی ئیشتیا و حەزە سێکسییەکانی ژنان لە دایک نەبووەو بەڵکوو چەشنێک لە دابو نەریتە سەرەتاییەکانی خەڵکی میسری کۆن بووەو ڕیشەی ئەو نەریتەش بۆ ئەفسانەکانی میسری کۆنو خەڵکانی دیکەی ئەفریقا دەگەڕێتەوە.

بە پێی ئەو باوەڕە کۆنە خەڵکانی ئەو سەردەمەی میسر پێیان وابووە کە ڕۆحی خوداو مرۆڤەکان تێکەڵاوێک لە دوو ڕەگەزی نێرو مێ بووەو چەشنی ئۆرگانی زاوزێی مرۆڤەکان ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی ڕۆحی دوو ڕەگەز بوونیانە. واتە تایبەتمەندی ژنبوونی پیاو لە ژێر پێستی زەکەر (سیرەتی) دایە و پیابووونی ژنیش لە کلیتیوریسی( میتکەی) دا.

هەربۆیش نەریتی خەتەنە لەو کۆمەڵگایەدا ڕەگی داکوتاوە تا بەو کارە پیاو ببێتە پیاوێکی تەواو و ژنیش ببێتە بە ژنێکی تەواو.

لە خۆڕا نیە کە ئێستاش ژنانی میسر تەشەر لەو ژنانە دەدەن کە خەتەنە نەکراونو پێیان دەڵێن کە تۆ وەک پیاو وای و پێچەوانەکەشی هەر دەگوترێ.

ئەم دیاردەیە لە نێو نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانیش دا دیاردەیەکی باوەو و لە ژێر کاریگەری و کارتێکەرییە نەریتی و ئایینییەکاندا هەر وا قوربانی وەردەگرێ.

پەروین زەبیحی، چالاکی بواری ژنان لە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتدا بە ئاماژەبە ئاستی بەربڵاوی خەتەنەکردنی کچان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هۆکاری ئەم بەربڵاوییەی خەتەنەکردنی کچان بۆ ڕەگ داکوتانی ئەو باوەڕە ئایینییە دەگەڕێنێتەوە کە خەتەنەکردن بە کردارێکی ئایینی و نەریتێکی ئیسلامی پێناسە دەکەن. ناوبراو دەڵێ لە پۆلێکی ٤٠ کەسی لە شاری بۆکان ٣٨ کەس و لە پۆلێکی ١٨ کەسی لە شاری پیرانشار هەر هەموویان خەتەنەکرابوون.

ئەو دیاردەیە لە باشووری کوردستانیش دیاردەیەکی باو و گشتگیرە.

ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست لە کۆتاییەکانی ٢٠٠٨ داو لەراپۆرتێکدا ئاشکرای کرد کە ٦٠% ژنانی هەرێمی کوردستان بەرەورووی خەتەنە دەبنەوەو تەنانەت لە بەشێک لە ناوچەکانی کوردستاندا ئەو ڕێژەیە بە ٩٠% دەگات.
ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤیش لە راپۆرتی ساڵانەی خۆیدا لە ساڵی ٢٠١٠ تەشەنەسەندنی ئەو دیاردەیەی لە بەشێک لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستاندا تا ٧٠% بەراورد کردوە.

هەروەها ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی  بۆ ماوەی ٦ ساڵە سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی خەتەنەی مێینە لە هەرێمی کوردستانەو بە پێی نوێترین ڕاپۆرتی ئەو ڕێکخراوەیە ڕێژەی خەتەنە لە ناوچەکانی کوردستان بەمشێوەیە: سلێمانی ٧٧.٩%، هەولێر ٦٣%، گەرمیان ٨١.٢%. بە پێی هەمان ڕاپۆرت ڕێژەی خەتەنە لە دهۆک زۆر کەمترەو بەڵام ئامارێکی تەواو لەسەر ئەو شارە بوونی نییە.

ئامانجەکانی خەتەنەکردنی کچان

- بەجێ گەیاندنی ئەرکێکی ئایینی وەک ئەوەی کە خەتەنەکردن سوننەتی عایشێ و فاتمەیە
- کۆنترۆڵکردنی ئیشتیاو ویست و حەزەجینسی یەکانی کچان بەر لە شووکردن
- پاراستن و نیشاندانی پاک داوینی کچان بەهاوسەرانی داهاتوویان!!

خەتەنەکردنی کچان وەک یەکێک لە نیشانەکانی توندوتیژی دژی ژنان کە لە نەبوونی زانیاری و وشیاریی گشتی کۆمەڵگادا هەروا قوربانی وەردەگرێ، زۆرتر بە هۆی ماما ناوچەیی و پیرێژنەکان و لە هیندێک لە ناوچەکانی کوردستاندا بە هۆی ژنە دۆم و قەرەجەکانەوەو بە بێ ڕەچاوکردنی هیچ چەشنە ئامادەکارییەکی پزیشکی و بێهداشتی و بەکەرەستەگەلی وەک تیغ،چەقۆو مقەستەوە ئەنجام دەدرێن.

زیان و دەرەنجامەکانی خەتەنەکردن:

خەتەنەکردنی کوڕان ئەگەر لە قازانجی کوڕان و پرسێکی پزیشکی و بێهداشتی یە، بەڵام خەتەنەکردنی کچان سەقەت کردنی ئەوان و بەهەر بیانوو و مەبەستێک بێ جینایەتێکی دژەمرۆیی یە.

بڕینی کلیتوریس لە کچاندا ئەوان تووشی زۆر کێشەی جەستەیی و دەروونی دەکا. کیس کردنی منداڵدان و" واژن"، ئێش و ژان لەکاتی سوڕی مانگانەدا و لە نێوچوونی توانای منداڵبوون بەشێک لە زیانە جەستەیی یەکانی خەتەنەکردنی ژنانن. خەتەنە کردن هەستی چێژ وەرگرتنی سێکسی لە ژناندا دەکوژێ و بەگشتی پێوەندییە سێکسییەکان بۆ ژنی خەتەنەکرا دژوارو بەژان تەواو دەبێ و ئەوەش بەمانای پێخوست کرانی مافی سروشتیی ژنان و زەوتکردنی مافی مرۆیی ئەوانە.

بەشێک لە زیانە دەروونی یەکانی خەتەنەکردنی ژنانیش بریتین لە توشبوون بە خەمۆکی، ترس و دڵەڕاوکێ، ساردوسڕی پێوەندییەکان، دابەزینی هەست و ئیشیای جنسی ژنانەیان و خۆشکردنی بوار بۆ سەرهەڵدانی کێشەی خێزانی و قوڵبوونەوەی ئەو کێشەو گرفتانە تا ئاستی تەڵاق و جیا بوونەوە.

کۆی زیانە جەستەیی و دەروونییەکانی کچان و ژنانی خەتەنەکراو و چوونە سەرێی پلەی زانیاری و وشیاریی کۆمەڵاتی خەڵک وای کردوە کە وردەوردە خەڵک بیرلەوە بکەنەوە کە خەتەنەکردنی کچان نەک پێگەو کەسایەتیی ئەوان بەرز ناکاتەوەو متمانەو دڵنیاییان پێ نابەخشێ، بەڵکوو جینایەتێک و کردەوەیەکی دژەمرۆییە کە دەرحەق ئەوان ئەنجام دەدرێ. بەڵام تاگەیشتن بە بنەبڕکردنی ئەو دیاردەیە رێگەیەکی دوورودرێژ وپڕ لە کەندو لەاندمان لە بەردەم دایە.

ئەمرۆکە لایەنەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ ومافی ژنان خەتەنەکردن بە یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی توندوتیژیی دژی ژنان ناو دەبەن و کۆمەڵگای رۆژئاواش بە قەدەغە کردنی قانوونی، ئەو رەفتارەیان بە دژەمرۆیی و گەڕانەوە بۆ سەدەکانی ناڤین باس کردوە.

هەر بۆیە لە کوردستانیش دا پێویستە خەتەنەکردنی کچان و ژنان بەرەسمی وەک توندو تیژیی نامووسی بناسرێ و بە شێوەیەی یاسایی بڕیاری قەدەغە کردنی بدرێ. پێویستە مامۆستایان ئایینی فتوای خەتەنە نەکردنی کچان دەربکەن و بە پەرورەو فێرکردنی بەردەوام لە بنەماڵە، قوتابخانەو خوێندنگاو کۆمەڵگا دا هەوڵ بۆ بنەبڕکردنی بدرێ. سزادان و سەپاندنی سزای قورس بەسەر بکەرانی ئەورەفتارە چ ئەندامانی خێزان یان ماماکان و ناوەندە پزیشکی یەسەرپێیچێکەرەکانیش دەتوانێ هەنگاوی جیەدی و لیبڕاو بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە بێ.

## کوردستان و ٣٢ ساڵ بەربەرەکانی دژی کۆماری ئیسلامی

٣٢ ساڵ بە سەر سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ٢٢ ی رێبەندانی ساڵی ٥٧ دا رابرد. شۆڕشێک کە سەرەڕای ئەوەی خەڵکی ئێران خوێن و تێچووی زۆری بۆ دا، بەڵام دوای بە تاڵانبڕانی ئەو شۆرشە گەلییە، دەسەڵاتێکی

ئیسلامی هاتە سەر کار کە  نەک هەر پشتی لە هەموو ئامانجەکانی شۆرش و راپەڕینی خەڵک کرد، بەڵکوو بە نێوچاوانیشییەوە دیار بوو کە چ داهاتوویەکی رەش و ئەهریمەنی بۆ خەڵکی ئێران بە دیاری دێنێ. ئەمرۆ دوای بەسەرداهاتنی ٣٢ ساڵ لە ساڵرۆژی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە، ئیدی ئەوە بۆ هەموو کەسێک و چاودێرێک روون و ئاشکرایە کە ئەو شۆرشە نەک هیچ گۆڕانێکی بە قازانجی دێموکراسی و ئازادی و وەدیهاتنی مافەکانی تاک و گەلانی لە ئێراندا لێ نەکەوتۆتەوە، بەڵکوو بە پێی هەموو بەڵگە و بینین و سەرنجەکان بارودۆخی سیاسی، ئابووری و مافی مرۆڤ و پرسی ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکانی خەڵک بۆ زۆر خراپتر لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی پاشایەتیی پەهلەوییەکان گەڕاوەتەوە.

ئەزموونی ٣٢ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی سەلماندوویەتی کە چەندە دەرکەوتەکانی ئەو شۆڕشە لە ئامانجە سەرەتاییەکانی شۆرش دوورن، دیارە ئەگەر لە لایەک ئاکامی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی زۆر دەرەنجامی هاوبەشی لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەنانەت سەرکوت و زەبروزەنگ دژی گەلان و جۆراوجۆرییەکانی ئێراندا لێ کەوتەوە، بەڵام ئەو دەرەنجامانە لە کوردستان بە جۆرێکی دیکە رەنگیان داوەتەوە.

رووداوەکانی شۆڕشی ساڵی ٥٧ ی خەڵکی ئێران ئەگەر لە لایەک لاپەڕەیەکی دیکەی لە ژیانی سیاسیی خەڵکی کوردستان هەڵ دایەوە، لە هەمان حاڵیش دا یەکەم وێستگەی پێکدادانی بیری سەرەوەریی سیاسیی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ واقعییەتی ئیرادەی نەتەوەیی میللەتی کورد بۆ بەدەستەوە گرتنی چارەنووسی سیاسیی خۆی بوو.

ئیرادەیەکی سیاسی کە کورد لانیکەم ١٠٠ ساڵ بوو خەباتی بۆ دەکرد و لە سەروبەندی  راپەڕینی ٥٧ یشدا گوڕوتینێکی دیکەی بە خۆیەوە بینیبوو. ئەو خەباتە لەو کاتە ناسکانەی قۆناغی سەرکەوتنی راپەڕینی خەڵک زۆر خێرا لە نێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستاندا پەل و پۆی هاویشتبوو و خەڵکی کوردستان بۆ وەدیهێنانی ئامانجە مێژووییەکانیان لێبڕاوانە هاتبوونە مەیدان.

بەڵام تالانبرانی شۆرشی گەلانی ئێران کە دەستیان بە سەر دەسکەوتەکانی شۆرشدا داگرتبوو، پێچەوانەی ئامانجەکانی شۆڕش نەک هەر ملیان بۆ ویستە دێموکڕاتیک و داوا رەواکانی گەلی کورد نەوی نەکرد، بەڵکوو بۆ سەرکوتی ئەو ویستانە هەر وەک پێشینیانی خۆیان زەبروزەنگ و هێزی چەک و پەلاماری نیزامییان بۆ سەر کوردستان هەڵ بژارد. چونکی دەیانزانی خەباتی شوناسخوازانەی کورد وەک مۆتەکەیەک بەردەوام بە سەر چارەنووسی و داهاتووی دەسەڵاتەکەیانەوە دەبێ و ئەو دێموکراسییە و بەشدارییە سیاسییەی لە کوردستان خەریک

بوو وەک ئەزموونێک تاقی دەکرایەوە و رەگی دادەکوتا، کۆشکی خەونەکانی ئەوان لە تارانی بە سەریاندا خاپوور دەکرد.

خومەینی تەنیا ٥ مانگ دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران فتوای جیهاد دژی خەڵکی کوردی دەرکرد و ئەوە بووە سەرەتای شەر پی فرۆشتنێک کە تا ئیستاش دژی خەڵکی کوردستان و ویست و داواکانیان لە قۆناغی لێک جیاواز و بە بەرنامەی جیاواز و چەکی جیاوازەوە درێژەی پێ داوە.

ئەو کات لە ئاکامی فتوای جیهادی خومەینی و پەلاماری ئەرتەش و سپای پاسداران بۆ سەر کوردستاندا دەیان هەزار کەس لە خەڵکی کوردستان کوژران و بریندار بوون و رێژیم بە میلتاریزە کردنی کوردستان ئەو بەشە لە نیشتمانی ئێرانی لە دواکەتوویی ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتی دا راگرت و ئیستاش بە سەرنجدان بە بارودۆخی کوردستان بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٢ ساڵی رابردوودا بە بەردەوامی لە کوردستان رمێنی بووە.

رێبەرانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای یەکەم ساڵەکانی بە دەستەوەگرتنی جڵەوی دەسەڵاتی ئێران، بە مەبەستی سەرکوتی بزوتنەوەی گەلی کورد و چاوترسێن کردنی ناوچەکانی دیکەی ئێران خەڵکی چەندین شوێن و گوندی کوردستانی کۆمەڵکوژ کرد. قارنێ، قەلاتان، سۆفیان، قەرەگۆل، سەوزی و... تەنیا بەشێک لەو جینایەت و رەشەکوژییانەن کە بەدواداچوونی هەر کام لەو پەروەندانە لە دادگایەکی نێونەتەوییدا بێ گومان ئەو بڕیارەی لێ دەکەوێتەوە کە گەلی کورد لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ژێنۆساید کراوە.

ئەو ژێنۆسایدە ئێستاش لە رێگەی پەرەپێدان بە گیرۆدە کردنی رۆڵەکانی کورد بە مادە هۆشبەرەکان، یەکێک لە بەرنامە ستراتیژیکییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانە کە لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتی و چەکدارەکانی خۆیەوە بەرێوەی دەبا.

ئایەتوڵا خەڵخاڵی ئەگەر لە دەیەی ٦٠ی هەتاویدا بە بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ جۆرە مافێکی تۆمەتباران بە دژایەتیی کۆماری ئیسلامی، بە هەزاران کەس لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کوردی بە دوای دادگایەکی رواڵەتیی چەند خولەکی بە مەرگ مەحکووم و بە دەستی جەلادەکانی سپاردن، ئێستاش دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی تاوانی شەڕ لە گەڵ خودا بە سەر رۆڵە ئازادیخوازەکانی کورددا دەسەپێنێ و بە مەرگیان مەحکوم دەکا.

**تێرۆری رێبەرانی سیاسیی کورد و لە سەرووی هەمووشیانەوە تێرۆری**

دکتۆر عبدالرحمن قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاورێیانی لە ئوتریش و هەروەها تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاورێیانی لە ئالمان یەکێکی دیکە لە سیاسەتانەی کۆماری ئیسلامی بۆ زەبر وەشاندن لە جووڵانەوەی سیاسی کۆمەڵایەتیی کورد بووە.

رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا سەدان رۆڵەی ئازادیخوازی کوردی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران تێرۆر کردوە و بەوەش پەڵەی شەرمی تێرۆریستی نێودەوڵەتی بۆ تەویلی خۆی کڕیوە.

بەڵێ، ٣٢ ساڵ لە تەمەنی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی رادەبرێ. بەرهەمی ئەو دەسەڵاتدارەتییە بۆ خەڵکی کوردستان تا ئێستا شتێک لە دواکەتوویی ئابووری و رێگەپێنەدان بە بەشداریی سیاسی و بێبەشی لە مافە کۆمەڵایەتی و مەدەنی و سیاسییەکانیان نەبوە.

کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا بە هەزاران ئازادیخوازی کوردی لە سێدارە داوە و تێرۆری کردوون. بە هەزاران کەسی بە تاوانی ئازادیخوازی لە بەندیخانە توند کردوە و حوکمی زیندانی درێژخایەن و ئیعدامی بەسەردا سەپاندوون.

لە کوردستانی ئێراندا هەرچەشنە تێکۆشانێکی سیاسی بۆ حیزبە کوردیەکان قەدەغەیە و هەموو حیزبە کوردیەکانی کوردستانی ئێران هەڵوەشێندراوە ومونحەلە راگەیاندراون و بە پێی بەندەکانی ١٩٧ تا ٢٠٢ ی یاسای "حدود و قەساسی" کۆماری ئیسلامی، ئەندامانی حیزبە کوردییەکان بە "مفسد فی الارض" ومحارب دژی خودا" دەناسرێن و بەوەش هەر لە جێدا حوکمی مەرگیان دراوە.

سەرکوتی ئازادییەکان و یەک لەوان ئازادیی چاپەمەنی و رادەربڕین یەکێکی دیکە لە دەرکەوتەکانی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانە. کۆماری ئیسلامی لە کاتێک دا یادی ٣٢ ساڵەی تەمەنی خۆی دەکاتەوە کە هەموو میدیا و رۆژنامە و بڵاڤۆکە کوردییەکان لە کوردستان بە قامکەکانی دەست دەژمێردرێن و رۆژنامەنووسانی کوردیش یان لە بەندیخانە توند کراون، یان بە ناچاری کوردستانیان جێ هیشتوە.

لە ئێراندا هێشتا خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا قەدەغەیە و ئابووری ناوچە کورد نشینەکان لەو پەری خراپی دایە. رادەی بێکاری لە کوردستان لە ٥٠%یش تێ دەپەڕێ.

کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی سیستماتیک مادە هۆشبەرەکان لە نێو لاوانی کورد دا بڵاو دەکاتەوە بۆ ئەوەی پێشی گەشە کردن و بەشدارییان لە خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورد بگرێ.

تەقە کردن لە خەڵکی بێتاوانی کورد لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە بووتە کردەوەیەکی رۆژانە و پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان ئاکامی کردەوەی هێزە چەکدارەکان نیە، بەڵکوو هەڵقووڵاو لە سیاسەتەکانی رژێمی ئێرانە دژی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران.

ئەوانە هەمووی سووچە ئاورێک لە مێژووی ٣٢ ساڵەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی بە سەر کوردستان و ئێراندا بووە، بەڵام ئەوەی لەو نێوەدا گرینگ و جێی سەرنجی تایبەتییە ئەوەیە کە سەرەڕای هەموو ئەو سەرکوت و سیاسەتی زەبرو زەنگە، نەتەوەی وشیاری کورد نەک پاشەکشەی لە ویست و داوا دیموکراتیک و رەواکانی نەکردوە، بەڵکوو لێبراوتر لە هەر کاتێک مکوڕ لە سەر وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەیە.

---

## هۆکارەکانی پشتی پەردەی جاشێتی و زۆر بوونی بەسیج لە کوردستان

خەڵکی کوردستان رابردوویەکی دوور و درێژیان لە خەبات لە پێناو ئازادی و مافی نەتەوایەتی دا هەیە. ئەو خەڵکە لە مێژوودا نە لە قوربانیدان سڵی کردوە و نە هێزی زۆر و کۆک و پۆشتەی دوژنمانی ورەیان پێ بەرداوە، بەڵکوو بە باوەڕ بە رەوایی خەباتەکەی هەموو کاتێک دوژمانی خۆی تەنگاو کردوە.
ئازایەتی، مەردایەتی، چاونەترسی و پێشمەرگەبوون هەموو ئەو تایبەتمەندیانە بوون کە هەر لە کۆنەوە لە نێو گەلانی دراوسێ دا کورد و میللەتی کوردیان پێ ناسراونەتەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای گەیشتن بە دەسەڵات و دوای قایمکردنی بناغەی دەسەڵاتەکەیان لە تاران، کاتێک لە گەڵ خەباتی مافخوزانە و شوناسخوازانەی کورد بەرەوڕوو بوونەوە، ڕێگەی ئینکەبەرایەتیی مافەکانی گەلی کوردیان هەڵ بژارد و بە سپا و لەشکەری کۆک و پۆشتە هێرشیان کردە سەر جووڵانەوەی کورد، بەڵام ئازایەتیی رۆڵەکانی کورد و لە خۆبردوویی و بە راپەڕیوونی پێشمەرگەکانی کوردستان، دیسانەکەش زەبرێکی گورچکبڕ و لەبیرنەکراو و مێژوویی دیکەیان لە زۆرداران و داگیرکەرانی کوردستان دا.

کاتێک کە کوردستان بە زەبری چەکی قورس و لەشکەرکێشیی سەدان هەزار کەسیی دوژمن و لە ئاکامی شەرێکی نابەرامبەردا گیرایەوە، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ دەستەمۆ کردن و کوشتنی هەستی ئازایەتی و خۆڕاگریی خەڵکی کورد کۆمەڵێک سیاسەتی نوێی گرتە بەر.

لە هەژاری دا هێشتنەوە، چاولەدەست کردنی کورد و برەوپێدان بە بێکاری و قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان، بەشێک لەو سیاسەتانە بوون کە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی دامودەزگا ئەمنیەتییەکانیەوە بۆ کوشتنی ئیرادەی بەربەرەکانی و بەرگری کردنی کوردان گرتنیە بەر.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵی رابرووددا لە گەڵ ئەوەی قەت سیاسەتی زبر و توند و تیژی خۆی بۆ بەرەوەڕوبوونەوە لە گەڵ کێشەی کورد وەلا نەناوە، بەڵام لە زۆر بواریش دا و بە هێمنی هەوڵی داوە بە گرتنە بەری زنجیرە سیاسەتێک کارێک بکا تا وزە و توانستی کورد لە دژایەتی کردنی ڕێژیم و دەسەڵات را بۆ رەهەندی ملکەچی یان هەر نەبێ بی توانایی و پاسیڤبوون ببا.

لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا سەرکوتی بزووتنەوەی کورد، گرتن و ئەشکەنجەو ئیعدامی ئازادیخوازانی کورد سیاسەتی هەمیشەیی دەسەڵات بووە، بەڵام دەسەڵات لە تەنیشت ئەو بەرووەڕوبوونەوەیە زبر و توند و تیژەش لە چەند رەهەندی دیکەدا هەوڵی خەساندنی میللەتی کورد و بزووتنەوەکەی داوە.

ڕێگە پێنەدان بە چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێب بە زمانی کوردی لە دەیەی یەکەمی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیم، نەهێشتن بە خوێندن بە زمانی کوردی، ڕێگە پێنەدان و کۆسپ خستنە سەر ڕێی چالاکیی ناوەندە فەرهەنگییەکان بۆ پێشگرتن لە خزمەتی ئەو ناوەند و گرووپانە بە زمان و کلتووری کوردی، سەپاندنی سانسۆر و ئیزن نەدان بە بڵاوبوونەوەی رۆژنامە بە زمانی کوردی بەشێک لەو هەوڵ و بەرنامانە و سیاسەتی رەسمی و نەگۆڕی کۆماری

ئیسلامی لە بواری کلتووری بۆ بەرپێگرتن لە گەشەی زمان و کلتووری کوردی وەک یەکێک لە دینامیزمەکانی شوناس و پێناسی نەتەوەیی کورد بوون.

بێگانە کردنی نەسڵی نوێی کورد لە رابردوو و هۆوییەتی خۆی یەکێکی دیکە لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ کپکردنی دەنگی ئازادیخوازیی کورد بووە. بڕەپێدان بە کلتووری خۆخۆری لە رێگەی چالاکیی بەسیجی قوتابی و بەسیجی خوێندکاری یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی بووە کە لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا بە تێچوویەکی یەکجار زۆرەوە کاری بۆ کردوە. بەڵام پەرەپێدان بە دیاردەی بەسیجیگەری کاتێک دەیتوانی لە کوردستان سەرکەوتوو بێ کە خەڵک نەک بە زەبرو زۆر بەڵکوو بە ناچاری و تەنانەت پێچەوانەی ویستی خۆیان رووی تێ بکەن، ئەویش ئەو کاتەیە کە هەموو ئیمتیازەکانی ژیان، خوێندن و پێ بەرێچوون و گوزەرانی خەڵک لە پاوانی ئەو دەزگا ئەمنیەتییەی رێژیم دابێ.

ئیمتیازەکانی خوێندن لە زانکۆ بۆ قوتابییان، دامەزران، کەمکردنەوە لە ماوەی سەربازی، بەخشینی تاوان و ماوەزیندانی و تەنانەت پێدانی بڕێ کود و گازۆڵ بە جوتیارێکی کورد تەنیا ئاماژەیەکی بچووک بەو سیاسەتانەن کە کۆماری ئیسلامی ویستوویەتی لەو رێگەیەوە خەڵکی کوردستان پەلکێشی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی بکا و لە ئامانج و خولیا و باوەڕە رەسەن و راستەقینەکانی خۆی دووری خاتەوە.

برەوپێدان بە بێکاری، لەدواکەتووییدا راگرتنی کوردستان لە بواری سەنعەتی و نەک هەر سەرمایەدانەنانی دەوڵەتی لە کوردستان بەڵکوو تەنانەت رێگرتن لە سەرمایەدانانی کوردە دەوڵەمەندەکان لە کوردستان و پەرەپێدان بە دیئاردەی ئیعتاد لە کوردستان هەموو بۆ ئەوە بوون کە خەڵک ناچار بکا بەردەوام چاوی لە رەحمەت و بەخششی دەوڵەت بێ و ئەو جارەشیان مەرجی وەرگرتنی ئەو بەخشش و دەست گرتنە ئەندامەتی لە رێکخراوەکانی بەسیج و سیخوڕی کردن بۆ رێژیم و لە عەرزی دانی پشتی برا و هاونیشتمان بێ.

ئەوڕۆکە سەخت کردنی ژیان لە خەڵکی تا ئەو رادەیەیە کە دەسڕاگەیشتن بە کەمترین ئیمکانات کە ئەرکی سەرەکیی هەر دەوڵەتێکە، پێوست بەوە بکا کە دەبێ ئەندامی بەسیج بی.

ئەوڕۆکە بەشێکی زۆر لە قوتابییان پێچەوانەی ویست و باوەڕیان کارتی بەسیجی قوتابی وەردەگرن، چونکی دەزانن ئەگەر وانەکەن شانسێکی کەمتریان بۆ چوون بە زانکۆ هەیە، جوتیارێک کە دەبێ بۆ وەبەرهێنانی زیاتر

ئیمکاناتی تایبەتی پێ بدرێ، ئەو ئیمکاناتە کاتێک دەدرێ کە کارتی بەسیجی هەبێ، کۆڵبەرێک کە بە سەر مەیدانی مین دا دەڕوا، هەڵدێر و سەرما و سۆڵ دەبڕێ دەبێ کارتی بەسیجی پێ بێ، چونکی یان ناهیلن تەنانەت ئەو کارەش بکا، یان بۆ ئەوەیە کە ئەگەر رۆژێک بارەکەی لێ گیرا، لەو سۆنگەیەوە بتوانێ بارەکەی وەربگرێتەوە. پیرێک، پەککەوتەیەک و بەساڵچوویەکی کورد کاتێک بڕە یارمەتییەکی لە کومیتەی ئیمداد پێ دەدرێ کە لە بەرامبەر دا دەبێ خزمەتی دەزگا ئەمنیەتییەکانی رێژیم بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو خزمەتە تەنیا ئەوە بێ بەرەو پیلی کاربەدەستێکی پایەبەرزی رێژیمەوە بچێ.

ئەوانەی باس کران تەنیا بەشێک لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامین کە تەنیا لە سۆنگەی بڕەپێدان بە هەژاری، بێکاری، دەستەنگی و تاڵ کردنی ژیان لە تاکی کورد دا دەتوانێ بیان باتە پێشێ و بە قازانجی خۆی بە کاریان بێنە و بە درێژایی ٣٠ ساڵی رابردووش هەر لەو پێناوەدا سەرمایەگوزاری کردوە.

## پێویستیی بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان و گۆڕینی هەڵویستەکان

خۆپیشاندانەکانی رۆژی ٢٥ی رێبەندان لە تاران و چەند شارێکی دیکەی وەک ئیسفەهان، مەشهەد، کرماشان و شیراز لە چەند لاوە گرینگ و جێی سەرنج بوون.

یەکەم ئەوەی کە خۆدەرخستن و هێز نواندنی نەیاران و دژبەرانی دەوڵەتی کودیتا لە سەر شەقام، لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا نەک هەر بەرچاو و پڕدیار نەبوو، بەڵکوو ئەو بارودۆخە وای کردبوو کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە باوەڕبەخۆبوونێکی یەکجار زۆرەوە باس لە تێکشکانی بزووتنەوەی ئیعترازیی خەڵک بکەن و تەنانەت بە ناوی خەڵکەوە باس لە دادگایی کردن و بە قانوون ئەسپاردنی رێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە بکەن. بەڵام بەشداریی سەدان هەزار کەسیی خەڵک لە خۆپیشاندانێکدا کە تەنانەت لە لایەن دەوڵەتەوە نەک هەر ئیزنی پێ نەدرابوو، بەڵکوو شەپۆلێکی پڕ لە هەڕەشە و گوڕەشەشی وەشوێن خرابوو، نیشانی دا کە نەک جووڵانەوەی ئێعترازی و نارەزایەتی دەربڕینی خەڵک بنەبڕ نەکراوە و لە پێ نەکەوتوە، بەڵکوو ئەو نارەزایەتییانە زیاتر لە

جاران لە سەر یەک کەڵەکە بوونەوە و تەنیا دەرفەتێک بەسە بۆ ئەوەی خەڵک پیشانی بدەن کە چەندە دژی حکومەت و ئەو نیزام و دەسەڵاتەن.

**دووهەم** ئەوەی کە هەر وەک بە کورتیش باس کرا، ڕووداوەکانی دوای بە سەرکۆمار کردنەوەی ئەحمەدی نژاد دەریان خستبوو کە دەوڵەت چەندە ڤین لە زگانە بەروەڕووی ئیعترازی خەڵک دەبێتەوە، خەڵک دەیانزانی کە ئەوانەی لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە دەگیرێن چۆناوچۆن ئەشکەنجە دەکرێن و تەنانەت دەستدرێژییان دەکرێتە سەر، خەڵک دەیانزانی کە حکومەت سڵ لە کوشتن و سەرکوتی زبر و توند و تیژ ناکا، دەیانزانی ئەگەر بێنە سەرشەقام باتووم و گازی فرمێسکرێژ و گولله و حیزبوڵلاهی و لیباس شەخسییە پڕ چەکەکان چاوەڕوانیانن، بەڵام بەو حاڵەش هاتن و پیشانیان دا کە ئەو جووڵانەوەیە تەنانەت بە بێ هیچ ئامادەکاری و ڕێکخستنێک و تەنیا بە بڵاوکردنەوەی بانگەوازێک چەندەی وزە و توانست و پۆتانسێل هەیە کە بیهەوێ بیخاتە گەڕ.

**سێهەم** سەرنج لەو پێوەندییەدا دەنگدانەوەی ئەو حەرەکەتە بوو. ئەو جووڵەیە لە لایەک زۆر بە وردی کەوتە بەر سەرنجی کۆمەڵگای جیهانی، بە جۆرێک کە زۆربەی وڵاتانی زلهێز و خاوەن ناوی جیهان بە ئاشکرا سەرکوتی خۆپیشاندەرانی ٢٥ ی ڕێبەندانیان لەلایەن حکومەتەوە مەحکووم کردو لە گەڵ لۆمە کردنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ڕوو بە خەڵکی ئێران ڕایانگەیاند کە دنیا دەنگی مافخوازانەی ئەوانی بیستوە و ڕێزی بۆ دادەنێ.

لە لایەکی دیکەش ئەو حەرەکەتە وەها شڵەژانێکی لە نێو دەسەڵاتدا دروست کرد کە ناچار بوون پەنا بۆ ئەمنیەتیتر کردنی بارودۆخی وڵات و تەنانەت دزێوترین کاری وەک دزین و خۆبەخاوەن کردنی شەهیدەکانی ٢٥ ی ڕێبەندان ببەن و بە لەقاودرانی ئەو کارە، ڕیسواییەکی دیکەش بۆ خۆیان بکڕن.

بەڵام خۆپیشاندانەکەی ٢٥ی ڕێبەندان و ڕووداوەکانی دوای ئەو ڕۆژە و چڕبوونەوەی فشارەکان لە سەر کەسانی وەک موسەوی و کەڕوبی کە بە ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە دەناسرێن، ئەو دەرفەتەشی بە باڵی توندڕەوی دەسەڵات داوە کە باڵی نێوەندئاژۆش بێننە گەڵ خۆیان و زیاتر لە هەر جارێک بۆ پاراستنی تەواوێتیی دەسەڵاتەکەیان، ڕیزەکانیان دژی بزوتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی ئێران ڕێک بخەن.

لەوەها بارودۆخێکدا خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بڕیاری داوە کە سبەی یەکشەممە، ١ی ڕەشەمە لە لایەک بۆ ڕیزگرتن لە یادی شەهیدانی کوردی ئەو خۆپیشاندانە، شەهیدان سانع ژاڵە و محەممەد موختاری و خۆ بە خاوەن

کردنی ئەو شەهیدانەو، لە لایەکی دیکەش بۆ سەلماندنی چاونەترسی و مانەوەی لە سەنگەری دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی برژێنە سەر شەقام و هەوڵ و پەلەقاژە و پیلانگێڕییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی جووڵانەوەی نارەزایەتیی خەڵک مایەپووچ بکەنەوە و بە هەمووان بسەلمێنن کە سەرکوتەکەی ٢٥ ی ڕێبەندان نەک خاڵی کۆتایی بەگژداچوونەوەی دەسەڵات نیە، بەڵکوو دەتوانێ خاڵی دەسپێکی ڕەوتی بەردەوامی هاتنە سەرشەقام و قۆناغێکی نوی لە ململانێ و بەربەرەکانی دژی کۆماری ئیسلامی بێ.

بەڵام بۆ ئەو قۆناغە نوێیە لە خەباتی خەڵکی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی چەند خاڵێک جێی سەرنج و تێڕامانن:

یەکەم ئەوەی بە لێکدانەوەی هەموو فاکتۆرە نێوخۆیی و دەرەکییەکان کاتی ئەوە هاتوە کە ئەو خۆدەرخستنە لە سەر شەقام و هێز نواندنانە بۆ ترساندنی کۆماری ئیسلامی، لە ساڵێ یەک ڕۆژ دەرباز ببێ. چونکی ئەوە بەردەوامیی ئەو خۆپیشاندان و ململانێیانە کە دەتوانێ چۆک بە کۆماری ئیسلامیدا بدا.

دووهەم ئەوەی کە ئەو خۆپیشاندانانە دەبێ ڕێک بخرێن و لە پێناو ستراتیژییەکی دیار و روون دا بەردەوام بن. جیا لەوەش ستراتیژیی ئێستای خۆپیشاندانەکان بە سەرنجدان بە جۆراوجۆری و تەنانەت جاری وایە لێک دووریی دروشمەکان ناتوانێ کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێ، کەواتە کاتی ئەوەش هاتوە ڕێبەرانی ناسراوی جووڵانەوەی سەوز، واتە موسەوی و کەڕوبی بە ئاشکرا و بە روونی ریزی خۆیان لە تەواوێتیی کۆماری ئیسلامی جیا بکەنەوە و کۆتایی بەو نەرمکێشییە بێنن کە تا ئێستا بە ناچاری کردوویانە.

جیا لەوەو گرینگتر لە هەموو ئەوانەش ریزەکانی خەڵک بۆ دژایەتیی کۆماری ئیسلامی دەبێ تۆکمەتر و یەکگرتووتر بێ. کاتی ئەوە هاتوە کە ڕێبەرانی جووڵانەوەی سەوز سیاسەتی روونی خۆیان لە گەڵ بزووتنە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێران و بزووتنەوەی بەهێزی کورد دیاری بکەن تا بە هاوپێوەندیی و هابەشیی هەموو لایەک و هێزی هەموو لا پێکەوە تۆماری کۆماری ئیسلامی تێکەوە پێچن. ئەو نیازپاکی و ئامادەییە لە لایەن کوردەکانەوە سەلماوە، خوێنی گەشی کیانووش ئاسا، سانع ژاڵە و محەممەد موختاری و لە ریزی هەرە پێشەوەبوونی لاوانی کورد لە بزووتنەوەی ئیعترازی دژی کۆماری ئیسلامی نوێنگەی راستەقینەی خەباتی کورد بۆ ئازادی و دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە هەموو ئێرانە.

ڕێکەوت: ڕێبەندانی ١٣٨٩ - جانێوێری ٢٠١١

## وتوویژ لە گەڵ بەرێوەبەر و وتەبێژی "کەمپینی ١٠ رۆژ خەبات دژی ئیعدام"

دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەرەبەری ٣٢ ساڵەی سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێراندا و لە بانگەوازێکدا، رۆژەکانی دەیەی بە ناو فەجر واتە ١٢تا ٢٢ی رێبەندانی وەک دەیەی بەربەرەکانی لە گەڵ ئێعدام لە ئێران، بە تایبەت ئیعدامی بەندییە سیاسییەکان راگەیاند و داوای لە سەرجەم حیزب و لایەن و کەسایەتییە خەباتگێرەکانی کوردستان و ئێران کرد کە بە یەکەوە لەم ١٠ رۆژەدا،هەوڵەکانیان بە مەبەستی لەقاودانی ئێعدامەکان لە کۆماری ئیسلامی و بەرزکردنەوەی دەنگی نارەزایەتی لەم پێوەندییەدا و هەڵوەشانەوەی سزای ئێعدامی بەندییە سیاسییەکان چڕوپڕ بکەن.

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی بانگەوازی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا،"کەمپینی ١٠ رۆژ خەبات دژی ئیعدام" وەرێ کەوت و لە ماوەی ئەو ١٠ رۆژەدا ژمارەیەکی بەرچاو کەسایەتیی سیاسی و فەرهەنگی،روناکبیران، رۆژنامەنووسان و چەندین رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی،دەنگی خۆیان تێکەڵ بە دەنگی کەمپینی ١٠ رۆژ خەبات بە دژی ئیعدام کرد و لە سێدارەدانی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانیان لە لایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە مەحکووم کرد.

" کوردستان" لەو پێوەندییەدا و بۆ باسی زیاتر لە سەر ئامانج و ئاکام و دەسکەوتەکانی ئەو کەمپەینە مێزگردێکی رۆژنامەنووسیی لە گەڵ حوسێن ئەحمەدپوور، رێکخەر و هەڵسووڕێنەری کەمپەین و جهانگیر عەبدوڵاهی، وتەبێژی کەمپەینی "کەمپینی ١٠ رۆژ خەبات دژی ئیعدام" پێک هێناوە:

**" کوردستان": کاک جهانگیر هۆی ئەوەی کە رۆژەکانی دەیەی بە ناو فەجرتان بۆ ئەو کەمپەینە، واتە کارزاری ١٠ رۆژەی بەربەرەکانی لە گەڵ ئێعدام لە ئێران هەڵ بژارد چ بوو؟**

**جهانگیر عەبدوڵڵاهی:** هەر وەک دەزانن لە ٢ یا سێ مانگی رابردوودا فشارەکان بۆ سەر ئازادیخوازان و چالاکانی سیاسی رووی لە زیادبوون کردوە. ئەم فشارانەش بۆ سەر چالاکانی سیاسیی کورد زیاتر بووە و چەند چالاکیی سیاسیی کورد لە سێدارەدراون و چەندین کەسیی دیکەش مەترسی لە سێدارەدانیان لەسەرە. بە هۆی نیگەرانی لەم شەپۆلی ئێعدامە و دوابەدوای بڵاوبوونەوەی بانگەوازەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کەمپینی ١٠ رۆژ خەبات دژ بە ئێعدام وەڕێ کەوت. دیارە دەزانین کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا پڕوپاگەندە بۆ خۆی دەکا و ئێمەش لەو ماوەیە ویستمان کەڵک وەربگرین تا سیمای راستەقینەی کۆماری ئسلامی لە ماوەی ٣٢ ساڵی رابردوودا و بە تایبەت لەم ماوەیەی دواییدا دەربخەین.

لەم پێوەندییەدا ئێعدامی لاوانی کوردمان وەک بابەتێکی رۆژ زەق کردەوە و بە کارکردن لە سەر ئەم بابەتە و بابەتەکانی پێوەندیدار بەم کێشەیە، هەنگاومان بۆ ئاگادارکردنەوەی گەلی کورد و ئێران و گەیاندنی دەنگی زیندانیانی سیاسی بە رای گشتی جیهان و یەکخستنەوەی هەوڵەکان سەبارەت بەو بابەتە هەڵهێنایەوە. خوازیاری ئەوە بووین کە تەواوی ئەو چالاکیانەی کە بۆ پاراستنی گیانی بەندکراوانی سیاسی هاتۆتەدی کۆکەینەوە و هەموو پێکەوە کار بکەین و پێش بەو ئێعدامانە بگرین.

**" کوردستان": کاک جهانگیر باستان لە بەشێک لەو ئامانجانە بۆ ئەو مەبەستە کرد. ئێوە هەوڵەکانتان زۆرتر لە سەر بە رۆژەڤ کردنی ئیعدامی چالاکانی سیاسیی کورد چڕ کردبۆوە یان بە گشتی پرسی ئێعدام لە ئێران لە تەواویەتی خۆی دا؟**

ئامانجەکان بە گشتی گەیاندنی دەنگی چالاکانی سیاسی و مەدەنی بەندکراو و مەحکووم بە ئێعدام وبە رۆژەف کردنی ئەو ئێعدامانەبوو. ئەرکمان ئاگادارکردنەوەی خەڵکی کورد بوو بەر لە هەر شتێک، دواتر راکێشانی سەرنجی گەلانی ئێران و خەڵکی جیهان بوو کە ئەوەندەی بکرێ لەم پێوەندییەدا هەڵوێست بگرن.

هەروەها ئامانجمان ئاگادارکردنەوەی زیاتری رێکخراوەکانی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە دۆخی بەندکراوانی کورد بوو، کاناڵیزەکردنی چالاکییەکان بۆ خەبات دژی ئەم حوکمە نامرۆوانەیە ئامانجی ئەم کەمپینە بووتا بتوانین پشتیوانی حیزب و رێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان بە دەست بێنیین و بە پتەوکردنی هەوڵەکانمان پاشەکشە بە کۆماری ئیسلامی بکەین.

" کوردستان": کاک حوسێن! بەرەوڕووبوونەوەی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە کاریگەریی بانگەواز و هەوڵەکانی بەڕێوەبەرانی ئەو کەمپەینە لە سەر جموجۆڵ و بەدەنگەوە هاتنی خەڵک لە نێو خۆی کوردستان بۆ ئەو بانگەوازە چۆن هەڵ دەسەنگێنن؟

حوسێن ئەحمەدپوور: وەڵامدانەوە بەم پرسیارە کارێکی زۆر سەختە، چوونکە بۆ وەها کارێک پێویستە کۆمەڵێک پێوەر لەبەر دەست دا هەبێ کە لە رووی ئەو پێوەرانەوە لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکان بتوانی ئاستی کاریگەری بەنگەواز و هەوڵەکان هەڵسەنگێنی. بەڵام بەداخەوە بەهۆی دووری لە نێوخۆی وڵات و نەبوونی هیچ دەرفەتێک بۆ لێکۆڵینەوە، کاری هەڵسەنگاندنی ئەم بابەتە زۆر قورسەو ناچارین تەنیا بەو زانیارییانە پشت ببەستین کە لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانەوە و لەرێگەی لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە بەدەستمان گەیشتوون. چوونکە بەشی سەرەکی زۆری چالاکییەکانی ئەم کەمپەینە لە ڕێگەی تەلەویزیۆنی کوردکاناڵەوە بڵاودەبۆوە، بەپێی کۆمەڵێک بەڵگە لەو ماوەیەدا ڕێژەی بینەرانی ئەم تەلەویزیۆنە بەتایبەت لە ناوچەکانی خوارووی کوردستان زیادی کردوە. یان بەپێێ کۆمەڵێک زانیاری زۆر ورد، لە شارە جۆراوجۆرەکان بابەتی ئیعدام و ئەوەیکە دەهەی فەجر بە ناوی ١٠ ڕۆژ خەبات دژ بە سزای ئیعدام پێناسە کراوە، لەنێو خەڵکدا زۆر باسی لێدەکرێ و لە شوێنە گشتییەکاندا بووەتە جێگای باسی خەڵک و پێشوازی لەم هەڵوێستە کراوە. لە هێندێک شوێن دا خەڵک بۆخۆیان لەم پێوەندییەدا درووشمیان نووسیوە، sms یان بۆ یەکتر ناردووە. ئەمانە بەگشتی نیشان دەدەن کە هەوڵەکانمان لەگەڵ پێشوازیی خەڵک ڕووبەڕوو بۆتەوە. دیارە دەرکەوتنی کاریگەری ئەم شێوە کارو چالاکیانە درێژخایەن دا دەردەکەوێ و ئاکامی کۆمەڵێک کارو چالاکی لەم چەشنەیە کە کۆمەڵگا ئامادە دەکا کە لە کاتێکی گونجاودا هەڵوێست بگرێ.

" کوردستان": کاک حوسێن! ڕەنگدانەوەی هەوڵەکانتان لە دەرەوی کوردستان بە چ شێوەیەک بوو، ئایا ئەو دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەیە ئامانجەکانی ئێوەی پێکابوو؟

لە دەرەوەی وڵات لە بەراورد لەگەڵ ئەو ماوە کەمەدا کە لەبەر دەست دابوو، زۆر کاری باش کرا. پێوەندی گرتن بە کەسایەتیی و ڕێکخراو و لایەنی جۆراوجۆر کە پشتیوانی لەم هەڵوێستە بکەن و کاری بۆ بکەن کە بەختەوەرانە لە ماوەی تەنیا چەند ڕۆژدا زیاتر لە ٥٠ ڕێکخراو و لایەن و کەسایەتیی کورد و غەیرە کورد پشتیوانیان لێکرا و بە هەڵوێستێکی زۆر شیاو و پێشکەوتنخوازانەیان زانی. لە چەندین شاری ئورووپا بەڕێوەبەرانی ئەم کەمپێینە لە دەرەوەی وڵات بە هاوکاری خەڵک و لایەنی دیکە خۆپێشاندانی گەورەیان ساز کرد، بۆ وێنە تەنیا لە نۆروێژ

سەدان کەس لە خۆپێشاندانەکەدا بەشداریان کرد و تێیدا چەندین پارلمانتێری نۆروێژی بەشدار بوون و لەم پێوەندییەدا قسەیان کرد و پەیامیان هەبوو. کومیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات زۆر بە باشی کاریان کرد کە بە راستی جێگەی خۆیەتی سپاسیان بکرێ و دەستخۆشیان لێ بکرێ. بێگومان ئەم شێوە کورکردنە لە دەرەوەی وڵات هەم لە کورت ماوەداو هەم لە درێژ ماوەدا کاریگەری باشیان دەبێ و پێویستە کە بەردەوام بێ.

**" کوردستان": کاک جهانگیر! لە پێوەندی لە گەڵ بەدەنگەوە نەهاتنی حیزبەکاندا، بۆ جیا لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، هیچ حیزبێکی رۆژهەڵاتی کوردستان پێشوازیی لە هەوڵەکانی ئێوە نەکرد؟ بەدەنگەوە نەهاتنی ئەو حیزبانە هیچ کاریگەرییەکی لە سەر پێکانی ئامانجە بنەڕەتییەکانی ئەو کەمپەینە دانا؟؟**

بە داخەوە لە کلتووری سیاسی ئەحزابی سیاسی کورد شتێکی هەڵە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەر فکر یا بیرۆکەیەک کە لەلایەن یەکێک لە ئەحزاب پێشکەش بکرێ، ئەوانی دیکە هاوکاری ناکەن، هۆکارەکاشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وابیر ئەکەنەوە کە ئەگەر بێتوو هاوکاری بکەن و بە دەنگیەوە بچن ئەوە مانای ئەوەیە کە چوونەتە ژێر فکر و کاریگەری حیزبەکەی ترەوە و چۆن ئەو بیرۆکەیە لەلایەن حیزب و جەریانێکی دیکەوە پێشنیارکراوە، نابێ هاوکاری بکەن، ئەگینا وەک بێتوو بڵێی شەرعییەتی خۆیان لە دەست دەدەن. ئەم بیرۆکەیە تەنیا سەبارە بەم کامپینە نەبووە، بەڵکوو بۆ بابەتی جۆراوجۆری دیکە هەر بەو شێوە بووە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بە راستی ئەم شێوە بیرکردنەوەیە درووست نیە و بە هاناوە هاتن بە مانای کەوتنە ژێر کاریگەری لایەنێکی دیکەوە نیە، بەڵکوو بە مانای کراوەیی و پێشکەوتوویە و متمانەشیان لە نێو خەڵکدا زیاتر دەبێ.

دەبینین چەندین حیزبمان هەیە کە بۆ رزگاری کوردستان تێدەکۆشن. ئەگەر ئەم لایەنانە نەتوانن پێکەوە کاری هاوبەش بکەن، چۆن خەباتەکەیان بەرەوپێش دەچێ؟ بە راستی بە کاری هاوبەش و گوتاری فەراحیزبی نەبێ گەیشتن بە ئامانجەکان زۆر دژوارە.

**"کوردستان": کاک حوسێن بێ گومان ئەو جۆرە کار و چالاکییانە کێشە و ئاستەنگی خۆی هەیە. بۆ خۆتان باس لەوە بکەن کە کێشەکان، کۆسپەکان یان دژوارییەکانی بەردەم پێشڤەچوونی کارەکانی کەمپەینەکە چ بوون؟**

کێشەی سەرەکی بە باوەڕێ من کەمی ماوە بوو و ئەوەیکە درەنگ دەست بەکار بووین. هەر بۆیە لە هەڵسەنگاندنمان بۆ کارو چالاکییەکانی دەبێ ئەم فاکتەرە لەبەر چاو بگرین. بە لەبەر چاو گرتنی ئەم کەمی ماوەیە دەتوانین بڵێین کە کاری زۆر باش کراوە. یەکێکی دیکە لە گرفتەکانی بە دەنگەوە نەهاتنی حیزبەکانی دیکە بوو، دیارە بەشێکی هۆکاری بە دەنگەوە نەهاتنەکە بە باوەڕی من دیسانەکە بۆ کەمی ماوەکە دەگەڕێتەوە. دیارە با ئەوەش بڵێین کە راستە کەمی ماوە هۆکار بوو، بەڵام نابێ ئەم مەسەلەیە بکرێتە پاساو، دەبێ حیزبەکان و لایەنە سیاسییەکان هەمیشە ئەو ئامادەییەیان تێدا هەبێ کە بە نیسبەت رووداوی تازەو هەڵوێستی تازەوە زوو هەڵوێست بگرن. هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەم کەمپێینەوەئەگەر بهاتباو لایەنەکانت دیکەش پشتیوانیان لی بکردبایە و کاریان بۆ بکردبایە، بێگومان کاریگەرییەکەی چەند قات دەبوو و زۆر شتی دیکەشی لێ دەکەوتەوە و ئەوکات خەڵکی کوردستان دەستخۆشیان لە هەموویان دەکرد.

یەکێکی دیکە لە کۆسپەکانی لە رووی راگەیاندنەوە بوو، بۆ نموونە تەنیا تەلەویزیۆنێکی کوردی کاتی خۆی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرد، دیارە ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە و پێویست بە باس کردنی ناکا. کۆسپێکی دیکە کە دەبێ وەک ئەزموونێک بۆ کارو چالاکییەکانی داهاتوو دەرسی لێ وەربگرین، نەبوونی هەماهەنگی پێویست بوو کە ئەمەش خۆی بەشێکی زۆری بۆ ئەو کەمی ماوەیە دەگەڕێتەوە کە ئاماژەمان پێ کرد.

**" کوردستان": کاک حوسێن! بابەتی ئیعدام بە درێژایی مێژووی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی بوونی بووە و ئەوە سیاسەتی عەمەلیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوت و زەبروزەنگ نواندن لە ئێرانە. ئایا ئەوە هەڵ ناگرێ کە دوای تەواو بوونی ئەو ماوەی ١٠ رۆژە راگەیەندراوە، هەوڵەکان لەو پێناوەدا بە شێوەی سیستماتیک بەردەوام بن، بۆ ئەو مەبەستە هیچ بەرنامە و پرۆژەیەکتان هەیە؟**

بێگومان بایەخی ئەم جۆرە کارو چالاکییانە لە بەردەوامبوونیان دایە تا ئەو کاتەی بە ئاکام دەگا. پێویستە بەپێی هەلومەرج و لە قۆناغێ جۆراوجۆر و بە شێوازی جۆراوجۆر بە بەردەوامی کار لەسەر ئەم بابەتە بکردرێ. دەنا ئەم کەمپێینە هەروەک بە ناوەکەیدا دیارە، شتێکی کاتییە و مەبەستی سەرەکی ئەوە بوو کە لەو ماوە زەمانییە کە لە ئێران وەک دەیەی فەجر ناسراوە کەڵک وەرگیردرێ، بەڵام کاتیی بوون بەو مانایە نییە کە ئیتر کارەکان تەواو بووە، بەڵکوو لە داهاتوودا دەبێ بە شێوازی جۆراوجۆر کاری بۆ بکەین. بە باوەڕی من لەم قۆناغەدا بۆ ئەوەیکە لە داهاتوودا بەهێزترو رێک و پێکترکار لەسەر ئەم بابەتە بکەین. دەبێ ئەولەوییەتمان

ئەوە بێ کە خەسارناسییەکی ئەم چەشنە کارو چالاکییانە بکەین و بەرنامەیەکی رێک و پێکتر دابڕێژین و لە داهاتوودا بە بەرچاوڕوونی و بە هەماهەنگییەکی زیاترەوە درێژە بە کارەکانمان بدەین.

"کوردستان": کاک جهانگیر وەک کۆبەندییەکی ئەو مێزگردەمان و وەک دوایین پرسیار، خاڵە لاواز و بەهێزەکانی ئەو ئەزموونەتان چۆن پۆلێنبەندی دەکەن؟

ئەگەر چاو لە کەمپین بکەین دەبیبین یەکەمجارە کامپینی لەو شێوەیە ساز دەبێ، دەتوانین بۆ داهاتوو کاری لە سەر بکەین و لەو رۆژانەی کە کۆماری ئیسلامی بۆ خۆی دیاری کردون، بێین لە سەر بابەتەکانی وەک ئێعدام و مافی مرۆڤ و... کار بکەین. بۆ نموونە ئێمە توانیمان لە ماوەی ئەم ١٠ رۆژەدا کۆمەڵێک چالاکی لە بواری مێدیا، ئینتێرنێت و زانیاری ئەنجام بدەین. چەندین کەسایەتی لەسەر ئەم بابەتە بۆ خەڵک دوان. کۆمەڵێک بەرنامەی تەلەویزیۆنیمان بەرێوەبرد. لە بواری نووسین بابەتی زۆر نووسران و چالاکانی سیاسی و مەدەنی هاوکاریان کردین و تواناکانمان لەو بوارەدا چڕکردەوە. خاڵە لاوازەکانیش دەگەڕێنەوە سەر ئەوەی کە کاتمان کەم لە بەر دەستدا بوو و حیزب و رێکخراوەکان بەو شێوەیەی کە پێویست بوو پشتیوانییان نەکرد، بەڵام دەتوانم بڵێم لە چاو ئەوەی کە لەم بوارەدا پێشتر کەممان کار کردوە دەسکاوتی باشی هەبوو.

---

## کۆماری ئیسلامی و توشبوونی بە ریسواییەکی دیکە

لە کۆتایی رۆژەکانی حەوتووی رابردوودا بڵاوبوونەوەی دوو هەواڵی گرینگی پێکەوە پێوەندیدار جێی سەرنج و وردبوونەوە بوون.

**یەکەم هەواڵ** ئەوەیە کە تەنیا لە ماوەی ٣ رۆژی حەوتووی رابردوودا ٢٢ کەس لە ئێران ئێعدام کران و بە پێی ئیدیعای بەرپرسانی دەزگای قەزایی، هەموو ئەو کەسانە بە تاوانی بازرگانیی کردن بە مادە هۆشبەرەکان لە دار دراون. بە پێی قانوونی سزای ئیسلامی لە ئێران هەر کەسێک زیاتر لە ٣٠ گرەم تلیاکی لێ بگیرێ بەرەوڕووی سزای مەرگ دەبێتەوە.

**هەواڵی دووەم،** رۆژی چوارشەممە رۆژنامەی "جامی جەم" ئاشکرای کرد کە زیاتر لە ٢٩ هەزار کیلۆ مادەی هۆشبەری تلیاک لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی "ئیمام خومەینی"ی تاران لە لایەن پۆلیسی فڕۆکەخانەوە دەستی بە سەردا گیراوە و دواتر زانراوە کە ئەو بارە تلیاکە بە ئیعتباری بانکێکی ئێران بۆ ناوەندێکی دروست کردنی دەرمان کڕدراوە.

بەڵام ئەوەی لەو نێوەدا جێی سەرنجە چەند شتە:

**یەکەم** ئەوەی دوای ئاشکرابوونی ئەو هەواڵە هەموو هەوڵەکان خڕانە گەڕ بۆ ئەوەی ئەو رووداوە بە شتێکی ئاسایی لە قەڵەم بدەن و وا نیشان بدەن کە ئەو کارە قانوونی بووە و ئەو ٣٠ تۆن تلیاکە لە وڵاتی چین کڕدراوە و لە رێگەی هیندوستانەوە هێنراوەتە ئێران، بەڵام لەو نێوەدا هیچ لایەنێک ئامادە نەبوە کە بڵێ ئەو بانکەی ئیعتباری کڕینی ئەو ٣٠ تۆن تلیاکەی دابین کردوە، کام بانک بووە و ئەو ناوەندە پزیشکییەی کە قەرار بووە لەو تلیاکە بۆ دروست کردنی دەرمان ساز کردن کەڵک وەرگرێ کامەیە؟

**دووەم** ئەوەی کە بە قسەی "حەمید رەزا حوسێن ئابادی"، سەرۆکی پۆلیسی خەبات دژی مادە هۆشبەرەکان لە مێژووی ٣٠ساڵەی کۆماری ئیسلامیدا نەبینراوە کە دەوڵەت بۆ کاروباری پزیشکی و دروستکردنی دەرمان لە دەرەوەڕا مادەی هۆشبەر بکرێ. بە پێی ددانپێدانانی ناوبراو هەر ئەو بڕە تلیاکەی کە لە ساڵدا لە لایەن هێزەکانی ئەو ناوەندەوە دەستیان بە سەردا دەگیرێ، زۆر لەوە زیاترە کە بۆ دروست کردنی دەرمان پێویستە. تەنانەت زۆر جار ئەو تلیاکەی ماوەتەوە، سووتێندراوە. کەواتە پرسیار لێرە دایە چۆنە کە لە پڕ ٣٠ هەزار کیلۆ تلیاک لە دەرەوەڕا بۆ ئەو مەبەستە دەکڕدرێ؟

**سێیەم** ئەوەی کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئیدیعایان کردوە کە ئەو ٣٠ تۆن تلیاکە بە ئاگاداریی وەزارەتی بێهداشت و لە لایەن شیرکەتێکی تایبەتی دەرمانسازییەوە کردراوە، بەڵام تا ئێستاشی لە گەڵ بێ هیچ بەرپرسێکی پایەبەرزی وەزارەتی بێهداشتی کۆماری ئیسلامی قانوونی بوون و پێویست بوونی کڕینی ئەو ٣٠ تۆن تلیاکەی پشتڕاست نەکردۆتەوە. لە لایەکی دیکەوەبە ئیعترافی سەرتیپی پاسدار حەمید رەزا حوسێن ئابادی هیچ شیرکەتێک پێوشوێنی ئەو بارە تلیاکەی هەڵنەگرتوە و تەنانەت وەزارەتی بێهداشتیش لێی نەپرسیوەتەوە و هەر

بۆیەش لە رواڵەت دا ئەو ٣٠ تۆن تلیاکە لە لایەن پۆلیسی دژایەتی لەگەڵ مادەهۆشبەرەکانەوە دەستی بە سەردا گیراوە.

چوارەم ئەوە کە لە هیچ وڵاتێکی دنیا چاندن و بەرهەمهێنانی تلیاک لە لایەن دەوڵەتەوە قانوونی نیە، کەواتە دەکرێ پرسیار بکرێ چۆنە کە بە شێوەی قانوونی ٣٠ تۆن تلیاک لە چین کڕدراوە؟ چۆنە ئەو برە زۆرە تلیاکە لە شاری " بەمبەئی" ی هیندوستان بارگیری کراوە و بە فڕۆکەیەکی تایبەتی هێنراوەتە ئێران و تەنانەت ئەگەر ئەو مامەڵەیە قانوونی بووە، چۆنە پۆلیسی فڕۆکەخانە لێی ئاگادار نەبوە؟ بۆ راست دوای ئەوەی کە ئەو کارە لە لایەن پۆلیسی فڕۆکەخانەوە ئاشکرا کراوە دەست بەو هەموە شێر و رێوی هێنانەوە کراوە؟

هەموو ئەو سەرنج و تێبینییانە ئاشکرای دەکەن کە دوای ئاشکرا بوونی ئەو تاوانە، هەوڵی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، ئەوەیە پووش بەسەرکردن و دیزەبەدەرخۆنە کردنی حەقیقەتی بازرگانیی نێودەوڵەتیی مادە هۆشبەرەکان لە لایەن بەرپرسە پایەبەرزەکانەوە پێش بە ریسواییەکی دیکەی رێژیمەکەیان بگرن.

هەر ئەو حەقیقەتەی کە کەڕوبی لە مونازەرەتلویزیۆنییەکانی پێش هەڵبژاردنی دەیەمین خولی سەرۆک کۆماری دا لەگەڵ ئەحمەدی نژاد پەردەی لەسەر لادان: واتە بوونی ئیسکەلە نادیارەکان و بەکارهێنانی فڕۆکەخانەکان بۆ کاروباری قاچاغی کاڵا ناقانوونییەکان.

لە بیرمانە ئەوەش هەر چەند مانگ لەوە پێش بوو کە سایتی ویکی لیکس پەردەی لە سەر رۆڵی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لە ترانزیتی مادە هۆشبەرەکان بۆ وڵاتی ئازەربایجان هەڵدایەوە.

ویکی لیکس بە بەڵگە ئاشکرای کردبوو کە سپای پاسداران یەکێک لە کرپارە هەرە زەبەلاحەکانی تلیاک لە ئەفغانستانە و لە رێگەی دوو رایەڵکەی قاچاغی زەوینی و ئاسمانییەوە بە کەڵکوەرگرتن لە دەسڕۆیشتوویی سیاسی و نیزامی و سەرچاوە ئابوورییەکانی مادە هۆشبەرەکان بۆ ئاسیای نێوەراست و ئورووپا ترانزیت دەکا و لەو رێگایەوە بە میلیاد دۆلار قازانجی کردوە.

ئەو بەڵگانە ئەوە دەسەلمێنن کە کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لە گەڵ قاچاغی مادە هۆشبەرەکان سیاسەتی یەک بان و دوو هەوای هەیە. لە لایەک بازرگانەکانی دەرەوەی بازنەی مافیای حکومەتی بە تاوانی گرتنی تەنانەت ٣٠

گرەم تلیاک لە دار دەدا و لە لایەکی دیکەشەوە بۆ خۆی هەر جارەو ٣٠ هەزار کیلۆ تلیاک ئەم بەر و ئەو بەر و ترانزیت دەکا ئەوەش روویەکی دیکەی ماهییەتی راستەقینەی دامودەزگا نیزامی و ئەمنیەتییەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

## کۆماری ئیسلامی و گەمەکردنی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانەدا

شەپۆلی خێرای رووداوەکان لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا دوورەدیمەنەکانی ئەو ئاڵوگۆڕ و رووداوانە تاڕادەیەک ئاستەم دەکا. ئەوەی لەو نێوەدا تا ئێستا روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە هەموو ئەو وڵاتانەی تا ئێستا ئەو شەپۆلەیان تێ کەوتوە و خەڵکەکەیان بەرەوڕووی دەسەڵات بوونەوەتەوە، لە چەند ئامانج و مەبەستی هاوبەش و وەک یەک دا یەک دەگرنەوە.

لە بینینی یەکەم دا دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، راپەڕین دژی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری، گەندەڵیی دارایی و ئیداری و سەرکوتی ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان، خاڵی وەک یەک و هاوبەشی هەموو ئەو سەرهەڵدان و بزووتنەوانە بوون کە تا ئێستا وڵاتانی تونێس، میسر، یەمەن، بەحرین و لیبی و لە دوێنێش را بەشێکی زۆر لە شارەکانی عێڕاقی گرتۆتەوە.

بینینی دووەم ئەوەیە رەوتی ئەو رووداوانە دەرخەری ئەو راستییە سیاسییەن کە وڵاتانی ناوچە بەرەو ئەو شتەی ناوی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەی لێ نراوە، هەنگاو دەنێن. لە بیرمانە کە دەوڵەتی پێشووی ئەمریکا بە لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندە ستراتیژیکییەکانی لەدێموکراتیزە بوونی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، لە زۆر رەهەندەوە هەوڵی بۆ دا، بەڵام ئێستا ئەوە خەڵکی ئەو وڵاتانە بۆ خۆیانن کە بە هاتنە سەرشەقام و سووربوون لە سەر داواکانیان خەریکن ژێئۆپۆلێتیک و پێکهاتەی سیاسی و بەڕێوەبەریی وڵاتەکانیان دەگۆڕن.

لەو پێوەندییەدا خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە خەڵکی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستیی ژیانەکییان بە دێموکراسی، دەسەڵاتی گەلی، سەروەریی قانوون و بایەخدان بە ئازادییە تاکەکەسی و گرووپی و ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکانیانە. جگە لەمە رەوتی ئەو رووداوانەش هەر لەو چەند وڵاتەدا قەتیس

نامێنێتەوە کە تا ئێستا سەرهەڵدانەکان و شەپۆلی نارەزایەتیی خەڵک گرتوونیەوە، بەڵکوو وریاکردنەوەیەکیشن بۆ هەموو دەسەڵاتە ملهوڕەکانی ئەو ناوچەیە کە لە رواڵەت دا خۆیان بە پارێزراو لە شەپۆلی ئەو ئاڵوگۆڕانە دەبینن.

لەو نێوەدا کاریگەریی ئێران لە سەر ئەو رووداوانە و کارتێکەریی ئەو رووداوانە لە سەر کەشی سیاسیی ئێران و هەروەها کاردانەوەی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر ئەو ئالوگۆڕانە جێی سەرنج و بایەخ پێدانن.

هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانەکاندا کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی چەواشەکاری بانگەشەیەی ئەوەی دەکرد کە ئەو راپەڕینانە شۆرشی ئیسلامین. خامنەیی لە نوێژی هەینیی حەوتوویەک بەر لە سەرکەوتنی شۆرشی میسردا بە ئاشکرا رایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی پشتیوانی لە شۆرشی ئیسلامیی خەڵکی میسر دەکا، بەڵام تەنیا چەند سەعات دوای ئەوە ئیخوانولموسلمین بە توندی بەرپەرچی ئەو قسانەی خامنەیی دایەوە و رایگەیاند کە ئەوە نەک شۆڕشی ئیسلامی نیە، بەڵکوو شۆڕشی جەماوەری خەڵکە بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی و دێمۆکراسی. پێشتریش راشد ئەلغەنووشی، رێبەری رەوتە ئیسلامییەکانی تونێس رایگەیاندبوو کە نە راپەڕینی وڵاتەکەی ئیسلامییە و نە ئەویش خومەینییەکی دیکەیە.

لە یەمەن و بەحرێنیش کە نزیکەی سەتا ٧٠ی حەشیمەتەکەی شیعەن و کەمینەیەکی سوونی مەزهەب دەسەڵاتیان بە سەردا دەکەن، ئەوە گرووپە ئیسلامییەکان نین کە سەرۆکایەتیی راپەڕینەکان دەکەن و، ئامانجەکانیش بە دەسەڵات گەیشتنی رەوتە ئیسلامییەکان نین، بەڵکوو دروشم و خاڵی لە دەوری یەک کۆکەرەوەی هەموو هێز و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتە، حکومەتی قانوون، دێموکراسی و ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکانە.

رەنگە ئەو ئاڵوگۆڕانە لە یەکەم هەنگاو دا لەوانەیە گۆڕانی بە سەر کۆمەڵێک هاوکێشەی سیاسی و بالانسی هێز و بەرژەوەندییەکان دا هێنابێ و لەوانەیە لە کورتخایەن دا تاڕادەیەک بە قازانجی ئێران شکابێتەوە، بەڵام بە سەرنجدان بە ماهییەت و رێبازی ئەو راپەڕینانە، رەوتی رووداوەکانی داهاتوو بە زیانی دەسەڵاتی سیاسیی ئێران دەشکێتەوە.

خاڵی زۆر زەق و جێی سەرنج لەو پێوەندییەدا هەڵویست و ئاخاوتنی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر ئەو رووداوانە دایە.

ئەحمەدی نژاد، سەرکۆماری رێژیمی ئیسلامی لە کاردانەوەیەکدا بە رووداوەکانی ئەو دواییانەی لیبی، قەزافی، سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتەی وریا کردۆتەوە کە بە توندوتیژی مامەڵە لەگەڵ خەڵکەکەی نەکا و رێز لە بۆچوون و ئیرادەی خەڵکی وڵاتەکەی بگرێ.
ئەو جۆرە ئاخاوتنانەی ئەحمەدی نژاد ئەگەر لە لایەک ئەوپەڕی ریاکاری و چەواشەکارییان پێوە دیارە ، لە لایەکی دیکەشەوە بێڕێزی و گاڵتە کردن بە هەموو شعووری خەڵکی ئێران و ئەو وڵاتانەشە. وەک بڵێی کە لە سەردەمی راگەیاندنی جیهانیدا خەڵکی لیبی و ئێران ئاگایان لە رەوتی رووداوەکانی وڵاتانی دیکە نیە.

چونکە ئەحمەدی نژاد لە کاتێک دا بە بێشەرمیی تەواوەوە ئامۆژگاریی قەزافی دەکا کە بە نەرم و هێمنانە لەگەڵ خەڵکی راپەڕیو هەڵسوکەوت بکا، کە بۆ خۆی و رێژیمەکەی بە درێژایی تەمەنی دەسەڵاتدارتیان و بە تایبەت لە دوو ساڵی رابردوو بە ئاگر و ئاسن و بە توندوتیژترین شێوە وڵامی داخوازیی خەڵکی ئێرانیان داوەتەوە. ئەویش لە کاتێک دا کە خەڵکی ئێران تەنیا بۆ نارەزایەتی دەربڕین بە دزرانی دەنگەکانیان هاتبوونە سەرشەقام.

ئەحمەدی نژاد لە کاتێک دا ئامۆژگاریی قەزافی دەکا کە رێز لە ویست و ئیرادەی خەڵکی وڵاتەکەی بگرێ، کە خەڵکی وڵاتەکەی خۆی بە تایبەت لە دوو ساڵی رابردوودا زۆر بە روونی باسیان لە داوا و ویستەکانیان کردوە و لە پێناو نواندنی ئەو ئیرادەیەدا قوربانی دەدەن و گیان بەخت دەکەن و بە بڕیاری ئەحمەدی نژاد دەگیرێن و دەخرێنە زیندانەوە و ئەشکەنجە دەکرێن و دەستدرێژییان دەکرێتە سەر.
ئەحمەدی نژاد روو بە رێبەرانی وڵاتانی عەرەبی باسی ئەوە دەکا کە خەڵکی ئەم سەردەمە پێویستییان بە زانیاریی جیهانییە. ئەو قسانەش لە کاتێک دا دەکا کە ئێرانی بندەستی دەسەڵاتەکەی گەورەترین زیندانی رۆژنامەنووسانە و هەرچەشنە رادەربڕینێکی ئازاد لە وڵاتەکەی خۆیدا بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێ و هەموو پێوەندییەک و تەنانەت کورتەنامە و sms ی خەڵکەکەش خراونەتە ژێر چاوەدێری و سانسۆڕەوە.

ئەحمەدی نژاد لۆمەی قەزافی دەکا و دەڵێ کە پێم سەیرە لە دنیادا دەسەڵاتێک هەبێ کە بە ئاگر و گوللە وەڵامی خەڵکەکەی خۆی بداتەوە، وەک بڵێی کە کیانووش ئاساکان، ندائاقا سوڵتان و سانع ژاڵە و موختارییەکان کە لە وڵاتەکەی خۆی دا بە بڕیاری خۆی دەدرێنە بەر دەسرێژ و دەکوژرێن، خەڵکی ئێران نین. یان ئەوەی لە ئێران رادەبرێ، کە هەر هەمان وەدەنگ هاتن و داواکردنی ماف و ئازادییەکانە، جیاوازە لەوەی کە لە وڵاتانی دیکە رادەبرێ.

بە سەرنجدان بەو ئاخێوانە ناچارم بڵێم  بە راستی کە بێشەرمی و چەواشەکاریی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی هیچ بەربەست و سنوورێک ناناسێ.

رێکەوت: ڕشەمێ ١٣٨٩ - فێبریوێری ٢٠١١

## نامەی ژنێکی ئێرانی بۆ پیاوانی نیشتمانەکەی

نووسینی سیمین بێهبەهانی

وەرگێڕانی عەلی بداغی

* بە پێیان لە تەنیشتت تێپەڕیم و تو گوتت: خانمە جوانەکە پێم بڵێ بە چەندی؟

* نبە سواری ماشێن لە تەنیشتت تێپەڕیم و تۆ گوتت، ماشێن لێخوڕین بۆ تۆ نەهاتوە، بچۆ خۆت بە ماشێنی جلشۆرییەوە سەرقاڵ بکە.

* لە سەفی نانەواخانەدا نۆبەبڕیت کرد و وەپێشم کەوتی، چونکی دەنگت بەرزتر بوو.

* لە سەفی دووکان نۆبەبڕیت کرد و وەپێشم کەوتی، چونکی بەژن و باڵات بەرزتر بوو.

* لە ژێر لیزمەی باران چاوەڕێی تاکسی بووم، پاڵت پێوە نام و بۆ خۆت چووی سوار بووی.

* لە ئوتوبوسدا خۆت لە خەو کرد بۆ وەی مەجبوور نەبی جێی خۆتم فەرموو بکەی.

* لە تاکسیدا خۆت لە خەو کرد بۆ وەی لە سەری هەموو پێچ و سووڕانەوەیەکدا خۆت باویتە سەرم.

* لە سینەما نیکی کەریمی کاتی منداڵبوونی دەیزیقاند و، ئەتوش لە پشت سەری من گوتت: " ئەی ی ی قۆزەلقۆرت... ژەهری مار".

* لە سەر شەقام لە گەڵ چەند پیاوی دی بە شەر هاتی، بەڵام هەموو جنێو و قسە ناخۆشەکانت جنێوی دایک و خوشکی بوو.

* لە پارک و سەیرانگا لە بەر تۆ قەت نەبوو بتوانم لاقم راکێشم و بە دڵی خۆم وەحەسێم.

* لە بەر تۆ قەت رێیان نەدام بێمە یاریگە، ئەویش لە بەر جنێو و قسە سووک و چرووکەکانی تۆ.

* ئەمن دەبێ خۆم داپۆشم تا تۆ پیاوێکی خاوەن دین و ئیماندار بنوێنی.

* ئەمن دەبێ بە گوێم دا بخوێنن تا تۆ رێنوینی کرابی.

* تۆ ژنت نەهێنا و پێت گوتم کە ژنهێنان کەرێتی و گەمژەییە.

* من شووم نەکرد کەچی پێت گوتم ئەوە ترشاوی بۆیە....

* کە تۆ عاشق بووی ئەمن دەبوو پاوانی تۆ بم.

* کە من عاشق بووم، دەبوو دایک و خوشکت منیان بە دڵ بوایە.

* ئەمن دەبێ جلەکانت بشۆم و لە ئوتوویان دەم تا خەڵکی پێت بڵێن کاکی خۆش تیپ.

* ئەمن دەبێ نان و چێشت لێ نێم و بە منداڵەکان را بگەم و تۆ لە لای خەڵکی کاکی دوکتور و ئاغای مەهەندیسی.

* ئەو کاتەی گوتم کۆنەی منداڵەکە بگۆڕە تۆ گوتت منداڵ ئی دایکیەتی.

* ئەو کاتەی دەتویست تەڵاقم بدەی گوتت منداڵ ئی باوکیەتی.

* نا ئیدی بەسە. ئەمن ئیدی دەزانم مافەکانم چین و بۆ ئەستاندنی مافی وەک یەکم لە گەڵ تۆ قورس و قایم لە سەر پێ و لە سەر هەستم.

* ئەمن ئیدی لە بەر تۆ لە هیچ مافێکم خۆش نابم، چونکی خۆم ناسیوە و دەزانم کێم.

* ئەمن لە گەڵ تۆ مافی وەک یەکم هەیە ئەی پیاوەکە.

* ئەمن هیچ پێویستیم بەوە نیە لە ئەتوبووس ئەتۆ هەستی بۆ ئەوەی من دانیشم.

* ئەمن هیچ پێویستیم بەوە نیە کە تۆ بەخێوم کەی و منەتبارم کەی.

* ئەمن هیچ پێویستیم بەوە نیە کە سێبەری بەرگریی تۆم بە سەرەوە بێ.

* بۆ خۆم ئەوەندە هەم کە بتوانم خۆم بژێنم و بەرگری لە خۆم بکەم.

* بەڵێ پێم خۆشە لە لام بی، بەڵام بە بێ تۆش دەتوانم بژیم و خۆم بم.

* بەڵێ پێم خۆشە لە لای یەکتر تامی بەختەوری بچێژین، بەڵام پێت وا نەبێ بێ تۆ بەختەوریم لێ دەتۆرێ!

* ئەمن ئیدی خەریکە هەستی باوەڕبەخۆبوونی دۆڕاو و ونبووم لە خۆمدا دەژێنمەوە.

* پێم بڵێ ترشاو، پێم بڵێ قەیرە، پێم بڵێ کەس تێ نەڕیاو، چی قسەی سووک و ناخۆشە بیڵێ، بەڵام ئەوەندە بزانە تەنیا ئەو کاتە شانازیی هاودەمی و نووستن لە گەڵ ئەمنت پێ دەبڕێ کە بایی ئەوەندە فام و تێگەیشتن لە تۆدا شک ببەم.

* ئیدی چوو و نەما ئەو کاتەی پوور و میمکەکانم چاوەڕوانی پیاوێک دەمانەوە بەشکم بیانخوازن، دەنا دەترشان و دەبوونە هۆی سەرشۆڕیی بنەماڵە و لە ماڵە باوکیان دەمانەوە...

* ئەورۆ ئیدی ئەتۆ بۆ هاودەمی و هاوهەنگاوی لە گەڵ من دەبێ لێوەشاوەیی و بایەخی ئەو شانازییەت هەبێ و، نەما ئەو كاتەی بتوانی داگیر و پاوانم كەی و تا هەتایە دیل و كۆیلەی بەرێزت بم....

* مافەكانم لە تۆ دەستێنمەوە، منداڵەكانمت پێ نادەم، لە هیچ حەقێكی خۆم خۆش نابم و خۆم نە بە نرخی هەزار سكەی زێڕ و نە بە بەرگێك قورئان كە سەهلە، بە هیچ نرخێك خۆم نافرۆشم بە تۆ.

* ئەو ڕۆژە دێ و لە ئێستاوەش هاتوە تێ بگەی كە ئەو كاتە لە گەڵتم، ئەو كاتە لە ئامێز و لە پەناتم كە شیاوی ئەوەبی.

* ئەو ڕۆژە دێ و لە ئێستاوەش هاتوە تێ بگەی كە لە گەڵ بوونی من بە مانای داگیر كردن و كۆیلە كردنم نیە. دڵنیا بە هەر كات وەك باوكەكانت لە گەڵ من جووڵایەوە، دەسبەجێ ئەمنت لە كیس خۆت داوە.

* بەڵێ ئەی پیاوەكە، لەوانەیە من دۆست و هاودەم و گراو و خۆشەویستت بم، بەڵام دڵنیا بە قەت نابمە ملكی تۆ.

## ئەوگوڵەی وا لە سەحرا ڕوابوو

ناونیشانی ئەم بابەتە وەسفێكە كە دوكتۆر قاسملو لە پەسنی پێشەوا قازی محەمەددا گوتوویەتی. ١٠ی خاكەلێوەی ئەمساڵیش شەست و چوارەمین ساڵڕۆژی لە سێدارەدرانی سەرۆك كۆماری كوردستان بوو، ئەم بۆنەیە دەكەینە دەرفەتێك بۆ تیشك خستنەسەر هێندێك ڕەهەندی فكری و كردەوەیی قازی محەمەد، سەرۆك كۆماری كوردستان. پێشەوا قازی كاراكتێری سەرەكی خوڵقانی مەزنترین ڕووداوی مێژووی نەتەوەیی كورد، واتە دامەزراندنی كۆماری كوردستان بوو. لەم ڕووەشەوە ئاماژە بە دەسكەوتەكانی كۆماری كوردستان و پاشانیش بەرگری ئەو لە بێدادگایی ڕژێمی پاشایانی لە ئامانجەكانی گەلی كورد و كۆماردا، باشترین فاكتەكانی وردبوونەوەو شیكاری كەسایەتی قازی محەمەدە، كۆماری كوردستان بەرهەمی خەباتی سیاسی حزبی دیموكراتی كوردستان و حزبی دیموكراتیش ڕێكخراوی خاوەن بەرنامەی ڕوون و پێشكەوتووی دامەزراو لەسەر قەوارەی تەشكیلاتی (ژ.ك) و ژ-كافیش بەرهەمی گەشەی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی كوردی بووەو ڕۆڵی پێشەوا لە دەركەوتن و ئۆرگانیزەبوونی هەركام لەوانە، كاریگەرو دیاریكراوبووە. سەردەمی كۆمارو ماوەی یانزە مانگ تەمەنی كۆمار قۆناغی پراكتیزەبونی بیرو بۆچۆن و

ئامانجەكانی قازی محەمەد بوو. لەوماوەیەدا هەلی زێڕین و خەونی مێژوویی كورد، واتە بەدەستەوە كرتنی مافی چارەنووسی ئەم گەلە لەسەر دەستی بەتوانای پێشەوا هاتەدی. زمانی كوردی كرا بەزمانی رەسمی و قوتابخانەی كوردی دامەزران و زۆر رۆژنامەو گۆڤار بە زامین كوردی بڵاوكرانەوە. گرنگی و بایەخ بە رۆڵی ژنان و لاوان دراو ئەو دوو تویژە گرنگەی كۆمەڵ هاندران كە چالاكترو بە گورترو لە چوارچێوەی رێكراوی سنفیدا خەبات بۆ یەكسانی مافە رەواكانیان بكەن(شتێک كەلە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بێوێنەو بۆ یەكەمجاربوو) دامەزرانی سوپای میللی و هێزی پێشمەرگەو بوژاندنەوەی ئابووری كوردستانی ژێردەسەڵاتی كۆمارو جێگیركردنی ئاسایش و ئەمنیەتی خەڵكی لەم بەشەی كوردستان بەشێكی كەم لە كارنامەی كۆماری جوانەمەرگن كە بیرۆكەكانی پێشەوای مەزنی تێدا پڕاكتیزە دەكرا. بنەما فیكری و مەعریفیەكانی پێشەوا وەک دیموكراسی، لیبڕالیزم، مافی مرۆڤ و پڕانسیپە جیهان شموولەكانی مرۆڤایەتی ئێستاو پاش شەست ساڵ بەهاو پرەنسیپ گەلێكن كە دنیای مۆدرێن و شارستانیەتی ئەوڕۆ تەنیا بانگەشەی بۆ دەكەن. بەڵام قازی محەمەد نەک وەک بانگەشەیەكی رووت و ئەبستراكت، بەڵكو بەكردەوە لە حكومەتی كوردی و كۆماری كوردستاندا چەسپاندبووی داكۆكی لێ دەكردن. قازی بەمانای ووشە دیموكرات بوو، باوەڕی قووڵی بە لیبڕاڵیزم هەبوو، ئازادی تاک بنەمای مەعریفی پێشەوابوو. رەخنەگران دژبەرانی كۆمار هەر لەلایەن خودی پێشەواوە دەپارێزران. لە سیاسەت و بڕیاردەكردندا پرسی بە هاوڕێیانی حزبی دەكردو باوەڕی تەواوی بە كاری بە كۆمەڵ و عەقڵی بەكۆمەڵ هەبوو. مزگەوتی هەباس ئاغای شاری مهاباد، وەک پلینۆمی حزبی و پەرلەمانی گشتی بڕیارەكانی دەوڵەت و راسپاردەكانی كابینەی لێدەهاتە گۆڕێ و راوپێشنیاری خەڵكیان لەسەر وەردەگیراو ئەمانە هەموو بە ئیسراو لەسەر داوای قازی مەحەمەد ئەنجام دەدران. قازی محەمەد نیشتمان پەروەرێكی نەتەوەیی بوو، كوردستانی بەیەک نیشتمان و كوردی پێ یەک نەتەوەبوو. بە هیچ جۆر باوەڕی بە سنووره دەستكردەكانی دەوڵەتانی داگیركەرنەبوو. كوردانی هەموو پارچەكانی كوردستان لە كۆماری كوردستاندا یەكیان دەگرتەوەو بە پێی لێوەشاوەیی كاریان پێدەسپێردرا. مەلا مستەفا بارزانی پلەی ژەنەراڵی پێدەدرێ و وەک فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی كۆمار دیاری دەكرێ.لێبڕاوی، ئازایەتی و كراوەیی لە خسەڵەتە بەرچاوەكانی پێشەوان. دادگایكردنی پێشەوا باشترین بەڵگە بۆ ناسكردنی مەعریفەو بۆچوونەكانی قازی و وردبوونەوە لە لایەن جۆراوجۆرەكانی كەسایەتی قازی محەمەدن. دكتۆر قاسملوو سەبارەت بەو دادگاییە دەڵێ (قازی باش دەیزانی كە ئەوە شەخسی قازی نیە كە دادگایی دەكرێ، بەڵكو بزوتنەوەی سیاسی كوردە كە كێشراوەتە پای دادگایی و ئەوە ئاوات و ئامانجەكانی نەتەوەیی كە بەتاوان دادەنرێ) هەربۆیە وەک كاریزمایەكی مەزن لە خۆربردوو ئازایانە بەرگری لەنەتەوەكەی و كۆمارە جوانەمەرگەی دەكا. قازی نەلە هەرەشەی جەلادەكانی ترسی رێنیشتوو نەبایەخێكی بە وادەو بەڵێنی راسپاردەكانی شای ئێران و دەوڵەتە كۆلۆنیالیستەكان دانا. قازی وەفادار بە سوێندی ٢ ی

ڕێبەندانی چوارچرا، سەربەرزانە سەری لە پێناو رزگاری نەتەوەکەی بردەسەردارو بووبە سەرداری تاهەتایی کورد. سەربەخۆیی خوازی و لیبراڵبوون بوون و ئازایەتی و لێبڕاوی و لایەنە شارەوکانی کەسایەتی قازی لەو دادگایەدا دەردەکەوێ، کە هەڵدەستێ کورسیەکەی بەسەر داواکاری گشتیدا دەشکێنێ، کاتێک سووکایەتی بەنەتەوەکەی و نیشتمانەکەی دەکرێ. گاڵتە بەداواکاری گشتی دەکا کە دەبینێ ئالایەکی درۆیین و کوردستان دەخاتە ژێر پێو پێی دەڵێ ئەم کورتە پەڕۆیە ئالای کوردستان نیە، ئالای کوردستانم بە مەلامستەفا بارزانی سپاردووەو ئێوە دەستان پێی راناگا تا سوکایەتی پێبکەن رۆژێکیش دێ لەسەر ئەو خانووەی منی لێ دادگایی دەکرێم ئالای کوردستان بشەکێتەوە. بارزانی و ئالای کوردستان لەسەر شانی خۆی لەو چیا بۆ ئەو چیا لەم شار بۆ ئەوشار لەم ولات بۆ ئەو ولاتی دەبا تا رۆژێک لە هەموو بەرزاییەکانی کوردستان هەڵدەدرێ و دەشەکێتەوە، دڵنیابن کە ئەو رۆژەدێ. پێشەوای مرۆڤ دۆست، ئازادی خوازو نیشتمان پەروەرو دیموکرات بەلەبەر چاوگرتنی کارنامەی شکۆداری کۆمارو برگرییە ئازایانەکەی لە بێ دادگای پاشایەتی داوای کراوە کە بەڕێبەرێکی نەتەوەیی و کاریزماتێکی کورد بناسرێو وەک سەمبوولی نەتەوەیی یادی هەرمان و پیرۆزبێ.

---

## ئاسۆی رەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران لە ژێر رووناکایی بڕیاری ئەوجارەی شوورای مافی مرۆڤ

شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان رۆژی پێنجشەممە، ٤ی خاکەلێوە بە زۆربەی دەنگ وێڕای مەحکومکردنی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بڕیاری دیاریکردنی لێکۆڵەرێکی تایبەتیشی بۆ بەدواداچوونی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران پەسند کرد.

چەند رۆژ لەوە پێش و راست لە رۆژی نەورۆزدا یەکیەتیی ئورووپا بڕیاری گەمارۆ خستنە سەر ئەو کەس و کەسایەتی و لایەنانەی لە ئێراندا پەسند کرد کە دەستیان لە پێشیلکردنی مافی مرۆڤ لەو ولاتەدا هەیە.

ناوی حەیدەر موسلحی وەزیری ئیتلاعات، مستەفا محەممەد نەجار وەزیری نێوخۆ، سادق مەحسوولی وەزیری پێشووی نێوخۆ، بەختیاری وەزیری دادگوستەری، حوسەینی وەزیری ئیرشاد، تەقی پوور وەزیری ئیرتباتات و فەنناوەری، کامڕان دانشجوو وەزیری زانست، سادق لاریجانی، سەرۆکی دەزگای قەزایی و جێگری یەکەمی ناوبراو، مورتەزەوی دادستانی پێشووی تاران، ئێژەیی دادستانی گشتیی ئێران و و وەزیری پێشووی ئیتلاعات، دەوڵەتابادی دادستانی ئێستای ئێران و ئیسماعیلی بەرپرسی زیندانەکانی ئێران و کۆمەڵێک دادوەر وەکوو، سەڵەواتی، موقەیسە، حەدداد، کابولی و سوڵتانی لەو لیستە دا دەبیندرێ کە یەکیەتیی ئورووپا بە هۆی دەست تێداهەبوون و کارنامەی رەشی ئەوان لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران بڕیاری گەمارۆ خستنە سەر ئەوانی داوە.

بڵاوبوونەوەی ئەو دوو هەواڵە و پەسند کردنی ئەو دوو بڕیارە ئەگەر لە لایەک بە سەرکەوتنێک بۆ چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و هەوڵێکی هیوابەخش ودڵخۆشکەر دادەنرێ، بەڵام لە جێشدا ئەو پرسیارانە دێنێتە گۆڕێ کە گرینگیی کردەیی ئەو بڕیار و پەسندکراوانە لە چیدایە؟ کۆڕ و کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ و حیزب و لایەنە سیاسییەکان چۆن دەتوانن مامەڵە لە گەڵ ئەو رەوتە بکەن، بۆ ئەوەی ئەو بڕیارانە هەل لە سەر کاغەز نەمێننەوە و ئاکامی عەمەلییان لێ بکەوێتەوە؟ هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر ئەو بڕیارانە چۆن و تێچووی کۆماری ئیسلامی لەو بوارەدا چی و چەندە دەبێ؟

بەر لە هەموو شتێک ئەو کاردانەوە جیهانییە بە رەوتی پێشێلکاریی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە ئێران نەک هەر لە جێی خۆیدا بوو، بەڵکوو وەک زەروورەتێک و پیوسیتییەکی هەنووکەیی لە مێژ بوو هەوڵی بۆ دەدرا و بارودۆخی نالەباری مافی مرۆڤ لە ئێران بە هۆی دەسەڵاتی سیاسیی کۆماری ئیسلامییەوە زۆر لەوە پێشتریش هەوڵ و بڕیارێکی لەو چەشنەی گەرەک بوو.

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٢ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا ٢٩ جار لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەبارەت بە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ مەحکووم کراوە و رەوتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران لە دوای بەڕیوەچوونی هەڵبژاردنەکانی دەوری دەیەمی سەرۆک کۆماری توند و تیژیی زیاتری بە خۆیەوە بینیوە.

گرتنی سەرەڕۆیانە، ئەشکەنجە کردنی بەندییە سیاسییەکان و سەپاندنی حوکمی قورسی زیندانی درێژخایەن، سەپاندنی سانسۆر و دژایەتیی هەرچەشنە ئازادییەکی سیاسی و مەدەنیی خەڵکانی ئێران، پێشێلکردنی مافی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان، پەرەسەندنی سەرسووڕهێنەری جێبەجی کردنی ئێعدام و بەردەوامیی ئێعدامی

مێرمندالان، چەوساندنەوە و بەردەوامیی سیاسەتی هەلاواردنی ژنان و نەبوونی هیچ چەشنە ئەمنیەتێکی گیانی و ژیانی بۆ چالاکانی مافی مرۆڤ کۆمەڵە فاکتۆرێک بوون کە کۆمەڵگای جیهانییان هێنایە سەر ئەو قەناعەتەی کە پێویستە دژکردەوەی شیاویان لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا هەبێ.
بەلام ئەو بڕیارە لە گۆشە نیگایەکی دیکەوە بە شکستێکی گەورەی دیپلۆماتیک بۆ کۆماری ئیسلامی دادەنرێ. کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ٤ ساڵە هەوڵ دەدا ببێتە ئەندام لە شووڕای مافی مرۆڤدا، بەلام تا ئێستا نەیتوانیوە متمانەی کۆمەڵگای جیهانی بۆ ئەندامەتی لەو شوورایەدا وەدەست بێنێ. دەرکردنی ئەو بڕیارەی شوورای مافی مرۆڤیش ئەوەندەی دیکە پرستیژ و پێگەی کۆماری ئیسلامی لە هاوکێشە سیاسییەکانی جیهانی بردە ژێر پرسیار.

گرینگییەکی دیکەی بڕیاری دیاریکردنی لێکۆلەرێکی تایبەتی بۆ بەدواداچوونی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران لەوەدایە کە لەمەودوا بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران و هەڵسوکەوتی دەسەلاتی سیاسیی ئێران و پێبەندبوون یان نەبوونی کۆماری ئیسلامی بە یاسا و رێسا نێودەوڵەتییەکان بە وردی دەخرێتە ژێر چاوەدێرییەوەو، شوورای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بە شێوەی بەردەوام و لە لایەن لیکۆڵەری دیاریکراوەوە راپۆرتی پێ دەگاتەوە و دەستی بۆ بڕیارات و کاردانەوەکانی دیکەی ئاوەلاتر دەبێ.

بەلام ئەو مەبەستانە کاتێک دێنە دی کە کۆماری ئیسلامی رێگە بە چوونی ئەو لێکۆڵەرە تایبەتییە بۆ ئێران و ئیزنی هەڵسووڕانی ئازادانە لەو پێناوەدا بەو لێکۆڵەرە بدا و کۆسپ و تەگەرەی نەخاتە سەر رێی، کەچێ هەر لە ئێستاوە بەرپرسانی ورد و درشتی کۆماری ئیسلامی وێڕای رەدکردنەوەی ئەو بڕیارە رایان گەیاندوە کە ئیزنی سەفەری وەها کەس و لایەنێک بۆ ئێران بۆ ئەو مەبەستە نادەن و ئەگەر بێتوو کۆماری ئیسلامی ئەو هەڕەشە و بڕیارەی بباتە سەر، ئەوا شوورای مافی مرۆڤ دەستی بۆ ناردنی پەروەندەی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ بۆ شووڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاوەلاتر دەبێ و کۆمەڵگای جیهانی کۆمەڵە میکانیزمێکی دیکە بۆ بەرەنگاریی کۆماری ئیسلامی لەو پێناوەدا دەگرێتە بەر.

بەلام لەو نێودا و لەو پێناوەدا ئەرکی کۆڕ و کۆمەڵەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ و رەوت و لایەنە سیاسییەکان چیە؟

ئامادەکردن و هاوڕاکردنی بیروڕای گشتیی جیهانی بۆ کاردانەوەی خێرا و کاریگەر دەبێ ئەرکی سەرەکیی هەموو ئەو هێز و لایەنانە بێ. ئەو ئەرکەش لە ڕێگەی بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوە و سمینار و، وەڕێخستنی کەمپەینی جۆراوجۆر و خۆپیشاندانی بەردەوام و لەقاودەرانە دێتە دی.

لەو پێناوەدا زانیاریی ناوەندە پێوەندیدارەکانی یەکیەتیی ئورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە وردەکاریی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ دەبێ بەردەوام بەرۆژ بکرێنەوە و ئەوەش ئەرکی هەموو هێز و لایەنە سیاسی و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤە تا بە کاری بەردەوام و بە دواداچوونی وردی ڕووداوکانی کۆمەڵگای ئێران و ڕەوتی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ وا بکەن کە بڕیارەکانی یەکیەتیی ئورووپا و شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر کاغەز و وەک شتێکی سەمبولیک نەمێنێتەوە و ئاڵوگۆڕی جیدی و کارتێکەری لە سەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێراندا لێ بکەوێتەوە.

ئەوەی لەو پێوەندییەدا بۆ ئێمەی کورد جێی سەرنجە قۆستنەوەی ئەو هەلە بە قازانجی بزووتنەوەی سیاسی و باشترکردنی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانە.

کوردستان ناوەند و شوێنی چڕبوونەوەی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێرانە. ڕەوتی ئیعدامەکان، گرتنی سەرەڕۆیانە و سەپاندنی زیندانی درێژخایەن و سەرکوتی ئازادییە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان چەند هێندەی ناوچەکانی دیکەی ئێرانە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا پێشێلکاریی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە کوردستان زۆر کەمتر لەوەی کە هەیە ڕەنگدانەوەی لە میدیاکان و لە ڕاپۆرتی ناوەند و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤدا بووە، هۆکاری ئەوەش بۆ زیاتر ئەمنیەتی بوونی کوردستان و بە داخەوە سیاسەتی هەڵاواردن و تەبعیزی زۆرێک لەو ناوەند و ڕێکخراوانەی مافی مرۆڤ دەگەڕێتەوە کە چۆن کوردەکان لە ئێراندا بە مرۆڤی پلە دوو سەیر دەکرێن، کەواتە پێشێلکاریی مافی مرۆڤی کوردیش هەر دەبێ بچێتە ئەو خانەیەوە.

بۆ نموونە لە پوختەترین ڕاپۆرتی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ کە لە لایەن ڕێکخراى چالاکانی مافی مرۆڤەوە بۆ ناوەندە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ نێردراوە، باس لەوە کراوە کە لە ساڵی ٨٩ ی هەتاویدا ١٢٥٦ کەس بە تاوانی چالاکیی سیاسی گیراون کە پشکی کوردەکان لەو ئامارەدا ١٢٩ کەس بووە*، ئەوە لە حاڵێکدایە کە بە پێی ڕاپۆرتی ناوەندی هەواڵی کوردستان و کورد لە ماوەی ئەو یەک ساڵەدا ناوەندە ئیتلاعاتی و دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لانیکەم ٤٩٨ کەس لە خەڵکی کوردستانیان بە تۆمەتی چالاکی و هەڵسووڕانی

سیاسی قۆڵبەست و، لانیکەم ١٢٦ کەس لەو گیراوانەیان لە دادگایی کردنێکی نادادپەروەرانەدا بە ٦ مانگ تا ٢٠ ساڵ زیندان مەحکووم کردوە.

ئەو نەبینین و بەکەمگرتن و پشتگوێ خستنی پیشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە لایەن ناوەندەکانی داکۆکیکەری مافی مرۆڤ وای کردوە کە تا رادەیەکی زۆر دەستی ناوەندە ئەمنیەتی و هێزە جەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی خەڵکی کوردستان ئاوەلاتر بێ، بۆ نموونە لە ساڵی ٨٩ ی هەتاویدا لانیکەم لانیکەم ٩٧ هاونیشتمانیی کورد لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە کوژراون کە ٧١ کەس لەو کوژراوانە کاسبکارانی ناوچە سنورییەکانی کوردستان بوون و لە ئاکامی ئەو پەلامارانەشدا لانیکەم ٦٨ کاسبکاریش بە تەقەی راستەوخۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بریندار بوون، بەڵام هیچ کام لەو توندوتیژی و پێشێلکاریی مافی مرۆڤی کورد لە ئێران رەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی لە راگەیەنەکانی غەیرە کوردییەکان و لە راپۆرتەکانی ناوەندەکانی مافی مرۆڤدا نەبوە.

ئەوەش ئەرکێکی زیاتر دەخاتە سەر هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان و، ناوەند و گرووپ و لایەنە سەربەخۆکانی پارێزەری مافی مرۆڤ کە ئەو دەرفەتە بۆ دەرخستنی هەموو لایەنە شاراوەکانی پیشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان و تێگەیاندنی نوێنەرانی تایبەتیی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بقۆزنەوە.

---

## کارتێکەریی ئابووریی شپرێوی ئێران لە سەر تەقینەوەی کێشە کۆمەلایەتییەکان

لە نێو درز و کەلەبەری هەواڵ و رووداوە سیاسییەکاندا زۆر جار ئەو حەقیقەتە تاڵە دووپات و چەند پاتە دەکرێتەوە کە پشتی کۆمەڵگای ئێران لە ژێر قورسایی قەیرانە کۆمەلایەتی و ئابورییەکاندا چەماوەتەوە و لادان و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەلگای ئێران پەیتا پەتیا پەرە دەستێنن و ورياکردنەوەی بەردەوامی کۆمەڵناس و خەسارناسە کۆمەڵایەتییەکانیش نەیانتوانیوە سەرنجی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ لاکردنەوە لەو کێشانە رابکێشن.

ئەوەی لەو نێوەدا کۆمەڵناسان پێی لە سەر دادەگرن، پێوەندیی گرینگ و تێکسمڕاوی هۆکار و فاکتۆرە ئابورییەکان لە گەڵ فاکتۆڕ و دیاردەگەلە کۆمەڵایەتییەکانە، بەو مانایە کە بارودۆخی نالەبار و شڕوشپرێوی ئابووریی وڵات کارتێکەریی راستەوخۆی لە سەر پەرەسەندنی خەسارە کۆمەڵایەتی و تەقینەوەی قەیرانەکانی کۆمەڵگا دەبێ.

باس کردن لە چەند فاکتۆڕی گرینگی ئابووری ئێران لە چۆنیەتی مودیرییەت و بەڕێوەبەریی وڵاتدا کە سەرەداوی زۆر قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانیان بە دەستە، دەتوانێ یارمەتی بە دەستنیشان کردنی سەرچاوەکانی ئەو قەیران و گرفتە کۆمەلایەتییانە بکا کە بەرینگیان بە خەڵکی ئێران گرتوە.

یەکێک لە فاکتۆڕە گرینگەکانی بەرهەمهێنەری ئەو بارودۆخە دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان و فرۆشی نەوت لە ماوەی ٥ ساڵی رابردوویە.

داهاتی فرۆشی نەوت کۆڵەکەی سەرەکیی ئابووریی ئێرانە. بەڵام گەمارۆ ئابوورییەکانی کۆمەڵگای جیهانی دژی ئێران وای کردوە کە لە ماوەی ٥ ساڵی رابردوودا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە ئێران بەردەوام روو لە کەمی بدا، ئەوە جیا لەوەی هەر بە هۆی ئەو گەمارۆیانە بڕی فرۆشی نەوتی ئێرانیش بە کڕیارەکانی بەردەوام رووی لە کزی داوە.

بە پێی دوایین راپۆرتی رێکخراوی ئۆپێک هەڵێنجانی نەوتی ئێران لە ساڵی رابردوودا ٤٠٠ هەزار بۆشکە لە رۆژدا لە چاو ساڵی ٢٠٠٩ لە کەمی داوە و ، ئەوە جیا لەوەی کە ئێران بڕێکی زۆری ئەو نەوتە بەرهەمهاتووەشی بۆ نەفرۆشراوە و یان پاشەکەوتی کردوە، یان دەنا بە نرخی هەرزانتر لە بازاڕ بە کڕیارەکانی فرۆشتوە.

فاکتۆڕێکی دیکەی گرینگ لەو پێوەندیەدا وەستانی نرخی هەڵدان و گەشەی ئابوریی ئێران و بەرزبوونەوەی نرخی ئاوسان و بێکاری لە وڵاتدا بووە.

بە پێی دوایین راپۆرتی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو کە دووشەممەی حەتووی رابردوو، ٢٢ی خاکەلێوە بڵاو کرایەوە، ئابووریی ئێران لە ساڵی ٢٠١٠ی زایینیدا نەک ئەوەی هیچ گەشەیەکی نەکردوە، بەڵکوو سەتا ٢٢ زیاتریش هەڵاوسانی بەخۆیەوە بینیوە.

ئەم راپورتە هەروەها پێشبینیی کردوە کە قەیرانی ئابووریی ئێران لەم ساڵدا وەکوو یەکێک لە بێ وێنەترین شێوەکانی هەڵاوسانی ئابووری لە مێژووی هاوچەرخدا سەر هەڵ دەدا.

بە پێی پێشبینیی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو، لەم ساڵدا نرخی گەشەی ئابووریی ئێران بە گەشەی لە سەتا سفر، لە بیست وڵاتی ئەفریقای باکوور جگە لە لیبی کەمتر دەبێ.
پێ بە پێی ئەوەش نرخی بێکارییە کە ئامارە رەسمییەکان نرخێکی ناواقعی سەتا ١٤ لە بێکاریی ئێران پیشان دەدەن، بەڵام بە پێی لێکۆڵینەوەی کارناسانی سەربەخۆ و هەروەها بە پێی راپۆرتی سندووقی نێو دەوڵەتیی دراو نرخی بێکاری لە ئێران لە سەتا ٣٠ یش تێپەڕیوە و لە ساڵی تازەشدا بە هۆی کارتێکەریی بەرنامەی ئامانجدار کردنی یارانەکان نرخی بێکاری لە ئێران لە سەتا ٤٠ نیزیک ببێتەوە.

هەر لە بەردەوامیی باس لەو پێوەندییەدا سندووقی نێودەوڵەتیی دراو پێشبینیی ئەوەی کردوە نرخی هەڵاوسان لە ساڵی ٢٠١١ بە تایبەت بە لەبەرچاو گرتنی کارتێکەرییەکانی قانوونی ئامانجدار کردنی یارانەکان بۆ سەروو سەتا ٣٥ هەڵکشان بە خۆیەوە ببینێ.

خاڵی گرینگ لێرەدا کارتێکەریی ئەو ئابوورییە تێک تەپیو و شپرزەیە لە سەر کێشە و دیاردە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانە کە پەرەسەندنی گرانی، تەقینەوەی دیاردەکانی ئیعتیاد، ژنانی سەرشەقام، لەشفرۆشی، چوونە سەرێی ئاماری تەڵاق و لە کەمی دانی ئاماری پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش چەند نموونە و پێودانگێک بۆ باس لە سەر ئەو بابەتەن.

بارودۆخی شپرێوی ئابووریی وڵات بە تایبەت چوونە سەرێی نرخی بێکاری و هەڵاوسان کاریگەریی راستەوخۆی لە سەر دابەزینی ئاماری پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش و چوونە سەرێی تەڵاق بووە. سیاسەتەکانی پشتیوانی کردنی کۆماری ئیسلامی لە چوونە سەرێی ژمارەی ئەندامانی خێزان لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ وای کردوە کە ئێستا زۆرترین حەشیمەتی لاوی کۆمەڵگامان لە نێوان تەمەنەکانی ٢٥ تا ٣٢ ساڵیدا هەبێ کە بە پێی ئاماری رەسمیی رێکخراوی میللی لاوان زیاتر لە ١٢ میلیۆن لاوی ئێران لە تەمەنی گونجاو بۆ پێکەوەنانیژیانی هاوبەشدان، بەڵام کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و فشاری لە رادەبەدەری ئەو کێشانە دەست و پێی ئەوانی بەستوە و ئەوانی لە بارودۆخی سەڵتی دا هێشتۆتەوە.

لە تەنیشت ئەو دیاردەیە چوونە سەرێی نرخی تەلاقیش بە بێ ئەوەی سەرئێشەیەک بۆ کاربەدەستان دروست بکا، نیگەرانیی زۆری بۆ توێژەران و چاوەدێرانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای ئێران ناوەتەوە. بە پێی ئاماری رێکخراوی سەبت و ئەحواڵی ئێران نرخی تەلاق و جیابوونەوە لە ئێران لە ساڵی ٨٩ بە نیزیک سەتا ١٤ گەیشتوە کە ئەو ئامارە لە لایەن لیکۆڵەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە گومانی خراوەتە سەر و ئەوان پێیان وایە کە بە ئەو ئامارە بە تایبەت لە شارە گەورەکان خۆی لە سەروو سەتا ٢٠ یش دەدا.

ئەو بابەتە لە مەجلیسیشدا لە لایەن داریوش قەنبەری، یەکێک لە ئەندامانی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی مەجلیس هاتۆتە گۆڕێ کە ئاماری تەلاق و جیابوونەوە لە ئێران ٨ بەرابەری ئاماری تەلاق لە ولاتانی رۆژئاواییە، ئەوەش لە حاڵێک دایە کە ئێران ولاتێکی ئیسلامییە و تەلاق لە رێوشوێنە ئایینییەکان و لە باوەڕی گشتیی خەڵکدا بە شتێکی خەراپ و ناحەز چاوی لێ دەکرێ، کەوایە ئەو پرسیارە لە جێی خۆی دایە کە چی وای کردوە کە لە کۆمەڵگای ئیرانی ئێستادا نرخی تەلاق و لەبەر یەک هەڵوەشانی خیزانەکان ٨ ئەوەندەی ولاتانی رۆژئاوایی بێ؟

ئەوەش لە جێی خۆی کە دیاردەی تەلاق جیا لەوەی خۆی لە خۆیدا دیاردە و کێشە و خەسارێکی کۆمەڵایەتییە، بەلام لە هەمان کاتدا سەرچاوەی زۆر دیاردەی نالەباری دیکەی کۆمەڵایەتی بە تایبەت پەرەسەندنی دیاردەی فەساد و لەشفرۆشی لە کۆمەڵگا دایە.

پەرەسەندنی دیاردەی ئیعتیاد، توشبوون بە نەخۆشیی ئەیدز و دەیان دیاردەی دیکە دەرەنجامی ئەو قەیرانە ئابوورییانەن کە لە سۆنگەی سیاسەتی گێرەشێوێنی و بەرزەفریی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی و مودیرییەتی چەوتی ئەوانەوە بەرببنگی کۆمەڵگای ئێرانی گرتوە و، سەیر ئەوەیە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە چاونووقاندن و پووش بە سەر کردنی هەموو ئەو واقعە تاڵە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتوورییانە حاشا لە تەقینەوەی ئەو قەیران و کێشانە دەکەن و، وا پیشان دەدەن کە جیا لەوەی نموونەیەکی هەرە باشیان لە بەرێوەبردنی کۆمەڵگا پیشانی دنیا داوە، ئامادەشن نووسخەی ئەو نموونە سەرکەوتووە بۆ ولاتانی دیکەش بپێچنەوە.

## مەترسیی پرۆژە ئەتومییەکانی ئێران لە ژێر تیشکی تەقینەوەکەی فۆکۆشیمادا

بوومەلەرزە قورسەکەی ولاتی ژاپۆن کە رووداوی تەقینەوە لە کورە ئەتومییەکەی "فۆکۆشیما" ی لێکەوتەوە، دوورتر لە سنوورەکانی ژاپۆن و لە ولاتی ئێرانیش کاریگەریی خۆی داناوە، ئەویش ئەو نیگەرانییەیە کە ئەگەر بوومەلەرزەیەکی گەورە و لە چەشنی ئەوەی ژاپۆن لە شارەکانی وەک تاران، قوم، ئەراک، ئیسفەهان و بووشێهری روو بدا، دامەزراوە ئەتومییەکانی ئێران چییان لێ بە سەر دێ و ئەو ناوەندە ئەتومییانە چ جۆرە مەترسییەک بۆ خەڵکی ئێران و تەنانەت ولاتانی ناوچە و دراوسێ و بگرە خەڵکی دنیاش دروست دەکەن. بە تایبەت ئەوەی کە دنیا هێشتا رووداوە دڵتەزێنەکەی "چرنۆبێل" ی ئۆکراینی لە بیر نەچۆتەوە کە بە هۆی دوو تەقینەوەکەی رۆژانی ٥ و ٦ ی بانەمەڕی ١٣٦٥ ی هەتاوی لە وێستگەی ئەتومیی " جێرنۆبیل" ی ئۆکڕاین نیزیک بە ٥ میلۆن کەس لە خەڵکی ئورووپا زیانیان وێ کەوت و متمانەی دنیای بە تێکنۆلۆژیی ئەتومی کەم کردەوە.

ئەو نیگەرانییەی دوابەدوای رووداوی تەقینەوەکەی فۆکۆشیما لە سەر ناوەندە ئەتومییەکەی ئێران دروست بووە، بە بێ هۆ نیە.

یەکەم ئەوەی کە جیا لە بووشێهر، هەموو شارەکانی ئەراک، تاران، ئیسفەهان و قوم کە ناوەندە ئەتومییەکانی ئێرانیان تێ دا هەڵ کەوتوە لە سەر هێڵی بوومەلەرزە هەڵ کەتوون و شاری بوشێهریش ئەگەرچی بۆ خۆی لە سەر هێڵی بوومەلەرزە هەڵ نەکەوتوە، بەڵام لە هێڵەکانی بوومەلەرزە لە کەنداوی فارس یەکجار نیزیکە. هەر بۆیەش ئەگەر بوومەلەرزەیەک بە بەهێزیی ٧ ریشتێر لە هەر کام لەو شارانە بدا، کەس ناتوانێ پێشبینیی ئەوە بکا کە چەندە ماددەی رادیۆ ئەکتیو لەو شوێنانە بڵاو دەبێتەوە و چەندەی زیانی گیانی و ماددی لێ دەکەوێتەوە.

جیا لەوەش ناوند و دامەزراوە ئەتومییەکانی ئێران پێچەوانە ی ئیدیعا گاڵتەجاڕییەکەی ئەحمەدی نژاد ئاستی ئیمەنی و پارێزراوییان زۆر لە خوارێیە. ناوەندە ئەتومییەکانی ئێران بە تێکنۆلۆژیی کۆن و دەستی چەندەمی رووسی، هیندی، پاکستانی و کۆرەی باکوور وەرێ خراون و بە هۆی ئەوەی کە ئێران هەموو ئەو هەوڵانەی بە شاراوە و دوور لە چاو و چاوەدێریی ئاژانسی وزەی ئەتوم داوە و بەشێکی زۆر لە کەرەسە و پێداویستییەکانی ئەو بنکە ئەتومییانەی لە بازاڕی رەش و لە بازرگانان و دەڵاڵەکانی بازاڕ کڕیوە، کۆمەڵگای جیهانی کەمترین متمانەی بە ئیمەنیی ئەو ناوەند و دامەزراوانە نیە.

دوابەدوای کارەساتەکەی فۆکۆشیما ئاڵمان لە درێژەپێدان بە بەردەوامیی دروستکردنی وێستگە ئەتومییەکان پاشگەز بۆوە، ئەو بڕیارەی دەوڵەتی ئاڵمان تێچووی سیاسیی زۆری بۆ ئانگێلا مێرکێل هەبوو، بەڵام نیگەرانی و مەترسییەکانی ئەو پرۆژانە زۆر لەوە زیاتر بوون کە ئانگێلا مێرکیل تەنیا لە بەرژەوەندیی سیاسیی حیزبەکەی و دروشمەکانی هەلبژاردن چاوپۆشییان لێ بکا. نیکۆلا سارکۆزی، سەرۆک کۆماری فەڕانسەش کە زۆرترین ناوەند و بنکەی ئوتومیی ئورووپای لە خۆ گرتوە، بڕیاری لیکۆڵینەوەی وردی لە سەر چۆنایەتیی هەموو بنکە ئەتومییەکانی وڵاتەکەی دەرکردوە تا هەموو نیگەرانییەکانی خەڵکی وڵاتەکەی و ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتەکەی بڕەوێنێتەوە. بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاردانەوە بە رووداوەکەی فۆکۆشیما ئیدیعای کرد کە تێکنۆلۆژیی ناوەندە ئەتومییەکانی ئێران زۆر پێشکەوتووتر لە ئی وڵاتی ژاپۆنن و بێ گرینگی پێدان بەو مەترسی و نیگەرانییانە هەروا درێژە بە چالاکییەکانی لەو پێناوەدا دەدا.

رووداوەکەی چێرنۆبیل و کارەساتەکەی فۆکۆشیما ئەو ئاکام و تێگەیشتنە هاوبەشەیان لە لای بڕاردەکان و دەوڵەتە دەروەستەکان دروست کردوە کە ئەگەر دەست بدا نەوت و گاز کەم مەترسیدارترین وزەکان لە دنیا دان، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئێرانی دەوڵەمەند بە وزەی نەوت و گاز بۆ ئەو مەترسییانەی بەلاوە گرینگ نیە و بۆ چی سەرەڕای ئەوەی چالاکییە ئەتومییەکانی تێچووی سیاسی و ئابووریی قورسی بە سەر ئێراندا سەپاندوە، دەست هەڵگری ئەو پرۆژانە نیە؟

رێژیمی ئیسلامیی ئێران تا ئیستاشی لە گەڵ بێ ئیدیعای ئەوە دەکا کە تێکنۆلۆژیی ئەتومی بۆ بەرهەمهێنانی وزەی برق دەوێ و بۆ هۆی پێداگری لە سەر ئەو بڕیارە و لە سۆنگەی بێ متمانەیی کۆمەڵگای جیهانی بەو ئیدیعایانە و هاوکاری نەکردنی لە گەڵ ئاژانسی نێو دەوڵەتیی وزەی ئەتومی تا ئێستا ٤ بڕیارنامەی سزادانی لە لایەن شووڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە ێ سەپاوە.

کۆمەڵگای جیهانی ناحەقی نیە کە متمانە بە بەرنامە ئەتومییەکەی کۆماری ئیسلامیٔ ناکا، چونکی لە لایەک دەبینێ کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی وزەی ئەتومی بۆ بەرهەمهێنانی برق دەوێ، چۆنە لە وزەی هەرزان و کەم تێچووی وەک گاز بۆ ئەو مەبەستە کەلک وەر ناگرێ، لە حاڵێکدا کە ئێران خاوەنی سەتا ٢٠ ی هەموو پاشکەوتی گازی دنیایە و سەرچاوەکانی گازی ئێران تا ٢٠٠ ساڵی داهاتووش دەتوانن وزەی برقی ئێران دابین بکەن.

ئەوەش لە جێی خۆی کە کۆماری ئیسلامی تا ئێستاشی لە گەڵ بێ لە هەموو زەرفییەتەکانی بۆ بەرهەمهێنانی بەرق لە ڕێگەی بەنداواکان کەلکی پێویستی وەرنەگرتوە و بە پێی قسەی کارناسانی ئەو بوارە سەتا ٥٠ ی وزەی ئێران بە هۆی ناکارامەیی لە سیستمی دابەشکردن و بەکارهێنانی دروست بە فیڕۆ دەچێ و بە پلان دانانێکی دروست دەکرێ پێش بە هەموو ئەو بەفێڕۆچوونانە بگیرێ و دیسانیش هەر بە قسەی کارناسان بەوەها مودیرییەتێک بڕی داهاتی هەناردەکردنی نەوت بۆ دەرەوە، ئەوەندەش داهات لەو بەشە بڕژێتە خەزێنەی وڵاتەوە.

کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامیش لە تێکدانی ڕەوتی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پشتیوانی و پاڵپشتیی ڕێژیم لە گرووپە تیرۆریست و قەیران خوڵقێنەکانی جیهانیش لە جێی خۆی کە وای کردوە کۆمەڵگای جیهانی سەرەڕای ئەگەری ئاکامە زیانبەخشەکانی پڕۆژە ئەتومییەکانی ئێران لە سەر ژینگە و سروشت بە چاوێکی تەواو ئەمنیەتییەوە بڕواننە ئەو هەوڵانەی ڕێژیم، بە تایبەت ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ماوەی زیاتر لە ٢٠ساڵ ئەو هەوڵانەی بە دوور لە چاوی کۆمەڵگای جیهانی و بە نهێنی دەبردە پێش و ئەوەش، جێی بە ئەگەری هەموو نیازپاکییەکی کۆماری ئیسلامی بۆ دروست بەکارهێنانی وزەی ئەتومی لە پڕۆژە ئاشتیخوازانەکاندا لێژ کردوە.

کەوابوو کارەساتەکەی فۆکۆشیمای ژاپۆن دەرفەتێکە بۆ ئەوەی ڕەخنەگرانی نێوخۆ و دەرەوەی ئێران بە گوڕەتر لە جاران پڕۆژە ئەتومییەکانی کۆماری ئیسلامی بخەنە ژێر پرسیار و بە سەرنجدان و بە گرینگیدان بە هەموو ئەو مەترسییانەی پڕۆژە ئەتومییەکانی ئێران بەرەورووی کۆمەڵگای ئینسانی کردۆتەوە، هەوڵەکانیان بۆ فشار خستنە سەر ئێران بە مەبەستی پاشەکشە پێکردن بە کۆماری ئیسلامی و وازپێهێنانیان لەو پڕۆژانە بخەنە گەڕ.

ڕێکەوت: خاکەلێوەی ١٣٩٠ - مارچی ٢٠١١

## چەند سەرنجێک لە سەر کۆنفڕانسی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

خاتوو کوێستان فتووحی، چالاکی سیاسی و هەروەها چالاک لە بواری مافەکانی ژنان یەکێک لە بەشدارانی کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە لە ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی، ١ و ٢ ی مانگی بانەمەڕدا لە هۆڵی تەواری شاری سلێمانی بەرێوە چوو.

لەو کۆنفرانسەدا خاتوو کوێستان فتووحی لە پانێلی ژن و سیاسەت دا باسێکی لە سەر خەباتی ژن لە ریزی پێشمەرگایەتی و رۆڵی ژن لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دا و ژن لە بەڕێوەبەریی حیزبەکان وهەروەها کەلتووری پیاوسالاریی هێزە کوردییەکانەوە پێشکێشی بەشداران کرد.

کوێستان فتووحی لە پێوندی لە وتووێژێکدا را و سەرنجی خۆی لە سەر چەند تەوەری کاری ئەو کۆنفرانسەدا خستۆتە بەر باس.

**ئامانجەکانی گرتنی ئەو کۆنفرانسە چ بوون؟ جەنابتان وەک چالاکێکی مافی ژنان کە هاوکات چالاکێکی سیاسیی کوردستانیشی، چۆن باس لە گرینگی و بایەخی ئەو کۆنفرانسە دەکەی؟**

**کوێستان:** بە بڕوای من ئەو کۆنفرانسە، بۆ یەکخستنی وزە و هێز و دەنگی چالاکانی ژنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو لە تاراوگە، لە پێناو گۆڕینی ئەو دۆخە نالەبارەی ژنی کوردی تێدایە. پرسی کسانیخوازی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا پێویستی بە دەنگ و هێز و وزەی یەکگرتووی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز هەیە. ئەو کۆنفرانسە هەنگاوێک بوو بۆ کۆکردنەوەی ئەو هێزە، ئەگەرچی بیروباوەڕی جیاوازەوە، بەڵام بۆپرسێکی هاوبەش، ئەویش پرسی یەکسانیخوازییە.

بایەخ و گرنگییەکەشی هەر لەوەدا بوو ئەوانەی ئەو کۆنفرانسەیان بەڕێوە برد یان بەشداری کۆنفرانس بوون لەباری بیروبۆچوون و ئایدۆلۆژیاوە جیاواز بوون، هەر یەک سەر بە رێکخراو و گرووپی جیاواز و کەسایەتی سەربەخۆ، پێکەوە کۆبوونەوە باسیان لەپرسێک دەکرد کە خەمی هەموویان بوو.

**ڕەوتی کاری کۆنفرانسەکە چۆن بوو؟ ئایا لەو ئامانجانە نیزیک بوونەوە کە باستان کرد؟**

**کوێستان:** ئەو کۆنفرانسە زۆر لایەنی پرسی ژنانی تێدا باس کرا، بۆ نموونە رۆڵی ژنان لە نێو حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا، حیزبەکان و پرسی یەکسانیخوازی، ئەزموونی خەباتی پێشمەرگایەتی ژنان، کەمتەرخەمییەکانی ژنان لە ئاست کێشەکانی خۆیان دا و باسی فیمینیستی و.....

یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو کۆنفرانسە ئەوە بوو کە ژنانی خەباتکار پێکەوە رێکخراوتر و بە بەرنامەتر خەباتەکەیان بەرەوپێش بەرن. ئیدئولۆژیی رێگەیان لێ نەگرێ کە پێکەوە بوونیان یان سنووری حیزبایەتی وتەشکیلاتی وایان لێ نەکا پێکەوە نەتوانن کار بۆ پرسی ژنان بکەن. ئەو کۆنفرانسە پێی لەسەر ئەوە داگرت کە پێویستە ژنان بە جیاوازییەکانیانەوە لەسەر نەهێشتنی کێشەکانی ژنان لە کوردستان و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر، هاوکاری یەکتر بکەین.

**بەشدارانی ئەو کۆنفڕانسە ژنانی نێو ریزەکانی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵە و ژنان و کەسایەتییە سەربەخۆکان بوون. ئەو کۆنفڕانسە چەندە توانی هەڵوێستی ژنان، بۆچوونی ژنان لە یەکتر نیزیک بکاتەوە؟ یان بە رووبەکی دیکەدا ئەو کۆنفڕانسە کارەکانی تەواو بووە یان دەیەوێ گوفتومانێکی نوێ لە داخوازیی ژنانی رۆژهەڵات لە تاراوگە بێنێتە گۆڕێ؟**

**کوێستان:** بە بڕوای من زەمینەکە هەیە بۆ لێک نزیک بوونەوەی ژنانی سەر بە حیزب و لایەنە جۆراوجۆرەکان. ئێمەی ژنان هەموومان دەرد و کێشەی هاوبەشمان هەیە، دەرک بەوە کراوە کە دەبێ بۆچارەسەری کێشەکانمان هەموو پێکەوە ئەو خەباتە بەرەو پێش بەرین. هەر ئەوەشە بۆتە هۆی ئەوە بە هەموو جیاوازییەکانمانەوە کۆببینەوە بۆ ئەوەی قسە لەپرسێک بکەین کە خەمی هەمووماںە هەمووماںە.

من لەو کۆنفرانسەدا بۆم دەرکەوت منی ژنە دێموکرات لەسەر کێشەکانی ژنان لە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا قسەی دڵی ژنە کۆمەڵەییەک دەکەم، یان بە پێچەوانەکەی. ئەوە زۆر گرنگ بوو. ئێمە خەباتەکەمان بۆ وەدیهاتنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستانە، هیچ ماف ئازادییەکیش تەکمیل نابێ ئەگەر ژنان لە مافەئینسانییەکانیان بێبەش بکرێن. ئەزموونی باشووری کوردستانیش ئەوەمان پێ دەڵێ کە بە تەنیا خەباتی نەتەوەیی ناتوانێ چارەسەری هەموو کێشەکان بکا.

لە سەر کارەکانی کۆنفرانسیش دەبێ بڵێم کاری ئەو کۆنفرانسە تەواو نەبووە، تازە هەنگاوی یەکەممان دەست پێ کردوە. زۆر کەس رووماں تێدەکا و دەڵێ ئەو کۆنفرانسە چی حەل کرد؟ دەڵێم نەک لە کۆنفرانسێک بە دەیان

کۆنفرانسی دیکەش کێشەی ژنان حەل نابێ، بەڵکوو ئێمە دەبێ لە کۆنفرانسەکانی داهاتووش دا باس لەچۆنیەتی خەباتەکەمان بکەین، کێشەکان ببینینەوە و بۆچارەسەریان بەرنامە پرۆژەمان هەبێ.

**کاریگەریی ئەو کۆنفڕانسە و کۆنفڕانسەکانی دیکەی لەو چەشنە لە سەر خەباتی ژنان لە نێوخۆی وڵات چۆن دەستنیشان دەکەن؟**

**کوێستان:** لە هەر کوێیەک جموجۆڵێک هەبێ لەسەر ماف و ئازادییەکانی ژن، لەسەر خەباتی ژنان لە نێوخۆ بێ تەئسیر نابێ. راستە ئەو کۆنفرانسە نوێنەرایەتی هەموو ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستانی نەکردوە، بەڵام پەیامەکانی ئەو کۆنفرانسە دەکرێ لە رێگەی راگەیەنەگشتییەکانەوە بەگوێی ژنان لە نێوخۆ بگات. بەتایبەتی ئەو کۆنفرانسە زۆری گرنگی بە خەباتی ژنان لە نێوخۆی وڵات دا. فیلمی دیکومێنتی و وێنەیی لەسەر خەباتی ئەوان نیشان درا و بە بایەخەوە روانییە ئەو خەباتەی ئەمڕۆ ژنان لە نێخۆی وڵات بە مافەکانیان بەڕێوەی دەبەن. ئەو جۆرە کۆنفرانسانە دەتوانێ لانی کەم لەسەر ئێعتماد بە نەفسی ژنان لە نێوخۆ تەئسیری هەبێ و ئەو بڕوا بە خۆییە بۆ خەبات و بەربەرەکانێ لەگەڵ نابەرابەرییەکان زیاد بکا. بەتایبەتی ئەو ژنانەی لە کۆنفرانس دا بەشدارییان کرد و باسیان پێشکەش کرد ئەزموونێکی زۆریان لە ریزی خەبات دا هەیە و نەسڵی ئەمڕۆی کچان و ژنان لە نێوخۆ دەتوانن کەڵک لەم ئەزموونانە وەرگرن.

**وادیارە ئەو کۆنفڕانسە کۆمەڵە پێشنیارێکیش بۆ حیزبە سیاسییەکان بووە. وەک دوا پرسیار ئەو پێشنیارانە چی بوون و پێتان وایە وەڵامی حیزبی دێموکرات بەو پێشنیارانە چی دەبێ، یان چۆن بووە؟**

**کوێستان:** بەڵێ مەسەلەی ژنان لە نێو حیزبەکانیشدا مەوزوع بوو.

بۆیە روو بە ئەوانیش هێندێک خاڵ و پێشنیار هاتنەگۆڕێ: بۆ نموونە

- حیزبەکان چی دیکە نابێ پرسی یەکسانیخوازی بخەنە پەراوێزی خەباتی نەتەوەیی چونکە هیچ ئازادی و دیموکراسییەک کامڵ نابێ مادام ژنان بەشدار نەبن لە دەسەڵات دا، مادام ژنان مافیان پێشێڵ بکرێ.

- پێویستە حیزبەکان بە کەلتوور و ئەدەبیاتی خۆیان دا بچنەوە و کەلتوور و ئەدەبیاتێکی یەکسانیخوازی لە جێی ئەو کولتوور و ئەدەبیاتە پیاو سالارانەی خۆیان دا بچەسپێنن.

- لە دژی دابونەریتە کۆنە پەرەستانەو سوننەتییەکانی دژ بەژنان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بە جیددییەتەوە راوەستین.

- حیزبەکان پێویستە پرنسیپی یەکسانیخوازی بکەنە سەرلوحەی کارو تێکۆشانیان و بەچاوێکی رەخنەگرانەوە بڕوانە رابردووی خۆیان لەسەر گرنگی نەدان بە رۆڵی ژنان لە ریزەکانی خۆیان دا.

- پێویستە بە کردەوەپشتیوانی لە خەباتییەکسانیخوازی بکەن و....

وەڵامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم پێشنیارانە:

من پێم وایە حیزبی دێموکرات وڵامی موسبەتی بۆ ئەو پێشنیارانە پێ دەبێ. ئێستا خەڵک دروشم و قسەی بێ کردەوەیان ناوێ.

دوو فاکتەری گرنگ هەیە کە حیزبەکان ناچارن لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ژنان دا بگۆردرێن.

١- کرانەوە بە رووی دنیای دەرەوەدا.

٢- خەباتی ژنان خۆیان.

حیزبی دێمۆکرات حوزووری هەیە لەنێو کۆرو کۆمەڵە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ. ئەگەر بیهەوێ لەوێدا قسەی بڕوا و وەک حیزبێکی پارێزەری ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، بناسرێ، پێویستە لە هەموو روویەکەوە لەگەڵ ئەو کۆڕو کۆمەڵانە هاوئاهانگ بێ. لە پێوەندی لەگەڵ خاڵی دووهەمیشدا هەم ژنانی نێوخۆ و هەم ژنانی نێو ریزی حیزبەکان وشیارتر بووونەتەوە، لە رابردوودا ژن دەبوو پیاوانە دەرکەوێ و خەباتەکەشی هەر پیاوانە بکا بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی پیاوسالار قبووڵی بکا. ئەمرۆ ئیتر ئەو دەورانە بەسەر چووە. ژنانێکی ئاگا و خوێندەوار و بڕوا بەخۆ لە مەیدانی خەباتدان و حیزبی دیموکراتیش ئەو راستییە دەزانێ. بۆیە پێم وایە نەک هەر پشتیوانی دەکا لە داخوازییەکانی ژنان، پرسی یەکسانییش یەکێک دەبێ لە ئەولەوییەتەکانی کار و تێکۆشانی لە داهاتوودا.

## سەفەرەکەی ئەحمەدی نژاد بۆ سنە و چەند سەرنجێک

سێهەمین سەفەری مەحموودی ئەحمەدی نژاد، بۆ پارێزگا و شاری سنە کە رۆژی چوارشەممە، ٣١ ی خاکەلێوە رووی دا، لە چەند لاوە جێی سەرنج و ورد بوونەوەن.

یەکەم ئەوەی کە سەفەری ئەوجارەی ئەحمەدی نژاد بۆ سنە سەرەڕای ئامادەکاریی زۆری دامودەزگاکانی پێوەندیدار زۆر ساردوسڕ بوو. زۆربەی ئامادەبووانی رێورەسمی پێشوازی و وتاردانی ئەحمەدی نژاد لە یاریگەی شاری سنە لە هێزەکانی بەسیج و سپای پاسداران پێک هاتبوون و بۆ پڕکردنی یاریگەی ئیستقلالی شاری سنەش لە شارەکانی دیکەی کوردستانەوە بە ئوتوبوس خەڵکیان بۆ ئەو شارە راگواستبوو و جیا لەوەش قوتابیانی خوێندنگە سەرەتایی و ناوەندییەکانیش ناچار کرابوون کە بەشداری میتینگەکەی ئەحمەدی نژاد بن. کەچی بەو حاڵەش و لە گەڵ ئەوەی بەشێکیش لە خەڵکی بۆ پێدانی نامەی داواکاری ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە ببوون، بەڵام هێشتا خەڵکەکە یەک لە سێی ئەو یاریگەیەیان پڕ نەکردبۆوە. هەر بۆیەش لە خۆڕا نەبوو کە هەواڵدەریی "فارس" ناچار بوو وێنەیەکی چاککراو بە فۆتۆشاپ لە پێشوازیی خەڵکی سنە لە سەر وێبسایتەکەیان دابنێن.

دووەم بابەت لەو پێوەندییەدا باس کردن لەو قسە و لێدوانە بێ مانا و سواوانەیە کە دیسانەکەش ئەحمەدی نژاد لەو کۆبوونەوەیەدا هێنانیەوە سەر زمان و دووپاتە و چەند پاتەی کردنەوە. ناوبراو لە قسەکانیدا باسی ئەوەی کردەوە کە بودجەی ئاوەدانیی پاریزگای سنەی لە ٤ قات زیاتر کردوە و دەوڵەتەکەی بەرنامەی ئەوەی هەیە کوردستان لە بواری کشتوکاڵ و سنعەتییەوە بە شێوەیەکی زۆر خێرا بەرەو پێش بەرێ و کوردستانێکی ئاوەدان بە بێ کێشەی بێکاری و گرانی و کێشەی نیشتەجێ بوون بۆ خەڵکی کوردستان دروست بکا. ئەحمەدی نژاد لە کۆتایی قسەکانیدا روو لە بەرپرسان و کاربەدەستانی حکومەتی رایگەیاند کە ئەوەی خەڵکی کورد و خاکی کوردستانی خۆش دەوێ، دەبێ بۆ ئاوەدانیی ئەو بەشە لە خاکی ئێران قۆڵی هەڵماڵێ.

بە سەرنجدان بەو قسەیەی ئەحمەدی نژاد و بە روانینێکی زۆر کورت لە بارودۆخی کوردستان زۆر بە باشی بۆمان دەردەکەوێ کە هەر بە راست کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی چەندەیان کوردستان خۆش دەوێ و لە پێناو ئەو خۆشەویستییەدا چییان کردوە.

لە کوردستانێک کە بە درێژایی مێژووی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی لە دواکەتوویی ئابووری دا راگیراوە، لە کوردستانێک لە نرخی بێکاری تێیدا بە پێچەوانەی ناوچەکانی دیکەی ئێران سەروو ٤٠ لە سەدە، لە کوردستانێکدا کە گرانی و هەڵاوسان بڕستی لە خەڵکی بڕیوە، لە کوردستانێکی نوقمی کێشە و قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان کە هەر محەمەد رەزا رەحیمی، جێگری یەکەمی ئەحمەدی نژاد بە پلان و بە شێوەی سیستماتیک ئیعتیاد و مەوادی موخەدیری تێدا پەرە پێداوە، لە کوردستانێکی بە ئەمنیەتی کراو کە تێیدا چووکترین رەخنە و گازندە لە سیستمی بەرێوەبەریی وڵات بە هەوڵدان بە دژی ئەمنیەت و ئاسایشی وڵات لێک دەدرێتەوە و لاوان و چالاکە مەدەنییەکانی بەو تاوانە نەکردووە تووشی گرتن و ئەشکەنجە و زیندانی درێژخایەن دەبنەوە، لە کوردستانێک کە خەڵکەکەی لە سۆنگەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە هەر لە منداڵییەوە فرچک بە هەڵاواردن و تەبعیز و ستەم و بێبەشی لە مافەکانیان دەگرن، باسکردن لەو وادە و بەڵێنانە و دووپات کردنەوەی ئەو ئیدیعا بێ بنەمایانە، رواڵەتبازییەکی گەپچارانە و شانۆگەرییەکی بێ شەرمانەیە و بەس.

کوردستان بە هەر چوارپارێزگاگەی لە ئێران گرینگیی یەکجار زۆری بۆ ئێران هەیە. کوردستان لە رووی کەرتی کشتوکاڵەوە سیلۆی دانەوێلە و گەنم و جۆی ئێرانە. کوردستان باشترین شوێنی ئێران بۆ پەرەپێدان بە ئاژەڵدارییە و خاوەنی زۆر سەرچاوەی دەوڵەمەندی سروشتی، وەک کانی زێڕ و بەردی گڕانیت و مەڕمەڕیت و نەوتە. کوردستان بە هۆی سنووری بوونی لە گەڵ عێراق و تورکیە بواری زۆر لەباری بۆ گەشە کردنی بازرگانی و پیشەسازی هەیە، بەڵام ئەو کوردستانە دەوڵەمەند و بە پیت و بەرەکەتە بە هۆی سیاسەتی ئەمنیەتی کردنی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە دواکەوتوویی ئابووریی تەواودا راگیراوە، لە رووی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتییەوە بێبەشترین ناوچەی ئێران دوای سیستان و بەلووچستانە، بێکاری، گرانی، هەژاری و ئیعتیاد روخسارە سەرەکییەکانی کوردستانە و لەوەها بارودۆخێکدا کە لاوانی ناوچە سنورییەکانی کوردستان بە هۆی بێکاریی لەرادەبەدەر پەنا بۆ کاری کۆڵەباری دێنن و ئەوەشیان پی رەوا نابیینن و رۆژانە لە لایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەدرێنە بەر گوللە، لەوەها کات و وەزعییەتێکدا ئەحمەدی نژاد بەو پەری بێشەرمییەوە باس لە هەوڵ و بەرنامەی دەوڵەتەکەی بۆ ئاوەدانیی زیاتری کوردستان دەکا.

ئەحمەدی نژاد لە ماوەی نیزیک بە ٦ ساڵ سەرکۆماریی خۆیدا تا ئێستا ٣ جار سەردانی پارێزگای سنەی کردوە. لە یەکەم سەفەریدا بەلێنی دەست پێکردن و کۆتایی پێهنان بە ٣٣٠ پرۆژەی بە خەڵکی پارێزگای سنە دا. ئەو " مصوبە" و بەڵێنانە لە سەردانەکەی دووهەمیدا  جێبەجی کردنی ٣٠٠ پرۆژە بوون و بۆ سەفەری ئەوجارەشی وادەی جێبەجێ کردنی ٢٧٠ پرۆژەی نوێی بۆ خەڵکی پارێزگای سنەی بە دیاری هێناوە.

بەڵام سەیر ئەوەیە کە لە حاڵێکدا بەرپرسانی حکومەتی بە پێی رواڵەتی چەواشەکارانەیان کردنەوەی هەموو پرۆژەکان بۆ ئەو کاتانە دادەنێن، بەڵام لە لاتی سەردانەکەی ئەحمەدی نژاد دا کەمترین پرۆژەش نەبوو تا ناوبراو جێبەجی کرانیان رابگەیەنێ و بە کردەوە بیەوێ "افتتاح"یان بکا. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە زۆربەی نیزیک بە تەواوی ئەو پرۆژە و بڕیارانە یا لە سەر کاغەز ماونەتەوە، یان بە هۆی نەبوون و لەکەمیدانی بودجە بە نیوەچڵی ماونەتەوە و یان ئەگەریش ژمارەیەک لەو پرۆژانە جێبەجێش کرابن، هیچ نەخشێکیان لە رووی هەڵدان و گەشەکردن و ئاوەدانیی کوردستان و پێکهێنانی هەلی کار بۆ خەڵکی بێکاری کوردستان نەبوە.

لە ماوەی نێوان سەردانەکانی پێشووی ئەحمەدی نژاد بۆ کوردستان نرخی بێکاری لە کوردستان بەردەوام چۆتە سەرێ، بەڵام نەک هیچ کارگەو کارخانەیەک لە کوردستان دروست نەکراوە، بەڵکوو بە هۆی قەیرانی ئابووریی وڵاتەوە کە لە سۆنگەی سیاسەتە دوژمنکارییەکانی ئەحمەدی نژاد دژی کۆمەڵگای جیهانی بەرۆکی کۆمەڵگای ئێرانی گرتوە، ئەو کەمە کارخانە و کارگەیەی لە کوردستانیش دا بوون، یان داخراون یان خەریکە ئەوانیش دادەخرێن و کرێکارەکانیان تێکەڵ بە حەشیمەتی بێکاری کوردستان دەبن.

ئەوە لە حاڵێک دایە کە بوودجەی دەوڵەت لە کوردستان بۆ پرۆژە ئەمنیەتییەکانی قەت لە بڕان نایە و هەموو بەرنامە و پرۆژە و سیناریۆ ئەمنیەتییەکانی رێژیم لە کوردستان لە کورتترین ماوەدا جێبەجێ دەبن و لە دژی جووڵانەوەی سیاسی و بزووتنەوەی مەدەنیی خەڵکی کوردستاندا دەکار دەکرێن.

بەڵام سەردانەکەی ئەو جارەی ئەحمەدی نژاد بۆ پارێزگای سنە لە روویەکی تایبەتیشەوە زیاتر لە شانۆیەکی گاڵتەجاڕانە دەچوو. لەو سەردانەدا بۆ شەشەمین جار مزگێنیی جێبەجێ کردنی٢ باندە کردنی رێگای سنە- هەمەدان و سنە - کرماشان بە خەڵکی سنە درایەوە، پرۆژەیەک کە  لە ساڵی ٧٤ و لە سەردەمی دەوڵەتی رەفسەنجانیدا بڕیاڕی دروستکردنی درابوو، کەچی ئەو پرۆژەیە نە لە سەردەمی ٨ ساڵەی دەوڵەتی خاتەمیدا و نە لە ماوەی ٤

ساڵەی یەکەمی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد دا جێبەجی نەکرا و ئێستا ئەحمەدی نژاد وادەی ئەوەی داوەتەوە کە ئەو پرۆژانە لە چەند ساڵی داهاتوودا! بە ئاکام بگەیەنێ.

حەمەرەزا رەحیمی، جێگری یەکەمی ئەحمەدی نژادیش لە زانکۆی کوردستان " دانشکەدەی فەننی موهوندیسیی زانکۆی کوردستان" ی کردۆتەوە، لە حاڵێکدا ئەوە زیاتر لە ٣ ساڵە خوێندکاران لەو دانشکەدەیەدا دەرس دەخوێنن.

هەیئەتی دەوڵەت لەو سەردانەیاندا بۆ پارێزگای سنە هەروەها پرۆژەی پاڵاوگەی زێراب و ئاوەڕۆکانی سەقزیان بۆ جاری سێهەم " افتتاح" کردەوە کە زیاتر لە ١٦ ساڵە کاری لە سەر دەکرێ و هەر جارەو کاربەدەستێکی کۆماری ئیسلامی رێی لە شاری سەقز کەوێ، سەردانێکی ئەو پرۆژەیە دەکا و سەرلەنوێ " افتتاح"ی دەکاتەوە.

دروستکردنی فرۆکەخانەکانی شاری سەقز و مەریوانیش لە جێی خۆی کە لە ساڵی ٧٤ ی هەتاوییەوە بڕیاری دروستکردنیان دراوە و ئەو پەسەندکراوانە تا ئێستاش هەر لە سەر کاغەز ماونەتەوە و خەڵکی کوردستان تەنیا ئەو کاتانە ناوێک لەو فڕۆکەخانانە و دروست کردنی کارخانەکانی سیمان لە شارەکانی مەریوان و دیواندەر و سەقز دەبیستن کە کاربەدەستانێکی وەک ئەحمەدی نژاد سەردانی کوردستان بکەن و دیسانەکەش بیانەوێ وادە و بەڵێنی دروست کردنەوەیان بە خەڵکی بدەنەوە.

کەواتە هەر لە جێدا پێشوازی نکردنی خەڵکی ژیر و وشیاری کوردستان لە ئەحمەدی نژاد و داردەستەکەی خۆی پیشانی دەدا کە ئەو خەڵکە زۆر باش لە ماهییەت و نیوەڕۆکی رێژیم و بیرکردنەوەی دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد تی گەیوەن و هیچ متمانەیەکیشیان بەو وادە و بەڵێنانە نیە کە هەر جار نا جارێ لە سەر زاری یەکیک لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کاوێژ دەکرێنەوە.

## لە پێشواز و لە یاد و شکۆی مانگرتنە بەشکۆکەی ٢٣ی بانەمەڕی پارەکەدا

لە گەڵ ئەوەی کە بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی بارودۆخی سیاسیی کوردستان و شێوەی کارکردی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بە بزووتنەوەیەکی ساوا و کەم ئەزموون دادەنرێ و پرش و بڵاوی و ناهاوئاهەنگی لە بوارە جیاجیاکانی ئەم بزووتنەوەیەوە بە یەکێک لە هەرە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەو بزوتنەوە مەدەنییە دادەنرێ، بەڵام مانگرتنە گشتییەکەی خەڵکی کوردستان لە ٢٣ ی بانەمەڕی ساڵی رابردوو نموونەی یەکێک لە هەرە دەسکەوتە بەبایەخەکانی ئەو بزووتنەوەیە لە کوردستان لە مێژووی خۆی دایە.

ئاستی بەربڵاویی ئەو مانگرتنە کە لە سەر داوای حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران و تێکڕایی و وێکڕاییان لە هەڵویست و بوچووندا بەرێوەچوو، یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئەو مانگرتنە بوو.

لەو رۆژەدا مامۆستایانی قوتابخانەکان نەچوونە سەر پۆلەکانیان بۆ ئەوەی بسەلمێنن کە بۆ بەرەنگاری بەرخودان ئیلهامیان لە مامۆستا فەرزادی کەمانگەریان وەرگرتوە، قوتابییەکان پۆلەکانی دەرسیان بە چۆلی هێشتەوە، هەتا بە مامۆستا فەرزادی کەمانگەریان وتبێ کە وانەکانی هەروا لە گوێیان دا دەزرینگێتەوە.

لەو رۆژەدا لە بازاڕ و بازرگانە گەورەکانەوە بگرە تا دەستگێڕ و کرێکارە رۆژکارەکان، نەچوونە سەر کارەکانیان بۆ ئەوەی بڵێن کە یادی شیرین عەلەم هولی و عەلی حەیدەریان و فەرهاد وەکیلی لە مێشک و دڵیاندا هەرمان و زیندوویە و هەڕەشە و خۆف و زەبر و زەنگی کۆماری ئیسلامی نایان ترسێنێ و کاریان تێ ناکا.

ئەو مانگرتنە کۆماری ئیسلامیی وریا کردەوە کە زیاتر لە ٣٠ ساڵ سیاسەتی قەڵاچۆ و سەرکوت و تواندنەوە و ئیعدامی رۆڵە شۆرشگێرەکانی کورد نەیتوانیوە ئیرادەی سیاسی و خەباتی شوناسخوازانەی ئەو گەلە بە چۆک دابینێ و جووڵانەوەی سیاسی و مەدەنیی کورد هەروا چقڵی چاوی دوژمنانی ماوەتەوە.

ئەو مانگرتنە هەروەها ئەو راستییەشی خستە ڕوو کە خەڵکی کوردستان چەندە وریا و لە سەر پێن و ئامادەیی و ئیستعدادی خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژییان چەندە تێدا بەهێزە، و ئامادەن ئەو ئیرادەیە لە هەر کات و ساتێکدا بسەلمینن بەو مەرجەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانیان لەو سەر پرس و کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هاوبۆچوون و هاوهەڵویست و کۆک و یەکدەنگ بن.

کەواتە ئەو مانگرتنە بەشکۆیە ئەگەر لە لایەک وەڵامێکی شیاو بە کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ئێعدامی ٤ رۆڵەی خەباتکاری کورد بوو، لە لایەکی دیکەشەوە وەڵامی "بەڵێ" و " ئامادەیی" و " گیان لە دەستی"ی هەمیشەیی خەڵکی کوردستان بە یەک دەنگی و یەکریزیی و هاوپێوەندیی حیزبە سیاسییەکانیان بوو. ئەو حەرەکەتە کەم وێنەیە وەڵامدانەوەی خەڵکی کوردستان بە داوای لە میژینەیان بۆ لێکنیزیکبوون و پاڵویکدانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بوو کە پیشانیان دا لە بەرامبەر کۆدەنگی و پاڵویکدانی ئەواندا خەڵکی کوردستانیش ئامادەن بێنە مەیدان و ئەگەر پیویست بێ هەموو تێچوویەکیش لەو پێناوەدا بدەن.

جیا لەوەش پیشانی دا کە ئەگەر کورد بۆ خۆی و لە نێو خۆیدا کۆک و تەبا بێ، جیا لەوەی کە دەستی دوژمنانی بۆ سەرکوت و بەرەوڕووبوونەوە کورت و هەوڵەکانیان نەزۆک و قەتیس دیلێتەوە، بە رەوایی پێدان بە نێوەرۆکی ئاشتیخوازانەی خەباتەکەی دەتوانێ لە ئاستی جیهانیشدا بە کۆکردنەوەی پاڵپشتیی سیاسی گەلی دەسکەوتی دیکە بۆ بزووتنەوەکەی پاشەکەوت بکا و سۆز و سەرنجی دنیای دەرەوە بۆ لای خەباتەکەی راکێشێ.
هەر لەو پێوەندییەدا و لە گۆشە نیگایەکی دیکەشەوە بەربلاویی ئەو مانگرتنە لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە دەنگی متمانەیەکی دیکە بە حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بوو و پیچەوانەی ئیدیعاکانی کۆماری ئیسلامی و بەناو رووناکبیر و چالاکە مەدەنییە گوێ لەمستەکانی کە سالانێک بوو بانگەشەی نەمان و لەهێز کەوتنی حیزبە کوردستانییەکانیان دەکرد، پێگە و جێگەی بەرز و هەرمانی ئەو حیزبانەی لە هاوکیشە سیاسییەکانی کۆمەڵگای کوردستاندا پێشان دایەوە.

بەڵام مانگرتنی ٢٣ی گولانی ساڵی رابردوو دەکرێ بەو جۆرەش مانا بکرێتەوە کە سەنگ و ئیعتبار و پرستیژی بزووتنەوەی سیاسیی کوردی لە بەرچاوی بیروڕای گشتیی ئێران و جیهان ئەوەندەی دیکەش بردە سەرێ. ئەو حەرەکەتە مەدەنییەی خەڵکی کوردستان پیشانی دا کە خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کورد سەرەڕای ٣٠ ساڵ سەرکوتی بەردەوام و هەموو ئەو برین و ناسۆرانەی لە مێژووی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا هەڵی گرتوە، جیا لە خەبات و بەرگریی چەکدارانە پێشەنگ و پێشڕەوی خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژیش لە پێناو ماف و دەسکەوتە دێموکراتیکەکانی خەڵکانی ئێرانە.

کەواتە ئەگەر لە لایەک مانگرتنەکەی ٢٣ ی بانەمەڕ نموونەی یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بوو، لە لایەکی دیکەشەوە خاڵی هاوبەش و پێکگەیشتنی ئامانجی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و رێکخراوە مەدەنییەکان و

کەس و کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیرییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە توانی لەو پێکگەیشتنەدا گەلێ دەسکەوت و شانازی بۆ خەباتی سیاسی و مەدەنیی کورد لە ئێران تۆمار بکا.

لە ساڵیادی شەهیدبوونی فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەم هولی، عەلی حەیدەریان و فەرهاد وەکیلی و هەروەها لە ساڵیادی مانگرتنە بەشکۆکەی ٢٣ ی گولاندا وێڕای دانەواندنی سەری ڕێز و نەوازش بۆ ئەو پۆلە شەهیدەی بوونە هەوێنی سەرەکیی دەستەبەر کردنی ئەو دەسکەوتە نەتەوەییانە، پێویستە حیزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستانیش بە سەرلەنوێ خوێندنەوە کردنیان بۆ ئەو حەماسە مێژووییەی ساڵی ڕابردوو و لە حاڵێکدا کە ئێستاش کۆمەڵێک لە ڕۆڵەکانی کورد بە تاوانی ئازادیخوازی مەترسیی ئێعدام کرانیان لە سەرە، بە هاوپێوەندیی زیاتریان و بە پلان و بەرنامەی تایبەتیان بۆ کەلکوەرگرتن لە هێزی جەماوەریی خەڵکی کوردستان تێچووی هەرچەشنە دەستدرێژییەکی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر مافەکانی خەڵکی کوردستان ببەنە سەرێ.

## " کاتێ کە با لە گەڵ خۆیدا دەمان با"، نامەی بڵاونەکراوەی شەهید فەرزاد کەمانگەر

کۆتایی مانگی خەرمانانی ١٣٨٦ لقی ٣٠ ی دادگای شۆڕشی تاران ڕایگەیاند کە پێڕاگەییشتن بە پەروەندەکەی من لە توانایاندا نیە و هەربۆیە بۆ سنە گوازرامەوە و نزیکەی دوو مانگ لەوێ مامەوە. بەرپرسی گرتووخانەکە کە پیاوێکی ٥٠ ساڵان بوو، نەخۆشیی دەروونی هەبوو و چێژی لە ئەزیەت و ئازاری زیندانیەکان وەر دەگرت. زۆر جار بە بێ هیچ هۆیەک و بە یارمەتیی دوو نیگابانی دیکە دەستیان دەکرد بە لێدان و کوتانم. ڕۆژێک لە بەر لێدانی توند دەموچاوم شین و خوێناوی ببوو و شەویلکە و ددانەکانیشم زەربەتیان وێ کەوت. هەر ئەو شەوە دەنگی زەماوەندێکم لە نزیکی گرتووخانەکە دەبیست و ئەم بابەتە هی حاڵ و هەوای ئەو شەوەیە کە نەمر نادر محەممەدیش لە سلوولی پەنامەوە بوو.

پاییز چەند ڕۆژێکی مابوۆە کە بە فڕۆکە بۆ سنە گوازراینەوە، دیتنی باخ و مەزراکان لەو بانەوە بۆ من شتێکی تازە بوو. هیچکات لەو بانەوە سنەم نەدیبوو، ئەویش لە وەرزی پاییزدا. پاییزی کوردستان بەڕاستی جوانە، هەروەکوو بەهارەکەی و ڕەنگە جوانتریش. من خووم بە ژیان لەو تابلوە جوان و هەزار ڕەنگە گرتبوو بەڵام نە لەو سەرەوە.

مرۆڤ لە پاییزدا بە دیتنی ئەو هەموو دیمەنە جوانە سەری سوور دەمێنێ، بەڵام هەتا لە بان کێوی ئاویەرەوە چاوت لە سنە و دەوروبەری نەکردبێ و گوێت لە گۆرانیی عەباسی کەمەندی نەگرتبێ ، نازانی کە بۆچی ئاویەر تێکەڵ بە شیعر و سروود و ئەویندارییی سنەییەکان بووە.

دەبێ لە پاییزدا بووبیتە میوانی هەورامان و رەزەکانی، ئەو کاتەی کە هەتاو خۆی لە باوەشی کێوە بەرزەکان نزیک دەکاتەوە تا "سایە رۆشنێک" لە دار هەنارەکانی بدەن و جوانترین تابلوەکانی بخاتە بەرچاو...

ئەسپی خەیاڵ لە بەین دیوارەکانی گرتووخانەوە بەرەو دووردەستەکانی بردبووم. دەمزانی کە بۆ فەرامۆش کردنی ئێش دەبێ پەنا بۆ بیرەوەریە خۆشەکان بەری، بەڵام هەموو گیانم دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر ئازاری دەدام، ئەشکەنجەیەک کە بە تاوانی نەکردە لە هەموو شوێنێکدا دەستی لێ هەڵ نەدەگرتم.
یەکێک لەو سێ نیگابانەی کە ئەشکەنجەی کردبووم ئارام و بە بێدەنگی لە دەلاقەی سلوولەکەوە چاوی لێ دەکردم کە بزانێ دەجووڵێمەوە یا نە.

چاوانی نامەحرەمی موزاحیمی بیرەوەرییە شیرینەکانم بوو، لە رووی ناچارییەوە جووڵامەوە تا دڵنیا بێ و موزاحم تەنیاییم نەبێ. (گرتووخانەی ئیتلاعاتی سنە لە ناوەڕاستی شاردایە و لە نزیک گرتووخانەوە دەنگی زەماوەند دەهات.)

شەو دەنگی گۆرانیی گەڕیان دەهات. گۆرانیەک لە کاک نەجمە کە باسی گەڕەکەکانی سنە دەکا، گۆرانییەک کە سنەییەکان بۆ هەڵپەڕکێ حەزیان لێیە و لە هەموو زەماوەندەکاندا دەیخوێنن. لە خەیاڵمدا کەنیشکە جوانەکانی سنە و کوڕە لە خۆباییەکانیم دەدی کە دەست لە دەستی یەکتر خەریکی هەڵپەڕکین. گۆرانیی گەڕیان گۆرانییەکە کە بینەر و بیسەر دێنێتە هەڵپەڕکێ و حەز دەکا کە چۆپی بکێشێ.

جووڵەیەکم کرد، ئازاری دەموچاو و ددانە شکاوەکانم زیاتر ببوون بەڵام دڵم نەدەهات ئەو دیمەنەی کە هێنابوومە پێش چاوی خۆم بە جێ بهێڵم، دیسانەکە هەر بەو ئێشەوە چاوم بەستەوە. دیوارەکانیش بە دەور سەرما دەسووڕانەوە و دەتگوت ئەوانیش خەریکی هەڵپەڕکین.

تلپەی دڵی خۆم و ریتمی موزیکەکەم دەبیست و هەوڵم دەدا لەو کاتەدا کە پێم وابوو گرووپی هەڵپەڕکێ لاقیان لە عەرز دادەنێن، خۆمیان لە گەڵ هاوئاهەنگ بکەم. پێم خۆش بوو کە هەستم و لە گەڵیاندا هەڵپەڕم و لە گەڵ پێکەنینی ئەواندا ئەمنیش پێ بکەنم. وەها چووبوومە نێو ئەو حاڵەوە دەتکوت زاوا منم، چما زەماوەندی منە. چما هەموو لە دەور منا هەڵدەپەڕن کە لە ناکاو تامی ئەو خوێنەی کە قووتم دابوو هەودای خەیاڵەکی پساندم ...

گەڕیان گەیشتبووە چەپی، هەڵپەڕکیی تایبەتی ناوچەی هەورامان. لە جێگەکەمدا بەرەو ئەوێ خلوور بوومە و دیسان چاوەکانم لە سەر یەک دانا. شەکەتی و ئێشی لەشم ئازاری دەدام بەڵام لە گەڵ دەنگی گۆرانی و زەماوەندی هاوسای زیندان گەییشتبوومە هەورامان و ببوومە میوانی ئەو خەڵکە. دەنگی شایی و هەڵپەڕکیی ئەو دراوسێیانە گەیشتبوە ئەو پەڕی خۆی. لە خەیاڵمدا چۆپیەکە بە دەستی منەوە بوو، کارێک کە لە هیچ زەماوەندێکدا نەمکردبوو. هەڵ دەپەڕیم و بە دەور خۆما دەسووڕامەوە و هاوارم دەکرد:

شاباش، شاباش بۆ هەموو ئەو دایکانەی کە داخی دیتنی رۆڵەکانیان لە سەر دڵیان ماوەتەوە.

شاباش، شاباش بۆ هەموو ئەو کەنیشک و کوڕە ئەویندارانەی وڵات کە ئیتر لە نێوماندا نین.

شاباش، شاباش بۆ بووکی ئازادی ئەو کاتەی کە بۆ وڵاتەکەم دەگەڕێتەوە و زەوین لە ژێر پای ئەو و ئەو لاوانەی کە لە گەڵیان دەلەرێتەوە.

لە خەو یا وشیاری یا بێهووشی، مەستی میوانی و زەماوەندی دەرەوەی گرتووخانە بووم و ژەنیارەکەش بێ خەبەر لە دڵی من زەماوەندەکەی گەیاندبووە ئەو پەڕی خۆی.

نازانم چەندەی پێ چوو بوو بەڵام لەرینەوەکانی ئەو ماشینەی کە بۆ نەخۆشخانەی دەبردم وە هۆشی هێنامەوە، وادیارە چەندین کاتژمێر بووە کە بێهۆش بووم. کاتێ کە خۆم لە ئاوێنەی شۆفێرەکەدا دی بزیەکم بە خۆم و زەماوەندەکەی دوێشەو، و بە دەستە کەلەبچە لێدراوەکانم هات. دەستێکم بە دەموچاوە هەڵماسیو و رەش و شینەکەمدا هێنا و کوتم "رواڵەتت بۆ زەماوەند نابێ". لە ژێر روانینی قورسی ئەو نیگابانانەی کە لای راست و چەپ و بەردەمیان گرتبووم بزەکەم شاردەوە کە نەکا ئازاریان بدا.

دوای دەرمان کردن لە چەند شەقامێکی سنە تێپەڕین و بۆ گرتووخانەیان هێنامەوە، کە گەڕامەوە سلوولەکەم دوانیوەڕۆی شەممە بوو، زەماوەنەکە تەواو ببوو. راکشابووم، شەو دەنگی ئارامی کیژۆڵەیەک کە سلوولەکەی لە پشت سلوولەکەی منەوە بوو سەرنجی راکێشام، بە ئارامی گۆرانیەکی فلکلۆری کوردیی دەخوێند:

ئەز کچم کچی کوردانم

رێحانی دەستی لاوانم

.............................

بە بیستنی دەنگی جوانی ئەو کچە زیندانیە کە ناوەکەشم نەدەزانی لە پرمەی گریانم دا.

لە دڵی خۆمدا کوتم ئەرێ خودایە ئەم کچە پاک و بێتاوانە غەرقی بیری و خەیاڵاتی خۆی لە کوێی ئەم وڵاتە برینداره خەریکی پەرستاریی برینی هاونیشتمانەکانیەتی یا ئەو گۆرانیە پاکە بەرو لای کامە دڵ هەڵ دەفڕێنێ. خۆم دایە دەستی گۆرانیی جوانی کیژی زیندانی و شنە بایەک کە لە دەلاقەی سلوولەکەمەوە دەهات و دیسان چاوەکانم لێک نا و چاوەڕێی دەنگی درگا، کە کەی دیسانەکە دێنە سەر وەختمەوە...

فەرزاد کەمانگەر، خاکەلێوەی ١٣٨٩ زیندانی ئێوین

رێکەوت: بانەمەڕی ١٣٩٠ - ئەپریلی ٢٠١١

## کوا وادەکەی ئەحمەدی نژاد بۆ دابینکردنی ٢ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار هەلی کار لە ساڵی تازەدا؟

کێشەی بێکاری سەرەکیترین کێشەی ئێستای کۆمەڵگای ئێرانە. ئەوڕۆ هیچ بنەماڵەیەک لە ئێراندا نابینی کە یەک یان چەند ئەندامی ئەو بنەماڵەیە بە دەست کێشەی بێکارییەوە نەناڵێنێ، ئەوەش لە حاڵێک دایە کە تێچووی ژیان و دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک پشتی زۆربەی هەرەزۆری گەورە و سەرپەرستی بنەماڵەکانی چەماندۆتەوە.

قەیرانی بێکاری لە ئێرانی ئێستادا ئەوەندە مەترسیدار و حاشاهەڵنەگرە، کە ئیدی کاربەدەستانی سەرەکیی ڕێژیمیش توانای حاشاکردن لەو کێشەیە و دوادەرنجامەکانیان نیە، ئەوەش کە ئەحمەدی نژاد لە سەرەتای ساڵی ۹۰ دا ڕایگەیاند کە ئەولەوییەتی دەوڵەتەکەی لە ساڵی تازەدا خوڵقاندنی ۲ میلیۆن و ۵۰۰ هەزار دەرفەتی کار بۆ بێکارانی وڵاتە، هەر لەو نیگەرانییەی خەڵکەوە سەرچاوەی گرتوە.

ئەحمەدی نژاد هەروەها ئیدیعای کردبوو کە لە ساڵی ۸۹ دا یەک میلیۆن و شەشسەد هەزار هەلی کاری بۆ لاوانی بێکار ڕەخساندوە، ئیدیعایەک کە ئەگەرچی ناوەندی ئامار تەنیا ۳ ڕۆژی دەرفەت بۆ ڕاگەیاندنی ڕاستبوون یان ناڕاستبوونی ئەو ئیدیعایە ماوە، بەڵام هەم کارناسانی ئابووری و هەم بە گشتی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران باش دەزانن کە قسەکانی ئەحمەدی نژاد لە ئیدیعایەکی ڕووت و بێ بنەما شتێکی تر بەولاوەتر نین، چونکی بە سەرنجدان بە چوونە سەرێی نرخی بێکاری و داخرانی نیزیک بە نیوەی کارگە پیشەییەکانی ئێران لە چەند ساڵی ڕابردوودا، ئەو ڕەقەمەی ئەحمەدی نژاد دەیڵێ و ئەوەی بۆ ئەمساڵی پێشبینی کردوە، زیاتر لە خەون و ئارەزوویەک نیزیکە تا بەرنامە و پلانێکی کار بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کێشەیە لە ئێراندا.

بەڵام لێ وردبوونەوە لە کۆمەڵێک بەرنامە و پلانی دەوڵەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا یارمەتیی تاوتوێکردنی ئەو بابەتەمان دەدا کە ئاخۆ هەوڵەکانی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد لەوبارەوە چەندە سەرکەوتوو بووە کە ئێستا ئەحمەدی نژاد بۆ کەمکردنەوە لە کێشەی بێکاری بە تەمای قەڵەمبازی گەورە و خەیاڵییە.

ئەحمەدی نژاد لەگەڵ هاتنە سەرکاری دەوڵەتەکەی لە ساڵی ۸٤ و لە ڕواڵەتدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەی بێکاری گەڵاڵەی دروستکردنی بونگای بچووک بچووکی خستە دەستووری کارەوە کە دەبوا لە زووترین کاتدا بەرهەمەکانی دیار کەوتبایەن. گەڵاڵەیەک کە ئەگەرچی مانۆڕی زۆری لە سەر درا و هەرا و هوریای زۆری بۆ وەری خرا، نەکەس خێرێکی لێ دی و نە توانیشی کیشەی بێکاری نەک هەر کەم بکاتەوە، بەڵکوو لە جێی خۆی ڕای بگرێ.

ئاماره رەسمییەکانی دەوڵەت بۆخۆیان دەڵێن کە لە ماوەی ئەو ٤ ساڵەدا، واتە لە ساڵی ٨٤ را تا نیوەی ساڵی ٨٨ دەوڵەت توانیویەتی تەنیا ٩٠٠ هەزار دەرفەتی کاری دروست بکا کە ناکاتە ساڵانە ٣٠٠ هەزار هەلی کار بۆ حەشیمەتی بە میوێن بێکاری ئێران. ئەوەش کە ئەحمەدی نژاد ئیدیعا دەکا کە لە ساڵی رابردوودا یەک میلیۆن و شەشسەد هەزار هەلی کاری خوڵقاندوە، دەردەکەوێ کە لە ئیدیعایەکی رووت بەولاوەتر نیە ئەوەش کە بتوانێ خێرایی پرۆژەکانی دەوڵەت بۆ بەگژداچوونەوەی بێکاری ٨ ئەوەندەی جاران بەرێتە سەرێ، بە تایبەت لە کاتێکدا کە لە لایەن کۆمەڵگای جیهانیشەوە لەژێر قورسترین فشاری ئابووری دایە، زۆرتر لە خولیایەکی شاعیرانە و تەنزێکی تاڵ دەچێ.

بەڵام با بزانین ئێستا کە وەرزی بەهار و سێ مانگ لە ساڵی تازەمان تێپەڕ کردوە، دەوڵەت لەو ٢ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار هەلی کارە چەندەی دەستەبەر کردوە؟ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی ئێران رایگەیاندبوو لە رێگەی پێدانی وام و تەسهیلات و ئاسانکاری بۆ ئەو کارانەی لە ماڵەوە دەکرێن، ٧٠٠ تا ٩٠٠ هەزار هەلی کاری نوێ دەرەخسێنی، بەڵام تا ئێستا هیچ کام لە بانکەکان بەرنامەیەکیان بۆ ئەو ئامانجانە نەخستۆتە دەستووری کاریانەوە، کەواتە جارێ تا ئێستا ئەوە چارەنووسی ٩٠٠ هەزار هەلی کاری نوێ روون بۆتەوە کە ئەحمەدی نژاد بەڵێنەکەی دابوو.

جیا لەوەش خۆ ئەگەر دەوڵەت لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا تەنانەت سەتا ٥ ی بەرنامە و پلانەکانی بۆ چووبایە سەر، بە دڵنیاییەوە ئاوا بێدەنگەی لێ نەدەکرد و لە میدیاکاندا هەڵڵا و هەنگامەی ساز دەکرد. بەڵام رووی راستەقینەی ئەو بابەتە شتێکی دیکەیە.

راستییەکەی ئەوەیە کە بارودۆخی ئابووریی ئێران شپرزەتر لەوەیە کە ئەحمەدی نژاد بە وتاردەرمانی بیەوێ لە خەڵکی بشارێتەوە، چونکی خەڵک کێشەکانی کۆمەڵگا بە ئێسک و پێستەوە هەست پی دەکەن و ئەو کێشانە کاریگەریی زۆر راستەوخۆشیان لە سەر ژیانی خەڵک داناوە.

ئەوەی لەو رۆژانەدا بەردەوام لە میدیاکان بڵاو دەبێتەوە نەک پرۆژەی دەسبەکاربوونی کارگە و یەکەی بەرهەمهێنەری دیکە لە ئێران، بەڵکوو هەواڵی داخران و وەرشەکەستەبوون و وەستان لە کاری ئەوان و بێکاربوونی کرێکارەکانی ئەو شوێنانەیە.

گەمارۆ ئابوریيە نێو دەوڵەتییەکان، تەنانەت ئەگەر بە سەقەتی و نیمچەییش لە دژی ئێران بەرێوەچووبن و بارودۆخی بازارەکانی وەبەرهێنان دوای ئامانجدارکردنی یارانەکان وای کردوە کە بەردەوام و ماوە ماوە واحیدە تەولیدییەکان ئێران لە کار بوەستن، یان ئاستی بەرهەمهێنان و هێزی کاری خۆیان کەم بکەنەوە و لەو سۆنگەیەشەوە بەردەوام حەشیمەتی بێکارانی وڵات زێدە و زیدەتر بێ و ئەوەش ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە.

لاوان و ژنان زۆرترین حەشیمەتی بێکاری ئێران پیک دێنن. لە هەموو وڵاتانی دنیادا هەبوونی حەشیمەت و هێزی لاو، وەک گەورەترین سامان و سەرمایەی نیشتمانیی ئەو وڵاتانە چاوی لێ دەکرێ و هەر ئەو هێزە چالاک و خوڵقینەرە گرینگترین پشیوان و گەرەنتیی گەشەسەندنی وڵاتەکەیانن؛ بەڵام بێکار بوونی نیزیک بە نیوەی حەشیمەتی لاوی ئێران لەگەڵ ئەوەی لە سۆنگەی سیاسەتە چەوتەکانی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامییەوە زیانێکی قەرەبوو نەکراوی لە ئابووری و ڕەوتی گەشەکردنی وڵات داوە، کۆمەڵێک خەسار و زیانی مەترسیداریشی تووشی کۆمەڵگا کردوە. قوڵبوونەوەی هەژاری، لادان لە نۆرم و بەهاکۆمەڵایەتی‌یەکان، توشبوون و پەرەسەندنی دیاردەی ئێعتیاد، ڕووتێکردنی لە ناچاریی خەڵک بۆ کاری ڕەش یا نەشیاوی وەک قاچاغی ماددەهۆشبەرەکان و لێکترازانی شیرازەی خێزانەکان و چوونە سەرێی ڕێژەی تاوان و جینایەت، چوونە سەرێی تەمەنی پێکەوەنانی ژیان، چوونەسەرێی ڕێژەی تەڵاق و پەرەسەندنی خەمۆکی تەنیا بەشیک لە دەرەنجامەکانی دیکەی بێکارین.

بەڵام  حکوومەت و دامودەزگابەرپرسیارە حکوومییەکان لە ئێستادا دەستەوەستانتر لەوەن کە بتوانن بەسەر ئەو کێشە و خەسارانەدا زاڵ ببن.

کۆمەڵگای ئێران لە ئیستادا تەنیا بۆ ئەوەی نرخی بێکاری لەو ئاستەی ئێستادا ڕاگرێ، لە ساڵدا پێویستی بە ڕەخساندنی لانیکەم  یەک ملیۆن و دووسەد هەزار هەلی کار هەیە، خۆ ئەگەر بیهەوێ لەو نرخە بێکارییەش کەم بکاتەوە، ئەوادەبێ خەونەکەی ئەحمەدی نژاد بۆ دابین کردنی لانیکەم دوو میلیۆن دەرفەری کاری نوێ وەدی بێ، بەڵام ئابووریی ئێران زۆر زۆر لەوە لاوازترە کە یەک لە  پێنجی ئەم هەلە کارییانە بۆ حەشیمەتی بێکارانی وڵات برەخسێنێ.

کـەوابوو بـەم وەزعـە نالـەبارەوە و لـە ئێستاشـدا بـەهۆی قـەیرانـی سیاسـیی وڵات و کاریگـەریی گـەمارۆ نێودەوڵەتییەکان دژی ئێران کە پێدەچێ لەو ڕۆژانەدا گەڕیکی دیکەشی بەدوادابێ، تـوبڵێی قـەیرانی بێکاری لـە ئێران بگاتە کوێ و چیها زیانێکی دیکەی لی بکەویتەوە؟

## منداڵانی کورد و ڕۆژی جیهانیی خۆیان

١ی ژوئەن، ڕۆژی جیهانیی منداڵان هاتەوە. منداڵانی جیهان و منداڵانی نەتەوە ئازاد و سەربەستەکان لـە کاتێکدا ڕۆژی خۆیان جێژن دەگرن، یان گەورەکانیان بۆیان دەکەن بە جێژن، کە منداڵانی کورد لـە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان هەر لە بنەڕەت دا نازانن کە ئەوانیش وەک خۆیان ڕۆژێکی تایبەت بـە خۆیـان هەیە، یـان ئەگەر بشزانن لـە بەر سەختی ژیان و بارودۆخی بنەماڵە و کۆمەڵگایان ناتوانن ئەو ڕۆژە بکەن بە جێژن.

جێژنی یەکی ژوئەن لە بەرەبەری وەرزی هاوین و کۆتایی ساڵی خوێندن دەگاتێ. ئەگەر منداڵانی بەختەوەری دنیا ئەو وەرزە وەرزی پشوویان و وەرزی چێژ وەرگرتن و سەفەر و سەردان و بـە خۆشی کـات بـە سـەر بردنیانـە، بـەڵام منداڵانی کورد دەبێ لەو وەرزەدا لە مەچە و مەزراکان، لە کورەخانە و جووجەخانە و لە سەر داری تەون، لە سـەر شەقام و لە کارگە بچووک و گەورەکاندا شانبەشانی ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکەیان کـار بکـەن و ئـارەق بڕیـژن و ماندوو بن و لەشی ناسک و بێگەردیان لە ژێر کاری تاقە پڕووکێندا تێک بتەپێ.

ڕۆژی یەکی ژوئەن لە هەموو منداڵانی نیشتمانەکەم پیرۆز و بەو هیوایەی کە ئێمە گەورەکان بە ئەرک وەخۆگری و بەرپرسایەتیمان بتوانین پاشەڕۆژێکی باشتر بۆ ئەوان بنیات بنێین.

کوا وادەکەی ئەحمەدی نژاد بۆ دابینکردنی ٢ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار هەلی کار لە ساڵی تازەدا؟

کێشەی بێکاری سەرەکیترین کێشەی ئێستای کۆمەڵگای ئێرانە. ئەورۆ هیچ بنەماڵەیەک لە ئێراندا نابینی کە یـەک یان چەند ئەندامی ئەو بنەماڵەیە بە دەست کێشەی بێکارییەوە نەناڵێنێ، ئەوەش لـە حاڵێـک دایە کە تێچووی

ژیـان و دابینکردنـی پێداویسـتییە سـەرەکییەکانی ژیـانی ڕۆژانـەی خـەڵک پشـتی زۆربـەی هـەرەزۆری گـەورە و سەرپەرستی بنەماڵەکانی چەماندۆتەوە.

قەیرانی بێکـاری لـە ئێرانـی ئێسـتادا ئەوەنـدە مەترسیدار و حاشاهەڵنەگرە، کـە ئیـدی کاربەدەسـتانی سـەرەکیی ڕێژیمیش توانای حاشاکردن لەو کێشەیە و دوادەرنجامەکانیان نیە، ئەوەش کە ئەحمـەدی نـژاد لـە سـەرەتـای سـاڵی ٩٠ دا ڕایگەیاند کە ئەولەوییەتی دەوڵەتەکەی لە ساڵی تازەدا خوڵقاندنی ٢ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار دەرفـەتی کـار بۆ بێکارانی وڵاتە، هەر لەو نیگەرانییەی خەڵکەوە سەرچاوەی گرتوە.

ئەحمەدی نژاد هەروەها ئیدیعای کردبوو کە لە ساڵی ٨٩ دا یەک میلیۆن و شەشسەد هەزار هەلی کـاری بـۆ لاوانـی بێکـار ڕەخسـاندوە، ئیدیعایـەک کـە ئەگـەرچی ناوەنـدی ئامـار تـەنیا ٣ ڕۆژی دەرفـەت بـۆ ڕاگەیانـدنی ڕاستبوون یان ناراستبوونی ئەو ئیدیعایە ماوە، بەڵام هەم کارناسانی ئابووری و هەم بە گشتی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بـاش دەزانـن کـە قسەکانی ئەحمەدی نـژاد لـە ئیدیعایـەکی ڕووت و بـێ بنـەما شتێکی تـر بـەولاوەتر نین، چـونکی بـە سەرنجدان بە چوونە سەرێی نرخی بێکاری و داخرانی نیزیک بە نیوەی کارگە پیشەییەکانی ئێران لە چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا، ئـەو ڕەقەمـەی ئەحمـەدی نـژاد دەیڵـێ و ئـەوەی بـۆ ئەمسـاڵی پێشبینی کـردوە، زیـاتر لـە خـەون و ئارەزوویەک نیزیکە تا بەرنامە و پلانێکی کار بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کێشەیە لە ئێراندا.

بەڵام لێ وردبوونەوە لە کۆمەڵێک بەرنامە و پلانی دەوڵەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا یارمەتیی تـاوتوێکردنی ئـەو بابەتـەمان دەدا کـە ئـاخۆ هەوڵـەکانی دەوڵـەتی ئەحمـەدی نـژاد لـەوبارەوە چەنـدە سـەرکەوتوو بـووە کـە ئێسـتا ئەحمەدی نژاد بۆ کەمکردنەوە لە کێشەی بێکاری بە تەمای قەڵەمبازی گەورە و خەیاڵییە.

ئەحمەدی نژاد لەگەڵ هاتنـە سەرکاری دەوڵەتەکـەی لـە سـاڵی ٨٤ و لـە ڕواڵـەتـدا بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی کێشـەی بێکـاری گەڵاڵـەی دروسـتکردنی بونگـای بچـووک بچـووکی خسـتە دەسـتووری کـارەوە کـە دەبـوا لـە زووتـرین کاتـدا بەرهەمەکانی دیار کەوتبایەن. گەڵاڵەیەک کە ئەگەرچی مانۆڕی زۆری لە سەر درا و هەرا و هوریای زۆری بـۆ وەری خرا، نەکەس خێرێکی لێ دی و نە توانیشی کیشەی بێکـاری نـەک هـەر کـەم بکاتـەوە، بـەڵکوو لـە جێـی خـۆی ڕای بگرێ.

ئاماره ڕەسمییەکانی دەوڵەت بۆخۆیان دەڵێن کە لە ماوەی ئەو ٤ ساڵەدا، واتە لە ساڵی ٨٤ را تا نیوەی ساڵی ٨٨ دەوڵەت توانیویەتی تەنیا ٩٠٠ هەزار دەرفەتی کاری دروست بکا کە ناکاتە ساڵانە ٣٠٠ هەزار هەلی کار بۆ حەشیمەتی بە میبۆن بێکاری ئێران. ئەوەش کە ئەحمەدی نژاد ئیدیعا دەکا کە لە ساڵی ڕابردوودا یەک میلیۆن و شەشسەد هەزار هەلی کاری خوڵقاندوە، دەردەکەوێ کە لە ئیدیعایەکی رووت بەولاوەتر نیە ئەوەش کە بتوانێ خێرایی پرۆژەکانی دەوڵەت بۆ بەگژداچوونەوەی بێکاری ٨ ئەوەندەی جاران بەرێتە سەرێ، بە تایبەت لە کاتێکدا کە لە لایەن کۆمەڵگای جیهانیشەوە لەژێر قورسترین فشاری ئابووری دایە، زۆرتر لە خولیایەکی شاعیرانە و تەنزێکی تاڵ دەچێ.

بەڵام با بزانین ئێستا کە وەرزی بەهار و سێ مانگ لە ساڵی تازەمان تێپەڕ کردوە، دەوڵەت لەو ٢ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار هەلی کارە چەندەی دەستەبەر کردوە؟ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی ئێران ڕایگەیاندبوو لە ڕێگەی پێدانی وام و تەسهیلات و ئاسانکاری بۆ ئەو کارانەی لە ماڵەوە دەکرێن، ٧٠٠ تا ٩٠٠ هەزار هەلی کاری نوێ دەرەخسێنی، بەڵام تا ئێستا هیچ کام لە بانکەکان بەرنامەیەکیان بۆ ئەو ئامانجانە نەخستۆتە دەستووری کاریانەوە، کەواتە جارێ تا ئێستا ئەوە چارەنووسی ٩٠٠ هەزار هەلی کاری نوێ روون بۆتەوە کە ئەحمەدی نژاد بەڵێنەکەی دابوو.

جیا لەوەش خۆ ئەگەر دەوڵەت لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا تەنانەت سەتا ٥ ی بەرنامە و پلانەکانی بۆ چووبایە سەر، بە دڵنیاییەوە ئاوا بێدەنگەی لێ نەدەکرد و لە میدیاکاندا هەڵلا و هەنگامەی ساز دەکرد. بەڵام ڕووی ڕاستەقینەی ئەو بابەتە شتێکی دیکەیە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بارودۆخی ئابووریی ئێران شپرزەتر لەوەیە کە ئەحمەدی نژاد بە وتاردەرمانی بیەوێ لە خەڵکی بشارێتەوە، چونکی خەڵک کێشەکانی کۆمەڵگا بە ئێسک و پێستەوە هەست پێی دەکەن و ئەو کێشانە کاریگەریی زۆر ڕاستەوخۆشیان لە سەر ژیانی خەڵک داناوە.

ئەوەی لەو ڕۆژانەدا بەردەوام لە میدیاکان بڵاو دەبێتەوە نەک پرۆژەی دەسبەکاربوونی کارگە و یەکەی بەرهەمهێنەری دیکە لە ئێران، بەڵکوو هەواڵی داخران و وەرشەکەستەبوون و وەستان لە کاری ئەوان و بێکاربوونی کرێکارەکانی ئەو شوێنانەیە.

گەمارۆ ئابوورییە نێو دەوڵەتییەکان، تەنانەت ئەگەر بە سەقەتی و نیمچەییش لە دژی ئێران بەڕێوەچووبن و بارودۆخی بازارەکانی وەبەرهێنان دوای ئامانجدارکردنی یارانەکان وای کردوە کە بەردەوام و ماوە ماوە واحیدە تەولیدییەکان ئێران لە کار بوەستن، یان ئاستی بەرهەمهێنان و هێزی کاری خۆیان کەم بکەنەوە و لەو سۆنگەیەشەوە بەردەوام حەشیمەتی بێکارانی وڵات زێدە و زیدەتر ببێ و ئەوەش راستییەکی حاشا هەڵنەگرە.

لاوان و ژنان زۆرترین حەشیمەتی بێکاری ئێران پیک دێنن. لە هەموو وڵاتانی دنیادا هەبوونی حەشیمەت و هێزی لاو، وەک گەورەترین سامان و سەرمایەی نیشتمانیی ئەو وڵاتانە چاوی لێ دەکرێ و هەر ئەو هێزە چالاک و خوڵقینەرە گرینگترین پشیوان و گەرەنتیی گەشەسەندنی وڵاتەکەیانن؛ بەڵام بێکار بوونی نیزیک بە نیوەی حەشیمەتی لاوی ئێران لەگەڵ ئەوەی لە سۆنگەی سیاسەتە چەوتەکانی رێبەرانی کۆماری ئیسلامییەوە زیانێکی قەرەبوو نەکراوی لە ئابووری و رەوتی گەشەکردنی وڵات داوە، کۆمەڵێک خەسار و زیانی مەترسیداریشی تووشی کۆمەڵگا کردوە. قوڵبوونەوەی هەژاری، لادان لە نۆرم و بەهاکۆمەڵایەتییەکان، توشبوون و پەرەسەندنی دیاردەی ئێعتیاد، رووتێکردنی لە ناچاریی خەڵک بۆ کاری رەش یا نەشیاوی وەک قاچاغی ماددەهۆشبەرەکان و لێکترازانی شیرازەی خێزانەکان و چوونە سەرێی رێژەی تاوان و جینایەت، چوونە سەرێی تەمەنی پێکەوەنانی ژیان، چوونەسەرێی رێژەی تەڵاق و پەرەسەندنی خەمۆکی تەنیا بەشیک لە دەرەنجامەکانی دیکەی بێکارین.

بەڵام حکوومەت و دامودەزگابەرپرسیارە حکوومییەکان لە ئێستادا دەستەوەستانتر لەوەن کە بتوانن بەسەر ئەو کێشە و خەسارانەدا زاڵ بین.

کۆمەڵگای ئێران لە ئیستادا تەنیا بۆ ئەوەی نرخی بێکاری لەو ئاستەی ئێستادا راگرێ، لە ساڵدا پێویستی بە رەخساندنی لانیکەم یەک ملیۆن و دووسەد هەزار هەلی کار هەیە، خۆ ئەگەر بیهەوێ لەو نرخە بێکارییەش کەم بکاتەوە، ئەوادەبێ خەونەکەی ئەحمەدی نژاد بۆ دابین کردنی لانیکەم دوو میلیۆن دەرفەری کاری نوێ وەدی بێ، بەڵام ئابووریی ئێران زۆر زۆر لەوە لاوازترە کە یەک لە پێنجی ئەم هەلە کارییانە بۆ حەشیمەتی بێکارانی وڵات برەخسێنێ.

کەوابوو بەم وەزعە نالەبارەوە و لە ئێستاشدا بەهۆی قەیرانی سیاسیی وڵات و کاریگەریی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان دژی ئێران کە پێدەچێ لەو رۆژانەدا گەڕێکی دیکەشی بەدوادابێ، تووڵێی قەیرانی بێکاری لە ئێران بگاتە کوێ و چیها زیانێکی دیکەی لی بکەوێتەوە؟

## کوردستان و بەردەوامیی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ

**کوژران، برینداربوون و گیرانی ١٣٣ کەس لە کوردستان لە ماوەی سێ مانگی بەهاری ئەوساڵدا**

**پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان بە هۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی سێ مانگی بەهاری ساڵی نوێشدا ڕەوتی بەردەوامی و هەمیشەیی خۆی پێواوە و لەو وەرزەی ساڵیشدا کۆمەڵێک کەسی دیکە بوونە قوربانیی سیاسەتی کوشت و بڕ و دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان.**

**بە پێی ڕاپۆرتی وەرزانەی هەواڵدەریی کوردستان و کورد لە ماوەی سێ مانگی بەهاری ئەو ساڵدا لانیکەم ٢٠ کەس لە کوردستان بە دەستی هێزە ئەمنیەتی و ئینتیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون کە ١٨ کەسیان کۆڵبەران و کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون.**
**هەر لە ئاکامی کەمین نانەوە و تەقە کردن لە کاسبکاران و کۆڵبەرانی ناوچە سنورییەکانی کوردستان کە بە هۆی بێکاری و بێ دەرەتانی بە کاری کۆلکێشی نان و بژیوی ڕۆژانەی خۆیان پەیدا دەکەن، ٢٤ کەس بریندار بوون. هەر لەو ماوەیەشدا بە هۆی تەقینەوەی مین ٥ کەس بریندار بوون کە تێیاندا ساسان ئەمجەدی، مێردمنداڵێکی خەڵکی ناوچەی جوانڕۆ دەبینرێ کە بەو هۆیەوە لاقی پەڕیوە.**

**ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی ئەو سێ مانگەی سەرەتای ساڵدا لانیکەم ٨٣ کەس لە خەڵکی مەدەنی و چالاکان و لاوانی هەڵسووڕی کوردیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی قۆڵبەست کردوە. بەشێک لەو کەسانە دوای لێپێچینەوە و دادگایی کرانیان بە شێوەی کاتی و بە بارمتە ئازاد کراون و لانیکەم ٣١ کەس لە گیراوانی کوردی لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا دادگایی و سزای لە ٥ مانگ و یەک ساڵ و دوو ساڵ ڕا بگرە تا ٢٥ ساڵ زیندانیان بە سەر دا سەپاوە.**

**جیا لەوانە دەتوانین چەند نموونەیەکی دیکەی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان بەمجۆرە باس بکەین:**

* لە کار بێکاررکرانی ٦٠ کەس لە کرێکارانی شارەداری بۆکان لە مانگی خاکەلێوەدا

* راگوێزرانی ٣٥ زیندانیی سیاسیی کورد لە ٢٥ی خاکەلێوە بۆ گرتووخانەی گەوهەردەشتی کەرەج کە بە قەتڵگای زیندانە سیاسییەکان ناسراوە.

* داخرانی گۆڤاری خوێندکاریی رۆژەڤ لە تاران بە بڕیاری ناوەندە ئەمنیەتییەکان

* کوژرانی لانیکەم ٦ کەس لە پێکدادانەکەی رۆژی ١ی بانەمەڕی حەسەناوای سنە بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی

* بێبەشبوونی خەڵکانێکی زۆری کوردستان لە وەرگرتنی یارانەکان بە هۆی پڕنەکردنەوەی فۆرمەکان لە کاتی خۆیاندا

* لە کار بێکار کردنی ٥٥٠ کرێکاری مەعدەن و کانی زێڕی ئاق دەرەی تیکاب

* لە کار بێکار کرانی ١٢ کرێکاری کارخانە ئاردی شاری سەقز

* ئێعدامکرانی زیاتر لە ٢٥ کەس لە زیندانی ورمێ لە ماوەی سێ مانگی بەهاردا لە ژێر ناوی قاچاغی مادە هۆشبەرەکان

* داخرانی" هەرەوەز" و "بوژان" دوو بڵاوکراوەی کوردی زانکۆی ورمێ و

* سووتانی دەیان هێکتار زەوی و دارستان تەنیا لە ماوەی یەک مانگی رابردوودا

بەڵام ئەوەی لەو نێوەدا ویژدانی بەخەبەری هەر مرۆڤێک ئازار دەکا، کوژران و بریندار بوونی زیاتر لە ٤٠ کەس لە کاسبکاران و زەحمەتکێشانی کوردستانە کە گیانیان لە پێناو دەسخستنی پاروە نانێکی هەژارانە بۆ ماڵ و منداڵیان داناوە و دوای کوژران و بریندار بوون و نقوستان بوونیشیان، ئەوەندەی دیکەش ژیانی بنەماڵەکانیان بەژان و سەختتر بووە. بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە کە نە بۆ کوژران و برینداربوونی زیاتر لەو ٤٠ کەسە و نە بۆ کوشتاری هەزاران کەس لە خەڵکی ئەو ناوچانە کە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا بە دەسریژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون، تاقە پەروەندەیەکی قەزایی لە هیچ دادگایەکی ئێراندا نەکراوەتەوە، وەک ئەوەی کە بڵێی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی رەهای بۆ گیان لێ ئەستاندنی هەموو کوردێکی ئەو وڵاتە هەیە و کەس بۆی نیە داوای خوێن و مافی خۆی کەوێ.

کۆماری ئیسلامی کەوکوژی ئەو خەڵکە هەژار و رووتەنە دەداتە بەر گوللە، گوایە ئەوانە قاچاغچین، بەڵام خۆ هێشتا چەند مانگ لە ئاشکرابوونی قاچاغی ٣٠ تۆن تریاک، ئەویش لە فروودگای نێونەتەوەیی خومەینی لە تاران رانەبردوە.

کۆماری ئیسلامی گیان و ماڵ و سامانی ئەو کەسانە بە حەڵاڵ دەزانێ، گوایە کە ئەوان بە قاچاغچێتیی خۆیان کە ئەوپەڕەکەی کارتۆنێک شووشە یان ماهوارەیان پێیە، زیانی قورسیان لە ئابوریی وڵات داوە، بەڵام هەر ماوەیەک لەوە پێش بوو کە سایتی ویکی لیکس ئاشکرای کرد کە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت سپای پاسداران مادەی هۆشبەر لە ئەفغانستان را بۆ ئازەربایجان و لەویرا بۆ ئورووپای ترانزیت دەکا.

بەڵام هەر لە جێدا وا گریمان کە ئەو کاسبییەی خەڵکی سەرسنوور کە لە ڕووی ناچاری و بێکارییەوە روویان تێ کردوە کاری قاچاغە، بەڵام باشە کامە قانوون و کامە رێسا رێی بەوە داوە کە ئەو خەڵکە بەر لەوەی بگیرێن و دادگایی بکرێن و سزایان بە سەردا بسەپێ، کەوکوژی بدرێنە بەر گولله و گیانیان لێ بستێندرێ؟

کۆماری ئیسلامی کە بۆ خۆی سەرچاوەی هەموو نەهامەتی و هەژاری و مەینەتییەکانی ئەو خەڵکەیە، دەکوژێ و دەبرێ و هاواری ئەوەش دەکا کە بەرەنگاری قاچاغ دەبێتەوە، تا بەوجۆرە شەرعییەت بە ئامانجە دوژمنکارانەکانی لە دژی ئەو خەڵکە بدا. دەنا کێیە کە نەزانێ ئەو کێشەو گرفتانەی ئەو خەڵکەی ناچار بە کۆڵبەری و سنووربەزاندن کردوە، ناچار بە تێپەڕین لە هەڵدێر و گوڕەپانە مینەکان و بەرگە گرتن لە بەرامبەر سەرماوسۆڵەو رقی سروشت کردوە، هەر هەمووی سەرچاوەکەی بۆ سیاسەت و بیرۆکەو بەرێوبەریی ئەو رێژیمە لە کوردستان دەگەڕێتەوە.
کوردستانێکی لە دواکەوتووییدا راگیراو، بێکارییەکی کارەساتبار، هەژارییەکی لە رادەبەدەر، گرانییەکی هەسارپچڕاو و چوونە سەرێی تێچووەکانی ژیان بلێی نەڵێی ناچارت دەکا بۆ پەیدا کردنی بژیوی ماڵ و منداڵ پەنا بەر هەر چەشنە کارێکی تاقەت پڕووکێن و مەترسیداریش بەری.

بەڵام لەگەڵ هەموو مەترسییەکانی بەردەم رێی ئەو ژیانە کۆڵەمەرگییە، لە هەڵدێران لە رەوەزە بەرد و تەقینەوەی مین لە ژێر پێو، کوژران و نقوستان بوون بگرە تا لە گەرمان برژان و لە سەرمان رەق هەڵاتن، ئەوەی جێی تێڕامان و پرسیار خوڵقێنە ئەوەیە کە رێژیم بە جێی دابینکردنی کار بۆ رۆڵەکانی ئەو گەلە، هێزەکانی دەنێرێتە سەر رێگەیان و بۆسەیان بۆ دادەنێ، بە جێی پاراستنی گیان و ماڵیان لە دەستدرێژی هەر خۆی سیلەیان

لێ دەگرێ و ڕێگەی هاتوچۆ یان مینرێژ دەکا، تەقەیان لێ دەکاو ماڵ و ژیانیان بە تاڵان دەباو تەنانەت بەزەیی بە ئێستر و وڵاغی ئەو کاسبکارانەشدا نایەتەوە و ئەو ئاژەڵە بەستەزمانانەش دەداتە بەر ڕەهێڵێەی فیشەک و قڕیان دەکا.

هەموو ئەو ڕەفتارە دژی مرۆییانە ئەو ئاماژەیەن کە ئەو ڕێژیمە هیچ نرخ و بەهایەک بۆ گیانی مرۆڤی کورد دانانێ، کوشتن و تاڵانی ماڵو حاڵیان بەرەوا دەزانێ، لە بەرامبەر دابینکردنی ژیانێکی شیاوی مرۆیی و خوڵقاندنی دەرفەتی کارو پەیداکردنی بژیوی ژیانی ئەو گەلە نەک خۆی بە دەرووەست نازانێ، بەڵکوو هەموو پەلەقاژە سروشتییەکانی ڕۆڵەکانی ئەو گەلە بۆ دابینکردنی لانیکەمی بژیوی ژیانیان بە ئاگرو ئاسن و کوشتن وبڕین وەڵام دەداتەوە.

ئەوە نێوەرۆکی ڕێژێمیکی دژە مرۆڤ و سەرەڕۆیە کە تەنیا لە ڕێگەی سەرکوت و زەبروزەنگەوە درێژە بە تەمەنی خۆی دەدا. بەڵام بێدەنگی لە هەمبەر ئەو هەموو جینایەتانەی ڕێژیم لە کوردستان لەلایەن چالاکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی لە ئێران و جیهان لەگەڵ ئەوەی تاڵ و جێی داخە، ئەو دەرفەتەش بە ڕێژیم دەدا کە بێبەزییانەتر و بێترس و دڵەراوکێ درێژە بە جینایەتە دژی مرۆییەکانی لە کوردستاندا بدا.

**ڕێکەوت: پووشپەڕی ١٣٩٠ - مای ٢٠١١**

## ٢٢ی پووشپەڕ سەرکەوتنی ئیرادەی خەڵک یان شتی دی؟؟

دوابەدوای مانگرتنەکەی ٢٢ی پووشپەڕ و دوای ئەوەی کە زەبروزنگ و فشاری لە ڕادەبەدەری ناوەندە ئەمنیەتی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی بواری ئەوەیان نەدا کە ئەو مانگرتنە بە شێوەی بەربەرین لە داخستنی دوکان و بازاڕەکاندا خۆی دەربخا، لێرە و لەوێ بە نێو خوڵکی شارەکانی کوردستاندا بڵاو کراوەتەوە کە ئەو ڕۆژە، ڕۆژی سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی بوو.

لە پێشدا ئەوە بڵێم کە نەک کۆمەڵیک کەس لێرە و لەوێ بەڵکوو کۆماری ئیسلامیش بە هەموو ناوەندە ئەمنیەتی و ئیتلاعاتی و دەزگا پۆلیسی و نیزامییەکانیەوە زۆر باش دەزانن کە ئەوان بەزیو و تێکشکاوی رۆژی ٢٢ی پووشپەڕ بوون.

کۆماری ئیسلامی کاتێک دەتوانێ ئەو ئیدیعایە بکا کە ئەو رۆژەی وەک رۆژانی ئاسایی وەرگرتبا و پەنای بۆ هەموو ئەو پلان و پیلان و بەرنامەرێژییانە نەبردبا کە لە چەند مانگ بەر لە ٢٢ی پووشپەڕەوە بۆ ئەو رۆژەی دادەرشتن.

کوردستان بۆ خۆی لە مێژووی ٣٠ ساڵەی کۆماری ئیسلامیدا ناوچەیەکی نیزامی بووە، بەڵام لە مانگی پووشپەڕی ئەو ساڵدا سەرەڕای ئەوەش بە دەیان هەزار کەسی دیکەی لە چەکدارەکانی خۆی لە هەموو شارەکانی کوردستان لە شەقام و گۆڕەپانە سەرەکییەکان و لە نێو قوتابخانەکاندا جێگیر کردبوو.

لە شاری بۆکان لە فەلەکەی ئەسکەندەرییەوە تا فەلەکەی فەرمانداری بۆ هەر ٥ دووکان دوو چەکداری دانابوو، رۆژی ٢١ی پووشپەڕ شابازی، ئۆستانداری سنە تایبەت و بە پەلە خۆی گەیاندە سەقز و لە گەڵ بەرپرسانی ئیدارەی ئیتلاعات و ئەسناف و بازارییەکان کۆبۆوە و راستەوخۆ هەڕەشەی لێ کردن، ئەوە جیا لەوەی کە لە مانگێک لەوە پێشەوە تەعەهودی کەتبی لە هەموو دووکاندارەکان وەرگیرابوو کە ئەگەر رۆژی ٢٢ی پووشپەڕ دووکانەکانیان دابخەن، ٥٠٠ هەزارتمەن تا ٥ میلیۆن تمەن جەریمە دەکرێن و پەروانەی کاسبییەکانیان رادەگیرێن.

بەڵام بەو حاڵەش دوانیوەڕۆی رۆکی ٢٢ ی پووشپەڕ بەشی زۆری دووکان و بازاڕەکان لە زۆربەی شارەکانی کوردستان داخران.

لە لایەکی دیکەشەوە خۆ مانگرتنی خەڵکی کوردستان و مەحکووم کردنی سیاسەتی تێرۆری کۆماری ئیسلامی و بەرز راگرتنی یادی دوکتور قاسملوو هەر لە داخستنی دووکان و بازاڕەکاندا کورت ناکرێتەوە. ئەو مانگرتنە و ئەو نارەزایەتی دەربڕینە زۆر لەوە بەرینتر بوو.

لەو زۆر لە رۆژانی ٢٢ی پووشپەڕ خەڵکی کوردستان بە کورتە نامە و ئیس ئێمێس وتە بەنرخەکانی دوکتور قاسملوویان بۆ یەکتر دەنارد و پەیمانی وەفایان لە گەڵ نوێ دەکردەوە. دار و دیوار و شەقامی شارەکانی کوردستان چەند حەوتوو بوو کە بە وێنەی و وتەی رێبەرانی شەهید رازابوونەوە. رۆژی ٢٢ی پووشپەر لاوان بە

لیباسی کوردی کە دوژمن چاوی پی هەڵنایە، هاتنە سەرشەقام. ئێوارەی ۲۲ی پووشپەر چرای زۆربەی ماڵەکان بۆ ڕێزگرتن لە یادی دوکتور قاسملوو کوژانەوە.

کەواتە ئەوە خەڵکی کوردستان بوون کە سەرەڕای هەموو ئەو فشار و زەبر و زەنگانە پێملی ویستی ڕێژیم نەبوون و بە ئیرادەی پۆڵایینی خۆیان و بە خوڵقاندنی ئەو کەش و هەوایە لە ڕۆژی ۲۲ی پووشپەڕدا کە لە لایەن هەموو خەڵکی دنیاوە سەرنجی درایە، دیسانەکەش کۆماری ئیسلامییان بە چۆک داهێنا و "نا" یەکی دیکەیان بەو ڕێژیمە دژە کوردە وتەوە.

## ۲۲ی پووشپەڕ، مانگرتنی خەڵکی کوردستان و چەند سەرنجێک

لەمێژ ساڵە کە ۲۲ی پووشپەڕ هەم بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەم بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران مانا و نێوەڕۆکێکی جیاوازی هەیە. ئەگەر تا ساڵانێک لەوە پێش و بە تایبەت تا ساڵی ۸٤ی هەتاوی ئەوە تەنیا حیزبی دێموکرات بوو کە لە ۲۲ی پووشپەڕدا، بە کار و چالاکی و ئاکسیۆنەکانی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لەقاو دەدا، بەڵام ئێستا ساڵانێکە کە خەڵکی کوردستان لە ۲۲ی پووشپەڕ و لە ساڵیادی تێرۆری قاسملووی ڕێبەردا؛ ئەو ڕۆژە دەکەن بە ڕۆژی نەفرەت و بێزاری دەربڕین لە سیاسەتی تێرۆری کۆماری ئیسلامی و بە هاتنە مەیدانی خۆیان و بە شێوازی جۆراوجۆر، ڕەوایی بە ڕێباز و ئامانجەکانی قاسملوو دەدەن و " نا" یەکی دیکە بە کۆماری ئیسلامی دەڵێنەوە.

ئەو ڕۆژە بۆ کۆماری ئیسلامیش گرینگ و هەستیار و لەهەمان کاتیشدا زراو تۆقێنە.

کۆماری ئیسلامی هەموو تواناکانی خۆی وەگەڕ دەخا کە نەفرەت و قینی پەنگ خواردووی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە روویدا نەتەقێتەوەو، هەر بۆیەش هەموو ڕێکارە نیزامی و ئەمنیەتی و توند و تیژەکانی خۆی دەگرێتە بەر تا لەو ڕۆژەدا پێش بە هەڵچوون و لافاوی بێزاری دەربڕینی خەڵکی کوردستان بگرێ.

٢٢ی پووشپەڕی ئەو ساڵیش هەڵگری کۆمەڵە تایبەتمەندی و خەسڵەتێک بوو کە دەکرێ لە زۆر بوار و ڕەهەندەوە بخرێتە بەرباس و ئاکامی جۆراوجۆر و تەنانەت لێک جیاوازی لێ وەربگیردرێ.

خەڵکی کوردستان بە تایبەت حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر پێش لە ٢٢ی پووشپەڕ خۆیان بۆ ئاکسیۆنێکی دیکە دژی کۆماری ئیسلامی دەکرد، بە تایبەت ئەو ساڵ کەسایەتیی مرۆڤدۆست

محەممەد سدیق کەبودوەند، سەرۆکی گیراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانیش لە بەرەبەری ٢٢ی پووشپەڕ دا داوای کردبوو کە ٢٢ی پووشپەڕ ساڵرۆژی تیرۆری د.قاسملوو بە ڕۆژی بەرنگاربوونەوەی تێرۆریزمی دەوڵەتی ناو بنرێ. ئەم ساڵیش هەر دوو حیزب لە ریزی داواکانیاندا، داخستنی دووکان و بازاری شارەکانی کوردستانیان هێنابوو. پێ بەپێی جموجۆڵی کوردەکان، دامودەزگا ئەمنیەتی و نیزامییەکانی ڕێژیمیش لە کوردستان بە لەبەر چاوگرتنی بارودۆخی سیاسیی ئێران و ئاکوگۆڕەکانی جیهان بڕیاریان دابوو کە بە هەموو توانایانەوە بەرەنگاری ئیرادەی خەڵک ببنەوە و لانیکەم لە ئاستی دووکان و بازاڕ داخستندا کە دەتوانێ زیاتر لە لایەنەکانی دیکەی ئەو مانگرتنە گشتییە سەرنجی میدیاکانی دنیا بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، بەهەر جۆرێک و بەهەر نرخێک بووبێ ئەو دەرفەتە لە خەڵکی کوردستان بۆ ئەو مەبەستە بستێننەوە.

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە کوردستان لە چەند مانگ بەر لە پووشپەڕەوە دەسبەکار ببوون. شەپۆلێکی نوێ لە گرتن و خستنە ژێر فشاری چالاکانی مەدەنی و کەسانی لە ڕوانگەی ئەوانەوە پێوەندیدار بە ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکڕات وەری خرا. بەشی سیاسی - ئەمنیەتیی فەرمانداریەکان و ئیدارەی ئیتلاعات و ئەماکن و ئەمنیەتی سپا و هێزە ئینتیزامییەکان لە هەموو شارەکانی کوردستان لە بەرنامەیەکی چڕ و تۆکمەدا سەرجەم دووکاندار و بازاڕییەکانی کوردستانیان وریا کردەوە کە لە ئەگەری داخستنی دووکان و بازاڕ لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا بەرەوڕووی گرتن و سزای نەغدیی ٥٠٠ هەزار تمەن تا ٥ میلیۆن تمەن (بە پێی هەڵکەوتی دووکانەکانیان) دەبنەوە؛ تەنانەت سەرۆکی هەموو یەکیەتییە سینفییەکان و دووکاندارە دیار و ناسراوەکان لە هەموو شار و ناوچەکانی کوردستان تایبەتی بانگ کرانە ئیدارەی ئەماکین و بەڵێننامەی بە نووسراویان لێ وەرگیرا. کوردستان، خۆی نیزامیکراوترین ناوچەی ئێرانە، بەو حاڵەش بە هەزاران چەکدار و هێزی نیزامیی دیکە لە شوێنەکانی دیکە ڕا هێنرانە کوردستان و لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا لە شەقام و مەیدانە سەرەکییەکانی

شارەکاندا جێگیر کران و هێزی ئامادەی تەیار و کۆک و پۆشتەش لە هەموو فەرمانداری و ناوەندە ئەمنیەتی ونیزامییەکانی شارەکان بۆ کاتی پێویست لە سەر هەست بوون.

لە رۆژی ٢١ی پووشپەڕەوە کاناڵە کوردییەکانی وەک کوردکاناڵ و تیشک پارازیتیان خرایە سەر و پەلاماری سایبیری کرایە سەر ماڵپەڕە ئینتێرنیتییەکانی سەر بەو دوو حیزبە. هەر وەهاله رۆژی ٢٢ ی پووشپەڕیشدا ناردنی کورتەنامە لە زۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستان راگیرا و پێوەندییەکان گیر و گرفتیان خرایە سەر.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو پلان و بەرنامە ورد و چاوەدێریکراوەی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی رێژیم، خەڵکی کوردستان لە ٢٢ی پووشپەڕدا ئیرادەی بەرخودان و خەباتکارانەی خۆیان بە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی پیشان دایەوە.

خەڵکی کوردستان لەو رۆژەدا، بە یادکردنەوەی رێبەری شەهیدیان بە شێوەی جۆراوجۆر، بە داخستنی دووکان و بازاڕ [ ئەگەر بە هۆی زەبروزەنگی لەرادەبەدەر لە ئاستی بەرفراوانیشدا نەبووبێ]، بە هاتنە سەرشەقام بە جلوبەرگی کوردی و بە کوژاندنەوەی چرای ماڵەکانیان لە کاتی لەپێشدا راگەیەندراودا جارێکی دیکەش بێزاریی خۆیان لە کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتی دژە گەلییانەی رێژیم دەربڕی و پێیان لەسەر ماف و داوا رەواکانیان داگرتەوە و لە گەڵ رێبازی شەهیدی رێبەر، دوکتور قاسملوو کە خەبات بۆ رزگاریی نەتەوەییە، بەڵێنی وەفایان نوێ کردەوە.

بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی کورتە سەرنجێکە ئەوەیە کە جارو بار و لێرە و لەوی دەگوترێ ئەو مانگرتنە گشتییە کە ئەو ساڵ لە دووکان و بازاڕ داخستندا زۆر بە بەرچاوی رەنگی نەداوەتەوە، جێی بە تەڕاتێنی کۆماری ئیسلامی خۆش کردوە و خەڵکی کوردستان وەڵامی شیاو و پێویستیان بە بانگەوازەکانی حیزبی دێموکڕات نەداوەتەوە!

ئەوەی کە داوای مانگرتن لەو رۆژەدا لە لایەن هەموو حیزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە نەکرا و، ئەوەی کە هەر دوو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش کە لە پشتی ئەو بانگەوازانە بوون هاوکاری و هاوهەنگاویی پێویستیان لە گەڵ یەکتر بۆ کاری تاکتیکیی هاوبەش نەبوو و، ئەوەی کە داوای ئەو دوو حیزبە لە خەڵک لەو رۆژەدا هەر هەمان داواکارییەکانی ساڵانی رابردوو بوو و شتێکیی نوێی ئەوتۆی تێدا بەرچاو

نەدەکەوت؛ هەر هەموویان جێی باس و هەڵوەستە لە سەر کردنن. بەڵام ئەوانە هیچیان لە هیممەت و ئیرادەی خەڵک لەو رۆژەدا بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەت و نیازەکانی کۆماری ئیسلامی کەم ناکاتەوە.

هەر ئەو نائاسایی بوونە لە رادەبەدەرەی کوردستان لەو رۆژەدا و هەر ئەو بەسیج کردنی هێزە زۆر و زەوەندەی رێژیم و تەواو ئەمنیەتی کردنی شار و ناوچەکانی کوردستان لە لایەن رێژیمەوە خۆی بەڵگەی سەرکەوتنی ئیرادەی نەتەوەیی خەڵک و هەنگاوێکی دیکە بۆ پێشڤەچوونی خەباتی رزگاریخوازانەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە کە کەمترین دەرفەتەکانیش بۆ بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەقۆزنەوە و زۆرترین کەلکی لێ وەردەگرن.

رێکەوت: جۆزەردانی ١٣٩٠ - جوونی ٢٠١١

---

## پژاک ئامانجی شەڕە یان بیانوو؟؟

هەواڵەکان یەک بە دوای یەک و لە ماوەی چەند رۆژدا بە پڕتاو بوونە سەرتیتری رۆژنامە و سایتەکان. "کۆماری ئیسلامی هێزێکی زۆری بەرێی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان کردوە"، "ئەو هێزانەی کۆماری ئیسلامی لە سنوور جێگیری کردوون، تەیار بە چەکوچۆڵی قورسن"، "کۆماری ئیسلامی چەند تۆپخانەیەکی گەڕۆکی بە درێژایی سنوورەکانی لە گەڵ هەرێمی کوردستان دامەزراندوە". هەموو ئەو هەواڵانە بۆنی رووداوێکی ناخۆشی لێ دەهات، بە تایبەت ئەوەی کە ماوەی چەند حەوتووش بوو کە تۆپبارانی ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێ کردبوو. زۆری نەبرد کە هێزی پیادەی کۆماری ئیسلامیش بە ئاشکرا سنوورە نێودەوڵەتیی هەرێمی کوردستان بەزاند و بە بیانووی راوەدوونان و لێدان لە بنکە و بارەگاکانی پژاک، لقی رۆژهەڵاتی پارتی کرێکارانی کوردستان هاتنە نێو خاکی هەرێمی کوردستانەوە.

لەگەڵ درێژەکێشانی شەڕ لە قەندیل و بەردەوامیی تۆپبارانەکانی هەرێمی کوردستان ئەو پرسیارە لە لایەن زۆربەی چاوەدێرانی سیاسییەوە گەڵاڵە بوو کە ماهییەتی ئەو شەرە چییە و شەڕ لە دژی کێیە و مەبەستە شاراوەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەپاندنی ئەو شەرە بە سەر کورد دا چیە؟

لەو بارەوە سەرەڕای جیاوازیی بۆچوونی حیزب و لایەنە سیاسی و کەسایەتییەکانی کورد و تەنانەت غەیرە کوردیش، بەڵام هەموو ئەو جیاوازیی بۆچوونانە لە چەند تەوەرێکی هاوبەشدا یەکیان دەگرتەوە.

یەکەم ئەوەی کە ئامانجی ئەو شەرە تەنیا لێدانی پژاک نیە، چونکی بیانوو بۆ ئەو کارە نیە؛ بەهۆی ئەوەی کە پژاک ئەو ساڵ کەمترین چالاکیی چەکداری لە دژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بووە، کەواتە ئەگەر بیانوویەک بۆ هێرشبردنە سەر پژاک، ئەویش بەو هێزە دەیان هەزار کەسییە لە گۆرێدا نەبووبێ، بەڵام خۆ پژاک دەتوانێ بیانوویەک بۆ وەرێ خستنی ئەو شەرە بۆ مەبەستە سیاسی و شاراوەکانی کۆماری ئیسلامی بێ. بەڵام مەبەستەکان چین؟

یەکەم مەبەست هەرچی زیاتر نیزامی کردنی کوردستان بە سەرنجدان بە شەپۆلی گۆڕانخوازی لە ناوچەکەدایە. کۆماری ئیسلامی دوای ئەوەی کە حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە تێگەیشتن و لێکدانەوەی وردبینانەیان شێوازێکی دیکە لە خەباتیان گرتە بەر و ئەولەوییەتی خەباتی خۆیان، لە خەباتی چەکداری را بۆ خەباتی سیاسی و مەدەنی گۆڕی، ناچار ببوو کە تا رادەیەک قوورسایی هێزە چەکدارەکانی لە کوردستان کەم بکاتەوە، بەڵام نیگەرانییەکانی کۆماری ئیسلامی لە گەیشتنی شەپۆلی گۆڕانخوازیی ناوچە بە ئێران و کوردستانی بەستێن رێک و لەبار بۆ سەرهەڵدان تەنیا بە ناردن و جیگیر کردنی هێزی نیزامی دەرەوێتەوە و دەبوا بیانوویەکیشی بۆ ئاوەدان کردنەوەی کۆنە پایەگاکان و زیندوو کردنەوەی دیاردەی جاشێتی و بەکارهێنانی بەگریگیراوەکانی بۆ هەڵ کەوتبا و لەو نێوەشدا چ شتێک باشتر لە زەقکردنەوەی کێشەی پژاک بۆ ئەو مەبەستە؟!

هەڵدان و گەشە کردنی باشووری کوردستان و راکێشرانی سەرنجی رۆژئاوا و دنیای دەرەوە بۆ لای دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریی دێموکڕاتیکی کوردەکانی باشووری کوردستان یەکێکی دیکە لەو فاکتۆرانەیە کە هەر دەم خەوی لە چاوی پلان دارێژەرانی کۆماری ئیسلامی زڕاندوە. بە تایبەت ئەوەی کە قورسایی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هۆی سەقامگیریی سیاسی لەو بەشە لە عێراقی پڕئاژاوە و ناسەقامگیر لە هاوکێشە جیهانییەکاندا تا دێ زیاتر دەبێ و کۆماری ئیسلامی چاوی بەوە هەڵ نایە. تێکدانی ئەو هەلومەرجە و نانەوەی بشێوی لە باشوور و هەوڵدان

بۆ هاتنی هێزی چەکداری ناوەند بۆ سەر سنوورەکان بە مەبەستی گەمارۆدانی هەرێمی کوردستان یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی ئەو هێرشەی کۆماری ئیسلامییە.

نانەوەی دووبەرەکی و چەند بەرەکی لە نێو هێزە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لە گوتاری سیاسی و شێوازی خەبات و، چاوسوورکردنەوە لە نەیاران و رەخنەگرانی نێوخۆی ئێران و تاقیکردنەوەی کۆمەڵێک چەک و چۆڵی نوێ لە شەرێکی کلاسیکدا و بەگژداکردنی کوردەکان لە دژی یەکتر چەند مەبەستێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی بۆ هەڵگیرساندنی ئەوە شەڕەیە.

## ئێران و واقعییەتی کۆڕەوی مێشک و بژاردەکانی

" ئێران ئازادترین وڵاتی دنیایە"، ئێران خۆش بژیوترین وڵاتی دنیایە"، " خەڵکی ئێران شادترین وڵاتی دنیان"، خەڵکی ئێران زۆرترین متمانە و خۆشەویستییان بۆ دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتەکەیان هەیە" و...

ئەوانە و دەیان رستەی دیکەی لەو چەشنە کۆمەڵە دروشم و ئیدیعایەکن کە رۆژ نیە لە زمانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بە شێوەی جۆراوجۆر لە میدیاکانی ئێراندا بڵاو نەبنەوە و چەند پاتە نەکرێنەوە؛ ئەوەش لە حاڵێک دایە کە ئێستا ئیدی هەموو کەس دەزانێ کە راستەقینەکان پێچەوانەی ئەو ئیدیعا بێ بنەمایانەن کە لاپەڕەی رۆژنامە و سایتەکان و وتاردانەکانیان پێ دەڕازێننەوە.

یەکێک لەو راستەقینە تاڵانەی ئێستای کۆمەڵگای ئێران کۆڕەوی بەردەوامی لاوان و بژاردەکانی ئێران بۆ دەرەوەی وڵاتە، ئەوەی کە لە لایەن کۆمەڵناسانەوە بە راکردنی مێشکەکان پێناسە کراوە، کەچی تا ئیستاشی لە گەڵ بێ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە حاشا لی کردن لەو واقعییەتە، دەیانەوێ بە خۆڵ کردنە چاوی خەڵک، خۆیان لە بەرپرسیارەتیی بەرێوەبەریی ناکارامەیان و زیان و خەسارە ماددی و مەعنەوییە قەرەبوو نەکراوەکانی ئەو دیاردەیە بدزنەوە.

دۆینێ شەممە، ٨ی گەلاوێژ و لە نێو هەرا و گرمەی هەواڵ و رووداوە سیاسییەکاندا هەواڵێکی پێوەندیدار بەو دیاردەیە، واتە راکردنی مێشکەکان هاتە سەر تێلیتکستی هەواڵدەریی "مێهر" کە لە جۆری خۆیدا کەم وێنە بوو. بە پێی ئەو راپۆرتەی هەواڵدەریی حکومەتیی مێهر بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری بورس و خوێندکارنی دەرەوەی وڵات ئاشکرای کردوە کە سەتا ٩٧ی خوێندکارانی خوازیاری خوێندنی دوکتوڕا لە ئێران دەچنە دەرێ.

حەسەن موسلمی خوئینی دەڵێ کە بۆ ساڵی خوێندنی تازە ١٤٠ هەزار خوێندکار ناونووسییان بۆ تاقیکردنەوەکانی قۆناغی دوکتوڕا کردوە، بەڵام بە هۆی کەمیی زەرفیەتیی زانکۆکانی وڵات تەنیا سەتا ٢ تا سەتا ٣ ی ئەو خوێندکارانە وەردەگیرێن. ناوبراو ئاشکرای کردوە کە ساڵی رابردووش لە نێو خۆی وڵاتدا تەنیا ٦ هەزار کەس توانیویانە لە قۆناغی دوکتوڕادا درێژە بە خوێندن بدەن و سەتا ٩٧ ی دیکەی خوازیارانی خوێندن لەو قۆناغەدا، کە خوێندکاران و نوخبە و بژاردەکانی وڵاتن، ناچار بوون بچنە دەرەوەی وڵات و لە وڵاتانی ئورووپایی و رۆژئاوایی دا بگیرسێنەوە.

قسەکانی ئەو کاربەدەستەی وەزارەتی زانستەکانی کۆماری ئیسلامی لە حاڵێک دایە کە مەحموود مەلاباشی، جێگری خوێندکاریی وەزیری زانستەکانی کۆماری ئیسلامی بانەمەڕی ئەوساڵ ئیدیعای کردبوو کە زانکۆکانی ئێران بە زەرفییەتی ٢٥٠ هەزار کورسیی بەتاڵ، توانای ئەوەیان هەیە کە هەموو خوێندکارانی ئێرانیی دەرەوەی وڵاتیش لە خۆیان بگرن.

لە لایەکی دیکەشەوە سەرۆکی بنیادی نەتەوەیی بژاردەکانی ئێران، هەواڵی چوونەدەرێی سەتا ٤٠ی ئەم قوتابیانەی پشتڕاست کردۆتەوە کە میداڵیای زێڕی ئولەمپیادیان وەدەست هێناوە.

ساڵی رابردووش جێگری زانستی بەسیجی قوتابیان رایگەیاندبوو کە لە هەر ٩٦ خوێندکاری نێردراو بۆ بەشداری لە ئۆلەمپیادە زانستییەکان، تەنیا ٣٠ کەسیان بۆ ئێران گەڕاونەتەوەو لە ١٢٥ خوێندکاری ئولەمپیادی ئێران، ٩٠ کەسیان لە زانکۆکانی ئامریکا دەخوێنن، کەچی بەو حاڵەش بەرپرسانی وەزارەتی زانست و فێرکردنی ئێران هەروا حاشا لە راکردنی مێشکەکان لە ئێران دەکەن.

ڕەوتی ڕاکردنی مێشکەکان یان کۆچکردنی بژاردەکان لە ئێران پێشینەیەکی زیاتر لە ٤٠ ساڵی هەیەو بۆ سەردەمی پێش شۆڕشی گەلانی ئێران دەگەڕێتەوە. بەڵام لە ئێستادا ڕێژەی ڕاکردنی مێشکەکان گەیشتۆتە ئەم رادەیە کە ئێران لە ریزی یەکەم وڵاتی جیهان، سەبارەت بە ڕاکردنی مێشکەکانیدا جێی گرتوە.

بە پێی ئامارەکان لە دەستپێکی ئولەمپیادەکانی قوتابییان لە ساڵی ١٣٦٥ را زیاتر لە دوو لە سێی زیاتر لە ٦٠٠ کەس لەم قوتابیانەی کە لە ساڵی ٦٥ را هەتا ساڵی ٨٤ سەرکەوتوون، ئێستا لە دەرەوەی وڵات و لە ناوەندە باڵاکانی خوێندن و توێژینەوەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە تایبەت ئامریکان.

کۆچ کردنی بژاردەکانی ئێران بۆ وڵاتانێک کە زانکۆی بەناوبانگیان هەیە، بە تایبەت ئامریکا لە حاڵێک دایە، کە بڵاڤۆکی "واشنگتۆن پۆست" بە بڵاوکردنەوەی ئامارێک دەڵێ کە ساڵانە زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەسی ئێرانی بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن وڵاتی خۆیان جێ دەهێڵن.

یەکێک لەم قوتابیانەی کە ساڵی ١٣٧٧ خوێندکاری زانکۆی شەریف بووەو ئێستا لە ئامریکا دەخوێنێ، دەڵێ سەتاسەدی خوێندکارانی بەشداربوو لە ئولەمپیادی ساڵی ٧٧ لە دەرەووەی ئێران گیرساونەتەوە و جگە لە یەک کەسیان، هەموویان لە ئامریکا نیشتەجێ بوون.

محەممەد حافزی لە وێبلاگی تایبەتی خۆیدا نووسیویەتی کە ئەم بابەتە هەر بە بژاردەکانی ئولەمپیادەکان کۆتایی پێ نایەو سەتا ٨٠ی خوێندکارانی کۆلێژی فیزیکی زانکۆی شەریف بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچنە زانکۆکانی دەرەووەی وڵات.

بە پێی ئامارێک کە زانکۆی " ئێم ئی تی" ی ئامریکا بڵاوی کردۆتەوە لە هەر ١٠ خوێندکاری ئێرانی کە بۆ خوێندن چوونەتە دەرەوەی وڵات، تەنیا ٢ تا ٣ کەسیان دەگەڕێنەوە وڵات، لە حاڵێک دا خوێندکارانی ژاپۆنی لە ١٠ کەس ٩ کەسیان دەگەڕێنەوە وڵاتەکەی خۆیان.

ڕاکردنی مێشکەکان هەر ئێستا بۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ زۆربەی وڵاتانی لە حاڵی گەشە. دیاردەیەک کە

پشتیوانەی زانستیی زانکۆکانی ئەو وڵاتانە تا دێ لاوازتر دەبن. هەر ئێستا لە نێو خوێندکارانی هێندێک لە زانکۆکانی سەنعەتیی ئێران، بە تایبەت زانکۆی شەریف بۆتە نەریتێک کە زۆربەی نیزیک بە تەواوی خوێندکاران لە دوایین ساڵی خوێندنیاندا لە بیری ئەوە دان کەچۆناوچۆن و لە چ ڕێگایەکەوە بەرەوە دەرەوە کۆچ بکەن.

بەڵام لە جێدا هێنانەگۆڕێی ئەو پرسیارە ئەگەر چەند پاتەش بێ هەر پێویستە کە بۆ ئەو ڕەوتی کۆچکردنە هەروا بەردەوامە؟

دوو هۆکاری سەرەکیی "پاڵ پێوەنان" و "ڕاکێشان"، کۆمەڵگەی ئێرانی تووشی قەیرانی ڕاکرنی مێشکەکان و کۆمەڵگەی دەرەوەشی پشکدار لە قازانجی ڕاوکردنی مێشکەکان کردوە:

نەبوونی دەرفەت و ئیمکاناتی درێژەپێدان بە خوێندن، کەمبوونی ئیمکاناتی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو نزمبوونی ستانداردەکانی توێژینەوە زانستی و فەنییەکان، ناهاوسەنگ بوونی داهات و دەرکەوتەکانی ژیان، نەبوونی دەرفەتی کاریی شیاو بە پێی تواناو کار لێهاتوویی، نەبوونی ئازادیی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و دادپەروەری لە خوێندن و کار پی ئەسپاردن و دامەزراندن بەشێک لە هۆکارەکانی پاڵ پێوەنانی بژاردەکان بۆ بیرکردنەوە لە ڕاکردن بۆ دەرەوەی وڵاتن.

بەڵام هۆکارەکانی ڕاکێشان تەواو پێچەوانەی ئەو دۆخەیە کە لە ئێراندا بە سەر توێژی بژاردەی کۆمەڵگەدا سەپێندراوە. زۆربەی نیزیک بە تەواوی پسپۆرانی ئاکادیمی و ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات گیرساونەتەوە لە ژیان و دۆخی خۆیان ڕازین، چونکی: دەرفەتی درێژەپێدان بە خوێندنیان وەک یەک هەیە، لە بواری ئابوورییەوە خۆش بژێوو بێگرفتن، ئەمنییەتی شوغلی و سیاسیی تەواویان هەیە، بە پێی کار لێهاتوویی و بە بێ جیاوازیدانان دەرفەتی کار وەرگرتن و دامەزرانیان هەیە، سیستمی پەروەردەیی و خوێندنی باڵای وڵاتانی دەرەوە کاراو بەردەوام ڕوو لە گەشەو هەڵکشان دایەو ئازادیی سیاسی و کۆمەڵایەتییان هەیە.

زۆر سروشتییە کە بۆ مرۆڤێکی گۆڕانخوازو ئارمانخواز جیاوازیی ئەو دوو ژینگەیە کاریگەریی لەسەر چێکردنی داهاتووی ژیان و کاری دابنێ و سەرەڕای هەموو خۆشەویستی و هۆگری و ئینتماکەی بۆ وڵات و نیشتمانەکەی بیر لە خۆرزگارکردن و خۆدەربازکردن بکاتەوەو لە پێناو گەیشتن بە یۆتۆپیاکەی هەموو ئەو سنوورو کەندو کۆسپانە ببەزێنێ.

## " گەورە مەبە کزەی جەرگم، تا من مابم..."

ماوەیەکە لە پەنا و پەسیوی هەواڵ و ڕووداوە سیاسییەکان لە لاپەڕەی ئینتێرنێت و هەواڵدەرییەکاندا جاروبارە باس لە پەرەسەندنی دیاردەی منداڵ ئازاریش لە ئێراندا دەکرێ، بە تایبەت کە لەماوەیەدا لە شاری تاران چوار منداڵی سێ تا ٧ساڵ تەمەن بە هۆی سەختیی برینەکانیان گیانیان لە دەست دا و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەو دیاردەیە لە ئێرانی پڕ کێشە و هەڵای سیاسی و کۆمەڵایەتیدا ببێتەوە ڕۆژەڤ و دیسانەکەش باس و خەسارناسی بکرێتەوە.

منداڵ ئازاری چیە؟ ئەو دیاردەیە چەندە لە ئێراندا بەرچاوە؟ هۆکارەکان چین؟ ڕێوشوێن و ڕێکارە قانوونییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیە کامانەن، خەسار و زیانەکانی ئەوکی دەگرێ و نەخش و ڕۆڵی خێزان، کۆمەڵگا و دەوڵەت لە پێناو نەهێشتنی ئەو دیاردەیە چین و چەندەیان جێبەجێ کراون؟

وەڵامدانەوە بەو پرسیارانەی سەرەوە دەتوانێ وێنەیەکی گشتیمان لەو دیاردەیە لە کۆمەڵگای ئێراندا بۆ بخاتە بەرچاو.

سروشتییە کە باس لە منداڵ ئازاری دەکرێ، لایەنی سەرەکیی ئەو کێشەیە منداڵە. منداڵان بە هۆی تایبەتمەندیی فیزیۆلۆژی و تەمەنییان شلک و ناسکن و بە کەمترین توندوتیژی زۆرترین زیانیان بەر دەکەوێ، کەواتە هەموو منداڵێک تا لەو قۆناغە تەمەنییە تایبەتە تێپەڕ دەبێ، پێویستی بە پشتیوانی و ئاگاداری و چاوەدێریی گەورەکانە، بەڵام هەر لەو کاتەشدا و هەر لەلایەن گەورەکانیشەوە و زۆر جار بە پاساوی پەروەردە و بارهێنان یان هۆکاری دیکە دەکەونە بەر توند و تیژی و زیانیان وێ دەگا.

نموونە و ئامارەکان لەو بارەوە زۆرن، بەڵام بە گشتی ئەوەی روونە ئەوەیە کە لە ئێران کچان زیاتر لە کوڕان بەرەورووی ئازار و تەمێی جەستەیی و دەروونی دەبنەوە و ئەو منداڵانەش کە زیاتر دەکەونە بەر تەوژمی منداڵ ئازاری، زۆرتر تەمەنیان لە نێوان یەک ساڵ تا پێنج ساڵ دایە و زۆربەشیان لە لایەن باوکیانەوە ئازار دەدرێن.

لە کۆمەڵگای ئێراندا تەمێ کردنی منداڵ یەکێک لە دەرکەوتەکانی کلتووری پەروەردەیی کۆمەڵگایە و هەر بۆیەش ئازاردانی منداڵان کە زۆربەی جار بە پاساوی بارهێنان و پەروەردە کردنیان دەکرێ، نەک هەر لە نێو بنەماڵە، بگرە لە خوێندنگەکانیشدا زەق و بەرچاوە. ئێستاش زۆرن ئەو کەسانەی کاتێ مامۆستای قوتابخانەی منداڵەکانیان دەبینن یان سەردانی خوێندنگەی منداڵەکانیان دەکەن، بەوپەڕی باوەڕ و شانازی! پێکردنەوە دەڵێن کە " گۆشتی بۆ ئێوە و ئێسک بۆ من". تەنانەت ئەو بابەتە لە قانوونی مەدەنیی ئێرانیشدا رەنگی داوەتەوە و بە پێی قانوونی مەدەنیی ئێران تەمێ کردنی منداڵان لە لایەن دایک و باوکیانەوە دەبێ رێگەپێدراو، باو و گونجاو ( متعارف) بێ، بە بێ ئەوەی هیچ سنوور و وردەکارییەک لە نێون تەمێی رێگەپێدراو و رێگە پینەدراو لە گۆڕێ دابێ، یان بە وردی و تەنانەت بە گشتیش باسیان کرابێ. هەر ئەوەش وای کردوە کە زۆربەی بکەرانی توندوتیژی و منداڵ ئازارەکان کە زۆرتریش دایک و باوکانن، بەهۆی نەبوونی یاسای پشتگیری لە منداڵان و لیڵی و ناڕوونیی قانوونەکان لەو پێوەندییەدا بۆی دەرچن و لەو نێوەدا ئەوە هەر منداڵانن کە دەبێ بە دەم ئێش و ئازاری خۆیان بتلێنەوە و دەنگیشیان بە هیچ کوێ رانەگا.

بەڵام منداڵ ئازاری چیە و جۆرەکانی چۆن پۆلێنبەندی کراون؟

منداڵ ئازاری بە هەموو ئەو رەفتار و کردارانە دەڵێن کە لە لایەن گەورەکانە دەرحەق بە منداڵان دەکرێ و لە رووی جەستەیی و دەرونییەوە زیان بە سڵامەتیی ئەو دەگەیەنێ.

منداڵ ئازاری لە سێ جۆری جەستەیی، دەروونی و جینسیدا پێناسە کراوە.

لە منداڵ ئازاری جەستەیی دا منداڵ جارێک یان چەند جار و بەردەوام لە لایەن کەسانی گەورەتر لە خۆیەوە دەدرێتە بەر کوتان و لێدان و بەو هۆیەوە ئێش و ئازاری پێ دەگا، گیانی دەکوترێ، ئێسکی دەشکێ، بریندار دەبێ و تەنانەت لەوانەیە بە هۆی سەختیی برین و ئازارەکەی گیانیشی لە دەست بدا، وەک ئەو چوار نموونەیەک کە لە تاران ناوەکانیان ئاشکرا کرا و پێیان زاندرا. ئازاردانی جەستەیی منداڵ لە زۆر کردەی وەک لێدانی بە شەپ و

زللەی منداڵ، بەستنەوەی منداڵ، کێشانی منداڵ بە دار و دیوار، سووتاندنی منداڵ بە ئاوی کوڵیو، یان شلەمەنیی گەرم و داخ کردنی منداڵ بە شیش و ئاسنەواڵەی وەک کەوچک و...

ئازاردانی دەروونیی منداڵیش بریتییە لە هەر کردە و رەفتارێک کە زیان بە کەسایەتیی منداڵ و بیرکردنەوەی و تێگەیشتنی لە دیاردەکانی دەوروبەری بگەیەنێ. هەموو چەشنە ئازاردانێکی بەزار، یان بە کردار، قسەی ناخۆش و شکاندنەوە، گاڵتە پێکردن، تۆقاندن و فەرق و جیاوازیدان دەتوانن لەو بەشەدا جێ بگرن کە منداڵان تووشی ئازاری دەروونی دەکەن.

ئازاردانی جینسیی منداڵانیش بە کەلکی خراپ وەرگرتن لە منداڵان بە مەبەستی بازرگانیی سێکسی، دەستدرێژیی سێکسی کردنە سەر منداڵان و هەموو ئەو رەفتار و کردەیانە دەگوترێ کە بە مەبەستی چێژ وەرگرتنی سێکسی لە منداڵان دەرحەق بەوان دەکرێ و هاوکات زیانی دەروونی و جەستەییشیان پی دەگەیەنێ.

منداڵ ئازاری دیاردەیەکی کلتووری، کۆمەڵایەتییە و لە ئێراندا منداڵان سەتا ٧٠ لە لایەن دایک و باوکیان، سەتا ٢٠ لە لایەن کەسوکار و مامۆستایانی خوێندنگەیان و سەتا ١٠ ش بە هۆکاری جیاواز و لە لایەن کەسانی بەدەر لەو لایەنانە دەکەونە بەر توند و تیژی و ئازار دەدرێن.

ئەوەی لێرەدا زەق و بەرچاوە ئازاردرانی منداڵان بە گشتی لە لایەن دایک و باوکیانە. لیکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لەو پێوەندییەدا دەری خستوە کە زۆربەی ئەو دایک و باوک و تەنانەت مامۆستایانی خوێندنگەکان کە بە رەفتارەکانی خۆیان ئازار بە منداڵان دەگەیەنن، نازانن یان پێیان وا نیە کە رەفتار و هەڵسوکەتی ئەوان بە واتای منداڵ ئازارییە. دایک و باوکان و مامۆستایانی خوێندنگەکان تەنانەت تەمێ کردنی منداڵ و هەموو ئەو رەفتارە ناحەز و ناشیرینیەی وەک شکاندنەوەی منداڵان دەرحەق بەوانیان دەکەن، بەشتێکی پێویستی دەزانن.

لەلایەکی دیکەشەوە کێشە ئابورییەکان کە لە ئێستای کۆمەڵگای ئێراندا تەنگی بە خەڵکی هەڵ چنیوە و لەو سۆنگەیەوە زۆربەی خەڵکی ئێران لە ژێر فشاری رادەبەدەری ئابووری پشتیان چەماوەتەوە، بوارێکی لەباری بۆ بە ئاسایی وەرگیرانی توند و تیژی لە خێزان و ئازادرانی منداڵان خۆش کردوە.

کێشەکانی نێو خێزان، نەخۆشیی دەروونیی دایک و باوک، ئیعتیادی دایک و باوک، رێگەپێدرانی قانوونی بۆ توند

و تیژی دژی منداڵان و ئازاردانی ئەوان لە ژێر ناوی تەمێ و بە پاساوی پەروەردەیی چەند هۆکارێکی دیکە بۆ بەردەوامی و پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە لە ئێرانن.

دوا وتە ئەوەی کە ئەدی لە پێناو بنەبڕ کردنی ئەو دیاردەیەدا کە زیانی زۆر بە منداڵان و سڵامەتی و ئەمنیەتی کۆمەڵگا دەگەیەنێ، چ بکرێ باشە؟

بێگومان گۆڕین و پێداچوونەوە بە قانوونەکانی ئێستای ئێران کە لە جێدا ڕەوایی بە توند و تیژی و ئازاردانی منداڵ دەدەن، هەنگاوی سەرەکی و بنەڕەتییە. پارلمان دەبێ کۆمەڵە قانوونێکی تایبەت بۆ ڕێگرتن لە تەمێ کردن و ئازاردانی منداڵان و خراپ کەڵک وەرگرتن لە منداڵان دابڕێژێ و پەسندی بکا و لە کۆمەڵگادا جێی بخا. دەبێ بە پێی قانوون هەرچەشنە تەمێ و ئازاردانی منداڵان لە خوێندنگەکان و بنەماڵەش قەدەغە بکرێ و لە تەنیشت بوونی وەها قانوون گەلیک دەبێ بەردەوام هەوڵ بۆ بردنە سەرێی تێگەشتن و بیر و زانیاریی خەڵک لەبارەی مافی منداڵان بدرێ.

ئەوە مەبەستە هەم ئەرکی حکومەتە کە لە ڕێی دامودەزگا پەروەردەیی و فێرکارییەکان و هەروەها ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتیی وەک دەنگ و ڕەنگ دەبێ ئەو کلتوور و تێگەیشتنە جێ بخا کە تا ئێستا نەی کردوە؛ هەمیش ئەرکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییە کە لەو بارەوە چالاکییەکانیان چڕ و پڕ بکەن کە ئەویش هەر هەمیسان بە هۆی سیاسەتەکانی حکومەت لە هەمبەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ئەو ڕێکخراوانە رووحێکی ئەوتۆیان بە بەردا نەماوە تا بتوانن بپرژێنە سەر ئەو ئەرک و گرینگییانە.

---

## دەردەڵێ لە گەڵ خەونی شێعرێکدا

دنیایەکی سەیرە گوڵم! هەتا نەگرین کەس دڵمان ناداتەوە، هەتا جانتای کۆچ و کۆچبار دەست نەدەینێ کەسێک ناڵێ بمێنەوە، هەتا نەڕۆین و لە بەر چاوان ون نەبین کەس بە هەبوونی ئێمە نازانێ و هەتا نەمرین و لە گۆڕمان نەنێن کەس گەردنمان ئازاد ناکا.

سەیرە گوڵم! تا دەمەوێ لە سەر شێعرێکت یان لە سەر هەستێکم شتێکت بۆ بنووسم، دەترسم ، زۆر دەترسم کە ئەو نووسینە دوایین پەیڤەکانم بۆ تۆیەک بێ کە لە شەقەی باڵت داوە. ئاخر من هەر لە خۆم را دەڕوانم. کاتێک بەرەو چیا رێ دەکەوتم، زایەڵەی دوا پەیڤی دایکم دۆڵاودۆڵی شاخەکانی پڕ کردبوو کە "مەرۆ... رۆڵە شیرینەکەم مەڕۆ، ئەو نیشتمانە قاقڕە، ئەوانەی دەڕۆن ناگەڕێنەوە، لێرە ئەوانەی ون دەبن نابیندرێنەوە... نا... نابیندرێنەوە"

ئای دایە گیان لە کوێی تا ببینی رۆڵەکەت هەر لەو کاتەوە هەرچی دەیبینێتەوە لێی ون دەبێ و ئەوەی دڵی پێی خۆش دەکا هەردەم لە سەر پێی سەفەرە و دڵنیاشە کە ئەگەر بڕوا ناگەڕێتەوە و ئەگەر نا دڵەراوکێی....

گوڵم! پێت سەیر نەبێ کە دەڵێم باڵای هەموو حەزەکانم نەبوون بە قەرا تەمەنی پێکەنینێک، سەرت سووڕ نەمێنێ کە دەڵێم زەمەنی هەموو ساتە خۆشەکانی ژیانم نەبوون هێندەی ژوانی ئاوەنگ و خۆرەتاو لە بەرەبەیانی پاییزێکی درەنگەوەخت... گوڵم! ئەمشەو میوانی ساتەکانتم، لە گەڵ خۆم چەپکێکم ئازار پێیە بۆ هەتوانی خەمەکانت، باوەشێکم مانا پێیە بۆ لێدوانی خەونەکانت، ئەگەرچی باشیش دەزانم دەستە تاسەبارەکانم دوورن دوور، ناگەنە دەستەکانت....

تۆ دەتزانی گوڵم کە لەم هەرێمی دڵە بێ ئۆقرەیەدا، گوڵەکان نەپشکوتوو هەڵ دەوەرێن، دارچنارەکان بەرەو خوارێ باڵا دەکەن، هەناسە گەرمەکان لە ساردیی سییەکاندا دەخنکێن و خەونەکانمان لە بێداریی مەرگەساتەکانمان دەتارێن؟؟؟

چەندە لەو کاتە ناسکەدا تاسەی مامە قالە و دەرویش عوبدوولام کردوە، ئای کە نازانی چەندە میزاجم تێک چووە، خۆزگە شمشاڵێکم هەبا...

ئەگەر شمشاڵێکم هەبا رەنگبێ ئێستا زایەڵەی دڵم دابا بە شەماڵ تا لە دەشتە کاکی بە کاکییەکەی کۆیەڕا بە گوێی تۆی دا چپاندبایە کە چەندەم خ ۆ ش...

ئەگەر شمشاڵێکم هەبا هەموو ئەستێرەکانی ئاسمانم وەسەما دەخست لە تیشکەی چاوەکانی تۆ دا.

ئەگەر شمشاڵێکم هەبا و گەر تۆ لە گەڵم بای، من دڵنیام کە شمشاڵەکەم پڕ دەبوو لەو ئاوازەی کە ڕێی خەمانی بە دڵ نەدابا، گەر تەنانەت ئەو کاتەش کە شمشاڵەکەشم شکابا...
بەڵام گوڵم ئێستا کە لە شەقەی باڵت داوە و لێم دووری دوور. من تێ دەگەم لە نهێنیی ئەو فەلسەفەیە.

گرینگ نیە کە کێ لە شەقەی باڵی داوە، گرینگ نیە کامەمان، یەکمان یان هەردووکمان پەلکی گوڵی حەزەکانی هەڵ وەریوە، گرینگ ئەوەیە کە هەر دووکمان لە یەک مەبەست دا پێک دەگەین، ئەویش فەلسەفەی باڵ گرتن و فڕینە. فڕین و هەر فڕین...

ڕێکەوت: گەلاوێژی ١٣٩٠ - جوولای ٢٠١١

## لەززەتی ئینسانکوژیی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان

ڕۆژی ٩ی گەلاوێژ ئارمان مەلایی، ١٥ ساڵە، خەڵکی مەریوان لە نزیک سنوور کەوتە بەر دەسڕێژی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و گیانی لە دەست دا.

ئەو تازەلاوە دوای دواخرانی قوتابخانەکان بۆ یەکەم جار ویستبووی لە ناوچە سنوورییەکانی شاری مەریوان بە کرێباری و کۆڵکێشی یارمەتیی بنەماڵەکەی بدا، بەڵام لە یەکەم ڕۆژی کاردا وێڕای چەند هاوڕێیەکی هاوتەمەنی بە هۆی ماندوویەتی لە نیوەی ڕێگا خەویان لێ دەکەوێ و بە دەنگی بگرە و بکوژەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە خەو رادەپەڕن و را دەکەن.

هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە پشتەوە دەسڕێژیان لێ دەکەن لە ئاکام دا کە بە داخەوە ئارمانی تەمەن ١٥ ساڵ دەپێکرێ و لە جێدا گیان دەدا و دەمرێ.

هەر تەنیا ٣ ڕۆژ دواتر و ئەمجارەیان لە سەردەشت عوسمان عەبدوڵڵایی ١٩ ساڵان دەبێتە سیبلی هێزەکانی

کۆماری ئیسلامی و بە تاوانی پێبوونی ئێل سی دییەک دەدرێتە بەر گوللە و دەکوژرێ.

کوژرانی ئەو دوو تازەلاوە کوردە لە ماوەی سێ رۆژدا لە حاڵێک دایە کە هێزە ئەمنیەتی و ئینتیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەو دوو مانگەدا لانیکەم ١٤ کاسبکاری زەحمەتکێش و چەوساوەی کوردیان لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان کوشتوە و لانیکەم ١٨ کەسیشیان بریندار و نقوستان کردوە.

بڵاوبوونەوەی بەردەوامی ئەو هەواڵانە لە میدیاکانی کوردستاندا وای کردوە کە قورسایی و تاڵیی ئەو تراژیدییە لە کوردستان کاڵتر لە جاران بێتە بەرچاو و وەک راستییەکی ئاسایی ژیان لە کوردستان چاوی لێ بکرێ. بیانووی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەردەوامیی جینایەتەکانیان لە کوردستان ئەوەیە کە بەو کارانەیان پێش بە پەرەسەندنی دیاردەی قاچاغچێتی لەو ناوچەیە دەگرن، بەڵام جارێ بەر لەوەی باس لەوە بکرێ کە ئەو کارە قاچاغچێتییە، یان ئەوەی کە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە لە کوردستان چین؛ هەر لە جێدا دەسرێژ و ئەو هەموە کوشتارە سەرەڕۆیانەیە لە خەڵکێکی بێدەرەتانی بێ بژێو هیچ پاساوێک هەڵناگرێ کە هیچ چارەیەکی دیکەیان بۆ بەڕێچوون و دابینکردنی ژیانی خۆیان و بنەماڵەیان نیە.

هەر لەجێشدا لە وڵاتێکدا کە بەپێی راپۆرتەکانی ویکی لیکس بە شارەگی ترانزیتی مادە هۆشبەرەکان بۆ ئاسیای نێوەراست و ئورووپا دادەنرێ و، هەر بە پێی لەقاوەدانەکانی باڵەکانی نێو رێژیم، لە رێگەی بەندەر و فڕۆکەخانە رەسمییەکان و ئیسکەلە نادیارەکانەوە میلیارد میلیارد دۆلار قاچاغ دەکرێ، تەقە کردن لە مێرمنداڵێکی ١٥ ساڵان و تازەلاوێکی ١٩ ساڵان کە سیپە چایەک یان بارە بنێشت و کریستاڵێک و تلویزیۆنێکیان لە کۆڵ ناوە، جیا لە دامرکاندنی چێژ و لەززەتی ئینسانکوژی دەتوانرێ بە چی تەعبیری لێ بکرێ.

سەیر لەوە دایە کە کۆماری ئیسلامی لە حاڵێکدا رۆژ نیە کەس یان کەسانێک لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بە تاوانی قاچاغچێتی! نەداتە بەر گوللە، بەڵام کاتێک باس لە دابینکردنی هەلی کار لە کوردستان دەکرێ، هەر ئەو بەناو قاچاغچێتییە وەک کار لە قەڵەم دەدا. چەند رۆژ لەوە پێش بوو کە کازمی، فەرمانداری شاری سەردەشت لە وتووێژێکدا لەگەڵ هەواڵدەریی "برنا" رایگەیاند کە سنوورەکانی ئەو شارە لە گەڵ عیراق دەرفەتی کاری بۆ ١٢٠٠٠ کەس لە خەڵکی ئەو شارە خوڵقاندوە.

کازمی لە حاڵێکدا بێشەرمانە هاتوچۆ و کۆڵبەری لە سەر سنوورەکان بە هەلی کار و خزمەتگوزاریی دەوڵەت بە

خەڵکی کوردستان دادەنێ و دەڵێ کە ئەو سنوورانە لە سایەی بەڕێوەبەریی دەوڵەتەوە دەرفەتی کاریان بۆ خەڵک دروست کردوە، کە رۆژانە هەر ئەو کەسانەی گۆیا لە سنوورەکان هەلی کاریان بۆ رەخساوە بە تۆمەتی قاچاغچێتی دەدرێنە بەر گوللە و دەکوژرێن یان بریندار دەکرێن و کەسیش لە بکوژەکانیان ناپرسێتەوە.

ئەگەر وای دانێین کە هاتوچۆی سەر سنوور و ئەو کاسبییەی کە سەرەڕای هەموو مەترسییەکانی ئەو کۆمەڵە خەڵکە ژیانی خۆیانی پێ بەڕێوە دەبەن، ناقانوونی و قاچاغە و مەبەست جێبەجێ کردن و زاڵکردنی قانوونە؛ چۆنە لە ماوەی ٣٤ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا و گۆڕانی ١٠ دەوڵەت ئێستاش کە ئێستایە ئەسڵی ٤٨ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران لە کوردستان جێبەجێ نەکراوە؟ ئەسڵێکی قانوونی بنەڕەتی کە بە جێبەجێ بوونی ئەو قانوونە رێ لە هەر چەشنە فەرق و جیاوازیدانانێک لە نێوان ناوچەکانی ئێران دەگیرێ و بە سەرمایەدانان لە کەرتی کشتوکاڵ و سەرچاوە سروشتییەکانی هەر ناوچەیەک هەوڵی بووژانەوە و خەرجکردنی داهاتی ئەو پڕۆژانە لە خودی ناوچەکان دەدرێ!  ئەدی چۆنە قانوونەکانی ئەمنیەتی کردن، رێگرتن لە ئازادییەکانی خەڵک و قانوونە نووسراو و نەنووسراوەکان بۆ سەرکوت کردنی خەڵکی کوردستان ئاوا بە لێبڕاوی بەهۆی کاربەدەستە گەورە و بچووکەکانی رێژیم لە کوردستان جێبەجێ دەکرێن.

خۆ هەر لە جێشدا باس لە جێگیر کردنی ئەمنیەتی هاتوچۆی سنوورەکان و قانوون نیە، چونکی هەر بە پێی بەندی ١٠ مادە ی ٣ی قانوونی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کاتێک دەتوانن لە بەرامبەر تاوانبارێکدا دەست بۆ چەک ببەن، کە یەکەم تاوانبار بوونی ئەو کەسە لە ناوەندێکی قەزایی روون و یەکلا بووبێتەوە، دووەم ئەوەی کە ئەو کەسە چەکدار بێ و هیچ رێگەیەک جگە لە تەقەکردن لەو کەسە بۆ وەستاندن و قۆڵبەست کردنی نەمابێتەوە و جیا لەوانەش هێزە چەکدارەکان دەبێ لە پێشدا روو بە ئاسمان تەقە بکەن و ئەگەر هەر ناچار بوون، ئەو ئەو کات تەقە لە پشتێن بەرەو خوارێی کەسەکە بکەن و تەقە لە جێیەکی وا نەکەن کە مەرگی ئەو کەسەی لێ بکەوێتەوە. ئەوە قانوونی تەقەکردنی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە تاوانبارانە، بە پێی ئەو قانوونە لە کام دادگادا تاوانباربوونی کۆڵبەران و کاسبکاران سەلماوە؟  کۆڵبەرانی داماو و بێدەرەتانی کورد کەی چەکیان پێ بووە و چۆناوچۆنە کە هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ناتوانن بیانگەنێ و رێیان لێ بگرن و؛ کەی لە پێشدا بۆ وەستاندنیان تەقەی ئاسمانییان کردوە، یان لە پشتێن بەرەوخوار تەقەیان لێ کردوون؟ بەڵکوو بەپێچەوانە کەوکۆژی سێرەیان لێ دەگرن.

کەواتە روونە کە ئامانجی سەرەکیی رێگەپێدانی رێژیم بە هێزەکانی بۆ کوشتاری خەڵکی کوردستان و دەست ئاوەڵا کردنیان بۆ هەرچەشنە توندوتیژییەک، هێشتنەوە و زاڵکردنی فەزای ترس و سەرکوت و توندوتیژییە لە کوردستان.

## راکردن لە نیشتمان، چارەنووسی نوخبەکانی کورد لە بواری وەزرشیشدا

سەردار پاشایی، زۆرانبازی کوردی خەڵکی سەقز و قارەمانی زۆرانبازیی جیهان کە ئێرانی بە جێهێشت و ئێستا لە ئامریکانیشتەجێیە، دەڵێ لە ئێران شەڕافەت و مرۆڤایەتیت دەکەنە قوربانیی بەرژەوەندییەکانیان.

بەڵی سەردار پاشایی، زۆرانبازی کورد و قارەمانی زۆررانبازی فەرەنگیی جیهان بە هۆی بێ موبالاتی و خەمساردیی بەرپرسانی وەرزشیی ئێران، ئەو وڵاتەی بە جێ هێشت و لە ئامریکا، وڵاتی داڵدەدانی سەرمایە و فیکر و توناکان گیرسایەوە.

ناوبراو ساڵی ١٣٧٧ لە کێبەرکێکانی لاوانی جیهان، پشتی "اندری تاراندا" ی رووسی لە عەرز دا و لە سەر سەکۆی ژمارە یەکی جیهان راوەستا.

سەدار پاشایی لە بلیمەتەکانی زۆررانبازی فەرەنگی کوردستان و ئێران وەک بە ئەخلاقترین و بێ پەڕاوێزترین قارەمانانی وەرزشیی ئێران ناوی دێ و یادی دەکرێ. سەردار پاشایی کە خەڵکی شاری سەقزە، تا کۆتایی سەردەمی قارەمانەتی و پاشان لە مەیدانی راهێنەر بوون دا، هیچ پەڕاوێزێک لە ژیانی وەرزشیی ئەودا رووی نەدا و رۆیشتن و کۆچیشی لە ئێران و بردنی سەرمایە فیکری و مەعنەوییەکانیشی بۆ ئامریکا هیچ رەنگدانەوەیەکی لە میدیاکانی ئێراندا نەبوو، رەنگبێ ئەوەش لە بەر ئەوە بووبێ چونکی کورد بوو.

راگەیەنە دەوڵەتیەکان لە ئێران، کە چەند مانگ بە بەردەوامی باسیان لە چوون و مانەوەی کوڕی ئەحمەدرەزا عابیدزادە بۆ ئامریکایان دەکرد کە ناوبراو، واتە کوڕی عابدزادە هیچ رابردوویەکی وەرزشیشی لە ئێران نەبووە،

بەڵام چاویان لە بەرامبەر کۆچی، سەردار پاشایی یەکێک لە بژاردە و نوخبەکانی وەرزشی میلیی ئێران نوقاندوە کە چەندین جار شانازی بۆ ئەم وڵاتە بە دەست هێناوە و پەرچەمی ئەو وڵاتەی لە مەیدانە وەرزشییەکاندا بردۆتە سەرێ. کەچی لە ئامریکا "ریێکا لیت" لە قارەمانانی پێشووی تێنیسی ئەو وڵاتە، لە وتوویژ لەگەڵ رۆژنامەی واشینگتۆن پۆستدا دێ و تاریفی مێتۆدەکانی لەشجوانی و تیکنیک و سەرمایە فکرییەکانی ئەم قارەمانە کوردە دەکا.

ساڵی رابردووش سامان تەهماسبی، زۆرەوانبازێکی دیکەی کورد ئەو کەسەی کە دوو میداڵی برۆنزی جیهان و زێڕی ئاسیای بۆ مێژووی وەرزشیی ئێران دەستەبەر کردبوو، بە هۆی گیرو گرفتی ماڵی و پێڕانەگەیشتن رێی وڵاتی ئازەربایجانی گرتەبەر و لە کێبەرکێ قارەمانییەکانی ئەم وڵاتەدا پلەی یەکەم و وقارەمانەتیی ئەو وڵاتەی وەدەست هێنا و هەموو لایەنگرانی زۆرانبازی و تەنانەت کۆمەڵگای وەرزشیی ئیڕانی سەرسام کرد.

جەمشید خێرئابادی راهێنەری سامان تەهماسبی لە وتوویژ لە گەڵ فێدراسیۆنی زۆرانبازی گوتی کە تەهماسبی بە هۆی تێنەکردنی شەهرییەی زانکۆ چەند مانگ بوو وازی لە خوێندن هێنابوو.

تەهماسبیش لە دوایین وتوویژی خۆی بەر لە جێهێشتنی ئێران گوتی کە بۆ ماوی چوارساڵ تەنیا قسەم بیست و هیچم بۆ نەکرا. بەڵام وەک قارەمانێکی میللی نە کارم هەیە، نە ماڵ و نە هیچ پێڕاگەیشتنێک، بەڵام ئاخۆ ئەوە چارەنووسی هاوبەشی هەموو وەرزشکارێکی قارەمان لە ئێرانە یان تەنیا قارەمانگەلێکی وەک سامان تەهماسبی و سەردار پاشایی کە کوردن، ئەو چارەنووس و پاشەرۆژیانە؟

سەردار پاشایی لەم ماوەیەدا هێندێک جار وەک کارناسی وەرزش بۆ ( V.O.A ) دەنگ و رەنگی ئامریکا بانگهێشت کراوە و هەر لەو ماوە کورتەدا بڕوانامەی ئاکادێمیی میللیی وەرزشە تیببیەکانی ئامریکای وەدەست هێناوەو ئێستا خەریکی راهێنەری لەم وڵاتەیە.

ناوبراو لە وتوویژێکی تایبەت لەگەل رادیۆ فەردا لە وڵامی ئەم پرسیارەدا کە بۆ کار لە وەزارەتی نەوت و راهێنەری لە تیمی میلیی ئێرانی وەلاناوە، دەڵێ لە ئێران هەموو هەوڵی خۆت دەدەی بۆ ئەوەی نموونە بی و لە چوارچێوەی کارەکەتدا لە لووتکەدا خۆت ببینیتەوە، بەڵام بە هۆی نەبوونی شایستەسالاری، ئاکامێکی شیاو و شایانی زەحمەتەکانت وەدەست ناهێنی و دەرەنجامەکانیش شتێک جگە لە دڵساردی و بێ ئەبگیزەیی و ماندوو بوونی

بە خۆڕایی نیە.

پاشایی دەڵێ ئەو باسە لە هەموو شوێنێک دووپات دەبێتەوە و هیچ جیاوازییەک نیە کە لە زانکۆیەک، ئیدارەیەک، یان تیمی میللی بێ. ئەم ڕێگایەی کە تۆ بە خوێنی دڵ خواردن و ساڵانێک زەحمەت کێشان پێیدا ڕۆیشتووی، هێندێک کەس بە شەوێک لێی تێ دەپەڕێن. ململانێ بێ نرخەکان دەبنە هۆی ئەوەی کە تاکەکان بۆ گەشە کردن و خۆپێگەیاندن، سڵ لە ڕووخاندنی کەسانی دیکەو زمان لووسی نەکەن.

ناوبراو هەروەها دەڵێ کە لە ئێران شەڕافەت، ڕاستگۆیی و ڕاستی و دروستی و مرۆڤایەتی زۆر بە ئاسانی قوربانی دەکرێ  دیارە جیا لەو هۆکارانە حاشا لە مەسایلی مالی و مادديش ناکرێ.

سەردار پاشایی دەڵێ کە کاتێک کە وەک ڕاهێنەری تیمی میللی ناچاری ساڵانێک، هەموو ڕۆژێ و هەر ڕۆژێ چەند کاتژمێر خۆت بە میلەکانی ئوتوبووووسەکانی خەتی واحید هەڵواسی، کاتێک کە تۆ ڕاهێنەری تیمی میللی و قارەمانی جیهانی، بەڵام خانوویەکت نیە و ناچاری زیاتر لە نیوەت مووچەکەت بۆ کرێی ژێر زەمینێک بدەی، هەموو ئەمانە دەبنە هۆی وەڕەزی و بێ ئەنگیزەیی و هاندن بۆ هەڵاتنی تۆ لەم وڵاتە.

ناوبراو لە وڵامی بارودۆخی ئێستای خۆی لە ئامریکادا دەڵێ کە ئەگەرچی پێم وایە هیچ جێگایەک نابێتە نیشتمانی خۆت، بەڵام لێرە قانوون پشتیوانیت لێ دەکا. لێرە هیچ کەس بۆی نیە و ناتوانێ بە ئاسانی مافەکانت پێشێل بکا. لێرە و لە دەرێ بەڕاستی مانای کارکردنت بۆ دەردەکەوێ، چونکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانت ناچاری هەوڵ بدەی و کەسانی دیکەش بۆ گەیشتن بە تۆ دەبێ ئەم ڕێگایە بڕۆن کە تۆ پێیدا ڕۆیشتووی و ناتوانن بە شەوێک بگەنە سەرت، کەواتە هاوسەنگییەک هەیە و ئەوانەش دلخۆش بە ژیان و کارت دەکەن.

پاشایی دەڵێ پێچەوانەی ئەوەی لە ئێران ناتوانی بڵێی لەل، بەڵام لێرە دەتوانی جیاواز بی، جیا بیر بی و جیاوازیش بژی و کەسیش بەو هۆیە لێت نەپێچێتەوە و ئازادییەکانت سنووردار نەکەن.

سەردار پاشایی کە ئێستا لە ئامریکایە و تواناکانی خۆی لەو وڵاتەدا خستۆتە گەڕ، ٣٢ ساڵی تەمەنە و لە شاری سەقز لە دایک بووە و فەوقە دیپلۆمی تەربیەت بەدەنی و زانستە وەرزشییەکانی هەیە. ناوبراو تا ئێستا توانیویەتی لە ساڵی ٧٧ی هەتاوی قارەمانیەتی لاوانی ئاسیا لە قەزاقستان، هەر هەما ساڵ قارەمانیەتی

لاوانی جیهان لە قاهیرە و پلەی دووهەمی کێبەرکێکانی نێونەتەوەیی وڵاتی ڕۆمانی وەدەست بێنێ.

ناوبراو ساڵی ٨٦ ڕاهێنەری تیمی میللی لاوانی ئێران بوو کە ئەو تیمە لە سایەت ڕاهێنەریی ئەودا توانی پلەی قارەمانەتی ئاسیا لە فیلیپین و پلەی سێهەمی جیهان لە چین وەدەست بێنێ. پاشایی هەروەها ساڵی ٨٧ وەک ڕاهێنەری تیمی میللی لاوان توانی پلەی قارەمانێتی ئاسیا لە وڵاتی قەتەرو پلەی دووهەمی جیهان لە تورکیە وەدەست بێنێ و لە ساڵی ٨٨ی هەتاویش پلەی قارەمانیتی ئاسیا لە فیلیپین و پلەی سێهەمی جیهان لە تورکیە بخاتە سەر شانازییەکانی کۆمەڵگای وەرزشیی ئێران.

## قەیرەیی و قەیرانی چوونە سەرێی تەمەنی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش لە ئێراندا

یەکێک لەو دیاردانەی لە ئێستای کۆمەڵگای ئێراندا زۆر و زەقەو، کەچی زۆر بە کەمی باسی دەکرێ، دیاردەی قەیرەیی لە نێو کچاندا و هەروەها ڕێژەی چوونەسەریی ئەو کچە سەڵتانەیە کە سەربەخۆ دەژین و بە تایبەت لە شارە گەورەکاندا ئەژماریان گەلێ زۆرە.

بە پێی ئاماری "ڕێکخراوی نەتەوەیی لاوانی ئێران" ئێستا نتزیک بە سەتا ٣٠ ی کچانی ئێرانی لە شارە گەورەکان، سەربەخۆ و بە جیا لە بنەماڵەکانی خۆیان دەژین. ئامارەکان باس لە بوونی ٧ میلیون کچی سەڵت لە بەرامبەر ٤ میلیون و ٨٠٠ هەزار کوڕی سەڵت دەکەن و سەتا ٣٠ ی کچانی ئێرانی لە شارە گەورەکانی وەک تاران، تەورێز، ئیسفەهان، مەشهەد و شیراز بە شێوەیەکی سەربەخۆ و جیا لە بنەماڵەکانیان، ژیانی ڕۆژانەی خۆیان تێپەڕ دەکەن.

بە پێی ئاماری "ڕێکخراوی نەتەوەیی لاوانی ئێران"، لە دوو دەیەی ڕابردوودا تەمەنی شوو کردنی کچان چۆتە سەرێ و ژمارەی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش تا ئاستێکی زۆر کەم بۆتەوە و ڕادەی ئەم کچانەی کە خوێندنی زانکۆیان تەواو کردوەو تا ئێستا شوویان نەکردوە، لە سەتا ٥ را گەیشتۆتە سەتا ١٦.

هۆکارەکان چین؟؟ خەسار و زیانەکانی ئەو دیاردەیە و لە ڕوانگەی کۆمەڵە کەسێکیشەوە لایەنەکانی باشی ژیانی

سەربەخۆی کچان کامانەن؟

بەپێی ئاماری "ڕێکخراوی نەتەوەیی لاوانی ئێران" هەر ئێستا نزیکەی ٦ میلیون و ٢٠٠ هەزار کچی سەڵت لە تەمەنی ٢٠ هەتا ٢٩ ساڵەدا لە ئێران هەن کە ئەگەر ژمارەی کەسانی سەرووی ٢٩ ساڵەش کە هێشتا شوویان نەکردوە بەم ئامارە زیاد بکرێ، دەبێ بڵێین کە ٧ میلیون کچی سەڵت لە ئێران دەژین و لە هەلی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش دەگەڕێن.

بەپێی ئەم ئامارە رادەی کوڕانی سەڵتی ٢٠ هەتا ٣٤ ساڵەش نزیکەی ٤ میلیون و ٨٠٠ هەزار کەس مەزەندە کراوە. بەپێی ئەم راپۆرتە، کوڕان زیاتر لە هەوڵ دان کە لەگەڵ کچانی کەم تەمەن و تازەلاو ژیانی هاوبەش پێک بێنن، بەوەش دەکرێ بەو ئاکامە بگەین کە لانیکەم یەک میلیون و ٢٥٠ هەزار کچ ئیدی شانسی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەشیان لە کیس دەچێ.

شەهلا کازمپوور، "جێگری ناوەندی موتالاو و توێژینەوەکانی حەشیمەتی ئاسیاو ئۆقیانووسیە"ش، چوونەسەرێی رادەی کچانی سەڵتی بە "گیروگرفتیزۆر جیدی لە ئێستای کۆمەڵگە" دەزانێ و سەبارەت بە رێگە چارەی ئەم دیاردەیە، یا خۆ ئەو قەیرانە دەڵێ تەنیا رێگە چارەیەک کە ئەم کێشەیە چارەسەر دەکا، پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش لە نێوان هاوتەمەنەکان دایە. خۆ ئەگەر ژمارەی ئەو کوڕانەش زیاتر بن کە لە گەڵ ئەو کچانەی چەند ساڵێک لە خۆیان گەورەترن ژیانی هاوبەش پێک بێنن، ئەوا دەکرێ گەشبین بەوە بین کە ژمارەی قەیرە کچانی ئێران کەمتر ببێتەوە.

دیاردەی سەربەخۆ و بە جیا ژیانی کچانیش دیاردەیەکە کە لە گەڵ دیاردەی قەیرەیی و پەرەسەندنی ئەژماری کچانی سەڵت دێتە بەر باس.

سەرۆکی ئەنجوومەنی بەهاناچوونی ئێران، سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بە سەڵتی و سەربەخۆ ژیانی کچانی سەڵت لە ماڵە سەربەخۆکاندا بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە شێوەی لێکدانەوەکان و جۆری بیر کردنەوەکان لە سەر ژیان لە ئێستادا گۆڕاون.

بەپێی ئاکامی لێکۆڵینەوەی ناوەندی توێژینەوەی مەجلیس ئەگەر ئەم رەوالە بەو جۆرە درێژەی هەبێ، تا ١٠ ساڵی

داهاتوو یەک میلیون کچی سەڵت بە ئەژماری کچانی سەڵتی ئێران زیاد دەبن.

ناوەندێکی ئاسانکاری کردن بۆ بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی زەماوەند لە تاران لە بارەی بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی زەماوەندێکی ئاسایی لە تاران دەڵێ کە کاتێک لە ساڵی ٧٥ ئەو ناوەندە دەستی بەو کارە کردوە، زۆرترین تێچووی هەر میوانێک لە زەماوەند بۆ هەر کەسێک ٤٥٠٠ تمەن بوو، بەڵام ئێستا کەمترینی ئەو تێچووە گەیشتۆتە ٦٠ هەزار تمەن.

بەپێی بەراوردی ئەو ناوەندە زەماوەندێکی ئاسایی بە ٢٠٠ تا ٣٠٠ میوانەوە لە نێوان ٨ تا ١٢ میلیون تمەنی خەرج هەیە، هەڵبەتە ئەم تێچووە جیا لە تێچووی تیپی موسیقا و فیلمبەرداری و، وردە خەرجی دیکەیە.

بەڕێوەبەری ئەو ناوەندە دەڵێ کە ١٥ ساڵ لەوە پێش نێونجی تەمەنی ئەم بووک و زاوایانەی سەردانی ئەو ناوەندەیان کردوە، ٢٠ تا ٢٥ ساڵ بووە، بەڵام تەمەنی نێونجی بووک و زاوای ئێستا کە سەردانی ئەوان دەکەن لە نێوان ٢٥ تا ٣٥ ساڵە.

دیارە ئەگەرچی بە باوەڕی کارناسانی کۆمەڵایەتی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و گۆڕانی شێوەی بیرکردنەوەی لاوان کاریگەری و شوێنەواری لە سەر چوونەسەرێی ڕێژەی کچانی سەڵت بووە، بەڵام لایەنی" ئابووری"ش یەکێکی لە هۆکارەکانی دیکەیە کە ورەی لاوان بۆ پێک هێنانی ژیانی هاوبەش لاواز دەکا.

بێکاری، گرانی، کێشە و گرفتی کرێنشێنی و نیشتەجێ بوون و بارودۆخی شپرێوی ئابووریی ئێران وای کردوە کە لاوان بە پارێزی زیاترەوە خۆیان لە قەرەی پێکەوە نانی ژیانی هاوبەش بدەن.

ڕێکەوت: خەرمانانی ١٣٩٠ - ئاگۆستی ٢٠١١

## کرانەوەی خوێندنگەکان لە ئێران و بێبەشیی بە میلیۆن کورد لە خوێندن بە زمانی دایکی

چەند رۆژێکە دەرکی خوێندنگەکان لە ئێران کراونەتەوە و ساڵێکی نوێی خوێندن و پەروەردە بوون لە ئێران دەستی پێ کردوە. لەو پێوەندییەدا چەند خاڵ جێی سەرنجن:

**یەکەم** ئەوەی کە ساڵی نوێی خوێندن لە حاڵێکدا دەست پێ دەکا کە کاربەدەستان و تیۆردارێژەرانی کۆماری ئیسلامی بەرنامەی تایبەتیان بۆ ئیسلامیزە کردنی بابەت و نێوەڕۆکی کتێبە دەرسییەکان و جیاکردنەوەی کچان و کوڕان لە خوێندنگەکان دارشتوە، رەوتێک کە ماوەی زیاتر لە ۳۰ ساڵە لە نیزامی پەروەردەیی ئێراندا درێژەی هەیە و ئەگەرچی هەموو ساڵێک تۆختر کراوەتەوە، کەچی ئاکامی دڵخوازی بۆ رێبەرانی رێژیم لێ نەکەوتۆتەوە و بگرە دەرەنجامی پێچەوانەشی بووە.

**دووهەم** ئەوەی کە ئەوساڵ کڕینی کەلوپەلی ناردنە قوتابخانەی منداڵان و تێچووی ئامادەکاریی خوێندنی منداڵان و " شەهرییە"ی خوێندن لە قوتابخانە غەیرە ئینتیفاعی قورسایی زۆری خستە سەر شانی بنەماڵەکان و ئەوەش وای کردوە کە بنەماڵەکان بەو هۆیەوە زیاتر لە ساڵان بکەونە ژێر فشارەوە.

**سێهەم** ئەوەی کە هێشتا کێشەی نێوان مەجلیس و دەوڵەت لە سەر سپاردنی فێکردنی و پوروەردە لە ئێران بە کەرتی تایبەت و زیادکردنی رۆژانی پشووی کۆتایی حەوتوو نەبڕاوەتەوە.

**چوارەم** ئەوەی کە ئەگەرچی لە قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا هاتوە کە خوێندن لە ئێران بۆ قوتابییان بە خۆڕاییە، بەڵام بەپێی ئامارەکان سەتا ۲۰ ی قوتابییان لە ئێران لە قۆناغی پێش دواناوەندیدا بە نیوەچڵی واز لە خوێندن دێنن، ئەوەش جیا لەوەی کە لە ئێستادا باشترین قوتابخانەکان کراونەتە غەیرە ئینتیفاعی و ئەگەر بنەماڵەکان بیانەوێ منداڵەکانی خۆیان لەو خوێندنگەیانە وەبەر خوێندن بنێن، ئەوا دەبێ تێچوویەکی زۆر بۆ ئەو مەبەستە دابنێن.

بەڵام جیاواز لەو باسانە پەروەدەی دەوڵەتی و دەسپێکی ساڵێکی نوێی خوێندن لە کوردستان هەڵگری چەند تایبەتمەندیی دیکەیە کە بەرچاوترینیان بێبەشی منداڵانی کورد لە خوێندن بە زمانی دایکییانە.

منداڵانی کورد هەر لە یەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانەیاندا بە سەر ئەو حەقیقەتە تاڵەدا دەکەون کە دەبێ بە زمانێک بنووسن، بە زمانێک بخوێننەوە و زمانێک فێر بن کە زمانی دایکییان نیە و ئەوەش جیا لە دروستکردنی هەستی خۆ بە کەم بینین و خۆ بە کەمگرتن زیانی زۆریش بە پڕۆسەی پەروەردەی منداڵانی کورد دەگەیەنێ.

زمان لە ڕوویەکی دیکەشەوە پێوەندییەکی چڕی لەگەڵ شوناسی مرۆڤەوە هەیە، ئەگەر بێتو ڕیزە شوناسێکی وەک شوناسی مێژوویی، شوناسی کلتووری، شوناسی زمانی و شوناسی ئایینی بە پاژە سەرەکییەکانی پێک هێنەری کەسایەتیی مرۆڤێک بزانین، ئەوا شوناسی زمان گرنگترین و لەسەرووی هەموو ئەو شوناسانەوەیە. چونکی ئەو کەسە یان هەر کەسێک بەر لەوەی بزانێ کە چ دین و ئایینێکی هەیە، بەرلەوەی بزانێ ڕەگەزی خۆی چیە و نێرە یا مێ، بەر لەوەی بزانێ بەچکە هەژارە یا دەوڵەمەندو چ پلەو پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی هەیەو تەنانەت بەر لەوەش کە بزانێ خەڵکی چ نیشتمانێک و وڵاتێکە، لە شوناسی زمانیی خۆی تێدەگاو خۆڕسکانە خۆشی دەوێ و هەوڵی پاراستنی دەدا.

خاڵی گرینگ و جێی سەرنج ئەوەیە کە بەداخەوە ئەوە تەنیا دەسەڵاتی ناوەندی نیە کە ڕێگری لە خوێندن بە زمانی کوردی و زمانە نافارسییەکان لە کوردستان و ئێراندا دەکاو ئەوە بە مەترسییەک بۆ سەر ئاسایشی دەسەڵاتەکەیان و پاراستنی وڵاتەکەیان ڕاڤە دەکەن، بەڵکوو لە نێو کۆمەڵگەی ڕووناکبیری و بژاردەکانی وڵاتیش دا ئەو گوتارە بەهێزە کە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی وڵات ئەشێ هەموو دانیشتووانی ئەو وڵاتە بە زمانی فارسی بخوێنن و بەو زمانە بئاخێون و بە هیچ جۆرێکیش بیر لەوە ناکەنەوە کە فێربوون و خوێندن بە زمانی زگماکی لە وڵاتێکی فرە نەتەوەدا بە مانای وەمەترسی خستنی یەکپارچەیی سنوورەکانی ئەو وڵاتە نیەو ئەگەر هاوپێوەندیی و هەستی پێکەوە ژیان و پێکەوە گونجانی دانیشتووانی وڵاتێکی لەو چەشنە کزو لاوازە، ئەوا هۆکارەکەی بۆ چۆنییەتی هەڵسوکەوت و مامەڵەی دەسەڵات بەدەستانی و خاوەنانی هێز لەو وڵاتەدا دەگەڕێتەوە.

سەبارەت بە زمان و مافی مرۆڤیشەوە پێویستە بگوترێ کە زمان ماکەی هەموو مافە سروشتییەکانی مرۆڤە. زمانی زگماکی وەک یەکەم شتە کە زارۆی مرۆڤ فێری دەبێ و بۆ هەتاهەتایە قسەی پێدەکا و بەکاری دێنێ. هەر بۆیەش مافی خوێندن بەو زمانە وەک مافی ژیان، مافی خاوەنێتی و مافی هەبوونی بیرو باوەڕو ئایین بەشێک لە مافە

بنەمایی و سەرەکییەکانی هەر مرۆڤێکن و هیچ دەوڵەتێک بۆی نیە لە پرۆسەی خوێندن دا زمانێک جگەلە زمانی زگماکیی بەسەر دانیشتووانی وڵاتەکەی دا بسەپێنێ.

بەڵام خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە بۆیان نیە بە زمانی زگماکیی خۆیان بخوێنن، بەرەورووی ستەمێکی کۆمەڵایەتیی و کلتووری و سیاسی زۆر گەورە بوونەتەوەو ئەوەی کە سەرەڕای هەموو ئەو رێگیرییانەو دوای تێپەڕینی سەدان ساڵ لە سیاسەتی تواندنەوەی کلتووری و زمانی رۆڵەکانی ئەو گەلە شوناسی خۆیان پاراستووەو زۆر سەرکەوتن و هەڵدانیان لە مێژووی نەتەوەکەیان دا تۆمار کردوە، ئەوە تەنیا بۆ ئازایەتی و ئیرادەی بە نەتەوەو دەوڵەت بوونی ئەو میللەتە دەگەڕێتەوە.

---

## کوژران بە کام تاوان و بەپێی کێهە قانوون؟؟

کوژران و برینداربوونی ٧٤ کەس لە کۆڵکێش و کاسبکارانی کورد بە دەستی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوی سێ مانگدا ، ئەویش کۆمەڵە کەسانێک کە نە چەکیان دژی کۆماری ئیسلامی هەڵ گرتوە و نە هەڕەشەیان لە ئەمنیەتی وڵات کردوە و نە زیانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییان بە کۆمەڵگا گەیاندوە، نەک هەر دڵتەزێن بگرە کارەساتێکی مرۆییە کە تەنیا دەتوانێ لە کوردستان روو بدا.

لەبارەی رەوتی بەردەوامی کوشتاری کۆڵبەران و کاسبکارانی کوردی ناوچە سنورییەکانی کوردستان بە دەستی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە جێدا خستنە بەرباس و دووپاتە کردنەوەی چەند سەرنجێک پێویستە:

بەر لە هەموو شتێک دوورکەوتنەوە و بەگژداچوونەوەی ئەو ناسناوەی کۆڵبەران و کاسبکارانی کوردی پێ پێناسە دەکرێ، ئەویش ناسناوی قاچاغچییە کە بە داخەوە بە هەڵە لە سەر زاری زۆربەی خەڵکیشە. ئەو کۆڵکێش و کاسبکارەی کە نەک لە سەر تێری، بەڵکوو بە هۆی هەژاری و برسێتیی خۆی و ماڵ و منداڵی و لە پێناو دەسخستنی رۆژانە ١٠ هەزارتمەن گیانی خۆی لە سەر لەپی دەستی دادەنێ و بۆسە و کەمینی هێزەکانی رێژیم و سەختیی هەڵدێر و سەرماوسۆڵ و مەترسیی تەقینەوەی مین لە ژێر پێی دەبڕێ، بۆ ئەوەی کۆڵەبارەکەی بە دەستی

خاوەنەکەی بگەیەنێ و ئەو بڕە کەمە پارەیە وەک کرێی رێی هات و نەهاتی وەرگرێ، ناتوانێ قاچاغچی بێ. قاچاغچی ئەو کەسانەن کە لە سنوورەکانی رۆژهەڵاتی ئێرانەوە مادەی هۆشبەر بۆ نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ترانزیت دەکەن و بە هۆی ئەوەش کە زۆربەی هەرە زۆریان باندەکانی سەر بە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی رێژیم بە تایبەت سپای پاسدارانن، نەک هەر خۆیان مەترسیی گیانییان لە سەر نیە، بەڵکوو خۆیان هەڕەشە و مەترسیی جیدی بۆ سەر ئەمنیەتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگان. باری ئەو کۆڵبەر و کاسبکارەش کە مەوادی خۆراکی، بێهداشتی، یان کەرەسەی برقیی نێو ماڵە، ناتوانێ کاڵا و شمەکی قاچاغ بێ، باری قاچاغ ئەو کاڵا و کەرەستانەیە کە باندەکانی نێو دەسەڵاتی رێژیم خۆیان لە رێگای ئاوەکانی ئازادەوە و لە ئێسکێلە و بەندەرگە تایبەتی و نادیارەکانی خۆیانەوە هاوردەی وڵاتی دەکەن و پشتی وەبەرهێنەر و بەرهەمهێنەرە نێوخۆییەکانی پێ دەشکێنن. ئەوەی زیان بە ئابووریی وڵات دەگەیەنێ، ئەو کۆڵبەر و کاسبکارە داماوەی کورد نیە کە کارتۆنە شووشەیەک، یان ئێل سیدییەکی لە کۆڵ ناوە، بەڵکوو ئەو باند و مافیایانەی نێو دەسەڵاتن کە سەدا ٨٠ تا سەدا ٩٠ ی کاڵا و شمەک و کەرەسەی قاچاغ لە رێی شوێنە رەسمییەکانی وەک بازاڕچە و بەندەر و فڕۆکەخانەکانەوە هاوردەی وڵات دەکەن، یان بۆ نموونە ئەو رەوت و لایەنانەن کە سێ هەزار میلیارد تمەن لە تەنگەی باخەڵیان دەنێن و وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن.

خاڵێکی جێی سەرنجی دیکە لەو پێوەندییەدا ئەوەیە کە کردەوەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بۆ تەقە کردن لە کاسبکارانی کورد و بەکارهێنانی چەک بەمجۆرە دژی ئەوان نەک هەر قانوونی نیە، بەڵکوو خۆی پێشێلکردنی ئاشکرای قانوونە.

قانوونی بەکارهێنانی چەک بۆ هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی تەنیا ئەو کارە رێی بە بەکارهێنانی چەک دژی کەسێک داوە کە ئەو کەسە لە دەستی قانوون و هێزە ئینتیزامییەکان رای کردبێ و بەر لە هەموو شتێک تاوانەکەی لە ناوەندێکی قەزایی کۆماری ئیسلامیدا سەلمابێ. پاشان ئەو کەسە خۆی چەکدار بێ و مەترسیی گیانی بۆ مەئمووری دەوڵەت دروست کردبێ، دواتر ئەوەی کە هێزە چەکدارەکان توانای گرتن و راگرتنی ئەو کەسە تاوانبارەیان نەبێ و هیچ رێیەک جیا لە بە کارهێنانی چەک لە بەر دەستی مەئمووری دەوڵەتدا نەمابێ، ئەو کاتیش دەبێ ئەو مەئموورە کەسی تاونبار دەنگ بدا، ئەگەر راوەستا ئەوە هیچ، ئەگەر رانەوەستا تەقەی ئاسمانی بکا و ئەگەر هەر کەلکی نەبوو، ئەو جار پشتێن بەرەوخوارێی ئەو کەسە بنگێوێ، بەڵام ئەوەی لە کوردستان روو دەدا پێچەوانەی هەموو ئەو شتانەیە. چونکی بەر لە هەموو شتێک تاوانبار بوونی ئەو قوربانییانە و هەموو ئەو

کەسانەی مەترسیی ئەو چارەنووسەیان لە سەرە، لە هیچ ناوەندێکی قەزایی ڕێژیم نە سەلماوە. تەنانەت ئەو کارەی ئەوان، واتە هاتوچۆی سەرسنوور و ئەو کاسبییەی ئەوان نەک بە تاوان بەڵکوو بە لادان لە قانوون پێناسە کراوە و هەر بەپێی قانوونیش مەئمووری دەوڵەت دەبێ کەسی لادەر لە قانوون، نەک تاوانبار بگرێ و رادەستی قانوون و ناوەندە قەزاییەکانی بکا. جیا لەوەش دەبینین کە کەسی کۆڵبەر نە دەیەوێ لە وڵات بچێتە دەرێ و نە دەتوانێ لە دەستی مەئمووری دەوڵەت دەرباز بێ، ئەو کۆڵەبارێکی پێیە و دەچێتەوە نێو قووڵایی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی دەوڵەت و دەچێتەوە گوند و شارەکەی خۆی و هەموو کاتێک دەستی مەئمووری دەوڵەت پێی رادەگا و هەموو کاتێک دەکرێ قۆڵبەست و بدرێتە دادگا. ئەدی بۆ هێزەکانی ڕێژیم ئەو کارە ناکەن، وەڵامەکەی بۆ مەبەستێکی دیکە دەگەڕێتەوە. لەوەش بترازێ کوا تەقە کردنی هەوایی، کوا سیلە گرتن لە پشتێن بەرەخوار، ئەوەی کە رۆژانە دەیبینین ئەوەیە کە کاسبکارانی کورد لە لایەن هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمەوە کەو کوژی دەدرێنە بەر گوللە و بەوەش ناوەستن و وڵاغە بەستەزمانەکانیان لەبەر چاوی خۆیان دەدەنە بەر دەسرێژ و رق و کین و بێزاریی پەنگخواردووی خۆیان لە گەلی کورد بەمجۆرە ئاشکرا دەکەن. ئەو رق و کینەش بۆ خۆڕاگری و خەباتکاریی ئەو میللەتە دەگەڕێتەوەکە زیاتر لە ٣٠ ساڵ لە دواکەوتوویی ئابووریدا راگیرانی نیشتمانەکەی و زەبر و زەنگ و سەرکوتی خوێناویی بزووتنەوەکەشی نەبۆتە هۆی ئەوەی کە دەنگی " بەڵێ" بۆ ئەو ڕێژیمە بڵێ و بەردەوام چقڵی چاوی دەسەڵات بووە.

ئێستا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە چی دەتوانرێ بکرێ بۆ ئەوەی بە گژی ئەو بارودۆخەدا بچێنەوە و ئەرکی بە گژداچوونەوەی ئەو بارودۆخە لە ئەستۆی کێیە؟

بە سەرنجدان بە نێوەڕۆک و ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوشتاری کاسبکارانی کورد و بە لەبەرچاو گرتنی واقعییەتی ژیانی ئەو خەڵکە بەشمەینەتە پرسی کوشتارەکانی سەرسنوور ناتوانێ پرسی هەموو کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان نەبێ، کەواتە ئەرکی هەموو هێز و لایەنە سیاسی، کۆمەڵایەتی و مەدەنی و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردستانە کە لەو پێناوەدا تێکۆشانی بە کردەوەیان هەبێ.

بەر لەهەموو شتێک نابێ هیچ کام لەو رووداوانە بە ئاسایی وەربگیرێن، دەبێ هەموو ئەو رووداوانە بە بەردەوامی لە لایەن میدیای کوردییەوە بڵاو بکرێنەوە و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەوە پێوەندییەدا لەقاو بدرێن. دەبێ ناوەندەکانی مافی مرۆڤ، بە تایبەت حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بە بەردەوامی راپۆرتی ئەو پێشێلکارییانە بە

ئاگاداریی کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیییەکانی مافی مرۆڤ بگەیەنن و ئەوە یەکێک لە پرسە سیاسی و دیپلۆماتیکەکانی ئەوانلە ئاستی نێونەتەوەیی و یەکێک لە مەیدانەکانی خەباتی دیپلۆماسیی ئەوان دژی کۆماری ئیسلامی بێ. پرسی کوشتاری کاسبکارانی کورد دەبێ بکرێتە پرسی گشتیی خەڵکی کوردستان و لە هەلومەرجێکدا کە ئێستا کەمترین جموجۆڵی مەدەنی لە نێو خۆی وڵات دەنگدانەوەی زۆری لە میدیاکانی جیهاندا لێ دەکەوێتەوە، ئەو پرسە دەبێ نارەزایەتیی گشتی لە سەر وەڕێ بخرێ، بۆ ئەوەی ئەوەندەی دەکرێ تێچووی ئەو کارە بۆ کۆماری ئیسلامی بچێتە سەرێ. بنەماڵەی قوربانییانی ئەو ڕووداوانەش نابێ لە خوێنی ڕۆڵەکانیان خۆش بن، دەبێ لە لایەن ئەوانەوە بەدواداچوونی قانوونی بۆ ئەو ڕووداوانە بکرێ و ئەو پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤ و ئەو جینایەتانەی لە کوردستان دەکرێ، بکرێتە بابەتی ڕۆژانە و لە دادگاکان سکاڵا دژی هێزە ئینتیزامی و ئەمنیەتییەکان تۆمار بکرێن و ئەوەش ئەرکی تایبەت دەخاتە سەر شانی پارێزەران کە تەنانەت خۆبەخشانە بە هانای ئەو بنەماڵانەوە بێن و وەکالەتی ئەوان لە دادگا وەئەستۆ بگرن و پێوشوێنی پەروەندەکانیان کەون. ئەو پرسە پرسی هەموو تاکێکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و دەبێ هەمووش بۆ گۆڕینی ئەو بارودۆخە قۆڵی لێ هەڵماڵین.

---

## درۆ و دەهۆکانی ئەحمەدی نژاد لە ئامار و ئامارسازیدا

درۆ و بێبەڵێنی یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەحمەدی نژاد وەک کەسێتیی خۆی و وەک پرەنسیپی دەوڵەتەکەیەتی. باس لە سەر ناڕاستییەکانی ئەحمەدی نژاد چیدی رەخنە و پلاری ئۆپۆزیسیۆن و نەیارانی کۆماری ئیسلامی نیە، بەڵکوو کار گەیوەتە جێیەک کە ئیدی ئەوە نوێنەرانی مەجلیس و مەلا دەسڕۆیشتووەکانی پشتی دەسەڵات و کاربەدەستانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامین کە پەیتا پەیتا ناوبراو سەبارەت بە هەڕوگیف و بلۆف و درۆکانی وریا دەکەنەوە.

زۆرترین وادە و بەڵێنییەکانی ئەحمەدی نژاد لە بواری ئابووری وڵات دایە کە هەر لەجێدا بە مردوویی لە دایک بوون، ئەوەش وای کردوە کە ئەحمەدی نژاد لە کاتێکدا خۆی بۆ چوارەمین گەڕی سەفەرەکانی بۆ پارێزگاکانی وڵات

ئامادە دەکا، لە لایەن نوێنەرانی مەجلیسەوە رەخنەی لێ بگیردرێ و لە لایەن نەیارانی سیاسیی خۆی، چ لە نێوخۆی ولات و چ لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنە بکرێتە ئامانجی توانج.

جەلال مەحموودزادە، نوێنەری مەهاباد لە وتووێژێکیدا لە گەڵ ماڵپەڕی مەجلیس بە ئاشکرا و بە بەڵگەوە دەڵێ کە بە پێچەوانەی ئەوەی ئەحمەدی نژاد ئیدیعا دەکا[ درۆ دەکا]  کە نیزیک بە تەواوی پەسندکراوەی سەفەرە پارێزگاییەکانی جێبەجێ کراون؛ لە راستیدا زیاتر لە سەدا ٩٠ ی پەسەندکراوەکانی سەفەری سێهەم و سەدا ٧٥ ی پەسەندکراوەکانی سەفەری دووهەم  و سەدا ٥٠ ی پەسەندکراوەکانی سەفەری یەکەمی ئەحمەدینژاد بۆ پارێزگای ورمێ و شاری مەهاباد جێبەجێ نەکراون و هەروا لە سەر کاغەز ماونەتەوە.

نوێنەری مەهاباد لە مەجلیس وەرزشگای ٥ هەزار کەسیی مەهاباد بە نموونە دێنێتەوە کە ٦ ساڵ لەوە پێش و لە سەفەری یەکەمی ئەحمەدی نژاددا بەڵێنی دروست کردنی درا، بەلام تا ئێستا تەنانەت زەوی و شوێنی سازکردنەکەشی یەکلا نەکراوەتەوە، چ بگا بەوەی کارەکە دەستی پێ کرابێ و نیوە چڵ مابێتەوە.

جێبەجێ نەکرانی وادە و بەڵێنەکانی دەوڵەت ئەو باوەڕەی لە لای خەڵکی دروست کردوە کە ئەحمەدینژاد هیچ پێویست ناکا گەڕێکی دیکە لە سەفەرەکانی خۆی بۆ کوردستان رێک بخا، چونکی بە دڵنیاییەوە نە خەڵکی نە پێشوازی لێ دەکەن و نا گوێ بە وادە و بەڵێنەکانی دەدەن، نەگەر ئەوەی کە ئەویش وەکوو خامنەیی بیەوێ بە میلیارد تمەن پووڵ بۆ سەفەرێکی چەند رۆژە تەرخان بکا، تا وا پیشان بدا کە خەڵکی[ بەسیجی و موچە خۆرە هێنراوەکان لە شارەکانی دیکەڕا] چەندە تامەزرۆی ئەو زیارەتەن!!

بەلام لەو ماوەیەدا ئەوەی زەق و بەرچاو بوو، پەیتا پەیتا دووپاتکردنەوەیەی ئەو ئیدیعایەیە کە دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد لە کەمکردنەوە لە نرخی بێکاریدا سەرکەتوو بووە و گوایە ئەو هەموە دەرفەتە کارییەی ناوبراو پێکی هێناوە، لە گەڵ دەوڵەتەکانی پێشوو بەراورد ناکرێ.

ئەحمەدینژاد هەر لەو ماوەیەدا ئیدیعای کردەوە کە ٥ میلیۆن هەلی کاریی دیکە بۆ بێکارانی ولات دەستەبەر و تا کۆتایی ساڵی داهاتوو ئاسەواری بێکاری لە ئێران بنەبڕ دەکا.

ئەو قسانەی ئەحمەدینژاد سەبارەت بە قەلاچۆ کردنی بێکاری و بەرنامەکانی دەوڵەت بۆ پێکهێنانی ٥ میلیون

هەلی کاری تا کۆتایی ساڵی داهاتوو کاردانەوەی بەربڵاوی لێ کەوتەوە. زۆربەی کارناسانی ئابووری و کاربەدەستانی سیاسیی وڵات ئێستا ئیدی بە ئاشکرا دەڵێن کە ئامارەکانی دەوڵەت چیدی جێی متمانە نین و هەر هەموو دەسکرد و دوور لە راستین.

ئەحمەدی نژاد کە رۆژی پێنجشەممە ١٤ی رەزبەر و لە دووهەمین رۆژی سەفەرەکەی بۆ پارێزگای هەمەدان قسەی دەکرد، وێڕای پێداگرتنەوە لە سەر قسە سواوەکانی پێشووی خۆی لە بواری سەرکەوتوویی دەوڵەتەکەی ئاماژەی بە رۆڵی لاوان لە بنەبڕ کرانی کێشەی بێکاری و سپاردنی کار و بەڕێوەبەرییەکان بە کەسانی لێزان کرد و گوتی کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی قەڵاچۆی بێکاری دەبێ کارەکان بە لاوان بسپێردرێن و ئەوانەی پسپۆڕن دەبێ جڵەوی کارەکانیان لە دەست دابێ.

ئەم قسانەی ناوبراو لە حاڵێک دایە کە کەمیی هەلی کاری یان باشتر وایە کە بگوترێ نەبوونی هەلی کاری بۆ پسپۆڕان و ئەو کەسانەی خوێندنیان تەواو کردوە، یەکێک لە هەرە کێشەو گیروگرفتەکانی جیددی ئەو کەسانە لە بازاڕی کار لە ئێرانە و بەپێی ئاماری رەسمیی کانوونی بەرزی ئەنجوومەنی سێنفی کرێکاری رێژەی بێکاری لە ئێران بۆ ئەو کەسانەی کە خوێندنی زانکۆیان تەواو کردوە، زیاتر لە سەدا ٤٠ و نرخی رەسمیی بێکاریش لە ئێران سەدا ١١ راگەیەندراوە. کەواتە ئەگەر بێتوو بەپێی قسەی کارناسان نرخیراستەقینەی بێکاری لە ئێران سەروو سەتا ٤٠ بێ، دەبێ نرخی بێکاری لە نێو توێژی دەرچووانی زانکۆ و لێزان و پسپۆرانی وڵات چەندە بێ؟؟

دیارە لە پێوەندی لەگەڵ راگەیاندنی نرخی بێکاریدا پێویستە روون بکرێتەوە کە ناوەندی ئاماری کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو مەبەستە ئیستاندارە جیهانییەکان دەکار دەکا کە هەر کەس لە ماوەی حەوتوویەکدا چەند سەعات هەلی کاری هەبێ و بۆ ئەو چەند سەعاتە کە لە یەک تا سێ سەعات لە بەرچاو گیراوە، حەقدەست وەرگرێ، ئەم کەسە بە بێکار دانانرێ.

هەر بەو پێیە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئیدیعا دەکەن کە لە خراپترین حاڵەتدا نرخی بێکاری لە ئێران لە سەدا ١٤ تێناپەڕێ، لە حاڵێکدا زۆربەی خەڵکی ئێران بە زیاتر لە ٤٠ سەعات کار لە حەوتوودا هێشتا ناتوانن تێچووی بژێوی خۆیان دابین بکەن و کارناسانی ئابووری و رەخنەگرانی دەوڵەت دەڵێن کە بهە خاوەنی کار دانانی ئەو کەسانەی کە لە حەوتوودا یەک کاتژمێر کار دەکەن، تەنیا ئامارسازی بە مەبەستی خۆڵ لەچاو کردنی خەڵک و خۆ دزینەوە لە بەرپرسایەتیی قەیرانەکانی.

ئەو رەخنانە نەک لە دەرەوەی بازنەی حاکمییەت، بەڵکوو لە نێو مەجلییش بەرەوڕووی ئەحمەدی نژاد کراوەتەوە.

شاپوور پولادی، ئەندامی کومیسیۆنی ئاوەدانکردنەوە لە مەجلیس دەوڵەت بەوە تاوانبار دەکا کە بەو ئامارسازییانە وای کردوە کە لە کۆماری ئیسلامیدا چیدی باوەڕ بە ئامارەکان نەکرێن و ئەوەش بۆ خۆی ببێتە قەیرانێکی دیکە.

ئەم نوێنەرەی مەجلیس کە بۆ خۆی سەر بە باڵی ئوسولگەرای رێژیمیشە دەڵێ کە بۆ نموونە دەوڵەت ئەم کەسانەی بە خاوەنی کار داناوە کە لە پرۆژەی "مەسکەنی مێهر" سەرقاڵی کار بوون، لە حاڵێکدا ئەم پرۆژانە تەواو بوون و ئەم کەسانە ئێستا بێکارن.

سەیر ئەوەیە کە محەممەدرەزا رەحیمی، جێگری یەکەمی ئەحمەدینژاد لە وتوێژ لە گەڵ رۆژنامەیەکدا ئیدیعا دەکا کە دەوڵەت لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا زیاتر لە یەک میلیون دەرفەتی کاری پێک هێناوە و رۆژی دواتر شەکوور ئەکبەرنژاد، ئەندامی کومیسیۆنی ئابووری مەجلیس راست ئامارەکانی رەحیمی و ئەحمەدینژادی بە درۆ ناو دەبا و دەڵێ کە نەک ئەو ساڵ دەوڵەت نەیتوانیوە هیچ هەلێکی کاریی نوێ پێک بێنێ، بەڵکوو تەنانەت زۆر هەلی کارییشمان لە دەست داوە و لە سۆنگەی داخرانی کارگە و کارخانەکانی وڵات و، ئابووریی شپرێوی ئێستای ئێران حەشیمەتی بێکارانی وڵات چەند قات چۆتە سەرێ.

ئەو نوێنەرەی مەجلیس دەڵێ کە لە ئێستادا هەر کارخانە و کارگە یان هەر بۆنگایەکی ئابووری کە دەچی ئەگەر دانەخرابێ، یان هێزی کاری لێ کەم کراوەتەوە یان خۆ ئەگەر بێتوو کەسانێک بۆ ماوەی مانگێک یان ٤٥ رۆژ گرێبەست لەگەڵ شیرکەتێک یان شوێنێک بۆ کار کردن ببەستن، ئەوانە بە دەرفەتی کاری و شوغڵ و پیشە داناندرێن.

سەیر لەوە دایە کە لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا نە دەوڵەت و کەسی یەکەمی واتە ئەحمەدی نژاد لە روو دەچێ و نە مەجلیس و ناوەندەکانی دیکە کە نەک هەر ماف، بەڵکوو ئەرکی لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە و بردنە ژێر پرسیاری بەڕێوەبەریی دەوڵەتیان هەیە، خۆ لە قەرەی ئەو بەرپرسایەتییە دەدەن و لەو نێوەدا ئەوە خەڵکی ئێرانن کە قورسایی و فشاری هەموو ئەو قەیرانانەیان کەوتۆتە ئەستۆ.

رێکەوت: ڕەزبەری ١٣٩٠ - سێپتەمبەری ٢٠١١

## بۆ بەڕێز ئەحمەد شەهید و ستافەکەی لە شووڕای مافی مرۆڤ

ڕۆژی ٢٣ی ڕەزبەر، ئەحمەد شەهید ڕیپۆرتێری تایبەتیی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەویە یەکگرتووەکان بۆ ئێران یەکەم ڕاپۆرتی خۆی لە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران بڵاو کردەوە، ڕاپۆرتێک کە کاردانەوەی جیاوازی هەم لە نێو چالاکان و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و هەم لە نێو کاربەدەستانی حکومەتیی وڵاتان بە تایبەت لە ئێراندا لێ کەوتەوە.

دیارە هەر لەجێدا دیاریکردنی ڕیپۆرتێرێکی تایبەتی بۆ ئێران بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە، بە تایبەت دوای ئەوەی کە لە ساڵی ٨١ ی هەتاوییەوە و لەو کاتەوە کە بڕیارنامەی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێران لە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان دەنگی نەهێنایەوە و کۆتایی بە مەئموورییەتی موریس کاپیتۆرن، سێهەمین ڕیپۆرتێری کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ بۆ ئێران هات، هەنگاوێکی دڵخۆشکەر بۆ چالاکانی مافی مرۆڤ بوو؛ بەڵام یەکەمین ڕاپۆرتی ئەحمەد شەهید دوای بە ڕەسمی دەسبەکاربوونی لەو ئەرکەدا نەیتوانی چاوەڕوانییەکانی چاوەدێران و چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و کۆمەڵگای جیهانیدا وەدی بێنێ. وەک بڵێی ئەحمەد شەهید بۆ خۆشی هەستی بەوە کردبێ، هەر دوابەدوای بڵاو بوونەوەی ڕاپۆرتەکەی لە ڕوونکردنەوەیەکدا ڕایگەیاند کە بە هۆی کەمیی کات نەیتوانیوە ڕوومالی هەموو پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران بکا و تەنیا ویستوویەتی قامک لە سەر کۆمەڵە خاڵێکی گرینگی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێران دابنێ کە کاربەدەستانی ئەو وڵاتە ناچار بە وەڵامدانەوە بکا. بەڵام بێ لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕەخنە و تێبینییانەی چاوەدێرانی مافی مرۆڤ لە سەر ئەو ڕاپۆرتە هەیانە و، بێ سەرنجدان بەو پاساوانەی ئەحمەد شەهید وەک کەمیی کات و نەبوونی دەرەتان و ئیمکانی سەفەر بۆ ئێران بۆ لاوازیی ڕاپۆرتەکەی هێناویەتەوە، ئێستا کە ئەحمەد شەهید دەبێ لە مانگی ڕەشەممەدا دووهەمین ڕاپۆرتی خۆی بڵاو بکاتەوە؛ خستنە بەرباسی چەند خاڵ بۆ بەرچاوڕوونیی بەڕێزیان گرینگە، بۆ ئەوەی دووهەمین ڕاپۆرتی پوختتر، وردتر و گشتیتر لە یەکەم ڕاپۆرتی بێتە دەرێ و چاوەڕوانیی چالاکان و چاوەدێرانی مافی مرۆڤ بێنێتە دی.

یەکەم شت پێویستە کە ئەحمەد شەهید و ستافەکەی سەرچاوەکانی زانیاری وەرگرتنیان لەوە بەرفراوانتر بکەن و

زیاتر لەوە پشت بەو ئامار و بەڵگانە ببەستن کە لە لایەن گرووپ و ناوەندەکانی چالاکی مافی مرۆڤی ئێرانەوە بۆیان دەچێ و لەو نێوەشدا تێڕوانینی ناوەندگەرایانە لە پێناو "ملاحظات" سیاسی وەلا بنێن و زیاتر چاویان بە رووی پێشێلکاریی مافی مرۆڤی نەتەوە بندەستەکان لە ئێراندا بکەنەوە، ئەوەی کە لە راپۆرتی یەکەم دا کاڵ و کەم دیار بوو. سروشتییە کە ئەگەر ئەحمەد شەهید بتوانێ سەردانی ئێران بکا، ئەوە بە سەرکەوتنێک بۆ ئەو لە کارەکەی دادەنرێ بەڵام با بەرێزیان لەوە دڵنیا بێ کە ئەگەر بە فەرزی مەحاڵ ئێران ئیزنی ئەو سەردانەشی پێ بدا، دیسانەکەش هەموو چالاکییەکانی ناوبراو هەر لە ژێر کۆنترۆڵی کاربەدەستانی ئێراندا دەبێ و هیچ ئازادییەکی جموجۆڵ بۆ دیتنی کەسان و شوێنەکان بە دڵخوازی خۆی پێ نادرێ. ئەزموونی ئەوەش لە کۆیادی چالاکانی مافی مرۆڤدا ماوەتەوە کە کاتی خۆی گالیندۆپۆل، دووهەمین رێپۆرتیری کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ توانیبووی لە دەیەی ٦٠ی هەتاویدا سەردانی ئێرانیش بکا، بەڵام زۆربەی جینایەتە سامناکەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لەو کاتانەدا لە ئێران و کوردستان روویان دا.

دووهەم شت وردبینیی زیاتر لە چەندایەتی و چۆنایەتیی بوارەکانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤە کە لەو بارەوە ئاماژە بە چەند خاڵێک پێویستە. ئەحمەد شەهید لە راپۆرتەکەی یەکەمیدا بە ئاماژە بە ئەژماری حوکمی ئێعدامە سیاسییەکان لە ئێران دەڵێ کە لە ساڵی ٢٠١١ ی زایینیدا ٣ چالاکی سیاسی و عەقیدەتی ئێعدام کراون و نە ناویان دێنێ و نە ئاماژە بە رەگەزیان دەکا؛ لە حالێکدا ژمارەی ئێعدامکراوانی سیاسی لە ماوەی ئەو ساڵدا لانیکەم ١١ کەس بووە کە حوسێن خزری و فەرهاد تارم، چالاکانی سیاسیی کورد دوو کەس لەو ئێعدامکراوانە بوون و عەلی سارمی، جەعفەر ئاقایی، زەهرا بەهرامی، محەمەد عەلی حاجی ئاقایی، شەهرام نارووئی، مەحموود بەراهویی، جەهانبەخش بەراهویی، عەزیز خاکزاد و زهوور ئەحمەد نۆ کەسەکەی دیکە بوون کە بە بێ ئەوەی دەستیان بۆ هیچ کردەیەکی توندوتیژیش بردبێ، بە تاوانی جیابیری! و بەشداریی چالاکانەیان لە خۆپیشاندانەکانی دوای هەڵبژاردنەکان و ئەندامەتیی پێشوویان لە رێکخراوە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە سێدارە دران.

دیارە ئەحمەد شەهید لەوانەیە نەیزانیبێ کە هەر ئێستا ١٧ زیندانیی سیاسی لە ئێران حوکمی ئێعدامیان بۆ بەشی جێبەجێ کردنی حوکمەکان نێردراوە و هەر کات و ساتێک لەوانەیە لە سێدارە بدرێن و لەو ١٧ کەسەش، ١٢ کەسیان کوردن.

هەر لەو پێوەندییەدا ئاماژە بە خاڵێکی دیکەش جێی خۆیەتی. ئەحمەد شەهید لە راپۆرتەکەیدا دەڵێ کە لە ماوەی ١٠ مانگی ساڵی ٢٠١١ی زایینیدا و تا ئەو کاتەی راپۆرتەکەی نووسیوە، ٢٠٠ کەس لە ئێران لە سێدارە دراون، لە حاڵێکدا هەر بە پێی ئاماری بڵاوکراوە لە خودی میدیاکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی ئەو ئەژمارە ٣٠٨ کەس بووە کە بە ناو و نیشانەوە رێکەوتی لە سێدارەدرانیان بڵاو کراوەتەوە. ئەوە جیا لەوەی کە گرووپ و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ ناونیشانی ١٣٩ ئێعدامکراوی دیکەشیان ئاشکرا کردوە کە بە شێوەی نهێنی و رانەگەیەندراو لە سێدارە دراون و بەو پێیە، پێچەوانەی ئەوەی بەڕێز ئەحمەد شەهید باسی دەکا، ژمارەی ئێعدامکراوان لە ئێران تا کاتی نووسینی یەکەم راپۆرتی بەڕێزیان نەک ٢٠٠ کەس، بەڵکوو ٤٤٧ کەس بووە.

جیا لەوەش و هەر لە پێوندی لە گەڵ سیاسەتی کوشت و کوشتاری کۆماری ئیسلامی سەرنجی بەڕێز ئەحمەد شەهید بۆ راستییەکی دیکە لە کوردستان رادەکێشم. ئێستا کە بەڕێزیان ساڵی ٢٠١١ی کردۆتە مەبنای دەرخستنی پێشیلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێران، هەر لە ماوەی ئەوساڵدا و تا رێکەوتی بڵاوبوونەوەی یەکەم راپۆرتی بەڕێزیاندا هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە سنورییەکانی کوردستان ٦٣ کەس لە کۆڵبەران و کاسبکارانی کوردیان سەرەڕۆیانە بە زەبری چەکەکانیان کوشتوە و ٧١ کەسیشیان بریندار کردوە. تاوانی ئەو کەسانە ئەوە بووە کە بە هۆی بێکاری و بێدەرەتانی لە ناوچە سنورییەکانی نێوان ئێران و عێراق شمەک و کەلوپەل و پێداویستییەکانی خواردن و کەلوپەلی بێهداشتی و ئامێری ئەلەکترۆنیکیی وەک سەتەلایت و "ئێل سی دی" یان ئاودیوی ئێران کردوە، بەڵام بێ ئەوەی بگیرێن و لە ناوەندێکی قەزاییدا لێپرسینەوەیان لێ بکرێ، هەروا سەرەڕۆیانە دراونەتە بەر دەسرێژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی. دیارە بۆ ئاگاداریی بەڕێزیان کوشتاری سەرەڕۆیانەی کۆڵبەران و کاسبکارانی کورد رەوتێکی بەردەوام و سیاسەتێکی چەسپاوی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کوردە کە بە شێوەی سیستماتیک لە کوردستان بەڕێوە دەچێ و هەوڵ دەدرێ لە نووسینێکی تایبەتدا بە وردی و بە ڕوونی ژمارەی کوژراوان و بریندارانی چەند ساڵی رابردوو لە کوردستان بەو هۆیەوە، بە ناو و نیشان و رۆژی کوژران و تەقە لێکران و برینداربوونیان بۆ بەڕێزیان بنێردرێ، تا باشتر لایەنە جیاوازەکانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستانی لە لا روون بێتەوە.

کوژرانی سانع ژاڵە و محەممەد موختاری، دوو خوێندکاری دیکەی کوردیش کە لە خۆپیشاندانەکەی رۆژی ١٤ی ژانوییەی ٢٠١١ لە تاران و لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە درانە بەر گولله، لە جێی خۆی، کە بەڕێز ئەحمەد شەهید هەر نەپرژاوەتە سەری و لای لێ نەکردۆتەوە و، ئەو نموونە زەقە لە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێرانی

لەبیر کردوە.

یەکێکی دیکە لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکان لە ڕاپۆرتی یەکەمی ئەحمەد شەهیددا، بە تەوەر کردنی بارودۆخی چالاکانی سیاسی لە ئێرانە کە لەو نێوەدا تەنیا ئاماژە بە پێشێلکاریی مافەکانی سێ کەس، موسەوی، کەڕوبی و تەبەرزەدی دەکا، کە ئەوەش لە جێدا، جێی لێ وردبوونەوە و کورتە شیکارییەکە.

ڕاستە کە بەڕێزان موسەوی و کەڕوبی و تەبەرزەدی لە تاران دادەنیشن و ناوبانگی جیهانییان هەیە، بەڵام هەن کەسانێکی دیکە لە گیراوانی سیاسیی لە ئێران کە بە دەیان قات زیاتر لەو بەڕێزانە مافەکانیان پێشێل کراوە. هەر بۆ نموونە کەسانێکی وەک محەممەد سدیق کەبودوەند، سەرۆک و دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە تەنیا بە تاوانی! بەرگری لە مافی مرۆڤ لە ئێران و دامەزراندنی ڕێکخراوەیەک بۆ ئەو مەبەستە حوکمی ١١ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاوە و لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا کە لە زیندانە، بۆ تاقە یەک دەقیقەش ئیزنی مەرەخەسی و چاوپێکەوتنی حزووری لە گەڵ بنەماڵەکەی پێ نەدراوە.

دیارە ئەگەرچی ئەحمەد شەهید لە ڕاپۆرتەکەی یەکەمی خۆیدا هیچ ئاماژەیەکی بە ژمارەی گیراوانی سیاسی لە ئێران نەکردوە، بەڵام بەڕێزیان ئاگادار دەکەینەوە کە هەر لە ماوەی ئەو ١٠ مانگەی ساڵی ٢٠١١ کە بەڕێزیان زوومی لە سەر کردوە، لە کوردستان ٣٨٩ کەس بە تاوانی چالاکیی سیاسی، جیابیری و عەقیدەتی لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە گیراون و ٨٨ کەس لەو گیراوانە بە تۆمەتی "هەوڵدانی دژی ئەمنیەتی وڵات" دادگایی و لە لایەن ناوەندە قەزاییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە حوکمی لە ٦ مانگ زیندانەوە تا ٢٥ ساڵ زیندان و، شەش کەسیشیان حوکمی ئێعدامیان بە سەردا سەپاوە.

لە یەکەم ڕاپۆرتی ئەحمەد شەهیددا بە حەق گرینگی بە پێشێلکاریی مافی چالاکانی مەدەنی بە تایبەت ژینگەپارێزان دراوە و، بە سیاسی کرانی چالاکیی ئەو کۆمەڵە کەسە بە نموونە هاتۆتەوە، کە نارەزایەتییان بە ویشکبوونی گۆلی ورمێ دەبڕیبوو. بەڵام ئەوەی لێرەدا ونە کە هەر لەو ماوە زەمەنییەدا زۆر لە چالاکانی ژینگەپارێزی کورد تەنیا بە تاوانی! بەرگری لە ژینگەی سەوزی نیشتمانەکەیان خراونەتە زیندانەوە، کەچی ئەوانیش ناوونیشانیان لەو ڕاپۆرتەدا ونە. بۆ نموونە ئیرەج قادری، شەریف باجوەر، بێهرۆز دارەوەند و ڕەحیم باجوەر، تەنیا ٤ کەس لە ئەندامانی" ئەنجوومەنی سەوزی چیا"ی شاری مەریوانن کە بە تاوانی چالاکیی ژینگەپارێزی خراونەتە بەندیخانەوە.

ئەگەر بە کورتیش بووبێ پێوستە بگوترێ کە پێشێلکاریی مافی منداڵان، ژنان، خوێندکاران، کرێکاران و ڕێگەگرتن لە گەیاندن و سووڕانی زانیاری و راگەیاندنی ئازاد لە ئێران چەند ڕەهەندێکی دیکەی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێرانن کە بەڕێز ئەحمەد شەهید دەتوانێ بە کۆکردنەوەی بەڵگە و زانیاری و کۆمێنتی پێوەندیدار لەو بارانەوە، باشتر لێکۆڵینەوە لە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێران بکا و راپۆرتی وردیان لە سەر ئامادە بکا، بەڵام لە پێوەندی لە گەڵ پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێکی دیکەش بکرێ.

دیارە ئەگەرچی ئەحمەد شەهید لە راپۆرتەکەی یەکەمیدا تەوەرێکی تایبەت بۆ پێشێلکاریی مافی گرووپە ئێتنیکی و ئایینییەکان تەرخان کردبوو، بەڵام لە شیکردنەوەی پیشێلکاریی مافی کەمە ئێتنیکییەکاندا بە تاقە دێڕێکیش باسی لە چەندی و چۆنی ئەو پێشێلکارییانە نەکردبوو.

کوردەکان بە هۆی بە ئەمنیەتی کردنی کار و ژیان و چالاکی و تەنانەت شوێنی ژیانیان قوربانیانی سەرەکیی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێرانن. بۆ نموونە لە ئێعدامی سیاسی و گرتن و کوشتن و بریندا بەشی شێریان بەردەکەوێ. لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا ئەگەر ٢٢ کەس لە ئێران بە هۆی تاوانی سیاسی لە سێدارە درابێتن، ئەوا ١٢ کەس لەوان کورد بوون. ئەگەر هەر ئێستا ١٧ زیندانیی سیاسی لە ئێران حوکمی ئێعدامیان بەسەدا سەپاوە، لەو ١٧ کەسە دیسانەکەش ١٢ کەسیان کوردن.

کوردەکان لە ئێران قوربانیی سیاسەتی هەڵاواردن و جیاوزیدانانن و مافە فەرهەنگی و مەدەنییەکان بە ئاشکرا پێشێل دەکرێ. کوردەکان ئێستاش ناتوانن لە خوێندنگەکان بە زمانی دایکیی خۆیان بخوێنن و چالاکی لە بوارەکانی راگەیاندن و کاری میدیایی و رێکخراوەیی تێچووی زۆر بۆ چالاکانی مەدەنی و کلتووریی کورد هەڵ دەگرێ و هۆکاری ئەوەش تەنیا بۆ سیاسەتی دوژمنکارانە و هەڵاواردنی نەتەوەیی و ئایینیی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە کوردەکان دەگەڕێتەوە، کە پێویستە بەڕێز ئەحمەد شەهید، زیاتریان سەرنج بداتێ و لەو گۆشە نیگایەوە لێیان ورد بێتەوە، بۆ ئەوەی راپۆرتەکەی راپۆرتێکی پوخت و هەمەلایەنە و ئاوێنەی پڕ بەبالای پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێران بێ.

## نوێکردنەوەی بەڵێنی ٩ ساڵە لە ٩ ساڵەی شەهید بوونی هاوڕێم مەنسوور مەعرووفی دا

١٥ی خەزەڵوەری ٨١ی هەتاوی کاکە مەنسوور مەعرووفی لە کۆڵانی ٥٥ی بۆکان کەوتە بەر دەسڕێژی جاش و پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی و سەری بەرزی کردە بەردەبازی ڕێی ئازادی. ئەو کات شینگێڕییەکم بۆ ئەو هاوڕێ پێشمەرگەیەم کردبوو. ئەگەرچی ئەو پەخشانەم ئێستا لە لا نیە، بەڵام بەشێکی زۆریم هێشتا لە بەرە. لە ساڵیادی شەهید بوونی " شەهید مەنسوور مەعرووفی" دا هەزاران سڵاو لە گیان و یاد و رووحی پیرۆزی....

ئێوارەیە، ئێوارە پاییزیکی سار و سەر بە هەش. من و پێدەشتی بێدەنگی غوربەت و هەواڵێک بارتەقای سامناکیی شوومی خۆی... ئاخ،.. دیسان سوارێک گلا...

چ هەواڵێک بوو، جەرگبر، بردی لە گەڵ خۆی هەرچی بزەی لێو، رەش، بە سامناکیی قاقای ئەهریمەن و غەریب وەک بێدەنگیی سێرەی نێو قەفەس...

ئەو ئێوارەیە چ بوو؟؟؟ سوارێک گلا... "داری چاکێک" کەوتە عەرزی... هەڵۆیەک لە چیا کەوتە نشێو، مات و پەشێو.. تەرمی لەرزی...

ئێوارەیە و من چاوەرێم... زۆر لە مێژە ساتەکانی گەڕانەوەتەم ڕاگرتوە... دڵنیام کە دڵ ئاشنای ترپەی پێتە... بەڵام مەخابن... هەواڵێک، وەیشوومەی خستە بەهاری حەز... بردی لە گەڵ خۆی هەرچی خەندە... هەرچی قاقا و هەرچی بزە...

ئێوارەیە و زایەڵەیەی پەیڤێکی تۆ لە "کۆری یاران"... کە " ئەگەر بە جێی یەک سەر سەد سەرم بوایەن، هەر هەمووم لە پێناو ئەو رێبازەدا دادەنان"... هاورێم چ زوو... و چ سەربەرزانە ئەو بەڵێنەت بردە سەر...

ئێوارەیە و ئەمن مەستی خەیاڵی خەونەکانت... هەر لێرەوە هاورێم... منیش بەڵێنت پێ... کە تاکوو سەر... رێبواری ڕێگەی سەوزت بم... یا دێمە لات و لە لای تۆ دەگیرسێمەوە... یان لە بەرەبەیانی ئازادی... باسی

ئازایەتی و تیشکی نیگات.. باسی مەردایەتی و خۆری ئاوات... باسی خەونی پڕ بە ئالات... بۆ لاوانی ٥٥ی شارەکەت و... بۆ کاروانی بیر و بڕوات... بۆ هەموو خەڵکی نیشتمانم دەگێڕمەوە...

ئێوارە و شەوەزەنگە... ئەستێرەیەک راخوشی، کەچی ئاسمان پڕ لە ئەستێرەیە... چاکێک کەوتە عەرزی، بەڵام دارستانێک بە پێوەیە... سوارێک گلا، بەڵام کاروان بەڕێوەیە.... هەڵۆیەک پێکرا، خۆ خیلی هەڵۆیان نەبەزیون... چیاکان هەر بەرزن... دانەنەنیون... دانەنەنیون... دانەنەنیون...

---

## پێشێلکاریی مافی پتر لە ١٥ میلیۆن کەسی سوننی لە ئێرانی ئیسلامیدا

لە ئێرانی بەرواڵەت ئیسلامی و سەرتۆپی دەسەڵاتدارەتیی ئیسلامی لە دنیادا، مافە ئایینی و مەدەنییەکانی پتر لە ١٥ میلیۆن موسوڵمانی سوننی بە شێوەی سیستماتیک پێشێل دەکرێ.

لەو وڵاتە ئیسلامییەدا کە باس لە بەرامبەریی هەموو موسوڵمانێک دەکا، هیچ سوننییەک بۆی نیە ببێتە سەر کۆمار، سەرۆکی پارلمان، بەڕێوەبەریی گشتی وەزارەتخانەیەک و تەنانەت تا ئەو جێیەی کە موسوڵمانی سوننی بۆی نیە بۆنە و رێوڕەسمە تایبەتییەکانی ئایینزای خۆی بەڕێوە ببا، وەک پەروەردەکردنی فەقێ و رێوڕەسمەکانی جێژنە.

جێژنی قوربانی ئەو ساڵ جارێکی دیکە نموونەیەکی دیکەی لە پێشێلکاریی پیرەوانی سوننیی ئێرانی پیشان دایەوە و ئەوەش نارەزایەتیی زۆر لە مامۆستایانی ئایینیی سونیی لێ کەوتەوە.

پێشنوێژی هەینی زاهیدان لە وتارەکانی نوێژی جەژنی قوربان بۆ جارێکی دیکەش رەخنەی لە زۆربوونی فشارەکان بۆ سەر باوەڕمەندانی سوننی گرت.

مەولەوی عەبدولحەمید پێشنوێژی هەینی زاهیدان دەڵێ کە سیاسەتی ئێمە هەمیشە ئەوە بووە کە کێشەکانی خۆمان

لە تریبۆنی گشتییەوە رانەگەیەنین، بەڵام کاتێک کە هیچ گرینگی و سەرنجێک بە کێشەکانمان نادرێ و رێگای دیالۆگ بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان کاریگەر نەبی، مەجبوورین زمانیی گلەیی بکەینەوە و هێندێک کێشە و نامێهرەبانیەکان باس بکەین.

مەولەوی عەبدولحەمید وتی کە لە ماوەی ٣٣ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، سوننیەکان لە کابینەی دەوڵەت هیچ رۆڵێکیان نەبووە. هیچ بەرپرسایەتیەکی دەسەڵاتی وڵاتیان لە ئەستۆ نەبووە و پێیان نەداون و نەیانتوانیوە بچنە نێو هیچ کام لە نوێن ەرایەتی و باڵیۆزخانەکانی ئێران لە وڵاتانی دیکە، هەروەها لە بەڕێوەبەرایەتیە ناوچەیی و پارێزگاکانیشدا بە شێوەیەکی یەکسان کەڵکیان لێ وەرنەگیراوە. ناوبراو زانکۆی زاهیدانی بە نموونە هێناوە و گوتی کە لەو زانکۆیە لە نێوان نزیکەی ٤٠٠ کەس لە لێژنەی زانستیدا کەمتر لە ١٥ کەسیان باوەڕمەندانی سوننی پێکی دێنن و ئەوەش لە کاتێکدایە کە سوننیەکان لەو پارێزگایەدا زۆرینەن و سەرەڕای ئەوەش لە شووڕای دابینکردنی پارێزگاش تەنانەت یەک کەس لە سوننیەکانی تێدا نیە. ناوبراو دەڵێ کە لە شووڕای ئیداری پارێزگاش ژمارەی بەڕێوەبەرانی سوننی زۆر کەمن و بە قامکی دەست دەژمێردرێن.

پێشنوێژی هەینی زاهیدان گوتی کە ئێمە تینووی دەسەڵات نین. بەڵام خەڵکی ئێمە کە کاتی خۆی لە بەرەکانی شەڕ بۆ پاراستنی ئێران شەڕیان کردوە، خوازیاری سەربڵیندی و رێزگرتن لە خۆیانن و نایانهەوێ بە هەند وەریان بگرن. ئەو دەڵێ کە ئێمە ئێرانین و نامانهەوێ ئێمە وەک کەسانێکی بێگانە و کۆچبەر چاومان لێ بکرێ.

ناوبراو گوتی کە لە نێو هێزە چەکدار و نیزامیەکانی وڵات کە ئەرکی بەرگری لە وڵات و دابین کردنی ئاسایش و نەزمیان لە ئەستۆیە باوەڕمەندانی سوننی دانامەزرێن. لە کاتێکدا لە رێژیمی پێشوودا زۆر لە باوەڕمەندانی سوننی پلەی بەرزی نیزامی و ئینتزامیان پێ بەخشرابوو.

مەولەوی عەبدولحەمید گوتوویەتی کە سیاسەتێکی نەنووسراو لە ئێراندا هەیە کە بەشداری سوننیەکان لە هێزە نیزامیەکان لە بوون لە نێو ریزەکانی بەسیج لا نادا.

پێشنوێژی هەینی زاهیدان گوتی کە بەرتەسک کردنەوەی ئازادیە بنەڕەتی و قانوونیەکانی باوەڕمەندانی سوننی تەشەنەی کردۆتە نێو چوارچێوەی فێرکردن و بارهێنانیش و بە ناوی "بەرنامەداڕشتن و ساماندەهی قوتابخانە ئاییینیەکان" بەرتەسک کردەنەوەگەلێکی نوێ بە دژی سوننیەکان هاتۆتە ئاراوە. لە کاتێکدا سوننیەکان بۆ خۆیان

بەرنامە بۆ قوتابخانەکانیان دادەڕێژن و ئێمە بە هیچ شێوەیەک ئیزن نادەین ئازادیە ئایینیەکانی ئێمە، کە لە قانوونی بنەڕەتیشدا ئاماژەی پێ کراوە، بەرتەسک بکرێنەوە.

مەولانا عەبدولحەمید لە درێژەدا ئاماژەی بە پێشگرتن لە سەفەری دوو کەس لە زانایانی سوننی بۆ سەفەری حەج کرد و گوتی کە منیش ئەو ساڵ دەمهەویست بچمە سەفەری حەج کە بە هۆی دەستبەسەرداگرتنی پاسپۆرتەکەم نەمتوانیوە بچمە حەج و باوەڕیش ناکەم لە هیچ شوێنێکی دیکەی دنیا بەو جۆرە دژایەتی لە گەڵ سەفەری خەڵک و زانایانی ئایینی بۆ حەج بکرێ.

پێشنوێژی هەینی زاهیدان لە کۆتایی دا دەڵێ کە: دابینکردنی ئەمنیەت و یەکیەتی بە دانی دروشم و بەڕێوەبردنی سمینار جێبەجێ ناکرێ، بەڵکوو دابین کردنی ئەمنیەت پێوەندی بە یەکسانی و دابینکردنی عەداڵەت و لابردنی هەڵاواردنەکان و ئازادیە ئایینیەکانەوە هەیە.

ڕێکەوت: خەزەڵوەری ١٣٩٠ - ئۆکتۆبەری ٢٠١١

---

## شلێر باپیری: هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی دژی ژنان لە کوردستان لاوازە

٢٥ی نۆڤامبری هەموو ساڵێک بە ڕۆژی جیهانیی بنەبڕ کردنی توند و تیژی دژی ژنان ناودێر کراوە و لەو ڕۆژەدا پرسەکانی پێوەندیدار بەو کێشە لە لایەن میدیا و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنانەوە زیاتر گرینگی پێ دەدرێ.

توند و تیژی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کۆنباوی جیهانییە کە هیچ سنوورێکی جوغرافیایی ناناسێ و بەرهەمی نابەرامبەریی باڵانسی هێز لە نێوان ڕەگەزەکان لە کۆمەڵگایە. ئەو دیاردەیە دیاردەیەکی شاراوایە، چونکی بە هۆی کۆمەڵێک دابونەریتی چەسپاو، بردنەدەرێی ئەو کێشانە بۆ دەرەوەی سنووری خێزان و ئاشکرا کردنی گران لە سەر ژنان دەکەوێ، هەر بۆیەش بە وردی نازانرێ کە ڕێژەی توند و تیژی لە کۆمەڵگای کوردستان چەندە و

قوربانییانی ئەو دیاردەیەبارودۆخیان چۆنە.

لە دیمانەیەکدا لەگەڵ شلیر باپیری، ڕۆژنامەنووس و چالاکی بواری مافەکانی ژنان باس لە هیندێک لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو دیاردەیە لە ئێران و کوردستان دەکەم:

**عەلی بداغی**: خاتوو شلێر کە باس لە توند و تیژی دژی ژنان دەکرێ، زەینی ئینسانەکان زوو بۆ لای دەستێکی شکاو، چاوێکی شین هەڵگەڕاو یان لەشی کوتراوی ژن و کچێک دەچێ کە بەدەستی باوکی، برا یان مێردەکەی بە سەری هاتوە؟ با ئەو پرسیارە دەروازە باسەکەمان بێ کە ئایا توند و تیژی هەر بەوەندە سنووردار دەکرێ و لە پێکدادانێکی فیزیکیدا کورت دەبێتەوە؟؟

**شلیر باپیری**: نەخێر، لێدان و ئەو شتانەی باستان کرد باوترین و کلاسیکیترین جۆری توندوتیژین کە بەرامبەر بە ژن دەکرێن، بەڵام پرسەکە زۆر لەوە گەورەتر و پانتایی خەسارەکانیش لەوە بەربڵاوترە. بە بڕوای من هەر فشارێک یان کردەوەیەک کە کاریگەریی نەرێنی لە سەر ژن هەبێ، دەتوانرێ بە توندوتیژی دابنرێ و توند و تیژی ترسێکە کە بەردەوام ڕۆح و جەستەی ژن دەلەرزێنێ و بەرە بەرە بەردەوام گیان و لەشی دەڕووخێنێ. توندوتیژی زۆر جار نیگایەیەکی بێ کەلامە و قسەیەکی ناڕاستەوخۆیە کە تانە لە هەموو بوونیەتی ژن دەدا. توندوتیژی ئەو شتەی کە ژن نیەتی و پێی وایە هەیبێ. توندوتیژی خۆی لە کۆمەڵە قۆناخێکدا دەبینێتەوە کە بە پێی شوێن و تاک دەگۆڕێن و هەموویان لە قالبی توندوتیژیدا دەتوانین پێناسەیان بکەین.

**عەلی بداغی**: کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکە کە توند و تیژی یەکێک لە فاکتەرەکانی پێناسە کردنێتی. چ پێوەنییەک لە نێوان توندوتیژی لە کۆمەڵگادا و توند و تیژی دژی ژنان هەیە؟

**شلیر باپیری**: ژنان وەک پیاوان پێکهێنەرێکی هاوبەشی ئەو کۆمەڵگایەین، کە واتە توندوتیژی دژی ژنان ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ستراکتۆر و بنیاتەکانی کۆمەڵگاوە هەیە، ئەگەر ژنان توندوتیژییان لەگەڵدا بکرێ، بتەوێ و هنەتەوێ ئەوا نیوەی کۆمەڵگاکەت نائارامە و زیاتریش کە ئەوەی خۆی لە خۆیدا کۆمەڵگەیەکی ناسالم دروست دەکا. توندوتیژی ژنان لە هەر کۆمەڵگەیەک چ لە ئورووپا بێت یان لە ئێران یان لە کوردستان شتێکی نامۆ نیە و ئەو دیکیۆمێنت و ئامارانە هەموو ڕاستی ئەو قسانەمان پێشان دەدەن کە ژن لە دۆخێکی خراپ دایە، لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی هەر کۆمەڵگەیەک کۆمەڵە فاکتورێکی جیاواز هەیە، ئەوانە جێگرەوەی یاسان بەداخەوە لە

کۆمەڵگە تازە گەشەسەندووەکان و دواکەوتووەکان بەتایبەتی زۆر جار کۆمەڵە یاسایەک بۆ بەرەنگار بوونەوە دژی ئەو دیاردەیە پەسند دەکرێن، بەڵام جێبەجێ ناکرێن لە لایەکی دیکەوە زۆر جار کۆمەڵگە دەبێتە دادگایەکی گەورە کە دادوەر و شاهیدەکانی کۆمەڵە کەسانێکن بە ئاستێکی هوشیاری کەمەوە. کەواتە بەهوشیاریکردنی تاکەکان دەتوانێ کاریگەر بێ بۆ گۆڕینی ئەو دید و بۆچوونانە بۆ سەر توندوتیژی. لە کۆمەڵگەیەکدا کە یاساکان وردەوردە دەبنە جێگرەوەی سونەتەکان، خودبەخود ئەو شتە سونەتی و دواکەوتووانە ون دەن. با ئەوەش بڵێم تا کاتێک کۆمەڵگە ژنان بە پاسەوانی پارێزەەری کولتوور و داب و نەریت بزانێ، ئەوە ژنان ناوێرن یان بەلایەنی کەمەوە کەمتر دەتوانن بە ئاشکرا باس لە سڕینەوەی ئەو شتانە بکەن، چونکە خودی ئەوە شتێکی بەدوادا دێ کە ئێمە بە لادان و بە بێ ئابروویی دەیناسین.

**عەلی بداغی: وایە، بەڵام هۆکارەکانی مانەوە و بەردەوامیی توند و تیژی لە کۆمەڵگای ئێمە، واتە ئێران و کوردستان چیە؟ چی وا دەکا کە لەو کۆمەلگایەدا توند و تیژی دژی ژنان بنەبڕ نەبێ؟**

**شلیر باپیری:** باس کردن لە مەسەلەی ژنانی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی زۆر باس هەڵ دەگرێ. لە سەرەتاوە هەر لە سیاسەت و مافی نەتەوەیی بۆ ژنانی کورد و دواتر بوونی کۆمەڵە نۆرمێکی باوی کۆمەلگە کە تەوقێکن بە ملی ژنانەوە، بەداخەوە لەبارەی بنبڕکردن پێم وایە ئەوە ناتوانرێ وا بە ئاسانی باسی لێوە بکرێ، چونکە ئەوە لە وڵاتانێک کە هەنگاونان بەرەو دیموکراسیان تێ پەڕاندوە و زۆریش بە دێموکڕاتیک ناسراون، تا ئێستاش توندوتیژی ماوە ئەی چۆن دەتوانین لە کۆمەڵگەی ئێراندا کە ژنانی کورد بەشێکن لێی کە تەنانەت مافە سەرەتاییەکانی پۆشین و تەڵاق و کاریان نیە، باسی بنبڕ کردنی توند و تیژی بکەین؟ کەواتە سەرەتا دەبێ ئەو سیستمە گۆرانکاریی بەسەردابێ و دواتر دەبێ رێکخراو و چالاکانی ئەو بوارە کار لەسەر مافەکانی ژنان و رێگە چارەکانی نەهێشتنی نابەرامبەریی مافەکانیان لەگەڵ پیاوان بکەن.

**عەلی بداغی: زۆر جار باس لەەخشی ژنان لە بەرهەمهێنانەوەی توند و تیژی دژی ژنان دەکرێ؟ ئێوەش پێتان وایە کە ژنان خۆیان نەخشیان لە بەرهەمهێنانەوەی توند و تیژی دژی خۆیان هەیە؟؟**

**شلیر باپیری:** بەشێک لە هۆکارەکانی توندوتیژی دژی ژنان ژنان خۆیانن، چونکە لە جیات ئەوەی کە کێشەی ژنان لە دیدێکی هیومانستیەوە ببینن و هەر لەو دیدە مرۆییەوە کار بکەن، بەڵکوو زۆر جار ناتێگەیشتنێک دەبینرێ. چونکە زۆرێک لە ژنان لە بری ئەوەی رێگەیەکک بۆ چارەسەری کێشەکان بدۆزنەوە دێن دژایەتی رەگەزێکی دیکە

دەکەن یان بڵێین ئەرک دەگۆڕنەوە بە دژایەتی. ئەو کارەیان وای کردووە کە پیاو وەک ڕەگەزی بەرامبەر پێی وابێ کە ئەگەریش دان بە مافێکی ژندا بنێ، ئەوە لە ڕاستیدا پاشگەزییەکی کردووە.

لە هەمان کاتدا ئەو جموجۆڵەی ژنان نەیتوانیوە کە هۆکارە بنەرەتیەکانی توندوتیژی دەست نیشان بکات کە لە پشت هەر توندوتیژییەکەوە پاڵنەرێک هەیە بە بڕوای من پاڵنەرەکانی توندوتیژی لە کوردستان کە بە شێکە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی نەبوونی هۆشیارییە لەبارەی سەرمایە ڕەمزییەکانی مرۆڤ چونکە تا ئێستا کۆمەڵگەی ئێمە نەیوانیوە تێگەیشتنێکی گشتی هەبێت لە بوونی کێشەکان، مادام تۆ کێشەت باش نەناسی، ئەستەمە ڕێگەچارەی بۆ بدۆزییەوە.

**عەلی بداغی: جەنابت وەک ڕۆژنامەنووسێک ڕۆڵی میدیا و ڕاگەیاندن لە ڕێگرتن یان بەرهەمهێنانەوەی توند و تیژی دژی ژناندا چۆن دەبینی؟**

**شلیر باپیری:** لە کاتێکدا کە لە ئێران دەسەڵاتێکی خنکێنەری مافی تاک زاڵە بەسەر کۆمەڵگەداو لە کاتێکدا کە بۆ کۆمەڵگەی ئێران بێ ناوهێنانی دیکتاتۆرییەت ناتوانن باسی هیچ بکەین، کە واتە ئوتووماتیک ئەو دەزگایانە و میدیاکان دەبێ زمانحاڵی و درێژەدەری پلان و بانگەشەکانی ئەوان بن و بەشێوەیەک کە پاساو بۆ کارەکانی حکوومەت بێننەوە. دیارە هەم لە میدیا و هەم لە ناوەندە پەروەردەییەکان کەسانی وای تێدایە کە لەو سیستمە نارازین، بەڵام ترس و گرتن و ئەو هۆکارانە و باری ئابووری ژیان وا دەکا کە ئەوان ناتوانن ئەرکەکانی خۆیان بە باشی بەجێ بگەیەنن. کەواتە دەتوانم بڵێم ئەو سیستمانە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژیی بە شێوەیەکی دیکە.

**عەلی بداغی: کۆمەڵێک بنیات و ناوەند و مۆئەسیسات هەن کە هەم دەتوانن کار لە سەر نەهێشتنی توند و تیژی بکەن، هەم دەتوانن بەرهەمهێنەری توند و تیژی بن، وەک ئاموزش و پەروەرش، نیزامی سیاسی، دەزگای قەزایی. ڕۆڵی ئەو دەزگا و ناوەندانەلە ئێتان لەو بارەوە چۆن دەبینی؟**

**شلیر باپیری:** لە هیچمان شاراوە نیە کە ئامانجی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی داسەپاندن و دەست تێوەردانە لە ژیانی ئاسایی تاک بە گشتی و ژنان بەتایبەتی. ئەوە ئامانجی ئەو حکوومەتە سیاسییەیە دژی تازەگەری و جیهانی دیموکراسی و ئازادیخوازی و کپکردنی جوڵانەوەکان. بڕوا ناکەم ناوەندێک لە ئێران هەبێ بتوانێ کە کار

بۆ نەهێشتنی توندوتیژی بکا. ئەوەی کە ناونراوە و باس دەکرێ تەنیا ناوە و لەوە زیاتر نیە. بەڵام کۆمەڵە کەسانێک هەن کە بە ئاشکرا ناتوانن کار بۆ نەمانی توندوتیژی بکەن، بەڵام کار بۆ بەجیهانیکردنی دەکەن تا بتوانن لەو ڕێگەیەوە کەسانی دەرەوەی ئەو فەزا داخراوە دەنگیان بە ناوەندەکانی مافی مرۆڤی بگەیەین و لە بواری یاساییەوە کاری بۆ بکەن.

ئەوەی کە بۆ ژنان گەورەترین بەربستە ئەوەیە کە یاساکانی کۆماری ئیسلامی بچووکترین ماف بۆ ژنان قایل نیە. یاسای ئێران بەردەوام لە هەوڵی گۆڕینی ژنانی ڕۆشنبیر بۆ سنووردارکردنیانە، هەر چەندە ئەوە ناتوانرێ بە ئامانج بگا. ئەمڕۆی ئێران ئەوە نیشان دەدا کە بە هۆی کێشمەکێشی بەردەوامی سیاسی هەنگاونان بۆ چاکترکردنی دۆخی ژنان لەو وڵاتە بۆ گەیشتن بە مافەکانیان هاوکێشەیەکی پێچەوانە دەبێ.

**عەلی بداغی: ئەدی لە کوردستان، پێتان وایە کە هەوڵەکان لە کۆمەڵگای کوردستاندا بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی توند و تیژی دژی ژنان لە چ ئاستێک دایە؟؟**

**شلیر باپیری:** لێرەدا پێویستە کە ئاورێک لە مێژووی سیاسی کۆمەڵگەی کوردستان یاخود بڵێن ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەینەوە کە ناراستەوخۆ پەیوەستە بەو باسەوە.

لە وڵاتێکدا کە دان بە بوون وەک نەتەوە دانانرێ و هەموو ڕێگە و دەروازەکان بوونەتە دیواری پۆلایین کەواتە سەرکەوتن بەسەر ئەو ڕێگایە خەباتی نەپساوە و قوربانی پێویستە. قوربانی نە بە مانای کوشتن کە لەوانەیە هەندێ جار وەک چۆن ژنانی نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێران تووشی بوون ئەوی هەبێ. بەڵام کارکردن بۆی پێویستە، چونکە من هەوڵەکان لە ئاستێکی لاوازدا دەبینم.

**عەلی بداغی: دوا وتە و سەرنج و پێشنیارێک لەو پێوەندییەدا؟**

**شلیر باپیری:** دەڵێم بێدەنگ بوون لە ئاست دەستدرێژی و توندوتیژییەکان مانای بەشداربوونە لەو تاوانە، بێدەنگیمان بە مانای پشتیوانیە لەو کارە نامرۆڤانەیە دژ بە ژنان، بێدەنگ مانەوە لە ئاست توندوتیژی بە مانای پشت بەردان و تەنیا هێشتنەوەی ئەو ژن و کەسانەیە کە بۆ باشترکردنی پرسی ژنان لە کۆمەڵگەدا هەوڵ دەدەن.

پێشنیارم ئەوەیە كە دەبێ هەوڵ بدەین لەگەڵ ژنان و ڕێكخراوە مەدەنی و نێودەوڵەتیەكان مەشوەرەت بكرێ تا بتوانین ڕێگە چارەیەک بۆ دیاریكردنی كێشەكان ببینەوە و پشتیوانی و دەنگی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ بە ئەولویەت ببینین.

هەروەها چاكسازی كردن لە یاساكان بە ئامانجی چەسپاندنی یەكسانیی ماف بۆ ژنان و پیاوان و بەعەمەلی كردنی پرۆگرامەكان و كەمپەینەكان بە ئامانجی بەرزركردنەوەی هۆشیاریی تاک لە كۆمەڵگەدا بەتایبەت لە نێوان ڕێبەرانی مەزهەبی و كۆمەڵایەتی لەبارەی مافەكانی ژنان و هەڵاوردنی ڕەگەزی و لە ڕێگەی ڕاگەیەندنەكان و كردنەوەی سەنتەر بۆ ژنانی قوربانی بۆ ئەوەی قەرەبووی توند و تیژی دژی ژنان بۆ ژنانی قوربانی بكرێتەوە و بەرپرس بوون لە بەرامبەر پاراستنی گیانیاندا.

---

## لیستی سەرجەم ئەو گەمارۆیانەی لە ٣٣ ساڵی ڕابردوودا خراونەتە سەر ئێران

لە كاتێكدا كە فشاری گەمارۆكان بۆ سەر كۆماری ئیسلامی لە هەموو كاتێک زیاترە و ئەو وڵاتە بەردەوام لێرە و لەوێ گەمارۆی نوێی دەخرێتە سەر، هەواڵدەریی ڕۆیترز لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لیستی سەرجەم ئەو گەمارۆیانەی بڵاو كردەوە كە لە كاتی هاتنە سەركاری كۆماریی ئیسلامیی ئێرانەوە لەلایەن ئامریكا، ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان و یەكیەتیی ئورووپاوە خراوەتە سەر ئێران.

ئەم گەمارۆیانە لە ساڵ ١٣٥٧ و لەگەڵ بە بارمتەگیرانی باڵوێز و كارمەندەكانی باڵوێزخانەی ئامریكا لە تاران لە لایەن نیزامی تازە بە دەسەلات گەیشتوو دەستی پێ كردوە و هەتا جۆزەردانی ٨٩ و دوایین بڕیارنامەی شورای ئەمنیەتی ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان دژی بەرنامەی ناوكی ئێران لەخۆ دەگرێ.

یەكەمین گەمارۆكانی ئامریكا دژی ئێران لە ساڵی ١٣٥٩ و دوای داگیركرانی باڵوێزخانەی ئامریكا لە تاران بە سەر ئێراندا سەپا. بەپێی بڕیاری ئامریكا هاوردەی هە شتێك لە ئێران ڕا بۆ ئامریكا جیا لە دیاریی چووك، زانیاریی، خواردەمەنی و هێندێک لە جۆری فەرشەكان قەدەغە كرا.

لە ساڵی ١٣٧٤ بیل کلینتۆن، سەرکۆماری ئەو کاتی ئامریکا بڕیاری دا کە هیچ شیرکەتێکی ئامریکایی بۆی نیە لە کەرتی پیشەسازی نەوت و گازی ئێراندا سەرمایە دابنی و هەر هەمان ساڵ کۆنگرەی ئامریکا قانوونێکی پەسند کرد کە هەموو ئەم شیرکەتە بیانییانەش گەمارۆیان بخرێتە سەر کە سەروو ٢٠ میلیۆن دۆلار لە ساڵدا لە بەشی وزەی ئێراندا سەرمایەگوزاری دەکەن.

لە خەزەڵوەری ساڵی ٨٦ ی هەتاوی ئامریکا گەمارۆی خستەسەر سێ بانکی ئێرانی و سپای پاسدارانی وەک ناوەندی پەرەپێدانی چەکە کۆمەڵکوژەکان لە ئێران بە تاوانبار ناسی و وەزارەتی دارایی ئامریکاش لەو ساڵەوە تا ئێستا زۆربەی بانکەکانی ئێرانی لە لیستی ڕەشی خۆی هاویشت.

وەزارەتی دارایی دەوڵەتی جۆرج بووش ساڵی ٨٧ بەپێی قانوونی گەمارۆی بازرگانی، ٢٠ شیرکەتی نەوت و شیرکەتی پیترۆشیمیی سەربە دەوڵەتی ئێرانی لە درێژەدان بە بازرگانی لەگەڵ وڵاتەکەی بێبەش کرد.

لە پووشپەڕی ساڵی ٨٩ کۆنگرەی ئامریکا، گەمارۆی توند و هەمەلایەنەی لە دژی ئێران پەسند کرد کە بە مەبەستی فشارهێنان بۆ بەشەکانی ماڵی و وزەی ئێران گەڵاڵە کرابوون و هەموو ئەو شیرکەتە غەیرە ئامریکاییانەشی دەگرتەوە کە پێوەندی بازرگانیان لەگەڵ ئێران هەبوو. بەپێی ئەو قانوونە هەر شیرکەت و بنیاتێکی ماڵی کە لە ساڵدا بایی زیاتر لە ٥ میلیۆن دۆلار بەرهەمی پێترۆشیمی بە ئێران بفرۆشێ، یان هاوکاریی بنیاتەکانی سەر بە سپای پاسداران بکا، جەریمە دەکرێ و ئەم دامەزراوانە لە یارمەتییەکانی سیستمی ماڵیی ئامریکاو بەستنی گرێبەست لەگەڵ ئامریکا بێبەش دەبن.

لە ڕەشەممەی ساڵی ٧٩ دا بانکی "ڕیفاهی کرێکاران" بە هۆی ئاسانکاریکردن بۆ کڕینی چەند میلیۆن دولار مووشەک و تانک بۆ وەزارەتی بەرگریی ئێران، گەمارۆی خرایەسەر.

و لە مانگی بانەمەڕی ٨٠ دا دەوڵەتی ئامریکا، بیست و یەکەمین بانکی دەوڵەتی ئێران، واتە بانکی سەنعەت و مەعدەنیشی لە لیستی ڕەشی گەمارۆکانی خۆی هاویشت.
دەوڵەتی ئامریکا هەر لەمساڵدا شیرکەتی نەوتی دەوڵەتی وێنزۆئێلا و ٦ دامەزراوەی نەوتی و پاپۆڕەوانیی ئەم وڵاتەی بە هۆی پێوەندیی بازرگانییان لەگەڵ ئێران و پێشێلکاریی قانوونی گەمارۆکانی ئامریکا تەحریم کرد.

لە مانگی جۆزەردانی ئەمساڵ دەوڵەتی ئامریکا هەروەها  بڕیاری زنجیرە گەمارۆیەکی نوێی دژی سپای پاسداران، بەسیج، هێزە ئینتزامی و فەرماندەکانی ئەو ناوەندانە دەرکرد. بەپێی ئەم گەمارۆیە، دەست بەسەر هەموو داراییەکانی ئەم دامەزراوەیانە داگیراوە و هیچ کەس و دامەزراوەیەکی ئامریکا مافی پێوەندی گرتن بە لایەنانەی نیە.

بەڵام گەمارۆکانی یەکیەتیی ئورووپا؛ یەکیەتی ئورووپا لە سەرەتای ئەمساڵدا رایگەیاند کە ویزا بە زۆرێک لە کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێران بۆ نموونە محەممەدعەلی جەعفەری، سەرۆکی سپای پاسداران، مستەفامحەممەد نەجار، وەزیری بەرگریی پێشووی ئێران و غوڵامڕەزا ئاقازادە سەرۆکی وزەی ئەتۆمی و هێندێک لە پسپۆڕانی ناکی و مووشەکە بالیستیکەکانی ئێران نادا.

دەوڵەتی بریتاینا لە مانگی رەزبەردا رایگەیاند کە پێوەندی بازرگانیی خۆی لەگەڵ بانکی میللەت و پاپۆڕەوانیی ئێران پچڕاندوە و پووشپەڕی ساڵی ٨٩ شدا یەکیەتیی ئورووپا، قانوونێکی نوێی لە بواری دژەفڕینی فڕۆکە بارهەڵگرەکانی لە ئێران را بۆ ئێران و لە ئێران را بە پێچەوانە بۆ دەرەوە پەسند کرد.

. یەکیەتیی ئورووپا لە گەلاوێژی ساڵی ٨٩ گەمارۆی توندتری دژی ئێران پەسند کرد و ئەو شیرکەتانە گەمارۆیان خرایە سەر کە لە کەرتی نەوت و گازی ئێراندا سەرمایەگوزاری هاوبەش لەگەڵ شیرکەتە ئێرانیەکان دەکەن.

بەپێی ئەو بڕیارانە دەوڵەتانی ئەندامی یەکیەتی ئورووپا دەبێ لە بیمە کردن و درێژکردنەوەی بیمە بۆ ناوەندە دەوڵەتیەکانی ئێران خۆی ببوێرن و کڕین و فرۆشتن، خۆڵقاندنی هەلی کار یان هاوکاری کردن لە بواری قەرزپێدان لە بەشی دەوڵەتی و گشتی لە رێگەی دەوڵەت، بانکی ناوەندی ئێران یان هەر بانکیەکی دیکەی ئێران بۆ ولاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا قەدەغەیە.

هەروەها هەناردەو هاوردەی چەک و کەلوپەلی نیزامی کە پێوەندییان بە پیتاندنی ئۆرانیومەوە هەبێ یان کەڵکی دوو لایەنەیان لێ وەبگیرێ، بۆ ولاتانی یەکیەتیی ئەرووپا قەدەغەیە. یەکیەتی ئورووپا چاوەڕوانە کە شوێنەواری ئەم گەمارۆیانە لە درێژ ماوەدا کاریگەریی زیاتر لە سەر ئێران دابنێن.

هەر بەپێی گەمارۆکانی یەکیەتیی ئورووپا  گواستنەوەی دراوی زیاتر لە ٤٠ هەزار یورۆ بۆ ئێران پێویستی بە

ئیزنی كاربەدەستانی پلەبەرزی دەوڵەتانی ئەندامی یەكیەتیی ئوورووپا هەیە.

لە جۆزەرانی ئەمساڵدا وەزیرانی دەرەوەی یەكیەتی ئوورووپا، گەمارۆكانیان دژی ئێران درێژ كردەوە و لەسەر ئەوە ڕێككەوتن كە ناوی زیاتر لە ١٠٠ شیركەت و كاربەدەستی دیكەی ئێران بە لیستی گەمارۆكانی پێشوویان زیاد بكەن، بۆ نموونە هەموو ئەو كەس و دامەزراوانەی كە پێوەندییان بە شیركەتی پاپۆڕەوانی كۆماری ئیسلامیەوە هەیە.

دیپلۆماتەكانی یەكیەتیی ئوورووپا هەر لەوساڵدا بانكی هاوبەشی ئێران و ئوورووپایان خستە لیستی گەمارۆكانیانەوە.

بەڵام جیا لە ئامریكا و یەكیەتیی ئوورووپا ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكانیش تا ئێستا چەندین جار گەمارۆی خستۆتە سەر ئێران.

شورای ئەمنیەتی ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتوەكان لە بەفرانباری ٨٥، خاكەلێوەی ٨٦، خاكەلێوەی ٨٧ و جۆزەردانی ٨٩ دا ٤ بڕیارنامەی دژی ئێران پەسند كردوە.

ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان تا ئێستا داراییەكانی ٤٠ شیركەت و دەیان كاربەدەستی ئێرانی بلۆكە كردوە كە پێوەندییان بە بەرنامەی ناوكی ئێرانەوە بووە.

لە خولی چوارەمی گەمارۆكانی ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان دژی ئێران كە لە جۆزەردانی ٨٩ پەسند كرا، هەموو بانكەكانی ئێران لە دەرەوەی ئەو وڵاتە كە پێوەندییانە بە بەرنامەی ناوكی و مووشەكیی ئێرانەوە هەیە گەمارۆیان خرایەسەر و هەر لەو ساڵدا لیستی ٤٠ شیركەتی دیكەش بە لیستی ڕەشی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان زیاد كرا.

# ئێران و پرسی مافی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠١١ی زایینیدا

ڕۆژی شەممە، ١٩ی سەرماوەز بەرابەر لەگەڵ ١٠ی دێسامبر، ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ بوو. ساڵی رابردوو، واتە لە ١٠ی دیسامبری ٢٠١٠ تا ١٠ی دێسامبری ٢٠١١ ساڵێکی تایبەت بۆ پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران بوو. لە لایەک پێشێلکاریی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە ئێران هەروا بەردەوام و لەلایەکی دیکەش کۆمەڵگای جیهانی کاردانەوەی توندوتۆڵتر و شێلگیرانەتری لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشان دا.

لەو ساڵدا هەم لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەم لە شووڕای مافی مرۆڤدا دوو بڕیارنامە لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران پەسند کران کە بڕیارنامەکەی شووڕای مافی مرۆڤ دیاریکردنی ئەحمەد شەهید، راپۆرتێری تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران و، بڕیارنامەکەی کومیتەی سێهەمی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش کە بە ٨٦ دەنگی بەڵێ لە دژی کۆماری ئیسلامی، ئیرادەی یەکگرتووانەی کۆمەڵگای جیهانی لە دژی ئێران خستە ڕوو.

هەر بۆیە دەکرێ بڵێین کە ساڵی ٢٠١١ی زایینی بۆ چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران ساڵێکی پڕ لە تێکۆشان و دەسکەوت بوو. لەو ساڵدا چالاکانی مافی مرۆڤ توانییان لەو میکانیزمانەی لەبەردەستی کۆمەڵگای جیهانی دایە، کەلکی پێویست بۆ بەرجەستە کردنی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێران وەربگرن و دیاری کرانی راپۆرتێرێکی تایبەتی بۆ ئێران بۆ تاوتوێ و بەدواداچوونی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران دوای ٨ ساڵ، دەکرێ بە دەسکەوتێکی باش لەو پێوەندییەدا دابندرێ.

لەلایەکی دیکەشەوە کۆمەڵگای جیهانی بە ڕوونی بۆی دەرکەوتوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران نایەوێ بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران باشتر بکا و بە ڕێزگرتن لە کۆنڤانسیۆن و پرەنسیپە گشتگیرەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ، پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێران بوەستێنی. هەر بۆیە پەرەسەندنی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە هەموو بوار و ئاستەکاندا گەیشتە جێیەک کە ئیدی کۆمەلگای جیهانی نەیتوانی لەبەرامبەر ئەو بارودۆخە دڵتەزێن و کارەساتبارەدا خەمسارد و بێ تەفاوت بێ.

ئێعدام کردنی لانیکەم ٦٠٠ کەس لە یەک ساڵدا، جیا لە ئێعدامە بە کۆمەڵ و بە نهێنییەکان بە تایبەت لە زیندانەکانی مەشهەد کە کەس بە ڕوونی بە ئەژمار و ناونیشانیان نازانێ و هەروەها ئەوەی کە، ئێران هەروا گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسانە و، بەردەوامیی پێشێلکاریی سیستماتیکی مافەکانی ژنان، کرێکاران و منداڵان و کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان کارێکی وای کرد کە لە کۆبوونەوەی کومیتەی سێهەمی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کەم وڵات و دەوڵەت هەبێ لە پشتی کۆماری ئیسلامی رابوەستێ و هەر بۆیەش بڕیارنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دژی ئێران ئەو جارەیان بە دەنگێکی یەکجار زۆرتر لە جاران پەسند کرا.

لە ئێستاشدا زۆربەی سەرنجەکان لەسەر چالاکی ئەحمەد شەهید و ئەو راپۆرتەدا کۆ بۆتەوە کە بڕیارە لە رەشەممەی ئەوساڵدا بە شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانی بداتەوە و بە سەرنجدان بەوەی کە کۆمەڵگای جیهانی لە ئێستادا زیاتر لەوە بارەوە هەست بە بەرپرسیارەتی دەکا، وێدەچێ کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە داهاتوویەکی نیزیکدا زیاتر بخرێتە ژێر فشارەوە و لەو سۆنگەیەوە تووشی زنجیرە سزا و گەمارۆیەکی دیکەش بێتەوە.

بەڵام پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان بەسەرهاتێکی دیکەی هەیە و لە کوردستان کوشتن و گرتن و حوکمدرانەکان جیا لەوەی زۆرتر و توند و تیژترن، بەڵام دەنگدانەوە و ڕەمگدانەوەیان لە میدیا و لە کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکانی مافی مرۆڤدا کاڵترە و ئەوەش ئەرکی تایبەت دەخاتە سەر شانی ئەحمەد شەهید و هەموو ئەو هێز و لایەن و ڕێکخراوانەی ئامار و زانیاری و دێکۆمێنتەکان بە دەستی ناوبراو دەگەیەنن.

هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە سنورییەکانی کوردستان لە ماوەی ئەو یەکساڵەی مافی مرۆڤدا ٨٨ کەس لە کۆڵبەران و کاسبکارانی کوردیان سەرەڕۆیانە بە زەبری چەکەکانیان کوشتوە و ٩٦ کەسیشیان بریندار کردوە. تاوانی ئەو کەسانە ئەوە بووە کە بە هۆی بێکاری و بێدەرەتانی لە ناوچە سنورییەکانی نێوان ئێران و عێراق شمەک و کەلوپەل و پێداویستییەکانی خواردن و کەلوپەلی بێهداشتی و ئامێری ئەلەکترۆنیکیی وەک سەتەلایت و "ئێل سی دی" یان ئاودیوی ئێران کردوە، بەڵام بێ ئەوەی بگیرێن و لە ناوەندێکی قەزاییدا لێپرسینەوەیان لێ بکرێ، هەروا سەرەڕۆیانە دراونەتە بەر دەسڕێژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی.

هەر لە ماوەی ئەو یەک ساڵەدا لە کوردستان پتر لە٤٨٠ کەس بە تاوانی چالاکیی سیاسی، جیابیری و عەقیدەتی لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە گیراون و ١٢٣ کەس لەو گیراوانە بە تۆمەتی "هەوڵدانی دژی

ئەمنیەتی وڵات" دادگایی و لە لایەن ناوەندە قەزاییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە حوکمی لە ٦ مانگ زیندانەوە تا ٢٥ساڵ زیندان و، شەش کەسیشیان حوکمی ئێعدامیان بە سەردا سەپاوە.

کوردەکان لە ئێران قوربانیی سیاسەتی هەڵاواردن و جیاوزیدانانن و مافە فەرهەنگی و مەدەنییەکان بە ئاشکرا پێشێل دەکرێ. کوردەکان ئێستاش ناتوانن لە خوێندنگەکان بە زمانی دایکیی خۆیان بخوێنن و چالاکی لە بوارەکانی راگەیاندن و کاری میدیایی و رێکخراوەیی تێچووی زۆر بۆ چالاکانی مەدەنی و کلتووریی کورد هەڵ دەگرێ و هۆکاری ئەوەش تەنیا بۆ سیاسەتی دوژمنکارانە و هەڵاواردنی نەتەوەیی و ئایینیی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە کوردەکان دەگەڕێتەوە، کە پێویستە بەڕێز ئەحمەد شەهید، زیاتریان سەرنج بداتێ و لەو گۆشە نیگایەوە لێیان ورد بێتەوە.

رێکەوت: سەرماوەزی ١٣٩٠ - نۆڤەمبەری ٢٠١١

## شەوی یەڵدایە یا دەیجوورە ئەمشەو...

شەوی یەڵدایە یا دەیجوورە ئەمشەو
کە دیدەم دوور لە تۆ بێ نوورە ئەمشەو

لە مێژ ساڵە ئێمە لە نێو حیزبی دێموکراتدا لە شەو زستان، واتە شەوی یەڵدادا لە دەوری یەک کۆدەبینەوە، ڕێوڕەسم پێک دێنین و شێعر دەخوێنینەوە و بەزمی شایی و هەڵپەڕکێ دەڕازێنیەوە. ئاخر بۆ ئێمەی کورد شەوی یەڵدا شەوی دوو جێژنە. ئەگەر یەڵدا بە مانای لە دایکبوونی خۆر و هەڵهاتنی خۆر دوای درێژترین شەوەزەنگی ساڵە، هەر لە شەوی یەڵداشدا دوکتور قاسملوو، خۆری ئاسمانی بیر و هزری کوردی لە دایک بووە. هەر بۆیەش ئێمە لەو جێژنی دوو جێژنەدا دەیکەین بە جێژن و خۆشی.

بەڵام ئەم شەو تایبەت بوو. ئەمشەو مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، یاری غاری دوکتور قاسملوو لە وەسفی کاک دوکتور دا قسەی کردەوە، بیرەوەری لە شەهید قاسملوو گێڕایەوە و لاوانی بەشدار لە کۆبوونەوەکەی لەگەڵ بەشێک لە هزر و ئەندیشەی قاسملووی گەورە ئاشنا کرد. بەڵام گرینگتر لە هەموو ئەوانە گوتی کە قاسملوو بوون بۆ لاوانی کورد نە کوفرە و نە مەحاڵە.

مامۆستا حەسەنزادە لە قسەکانیدا روو بە بەشداران وتی زۆر چەمک و دەسکەوت کە حیزبی دێموکڕات پێیان دەنازێ، وەک ئەو دێموکڕاسییەی تەمرینی دەکا، وەک پێبەند بوون بە سەربەخۆیی سیاسی و پێبەند بوون بەوەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە سەرووی بەرژەوەندیی حیزبی بێ، ئەوانە بەشێک لە میراتی مەعنەویی دوکتور قاسملوون کە بۆ حیزبی دێموکراتی بەجێ هێشتوە.

بەرێزیان لەبارەی بیری نەتەوەییخوازیی دوکتور قاسملوو گوتی کە کاک دوکتور پێی وابوو کە ئەگەر رۆژێک کوردەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان بیانەوێ ببنە یەک، ئەوە جوداییخوازی لەو وڵاتانە نیە کە بەسەریاندا

دابەش کراون، بەڵکوو ئەوە یەکگرتنەوەیە و کورد نەتەوەیەکە وسەربەخۆیی و دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسین مافی سروشتی ئەو گەلەیە.

بەڕێزیان هەر لەو شەویادەدا پێی لە سەر ئەوە داگرت کە ئێمە دژی پارچەپارچە بوونی ئێرانین، بەڵام دەڵێین کە هیچ میللەتێک کوڕی خۆی بۆ ئەوە بە کوشت نادا بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی وڵاتەکەیدا بەشی کۆت و زنجیر و دیلی بێ. کەوابوو تا ئەو مەنتیقە لەو وڵاتە حاکم بێ، ئەوە مافی ئەو میللەتانەیە کە بیر لە رزگاریی خۆیان بکەنەوە.

لەو شەویادەدا کۆمەڵێک لە شاعیرانی خاوەن هەست بەرهە شیعرییەکانیان خوێندەوە و جێژ و خۆشییان بە کۆڕی یاران بەخشی.

---

## بەسەرهاتی نەبڕاوەی کوژرانی کۆڵبەرانی کورد بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان لە ماوەی زیاتر لە ٣٠ساڵی رابردوودا ئەوەندەی بیری لە چۆن کوشتن و چۆن برین و چلۆن سەرکوت کردنی خەڵکی کوردستان کردۆتەوە و پیلانی بۆ دارشتوە، یەک لە هەزاری ئەوەندە بە بیری ئاوەدانی و پێڕاگەیشتن و خزمەت کردن بە خەڵکی کوردستان نەبوە و پلانی بۆی دانەڕشتوە، لە حاڵێکدا ئەوەیان ئەرکی دەوڵەتە و ئەوی دیکەیان لە دوژمنکاری و رقێکی ئەستوورەوە سەرچاوەی گرتوە کە تا ئێستاش وەک خۆی ماوەتەوە.

هەر بۆیەش دەبینین کە نەتەوەی کورد لە ئێران لە دیاری و بەرهەمەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی وڵات کە هەژاری، بێکاری، کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ئێعتیاد و خۆکوژی و گرتن و ئەشکەنجە و کوشتنی نەیاران و رەخنەگرانی سیاسی بەشی شێری پێ براوە. بەڵام سەرباقی هەموو ئەوانەش رۆژ نیە کە لە میدیاکانی کوردستاندا هەواڵی کوژران و بریندار بوونی کاسبکارانی کورد بڵاو نەبێتەوە، هەر ئەو کاسبکار و کۆڵبەرانەی کە سیاسەتی هەڵاواردن و دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی و پەراوێزخرانی کوردستان لە گەشەی ئابووری وای کردوە تا ئەوان

بەهۆی بێکاری و بێدەرەتانی و لە رووی ناچارییەوە بە کاری کۆڵەباری خەمی ژین و خەمی نانیان لە کۆڵ ناوە و لە دووی پارووە نانێک بۆ خۆیان و خاو و خێزانیان سینگیان بە گوللەی هێزەکانی رێژیمەوە ناوە.

سەرنجدان بە دوایین ئامار لەو پێوەندییەدا پیشانی دەدا کە خەڵکی ناوچە سنورییەکانی کوردستان کە لە هەموو ئیمکاناتێکی وەبەرهێنان و سەرمایەدانانی دەوڵەتی و کار و ئاوەدانی بێبەشن، چۆن رۆڵەکانیان بە تاوانی کار و کاسبی! و پەیدا کردنی پارووە نانێک دەدرێنە بەر گوللە، بێ ئەوەی هێزە کوردکوژەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ تاقە یەک چرکەش بیر لەوە بکەنەوە کە ئەو خەڵکە بە کامە تاوان و بەپێی کامە قانوون دەدەنە بەر دەسرێژی چەکەکانیان.

هێزە ئەمنیەتی و چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی سێ مانگی پاییزی ئەو ساڵدا لانیکەم ٢٩ کەسیان کوشتوە کە ٢٦ کەسیان لە کۆڵبەران و کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون.

هێزە ئەمنیەتی و چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لە ئاکامی کەمین نانەوە و تەقە کردن لە کاسبکاران و کۆڵبەرانی ناوچە سنورییەکانی کوردستان کە بە هۆی بێکاری و بێ دەرەتانی بە کاری کۆڵەباری نان و بژیوی رۆژانەی خۆیان پەیدا دەکەن، ١٦ کەس لەوانیان بریندار کردوە کە بەشێکی زۆری ئەو بریندارانە لە ترسی بەداداچوونی ناوەندە ئەمنیەتییەکان لە نەخۆشخانەکانی باشووری کوردستان وەدوای چارەسەریی برینەکانیان کەوتوون.

ئەگەر ئاماری کوژران و برینداربوونی ئەو خەڵکە داماو و کاسبکارەی کورد لە سەرەتای ساڵەوە وەسەر یەک بخەینەوە، دەبینین کە لە ماوەی ٩ مانگی ئەو ساڵدا

٥٦ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بە تەقەی راستەوخۆی هێزەکانی رێژیم کوژراون و ٦٧ کەسیشیان بەو هۆیەوە بریندار بوون. ئەوە جیا لەوەی کە هێزەکانی رێژیم کە لەززەتی ئینسانکوژی و ئەگەر وردتر بڵێم کورد کوژی ئەوانی لە کوردستان دڕ و وەحشی کردوە، زیاتر لە سەدان ئەسپ و ئێستری بەستەزمانیان بەبەر چاوی خاوەنەکانیان گوللە ئاژن کردووە و کوشتوویانن؛ ئەوە جیا لەوەی کە لە ماوەی ئەو ٩ مانگەدا بە میلیارد تمەن باری کاسبکارانیان بە تاڵان بردوە.

کوژران و برینداربوونی ١٢٣ کەس لە کۆڵکێش و کاسبکارانی کورد بە دەستی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی نۆ مانگدا ، ئەویش کۆمەڵە کەسانێک کە نە چەکیان دژی کۆماری ئیسلامی هەڵ گرتوە و نە هەڕەشەیان لە ئەمنیەتی وڵات کردوە و نە زیانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییان بە کۆمەڵگا گەیاندوە، نەک هەر دڵتەزێن بگرە کارەساتێکی مرۆییە کە تەنیا دەتوانێ لە کوردستان روو بدا.

## یارانە و خەڵک و دەوڵەت لە دووهەمین فازی ئەو گەلاڵەیەدا

یەک ساڵ بەسەر چوونە قوناغی جێبەجێ کردنی قانوونی ئامانجدار کردنی یارانەکاندا رابرد. دوای ساڵێک لەو رووداوە گرینگەی مێژووی ئابووریی ئێران، بۆچوونەکان و کاردانەوەکان لەبارەی سەرکەوتن یان نەکەوتنی ئەو گەلاڵەیە و کاریگەرییەکانی لە سەر ئابووری و کۆمەڵگای ئێران جیاوازن.

زۆر کەس پێیان وایە کە ئەو بەرنامەیەی دەوڵەت بەسراوەیی خەڵکی بە دەوڵەت زیاتر کرد، گرانی و نرخی کەلوپەل و پێداویستییەکانی ژیانی خەڵکی بردە سەرێ و، لەکارکەوتنی زۆر کارگە و کارخانە لە سۆنگەی ئەو گەلاڵەیە پەرەی بە پەرەسەندنی زیاتری دیاردەی بێکاری لە ئێران داوە و فشارە ئابوورییەکان لە ئێستادا پتر لە هەر کاتێک تەنگیان بە خەڵکی هەڵ چنیوە.

لەبەرامبەردا هەن کەم کەسێکیش کە پێیان وایە دەوڵەت یەکەم هەنگاوەکانی رزگارکردنی ئێرانی لە ئابووریی یارانەیی باش هەڵ گرتوە و هەموو ئەو کەموکوڕی و ناتەبایی و کێشانەی لەو سۆنگەیەوە دروست بووە، نەک ئی بەڕێوەبەریی باش یان خراپی ئەو گەلاڵەیە، بەڵکوو بۆ ئەو گەمارۆیانە دەگەڕێتەوە کە لە لایەن کۆمەڵگای جیهانییەوە خراوەتە سەر ئێران، بەڵام لە هەر حاڵدا ئەوەی روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەو گەلاڵەیە لە ئێستادا خەڵکی هەژار و کەم داهاتی بێ ئەنواتر و ژیان و گوزەرانی ئەوانی سەخت و ناخۆشتر کردوە.

بەڵام ئێستا ساڵیادی جێبەجێ کردنی ئەو گەلاڵەیە تێکەڵ بە کۆمەڵە بابەتێکی دیکە بووە. بەپێی ئامارە رەسمییەکانی ناوەندی ئامار و بانکی ناوەندی کە زۆر جار لەگەڵ یەکتریش نایخوێننەوە، نرخی تەوەڕوم سەدا ١٥

چۆتە سەرێ، بانکی ناوەندی توانای چاوەدێری و کۆنترۆڵکردنی بازاڕی دراو و زێڕی لەبەر دەستدا نەماوە و لەبایەخ کەوتنی نرخی تمەن لە بەرامبەر دراوی بیانیدا پەرەی بەو نیگەرانییە داوە کە ئابووریی تێک تەپیوی ئێران لەوەش زیاتر تووشی ناسەقامگیری بکا کە ئەوەش راستەوخۆ لە سەر پێدانی یارانەی نەغدی بە خەڵک و بە گشتی لەسەر جێبەجێ کردنی قانوونی ئامانجدارکردنی یارانەکان کاریگەریی خراپی خۆی دەبێ.

ئێستا لە دووهەم ساڵی ئەو گەڵاڵەیەدا دەوڵەت بڕیاری داوە کە یارانە لە ١٠ میلیۆن تا ١٥ میلیۆن کەس لەو کۆمەڵە خەڵکە ببڕێ کە دەوڵەت بە کەسانی خۆش بژیو و دەوڵەمەند ناویان دەهێنێ. دەوڵەت دەڵێ کە ئەو بنەماڵانە نامەیان بۆ دەنووسرێ کە بۆ خۆیان واز لە وەرگرتنی یارانەکان بهێنن و ئەگەر ئەو کارە بە دڵی دەوڵەت نەچوە پێش، ئەوا دەوڵەت یەکلانەیە بۆ خۆی یارانە لەو ١٠- ١٥ میلیۆن کەسە دەبڕێ. راگەیاندنی ئەو هەواڵە لەلایەن دەوڵەت لە کاتێک دایە کە غولامرەزا میسباحی موقەدەم، سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئابووریی مەجلیس دەڵێ کە ئەوانەی لەلایەن دەوڵەتەوە یارانەیان لێ دەبرڕدرێ نەک ١٠ میلیۆن، بەڵکوو ٢٠ میلیۆن کەسن.

دەوڵەت دەڵێ کە مەبەست لەو کارە پێدانی یارانەی زیاتر بە کەسانی هەژار و کەم داهاتە، بەڵام رەخنەگرانی دەوڵەت دەڵێن کە ئەو بڕیارە بۆ بەرەنگار بوونەوەی کەمیهێنانی بودجەیە، چونکی لە یەکەم ساڵی جێبەجێ کردنی ئەو قانوونەدا دەوڵەت لەلایەک ٨ هەزار میلیارد تمەن بودجەی بۆ ئەو مەبەتە کەم هێنا، ئەوە جیا لەوەی کە دەبوا سەدا ٣٠ ی ئەو داهاتەی لە ئازادکردنی نرخی وزەدا وەدەستی دەکەوێ، لەبەشی بووژاندنەوە و پەرەپێدانی کەرتی سەنعەت و وەبەرهێناندا دەکاری بکا، بەڵام ئەو کارەشی نەکرد و هەر ئەو بەشە لە ئابووریی ئێران لە ئێستادا لە گیانەڵڵا دایە و رۆژ نیە هەواڵی داخران و لەکاروەستانی کارگە و کارخانە و یەکەیەکی بەرهەمهێنان لە ئێران بڵاو نەبێتەوە.

ئەحمەدی نژاد لە رۆژەکانی دەسپێکی ئەو گەڵاڵەیەدا بە خاوەن گارگە و کارخانە و یەکە بەرهەمهێنەرەکانی راگەیاند کە لەوە بەدوا دەتوانن رکەبەری نرخە جیهانییەکان بوەستنەوە، بەڵام دوای یەک ساڵ نرخەکان لە ئێران نەک توانای رکەبەریی نرخە جیهانییەکانیان نەما، بەڵکوو بەهۆی پێنەدانی یارانەی نەغدی بە بەشی سەنعەت و چوونە سەرێی نرخی وزە، زۆربەی واحیدە تەولیدییەکانی ئێران کەوتنە هەلدێری وەرشکەستەیی و دەرکی هاوردە کردنی بەرهەم لە دەرەوە بە تایبەت لە وڵاتی چین را زیاتر لە جاران کرایەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە زۆربوونی زێدە لە رادەی نەغدینەیی لە سۆنگەی پێدانی یارانە نەغدییەکانەوە هاوسەنگیی

بازاڕی زێڕ و دراوی تێک داوە و کار گەیوەتە جێیەک کە بانکی ناوەندیش توانای کۆنترۆڵ کردنی بازاڕی نەماوە. چوونەسەرێی سەدا ۳۰ تا ۳۵ ی بایەخی دراوە بیانییەکانی وەک دۆلار و یۆرۆ لە بەرامبەر تمەندا لەگەڵ ئەوەی بێ بایەخیی پووڵی ئێرانی لێ کەوتۆتەوە، راستەوخۆش لە بایەخی ئەو برە پووڵەشی کەم کردۆتەوە کە وەک یارانە بە خەڵکی دەدرێ. کەچی بەو حاڵەش ئەحمەدی نژاد ماوەیەکە باس لەوە دەکا کە بڕی ئەو یارانەیەی بە خەڵکی دەدرێ، سێ هێندەی دەباتە سەرێ، کە دیارە ئەو ئیدیعایە زۆرتر لە دروشمێکی سیاسی لە بەرەبەری هەڵبژاردەکان دەچێ تا ئەوەی بابەتێکی واقعبینانە بێ. چونکی هەر بەپێی زۆر سەرچاوەی دەوڵەتی، ئەحمەدی نژاد لە ماوەی ئەوساڵدا کە یارانەی بە خەڵکی داوە، لە ماوەی ۹ مانگدا ۸ هەزار میلیارد تمەنی کەمیی بودجە هێناوە و ١٤ هەزار میلیارد تمەنی وەزارەتی نیرووش بە قۆنتەراتچییەکان و هەڵگرتنی ۹ میلیارد دۆلار لە داهاتی نەوتیش لەولا بوەستێ، کە تا ئێستا بۆ سەرخستنی ئەو گەلاڵەیە و هێنانی تا ئێستا هاتۆتە سەری.

---

## ململانێی ئێران و کۆمەڵگای جیهانی لە ساڵی ۲۰۱۱ ی زایینی دا

ساڵی ۲۰۱۱ی زایینی بۆ ئێران و کاربەدستانی ئێرانی ساڵێکی تاڵ و پڕ لە ساتە ناخۆشەکان بوو. لە ساڵی ۲۰۱۱ی زایینیدا ئێران هەم لە سەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و هەم لە سەر سەرکێشە ئەتۆمییەکەی زۆرترین فشاری خرایە سەر و ڕەنگبێ ئەو بڕیارەی لە دوایین ساتەکانی ساڵی ۲۰۱۱ی زایینیدا، واتە گەمارۆ خستەسەر بانکی ناوەندیی ئێران لە لایەن ئامریکاوە بە دژی ئێران درا، ناخۆشی و تووڕەیی کاربەدەستانی پایەبەرزی ڕێژیمی بەوپەڕی خۆی گەیاندبێ.

زۆربەی کارناسانی سیاسی پێیان وایە کە سیاسەتی توندئاژو و هێرشبەرانە و بشێوی نانەوەی کۆماری ئیسلامی کە لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی ئەحمەدی نژاد دا لە سیاسەتی دەرەکیی ئێراندا ڕەنگیان داوەوە، لە ساڵی ۲۰۱۱ی زایینیدا زۆرترین کاریگەری و ئاکامی بە دژی ئێران لێ کەوتەوە، بە جۆرێک کە ئێران لە هەموو مێژووی کۆماری ئیسلامیدا هێندەی ئێستا بێزراو و دەستەشکاوی سیاسەتە توندڕەوانەکانی نەبووە.

کێشەی ئەتومیی ئێران کە ڕەنگبێ لە ئێستادا وەک گرینگترین مەیدانی ململانێی ئێران و دنیای ڕۆژئاوا پێناسە

بکرێ، لە ساڵی ٢٠١١ دا نەک بە قازانجی ئێران یەکلا نەبوە، بەڵکوو لە دوای شکستی کۆبوونەوەکانی ئیستانبوول کە لە یەکەم مانگی ئەو ساڵەدا هاتە پێش، کۆمەڵە گۆڕانێکی بە دوای خۆیدا هێنا کە تا ئێستاش وڵاتانی (١+٥) کە نوێنەرایەتیی دنیای رۆژئاوا دەکەن، هیچ ئینتیمایەکیان بۆ بەردەوامیی وتووێژەکان و چارەسەری کێشەی ئەتومیی ئێران لە سەر مێزی وتووێژ لە خۆ پیشان نەداوە.

راپۆرتە پڕ هەڵلا و هەنگامەکەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتومی لە بابەت بەهێزبوونی لایەنی نیزامیی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران لە مانگی نۆڤامبردا، بووە هۆی ئەوەی شەپۆلێکی دیکەی فشارە نێودەوڵەتییەکان لە دژی ئێران بکەوێتە رێ.

کاردانەوەی وڵاتان بەو راپۆرتە بۆ ئێران تاڵ و گورچکبڕ بوو. زیاتر لە ٥٠٠ شیرکەت و کۆمپانیای ئابووری و نێودەوڵەتیی ئێران لە لایەن وڵاتانی رۆژئاواییەوە گەمارۆیان خرایە سەر و بە دەیان کاربەدەستی سیاسی و نیزامیی پایەبەرزی ئێران کەوتنە لیستی ئەو کەسانەی سامانەکانیان لە وڵاتانی رۆژئاوا دەستیان بەسەردا دەگیرێ و ئیزنی هاتوچۆیان بۆ ئەو وڵاتانە نامێنێ.

رۆژئاوا بەوەندەش نەوەستاوە و سەرەڕای گەمارۆ خستنە سەر سەنعەتی پێترۆشیمی و دوایین تاوتوێی گەمارۆ خستنە سەر کەرتی وزەی ئێران و تەحریمی نەوتی ئەو وڵاتە وای کردوە کە زۆربەی چاوەدێرانی سیاسی پێیان وابێ ساڵی ٢٠١٢ی زایینی ساڵی یەکلابوونەوەی چارەنووسی رێژیمی ئێران بە مان و نەمان، یان جۆری ئەو مان و نەمانە بێ، بە تایبەت کە لە دوایین رۆژی ساڵی ٢٠١١ دا بە ئیمزا کردنی گەمارۆ خستنە سەر بانکی ناوەندیی ئێران لە لایەن ئۆمابا، سەرۆک کۆماری ئامریکاوە، شیکەرەوە سیاسییەکان ئەو بابەتە بە لێدان لە شادەماری ئابووریی ئێران دەزانن کە لە ساڵی ٢٠١٢ دا ئاکام و کاریگەرییەکانی زیاتر دەردەکەون.

لە ساڵی ٢٠١١ی زایینیدا لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی درێتر لە جاران پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێرانی درێژە پێدا، بۆ خۆیشی لەو بوارەدا زۆرترین فشاری خرایە سەر.

ئێران لەو ساڵەیشدا بە جێبەجێ کردنی لانیکەم ٦٥٠ حوکمی ئێعدام ، بەپێی حەشیمەتەکەی یەکەمین وڵاتی دنیا بۆ جێبەجێ کردنی حوکمی ئێعدام بوو. بە ٤٣ رۆژنامەنووسی زیندانی، یەکەمین وڵات لە دنیا لە رووی زۆرترین رۆژنامەنووسانی بەندکراو و هەروەها یەکەمین وڵات لە ئاستی دنیا وەک دوژمنی ئازادییە مەدەنی و

کۆمەڵایەتییەکان بوو. هەر ئەوانەو هەوڵی چالاکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بوونە هۆی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی لەو بوارەشدا لەگەڵ ئیرادەی کۆمەڵگای جیهانی بەرەوڕوو بێتەوە. شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بە دیاری کردنی ئەحمەد شەهید، وەک ڕاپۆرتنێری تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران زەبرێکی دیکەی لە دەزگای دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامی دا.

بەردەوامیی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە لایەن ڕێژیم و ئاکامی چالاکیی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرتەکانی ئەحمەد شەهید بوونە هۆی پەسند کردنی بڕیارنامەی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دژی ئێران لە مانگی دێسامبر دا. ڕەنگبێ گرینگترین خاڵی ئەو بڕیارنامەیە دژی ئێران لەوە دابێ کە ئەو بڕیارنامە بە ٨٦ دەنگی بەڵێ و پتر لە ٦٠ دەنگی بێ لایەن و بە کەمترین دەنگی دژ، واتە بە کۆدەنگیی بەرچاوی وڵاتانی جیهان لە دژی ئێران پەسند کرا.

بەڵام هیچ کام لەوانە بە قەد بڕیاری وەزیری دادی ئامریکا بە تاوانبارکردنی ئێران بە دەست تێداهەبوونی لە داڕشتنی پیلانی تێرۆری باڵوێزی عەڕەبستان لە ئامریکا پێگەی ڕێژیمی لە دنیای دەرەوە نەخستە لەرزە.

ئەو پەروەندەیە چووە شوورای ئەمنیەت و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیارنامەیەک بە پشتیوانیی ١٠٠ وڵاتی ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە، ئەو کردەوەیەی کۆماری ئیسلامیی مەحکووم کرد و بەوە دەستی ئامریکا ئاوەڵا بوو تا بە دڵنیایی زیاترەوە بەرەنگاری ئێران بێتەوە.

باراک ئۆباما ڕایگەیاند کە ئەو پەروەندەیە بە کراوەیی دێڵێتەوە و ڕێژیمی ئێران دەبێ تێچووی ئەو دەستدرێژییەی بدا و بۆ ئەو مەبەستەش هیچ بەربژێرێک و یەک لەوان بەربژێری نیزامییش لە دژی ئێران وەلا نانرێ.

دیارە بابەتی پەلاماری نیزامی دژی ئێران لە ساڵی ٢٠١١ دا چەند جار لە میدیاکاندا ڕەنگی دایەوە و دوای ڕووخانی ڕێژیمی موعەممەر قەزافی لە لیبی و لە وتووێژێکی تەلەڤزیۆنیدا هیلاری کلینتۆن، وەزیری دەرەوەی ئامریکا ڕایگەیاند کە لە لیبی ڕێبەری دژبەرانی قەزافی داوای پشتیوانیی نێودەوڵەتیان کرد و ئامریکاش پشتیوانی لەو داوایە کرد و قەزافی ڕووخا، بەڵام لە ئێران و لە دوای سەرهەڵدانەکانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریدا نەیارانی دەوڵەت ئاوها داوایەکیان نەکرد. ئەو لێدوانەی کلینتۆن دوایە ئاوا لێک درایەوە کە کە ئەگەر ئێرانییەکان بیانەوێ، ئامریکا و هاوپەیمانانی بەرەپیلی وەها داوایەک دەچن.

مانۆڕی ١٠ رۆژەی ئێران لە تەنگەی هۆرمۆز و دەریای عەممان و هەڕەشەی کاربەدەستانی ئێران لەبابەت داخستنی تەنگەی هۆرموز لە ئەگەری تەحریمی نەوتی ئەو وڵاتەدا و، دژکردەوەی ئامریکا بە تایبەت ناوگانی پێنجەمی ئەو وڵاتە جارێکی دیکەش ئەو بۆچوونەیان لە سەر پێ راگرت کە ئەگەر سەرکێشییەکانی ئێران لەگەڵ بەرژەوەندییە باڵاکانی ئامریکا و کۆمەڵگای جیهانی تێک گیرێن، ئەوا دەکارهێنانی بەربژێری پەلاماری نیزامی دژی ئێران مسۆگەرە.

بەهاری عەرەبی و رووداوە کتوپڕ و خوێناوییەکانی و سەرهەڵدان لە وڵاتانی عەرەبییش نەیتوانی ئەو ئاکام و دەسکەوتەی بۆ رێژیم هەبێ کە کیسەی بۆ هەڵ دوریبوو. راستە کە ئەو رووداوانە بۆ ماوەی زیاتر لە چەند مانگ سەرنجی دنیای لە سەر ئێران و کێشەی ئەتومی و مافی مرۆڤ و سەرکێشییەکانی کۆماری ئیسلامی راماڵی، بەڵام دوابەدوای رووخانی قەزافی و پەرەسەندنی قەیرانەکان لە سووریە (وەک هاوپەیمانی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی) سەرنجی کۆمەڵگای جیهانی لە سەر ململانێکانیان لەگەڵ ئێران چڕ بوونەوە.

رووداوەکانی بەهاری عەرەبی لە ساڵی ٢٠١١ دا و پێوەندییان بە ئێرانەوە لە گۆشەنیگایەکی دیکەشەوە جێی وردبوونەوەیە. ئێران کە ئەو راپەڕینانەی بە راسانی ئیسلامی پێناسە دەکرد، کەمترین دەسکەوتی لەو رووداوانە پێ برا و ئەو راپەڕین و ئاڵوگۆڕانە لەگەڵ ئەوەی بەشداریی ئیسلامییەکان و حزوورو رۆڵی ئەوانی لە رووداوە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانەدا تۆختر کردەوە، بەڵام کۆماری ئیسلامی لەو نێوەدا نەک هیچی پێ نەبڕا، بەڵکوو دەستێوەردان لە رووداوەکانی هیندێک لە وڵاتانی وەک سووریە، یەمەن و بەحرەیندا پێچەوانەی لێکدانەوەکانی رێبەرانی رێژیم بە زیانی خۆی شکایەوە و ئێستا کۆماری ئیسلامی پتر لە هەر کاتێک لە مێژووی ٣٣ ساڵەی خۆیدا تەریک و گۆشەگیر کەوتۆتەوە.

ئێستا کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا پێی ناوەتە ساڵی ٢٠١٢ کە هەموو پەروەندەی ناکۆکی و سەرکێشییەکانی لە گەڵ کۆمەڵگای جیهانی بە بارقورسیی زیاترەوە ئاوەڵایە و بە سەرنجدان بو رووداو و پێشهاتەکان پێشبینیی ئەوەش دەکرێ کە ساڵی ٢٠١١ ، ساڵی یەکلاکەرەوەی کێشەی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی بێ.

## ئەو حەوت دیکتاتۆڕەی پێیان لە لێوی گۆڕە

ساڵی ٢٠١١ی زایینی، ساڵی رووخان و لەبەر یەک هەڵوەشانی دەسەڵاتی کۆمەڵە دیکتاتۆرێک لە وڵاتانی عەرەبی وەک زەینەلعابدین بن عەلی لە تونێس، حوسنی موبارەک لە میسر، قەزافی لە لیبی و عەلی عەبدوڵا ساڵح لە یەمەن بوو، بەڵام ئێستاش کۆمەڵە دیکتاتۆرێکی دیکە هەن لە جیهاندا کە هەروا درێژە بە سەرەڕۆیی و دەسەڵاتی رەها و خۆویستانەی خۆیان دەدەن. رۆژنامەی "تایمز"ی ئاڵمان باسی لە ٧ دیکتاتۆڕی دیکەی دنیا کردوە و پێی وایە کە ساڵی ٢٠١٢، دەکرێ ساڵی رووخان و هەرەسهێنانی دەسەڵاتی دیکتاتۆڕێی ئەو ٧ کەسە بێ:

**بەشار ئەسەد، کوڕە حەڵاڵزادەکەی باوکی**

**یەکەمین دیکتاتۆڕ کە رۆژنامەی تایمز پێی وایە دەبێ بڕوا، بەشار ئەسەدە کە دیکتاتۆرییەکەی لە باوکییەوە بۆ بە میرات ماوە.**

١١ ساڵ لەوە پێش بەشار ئەسەد وەک سەرکۆمار جێی باوکی کۆچکردووی گرتەوە. حافز ئەسەدی باوکی بەشار ئەسەد رێبەرێکی زۆردار و دیکتاتۆڕێکی دڵڕەق بوو. هەر بۆیە تا ماوەیەکی زۆر وا دەهاتە بەرچاوکە بەشار ئەسەد زۆر لە باوکە دیکتاتۆڕەکەی نەرم و نیانترە و میراتگرێکی باش بۆ باوکی نابێ. حافز ئەسەد ساڵی ٣٦١١ی هەتاوی لە سەرکوتی خوێناویی " ئیخوانولموسلیمین" ەکان لە شاری "حیما" دا بڕیارە رەشەکوژیی ٥ تا ١٠ هەزار کەسی دا و ئێستاش کوڕە شتک پۆش و خوێندەوار و مافناسەکەی تەنیا لە ماوەی ٩ مانگی رابردوودا زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس لە خەڵکی وڵاتەکەی کوشتوە.

رۆژنامەی تایمز نوسیویەتی کە ئەگەر بەشار ئەسەد لە ئێستادا مافی پارێزراویی خۆی بەکار نەهێنی و ئەگەر لە ئێستادا بە شێوەی ئاشتییانە لە دەسەڵات نەکشێتەوە، ئەگەر لە سووریەش تووشی چارەنووسەکەی قەزافی نەبێ، بێ گومان لە دادگای نێودەوڵەتیی " لاهەدا" دا خۆی دەبینێتەوە.

**عەلی خامنەیی، دیکتاتۆڕی ئایینی ئێران**

تایمزی ئاڵمان نوسیویەتی کە زۆر کەس پێیان وایە کە مەحموودی ئەحمەدی نژاد هۆکار و سەرچاوەی هەموو کێشە و نەگبەتییەکانی ئێرانە، بەڵام دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ کە لە ئێران خەتی خوار لە بن سەری گای پیر دایە و ئەوە عەلی خامنەییە کە دوا بڕیار و هەمەکارەی ئێرانە.

ئەوە خامنەییە کە بڕیار دەدا بۆمبی ئەتومی دروست بکرێ، هێرش بکرێتە سەر ئیسرائیل و لە دژی ئامریکا راست بێتەوە. ئەوە کە ڕێی داوە دەست و پێوەندییەکانی لە ناوەندە ئەمنیەتی و بەناو قەزاییەکاندا دژبەران و رەخنەگران دەسبەسەر بکرێن، ئەشکەنجە بدرێن و حوکمی ئێعدامیان بە سەردا بسەپێندری و شوێن بزر بکرێن. ئەوە کە دژی گۆورانی هەر چەشنە چاکسازییەک لە ئێرانە و بەرهەڵستی دەبێتەوە.

### کیم جونگ ئون، ڕێبەری لاوی کۆرەی باکوور

لەبارەی ڕێبەری نوێی کۆرەی باکوور کە جێی رەحمەتیی باوکە دیکتاتۆرەکەی گرتۆتەوە نەقڵ و نەزیلە و مەتەڵ زۆرن، بۆ نموونە کەس نازانێ چەند ساڵێتی.

کیم جونگ ئون ڕێبەریی وڵاتێکی تا بڵێی هەژار و، تا بڵێی کۆک و پۆشتەی نیزامی و چەکداری وەئەستۆ گرتوە. رۆژنامەی تایمزی ئاڵمان دەڵێ کە حەشیمەتی ٢٤ میلیۆن کەسیی کۆرەی باکوور تا بڵێی کێشەو گرفتیان هەیە. خەڵکی ئەو وڵاتە بۆ رزگار بوون لە برسێتی چاویان لە رەحمەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیبوو، کەچی باوکی جونگ ئون هەڕەشەی دەکوژم، دەبڕمی لە هەموو دنیا دەکرد.

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی دەڵێ کە لانیکەم ٢٠٠ هەزار زیندانیی سیاسی لە کۆرەی باکوور لە ئۆردووگا زۆرەملییەکان دەسبەسەرن کە کەس دەستیان وێ راناگا. ئەو رۆژنامەیە نوسیویەتی کە ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە کۆمەڵگای جیهانی بۆ بەرگری لە خەڵکی غەیرە نیزامی و سڤیلی ئەو وڵاتە بە هانایەوە بێ و ئەرکی خۆی بە جێ بگەیەنێ؟

### لوکاشنکۆ، ڕێبەری گرژ و مۆنی ساوخوزەکان

کۆندالیزا رایس، وەزیری دەرەوەی پێشووی ئامریکا جارێکیان " ئەلکساندێر لوکشانکۆ" ی وەک "دوایەمین دیکتاتۆری

ئورووپا" ناوبردبوو. بەڵام کەسایەتی و کارنامەی سەرۆک کۆماری بلاروس بەبێ ئەو ئاماژەیەی کۆندالیزا رایسیش روون و بەرچاوە. ناوبراو بڕیاردەری سەرکوتی بە هەزاران خۆپیشاندەری ناڕازی بە ئاکامی هەڵبژاردنەکان و خستنە بەندیخانەی سەدان کەس لە نەیارانی سیاسیی خۆیەتی کە بە گاڵتە و بە ناشیرینیی تەواوەوە بە هێلکەی بۆگەنیویان ناو دەبا.

**لوکاشانکۆ پیشتر رێبەری ساوخوز، واتە تەعاونییەکانی وەرزیڕی بوو.**

روسیەی سپی کە بە بلاروس دەناسرێ، وڵاتێک بە ژێرخانی ئابووریی پێشکەوتوویە، بەڵام گەندەڵییەکانی لوکاشانکۆ ئەو وڵاتەی لە ەر یەک هەڵ تەکاندوە. نرخی هەڵاوسانی ئابووری لە بلاروس لە ساڵی ٢٠١١ لە سەدا ١٠٠ یش تێپەڕی، قەرزە بیانییەکان سنووری خۆیان تێپەڕاند و دەیان هەزار کەس لە خەڵکی ئەو وڵاتە لە رووی ناچاری و لە پێناو دەسخستنی کار دا روویان لە ئۆکراین و رووسیە کردوە.

تایمزی ئاڵمان نوسیویەتی کە لۆکاشنکۆ لەوانەیە ئیستاش بە مانەوەی لە دەسەڵاتدا سەرخۆش بێ، بەڵام ئەو جێژن و سەرخۆشییە تا ئەو کاتەیە کە ئەو نیزامەی پشتی پێی بەستوە نەرووخابێ.

**موگابە، دیکتاتۆڕی رەشپێستی رەگەزپەرست**

بریتانیاییەکان کاتی خۆی رابێرت موگابە،سەرۆک کۆماری زیمبابوە یان بە هۆی سەرکوتی خوێناویی وەزرێرە سپی پێستەکانی وڵاتەکەی بە هیتلێر ناو دەبرد. بەڵام موگابە نەک ئەو بەیەک گرتنەی بە سووکایەتی نەدەزانی، بەڵکوو دەیگوت کە هیتلێر تەنیا عەوداڵی یەکسانی و دادپەروەری بۆ خەڵکی وڵاتەکەی بووە و خۆزگە ئەمن بە دەیان جار هیتلێر دەبووم.

**موگابە هەموو رەخنەگرانی خۆی بە " ئیمپڕیالیستی سپی" و خۆی بە رزگاریدەری گەلی زیمبابوە دادەنێ.**

تایمزی ماڵیی ئاڵمان دەڵێ کە موگابە هەر زۆر زوو روخساری راستەقینەی خۆی دەرخست و هەموو رکەبەرە سیاسییەکانی خۆی دانە بە دانە لە سەر رێ لا برد و تەنانەت هەڕەشەی رەشەکوژیی بە کۆمەڵی لە دژبەرانی خۆی کرد. ئەو دیکتاتۆڕە بە تەمەنی ٨٧ ساڵی و بە نەخۆشی هەروا لە سەر کورسیی دەسەڵاتە و بەو حاڵەش خەڵکی

وڵاتەكەی زاتی ڕاپەڕین دژی ئەویان نیە و چاوەڕێن كە موگابە بە مردنی سروشتی لە كۆڵ ئەوان و وڵاتی زیمبابوە بێتەوە.

## نەزەربایۆڤ، ملهوڕ و سەرەڕۆەكەی قەزاقستان

تا ماوەیەكی زۆر ئامریكا و وڵاتانی ئورووپایی پێیان وابوو كە نوور سوڵتان نەزەربایۆڤ، كەسێك نیە كە دژی دانوستان و وتووێژ بێ و دەكرێ لە گەڵی پێک بێن. ئەوان پێیان وابوو كە سەرۆك كۆماری قەزاقستان دیكتاتۆرێكی میانەڕەوە.

قەزاقستان لە ساڵی ٢٠١٠ ی زایینیدا سەرۆكایەتیی " ڕێكخراوی ئەمنیەت و هاوكاریی ئورووپا"ی گرتە دەست و ئەوە چاوەدێرانی ڕۆژئاوای بەوە گەشبین كرد كە ئەو وڵاتە خەریكە لە بایەخەكانی ڕۆژئاوا نیزیكتر دەبێتەوە، بەڵام ئەو گەشبینییە لە خۆڕا بوو. نەزەربایۆڤ لە هەڵبژاردنەكانی سەرۆك كۆماریی ٢٠١١ دا دیسانەكەش خۆی وەك سەرۆك كۆماری وڵاتەكەی هەڵ بژاردەوە و لە مانگی دێسامبری ئەوساڵیشدا بە توندی خۆپیشاندانەكەی كرێكارانی كەرتی نەوت لە ڕۆژئاوای قەزاقستانی سەركوت كرد. لەو خۆپیشاندانەدا كە بۆ بردنە سەرێی ئاستی حەقدەستەكان وەری خرابوو، لانیكەم ١٦ كەس كوژران. تایزی ماڵیی ئاڵمان دەڵێ كە لەوانەیە ساڵی ٢٠١٢ دوایین ساڵی تەمەنی دەسەڵاتدارەتیی نەزەربایۆڤ بێ.

## "عومەر ئەلبەشیر" ی تۆمەتبار بە جینایەت دژی مرۆڤایەتی

عومەر ئەلبەشیر یەكەمین سەرۆك كۆماری دنیایە كە لە كاتی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا لە لایەن دادگای سزادانی لاهە وە بە تاوانی ژێنۆسایدی دژبەرانی لە دارفوور تاوانبار بە جینایەت دژی مرۆڤایەتی كراوە. لە دارفوور كە زۆربەی خەڵكەكەی هەر وەك عومەر ئەلبەشیر و لایەنگرانی موسوڵمانن، بە بڕیاری ناوبراو سەدان هەزار كەس لە شەڕە نێوخۆیی و نێوان هۆزەكان لە گەڵ یەكتردا گیانیان لە دەست داوە.

حوكمی گرتن و دەسبەسەر كرانی ناوبراو لە لایەن دادگای لاهەوە بۆتە هۆی ئەوەی ناوبراو لە سەردانی زۆر شوێنی بێبەش و دواكەوتووی وڵاتەكەی خۆی ببوێرێ و دەركی سەفەر بۆ وڵاتانی بە رووددا داخراوە و لانیكەم ١٠٠ وڵاتی دنیا ئامادەن هەر كە دەستیان وێی رابگا، قۆڵبەستی بكەن و رادەستی دادگای لاهەی بكەن.

تـایمزی مـاڵیی ئاڵمـان نووسیویەتی کـە وڵاتـانی دراوسیی ئـەو وەک "کنیـا" و" چـاد" زاتـی گـرتن و رادەستکردنی ناوبراویان نیە، بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە کەرۆژێکیان فڕۆکەکەی عومەرئەلبەشیر لە رێی وڵاتـی چین، دۆست و هاوپەیمانی گیانی گیانیی خۆی بۆ لێدانی بێنزین یان بەهۆی کێشەی تیکنیکی بە ناچاری لە وڵاتێکی دیکە بنیشێ و ئیدی لەو کاتەدا دەبێ بلێین کە تەمەنی زۆرداری و دەسەڵاتدارەتیی ناوبراو کۆتایی پێ هاتوە.

سەرچاوە: تایمزی ئاڵمان

رێکەوت: بەفرانباری ١٣٩٠ - دێسەمبەری ٢٠١١

## بابەتەکانی: ساڵی ٢٠١٢

-------------------------------------------------------------------

### پەرەسەندنی فرۆشی ئەندامانی لەش لە ئێران لە نێوان باش یان نەباش بوونی ئەو دیاردەیەدا

فرۆشی ئەندامانی لەش لە ئێران ئێستا ئیدی بازرگانییەکی چەور و پڕ داهات و گەرموگوڕە و هەموو تایبەتمەندییەکانی بازاڕێکی راستەقینەی لە کڕیار، فرۆشیار، دەلاڵ، بازاڕیاب و ریکلامی هەیە. لەو بازاڕەدا ئەو بەشانەی ئەندامی لەش کە هەڵگرتنیان نابێتە هۆی مردنی فرۆشیار، وەک گورچیلە، جەرگ و تەنانەت چاو دەکردرێ ودەفرۆشرێ.

پرسیار ئەوەیە ئەو بازاڕە لە ئیستای ئابووریی ئێراندا کەوتۆتە چ بارودۆخێکەوە؟ هۆ یان خۆ هۆکارەکانی گەرموگوڕیی ئەو بازاڕە چین؟ و هەر لە جێدا ئاخۆ کڕین و فرۆشتنی ئەندامانی لەش هەر لە جێدا چەندە عەقڵانی، ئەخلاقی و قانوونی ڕێگە پێدراوە؟

تێچووی کڕینی هەر گورچیلەیەک لە ئێران لە نێوان ٧ تا ١٢٠ میلیۆن تمەنە و بەپێی ڕێککەوتنی کڕیار و فرۆشیار و پیری و لاویی گەرچیلەکە کەم و زۆر دەکرێ.

لە ئێراندا کڕین و فرۆشتنی گورچیلە کارێکی ناقانوونی نیە و تەنانەت لە رۆژنامەکانیشدا قورسایی ریکلامەکان لە سەر ئەو دیاردەیە کۆبوتەوە.

مستەفا قاسمی، بەرپرسی ئەنجومەنی خێرخوازیی پشتگیری لە نەخۆشینەکانی گورچیلە دەڵێ کە لە ساڵی رابردوو ٢٢٨٥ عەمەلی پەیوەندی گورچیلە لە ئێران کراون کە ١٦٩٠ حاڵەتی ئەو پەیوەندانە نەک خۆبەخشانە، بەڵکوو بە ڕێککەوتن و سازانی نێوان کڕیار و فرۆشیارەکان و لە بری وەرگرتنی پووڵ بۆ فرۆشیار بووە.

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە لە سێ جۆری پەیوەندی گورچیلە، واتە خۆبەخشانە و بێ وەرگرتنی بەرامبەر، یان دوای مردنی مەغزی و هەروەها کڕینی بە پووڵ، جۆری سێهەمەکەی واتە کڕین و فرۆشتنی لە بڕی وەرگرتنی پووڵ لە ئێراندا باوە؟

هۆکارەکانی ئەوەی کە لە ئێران پێچەوانەی زۆربەی وڵاتان پێدانی گورچیلە نە نەخۆش نەک خۆبەخشانە بەڵکوو بە پووڵە سێ شتن:

١- کەسادی و بێ ڕەونەقیی چالاکییە خۆبەخشانەکان

مەترسیی مردن لە کاتی بەخشین پەیوەندی گورچیلە لە وڵاتانی پیشکەوتووی دنیا بۆ وێنە ئامریکا بە یەکجاری رەویوەتەوە وتەنانەت لە وڵاتانی روو لە گەشەشدا ئەو ڕێژەیە یەک لە سێ هەزارە. جیا لەوەش دەرکەوتوە کە بەخشینی گورچیلە بە کەسێکی نەخۆش ئەوەندەش مەترسیدار نیە و بەردەوامیی ژیان بۆ کەسی خۆبەخش وەک جاران ئاساییە. بەهێزبوونی چالاکیی ناوەندە مەدەنی و ڕێکخراوەکانیش بۆ جێخستنی ئەو کلتوورە پێشکەوتنی بەرچاوی لەو وڵاتانەدا بە خۆیەوە بینیوە. بەڵام لە ئێران بە پێچەوانە کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەکان لە ژێر فشاری دەوڵەت و ناوەندە ئەمنیەتی و شێوە نیزامییەکان بڕستیان لێ بڕاوە و جیا لەوەش لە نێو زۆربەی هەرە زۆری چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا بەرژەوەندی و تەماحی ماددی تا ئاستێکی زۆر بە سەر بایەخە مرۆییەکاندا زاڵ بووە.

٢- خەمساردیی کلتووری ئایینی بە گرینگیی بایەخی ژیان و پاراستنی گیانی کەسانێکی دی

زۆربەی خەڵکی ئێران ئیماندار و موسوڵمانن، بەڵام باس کردن لە بایەخی رزگارکردنی گیانی کەسانی دیکە لە گوتاری ئایینیدا رەنگی نەداوەتەوە.

بەروارد‌ێکی ئاماری وەسیەت و هەوڵە خۆبەخشانەکان بۆ بەخشینی ئەندامانی لەش لە کاتی تەسادوف و مەرگی مەغزی لە نێوان ئێران و ئامریکا دەری دەخا کە لە ئامریکا لە ٣٤٠٠٠ کەسی چاوەڕوان بۆ وەرگرتنی گورچیلە لە ساڵی ٢٠١٠ پتر لە ١٧٠٠٠ کەس لەوان بە شێوەی خۆبەخشانە گورچیلەیان پێ دراوە، بەڵام لە ئێران زۆربەی هەرە زۆری پێوەندەکانی گورچیلە لە سەر بنەمای کڕین و فرۆشتنە.

٣- لاوازیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە ئێران

جیا لە دەوڵەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بنەماڵەکانیش دەتوانن بە هانای ئەو کەسانەوە بچن کە کێشەی لە دەستدانی گورچیلەکانیان هەیە. بەڵام بە هۆی ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی خێزانی لە ئێراندا و چوکبوونەوەی بنەماڵەکان، پشتیوانی و بەهاناوەچوون و یارمەتییە بنەماڵەییەکان لەلایەن ئامۆزاکان، خاڵۆزا و پوورزاکان و کەسانی پلەچەندەم لە پێوەندییە خێزانییەکاندا بە تایبەت لە کۆمەڵگای شاریدا بە توندی لە کەمی داوە. جیا لەوەش بە هۆی تێکڕمان و لاوازیی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران کە زۆر کەس ناوی هەرەسهێنانی پێکهاتەی خێزانی یان فەوتانی ئەخلاقی لە سەر دادەنێن، یارمەتیدانی خێرخوازانە وەهەوڵە خۆبەخشانەکان بە تەواوی لە کەمی داوە.

بەڵام لە بارەی لایەنە ئەخلاقی و قانونییەکانی کڕین و فرۆشتنی ئەندامانی لەش بیرو بۆچوونی جیاواز و تەنانەت دژ بە یەک هەیە:

لە نەبوونی بەخشینی خۆبەخشانە، بێکاری و هەژاری و فشارە کۆمەڵایەتییەکانی سەرچاوەگرتوو لە کۆمەڵێک چاوەڕوانییەکانی وەک دابینکردنی "گیازی" بۆ کچاندا و، نەبوونی پشتگیرییە کۆمەڵایەتییەکان و جاری وایە دانەوەی قەرزەکانی بانک یان نزوول خۆرەکان پەرەی بە فرۆشتنی ئەندامانی لەش بە تایبەت گورچیلە لە ئێران داوە. لەو بارودۆخە شپرێوە ئابورییەدا کەسانی داماو و هیوابڕاو و خاوەن ئابڕوو هیچ ڕێیەکی دیکەیان جیا لە فرۆشتنی ئەندامانی لەش بۆ نامێنێتەوە.

لایەنگرانی ڕێگەپێدان بە کڕین و فرۆشتنی ئەندامانی لەش لەسەر ئەو باوەڕەن کە

ڕزگار کردنی گیانی مرۆڤەکان چ فەقیر و دەوڵەمەند لە سەرووی هەموو ئەو پاساوانە دادەنرێ کە باس لە ئەخلاقی بوون یان نا ئەخلاقی بوونی ئەندامانی لەش دەکەن و ڕزگار کردنی گیان مرۆڤ هیچ پێوەندییەکی بە فەقیری و دەوڵەمەندی نەداوە و دەبێ پێشوازی لە هەر چەشنە هەوڵێکی لەو بابەتە بکرێ.

ئەوان هەروەها دەڵێن کە ڕێگری کردن لە کڕین و فرۆشتن بازاڕی ڕەشی ئەو دیاردەیە لە ئێراندا دروست دەکا و، وا دەکا کە کەسانی هەژار و دەسکورت زیاتر لە کەسانی دەوڵەمەند دەستیان ببەسترێ. چونکی کەسانی دەوڵەمەند

دەتوانن بە پێشنیاری پووڵی زیاتر دەرفەتی کڕین لە کەسانی هەژار و دەسکورت بستێننەوە.

لایەنگرانی ڕێگەپێدان بە کڕین و فرۆشتنی گورچیلە تەنانەت لە سەر ئەو باوەڕەن کە دەکرێ ڕێکخراوێکی نادەوڵەتی یان دەوڵەتی کاری کڕین و پێدانی گورچیلەکان ڕێک بخا، بۆ ئەوەی هەم دەستی دەڵاڵەکان لەو بازارە کورت بێتەوە و هەمیش کڕیار و فرۆشیارەکات گورچیلە لەلای یەکتر نەناسراو دەمیننەوە.

بەڵام لایەنگرانی ڕێگەپێنەدان بە کڕین و فرۆشتنی گورچیلە وێڕای ڕەت کردنەوی ئەو ئیستدلالانە دەڵێن کە ئەگەر ئەو کارە ڕێگە پێدراو بێ، دەوڵەمەندەکان دەتوانن بە پووڵ و پلە کەسانی دەسکورت و فەقیر زیاتر بۆ لای فرۆشتنی ئەندامانی لەشیان هان بدەن.

ئەوان هەروەها دەڵێن کە ئەندامانی لەشی مرۆڤ نابێ بکرێتە کاڵا و، بۆ کڕین و فرۆشتن دابندرێ، چونکی ئەو کارە نە لە ڕووی بەها ئەخلاقییەکانەوە دروستە و نە لەگەڵ کەرامەت و عیززەتی مرۆڤایەتی دێتەوە.

سەرچاوە: دەنگی ئاڵمان

---

## گەمارۆکانی ئەجارە بە زیانی سپای پاسدارانە یان بە قازانجی؟؟؟

گەمارۆ نوێیەکانی یەکیەتیی ئورووپا دژی ئێران ڕاگەیەندرا و لەو دەورەشدا چەند شیرکەت و کاربەدەستی سپا کەوتنە لیستی ڕەشی تەحریمەکانی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە.

سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو نەهادە بەهێزانەی کۆماری ئیسلامی بوو کە لەگەڵ پەرەسەندنی گەمارۆکان دژی ئێران لە مەیدانی ئابووریی ئێراندا زیاتر خۆی دەرخست و تا ئەو جێیەی کە بەپێی قسەی زۆرێک لە کارناسەکان، تەحریمەکانی چەند ساڵی ڕابردوو سپای پاسدارانی کردۆتە ئەکتەری سەرەکیی ئابووریی ئێران. پرسیار ئەوەیە کە ئایا تەحریمە نوێیەکانی کۆمەڵگای جیهانی کاریگەریی لە سەر چالاکیی سپای پاسداران، وەک

گەورەترین ناوەندی سیاسی و ئەمنیەتی و هەروەها دێوزمەی ئابووریی ئێران دادەنێ، یان دیسان هەر بە قازانجی سپای پاسداران دەشکێتەوە.

سپای پاسداران کە دوای شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێران و عێڕاق سەرەتا لە بواری نیزامی و لۆجستیکییەوە خۆی نۆژەن و پڕچەک کردەوە و توانا نیزامییەکانی بەرۆژ کردەوە، چی وای نەبرد کە رووی کردە پڕۆژە ئابوورییەکان و بە ئیمکاناتی بەربلاوی خۆی و ئاسانکارییەکانی دەوڵەت لە زۆر پرۆژەی وەک لێدانی رێگا و بان دەستی پێ کرد و وای کرد کە زۆربەی نیزیک بە تەواوی پڕۆژەکانی لێدانی بەنداو و پرد و لوولە گازەکانی ولاتی پاوانی خۆی کرد.

قەرارگای خاتەمولئەنبیای سپای پاسداران بە فەرماندەیی رۆستەم قاسمی کە مەهەندسیی زۆربەی شەڕەکانی سپای پاسدارانی لەگەڵ عێڕاق کردبوو، بە پشتیوانیی ئەو رابردووە و بە یارمەتییەکانی دەوڵەت دەروازەی چالاکییەکانی سپای پاسداران بە ڕووی کەرتی نەوت و گازی ئێران کردەوە و کار گەیشتە جێیەک کە ساڵ و نیوێک لەوە پێش دوای پەرە سەندنی گەمارۆ جیهانییەکان دژی ئێران و کشانەوەی کۆمپانیا بەناوبانگە جیهانییەکان لە ئێران، پەرەپێدانی ٦ فازی حەوزەی پارسی جنووبی لە نەبوونی ئەو شیرکەتانەدا بە بڕی ٢١٠٠٠ میلیارد تمەن بە قەرارگای خاتەمولئەنبیای سپای پاسداران سپێردرا، گرێبەستێک کە سپای پاسدارانی لە ئەکتەریکی گرینگی ئابووریی ئێران کردە دێوزمەی ئابووریی ئەو ولاتە.

بەشێک لە کارناسانی ئابووری پێیان وایە کە گەمارۆکانی سەر ئێران بە قازانجی سپای پاسداران کشاوەتەوە و لەو نێوەدا سپا بە هۆی کشانەوەی رکەبەرەکانی قازانجی کردوە و براوەی گۆڕەپان بووە، بەلام زۆربەی کارناسانی دیکەش پێیان وابوو کە سپا هەروای بۆ ناچێتە سەر و ئەگەرچی تەحریمەکان لە کورت ماوەدا بە قازانجی سپا بووە و دەستی سپای لە سەنعەت و بەشی وزەی ئێراندا ئاوەلاتر کردوە، بەلام لە درێژخایەندا سپای پاسداران نە زانست و نە تێکنۆلۆژیی رۆژ و پێویستی بۆ مودیرییەتی بەشی وزە و نەوت و گازی ئێران نابێ و دۆش دادەمێنێ. چونکی پەرەپێدانی کەرتی وزەی ئێران پێویستیی بە تێکنۆلۆژیی زۆر پێشکەوتوو هەیە کە تەنیا لەبەردەستی ولاتانی رۆژئاوایی دایە و ئەگەر سپا دەستی بەو تێکنۆلۆژییانە رانەگا، سەنعەتی نەوت و گازی ئێرانیش لە جێی خۆیاندا دەمێننەوە و دوا دەکەون.

ئێستا و بەپێی ئەو تەحریمانە دەست رانەگەیشتنی سپای پاسداران بەو تێکنۆلۆژییانە لە لایەک و هاوکاری نەکردنی شیرکەتە راوێژکارە نێودەوڵەتییەکان لە لایەکی دیکە بۆتە هۆی ئەوەی بەرنامەکانی خاتەمولئەنبیا بە

باشی نەچنە پێشێ.

سپا وادەی ئەوەی دابوو کە لە ماوەی ٣ ساڵدا وەبەرهێنانی پرۆژەکانی پارسی جنووبی بە کۆتایی بگەیەنێ، بەڵام دوای ساڵ و نیوێک ئەوەی دەبیندرێ ئەوەیە کە نەک پێشکەوتنێکی ئەوتۆ لەو بوارەدا نەبیندراوە، بەڵکوو زۆر پرۆژەی هاوتەریب و پشتیوانی ئەو پرۆژانە بە کردەوە وەستاون و وازیان لێ هێناون.

گەمارۆکانی ئەو جارەی یەکیەتیی ئورووپاش ئەوندەی دیکەی تەنگ بە سپای پاسداران هەڵ چنی. ئێستا ئیدی ئێران دەزانێ کە لە شەش مانگی دیکەوە نیزیکەی یەک لە پێنجی داهاتی فرۆشی نەوتی خۆی لە دەست دەدا و جیا لەوەش گواستنەوەی پووڵی فرۆشی نەوت بە کڕیارەکانی دیکەشی ئەوەندەی دیکە بۆ دژوار بووە.

سپای پاسداران ئێستا زیاتر لە هەر کاتێک کاریگەریی گەمارۆکان لە سەر خۆی هەست پێ دەکا. ئەو دێوزمەیەی کە لە نەبوونی کۆمپانیا و رکەبەرە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا دابینابوو کە ببێتە قارەمانی ئابووریی ئێران، ئێستا مات و پەشێو چاوەڕوانی رۆژانی سەختی داهاتوو دەکا.

سەرچاوە: بی بی بی

## ژنان و پرسی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە ئێران

پێکهاتەی ئەندامانی ٨ خولی مەجلیسی ئێران پێمان دەڵێن کە ئەو مەجلیسە کە بە ماڵی میللەت ناو دەبرێ، پێکهاتەیەکی پیاوانەی هەیە.
لە ئێستاشدا کە زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس خۆیان بۆ کاندیداتۆریی مەجلیس پاڵاوتوە، تەنیا ٣٩٠ ژن لە هەموو ئێراندا هاتوونەتە مەیدان و ئامادەیی خۆیان بۆ ململانێی هەڵبژاردنەکان راگەیاندوە.

خۆپالاوتنی ئەو جارەی ژنان بۆ پالدانەوە لە کورسیی نوێنەرایەتیی مەجلیس لە چاو دەوری هەشتەم سەدا ٣٣ لە کەمی داوە و هەر بەو پێیەش دەبێ چاوەڕوانین بین کە ئەو جارەیان پشکی ژنان لە مەجلیسی قانوون دانەرانی ئێراندا چەند دەبێ.

پرسیار ئەوەیە کە چەندە ژنان دەتوانن دەرفەتی مەجلیس و شوێنی قانووندانانی ولات بۆ گۆڕینی قانوونەکانی دژ بە ژنان بقۆزنەوە؟ چەندە توانیویانە و چەندە ئەو ژنانەی رێیان کەوتۆتە مەجلیس، نوینەرایەتیی ژنانیان کردوە.

بەپێی ئامارەکان دوای ٣٢ سالٚ لە تەمەنی مەجلیسی کۆماری ئیسلامی رێژەی نوێنەرانی ژن لە هیچ کام لە دەورەکانی مەجلیسدا لە سەدا ٢ ی بەشداران تێ نەپەڕیوە و دەورەی پێنجەمی مەجلیس بە بەشداریی ١٤ نوێنەری ژن، لە سەرەوەی ریزنبەندیی زۆرترین پشکی ژنان لە مەجلیس دایە و دوابە دوای ئەوە ژنان هەم لە مەجلیسی شەشەم و هەم لە مەجلیسی حەوتەمدا توانیویانە بە ١٣ نوێنەر خۆیان لە بازنەی قانوون دانەرانی ئێراندا ببیننەوە.

چالاکیی نوێنەرانی ژن لە مەجلیس لە دەورەی شەشەمی مەجلیسدا تۆخ و پڕ دیار بوو. لەو دەورەیە بوون ژنانێک کە بە نوتق و رەخنە توندەکانیان هێمنیی ئەو مەجلیسە پیاوانەیەیان بە یەک دادەدا و کار گەیشتە جێیەک کە فاتمە حەقیقەتجو، یەکێک لەو نوێنەرە رەخنەگرانە دوای بێ وەلام مانەوەی زۆر داوا و رەخنەکانی وازی لە ئەندامەتیی مەجلیس هێنا و لە نوێنەرایەتیی مەجلیس کشایەوە.

فاتمە حەقیقەتجو بەر لە کشانەوەو وازهێنانی لە نوێنەرایەتیی مەجلیس بە توندی رەخنەی لە دەزگای قەزایی و ناوەندەکانی دیکەی ژێر دەسەلاتی خامنەیی، رێبەری رێژیم گرتبوو.

هەر لەو قۆناغەدا بوون چەند کەس لەو نوێنەرە ژنانە کە بە فڕیدانی چارشێو و گۆڕینی پۆشش و لیباس لەبەرکردنی ئیسلامییانەیان ئالۆزی و مشتومریان خستە نێو مەجلیسەوە. ئیلاهە کولایی، نوێنەری تاران و تاهیرە رەزازادە، نوێنەری شیراز لەو ژنانە بوون کە مەقنە و چارشێویان وەلا نا و بە مانتۆ و لەچکەوە دەرکەوتن.
بەلام ئەو جارەیان و لە دەورەی هەشتەمدا کە ٨ ژن توانییان ببنە نوێنەر، زۆر جار ئەو ژنانە بوونەتە سووژەی هەوالٚ و میدیاکان. یەک لەوان فاتمە ئالیا کە بەجێی داکۆکی لە ژنان، هەموو قسە و نوتقەکانی لە مەجلیس دژی ژنان و مافەکانی ژنان بوو.

بەڵام بە گشتی لەو ماویەدا و بە درێژایی تەمەنی ٣٢ ساڵەی مەجلیس ژنانێکیش بوون کە لە بێدەنگیدا پێوشێنی هیندێک لە مافە بنەرەتییەکانی ژنان وەک مافی تەلاق و مافی " حەزانەت" ی منداڵان کەتبوون.

بەڵام ئێستا هەڵبژاردنەکانی خولی نۆیەمی مەجلیس لە لایەک لەلایەن زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی نێوخۆ و دەرەوە تەحریم کراوە و لە لایەکیش ململانێ و کێبرکێی ئوسولگەراکان لە سەر پاوان کردنی کورسیی زیاتری مەجلیس تا دێ بە گوڕتر دەبێ. پرسیار ئەوەیە کە ئاخۆ ژنانیش لەو شەڕ و ململانێیانەدا بەشدار دەبن؟ بەشی ئەوان لە دەسکەت و مافەکانیان چەند دەبێ؟

ڕێکەوت: ڕێبەندانی ١٣٩٠ - جانێوێری ٢٠١٢

---

## هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە نێوان گرینگییان بۆ دەسەڵات و خەڵکدا

هەڵبژاردنەکانی نۆیەمین دەورەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە نێوان رکەبەریی نێوخۆیی ئوسولگەراکانی ڕێژیم، تەنیا باڵی دەسەڵاتدار لە ململانێی هەڵبژاردنەکان بە قازانجی بن باڵی خامنەیی و کەمیهێنانی بن باڵی ئەحمەدی نژاد کۆتایی پێ هات.

پێک دژیی بەرژەوەندییەکانی خەڵک لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی شتێک نیە کە لە ئێستادا کەس بیەوێ حاشای لێ بکا. ویستی خەڵک، داوای خەڵک، قسەی خەڵک لە شوێنی کارەکانیان، لە بازاڕ وماڵەکانیان، لە نێو ماشێن و شوێنە گشتییەکان پێچەوانەی هەموو ئەو سیاسەت و کردە و کردەوانەن کە رۆژانە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی دەبینین. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە هەڵبژاردنەکانی ئەو جارەی مەجلیس چەندە بۆ دەسەڵات و چەندە بۆ خەڵکی گرینگ بوو؟ گرینگییەکان چەندە پێک دژ و چەندە هاوبەش و لە یەک ئاخێزەوە سەرچاوەیان گرتبوو؟ دۆڕاو و براوەی راستەقینەی ئەو هەڵبژاردانە کێ بوو، نیزام یان خەڵک؟؟

ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی چۆتە فازێکی دیکەوە، لە نێوخۆی وڵاتیشدا قەیرانەکان زیاتر و قووڵتر و کاریگەرییەکانیان لە سەر خەڵک قورسترە، بەو پێیە بوونی مەجلیسێکی یەکگرتوو، یەکدەست و تەواو گوێ لەمستی ڕێبەریی ڕێژیم یەکێک لەو پێویستییانە بوو کە دەبوا شانۆگەریی هەڵبژاردنەکانی بۆ وەڕێ بخرێ و بە سەرمایەی خەڵک و بە لەخشتە بردنی خەڵک لە هەموو ڕێگەکانی هاندان و تۆقاندن وا پیشان بدرێ کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای هەڵبژاردنە گرینگ و پڕهەڵلا و هەنگامەکەی جۆزەردانی ٨٨ و یەکەم هەڵبژاردنی ڕووداوەکانی "بەهاری عەرەبی" سەربەرز و سەرکەوتوو هاتۆتە دەرێ.

گرینگیی ئەو هەڵبژاردنە بۆ ڕێبەریی ڕێژیم لەوە دابوو کە دەبوا بە هێنانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان وا پیشان بدەن کە پرسی قەیرانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، پرسی جیاوازیدانان و هەڵاواردنە ئایینی، نەتەوەیی و ڕەگەزییەکان لە ئێران، پرسی گەندەڵیی هەوسارپچڕاو لە ئێران، کاریگەریی گەمارۆکان لە سەر ژیان و گوزەرانی خەڵک هەموو هەر پڕوپاگەندەی دوژمنانی ئێرانە و خەڵکی ئێران بە هاتنە سەر سندووقەکانی دەنگدان بە هەموو توانای خۆیانەوە پشتیوانی لە سیاسەت و شێوەی بەڕێوەبەریی وڵات لە لایەن دەسەڵاتەوە دەکەن. ئاراستەی قسەکانی خامنەیی و ڕێبەرانی ورد و درشتی ڕێژیم لە ڕۆژانی بەر لە هەڵبژاردن هەر بەو ئاقارە بوو کە ئەوەی گرینگە "بەڕێوەبەریی پڕشکۆی هەڵبژاردنەکان" ی نەک " پرسی هەڵبژاردنەکان".

بەڵام هەر ئەو "بەڕێوەبەریی پڕشکۆی هەڵبژاردنەکان" و ئیدیعا کردنی بەشداریی سەروو سەدا ٦٠ یی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان هەروا بە ئاسانی نەهاتە دی.

دەزگای تەبلیغیی کۆماری ئیسلامی کە لەزۆر لەوە پێشەوە هەموو ئیمکانات و تواناکانی تەرخانی ئەو مەبەستە کردبوو، تا دوانیوەڕۆی ڕۆژی هەڵبژاردن بۆی دەرکەوت کە لەو کارەدا، واتە ڕاکێشانی خەڵکی بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان سەرکەوتنی وەدەست نەهێناوە، هەر بۆیەش مەیدان بۆ ناوەندە ئەمنیەتییەکان ئاوەڵا کرا تا لە ڕێی بەکارهێنانی هەموو کارتەکانی خۆیان بەشێک لە خەڵکی ناچار بە چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان بکەن.

هەڕەشەی تۆڵە کردنەوە لە کارمەندەکانی ئیدارەکان و وریا کردنەوەی ئەوەی کە ڕۆژی دوای هەڵبژاردنەکان دەبێ بە شناسنامەوە لە سەر شوێنی کارەکانیان حازر ببن، ناردنی نامە بۆ دایک و باوکەکان کە لە ئەگەری دەنگ نەدانیاندا منداڵەکانیان لە خوێندن بێبەش دەکرێن، هەڕەشەی بڕینی یارانەکان لە ئەگەری بەشداریی نەکردنی

خەڵک لە هەڵبژاردنەکان و هەروەها وەرێ خستنی زۆر سناریۆی ئەمنیەتی بە تایبەت لە کوردستان وەک زەفکردنەوەی کێشەی کورد و تورک لەو شار و ناوچانەی پێکهاتەی دوو نەتەوەییان تێدا نیە، زەفکردنەوەی کێشەی مەزهەبیی نێوان شیعە و سوننی لەو شار و ناوچانەی جۆراوجۆریی ئایینییان تێدا بەرچاوە و، هەروها سەرقاڵکردنی خەڵکی بە بابەتی شارگەراییی لەو ناوچانەی بە دوو شار یان سێ شار نوێنەرێکیان دەبێ[ وەک شنۆ و نەغەدە، سەقز و بانە، سەردەشت و پیرانشار و دیولان و قوروە، و...]، هەموو ئەوانە لەگەڵ درێژکردنەوەی ماوەی دەنگدان بۆ ماوەی ٥ سەعات تا ١١ ی شەو [ بە مەبەستی دەست ئاوەڵاییان بۆ تەقەلووب] و موهەندیسی کردنی دەنگی دەنگدەران ئەوەی لێ کەوتەوە تا بەیانیی ڕۆژی هەڵبژاردنەکان ئیدیعا بکەن کە سەروو لە سەدا ٦٠ ی خاوەن مافی دەنگدانەکان بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا کردوە.

بەڵام لێرەدا ڕەنگبێ چەند پرسیارێک لەو کەسانە لە جێی خۆی دا بێ کە بە بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان پتر ئاوەڵا کرد بۆ ئەوەی لە سەر چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی ئەو شانۆگەرییە مانۆڕ بدا.

ئایا ئەو مەجلیسەی ئەوان بە ناردنی ئەو نوێنەرانەی دەنگیان پێ داون، چۆن دەتوانێ بەرگری لە مافەکانیان بکا لە حاڵێکدا ئەندامانی ئەو مەجلیسە بۆ خۆیان لە چەند پاڵاوتنەی تایبەتی دراون و ملکەچییان بۆ بازنەی دەسەڵات و خەمساردییان لە بەرامبەر ویست و داوای خەڵک هەر زۆر لەوە پێشتر تاقی کراوەتەوە.

تۆ بڵێی کە ئاکامەکانی ئەو هەڵبژاردنە بتوانێ شتێک لە واقعی تاڵی ژیانی خەڵک، یان ئەو پرس و بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە بگۆڕێ کە هەڕەشە لە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەکەن؟

ئایا ئەو خەڵکانەی کە نە بە مانای تەئیید کردن و سەلماندنی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو لە پێناو یان بە هیوای باشتر کردنی بارودۆخی ژیان و گوزەرانیان بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا کردوە، لە قووڵایی ئەو پەیامە تێ گەیشتوون کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بەشداریی ئەوانیان بە مانای قبووڵ کردنی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیە و بنەماکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لێک داوەتەوە و قازانجی لێ وەردەگرن؟

خاڵێکی دیکەی گرینگ لەو پێوەندییەدا بەکارهێنانی فاکتۆڕی ئابووری لەلایەن کۆماری ئیسلامی و ونبوونی ئەو فاکتۆڕە لە هەڵوێستی بایکۆتی هەڵبژاردنەکان لە لایەن ئۆپۆزیسیۆن بوو. قورسایی کارکردنی ئۆپۆزیسیۆن بە تایبەت ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە گەمەی هەڵبژاردنەکان و سیاسەتی بایکۆتدا، پێداگری لە سەر پرسە سیاسی و ماف

و ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵ بوو، بەڵام لە حەوتووی پڕوپاگندەی ئاشکرای پاڵێوراواندا دەرکەوت کە لە کوردستان و بە گشتی ناوچەکانی پەراوێزی ئێران ئەوە پرسە ئابووری و کۆمەڵایەتی و تاوتوێی کێشەکانی ژیانی خەڵکە کە دەوری سەرەکی دەگێڕێ، هەر بۆیەش بینیمان کە پاڵێوڕاوان کەمترین مانۆڕیان لە سەر پرسە سیاسی و نەتەوەییەکان و زۆرترین مانۆڕیان لە سەر کێشەی بێکاری و مەعیشەتی و وادە و بەڵێنەکان بۆ گۆڕینی ئەو بارودۆخە بوو، بەڵام ئۆپۆزیسیۆن بەگشتی لە تاوتوێی ئەو بابەتە و دژکردەوە و "پاتەک" ی پێویست لە دژی ئەو فازە تەبلیغییە بەجێ ما.

بەڵام ئاکامی هەڵبژاردنەکان سەرەڕای هەموو ساختەکاری و ئامارسازییەکانی کۆماری ئیسلامی و، هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای دروستبوون و لە جێدابوونی سیاسەتی بایکۆت؛ دەکرێ زۆر وانەی باشی بۆ خەڵکی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی و هەروەها هێز و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن هەبێ، کە پێویستیی یەکگرتوویی زیاتری هێزەکان، کەمکردنەوە لە مەودای نێوان حیزب و خەڵک بە لێک تێگەشتن لە ویست و چاوەڕوانییەکانی یەکتر و ، هەروەها زیاتر چالاکبوون لە گەمەی هەڵبژاردنەکان و دەکارکردنی تاکتیکی شیاو دەکرێ لە سەرەکیترینی ئەو پێویستییانە بێ.

ڕێکەوت: ڕەشەمێ ١٣٩٠ - فێبریوێری ٢٠١٢

---

## ڕاپۆرتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە ساڵی ٩٠ی هەتاویدا

( کوژران و بریندار بوون و گیرانی لانیکەم ٦٥٥ کەس بە دەستی هێزە ئەمنیەتی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی)

هێزە ئەمنیەتی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی ئەوساڵدا لانیکەم ٩٠ کەس لە هاووڵاتیانی کوردیان کوشتوە و ١٠٦ کەسیان بریندار کردوە کە بەشی هەرە زۆری ئەو کوژراو و بریندارانە کاسبکاران و کۆڵبەرانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون.

هەر لە ماوەی ئەو ساڵدا ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لانیکەم ٤٥٨ کەسیان لە کوردستان بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی دەسبەسەر و لانیکەم ١١٩ کەس لەو گیراوانەیان بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئەمنیەتی نیشتمانی دادگایی کردوە و حوکمی ٦ مانگ تا ٣٠ ساڵ زیندانیان بە سەردا سەپاندوون.

لە ماوەی سێ مانگی بەهاری ئەو ساڵدا لانیکەم ٢٠ کەس لە کوردستان بە دەستی هێزە ئەمنیەتی و ئینتیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون کە ١٨ کەسیان کۆڵبەران و کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون. هەر لە ئاکامی کەمین نانەوە و تەقە کردن لە کاسبکاران و کۆڵبەرانی ناوچە سنورییەکانی کوردستان کە بە هۆ بێکاری و بێ دەرەتانی بە کاری کۆلکێشی نان و بژیوی رۆژانەی خۆیان پەیدا دەکەن، ٢٤ کەس بریندار بوون. هەر لەو ماوەیەشدا بە هۆی تەقینەوەی مین ٥ کەس بریندار بوون کە تێیاندا ساسان ئەمجەدی، مێردمنداڵێکی خەڵکی ناوچەی جوانرۆ دەبینرێ کە بەو هۆیەوە لاقی پەڕیوە.

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی ئەو سێ مانگەی سەرەتای ساڵدا لانیکەم ٨٣ کەس لە خەڵکی مەدەنی و چالاکان و لاوانی هەڵسووڕی کوردیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی قۆڵبەست کردوە. بەشێک لەو کەسانە دوای لێپێچینەوە و دادگایی کرانیان بە شێوەی کاتی و بە بارمتە ئازاد کراون و لانیکەم ٣١ کەس لە گیراوانی کوردی لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا دادگایی و سزای لە ٥ مانگ و یەک ساڵ و دوو ساڵ را بگرە تا ٢٥ ساڵ زیندانیان بە سەر دا سەپاوە.

لە ماوەی سێ مانگی هاوینی ئەو ساڵیشدا لانیکەم ٣١ کەس لە کوردستان بە دەستی هێزە ئەمنیەتی و ئینتیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون کە ٢٢ کەسیان کۆڵبەران و کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون.

لەو ماوەیەدا لانیکەم دوو کەس بە ناوەکانی سەدیق نەعمانی و مێهدی کۆهەن بە تۆمەتی قاچاغچیتیی مادە هۆشبەرەکان لە ورمێ ئێعدام کران کە چالاکانی مافی مرۆڤ گومانیان لە قاچاغچی بوونی ئەو دووکەسەیە. لەو ماوەیەدا ٥ کەسیش لە زیندانەکانی سنە و ورمێ بە هۆی پێڕانەگەیشتنی پزیشکی گیانیان لە دەست داوە و ٢ کەس لە کوژراوەکانیش خەڵکی باشووری کوردستان بوون کە بە هۆی تۆپبارانەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەر خاڵە سنورییەکان وەبەر هاتوون و گیانیان لە دەست داوە.

هەر لە ئاکامی کەمین نانەوە و تەقە کردن لە کاسبکاران و کۆڵبەرانی ناوچە سنورییەکانی کوردستان کە بە هۆی بێکاری و بێ دەرەتانی بە کاری کۆڵەباری نان و بژیوی رۆژانەی خۆیان پەیدا دەکەن، ٢٥ کەس بریندار بوون کە دوو کەسیان خەڵکی باشووری کوردستان بوون و دوو کەسیش بە هۆی تەقینەوەی مینە چێندراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی سەردەشت و پیرانشار بە توندی بریندار بوون و هەرکامیان لاقێکیان پەڕیوە.

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی ئەو سێ مانگەی هاوینی ئەو ساڵدا لانیکەم ١٤١ کەس لە خەڵکی مەدەنی و چالاکان و لاوانی هەڵسووڕی کوردیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی قۆڵبەست کردوە. بەشێک لەو کەسانە دوای لێپیچینەوە و دادگایی کرانیان بە شێوەی کاتی و بە بارمتە ئازاد کراون و لانیکەم ٢٣ کەس لە گیراوانی کورد لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا دادگایی و سزای لە ٦ مانگ و یەک ساڵ و دوو ساڵ را بگرە تا ٦ ساڵ زیندانیان بە سەر دا سەپاوە.

هەر لەو ماوەیەدا شەش گیراوی کورد کە لە سەر بیروباوەڕی ئایینی گیراون، بە تۆمەتی چالاکیی ئایینیی دژی کۆماری ئیسلامی حوکمی ئێعدامیان بە سەردا سەپاوە و ئاشکرا بووە کە چوار زیندانیی سیاسیی کورد کە بە تاوانی ئەندامەتیی حیزبێکی دێموکڕات گیراون و دوو کەسیان حوکمی تا هەتایی و دوو کەسیان حوکمی ٢٥ ساڵ زیندانیان بە سەردا سەپاوە، ماوەی ١٥ ساڵە لە مافی مەرەخەسی بێبەشن.

هێزە ئەمنیەتی و چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی سێ مانگی پاییزی ئەو ساڵێشدا لانیکەم ٢٩ کەسیان کوشتوە کە ٢٦ کەسیان کۆڵبەران و کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون.

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی رۆژی ١٢ی رەزبەر زیندانیی سیاسیی کورد، عەزیز خاکزادی لە سێدارە دا و رۆژی ١١ی سەرماوەز تەرمی بێ گیانی هاشم نەزەری، لاوی گیراوی خەڵکی "جوانرۆ" یان رادەستی بنەماڵەکەی کردەوە، ئەوەش لە کاتێک دابوو کە هێزە ئینتیزامییەکان پێنج رۆژ پێشتر و لە رۆژی ٦ی سەرماوەزدا ناوبراویان قۆڵبەست و لە زیندان پەستاوتبوو.

هەر لەو ماوەیەدا هێزە کوردکوژەکانی کۆماری ئیسلامی " لۆنت تونج ئادام" و "ئەردالْ یەڵماز" دوو کاسبکاری کوردی باکووری کوردستانیان لە سەر سنوور داوەتە بەر ئاوری چەکەکانیان و کوشتوویانن و ئیسماعیل حەمەد، تازەلاوێکی خەڵکی باشووری کوردستانیش بە هۆی تەقەی هێزەکانی رێژیم بریندار بووە.

هێزە ئەمنیەتی و چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لە ئاکامی کەمین نانەوە و تەقە کردن لە کاسبکاران و کۆڵبەرانی ناوچە سنورییەکانی کوردستان کە بە هۆی بێکاری و بێ دەرەتانی بە کاری کۆڵەباری نان و بژیوی رۆژانەی خۆیان پەیدا دەکەن، ١٦ کەس لەوانیان بریندار کردوە کە بەشێکی زۆری ئەو برینداراانە لە ترسی بەدداداچوونی ناوەندە ئەمنیەتییەکان لە نەخۆشخانەکانی باشووری کوردستان وەدوای چارەسەریی برینەکانیان کەوتوون.

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی سێ مانگی پاییزی ئەو ساڵدا لانیکەم ١٢١ کەس لە خەڵکی مەدەنی و چالاکان و لاوانی هەڵسووڕی کوردیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی قۆڵبەست کردوە. بەشێک لەو کەسانە دوای لێپێچینەوە و دادگایی کرانیان بە شێوەی کاتی و بە بارمتە ئازاد کراون و لانیکەم ٤٠ کەس لە گیراوانی کورد لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا دادگایی و سزای لە ٦ مانگ و یەک ساڵ و دوو ساڵ را بگرە تا ١٣ ساڵ زیندانیان بە سەر دا سەپاوە و سەرجەم بۆ ئەو ٤٠ کەسە ١٠٣ ساڵ زیندان بڕاوەتەوە.

دەزگا ئەمنیەتی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لەدرێژەی سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگ لە کوردستان لە ماوەی سێ مانگی زستانیشدا ١١٣ کەسیان بە تاوای جیابیری و بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی دەسبەسەر کردوە.

بە پێی راپۆرتەکان زۆربەی ئەو کەسانە لە رۆژان و حەوتووەکانی یەکەمی دوای گیران و دەسبەسەرکرانیاندا بە توندی خراونەتە ژێر فشار و ئەشکەنجە و، دوای پەروەندە دروست کردن بۆیان ٢٥ کەس لەوانیان بەڕێ دەزگای قەزایی کردوە و ئەوانی دیکەیان یان بە دانانی بارمتە تا کاتی دادگایی کردنیان ئازاد، یان هەروا لە گرتووخانەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکاندا هێشتۆتەوە. ئەو ٢٥ کەسەش کە رادەستی دەزگای قەزایی کراون، لە رەوتی دادگایی کردنیاندا بێ ئەوەی کەمترین و بنەڕەتیترین مافی تۆمەتبارێک و گیراوێکی سیاسییان بۆ لەبەرچاو گیرابێ، دادگایی و سەرجەم بە ٩٢٢ مانگ زیندان مەحکووم کراون.

هێزە ئینتیزامی و ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیش لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان لە درێژەی سیاسەتی کوشتاری کاسبکاران و کۆلبەرانی کورد دا ژمارەیەک کوردی دیکەیان کردۆتە قوربانیی سیاسەتی دوژمنکارانەیان.

بەپێی ڕاپۆرتەکان لە ماوەی سێ مانگی زستاندا ٧ کاسبکاری کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون و سێ کاسبکاری کوردیش کە لە ترسی کەمینی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوێستانەکان مابووبەوە، کەوتوونەتە ژێر ڕنوو و بەو هۆیەوە گیانیان لە دەست داوە. هەر لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ١٤ کاسبکاری کوردستان بە تەقەی ڕاستەوخۆ بریندار کردووە و بە دەیان سەر ئەسپ و وڵاغی کاسبکارانیان بە بەرچاوی خۆیان کوشتوە و جیا لەو جینایەتە و ئەو زەرەر و زیانە ماڵییە قورسە، دەستیان بە سەر بایی دەیان میلیارد تمەن باری کاسبکاران داگرتوە.

هەر لە درێژەی سیاسەتی پێشێل کردنی مافی مرۆڤی کورد و پشتگوێ خرانی هەموو پرەنسیپەکانی مرۆڤی مرۆڤ لە کوردستان لەلایەن دەزگا قەزایی و ئەمنیەتییەکانەوە سێ کەس لە کوردستان بە تۆمەتی چالاکی ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی حوکمی ئێعدامیان بە سەردا سەپاوە و هەروەها سێ زیندانیی سیاسیش بە هۆی ئەشکەنجە و پێڕانەگەیشتنی پزیشکی لە زیندان بە شێوەی گوماناوی گیانیان لە دەست داوە.

ڕێکەوت: خاکەلێوەی ١٣٩١ - مارچی ٢٠١٢

---

## هەژاری و گرانی لە ئێرانی ئەوڕۆدا، هۆکار و دەرەنجامەکان؟

بابەتی هەژاری و گرانی و چوونەسەرێی نرخی کەلوپەل و پێداویستییەکانی ڕۆژانەی ژیانی خەڵک لە ئێستادا، باسی سەرەکیی هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەی خەڵکی لە بازاڕ و بنەماڵەکان لە گەڵ یەکترە.

گرانبوونی سەدا ٦٠ و سەدا٧٠ ی نرخی زۆربەی کەلوپەلەکان و تەنانەت لە هیندێکیاندا گرانبوونی سەدا ٣٠٠ ی نرخەکان - مریشک و گۆشت - لە کاتێک دایە کە هاوکات نرخی بێکاریش بەردەوام چۆتە سەرێ و کەمبوونی داهاتی خەڵک و گرانیی هەوسارپچڕاوی ئێستا؛ ژیانی لە خەڵکی ئێران بە تایبەت لە توێژی هەژار و کەم داهات تاڵ کردووە.

یەکەم سەرنج لەپێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ئێستای گرانی لە ئێران و لە کاتێکدا کە فشاری ئەو گرانییە خەڵکی وەزالە هێناوە و لە کاتێکدا کە کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا ئەم دەزگای حکومی و دەوڵەتی یان ئەو دەزگا بە خەتابار دابنێ یان بە گشتی گەمارۆکان بە هۆکاری سەرەکیی ئەو بارودۆخە دابنێ ئەوەیە کە هەر لە جێدا، دروستبوونی ئەو بارودۆخە بەرهەمی چ جۆرە سیاسەت کردنێکە و تاوانباری سەرەکیی ئەو هەلومەرجە چی و کێهە کەس و کامانەن؟

بێگومان زۆربەی نیزیک بە تەواوی کارناسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆکن لە سەر ئەوەی قەیران و فەلاکەتی ئابووریی ئێستای ئێران زیاتر لە هەر شتێک بەرهەمی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە حەوزەی سیاسەتی دەرەوە، بەڕێوەبەریی نێوخۆیی وڵات، هەرەسهێنانی بەرهەمهێنانی نێوخۆیی و بە گشتی پێکهاتەی سیاسیی کۆماری ئیسلامییە.

گەمارۆی ئابووریی ئێران لەلایەن رۆژئاوا بۆ ناچارکردنی کۆماری ئیسلامی بۆ وازهێنان لە بەرنامە ئەتومییە جێی شک و گومانەکەی و لەو سۆنگەیەوە کشانەوەی وەبەرهێنەرە بیانییەکان لە کەرتی سەرمایەدان لە ئێران، دابەزینی هەنادرە و نرخی نەوت، زۆربوونی نەغدینەیی لە بازاڕ و بەڕێوەبەریی خراپ و سەقەتی بەرنامەی ئامانجدار کردنی یارانەکان لە ئێستادا بارودۆخێکی زۆر نالەباری بە سەر خەڵکدا سەپاندوە. کار گەیوەتە جێیەک کە زۆربەی کارناسانی ئابووری دەڵێن ئابووریی ئێران لە سەردەمی شەڕ لە گەڵ عێراقیشدا کە زۆربەی داهات و سەرمایە و توانای ئێران بۆ پێداویستییەکانی ئەو شەڕە تەرخان دەکرا، ئەوەندەی ئێستا شپرزە و نالەبار نەبوە.

کاردانەوەی کاربەدەستانی رێژیم بەو بارودۆخەش لە جێی خۆیدا جێی سەرنج و وردبوونەوەیە.

داواکاری گشتیی تاران لە کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی رۆژنامەکانی و کاناڵەکانی راگەیاندنی نێوخۆ بڕیارێ داوە کە نابێ هێچ هەواڵ و راپۆرتێک لەبارەی گرانی و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان بڵاو بکەنەوە، کار گەیشتە جێیەک کە سەردار ئەحمەدی موقەدەم، فەرماندەی هێزە ئینتیزامییەکانی ئێران رەخنەی لە دەنگ و رنگی رێژیمەکەی گرتوە کە بۆ لەهەلومەرجی ئێستادا فیلمی مریشک و گۆشت پیشانی خەڵک دەدرێ و کازم سدیقی، پێشنوێژی هەینیی ئەو حەوتوویەی تاران بە حاشا کردن لە هەر چەشنە گرانییەک لە ئێران ئیدیعای کرد کە لە ئێراندا ئەوەی نەبێ هەژار و گرانییە.

پێشتریش ئەحمەد خاتەمی، ئەندامی شووڕای نیگابانی ڕێژیم بە دانتان بە چوونەسەرێی نرخی کاڵاکان و گرانیی سەرسووڕهێنەری ئێستا گوتبووی کە راستە گرانی بڕستی لە خەڵکی بڕیوە، بەڵام خەڵک دەبێ حەسرەتی " ئاخ" هەڵکێشانێکیش لە دڵی دوژمنانی ئێراندا بهێڵنەوە. ئایەتووڵڵا مەکارم شیرازی، گەورە مەرجەعی تەقلیدی شیعەکانی ئێرانیش بەجێی رەخنە گرتن لە سیاسەت و مودیرییەتی قەیران خوڵقێنی، فتوای ئەوەی داوە کە تا قیمەتەکان دێنە خوارێ، خەڵک مریشک نەکرێ، کاڵا نەکرێ و لەچوونە بازاڕ خۆ ببوێرێ. تەنانەت بۆ ئەوەش پاساوی پزیشکی هێناوەتەوە کە دوکتورەکان دەڵێن خواردنی گۆشت باش نیە.

گرانی و چوونەسەرێی نرخی کاڵا و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی خەڵک لە کاتێک دایە کە پێشتر جەمشید پەژوویان، سەرۆکی شووڕای ململانێی دەوڵەت لەبارەی هێڵی هەژاری رایگەیاندبوو کە ئەگەرچی کاروباری لێکدانەوی نرخی هەژاری لە ساڵی ٩٠ دا تەواو نەبوە، بەڵام هێڵی هەژاری لە ساڵی ٨٩ بۆ بنەماڵەکانی نیشتەجێی شارەکان ٩٥٠ هەزار تمەن و بۆ بنەماڵەکانی دانیشتووی گوندەکان ٦٠٠ هەزار تمەن بووە.

پەرەسەندنی هەژاری و گرانی لە ئێران لە کاتێک دایە کە کاربەدستانی کۆماری ئیسلامی بەجێی پێداچوونەوە بە سیاسەت و کار و کردەوە قەیران خولقێنییەکانیان  و وەڵامدانەوەیان بە ویست و داخواز و کێشەکانی ژیان و بژیویی خەڵک، بە خستنە ژێر فشاری خەڵک هەوڵی چاوترسێن و بێدەنگ کردنیان دەکەن.

حکومەتی کۆماری ئیسلامی لەکاتێکدا بۆ دابینکردنی نانی شەوی خەڵک داماوە و توانای کۆنترۆڵی بازاڕ و بەڕێوەبەریی ئابووری ئێرانی نەماوە کە بە هەموو توانایەوە بۆ دەمەلاسکە بە کۆمەڵگای جیهانی بەرنامە ئەتۆمییەکانی دەباتە پێشێ و بە مانۆڕە نیزامییە یەک لە دوای یەکەکانی و پێداگری لە سەر قەیران خوڵقێنییەکانی لە ئاستی جیهاندا میلیارد میلیارد دۆلار لە سەروەت و سامانی ئەو خەڵکە لە ئاو دەکا.

پێکهاتنی ئەو بارودۆخە شپرزەیە لە کاتێک دایە ئێران لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا پتر کە ٧٠٠ میلیارد دۆلاری داهاتی نەوت بووە، بەڵام خەڵکی ئێران بەجێی ئاوەدانی و خۆشبژیوی و چوونە سەرێی ئاستی گوزەرانی ژیان ئەوەی دەستیان کەوتوە هەژاری، بێکاری، گرانی، تەقینەوەی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان لە تەنیشت هەواڵەکانی گەندەڵییە میلیاردییە یەک لە دوای یەکەکان لە بانک و بیمەکانە.

بەڵام دوورە دیمەنەکانی بەردەوامیی ئەو بارودۆخە و کاریگەری لە سەر ژیانی خەڵکی چین؟

لە سۆنگەی ئەو بارودۆخەوە دەبینین کە ژمارەی خەڵکی هەژار و کەم داهات و بێ ئەنوا زیاتر و زیاتر دەبن و گرانیی هەوسارپچراو ئاستی خۆشبژێوی و گوزەرانی خەڵک لەوەش زیاتر دێنێتە خوارێ. کاریگەریی رووحی و رەوانییەکانی ئەو دیاردەیەش لە جێی خۆی کە وێڕای پەرەپێدان بە کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرزبونەوەی ئاستی تاوانکاری و خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەک دزی، تەڵاق، لەشفرۆشی، کارپێکردنی منداڵان، وازهێنان لە خوێندن و خەمۆکی و بێهیوایی بە ژیانی بە دوادادێ و لە سەر ئەخلاق و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی خەڵکیش کاریگەریی خراپ دادەنێ و گۆڕینی بەها و بایەخە کۆمەڵایەتییەکانی لێ دەکەوێتەوە.

ئەوانەش هەموو لە کاتێک دایە کە دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران خەمسارد و بێ تەفاوت لە تەنیشت ئەو بارودۆخە تێ دەپەڕێ و بە سەپاندنی سیاسەتی سەرکوت و زاڵکردنی کەشی ترس و تۆقاندن تەنیا بیر لە بەرەوپێشبردنی سیاسەتە قەیران خوڵقێنەکانی لە ئاستی ناوچە و جیهاندا دەکاتەوە، بێ ئەوەی لەو هاوکیشانەدا کەمترین بەها و بایەخێک بۆ بەرژەوەندیی خەڵک و چۆنیەتی ژیان و گوزەرانی ئەوان دابنێ.

## ئێران و گەمارۆکان و، ئەو گرانییەی تەنگی بە خەڵکی هەڵ چنیوە

دوو ساڵ دوای جێبەجێکردنی تەرحی ئامانجدار کردنی یارانەکان و چەند مانگێک دوای خولی نوێی سزا ئابوورییەکانی دژی ئێران، بارودۆخی ئابووری ئەو وڵاتە گەیوەتە جێیەک کە هیندێک کارناسی ئەو بوارە پێیان وایە لە سەردەمی شەڕی ٨ ساڵەشدا ئەوەندە شپرزە نەبوە.

کەڵەکەبوونی ئەو کێشە و گرفتانە گەیوەتە ئەو جێیەی کە وردەوردە بە ئاشکرا نارەزایەتیی خەڵکی بەدوادا بێ. نارەزایەتی دەربڕینی بەشێک لە خەڵکی نیشاپوور لە رۆژی دووشەممە، ٢ی گەلاوێژ بە چوونە سەر نرخی شمەک و کەلوپەل و گرانیی پێداویستییە خواردەمەنییەکان دەکرێ سەرەتایەک بۆ ئەو نارەزایەتییانە بێ.

ئەوەی لە یەکەم سەرنجدا جێی باسە ئەوەیە کە کاربەدەستانی سەرەکیی رێژیم یان حاشا لەو بابەتە دەکەن، یان ئەوەی هیچ لایەنێکیان خەتا و بەرپرسایەتیی ئەو قەیرانە ناگرێتە ئەستۆی خۆی و لە نێو خۆیاندا پاس پاسێنی

پێ دەکەن و تەنانەت بەشێک لە پێکهاتەی دەسەڵات ئەو بارودۆخە بە دەرفەت و بە شانسی گەورە و نێعمەتی خودای دەبینن.

ئەحمەدی نژاد سەرکۆماری ڕێژیم دەڵێ نایەوێ باس لە هۆکارەکانی گرانی بکا، چونکی ئەگەر باسیان بکا دوژمن پێی خۆش دەبێ، لەو لاوە لاریجانی دەڵێ کە نەبوونی مودیرییەتی دروستی دەوڵەت ئەو بارودۆخەی خوڵقاندوە.

دوکتور فەرەیدوون خاوەند، کارناسی ئابووریی ئێران دەڵێ بارودۆخی ئابووریی ئێستای ئێران خراپتر لە بارودۆخی کاتەکانی شەڕ لەگەڵ عێراقە، بە تایبەت ئەوەی کە نیزیک بە مانگێکە کڕینی نەوتی ئێران لەلایەن ئورووپاوە گەمارۆی خراوەتە سەر و بەوەش فشارەکان بۆ سەر ئێران زیاتر دەبن.

هیندێک لە کارناسانی ئابووری پێیان وایە کە ئەگەر بارودۆخە هەر ئاوا بچێتە پێش، ئێران بەرگەی ٦ مانگی دیکەی ئەو فشارانە ناگرێ، بەڵام بەشێکی دیکە لە کارناسان پێیان وایە کە ئەگەر ئێران وەک دەڵێ ١٠٠ میلیاد دۆلاری پاشەکەوتی دراو هەبێ و بە پێی ئەوەی کە ئێستاش هەر دەتوانێ لانیکەم نیوەی جاران نەوت هەنارده بکا، ئەو هەلومەرجە یارمەتیی ئێران دەدا کە لانیکەم پتر لە یەک ساڵی دیکەش دەوام بێنێ و بیەوێ لە هاوکێشە جیهانییەکاندا درێژە بە گەمەی خۆی بدا.

کارناسانی ئابووری پێیان وایە کە ئەگەر کاربەدەستانی ئێران لە سەر سیاسەتی خاریجیی خۆیان سوور بن، تاکە سیناریۆ و ڕێگا بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ بارودۆخی ئێستا لەوەدا دەبینن کە بۆ سەردەمی شەڕی ٨ ساڵە بگەڕێنەوە. بەڵام کارناسانی کۆمەڵایەتی دەڵێن کە سیاسەتەش سەرکەوتوو نابێ، چونکی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران لەچاو ئەو کات زۆر گۆڕاوە. ئەو کات ئێران تووشی شەر لەگەڵ وڵاتێکی خاریجی بوو، خەڵک فیداکارییان دەکرد و هەموو شتێکیان تەحەمووڵ دەکرد،

بەڵام لە ئێستادا خەڵک هەموو کێشە و گرفتەکانیان لە سۆنگەی ناکارایی ڕێژیمدا دەبینن و ئامادە نابن کە ئەوان باجی هەڵەی کاربەدەستان لە شەڕەنگیزی و گرتنەبەری سیاسەتی چەوتی ئابووری و سیاسیی دەوڵەت بدەن.

لە ئێستای ئێراندا گەمارۆکان، دابەزینی نرخی نەوت، نەغدینەیی زۆر لە کۆمەڵگا، نەبوونی وەبەرهێنان و سەرمایەدانانی خاریجی، بشێوی و ئاڵۆز پلۆزی لە سیاسەتە ئابوورییەکانی وڵات و هەروەها بابەتی ئامانجدار

کردنی یارانەکان وایان کردوە کە ئابوریی ئێران پتر لە هەموو کاتێک لە قەیراندا پەلەقاژە بکا.

ئێستا لە کاتێکدا کە گرانی تەنگی بە خەڵک، بە تایبەت خەڵکی هەژار و کەم داهات هەڵچنیوە، کە ئایەتوڵڵا مەکارم شیرازی، گەورە مەرجەعی تەقلیدی شیعەکانی ئێران بەجێی رەخنە گرتن لە سیاسەت و مودیرییەتی قەیران خوڵقێنی، فتوای ئەوە دەدا کە تا قیمەتەکان دێنە خوارێ، خەڵک مریشک نەکرێ، کاڵا نەکرێ و لەچوونە بازاڕ خۆ ببوێرێ. تەنانەت بۆ ئەوە پاساوی پزیشکی دێنێتەوە کە دوکتورەکان دەڵێن خواردنی گۆشت باش نیە.

پرسیار ئەوەیە کە ئاخۆ بارودۆخی ئێران بە بوونی ئەو جۆرە کەسانە لە ئاستی سیاسەت کردن و بەرێوەبەریدا دەکرێ لەوە باشتر ببێ؟

---

## دیمانەیەک لەگەڵ کاوە ئاهەنگەری سەبارەت بە کۆبوونەوەکانی ستوکهۆڵم و بروکسێل

کاوە ئاهەنگەری: دوایین وێستگەی کۆبوونەوەکانی ستوکهۆڵم و بروکسێل دەبێ گەیشتن بە یەکیەتی و ئێئتلافێک بێ، چونکە ئەوە زەروورەتی ئەمڕۆکە و پێویستییەک بۆ داهاتووی ئێرانە

کۆنفڕانسی بڕوکسێل کە لە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە، ١٧ی ١٨ ی پووشپەڕ و بە بەشداریی نیزیک بە ٨٠ کەس لە چالاکان و نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە پێتەختی بلژیک بەڕێوە چوو، کاردانەوەی جیاوازی لە نێو میدیا و کاناڵەکانی راگەیاندندا لێ کەوتەوە.

لە کۆبوونەوەی بڕووکسێلدا کە بە درێژەی کۆبوونەوەکەی ستوکهۆڵم دادەنرێ کە بە دەسپێشخەریی ناوەندی « ئۆلاف پاڵمە» و لە ژێر ناوی « بەرەوەپێشبردنی یەکیەتی لە پێناو دێموکڕاسیدا» بەڕێوە چوو، کۆمەڵێک پرس و بابەتی سیاسی لەبارەی بارودۆخی ئێران و بەربژێرەکانی بەردەم داهاتووی ئێران لە لایەن بەشدارانەوە هاتنە بەر باس و لە کۆتایی کاری دوو رۆژەی کۆنفرانسدا پێداگری لە سەر پێویستیی بەردەوامیی ئەو دانیشتنانە تا گەیشتن بە ئاکامی هاوبەشی هەموو لایەک کرا.

رۆژنامەی « کوردستان»، ئۆرگانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ تاوتوێکردنی چەند لایەنێکی ئەو کۆنفرانسە وتووێژی لەگەڵ کاوە ئاهەنگەری، نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ کاروباری یەکیەتیی ئورووپا و یەکێک لە بەشدارانی ئەو کۆنفرانسەدا کردوە و لەو بارەوە چەند سەرنجێکی خستۆتە بەر باس:

پ: کاک کاوە با بەم پرسیارە گشتییە دەست پێ بکەم کە پێکەوە دانیشتن و کۆبوونەوەی هێز و لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات رابردوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام بە کردەوە شتێکمان لە هیچ کام لەو کۆبوونەوە و دانیشتنانە نەدیوە. ئایا شتێک هەیە کە کۆبوونەوەکەی ستۆکهۆڵم، کۆڵن، واشنگتۆن و بروکسێل لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە؟؟

و: بە باوەڕی من دانیشتنەکان و هەمووی ئەو کۆبوونەوانە خۆیان سەرەتا هەنگاوێکی عەمەلین کە لە نێوان دژەبەرانی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە دەچن. با رابردووی دۆخ و کەش و هەوای نێوان دژەبەرانی کۆماری ئیسلامی لەبەرچاو ون نەکەن، با باس لە زەمانێک بکەین کە سەرەتا و ساڵەکانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران بوو حیزبی دێموکرات سەرگەرمی بەرخۆدان و بەرگرییەکی سەخت و دژوار لەهەمبەر کۆماری ئیسلامی بوو، بەڵام بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن لەبەیکیان بە خومەینی دەگوت: وەزعی شورای میللی بەرگریش تووشی کێشە و ئالۆزیی خۆی ببوو — ئەویش بە هۆی بیرو بوونی بیرو باوەر و بۆچوونی جیاواز- و ئێستاکە لەوەها کۆبوونەوەیەکدا، بەشێک لە دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامی و تیۆریسییەنەکانی دەبینین کە وەک ئێمە پەرتەوازەی هەندەران بوون و ئەوانیش هاتوونەتە نێو ریزی دژەبەرانی نیزام و حیزب و رێکخراوی ئیدئۆلۆژیکی چەپ و راستیش بمێنێ. دەمەوێ بڵێم ئەمرۆکە چاو کە لە کۆنفرانسی بروکسێل دەکەین، دەتوانم بە هەنگاوێکی کردەیی بناسێنم کە پێکهاتەیەک بوو لە لایەن بیرو بۆچوونی جۆراوجۆر و؛ دانیشتنی ئەوانە لە پەنای یەک بۆ دوو رۆژ هەنگاوێکی بە نرخە. پێکهاتەیەکی رەنگاوڕەنگ کە بۆ دوارۆژی ژیانی سیاسی ئێرانییەکان بە نرخە.

پ: بەڵام بینیمان کە زۆر لایەنی وەک کۆماریخوازەکان و تەنانەت هیندێک لایەنی وەک حدکا کە پێشتر بەشداری دانیشتنەکانی ستۆکهۆڵم و کۆڵن ببوون، بەشداری کۆبوونەوەکەی بروکسێل نەبوون، بەڵام لە کۆنفرانسەکەی بڕوکسێلدا کەسان و لایەنی زیاتر بەشدار ببوون، ئەوەیان لە رووی تیکنیکی بەڕێوەچوونی ئەو کۆنفرانسانە چۆن لێک دەدەیەوە؟ بەشدارییەکان و بانگهێشت کردنەکان بەپێی چ بنەمایەک بووە؟ بەشداران لە نوێنەرانی کام گرووپ و لایەن پێک هاتبوون؟

و: بە گوێرەی تەوزیحی بەرێوەبەرانی کۆنفرانسەکە کە دکتور سازگارا ئەو بەشەی بە عۆدەبوو، زۆربەی ڕێکخراوە دێموکرات و کۆماریخوازە ناسراوەکان بانگهێشت کرابوون و بۆ نموونە ئەو دوو ڕێکخراوەیە کە ناوت هێنان. کە نەهاتوون پێم وایە درووست وایە لە خۆیان بپرسرێ و وەڵام بدرێتەوە باشترە، بەڵام من لەو کۆنفرانسە بەو قەناعەتە گەیشتم کە نەهاتنی هەندێک لە لایەنەکان هۆکاری دیکەی هەیە هەتا سیاسی. شێوەی بانگهێشتنەکەش بەو جۆرە بووە کە هەیئەتی بەرێوەبەریی پێشتر لەگەڵ هەموو ئەو کەسان و لایەنانە پێوەندیی گرتوە و دواتر لیستی نەهایی ئەوانەی کە ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە ئامادە کراوە و بڵاویش بۆتەوە. دیارە پێویستە بگوترێ کە کۆنفرانسی بروکسێل درێژەی - بە تایبەتی - کۆنفرانسی ستوکهۆڵم بوو و جیاوازییەکی بنەڕەتی لە شێوە و تکنیک و ناوەڕۆکی کاردا نەهاتە گۆرێ بەڵکوو تەنیا بەربڵاوتر و بەرینتر کرابۆوە. بۆیە هەموو ئەوانەی لە کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم بەشدار بوون ئاگاداری کەش و هەوای کاروبار بوون. بەشدارانی کۆنفرانسی ستۆکهۆڵمیش پێکهاتەیەک بوو لە نوێنەری حیزب و لایەن و ڕەوتی فکریی وەک: کورد و چەند کەسێک لە نەتەوەکانی ئێران، بزووتنەوەی کەسک، بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی چەپ، لایەنی کۆماریخواز، چالاکانی مافی ژنان و نووسەر و ڕۆژنامەنووس. بە گشتی پێکهاتەیەکی تێکەڵاو بوو.

**پ: دەفەرمووی کە بەشداران نوێنەرایەتیی پێکهاتەی فکری و تەشکیلاتیی خۆیان کردوە، بەڵام بەڕێز میرۆ عەلیار، نوێنەری حدکا کە ئەویش یەکێک لە بانگکراوانی کۆنفڕانسی بروکسێل بووە، لە وەڵامی هۆی بەشداری نەکردنیان لەو کۆنفڕانسەدا دەڵێ کە بە هۆی ئەوەی ئیزن نەدراوە لەو کۆبوونەوانەدا باسی پرسی نەتەوایەتیی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بکرێ و کێشەی نەتەوایەتیی نەتەوەکان لەو باس و کۆبوونەوانەدا «تابۆییزە» کراوە، ئەوان لەبەشداری لەو دانیشتنەدا خۆیان بواردوە. ئایا پرسی فرە نەتەوەیی لە ئێران و مافی نەتەوەکان لە ئێرانی داهاتوو لەو باسانەدا نەهاتۆتە گۆرێ یان لە دەستووری کاری کۆبوونەوەکەدا نەبووە؟ یەکیەتی لە پێناو دێموکراسی بە بێ لەبەرچاوگرتنی مافی نەتەوایەتی و پرسی نەتەوەکانی ئێران چۆن مەیسەر دەبێ؟**

و: دیارە بۆ حدک و هەندێک لە حیزبەکانیتری کوردستان پرسی نەتەوایەتی زۆر گرینگە و دەتوانم بڵێم ڕوانگەیەکە کە سیاسەت و بۆچوون و تەعامولاتی سیاسی لەسەر دەخوڵقێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەیکە لەم کۆبوونەوەیەدا وەک تەوەر کاتێکی تایبەت بۆ نەتەوەکان تەرخان نەکرابوو من بە هیچ شێوەیەک هەستم بە «تابۆییزە کردن»ی ئەم باسە نەکرد و پەیامی وتارەکەی من و چەند کەسێکی دیکەش باسیان لە حەلی پرسی نەتەوەکان دەکرد. هەروەها لە میانەی کۆبوونەوەکەدا ئەمن بە روونی باسی دێموکراسی و پرسی کوردم لەگەڵ

بەرێوەبەران هێناوەتە ئاراوە و پێم راگەیاندن کە بە بێ حەلی پرسی کورد موعادلەی دێموکراسی لە ئیران وەک کورسییە لاق شکاوەکەی بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ دەچێ و پرسی نەتەوەی کوردیش بە بێ دێموکرات، کێشەکە گرێپووچکە دەکات هەتا حەل. بەڵام پێویستە ئەوەش بلێم کە خۆ قەرار نیە کە هەموو تەوەرێک لە هەموو کۆبوونەوەیەکدا بێتە بەرباس، بۆ نموونە پرسی ژنان و زۆر بابەتی دیکەش لە دەستووری کاری کۆنفرانسدا نەبوو، حیزبێکی سیاسی و مەسئوول، خۆ تەنیا و تەنیا بۆ یەک پرس ناچیتە مەیدانی سیاسی. چۆن پرسی ژنان، پرسی ئابووری، سیاسی، کۆمەلایەتی، بەرنامەی ناوکی، شەر و ئاشتی و دێموکراسی و داهاتووی ئێران و کێشەی ناوکی و هەلبژاردن و .... هتد و دەیان پرسی دیکە بە حیزبێکی سیاسی کە خۆی بە ئێرانی دەناسێنێ و بەرنامە و مەبەست و ئامانجەکانی لە چوارچێوەی ئێراندا باسدەکات، ، پێوەندیی نیە؟ لەو مەجالانەدا گرینگ حزووری کورد لە ئاستێکی باش دایە، چ لە بواری چلۆنایەتی و چ چەندایەتی. ئێمە نوێنەرایەتی بیروبۆچوونی خۆمان دەکەین و قەراریش نیە لەسەر مەسەلەی کورد پەیمانێک ئیمزا بکرێ کە لە حزوورمان بە گوومان بین.

پ: با تایبەت بێمە سەر باسی کۆنفرانسەکە. ئەو کۆنفرانسە لە ژێر ناوی « بەرەو پێشبردنی یەکیەتی لە پێناو دێموکراسیدا» بەرێوە چوو کاک کاوە! هەموو بەشدارانی ئەو کۆنفرانسە بەشێکن لە ماهییەتی لێکترازانەکان، پێکەوە هەلنەکردنەکان، خۆ بە دوور گرتن لە یەکتر و ئەسانەن نەگەیشتن بە سازان و تێنەگەیشتن لە یەکتر لە پێناو یەکیەتی و هاوپێوەندییەکی پتەو لە بەرامبەر دوژمنی هاوبەش کە کۆماری ئیسلامی بێ. لە رووی تیکنیکی گرتنی ئەو کۆبوونەوانە، لە رووی پێویستیی مێژوویی و سیاسییەوە چی وای کردوە کە چاوەڕوانیی یەکیەتییەکی بە کردەوە لە دەروونی ئەو دانیشتنانەدا لە دایک ببێ؟

و: ئەوە راستە کە بەشدارانی ئەم کۆنفرانسە بەشی هەرە زۆریان بۆ ماوەیەکی زۆر لە هەمبەر یەکتر راوەستابوون. بەلام ئایا دۆستایەتییەکان هەتا سەر بەردەوام دەبن هەتا باوەڕمان بە دووژمنایەتی هەتا سەر هەبێ؟ لە سیاسەتدا نە دۆستایەتی و نە دوژمنایەتی هەتا سەر نین و بە پێی بەرژەوەندی پێناسە دەکرێن. ئێمەش وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی نەتەوەییدا سیاسەت دەکەین. لەوانەیە ئەوانەی دوێنێ دۆستمان بوون، ئەمڕۆکە ئەگەر دوژمنیشمان نەبن بەلام دۆستێکی باشمان نەبن. بەهەرحال پێم وایە هەموو ئەوانەی خۆیان لە دەرەوەی حاکمیەتی کۆماری ئیسلامیدا پێناسەدەکەن، دەکرێ و دەتوانرێ لەسەر تەوەری یەکێتی و پێکهێنانی بەرەیەک بکەونە دیالۆگ و دانوستاندنەوە. هەروەها لە کۆبوونەوەکەشدا هەموولایەک پێداگرییان کرد

لە بەردەوامبوون لە گفتوگۆ و پێکهێنانی کۆنفرانس و دانیشتنی دیکە. گرینگ ئەوەیە لە حالێکدا کە میدیای سەر بە کۆماری ئیسلامی دەنووسێ «دژەبەرانی نیزام ناتوانن پێنج خولەک پێکەوە دانیشن»، بەلام دەبینین، پێکهاتەیەکی وەها رەنگاورەنگ دوو رۆژ لە کەش و هەوایەکی سالم و زۆر شەفاف لەگەڵ یەکتر دیالۆگ دەکەن. ئەوە بۆ من بە نرخە و پێموابێ کە درێژەپێدانی زیاتر کۆماری ئیسلامی دەرەنجێنێ، نەک تەحریم و بەشدارینەکردن.

**پ: لەبارەی چۆنیەتیی مامەڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و خوێندنەوە و شرۆڤەکان بۆ ئێرانی ئێستا لێکدانەوەکان چۆن بووە؟ ئایا بابەتی بە ئاشکرا هێنانە بەرباسی پێویستیی « گۆڕینی رێژیم» و پێویستیی «یارمەتی وەرگرتن لە رۆژئاوا و کۆمەڵگای جیهانی» بۆتە خاڵێکی گشتی کە لایەنەکان لە سەری کۆک بن، یان هەمیسان لەو بارەوە جیاوازیی بۆچوون هەیە و چارەسەرەکان لێک دوورن؟**

و: لەو کۆبوونەوەیەدا کەس خوازیاری مانەوەی کۆماری ئیسلامی نەبوو و هەموولایەک لەسەر تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی هاودەنگ بوون. بەلام هەندێک کەس دژی هێرشی نیزامیی لایەنی دەرەکی بۆ سەر ئێران بوون و دەیانگوت کە بە شەڕ یان لە شەڕدا دێموکراسی جێگیر نابێ و بە دێموکراسی ناگەین. سەبارەت بە وەرگرتنی یارمەتیی ماددی باسێکی کۆنکرێت و دیار نەکرا بەلام یەکێک لە بەشداران بەرێز «ئەمین ریاحی» کە وتاری پێشکەش کرد باسی لە شکاندنی تابۆی پێوەندیگرتن بە رۆژئاواوە کرد و بە باوەری وی دەبێ تابۆی بوونی وابەستەگی و پێوەندی بە ولاتانی رۆژئاوا بشکێندرێ و چیتر لەوە نیگەران نەبین کە بەرچەسبمان لێبدەن. هەروەها باس لە گرتنی پێوەندی بە کۆڕ و کۆمەڵ و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کاری لابیگەریی بۆ پرسی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە ئێراندا کرا. پێموایە کە لە داهاتوودا هەندێک بابەت و باسی پێوەندیدار بە کۆمەڵی نێودەوڵەتی، روونتر و زەقتر بێنە بەرباس.

**پ: بەلام بزووتنەوەی کەسک یەکێک لە لایەنە سەرەکییەکانی بەشدار لەو کۆنفرانسەدا بووە، چۆنە دەفەرمووی هیچ کام لە بەشداران خوازیاری مانەوەی کۆماری ئیسلامی نەبوون و هەمووالیەک لەسەر تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی هاودەنگ بوون. ئایا گۆڕانێک لە سیاسەتی ئەواندا پێک هاتوە، بە تایبەت ئێمە بینیمان راوێژکاری ئاغای کەڕوبیش لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوو.**

و: دەبێ بڵێم کە بزووتنەوەی کەسک لەمێژە بە سەر چەند بۆچوون و لایەندا دابەش بووە، بۆ وێنە دەتوانین بە ڕەوتی کۆنسێرڤاتیڤی بزووتنەوەی کەسک بە نوێنەرایەتیی ئاغای ئەمیر ئەرجومەند کە لەوێ نەبوون، هەروەها ئاغایان موحسێن سازگارا و موحسێن مەخمەلباف و موجتەبا واحدی وەک لایەنی رادیکاڵ و گرووپی خوێندکاریی ناو بزووتنەوەی کەسک، کۆماریخوازەکان و تۆڕی سکۆلارەکانی کەسک و... هتد ئاماژە بکەین. ئەوانەی لەوێ بوون باوەڕیان بە پێکهاتنی گۆڕان و باسیان لە تێپەڕبوون لە حاکمیەتی ئیسلامی دەکرد و گوتارەکان بە گشتی بە نیسبەت دەسەڵات لێک نزیک بوون.

**پ: کاک کاوە یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی کۆنفرانسی بروکسێل « پێویستیی هاوئاهەنگیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن» بوو. چۆن باس لە چارەسەر و ڕێگاکانی ئەو هاوئاهەنگی و یەکڕیزییە کراوە؟ بەشدارانی ئەو کۆنفرانسە کە بەشی هەرە زۆریان نوێنەرایەتیی هێز و حیزبەکانی خۆیان دەکرد لەو بارەوە لە چی نیزیک بوونەتەوە، بە چی گەیشتوون؟**

و: بە گشتی ئەم کۆنفرانسە، زیاتر لایەنی شیکاری و لێکدانەوەی لە خۆ دەگرت هەتا سازش و ڕێکەوتن لەسەر شتێکی دیاریکراو. لەو بەشەدا بێجگە لە پانێلیستەکان، من و دکتور حوسێن باقرزادە و دکتور ڕەزا حوسێنبۆر وتار و گەڵاڵەمان پێشکەش کرد. بەڵام لە سەر هیچ خاڵ یان گەڵاڵەیەکی دیاریکراو ساغ نەبووینە، بەڵام بە گشتی باسەکان و گفتوگۆ و هێنانە ئارای ئەو باسانە یارمەتیان بە لێک تێگەیشتن و ئاشنا بوون بە مکانیزمی فکری و ڕوانگە و بۆچوونەکان دا کە من پێم شتێکی باش و بە کەڵک بوو. سەبارەت بە ساغبوونەوەی نەهایی دژەبەرانی کۆماری ئیسلامی لەسەر پلاتفۆڕمێکی دیار و نووسراوە، پێموایە کە جارێ زوویە و پێویستی بە گفتوگۆ و موناقشەی زیاتر هەیە.

**پ: ئەو باسە بۆ ئێمە گرینگە بۆیە لەوە تێ هەڵدەچمەوە کە چەندە پرسی نەتەوەکان، تێگەیشتنی هاوبەش لە کێشەی نەتەوەکان لە ئێران، خەمی بەشداران یان هەر لە بنەڕەتدا بابەتی ئەو کۆنفرانسە بووە؛ ئەو پرسیارە بۆیە دەکەم چونکی دەبینین بەشداریی نوێنەرانی نەتەوەکانی ئێران لەو کۆنفرانسەدا تۆخ و پڕدیار نەبوە. خۆ ئەگەر بکرێ باس لە هۆکارەکانی ئەوەش بکەی ئەوە زۆر باش دەبێ.**

و: من ئەندامی بەڕێوەبەریی ئەم کۆنفرانسە و کۆنفرانسەکانی پێشوو نەبووم. بەڵام لە هەیئەتی بەڕێوەبەریدا کورد هەن و پێموابێ ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی ئەوان بکرێتەوە باشترە. بە نیسبەت دەستووری کار و هۆکاری

نەبوونی باسێکی تایبەت بە نەتەوەکان، لەگەڵ ئەوەی کە پێموایە کە دەکرێ لە کۆنفرانسێکدا باسی نەتەوەکان نەکرێ، بەڵام ئەوەیکە لەم کۆنفرانسەدا بۆچی ئەم تەوەرە نەبۆتە مژاری باس و گفتوگۆ، دیسان دروست وایە کە لە بەڕیوەبەران بپرسرێت.

**پ: بەڵام ئەوە خەمی سەرەکیی خەڵکی کوردە کە دەیانەوێ بزانن لەو کۆبوونەوانەدا چەندە پرس و کێشەی ژیانەکیی ئەوان لە لایەن ئێرانییەکانەوە وەردەگیرێ؟ ئەوان وەک کورد لە کوێی هاوکێشەکانی ئێستا و ئێرانی داهاتوو جێ دەگرن؟**

و: کاتێک لە زنجیرە کۆنفرانسێکدا باس و بابەتی جۆراوجۆر دێتە ئاراوە، لە یەکێک لەو کۆنفرانسانە باسی پرسی نەتەوەکان نەکردن بە مانای ون و بزرکردنی پرسەکە یان کەم کردنەوەی پرسەکە نیە. کەسایەتیی دەتوانێ بلێ من شارەزای فڵانە بوارم و خۆ لە فڵانە بابەت نادەم، بەڵام بە باوەڕی من حیزبێک ئەویش حیزبێکی کوردستانی نابێ هەموو هێز و هزری خۆی تەنیا بۆ بابەت یان تەوەرێک تەرخان بکات. بۆیە گرینگە کۆمەڵگای سیاسیی ئێرانی بیسەر و بینەری روانگە و لێکدانەوەی سیاسیی حیزبێکی کوردستانی بە نیسبەت مەسەلە جۆراوجۆرەکان بن، خۆ مەحدوود کردن تەنیا بە یەک تەوەرم پێ باش نیە لەگەڵ ئەوەیکە پێم گرینگ و درووستە کە لە کاتی باس و لێکدانەوە لەسەر بابەتەکان، رۆح و جەوهەری قسەکان کوردانە بن و لە روانگەی کوردێک یان حیزبێکی کوردستانییەوە بۆ باسەکان بچین.

**پ: دوایین وێستگەی ئەو کۆبوونەوانە چین؟ ئاڵترناتیڤێک بۆ جێگرەوەیی کۆماری ئیسلامی؟ چ پرۆژەیەک لە دڵی ئەو کۆنفرانس و کۆبوونەوانەدا دێتە دەرێ؟ هەوڵەکان بە کام ئاراستەدا دەڕۆن، دروستکردنی بەرەیەکی نیشتمانی؟ ئایا بەشدارانی ئەو کۆبوونەوانە نوێنەرایەتیی چین و توێژەکان لە تەواوەتیی خۆیاندا دەکەن؟**

و: دوایین وێستگە دەبێ گەیشتن بە یەکیەتی و ئیئتلافێک بێ، چونکە ئەوە زەروورەتی ئەمڕۆکە و پێویستییەک بۆ داهاتووی ئێرانە. بەڵام ئایا دژەبەرانی کۆماری ئیسلامی دەتوانن بەمزوانە ئەم زەروورەتە عەمەلی بکەن؟ بۆخۆی پرسیارێکە کە وڵامێکی دەقیق و روون لە لای من نیە، بەڵام ئەم گفتگۆ و پێکەوە بوونانە شوێندانەرن و یارمەتی بە توانەوەی بەستەڵەکی نێوان دژەبەرانی کۆماری ئیسلامی دەدات. کۆنفرانسی بروکسێل لە کەش و هەوایەکی زۆر ئارام، دۆستانە، بەرپرسانە و شیاو بەڕێوەچوو و پێموایە کە درێژەی ئەم کۆبوونەوانە و دیالۆگی نێوان دژەبەرانی کۆماری ئیسلامی لێکتێگەیشتن و نزیکبوونەوە و لە نەهایەتدا دەبێ ساغبوونەوەیەکی لێ شین بێ. ئەمە نە تەنیا

زەروورەتێکە بەڵکوو ئەرکی دژەبەرانی کۆماری ئیسلامییە بۆ بە دەستەوەدانی ئاڵترناتیڤێک لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆییدا. سەبارەت بە نوێنەرایەتیی چین و توێژەکانیش، بەشدارانی کۆبوونەوە لەسەر بەڕیوەبردنی کۆبوونەوەی دیکە بە بەشداریدانی زیاتری نوێنەرایەتی حیزب و ڕێکخراوە و چالاکانی سیاسی و مەدەنی تەئکیدیان کرد.

• کاک کاوە سپاس بۆ بەشداریتان لەو وتووێژەدا.

سپاس بۆ ئێوەش و ماندوو نەبن

لە ژمارە ٥٨٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٢١ی جووڵای ٢٠١٢

---

## ئەوا دیسان هەرای جەنگە و کوردوستانم ڕوو لە خوێنە...

ئەوە وێنەی "سۆزین"، کیژۆڵە ناسکەکەی کاکە مەنسوور ئاروەندە کە کۆماری ئیسلامی حوکمی ئێعدامی بۆ بڕیوەتەوە... هیوادارم کە سۆزین نازی لێ نەشێوێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێ بێ خەم بین و دەست لە سەر دەست دانێین. مەنسوور ئاروەند هیچ تاوانێکی نەکردوە جیا لەوەی داوای ئارامی و بەختەوەری بۆ "سۆزین" ی کچی و سۆزینەکانی دیکەی نیشتمانەکەی کردوە، داوای ژیانێکی شیاوی ئینسانبوونی بۆ خەڵکی وڵاتەکەی کردوە، داوای مافەکانیانی کردوە.، با بێ خەم نەبین و ئەوەندەی لە دەستمان دێ بە تاک و کۆ و وێکڕا بیروڕای گشتی لەو حوکمە ناداد پەروەرانەیە تێ بگەیەنین و فشار بخەینە سەر کۆماری ئیسلامی. با پشتی ڕۆڵەکانی خۆمان بگرین و نەهێلین بە تەنیا بمێننەوە....

ئەوا دیسان هەرای جەنگە و کوردوستانم ڕوو لە خوێنە

دیسان خوێنە و دڵەی سروشت دڵەی مەخلوق ڕوو لە خوێنە

ئامان قەدەر چاوم نەزری، نیشتمان بێ و گوڵێک نەمرێ
سەرم نەزری  ئازادی بێ و، دڵێک لەوێ دانەچڵەکێ

دەسا کوڕگەل، عاشقە گەلی کەژ و زەنوێر ورەتان بێ
ئێوە شاخی ورە و هەڵوێست شورای بەرزی ورەتان بێ
با دووبارە گەواڵەی خوێن هەردەی ژیان نەگرێتە کۆڵ
گەردەلولێ لە زوڵم و زۆر، چاوی دڵمان نەگرێتە خۆڵ
با دووبارە قرشی سەحرا ماسییە دێمان ئەنفال نەکا
لەبەر دێیا لولەی تفەنگ دووایین گوللەی بەتاڵ نەکا
ڕێگە نەدەن هەرێمی گوڵ، بە هەرێمی خوێناو بەرن
قاسپە و دەنگی ڕۆژنامەکان بە تەلانی سوتاو بەرن
ڕێگە نەدەن ئەرخەوانی خەونی شەهید تەرزە بیبا
ئاسودەگی ئینسانەکان، جارێکی تر گومان بیبا
دەسم دامێن وەخۆکەون، با هیچ مارێ نەتانگەزێ
هەر هەمووما‌ن لەگەڵتانین ورەتان هیچ دانەبەزێ

" ئیسماعیل خورماڵی"

## کەسریی بودجەی بنەماڵەکان لە ئێران و کاریگەریی لە سەر ژیانی رۆژانەیان

بنەماڵەکان لە ئێران لە مێژساڵە بەردەوام بە کەمی هێنانی بودجە راهاتوون و بە کۆڵە مەرگی لە گەڵی دەژین، کەمی بودجە بەو مانایەی خەرجی مانگانەیان زۆر زیاتر لە داهاتیانە. تەنانەت ئامارە رەسمییەکانی وڵات کە هەمیشە کەمتر خۆ لە راستییەکان دەدەن، ئاماژە بەو راستییە دەکەن. هۆکاری کەمی هێنانی بودجەی خەڵکیش

ئەوەیە کە نرخی کەلوپەل و خواردەمەنییەکان لە بازاڕ ساڵ بە ساڵ گرانتر دەبێ، بەڵام داهاتی خەڵک یان لە جێی خۆیەتی، یان ئەگەر زیادیش ببێ، دەرەقەتی گرانبوونی نرخەکان لە بازاڕ نایە.

دوایین ئاماری رەسمی لەو پێوەندییەدا ناوەندی ئاماری ئێران داویەتی کە دەڵێ لە کۆتایی ساڵی ٨٩ دا کەمی هێنانی بودجەی بنەماڵەکانی ئێرانی لە چاو ساڵی رابردوویان سەدا ٣٤ زیادی کردوە.

ئەوەش لە حاڵێک دایە کە ئەو قیمەتە و ئەو ئامارە ئی ساڵ و نیوێک بەر لە ئێستا و بەر لە گرانیی ئێستای بازاڕە کە لە هاوینی ساڵی رابردووەوە دەستی پێ کردوە و هەروا درێژەی هەیە.

هەر بە پێی ئامارەکان ئەو ساڵ مووچە و حەقدەستی کرێکار و کارمەندەکان سەدا ١٨ چۆتە سەرێ، بەڵام بە پێی ئامارە رەسمییەکان نرخی کرێ خانوو سەدا ٢٠ زیادی کردوە و نێونجی نرخی خواردەمەنییە سەرەکییەکانی خەڵکیش سەدا ٦٠ چۆتە سەرێ.

تێچووەکانی خواردن و کرێ ماڵ نیزیک بە نیوەی تێچووی ژیانی بنەماڵەکان لە ئێران پێک دێنن.

بڵاوبوونەوەی راپۆرتی کەمی هێنانی بودجەی بنەماڵەکان لە ئێران دەرخەری بارودۆخی نالەباری ژیانی بنەماڵی کرێکارانە. بنەماڵەی کرێکارانی ئێران، ئەوانەی تەنیا یەک کەسیان کار دەکا و ئەرکی دابینکردنی داهاتی ماڵێ لە ئەستۆیە، بە وەرگرتنی یارانە نەغدییەکانیش مانگانە داهاتیان ناگاتە ٦٠٠ هەزار تمەن، لە حاڵێکدا تێچووەکانی ژیانی مانگانەیان دوو بەرابەری ئەوەیە. تازە ئەوەش لێکدانەوە و ئاماری ٢ ساڵ لەوە پێشە.

ئەو راپۆرتە لە تەنیشت ئەوەی کە حەشیمەتی بێکاری لە ئێران بە پێی ئامارە رەسمییەکان کە ساڵانە پتر لە ٣ میلیۆن کەسە و بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە نرخی هەڵدان و گەشەی ئابووریی ئێران کەمتر لە ١% ە، ئەوە پیشان دەدەن کە کۆمەڵگای ئێران بە پێی ئامارە رەسمییەکانی دەوڵەتیش ساڵ لە دوای ساڵ خەریکە هەژارتر و بێ ئەنواتر دەبێ.

بارودۆخی خراپی داهاتی بنەمالەکان لە ئێران لە کاتێک دایە کە ئێران بە هۆی گەمارۆ جیهانییەکان داهات و هەناردەی نەوتی بە نیوەی ساڵانی پیشوو گەیشتوە و بەردەوامیی گەمارۆکان بێ گومان کاریگەریی زیاتر لە سەر

ژیانی خەڵکیش دادەنێ، ئەوەش لە کاتێک دایە کە بە ڕای کارناسان ئەگەر ئێران سیاسەتی نەحاوانەوەی لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی نەگرتبا بەر و مودیرییەتی داهات و سامانە سروشتییەکانی ئێران بەپێی شایستەسالاری بوایە، ئەوا ئابووریی ئێران دیتوانی لە رووی گەشە و هەڵدانەوە سەرکەوتووترین ئابووریی ناوچەکە بێ.

گەمارۆ جیهانییەکان دژی ئێران و پرسی کۆبوونەوەی لوتکەی وڵاتانی بێلایەن لە تاران

لەو حەوتوویەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران میوانداریتیی کۆبوونەوەی وڵاتانی بێلایەن و لانەگری کرد. وڵاتانی بێ لایەن ئەو ١٢٠ وڵاتەن کە دوای دەسپێکی شەڕی ساردی نێوان ئەمریکا و رووسیە لە رواڵەتدا سیاسەتی بێلایەنییان هەڵ بژاردبوو. ژمارەیەک لەو وڵاتانەی ئێستاش هەر میوانی ئێران بۆ بەشداری لە کۆبوونەوی وڵاتانی بێ لایەنن، هاوپەیمانی ئەمریکا و رۆژئاوا بۆ سەپاندنی سزای گەمارۆی ئابووری دژی ئێرانن و دەڵێن کە ئێرانی ئەتومی دژ بە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگای جیهانییە.

پرسیار ئەوەیە کە هەوڵەکانی ئێران لە کۆبوونەوەی وڵاتانی بێلایەن بۆ کومکردنەوەی کاریگەریی گەمارۆکان و شەرعییەتدان بە پیتاندنی ئۆرانیۆم و بەردەوامیی لە سەر چالاکییە ئەتومییەکانی چەند و چۆن دەبێ؟

کۆمەڵگای جیهانی دەڵێ کە ئێران بە نهێنی لە هەوڵی دروستکردنی چەکی ئەتومی دایە، بەڵام ئێران حاشا لەو بابەتە دەکا. رەد کردنەوەی ئەو باسە لە لایەن ئێرانەوە کۆمەڵگای جیهانی و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی ناچار کردوە کە گەمارۆکانی خۆیان لە دژی ئێران توند بکەن.

ئێستا ئەمریکا لێکۆڵینەوە لە بانکی "رۆیاڵ" لە ئیسکاتلەند و دووهەمین بانکی گەورەی ئاڵمانی دەکا بۆ ئەوەی سزا بە سەر هەموو ئەو ناوەند و بانک و لایەنانەدا بسەپێنن کە پێچەوانەی رێوشوێنە دیاریکراوەکان مامەڵەی ئابووری لەگەڵ ئێران دەکەن و هەوڵی کەمکردنەوەی کاریگەریی گەمارۆکانی سەر ئێران دەدەن.

ئابووریی ئێران بە هۆی گەمارۆکانەوە زیانی قورس و گورچکبڕی لێ کەوتوە و "دەیڤید تافول" لە کۆمپانیای قانوونی "پاتون باکس" دەڵێ: " سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی ئێران فرۆشی نەوتە و ئێستا ئێران زۆر بە زەحمەت و بە سەختی دەتوانێ مشتەری بۆ نەوتەکەی بدۆزێتەوە. ئێران پێویستی بە پووڵە، نەک هەر بۆ راگرتنی ئابوریەکەی، بەڵکوو بۆ بەردەوامیش لە سەر پرۆژە ئەتومییەکانی."

بەڵام جەمال عەبدی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی نێشتمانیی ئێرانی ئەمریکایی پێی وایە کە سیاسەتی ئەمریکا بە نیسبەت ئێرانەوە زیانی زیاتر بووە تا قازانج.

ناوبراو دەڵێ کە سیاسەتی سزادانی زیرەک و ئامانجدارانەش نەیتوانیوە مەبەستە سەرەکییەکان بپێکێ، چونکی لەو نێوەدا خەڵک زیاتر زیانیان بەرکەوتوە. ئەوە جیا لەوەی کە رێگریی زیاتریشی لە بەر دەم هەوڵە دیپلۆماسییەکاندا دروست کردوە و دوا دەرەنجامی بەردەوامیی ئەو سیاسەتەش رووبەڕووبونەوەی نیزامی و هەڵبژاردنی بەربژێری چەکداری بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی ئێرانی لێ دەکەوێتەوە.

لێرە پرسیار ئەوەیە کە روانگەی خەڵک بۆ ئەو باس و بابەتە چیە؟

نیگار مورتەزەوی، رۆژنامەنووس بە دەنگی ئەمریکا دەڵی کە زۆر کەس پەروەندە و قەیرانی ئەتومیی ئێران بە هۆکاری گەمارۆکان نازانن. زۆر کەس پێیان وایە کە بەرنامەی ئەتومیی ئێران هیچ پێوەندییەکی بە کێشەکانی رۆژانەی ژیانی ئەوانەوە نیە، بەڵام ئاوای دەبینن کە ئەوە سزاکانن کە کاریگەرییان لە سەر ژیانی ئەوان داناوە.

ئەو رۆژنامەنووسە دەڵێ کە گلەیی خەڵک لە گرانی بە تایبەت نرخی کەلوپەلە خواردەمەنییەکان رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبێ و بە تایبەت دەبینین کە لە ماوەی ٤ رۆژدا نرخی شیر سەدا ٢٠ زیادی کردوە و مریشک ئەوەندە گران بووە کە خەڵکێکی کەم توانای کڕینی ماوە.

دەیڤید تافول لەو پێوەندییەدا رای وایە کە ئەو سزایانە نەهامەتین بۆ سەر خەڵک، چونکی خەڵک زیاتر لە دەوڵەت زیانیان بەردەکەوێ، بەڵام ئەو سزایانە نێونەتەوەیین و ناکرێ جیاکاری تێدا بکرێ.

زۆرێک لە کارناسان پێیان وایە کە پشتبەستن بە بەردەوامی و بەرینکردنەوەی سزا ئابوورییەکان بۆ بەچۆک داهێنانی ئێران هەم سەختە و هەم پرۆژەیەکی درێژخایەن دەبێ و دواجار هەوڵی رۆژئاوا بە بونبەست دەگاو کار دەگاتە جێیەکی دیکە، چونکی بەردەوامیی سزاکان و درێژەی گرژییەکان پیوەندیی ئێران و رۆژئاوا بەرەو بارودۆخی نالەباری شەڕ و لێکدان دەبا.

بەڵام لەو نێوەدا خەڵکی ئێران دەزانن کە لەوەها بارودۆخێکیشدا تاوانی شەڕ لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامییە کە

هیچ کام لە بەستە پێشنیارییەکانی رۆژئاوای بۆ چارەسەریی قەیرانەکان قەبووڵ نەکرد و لە ئێستاشدا ئەو بارودۆخە دژوار و تاقەت پڕووکێنەی بەسەر خەڵکدا سەپاندوە و ئەوە خەڵکن کە دەبێ باج و تێچووی سیاسەتی کێشەخوڵقێنی و نەحاوانەوەی ئەو رێژیمە لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی بدەن.

رێکەوت: خەرمانانی ١٣٩٢ - ئاگۆستی ٢٠١٢

## سەردەشت و خەم و مەینەتیی خەڵکی ئەو شارە

سەرەڕای تێپەڕینی ٢٥ ساڵ بە سەر رووداوی شیمیایی بارانکرانی شاری سەردەشتدا کە سەدان کوژراو و زیاتر لە ٨ هەزار برینداری لێ کەوتەوە، ئەو بابەتە ئێستاش لە زۆر لاوە جێی باس و وردبوونەوەیە.

بەرکەوتووانی لە ژیاندا ماوی ئەو رووداوە ئێستاش لە بارودۆخێکی نالەباردا بە سەر دەبەن، لە ئیمکاناتی پزیشکی و ئاسانکارییەکان بۆ بەردەوامی ژیان بێبەشن و لە لایەن دەوڵەتەوە پشتگوێ خراون.

لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنووسیمدا لەگەڵ سیروان حەدداد، بەرپرسی پێشووی ئەنجومەنی بەرگری لە بەرکەوتووانی شیمیایی بارانی سەردەشت کە بۆ ماوەی ٤ ساڵ بەرپرسایەتیی ئەو ئەنجومەنەی لە ئەستۆ بووە، بەڕێزیان، تیشکی خستۆتە سەر چەند لایەنێکی پێوەندیدار بە بارودۆخی بەرکەوتووان و زامدارانی لە ژیانداماوی شیمیایی بارانی شاری سەردەشت و رەخنەی توندی لە هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی دەوڵەت لەو پێوەندییەدا گرتوە:

کاک سیروان! با بەو پرسیارە دەست پێ بکەم کە لەو ماوەیەدا راپۆرتێک لە جەنابتان لە رۆژنامەی «تهران امروز» دا بڵاو بۆوە. لەو راپۆرتەدا جەنابتان ئاوا دەست پێ دەکەن کە شارەکەی من سەردەشت کوێیە؟ دەردی شارەکەم چییە و لە کوێ دەبێ بە دوای دەرمانی ئەو دەردەدا بگەڕێم. پێم خۆشە وتووێژەکەمان بە وەڵامی ئێوە بەو پرسیارە دەست پێ بکەین؟

**سیروان حەدداد:** کاتێک کە هەموو ڕێگەکانی ژیان و ئاسوودەیی وڵاتەکەت بەستراوە دەبینی، کاتێک کە ئاوەدانی و پێڕاگەیشتنی شارەکەت دەبێتە وێرانی، کاتێک کە هەستی مرۆڤدۆستانە لە ئاست تۆ دەبێتە نامرۆڤانە و نەهامەتی بەسەر وڵاتەکەتدا باڵ دەکێشێ هەر لە خۆوە پرسیارت بۆ دروست دەبێ کە ئەرێ ئەو شارەی کە من تێیدا دەژیم دەبێ هەڵکەوتووی کام وڵاتی کاولکراو بێت کە ئاوا نەهامەتی رووی تێ کردوە و کەس بە هی خۆی نازانێ و دڵسۆزی بۆ نانوێنێ. وەک دەزانن سەردەشت یەکەم شاری جیهانە کە بۆمبارانی شیمیایی کراوە و هەزاران کەسی بریندار و بەرکەوتووی چەکی شیمیایی تێدا دەژی، بەڵام سەرەتاییترین پێداویستیی ژیان بۆ ئەو خەڵکە داماو و لێقەوماوە دابین ناکرێ، زۆر ئاسایییە ئەو پرسیارە بۆ هەموو کەس پێش بێت و بپرسێ ئەرێ ئێرە کوێیە کە ئاوا بێمەیلی لەگەڵ دەکرێ و کەس لە حاست کەموکوڕییەکانی خۆی بە بەرپرسیار نازانێ؟ چۆنە کە لە وڵاتی خۆت بە بێگانەت دەزانن و ئێزنیش نادەن بێگانەکانیش یارمەتمان بدەن؟ دەردی شارەکەم ئەوەندە زۆرە نەبێتەوە و، بەداخەوە کەسیش نییە دەرمانی بکا.

**دوای ٢٥ ساڵ لە رووداوی شیمیایی بارانی شاری سەردەشت، چۆن باس لە کێشە و پێداویستییەکانی خەڵکی ئەو شارە دەکەی؟ ئایا تەنیا برینداران و بەرکەوتووانی لە ژیاندا ماوی ئەو رووداوەن کە پێویستیان بە ئاوڕدانەوە و خزمەتگوزاری هەیە، یان ئەو کێشە و گرفتانە حاڵەتی عام و گشتگیریان هەیە؟؟ پێداویستییەکان چین؟ کیشەکان کامانەن؟**

**سیروان حەدداد:** شاری سەردەشت وەک هەر شارێکی دیکەی ئێران دەبێ هەموو ئیمکاناتی ژیانی دانیشتوانی دابین بکرێ چ لە بواری ئابووری یا فەرهەنگی و پزشکی چ لە بواری خزمەتگوزاریی شارەوانی و پاک و خاوێنیی نێو شار و هەموو بەشەکانی دیکەش. لەگەڵ ئەوەشدا سەردەشت بە گازی شیمیایی بۆمباران کراوە و زیاتر لە ١٢٠٠٠ کەس لە دانیشتوانی بریندار و شیمیایی بوون و پێویستیی زیاتریان بە پێڕاگەیشتن هەیە. بەڵام بەداخەوە تا ئێستا سەرەتاییترین پێداویستیی ژیانی خەڵکی سەردەشت دابین نەکراوە، بە بریندارانی شیمیاییشەوە. سەردەشت بیمارستانی نییە، بۆیە دەڵێم نیەتی چونکە ئێستاش دەبێ نەخۆشەکان لە نێو شاری سەردەشت بەرەو نەخۆشخانەیەک کە نزیکەی ١٠ کیلۆمەتر لە شار دوورە بەڕێ بکرێن، لە نێو شار ئۆرژانش و دەرمانگایەکی وای لێ نییە کە بتوانی دەرمانی سەرپایی نەخۆشەکان بکا. جا ئەوە هەموو خەڵکی شاری سەردەشت و ناوچەش دەگرێتەوە نەک هەر برینداری شیمیایی. سەردەشت لە بواری ئابووری یەکێک لە شارە هەرە دواکەوتووەکانی ئێرانە و هیچ کارخانە و کارگایەکی وای نییە کە دڵخۆشکەر بێت و خەڵک بتوانی کاری تێدا بکا. هێشتا شاری سەردەشت پارکی

منالانی نییە تا منداڵەکانی ئێمە بتوانن ساتێک لەم شوێنەدا مەشغووڵی یاری و یاری منداڵانەی خۆیان بن. پاک و خاوێنیی نێوشاری ئێمە کارەساتە و هیچ شیاوی ژیانێکی شارستانیانە نییە. کاکە گیان ئەو کەم و کورییانە بۆ هەموو خەڵکی شاری سەردەشتە و بە تایبەت بریندارانی شیمیایی زیاتر ئازار دەدات.

کاک عەلی ئێوە دەپرسن کە سەردەشت پێویستی بە چ هەیە: سەردەشت پێویستی بە کار و شوغڵێکی دائیمی هەیە بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە، پێویستی بە سنوورێکی ئەمن و بێ کوشتار هەیە کە زیاتر لەوە لاوەکانمان نەکەونە بەر گوللەی هێزەکانی ئینتزامی ، پێویستی بە پزیشک و دەرمانی بریندارانی شیمیایی هەیە بۆ ئەوەی زیاتر لەوە نەخۆشەکانمان پێویستیان بە تاران و ورمێ نەبێ. سەردەشت پێویستی بە ئاوەدانی و پێڕاگەیشتن هەیە و لەسەر یەک پێویستە لە ناوچەی ئێمە ئیمکاناتی ژیان بچێتە سەر چونکە بە دڵنیاییەوە سەردەشتی ئەمڕۆ شیاوی ژیان کردن نییە.

**کاک سیروان! چەندە لە خەڵکی بەرکەوتووی شیمیایی بارانی سەردەشت لە ژێر چەتری حیمایەتیی ناوەندە حکوومییەکان دان؟ ئەو یارمەتییانە چەندەن و چەندە بە کەلکی ژیانی ئەوان دێ و بۆشاییەکانیان بۆ پڕ دەکاتەوە؟**

**سیروان حەدداد:** ئێمە پێمان وایە هەموو ئەو ١٢٠٠٠ کەسەی لە رۆژی ٧ی پووشەڕ لە شاری سەردەشت بوون بەشێوەیەک بەرکەوتووی گازی شیمیایین و دەبێ لە ژێر چەتری حیمایەتی دابن، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا کەمتر لە ٤٠٠ کەس وەک کەمئەندامی شیمیایی لە لایەن ناوەندە حکوومییەکان یارمەتیان دەدرێ. بە واتایەکی دیکە تەنیا ٣% ی بریندارانی شیمیایی سەردەشت یارمەتی وەردەگرن. یارمەتی مانگانە بۆ ئەوانەی زیاتر لە ٢٥% بریندارن و وامی بانکی بۆ ئەو کەسانەی خانوویان نییە و ماشین بۆ جانبازانێک کە لە سەرووی ٥٠% بریندارن و ئەوانەش تەنیا ١٠ تا ١٥ کەس دەبن. ئەو یارمەتیی مانگانەش شتێک نییە کە بتوانی هەموو بۆشاییەکان پڕکاتەوە بەڵکوو تەنیا کۆمەک خەرجێکە بۆ ژیانی پڕ لە ئێش و ئازاری بریندارەکان. وامی خانووش هەموو دەزانین کە شتێکی وا نییە کە کەڵکی هەبێ، قەرزە و دەبێ بدرێتەوە. ماشێنەکەش تەنیا بۆ چەند کەسە و رەنگبێ بۆوان باش بێت.

**کارناسانی بیۆلۆژی دەڵێن کە مانەوەی کاریگەریی گازە شیمیاییەکان ١٠٠ ساڵ و بە تایبەت بۆ گازی « خردل» ٤٠٠ ساڵە، ئایا تاکوو ئێستا هیچ کارێکی کارناسی بۆ خاوێن کردنەوەی زەوی و زارەکانی ناوچەی سەردەشت لەو**

**ئاڵوودەبوونە کراوە؟ ئایا ئەو بابەتە هەر لە جێدا بۆ کاربەدەستانی دەوڵەت گرینگ بووە؟**

**سیروان حەدداد:** تۆ بڵێ ئەو هەموو مینانەی کە بە درێژایی شەڕی چەندین ساڵەی کوردستان لە پایەگاکان چێندراون و ڕۆژانە مەترسی دەخەنە سەر ژیانی خەڵکی لادێ و بە سەدان کەسی ڕێبوار و قوتابی و شوان و بگرە دانیشتووی دێهاتەکانی بێ دەست و لاق کردوە و سەدانی دیکەش تا ئێستا شەهید بوون، بەڵام تا ئەمڕۆ کارێکیان بۆ کراوە؟ ناوەڵا تا ئێستا هیچ کارێک بۆ ئەم بەشە نەکراوە و دڵنیاش بە هەرگیز بۆ خەڵکی ئێمە کارێکی ئاوا ناکەن. ئێمە بەسەدان جار مەترسیی ئەو بەشەمان گەیاندۆتە بەرپرسان بەڵام بۆ جارێکیش نە بە چاک نە بە خەراپ جوابیان نەداوینەوە. هەر ساڵێک لەمەو بەر کاتێک بۆمبێکی شیمیایی لە نێو شاری سەردەشتدا بینرایەوە هەموو ڕاگەیەنە گشتییەکانی ئێران گوێیان لێ کەڕ کرد تا ئەو کات لە ئەنجومەنی بەرگری لە مافی بریندارانی شیمیایی سەردەشت نامەیەکمان بۆ سازمانی نەهێشتن و پەرەپێدانی چەکی شیمیایی واتە opcw لە شاری لاهە نارد و ئەوانمان لێ ئاگادار کردەوە جا کاتێک کە ئەوان بەشوێن بۆمبەکەدا هاتنە ئێران چەند ڕۆژنامەیەک باسیان لێ کرد. هەر ئەو کات ئێمە و کارناسەکانی opcw مەترسیی ئەوەمان ڕاگەیاند کە ڕەنگبێ بۆمبی دیکەش هەروا بە نەتەقیوەیی لە ژێر خانوو و ماڵەکانی خەڵکی سەردەشت دا مابن، بۆیە پێویستە بە زوویی ئەو شوێنانەی ئیحتمالی ئەوەیان لەسەرە کە بومبی لێ بێت بپشکێندرێن و مەترسی لە سەر خەڵک لاچێ بەڵام بەداخەوە کەس نییە کەمترین گرنگی بە ژیانی ئێمە بدات. ئەمن پێم وانییە هیچ کات نە ژینگەی ئێمە و نە ژیانی ئێمە بۆ کاربەدەستانی دەوڵەت گرنگ بووبێ.

**بە بۆچوونی ئێوە بۆ دەبێ ئاوا بێ؟ بۆ لەو بارەوە کاری پێویست نەکراوە؟ جیا لە مشور خواردنی ناوەندە دەوڵەتییەکان، ئەدی هیچ لایەنێکی توێژینەوەیی و زانستی ئامادە نەبووە لەو ناوچە شەرلێدراوەدا کاری توێژینەوەیی لەو بارەوە بکا، یان بۆرۆکراسیی ئیداری و کێشەی بودجە و بە ئەمنیەتی کردنی ئەو بابەتە نەیهێشتوە کاری پێویست لەو بارەوە بکرێ؟**

**سیروان حەدداد:** من پێموایە هیچ مەیلێک بۆ کار و خزمەت کردن بە شارە کوردەکەی ئێمە نییە.لە ماوەی ئەو ٢٥ ساڵەدا کە سەردەشت بۆمبارانی شیمیایی کراوە تەنیا پڕوپاگەندەی سیاسی لەسەر کراوە و ئەوەی تا ئێستاش کراوە بە ئازایەتیی بەشێک لە دڵسوزانی سەردەشت بووە کە هەمیشە دڵگرانی بەرپرسانیشی بەدواوە بووە. بە بڕوای من ئەو بێ هەڵوێستییە لە حاست ژیانی خەڵکی ئێمە سیاسەتێکی سیستماتیکە کە بەڕێوە دەچی و هیچ

پێوەندی‌یەکی بە کێشەی ئابووری و ئەمنیەتی و بوودجەوە نییە.

**لەو ماوەیەدا مەسعوود زەریبافان، جێگری سەرۆک کۆمار و سەرۆکی بەناو بنیادی شەهید و کاروباری ئیسارگەران گوتبووی کە سەردەشت ناوچەیەکی سنوورییە و هەر دوکتورێک ئامادە نییە بچێ لەوی خزمەتی نەخۆشان بکا؟ ئەو قسانە تەعبیر لە چی دەکەن؟ چۆن کاربەدستێکی پایەبەرزی دەوڵەت دەبێ ئاوا لە بارەی کێشەی خەڵکی برینداری شەڕ قسە بکا کە پێویستییان بە یارمەتی و خزمەتگوزارییە؟**

**سیروان حەدداد:** ئەوە هەر ئەو سیاسەتەیە کە لە جوابی پرسیاری پێشوودا بە کورتی باسم کرد، ئەو قسانە تەعبیر لەو سیاسەتە دەکەن کە بەرانبەر نەتەوەی ئێمە گرتوویانەتە بەر. لە کاتی شەڕ و پێویستدا بە ناوی قارەمان و دلێر و مەرزبان ناومان دەبەن و پێمان هەڵدەڵێن و هەڵمان دەکێشن. دوای شەڕیش حازر نین برینندارەکانمان دەوا بکەن و دەرمان و پزشکیان بۆ بێنن. من پێم وایە ئەوە نامەسئوولانەترین هەڵویستە کە لە لایەن گەورەترین بەرپرسی پێوەندیدار بەیان دەکرێ و بێڕێزی‌یەکی گەورەیە بە خوێنی شەهیدان و بریندارانی شیمیایی و بە گشتی هەموو خەڵکی سەردەشت. ئەمن ئەو قسەم پێشتر لە زمانی فەرمانداری پێشووی سەردەشت و ئوستانداری ورمێش بیستبوو، بەڵام ئەمجار لە زمانی جێگری سەرۆک کۆمار گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوە تەعبیر لە دووبارە شەهید بوونی سەردەشتە. ئێستا وەختی ئەوەیە کە هەموو خەڵکی سەردەشت گلەیی خۆیان بەرز کەنەوە، پێویستە هەموو حیزب و لایەنە سیاسی و کۆمەڵە مەدەنییەکان بێ دەنگ نەبن چونکە کاتێک سەردەشت بێ دوکتور و دەرمان بێ، یەعنی مەترسی لە سەر ژیانی ئەو خەڵکەیە کە بە گشتی پێویستیان بە پێڕاگەیشتنی بە پەلە هەیە. ئەو جۆرە هەڵوێستانەن کە ئەمنیەتی سەردەشت دەهەژێنن.

**ئەگەر مەبەستی ئەو کاربەدەستە ئەمنیەتی بوون و نیزامی بوونی ئەو شارەیە، ئەوەیان چەندە راستە و کێ هۆکاری ئەو ئەمنیەتی بوونەیە؟ تا ئێستا چ تیم و ئیکیپێکی پزیشکی هاتوونەتە ئەو شارە و لەو سۆنگەیەوە تووشی کێشە بووبێتن؟**

**سیروان حەدداد:** کاکە با بەدڵنیایی‌یەوە پێتان بڵێم تا ئەمرۆ هیچ کەس لە سەردەشت و ناوچەی ئێمە تووشی کێشە نەبوون بەتایبەت ئەو کەسانەی وەک پزشک و تیمی پزشکی ئەگەر هاتبنە سەردەشت، چونکە خەڵکی ئێمە هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەن و بۆ خۆیان ئارامی و ئاسوودەیی ناوچەکەی خۆیان دەپارێزن. ئەوجۆرە قسەڵۆکانە تەنیا پاساوێکە بۆ خۆدزینەوە لە پێڕاگەیشتن و خزمەت بەم شارە بریندارە. بەڵام ئەگەر باوەڕمان بە نائەمنیی

راستەقینە هەبێ ئەو نائەمنییە تەنیا لەسەر خەڵکی ناوچەی سەردەشتە. وەک ئەو مینانەی هێشتا لە دێهات و لەوەڕگا و بناری کێوەکان خڕنەکراونەوە و خەتەرێکی گەورەیە بۆ ئارامی و ئەمنییەتی گیانیی خەڵکی ئێمە، یا مەترسیی گیانی کە لە سەر ئەو خەڵکە هەژارەیە کە بۆ بژێوی ژیانیان ناچارن کۆڵبەری بکەن و زۆر جار دەکەونە بەر گوللەی هێزە ئەمنیەتییەکان. کەوایە تۆپەکە لە مەیدانی خۆیاندایە و زۆر بە ئاسانی دەتوانن کێشەکە چارەسەر بکەن و وڵاتی ئێمەش ئەمن و ئەمان بێت.

**کاک سیروان! ئەگەر کاربەدەستانی حکوومەتی و دەوڵەتی خۆیان لەو بەرپرسایەتی لە حاند کێشەکانی قوربانیانی شیمیایی باران کرانی سەردەشت دەدزنەوە، ئایا ئەنجومەنەکەی ئێوە ناتوانێ داوا لە ڕێکخراوە جیهانییەکان بکا کە لەو بارەوە هاوکاریی بەرکەوتووانی شیمیایی باران کرانی سەردەشت بکا؟ ئایا ئەو هەوڵانەتان داوە؟ ئەگەر داوتانە و جێبەجێ نەبووە چی ڕێگری ئەو کارە بووە؟**

**سیروان حەدداد:** ئەمن ئێستا وەک خۆم قسە دەکەم نەک وەک بەرپرسی ئەنجومەن، بەڵام ئەنجومەنی بەرگری لە مافی بریندارانی شیمیایی سەردەشت لە چەندین ناوەندی جیهانی و سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەندامە و تا ئێستا لەگەڵ چەند ڕێکخرای پێڕاگەیشتنی پزشکی دانیشتنی هەبووە و ئەو توانایەی هەیە کە پزشک و پێداویستی پزشکی بۆ سەردەشت دابین بکا، بەڵام بەداخەوە لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە ئیزن بە کەس نادرێ کە یارمەتی و کۆمەک بۆ سەردەشت بنێرن. ئەوەندەی من ئاگادار بم بەربەستەکە ئەوەیە کە ڕەنگبێ ئەم ڕێکخراوانە سیخوڕ بن و کار بۆ نەیارانی کۆماری ئیسلامی بکەن!

**کاک سیروان باسی ئەنجومەن کرا، وەک دوا سەرنج پێم باشە برێک باسی ئەوەمان بۆ بکەی؟**

**سیروان حەدداد:** بەڵێ. ئەنجومەنی بەرگری لە بریندارانی شیمیایی باران کرانی سەردەشت لە ساڵی ١٣٨٠ دامەزراوە و لە ڕێکخراوی opcw کە سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە ئەندامە و دوو کورسی هەیە. ئەنجومەنەکەمان هەروەها لە سازمانی ipb کە گەورەترین سازمانی دژە شەڕە ئەندامە و لە ئیتلافی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ئەندام لە opcw دا ئەندامی پێکهێنەرە کە بە cwcc دەناسرێ. کاری ئەنجومەنیش ئەوەندەی بۆی کراوە خزمەت و بەهاناوەچوونی خزمەت بە بریندارانی شیمیایی شاری سەردەشت و گەڕاندنەوەی مافەکانیان بۆ ئەوان و بووە.

سپاس کاک سیروان حەدداد بۆ بەشداریتان لەو وتووێژەدا

**سیروان حەدداد:** سپاس بۆ ئێوەش

**سیروان حەدداد لە چەند دێڕێکدا:**

سیروان حەدداد لە ساڵی ۱۳۵۳ لە شاری سەردەشت لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ و نیشتیمانپەروەردا لە دایک بووە. چەند ساڵی سەرەتایی و ناوەندیی خوێندنی لە مەدرەسەی شۆڕشدا خوێندوە و دوایە گەڕاوەتەوە سەردەشت و تا ئاستی فەوقی دیپلۆمی ئەدەبیاتی فارسی لەو شارەدا لە خوێندن بەردەوام بووە. ساڵێ ۱۳۸٤ بە یارمەتیی چەند کەسێک ماڵپەڕی خەبری _تحلیلی «سەرچاوە»ی سەردەشتیان داناوە و وەک بەڕێوەبەری سایت لە بواری ڕاگەیاندن و تەفسیری ڕووداوەکانی سەردەشت کاری کردوە.  زیاتر لە چەند ساڵ لە ئەنجومەنی قەقنووس دا وەک دەستەی بەڕێوەبەری چالاکی بووە و ساڵی ۱۳۸۵ وەک کارگێڕی ئەنجومەنی بەرگری لە مافی بریندارانی شیمیایی سەردەشت هەڵبژێردراوە و چوار ساڵ ئەو ئەرکەی لە سەر شان بووە دواتریش بە بەرپرسی ئەنجومەنی بەرگری لە مافی شیمیایی بارانی سەردەشت هەڵبژێردراوە.

لە ژمارەی ٥٨٩ی "کوردستان"، بڵاو بۆتەوە

٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٢

## هەژاری و گرانی لە ئێرانی ئەمڕۆدا، هۆکار و دەرەنجامەکان؟

بابەتی هەژاری و گرانی و چوونەسەرێی نرخی کەلوپەل و پێداویستییەکانی ڕۆژانەی ژیانی خەڵک لە ئێستادا، باسی سەرەکیی هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەی خەڵکی لە بازاڕ و بنەماڵەکان لەگەڵ یەکترە.

گرانبوونی سەدا ٦٠ و سەدا٧٠ ی نرخی زۆربەی کەلوپەلەکان و تەنانەت لە هێندێکیاندا گرانبوونی سەدا ٣٠٠ی نرخەکان - مریشک و گۆشت - لە کاتێک دایە کە هاوکات نرخی بێکارییش بەردەوام چۆتە سەرێ و کەمبوونی داهاتی خەڵک و گرانیی هەوسارپچڕاوی ئێستا؛ ژیانی لە خەڵکی ئێران بە تایبەت لە توێژی هەژار و کەم داهات تاڵ کردوە.

**یەکەم** سەرنج لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ئێستای گرانی لە ئێران و لە کاتێکدا کە فشاری ئەو گرانییە خەڵکی وەزاله هێناوە و لە کاتێکدا کە کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا ئەم دەزگای حکومی و دەوڵەتی یان ئەو دەزگا بە خەتابار دابنێ یان بە گشتی گەمارۆکان بە هۆکاری سەرەکیی ئەو بارودۆخە دابنێ ئەوەیە کە هەر لە جێدا، دروستبوونی ئەو بارودۆخە بەرهەمی چ جۆرە سیاسەت کردنێکە و تاوانباری سەرەکیی ئەو هەلومەرجە چی و کێهە کەس و کامانەن؟

بێگومان زۆربەی نیزیک بە تەواوی کارناسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆکن لە سەر ئەوەی قەیران و فەلاکەتی ئابووریی ئێستای ئێران زیاتر لە هەر شتێک بەرهەمی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە حەوزەی سیاسەتی دەرەوە، بەڕێوەبەریی نێوخۆیی وڵات، هەرەسهێنانی بەرهەمهێنانی نێوخۆیی و بە گشتی پێکهاتەی سیاسیی کۆماری ئیسلامییە.

گەمارۆی ئابووریی ئێران لەلایەن رۆژئاوا بۆ ناچارکردنی کۆماری ئیسلامی بۆ وازهێنان لە بەرنامە ئەتومییە جێی شک و گومانەکەی و لەو سۆنگەیەوە کشانەوەی وەبەرهێنەرە بیانییەکان لە کەرتی سەرمایەگوزاری لە ئێران، دابەزینی هەناردە و نرخی نەوت، زۆربوونی نەغدینەیی لە بازاڕ و بەڕێوەبەریی خراپ و سەقەتی بەرنامەی ئامانجدار کردنی یارانەکان لە ئێستادا بارودۆخێکی زۆر نالەباری بە سەر خەڵکدا سەپاندوە. کار گەیوەتە جێیەک کە زۆربەی کارناسانی ئابووری دەڵێن ئابووریی ئێران لە سەردەمی شەڕ لەگەڵ عێراقیشدا کە زۆربەی داهات و سەرمایە و توانای ئێران بۆ پێداویستییەکانی ئەو شەڕە تەرخان دەکرا، ئەوەندەی ئێستا شپرزە و نالەبار نەبووە. کاردانەوەی کاربەدەستانی رێژیم بەو بارودۆخەش لە جێی خۆیدا جێی سەرنج و وردبوونەوەیە.

داواکاری گشتیی تاران لە کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی رۆژنامەکان و کاناڵەکانی راگەیاندنی نێوخۆ بڕیارێ داوە کە نابێ هیچ هەواڵ و راپۆرتێک لەبارەی گرانی و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان بڵاو بکەنەوە، کار گەیشتە جێیەک کە سەردار ئەحمەدی موقەددەم، فەرماندەی هێزە ئینتیزامییەکانی ئێران رەخنەی لە دەنگ و رەنگی رێژیمەکەی گرتوە

کە بۆ لە هەلومەرجی ئێستادا فیلمی مریشک و گۆشت پیشانی خەڵک دەدرێ و کازم سدیقی، پێشنوێژی هەینیی ئەو حەوتوویەی تاران بە حاشا کردن لە هەر چەشنە گرانییەک لە ئێران ئیدیعای کرد کە لە ئێراندا ئەوەی نەبێ هەژار و گرانییە.

پێشتریش ئەحمەد خاتەمی، ئەندامی شووڕای نیگابانی ڕێژیم بە دانان بە چوونەسەرێی نرخی کاڵاکان و گرانیی سەرسووڕهێنەری ئێستا گوتبووی کە راستە گرانی برستی لە خەڵکی بڕیوە، بەڵام خەڵک دەبێ حەسرەتی « ئاخ» هەڵکێشانێکیش لە دڵی دوژمنانی ئێراندا بهێڵنەوە. ئایەتوڵڵا مەکارم شیرازی، گەورە مەرجەعی تەقلیدی شیعەکانی ئێرانیش بەجێی رەخنە گرتن لە سیاسەت و مودیرییەتی قەیران خوڵقێن، فتوای ئەوەی داوە کە تا قیمەتەکان دێنە خوارێ، خەڵک مریشک نەکرێ، کاڵا نەکرێ و لەچوونە بازاڕ خۆ ببوێرێ. تەنانەت بۆ ئەوەش پاساوی پزیشکی هێناوەتەوە کە دوکتورەکان دەڵێن خواردنی گۆشت باش نییە.

گرانی و چوونەسەرێی نرخی کاڵا و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی خەڵک لە کاتێک دایە کە پێشتر جەمشید پەژوویان، سەرۆکی شووڕای ململانێی دەوڵەت لەبارەی هێڵی هەژاری رایگەیاندبوو کە ئەگەرچی کاروباری لێکدانەوی نرخی هەژاری لە ساڵی ٩٠ دا تەواو نەبووە، بەڵام هێڵی هەژاری لە ساڵی ٨٩ بۆ بنەماڵەکانی نیشتەجێی شارەکان ٩٥٠ هەزار تمەن و بۆ بنەماڵەکانی دانیشتووی گوندەکان ٦٠٠ هەزار تمەن بووە.

پەرەسەندنی هەژاری و گرانی لە ئێران لە کاتێک دایە کە کاربەدستانی کۆماری ئیسلامی بەجێی پێداچوونەوە بە سیاسەت و کار و کردەوە قەیران خولقێنییەکانیان  و وەڵامدانەوەیان بە ویست و داخواز و کێشەکانی ژیان و بژیوی خەڵک، بە خستنە ژێر فشاری خەڵک هەوڵی چاوترسێن و بێدەنگ کردنیان دەکەن.

حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لەکاتێکدا بۆ دابینکردنی نانی شەوی خەڵک داماوە و توانای کۆنترۆڵی بازاڕ و بەڕێوەبەریی ئابووری ئێرانی نەماوە کە بە هەموو توانایەوە بۆ دەمەلاسکە بە کۆمەڵگای جیهانی بەرنامە ئەتومییەکانی دەباتە پێشێ و بە مانۆڕە نیزامییە یەک لە دوای یەکەکانی و پێداگری لە سەر قەیران خوڵقێنییەکانی لە ئاستی جیهاندا میلیارد میلیارد دۆلار لە سەرووەت و سامانی ئەو خەڵکە لە ئاو دەکا.

پێکهاتنی ئەو بارودۆخە شپرزەیە لە کاتێک دایە ئێران لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا پتر لە ٧٠٠ میلیارد دۆلاری داهاتی نەوت بووە، بەڵام خەڵکی ئێران بەجێی ئاوەدانی و خۆشبژێوی و چوونە سەرێی ئاستی گوزەرانی

ژیـان ئـەوەی دەسـتیان کـەوتوە هـەژاری، بێکـاری، گرانـی، تەقینـەوەی قەیرانـە کۆمەڵایەتییـەکان لـە تەنیشـت هەواڵەکانی گەندەڵییە میلیاردییە یەک لە دوای یەکەکان لە بانک و بیمەکانە.

بەڵام دوورەدیمەنەکانی بەردەوامیی ئەو بارودۆخە و کاریگەری لە سەر ژیانی خەڵکی چین؟

لە سۆنگەی ئەو بارودۆخەوە دەبینین کە ژمارەی خەڵکی هەژار و کەم داهات و بێ ئەنوا زیـاتر و زیـاتر دەبـن و گرانیی هەوسارپچراو ئاستی خۆشبژێوی و گوزەرانی خـەڵک لـەوەش زیـاتر دێنێتە خوارێ. کاریگـەریی رووحـی و رەوانییـەکانی ئـەو دیاردەیـەش لـە جێـی خـۆی کـە وێـڕای پەرەپێـدان بـە کێشـە دەروونـی و کۆمەڵایەتییـەکان، بەرزبونەوەی ئاستی تاوانکاری و خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەک دزی، تـەڵاق، لەشفرۆشی، کـارپێکردنی منداڵان، وازهێنـان لـە خوێنـدن و خەمۆکی و بێهیوایی بـە ژیـانی بـە دوادادێ و لـە سـەر ئـەخلاق و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی خەڵکیش کاریگەریی خراپ دادەنێ و گۆڕینی بەها و بایەخە کۆمەڵایەتییەکانی لێ دەکەوێتەوە.
ئەوانەش هەموو لە کاتێک دایە کە دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران خەمسارد و بێ تەفاوت لە تەنیشت ئەو بارودۆخە تێ دەپەڕێ و بـە سەپاندنی سیاسەتی سەرکوت و زاڵکردنی کەشی تـرس و تۆقانـدن تـەنیا بیـر لـە بەرەوپێشبردنی سیاسەتە قەیران خوڵقێنەکانی لە ئاستی ناوچە و جیهاندا دەکاتەوە، بێ ئەوەی لەو هاوکیشانەدا کەمترین بەها و بایەخێک بۆ بەرژەوەندیی خەڵک و چۆنیەتی ژیان و گوزەرانی ئەوان دابنێ.

لە ژمارە ٥٨٨ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٦ی ئاگۆستی ٢٠١٢

## دۆمینۆی داخرانی باڵوێزخانەکانی ئێران لە وڵاتانی دەرەوە

بوونی باڵوێزخانەی هەر وڵاتێک لە وڵاتێکی دیکە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ئەگەر لە لایەک بە مانای بەرەسمی ناسینی یەکترە، لە لایەکی دیکەشەوە داخستنی باڵوێزخانەی وڵاتێک لە لایەن وڵاتی خانەخوێیەوە بەمانای کزبوونی پێوەندییە دیپلۆماتیکەکان و بەلانیکەم گەیاندنی پێوەندییە سیاسییەکانی دوو وڵاتە.

ئامریکا، میسر، بریتانیا چەند وڵاتێکی گرینگی دنیان کە باڵوێزخانەیان لە ئێراندا نییە و دوای ئەوەی کە مەراکیش و گامبیاش کۆتاییان بە پێوەندییە سیاسی و دیپلۆماتیکییەکانیان لەگەڵ ئێران هینا، ئێستا بە داخرانی باڵوێزخانەی ئێران لە کانادا و داکشانی پێوەندییە سیاسی و دیپلۆماتیکەکانی ئەو دوو وڵاتە، دۆمینۆی کەوتنە پەراوێزی رێژیمی ئێرانی لە هاوکیشە سیاسییەکانی جیهان خێراتر بووە.

کانادا دەڵێ بەهۆی سیاسەتی پڕکێشە و هەرای ئێران لە دژی ئەمنیەت و ئاشتیی جیهانی و بەردەوامیی ئێران لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە نێوخۆی ئەو وڵاتە و، پشتیوانیی بێسنووری لە دەسەڵاتی سەرکوتگەری بەشار ئەسەد لە سووریە و یارمەتیدانی ماددی و لۆجستیکی و هەمەلایەنەی بۆ سەرکوتی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتە، بڕیاری داوە بۆ بەئاگاهێنانەوەی کۆماری ئیسلامی و بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بە سیاسەتەکانی ئەو وڵاتە پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێران هەڵپەسێرێ و باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە لە کانادا دابخا. دیارە مەسەلەی بەرز کردنەوەی پلە و پایەی قازی مورتەزەوی، تاوانباری سەرەکیی کوژرانی زەهرا کازمی، هاووڵاتیی کانادایی - ئێرانی لە بەندیخانەی «ئێڤین» ی تارانیش لەو نێوەدا گرینگیی تایبەتیی خۆی لە سەر لە کزی دانی پێوەندی لەگەڵ ئێران و ئەو بڕیارەی دەوڵەتی کانادا بووە.

داخرانی باڵوێزخانەی ئێران لە لایەن کانادا، وەک یەکێک لە وڵاتانی سەرەکی و خاوەن پێگەی تایبەت لە پەیمانی ئاتلانتیکی باکوور( ناتۆ) دەکرێ بە نیشانەیەک لە ستراتیژییەکی نوێ بۆ جۆری بەرنگاربوونەوە لە دژی ئێران و خستنە ژێر فشاری چەند قات بۆ بەچۆکداهێنانی ئێران و پاشگەز کردنەوەی لە سیاسەت و بەرنامە ئەتومییەکانی دابندرێ. کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا و لەلایەن ئامریکا و ئورووپا و وڵاتانی هاوپەیمانەوە لە ژێر توندترین گەمارۆ ئابوورییەکان دایە و بێ گومان لە ئەگەری شکستهێنانی سیاسەتی گەمارۆکان و بەردەوامیی ئەو

وڵاتە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێستای و، هەروەها درێژەی ئاڵۆزییەکانی سووریە، ڕۆژئاوا لە بیری ئەگەرێکی نوێی تەحریمی سیاسی و ئابووریی ئێراندا دەبێ.

بەڵام کاریگەریی پچڕانی پێوەندیی دیپلۆماتیک و سیاسیی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوا لە سەر بارودۆخی ئێران چی دەبێ؟ بێ گومان ئەو کاریگەرییە بەر لە هەموو جێیەک لە بەشی ئابووریی ئێراندا خۆی دەردەخا. چەند ڕۆژ لە پچڕانی پێوەندیی ئێران و کانادا تێ نەپەڕیبوو کە نرخی دراوی ئێران لە بەرامبەر دراوی بیانیدا بە ڕێژەیەکی زۆر دابەزی و دەبینین کە ئێستا وەستانی ئابووریی ئێران لە بەرزترین ئاستی خۆی دایە. ئەوەی ڕوون و بەرچاوە ئەوەیە کە ڕۆژئاوا دەیەوێ پتر لە ئێستاش فشارەکانی خۆی لە سەر ئێران چڕ کاتەوە. ئەو فشارانە لە چوارچێوەی کەمکردنەوە و پچڕانی پێوەندییە ئابوورییەکان را بگرە تا پێوەندییە ئاسمانی، دەریایی، پۆستی، ڕێگەی ئاسن و ڕێگەکانی دیکەی پێوەندییەکان و لە کۆتاییدا پچڕانی پێوەندییە سیاسییەکانیشدا بەڕێوە چووە و بە نەرمی و بەردەوامی دەچێتە پێشێ و بەردەوامە.

لەو نێوەدا کانادا یەکێک لەو وڵاتانەی ڕۆژئاوا بووە کە بە زۆر هۆکار کە بەشێکیان لە سەرەوەدا باس کران، لە ریزی پێشەوەی ئەو وڵاتانە بووە کە لایەنگری خستنە ژێر فشاری زیاتری ئێران بۆ پاشگەز کردنەوەی ئەو وڵاتە لە سیاسەتی نەحاوانەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی و هاندانی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕەچاو کردنی ڕێوشوێن و پرەنسیپە نێونەتەوەییەکان بە تایبەت لە بواری ڕێزگرتن و پاراستنی مافی مرۆڤ بووە.

کانادا دوای پەروەندەی زەهرا کازمی، هەواڵنێری کانادایی بە ڕەگەز ئێرانی کە ساڵی ٨٢ لە زیندانی ئێڤین دەستدرێژی کرایە سەر و دوایە کوژرا، لە بواری مەحکوومکردنی سیاسەتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا و لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمیسیۆنی سێهەمی کۆڕی گشتیی ئەو ڕێکخراوەیەدا پێشەنگی گەڵاڵە کردن و بە پەسند گەیاندنی زۆر بڕیارنامە لە دژی ئێران بووە. جیا لەوەش کانادا یەکێک لەو یەکەم وڵاتانە بوو کە پشتی گەمارۆ یەکلایەنەکانی ئەمریکا و ئورووپا بە دژی ئێرانیان گرت و بە لەگەڵ کەوتنی ئەو گەمارۆیانە هاوهەنگاو لەگەڵ ئەمریکا و ئورووپا سیاسەتی گەمارۆ خستنە سەر نیزامی بانکی و نەوتیی ئێرانیان گرتە بەر.

جیا لەوەش بڕیاری کانادا بۆ پساندنی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێران لە کاتێکدا کە پێوەندییەکانی ئێران و ڕۆژئاوا بەهۆی قەیرانی ئەتومیی ئەو وڵاتە و پشتیوانیی هەمەلایەنە و بێ ئەملاوئەولای کۆماری ئیسلامی لە دەوڵەتی خوێنڕێژی سووریە تا دێ ئاڵۆزتر و ساردتر دەبێ، دەکرێ وەک سەرەتای قەیرانێکی دیکە و

وریاکردنەوەیەکی دیکەی ئەو وڵاتە تەعبیری لێ بکرێ. بە تایبەت ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی هەموو ئەو دەرفەتانەی لە دەست داوە کە رۆژئاوا بۆ چارەسەریی ئاشتییانەی کێشەی ئەتومیی ئەو وڵاتە خستبوویە بەردەم ئێران و تەنانەت ئەو رێژیمە پێچەوانەی ویست و دڵخوازی خۆی کە کیسەی زۆری بۆ کۆبوونەوەی وڵاتانی بێلایەن لە تاران هەڵ دووریبوو، ئەو دەرفەتەشی بۆ تێگەیشتن لە روانگەی کۆمەڵگەی جیهانی بە نیسبەت کێشە و قەیرانەکانی ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوە لە کیس دا.

دوا وتە، ئەوەی کە کانادا بەو بڕیارەی لە دژی ئێران داویەتی، ئێرانی لە بارودوخێکی سەخت و دژوار هاویشتوە و بەو قورساییەی کانادا لە کۆمەڵگەی جیهانیدا هەیەتی، پێدەچێ کە هەڵوێست و رەفتاری هاوشێوەی ئەوەی کانادا لە وڵاتانی دیکەش لە دژی ئێران بێتە گۆڕێ و بەوەش چارەسەریی قەیرانی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی ئاقارێکی دیکە بگرێتە بەر. چونکی پچڕانی پێوەندییە سیاسییەکان لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا بە مانای گەیشتن بە ئەوپەڕی ناکۆکیی سیاسیی دوو لایەن و داخرانی دەرگەی هەموو چارەسەر و رێوشوێنە دیپلۆماتیکەکان بۆ بڕینەوەی کێشە و ناکۆکییەکان لە رێگەی ئاشتییانە و وتووێژە. بۆیە بێتو وڵاتانی دیکەش بە تایبەی یەکیەتیی ئورووپا لە درێژەی ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئێران وەها رەفتارێک بگرێتە بەر، ئەوا کۆماری ئیسلامی دەبێ لە سۆنگەی سیاسەتی نەحاوانەوەی خۆیدا چاوەڕوانی دەرەنجامی زۆر تاڵ و نالەبار بێ کە بەرەو رووی دەبنەوە.

لە ژمارە ٥٩٢ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

## حەقدەستی کەم و سفرەی بەتاڵی کرێکاران

٢٠ هەزار کرێکاری ئێرانی لە تۆمارنامەیەکدا بۆ وەزیری کاری ئێران سەرنجی نابراویان بۆ بارودۆخ و ژیان و گوزەرانی توێژی کرێکاری ئێران لە ئێستادا راکێشاوە. ئەوەی لە تەواوەتیی ئەو نامەیەدا دەبیندرێ و لێی

دەخوێندرێتەوە ئەوەیە کە ئەوان بۆ نانی شەوێش داماون.

لەو نامەیەدا باس لەوە کراوە کە مەودای نێوان داهات و تێچووەکانی ژیانی گەیوەتە ئاستێکی کارەساتبار و، مان و مانەوە و بوونی بنەماڵەی کرێکاران لە ئێرانی خستۆتە مەترسیی فەوتان و نەمانەوە.

سێ مانگ لەوە پێشێش ١٠ هەزار کرێکاری دیکە شکایەتنامەیەکی دیکەی لەو چەشنەیان بۆ عەبدولرەزا شێخولئیسلامی، وەزیری کار، تەعاون و ریفاهی کۆماری ئیسلامی ناردبوو، بەڵام هیچ کەس و لایەنێک وڵامی ئەو نامە و شکایەتنامەیەیان نەدایەوە. بەڵام ئێستا ١٠ هەزار ئیمزای دیکەش هاتۆتە پاڵ ئەو نامەیە.

کرێکاران لە ئێران هەموو ساڵێ لە ئاخری و ئۆخریی زستان لەگەڵ وەزارەتی کار بۆ بردنە سەرێی ئاستی حەقدەستی مانگانەیان دەکەونە چەلەحانە و وتوووێژەوە، بەڵام کرێکاران ئێستا و لە نیوەی ساڵدا بە هۆی گرانی و بێ توانایییان لە دابینکردنی تێچووی ژیانیان، داوا دەکەن کە بۆ شەش مانگی دووهەمی ساڵ مووچە و حەقدەستەکانیان زیاد بکرێ.

لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران ئەو ساڵ ٣٩٠ هەزار تمەن بووە کە لە چاو ساڵی رابردوو، واتە ساڵی ١٣٩٠ ی هەتاوی تەنیا سەدا ١٣ زیاد بووە، ئەوە لە کاتێک دایە بە بەپێی دوایین ئاماری رەسمیی ئێران نرخی تەوەرم و ئاوسان سەدا ٢٣.٥ چۆتە سەرێ، ئاماری غەیرە رەسمییەکانیش لە جێی خۆی کە پتر لە دوو بەرابەری ئامارە رەسمییەکان پیشان دەدەن.

لە بەشێکی دیکەی ئەو تۆمارنامەیەدا هاتوە کە زۆرێک لە جۆرەکانی خوارن و بژیو و خۆش بژیوی رۆژانە لە سفرەی ماڵەکانی ئێمەی کرێکاراندا خەریکن ون دەبن.

لابردنی یارانەکان لە دوو ساڵی رابردوودا بوونەتە هۆی چوونە سەرێی تێچووەکانی بەرهەمهێنان لە ئێران و داخران و لە کار وەستانی زۆرێک لە کارخانە و کارگەکانی لێ کەوتۆتەوە و دوا ئاکامی ئەوەش لە کار بێکار کرانی سەدان هەزار کرێکار لە ئێران بووە. لە لایەکی دیکەش بە نەمانی یارانە دەوڵەتییەکان لە سەر ئاو، برق و گاز، دابینکردنی ئەوانە و تێچووەکانی دیکەی ژیان ئەوەندەی دیکەش قورسایی خستۆتە سەر ژیانی ئەوان.

جیا لەوەش بە دابەزینی نرخی تمەن لە بەرامبەر دۆلار دا و شکانی بایەخی پووڵی ئێران، بایەخ ئەو بڕە یارانە نەغدییەش کە دەدرێتە خەڵک، بە نیوەی ئەوەندەی جارانیش نابێ و ناتوانی هیچ کەلێنێکی ئەوتۆ لە ژیانی ئەواندا پڕ بکاتەوە.

بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە نووسینی تۆمار و شکایەتنامە و گلەیی نامە کێشەکانی کۆمەڵگای کرێکاریی ئێران چارەسەر دەکا و ئاڵوگۆڕێک لە ژیان و گوزەرانی ئەواندا پێک بێنێ.

زۆربەی هەرە زۆری کارناسانی سیاسی و چالاکانی کرێکاری دەڵێن کە ئەو جۆرە پەلەقاژە و نامەنووسینانە ناتوانن دەوڵەت و کۆماری ئیسلامی ناچار بە لەبەرچاو گرتنی مافی کرێکاران وباشتر کردنی ژیان و بژیوی ئەوان بکا. چالاکانی کرێکاری دەڵێن کرێکاران تەنیا ئەو کاتە دەتوانن بە دابینکردنی مافەکانیان گەشبین بن کە بتوانن مانگرتنێکی گشتی و سەرتاسەری وەری بخەن. بەڵام دوایین جار کە کرێکاران توانییان لە رۆژی کرێکاردا کۆببنەوە و رێپێوان وەری بخەن، ٥ ساڵ لەوە پیش بوو. لەو کاتە بەوە لاوە زۆرێک لە چالاکانی کرێکاری دەسبەسەر و زیندانی کراون و نارەزایەتییە کرێکارییەکانیش بە چاوی ئەمنیەتییەوە سەیر کراون و هەر بەو پێیەش بەرخوردی سیاسییان پێ کراوە. یەکیەتییە کرێکارییەکان لە ئێران ئەگەرچی ژمارەیان زۆر نیە و گشتگیر نین، بەڵام بەو حاڵەش لە ژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵی وردی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی دەوڵەت دان و پێچەوانەی رێکخراوەکانی هاوچەشنی خۆیان لە وڵاتانی دیکە، بۆ وێنە وەک " یونان" ناتوانن مانگرتنی گشتی و سەرتاسەری وەرێ بخەن. هەر بۆیەش کرێکاران رێیەک و شتێکی زیاتر لە نووسینی تۆمار نامە لە بەر دەم خۆیاندا شک نابەن.

سەرچاوە: بی بی سی

## کاریگەریی گەمارۆکانی کۆمەڵگای جیهانی لە سەر ئابووری و ژیانی خەڵکی ئێران

کۆماری ئیسلامی و کۆمەڵگای ئێران یەکێک لە ناسکترین و نالەبارترین بارودۆخی خۆی تێپەڕ دەکا.

ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران بە ۸۰۰ هەزار بۆشکە لە رۆژ گەیشتوە، لە حاڵێکدا لە سەردەمی ۸ ساڵەی شەڕی ئێران و عێڕاقیشدا بەو ئاستە نەگەیشت.

تەوەرومی هەسارپچڕاو لە ئێران وای کردوە کە هیندێ کاڵای وەک دەوا و دەرمان و گۆشت ببنە کاڵای لۆکس. بایەخی تمەنیش کە بەردەوام دادەبەزێ. دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەوەی بەردەوام خەریکی لێدانی پووڵە، بەڵام بەو حاڵەش ناتوانێ بە وەخت و سەری مانگ مووچە و حەقدەستی هەموو کارمەندەکانی بدا. دەوڵەت حەقدەستی کرێکارەکانی بۆ چەند مانگ دواخستوە، بەوەش باردوخی بنەماڵەی کرێکاران لەو پەڕی خراپی دایە. لەلایەکی دیکە بێکاریش گەیوەتە ئەو پەڕی خۆی و رۆژ بە رۆژ ژمارەی بێکارانی وڵات زیاد دەبێ.

ئێران ئامادەیە نەوتەکەی بە هەر وڵاتێک و کۆمپانیایەک بفرۆشێ کە بوێرێ ریسکی ئەوە بکا و گەمارۆکان دەور لێ بداتەوە، ئەوەش لە جێی خۆی کە نەوتەکەی بە دڵی کڕیار و بە ژێر قیمەتی بازاڕ دەفرۆشێ. بە میلیۆن بۆشکە نەوتی ئێران لە نێو تانکێڕە نەوتهەڵگرەکان لە سەر ئاو و لە نیزیک مالێزی چاوەڕێی ئەوەن کڕیارێک روویان تێ بکا.

ئێران کە لە شەڕی سایبێریی رۆژئاوا وەزاڵە هاتوە، دەستی کردوە بە هێرشکردنە سەر ماڵپەڕی بانک و کۆمپانیا رۆژئاواییەکان کە دیارە ئەو هێرشانە لە گۆشەنیگای تێکنۆلۆژیکەوە زۆر لاوازن، بەڵام وادیارە ئێران لەوە زیاتری لە دەست نایە تا بەرپەرچی پەلامارەکانی سەرخۆی بداتەوە.

بەڵام رێژیمی کۆماری ئیسلامی جیا لەوانە کێشەیەکی دیکەشی هەیە. ئەویش رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو خەڵکەی کە سەرەڕای هەموو سەختییەکانی ژیانی ئێستایان کۆڵ نادەن و داوای ماف و ئازادییەکانیان دەکەن و ژانە سەرێکی زۆریان بۆ حکومەت دروست کردوە. ئێران پێشتر دەیتوانی لە رێگەی وڵاتانی عەرەبیی ناوچە و بە تایبەت

ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و لە ڕێگەی قاچاغەوە پێداویستییە سەرەتاییەکانی چالاکییە ئەتومییەکانی دابین بکا، بەڵام ئێستا ئەوەشی لێ گران بووە و وڵاتانی عەرەبی بە گرتنەبەری سیاسەت و تەگبیری نوێ، ڕێگە نادەن ئێران دەستی بەو کەرەسانە رابگا و ڕێگەی قاچاغیان بە رووی ئێراندا داخستوە.

ئێران لەو لەو ماوەیەدا فیلتێرینگی سایتەکانی پەرە پێ داوە، بەڵام خەڵکی ئێران دەتوانن سەیری کاناڵە ماهوارەییەکان بکەن، چونکی ئێران ناتوانێ بەردەوام ڕێگری لە شەپۆلی ماهوارەکان بکا و پارازیتیان بخاتە سەر.

لەگەڵ هاتنی پاییز و دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن و کرانەوەی زانکۆکان  وەزێکی نوێ لە پێشێلکردنی مافی ژنان و کچە خوێندکارەکان دەستی پێ کردوە. لەگەڵ ئەوەی سەدا ٦٠ ی خوێندکارانی زانکۆکانی ئێران لە کچان و ژنان پێک هاتوە، بەڵام کچان و ژنان مافی درێژەدان بە خوێندن لە ٧٧ رشتەی خوێندنیان نیە، جیا لەوەی زۆرێک لە زانکۆکان ناچار بەوە کراون کە دەبێ کلاسەکانی خوێندن بۆ ژنان و کچان جیا بکرێتەوە.

زیاتر لە ٣٠ ساڵ ژیان لە سێبەری دێکتاتۆریی ئایینی، بێکاریی لەرادەبەدەر و ناهۆمێدیی خەڵک بە داهاتوو و پاشەڕۆژیانی لێ کەوتۆتەوە.

حەوتووی رابردوو ئێران ئاشکرای کرد کە بۆ بڕینی برقی ناوەندە ئەتومییەکانی مەوادی تەقینەوەی بەکار هێناوە. ڕێژیمی تاران تا ئێستاش خۆی لە هاوکاری لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتومی دزیوەتەوە و کارناسان و پشکنەرانی ئەو ئاژانسە بە سیخوڕی کردن بۆ رۆژئاوا تاوانبار دەکا.

لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش، ڕێژیمی تاران گێچەڵی بۆ کۆمەڵگای جیهانی دروست کردوە. ئێران نایشارێتەوە کە سپای قودسی سەر بە سپای پاسداران لە سووریەن و یارمەتیی ڕێژمی بەشار ئەسەد بۆ سەرکوتی خەڵکی دەدەن. سپای قودس پێشتر یارمەتیی تاڵیبان لە پاکستان و ئەفغانستانی دابوو. ئەو هێزە چەکدارەی کۆماری ئیسلامی کە بۆ چالاکییەکانی ڕێژیم لە دەرەوەی سنوورەکانی تەرخان کراوە، هەروەها لە عیراق و سوماڵیش مەشق بە گرووپە تێرۆریستەکان دەکا و چەک و تەقەمەنییان بۆ دابین دەکا. ئەو هێزە هەر ئێستا لە سووریە یارمەتیی هێزەکانی بەشار ئەسەد بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتە دەدا.

مەحمودی ئەحمەدی نژاد، سەرکۆماری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە کۆنفرانسە مەتبوعاتییەکەی حەوتووی پێشووی

بەڵێنی دا کە بارودۆخەکە هێور بکاتەوە. ئەو گوتی قەیرانەکانی ئێستا و ناجێگیری لە بایەخی دراو هۆکاری ئابووری نیە و ئەوە نەیارانن کە ئەو بارودۆخەیان دروست کردوە. بەڵام ئەنووش ئیحتشامی، مامۆستای زانکۆی بریتانیا دەڵێ کە فشارە ئابوورییەکان کێشەی زۆریان بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران دروست کردوە، بۆ چوونە دەرێ لەو قەیرانە دەبێ حەتمەن گەمارۆکانی سەر ئێران لابچن، بەڵام ئەوە بڕیارێکی سیاسییە نەک ئابووری و راستەوخۆش دەبێ لە لایەن کاربەدستانی هەرە بەرزی ڕێژیمەوە لە سەری ساغ ببنەوە.

فشارە ئابوورییەکانی سەر خەڵک بە هۆی گەمارۆکان لە کاتێک دایە کە هەم لە لایەن یەکیەتیی ئورووپا و هەم لە لایەن ئەمریکاوە گەڕێکی دیکەی گەمارۆکان بە دژی ئێران بەرێوەیە.

رێکەوت: ڕەزبەری ١٣٩١ - سێپتەمبەری ٢٠١٢

---

## ئەگەری هاتنەوەی کۆپێن و ریزگرتنی خەڵک لە بەر دەم " عامیل"ەکاندا

دیسانەکەش کۆپین دێتەوە گۆڕێ.

نوێنەرانی مەجلیسی ئێران لەگەڵ ئەوەی رێیان بە دەوڵەت نەداوە فازی دووهەمی ئامانجدار کردنی یارانەکان بخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە، هاوکات بە هۆی دابەزینی نرخی تمەن و گرانی و چوونە سەرێی نرخی کاڵا و شمەک فەورییەتی تەرحێکیان پەسند کردوە کە بەپێی ئەو تەرحە خەڵکی ئێران بۆ ئابووریی سەردەمی شەڕ و جیرەبەندیی کاڵا بنەڕەتییەکان و دابین کردنیان لە رێگەی کۆپینەوە دەگەڕێنەوە.

بە پێی تەرحی گەڕانەوە کۆپین بۆ نیزامی ئابووریی ئیران دەوڵەت دەبێ بەمەبەستی یارمەتیدان بە بژیوی ژیانی بنەماڵەکانی ژێر پووششی کومیتەی ئیمداد، بێهزیستی سەدا ١٠ خەڵکی زۆر هەژار و دەسکورتی کۆمەڵگا، کۆپینیان بداتێ و یارمەتیی دابینکردنی برینج و ڕۆن و قەند و شەکر و مریشک بۆ ئەو بنەماڵانە بدا، کە ئەو یارمەتییانە

لە ڕێگەی کومیتەی ئیمدادەوە دەدرێ بە خەڵکی.

بە ڕاگەیاندنی ئەو هەواڵە و لەگەڵ شکستی فازی یەکەمی ئامانجدار کردنی یارانەکان و لەگەڵ چوونەسەرێی نرخی دراو و تەوەڕومی ٤٠ تا ٣٠٠ لە سەدی نرخەکان ئێستا ئیدی ئەو پچەپچە زیاتر دەبیسترێ کە ئابووریی ئێران خەریکە تێک دەڕووخێ.

ئەسەدولا عەسکەرئەولادی، سەرۆکی ژووری بازرگانیی ئێران و چین زستانی ساڵی ڕابردوو باسی لە ئەگەرەکانی قاتوقڕی لە شەش مانگی داهاتوودا کردبوو، ئێستا دەبینین کە پێشبینییەکانی ئەو مۆرەیەی سەر مە باڵی مۆئتەلەفەی ئیسلامیی ڕێژیم وەڕاست دەگەڕێ و بەچوونە سەرێی نرخەکان، توانای کڕینی خەڵک هەر دێ و لە کەمی دەدا.

وێڕای ناوبراو مێهدی خامووشی، سەرۆکی سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامیی ڕێژیمیش بە سەرنجدان بە قەیرانی ئابووریی ئێران داوای لە دەوڵەت کردوە تا لە ڕێگەی جێخستنەوەی نیزامی کۆپینی فریای خەڵک کەوێ. ئەو لە کۆبوونەوەیەکی داخراوی محافەزەکارەکانی ڕێژیمدا گوتویەتی کە دەوڵەت دەبێ فریای خەڵکی دەسکورت کەوێ، برینج و ڕۆنیان پێ بدا و هەوڵ بۆ دابینکردنی بژیوی ڕۆژانەیان بدا و ئەگەر لەوەدا سەرکەوتوو نەبێ، ئەوا زیانەکە بەڕووی نیزامدا هەڵدەگەڕێتەوە.

ئەحمەد تەوەکولی، نوێنەری شاری تاران لە یەکەم کەسەکانی لایەنگری گەڕانەوەی سیسیمی کۆپینی بۆ ئابووریی ئێرانە و دەڵێ تەنیا ڕێگەی دەرباز کردن و پاراستنی نیزامی کۆماری ئیسلامی لەو قەیرانە ئابوورییەی تێی کەوتوە، هێنانەوەی کۆپێن و پێدانی یارانە بە کاڵا بنەڕەتییەکانی ژیانی خەڵک وەک قەند و ڕۆن و شەکر و برینج و گۆشت و شیر و نانە.

هەوڵەکانی مەجلیس بۆ پەسند کردنی ئەو قانوونە لە کاتێک دایە کە حەمەڕەزا ڕەحیمی، جێگری یەکەمی ئەحمەدی نژاد دژایەتیی کۆپێنی کردنی کاڵاو پێداویستییە بنەڕەتییەکانی ژیانی خەڵکە و ئیدیعا دەکا کە دەوڵەت بە ڕادەی پێویست رزق و کاڵا ئەساسییەکانی پاشکەوت کردوە و گرانیی زیاتر لەوە روو نادا.

مێهدی کوچیک زادە، ناسراو بە پارێزەری دەوڵەت لە مەجلیسیش کە دژی گەڕانەوەی سیستمی کۆپینە و پێی وایە

لەبەرەبەری هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریدا ئەوە پاکی و بێ خەوشیی هەڵبژاردنەکان دەباتە ژێر پرسیارەوە، دەڵێ کە ئێستا لە کاتێکدا بەرەو هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری دەچین و بێتوو ئەو تەرحە پەسند ببێ و دەوڵەت گۆشت و برین بە خەڵکی بدا، دوایە ئیدی کەس لێرە و لەوێ نەڵێ کە دەوڵەت تەنیا بۆ کڕینی دەنگی خەڵک و هێنانە سەر سندوقەکان ئەو کارەی کردوە.

ئەوەی تا ئێستا لەو بارەوە دیارە دوو شتە: یەکەم ئەوەی کە دەوڵەت دژی پەسند کردنی ئەو تەرحەیە و پێی وایە بە کۆنترۆڵی قیمەتەکان و بەگژداچوونەوەی ئەو بازاڕییانەی کاڵاکان عەمبار و ئیتکار دەکەن دەتوانن لەو قەیرانە دەرباز بین، دووهەم ئەوەی کە ئێستاش کاربەدەستانی هەرە سەرووی ڕێژیم پێیان وا نیە کە قەیرانی ئابووریی وڵات خەریکە بڕست لە خەڵکی دەبڕێ.

ماوەیەک لەوە پێش سەرۆکی بانکی ناوەندیی ئێران گوتبووی کە وڵات کەوتۆتە بارودۆخی " شەعبی ئەبی تالبەوە" کە ئاماژە بەو قۆناغەیە کە پێغەمبری ئیسلام و کۆمەڵێک لە ئەسحابەکانی کەوتبوونە گەمارۆ و فشاری یەکجار قورسی ئابووری و ڕۆژانەیان بە دەنکە خورمایەک دەبردە سەر، بەلام خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم زۆر بە توندی بەگژ بەهمەنی دا هاتوە و رایگەیاند کە بارودۆخی ئابووریی ئێران زۆر باشە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا و لەگەڵ ئەوەی خەڵکی ئێران بە ئێسک و پێستەوە دەرەنجامەکانی گرانی و نەبوونییەکان دەچێژن، کارناسانی سیاسی و ئابووری پێیان وایە کە ئەو جۆرە قسە و پاساوانە دەردی خەڵکی ئێران چارەسەر ناکەن. دەردی خەڵک گرانی و بێکاری و فشارە ئابوورییەکانە کە چارەسەر کردنیان بە گۆڕینی سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیم و حاوانەوەی لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی بەسراوەتەوە.

## شەپۆلەکانی پاڕازیت لە ئێران و مەترسییەکانی بۆ سەر سڵامەتیی خەڵک

قوربانییانی شەپۆلەکانی پاڕازیت لە ئێران هەر دێ و زیاد دەکەن. بە پێی بۆچوونی زۆر چالاکی فیمینیست ئەوڕۆ ئێران بە هۆی پاڕازیت خستنە سەر کاناڵە ماهوارەییەکان بۆتە گەورەترین کوشتارگا و لەبارچوونی زۆرەملیی

منداڵان لە ژنانی دووگیاندا. جیا لە پەرەسەندنی دیاردەی منداڵ لەبارچوون لە ژنانی دووگیاندا، سۆنامیی شێرپەنجەکان، بە تایبەت شێرپەنجەکانی مەمک لە ژناندا و نەزۆکی لە پیاوان بەشێکی دیکەی دەرەنجامەکانی شەپۆلەکانی پاڕازیت لە ئێران بە تایبەت لە کوردستانە.

ئەمڕۆکە ئاماری شێرپەنجە و لەبارچوونی منداڵ ئەوەندە چۆتە سەرێ کە تەنانەت هەندێ لە کاربەدەستانی ڕێژیمیشی ناچار بە دەنگ هەڵبڕین و نارەزایەتی دەربڕین کردوە. یەک لەوان مەعسوومە ئیبتکار، ئەندامی شۆڕای شاری تاران و دەبیری کومیتەی موحیتی زیستی ئەو شووڕایە کاربەدەستانی ڕێژیمەکەی لە ئاسەوارە نالەبارەکانی بڵاو کردنەوەی شەپۆلەکانی پارازیت لە سەر لەشساغیی خەڵک وریا کردۆتەوە. ناوبراو لەگەڵ ئەوەی رەخنەی لەوە گرتوە کە بۆ دەبێ هیچ وەزارەت و ئیدارە و دامودەزگایەک لە ئێران خۆی لە بەرامبەر بەو بابەتەدا بە بەرپرسیار نەزانێ، دەڵێ کە مەترسیی بەردەوامیی ئەو پاڕازیت هاویشتنە لە سەر سڵامەتیی گشتیی خەڵک بە تایبەت ژنان زۆر جیدییە.

ئەو جێگرەی کابینەی یەکەمی خاتەمی دەڵێ کە بەپێی ئامار لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ڕێژەی نەخوازراوی لەبارچوونی منداڵان سەدا ٤ زیادی کردوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەوەی پێش بە گەیشتنی هەواڵ و زانیاری لە رێگەی کاناڵە ماهوارەییەکانەوە بگرێ، شەپۆلەکانی پاڕازیت دەخاتە سەر فرێکانسی ئەو کاناڵانە و سپای پاسدارانی ڕێژیم جێبەجێکاری ئەو هەوڵەی ریژیم بۆ کپ کردنی دەنگ و رەنگی جیاواز لە دەنگ و رەنگی دڵخوازی رێژیمە.

هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ پارازیت خستنە سەر کاناڵە ماهوارەییەکان کە پێچەوانەی پرەنسیپ و قانوونە جیهانییەکانی ڕاگەیاندنە، لەگەڵ کاردانەوەی جیاوازی کۆمپانیا جیهانییەکان بەرەوڕوو بۆتەوە. کۆمپانیای ماهوارەیی " یوتێل سات" داوای لە ناوەندەی نێونەتەوەییەکانی وەک شوورای ئەمنیەت و نەتەوە یەکگرتووەکان کردوە تا بە خستنە ژێر فشاری ئێران ئەو وڵاتە ناچار بکەن کۆتایی بە پاڕازیت خستنە سەر کاناڵە ماهوارەییەکان بێنێ. بەپێی پرەنسیپ و قانوونی یەکیەتیی جیهانیی گەیاندن و راگەیاندن کە ئێرانیش تێیدا ئەندامە، پاڕازیت خستنە سەر کاناڵە رادیۆیی و تەلەڤزۆنییەکان قەدەغەیە و پێچەوانەی ڕێوشوێنەکانی گەڕانی ئازادی زانیارییەکانە.

هەر لە درێژەی ئەو هەوڵانەدا کۆمپانیای جیهانیی " هاتبێرد" هەموو کاناڵەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەر ئەو ماهوارەیەی بلۆک کرد و بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بە سیاسەتی سانسۆر و سەرکوتی خەڵک ڕێی بە ئێران نەدا لە ماهوارەی جیهانیی هاتبێردەوە بەرنامەکانی خۆی بڵاو بکاتەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەمێژ ساڵە لە کوردستان بۆ کپ کردنی دەنگی ئازادیخوازانەی بزووتنەوەی کورد شەپۆلەکانی پاڕازیت لە سەر ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکانی حیزبی دێموکڕات بڵاو دەکاتەوە و بەرنامەی کۆکردنەوەی ماهوارەکان لە کوردستان توندو تۆڵتر لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران بەڕێوە دەبا. بەڵام دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ساڵی ٨٨ ئەو پاڕازیت خستنە سەر کاناڵەکانی دیکەی وەک بی بی سی و دەنگی ئەمریکا لە هەموو ئێراندا پەرەی سەندوە.

ئێستا لە کاتێکدا کە دەنگی نارەزایەتیی خەڵک لەو بارەوە زیاتر بەرز دەبێتەوە، ڕەزا تەقی پوور، وەزیری ئیرتباتات و فەنناوەریی زانیارییەکان وێڕای داننان بە زیانبار بوونی شەپۆلەکانی پارازیت خۆی لە بەرپرسیارەتیی ئەو کارە دەدزێتەوە و دەڵێ بلاوبوونەوەی شەپۆلەکانی پاڕازیت هیچ پێوەندییەکی بە وەزارەتخانەکەی ئەوەوە نیە.

لە دوایین کاردانەوەی جیهانی بەو کردەوە دژە ئینسانییەی کۆماری ئیسلامی کە پێشێلکردنی ئاشکرای مافی مرۆڤ و خستنە مەترسیی گیانی ئەوانە، وەزارەتی خەزێنەداریی ئەمریکا ڕەزا تەقی پوور، وەزیری موخابەرات و فەنناوەریی ئیرتباتاتی ئێرانی خستە لیستی تەحریمەکانی خۆیەوە. لە بەیاننامەی وەزارەتی خەزێنەداریی ئەمریکادا هاتوە کە ڕەزا تەقی پوور، وەزیری موخابەرات و فەنناوەریی ئیرتباتاتی ئێران وێڕای چەند کاربەدەستیکی دیکەی ڕێژیم بە هۆی سەرکوتی خەڵک و کپکردنی دەنگی جیاواز و ڕێگرتن لە دەستپێڕاگەیشتنی خەڵک بە زانیاریی ئازاد گەمارۆیان خراوەتە سەر.

هەر لەو پێوەندییەدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش لە بەیاننامەیەکی جیاوازدا ئەو ئەندامەی دەوڵەتی ئەحمەدی نژادی بە بەرپرسیاری ڕاستەوخۆی دەرکردنی فەرمانی پارازیت خستنە سەر کاناڵە ماهوارەییەکان و دروست کردنی بەربەست لە سەر پێوەندەییە ئینتێرنێتییەکان زانیوە.

## هەڵبژاردنەکانی ئەمریکاو میتۆدی ئەلێکتورال کالێج

هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا شێوازێکی دەگمەن و تایبەت بە خۆی هەیە کە" ئەلێکتورال کالێج" ی ناوە.

ئەلێکتورال کالێج یەکێک لە قۆناغەکانی هەڵبژاردن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ یەکلا کردنەوەی ئاکامی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لەو وڵاتەیە. بە سەرنجدان بە هەبوونی سیستەمی ئەلێکتورال کالێج دەنگدانی خەڵک و چوونە پێی سندووقەکانی دەنگدانەکان تەنیا یەکێک لە قۆناغەکانی پڕۆسەی هەڵبژاردنە و ئاکامەکەی تەنیا بەوە یەکلا نابێتەوە.

پڕۆسەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری لە ئەمریکا لە دوو قۆناغدا دەچتە پێشەوە کە تێیدا خەڵک وەک دەنگدەران دەنگ بە پاڵێوراوی دڵخوازی خۆیان دەدەن و هەمیش نوێنەرەکانیان لە ئەلێکتورال کالێجدا بە جیا دەنگی خۆیان دەخەنە سندووقەوە.

لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دەنگدەران لەگەڵ ئەوەی دەنگ بە پاڵیوڕاوی سەرۆک کۆماری دەدەن، نوێنەرانی ئەلێکتوڕالی خۆیشیان هەڵدەبژێرن. هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەلێکتوڕاڵ بۆیە دەکرێ چونکی هەر کام لە پاڵێوڕاوانی هەڵبژاردنەکان نوێنەرانی ئەلێکتوڕالی خۆیان هەیە. ئەو نوێنەرانە لە هەر کام لە ویلایەتەکاندا و لە رێگەی حیزبەکانەوە هەڵدەبژێردرێن و هەر بۆیەش لە هەر کام لە ویلایەتەکانی ئەمریکادا لەوانەیە یاسای پێوەندیدار بە هەڵبژاردن و ئەرکو بەرپرسایەتیی ئەوان لێک جیاواز بێ.

ئەلێکتورال کالێج بریتییە لە دەنگی ٥٣٨ نوێنەر و، هەر کام لە پاڵێوراوانی سەرۆک کۆماری بۆ بردنەوەی گرەوی هەڵبژاردنەکان پێویستییان بە لانیکەم ٢٧٠ دەنگی کالێج هەیە. رێژەی ئەندامانی هەر کام لە ویلایەتەکان لە ئەلێکتورال کالێجدا بەقەدەر نوێنەرانی ئەو ویلایەتە لە کۆنگرێس دایە( کە دیارە بەپێی حەشیمەتی هەر کام لە ویلایەتەکان لێک جیاوازە) و ویلایەتەکانیش وەک یەک و هەر کام دوو نوێنەریان لە ئەنجوومەنی پیران(سێنا)دا هەیە.

دوای ڕوونبوونەوەی ئاکامی هەڵبژاردنەکان لە هەر کام لە ویلایەتەکان سەرجەم دەنگەکانی ئەلێکتورالی ئەو ویلایەتە دەخرێتە حسێبی پاڵێوراوی براوە. بۆ نموونە ئەگەر لە ویلایەتێکدا پاڵێوراوی کۆماریخوازەکان زۆرترین دەنگی هەڵبژاردەنەکان لەو ویلایەتەی هێنابێتەوە، ئەوا لە هەڵبژاردنەکانی ئەلێکتورال کالێجدا هەموو دەنگەکان، تەنانەت دەنگی نوێنەرانی دێموکڕاتەکانیشی پێ دەبڕێ.

ئەو شێوە هەڵبژاردنە گرینگیی ویلایەتە گەورە و پڕ حەشیمەتەکان لە هەڤڕکێی هەڵبژاردنەکادا پتر دەباتە سەرێ و وا دەکا کە دوو پاڵێوڕاوی ڕکەبەری هەڵبژاردنەکان زۆرترین کاتو وزەی خۆیان بۆ ئەو ویلایەتانە دەبنێن. بەڵام خاڵێکی جێی سەرنجی دیکەی هەڵبژارنەکانی سەرۆک کۆماری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەیە کە هەندێ لەو ویلایەتانە بە سەر دوو حیزبی سەرەکیی ئەو وڵاتەدا دابەش بوونو دەرکەوتووە کە لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا وەک نەریت دەنگیان بە پاڵێوڕاوی لە پێشدا دیاریکراوی خۆیان داوەو ئەوەش ڕۆڵ و کاریگەریی ویلایەتە سەربەخۆیان لە یەکلا کردنەوەی ئاکامی هەڵبژاردنەکاندا پتر دەردەخا.

کێشەیەکی ئەو شێوازە هەڵبژاردنەی ئەمریکا لەوە دایە کە جاری وایە ئەو کەسەی وەک سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵدەبژێردرێ زۆرینەی دەنگی خەڵکی ئەو وڵاتەی لە پشت نیە. چونکی لەوانەیە ئەو کەسە توانیبێتی دەنگی ئەلێکتورالی زیاتری لە چەند ویلایەتێک بردبێتەوە و ئەوەش بەو مانایە نیە کە بەو پێیە ناوبراو حەتمەن زۆرینەی دەنگی خەڵکەکەشی لەگەڵە. وەک چۆن جۆرج بووش لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆمارییساڵی ٢٠٠٠ دا توانیی بە جیاوازیی کەمتر لە هەزار دەنگ هەموو دەنگەکانی ئەلێکترالی ویلایەتی فلۆریدا بباتەوەو، بە سەر ڕکەبەری دێموکڕاتی خۆیدا سەرکەوێ و ببێتە چل و سێهەمین سەرۆک کۆماری ئەمریکا.

# ڕۆژە گرینگەکانی هەڵبژاردنی ٢٠١٢ ی سەرۆک کۆماریی ئەمریکا

**لە مانگی ژوئەنڕا تا ئۆکتۆبری ٢٠١٢**

نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی فیدراڵ بە نوێنەرایەتی و لەلایەن سەرۆکایەتیی بەڕێوەبەرایەتیی نیشتمانیی ئەرشیڤی ئەمریکا دەست بە کۆکردنەوەو ڕێکوپێک کردنی بەڵگەکانی پێویست بۆ ئەلێکتورال کالێج دەکا تا ئەو بەڵگەو زانیارییانە بۆ شارەوانیی کۆلۆمبیا و قایمقامەکانی ٥٠ ویلایەتی ئەو وڵاتە بنێردرێ. ئەو زانیاری و بەڵگانە بریتین لە:

* نامەیەک لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی نیشتمانیی ئەرشیڤەوە
* وردەکاریی ڕوونی هەموو ئەو کار و بەرپرسایەتییانەی دەکەوێتە ئەستۆی کاربەدەستانی هەر کام لە ویلایەتەکان
* خشتەی زەمەنیی ڕووداوەکانی کالێج ئەلێکتورال
* نامیلکەیەک کە تێیدا بەپێی دەستوور و یاسای بنەڕەتی و یاسای ویلایەتەکان هەموو وردەکاریی ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ڕوون کراوەتەوە.

**٦ی نۆڤامبری ٢٠١٢ - ڕۆژی هەڵبژاردەنەکان**

لەو ڕۆژەدا هەموو ئەوانەی ناونووسیی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانیان کردوە، دەنگ بە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و جێگرەکەی دەدەن. لە بنیڕا بەو بەشداری کردنە لە هەڵبژاردنەکاندا نوێنەرانی ئەلێکتورالی هەر ویلایەتێکیش دیاری دەکرێن.

**لە نیوەی مانگی نۆڤامبرەوە تا ١٧ی دێسامبری ٢٠١٢**

قایمقامەکانی هەر کام لە ویلایەتەکان لە دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری حەوت فۆرمی بێخەوشیی هەڵبژاردنەکان ئامادە دەکەن و هەر لەگەڵ ڕوونبوونەوەی ئاکامی هەڵبژاردنەکان لە هەر کام لە ویلایەتەکاندا، قایمقامی ئەو ویلایەتە دەبێ یەکێک لەو فۆرمانە بنێرێتە بەڕێوەبەرایەتیی ئەرشیفی نیشتمانی. ئەو فۆرم و پشتڕاست کردنەوەی ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەبێ بەر لە ڕۆژی ١٧ی دێسامبری ٢٠١٢ کە کۆبوونەوەی نوێنەرانی ئەلێکتورال دەگیرێ، بە بەڕێوەبەرایەتیی ئەرشیفی نیشتمانی گەیشتبێ.

**١١ی دێسامبری ٢٠١٢**

ویلایەتەکان دەبێ شەش ڕۆژ بەر لە کۆبوونەوەی نوێنەرانی ئەلێکتورال کۆبەندیی کۆتایی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی هەر کام لە ویلایەتەکانیان کردبێ و هەموو بابەتە جێی ناکۆکی و مشتومڕەکانیان چارەسەر و یەکلا کردبێتەوە. ڕۆژی ١١ی دێسامبر دوایین کات بۆ یەکلایی کردنەوەی ناکۆکییەکان و هەموو ئەو خاڵانەی پێوەندیدار بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانە کە جیاوازیی بۆچوونیان لە سەرە. بڕیاری دادگای هەر کام لە ویلایەتەکان مەرجەعی بڕینەوە و یەکلا کردنەوەی ناکۆکییەکانە.

**١٧ی دێسامبری ٢٠١٢**

کۆبوونەوەی نوێنەرانی ئەلێکتوڕال لە ویلایەتەکاندا دەگیرێ‌و هەر کام لەوان بە جیا دەنگەکانی خۆیان بۆ سەرۆک کۆماری و جێگرەکەی ئاشکرا دەکەن. ئاکامی ئەو دەنگدانە لە سەر شەش فۆڕمەکەی دیکەی بێخەوشیی هەڵبژاردنەکان دەنووسرێ و بە ئیمزای نوێنەرانی هەر کام لە ویلایەتەکان بۆ ئەو شوێنانە دەنێردرێ:

- ❊ فۆڕمێکیان بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی پیران ( سێنا ) دەنێردرێ.
- ❊ دوو فۆڕمیان بۆ جێگری قایمقامەتیی ویلایەتەکان دەنێردرێن کە نوێنەرانی ئەلێکتورال لەوێ ئامادەن.
- ❊ دوو فۆڕمیان دەدرێن بە سەرۆکایەتیی بەرێوەبەرایەتیی نیشتمانیی ئەڕشیفی ئەمریکا.
- ❊ فۆڕمێکیشان بۆ دادوەری باڵای ویلایەتەکان بەرێ دەکرێن.

**٢٦ی دێسامبری ٢٠١٢**

ڕۆژی ٢٦ی دێسامبر دوایین کات بۆ گەیاندنە دەستی دەنگەکانی ئەلێکتوڕاڵ بە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی پیران و سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیی نیشتمانیی ئەرشیڤی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە.

**تا ڕۆژی ٣ی ژانوییەی ٢٠١٣**

لە کۆتاییەکانی مانگی دیسامبر یان سەرەتا مانگی ژانوییەدا سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیی نیشتمانیی ئەرشیف یان نوێنەرانی نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی فیدراڵ لەگەڵ جێگری ئەنجوومەنی پیران (سێنا) و سکرتێری ئەنجوومەنی نوێنەران ( کۆنگرێس) کۆ دەبنەوە. ئەو کۆبوونەوەو چاوپێکەوتنە لایەنی فەرمی هەیە و دەکرێ بەر لەو دیدارە فەرمییە چەند کۆبوونەوەیەکی نافەرمیشیان پێکەوە بووبێ.

**٦ی ژانوییەی ٢٠١٣**

لەو ڕۆژەدا و لە کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان کۆنگرێس (ئەنجوومەنی نوێنەران) و ئەنجوومەنی پیران ( سێنا) ی ئەمریکادا دەنگەکانی ئێلێکتەرال دەبژێردرێنەوە. کۆنگرێسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە دەرکردنی یاسایەک کاتی گرتنی ئەو کۆبوونەوە هاوبەشە بگۆڕێ یان دوای بخا. لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی پیران لە ئەستۆی جێگری سەرۆک کۆمار دەبێ و نابراو چاوەدێریی بژاردنی دەنگەکان دەکا و ئاکامەکەی ڕادەگەیەنێ.

**نیوەڕۆی ٢٠ی ژانوییەی ٢٠١٣**

سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراو بە خواردنی سوێندی یاسایی بە فەرمی وەک سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەست بەکار دەبێ.

سەرچاوە: تۆڕی جیهانیی هەواڵدەریی بی بی سی

**ڕێکەوت: خەزەڵوەری ١٣٩١ - ئۆکتۆبەری ٢٠١٢**

## نیزیک بوونەوەی سەربەخۆیی کاتالۆنیای ئیسپانیا

ئورووپا لە بەردەم گۆڕانێکی بنەڕەتی لە چەشنی شۆڕشەکانی سەدەی ١٩ بۆ سەربەخۆیی و پێکهاتنی دەوڵەتە ئیتنیکی‌یەکان دایە. لە مێژ ساڵە جیابوونەوەی ئیسکاتلەندییەکان لە بریتانیا، فلاندێرەکان لە بیلژیک، باشووری تێرۆل لە ئیتالیا و باسکەکان و کاتالۆنی‌یەکان لە ئیسپانیا وەک پرسێکی سیاسی و حقووقی لە سەر زاران بووە، بەڵام ئێستا ئەوە هەڵبژاردنەکان و گەمەی دێمۆکڕاسییە کە خەریکە ئەو باسانە لە واقعی سەربەخۆییخوازیی ئەو نەتەوانە نیزیک دەکاتەوە.

دیارە ئەوەی خێرایی بە رەوتی سەرەبەخۆیی لەو ناوچانە بەخشیوە، جیا لە پەرەسەندنی ویست و داواو مافە نەتەوەیی و کلتووری و زمانییەکان، پرسی ئابوورییە. باسەکە لە سەر ئەوەیە کە لە کاتێکدا داهاتی ئەو ناوچانە بە هۆی توانا و گەشەی ئابووریی بەرچاویان بەردەوام زیادی کردوە، بەڵام ئەو داهاتە زۆر و زەوەندە بەجێێ تەرخان کرانی بۆ گەشە و ئاوەدانیی زیاتری ئەو ناوچانە خەرجی ئاوەدانیی ناوچەکانی دیکە و دانەوەی قەرزەکانی بانکی ناوەندیی حکومەتی ناوەندی کراوە.

ئەو شەپۆلە وای کردوە کە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی ٢٥ی نۆڤامبری ئیسپانیا بووە دەرفەتێک تا حیزبە سەربەخۆیی خوازەکانی کاتالۆنیای ئیسپانیا لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکڕاتیکەوە بێنە سەر کار و زۆرینەی هەرە زۆری پاڕلمانی ناوچەیی کاتالۆنیا بگرنە دەست، ئەوەش ڕێی بۆ راپرسیی دواجار و سەربەخۆیی ئەوان لە ئیسپانیا خۆش کردوە.

کاتالۆنیا کە پێتەختەکەی شاری بارسێلۆنە، پانتاییەکەی بە قەت وڵاتی بلژیک و نیزیک بە ٣٢١٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیەو ٧ میلیۆن و پێنسەدهەزار کەس حەشیمەتی هەیە و لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئیسپانیا هەڵ کەوتووە و لە ڕووی دارایی و نیزامی بانکی و کاروباری بەندەری گرینگترین پارێزگای ئەو وڵاتەن و سەدا ٢٠ بەرهەمە نیشتمانییەکانی ئیسپانیا لە کاتالۆنیا ڕەعەمەل دێ.

خەڵکی کاتالۆنیا دەڵێن کە بە درێژایی مێژوو لە لایەن مادریدی و دەوڵەتی ناوەندیی ئیسپانیاوە غەدریان لێ

كراوه و له سەردەمی دیكتاتۆریی ژێنراڵ فڕانكۆدا زمان و هەرێمی خۆبەڕێوەبەریی ئەوان تێكەوه پێچرا. بەلام دوای مردنی فڕانكۆ لە ساڵی ١٩٧٥ و گەڕانەوەی شنەبای دێموكڕاسی كاتالۆنی‌یەكان و باسكەكان زۆرترین مافی خۆبەڕێوەبەرییان له دەستووری ساڵی ١٩٧٩ی ئەو وڵاتەدا پێ درا و زمانەكەیان بە فەرمی ناسرا و بۆ كاروباری خۆبەڕێوەبەریی ئیداری و تەندروستی و پەروەردەیی و كلتووری دەستیان به تەواوی ئاوەڵا كرا. بەڵام بەو حاڵەش كاتالۆنییەكان كە خۆیان وەک نەتەوەی جیاواز پێناسە دەكەن، ئێستا لە گەمەی دێموكڕاسی و لە ڕێی هەڵبژاردنەكانەوه داوای سەربەخۆیی دەكەن.

دوای هاتنه سەركاری حكومەتی سۆسیالیستی خۆزه لوئیز زاپاتەرۆ له ساڵی ٢٠٠٤، كاتالۆنیاكان بارودۆخەكەیان لەبار دی و ساڵی ٢٠٠٥ لە پاڕلمانی ناوچەیی خۆیاندا دەستوورێكی نوێیان پەسند كرد و ساڵی ٢٠٠٦ لە راپرسییەكدا ئەو دەستوورەیان بە دەنگی زۆرینەی سەروو سەدا ٩٠ی خەڵک هەموار كرد. بەپێی ئەو دەستووره كاتالۆنییەكان نەتەوەیەكی جیاواز لە ئیسپانییەكانن و تەنانەت زمانەكەیان لە زمانی ئیسپانیایی له پلەی سەرووتر دایه و، هەر بۆیه له قوتابخانەكاندا تەنیا دەبێ بەو زمانه بخوێندرێ و دووكان و بازاڕیش دەبێ تەنیا لەو زمانه بۆ سەردەرانه و تابلۆكان كەلک وەربگرێ. ئەو دەستووره كاتالۆنییەكانی كرده خاوەنی ئاڵا و سروودی نیشتمانیی خۆیان، بەڵام له هەڵبژاردنەكانی ساڵی ٢٠١١ی ئیسپانیا و بە هاتنه سەر كاری حیزبی كۆنەپارێزی گەل، ناكۆكی و ئاڵۆزی كەوته نێوان كاتالۆنییەكان و حكومەتی ناوەندی له مادرید.

ئەو ناكۆكییانه لە ١١ی سێپتامبری ئەو ساڵ، واته لە دووسەد و نەوەد و هەشتەمین ساڵڕۆژی تێكشكانی كاتالۆنییەكان لەبەرامبەر هێزەكانی شانشینیی بوربوری ئیسپانیا دا تەقییەوە و نیزیک بە یەک میلیۆن و پێنسەد هەزار كەس ڕژانه سەر شەقام و داوای سەرەبخۆیی و جیابوونەوە له ئیسپانیان كرد.

ئێستاش دوای راگەیاندنی ئاكامی هەڵبژاردنەكانی ٢٥ی نۆڤامبر كە تێیدا سەربەخۆیی خوازەكانی كاتالۆنیا توانیانه زۆرینەی دەنگی هەڵبژاردنەكان بەرنەوە، دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری كاتالۆن بە سەرۆكایەتیی ئارتور ماس، سەرۆكی پاتی یەكیەتیی و هاوپێوەندیی كاتالۆنیا ڕایگەیاندوه كە لە ڕۆژی ١١ی سێپتامبری ٢٠١٤ دا راپرسییەک بۆ سەرەبەخۆیی كاتالۆنیا یان مانەوەیان لەگەڵ ئیسپانیادا بەڕێوه دەبا.

حكومەتی كۆنەپارێزی گەل له ناوەندی ئیسپانیا دەڵێ ئەگەر بێتوو كاتالۆنیا ئەو ڕاپرسییه بەڕێوه ببا و سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێ، ئەوا ڕێگه نادا له یەكیەتیی ئورووپادا بە ئەندام وەربگیرێ. بەڵام كاتالۆنیەكان

دەڵێن یەکیەتیی ئورووپا ناتوانێ ئەو هەرێمە پشتگوێ بخا، لە کاتێکدا هەرێمی کاتالۆنیا پلەی حەوتەمی ئابووری لە هەموو ئورووپادا هەیە.

هەندێ لە کارناسانی ئابووریش لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئەگەر کاتالۆنیای سەربەخۆ بە ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا وەرنەگیرێ، ئەوا لە ڕووی ئابوورییەوە ناتوانێ لە سەر پێی خۆی ڕاوەستێ، چونکی لەگەڵ ئەوەی خۆی قەرزێکی زۆری یەکیەتیی ئورووپای لە سەرە، دەبێ بەشێک لە قەرزی ١٠٠ میلیارد یۆرۆیی ئیسپانیاش بگرێتە خۆی، بەوەش فشارێکی لە ڕادەبەدەر دەکەوێتە سەر شانی کاتالۆنیا و ئەوە بە مانای خۆکوژیی ئەو هەرێمە لێک دەدرێتەوە.

بەڵام سەربەخۆییخوازەکانی کاتالۆنیا و ژمارەیەک ئابووریزانی دیکەش دەلێن کە هەرێمی کاتالۆنیا حەوتەمین هێزی ئابووریی یەکیەتیی ئورووپایە و تەنانەت دەتوانێ بەجێی پارمەتی وەرگرتن لە یەکیەتیی ئورووپا، پارمەتیشی بدا، ئەوان دەڵێن کە سەدا ٢٧ی هەناردەی ئیسپانیا ئی ئەو هەرێمەیە و سەدا ٢٥ی ئەو گەشتیارانەی سەردانی ئیسپانیا دەکەن، بۆ هەرێمی کاتالۆنیا دەچن.

ئێستا بێ لەبەرچاوگرتنی چارەنووسی ئابووریی کاتالۆنیا دوای ڕێفراندۆم و ئەگەری جیابوونەویان لە ئیسپانیا ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە کە لەو بارودۆخەدا ئەوە ئیسپانیایە کە زۆرترین زیانی بەر دەکەوێ. چونکی ئەگەر لەلایەک ئیسپانیا بە جیابوونەوەی کاتالۆنیا گەورەترین جەمسەری ئابووریی خۆی لە دەست دەدا، لەلایەکی دیکەش ئەوە هاندانێکە بۆ باسکەکان کە ئەوانیش ڕێچکەی کاتالۆنیاکان بگرنە بەر و بەوەش ئیسپانیا جەمسەرێکی دیکەی ئابوورییەکەی لە دەست دەدا.

هەر بۆیەش دوور نیە کە حکومەتی ناوەندیی ئیسپانیا بۆ بەرگرتن لە جیابوونەوەی کاتالۆنیاکان بیەوێ ئیمتیازی ئابووریی زیاتریان پێ بدا و لە بوارەکانی کلتووری، زمانی و خۆبەڕێوەبەری دا زیاتر لە هەموو کات دەستیان ئاوەڵا بکا، لە لایەکی دیکەشەوە یەکیەتیی ئورووپا کە جیابوونەوەی هەرێمی کاتالۆنیاکانی زۆر پێ خۆش نیە، دەسەڵاتی ناوەندیی ئیسپانیا لە مادرید بخاتە ژێر فشارەوە تا لەگەڵ کاتالۆنیاکان ڕێک بکەون.

دوای لەبەر یەک هەڵوەشانی چێکۆسلاڤاکیا و شەڕی قورسی یۆگۆسلاوی و پارچە پارچە بوونی بە ٧ وڵات و هەروەها دوای جیابوونەوەی هەرێمی کۆزۆڤۆ لە سێربێستان یەکیەتیی ئورووپا پێی وابوو کە ئیدی ڕەوتی

سەربەخۆیی خوازی لە ئورووپا کۆتایی هاتوە، بە تایبەت کە ئیدی رێککەوتننامەی " شینگێن" یش وای کردبوو کە سنوورەکان مانایەکی ئەوتۆیان نەمێنێ، بەڵام ئێستا ئەگەری راگەیاندنی سەرەبەخۆیی کاتالۆنیا ئەو بۆچوونە تۆخ دەکاتەوە کە رەوتی سەربەخۆیی خوازی و پێکهاتنی حکومەتی ئیتنیکی تەنانەت لە ئورووپاش هێشتا بە بەرییەوە ماوە.

## لەگەڵ سووتانی باڵەکانی تۆ دڵی منیش هەڵقرچا

لە بەرەبەیانێکی ساردی مانگی سەرماوەزدا ئاورگرتنی سۆبەیەکی نەوتی لە قوتابخانەی گوندی شیناوێی پیرانشار بووە هۆی سووتانی ٣٧ قوتابیی کچی تەمەن ١٠ ساڵ، کە بە داخەوە تا ئێستا دوو کەس لەوان بە هۆی سەختیی برین و سووتانەکانیان گیانیان لە دەست دا.

دوو ڕۆژ دوای ئەو ڕووداوە قوتابخانەی گوندی مەڵحەم لە شاری سەڵماس ئاگری تێبەر بوو. لەو ڕووداوەدا پێنج پۆلی قوتابخانەکە سووتا، بەڵام بە هۆی ئەوەی سووتانەکە سەعات ٦ ی ئێوارە بوو و قوتابخانە چۆڵ کرابوو، ئەو ڕووداوە زیانی گیانی لێ نەکەوتەوە.

ئەگەر ڕووداوەکەی قوتابخانەی شیناوێ لە تەنیشت دەیان ڕووداوی تاڵ و کارەساتباری وەک پێکدادانی ئۆتوبووسەکانی تەرحی بەناو "کاروانی راهیانی نوور" لە تەنیشت یەکتر دابنێین، دەبینین کە لە سۆنگەی سیاسەتی هەڵاواردنی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، سیاسەتی ئیدۆلۆژیکیی ڕێژیم بۆ شۆردنەوەی مێشکی منداڵان و بەڕێوەبەریی نادەروەستانە و مافیایی حکومەتی ئیسلامی ئەوە هەر خەڵکی کوردستان و ئێرانن کە دەبێ تێچووی ئەو سیاسەتانە بدەن و لە سۆنگەی ئەو چەشنە بەڕێوەبەریی وڵات دەبێ هەر جارەو بە هۆیەک لە ماتەمینیی مەرگی ئازیزانیاندا بکەونە شینگێڕی.

مردنی ١٣ قوتابیی گوندی سفیلان لە پارێزگای چوارمەحاڵ و بەختیاری کە بەهۆی ئاگرگرتنی کورە نەوتییەکەی پۆلەکەیان ٨ ساڵ لەوە پێش ڕووی دا، دەکرا زەنگی وریاکردنەوەی کاربەدەستانی وەزارەتی پەروەردەی ئێران بۆ

کۆمەڵێک کار و ڕێکار بۆ کۆتایی هێنان بەو تراژیدییانە ی کە لە قوتابخانەکانی ئێراندا ڕوو دەدەن، بەڵام دەبینین کە ئەو ڕووداوە تاڵ و جەرگبڕانە بەردەوام دووپات دەبنەوە، بێ ئەوەی گنجێک بکەوێتە نێوچاوانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی.

مردنی ٤ قوتابی لە شاری چابەهار بەهۆی شۆڕتی برقی کولێر، گازگرتووی پۆلێک منداڵ لە قوتابخانەیەکی شاری خۆی، سووتانی ٨ منداڵی قوتابیی گوندی درودزەن و دواییین ڕووداوی تاڵیش سووتانی ٣٧ منداڵ لە پۆلێکی قوتابخانەی گوندی شیناوێی پیرانشار.

لە گێڕانەوە و قسەکانی منداڵانی سووتاوی شیناوێ وادەردەکەوێ کە قوتابخانەکەیان کەمترین ئیمکاناتی ئیمەنی نەبوە و خراپبوونی دەرکی پۆلەکە و نەکرانەوەی دوای کەوتنەوەی ئاگرەکە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەوان نەتوانن لە یەکەم ساتەکاندا لەوێ دەرباز بن و گیانی خۆیان ڕزگار بکەن.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە دووپاتبوونەوەی ئەو ڕووداوە تاڵانە لە قوتابخانەکانی ئێران جیا لە بێ کیفایەتی و جیا لە بێ بایەخی گیانی ئینسانەکان لەلای کۆماری ئیسلامیی ئێران دەتوانێ چ مانایەکی دیکەی هەبێ؟ پرسیار ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی چۆنە لە پێناو تێکنۆلۆژیی ئاڵۆزی ئەتومی بۆ وەدەستهێنانی چەکی کۆکووژ دنیای لە خۆی کردۆتە دژ، بەڵام هیچ بەرنامەیەکی بۆ جێبەجێ کردنی سەرەتاییترین ئەرکەکانی خۆی نیە و دەبێ چەندەها منداڵی دیکە لە ئاگردا بسووتێن تا لایەک لەو وەزعە بکرێتەوە؟

پرسیار ئەوەیە کە بۆ تا ئێستاش لە گوندەکانی کوردستان ئەو جۆرە قوتابخانەیانە بە پۆلێکی ٣٧ کەسی زۆر و زەوەندن کە کەمترین ئیمکاناتی ئیمەنییان نییە؟ ئایا کێشەی دەوڵەت بە داهاتی زیاتر لە ١٠٠ میلیارد دۆلار لە ساڵدا نەبوونی پارە و توانای ماڵییە؟ یان بێ تەفاوتی و خەمساردی بە نیسبەت گیان و ژیانی خەڵکی کورد؟

ئایا خەڵکی کوردستان و ئێران مافی ئەوەیان نیە بزانن کە مەسەلەن ئەحمەدی نژاد لە ماوەی ٧ ساڵی ڕابردوودا بە ٥٠٠ میلیارد دۆلار داهاتی نەوت چی کردوە و چ تەرح و بەرنامەیەکی گرینگتر لە گرتنە بەری ئیمەنیی گیانی لە قوتابخانەکانی وڵاتی جێبەجێ کردوە؟ بەراستی چەندە قوربانیی دیکە بۆ سڕینەوەی جیاوازیدانان و تەبعیز لە کوردستان پێویستە؟

چۆناوچۆنە کاربەدەستانی وەزارەتی خوێندن و پەروەردەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا توانیویانە زیاتر لە ٢٠ هەزار مەدرەسەی ئایینی و قورئانی بۆ مەبەستە ئیدۆلۆژیکییەکانی خۆیان بە باشترین ئیمکانات دروست بکەن، هەزاران مزگەوت و جێ نوێژ لە قوتابخانەکاندا بکەنەوە و بە دامەزراندنی هەزاران فەقێ و پەروەدەکاری ئایینی و ناردنیان بۆ قوتابخانەکان لە سەر تەربیەتی ئیدۆلۆژیکی و شۆردنەوەی مێشکی ئەوان کار بکەن، بەڵام نەیانتوانیوە هیچ بەرنامەیەکیان بۆ ئیمەنیی قوتابخانەکان هەبێ.

٣٧ پەپوولە، ٣٧ منداڵی ساکار لە ئاگری کەمتەرخەمی و سیاسەتی دژە ئینسانیی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیدا سووتاون، بەڵام لە لای ئەوان هیچ ڕووی نەداوە. ئەحمەدی نژاد چ گوێی لەوەیە کە شیناوێ کوێیە و لەوێ چ قەوماوە، ئەو تەنیا ئەو کاتانە سەردانی کوردستان دەکا تا خەڵکی بۆ چەپڵە بڕژێنێتە سەر شەقامەکان و بۆ سندووقەکانی دەنگدانیانیان پەلکێش بکا. شەرمەزاری بۆ وەزیری پەروەردە کە گاڵتەجاڕانە دەڵێ لە ئێستاوە تا قیامەت بۆ هەموو شتێک کە لەو وەزارەتخانەیەدا ڕوو دەدا داوای لێبوردن دەکەم، ئەو قسەیە یانی گاڵتە کردن بە گیان و ژیانی ئەو منداڵە بێ تاوان و پەپوولانەی کە بە هەڵقرچانی خۆیان باجی سیاسەتە دژە ئینسانییەکانی ئەوان دەدەن، یانی خۆدزینەوە لە بەرپرسیارەتیی ئەو تاوان و کەمکارییانە، یانی خۆڵ لە چاوی خەڵک کردن بۆ خۆدزینەوە لەو پرسیارە کە چۆن دەبێ لە ئێرانی خاوەنی دووهەمین پاشکەوتی وزەی جیهان منداڵانی ئەو وڵاتە چواردیوارییەکی سادە و ساکار و ئەمن بۆ خوێندن و مانەوە لە قوتابخانەکاندا شک نەبەن؟ قوتابخانەی هوشمەند و دەسڕاگەیشتنی منداڵان بە کامپیوتێر و ئینتێرنێت و کەرەسەکانی پەروەردەیی سەردەم و پێشکەوتووش هیچ، کە منداڵانی کورد و زۆرێک لە منداڵانی دیکەی ئێرانیش تەنیا ناویان بیستوون.

حاجی بابایی، وەزیری خوێندن و پەروەردەی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا گاڵتە بە ئیحساسی خەڵکی بریندارى کوردستان دەکا کە لە ماوەی سێ مانگ هاوین و سێ مانگ پاییزی ئەو ساڵدا زۆرترین منداڵی قوتابیی بە تایبەت کچانی قوتابی لە ئاکامی کەمتەرخەمیی وەزارتخانەکەی جەنابیاندا گیانیان لە دەست داوە. لەو شەش مانگەدا ٥٦ قوتابی کوژراون، ٢٨ قوتابی بریندار بوون، ٤٠ قوتابی سووتاون و ٤٦ قوتابییش گاز گرتوونی، جەنابیشیان بەجێی وەڵامدانەوە بە خەڵکی و لانیکەم وازهێنان و کشانەوە لە بەرپرسیارەتییەکەی دڵی خەڵکی بە داوای لێبوردنێکی گاڵتەجاڕانە دەداتەوە.

گاڵتەجارتر لەوە جارێک دەلی ئەگەر ڕۆژنامەنووسان زووتر بە ئێمەیان گوتبا کە ئەو مەدرەسەیە ئاوا، ئەو

ڕووداوە نە دەقەوما و جارێ دەڵێ کە بەرپرسایەتیی ئەو ڕووداوە لە ئەستۆی شیرکەتی " ارج" ە کە سۆبەکانی ئەمنیەتی ستانداردیان نیە.

تاڵتر لەوەش ئەوەیە کە ڕووداوی سووتانی قوتابخانەی شیناوێ لە کاتێکدا روو دەدا کە لەگەڵ ئەوەی کە کوردستان ناوچەیەکی بێبەش و مەحرووم لە ئێران دایە و کەمترین بودجە و ئیعتبار بۆ ئاوەدانی و پرۆژەکان لە کوردستان تەرخان دەکرێ، پارێزگاری ورمێ ساڵی ٩٠ بڕی ٢ میلیارد تمەنی لە بودجەی ئەو پارێزگایە بۆ سندووقی دەولەت گەڕاندۆتەوە، گوایە لەو پارێزگایە دا هیچ قوتابخانەیەک پێویستی بە نۆژەن کردنەوە نیە، هیچ پرۆژەیەکی ئاوەدانی پێویست نیە و ئەوەش کە ساڵانە لەلایەن دەوڵەوتەوە دەدرێ، بە زیادەوە دەدرێ؛ ئەوەیە مودیرییەتی بەڕێوەبەری کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە.

تاڵتر لەوانەش ئەوە کە لە کاتێکدا ٣٤ نوێنەری مەجلیسی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا هاوخەمیی خۆیان بۆ ئەو ڕووداوە ڕاگەیاندوە و باسیان لەوە کردوە کە بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە دەکەن، زۆرێک لە نوێنەرانی کوردی مەجلیس وەک، نوێنەرانی شارەکانی بۆکان و مەهاباد و شارەکانی خوارووو و سەرووی کوردستان ئەو ڕاگەیەندراوەیان ئیمزا نەکردوە، وەک بڵێی ئەوە نە خەمی ئەوانە و نە پشتیوانی لە داخواز و کێشەی خەڵک ئەرکی ئەوان بێ.

ڕێکەوت: سەرماوەزی ١٣٩١ - نۆڤەمبەری ٢٠١٢

---

## پێگەی ئەخلاق لە پرسی کورد و مافی مرۆڤی کورد لە ئێران

١٠ی دێسامبر، ٢٠ی سەرماوەز، ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ لە کاتێکدا یادی کرایەوە کە راست لەو ڕۆژەدا لە کوردستان هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر ڕێگای پیرانشار - مەهاباد لە شوێنێک بە ناوی «سەری مەیدان» ماشێنی کاسبکارێکی کورد بە ناوی «ئیبراهیم جیهان ئارا» یان دایە بەر دەسرێژ و بێ هیچ سووچ و تاوانێک و بێ ئەوەی هیچ کاڵایەکی قاچاغی! پێ بێت، ناوبراویان کوشت. هەر ئەو ڕۆژە و لە شوێنێکی دیکە کوردستان، لە شاری پاوە هێزە ئەمنیەتییەکان ٢ کەسی خەڵکی ئەو شارەیان بە ناوەکانی «لایەق مستەفایی«

تەمەن ٣١ ساڵ و «عومەر مستەفایی» تەمەن ٢١ ساڵ لە ماڵەکەی خۆیاندا دەستبەسەر کرد. ئەو کەسانە و کەسانی وەک ئەوان کە رۆژانە لە کوردستان دەگیرێن، دوای گیرانیان و بێ ئەوەی پەروەندەکانیان رەوتێکی قەزایی بپێوێ، لە گرتووخانەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتدا بە چەندین مانگ رادەگیرێن و دوای ئەشکەنجەدران و لێوەرگیرانی داننانی زۆرەملی، بێ ئەوەی مافی بەرگری کردن لە خۆیان هەبێ، دادگایی دەکرێن و نەک حوکمی قەزایی، بەڵکوو حوکمی سیاسییان بۆ دەردەچێ.

رۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ لە کاتێکدا یادی دەکرێتەوە کە لە کوردستان کوشتن، ئێعدام، گرتن، ئەشکەنجە، پێشێلکردنی مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان بەشیک لە واقعی ژیانی خەڵک لە کوردستانن، بە جۆرێک کە رۆژ نیە تاکی کورد چەند حاڵەتێکی هەرە بەرچاوی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بە چاوی خۆی نەبینێ و لە خۆی ڕوو نەدا.

رۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ لە کاتێکدا یادی دەکرێتەوە کە لە کوردستان بە هۆی سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەی کورد لەلایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە خەڵکی کوردستان لە سەرەکی و سەرەتاییترین مافەکانیان وەک خوێندن بە زمانی زگماکی و تەنانەت هەڵبژاردنی ناو بۆ زارۆکان بە دڵخوازی دایک و باوکیان بێبەشن.

بەردەوامیی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان و لە ئێران بە هۆی کۆماری ئیسلامی لە کاتێک دایە کە ئەو رێژیمە حەوتوویەک بەر لە رۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ جارێکی دیکەش لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەبارەت بە پێشێلکردنی ڕەهای مافی مرۆڤ لە ئێران مەحکووم کرایەوە، بەڵام کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئەوەی لە ماوەی ٣٤ ساڵ تەمەنی ئەو رێژیمەدا یەک دوو ساڵ نەبێ، ئەگینا بە بەردەوامی لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکانی دیکەی مافی مرۆڤەوە مەحکووم کراوە، بەڵام هەموو ئەو کاردانەوە جیهانییانەش هیچ شوێنکارێکیان لە سەر سیاسەت و مامەڵەی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بابەتەدا نەبووە.

لە پێوەندی لەگەڵ بابەتی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە کوردستان خاڵێک جێی سەرنجە، ئەویش ئەوەی کە ئەگەر لە لایەک مافی گەلانی ئێران بە گشتی لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە پێشێل دەکرێ، بەڵام دەبینین کە بە هۆی زاڵبوونی ڕوانگەی ئەمنیەتی بە سەر کوردستاندا رەوتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان هەم توند و تیژتر و فرە ڕەهەندترە، هەمیش ئەوەی کە بێدەنگترە و کەمتر وایە کە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان وەک

خۆی و بە بارتەقای قورسایی خۆی دەنگدانەوەی لە نێو كۆڕ و كۆبوونەوە ئێرانی و جیهانییەكاندا بووبێ. بەو مانایەی كە ئەگەر كوردستان چەق و ناوەندی سەركوت و پێشێلكردنی مافی مرۆڤ لە ئێرانە و تێچووی كاری سیاسی و هەرچەشنە جموجۆڵ و مافخوازییەک لە كوردستان لە چاو ناوچەكانی دیكەی ئێران لە سەرێیە، بەڵام هەر بەو ڕادەیەش پێشێلكردنی مافی مرۆڤ لە هەموو بوار و ڕەهەندەكانیدا لەلایەن چالاكان و داكۆكیكەرانی مافی مرۆڤ سەرنجی نەدراوەتێ. محەممەد سدیق كەبودوەند، سەرۆكی گیراوی ڕێكخراوی مافی مرۆڤی كوردستان كە خۆی بە تاوانی بەرگری لە مافی مرۆڤی كورد زیندانی و بە ١١ ساڵ زیندان حوكم دراوە، لە نامەیەكدا كە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤەوە لە زیندان داویەتە دەرێ، بە وردی قامكی لە سەر ئەو بابەتە داناوە و بە ڕەخنەگرتن لەو بەیاننامە و ڕاگەیەندراوانەی لەلایەن لایەنە سیاسییەكانی دژبەری كۆماری ئیسلامییەوە بەو بۆنە دراونەتە دەرێ، دەڵێ كە ئەو بەیاننامانە تەنیا و تەنیا تەعبیر لە هەڵوێستی تەک ڕەهەندیی گرووپێک و باڵێكی سیاسی لەو بابەتە دەكەن و ئەوەش بە مانای هەڵاواردن و فەرق و جیاوازی خستن لە بەرگری كردن لە مافی مرۆڤە كە هەر خۆی لە خۆیدا پێشێلكردنی مافی مرۆڤە.

مانای ئەو قسانەی كەبودوەند ئەو كاتە پتر دەردەكەوێ كە دەبینین لە كاتێكدا بە هۆی سیاسەتی پشتگوێ و پەراوێز خستن و هەڵاواردنی كوردستان لەلایەن كۆماری ئیسلامی و بێبایەخیی گیانی مرۆڤی كورد تراژیدیی سووتانی قوتابخانەی شیناوێی پیرانشار دێتە گۆڕێ، یان ئەوەی لە ماوەی سێ مانگی پاییزدا بە دەیان كۆڵبەر و كاسبكاری كورد - كە بەهۆی هەژاری و بێكاریی سەرچاوە گرتوو لە سیاسەتە ئەمنیەتی و ئابوورییەكانی ڕێژیم لە كوردستان ناچار بە گرتنەبەری ئەو ڕێیە بۆ دابینكردنی ژیانیان بوون - ڕاستەوخۆ لەلایەن هێزە چەكدارەكانی ڕێژیمەوە دراونەتە بەر دەسڕێژ و كوژراون و بریندار بوون، ئەوەندەی كەیفیەتیی خواردن و خۆراكی موسەوی و ڕەهنەوەرد لە ماڵەخۆیاندا خەمی چالاكان و بەرگریكارانی مافی

مرۆڤ لە ئێرانە، ڕووداوە تراژیدییەكان لە كوردستان سەدا یەكی ئەوەندەش نابیندرێن.

ئەوش ڕاستییەک ئاشكرا دەكا كە چالاكانی مافی مرۆڤی ئۆپۆزیسیۆنی كۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی بنەما فیكرییەكانی ناوەندگەرێتی و لاگیریی سیاسییان ئاراستەیەكی تایبەت لە پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران لەبەر دەم دنیای دەرەوەدا دادەنێن. ئەو جۆرە تێڕوانین و كاركردە بەجێی بەرگری لە مافی ئینسانی و مرۆڤ بوونی ئەوانەی مافەكانیان پێشێل دەكرێ، لاگیری و ئینتیما سیاسییەكان وەپێش دەدا و تەنانەت زۆر جار دەبینین كە سنوورە ئەخلاقییەكانیش دەبەزێندرێن، وەک چۆن زۆرجار لە زمان چالاكانی سیاسی و مافی مرۆڤی بیستوومانە كە ویست و

داخوازی نەتەوە نافارسەکانی وەک کورد و بەلووچ و عەرەب یان زیرەکانە شیواندوە و ناخ و بنەچەکی ئەو ویستانەیان مەزهەبی و لە باشترین حاڵەتدا فەرهەنگی پێناسە کردوە، نەک نەتەوەیی.

لە روانگەی ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی ئەو بەشە لە ڕەهەندەکانی مافی مرۆڤ کە پێوەندییان بە مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوە بندەستەکان هەیە، وەک ئەوەی زەرەری بۆ پەز هەبێ نەک نابێ سەرنجی بدرێتێ، بەڵکوو ئەوەندەش کە دەکرێ بە ئاراستەیەکی دیکەدا بخرێتە بەرچاو، وەک چۆن تا ئێستا بینیومانە کە ئەو جۆرە روانین و بینینی ئەو لایەنانە چەندەی یارمەتی کۆماری ئیسلامی داوە تا بە ئێعدامی چالاکانی سیاسیی کورد و بەلووچ لە ژێر ناوی قاچاغچیی مادە هۆشبەرەکان، تێچووی سیاسیی خۆی لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەو ناوچانە کەم کاتەوە.

کۆماری ئیسلامی کاتێک دەبینێ کە بڕینەوەی سزای ئیعدام و سەروو ٤٠ ساڵ زیندان بە سەر چالاکێکی سیاسیی کورد و ڕێگریی چەندی ساڵە لە چاوپێکەوتنی زیندانییەکی سیاسیی کورد لەگەڵ بنەماڵەکەی بە قەت مانگرتنی چەند ڕۆژەی زیندانییەکی غەیرە کورد دەنگدانەوەی لە بیروڕای گشتیی جیهاندا نیە، دەستی بۆ هەموو جۆرە سەرکوتێکی بزاوتی سیاسی و مەدەنیی کوردستان ئاوەڵاتر دەبێ . پرۆژەی ئەو سەرکوتە لەگەڵ بایکۆیی خەبەریی کوردستان لەلایەن ناوەند و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە تەنیا دەکرێ بە کالبوونەوەی بایەخە ئەخلاقییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان تەعبیری لێ بکرێ.

لە ژمارە ٥٩٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٢

## ڕێگایەکی کاریگەر بۆ درووستکردنی گۆڕان

ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەپانتایی کۆمەڵگا و لە زۆر ڕەهەند و بواردا چالاکن و دەتوانن ڕۆڵی گرینگیان لە یەکخستنی ڕیزەکانی خەڵک و درووستکردنی گۆڕان هەبێ.

ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە زۆر بواردا چالاکن، چالاکیی ئەو ڕێکخراوانە کە خۆی لە بوارەکانی وەک ژینگەپارێزی، بەرگری لە مافی مرۆڤ، ڕێکخستنی سەرۆکایەتیی لاوان، هەوڵدان لەپێناو بنەبڕکردنی توند و تیژیی دژی ژنان و منداڵان، یارمەتیدانی چین و توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگا و زۆر ڕەهەند و بواری دیکەدا دەبینێتەوە، دەتوانێ ڕێگایەکی باش و کاریگەر بۆ دروستکردنی گۆڕان لە کۆمەڵگادا بێ.

ڕێکخراوە ناحکومیەکان کاروباری خۆیان سەربەخۆ لە کەرتی حکومی و کەرتی تایبەت ڕێک دەخەن و ئەرکی ئەوان نەک کۆکردنەوەی داهات و پێشخستنی بەرژەوەندیی گرووپێک، بەڵکوو داکۆکی لە بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵک و تێکۆشان لە پێناو قازانجی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگایە. ئەو ناوەند و ڕێکخراوانە بەهۆی سەربەخۆییان لە بڕیاردان و هەڵسوکەتیاندا دەتوانن جموجۆڵ و بڕیار و هەڵسوکەوتەکانی حکومەت بخەنە ژێر چاوەدێریی خۆیان و بۆ چاکسازی لەواندا تێبکۆشن. ئەو ڕێکخراوانەش کە قورسایی و پێگەی خۆیان هەم لەلای حکومەت و هەم لەلای کەرتی تایبەتدا پاراستوە، دەتوانن لە کاتی ناکۆکیی نێوان ئەواندا ڕۆڵی نێوبژیوان ببینن و چارەسەری گونجاو بۆ پرسە هاوبەشەکانی نێوانیان بیبیننەوە. دوجار ئەوەی کە سەربەخۆیی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە حکومەت، ناوەندە ئایینی و حیزبە سیاسییەکان بەو مانایەیە کە ئەوان دەتوانن ئاراستەیەک بە کۆمەڵگای خۆیانن ببەخشن کە خەڵکی دیکە و هەمووان بتوانن خۆیانی تێدا ببیننەوە. ڕێکخراوە ناحکومییەکان هان لایەنگران و هەموو لایەنەکانی دیکە دەدەن بۆوەی بتوانن بۆچوونەکانی خۆیان وەدی بێنن.

ئێوە چ بتانەوێ ڕێکخراوێکی ناحکومی دابمەزرێنن، چ پێشتر ئەو کارەتان کردبێ یان ئەوەی ساڵانێکە ڕێکخراوەیەکی ئاوا بەڕێوە دەبەن، بەشێک لە ڕەوتێکی جیهانیی خەڵکێکن کە دەسەڵاتی هێز و توانای خۆی لە پێناو چەمکۆ گۆڕاندا خستووەتە گەڕ.

ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە چەند دەیەی ڕابردوودا لە ڕیزی هەرە پێشەوەی بزووتنەوە بەربڵاوە کۆمەڵایەتییەکانن کە بە مەبەست و ئامانجی باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک ڕێکخراون.

لەو چەند دەیەی دواییدا ژمارەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە دیمۆکراسییە ساوا و تازەپەیابووەکاندا زۆر بە خێرایی زیادی کردوە و ئەو ڕێکخراوانە لە وڵاتانێکی وەک یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو یارمەتی بە دروستکردنی بنیات و ناوەندە دیمۆکراتیکەکان دەدەن و لە پێناو دابینکردنی پشتیوانی و دڵنیایی جێی متمانە بۆ چین و توێژە هەژار و بێ ئەنواکاندا تێدەکۆشن.

یەکەم جار دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بوو کە دەستەواژەی ڕێکخراوی ناحکومی( NGO ) هاتە بەرباس و لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووانەوە بۆ ئەو ناوەند و ڕێکخراوە تایبەتانە دەکار کرا کە بۆ قۆڵیان بۆ سارێژکردنەوەی برینەکانی شەڕ هەڵماڵیبوو، شەرێک کە جیا لە کوژران و برینداربوونی بە میلیۆن کەس، ئاوارەبوون و بێ خانەولانی و هەتیوباریی بە میلیۆن کەس و بێکاریی لەڕادەبەدەری پاش خۆی بەجێهیشتبوو. بەڵام ئەوەی کە هاووڵاتیان لە سەر بنەمای هەندێ بابەت و تەوەر بیانەوێ ڕێکخراوێک دابمەزرێنن ڕابردوویەکی زۆر کۆنی هەیە. هەندێ لە لێکۆڵەرەوان دەڵێن ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی بەگژداچوونەوەی کۆیلەداری کە ساڵی ١٨٣٩ دامەزرا، یەکەم ڕێکخراوی ناحکومییە.

بە پێی ئامارەکان و ئەوەندەی کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ناسیونی، لە ئێستادا نیزیک ٤٠،٠٠٠ ڕێکخراوی ناحکومیی نێودەوڵەتی بوونیان هەیە و بە میلیۆن ڕێکخراوی دیکەش هەن کە لەنێو وڵاتانی خۆیاندا چالاکن.

بەڵام ڕێکخراوە ناحکومیی جۆراوجۆرمان هەیە، هەندێکیان ڕێکخراوی گەورە و زەبەلاحی فرەنەتەوەیین و هەندێکیشیان لە جۆری گرووپی بچووک بچووک دان و لە گوندەکاندا چالاکن. هەندێکیان چالاکییەکانی خۆیان لە سەر بوار و بابەتگەلێکی وەک پرسی ژنان، لاوان، ژینگە، مافی مرۆڤ، پەروەردە و تەندروستیدا چڕ کردۆتەوە و هەندێکیشیان لە سەر چەند پرس و لایەنێکی تێکەڵاو کار دەکەن.

بوار و پانتایی چالاکیی ڕێکخراوە ناحکومییەکان هەرچی بێ، هۆکاریی بنچینەیی بوونی هەموویان هەنگاونان بۆ چارەسەریی کێشەکانی خەڵک و باشتر کردنی ژیان و بارودۆخی ئەوانە. زۆربەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەلایەن کەسانێکەوە دادەمەزرێن کە هۆگری و ئینتیمای یەکجار زۆریان بۆ باوەڕ و ئایدیاکانیان، یان خەڵک و

کۆمەڵگاکەیان هەیە. دیارە ئەگەرچی بۆ دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ڕێکخراوێکی ناحکومی هۆگری مەرجێکی پێویستە و دەبێ هەبێ، بەلام هەر بەتەنێ هۆگری بۆ ئەو پڕۆژەیە ولام ناداتەوە، بگرە دەبێ فاکتەرەکانی زانست، ئەزموون، توانایی و سەرچاوە و پێوەندییەکانی تایبەت بە چێکردن و پەرەپێدانی ئەو ڕێکخراوانە لە ئەندامانی بەڕێوەبەرییاندا هەبن.

ڕەوایی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

ڕێکخراوێکی ناحکومی کاتێ رەوایی خۆی وەردەگرێ و لە نێو خەڵکدا جێ دەکەوێ، کە خەڵکی دڵنیا بن لەوەی کە ئەو ڕێکخراوەیە لە پێناو دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا تێ دەکۆشێ و ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوەیە پێداویستییەکانی کۆمەڵگا لە سەرووی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دادەنێن. ئێوە بەرلەوەی لە خۆتان بپرسن کە چۆن ڕێکخراوە ناحکومییەکەتان بپارێزن، دەبێ وەلامی ئەو پرسیارەتان دابێتەوە کە" ئاخۆ ئێمە ڕەوایی و شەرعییەتمان هەیە یان نا؟" و " ئاخۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکەی ئێمە شایانی ئەوەیە کە هەبێ؟"

ڕێکخراوێکی ناحکومی ئەو کاتە شایانی بوون و مانەوەیە کە ئامانجێکی ڕوون و دیاریکراوی بە پشتبەستن لە سەر سڕینەوەی یەکێک لە پێداویستییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا یان خەڵکانی دەوروبەری هەبێ. بەلام هەر تەنیا ئەوە بەس نیە کە ئامانج و بەرپرسایەتییەک بۆ خۆت دیاری بکەی، بەڵکوو شەرعییەت و ڕەوایی ڕێکخراوێکی ناحکومی بەسراوەتەوە بە جۆری بەڕێوەبەری و ڕاپەڕاندنی ئەرک و بەرپرسایەتییە شوێندانەرەکانی ئەو ڕێکخراوەیە.

ڕێکخراوێکی ناحکومی کە تەنیا بە بڕیاری تاکەکەس هەڵسووڕێ، ناتوانێ شەرعییەتی هەبێ و ئەگەر ڕێکخراوێک لە پاوانی کەسێکی تایبەت دابێ و هیچ گرینگییەک بە بۆچوون و ڕوانگەی کەسانی دیکە نەدرێ، مەترسیی ئەوەی لێ دەکرێ کە ئەو کەسە بەرژەوەندییەکانی خۆی لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییە گشتییەکاندا دابنێ. هەر بۆیەش بەبێ بەڕێوەبەرییەکی چالاک و بەکۆمەڵ هەموو کات مەترسیی ئەوە لە گۆڕێدا دەبێ کە سەرچاوەکانی ڕێکخراوەکە کەلکی خراپیان لێ وەربگیردرێ. ڕێکخراوێکی ناحکومی پێویستی بە هەڵسووڕانی ڕێبەرایەتییەکی بەرفراوان هەیە کە لەلایەن کەسانێکی خاوەن بەرژەوەندییەوە ڕاسپاردەی کاری ڕێکخراوەییان پێ دەدرێ بۆ ئەوەی ئەو دڵنیاییە دروست بێ کە ڕێکخراوەکە لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا هەنگاو دەنێ.

لەبیرتان بێ ....

**کەس خاوەنی ڕێکخراوی ناحکومی نیە**

کەس ناتوانێ خۆی بە خاوەنی ڕێکخراوێکی ناحکومی بزانێ، ئەو ڕێکخراوانە لە پێناو بەرژەوەندی و خزمەتکردن بە خەڵک دامەزراون و کۆمەڵە کەسانێکی تێدایە کە وەک ئەمیندارێکی باش کاروبارەکانی هەڵدەسووڕێنن. ئەو کۆمەڵە کەسە ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرێی ئەو ڕێکخراوانە پێک دێنن. ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانە شەرعییەتیان نیە کە تێیاندا کەسێک لەبەرامبەر ئەنجوومەنی بەڕێوەبەریدا دەوەستێ و وەڵامی ئەنجوومەن و لایەنە خاوەن بەرژەوەندییەکانی دیکە ناداتەوە. ئەو جۆرە ڕێکخراوانە بۆ مانەوەی خۆشیان ناتوانن پشتیوانی و پشتگیریی توێژ و لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەستەبەر بکەن.

**وەڵامدەربوون لەبەرامبەر خەڵکدا**

بەرژەوەندیی گشتی لەجێدا بنەما و هۆی سەرەکیی دروستبوونی هەر ڕێکخراوێکی ناحکومییە، هەر بۆیەش ڕێکخراوە حکومەییەکان دەبێ لەبەرامبەر خەڵکدا وەڵامدەر و خۆیان بە بەرپرسیار بزانن. بەڕوونی هەر ڕێکخراوێکی حکوومی دەبێ لە بەرامبەر کۆمەڵانی خاوەن بەرژەوەندی وەڵامدەر بێ کە بریتین لە ئەوانەی بودجەی ڕێکخراوەکە دابین دەکەن، ئەندامانی ڕێکخراوەکە، هاوبەش و خاوەن بەشەکان، ئەو خەڵکەی ڕێکخراوەکە خزمەتیان دەکا و ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا چالاکی دەکاو ئەو ڕێکخراوە ناحکوومییانەی پێوەندییان لەگەڵ یەکتر هەیە.

چاوەڕوانیی کەسانی خاوەن بەرژەوەندی لە ڕێکخراوەکان جیاواز و جۆراوجۆرە. ئەوانەی بودجەی ڕێکخراوەکە دابین دەکەن، چاوەڕوانیی ئەوەیان هەیە کە پارەکانیان تێچووی ئەو کارانە کرابێ کە مەبەستیان بووە، ئەوان دەیانەوێ سامانەکانی ڕێکخراوەکە بە باشی و لە پێناو ئامانجەکانی پڕۆژەکەدا دەکار کرابێ. ئەو خەڵکەش کە لەلایەن ڕێکخراوەکەوە خزمەتیان دەکرێ، چاوەڕوانیی ئەوەیان هەیە بە هانایانەوە بچن و لەگەڵ چارەسەریی کێشەکانیان ڕێزیان لێ بگیرێ. هاوبەش و خاوەن بەشەکانیش دەیانەوێ لەگەڵیان ڕاستگۆ بن و بەڵێنەکانتان بە باشی بەرنە سەرێ. ئەوانە تەنیا چەند نموونەیەکن.

ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەبێ بەباشی لەگەڵ لایەنە خاوەن بەرژەوەندییەکاندا هەڵ بکەن، گوێ بۆ قسە و بۆچوونەکانیان ڕاگرن و بە چاوەڕوانییەکانیان بزانن. ڕێکخراوی ناحکومیی ئێوە دەبێ لانیکەم لەو بوارانەدا

وەڵامدەر بێت:

* ئامانج: هۆکاری دامەزران لەجێدا بنەمای کار و تێکۆشانی هەر ڕێکخراوێکی ناحکومییە. ئەوە بە مانای بەڵێنی ئێوە بە خەڵک و جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکەیە کە لە سەر شانتانە و دەرخستنی ئەو جیاوازییەیە کە دەتانەوێ لە جیهاندا وەدی بێنن. ڕێکخراوێکی ناحکومی بە تێکۆشان لە پێناو ئامانجەکانیدا بەڵێنەکانی خۆی دەرحەق بە خەڵکی دەباتە سەرێ.

* بەرئەنجام و دەسکەوتەکان: تێکۆشان و چالاکی و جێبەجێ کردنی پلان و پرۆژەکان هەموو شتێکی ڕێکخراوەیەکی ناحکومی نین. ڕێکخراوێکی ناحکومی دەبێ لەپێناو باشتر کردنی ژیان و بارودۆخی ئەو کەسانەی خزمەتیان دەکا، بەرەنجام و دەسکەوتیش دەستەبەر بکات.

* بەڕێوەبەریی گونجاو: ڕێکخراوە ناحکومییەکەی ئێوە دەبێ ئەنجوومەنێکی بەڕێوبەریی پێشەنگی هەبێ کە بە خواستی خۆیان هاتوونە پێشی و دەیانەوێ بە لێزانی و بەپێی بنەما ئەخلاقییەکان ڕێکخراوەکە بەڕێوە ببەن. بەڕێوەبەری بریتییە لە ریزە چالاکی و جموجۆڵێکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەری کە لە ڕێگەی ئەوانەوە ئاراستە بە ڕێکخستن و چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە دەبەخشێ و چاوەدێرییان بە سەردا دەکا.

* ئەرک وەخۆگریی دارایی: ڕێکخراوەکەی ئێوە دەبێ دڵنیا بێ کە ئەو یارمەتییە ماڵییانەی پێی دەکرێ، ناچێتە گیرفانی کەسێک یان لە قازانج و بەرژەوەندیی کەس یان کەسانێک دەکار ناکرێ، بەڵکوو خەرجی ئەو چالاکی و پرۆژانە دەکرێ کە ئامانج و پێناسەی ڕێکخراوەکەن. ئەنجوومەنی بەڕێوەبەری خۆی چاوەدێریی کاروباری ماڵی و دارایی ڕێکخراوەکە دەکا.

ئێوە چۆن دەتوانن ڕێکخراوی ناحکومیی خۆتان بە وەڵامدەر بزانن؟ ڕێکخراوە ناحکومییەکان زۆرجار خۆیان تەنیا لەبەرامبەر ئەو کەسانەدا بە بەرپرسیار دەزانن کە یارمەتیی ماڵی و داراییان بە ڕێکخراوەکە کردوە و بودجەی کاری ڕێکخراوەکەیان دابین کردوە، نەک ئەندامان و لایەنەکانی دیکە. دیارە دەبێ سەرنجی پێویست بدرێتە ئەو لایەنانەی بودجەی ڕێکخراوەکە دابین دەکەن و ڕاپۆرتی کاریان پێ بدرێتەوە، بەڵام لەبابەت کۆمەڵگاوە ئەو باسە جۆرێکی دیکەیە. لە زۆرێک لە وڵاتاندا ئەو وەزارەتانەی کاریان چاوەدێری بە سەر چالاکیی ڕێکخراوە ناحکومییەکانە، ڕاپۆرتی ساڵانەیان لەو ریکخراوانە دەوێ. بەڵام ڕێکخراوە ناحکومییەکان چۆن دەتوانن خۆیان لە

بەرامبەر ئەو کەسانەی خزمەتیان دەکەن بە وەڵامدەر بزانن؟ ئەو کارە لە رێگەی پێکهێنانی کۆر و کۆبوونەوەی گشتی، راپرسی، بڵاوکردنەوەی هەواڵنامە و راپرسی کردن و هتد دەکرێ. ئێوە نەک هەر ئەوەی دەبێ لایەنگران و پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆتان ئاگاداری کاروبار و چالاکییەکانتان بکەن، بەڵکوو دەبێ رێنوێنی و بۆچوون و پێشنیاریشتان لێیان بوێ. رێکخراوە ناحکومییەکان وەک چۆن چاوەڕوانیی وەڵامدەر بوون و لێپرسینەوە لە لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵگایان هەیە، بۆ خۆشیان دەبێ وەڵامدەر بن و لێیان بپرسرێتەوە.

**شەففافیەت و ڕوونبێژی**

کاتێ شتێک ڕوون و بێ خەوشە، ئەملاو ئەولای هەر شتێکی تێدا دیارە. ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەبێ بەمجۆرە بن. کەسانی خاوەن بەرژەوەندی دەبێ بتوانن نێو ڕێکخراوەکەتان ببینن و بزانن کە بەرنامەکانتان چۆن دەچنە پێشێ، ئەوان دەبێ بزانن کە پارە و داهاتەکان خەرجی چی دەکرێن و بڕیارەکان چۆن دەدرێن. رێکخراوە ناحکومییەکان بۆ ڕەچاوکردنی ئەسڵی شەففافییەت دەبێ لە کاتی خۆیدا زانیاریی ورد و ڕوون لە سەر پرۆژە و چالاکییەکان، کاروباری ماڵی، سیاسەتەکانی بەڕێوەبەری و قۆناغەکانی بەرەوپێشبردنی بڕیارەکانی ڕێکخراوەکەتان بڵاو بکەنەوە. ئێوە بە ڕەچاوکردنی بنەمای شەففافییەت بوار ودەرفەتی باشتر بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانتان دەخوڵقێنن. کاتێک کەسانی دێ ئاگایان لە کاروبار و جۆری جووڵەی ئێوە بێ، ئێوەش لە ڕێگای باشتر بۆ جێبەجێ کردنی کاروباری ڕۆژانەتان دەگەڕێن.

**لە بیرتان بێ...**

**ناوەکانی دیکەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان**

لەوانەیە ئێوە ناونیشان و واژەگەلی دیکەتان بۆ پێناسە کردنی ئەو ڕێکخراوانە گوێ لێ بێ کە چالاکییەکانیان لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی دایە، وەک:

- ❊ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی
- ❊ ڕێکخراوە ئەهلییەکان
- ❊ ڕێکخراوە خێرخوازییەکان

* ڕێکخراوە خەڵکی یان کۆمەڵایەتییەکان
* ڕێکخراوە خۆبەخشەکان

لە هەندێ لەو حاڵەتانەدا واژە بەکار هاتووەکان تەعبیر لە جۆرێکی تایبەت لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەکەن. بۆ نموونە ڕێکخراوە خەڵکی و کۆمەڵایەتییەکان جۆرێک ڕێکخراوی ناحکومین کە تاکەکانی کۆمەڵگا بە مەبەستی خزمەت کردن بە خۆیان دایان دەمەزرێنن.

شەرعییەت، شەففافییەت و وەڵامدەربوون لەگەڵ یەک پێویست و تەواوکەری یەکترین. ئەو ڕێخکراوە ناحکومییانە شەرعییەتیان نیە ئەگەر وەڵامی ئەندامان و کەسانی خاوەن بەرژەوەندییان نەدەنەوە. ڕێکخراوێکی ناحکومیی ناشەففافیش نە دەتوانێ لە خەڵکی بپرسێتەوە و نە دەتوانێ وەڵامی خەڵکی بداتەوە. شەففافیەت و وەڵامدەر بوون جیا لەوانە یارمەتیی ئەوەتان دەدەن کە متمانەی کۆمەڵگا بۆلای خۆتان ڕابکێشن. هیچ ڕێکخراوێکی ناحکومی ناتوانێ بێ ڕاکێشانی متمانەی خەڵک ئامانجەکانی دەستەبەر بکا. بێتوو ڕێکخراوێکی ناحکومی نەتوانێ متمانەی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، خەڵکانێکی کەمتر لە پرۆژەکانیدا بەشدار دەبن و خزمەتگوزارییەکانیان بە کەسانێکی کەمتر دەگا. ڕێکخراوی حکومی تا شەففافتر و ڕوونتر بجووڵێتەوە، متمانەی زیاتری پێ دەکرێ و چەندەی متمانەی خەڵکی لە پشت بێ، ئەوەندەش باشتر دەتوانێ خزمەتی کۆمەڵگاکەی بکا.

ئێوە وەک بەرپرس یان بەڕێوبەری ڕێکخراوێکی ناحکومی ئەرکی سەرشانتانە کە ڕەچاوی ئەو بنەمایانە بکەن، چونکی ڕەمزی سەرکەوتنی ئێوە لە دڵی ئەو ڕێوشوێنانەدا دێتە دەرێ.

کاتێ ڕێکخراوێکی ناحکومی بەهۆی گەندەڵی و بەڕێوەبەریی چەوت ناوی دێتە سەر زاران و دەکرێتە مانشێتی ڕۆژنامەکان، خۆی لە خۆیدا دەبێتەوە هۆی ئەوەی کە هەموو ڕێکخراوەیەکی ناحکومی بچێتە ژێر پرسیار و سەرلەبەری کۆمەڵگای مەدەنی متمانەی خەڵکی لە دەست بدەن، پێچەوانەش ئەگەر ڕێکخراوێکی ناحکومی بتوانێ هەم لە قسە و هەم لە کردار دا ڕەچاوی ئەو بنەمایانە بکا، دڵنیایی و متمانەی خەڵک بە هەموو ڕێکخراوە ناحکومییەکانی لێ دەکەوێتەوە.

ئەو فەسڵە بەشێک لە کتێبی ڕێنمایی ڕێکخراوە ناحکومییەکانە کە لەلایەن بەڕێوبەرایەتیی زانیارییە نێونەتەوەییەکانی وەزارەتی دەرەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە. و عەلی بداغی کردوویەتی بە کوردی

## بابەتەکانی: ساڵی ٢٠١٣

---

### زامێ بە قووڵایی برینی کارەساتێک

کۆڵبەر ناوی خۆی بە خۆیەوەتی، کەسێک کە بارێکی لە کۆڵ ناوەو بە شوێنی مەبەستی دەگەیەنێ، بەڵام بڵێی لە کوردستان خەڵکی کۆڵبەر کێ بن؟ باری ئەو کەسانە چینو، شوێنی مەبەستی بارەکان کوێنو، چەندی ئەو کۆڵبەرانە بە بارەکانیانەوە دەگەنە جێ؟

هەمووان دەزانین کە کۆڵبەران لە کوردستان بەشێک لە خەڵکی ناوچە سنووریەکانی کوردستانن کە رۆژانە بە هێنانو بردنی هەندێ کاڵاو شمەکی پێویستی ژیانی خەڵک، هیندێ لە پێداویستییەکانی ژیانی خۆشیان دابین دەکەن، بەڵام تێچووی دابینکردنی ئەو بەشە کەمەش لە مەعیشەتی رۆژانەیان بۆ ئەوان گەلێ زۆرە، ئەوان سەرو ماڵ و ژیانیان لەو پێناوەدا دادەنێن. ئەوان کە بەیانی لە ماڵێ دەردەکەون نە بۆ خۆیانو نە بنەماڵەکانیان هیچ هیوایەکیان بە گەڕانەوەیان نیە. تازە ئەگەر بێتوو ئەوان نەکەونە کەمینی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیو، کەوکوژی لەلایەن ئەوانەوە نەدرێنە بەر دەسرێژو، کۆڵەبارەکانیان لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە دەستی بەسەردا نەگیرێو، مین لە بن پێیاندا نەتەقێتەوە، بە شەو رێیان لێ هەتلە نەبێ و لە کوێستانەکان لە سەرمان رەق نەبنو، بە سلامەتی و بێ کێشە بارەکانیان بەدەستی خاوەنەکانیان لە شارەکان بگەیەنن، توانیویانە بڕە پارەیەکیان دەست کەوێ کە رەنگبێ نەزانن لە کام دەردی ژیانیانی خەرج کەن، لە خەرجی خواردنی رۆژانەیان، لە دەواو دەرمانی نەخۆشەکانیان، لە دانەوەی قەرزی کەڵەکەبوویان؛ یان بیخەنە لایەک و جار لەگەڵ جار کۆی کەنەوە و تا سەری مانگ کرێ‌خانووی ئەو مانگەشی لێ ساغ کەنەوە.

باشە ئەگەر وایە، ئەدی ئەوان بۆ ئەو کارە مەترسیدارەیان هەڵبژاردووە؟

وەڵامدانەوە بەو پرسیارە هەر لە جێدا جۆری تەرحی پرسیارەکە دەباتە ژێر پرسیار، هەڵبژاردنێک لە گۆرێدا

نیەو، ئەو خەڵکە بە دڵی خۆیانو بە حەزو ئیشتیای خۆیان روویان لەو پیشەیە نەکردوە، بەڵکوو بەناچاریو لە ڕووی بێدەرەتانی روویان لەو ئیشە کردوە، ئەگینا کێ لە گیانی خۆی وەڕەزە، کێ ڕوحی خۆی خۆش ناوێ، کێ پێی خۆشە منداڵەکانی هەتیوبار بن، دایکو باوکی و بنەماڵەی لە مەرگیدا شین بگێڕن، یان دەنا بە ئیفلیجی و کەمئەندامیی خۆی، دەردێکی دیکەش بخاتە سەر دەردی ئەوانو ئەوەندەی دیکەش ژیانیان لێ تاڵ بکا.

بەڵام ئەوان کوردن، کوردن و لە ئێراندا دەژین، کوردن، بەڵام مافی وەک یەکیان لەچاو خەڵکانی دیکەی ئێران نیە. لە کوردستان دەژین، کوردستانیش بەشێک لە ئێرانە، بەڵام وەک ناوچەکانی دیکەی ئەو وڵاتە ناچێ. بەڵگەنەویستە کە گیان و ژیانی مرۆڤی کورد لەلای ئەوانەی گوللە بە سینگیانەوە دەنێن، لەلای ئەوانەی فەرمانی ئەوەیان بە هێزەکانیان داوە، لای ئەوانەی خۆیان تەنیا بە خودانی خاک و ئاوی کوردان دەزانن، پووڵێکی رەش ناهێنێ. کوژرانی رۆڵەی ئەو خەڵکە نە گنجێک دەخاتە نێوچاوانیانەوە، نە ویژدانیان دەهەژێنێ، بگرە بە خەزاشی دەزانن. کوردستان بۆ ئەوان ناوچەیەکی بەپیت و بەرەکەت بۆ راوڕووتە، راوڕووتی سەرچاوە سروشتییەکانی، بەتاڵان بردنی کانگا و سامانەکانی، ئاوەکەی، بەردەکەی، بەروبوومی کشتوکاڵەکەی، سروشتەکەیو، خۆ لەخۆڕا نیە کە کوردستان دوای سیستان و بەلوچستان دواکەوتووترین ناوچەی ئێران لە رووی ئابوورییە، لە خۆڕا نیە کە کوردستان زۆرترین بێکاری هەیە، لە خۆرا نیە کە کۆمەڵگای کوردی تووشی جۆرەها قەیران و دیاردەو کێشەی کۆمەڵایەتی کراوە، لەخۆڕا نیە کە ئەکەر پشکی کورد لە ئاوەدانی، وەبەرهێنان، گەشە، دابینبوونی کۆمەڵایەتی هیچ نیە، بەڵام بەشی شێری لە گرتن، حوکمی زیندانی درێژخایەن، ئێعدام، کوشتنی رۆڵەکانی لە سەر پێبوونی کۆڵەبارێک پێ براوە، هەر ئەو ڕۆڵەیەی لە کاتە ناسکەکانی وەک هەڵبژاردن و قەیرانە سیاسییەکاندا « ئازاترین و رەسەنترین وڵاتپارێز»ە، بەڵام هەر ئەو ڕۆڵەیە کاتێ داوای کاری کردو پێی نەدرا، کاتێ دابینبوونی کۆمەڵایەتیی ویست و پێی نەبڕا، کاتێ لە رووی ناچاری و دۆشداماوی ویستی بە کۆڵبەری بژیوی خۆی و بنەماڵەکەی دابین بکا، پاداشتەکەی ئاگرو ئاسنو گوللەیە.

جیا لە خۆیان، سروشت و ئاژەڵەکانیشیان لە رەحمەتی! ئەوان بێبەش نین، هەر گوللەیەو لە دڵی کێو دەدرێ، هەر گوللەیەو دێو، ئێستر و ولاغی بەستەزمان دەخا، هەر ئاگرەو دێ لە دارستانەکانی کوردستان بەر دەبن، ئێرە کوردستانە، لای ئەوان نە خەڵکەکەی بایەخی ئەوەی هەیە ژیانو کەرامەتیان هەبێ، نە خاکو ئاوەکەی بۆوە دەبێ پارێزراو بێ، نەگەر ئەوەی خێرو بێریان بۆ رێژیمە هەبێ.

کۆڵبەر ناوی خۆی بە خۆیەوەتی، کەسێک کە بارێکی لە کۆڵ ناوەو بە شوێنی مەبەستی دەگەیەنێ، بەڵام لێرە وا نیە، لە کوردستان بارەکان دەستیان بەسەردا دەگیرێ، ئەوەی بۆیان هەڵدەگیرێ، دەیبەن، ئەوەی دیکەش شەمچەیەکی پێوە دەنێن، پاشان هەر بەو پەت و گوریسەی کۆڵبەران بارەکانیان بە کۆڵیانەوە بەستۆتەوە، دەستو لاقیان دەبەستن و لە بەرزایی چیایەوە هەڵیاندەدێرنە خوارەوە *، لێرە کاتێ کۆڵبەرێک بەبارەوە دەگیرێ، بارەکەی لەسەر شان سووک! دەکەن، پاشان ئەوەندەی لە سەر و گیانی دەدەن تا وڕ دەبێ، دوایە بەجێی دێڵنو تەرمەکەی دوایە لە زێ دەگیرێتەوە. ** لێرە کۆڵبەر مرۆڤێکی کوردە دەژی بۆ مردن، مەرگێک کە هەر کاتو ساتێ داوی لە سەر ڕێی ناوەتەوە، مەرگێکی بێدەنگ، بێ چرپە، بێ ئەوەی خەونی شیرینی کەسێک لەو جیهانە پانو گەورە بشلەقێنێ، مەرگێکی بەسام، بێ ئەوەی مووچڕک بە لەشی کەسێک دابێنێ.

* مەبەست کوژرانی حوسێن ڕۆستەم نژاد، وشیار ڕۆستەم نژاد و ڕزگار مەعرووف زادە، سێ کۆڵبەری خەڵکی مەهابادە کە ڕۆژی ١٦ ی ڕێبەندان لە ناوچەی شەهابدەینی بانە دوای ئەوەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەستیان بەسەر بارەکانیان داگرتن، دەست و لاقیان بەستن و لەبەرزایی چیاوە هەڵیان داشتنە خواروە و کوشتیانن.

لە ژمارە ٦٠٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

١٩ی فێبریوێری ٢٠١٣

## چۆنیەتیی مەڵهەمی زامی مناڵە سووتاوەکانی شیناوێ

نووسینی مازیار مەهدەوی فەر کە لە ماڵپەڕی «رادیو زمانە»دا بڵاو کراوەتەوەو عەلی بداغی پوختەی ئەو بابەتەی کردوە بە کوردی

سێ مانگ لەوە پێشو لە ڕۆژی ١٥ی سەرماوەزدا بەهۆی ئاگرگرتنی سۆبەی نەوتیی پۆلێکی قوتابخانەی سەرەتایی

شیناوێ لە پیرانشار، ٣٧ کچە قوتابی سووتان، کە ڕێژەی سووتانەکانیان لە نێوان سەدی ١٠ تا سەدی ٦٠ بوو. چەند ڕۆژێک دوای ئەو ڕووداوە سەیران یەگانەو ساریا ڕەسووڵزادە، دوو لەو قوتابییە سووتاوانە بەهۆی سەختیی برینەکانیان گیانیان لە دەست داو منداڵە سووتاوەکانی دیکەش ئێستاش کەمو زۆر و بەشێوی جۆراوجۆر لەگەڵ ژانو ئازارەکانی برینەکانیان هەڵ دەکەنو پێوشوێنی چارەسەری کەوتوون.

ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە نە گنجێکی خستە نێوچاوانی کاربەدەستێکی کۆماری ئیسلامیو نە هەموو هەوڵێک بۆ چارەسەریی پێویستی برینندارەکان دران، هەوڵەکانو داواکانیش بۆ ئیستیزاحی وەزیری پەروەردەو فێرکردن بێ ئاکام و مانەوەو پشتگوێ خران.

ئێستاش لەبەرەبەری هاتنی نەورۆزو ساڵی نوێدا هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە کیژۆڵە سووتاوەکانی شیناوێیان بۆ سەیران و گەڕان بردۆتە شاری ئیسفەهان، وێنە بڵاوبووەکانیش ئەو منداڵانە لە سەر تەخت و مێزەکانی هۆتێل لە تەنیشت دایکیان پیشان دەدەن، لە حالێکدا ئاسەوارەکانی ئەو کارەساتە لە سەر دەمو چاوو روخساریان هاواری بەرزی بێ دەسەڵاتین. بێو نەبێ ئەو بردنە سەیرانو گەڕانەش داهێنانی وەزیری پەروەردەو فێرکردنە. هەر ئەو بەڕێزەی! تەنیا چەند ڕۆژ دوای ئەو ڕووداوە ڕایگەیاند کە هەموو شتێک ئاسایییەو منداڵەکانیش تا چەند رۆژێکی دیکە دەگەڕێنەوە باوەشی قوتابخانەو بنەماڵەکانیان. دەبێ وەزیر ئەوەی زانیبێ کە دوو کەس لەوان، «ساریا» و»سەیران» قەتیان قسەکانی ئەو نەبیست؟ بڵێی زانیبێتی کە پۆلێکی دیکە لە دەستەخوشکەکانی ساریا و سەیران ئاستی سووتانەکانیان ئەوەندە زۆرە کە دەبێ تا مردن بە ئازارو دەرەنجامەکانی ئەو ڕووداوەوە بتلێنەوە؟

لە قسان دەوڵەت حیسابێکی بانکیی بۆ ئەو منداڵانە کردۆتەوەو وا قەرارە ئەگەر ئەو منداڵانە گەورە بوون، بتوانن پووڵ لە حیسابەکانیان بکێشنە دەرێ. لە هەواڵەکانیشدا باس لەوە کرابوو بیمەی « ایران»یش بڕی ٥٠ میلیۆن تمەنی بە هەر کام لەو بنەماڵانە داوە و لە ڕێوڕەسمێکی پڕشکۆدا! ئەو پووڵە بە دایکو باوکی ئەو منداڵانە دراوە و دەبێ چەندەشیان وێنەی یادگاریو فیلم لێ هەڵگرتبێتەوە تا بەرپرسانو کاربەدەستانی ئێستاو داهاتووی وڵات بە قازانجی خۆیان دەکاریان بکەن.

لەوانەشە چەند ڕۆژ دواتر بنەماڵەی داماوی ئەو منداڵانە ئەو پووڵانە هەڵ گرن و لە دەردێکی ژیانی ژاکاوی خۆیانی بدەن، بەڵام لەو نێوەدا ئەوانەی لەبیر دەچنەوە، هەر منداڵە سووتاوەکانی قوتابخانەکەی گوندی شیناوێی پیرانشارن.

وەرن با وای دابنێین کە بەرپرسانی پێوەندیدار هەر نەبێ لەوەیاندا بیانەوێ بەرپرسانە بجووڵێنەوەو ئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێ بگەیەنن. ئەرێ هەر بەڕاست رێوشوێنی دروست و گونجاوی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ مەینەتییەکانی ئەو منداڵە زیانبەرکەوتووانە چینو ئەو ئیمکانات و پێداویستییانە کامانەن کە دەبێ لەبەردەستی ئەوان بنرێن؟

## قۆناغەکانی چارەسەری

برین و شوێنەوارەکانی سووتان لە سەر لەش و جەستە بەژانترین دەردو خەسارنو رەوتی چارەسەر و دەرمانیشیان یەکجار سەختو درێژخایەنە. ئەوەش کە سووتاوەکە منداڵ بێو شوێنی سووتاوەکەش دەستو پەلو دەمو چاوو ڕوخسار بێ، هەستیارییەکە ئەوەندەی دیکە زیاتر دەکا. هەنگاوەکانی چارەسەر بۆ منداڵێکی سووتاو لە سێ قۆناغدا دەچتە پێش:

**قۆناغی یەکەم،** فازی چارەسەری کاتیی قەیرانەو بۆ ڕۆژەکانی سەرەتای ڕووداوەکە دەگەڕێتەوەو مەبەستی سەرەکییش لەو قۆناغەدا بەرەنگاربوونەوەی خەسارە سەرەتاییەکانی سەر لەشی منداڵو پاراستنی لە مەرگەو تا ئەو جێیەی دەکرێ رێگەگرتن لەو دوادەرەنجامانەیە کە لە درێژخایەندا کاریگەرییان لەسەر سلامەتیی ئەو دەبێ.
بەداخەوە دوو کەس لە منداڵانی شیناوێ نەیانتوانی ئەو قۆناغە ببڕنو گیانیان لە دەست دا، بەڵام بە خۆشییەوە ئەوانەی دیکە کەوتنە فازی دووهەمی چارەسەر.

**فازی دووهەمی** چارەسەر تێکردنەوەی پێست لە شوێنە سووتاوەکان بەپێی پێویستیی نەخۆشەکەیە. پێست یەکەم قەڵغانی بەرگریی لەش لە بەردەم هروژمی نەخۆشییەکان و ئۆرگانیسمە دەرەکییەکانەو لەشی مرۆڤ بۆ پارێزراوبوونی لە بەرامبەر میکرۆب و نەخۆشییەکاندا پێویستیی بە پێستێکی سالم هەیە. هەربۆیەش عەمەلەکانی تێکردنەوەی پێست لەکاتی خۆیداو لە جێی خۆیدا نەک هەر لەڕووی جوانکارییەوە، بگرە بۆ پاراستنی کەسی زیان بەرکەوتووە کە گرینگو ژیانەکییە.

تێکردنەوەی پێست بە تایبەت لەو جێیانەی کە نەخۆش دەستو سەرو ملی سووتاوە هەر زۆر گرینگەو پێویستی بە بەردەوامیی ئەو عەمەلانە بۆ ماوەی چەند ساڵی بەردەوام هەیە.

بەداخەوە گۆڕینی شکلی دەمو چاو و ئەندامەکانی لەش کە شوێنکاری سەرەکیی سووتان بە ئاگرن لەو برینانە کە لەوانەیە قەت بە تەواوی چاک نەبنەوەو جیا لە زیانی جەستەیی، ئەو کەسەش تووشی نەخۆشیی دەروونیو دەرەنجامی ڕووحیی زۆر خراپ بکا.

**فازی سێهەمی** چارەسەر کە وا وێدەچێ لە بابەت منداڵانی شیناوێ تا ڕادەیەکی زۆر لەبیر کرابێ، بەدواداچوونی بەردەوامو درێژماوەی چارەسەری، گوڕوتین بەخشینەوە بە لەش و تواناسازیی ئەو منداڵانەیە. چۆنیەتیی چارەسەری لەو قۆناغەدا کە ماوەی دوو تا سێ سال دوای ڕووداوی سووتانەکەوە دەکێشێ، زۆر گرینگە؛ چونکە پێوەندیی راستەوخۆو یەکلاکەرەوەی بە چارەنووسی دواجاری منداڵە سووتاوەکە هەیە. لەو بەشەی چارەسەری سووتاوەکانیشدا دوو پرسی سەرەکی هەن کە یەکیان « سڵامەتیی جەستەیی»ی کەسی سووتاوەو ئەوی دیکەشیان « خواردنی گونجاو».

## سڵامەتیی درێژماوەی جەستەیی

یەکەم باس، باسی سڵامەتیی جەستەیی قوربانیانە کە هەر کام بەپێی جۆری سووتانەکانو بڕی زیان بینینەکان بەدواداچوونی بەردەوامو تایبەت بەخۆی دەوێ. سووتانی سەخت و قووڵ گۆڕینی متابولیکو چڵککردنی لێ دەکەوێتەوە کە تا سێ ساڵ دوای ڕووداوەکە هەروا دەمێنێ. ئەو ئاڵوگۆڕانەی چوونەسەرێی مەترسیی شکانی ئێسک، نەخۆشییەکانی جەرگ، تێکچوونە هۆڕمۆنیەکان، دروست کردنی کێشە لە بەشەکانی دڵ، مێشک و تێکچوونی سیستمی بەرگریی لەشی بەدوادا دێ.

بێتو ئەو کێشانە لەکاتی خۆیاندا نەبیندرێنو چارەسەری گونجاویان بۆ نەکرێ، ژیانی منداڵەکە بەرەوڕووی مەترسیی نەمان دەبێتەوە. لەو بارەوە بەردەوامیی ڕەوتی تێکردنەوەی پێست لە شوێنە سووتاوەکان گرینگیی زۆریان هەیە. هەروەها ئەو منداڵانە پێویستییان بە پێڕاگەیشتنی تایبەتی لەبواری تواناسازی و فیزیۆتراپیە، چونکە تواناکردنەوەی جومگەکانو ڕێگەگرتن لە لەکارکەوتنی ئەوان یارمەتی بە گۆشتەزوونەی برینەکانو چالاک کردنەوەی ماسوولکەکان دەدا.

خاڵی گرینگو سەرەکیی دیکە لە ڕەوتی چارەسەری منداڵە سووتاوەکان خواردنی باش و دەسڕاگەیشتن و بەکارهێنانی خواردەمەنیی گونجاوە. ئەو منداڵانە سەرەڕای بەرگەگرتنیان لە بەرامبەر بارودۆخی دوای سووتانیان

بەشێکی زۆری توانای جەستەیی و چنراوەکانی لەشیان لە دەست داوەو بۆ بوژاندنەوەی ئەوانە پێویستییان بە ڕیژێمیکی غەزایی تەواو پرۆتوئینیە. پێگەیشتنی جۆرەکانی پرۆتوئین، یانی گۆشت، هێلکەو شیر بۆ بردنەسەرێی ئاستی توانای بەرگریی لەشیانو بوژاندنەوەی بەشە سووتاو و زیانبەرکەوتووەنیان، بە تایبەت پێست و ماسوولکەکانی لەشیان زۆر زۆر پێویستە.

## سلامەتیی دەروونی

پێوشوێن کەوتنی باری ڕووحیی منداڵەکان قۆناغێکی دیکەی رەوتی چارەسەری ئەو منداڵانەیە کە لەوانەیە هەر ئێستاش دەست پێکردنی وەدرەنگێ کەوتبێ. ئەو منداڵانە تا ماوەیەک زۆر تووشی بینینی خەونی ناخۆش، میز بەخۆداکردن و شۆکەکانی ترسو دڵەراوکێ دەبن.

ئەوان بەهۆی کەمتەمەن بوونیانو بوونیان لە قۆناغی گەشەو هەڵداندا؛ مەترسیی وەدواکەوتنی گەشەی ناسین، سۆزو عاتفەو کەمیی توانای تاکەکەسیو دەرکەوتنی کۆمەڵایەتیيان لەسەرە. ئەو منداڵانە بێتو لە پشتگیریی کۆمەڵایەتیو چارەسەرە ڕووحیيەکان بێبەش بن، لەوانەیە دوای ساڵێک لە ڕووداوەکە تووشی تەنیایی، خۆپەراوێزخستن، بەشداری نەکردن لە چالاکیيە کۆمەڵایەتیيەکاندا و دواجار خەمۆکی ببن.

## هەلومەرج و بارودۆخی تایبەتیی کچانی شیناوێ

هەلومەرجو بارودۆخی ژیان بۆ منداڵانی سووتاوی گوندی شیناوێ لەوەش ناخۆشترو نالەبارتر دەبێ. بۆ ڕوونبوونەوەی لایەنەکانی ئەو بابەتە با دوورەدیمەنەکانی ئەو ژیانە بێنینە بەرچاو: پۆلێک منداڵی تەمەن ١٠ ساڵ لە یەکێک لە گوندە بێبەشەکانی شارێکی بێبەشی وەک پیرانشار.

زۆربەی ئەو کچانە دەمو چاویان سووتاوەو ئەوەش وای کردوە زیانی زۆر بە جوانیی ئەوانو دەرکەوتنیان بگا. جا ئەوەش کە بنەماڵەکانیان دەسڕۆیشتوو نینو ئاستی خوێندەواری و فەرهەنگیو جۆری ڕوانینو بەرەوڕووبوونەوەی کۆمەڵگاش لەجێی خۆی.

کەواتە پێچەوانەی بۆچوونی زۆرێک لە کاربەدەستە نەزانەکانی کۆماری ئیسلامی پرۆسەی چارەسەری منداڵانی

شیناوێ تازە دەستی پێ کردووەو لە قۆناغی سەرەتایە.

دوو ساڵی یەکەمی دوای سووتان ناخۆشترین، دژوارترینو هەستیارترین ڕۆژەکانی ژیانی ئەو منداڵانەیە. ئەو کچانە لە مانگەکانی داهاتوودا وردە وردە لە بارودۆخی تایبەتیی خۆیان تێدەگەنو ئیدی لەو کاتەوە بەرگەگرتن لەبەرامبەر ئەو بارودۆخەو هەوڵدان و تێکۆشان بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکانی بەردەمیان، بۆ خۆیانو کەسانی دەوروبەریان دەست پێ دەکاو ئەو کاتەیە کە گرینگیی پشتیوانیی کۆمەڵایەتیو ڕووحی لەوان پتر لە هەموو کاتێک خۆ دەردەخا.

ئەوانە هەمووی فاکتۆرگەلێکن کە سەد هێندە ئەگەری سەرهەڵدانی کێشەو گرفتی ڕووحیو دەروونی لەو کچانەداو تەنانەت لای بنەماڵەکانیشیان دروست دەکا. ئەو کچانە بێتو پشتیوانیی کۆمەڵایەتی، دەروونیو پیشەیی بەردەوامیان لە تەمەنەکانی سەرووتریش لە پشت نەبێ، بە کەمی بەختی ئەوەیان دەبێ جێگەو پێگەی کۆمەڵایەتی، پلەی خوێندنو کارو ژیانی شیاوی خۆیان دەست کەوێ. هەر بۆیەش لەو قۆناغەی ئێستای چارەسەری ئەواندا هەبوونی تیمێکی دەرمانیی پسپۆڕ لە دەروونناس، پزیشکی دەروونی و یاریدەدەری کۆمەڵایەتیو کارکردنی ئەو کادرە دەرمانییە لەسەر بارهێنانو پەروەردەی ئەوان لەگەڵ بارودۆخیان دەتوانێ بەر بە زۆر زیانو خەساری ڕووحی لەوان و لە بنەماڵەکانیاندا بگرێ.

ئەوەی ئەمڕۆکە منداڵانی شیناوێ پیویستییان پێیەتی، هەر تەنیا یارمەتیی ماڵیو پێدانی مافی بیمەو کردەوەی خەڵکهەڵخەڵەتێنی کاربەدەستان نیە، ئەگەر بەڕاستی کاربەدەستانی ئێران خەمی ژیانو داهاتووی ئەو کچانە دەخۆن، ئیمکاناتی دەسڕاگەیشتنی ئەوانو بنەماڵەکانیان بە پسپۆڕانی جۆراوجۆری جەڕاحەکانی جوانکاری، دەروونناسەکان و فیزیۆتراپ و تواناسازەکان دابین بکەنو بە دابینکردنی ئەو ئیمکاناتە لە ئێستاوە سلامەتیی جەستەییو رووحیی ئەوان دەستەبەر بکەن تا لە داهاتوودا بەرەوڕووی کەمترین خەسارو زیان ببنەوە.

ماڵپەڕی کوردستان و کورد

٦ی مارچی ٢٠١٣

## کار، کۆڵبەریو ڕۆژی جیهانیی کرێکار

کۆڵبەرو کۆڵبەری ئیدی دوو دەستەواژەی ئاشنا بۆ خەڵکی کوردستانو بۆ بیرورای گشتیی ئێرانو تەنانەی جیهانیشن، چونکی ڕۆژ نیە کە هەواڵی کوژرانی کۆڵبەران لە کوردستانو لێدان لەو توێژە دەستەنگو بێ ئەنوایە لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، لە میدیاکاندا بڵاو نەبێتەوە.

ئەوە کە کۆڵبەری چەندە بە » کار» دادەنرێو چەندەش کەسی کۆڵبەر پێناسەی»کرێکار» وەردەگرێ باسێکەو ئەوەش کە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان وێڕای دوو ڕێکخراوی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردو کومیتەی ڕۆژهەڵاتی کوردۆساید ( چاک) داوایان کردوە ڕۆژی یەکی مانگی مەی، واتە ڕۆژی جیهانیی کرێکار بکرێتە ڕۆژی هاوپێوەندی لەگەڵ کۆڵبەرانی کوردستان باسێکی دیکەیەو سەرەڕای جیاوازیی ئەو دوو بابەتە لەوەدا لێک گرێ دراون کە خستنە بەرچاوو ڕاکێشانی سەرنجی گشتی بۆ دیاردەی کۆڵبەری لە کوردستانو بارودۆخی دڵتەزێنی کۆڵبەرانە.

کۆڵبەر ناتوانێ کرێکار بێ، چونکی نەک هەر لە هەموو مافێکی کەسێکی کرێکار وەک حەقدەستی روون، بیمەی دەرمانی، مافی خانەنشینیو بیمەی پەککەوتەییو مافەکانی دیکەی تایبەت بە کەسێکی کرێکار بێبەشە، بەڵکوو تەنانەت گیانیشی لە پێناوی ئەو کارەدا دادەنێ. بە واتایەکی دیکە ئەگەر یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای کرێکاری لە ئێران لە هەلومەرجی ئێستادا ئەمنیەتی « کاری»ی ئەوانە، لە کۆڵبەریدا بابەتی سەرەکی ئەمنیەتی «گیانی»ی کۆڵبەرانە کە لە هەموو کاتو ساتێکدا بە پێخۆشبوونو ئارەزووی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەوێتە مەترسییەوە، بەڵام ئێستا کە بەشێک لە خەڵکی ناوچە سنوورییەکان بێ ئەوەی خۆیان بیانەوێو لە رووی ناچارییەوە وەک پیشەیەک ڕوویان لە کۆڵبەری کردوەو لە کاتێکدا بەرەو ڕۆژی جیهانیی کرێکار دەچین، باسێکی کورت لە بارودۆخی کۆڵبەران لە کوردستان لەجێی خۆیدایە، بە تایبەت لەبەر ئەوەی داوا کراوە ئەو ڕۆژە بکرێتە ڕۆژی هاوپێوەندی لەگەڵ کۆڵبەرانی کورد.

گرنگیدان بەو بابەتەش لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە تەنیا لە ساڵی ڕابردوودا هەر نەبێ ٧٠ کۆڵبەری کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون، ٩٦ کەسی دیکە بە گوللە پێکراون، چوار کەسیان

کەوتوونە سەر مینو چەند کەسی دیکەش لەوان بەهۆی ڕێگەهەتڵەکردن لە کوێستانەکاندا بە سەرمای زستان ڕەق هەڵاتوون. لە ماوەی ئەو نیزیک یەک مانگو نیوەشدا کە لە ساڵی نوێ بەڕێمان کردوە، هەواڵی کوژرانو برینداربوونی سەرووی ٢٠ کەس لە کۆڵبەرانی کورد پێمان دەڵێ کە لە بارودۆخی ئابووریی ئێستای ئێرانو کوردستانو لە درێژەی سیاسەتی بەرەنگاریی توندی هێزەکانی ڕێژیمدا ناکرێ چاوەڕوانی بارودۆخێکی باشتر لە ئێستا بۆ کۆڵبەرانو کاسبکارانی کورد بین.

کۆڵبەری لە کوردستان ئاکامی بێکاری، هەژاری، دابەشینی نادادپەروەرانەی سامانی گشتی، پەرەنەسەندنو لە دواکەتوویی‌داراگرتنی ئابووریی کوردستانو سیاسەتی بە ئەمنیەتی چاولێکردنی ئەو بەشە لە ئێرانەوە، ئەوەش کە بە سەر کۆڵبەران دێ، بێبایەخیی گیانی مرۆڤی کورد لەلای کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامی دەردەخا کە ئەستاندنی گیانو ماڵی کورد بە خەزا دەزانن‌وهێزە چەکدارەکانیان بێ هیچ ترسو نیگەرانیو دڵەراوکێیەک کۆڵبەران دەدەنە بەر دەسڕێژ.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەرەسەندنی دیاردەی کۆڵبەری لە کوردستان گرێدراوی فاکتۆری گشتیی « بێکاری» و « گرانی» لە ئاستی وڵاتو قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری لە بارودۆخی ئێستادایە کە وای کردوە بە هۆی ئاوسانی سەرووی لەسەدا٤٠، نیزیک بە نیوەی خەڵکی ئێران بکەونە ژێر هێڵی هەژاریو بۆ پەیداکردنی پاروو نانێکو دابین‌کردنی لانی‌کەمی بژیوی ماڵو منداڵیان هەموو پەلەقاژەیەک بکەنو تەنانەت بەرەوپیلی مەرگیش بچن.

لەو نێوەدا خەڵکی کوردستان لە چاو خەڵکی ناوچەکانی دیکە بارودۆخێکی خەراپتریان هەیە.

کوردستان ناوچەیەکی ئێرانە کە لە هەژاریدا ڕاگیراوەودەیان ساڵە لەلایەن دوو ڕێژیمی پاشایەتیو ئیسلامی‌یەوە سیاسەتی هەڵاواردنو جیاوازسەیرکرانی تێدا پیادە دەکرێو هەر بەو هۆیەش ئەمڕۆ دەبینین کە هیچ کارخانەو شوێنو یەکەیەکی بەرهەمهێنەری گەورەو ئەوتۆی تێدا نیە کە بکرێ بەشێکی هەرچەندە گچکەی حەشیمەتی بێکارانی تێدا بحاوێندرێتەوە. لەلایەکی دیکە وەبەرهێنەرو خاوەن‌سەرمایەو دەوڵەمەندەکانی کوردستانیش بەهەر پاساوو بیانوویەک بێ ڕێگایان پێنەدراوە،یان بۆخۆیان نەیانویستوە سەرمایەکانیان لە کوردستان وەگەڕ بخەنو نەخشیان لە بووژانەوەی ئابووریی کوردستانو کەمکردنەوە لە ڕێژەی بێکاری لەو ناوچەیەدا هەبێ.

سروشتی‌یە کە ئەوانەو بەردەوامیی خەمساردیو بێتەفاوەتیی دەوڵەت بۆ چارەسەری ئەو بارودۆخە لە کوردستان،

بە تایبەت لە ناوچە سنووریەکانی کوردستان کە بە هۆی هەڵکەوتی جوغرافیایی دەرەتانی دروستبوونی زۆر کاری «کاذب»ی تێدایە، دیاردەی کۆڵبەری لێبکەوێتەوە، بەڵام ئەوە نەک سروشتی نیە، بەڵکوو جینایەتو ئەوپەڕی نابەرپرسایەتیە کە، بەجێی چارەسەری ئەو هۆکارانەی دیاردەی کۆڵبەریان لێکەوتۆتەوە، کۆڵبەران بکرێنە ئامانجو ئەو بارودۆخەیان بەسەردا بسەپێندرێ کە کەموزۆر هەموومان ڕۆژانە خەبەرەکانی دەبیسینو لێی ئاگادارین.

ئەوە کە ڕۆژی یەکی مەی، ڕۆژی جیهانیی کرێکار بکرێ بە ڕۆژی هاوپێوەندی لەگەڵ کۆڵبەرانی کوردو، ئەوە کە ئەو هاوپێوەندیە چۆن دروست دەکرێو دەراوێشتەکانی چین، خۆی لە جێدا جێگەی باسن، بەڵام پێوستە سەرنجێکیش بدرێتە بارودۆخی کرێکاران لە هەلومەرجی ئێستادا.

کرێکار ئەمڕۆکە لە ئێران کەسێکی تووڕە، ماندوو، وەڕەزو تێکتەپیوە کە نەدەتوانێ بە منداڵەکانی ڕابگاو نەدەتوانێ کاتێکیان لەگەڵ بباتە سەرێو نەتەنانەت کاتو دەرفەتی ئەوەی هەیە لە گەڵیان دابنیشێ.

ئەو دەبێ بەردەوام بە ڕاکەڕاکە وەدوای کار بکەوێ تا بتوانێ بە هەر جۆرێک بووە، بۆ سەری مانگ پووڵی کرێخانوو، پووڵی ئاوو بەرقو گازو تەلەفونو پێداویستیەکانی دیکەی ڕۆژانەی ژیانی خێزانەکەی دابین بکا. هەلومەرجی دژواری ژیان وای کردوە کە کرێکار بۆ ژیانو بژێوی خۆی [ ئەگەر دەستی کەوێ ] دووکارو سێکار بکا. ترسی لەدەستدانی کاریش وای کردوە کە لە ترسی گیرانو کەوتنە زیندانو بێ بژێومانەوەی ماڵوخێزانو لە بەریەک هەڵوەشانی بنەماڵەکەی، کەسی کرێکار نەوێرێ تێکەڵ بە هیچ ڕێکخراوێکیش بێ.

ئەو بێدەنگ دەبێو چاو لێدەکا. چونکی دەزانێ کە ڕێکخراوەکانیش ناتوانن خۆیان لەبەر هەڕەشەو سەرکوتی دەزگاکانی ڕێژیم راگرنو چووکترین ئیعترازو ناڕەزایەتیی ئەوان شوێنکاری زۆر خراپ لەسەر ژیانو ئەمنیەتی بنەماڵەیی ئەوان دادەنێ.

لەبارودۆخێکی وەهادا کرێکاران لە ئێران ڕۆژی جیهانیی کرێکار تێپەڕ دەکەن. لە بارودۆخێکدا کە بە تەواوی نیگەرانی داهاتوویانن، نیگەرانیی ئەمنیەتی کاریی خۆیان بەهۆی ئابووریی تێکتەپیوی وڵاتن، نیگەرانی ئەوەن لەو گرانیو ئاوسانەدا دەرەقەتی دابینکردنی لانیکەمی بژێوی بنەماڵەکانیان نەیەن، نیگەرانی ڕۆژانی لە ئێستا سەختترن کە بێتو حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی هەر بەمجۆرە بچێتە پێش، زۆر زوو دەگاتە سەریانو بەر لە هەموو

چینو توێژیک، ئەوە چینی کرێکارو چینی هەژارو بێئەنوای کۆمەڵن کە لە ژێر ئەو بارە قورسەدا دەشکێنو ورد دەبن.

لە ژمارە ٦٠٧ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

٧ی مای ٢٠١٣

## بێکاری، هەژاری، گرانیو وادەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری لە ئێران

ئەگەرچی تا ئێستا شوورای نیگابان ڕاگەیشتن بە سەلاحییەتو لێوەشاوەیی پاڵێوراوانی تەواو نەکردووە بۆ خەڵکی ڕوون نەکردۆتەوە کە دەتوانن دەنگ بە چ پاڵێوراوانێک بدەن، بەڵام بێو نەبێ ئابووریو پرسی ژیانو بژێوی خەڵک، تەوەری سەرەکیی دروشمو بەرنامەکانی سەر کاغەزی هەر کام لەو پاڵێوراوانە دەبێ کە هەڤڕکێی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری بۆ پاڵدانەوە لە کۆشکی پاستۆڕ دەکەن.

هەشت ساڵ لەوە پێشو کاتێ ئەحمەدینژادو هاشمیی ڕەفسەنجانی وەک دوو نمادی دژ بەیەکی خاکەڕاییو ئەشرافییەت پێناسە دەکران، فاکتۆری دروشمە ئابوورییەکان دەوری سەرەکیی لای خەڵکی هەژار دەبینیو چوار ساڵ دواتریش هەمیسان قورسایی بارێی دروشمی پاڵێوراوەکان چارەسەری قەیرانی بژێوی خەڵک بوو. ئەحمەدینژاد دەیگوت « پووڵی نەوت دێنێتە سەر سفرەی خەڵک»و، کەڕووبیو مووسەوی دروشمی عەدالەتی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سڕینەوەی فەرقو جیاوازیدانانیان دەداو موحسینی ڕەزاییش باسی نەهێشتنی گەندەڵیو ژیاندنەوەی کانیی ژیانی پڕ لە خۆشگوزەرانیی خەڵکی دەکرد.

لەئێران دە دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری بەڕێوە چوونو یازدەهەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری بەڕێوەیە. میراتی بەنیسەدر، ڕەجایی، ڕەفسەنجانی، خاتەمیو ئەحمەدینەژاد بۆ خەڵکی ئێران چین؟ دەسکەوتەکانیان بۆ خۆشبژێویی خەڵکو باشترکردنی گوزەرانو ژیانیان کامانەن؟ ئەو کەسەی لە مانگی گەلاوێژدا جێی ئەحمەدینەژاد

دەگرێتەوە، چیی پێدەبڕێو بەسەر چیدا دەکەوێ؟ ئەدی ئێستا سەرەکیترین پرسو داواو کێشەکانی خەڵک چین؟

زۆربەی چاوەدێرانی سیاسی لەسەر ئەوە کۆکن کە بێکاریو هەڵئاوسانی دراوی سەرەکیترین کێشەی ئابووریی ئێرانو خەڵکی ئەو وڵاتەن. ئاماری ڕەسمیی ناوەندی ئاماری ئێران دەڵێ ٣ میلیۆن کەس لە ئێران بێکارنو لە ڕاگەیاندنی ئەو ئامارەشدا ئاماژە بەوە دەدا کە بەبۆچوونی کارناسە نادەوڵەتییەکان ژمارەی بێکارانی وڵات لە سەرووی ٥ میلیۆن کەسە. بەڵام ئەوە تەواوی مەسەلەکە نیە. لەو ئامارانەدا ئەوانەی لە زانکۆکان دەخوێنن، ئەوانەی بە سەرباز گیراونو ئەو ژنانەش کە کەبانووی ماڵن وەک بێکار حیساب نەکراون، ئەوەش لە جێی خۆی کە دەوڵەتی ئەحمەدینەژاد بە گۆڕینی پێناسەی کەسی «بێکار» هەموو ئەو کەسانەی لە حەوتوودا تەنیا یەک سەعات کار بکەن، لە ئاماری بێکارانی وڵات دەردەوێژێ، لە حاڵێک دا ئەو پێناسەیە تا کۆتایی دەوڵەتی خاتەمی ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە لە حەوتوودا هەر نەبێ دوو ڕۆژو هەر ڕۆژەی ٨ سەعات کاریان کردبا.

کەوابوو بەپێی ستانداردە جیهانییەکانو بەپێی بۆچوونی زۆر لە کارناسە ئابوورییەکان حەشیمەتی بێکاری ئێران سەرووی ١٠ میلیۆن کەسە.

بەڵام هۆکارەکان چین؟ سیاسەتی چەوتی بردنەسەری حەشیمەت لە دەیەی ٦٠ ی هەتاویدا، سیاسەتی چەوتی ئابووریی ئیسلامی کە لەگەڵ سیاسەتی ئابووریی جیهانی نایەتەوە، ناکارامەیی بەڕێوەبەریی وڵات، سیاسەتی خاریجیو بەرنامەی ئەتۆمی کە دەرەنجامی وەک گەمارۆی قورسی ئابووری، کشانەوەی وەبەرهێنەرو سەرمایەدانەرو کۆمپانیا جیهانییەکان لە ئێران، هەرەسهێنانی سەنعەتو وەبەرهێنانی نێوخۆییو داخرانو پەککەوتوویی کارخانەو کارگە بەرهەمهێنەرەکانو لە سۆنگەی ئەوانەشەوە تەقینەوەی بێکاری، بەشێک لە هۆکارە بنچینەییەکانی ئەو بارودۆخە نالەبارەی ئێستای ئابووریی ئێرانن.

قەیرانی بێکاری لەگەڵ خۆی هەژاری دێنێو هەژارییش لە یەکەم وێستگەکاندا زۆرترین شوێنکاری خۆی لە سەر بنەماڵە کەمداهاتو بێئەنواکان دادەنێ. کشانەوەو وازهێنان لە خوێندن، پەرەسەندنی دیاردەی کارکردنی منداڵان، چوونەسەری تەمەنی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش، پەرەسەندنی تەڵاق لە کۆمەڵگەدا، تەقینەوەی خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی وەک خەمۆکیو بەلاڕێداچوونو ئیعتیاد بەشێکی گچکە لە شوێنکاری قەیرانی بێکاری لە سەر کۆمەڵگان.

بەڵام قسە لەوەیە کە ئەوەی جێی ئەحمەدینەژاد دەگرێتەوە، چیی بەسەردا بەجێ ماوە، چیی پێدەکرێو هەر لە

جێدا گۆڕینی ئەو بارودۆخە بە چییەوە بەندەو پێویستیی بە گۆڕانی کام سیاسەتو بنەمای ئابووریو سیاسیی وڵاتە؟

ئەحمەدینەژاد کە هەشت ساڵ لەوە پێش بە دانی دروشمی نەزانخەڵەتێنی خەبات دژی هەژاریو دانی ڕاستەوخۆی داهاتی نەوت بە خەڵکو قڕتاندنی دەستی جەردەو تالانچییەکانی بەیتولماڵ هاتە سەر کار، هەر خۆیو دەوڵەتەکەی بە تەنیا بە قەرا هەموو دەوڵەتەکانی پێش خۆی خوێنی خەڵکیان لە شووشە کرد، بێکاری، گرانی، بێبایەخیی پووڵی نیشتمانیو خەسارە کۆمەڵایەتییەکان پتر لە هەموو کاتێک پەرەیان سەندوەو ژیانیان لە خەڵکی تاڵ کردوە.

ئێران ١٣ میلیارد دۆلار بە سندووقی نێودەوڵەتیی پووڵو ناوەندەماڵییە نێودەوڵەتییەکانی دیکە قەرزدارە، سندووقی پاشەکەوتی دراو کە بەپێی بەرنامەی پێنجەمی گەشە دەبووا تا ساڵی ٩٠ زیاتر لە ٤٥٠ میلیارد دۆلاری تێدابایە، بەپێی قسەی ئەندامێکی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەو سندووقە تەنیا ٣٦ میلیارد دۆلاری تێدایە، هەر ئێستا دەوڵەت ١٠٠ هەزار میلیارد تمەن بە بانکی ناوەندیو بانکەکانی دیکەی وڵات قەرزدارەو بەپێی ئەو نامەیە کە ساڵی ڕابردوو لەلایەن ٤٣ کارناسی ئابووریی وڵاتەوە بۆ ئەحمەدینەژاد نێردرا، سەرجەم قەرزە نێوخۆییەکانی دەوڵەت لە هەشت ساڵی ڕابردوودا ٢٠٠ هەزار میلیارد تمەنەو ئەوە جیا لەوەی دەوڵەتی داهاتوو دەبێ لە خەمی دانی «یارانەی نەغدی» بە خەڵکیشدابێ کە بە لێشاو لە بوودجەی گشتیی وڵات دەڕواو ئەوانە بەشێک لەو میراتەن کە بۆ سەرکۆماری داهاتووی ڕێژیمی ئیسلامی ماونەتەوە.

ئێستا پرسیار ئەوەیە لە کاتێکدا هەموو ئەو کەسانەی خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی داهاتوو پاڵاوتوە، دەوڵەتی ئەحمەدینەژادو جۆری بەڕێوەبەریی وڵات لەلایەن ئەوەوە بە هۆکاری بارودۆخی ئێستا دەزانن، بێ لەبەرچاوگرتنی ڕاستیو دروستیی ئەو ئیدیعایانە، خۆیان چۆن دەتوانن هەنگاو بۆ چارەسەری ئەو کێشانە بنێن؟ ئایا خەڵکی ئێران کە دنیایەک داڵغەو کێشەی کۆمەڵایەتی بەربینگی پێگرتوون، ڕێگاچارەی دەربازبوون لەو قەیرانو کێشانە لە گۆڕینی مۆرەکانی حاکمییەتدا دەبینن؟ ئایا ئەو هەڵبژاردنانەو گۆڕینی سەرۆک کۆمار لە ئێران خاڵی کۆتایی کێشەی خەڵکو دابڕانی لەگەڵ دەسەلاتە؟

لە ژمارە ٦٠٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

٧ی مای ٢٠١٣

## خەسارە كۆمەڵایەتییەكان لە ئێران لە نێوان حاشالێكردنو واقیعدا

بوونی خەسارە كۆمەڵایەتییەكان لە هەر كۆمەڵگایەكی ئینسانیدا سروشتییە، بەڵام سروشتی نابێ ئەگەر ئەو خەسارە كۆمەڵایەتییانە ئەمنیەتی ئەو كۆمەڵگایە بخەنە مەترسییەوە، شیرازەی خێزانەكان لەبەر یەك هەڵوەشێنن، بەشی هەرە زۆری تواناو وزەی ئەو وڵاتو كۆمەڵگایە بە خۆیانەوە خەریك بكەنو ببنە داڵغەی سەرەكی بۆ خەڵكی. ئەوەی ئەمڕۆ لە سەر كۆمەڵگای ئێرانو خەسارە كۆمەڵایەتییەكان لەو وڵاتەدا باس دەكرێ، ئەو پرسیارە بەرەوڕووی هەر توێژەرێكی كۆمەڵایەتی دەكاتەوە كە دوارۆژی ئەو كۆمەڵگایە چی بەسەر دێ؟

لە كۆمەڵگای ئێراندا لەمێژ ساڵە كارناسانی كۆمەڵایەتی باس لە قەیرانی خەسارە كۆمەڵایەتییەكان دەكەنو لەگەڵ ئەوەی سەرنجی كاربەدەستانی دەوڵەتو هەموو لایەنەكان بۆ شوێنەواری بەربڵاوی ئەو خەسارە كۆمەڵایەتییانە ڕادەكێشن، پێ لە سەر ئەوە دادەگرن كە ڕەوتی هەڵكشانی ئەو خەسارانە لەگەڵ هەڵدانی حەشیمەت هاوسەنگ نیەو ئەوەش وای كردوە ئەو خەسارە كۆمەڵایەتییانە سنوورە سوورەكان ببەزێننو تەنانەت ئەمنیەتی كۆمەڵگاش بخەنە مەترسییەوە.

گرنگترین خەسارە كۆمەڵایەتییەكانی ئێستای كۆمەڵگای ئێران چین؟ هۆكارەكانی پەرەسەندنو هەڵكشانیان كامانەن؟ بۆچی ئێستاش ناوەندی ئامارو لایەنە پێوەندیدارەكانی دەوڵەت وەك بێهزیستی، ئەگەریش حاشایان لەو واقیعە نەكردبێ، ئامادە نەبوون ئامارێكی وردو روون لەو بارەیەوە بدەنە دەرێ؟

خوسرەو مەنسووریان، كۆمەڵناس دەڵێ بەپێی لێكۆڵینەوەیەك كە لە ساڵی ٧٤ی هەتاویداو لەسەر پرسی لەشفرۆشی لە شاری تاران كراوە، نێونجیی تەمەنی لەشفرۆشی لە ساڵی ٧٤دا سەرووی ٢٩ ساڵ بووە، بەڵام ئێستا ئەو تەمەنە گەیشتۆتە ١٤ ساڵ.

مووسەوی چەلەك، بەڕێوەبەری بنكەی خەسارە كۆمەڵایەتییەكانیش بە ئاماژە بە قەیرانی مادە هۆشبەرەكان لە ئێراندا دەڵێ ئێستا هەر نەبێ ٥ میلیۆنو ٥٠٠ هەزار كەس لە خەڵكی ئێران یان موعتادن، یان بە دەست كێشەی ئێعتیادی ئەندامێك، یان چەند ئەندامی بنەماڵەكەیانەوە گرفتارن. هەر لەو پێوەندییەدا ئەگەر تا ١٠ - ١٥ ساڵ

لەوە پێش دیاردەی ئیعتیاد بە مادە هۆشبەرەکانو زور خەساری دیکەی کۆمەڵایەتی زیاتر لە نێو پیاواندا بەدی دەکران، ئێستا ژنان ئەویش بە خێراییەکی زۆر لەو خەسارەوە گلاون. ئامارەکان دەڵێن لەسەدا ٩ی حەشیمەتی موعتادەکانی ئێران لە ژنان پێک هاتوە.

لە کۆمەڵگای ئێراندا ئامارەکان باس لەوە دەکەن کە ڕێژەی پیکهێنانی ژیانی هاوبەش بەردەوام لە کەمی دەدا، بەڵام تەلاقو لێکترازانی ژیانی هاوبەش زیاتر دەبن.

ئامارەکان دەڵێن لە هەر ١٠ دەقیقەدا ژیانێکی هاوبەش لە ئێران هەڵدەوەشێو جێی نیگەرانی ئەوەیە کە لەسەدا ٨٠ی لێکترازانەکان دڵخوازو لە سەر بناخەی ڕێککەوتنی پێشوەختە. ئەو ئامارانە دەڵێن نێونجیی تەمەنی بێوەژنان گەیشتۆتە ١٧ ساڵ. ئامارە رەسمییەکانی هێزە ئینتیزامییەکان دەڵێن هەموو ساڵێ ٦٠٠ هەزار کەس لە ئێران بە هۆکاری جۆراوجۆر دەخرێنە زیندانەوە.

تەمەنی سیگار کێشان لە ئێران بۆ ١٣ ساڵ دابەزیوەو سنووری پێوەندییە جینسییەکانی کچانو کوڕان بەر لە زەماوەند بە تەواوی کاڵ بۆتەوە.

بەڵام هۆکارەکان چینو ئاخۆ سیاسەتی هەڵەی ئیدارەی وڵاتە ئەو بارودۆخەی خوڵقاندوە، یان سروشتی کۆمەڵگای ئێرانە کە لە قۆناغی گواستنەوە لە کۆمەڵگایەکی نەریتییەوە بۆ کۆمەڵگایەکی مۆدێرندایەو گوشاری ئەو خەسارانەی بەرکەوتوە، یان کۆمەڵێک هۆکاری ئابووریو کۆمەڵایەتین کە قەیران خوڵقێننو قەیرانەکان بە کارتێکەری لە سەر یەکتر قەیرانو خەساری دیکەیان لێ دەکەوێتەوە؟

زۆربەی کۆمەڵناسان پێیان وایە ئەوە هۆکارە نێوخۆییەکانی وەک سیاسەتی بەڕێوەبەریی وڵاتن کە ئەو بارودۆخەیان لە کۆمەڵگای ئێراندا دروست کردوەو نموونەش بە پەرەسەندنی هەژاری، بێکاریو ئاوسانی ئابووری دێننەوە کە سەرچاوەی زۆربەی خەسارەکانو ئەوەش بە بەرهەمی دەسەڵاتدارەتیی نیزامی سیاسیی زاڵ بە سەر ئێراندا دەزانن.

لە هەر کۆمەڵگایەکی ئینسانیدا لە نێوان هەژاریو سەرهەڵدانو پەرەسەندنی تاوانو توندو تیژیو خەسارە کۆمەڵایەتییەکاندا پێوەندییەکی استەوخۆ هەیە. چەندی هەژاریو بێئەنوایی لە کۆمەڵگایەکدا زۆر بێ،

ئەوەندەش ئەو کۆمەڵگایە نوقمی خەسارە کۆمەڵایەتی‌یەکانە.

کاڵبوونەوەی هێندێ لە بایەخە سوننەتی‌یەکان کە پەرژینێکی قایمو دڵنیا لەبەردەم لادانو ترازانەکانن، هۆکارێکی دیکەی پەرەسەندنی خەسارە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە ئێرانە. هێندێ لە باوەڕە ئایینی‌یەکانو پرەنسیپەکانی سوننەت لە کۆمەڵگا هۆکاری سەقامگیریی نەزمو ئەمنیەت لە کۆمەڵگادانو، کاڵبوونەوە، یان نەمانی ئەو باوەڕو پڕەنسیپانە شوێنی راستەوخۆیان لە سەر لادانو شکاندنی بایەخەکانی کۆمەڵگا هەیە، شتێک کە لە ئێرانی ئێستادا بە خێرایی‌و لە پانتایی‌یەکی هەراوو بەرفراواندا ڕووی داوەو درێژەی هەیە.

هەژاریی فەرهەنگی، پەروەردەی ناسالم، نایەکسانیی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و هەروەها میدیاو راگەیەنی سەقەتو نەخشی خراپو رووخێنەری سەتەلایتو تەلەڤزیۆن لە تەنیشتی فاکتۆرە بیانی‌یەکانی وەک کاریگەریی بەجیهانیبوون چەند هۆکارێکی دیکەی تەقینەوەی خەسارە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە کۆمەڵگای ئێراندان، بەڵام وەک گوترا گیروگرفتی ئابووری‌و هەژاری سەرچاوەی هەرە بنەڕەتیی ئەو خەسارە کۆمەڵایەتی‌یانەیە. چونکی کاتێک هیچ هاوسەنگی‌یەک لە نێوان داهاتو درەچووی بنەماڵەیەکدا نەبێ، سروشتی‌یە کە بواری لەبارو نالەبار بۆ تێوەگلانی ئەو بنەماڵەیە لە زەلکاوی خەسارە کۆمەڵایەتی‌یەکان خۆش دەبێ. هۆکارەکانی هەژاری‌و قەیرانی ئابووری لە ئێرانیش، روونە کە بەرهەمی سیاسەتی نەحاوانەوەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی‌و دژی‌گەلی بوونی ئەو ڕێژیمەیە کە مانەوەی زیاتری خۆی لە دروستکردنی قەیرانی پتر بۆ خەڵکی ئێراندا دەبینێتەوە.

لە ژمارە ٦١٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

٢٣ی جوولای ٢٠١٣

## منداڵانی کار لە قرچەی هاوینو تینی سوورەتاودا

زۆر دوور نین، لە خۆمانن، لە نێو خۆماندانو خزمەتی خۆمان دەکەن. لە سەر شەقام، لە مەزراو مووچە، لە کوورەخانەکان، لە کووچەو کۆڵان لە ژێر تینی سوورەتاو؛ لە کارگەو کارخانەکان، لە دوکانی ئەمو ئەو، لە ماڵانو عەمبارە ژێرزەوی‌یەکان؛ کار دەکەن، ئارەقە دەرێژن، ساتە خۆشەکانی ژینیان دەنێژن، شەکەتو ماندوو لە ژێر قورسترین کارداو بە کەمترین حەقدەست؛ جێماو لە خوێندن، بێبەش لە گەمەو یاری، بێ تامکردن لە هەرەتی منداڵیو لە بێدەنگیی زەمەندا گەورە دەبن، باڵا دەکەن منداڵانی کار.

هاوین بۆ منداڵانی کار وەرزی پشوودانو حەسانەوە نیە، وەرزی مەلەو سەیران نیە، وەرزی بەشداری لە کۆرسەکانی خوێندنو فێربوونی هونەری وەک مۆسیقاو شانۆ و گۆرانی نیە، وەرزی ئارەقەو تینە، وەرزی کاری تاقەتپڕووکێن شانبەشانی گەورەکانە، وەرزی دەستگێڕیو دەسکەنەو بژارو میوەڕنینە. بۆ ئەوانەی شانسی خوێندنیان هەیە، کاتی خۆماندووکردن لە پێناو کۆکردنەوەی پاشەکەوتێکی هەرچەندە کەم بۆ تێچووی ساڵی نوێی خوێندنە، بۆ ئەوانەش کە لە خوێندنو دەرسو دەوری قوتابخانە دابڕاون، ڕۆژانی درێژی ساڵ بۆ نەسرەوتنو کار کردنن.

ژمارەیان کەم نیە، زۆرن ئەو منداڵانەی بارودۆخی ژیان ناچاری کردوون لەشی شلکو ناسکیان بدەنە بەر کاری سەختو تاقەتپڕووکێن، بۆوەی تۆزێ لە دەردو ژانی باوکو بنەماڵەیان لە پێناو هەڵسووڕاندنی ژیانیاندا کەم کەنەوە، بۆوەی کەلێنێک لە خەرجی دابینکردنی تێچووی ژیانیان پڕ بکەنەوە. دوایین ئامارەکان کە ساڵی ١٣٨٥ بڵاو بوونەتەوە، دەڵێن لە ئێرانی دەوڵەمەندو پڕداهاتدا میلیۆنێکو حەوت سەد هەزار منداڵ ڕاستەوخۆو تەواو وەخت وەبەر کار نراون، مانگانەش زیاتر لە ١٠٠ هەزار تمەنیان داهات نیە، قانوونەکانی وڵاتیش خەمیان لێ ناخۆن، لە هیچ کوێ باسیان ناکرێ، هیچ مافێکیان پێ ڕەوا نەبینراوە، ئەگەرچی لە سەر کاغەز شتی جوان نووسراوەو ڕێ بە کارکردنی منداڵان نەدراوە.

بارودۆخی دڵتەزێنیان، ژیانی سەختو تاقەتپڕووکێنیان زۆر کەسی وەدەنگ هێناوە، بەڵام ئەو قسانەش شوێنیان لە سەر ژیانیان، لەسەر بارودۆخی گوزەرانیان دانەناوە، چونکی لە بیر کراون، چونکی لە بازنەی بیرکردنەوەو تێفکرینی بەڕێوەبەرانی ئەو وڵاتەدا نین. فاتمە دانیشوەر، بەرپرسی ڕێکخراوی « مهرآفرین» لە ڕۆژی جیهانیی

منداڵانی ئەمساڵدا كە منداڵانی كار لە ئێران لەو ڕۆژەش هەر بێبەشن، جوانی گوت، باشی بە گوێی كاربەدەستانو پلاندانەرانی ئەم وڵاتەدا دا كە لە بەرنامەی پێنجەمی گەشەو پەرەپێداندا ١٧ جار ناوی ئاوەڕۆ هاتوەو باسی ئاوەڕۆی پیس كراوە، بەڵام تاقە یەک جار باس لە » منداڵ»و وشەی منداڵ لەو بەرنامەیەدا نەهاتوە.

بۆ كار دەكەن، بۆ ژمارەیان هێندە زۆرە، بۆ ئاوڕیان لێ نادرێتەوە، بۆ كەس نایان خوێنێتەوە، هۆكارەكانی ڕوونو ئاشكران، هەژاریو دەستكورتی بنەماڵە باوكی هەموویانە، جیابوونەوەی دایكو باوک، وەخۆنەگرتنو پاڵپێوەنانی زڕباوک یان زڕدایک، هەڵخەڵەتانو كەوتنەداوی مافیاكانی قاچاغو كەلكیخراپوەرگرتن لە منداڵان، ئێعتیادی باوكو دایک، ڕاكردن لە ماڵو لە قوتابخانەش چەند هۆكارێكی دیكەی زۆربوونی منداڵانی كار لە كۆمەڵگای ئێرانن.

توێژینەوە مەیدانییەكان دەڵێن سەدی ٩٠ی منداڵانی ئیشكەر بنەماڵەیان هەیەو بە ناچار یان بە دڵخواز بۆ دابینكردنی بژیوی ژیانیان تێدەكۆشنو ئارەق دەرێژن. كاركردن بە منداڵو زۆربوونی ژمارەی منداڵانی ئیشكەر قەیرانێكی كۆمەڵایەتیی قووڵ لە ئێرانە كە كاربەدەستانی حكوومەت نایبینن، دانی پێدا نانێنو پشتگوێی دەخەن. وەزارەتی كاری ئێران كە دەبێ زۆرترین خەم لەو دیاردەیە بخواو بە جێبەجێكردنی قانوونەكانی كار تۆزێ لە ئێشو ئازاری منداڵانی ئیشكەر كەم كاتەوە، هەر خۆی بە پشتگوێخستنی ئەو كەمە قانوونەش كە لەسەر كاغەز هەیە، دەردی سەرباری دەردانە. ڕێكخراوی «خۆشبژیوی»یش ( بهزیستی) كە دەبێ خۆی لە بەرامبەر كاركردن بە منداڵاندا بە بەرپرسیار بزانێ، هەر خۆ لە بەرپرسایەتییەكانی ناگەیەنێ هیچ، ڕێگری لە هەڵسووڕانو كارو چالاكیی ئەو كەمە ڕێكخراوە مەدەنییانەش دەكا كە دەیانەوێ شوێنەوارێكیان لە سەر ژیانو گوزەرانو مافەكانی منداڵانی ئیشكەر هەبێ.

منداڵانی كار قوربانیی ناعەدالەتی و قەیرانە كۆمەڵایەتیو ئابوورییەكانی وڵاتن كە ئەگەر وانەبووایە یان ئەوان ئاوا بێنازو ناچار بە كاركردن نەبان، لەوانە بوو لە ئەنجامی خوێندن و گەشەكردنیاندا دوكتۆر، ئەندازیارو بەڕێوەبەرانی سەركەوتووی وڵاتیان لێ دەرچووبایە.

دەرەنجامە كۆمەڵایەتییەكانی پەرەسەندنی ئەو دیاردەیەش تاڵ و مەترسیدارن. ڕاكێشران بەرەو كێشانی سیگارو بەرەبەرە ماددە هۆشبەرەكان، توشبوونو ڕاهاتن بە تاوانو تاوانكاریو بەشداریكردن لە تاوانگەلێكی وەک دزی، بڵاوكردنەوەی ماددە هۆشبەرەكان، كوشتن، فرۆشتنی ئەندامەكانی لەشو كەوتنەداوی باندەكانی بازرگانیی لەش

تەنیا بەشێکن لە دەرکەوتەکانی دیاردەی کاری منداڵانو هاتنەدەری منداڵان لە باوەشی خێزان و چەتری پەروەردەیی.

کارکردنی منداڵان ناتەباو دژی مافە سروشتی و مەدەنییەکانی منداڵانەو زۆربوونی ئەژماری منداڵانی کارکەر لە هەر کۆمەڵگایەکدا نیشانەی کارەسات و هەبوونی قەیران لەو کۆمەڵگایانەدایە.

منداڵان شیاوی ژیانێکی ئاسوودەنو دەبێ وێڕای چێژ وەرگرتن لە قۆناغی زووتێپەڕی منداڵی بۆ داهاتووی کۆمەڵگا پەروەردە بکرێن. لەم رووەوە کارپێکردنی منداڵان نەک شیاوی کەسێتی منداڵان نیە، بگرە تاوانێکە کە دەرحەق بەوان و داهاتووی کۆمەڵگا دەکرێو تاوانباری سەرەکیی ئەو رەوشە لە ئێران، نیزامی سیاسیو بەڕێوەبەریی وڵاتە کە سەرچاوەی هەموو قەیرانە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتە.

لە ژمارە ٦١٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

٦ی ئاگۆستی ٢٠١٣

## وتووێژی" کوردستانوکورد" لە گەڵ حەسەن عوسمانی، باوکی ئەوین، کچە جوانەمەرگەکەی شاری بانە

حەسەن عوسمانی، باوکی ئەوین عوسمانی کە حەوتووی ڕابردوو بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئینتیزامییەکان لە مەودای ٥ میتری لە شاری بانە گیانی لەدەست دا، دەڵێ لەگەڵ بێ دەسەڵاتی هیچ ناکرێ، ئەوان منداڵی منیان کوشتوەو ئەمە لە کوردستان یەکەم جار نیەو ئاخر جاریشی نابێو ئەم بابەتە چەند جار دووپات بۆتەوەو بینیومانە کە دوایە نە کەسیان کوشتوەوە نە لە کەسیان پرسیوەتەوەو نە سابیقەی بووە لە سەر کوردێک مەئموورێکی نیرووی ئینتزامی لێی بپرسنەوە. هەر کەسێ لە وڵاتی ئێمە مەئموورێک کارێکی ئاوای کردوە، ئەو پەڕەکەی لە جێگەی خۆی لایان بردوەو لە شوێنێکی دیکەیان داناوە. ئێستا بە ئێمە دەڵێن بکوژەکەی ئەوینمان گرتوە، بەڵام نە پێمان دەڵێن ناوی چ بووە، نە پێمان دەڵێن لە کوێ زیندانی کراوەو نە ئاگامان لێیە چی لێ دەکەن و هیچ بۆ ئێمە ئاشکرا نیە.

دەقی وتووێژی کوردستانو کورد لەگەڵ حەسەن عوسمانی، باوکی ئەوین عوسمانی:

کاک حسن وێرای سەرخۆشی لە ئێوەو بنەماڵەکەتان سەبارەت بە مەرگی ناوەختی ئەو ئازیزەتان بفەرموون پاش چەن رۆژ لە کوژرانی ئەوین ئێستا بارۆدۆخی ماڵی ئێوە چۆنەو هەوڵەکانتان بۆ بەدواداچوونی پەروەندەی کوژرانی ئەوین بە دەستی هێزە ئینتیزامییەکان بە کوێ گەیشتوە؟

حەسەن عوسمانی: ئێمە خۆمانمان تەسلیمی قانوون کردوە. لە وڵاتی ئێمەدا تەبیعتەن دەبێ قانوونێک هەبێو رەوتی پەروەندەکەش دیارە هەر دەتوانین لە کاناڵی قانوونەوە بە دوایدا بچین، دیارە ئەو پەروەندەیە لە دادگای مەدەنیدا ناخرێتە گەڕ، بەڵکوو لە دادگای نیزامیدا دەبێو ئێمەش بە تەماین کە وەکیلی بۆ بگرین، بەڵام ئەوەی کە دەگاتە کوێ هێشتا روون نیە.

بە سەرەنجدان بەوەی پەروەندەی کوژرانی ئەوین لە دادسەرای نیزامی دایە، ئایا ئێوە هەوڵتان داوە پارێزەرێکی بۆ بگرن؟

حەسەن عوسمانی: بەڵێ ئێمە وەکیلمان گرتووە، ئاغای ساڵح نیکبەخت پەروەندەکە وەردەگرێو بڕیارە ئەمڕۆ فورمەکانمان پێ بداو کارەکانی دەست پێبکا.

لەم ماوەیەدا کە ئێوە لە هاتوچۆی هێزی ئینتیزامیو دادگا دابوون، دەمانەوێ بزانین هەڵسوکەوتی ناوەندە بەرپرسیارەکانو هێزە نیزامیەکان لە گەڵ ئێوەدا چۆن بوە؟ چ لە کاتی ناشتنی ئەوینو دوایە تا ئێستا؟

حەسەن عوسمانی: تەبیعیە ئەو شتە پرسیاری ناوێ ئەوان خۆیان لە ئێمە باشتر دەزانن کە خۆیان کوشتویانە، بەڵام کەچی دیفاعی خۆیان هەر دەکەنو بەرچەسبی قاچاقچیو پێشبارو ئیسکۆرتیان لێیان داوە لە حاڵێکدا ئەوان لە بەردەم ماڵی خۆماندا بوون کە تەقەیان لێ کراوەو ماشینی ئەوانیش شەخسی بووەو لیباسی شەخسییان لەبەردا بووە. ئەوان خۆیان هاتنو گوتیان کە هێزە نیزامییەکان بوون کە ئەم کارەیان کردوە و ئەگەر ئەوان خۆیان نەیانگوتایە ئێمە هەر نەشماندەزانی کە قاتڵەکان لە هێزە نیزامییەکان بوونە چون نە عەلامەتێ، نە ئیستێو نە ئیست بازرسییەک. ئەوان هەموو شتێکیان بەرانبەر قانوونی ئەساسیی خۆشیان هەر غەڵەت بووە، چۆن ئەوان ئەگەر بیانەوێ کەسێ بپشکنن یان ڕاییگرن، دەبێ شوێنەکە تابلۆی لێ بێ، دەبێ تابلۆی نیروی ئینتزامی

لێ بێ، یان لانیکەم راستەوخۆ تەقە لە کەس نەکرێ‌و ماشینەکە پەنچەر بکەن. ئەو شتانە ئەوان لە ئێمە باشتری دەزانن. ئێستا ئەوە بە زاهیر هاتوون پشتیوانی لە ئێمە دەکەن‌و دەڵێن کە ناهێڵین حەقی ئێوە بخورێ و ئێمە لە ڕێگەی دادگای نیزامییەوە پەیگیری ئەم قەزیە دەکەین. ئیتر ئەمە تا کوێ وایە، خوا دەزانێ‌و ئێمە ناتوانین بڵێین کە چی ڕوو دەدا.

**وەک لە میدیاکاندا باس کرا وادیارە هێزە ئینتیزامیەکان پێشنیاریان بە ئێوە داوە کە دییەکەی وەربگرن‌و رەزایەت بدەن‌و، چۆنکی مانگی موحەڕەمیشە، ئەوا دییەکەی دوو بەرابەرە، ئەوە چەندە ڕاستەو ئێوە لەو بارووەوە دەڵێن چی؟**

حەسەن عوسمانی: من بە ئەوانن گوتوەو و بە ئێوەو بە دنیاش دەڵێم کە ئێمەو بنەماڵەی ئێمە منداڵ بەخێو ناکا بیفرۆشێ، نەک دییەی موحەرەمو دوو بەرابەری دییە لە مانگی موحەرەم، ئەگەر تەواوی دنیام دەنێ مەلهەمی دڵی بریندارم نابێ، هەر کەسێ کە منداڵی هەبێ دەرکی ئەو شتە دەکاو دەزانێ من دەڵێم چی. منداڵ کوشتن ئەویش بە ناحەق دییەدان جێی پڕ ناکاتەوە، ئیتر کارم بە بێ‌دەسەلاتی نییە. ئەو منداڵەیان کوشتوە لە کوردستان‌داو ئەم حاڵەتە یەکەم جار نیەو ئاخر جاریشی نابێ‌و ئەم بابەتە چەنە جار دووپات بۆتەوەو بینیومانە کە دوایە نە کەسیان کوشتوەو نە لە کەسیان پرسیوەتەوەو نە سابیقەی بووە لە سەر کوردێک مەئموورێکی نیرووی ئینتزامی لێی بپرسنەوە. هەر کەسێ لە وڵاتی ئێمە مەیموورێک کارێکی ئاوای کردوە لە جێگەی خۆی لایان بردوەو لە شوێنێکی دیکەیان داناوە. ئێستا بە ئێمە دەڵێن بکوژەکەی ئەوینمان گرتوە، بەلام نە پێمان دەڵێن ناوی چ بووە، نە پێمان دەڵێن لە کوێ زیندانی کراوەو نە ئاگامان لێیە چی لێ دەکەن و هیچ بۆ ئێمە ئاشکرا نیە.

**کەواتە ئێوە گرینگی بەوە نادەن کە ئەوان بە بەڵێنیی پێدانی دییە ئێوە پاشگەز بکەنەوە کە بەدواداچوونی قانوونی بۆ ئەو پەروەندەیە نەکەن؟**

حەسەن عوسمانی: کاکە گیان ئەمن کابرایەکم کرێکاو زەحمەتکێش، شوفێر تاکسیمو بە پەیدا کردنی پێنسەد تمەن پێنسەد تمەن منداڵم بەخێو کردوە، منداڵم بەخێو نەکردوە کە گەورەی کەمو بیفرۆشم، یان دییەی کوژرانی وەرگرم. ئیتر کارم بە بێدەسەلاتی نییە کە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ‌و کێ دەبێ ئەم حەقەی بستێنێ، ڕووی قسەم لە هێزە ئینتیزامییەکانیشە، ئەوانیش رەنگە هەندێکیان ئەو ناحەقییە دەرک کەن، ئەوانیش دەبێ بزانن کە ئەمە ناحەقیەو، ئەوەی کە قانوون چۆن لەگەڵ کوژرانی ئەوین دەجووڵێتەوەو بڕیار دەدا، ئەوە لە داهاتوودا مەعلووم دەبێ.

**کاک حەسەن لە ماوەی ئەم چەن رۆژەی رابردوودا ڕووداوی بەبێ تاوان کوژرانی ئەوین بۆتە جێی سەرنجی میدیاکانو کاناڵەکانی راگەیاندن لە ئاستی دنیادا. دوایین پرسیارم ئەوەیە کە وەکوو باوکی ئەوین چ چاوەڕوانییەکت لە میدیاکانو رێکخراوەکانی داکۆلیلەری مافی مرۆڤ لە ئاستی جیهانو تەنانەت لە ناوەندە بەرپرسیارەکان لە خودی کۆماری ئیسلامی هەیە؟**

حەسەن عوسمانی: چاوەڕوانیی ئەوەم هەیە کە ئەم شتە دووپات نەبێتەوە. با کۆماری ئیسلامی ببیستێو بزانێو با لە کاناڵەکانی راگەیاندن بڵاو کرێتەوە کە قەتڵو کوشتن، ئەویش بە ناحەق کوشتنی خەڵک بەسە. ئایا تەنانەت ئەو کوڵبەرانەش کە دەڕۆن لە مەرزەوە جنس دێنن‌و بگرە بارەکەشیان قاچاق بێ ئایا کوشتنیا ڕەوایە؟ نابێ قانوونێ هەبێ؟ ئەوان دەبێ ڕادەستی قانوون بکرێن، ئەگەر کەسێ تەنانەت باری مەشرووبیشی پێ بێ، ڕەنگە بە پێی قانوون تاوانەکەی گرتن و زیندان و جەریمە بێ، نەک کوشتن. لە کوێی دنیادا و لە کام وڵاتی ئیسلامی‌دا شتی وا هەیە. لە وڵاتانی ئیسلامی ئەگەر کەسێ مەشرووب بخوا لە زیندانی دەکەن، بەڵام نایکوژن. دەمەوێ ئەم دەنگەی من بڵاو بێتەوەهو دنیا بەوە بزانێو بەرگیری لەم کارە بکرێ. ناحەقی تا کەی؟ کوشتن تا کەی؟ کابرا شەش منداڵی بە جێ‌هێشتوە لە ئەشتەرئاوا گرتوویانەو کوشتویانە بە خاتر ئەوە کۆڵی پێ بووە، دەی کۆڵی پێ بوە چی کردەوە بۆ دەیکوژن؟ خەتای کردوە بیگرن بیخەنە زیندانەوە. حوکمی زیندانی بەن ئیتر بۆ دەیکوژن؟ کچی من تاوانەکەی ئەوە بوە کە لەگەل دەسگیرانی بووە؟ تاوانەکەی ئەوە بوە کە لەگەڵ براکەی چوتە نیو شار؟ ئەوانە تاوانن؟ گریمان شکیان بووبێ کە تاوانبارێکن، دەی با ماشینەکەیان پەنچەر کردایە، بیانگرتبایەنو بازجوییان کردایە. ئێستا شوکرانە بژێرم کە لەو رووداوە کوڕەکەم یان دەسگیرانەکەی ئەوین نەکوژراون، ئەگەر ئەوانیش کوژرابان چی؟ داغی دڵمان جەند ئەوەندە دەبوو. تا ئێستە چیمان کردوە و بۆ کراوە هەر ئەوە دەبوو. مەگەر ئەوەی کارەکە رەسانەیی کەین، ئەگەر نا هیچ دەسەڵاتێ دیکەمان نەبووەو نیە. ئەمن بە نیسبەت ئەم وەزعیەتەوە نەک لە کاناڵی ئێوەوە و هەر کاناڵێ دیکەش باسی ئەوە دەکەمو ئەگەر بانگم کەن بو ناوەندە ئەمنیەتیەکانیش هەر ئەمە دەڵێم کە بۆ دەمانکوژن؟ ئەوان بوێرن بمانکوژن، بەڵام ئێمە نەوێرین بڵێین کە بۆ دەمانکوژن؟ ئەگەر ئەم گوتنە گوناحە کە بڵێم بۆ دەمانکوژن منیش حازرم هەر وەکوو ئەو کچەی خۆم بمکوژن با لانیکەم دەرسی عێبرەت بێ بۆ ئەوانەی کە ماون. لانیکەم با بەبۆنەی کوشتنی کچەکەی منەوە کچی دراوسێکەم یان کچی براکەم نەکوژرێن.

دووبارەش وێرای سەرخۆشی لە ئێوە و بنەماڵەتان و سەرجەم خەڵکی کورستان هیوادارم کە خوێنی بە ناحەق

رژاوی ئەوین ون نەبێ و ئەم کارەساتە دووبارە نەبێتەوە

حەسەن عوسمانی: سپس بۆ ئێوەش

٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

## بابەتەكانی: ساڵی ٢٠١٤

---

### شەڕێكی بەردەوامو ناڵەناڵی بێ كۆتایی...

تەنیا لە ماوەی سێ ڕۆژداو لە سێ شوێنی تەنیا ناوچەیەكی كوردستان، واتە مەریوان سێ كەس بەهۆی تەقینەوەی مین لاقیان پەڕی.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێكەوتی ١٦ی خاكەلێوەش شوانكارەیەك بە ناوی جەماڵ كەریمی، كوڕی ڕەشید خەڵكی ئاوایی «گوڵچیەر»ی مەریوان كە لەنزیك پادگانی ئەرتەش سەرقاڵی لەوەڕاندنی مەڕو ماڵاتەكەی بوو، كەوتە سەر مینو لاقێكی پەڕی. سێ ڕۆژ دواتر، واتە ڕۆژی سێشەممە، ١٩ی خاكەلێوەش لە ئاوایی «ئاسناوێ»ی سەر بە شاری مەریوان كەسێك بە ناوی عومەر دێهقانی كە بۆ كۆكردنەوەی گیای بەهاری ڕووی كردبوە كێوەكانی دەوروبەری گوندەكەی، كەوتە سەر مینو بەو هۆیەوە لاقێكی لە دەست دا. ڕۆژی دواتریش واتە ٢٠ی خاكەلێوە كەسێكی خەڵكی گوندی «سەردۆش»ی سەربەو شارەش بە ناوی فایەق ئەحمەدزادە، ناسراو بە فایەقی دەروێش مەحموود بەهۆی تەقینەوەی مین لە شوێنێك بەناوی «قەلانجان» لە نزیك سنووری هەرێمی كوردستان لاقی پەڕی.

چەند پاتبوونەوەی ئەو ڕووداوەو دڵتەزێنانە كە جاری وایە زیانو خەسارەكانی زۆر لەوەش زیاترن، ئاماژە بەو ڕاستییەن كە هێشتا شەڕ لە كوردستان بەردەوامە، بەڵگەن بۆ ئەوەی كوردستان لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە بەبەشێك لە ئێران دانانردرێ، خەڵكەكەو دانیشتووانەكەشی مافی وەك یەكی ئەوانی دیكەی نیەو ئێرە هەرێمیكی تا سەر ئێسقان بریندار، تا ئەوپەڕی فەرامۆشیو پەراوێزخران.

بۆ دەڵێم لەبیركراو و پەراوێزخراو؛ چونكە ٢٥ ساڵە شەڕ لەگەڵ عێراق تەواو بووە، شەڕێك كە ماڵوێرانییەكەی، كاولكارییەكەیو ئاسەوارە ماڵوێرانكەرەكەی بەشی هەرە زۆری بۆ كورد بوو، بەڵام ٢٥ ساڵ دوای تەواو بوونی ئەو

شەڕە هەموو ڕۆژێ خەڵکی کوردستانن کە گوێیان لە گرمەی مینو تەقەمەنییەکانی پاشماوەی شەڕ دەبێو بنەماڵەیەک کۆستیان دەکەوێ.
ئەوە کوردستانە کە دەوڵەت خۆیو بەپێی ئامارە ڕەسمییەکانی دەڵێ زیاتر لە ١٦ میلیۆن مینی لەکارنەخراوی هەڵنەگیراوەو دەیان میلیۆن تەقەمەنی لە دوای شەڕ تێدا بەجێ ماون، بەڵام کەمترینی ئەوانە هەڵگیراونەتەوەو تاڵو گەیچار ئەوەی ڕاست لەو ڕۆژەی جێژنی پاکسازیی ئەو ناوچانە لە مین دەگرن، هەر ئەو ڕۆژە حەوت منداڵی ڕووح سووکی گوندێکی بێبەش ئەویش هەر لە ناوچەی مەریوان بوونە قوربانیی تەقینەوەی مینو یەک لەوان لاقی پەڕی.

ناڕاستیو چەواشەکارییەکانی کاربەدەستانو ناوەندە پێوەندیدارەکان هەر بەوەندە نابڕێتەوە، ئێستاش ئامارێکی وردو دەقیق لە قوربانییانی تەقینەوەی مین لە کوردستان لەبەر دەستدا نین، خەڵک لە هەموو گوندو ناوچەکان دەزانن چەندیان کەیو لە کوێ لێ کوژراوە، بریندار بووە، بەڵام تا ئێستاش هیچ ناوەندێکی حکوومەتی خۆی بە بەرپرسیاری کۆکردنەوەی زانیارییەکانیش نەزانیوەو؛ ڕێ لە ڕێکخراوەو ناوەندە مەدەنییەکانیش گیراوە لەو چوارچێوەیەدا کاری خۆیان بکەن.

سیاسەتی هەڵاواردنو فەرقو جیاوازیدانانی دەوڵەت دەرهەق بە خەڵکی کورد هەر لە مافی بەشداریی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، پڕۆژەکانی ئاوەدانیو وەبەرهێناندا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو لەو بوارەشدا قوربانیانی ڕووداوی تەقینەوەی لە کوردستان سیستماتیک غەدریان لێ دەکرێو مافەکانیان ژێرپێ دەنرێ. تۆ لە وڵاتی خۆت، لە ژینگەو شوێنی ژیانی خۆت، لە مووچەو سەر ڕێو کوێستانی خۆت قوربانیی سیاسەتی دوژمنکارانەی دەوڵەتو کەمتەرخەمیو خەمساردییەکانیان بی، بەهۆی تەقینەوەی مین بکوژرێی، دەستو لاقت بپەڕێ، بریندار بیو لە ژیان بکەوی، کەچی دەوڵەت خۆی بە بەرپرسیاری ئەوە نەزانێو ئاوڕت لێ نەداتەوە؛ ئەوە غەدرێکە لەو ئێرانەدا هەر لە خەڵکی کورد دەکرێ. بە هەزاران کەس لە قوربانیانی تەقینەوەی مین لە کوردستان ئەوە بارودۆخیانە، ئەوانەی بەو هۆیەوە گیانیان لە دەست داوە، بنەماڵەکانیان لەلایەن دەوڵەتەوە کە بەپێی قانوون دەبێ بەرعودەی پاراستنی ئەمنیەتو گیانی خەڵکەکەی بێ هەر لایان لێ نەکراوەتەوەو؛ ئەوانەش دەستو لاقیان پەڕیوەو نقوستان بوونو کەوتوونەتە سووچی ماڵەکانیان، لە هەر چەشنە مافێکی پێکران، دابینبوونی کۆمەڵایەتیو چارەسەری پزیشکیو دەرمانیی دەوڵەتی بێبەش کراونو ئەوەی لەو نێوەدا بایەخی نیەو مەزادە، گیانو ژیانی خەڵکی کوردە...
جیا لەوەش خێرو بێری مین بۆ کۆماری ئیسلامیش جێی سەرنجو وردبوونەوەیە. ئێران هەم مین لە دژی دژبەرانی

دەکار دەکا، هەم دەیفرۆشێ؛ هەر بۆیەش پێملی هیچ کام لەو پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنانەش نەبووە کە لە پێناو کەمکردنەوەی خەسارەکانی مین پەسند کراون، تا بەمجۆرە خەڵکی کوردستان ئەو کەمە دەرەتانەشیان نەبێ تا لە ئەگەری ئەندامەتیی ئێران لەو پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنانەدا چاویان لە یارمەتیو بەهاناوەهاتنی ئەو ڕێکخراوە جیهانییانە بێ. هۆکارەکەشی ڕوونە، ئەگەر ئێران یەک لەو پەیماننامانە، بۆ نموونە پەیماننامەی « ئۆتاوا» ئیمزا بکا کە تا ئێستا ١٥٨ وڵات ئیمزایان کردوە، دەبێ دەربەستی ئەوە بێ کە دوای کۆتایی هاتنی هەر شەڕێک لە وڵاتەکەی، لە ماوەی دە ساڵدا هەموو مەیدانەکانی شەڕ، مەزراو مووچەو لەوڕگەو کوێستانو ناوچەکانی شوێنی ژیانی خەڵکەکەی لە مین پاک بکاتەوە، چ بگا دوای ٢٥ ساڵ؛ هەر بۆیە ئێران پێچەوانەی وڵاتانی دراوسێی شەڕلێدراوی ئەو دواییانەی وەک عێراقو ئەفغانستانیش نەچۆتە ژێرباری ئەو پەیماننامەیە، چونکە بەوە جیا لە دەروەستی بە خەڵکەکەی، ئیزنی دروستکردنو فرۆشتنی مینیشی بە وڵاتانی دیکەو گرووپە سەرهەڵداوەکان نامێنێ....

قوربانیانی ڕووداوەکانی تەقینەوەی مین لە کوردستان کۆڵبەرانو کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانن، شوانو منداڵانو خەڵکی ئاساییو بێدەرەتانی گوندەکانی شارە سنوورییەکانی کوردستانن، ئەوان ئەوەندە هەژارو بێ دەرەتانن کە دوای توشبوونیان بەو کارەساتانەش نەک ئاوڕیان لێ نادرێتەوە، پشتگیری ناکرێنو لە مافو خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکان بێبەش دەبن، بەڵکوو لۆمەی ئەوەش دەکرێن کە چۆنە پارێزیان نەکردووەو ئاگایان لە خۆیان نەبوەو بۆ مینە نوستووەکانیان وەخەبەر هێناوە! دەمەوێ بڵێم ڕێگەگرتن لە دووپاتبوونەوەی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنو ناخۆشانە لە کوردستان، بەهاناوەچوونی قوربانیانی تەقینەوەی مینو بنەماڵەکانیان ئەرکێکی گشتیو نیشمانییە، بە تایبەت لە کاتێکدا کە ناوەندە بەرپرسیارە حکوومییەکان خۆیان لەهەر چەشنە بەرپرسایەتییەک دەدزنەوە، ئەوە چالاکانی مەدەنی، نوێنەرانی شارەکانی کوردستان لە مەجلیس، کاربەدەستانی دەروەستو دڵسۆزی نیشتمانە کە بەگرتنە پێشێی هەموو ڕێگەقانوونییەکانو فشارخستنە سەر ئۆرگانە پێوەندیدارەکان لەلایەک دەوڵەت ناچار بە هەڵگرتنەوەو لەکارخستنی مینەکان لە کوردستان بکەن، لە لایەکی دیکەش لە خەمی قوربانیانی ڕووداوەکانی تەقینەوەی میندا بن تا ژیانو ئارامیو مافە ڕەواکانیان بە ڕەوا بزانرێو ئیمکاناتی ژیانێکی شایانو چارەسەری پزیشکییان بۆ دابین بکرێ.

**له ژماره ٦٣٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوه**

**٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٤**

## کرێکاری کورد لە نێو خاکو خۆڵو، بۆنی باڕووتو خوێندا

کرێکار لە پێناسەی خۆیداو ڕۆڵی کرێکار لە کۆمەڵگاو وڵاتدا گرێدراوی پێشکەوتوویی، ئاوەدانیو جێگەو پێگەی ئەو کۆمەڵگایەو وڵاتە، لە چاو کۆمەڵگاو وڵاتانی دراوسێیو دوورو نیزیکێتی.

ڕۆژی کرێکاریش بۆنەیەکو دەرفەتێکە بەر لە هەموو شتێک بۆ ڕێزگرتن لە پلەو پایەی کرێکارو پاشانیش گوێگرتن لە ویستو داخوازی ئەوان، بەڵام ئاخۆ جێگەو پێگەی کرێکار لە وڵاتی ئێران چیەو ویستو داخوازەکانی ئەو توێژەی کۆمەڵگا چەندو چۆنن؟

ئەگەر بڵێین ئەمڕۆکە توێژی کرێکار لە ئێران لە سەختترین بارودۆخدا دەژینو هەژاریو بەشمەینەتی بەشی جیانەکراوەی ژیانو گوزەرانیانە، ئەوە نە دروشمەو نە مەزلووم نیشاندانی کرێکاران، بەڵکوو ئەوە ڕاستییەکانو ئامارەکانن کە دەردەخەن توێژی کرێکار لە ئێران چەندە لە مافەکانیان بێبەشو باری گوزەرانیان چەندە سەختو ناهەموارە.

ئێران لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەهۆی سەرکێشیو ناڕوونیی بەرنامە ئەتومییەکانی لەلایەن کۆمەڵگای جیهانی، بە تایبەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو یەکلایەنەو چەند لایەنە لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیو، یەکیەتیی ئورووپاوە خرایە ژێر سەختترین گەمارۆ ئابوورییەکان. لە سۆنگەیو ئەو فشارۆ گەمارۆیانەوە، وەبەرهێنەرە بیانییەکان لە ئێران کشانەوە، کۆمپانیا زەبەلاحە ئابوورییەکان هاوکاریو هاوپەیمانییەکانیان لەگەڵ ئێران راگرت، زیاتر لە نیوەی کارخانەو کارگە پیشەییەکان لە ئێران داخران، ئەوانەی دیکەش بە کەمتر لە نیوەی زەرفییەتیان کەوتنە هەناسەبڕکێو دەوڵەتیش پەرەی بە سیاسەتی هەوسارپچڕاوی هاوردەی کاڵا بە تایبەت لە وڵاتی چین داو لە سۆنگەی هەموو ئەوانەشەوە ئەوە چینی کرێکار بوو کە زیانی قورسو گورچکبڕی وێ کەوت. کرێکار بەر لە هەموو شتێک ئەمنیەتی شوغلی نەماو کارەکانیان لە دەست دا، مووچەو حەقدەستی مانگانەیان چەند مانگ چەند مانگ دواخراو، نرخی ئاوسان فڕی، بەڵام مووچەو حەقدەستی ئەوان لەجێی خۆی نەبزووت، داو دەرمان گران بوو، بازار بۆ ئەوان بووە کابووسو ئەوانەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە بێدەنگیدا خزینە ژێر هێڵی هەژاری، زۆربەی نیزیک بە تەواویان خەڵکی کرێکارو بێکاری کەمداهاتی کۆمەڵگا بوون.

کرێکاران لە ئێران لە سەر ویستو داخوازی خۆیان ناتوانن ڕێکخراوو کۆڕو کۆمەڵی خۆیان هەبێ، نارەزایەتیو داوا سینفییەکانی ئەوان بە چالاکیی ئەمنیەتی دژی نیزام لێک دەدرێتەوەو هەر بۆیەش دەبینین کەم نین ئەو چالاکە کرێکارییانەی لە زیندانەکانی وڵاتدا لەسەر داوای سینفیی خۆیان قورستترین حوکمو درێژماوەترین سزای زیندانیان بەسەردا سەپاوە.

سفرەی ماڵی کرێکار لە ئێرانی ئێستادا گەورەی ماڵێی ڕووزەرد کردوە، بنەمای مووچەی مانگانەی کرێکاری کارخانەو فەرمانگە دەوڵەتییەکانو ئەوانەی قانوونی کار دەیانگرێتەوە ٦٠٠ هەزار تمەنە، بەڵام ئامارە ڕەسمییەکانی هەر خودی ناوەندە حکومییەکان دەڵێن هەر بنەماڵەیەکی ٤ کەسی لە بارودۆخی ئێستادا کەمتر لە یەک ملیۆنو لە شارە گەورەکاندا کەمتر لە ١ میلیۆنو ٥٠٠ هەزار تمەنی داهات هەبێ، کەوتۆتە بن هێڵی هەژاری. هیچ کام لە کاربەدەستانو کارگێڕانی حکوومەت نە لە خۆیان دەپرسنو نە بۆیان گرینگە کە کرێکارێک بەو کەمە مووچەو حەقدەستە چۆن بژیوی ماڵو بنەماڵەی دابین بکاو ڕووزەردیان نەبێ؟

سەرباقی ئەوەش ئەوەی مۆتەکەی ژیانی کرێکار لە ئەمڕۆدا پاراستنی کار بەو کەمە مووچەو داهاتەیەتی، چونکە دەبینێ لە نرخی بێکاری سەروو سەدا ٣٠، لەو بارودۆخەی لە ساڵدا بە دەیان هەزار دەرچووی زانکۆ دێنە نێو بازاڕی کار بەبێ کارەوە، لەو بارودۆخەدا وەزارەتەکان چووکە دەبنەوەو دەرکەی کارگەو کارخانەکانیش پێ بەپێی بارودۆخی شپرێوی ئابووریی وڵات دادەخرێن، ئەوە هەر حەشیمەتی بێکارە پەرە دەستێنێ؛ لەو بارودۆخەدا ئەوەی بۆ کرێکار گرینگە پاراستنو ڕاگرتنی کارەکەیەتی، ئەوەش وای کردوە ددان بە جەرگی دابگرێو ئازاری هەموو نەهامەتییەکانی ژیان بە جەستەو دڵی بکێشێ بۆ ئەوەی ئەو کەمە دەلاقەیەشی لە ژیاندا لێ دانەخرێ. جیا لەوەش ئەمڕۆکە خاوەنکاران کە زۆر باش لە باردۆخی ئابووریی وڵاتو کرێکاران دەزانن، لە کاتی دامەزراندنو سپاردنی کار بە کرێکاران ناچاریان دەکەن لە مافی بیمەی کۆمەڵایەتی خۆش بنو، گرێبەستی کاری زۆربەی ئەوانیش چەند مانگەیە بۆ ئەوەی قانوونەکانی کارو دابینکردنی کۆمەڵایەتی نەیان گرێتەوە. لەو بارودۆخەدا کرێکار خەمبارو تووڕەیەو هەر خۆی دەخواتەوە، چونکی نە دەتوانێ دەرەقەتی دابینکردنی ژیانێکی خۆشو پێداویستیی ماڵو منداڵی بێ، نە دەسەڵاتی باشتر کردنی ئەو وەزعەو خۆڕزگارکردنی هەیە، هەر بۆیەشە دەبینین زۆربەی کرێکاران تووشی نەخۆشیی خەمۆکی بوونو کەم نین ئەو کرێکارانەش کە بە داخەوە بۆ کۆتاییهێنان بەو ژیانە بیریان لە پەنابردنە بەر خۆکوژی کردۆتەوە.

کرێکاری کورد بەڵام لە کوردستان بارودۆخەکەی جیاوازترە. هەموو ئەوانەی لە دێڕەکانی سەروودا باسیان کرا،

بارودۆخێکی گشتی بۆ هەموو کرێکارێک لە ئێرانن، بەڵام تایبەتیتر بۆ کرێکاری کورد ئەو بارودۆخەیە کە باسیان دەکەین.

یەکەم ئەوەی بارودۆخی کارو سروشتی کارو دوایەش کارێکار لە کوردستان جیاوازە لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران. بۆ نموونە ئەگەر نێونجی نرخی بێکاری لە ئێران سەدا ٢٣ ڕادەگەیەندرێ، نرخی بێکاری لە کوردستان بەپێی داننانی نوێنەرانی مەجلیسو تەنانەت پارێزگارەکانی پارێزگا جیاوازەکانی کوردستان سەروو سەدا ٣٥ و تەنانەت لە سەدی ٤٠ تێپەڕیوە.

دووهەم ئەگەر کرێکار لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بریتییە لەو کەسەی لە کارخانە پێشەییەکان، یان فەرمانگە دەوڵەتییەکانو کەرتی تایبەتدا کار دەکاو قانوونی کارو دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتیو ئەو ئیمکاناتو بڕە ئیمتیازانە دەیان گرێتەوە کە لە قانوونی کاردا ئاماژەیان پێ کراوە، بەڵام لە کوردستان بەهۆی نەبوونی کارخانەو کارگەی پیشەییو بوونی کارگەو یەکەی بەرهەمهێنەری بچووک بچووک، کرێکاران زیاتر بە گرێبەستی چەند مانگەو بەدەر لە هەلومەرجە دیاریکراوەکانی قانوونی دادەمەزرێنو هیچ کام لەو ئیمتیازو مافانە نایانگرێتەوە، دوای ئەوەش پێناسەی تایبەتیی کرێکار لە کورستان ئەو کەسانەن کە هەلومەرجی سەختی ژیان وای لێکردوون لە مەیدانەکانی کاری شارەکاندا ڕابوەستنو کەسێک بۆ کاریان ببا، ئەو کەسانەن کە لە بەشی بیناو خانووبەرە سازکردندا کار دەکەن، لە کورەخانەکان بە خۆیانو بنەماڵەکانیان چەند سەعات بەر لە خۆر هەڵاتنو چەند سەعات دوای خۆرئاوابوون خەریکی کارو ئارەقە ڕشتنن، لە مەزراو مووچەکان وەک کرێکار خەریکی کاری وەرزێرین، لە شارو شەقامو کۆڵانەکاندا خەریکی دەستگێڕینو؛ یان دەنا لە ناوچە سنوورییەکان خەریکی هێنانو بردنی بار بۆ کەسانی خاوەنبارنو بە کۆڵبەر دەناسرێن.

هەر بۆیەش دەبینین زۆربەی کرێکاران لە کوردستان بە حەقدەستی ڕۆژانە کار دەکەنو لە بری کاری کردوویان پووڵ وەردەگرنو هیچ قانوونو ناوەندێکی حکومییان وەک پشتیوان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان لە پشت نیە.

سێهەم ئەوەی نەک لە کوردستان کەسی کرێکار ئەمنیەتی کاریو توانای ڕاگرتنو پاراستنی کارەکەی نییە، بەڵکوو تەنانەت ئەمنیەتی گیانیشی نییە. لە کوردستان تەنیا لە ساڵی ٩٢ی هەتاویدا پتر لە ١٠٢ کۆڵبەرو کاسبکاری کورد بە تەقەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە تۆمەتی ئەوەی باری قاچاغیان پێیە، کوژراونو بریندار بوون[ ٤٤ کەسیان کوژراون، ٥٨ کەسیش بریندار بوون]، جیا لەوەش ٣٨ کەسی دیکەش لەو خەڵکە زەحمەتکێشو کاسبکارە

بەهۆی تەقینەوەی مین لە بن پێیان دا کوژراونو بریندار بوون [ ١٠ کەسیان گیانیان لە دەست داوەو ٢٨ کەسیان بریندار بوونو لاقیان پەڕیوە]. هەروەها هەر لەساڵی ڕابردوودا زیاتر ٩٦ کرێکاری بیناسازی لە کوردستان بەهۆی نەبوونی ئەمنیەتی ستانداردی کارو بە ڕووداوی کار وەک بەربوونەوە لە بەرزایی گیانیان لە دەست داوە.

چوارەم ئەوەی هەرچەشنە داخوازیو نارەزایەتی دەربڕینیکی سینفیی کرێکاران بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیانیانو مافو بڕی مووچەو حەقدەستیان بە چالاکیی سیاسیو ئەمنیەتی لێک دەدرێتەوەو لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە بەرهەڵستیان دەبنەوە، ئەوەش دەستو پێی ئەوانی بۆ دروستکردنی ڕێکخراوەو کۆڕو کۆمەڵو تەنانەت نارەزایەتی دەربڕینیش بەستوە. دەسبەسەر کردنی ٥ چالاکیی کرێکاریی شاری بۆکان لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانیی کرێکارو دەسبەجی دادگایی کردنیانو سەپاندنی ١٣ ساڵ زیندان بەسەر ئەو ٥ کەسەو(١)، دەسبەسەر کردنی سێ چالاکیی کرێکاریی شاری سنە(٢) لە ڕۆژی جیهانیی کرێکاردا دوو نموونەی بچووک بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەن.

کەواتە دیسان دەبێ بڵێین کە ئەمڕۆکە توێژی کرێکار لە ئێرانو کوردستان لە سەختترین بارودۆخدا دەژینو هەژاریو بەشمەینەتی بەشی جیانەکراوەی ژیانو گوزەرانیانە، ئەوە نە دروشمەو نە مەزلووم نیشاندانی کرێکاران، بەڵکوو ئەوە ڕاستییەکانو ئامارەکانن کە دەردەخەن توێژی کرێکار لە ئێران چەندە لە مافەکانیان بێبەشو باری گوزەرانیان چەندە سەختو ناهەموارە.

(١) جەماڵ مینا شیری و هادی تەنۆمەد هەر کام بە ٣ ساڵ و ٦ مانگ زیندانی تەعزیریو قاسم مستەفا پوور، ئیبراهیم مستەفا پوور و محەممەد کەریمی هەر کام بە ٢ ساڵ زیندانی تەعزیری حوکم درانو ئێستا لە زیندان دان.

(٢) دەسبەسەرکرانی کورش بەخشەندە، مەنسور محەممەدی و ئارام لە شاری سنە، ڕۆژی پێنجشەممە، ١١ی بانەمەڕ

لە ژمارە ٦٣١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٦ی مای ٢٠١٤

## یۆتۆپیای پاراستنی سەروەریی خاکو نیزامی سیاسی لە ڕێی زاوزێی زۆرەوە!

ئەوەندەی لە قسەکانی عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕژێمی ئیسلامیی ئێرانو سەرۆک کۆمارو ئەنجوومەنی وەزیرانو مەرجەعە تەقلیدە ئایینییەکانو تەنانەت ناوەندە ئەمنیەتییەکانی وەک بەشی فەرهەنگییەکانی سپای پاسدارانو بەسیجو ئیتلاعاتدا لە پێوەندی لەگەڵ پێویستیی وازهێنان لە چاوەدێریی حەشیمەت دەردەکەوێ، وادیارە بارودۆخی ئێستای نرخی زاوزێو پێویستیی تەقینەوەی حەشیمەت یەکێک لە داڵغە سەرەکییەکانی ئەو ڕژێمە بێ، بەڵام بۆ؟

ئێران کە لە دوای تەواوبوونی شەڕ لەگەڵ عێراقو گەڕانەوەی هێزی کار لە بەرەکانی شەڕەوە بۆ بازاڕی کارو، تەقینەوەی حەشیمەت بە نرخی هەڵدانی سەروو سەدا ٣ی حەشیمەت باشترین بەرنامەی چاوەدێریی حەشیمەتی گرتبۆ بەرو؛ تەنانەت دوکتور مەرەندی، وەزیری بێهداشتی دەوڵەتەکانی موسەویو ڕەفسەنجانی خەڵاتی تایبەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ کۆنترۆڵی بێسەرەوبەرەی حەشیمەت لە ئێران وەرگرت، ئێستا چی ڕووی داوە کە هەموو لەوە پاشگەز بوونەتەوەو پاکانە بۆ خۆیان سەبارەت بەو هەڵە! مێژوویە دەکەنو دەیانەوێ بەرنامەی چەوتی! پێشوویان ڕاست بکەنەوە؟

وازهێنان لە بەرنامەی چاوەدێریی حەشیمەتو هەوڵدان بۆ زۆرکردنی حەشیمەت چەندە سیاسی، چەندە کارناسیبۆکراو، چەندە ئامانجدارەو میکانیزمەکانی کامانەنو دروشمەکانی» منداڵی کەمتر و ژیانی ئاسوودە» چۆن لە زەینو بیرکردنەوەو دۆخی ڕاستەقینەی ژیانی خەڵک لە ئێران دەسردرێتەوە؟ ئایا خەڵک بەپیلی ئەو بانگەوازەو ئەو داوا سیاسییەوە دەچن؟ ئەگەر بەڵێ چەندەو ئەگەر نا بۆ؟

سروشتییە کە حەشیمەت وەک هێزی ئینسانیی کار لە تەنیشت هەندێ فاکتۆری دیکەی وەک سەرمایەو سەرچاوەو سامانە سروشتیو کانزاکان بنەمای گەشەو بەهێزیی هەر کۆمەڵگەو وڵاتێکە، چەندی ئەو هێزە ئینسانییەش لاو بێ، ئەوەندە زیاتر کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕوو لەگەشەی ئەو وڵاتە دادەنێ، لەو ڕوانگەیەوە داڵغەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی دەکرێ بە گرینگ وەربگیردرێ، بەڵام لە جێدا ئەو پرسیارەش دێتە ئاراوە کە ئاخۆ ئێرانو گەشەی ئابووریی وڵاتی ئێران لە ئێستادا لەسەر هێزی ئینسانیی کاری کەم پەکی کەوتووە؟ ئایا گەشەی ئابووریی

وڵاتێک پێوەندی بە چەندیو ژمارەی زۆری حەشیمەتەوە هەیە، یان چۆنیەتیو ئاستی تواناو وەگەڕخستنی ئەو هێزە ئینسانییە لە پرۆسەی وەبەرهێناندا؟ ئایا ئەمنیەتی نیشتمانی لە ڕووی بەرگری لە خاکو سەروەریی سیاسی ڕێژەی کەمی حەشیمەت دەیخاتە مەترسییەوە، یان جۆری سیاسەتو هەڵکردن لە دنیای سیاسیو پێوەندییە نێو دەوڵەتییەکاندا؟ پێویستییەکانی بردنەسەریی ڕێژەی حەشیمەت لە وڵات، وەک ئیمکاناتی بێهداشتی، خوێندەواریو پەروەردە لەگەڵ دابینکردنی کارو خۆشبژێوی چەندە بۆ حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران بۆ خەڵکی ئێستایو حەشیمەتی داهاتووی دەست دەدا؟

بۆ وەڵام وەرگرتنەوە دەبێ سەرێک لە داتاو ئامارەکان هەڵێنینو ئەگەرچی زۆربەی کارناسانی ئامار پێیان وایە ئامارە ڕەسمییەکان لە کۆماری ئیسلامیدا بارتەقای واقعو ڕاستییەکان نینو لە بەرژەوەندیی نیزامدا لە بێژینگ دەدرێن، بەڵام ئێمە هەر ئەو ئامارە ڕەسمییانە بە نموونە وەردەگرین:

• عەلی باقرزادە، سەرۆکی ڕێکخراوی هەڵمەتی خوێندەوارکردنی ئێران دەڵێ ٩ میلیۆنو ٧٣٠ هەزار کەس لە خەڵکی ئێران بە تەواوی نەخوێندەوارنو نیزیک ٣٠ میلیۆن لە خەڵکی ئێران تا قۆناغی ناوەندی خوێندییانە. وەزارەتی پەروەردەی ئێران پێویستی بە پتر لە ٦٠٠٠ قوتابخانەو خوێندنگە هەیە کە دەوڵەت توانای دروستکردنیانی نیەو چاوی لە دەستی خێرخوازانەو هیممەتی ئەوانە. بە دەیان هەزار پۆلی خوێندن لە ئێران پێویستییان بە نۆژەنکردنەوەو قایمکردنەوە هەیەو کەمترین بودجە لە ڕیزی بودجەی وڵاتدا بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەکرێ.

• وەزارەتی بێهداشت دەڵێ سەدی ٥٠ ی ئاواییەکانی ئێران پزیشکیان نیە، دوکتور ئەنووشیروان موحسێنی، بەڕێوەبەری «ڕێکخراوی بیمەی سڵامەت»یش دەڵێ کە نزیکەی ١٠ تا ١٣ میلیۆن کەس لە خەڵکی ئێران هیچ جۆرە بیمەیەکیان نیە. ئەوەش لەولا کە حەشیمەتێکی نزیکەی ٧ میلیۆن کەسی تووشی نەخۆشیی درێژخایەن هاتوونو، بەوەش دەتوانین بڵێین کە نزیکەی ٢٠ میلیۆن کەس لە خەڵکی ئێران نە بیمە کراونو نە پووڵی دەرمانو چارەسەری نەخۆشییەکانیان هەیە. جیا لەوەش کە هەر ئێستا سەدی ٧٠ ی تیچووی دەرمانو سڵامەت خەڵک لە گیرفانی خۆیان دەیدەنو تەنیا سەدی ٣٠ لەلایەن بیمەو دەوڵەتەوە دەدرێ، ئەوەش لە باری بێهداشتو سڵامەت.

• ناوەندی ئاماری ئێران دەڵێ ٤٠ میلیۆن کەس لە حەشیمەتی ئێران هیچ دەورێکیان لە هەڵسووڕاندنی چەرخی ئابووریی وڵاتدا نیە، ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن نرخی بێکاری لە وڵات سەدی ٢٣ یە، بەڵام پارێزگاری کرماشان

وەک پلەبەرزترین کاربەدەستی دەوڵەت لەو پارێزگایەی کوردستان دەڵێ نرخی بێکاری لە کرماشان پتر لە سەدی ٤٠ و، پارێزگاری ورمێ دەڵێ نرخی بێکاری لەو پارێزگایە سەروو سەدا ٣٠ و، پارێزگاری سنە دەڵێ نرخی بێکاری لەو پارێزگایە سەروو سەدی ٣٥و پارێزگاری ئیلامیش دەڵێ نرخی بێکاری لەو پارێزگایە سنووری سەدی ٤٥ ی بڕیوە، دوایین ئاماری بانکی ناوەندی دەڵێ نرخی ئاوسان سەدا ٤٥ و؛ نرخی هەڵدان لە خوار سیفرو؛ بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی پیشەسازیو کانزاکان کاریگەریی گەمارۆکان لەسەر ئابووریی ئێران وای کردوە سەدی ٤٥ ی کارخانەو کارگە پیشەییو بەرهەمهێنەرەکان لە وڵات دابخرێنو ئەوانەی دیکەش بە کەمتر لە نیوەی تواناو زەرفییەتی خۆیان کار بکەن. ئەوەش ئاماژەو چەند سەرنجێک لە سەر بارودۆخی ئابووریی وڵات.

• هێزی ئینسانیی بەرهەمهێنەری هەر وڵاتێک توێژی لاوی پسپۆڕو کارلێهاتووی ئەو وڵاتەیە، ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن سەدی ٣٠ ی حەشیەتی لاوی ئێران بێکارن، ١ میلیونو ٦٠٠ هەزار لاوی دەرچووی زانکۆ، واتە هێزی کاراو پسپۆڕی ئەو کۆمەڵگایە خولیای شەو ڕۆژییان دەستکەوتنی کارە، ئێران لە ڕووی خۆشبژیویی خەڵکو هیوا بە ژیانەوە لە نێو ١٥٤ وڵاتدا لە ڕیزی ١٢٥ دا جێی گرتوە، نێونجی هێڵی هەژاری لە ئێران بۆ بنەماڵەیەکی ٤ کەسی یەک میلیون تمەنە، بەڵام لە کاتی ناووسی بۆ وەرگرتنی یارانەکاندا سەدا ٦٠ ی ئەو خەڵکەی بۆ وەرگرتنی یارانە ناونووسییان کردوە گوتویانە کەمتر لە ٦٠٠ هەزار تمەنیان لە مانگدا داهات هەیە، بێکاری، گرانی، بێهیوایی لاوانی وڵاتی لە پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش دوور خستۆتەوەو لەولاش بەهۆی ئەو بارودۆخەوە ئاماری تەڵاقو جیابوونەوەکان هەر دێنو زیاد دەکەن، ئاواش کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەیانەوێ خەڵک بەرەو پیلی داواکانیان بچنو وەچەی زیاتریان بۆ بخەنەوە.

لە ژێر ڕووناکایی ئەو ئامارو بابەتانەی ئاماژەیان پێکرا، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو بەرنامەیە چەندە لە ناخی خۆیدا ماهییەتی دژە ژنانەی هەیە، بێ ئاماژە بەوەی کە دەوڵەت تەنانەت توانای دابینکردنی ڕێکاری هاندەرانەشی بۆ جێخستنی ئەو سیاسەتە نوێیەی نیە، دەبێ بڵێین کە گۆڕینی بیرکردنەوەی خەڵک بۆ ژیانو ئەو بارودۆخەی نیزامی سیاسیی وڵات بۆ ئەو خەڵکەی دروست کردوە، ڕێگە نادا یۆتۆپیای کاربەدەستانی پایەبەرزی ڕێژیم بۆ پاراستنی سەروەریی خاکو نیزامی سیاسی لە ڕێی زاوزێی زۆرەوە وەدی بێ.

لە ژمارە ٦٣٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٤ی مای ٢٠١٤

## دەنگی پێی بێگانە لە سەر خاکی کورد

ئەوەی کە نەیارانو دوژمنانی کورد لە ئێرانیش ناتوانن حاشای لێبکەن ئەوەیە کە نەتەوەی کورد ڕەسەنترینو بەڕابردووترین نەتەوە لە ئێرانی کەونارە کە ٧٠٠ ساڵ پێش زایین ئیمپڕاتۆریو دەسەڵاتی خۆی بووە. ئەوە ئیدیعای کورد لە ئێران نییە، بەڵکوو هەموو مێژووناسانو ڕۆژهەڵاتناسە بیانییەکانیش سوورن لە سەر ئەوەی کورد بە درێژایی مێژوو لە نیشتمانی خۆیو لە سەر خاکی بابو باپیرانی خۆی ژیاوە، خاکو هەرێمی کەسی داگیر نەکردووەو لە شوێنێکی دیکەی ئەو جیهانەشڕا بارگەو بنەی هەڵنەگرتوە تا لێرە دایخا، بەڵکوو لەسەر خاکی خۆی پشکوتووەو تا ئێرەی هێناوە.

لە مێژووی هاوچەرخیشدا ئەگەرچی بووەتە قوربانیی سیاسەتی ئیستعماریو داگیرکاریی زلهێزە جیهانییەکانو لەسەر بەرژەوەندیی ئەوان لەتو کوت کراوە، بەڵام بەو حاڵەش قەت تەماحی لە خاکو نیشتمانی نەتەوە دراوسێکانی نەکردووەو باوەڕی قووڵی بە پێکەوەژیانو هەڵکردنی بە ئارامیی نەتەوەکانی ئەو ناوچەیە لە دراوسێیەتی یەکتر بووەو هەیە، بەڵام لە بەرامبەردا دەبینین کە پێچەوانەکەی لە دژی کورد کراوە.

فاکتە مێژووییەکان دەڵێن لە سەردەمی دروستبوونی دەوڵەت نەتەوەکان لە ناوچەو لەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندی بەردەوام حاشاکردن لە پرسی نەتەوەیی کوردو هەوڵدان بۆ تواندنەوەو سەرکوتی ویستو داخوازەکانی ئەوانو نامۆکردنیان لە خاکو نیشتمانەکەیان بووە، سیاسەتێک کە چەندە لێی سەرکەوتوو بوون یا نەبوون باسێکەو، بەردەوامیی ئەو دەوڵەتانە لەو سیاسەتە بە تایبەت کۆماری ئیسلامیی ئێران باسێکە کە لێرەدا دەپرژێینە سەری.

کۆماری ئیسلامیی ئێران پتر لە ٣٥ ساڵە جڵەوی دەسەڵاتی ئێرانی بە دەستە. ئەو ڕێژیمە ئەگەر لەلایەک درێژەپێدەری سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەی کوردو میراتگرێکی باشی ڕێژیمی پاشایەتی بوو، لەلایەکی دیکەوە شەڕی کوردستانو کەوی نەبوونو سەردانەنواندنی کورد بۆ دەسەڵاتی دژەگەلیی ئەو ڕێژیمە بووە هۆی ئەوەی کۆماری ئیسلامی بە پلانی وردترو سیستماتیک هەم بۆ لێدان لە خەباتی نەتەوەیی، هەم بۆ گۆڕینی دێموگڕافیی کوردستانو هەم بۆ نانەوەی ئاژاوەو دووبەرەکی لە نێوان دوو نەتەوەی کوردو ئازەری بەرنامەی تواندنەوەی کوردو

سیاسەتی داگیرکردنی خاکەکەی‌و بێگانەکردنی کورد لە نیشتمانەکەی بباتە پێشێ.

ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستان دەیبینین، لە گەشەو هەڵدانی ئابووریی ئەو ناوچەیە لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران، لە پشکی بژاردەو نوخبەکانی کورد لە پێسپاردنی بەرپرسایەتی‌و بەڕێوەبەرییەکان، لە تەقینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، لە کپ کردنی هەرچەشنە دەنگێکی نارەزایەتی دەربڕین‌و سەرکوتی خەڵک هەر بۆ ئەو سیاسەتە دەگەڕێتەوە، بەڵام لە هەمووی گرینگتر و ڕووخێنەرتر جێبەجێکردنی سیاسەتی نەرم‌و خشۆکی دروستکردنی قەیرانی شوناس لە نێو نەوەی نوێی کورد، بردنە ژێرپرسیاری خەباتی حەقخوازیی کورد، گۆڕینی جوغرافیای ژیانی کوردو ناشیرین کردنی ڕوخسارو سەمبولەکانی پێناسەی نەتەوەیی کوردە.

نابێ ئەوە بە هەڵکەوت بزانین کە بۆ هەموو ئەو کەسانەی بە تاوانی جینایەت، دەستدرێژی کردنە سەر ژنان‌و قاچاغچیی مادده هۆشبەرەکان لە داردەدرێن پاتۆڵی کوردییان لەبەر دایە؟ یان بڵاوکردنەوە کۆمەڵە گۆڤارێکی وەک « چشم‌انداز» بێ ئەوەی لایەنی بەرامبەر وەک کورد دەرەتانی گوتنی ڕاستییەکانی تێدا هەبێ، دروستکردنی کۆمەڵە فیلمێکی وەک «کانی مانگا»، « گلها و گلولەها»، « چ، وەکوو چەمران» و زۆر فیلم‌و بڵاوکراوەی دیکە کە مەبەستیان خەوش خستنە سەر خەباتی کوردو بەلاڕێدا بردنی ویستو داوای سەرەکیی خەڵکو شێواندنی زەین‌و بیرکردنەوەی نەوەی نوێیە.

لەوە بترازێ جیاکردنەوەی خاکو گوندەکان‌و زەوییە کشتوکاڵی‌یەکانی ناوچەکانی کوردستان‌و، دانی ئەو ناوچانە بەو ناوچە ئازەری‌نشینانەی لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە خەڵکی ئازەرییان تێخزاندوون‌و حەشیمەتەکانیان بردوونە سەرێ، وەک ئەوەی لە ناوچەکانی مەهاباد، سەڵماس، خۆی، ساین‌قەڵا، ورمێ‌و تیکاب دەیبینین. بەخشنامەکردنی پێنەفرۆشتنی ملکو ماش بە کوردەکان لە شارەکانی ورمێ، تەورێز، سەڵماس، خۆی‌و ماکۆ بۆ نووسینگەکانی کڕین‌و فرۆشتن‌و هەڕەشەی لێسەندنەوەی «پەروانە کەسبەکانیان» لە ئەگەری لادان لەو بڕیارەش نموونەیەکی دیکە لەو سیاسەتو پلانەیە.

سەیر ئەوەیە لە کاتێکدا ئەو بڕیارە دراوە کە سەدی ٦٠ ی ئاوی خواردنەوەی پارێزگای تەورێز لە کوردستان دابین دەکرێ‌و گەورەترین کانگای زێڕی وڵات لە کوردستان هەڵکەوتووەو ئەوە هەر سامانە سروشتیەکانی کوردستانە کە بە پانەوە لە کوردستان دەبرێنە دەرێ‌و خێرو بێرەکەی بۆ هەموو کەس لە ئێران جیا لە کوردەکانە.

ئەو بابەتانەی ئاماژەیان پێدراو بەرهەمی سیاسەتی نەرمی حاکمییەت لە کوردستان بۆ ژێنۆسایدی سپیی کورد لە ئێران نە شتێکە حاشای لێدەکرێو نە ڕەوتێکە کە وەستانی بووبێ، هەر بۆیەش وشیاریی خەڵکو بژاردنەکانی کوردو بێدەنگ نەبوونیان بۆ مایەپووچ کردنەوەی ئەو هەوڵانە زۆر گرینگە. ڕاستە کورد هەموو هەوڵی چارەسەری ئاشتییانەی پرسەکەیو هەڵکردنو نەرمی نواندن لە بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندی بووە، بەڵام چیدی بە بێخەمی بە تەنیشت ئەو بابەتە هەستیارەدا تێناپەڕێ. نوێنەرانی کورد لە مەجلیسو چالاکانی سیاسیش پێویستە بکەونە خۆ، بە هێنانەبەر باسی ئەو بابەتە لە کۆڕو کۆمەڵە سیاسیو ناوەندەکانی بڕیار ئەو بابەتە یەکلا بکەنەوەو تیشک بخەنە سەر ئەوەی ئەو پلانو سیاسەتەی حاکمییەت هەر لە جێدا بەرەوڕووی شکست بۆتەوە. چاوخشاندن بە ڕووداوەکان لە عیراق، سووریەو تورکیە پێمان دەڵێ کە سەردەمی حاشاکردن لە پرسی کورد تێپەڕیوەو هەوڵدان بۆ تواندنەوەی ئەو نەتەوەیە چ بە زەبرو زەنگو چ بە ژێنۆسایدی سپی نەک نەگەیشتۆتە هیچ ئاکامێک، بەڵکوو تەنیا دەرفەتەکان بۆ ژیانی ئارامو پێکەوەژیانی ئاشتییانەی لەبار بردوە، کەواتە با بەجێی دوورخستنەوەی کورد لە دەسەڵاتو بەشداریی سیاسی، ئەگەر لە خەمی وڵاتو یەکپارچەیی ئێران دان، با باوەش بۆ بەشداریی کورد لە بەڕێوەبردنی وڵات بکەنەوەو ئاوڕ لە مافو داوا ڕەواکانیان بدەنەوە، سبەی ڕۆژ بۆ ئەو باسانە زۆر درەنگە.

لە ژمارە ٦٣٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢١ی جوونی ٢٠١٤

---

## زمان وەک شوناسو پێناسی نەتەوەییو، وەک مافو داوا

[ کورتە سەرنجێک لەسەر هەڵوێستی عەلی یونسی لەسەر خوێندن یان نەخوێندن بە زمانی دایک ]

حەسەن ڕووحانی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ساڵی ٩٢ لە کوردستانو ناوچە پەراوێزخراوەکانی دیکەی ئێران زۆرترین دەنگی دەنگدەرانی بۆ خۆی کۆکردەوە کە بێگومان یەکێک لە هۆکارەکانی ئەگەر لەلایەک پێشوازییو ئامادەیی خەڵکی کوردستان بۆ هەرچەشنە گۆڕانێک لە پێناو کرانەوەی سیاسی بوو، هۆیەکی دیکەشی بۆ ئەو وادەو

بەڵێنانە دەگەڕاوە کە ڕووحانی لە بواری مافە مەدەنیو نەتەوەییو کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکدا دەیدان.

یەکێک لە وادەو بەڵێنانە جێبەجێکردنی مافی خوێندن بە زمانی دایکی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بوو، ئەو بەڵێنییە لە بەیاننامەی ژمارە ٣ ی ڕووحانیو لە بەیاننامەی نەتەوەکان (قەومەکان)، دینو ئایینزاکاندا بە تۆخی ڕەنگی دابۆوە.

حەسەن ڕووحانی دوای بردنەوەی گرەوی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری بە دیاریکردنی عەلی یونسی، وەک یاریدەدەری خۆی بۆ کاروباری کەمایەتییە ئایینیو نەتەوەییو ئایینزاکان ئەو تروسکاییەی لە دڵی هیواداری نەتەوەکاندا ڕاگرت کە دەکرێ ئەمجارەیان جێبەجێکردنی ئەسڵی پشتگوێ خراوی ١٥ و ١٩ ی قانوونی بنەڕەتیی وڵات تینێکی تێبگەرێو دوای ٣٥ ساڵ بخرێتە ڕۆژەڤی کاری دەوڵەتەوە. بەڵام لەو دواییانەدا نووسینێکی عەلی یونسی لە پەیجی فەیسبووکیی خۆی لەسەر بابەتی خوێندن یان ڕێگری لە خوێندن بە زمانی دایکی ئەو باسەی بە لایەکی دیکەدا ختستەوە.

یونسی دەڵێ «هەندێ لایەن لە نێو دەسەڵاتدا بە هیچ جۆرێک نایانەوێو نایەڵن باس لە خوێندن بە زمانی دایکیو خوێندن بە زمانێکی غەیرە فارسی بکرێ، هەندێک لایەنیش لە نێو نەتەوەکانی دیکەی غەیرە فارسدا لە سەر ئەو بابەتە کە زۆریش لە ئەولەوییەتدا نییە پێداگری دەکەنو ئەوەش کێشەی بۆ دەوڵەتو دزگای جێبەجێکاری وڵات دروست کردوە.»

لە پێوەندی لەگەڵ ئەو دوابۆچوونو قسانەی یونسی، یاریدەدەری سەرۆک کۆماری ئێران بۆ کاروباری ئێتنیکو کەمایەتییە ئایینییەکانی ئێران پێویستە چەند سەرنجێک بێنمە بەرباس:

یەکەم ئەوەی جیا لەوەی بە ڕوونی باس لەوە ناکەن کێن ئەو کەسو لایەنانە وەک جنو بیسمیللا لە خوێندن بە زمانی دایکی بۆ نەتەوە نافارسەکان دەسڵەمێنەوە، بەڵام مادام ئەوەی ماوەی زیاتر لە ٣٥ ساڵە دەسەڵات ئەو مافەی لە زۆرینەی خەڵکی ئێران لە زەوت کردوە، خەڵک ئەوە بە ئیرادەو بڕیاری هەموو حاکمییەت دادەنێن، نەک بەشێک لە حاکمییەتو هیچ لایەنێک لە نێو حاکمییەتدا ناتوانێ خۆی لەو تاوانە بدزێتەوە.

دووهەم ئەوەی بە سەرنجدان بەوە کە نەک هەر وادەو بەڵێنی جێبەجێکردنی خوێندن بە زمانی دایکی، بەڵکوو

وادەو بەڵێنەکانی دیکەی سەرۆک کۆمار لە کاتی بانگەشەکانی هەڵبژاراردن لەمەڕ کرانەوەی سیاسیو بووژاندنەوەی ئابووریی کوردستانو سڕینەوەی ڕوانینی ئەمنیەتی لە کوردستان نەهاتوونە دیو بێبەشیی خەڵکی کوردستان لە مافە سیاسیو مەدەنییەکانیان هەر وەک جارانەو وەک چۆن بینیمان کە سیاسەتی سەرکەوتو زەبروزەنگو بگرەو بەندو ئێعدامی چالاکانی سیاسیی کورد هەر وەک پێشوو لە کوردستان لە برەو دایە، دەبێ جەنابتان ئەوە بزانن کە نابێ چیدی خۆڵ لە چاوی خەڵک بکەن، خەڵکی کوردستان ئاکارو ڕەفتارو بڕیارو کردەوەکانتان دەبینێ، نەک قسەی سەر زارتانو؛ بە گوتاردەرمانیش پرسی خەڵک لە کوردستانو ئێران چارەسەر نابن.

بەڵام لەو بەشەشدا کە دەفەرموون! کە »خوێندن بە زمانی دایکیو پێداگریی کۆمەڵێک کەسو لایەن لە سەر ئەو داوایە کە لە ئێستادا زۆریش لە ئەولەوییەتدا نییە»، لەو بارەوە ئەمن پرسیار لە جەنابتان دەکەم کە ئەگەر ئەو بابەتوداوایە لە ئەولەوییەتی داوا سەرەکییەکانی خەڵکی کوردستان نییە، ئاغای حەسەن ڕووحانی لە بەرچی لە بانگەشەکانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریدا بەیاننامەی ژمارە ٣ ی تایبەت بە مافەکانی ئیتینیکو کەمایەتییە ئاینییەکانی وەک بەڵگەو سەنەدێک بڵاو کردەوە؟ چۆنە ئەو کات ئەوە ئەولەوییەتی ویستو داوای خەڵکی کوردستان بوو، بۆیەش لە بەندی ٤ی بەیاننامەکەدا زۆر بەڕوونیو ڕاشکاوی هێنابووتان کە ئامانجی دەوڵەت جێبەجێکردنی ئەسڵی ١٥ ی قانوونی بنەڕەتیی وڵاتو خوێندن بە زمانی دایکی بۆ هەموو نەتەوەکانی کورد، ئازەریو عەرەبو نەتەوەکانی دیکەیە، ئێستا چۆنە کە دوای ڕاکێشانی دەنگی ئەو خەڵکەی کە بەتەمای وەدیهاتنی ئەو مافو داوا سەرەکییانە ئێوەی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرخست، هەموو ئەوانە بوونە داوای ناڕەواو زێدەخوازی؟

ئاغای یونسی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەوروبەری خۆیان لە ناوچەکەدا دەبینن، دەبینن کە کوردەکان لە باکووری کوردستان خۆیان بۆ گرتنەدەستی پۆستی سەرۆک کۆماری پاڵاوتووە، دەبینن کە لە خۆراوای کوردستان بە دروستکردنی کانتۆنەکانو بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری خۆیان ناوچەکانی خۆیان بەڕێوە دەبەن، دەبینن کە کورد لە باشوور چەند هەنگاوی تا سەربەخۆیی ماوە، ئەدی ئێوە لە چیڕا پێتان وایە خوێندن بە زمانی دایک، وەک سەرەتاییترین مافی هەر کەسو نەتەوەیەک لە ئێران بۆ کوردستان بەشێک لە داوا سەرەتایی نەک سەرەکییەکانیشی نییە؟

ئەوە نییە لە هەرچی هەڵبژاردنی ئەو وڵاتە بۆ نوێنەرایەتیی مەجلیس، سەرۆک کۆماریو شووراکانی شارو گوندەکانە یەکەم دروشمو بەڵێنیی کاندیداکان کارکردن بۆ ئەو مەبەستەیە، ئەوە نییە شارو گوندی کوردستان

ئەماوە فێرگەی زمانی کوردی لێ دانەنرێو پیرو منداڵو کوڕو کاڵ خۆویستانە لەو کلاسانەدا بۆ فێربوونی خوێندنەوەو نووسینی زمانی خۆیان بەشدارییان تێدا نەکەن، ئێستا چۆنەو بە چیڕا ئێوە دەڵێن ئەوە داوای سەرەکیو گرینگی خەڵکی کوردستان نییەو پێداگری چالاکانو هەڵسووڕاوانی سیاسیو مەدەنیی نەتەوەکان لە سەر ئەو داوایە لاسارییە؟

ماوە بڵێین کە ئاغای یاریدەدەری سەرۆک کۆمار! زمانی دایک بەشیک لە شوناسی نەتەوەییو کلتووری هەر تاکو نەتەوەیەکە، خەڵک شوناسو هۆوییەتی خۆیان دەوێ؛ خوێندن بە زمانی دایک مافی سەرەکی، سەرەتاییو بێ ئەملاوئەولای هەر تاکێکە، ئەویش لە وڵاتو نیشتمانی خۆی، ئەوە مافەو هیچ کەسو لایەنێک بۆی نییە ئەو مافە لە ئەویدی زەوت کا.

ئاغای یونسی! جیا لەوەی خوێندن بە زمانی دایک مافی سروشتی، بەڵکوو لەمڕۆدا مافێکی کۆمەڵایەتیو سیاسیشەو تەنانەت بەپێی پەسندکراوەکانی یونسکۆ دەوڵەتەکان کە ئێرانیش یەک لە وڵاتانی ئەندامە، پێبەند بە پاراستنی زمانەکان وەک میراتێکی سیاسیو کلتووریو کۆمەڵایەتی کراونو ئەوە پێخوێندنو بەکارهێنانو بە رەسمی ناسینی زمانە کە دەتوانێ لە شاڵاوی نەمان بیپارێزێ.

ئاغای یاریدەدەری سەرۆک کۆمار! ئێوە دەبێ بزانن کە نابێ سیاسەتی حاشاو ڕێگریی خۆتان لە وەدیهاتنی یەکێک لە مافە سەرەکییەکانی خەڵک بەوە پاساو بدەنەوە کە ئەوە بابەتو داوای سەرەکیی خەڵک نییە، ئەوە خۆڵ لە چاوی خەڵک کردنەوەو کەس ئەوە لە زمانی ئێوە وەرناگرێ، چونکی نیازی دڵی ئێوە ئێستاکە هەموو دەیزانن. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە تا کەنگێ هەڵە تێگەیشتنو چەوت بیرکردنەوەی ئێوە دەبێ هەروا درێژەی هەبێ کە بوونی فرەزمانی لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا نەک هەڕەشە بۆ سەر تەواوەتیی ئەو وڵاتە نەبووە نییە، بگرە دەرفەتو بوارو بەستێنێکی لەبار بۆ تێکەڵاویی زمانیو کلتوورییە، بەپێچەوانەو بگرە سووربوون لە سەر سەپاندنی زمانێکی تایبەتو فارساندنی بیری کوردی، زمانی کوردی، شوناسی کوردییە کە دەتوانێ مەترسییەکانی لێکترازانو هەڕەشە بۆ ئەو تەواویەتییە دروست بکا؟

**لە ژمارە ٦٣٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**٢٢ی جووڵای ٢٠١٤**

## نوێنەرانی کورد لە مەجلیس، خەمی خەڵکو ئەرکە لەبیرکراوەکانیان

خەڵک باش دەزانن لە کاتی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسدا ئەوانەی مرخی خۆیان لە کورسییەکانی مەجلیس خۆش کردووە بۆ ئەوەش دەنگی خەڵکیان پێویستە، زۆر باش لە سەر مافی خەڵکو داوای خەڵک دەرۆنو جاڕ دەدەن. ئەو پاڵێوراوانە لەو کاتانەدا لەگەڵ ئەوەی بەهێنانە بەرباسی سەلاحییەتو زەرفییەتی تواناکانی نوێنەرێکی مەجلیس وادە مزگێنیی بەکارهێنانی هەموو ئەو تواناو زەرفییەتانە لە پێناو دەستەبرکردنی مافو داوای خەڵک لە ئەگەری هەڵبژێرانیاندا دەدەن، تەنانەت لە ئەرکو سەلاحییەتە قانوونییەکانیشیان لادەدەنو پێیان دەکرێ هەمو گرێگوێرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک بکەنەوە، بەڵام دوای هەڵبژێرانیانو پاڵدانەوە لە کورسییەکانی بەهارستان هەموویان لە بیر خۆیان دەبەنەوە.

نووسینی ئەو بابەتە بۆ نومرەدانو دروستکردنی کارنامە بۆ نوێنەرانی کورد لە مەجلیس نییە کە کامیان زۆری کردووە کێ کەمیی هێناوە، بۆ بیرهێنانەوەی وادەو بەڵێنییەکانیان، بۆ بەگوێدادانی ئەرکە لەبیرکراوەکانیانو بۆ تیشک خستنە سەر ئەو بەستێنو زەرفییەتانەیە کە نوێنەرانی کورد لە مەجلیس زۆر کەم دەیانبینن، زۆر کەم بەکاریان دێننو بە ڕووداوانەوەی ئەوەیە کە ئەوەندەی لە خەمی کورسیو پلەو پایەی ئێستاو داهاتوویانن. هیچ لە خەمی خەڵکەکەیاندا نین، هەر ئەو خەڵکەی لە سۆنگەی ئەوانەوە بە ئێرە گەیشتوون.

کەم نین ئەو کێشانەی ژیانیان لە خەڵکی کوردستان تاڵ کردووە زۆر کەمن ئەو بەدەنگەوەهاتنو کارو کردوانەی نوێنەرانی مەجلیس کە لەو پێوەندییەدا دەبێ بیکەن. ئەمڕۆکە بێکاری کێشەی سەرەکیی خەڵکی کوردستانە کە لە سۆنگەی ئەو قەیرانەوە زۆر کێشەو قەیرانی دیکەی وەک هەژاری، ئێعتیاد، تەڵاق، کۆچ، خەمۆکیو تەنانەت خۆکوژی بەربینگی بە خەڵک گرتوە؛ کوردستان بەهۆی ناخۆیی سەیرکرانی لەچاو ناوچەکانی دیکەی ئێران کەمترین پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، کەمترین کاری وەبەرهێنانی تێدا کراوە، کەمترین کارخانەو کارگای لێ داندراوە، کەمترین ئێعتبارو بودجەی بۆ کاروباری ئاوەدانی بۆ لەبەرچاو گیراوە، نە ڕێگەو بانی بەکەڵک دێ، نە قوتابخانەو خوێنگەکانی کە نیوەیان ئی سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتین، نە نەخۆشخانەو ناوەندە دەرمانییەکانی؛ خەڵکی کوردستان دەبینن کە کانگاو سەرچاوە سروشتییەکانیان بە تاڵان دەبرێ، چی بەردی زێڕو مەڕمەڕو گڕانیتو مسە لە کوردستان دەریان دەهێننو بۆ ئیسفەهانو یەزدو ناوچەکانی دیکەی ئێران دەبرێنو بەشی خەڵکی کوردستان

دامەزرانی ٤٠ - ٥٠ کەس وەک کرێکارو دووکەڵو پیسبوونی ژینگەکەیانە؛ خەڵکی کوردستان لەسەر داواکردنو بەدواداچوون بۆ سەرەتاییترین مافەکانیان دەگیرێن، حوکمی قورس دەدرێن، لە داردەدرێن؛ بۆیان نییە بە زمانی خۆیان بخوێنن، ئەگەر نەبنە بەسیجو خۆشخزمەتی بە نیزام نەکەن بۆیان نییە چاویان لە زۆر مەقعییەتی خوێندنی بەرزو کارو بەرپرسایەتی هەبێ با سەد ئەوەندەش شایانو لایقی بن؛ بۆیان نییە ناوچەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن ئەگەرچی زۆر باشیشی لێ بزانن، بەڵام مین لە مەزراو مووچەکانیانو لە بن پێیاندا دەتەقێتەوە، بە تاوانی کارو کاسپی لە ناوچە سنوورییەکان دەدرێنە بەر دەسرێژ، لە نێوشارو لە نێورێگای شارەکاندا سەرەڕۆیانە تەقەیان لێدەکرێ، نە بنەماڵەی بەبێتاوان کوژراوەکان قەرەبوو دەکرێنەوە، نە بکوژەکان لێیان دەپرسنەوە، نە بریندارەکانی تەقینەوەی مین مافە قانوونییەکانیان پێ دەدرێ، نەکار بۆ دووپاتنەبوونەوەی ئەو کارەساتانە دەدرێ.

بەنداو لێ دەدرێو شوێنەوارە مێژووییەکانو سامانە نەتەوەییو ژینگەییەکانی کوردستان بنئاو دەکەوێ، بەهۆی کەمتەرخەمیی ناوەندە حکومییەکان پۆلی خوێندن ئاور دەگرێ، منداڵ دەسووتێنو هەڵدەپرووزێنو دوایە لەلایەن دەوڵەتەوە پشتیان تێدەکرێو بیردەچنەوە... پرسیار ئەوەیە کە نوێنەرانی کورد لە مەجلیس لە کوێی ئەو کێشانەدا خۆیان دەبیننەوە؟ چەندە ئەوانە بە خەمی خۆشیان دەزانن؟ لە کوێ شانیان وەبەر سووککردنی کەمە بارێکی ئەو خەڵکە داوە؟ قسە کە هیچی تێناچێ، بەڵام چەندە قسەی خێریان کردووە چەندە بەکردەوەش هەوڵیان بۆ داوە؟ با ئەوان خۆیان وڵام بدەنەوە...

بەڵام وڵام ئەوە نییە کە بڵێی ئەوانە کاری ئیجرایینو لە ئەرکی نوێنەرانی مەجلیس نین، یان ئەوەیان بەشی من نییەو کێشەی خەڵکی شارەکەی من نییە، چونکی نوێنەرانی مەجلیس هەم وەک تاک دەسەڵاتیان هەیە ئەگەر بڕشتیان هەبێ، هەم وەک گرووپو فراکسیۆن ئەگەر بیانەوێ پێکی بێننو بۆ مەبەستە تایبەتەکان بە قورسایی زیاترەوە بەکاریان بێنن.

ئەرکی نوێنەرانی مەجلیس دیارە کە لە دوو بەشی قانووندانانو چاوەدێری دایە، نوێنەرانی مەجلیس دەتوانن لە چوارچێوەی قانوونی بنەڕەتیی وڵاتداو لە پێوەندی لەگەڵ هەموو پرسە گشتییەکانی کۆمەڵانی خەڵکدا قانوون دابنێن، پرسیار ئەوەیە نوێنەرانی کورد لە مەجلیس وەک خۆیان سەرچاوەی پەسندکردنی کام قانوون بۆ چارەسەری بەشیک لە کێشەکانی خەڵکەکەیان بوون، یان ئەوەی بۆ کۆکردنەوەی دەنگی نوێنەرانی ناوچەکانی دیکەو

دروستکردنی قورساییی زیاتر توانیویانە کام بار لە سەر شانی خەڵکەکەیان سووک بکەن؟

بەشێکی دیکە لە ئەرکو سەلاحییەتەکانی نوێنەرانی مەجلیس چاوەدێری بەسەر کاروباری دەوڵەتو دەزگای قەزایی دایە، نوێنەری مەجلیس بۆی هەیە لە هەموو بڕیارو کارێکی وەزیرەکان، ئۆستاندارەکان، فەرماندارەکان بپرسێتەوە، چاوەدێری بەسەر چۆنیەتیی ڕاپەڕاندنو جێبەجێکردنیاندا بکا، بە زارەکیو بە نووسراوە وەزیرو بەڕێوەبەرانی وڵات لە بڕیارێک یان شتێک وریا بکاتەوە، بانگیان کاتە کۆبوونەوەی مەجلیسو پرسیاریان لێ بکا، ئیستیزاحیان بکا؛ لێژنەی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بۆ پرسە گرینگەکانی خەڵک پێک بێنێو، لە هەر جێیەک بزانێ مافێک لە خەڵک زەوت کراوە لەوێ خۆی دەربخاو خۆی لێ بەسێحەب بکاو .... پرسیار ئەوەیە نوێنەرانی کورد لە مەجلیس لەو بەشەشدا خۆیان لە کوێی ئەو باسو ئەرکانەدا دەبیننەوە؟

بۆ نموونە لە پێوەندی لەگەڵ تەقەکردنی ناقانوونیو سەرەڕۆیانەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لە کوردستان کە ڕۆژانە کوژرانو برینداربوونی کۆڵبەرانو کاسبکارانی لێ دەکەوێتەوە، یان تەقینەوەی مین لە بن پێی خەڵکی مەدەنی تا ئێستا وەزیری نێوخۆ بانگ کراوە، یان هەر پرسیاری لێکراوە؟ لە پێوەندی لەگەڵ پشتگوێخرانی ئەسلی، نەبوونی پرۆژەی گەورەی ئابووری لە کوردستان پرسیار کە وەزیری پیشەسازیو کانزاکان کراوە؟ لە پێوەندی لەگەڵ سووتانی منداڵانی شیناوێو پشتگوێخرانو لەبیرکرانیان، پرسیار لە وەزیرەکانی پەروەردەو بێهداشتو دەرمان کراوە؟

دوا قسە ئەوەی کە ئەوانەی نوێنەرایەتیی خەڵک دەکەن لە بەرامبەر خەڵکدا بەرپرسیارن، مێژوو قەزاوەتیان لەسەر دەکاو کارو کردەوەکانیان لەبەرچاوی خەڵک ون نابێ، نوێنەرانی کوردی مەجلیسیش کە نوێنەرایەتیی نەتەوەیەکی بەشخوراوو بێبەش لە مافەکانیان دەکەن، ئەرکی قورستریان لەو پێوەندییەدا لەسەرشانە.

لە ژمارە ٦٤٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

## لێدرانی زەنگی قوتابخانەكانو ژەنگیی نیزامی پەروەردە لە ئێراندا

سبەی سێشەممە، ١ی ڕەزبەر زەنگی كرانەوەی قوتابخانەكانو دەسپێكی ساڵی نوێی خوێندن لە ئێران لێدەدرێ، بەڵام ئەو زەنگە لە هەمان كاتدا زەنگی تێڕامانو وردبوونەوە لە نیزامی پەروەردەیی وڵاتیشە.

سیستەمی پەروەردەو بارهێنان لە هەموو وڵاتێكدا یەكێك لە بناخەكانی پێشكەوتنو هەڵدانی ئەو وڵاتەو هەروەها پێوەری خەڵكیبوون، بەڕۆژبوونو سەردەمیانە بوونی حاكمییەتی سیاسییەو، لە ژێر ڕووناكایی ئەو بۆچوونەدا بە كورتی چاوێك بەو بابەتەدا دەخشێنین.

یەكێك لە پێوەرەكانی سەركەوتوویی نیزامی ئامووزشیی هەر وڵاتێك، كەمیی ئاستی نەخوێندەوای لەو وڵاتەیە، بەڵام لە ئێران كە حكومەتێكی دینی حوكمی دەكاو بەپێی فێركارییە دینییەكان كە خوێندنو پەروەردە بە بایەخە سەرەكییەكانی ژیان دادەنرێنو، تەنانەت بەپێی قانوونی بنەڕەتیی وڵات كە دەڵێ خوێندن لە قۆناغی سەرەتاییدا ئیجبارییە؛ كەچی دەبینین سەدی ١٥ حەشیمەتی وڵات، واتە پتر لە ١٠ میلیون كەس لەم وڵاتە نەخوێندەوارنو ئێران لە ئێستادا بەپێی ئامارەكانی یونێسكۆ بۆ خوێندەواری لە نێوان ١٦٤ وڵاتی دنیادا لە ڕیزی ٨٦ دا جێی گرتوە.

دوایین ئاماری سەرژمێری لەو پێوەندییەدا كە لە ساڵی ٩٠ ی هەتاویدا كراوە، دەڵێ لە ٩ میلیونو ٧٠٠ هەزار كەسی نەخوێندەواری سەروو ٦ ساڵ، سێ میلیون و ٤٥٠ هەزار كەسیان خوار ٥٠ ساڵیان تەمەنەو ٦ میلیونو ٣٠٠ هەزار كەسیان سەروو ئەو تەمەنەن. جیا لەوە نیزیك بە ١١ میلیون كەسی كەمسەوادیش لە ئێران هەن كە بە گشتی دەكرێ بڵێین نیزیك بە ٢٠ میلیون كەس لە ئێران نەخوێندەوارن، یان ئەوەی سەوادی نووسینو خوێندنەوەی زۆر كەمیان هەیە. لەو نێوەدا پارێزگای سنەش لە كوردستان بەبوونی ٢٣ لە سەدی نەخوێندەواری، دوای سیستانو بەلوچستان لە پلەی دووهەمی ڕیزبەندیی نەخوێندەواری لە نێو پارێزگاكاندا جێی گرتوە.

حوسێن فیروزی، بریكاری بەڕێوەبەریو گەشەپێدانی سەرچاوە مرۆییەكانی پارێزگای سنە دەڵێ لە حەشیمەتی ١٠ تا ٤٩ ساڵی پارێزگای سنە سەدی ١١ ی ئەوان، واتە ١١١ هەزارو ٩١٧ كەسیان نەخوێندەوارن.

عەلی ئەکبەر موحسینی نەسەب، بریکاری ئێهزەتی خوێندەوارکردنی پەروەردەی پارێزگای کرماشانیش ڕایگەیاندوە کە بەپێی سەرژمێرییەکەی ساڵی ٩٠ ی هەتاوی ١٠٥ هەزار کەس لە پارێزگای کرماشان نەخوێندەوار بوون. لە پارێزگای ورمێی کوردستانیش ٢٥٠ هەزار کەس بە تەواوی نەخوێندەوارنو لە پارێزگای بچووکی وەک ئیلامیش زیاتر لە ٢٠ هەزار کەس لە قەتاری خوێندنو فێربوون یان بەجێ ماون، یان دابەزیون.

بەو پێیە دەبێ بڵێین کە حاکمییەتی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی پتر لە ٣٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خۆی سەرەڕای هەموو دەوڵەمەندیی وڵات نەک هەر نەیتوانیوە بەگژ دیاردەی نەخوێندەواریدا بچێتەوە، بەڵکوو پەرەسەندنی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی وەک هەژاریو بێکاری کە خۆی بەرهەمی جۆری بەڕێوەبەریی وڵات لەلایەن حاکمییتە؛ هۆکاری هەڵکشانی ئاماری بێسەوادی لە وڵاتدا بووە.

لە بابەتی نەخوێندەواری کە بترازێین، دێینە سەر ئەو باسە کە لەبواری خوێندنو پەروەردەو فێرکردندا، کۆمەڵێک کەرەستەو بەستێنی تایبەتیی بۆ گەشەی هزریو هەڵدانو پێگەیشتنی منداڵانو مێردمنداڵان پێویستە کە گرینگترینی ئەوانە ئیمکاناتی فێرکاری، شوێنی فێرکاریی گونجاوو ستاندارد بۆ قوتابییانە، بەڵام سیستەمی ئامووزشیو پەروەردەی ئێران لە هەر دوو ئەو بوارانەشدا لەنگو کلۆڵە.

بۆ نموونە وەزیری پەروردەو فێرکردنی ئێران لە بەرەبەری کردنەوەی قوتابخانەکاندا ڕایگەیاند کە زیاتر لە ٤٥٠٠ پرۆژەی دروستکردنی قوتابخانەو خوێندنگەی نیوەچڵیان بە سەر دەستدا ماوەتەوە کە دەوڵەت بەهۆی قەیرانی ئابووریی وڵات ساڵێ بڕە بودجەیەکی زۆر کەمیان بۆ تەرخان دەکاو داوای لە خێرخوازان کردوە بە هانایانەوە بچنو قۆڵ لە تەواوکردنی ئەو پڕۆژانەو نۆژنکردنەوەی قوتابخانە کۆنەکان هەڵماڵن. لێرەدا ئەو خاڵە جێی سەرنجە کە ئەوە نەبێ دروستکردنی قوتابخانەو خوێندنگەی پێویست لە قەدەر حەشیمەتی قوتابیان ئەرکی دەوڵەت نەبێ، بەڵکوو ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دەوڵەت ئەمەیان بە خەمی خۆی نازانێو ئەوەی لێی شین دەبێ ئەوەیە کە قوتابییان دەبێ ٤٠-٥٠ کەس لە پۆلێک دابنیشنو ئاستی زانستیی فێربوونیان بێتە خوارێ.

مورتەزا ڕەئیسی، سەرۆکی ڕێکخراوی نوێکردنەوەو تەیارکردنی قوتابخانەکانی ئێرانیش دەڵێ لە ئێستادا یەک لە سێی قوتابخانەکانی وڵات سیستەمی گەرمکەرەوەی ستانداردیان نییەو قوتابییان لەو قوتابخانەو خوێندنگەیانەدا دەخوێنن کە پێوستییان بە نۆژەنکردنەوەو قایمکاری هەیەو تەنانەت زۆر لەو قوتابخانانە دەبێ تێک بدرێنو دروست بکرێنەوە. ئەو بە ئاماژە بەوەی لە ئێستادا بۆ گۆڕینی سیستەمی گەرمکەرەوەی قوتابخانەکانو بە

ستانداردکردنی خوێندنگەکان ١٠٠٠ ملیارد تمەن بودجە پێویستە، گوتی یەک لە سێی قوتابخانەکانی وڵات بە سۆبەی نەوتیو گازی گەرم دادێن کە ستاندارد نینو دەبێ بگۆردرێن، بەڵام تا ئێستا بودجەی پێویست بۆ ئەو مەبستە تەرخان نەکراوە.

لەلایەکی دیکەوە وەزارەتی پەروەردە یەکێک لەو وەزارەتانەیە هەموو بودجەکەی بۆ پێدانی مووچە کارمەندو مامۆستاو بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان دەڕواو کەمترین بودجە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی باشخوێندنو پەروەردەی قوتابیان نامێنێتەوەو ئەوە بنەماڵەکانن کە دەبێ بە زۆرەملێ یارمەتیی قوتابخانەکان بدەن. هەر حەوتووی ڕابردوو وەزارەتی فێرکردن و پەروەردە رایگەیاند کە ئەمساڵ ٢١ هەزار ملیارد تمەن بوودجە بۆ ئیدارەی فێرکردنو پەروەردە پەسند کراوە کە سەدی ٩٩ی ئەو بودجەی وەک مووچە بە مامۆستایان دەدرێ، یانی ئەوەی کە ئەم وەزارەتە ناتوانێ هیچ بەرنامەیەکی بۆ ئەم سەدی ٩٩ی بودجەیە هەبێ.

بە پێی قسەکانی وەزیر لەو ٢١ هەزار ملیارد تمەنە تەنیا ٢١٠ ملیارد تمەنی دەمێنێتەوەو ئەو سەدی یەکە لە تەواوەتیی بودجەش دەبێ بە شێوەیە مودیرییەت بکرێ کە پێداویستییە خزمەتگوزارییەکانی ١٠٥ هەزار قوتابخانەو ١٢ میلیون و ٥٠٠ هەزار قوتابیی پێ دابین بکرێ، بۆیە بەڕێوەبەریی قوتابخانەکان پێویستیان بە یارمەتیی بنەماڵەکانو وەرگرتنی پارە لەوان لە کاتی ناونووسییەکانە، لە حاڵێکدا وەرگرتنی ئەو پووڵە ناقانونییەو ئەوە ئەرکی دەوڵەتە کە دەبێ ئەو ئێنکاناتە دابین بکا.

لە بەر دەستتنانی تەنیا ٢١٠ ملیارد تمەن بۆ یەک ساڵی خوێندن بۆ وەزارتێکی گرینگی وەک وەزارەتی پەرورەدەو فێرکردن بۆ دابینکردنی پێداویستیی خوێدنی قوتابیانی وڵات لە حاڵێک دایە کە بەپێی قسەکانی مەسعود شوشتەری، بریکاری ستادی نۆژەنکردنەوەی شوێنە پیرۆزەکان بڕی زیاتر لە ١٥٠٠ ملیارد تمەنیان بۆ پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی شوێنە پیرۆزەکانی شیعە لە عێراق تەرخان کردوە.

هەروەها فەرەیدون سەید مستەفەوی، بەرپرسی گشتی ئیدارەی پەروەردەو فێرکردنی پارێزگای ورمێ رایگەیاندوە کە لە پارێزگای ورمێ زیاتر لە ٣٠٠٠ مامۆستای قوتابخانەیان پێویستە کە بۆیان دانامەزرێنو ئەوەش کێشەی بۆ قوتابیان سازکردوەو بەرپرسی قوتابخانەکانی ناچار کردوە کە قوتابیی زۆر لە پۆلەکانی خوێندندا جێبکەنەوە.

پشتگوێخستنی سیستەمی پەروەردەو فێرکاریی وڵاتو خەمساردیی کاربەدەستانی دەوڵەت لە حاڵێک دایە کە هەر

لە دراوسێیەتی ئێران تورکیە کە ٥ ئەوەندەی ئێران زانکۆی بەرزی هەیە، لەساڵدا نیزیک بە ٦٠ میلیارد دۆلار بۆ بەشی پەروەردە لە وڵاتەکەیدا تەرخان دەکا؛ عەرەبستان سەدی ٦ ی پشکی بەرهەمە ناخالیسە نێوخۆییەکانی بۆ بەشی پەرورەردە تەرخان کردوەو برێک دوورتر ژاپۆن لە ساڵدا ٢٢٠ میلیارد دۆلار بۆ پرسی پەروەردەو فێرکردن لە وڵاتەکەیدا تەرخان دەکا.

دوا وتە ئەوەی کە نێوەرۆکی نیزامی ئاموزشی، بێبەشیی نەتەوە نافارسەکان لە مافی خوێندن بە زمانی دایکیو بێبەریکردنی کەمایەتییە ئایینییەکان لە خوێندنی بەرزو؛ زاڵکردنی ڕوانگەی ئەمنیەتی بەسەر خوێندنگەو زانکۆکان چەند باسێکی گرینگی دیکە لە پێوەندی لەگەڵ سیستمی پەروەردە لە ئێرانن کە زۆرترین زیانیان لە نیزامی پەروەردەیی ئەو وڵاتە داوە کە هەر کامیان دەبێ بە جیاو بە شیکاریی زیاترەوە تاوتوێ بکرێنو بخرێنە بەر باس.

٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

---

## چۆنیەتیی پرسینەوە لە گەندەڵییە حکومییەکان لە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا

بەربوونی شەهرام جەزایری، یەکێک لە گەورەترین گەندەڵکارانی نیزامی ئابووریی ئێران لە زیندان لە ڕۆژی پێش جێژنی قوربانـدا، چەند ڕۆژێکە میدیاکانی ئێرانی بە خۆیەوە خەریک کردووەو باسی گەندەڵییەکان، ئەویش گەندەڵیی دەوڵەتی لە نیزامی سیاسیو ئابووریی ئێراندا بۆتەوە ڕۆژەڤو هاتۆتەوە بەرباس.

پەروەندەی شەهرام جەزایری لەم ڕووەوە گرینگ بوو کە کاتێ ناوبراو گیرا تەنیا ٢٩ ساڵی تەمەن بوو، بەڵام توانیبووی بە سەدان میلیۆن دۆلار لە ڕێگەی خراپ بەکارهێنانی ئیمکاناتی دەوڵەتی بخاتە گیرفانی خۆیو بە بەرتیلدان بە زۆر کاربەدەستی دەوڵەتیو چەور کردنی سمێڵیان؛ لە کەرووبی، سەرۆکی مەجلیسی ئەو کات ڕا بگرە تا موجتەبا خامنەیی، کوڕی ڕێبەری ڕێژیم؛ لە نوێنەرانی مەجلیس ڕا بگرە تا وەزیرەکانی دەوڵەت، ڕیسواییەکی گەورە بۆ حاکمییەت بنێتەوە...

دیاردەی گەندەڵی لە هەر نیزامو دەوڵەتێکدا ڕەنگبێ کەمو زۆر ڕوو بدا، بەڵام لە زۆربەی وڵاتان قانوونەکان هێندە ورد کراونەتەوەو سیستەمی چاوەدێری ئەوەندە باش دەجووڵێتەوە کە کەمترین دەرەتان بۆ گەندەڵیو خراپ بەکارهێنانی ئیمکاناتی دەوڵەتی بۆ کاربەدەستانی دەوڵەتو کەسانی نیزیک لەوان دروست دەبێو، ئەگەر شتی واش ڕوویدا، دەزگای قەزایی بە توندترین شێوە مامەڵەی لەگەڵ دەکاو، ئەوە وادەکا هەم خەڵک لە دەوڵەتو دەزگای قەزایی وڵاتەکەیان دڵنیا بن، هەم ئەوانەی گەندەڵی دەکەن سەرینی خاترجەمی لە پشتەسەریان دابنێن کە هەر ئاوایان بۆ ناچێتە سەرو، زوو یان درەنگ لە بەردەم دادگادا خۆیان دەبیننەوە؛ بەڵام ئەوەی لە ئێران ئەو بابەتە بڕێک تایبەتتر دەکا چەند شتە:

**یەکەم** ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئیدیعا دەکا حکومەتەکەی حکومەتی عەدڵی ئیلاهییەو نوسخەی بەڕێوەبردنی دنیا بۆ وڵاتانی دیکە دەپێچێتەوە، بەڵام ئامارەکانو ئاکامەکانی توێژینەوەی ناوەندە نێونەتەوەییەکانو دانانی بەشێک لە کاربەدەستانی دەوڵەت دەری دەخەن کە یەکێک ؛ە گەندەڵترین حاکمییە سیاسییەکانی دنیایە.

**دووهەم** ئەوەی کە ئەوانەی دەستیان لە گەندەڵییەکاندا ئاشکرا دەبێ لە کەسانی نەگۆڕو هەرە سەرووی نیزامن، **سێهەم** ئەوەی دوای ئاشکرابوونو لەهەڵدرانی گەندەڵییەکان، دەزگای قەزایی پتر لەوەی لە خەمی لێپێچینەوەو سزادانی گەندەڵکارانو بنەبڕکردنی گەندەڵی دابێ، لە پلەی یەکەمدا هەوڵی دیزە بەدەرخۆنەکردنی پەروەندەکانو بێدەنگەلێکردنیان دەداو، ئەگەر دەنگیشی لێ دەرهاتبێ، ئەوا کار لەسەر سەروگوێ تێکردنەوەو تێپەڕاندنی پرۆسەکە بە کەمترین تێچوو دەکا.

ئاماژە بە چەند نموونە لەو پەروەندانە لە ئێستادا لە جێی خۆی دایە:

هێشتا ماوەیەکی ئەوتۆ لە گەندەڵییە ماڵییە ٣ هەزار میلیارد تمەنییەکەی بیمەو سیستەمی بانکیی وڵات کە گوترا بە هاوبەشیی چەند وەزیرو نوێنەری مەجلیس کراوە تێنەپەڕیبوو، کە پەروەندەی چەند سەد میلیارد تمەنییەکەی سەندووقی دابینکردنی کۆمەڵایەتی لەقاودرا کە محەممەدڕەزا ڕەحیمی، جێگری یەکەمی سەرۆک کۆمارو قازی مورتەزەوی، داواکاری گشتیی پێشووی تارانی لە پشت بوو.

هێشتا میدیاکانو بیروڕای گشتی خەریکی هێنانو بردنی باسەکانی ئەو گەندەڵییە بوون کە بە سەدان میلیارد تمەن زەوی خواردنی برایانی لاریجانی، عەلی لاریجانی سەرۆکی مەجلیس، سادق لاریجانی سەرۆکی دەزگای قەزاییو

جەواد لاریجانی سەرۆكی بەناو كۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی كۆماری ئیسلامی لە هەڵلا دراو خەڵك هەر لە بیری ئەوە دابوون كە ئاخۆ پەروەندەیەك بۆ ئەو گەندەڵییە دروست دەكرێ كە لە یەكدا بە دوو گەندەڵییە ٢ ملیاردو ٧٠٠ ملیۆن دۆلاری، واتە ٩ هەزار ملیارد تمەنییەكەی بابەك زەنجانی ئاشكرا كرا كە ڕۆستەم قاسمی، وەزیری نەوتی دەوڵەتی ئەحمەدینژادی لە پشت بوو، بەوە گەندەڵییەكانی برایانی لاریجانی خرانە پەراوێزەوە.

هێشتا خەڵك وڕو كاسی ئەو بێنەوبەرەیەی دەزگای قەزایی لەو پەروەندەیە دابوون كە گەندەڵییە ٧ هەزار ملیارد تمەنییەكەی سێ سەرڕافی تاران بە هاوكاریی بانكی ناوەندیی دەوڵەتی ئەحمەدینژاد لەلایەن كەمال پیرمۆئەزەن، نوێنەری ئەردەبیل لە مەجلیسو سەرۆكی كۆمیسیۆنی ئابووریی مەجلیس لە هەڵلا درا، ئێستاش هەر دۆێنێ دووشەممە، ١٤ ی ڕەزبەر محەممەد ئەشرەفیی ئیسفەهانی، سەرۆكی لیژنەی بەداداچوون بۆ گەندەڵیو لادانە ئیدارییەكانی دەوڵەتی مەحموود ئەحمەدینژاد ئاشكرای كردوە كە زیاتر لە ٧٠٠ پەروەندەی گەندەڵیو لادانە ئیدارییەكانی دەوڵەتی ئەحمەدینژاد، لە لیژنەكانی بەدواداچوندا كاریان لەسەر دەكرێو ئاكامەكەی دوایە ڕادەگەیەندرێ.

لە تەنیشت ئەو وردە پەروەندانەی لەسەر گەندەڵییەكان ئاشكرابوون، باسی سەروەتو سامانی كاربەدەستانی كۆماری ئیسلامیش لە جێی خۆی كە هەر سامانی خامنەیی ئەوەندەی ئاشكرا كراوە بە ٩٢ ملیارد دۆلار داندراوە، سامانی هاشمی ڕەفسەنجانی، كەسی دووهەمی ئەو نیزامەش ئەگەر لەوەندە زیاتر نەبێ كەمتر نییە، چونكی بە چڵو هەشتەمین دەوڵەمەندی دنیا داندراوە؛ هەر لەوێ ڕا بگرە تا دێتە خوارێو تا دەگاتە دۆخی ئەو خەڵكەی لە ئێران كە ٣٦ ساڵ لەوە پێش بە درشمی عەداڵەتو دادپەروەری نیزامی پاشایەتییان ڕووخاندو وڵاتیان بەو كەسو كەسانە سپارد. كەوابوو لە خۆڕا نییە نرخی بێكاری لە ئێران لە سەدی ٤٠ تێپەڕیوەو، بێ هۆ نییە كە هەژاریو بێدەرەتانی خەڵكی ئێرانی لە ژیان بێهیوا كردوە، ناعەداڵەتیو فەرقو جیاوازییەكان عەرز تا ئاسمانو كەس لەو وڵاتەدا خۆی لە حاند ئەو باسانەدا بە بەرپرسیار نازانێ.

ئێستا پرسیار ئەوەیە ڕێگاكانی نەهێشتنی گەندەڵی چینو بۆ كاربەدەستانی كۆماری ئیسلامی ئەو ڕێوشوێنانە ناگرنە بەر؟

پێشگیریو چاوەدێری دوو ڕێگای گشتیو بنەرەتیی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەموو نیزامێكی سیاسیو بەڕێوەبەرین.

پێراگەیشتنو بەرۆژکردنی نیزامی ئیداری، فێرکاریی پەروەردەیی بۆ بەگژداچوونەوەی لادانو گەندەڵی، چاکسازی لە پێکهاتە حکومییەکان، بردنەسەرێی ئاستی وەڵامدەربوونی دەزگاو ناوەندە حکومییەکان بە خەڵک، ڕێگەپێدان بە میدیا بۆ چاوەدێریی ئازاد بەسەر کاروباری دەوڵەت، ئاشکراکردنی سەروەتو سامانی کاربەدەستان بەر لە وەرگرتنی بەرپرسایەتیو دوای جێهێشتن یان دەستاودەست کردنی دەسەڵاتەکان، بەهێزکردنی متمانەی خەڵک بە دەوڵەت لە ڕێگەی سەربەخۆکردنی دەزگای دادو نیزامی قەزایی، گۆڕینی قانوونە ناتەباکان لەگەڵ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیو باشترکردنی دۆخو ژیانی خەڵک؛ هەموو ئەوانە دەتوانێ لە کەمکردنەوەی گەندەڵییەکاندا ڕۆڵ ببینن، بەڵام ئەو ڕێکارانە بەر لە هەموو شتێک ئیرادەی سیاسیو بڕیاری لێبڕاوی دەوێ کە لە کۆماری ئیسلامیدا بوونی نییە، چونکی بۆ خۆیان بەرهەمی گەندەڵینو نانو بژیویان لە گەندەڵ مانەوەی نیزامی سیاسیو بەڕێوەبەریی وڵات دایە.

**ماڵپەڕی کوردستان و کورد**

**٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤**

## مین لە کوردستان، خەمی خەڵکو بێخەمیی کاربەدەستانی حکومەت

ساڵێک لەمەوبەر لە ڕۆژی ٢٦ی ڕەزبەردا، کۆمەڵێک منداڵی قوتابی لە ئاوایی "نشکاش"ی مەریوان کە خەریکی کایەو گەمەی منداڵانەیان لە نیزیک کۆنە پایەگایەکی سپای پاسداران لە ئاواییەکاندا بوون، مینێکی نەتەقیوەیان پێدا تەقییوەو شینو گریانی خستە گەمەی منداڵانەیان.

لەو ڕووداوەدا ٧ منداڵ بریندار بوون کە برینەکانی یەک لەوان بە ناوی گەشبین کەریمی قورس بوو. گەشبین لەو ڕووداوەدا پەنجەکانی لاقێکیو چاوێکو گوێچکەیەکی لە دەست دا، ئەویش لە ڕووداوێکدا کە پێشتر کاربەدەستانی ئەمنیەتیو ناوەندە پێوەندیدارەکان ڕایانگەیاندبوو کە ناوچەیەیان لە مین خاوێن کردۆتەوە.

ئێستا دوای ساڵێک "کۆمەڵەی ئێرانی بەبێ مین"و ژمارەیەکی دیکە لە چالاکانی مەدەنیی کورد ڕۆژی ٢٦ی ڕەزبەریان، بە ڕۆژی هاوخەمیکردن لەگەڵ قوربانیانی ڕووداوی تەقینەوەی مین ناودێر کردووە، لە ڕاگەیەندراوی ئەو کۆمەڵە کەسو لایەنانەدا هاتووە کە: "وەرن پێکەوەو لەگەڵ یەکتر لەلای ئەو کەسانە بین کە قوربانیی شەڕێکن کە ٢٦ ساڵە تەواو بووە."

ئەم هەوڵەو هەموو هەوڵێکی لەو چەشنە بۆ بەرۆژەڤکردنی بابەتی مین لە کوردستان گرینگو لەجێی خۆی دایە. لەبەر ئەوەی کە دەبینین دوای تەواوبوونی شەڕی ئێرانو عێراق نیزیک بە هەشت هەزار کەس لە کوردستان بوونەتە قوربانیی تەقینەوەی مین.

ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن کە لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێرانو عێراقەوە، دوو هەزار و ٤٣٣ کەس لە پارێزگاکانی سنە، ورمێ، ئیلام، کرماشانو خوزستان بە هۆی تەقینەوەی مین گیانیان لە دەست داوە، پێنج هەزارو ٦٠١ کەسی دیکەش بریندار بوون. لەو ماوەیەدا لە کرماشان ٩٩٣ کەس بەهۆی تەقینەوەی مین گیانیان لە دەست داوە، لە پارێزگا سنە ٣٦٨ کەس، لە ئیلام ٣٢٦ کەس و لە پارێزگای ورمێش ٣٠٩ کەس گیانیان لە دەست داوەو خۆیانو بنەماڵەکانیان بوونەتە قوربانیی کەمتەرخەمیو نادەروەستییەکانی دەوڵەت لە پێوەندی لەگەڵ بابەتی مینە لەکارنەخراوەکان لە کوردستاندا.

بە پێی ئامارەکان، ٦ میلیون هێکتار ناوچەو زەوی لە ئێران ئێستاش بە مینڕێژکراوی پشتگوێ خراونو زیاتر لە ٢٠ میلیون مین بە کۆنەکراوەییو لەکارنەخراوەیی لە بن پێی خەڵکدا وەک قاسییدی مەرگ ماونەتەوە کە نیزیک بە تەواوی لە چوار پارێزگاکە ڕۆژهەلاتی کوردستان واتە( ورمێ، سنە، ئیلام و کرماشان)ن.

بەڵام ئێستاش ئامارێکی وردو دەقیق لە قوربانییانی تەقینەوەی مین لە کوردستان لەبەر دەستدا نین. خەڵک لە هەموو گوندو ناوچەکان دەزانن چەند، یان کەیو لە کوێ لێیان کوژراو بریندار بووە، بەڵام تا ئێستاش هیچ ناوەندێکی حکومەتی خۆی بە بەرپرسیاری کۆکردنەوەی زانیارییەکانیش نەزانیوە؛ ڕێ لە ڕێکخراوەو ناوەندە مەدەنییەکانیش گیراوە لەو چوارچێوەیەدا کاری خۆیان بکەن.

سیاسەتی هەڵاواردنو فەرقو جیاوازیدانانی دەوڵەت دەرهەق بە خەڵکی کورد هەر لە مافی بەشداریی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، پرۆژەکانی ئاوەدانیو وەبەرهێناندا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو لەو بوارەشدا قوربانیانی

ڕووداوی تەقینەوەی لە کوردستان سیستماتیک غەدریان لێ دەکرێو مافەکانیان ژێرپێ دەنرێ.

تۆ لە وڵاتی خۆت، لە ژینگەو شوێنی ژیانی خۆت، لە مووچەو سەر ڕێو کوێستانی خۆت قوربانیی سیاسەتی دوژمنکارانەی دەوڵەتو کەمتەرخەمیو خەمساردییەکانیان بی، بەهۆی تەقینەوەی مین بکوژرێی، دەستو لاقت بپەڕێ، بریندار بیو لە ژیان بکەوی، کەچی دەوڵەت خۆی بە بەرپرسیاری ئەوە نەزانێو ئاوڕت لێ نەداتەوە؛ ئەوە غەدرێکە لەو ئێرانەدا هەر لە خەڵکی کورد دەکرێ. بە هەزاران کەس لە قوربانیانی تەقینەوەی مین لە کوردستان ئەوە بارودۆخیانە، ئەوانەی بەو هۆیەوە گیانیان لە دەست داوە، بنەماڵەکانیان لەلایەن دەوڵەتەوە کە بەپێی قانوون دەبێ بەرعودەی پاراستنی ئەمنیەتو گیانی خەڵکەکەی بێ هەر لایان لێ نەکراوەتەوەو؛ ئەوانەش دەستو لاقیان پەڕیوەو نقوستان بوونو کەوتوونەتە سووچی ماڵەکانیان، لە هەر چەشنە مافێکی پێکران، دابینبوونی کۆمەڵایەتیو چارەسەری پزیشکیو دەرمانیی دەوڵەتی بێبەش کراونو ئەوەی لەو نێوەدا بایەخی نیەو مەزادە، گیانو ژیانی خەڵکی کوردە...

جیا لەوەش خێرو بێری مین بۆ کۆماری ئیسلامیش جێی سەرنجو وردبوونەوەیە. ئێران هەم مین لە دژی دژبەرانی دەکار دەکا، هەم دەیفرۆشێ؛ هەر بۆیەش پێملی هیچ کام لەو پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنانەش نەبوە کە لە پێناو کەمکردنەوەی خەسارەکانی مین پەسند کراون، تا بەمجۆرە خەڵکی کوردستان ئەو کەمە دەرەتانەشیان نەبێ تا لە ئەگەری ئەندامەتیی ئێران لەو پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنانەدا چاویان لە یارمەتیو بەهاناوەهاتنی ئەو ڕێکخراوە جیهانییانە بێ. هۆکارەکەشی ڕوونە، ئەگەر ئێران یەک لەو پەیماننامانە، بۆ نموونە پەیماننامەی " ئۆتاوا" ئیمزا بکا کە تا ئێستا ١٥٨ وڵات ئیمزایان کردوە، دەبێ دەربەستی ئەوە بێ کە دوای کۆتایی هاتنی هەر شەڕێک لە وڵاتەکەی، لە ماوەی دە ساڵدا هەموو مەیدانەکانی شەڕ، مەزراو مووچەو لەوڕگەو کوێستانو ناوچەکانی شوێنی ژیانی خەڵکەکەی لە مین پاک بکاتەوە، چ بگا دوای ٢٥ ساڵ؛ هەر بۆیە ئێران پێچەوانەی وڵاتانی دراوسێی شەڕلێدراوی ئەو دواییانەی وەک عێراقو ئەفغانستانیش نەچۆتە ژێرباری ئەو پەیماننامەیە، چونکی بەوە جیا لە دەروەستی بە خەڵکەکەی، ئیزنی دروستکردنو فرۆشتنی مینیشی بە وڵاتانی دیکەو گرووپە سەرهەڵداوەکان نامێنێ....

قوربانیانی ڕووداوەکانی تەقینەوەی مین لە کوردستان کۆڵبەرانو کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانن، شوانو منداڵانو خەڵکی ئاساییو بێدەرەتانی گوندەکانی شارە سنوورییەکانی کوردستانن، ئەوان ئەوەندە هەژارو بێ

دەرەتانن کە دوای توشبوونیان بەو کارەساتانەش نەک ئاوڕیان لێ نادرێتەوە، پشتگیری ناکرێنو لە مافو خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکان بێبەش دەبن، بەڵکوو لۆمەی ئەوەش دەکرێن کە چۆنە پارێزیان نەکردوەو ئاگایان لە خۆیان نەبوەو بۆ مینە نوستووەکانیان وەخەبەر هێناوە!

لە کۆتاییدا پێویستە بگوترێ ڕێگەگرتن لە دووپاتبوونەوەی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنو ناخۆشانە لە کوردستان، بەهاناوەچوونی قوربانیانی تەقینەوەی مینو بنەماڵەکانیان ئەرکێکی گشتیو نیشمانییە، بە تایبەت لە کاتێکدا کە ناوەندە بەرپرسیارە حکومییەکان خۆیان لەهەر چەشنە بەرپرسایەتییەک دەدزنەوە، ئەوە چالاکانی مەدەنی، نوێنەرانی شارەکانی کوردستان لە مەجلیس، کاربەدەستانی دەروەستو دڵسۆزی نیشتمانە کە بەگرتنە پێشێی هەموو ڕێگەقانوونییەکانو فشارخستنە سەر ئۆرگانە پێوەندیدارەکان لەلایەک دەوڵەت ناچار بە هەڵگرتنەوەو لەکارخستنی مێنەکان لە کوردستان بکەن، لە لایەکی دیکەش لە خەمی قوربانیانی ڕووداوەکانی تەقینەوەی مینوا بن تا ژیانو ئارامیو مافە ڕەواکانیان بە ڕەوا بزانرێو ئیمکاناتی ژیانێکی شایانو چارەسەری پزیشکییان بۆ دابین بکرێ.

**ماڵپەڕی کوردستان و کورد**

**٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤**

---

## ئابووریی تێکتەپیو لە سۆنگەی خەونی بە ئەتومی کردنی وڵاتدا

ئەوەندەی ئەو مانگە بۆ ئێران سەبارەت بە ئاکامی دانوستانە ئەتومییەکەی لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی گرینگە، ئەوەندەش کۆمەڵە بابەتێکی پێوەندیدار بە ئابووریی ئێران چەقی سەرنجو بڕیارە گرینگەکان لەو وڵاتەن.

دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕە جیهانییەکان یەک لەو بابەتەیە کە ئەوندە بۆ ئێران گرینگو چارەنووسسازە کە لە ئێستادا خەریکە لێکدانەوەکانی تاران بەرەو ئاقاری پیلانێکی جیهانیی نێوان ڕۆژئاواو وڵاتانی عەرەبیی

بەرهەمهێنەری نەوت بە دژی ئێراندا ببا.

نەوت سەرەکیترین سەرچاوەی داهاتی دەوڵەت لە ئێرانە کە لە ماوەی ٨ساڵ سەرۆک کۆماریی ئەحمەدینژاددا بە نرخێکی سەروو ١٠٠ دۆلار دەفرۆشراو، ئەوەش وای کردبوو کە بودجەی ئەمساڵیش بە حیسابی بۆشکەی ١٠٠ دۆلار ببەسترێ، بەڵام ئێستا نرخی نەوت بۆشکەی نیزیک بە ٨٥ دۆلارەو بەپێی پێشبینییەکان لەوانەیە تا ٧٠ دۆلاریش لە کەمی بدا؛ هەر لەو سۆنگەیەشە کە بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری نێودەوڵەتیی شیرکەتی نەوتی میلیی ئێران ڕایگەیاندوە، کە داهاتی ئێران لەو ساڵدا بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت سەدی ٣٠ لە کەمی داوەو بەدوای ئەوەشدا ڕاگەیەندرا کە لە ماوەی ٦ مانگی یەکەمی ساڵدا بەراوردەکانی دەوڵەت لە دەسخستنی داهات وەک خۆی وەڕاست نەگەڕاوەو بودجەی دەوڵەت بۆ ئەو شەش مانگە ٣٠ هەزار میلیارد تمەن کورتیی هێناوە.

حەسەن ڕوحانی دوو ساڵ لەوە پێش کە دەوڵەتی لە ئەحمەدینژاد وەرگرت ڕایگەیاند، کە نرخی ئاوسانی ئابووری لە ئێران سەروو ٤٢٪ەو نرخی هەڵدانو گەشەی وڵات مەنفیی ٦ لە سەدە. ئێستا کارناسانی ئابووری دەڵێن کە تیمی ئابووریی حەسەن ڕوحانی دوای دوو ساڵ توانیویانە نرخی ئاوسان تا سەدی ٢١ بێننە خوارێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هیچ گۆڕانکاریو چاکسازییەکی بنەڕەتی لە ئابووریی وڵاتدا نەکراوەو ئەوەی کە کاربەدەستانی دەوڵەتی ڕوحانی وەک دەسکەوتێک پێیدا هەڵدەڵێن، ئاکامی سووڕانو بادانەوەی گەورەی ئێران لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەو هەوڵدان بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی لەسەر قەیرانی ئەتۆمیی دەسەڵاتەکەیانە.

بەڕای کارناسانی سیاسی ئەو دەسکەوتە سیاسییەی دەوڵەتی ڕوحانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کاریگەریی لە سەر ئابووریی ئێرانیش داناوە. لەلایەک ڕێگەی لە سەپاندنی گەمارۆی دیکە بە سەر ئێراندا گرتووەو لەلایەکی دیکەش بە هێنانەوەی چەند میلیارد دۆلار دراوی دەسبەسەرداگیراوی ئێران لە بانکەکانی دەرەوەی وڵات، نرخی دراوی بیانیی پێ سەقامگیر کردو بە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ژنێڤ نەیهێشت نرخی دراوی ئێران چیدی لەوەندە زیاتر بشکێ. بەڵام ئەوەی ئێستا دەوڵەت بارودۆخی ئابووریی وڵات بە بەری دۆخی ئێران لە کاتی دەسەڵاتدارەتیی ئەحمەدینژاد دەگرێ، خۆی لە خۆیدا نەک سەرکەوتن بەڵکوو ئاماژەکان بە هەرسهێنانی ئەو ئابوورییە لاوازو پەککەوتوویەیە.

دەوڵەت ئیدیعا دەكا لە نرخی ئاوسانی لە سەدی ٤٢ ی سەردەمی ئەحمەدی نژاد ڕا بۆ سەدی ٢١ لە ئیستادا هێناوەتە خواری، ئەوە لە حالێك دایە كە نێونجی نرخی ئاوسان لە جیهان سەدی ٣ یە، كەواتە كامە سەركەوتن؟ لە وڵاتانی ئەندامی یەكیەتیی ئورووپادا نرخی ئاوسان لە نێوان سیفر تا نیو لەسەد ئەملاو ئەولا دەكاو نرخی ئاوسان لە وڵاتی چین ١.٦ لەسەدە. كەوابوو ئەوە لە كوێ بۆ پێنازینو سینگ هێنانە پێش دەشی كە نرخی ئاوسانی ئابوورییەكەت سەدی ٢١ بێ.

حەسەن ڕوحانیو تیمەكەی كاتێك دەتوانن باس لە باشبوونی ئابووریی وڵات بكەن كە نەک بە بەراوردكردن لەگەڵ دەوڵەتی ئەحمەدینژاد، بەڵكوو بە بەیەكگرتن لەگەڵ ستانداردە جیهانییەكان قسەی خۆیان بكەن، ئەگەر وانەبێ ئەو مانۆڕانە تەنیا بە چەواشەكردنی خەڵكو خۆدزینەوە لە ڕاستیو بەرپرسایەتییەكان دادەنرێ. بە تایبەت ئەو مێژووە زۆر دوور نییە كە لە ساڵی ١٣٥٩ دا كە دەسەڵاتی پەهلەوی ڕووخاو كۆماری ئیسلامی هاتەسەركار؛ لە ڕووی بایەخی بەرهەمهێنانی ناخالسی نێوخۆیی ئێران لە پلەی ١٧ و توركیە لە پلەی ٢٧ ی وڵاتدا بوو، بەڵام ساڵی ٨٢ توركیە بە ١٠ پلە هەڵكشان لەو ڕیزبەندییەدا لە پلەی ١٧ ی جیهاندا خۆی دیتۆتەوە و ئێران بە ١٥ پلە داكشان لە پلەی ٣٢ دا جێی خۆش كردوە.

ئێستاش بە دابەزینی نرخی نەوتو چەقوەستانی ئابووریی وڵات تەنیا شانسی حەسەن ڕوحانی بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە بە ئاكام گەیشتنی دانوستانە ناوكییەكان لە سەرەتای مانگی داهاتوویە كە لە ئەگەری ڕێككەوتندا هەم گەمارۆكانی لەسەر لادەچێو هەم پارە بلۆكەكراوەكان لە دەرەوەی وڵاتی بۆ دەگەڕێتەوە، بەڵام بەپێی دوایین لێدوانی سۆزان رایس، ڕاوێژكاری ئەمنیەتی باڵای كۆشكی سپی بەهۆی ملنەدانی ئێران بۆ ئێرادەی نێونەتەوەیی شانسی ئەو ڕێككەوتنە نیوە بە نیوەو لەوانەیە لەوەندەش كەمتر بێ.

بەو پێیە كۆماری ئیسلامیی ئێران بێتوو لەگەڵ وڵاتانی ١+٥ دا ریک نەكەوێ، تووشی گەورەترین قەیرانی ئابووریی خۆی دەبێ، قەیرانێك كە دەتوانێ كۆمەڵانی خەڵكی بێكارو هەژارو وەزاڵەهاتوو بێنێتە سەر شەقام.

ئەوەی كە بارگرانیی زیاتر بۆ كاربەدەستانی ڕێژیم لە بواری ئابووری دایە ئەوەیە كە ئابووریی ئێران لە هەموو بوارو ڕەهەندەكانی ئابوورییەوە لە قەیران دایە. ئەگەر لەلایەک زیاتر لە نیوەی كارگەو كارخانە پیشەیی و بەرهەمهێنەرەكان داخراون، لە بەشی كشتوكاڵیشدا بارودۆخەكە لەوە باشتر نییەو هەر ئێستا ئێران ناچارە ٧ میلیۆن تۆن گەنم لە وڵاتانی دیكەوە هاوردە بكاو پتر لە سەدی ٥٥ ی نیازو پێداویستییەكانی خواردنی خەڵک لە

دەرەوەڕا دەکڕدرێنو هاوردە دەکرێنو؛ بێتوو دەرگای هاوردە لە ئێران دابخرێ، کارەساتی مرۆیی لەو وڵاتەدا ڕوو دەدا.

کارناسانی ئابووری دەڵێن ئابووریی ئێران سەرەڕای هەموو دواکەوتنەکانی، پێکهاتە کۆنو سواوەکانی لە ئابووریی وڵاتدا زەرفیەتی ئەوەی هەیە کە لە ڕیزی وڵاتانی پێشکەوتوو یان لە حاڵی گەشەدا جێی خۆی بکاتەوە، بەڵام ئەو ئابوورییە لە ئێستادا کلۆڵی سیاسەتی مەزنخوازیی ئەتومیی کۆماری ئیسلامی بۆ ئاغایەتیی دنیایە. دەنا وڵاتێک کە چەند فاکتەری گرینگی وەک هێز و وزەی زۆرو هەرزان، خاکی بە پیتو بەرەکەت، ڕووبەری زۆر، بازاڕی باشو حەشیمەتی لاوی بێ ئەندازەو هێزی ئینسانیی کاراو لێهاتووی زۆرو زەوەندی هەبێ، نابێ ئەوە ئابوورییەکەی بێ.

بەڵام هۆکارو چارەسەر هەردووکیان یەک شتن، ئەویش کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. نیزامێک کە بە شۆڕش هاتە سەرکارو بە دروشمی هەناردەکردنی شۆڕش شەڕی بە دنیا ڕاگەیاندو لە ماوەی ٨ ساڵ پێداگری کردنی لەسەر شەڕ لەگەڵ عێراق هەر بە قسەی خودی ڕەفسەنجانی زیاتر لە ١٠٠٠ میلیارد دۆلاری زیان بە ئابووریی ئەو وڵاتە گەیاند، دوایەش کە هیچ کام لە دەوڵەتەکانی سازەندەگیی ڕەفسەنجانیو؛ ئیسلاحاتی خاتەمیو؛ ئوسولگەرای ئەحمەدینژادو؛ مشوورو هیوای ڕوحانی نەیانتوانی سەقامگیری بۆ ئەو ئابوورییە بگێڕنەوەو تەنانەت لە سەردەمی ئەحمەدینژاددا کە بەهۆی سەرکێشییەکانی ئەو لە گوتارو بەرنامە ئەتومییەکەیدا بانکی ناوەندیو بە گشتیی ئابووریی وڵات گەمارۆی قورسی خرایەسەر، ئەحمەدینژاد بە مەبەستی دەورلێدانەوەی گەمارۆکان دەستی هەندێ کەسو لایەنی ئاوەڵا کرد تا بە فرۆشتنی نەوتو هێنانو بردنی زێڕو دراو قورسایی گەمارۆکان سووک بکەن. بەڵام دیمان کە هەر ئەو بڕیارە چی بەسەر ئابووریی تێکتەپیوی ئێران هێناو بە ئاشکرابوونی چەند گەندەڵییەکی وەک پەروەندەی ئەمیر مەنسوور ئاریا، بابەک زەنجانی، سەڕرافەکانی تاران دەرکەوتووە کە بە هەزاران میلیارد تمەن لە سامانی گشتیی ئەو وڵاتە بە فیڕۆ دراوەو حەپەلووش کراوە.

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ئاخۆ تا ئەو کاتەی بەشی هەرە سەرەکیی ئابووری ئێران لە دەستی ناوەندە ئەمنیەتییەکانو هێزە چەکدارەکانی وەک سپای پاسدارانو ئەڕتەشدابێو؛ تا ئەو کاتەی گەندەڵییە سیستماتیکەکان لە بەشیی ئابووریی ئەو وڵاتەدا هەر بەردەوام بنو؛ بەشی هەرە زۆری سامانی گشتیی وڵات تێچووی سیاسەتی قەیران خوڵقێنیی دەسەڵات لە ناوچەو جیهان بێو؛ بەشی بژێوو تەیارکردنی میلیشیا

نیزامییەکان لە لوبنان‌و سووریەو فەلەستین‌و یەمەن‌و ئەفغانستانی لێ بدرێ؛ تا ئەو کاتەی ئاغاو ئاغازادەکانی دەسەڵات هەر لە بیری گیرفان ئاخنینی خۆیان لەسەر حیسابی سامانی گشتیی وڵات بن؛ بڵێی گەشەو ئارامی بۆ ئابووریی وڵات بگەڕێتەوە؟

ماڵپەڕی کوردستان و کورد

٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

## تراویلکەی باشبوونی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا

ڕۆژی هەینی، ٩ی خەزەڵوەر کۆبوونەوەی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تاوتوێی پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران بەڕێوە چوو.

بەڕێوەچوونی ئەو کۆبوونەوەیە بە بەشداریی ئەحمەد شەهیدو نوێنەرانی ١٠٨ وڵاتی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارودۆخێک دابوو کە دوای تێپەڕینی ٤ ساڵ لە دیاریکردنی ئەحمەد شەهید وەک ڕێپۆرتنێری شوورای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ناوبراو ئیزنی سەفەر بۆ ئێرانی پێنەدراوە، ئێران لەلایەن کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی داکۆکی مافی مرۆڤەوە بەردەوام بەهۆی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ مەحکووم کراوەو تەنانەت بەو هۆیەوە لەلایەن ئەمریکاو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سزای بەسەردا سەپێندراوە.

هەموو وڵاتانی ئەندام لەو شووڕایەو بەشدار لەو کۆبوونەوەیە جیا لە وڵاتی چین، بە دانە بەر ڕەخنەی پێشێلکردنی ئازادییەکان لە ئێران، بە تایبەت ئازادیی ڕادەربڕین، مافی ژنان، مافی کەمایەتییە نەتەوەیی‌و ئایینییەکان‌و هەروەها ژمارەی زۆری ئێعدامەکان لە ئێران داوای لە کۆماری ئیسلامی کرد بۆ باشکردنی دۆخی مافی مرۆڤ تێبکۆشی‌و کۆنڤانسیۆنە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا جێبەجی بکاو سەرنج‌و پێشنیارەکانی شووڕا

لەو پێوەندییەدا بە هێند بگرێ، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئاخۆ لە بنەڕەتدا ئەو داوایە لە جێی خۆی دایە یان بە واتایەکی دیکە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەوەشێتەوە کە بایەخ بۆ پرەنسیپە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ دابنێو لە پێناو پاراستنو جێگیرکردنیاندا تێبکۆشێ؟

کۆماری ئیسلامیی ئێران رێژیمێکە بە شۆڕش هاتۆتە سەرکار، ئەویش لە بارودۆخی ناسەقامگیری سیاسیو ئەمنیەتی لە وڵاتدا. ئەو رێژیمە بۆ قایمکردنی جێو هێزو دەسەڵاتی خۆی هەر لە یەکەم ڕۆژەکانەوە مێتۆدی توندو تیژیی کردە پیشە. تێرۆری نەیارانی سیاسی، قەدەغەکردنی کارو چالاکیی حیزبە جیاوازبیرەکان، بێبەشکردنی ژنان لە مافو ئازادییەکانیان، کوشتاری نەیارانی سیاسی تەنانەت لە زیندانەکان، سەرکوتی بزووتنەوە مەدەنیو ڕزگاریخوازەکان، قایلنەبوون بە کەمترین ماف بۆ کەمینە نەتەوەییو ئایینییەکان نەک بەشێک، بەڵکوو ماهییەتی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بواری مافی مرۆڤ دانو هەر لەو سۆنگەیەشەوە کە چەند ساڵێک نەبێ، هەموو ساڵێک لەلایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ، شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ وەک ئەمنیستی ئێنترناشناڵەوە بەردەوام مەحکووم کراوە، ئەوەش کە گۆڕینی سەرکۆمارێکو هاتنو چوونی دەوڵەتێک دەتوانێ دۆخی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە باشتر بکا، هەر هیوایەکو زیاتر بانگەشەیەکی سیاسی بۆ کێبرکێیەکانی هەڵبژاردنەکان بووەو هاتنەسەر کاری دەوڵەتی ئیسلاحاتی خاتەمیو دەوڵەتی هیواو مشووری حەسەن ڕوحانیو کارنامەکانی ئەو دوو دەوڵەتە رێفۆرمخوازەش لەو بوارەدا دەری دەخا کە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران سیستماتیکەو لە هەناوی قانوونەکانو ڕێوشوێنەکانی ئەو نیزامەوە بژیو وەردەگرنو بوونو هەر دەشمێنن.

ئەوانەش کە پێیان وایە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران شکاندنی قانوون لە هەندێ جێو لە هیندێک شوێن نەگەڕانەوە بۆ قانوونەکانە، دەبێ بڵێم تەنانەت لە قانوونی بنەڕەتیی وڵاتیشدا کە بۆ نموونە فەسڵی سێهەمی تایبەت بە پێناسەی مافی خەڵکو وردەکارییەکانی ئەو مافانە کراوە؛ هەر لەوێ دەردەکەوێ کە لە بنەرەتدا قانوونەکانی ئێران دژایەتیی جەوهەرییان لەگەڵ جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ، کۆنڤانسیۆنەکانو پەسەندکراوە جیهانییەکانی دیکەی مافی مرۆڤە کە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتان پەسندیان کردوە.

گرینگترین تایبەتمەندیی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ کە ئێران خۆی دەرەوەست بە داننانو جێبەجێکردنی نازانێ ئەوەیە کە نێوەڕۆکی ئەو جاڕنامەیە ڕووی لە یەک کەس، یەک نەتەوە، یەک وڵاتو گرووپێکی تایبەت

نییە، بەردەنگو چەتری ئەو جاڕنامەیە هەموو خەڵکی سەرزەوی دەگرێتەوەو ئەو مافو ئازادییانە بۆ هەموو کەسێک لە هەر جێیەکی ئەو دنیایە بە ڕەوا دەبینێ، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرامبەر ئەوەدا مافی مرۆڤیی ئیسلامیی هێناوەتە بەرباس.

کۆماری ئیسلامی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤی ئیمزا کردوە، ئێستاش لەبەر عەیبەی دنیاو لە ترسی تەریککەوتنەوەی زیاتر لەو کۆنڤانسیۆنە نایەتە دەر، بەڵام لە کردەوەدا بە دانانی مەرجو خاڵو تێبینی بەبیانووی ئیسلامی کردنو خۆماڵی کردنی بە ڕەسمی ڕەوایی بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران دەدا.

لەلایەکی دیکەوە مافی مرۆڤی ئیسلامی، ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران مەبەستیەتیو پشت بە جاڕنامەی قاهیرە لە نێوان وڵاتانی ئیسلامی دەبەستێ لە چەند خاڵی جەوهەریدا سنووری خۆی لەگەڵ جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ دەکێشێو لەگەڵ کۆنڤانسیۆنی جیهانیی مافی مرۆڤ دەکەونە بەرامبەری یەکتری کە بریتین لە: فەرقو جیاوازیی حقوقی لە سەر بنەمای مەزهەبی، فەرقو جیاوازیی حقوقی لە سەر بنەمای ڕەگەزی، فەرقو جیاوازیی حقوقی لە بەستێنی گشتیی کۆمەڵگا، بە ڕەسمی نەناسینی ئازادیی هەبوون یان گۆڕینی مەزهەبو ئازادیی رادەربڕینو بە ڕەسمی ناسینی سزای توندو تیژو نەگونجاو لەگەڵ بایەخەکانی مرۆڤ تەوەری وەک بەردەباران، کوشتن، دەرهێنانی چاوو پەڕاندنی دەستو قامکەکانی دەستو هتد.

بە گشتی بەڵگەو دیکۆمێنتەکانی مافی مرۆڤو پرەنسیپە گشتگیرو جیهانییەکانی مافی مرۆڤ بەرهەمی کۆی بیرو بڕیاری مرۆڤ خۆیەتی، ئەویش بە سەرنجدان بە زۆریو جۆراوجۆریی ئایینو ئایینزاکان لە کۆمەڵگای مرۆیی‌دا بۆ پێکەوەژیانو ویکهەڵکردن؛ بەو مانایە کە پرەنسیپە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ وێڕای ڕێزو حورمەتی بۆ هەموو ئایینو ئایینزاکانو بەرەمی ناسینی ئەوان لە ژیانی تاکەکەسیی خەڵکدا، بەڵام لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکدا ڕێگە لەوە دەگرێ لە پێڕەوی هەر ئایینو ئاییزایەک مافو ئیمتیازی زیاتریان لە چاو خەڵکی دی هەبێو بە گشتی بنەماکانی مافی مرۆڤ شوێنکەوتووی هیچ دینو مەزهەبێک نین. بەڵام کۆماری ئیسلامی بە هێنانەگۆڕێی پرسی مافی مرۆڤی ئیسلامی بەدوای خۆدەربازکردن لەو بەرپرسایەتیو دەروەستییانەیە.

کۆماری ئیسلامی بەهێنانەگۆڕێی ئەو چەمکەو پاساوهێنانەوە لە هەمبەر هەموو پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە لەلایەن دەسەڵاتەوە، مافی مرۆڤی ئیسلامیی نەک بۆ خزمەتکردن بە ئیسلام، بەڵکوو وەک چەکێک لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتو زۆرداریی خۆی بەکار هێناوە، بۆ سەرکوتی هەر چەشنە نارەزایەتییەک بە دژی دەسەڵاتو

پرسیارخستنه سەر شەرعییەتی نیزام به کاری دێنێو وەک قەڵغانێک به دژی نەیارانی بەکاری دێنێ، هەر بۆیەش تیمی نێردراوی ئێران بۆ کۆبوونەوەی ژنێف سەرەڕای دنیایەک شێرو ڕێوی هێنانەوە نەیانتوانی جیا له چین، تاقه یەک وڵات له بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیه قایل به گوێگرتن له پاساوەکانیان بکەن.

له ژماره ٦٤٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

## "مێرووله واباشه نەچێ به گژ قوللەیی قافا"

له بانەمەڕی بەهاری ئەمساڵداو له ساڵیادی کۆچی دوایی گەوره هونەرمەندی گۆرانیبێژی کورد، مامۆستا حەسەن زیرەکدا کۆنسێرتێک که قەرار بوو بەو بۆنەیەوە له شاری بۆکان بەڕێوه بچێ، لەپڕ به بڕیاری سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامیی ئەو شاره ڕاگیرا.

هەڵوەشاندنەوەی ئەو کۆنسێرته له حاڵێکدا بوو که پێشتر هەموو ئامادەکارییه قانوونییەکانی بۆ کرابوو. ئیحسان زیرەک، یەکێک له هونەرمەندانی باشووری کوردستان که قەرار بوو لەگەڵ سۆرەییا کەریمزاده چەند گۆرانییەکی حەسەن زیرەک بڵێنەوە بۆ شاری بۆکان بانگهێشتو، سەردانی ئەو شارەی کردبوو؛ بلیتەکانی پێشفرۆش کرابوو، میوانەکان له شاره نیزیکو دوورەکانەوە ڕێی بۆکانیان گرتبووە بەر، که یەکجێ به بڕیاری سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامیو ناوەنده ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لەو شاره ڕاگەیەندرا که کۆنسێرتەکه هەڵوەشاوەتەوە.

دوو مانگ دوای ئەو ڕووداوەو له کاتێکدا خەڵک شینی شەنگالی دەکرد، هەر به کارئاسانیو شەریکەبەشیی ئەو ناوەنده ئەمنیەتییانەی ڕێژیم له شاری بۆکان کۆنسێرتی مورتەزا پاشایی، گۆرانیبێژی فارسی خەڵکی تاران لەو شاره بەڕێوەچوو. ئێستاش ڕۆژێک پێش ساڵیادی له دایکبوونی حەسەن زیرەک، دەنگو ڕەنگی ناوچەیی کۆماری

ئیسلامی لە مەهاباد پێشبڕکێی گۆرانیبێژی دڵخوازی لە نێوان حەسەن زیرەک، ئوستوورەی مۆسیقاو هونەری کوردی لەگەڵ مورتەزا پاشایی‌و موحسێن یەگانە، دوو هەنەرمەندی فارسی پاپخوێنی لاو داناوەو ڕاگەیەندراوە کە مورتەزا پاشایی بە مەودایەکی زۆر لە حەسەن زیرەکی بردۆتەوە.

ئەو ڕاپرسییەی دەنگو ڕەنگی ڕێژیم لە مەهاباد کۆمەڵێک کاردانەوەی لە نێو خەڵک بە تایبەت شارەکانی بۆکانو مەهابادو لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لێ کەوتۆتەوەو پێویستە لەو پێوەندییەدا تیشک بخرێتە سەر چەند خاڵێک:

بەر لەهەموو شتێک ئەو بە یەکگرتنە لە بواری هونەریدا بە هیچ شێوەیەک ڕێی تێناچێ؛ حەسەن زیرەک هونەرمەندێکی نەتەوەیی کوردە کە ٤٠ ساڵ لەوە پێش کۆچی دوایی کردووەو بە ئوستوورەو پاشخانی هونەری گۆرانیی کوردی دادەنرێ‌و، مورتەزا پاشایی‌و هەروەها موحسێن یەگانە، دوو هەنەرمەندی پاپخوێنی لاوی فارسن، کەوابوو ئەوانەی ناخرێنە تای تەرازوویەکەوەو دەبێ بەدوای مەبەستە سیاسییە ناپاکەکانی ئەو بەیەکگرتنەدا بگەڕێین.

دەنگو ڕەنگی کۆماری ئیسلامی چ لە بەشی سەراسەرییەکەی‌و چ ڕایەڵەکانی لە پارێزگاو ناوچە جیاوازەکانی ئێران قەت تەعبیریان لە دەنگو ڕەنگی خەڵک نەکردوە، بەڵکوو هەمیشە ویستوویانە ئەو خواردنانە بە بەردەنگەکانیان بدەن کە دەسەڵاتو نیزامی سیاسیی وڵات دەیانەوێ. ئەو کارکردەی دەنگو ڕەنگی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت لە کوردستانو لە ڕایەڵە ئوستانییەکانی دەنگو ڕەنگدا بە درێژایی دامەزرانیان نێوەڕۆکی سەرەکیی بەرنامەکانیان بووە.

بۆ وێنە کەمترین بایەخی بە مۆسیقای نەتەوەیی‌و نیشتمانیی کورد داوە؛ ئەوەندەی توانراوە زمانەکەیان شێواندوە، مێژووی کورد، کلتووری کوردو بایەخە نەتەوەیی‌و نیشتمانییەکانی کوردی، نەک هیچ ڕەنگدانەوەیەکیان لە بەرنامەو بەرهەمەکانی ئەو ڕایەڵانە نەبوە، بگرە بە پلانو بەهەر شێوەیەک بۆیان لوابێ خەوشیان خستۆتەسەر، شێواندوویانەو هەوڵیان داوە قەیرانی شوناس بۆ نەوەی نوێی کورد دروست بکەن.

هەر لەو پێوەندییەدا ڕەنگبێ ئەو پرسیارە لە جێی خۆی دابێ کە تا ئێستا دەنگو ڕەنگی ڕێژیم لە شاری مەهاباد کە دەبوا یەکێک لە ئەرکەکانی بایەخدان بە هونەرو مۆسیقای کوردی با، لە ساڵدا چەند گۆرانیی حەسەن زیرەک،

هونەرمەندی نەتەوەیی کوردو چەند گۆرانیی مورتەزا پاشایی، هونەرمەندێکی فارسی زمانی بڵاو کردۆتەوە کە ئێستا بەبەر یەکترییان دەگرێ؟

سروشتییە کۆماری ئیسلامی کە بەردەوام دژایەتیی زمانی کوردی، شوناسی کوردیو کلتوورو ئەدەبو مێژووی کوردی کردوە، ئەمجارەشیان بۆ ئەوەی بڵێ خەڵکی کورد تەنانەت پتر لە زمانی خۆیانو هونەری ڕەسەنی خۆیان گرینگی بە زمانو هونەری فارس دەدەنو زمانو هونەری خۆیان پێ ناوچەییو لۆکاڵو دواکەوتوو، بەڵام ئی فارسییان پێ دەوڵەمەندو هونەرەکەیان پێ مۆدێرنو پێشکەوتووترە، وەها شانۆیەک وەڕێ بخەن تا ئەوەندەی دیکە هەوڵی بەکەمگرتنو سووکایەتیکردن بە زمانو فەرهەنگی کوردییان دابێ.

لایەکی دیکەی ئەو ڕاپرسییە کەزاییەی دەنگو ڕەنگی ڕێژیم لە شاری مەهاباد سێناریۆ ئەمنیەتییەکان بۆ نانەوەی ناکۆکیی نێوان خەڵکی شارەکان لە کوردستانە، بۆ هەڵبژاردنی حەسەن زیرەک لە نێو مەهابادییەکان، بۆ مەسەلەن هونەرمەندێکی دیکەی شاری مەهاباد نا، کە بێگومان هەر کەسێکی دیکەشیان دانابا هەر ئەو ئاکامە لەو ڕاپرسییە ڕادەگەیەندرا. بەوەش دەزگای تەبلیغیی کۆماری ئیسلامی نیشانی دا کە هەروەک جاران لەسەر ڕێچکەی ئاژاوەنانەوەو تەفرەقەو ناکۆکی دروستکردن، بۆ لە گیانی یەکتر بەردان لە نێوان کورددا دەڕوا. بەڵام بەو کارو هەوڵە نەزۆکانە نە دەتوانێ خەوش لەسەر هونەرمەندە نەتەوەییەکانو سیمای ئوستوورەییان دروست بکا، نە دەتوانێ بە مەبەستە ناحەزەکانی لە دروستبوونی تەفرەقەو ئەمو ئەوی لە نێو خەڵکی کوردستان بگا، چونکی نەوەی نوێی کورد زۆر لەوە وشیارترن. هەڵوێستی ئەوان لە بەرامبەر ڕووداوەکانی شەنگالو کۆبانی سەلماندییەوە کە چەندە بە ڕووح لێک نیزیکنو ترس و هەوڵی ڕێژیمیش بۆ خەوشدارکردنی ئەو ڕووحی نەتەوەییە هەر لەوەوە سەرچاوە دەگرێ.

**ماڵپەڕی کوردستان و کورد**

**٢٣ نۆڤەمبەری ٢٠١٤**

## بابەتەکانی: ساڵی ٢٠١٥

---

### کوردستانو پشکی لە نەهامەتییەکانی ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامیدا

ئەگەرچی لە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا هاتووە کە هەموو دانیشتووانی ئێران مافی وەک یەکیان هەیەو تەنانەت باس لە پێویستیی سڕینەوەی هەڵاواردنەکانی پێشوو لە زۆرێک لە ناوچە هەژارو پەرەنەسەندووەکان کراوە، بەڵام دوای پتر لە ٣٥ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، قەزاوەتەکانو رەوتی پێشهاتەکان لە کوردستان ئاکامێکی دیکە بە دەستەوە دەدەن.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەرچی لەڕووی سەرچاوە سرووشتییەکان، لە ڕووی ئاوو هەواو، کانزاو سامانە ژێرزەوییەکان و حەشیمەتی لاو و هەموو فاکتۆرەکانی دیکەی گەشەو پەرەسەندن، خاوەنی باشترین جێگەو پێگە لە جوغرافیای ئێرانە؛ کەچی هەر بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان چوار پارێزگاکەی کوردستان، واتە ئیلام، ورمێ، سنەو کرماشان پەراوێزخراوترینو گەشەنەسەندووترین ناوچەکانی ئێرانن.

هەر بەپێی ئامارە ڕەسمیەکانی حکومەت ئەگەر کوردستان لە ڕووی نرخی بێکاری، لە ڕووی ئاستی زۆریی حەشیمەتی نەخوێندەواری، لەبواری قوڵبوونەوەی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی وەک خۆکوژی، تەڵاقو خەمۆکی، لە ڕووی پەرەسەندنی پەتای ماڵوێرانکەری ئێعتیاد بە ماددە هۆشبەرەکان پشکی شێری لە ئێراندا پێدەبڕێ. بەڵام لە ڕووی گەشەی ئابووری، پەرەسەندنی مرۆییو کۆمەڵایەتی لە پلەکانی هەرە خوارەوەی ڕیزبەندییەکاندا جێی گرتووە.

ڕۆژ نییە لە کوردستان کۆمەڵە کەسو کاسبکارێک کە بەپێی قانوون دەبێ دەوڵەت هەلی کاریان بۆ بڕەخسێنێ، بە تاوانی کۆڵبەری کە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان ڕوویان تێکردوە؛ سەرەڕۆیانە نەدرێنە بەر دەسرێژو چەند

کەسیان بە کوژرانو برینداربوون نەبنە قوربانی...

ڕۆژ نییە لە کوردستان کۆمەڵە کەسو هاووڵاتییەک کە بەپێی قانوون دەوڵەت دەبێ زەمانەتی پاراستنی گیانیان بکا، بەهۆی تەقینەوەی مینە چێندراوەکان لەلایەن ناوەندە نیزامیو ئەمنیەتییەکانی هەر ئەو حکومەتەو بێخەمییان لە هەڵگرتنەوەیان نەبنە قوربانی، نەکوژرێنو بریندارو نقوستان نەبن..

ڕۆژ نییە چالاکانو هەڵسووڕاوانی کورد لە سۆنگەی پێشوێنکەوتنی داوا ڕەواو قانوونییەکانیان لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە بەند نەکرێن و پەروەندەی قورسیان لە دەزگای قەزاییدا بۆ دروست نەکرێو سزای قورسی ئێعدامو زیندانیی درێژخایەنو دوورخستنەوەیان بۆ ناوچە دوورەدستەکانی ئێراندا بەسەردا نەسەپێ... هەر هەموو ئەوانەش بەرهەمی ڕوانینی ئەمنیەتی بۆ کوردستانو بەردەوامیی سیاسەتی فەرقو جیاوازیدانان بە مەبەستی دژایەتیکردنو زیاتر پەراوێزخستنی کورد لە ئێرانە.

دوایین ڕاپۆرتی ناوەندی ئاماری ئێران لەسەر دۆخی بێکاری لە ناوچە جیاجیاکانی ئێران لە سێ مانگی پاییزی ئەمساڵ نموونەیەکی باش بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییەیە کە لەسەرەوە باسمان کرد.

ناوەندی ئاماری ئێران کە بە شێوەی ساڵانەو وەرزی نرخی بێکاری لە سەراسەری ئێران بە پێی حەشیمەت، شارەکانو ئاوایییەکانو ژنانو پیاوان تاوتوێی دەکا، لە ڕاپۆرتی خۆی بۆ وەرزی پاییزی ئەمساڵ دەڵێ کە پارێزگای کرماشان بە سەدی ١٥.٣، زۆرترین نرخی بێکاریو پارێزگای ناوەندیش بە سەدی ٥ کەمترین نرخی بێکاریی لە ئاستی ئێراندا هەیە.

چالاکانی مەدەنیو سیاسیی کرماشان دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی نوێی ناوەندی ئاماری ئێران هەوڵیان دا ئەو دۆخە بە بەڕێوەبەریی لاوازی کاربەدەستانی پارێزگاوە گرێ بدەن و عەلی جەلیلیان، نوێنەری شائابادیش ڕایگەیاند کە بە ڕوانگەی سیاسی چاولێکردن لە پرسو بابەتو کێشەو گرفتەکان ئەو بارودۆخەی لێکەوتۆتەوە، ئەوە لە حاڵێک دایە کە ئەو دۆخە تایبەت بە ئەمساڵو چەند ساڵی ڕابردوو نەبووە پارێزگای کرماشان وەک بەشێک لە کوردستان سەرەڕای بوونی زۆر سامانی سروشتیی بەنرخ وەک نەوتو، سەرەڕای زۆرترین خەسارو زیان کە لە ماوەی ٨ ساڵ شەڕ لەگەڵ عێراقدا وێی کەوتووە، هەموو کاتێ یەکێک لە پەراوێزخراوترین ناوچەکانی ئێران بووە.

ئەو نوێنەرەی خەڵکی کرماشان لە مەجلیس نایشارێتەوە کە لە ئێستادا داڵغەو نیگەرانیی کاربەدەستانی کرماشان کێشەی بێکاری، تەڵاق، ئێعتیادو خەسارە کۆمەڵایەتییەکانو کێشەکانی دیکەی خەڵک نییە، بەڵکوو سیاسەتبازیو باڵبالێنی سیاسی لەگەڵ یەکتر بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی زیاترە.

بەڵام لێرەدا باسەکە هەر ئەوە نییە کە کرماشان لە ئێستادا زۆرترین نرخی بێکاری لە ئێرانی هەیە، بەڵکوو ئەوەیە کە ئەو کێشەیە گرفتی سەرەکیی هەموو خەڵکی کوردستانە. هەر بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان تەنیا لە پارێزگای ورمێ ١١٦ هەزار کەسی دەرچووی زانکۆ بێکارن. قوربانعەلی سەعادەت، پارێزگاری ورمێ چەند جار تا ئێستا ڕاگەیاندوە کە ناتوانێ ئامارە رەسمییەکان لەسەر نرخی بێکاری لە پارێزگای ورمێ پشتڕاست بکاتەوەو دەڵێ نرخی بیکاری لە پارێزگای ورمێ لە سەدی ٣٠ زیاترە. هەروەها ئەحمەد شوهانی، نوێنەری خەڵکی ئیلام لە مەجلیسیش دەڵێ پارێزگایەکی زۆر بچووکی وەک ئیلام کە ٥٥٠ هەزار حەشیمەتی هەیە، پتر لە ١٠٠ هەزار کەسی بێکارنو لە هەر ٥ کەس لە خەڵکی ئەو پارێزگایە یەکیان بێکارنو بنەماڵە لە ئیلام نابینی کە بێکارێکی تێدا نەبێو تەنانەت زۆرن ئەو بنەماڵانەی ٥-٦ بێکاریان هەیە. لە پارێزگای سنەش دۆخەکە لەوە باشتر نییەو عەلەوی، نوێنەری ئەو شارە لە مەجلیس ماوەیەک لەوە پێش لە کۆبوونەوەی پرسیارو وڵام لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆی ئازادی ئیسلامیی شاری سنەدا گوتی: بەپێی ئەم ئامارانەی لەبەر دەستدان، نرخی بێکاری لە پارێزگای سنە ٢ هێندەی نێونجی وڵاتە.

ئەو پێشتریش لە کۆبوونەوەی مەجلیس تانەی لە وەزیری نێوخۆ دابوو و گوتبووی: پارێزگای سنە لە ڕووی ڕەخساندنی هەلی کارەوە لە دۆخێکی نالەباردایە و ڕێژەی بێکاری لە سەرووسەدی ٢٥ و و زۆر لەلاوانی کورد بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانیان ناچارن بۆ کۆڵبەری ڕوو لە ناوچە سنوورییەکان بکەن.

تازە بێکاری تەنیا یەکێک لە کێشەو گرفتەکانی خەڵکی کوردستانە کە هەڵبەت دیارە سەرچاوەی زۆر کێشەو خەساری دیکەی کۆمەڵایەتییەو بە سەرنجدان بەوەی ئەو بارودۆخە لە هەموو تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا لە کوردستان درێژەی بووە، دەردەکەوێ کە ڕوانینی ئەمنیەتیو ناخۆیی کاربەدەستان بۆ کوردستانو خەڵکی کورد هۆکاری سەرەکیی ئەو دۆخە تاڵە لە کوردستان بووە.

دواجار هاتنەسەرکاری دەوڵەتی مشورو هیوای حەسەن ڕوحانیو ماوەی دوو ساڵ کارو کردەوەی ئەو دەوڵەتەش کە زۆرترین بەڵێنی بە خەڵکی کوردستان داو دەنگێکی یەکجار زۆریشی لەو ناوچەیە کۆکردەوە، نەیتوانیوە ئاڵوگۆڕێک

بە ئاراستەی باشترکردنی دۆخی ژیانی خەڵک لە کوردستان پێک بێنێ.

ماڵپەڕی کوردستان و کورد

٥ی جانێوێری ٢٠١٥

## شۆڕشی ١٣٥٧، ڕەنجێکی خەسارو خەڵکێکی کۆڵەوار

ئەوانەی مانگو ڕۆژەکانی پێش و دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ٥٧ یان لە بیرە، ئەو دروشمەیان ئێستاس لە گوێدا دەزرینگێتەوە کە "خومەینیی فریشتە" دەگەڕێتەوەو بە وەدەرنانی "حەمەڕەزا شای دێو"؛ ئێران دەبێتە جەننەتو کۆتایی بە هەموو چەوسانەوەکان، زەوتبونی ئازادییەکانو نادادپەروەرییەکان دێ. لە جێدا ئامانجو مەبەستەکانی شۆڕشی گەلانی ئێرانیش هەر لە پێناو ڕزگاری لە ستەمو هەلآواردنو گەیشتن بە مافو ئازادییە ئینسانییەکانیان بوو.

٣٦ ساڵ دوای ئەو ڕۆژانە ئەوەی ئەمرۆ خەڵکی ئێران لە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیی خۆیاندا دەیبینین، دۆخێکی نالەبارتر، واقعێکی تاڵترو ڕۆژگارێکی سەختتر لە ئی ئەو کاتەیە کە لە دژی ڕاپەڕیبوونو ڕێژیمێکیان بۆ ڕووخاندبوو. ٣٦ ساڵ دوای ئەو ڕۆژە خەڵک بە حەق لە خۆیان دەپرسن: دەسکەوتەکانی ئەو ڕاپەڕینەیان چی بوو، ئاڵوگۆڕەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەوان چینو بە کام لادا شکاونەتەوە؟! قەیرانەکانی ژیانی ئێستایان لە چی ڕا دروست بوونو بۆ بە ئێرە گەیشتوون؟

خومەینی، ئەو بەناو فریشتەیەی بڕیار بوو خێرو بەرەکەتو؛ ئاسوودەییو خۆشی بۆ خەڵکی ئێران بە دیاری بێنێ، هێشتا پشووی نەهاتبۆوە بەرخۆی کە ڕایگەیاند؛ "شۆڕشی ئیسلامیی ئێران تەواو نەبووەو ئێران ئەو شۆڕشەی لە سنووره جوغرافیاییەکانی خۆیدا قەتیس ناکا". بەوەش زۆر هەڵوێستو گوتارو ڕەفتاری وڵاتانی جیهانو هاوکێشە سیاسییەکان لە هەمبەر ئێراندا هەر لە جێدا گۆڕان، کە لە یەکەم هەنگاودا ئەو گۆڕانە شەڕی نێوان ئێرانو

عێراقی لێکەوتەوە کە جیا لە کوژرانو بریندار بوونو ماڵوێرانی بۆ بە میلیۆن کەس خەڵکی ئێران، ئابووریی ئەو وڵاتەی لەبەر یەک هەڵتەکاند، شەڕێک کە لەسەر پێداگریی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیدا ٨ ساڵ درێژەی پێدرا. شکستی ماشێنی نیزامیی ئێران لەو شەڕە تورموزی بە ماشێنی سەرکوتی ئازادییە سیاسییەکانی خەڵکی ئێران بڕی، ڕەوتێک کە ڕێژیم هەر لە سەرەتای بەدەستەوە گرتنی جڵەوی دەسەڵات لە ئێران بۆ دەرکردن گرووپو لایەنە ڕکەبەرە سیاسییەکان لە مەیدان دەستی پێکردبوو. ئەم ڕەوتە لە نێوخۆی وڵاتدا دوای خواردنەوەی جامی ژارەکە لەلایەن خومەینی بۆ قەرەبوو کردنەوەی باری ڕەوانیی تێکشکان لە شەڕ لەگەڵ عێراق دەستی پێکردو کوشتاری هەزاران بەندیی سیاسیو زاڵکردنی کەشی سەرکوت لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەو سەردەمە بوون. سەردەمێک کە ئیدی کۆتایی شەڕ، کۆتایی بە شاردنەوەو پەراوێزخستنی ئەو قەیرانو کێشانەش هێنا کە لەمێژساڵ بوو بەرۆکیان بە خەڵکی ئێران گرتبوو، بەڵام لە حاڵو هەوای شەڕدا نەدیو دەکران.

گرانیو قەیرانی بێکاری ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر خۆی وەدەرخست. پێداگریی ئێران لەسەر سیاسەتی قەیران خولقێنی بۆ تێپەڕین لە قەیرانەکانی دیکەی ئەوەندەی دیکە زیاتر پەرەی بە قەیرانو کێشە کۆمەڵایەتییەکان دا. سووربوونی کۆماری ئیسلامی لە داڵدەو پشتیوانیی لە گرووپە تێرۆریستیەکانی حیزبوڵلا، حەماسو دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دراوسێی بە کەڵکوەرگرتن لە فاکتۆری مەزهەب وڵاتی ئێرانی ئەوەندەی دیکە زیاتر لە هاوکێشە سیاسییەکانی جیهاندا خستە پەراوێزەوە. هەوڵە بە نهێنییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتومیش ئیدی وایکرد کۆمەڵگای جیهانی بە تەواوی لە ئێران هیوابڕاو بێ‌و لەو سۆنگەیەوە فشارو گەمارۆ ئابوورییەکانی کۆمەڵگای جیهانی لە دژی ئێران ئەوەندەی دیکەی قەیرانە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان لە ئێرانی قووڵتر کردەوە.

لە تەنیشت قەیرانی کۆمەڵایەتیو سیاسیی ئێران یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی ئێرانی لە هاوکێشە نێونەتەوەییەکاندا پەراوێز و لە ژێر گوشار خستبوو، بابەتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە لە لایەن دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامییەوە بوو.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٣٦ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا تا ئێستا پتر لە ٣٠ جار لە لایەن کۆمیسیۆن و شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەبارەت بە پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤەوە مەحکووم کراوە و لەو ماوەیەش دا ساڵ نەبوە کە لە لایەن ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ و هەواڵنێرانی

بێسنوورەوە لەمەڕ پێشێلکاریی مافی مرۆڤ و سەرکوتی ئازادیەکانی خەڵک، بە تایبەت ئازادیی رادەربڕینەوە مەحکووم نەکرابێ.

بەڵێ، ٣٦ ساڵ لە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی ڕادەبرێ. لەو ٣٦ ساڵەدا خەڵک بە چی گەیشتوونو لەو کۆمەڵگایەدا چ ڕادەبرێ؟ ئاماژە بە چەند ئامارو داتای ڕەسمی بەرچاوڕوونییەکی زیاترمان لەو دۆخە دەداتێ.

کاربەدەستانی وەزارەتی خوێندنی باڵا نایشارنەوە کە ئێران لە رووی راکردنی مێشکەکانی و کەسانی بژاردەکانی کۆمەڵگای دا لە دنیا دا لە پلەی یەکەم دایە و ساڵانە زیاتر ١٢٠ هەزار کەس لە ئێران را بەرەوە وڵاتانی دیکە رادەکەن کە بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانە دەرچووانی زانکۆ و خاوەن پلەی بەرزی ئاکادێمین.

بە پێی ئاماری چاوەدێرانی کۆمەڵایەتی تەمەنی توشبوون بە ئێعتیاد بۆ خوار ١٢ ساڵ لە کەمی داوە، لە سۆنگەی پەرەسەندنی ئێعتیادەوە ئاماری تەڵاقیش هەروا بەرەو سەر هەڵدەکشێ. تەمەنی لەشفرۆشی لە ئێران بۆ خوار ١٤ ساڵ دابەزیوەو تاڵو دڵتەزێن ئەوەیە کە بەشی هەرە زۆری ژنانی سۆزانی لە ئێران خاوەن مێردو منداڵن.

لە ئیراندا رێژەی بێکاری سەدی ٢٤ راگەیەندراوە بەڵام کارناسە ئابوورییە سەربەخۆکان ئەو ئامارە حکومەتییانە رەت دەکەنەوە و لە سەر ئەو باوەڕەن کە نرخی بێکاری لە ئێران سەروو سەدی ٤٠ و لە پارێزگاو ناوچە پەراوێزخراوەکانی وەک کوردستان تەنانەت سەروو سەدی ٥٠ یە.

کاربەدەستانی دەزگای قەزایی دەڵێن ژمارەی پەروەندە قەزاییەکان لە ئێران زیاتر لە ئی وڵاتی چین بە ١ میلیاردو ٣٠٠ میلیۆن حەشیمەتەو لە هەر ١٠٠ هەزار کەس لە ئێران، ٢٠٠ کەسیان لە زیندان دانو لە دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتییەوە حەشیمەتی ئێران ٢ بەرامبەر بووە، بەڵام ئەژماری زیندانییەکانی ئێران بۆتە ١٠ بەرامبەر.

ئەم ڕۆژانە خەڵکی ئێران لە حاڵێکدا هەست بە سێبەری قورسی دەسەڵاتی ٣٦ ساڵەی کۆماری ئیسلامی بە سەر خۆیاندا دەکەن کە لە سایەی سیاسەری بەڕێوەبەریی وڵات لەلایەن ڕێژیمەوە ئابووریی ئێران بە تەواوی تێک تەپیوە.

بانکی جیهانی دەڵێ ئابووریی ئێران ساڵانە پێویستیی بە ١٠٠ هەزار میلیارد تمەن وەبەرهێنان هەیە، وزارەتی پیشەسازیی دەوڵەتی ڕوحانیش نایشارێتەوە کە ١٤ هەزار کارگەو کارخانەی گەورەو بچووک لە ئێران داخراون. وەزارەتی تەعاونو خۆشبژێویش دەڵێ لە ئێراندا ١٢ میلیۆن کەس لەژێر هێڵی هەژاری دان. وەزیری نیشتەجێکردنیش چەند ڕۆژ پێش ئێستا ڕایگەیاند کە یەک میلیونو ٥٠٠ هەزار بنەماڵە لە ئێران لە تاقە یەک ژووردا دەژینو وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنیش دەڵێ نزیک بە ١٠ میلیۆن کەس لە ئێران نەخوێندەوارن. لەلایەکی دیکەوە ڕۆژ نییە کە پەردە لە گەندەڵییەکی چەند هەزار میلیارد تمەنی لە لایەن کاربەدەستانی حکومەتەوە لەو وڵاتە لانەدرێ‌وبە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی جیهانیی شەفافییەت ئێران لە پلەی ١٣٦ی "پێوەرەی گەندەڵی"ی جیهاندا جێی گرتووە ئەوە ئەو بەهەشتەیە کە ٣٦ ساڵ لەوە پێش ڕێبەرانی شۆڕش بە خەڵکی ئێرانیان دابوو.

ماڵپەڕی کوردستان و کورد

٩ی فێبریوێری ٢٠١٥

---

## داوایەکی ڕەوا کە بەیەکگرتوویی‌و شێلگیری دێتە دی

ماوەی زیاتر لە مانگێکە نارەزایەتیی مامۆستایانی قوتابخانەو خوێندنگەکانی ئێران لە بارودۆخی ژیانو گوزەرانیان، لە سیاسەتی پڕهەڵاواردنو فەرقو جیاوازیدانانی دەوڵەت لە نێوان کارمەندەکانی وەزارەتخانەکان پەرەی سەندوە.

لە ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی بەفرانباری ئەمساڵدا زیاتر لە ٦٠٠٠ مامۆستای قوتابخانەو خوێندنگەکانی ئێران لە تۆمارێکدا بۆ مەجلیس داوایان کرد کە گوێ بدەنە ویستو داواکانیان و ڕۆژی یەکشەممەش بە بانگهێشتی " کانوونی سینفیی مامۆستایان" لە زۆربەی شارو ناوچەکانی ئێران کۆبوونەوەی نارەزایەتی دەربڕینی مامۆستایان لە بەر دەرکی ئیدارەی پەروەردەو بارهێنانو، لە شاری تاران لە بەردەم مەجلس بەڕێوە چوو.

لەو کۆبوونەوانەدا پێدانی مووچە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، هەڵوەشانەوەی حوکمە قەزاییەکان لە دژی چالاکانی

فەرهەنگیو ئازادکردنی مامۆستایانی بەندکراو و هەروەها هەڵگرتنی فەرقو جیاوازیدانان لە نێوان مامۆستایانی پیاوو ژن چەند داوایەکی سەرەکیی ئەوان بووە.
لە ڕۆژەڤدا بوونی ئەو بابەتە دەخوازێ کە بڕێک وردتر تاوتوێی کێشەو خوێندنەوە بۆ داوای مامۆستایان بکەین.
ئێران بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان نیزیک بە ١٢ میلیۆن قوتابیو وەزارەتی پەروەردەش نیزیک بە یەک میلیۆن مامۆستاو کارمەندی ئیدارەکانی هەیە.

کارناسانی ئابووری بەپێی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان دەڵێن کە نیزیک بە سێ لە چواری مامۆستایان لە ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، زۆر لە مامۆستایان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان ڕوو لە کاری دووهەم دەکەنو مامۆستایان لە کۆمەڵگادا پێچەوانەی دروشمەکانی حاکمییەت کە دەڵێن "پیشەی مامۆستایەتی لە پێغەمبەرانەوە ماوەتەوە"، جێگەو پێگەی شیاوی خۆیان نییەو ئەو مامۆستایانەی بە شێوەی نارەسمی دامەزراون، هەموو ئانو ساتێک مەترسیی دەرکرانیان لەسەرە.

لە ئێران توێژی مامۆستایانی پەروەردە پێچەوانەی وڵاتانی دیکە ئەگەر لەلایەک کەمترین کاریگەرییان لەسەر سیاسەتو پلاندانانی پەروەردە نییە، لەلایەکی دیکە بەشدارییان لە ڕێکخراوە سینفییەکان بۆ کارو پیشەیان کێشە خوڵقێنەو حەراسەتو کەشی ئەمنیەتیی زاڵ بەسەر نیزامی پەروردەیی لە ئێران دەستو پێی ئەوانی بۆ زۆر کاری بنەڕەتیی پەرورەدەیی بەستووە.

بە گشتی نارەزایەتیی مامۆستایان لە ئێران هەڵگری چەند تایبەتمەندییە، لەلایەک سینفیو دەنگ هەڵبڕین بۆ باشترکردنی دۆخی ژیانو هەڵگرتنو نەمانی فەرقو جیاوازیدانانو جێگیرکردنی نیزامێکی یەکدەستی مووچەو ماف لە نێوان هەموو کارمەندو فەرمانبەرانی دەزگای دەوڵەتە. لەلایەکی دیکەوە لە نەبوونی ڕێکخراوو ئەنجوومەنێکی سینفیی بەهێزدا زۆربەی ئەو نارەزایەتییانە خۆڕسکنو ڕێبەرییەکی دیارو خاوەن پێناسەی تایبەتی نییە، هەر بۆیەش زۆرجار نارەزایەتیی مامۆستایان یان زوو لەبار براوە، یان لەلایەن باڵە سیاسییەکانی دەسەڵاتەوە لە هاوکێشەی قازانجی خۆو زیانی دژدا بەلاڕێدا براوەو بە ئاکام نەگەیشتووە.

هەروەها زنجیرە نارەزایەتییەکانی مامۆستایان لە ئێران لە نەبوون، یان لاوازیی ئەو ڕێبەرییەدا، لە ڕووی تاکتیکی بەدواداچوونیش قسەی لەسەرەو مامۆستایان لەگەڵ یەکتر کۆک نین. کۆمەڵێک لە مامۆستایانی پێشەنگ پێیان وایە کە دەوڵەتو مەجلیس بە کۆکردنەوەی ئیمزاو ناردنی تومارو نارەزایەتیی لەو چەشنە ئاوڕ لە ویستو

داوای مامۆستایان نادەنەوەو تەنیا ڕێگە داخستنی قوتابخانەو پۆلەکانی خوێندنە، بەڵام زۆربەی مامۆستایان دەڵێن ئەو تاکتیکە بە زیانی ڕەوتی فێربوونو پەروەردەی قوتابیانەو دواکەوتنی منداڵان لە خوێندنی بەدوادا دێ. ئەوان پێیان وایە دەبێ لە دەرەوەی دەوامی ئیداریی خۆیان پێوشوێنی داواکردنی مافەکانیان لە دەوڵەت بکەونو ئەو ناکۆکییەش وایکردوە کە نارەزایەتییەکان لەلایەن دەوڵەتەوە هەمیشە ئاسانو بە تێچوویەکی زۆر کەم لەبار ببرێنو مامۆستایان تا ئێستا کەمترین دەسکەوتیان لەو نارەزایەتییانە بووە.

لە کوردستان جیاواز لەو بابەتە، واتە کێشەی مەعیشەتیو فەرقو جیاوازیی مامۆستایان لەگەڵ کارمەندەکانی دیکەی دەزگای دەوڵەتو کێشە سینفییەکانی دیکەی مامۆستایان، مامۆستایان هەڵگری خەمێکی دیکەن کە بێبەشیی منداڵانی کورد لە خوێندن بە زمانی دایکە. هەر ئەو خەمو داوایەش لە کۆبوونەوەی نارەزایەتی دەربڕینی دوێنێی مامۆستایاندا ڕەنگی دابۆوەو لە زۆر پلاکاردو نووسیندا هاتبوو کە "خوێندن بە زمانی کوردی مافی قوتابیو منداڵەکانمانە".

مامۆستایانی کورد لە کوردستان ڕەخنەی زۆریان لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی وڵات هەیەو بێبەشیی منداڵان لە خوێندن بە زمانی دایک یەک لە داڵغە سەرەکییەکانی ئەوانە. ئەوان باشتر لە هەموو کەس دەزانن کە مرۆڤ بە زمانی زگماکیی خۆی دەتوانێ زۆر بەباشی فێر ببێ و پەروەردە ببێ، و بێ گرێ و گۆڵ باس لە خۆشی و خەمەکانی، هەست و چێژو بیرەوەرییەکانی، حەزو خۆزگەو ئاواتەکانی بکاو هەر لەو ڕێگەیەشەوە شوناسی تایبەت بەخۆی لە ناخیدا بیچم بگرێ، بەڵام پێمل کردنی منداڵانی کورد بە خوێندن بە زمانی فارسی هەر لە جێ دا ئەو پێوەندییە تێک دەداو لە رووی دەرونی و کەسایەتی و زێهنییەوە یەکەم زەربەی قورسی خۆی لێ دەدا.

لەم ڕووەوە مامۆستایانی کورد وێڕای هەڵگرتنی خەمو کێشەو داوا سینفییەکانی خۆیان، خەمو ژانێکی دیکەشیان لە کۆڵ ناوە، بەڵام بە هەموو ئەوانەوە کاتێک نارەزایەتیی مامۆستایان بەو دۆخە نالەبارە بە ئاکام دەگا کە هەم ئەوان شێلگیرترو ڕێکخراوتر بەدواداچوون بۆ مافەکانیان بکەن، هەم ئەوەی کە خەمی ئەوان خەمی خەڵکو چینو توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا بێو ئەوان لەو دۆخە سەختەدا پشتی مامۆستایان چۆڵ نەکەنو یارو یاریدەدەریان بن.

**ماڵپەڕی کوردستان و کورد**

**٢ی مارچی ٢٠١٥**

## ساڵی نوێی هەتاویو دوورەدیمەنی پرسی مافی مرۆڤ لەمساڵدا

ساڵی نوێی هەتاوی لە کوردستانو ئێران لە حاڵێکدا دەست پێدەکا کە بەداخەوە وەک زۆربەی ساڵەکانی پێشوو زیندانیانی سیاسیی کورد لە مافی مەرەخەسیی نەورۆز بێبەش بوون.

بنەماڵەی عوسمان مستەفاپوور، زیندانیی سیاسیی کورد دەڵێن کە ٢٣ ساڵە نەورۆزمان لێ تاڵە، چونکی گەورەی ماڵەوەمان لە زیندانە، بنەماڵەی کەبودوەند دەڵێن ٨ ساڵە لە ڕۆژی نەورۆزدا بەجێی رازاندنەوەی سفرەی نەورۆز مۆمێک بە یادی محەممەد سدیقو زیندانیانی سیاسیی دیکەی کورد دادەگیرسێنین.

ساڵی نوێی هەتاوی لە کوردستان لە بارودۆخێکدا دەست پێدەکا کە دەوڵەتی حەسەن ڕوحانی کە بە دروشمی کرانەوەی سیاسیو پێکهێنانی ئاڵوگۆڕو بە دەنگی زۆری خەڵک هاتە سەرکار، لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا کارنامەکەی لە بواری ڕەوشی مافی مرۆڤ ڕەشتر لە سەرۆک کۆمارەکانی پێش خۆیەتی.
هەر بەپێی ئامارە نیوەڕەسمییەکان کەلایەن کۆڕو کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان کۆکراونەتەوە، لە ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٤٢٠ کەس لە کوردستان بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دەسبەسەر کراونو زیاتر لە ٤٠٠ کەسیش بانگ کراونەتە ناوەندە ئەمنیەتییەکانو سەبارەت بە کارو چالاکییەکانیان لێپرسینەوەو هەڕەشەیان لێکراوەو؛ ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان کەشی ئەمنیەتیی زاڵ بەسەر کوردستان لەو ماوەیەدا قورستر بووە.

ڕێگرتن لە کاسبیی کۆڵبەرانو کاسبکارانی کورد کە بەهۆی بێکاریو بێدەرەتانی ناچار بە ڕووتێکردن لە پیشەی مەترسیداری کۆڵبەریو هاتوچۆی سەر سنوورەکان بوون، لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکەی دەوڵەتی ڕوحانی لەبواری ڕەچاوکردنو پاراستنی مافی مرۆڤ لە کورستانە.
هەر بەپێی ئامارەکان نیزیک بە ١٥٠ کۆڵبەرو کاسبکاری کورد لە ساڵی ڕابردوودا بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی یان ڕاوەدوونانیان لەلایەن ئەو هێزانەوە کوژراونو بریندار بوون کە ئەوە بێبایەخیی گیانی مرۆڤی کورد لای کاربەدەستانو دەزگا دەوڵەتییەکان دەردەخا. ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو کوشتارەی کاسبکارانو کۆڵبەرانی کورد بە بیانووی بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی ڕێژیم لە گەڵ دیاردەی

قاچاغ پاساوی بۆ دەهێندرێتەوە، لە حاڵێکدا کە بەپێی لێدوانە ڕەسمییەکان لەلایەن کاربەدەستانی پێوەندیداری ڕێژیمەوە زیاتر لە نیوەی کاڵای قاچاغ لە ئێران لە دەروازە ڕەسمییەکانی وەک بەندەرەکان، فڕۆکەخانەکانو بازاڕچە سنوورییەکان ئەویش لەلایەن خودی دەستو پێوەندییەکانی ڕێژیمەوە هاوردە دەکرێ. کەچی نە کەس لەوان خوێنی لە لووتی دێو نە کەسی لەسەر دەستبەسەر دەکرێ، یان سزا دەدرێ.

گرمەی مینە لەکارنەخراوەکان لە کوردستان لە ساڵی ٩٣ شدا هەر جار نا جارێک بەرز بۆوەو دڵێکی لە لێدان خستو شینو شەپۆری خستە نێو ماڵێکەوە. ساڵی ڕابردووش تەقینەوەی مین لە کوردستان لانیکەم ٧٠ کەسی کوشتو لە جێدا خست. بەردەوامیی ئەو ڕووداوانەش لە حاڵێک دابوو کە ئەو تراژیدییانە هیچ هەست بە بەرپرسایەتییەکی زیاتری نەخستە سەر شانی کابەدەستانو موچڕکی نەخستە لەشیان.

بەردەوامیی ئێعدامی چالاکانی سیاسیو عەقیدەتیی کورد، گرتن و دەسبەسەرکردنی چالاکانی سیاسیو مەدەنی، سەپاندنی سزای زیندانیی درێژماوە بە سەریانداو دوورخستنەوەیان بۆ شارە هەرە دوورەکانی ئێران، بێبەشکردنیان لە مافی مەرەخەسی، لە مافی چارەسەری پزیشکی چاوەدێرانی سیاسیی هێناوەتە سەر ئەو قەناعەتەی کە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە دەوڵەتی حەسەن روحانیدا نەک باشتر نەبووە، بگرە خراتر بووە، تەنانەت هەندێک کەسو لایەن پێیان وایە پەرەسەندنی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستانوسەرکوتی ویستو داخوازە مەدەنییەکانی خەڵک لەلایەن دەزگای قەزایی، ناوەندە ئەمنیەتیو هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم جۆرێک تۆڵەکردنەوە لە خەڵک سەبارەت بە دەنگدانیان بە حەسەن ڕوحانیو پیشاندانی ئیقتدارو باڵادەستیی ڕەهای خۆیان لە کوردستان بووە.

لە ساڵی ٩٣دا ئەگەر لەلایەک ئێعدامەکان زیاتر لە هەموو ساڵێک بوون، ئێعدامی زیندانیانی سیاسیی لە کوردستانیش درێژەی هەبوو.

بەپێی ئامارەکان کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سێ مانگی سەرتای ئەمساڵی زایینیدا زیاتر لە ٢٠٠ کەسی ئێعدام کردووەو ساڵی ڕابردووش کۆماری ئیسلامی هەر نەبێ ٧٥٣ کەسی ئێعدام کردوە کە ئەم ئامارە زیاترین ئاماری ئێعدام لە ساڵی ٢٠٠٢ تا ئێستا بووە.

ئێعدامە سیاسییەکان لە کوردستانیش زیاتر لە ساڵی ٩٢ بوون، ئەویش لە حاڵێکدا کە بەپێی قانوونی سزادانی ئیسلامیی نوێ کە لەلایەن مەجلیسی شورای ئیسلامییەوە پەسند کراوە، پێناسەیەکی وردتر لە " محارِب" کراوە،

بەڵام هەموو ئەو بەندییە سیاسییانەی لە کوردستانو ئێران لە ساڵی ٩٣ دا لەدار دران، بەپێی قانوونی نوێی سزادانی ئیسلامی " محارب" نەبوون.

حامید ئەحمدی، کەمال مەلایی، جەهانگیر دێهقانی، جمشید دێهقانی، هادی حوسینی و سدیق محەممەدی ٦ زیندانیی عەقیدەتیی کورد بوون کە ڕۆژی ١٣ ی ڕەشەممە لە دار دران.

"سامان نەسیم"، "سیروان نژاوی"، "یونس ئاقایان"، "حەبیب ئەفشاری"، "عەلی ئەفشاری" و "ئیبراهیم شاپووری"ش کۆمەڵێک لەو بەندکراوە سیاسییە کوردانە بوون کە لە مانگەکانی کۆتایی ساڵی ٩٣ دا لە دار دران و ئەگەرچی دەزگای قەزاییو هیچ ناوەندێکی دەوڵەتیی دیکە هەواڵی لەداردرانی ئەو کەسانەی پشتڕاست نەکردەوە، بەڵام لەو کاتەوە لە بەندیخانەو لە هاوبەندییەکانیان جیایان کردوونەتەوە، کەس بە سۆراغیان نازانێ. ئەو ئامارانەش ئەوە دەردەخا کە کوردستان لە ڕووی ئێعدامی چالاکی سیاسیو ڕۆڵە بەنرخەکانی هەر وەک ساڵانی رابردوو پشکی شێری لە ئێراندا بەرکەوتووە.

ساڵی نوێی هەتاوی لە ئێران لە کاتێکدا دەست پێدەکا کە لە ئێستادا پرسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران لە وڵاتی سوئیسو لە کۆبوونەوەکانی شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاوتەریب لەگەڵ دانوستانە ئەتومییەکانی ئێران لە گەڵ وڵاتانی زلهێزی جیهان دەچێتە پێشێ، ڕووداوێک کە ئەگەر لەلایەن دەکرێ بە نیشانەی بایەخدانی کۆمەڵگای جیهانی بە پرسی مافی مرۆڤ لە ئێرانو هەوڵدان بۆ هێنانی ئەو بابەتە بۆ نێو ڕەوتی وتووێژەکان دادەنرێ، لەلایەکی دیکەش هەر ئەم قەیرانی ئەتومییە بۆتە هۆی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی بیەوێو بتوانێ سەرنجی کۆمەڵگای جیهانی لەسەر پرسە گرینگەکانی دیکەی کۆمەڵگای ئێرانو یەک لەوان ڕەوشی مافی مرۆڤ دوورخاتەوە.
ئەو نیگەرانییەش لە جێی خۆی دایە کە بە ئاکام نەگەیشتنی دانوستانە ئەتومییەکان زیاتر لە جاران ڕێخۆشکەر بۆ بەردەوامیی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران بە گشتیو کوردستان بە تایبەتی بێ.

**ماڵپەڕی کوردستان و کورد**

**٢٣ی مارچی ٢٠١٥**

## لە پەسنی لێبوردەیی‌و بەخشینەوەی ژیاندا

ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و خەڵکی کورد لە ئێران لە ماوەی زیاتر لە ٣٧ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ئەگەرچی زۆرترین شاڵاوی زەختو سەرکوتیان لەسەر بووەو سیستماتیک توندو تیژییان لە حەقدا کراوە، بەڵام خەڵکێکی زیندوو، لەسەر هەستو باوەڕبەخۆن‌و، سەرقاڵی زۆر جموجۆڵ‌و کلتووری جوانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسین.

کاتێک لە مەریوان ناوەندە سەرکوتگەرەکانی ڕێژیم تاوانبارێک بە جلی سووری ژنانەوە بەنێو شاردا دەگێڕن، خەڵک دەڕژێنە سەر شەقام تاکوو بڵێن ژن سەرچاوەی ژیان‌و پاکی‌و پیرۆزییەو، ئەو شکۆیە بەو کارە دزێوە ناڕووشێ.

کاتێک ماهان ڕەحیمی، منداڵە تەمەن ٨ ساڵانەکەی قوتابخانەی شیخ شەڵتووتی مەریوان بەهۆی نەخۆشییەکی دەگمەن‌و نەناسراو لاواز دەبێ‌و تووکی سەری دەوەرێ، محەممەد عەلی محەممەدیان، مامۆستاکەی‌و قوتابییانی هاوپۆلی بۆ هاوسۆزی کردن لەگەڵ ماهان سەری خۆیان دەتاشن تا بڵێن کورد پێچەوانەی تەبلیغاتەکانی ڕێژیم سەربڕ نییە، بەڵکوو سەری مرۆڤایەتییان لە ئێراندا بەرز ڕاگرتوە.

کاتێک بیری دزێوو دەستی ناحەزی نەیارانی ژین‌و ژینگە بە ئاگرخستنەوە لە دارو دەوەن‌و ژینگەی کوردستان دەخرێتە کار، کاتێک بڕیاری کوێرکردنەوەی کانی‌و کوژاندنەوەی ئاگردانی نەورۆزیان دەدرێ، ئەوە لاوانی کوردن دێنە مەیدان‌و، بە هەوڵە ژینگەپارێزییەکانیان، بە وەدەنگهاتن‌و ڕاسانیان دەڵێن کوردستانەکەیان، ژین‌و ژیواریان بێ خاوەن‌و لەبیرکراو نییە.

ئێستاش ماوەیەکە لە کوردستان هەوڵەکان لە پێناو بەخشینەوەی ژیاندا، بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندیی بنەماڵەی خوێنگران لە تاوانبارانی ئێعدامی گەرموگوڕیی زیاتری پێوە دیارە تا بڵێن کوردستان شوێنکە بۆ لێ فێربوون، سەرچەشنێکە بۆ پەرەپێدانی ڕوحی لێبوردەیی‌و ئاشتەوانی.

وەک لە هەواڵەکاندا هاتبوو چەند ڕۆژ لەوە پێش بە هیممەتی کۆمەڵێک کەسی نیازپاک بنەماڵەی کوژراوێک لە سنە دوای ١٠ ساڵ لە تۆڵەو کوشتنەوەی بکوژی کوڕەکەیان خۆش بوون. لە پارەکەوە تا ئێستا ئەوە هەشتەمین کەسە لە پارێزگای سنە لە بن پەتی سێدارە ڕزگاریان دەبێ‌و بە هۆی لێبوردنی خوێنگرانو بنەماڵەی کوژراوەکان ژیانێکی نوێیان پێ دەبەخشرێ.

ئەم هەوڵانە لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان، لە ورمێ‌و ئیلامو کرماشانیش لە ئارادانو بایەخی ئەو تێکۆشانە کاتێک پتر دیارو بەرهەست دەبێ کە دەبینین ڕاست لە کاتێکدا حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی پەرە بە کلتووری توندو تیژی‌و باوکردنی دیاردەی تۆڵەو کوشتنەوە دەدا، لە کوردستان؛ لە هەناوی کۆمەڵگای تاسەر ئێسقان هاڕدراوی توندو تیژیی حکومەتییەوە بانگەشەی لێبوردەیی‌و بەخشینەوەی ژیانو گیان دەکرێ.

حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی تا ئێستاش بە بیانووی دابینکردنی نەزمو ئەمنیەتی کۆمەڵگا پەرەی بە ئیعدام داوەو ئەوەندەی بۆی کراوە بە تەبلیغاتو پاساوهێنانەوە وایکردوە کوشتنو ئێعدام لەو وڵاتەدا وەک شتێکی زۆر ئاسایی چاوی لێ بکرێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕێژیم لە ئێعدام نەک وەک ڕێکارێک بۆ جێگرکردنی ئەمنیەت لە کۆمەڵگا، بەڵکوو لەژێر سێبەری ڕەوایی شەرعییەتی ئایینی‌دا لەچەکی ئیعدام، وەک مۆدێلێکی سەرکۆتی کۆمەڵایەتی بۆ بەهێزتر کردنی پێگەی خۆی کەلکی وەرگرتوە. ئەگینا دیارە کە سزای هەرە قورسی ئێعدامو لە داردرانی دەیان هەزار کەس لە ئێران لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا لە کوێ ئەمنیەتی بۆ کۆمەڵگا گەڕاندۆتەوە؟ بە تایبەت کە دەبینین لە ئاستی جیهاندا بە کارکردن لە سەر پەروەردەی ناتوندو تیژی توانیویانە ئەمنیەتو کلتووی وێکهەڵکردن لە کۆمەڵگادا جێ بخەنو ئەمڕۆکە تەنیا لە کەمتر لە ٢٠ وڵاتدا نەبێ سزای ئێعدام لەوڵاتانی دیکەی دنیا بە تەواوی هەڵ گیراوە لە نێو ئەم وڵاتانەشدا  زۆرترین ئیعدامەکان لە٥ وڵاتدا دەکرێنو ئێرانیش لە سەرووی ئەو ٥ وڵاتەدا جێی گرتوە.

لەلایەکی دیکەوە بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پشتبەستن بە دەقە ئایینییەکان کوشتنەوەو تۆڵەکردنەوە بە مافی بێ ئەملاوئەولای خوێنگر دەزانێ‌و، بەهۆی ئەوەی ئەو مافە قانونییە شەرعییەتەکەی لە دەقە پیرۆزەکان وەرگرتوە، کەواتە گۆڕینی قانوون و هەڵگرتنی سزای ئیعدام لە نیزامی قەزایی ڕێژمدا ئەستەمەو بوار نادا. لەو نێوەدا ئەوە خەڵکو توێژی ئاگاو هەستیاری کۆمەڵگان کە دەبێ قۆڵی لێ هەڵکەنو بەگژ هەستی تۆڵەو توندو تیژی‌دا بچنەوە.

چالاکانی مەدەنی لە ئێران کە کوردستان دەتوانێ ڕچەشکینی ئەو مەیدانەش بێ دەبێ ئەو قەناعەتو باوەڕە لە کۆمەڵگاو بیروڕای گشتیدا پێک بێنن کە ئێعدامو کوشتنەوە ناتوانێو نەیتوانیوە کاریگەریی لەسەر کەمکردنەوەی تاوانو توندو تیژییەکان هەبێ. دەبێ ئەو عەقڵانییەتە جێ بخرێ کە کۆمەڵگایەکی ئەمڕۆیی دەبێ مرۆڤتەوەر بێو لەودا مافی ژیان پلەو بایەخێکی بەرزی هەیەو نابێ خەڵکو حاکمییەتو کۆمەڵگا بەهیچ بیانوویەکو لەژێر هەر پاساوێکدا ئەو مافە لە کەس بستێننەوە یان زەوتی بکەن.

ڕاستە کە تۆڵەسەندنەوە وەک حەق، حەقەو شەرعییەتەکەی لە قورئان وەرگرتوە، بەڵام لەوێشدا هەر لەو جێیەی باس لە رەوایی ئەو مافە دەکا، هاتووە کە بەخشینو لێبوردنیش دەبێتە کەففارەی گوناحان. هەر بۆیە جێی خۆیەتی ئەوانەی بە تێپەڕین لەو مافەیان ڕچەشکێنی ڕوحی لێبوردەیی بوون لە کۆمەڵگادا ڕێزیان لێ بگیردرێ. دەبێ نوخبەکانی کۆمەڵگا، شاعیران، نووسەرانو هونەرمەندانی خۆشناو و دەروەستی کۆمەڵ بە پێکهێنانی گرووپو کەمپینی جۆراوجۆرو فستیڤاڵی بابەتی لە پێناو جێخستنی ئەو نۆرمەدا چالاک بنو ئەرکی خۆیان بەجێ بێنن.

**ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٧ی ئەپریلی ٢٠١٥**

---

## پرسی ژنان لە ئێرانو بێخەمیی نوێنەرانی ژن لە مەجلیس

حەسەن ڕوحانی، سەرۆک کۆماری ئێران ڕۆژی یەکشەممە،١٧ ی جۆزەردان لە کۆبوونەوەیەکدا کە بەبۆنەی حەوتووی ژینگە پێکهاتبوو، دانی بەوە دانا کە گەمارۆکانی سەر ئێران پشتی ئەو وڵاتەی شکاندووەو ئابووریی ئێرانی بە نەخۆشێک شوبهاند کە لە جێدا کەوتووە. ئامارەکانیش باس لەوە دەکەن کە زۆرترین شوێنکاری گەمارۆکان، لەسەر وەستانی مۆتۆڕی کارخانەکانو لەکار بێکاربوونی کرێکاران بووە؛ لەو نێوەشدا ژنان زۆرترین زیانیان بەرکەوتوە. لغاوکردنی بێکاری یەکێک لە دروشمە تەبلیغییەکانی حەسەن ڕوحانی بوو، بەڵام ئێستا دوای دوو ساڵ لە تێپەڕین لە دەوڵەتی ئەو نرخی بێکاریی لاوان دوو هێندەی نرخی گشتیی بێکارییەو بێکاری ژنان ٣ هێندەی پیاوان ڕاگەیەندراوە.

ئەو دوخە بۆ ژنان لە بازاڕی کاری ئێران لە حاڵێک دایە کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا هۆگریی ژنان بۆ بەشدارییان لە کاروباری کۆمەڵایەتیو ئابووری هەر دەم ڕووی لە زیادبوون کردووەو لە ساڵانی ڕابردوودا تەنانەت زۆرینەی ئەوانەی بۆ خوێندنی زانکۆ وەرگیراون کچو ژن بوون. بەڵام لە بازاڕی کاردا ئەوەی دەردەکەوێ زالبوونی هێژمۆنیی پیاوسالاری بەسەر شایستەسالاری لەو بوارەدایە.

شەهیندوخت مەلاوێردی، جێگری سەرۆک کۆمار بۆ کاروباری ژنانیش بە ئاماژە بە سیاسەتو بڕیارەکانی دەوڵەتەکانی پێشوو کە ئەو بە هەڵەیان ناو دەبا، دەڵێ لە ماوی سەرۆک کۆماریی ئەحمەدینژاددا لەگەڵ ئەوەی پشکی ژنان لە دامەزران زۆر کەم بووە، ٤٧ هەزار کارمەندی ژنیش لەکارەکانیان دەرکراون.

ئەو دەڵی زۆر لە قانوونە پەسندکراوەکان لە دەوڵەتی پێشوودا دەستی دەوڵەتی حەسەن ڕوحانیی بۆ ئاوڕدانەوە لە کێشەی ژنان بەستووەو مەرەخەسیی منداڵبوون بۆ ژنان بە نموونە دێنێتەوە کە لەو سۆنگەیەوە ٤٧ هەزار ژن کارەکانیان لە دەستدا.

بەڵام پرسی ژنان لە ئێران هەر بێکاریو نەبوونی مافی یەکسان بۆ خۆدیتنەوە لە بازاڕی کاردا نییە، بەڵکوو دەیان کێشەی وەک ژنانەبوونی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان، هەلاواردنی ژنانو دانانی فەرقو جیاوازی بۆ ژنان لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابوری، خوێندنەوەی پیاوسالارانەی دەسەڵات بە پشتبەستن یان خراپ لێکدانەوەی دەقە ئایینییەکان بەرۆکی ژنان لە کۆمەڵگای ئێرانی گرتوە، کەچی جیا لە ژنان خۆیان کەمتر ناوەندێک یان لایەنێکی حکومی یان ڕەسمی هەیە کە بە خەمی ئەو کێشانەوە بێ.

لەو نێوەدا خوێندنەوەیەک بۆ کارکردی نوێنەرانی ژن لە مەجلیس پێویستە، چونکی هەر هەموویان بە دروشمی پێڕاگەیشتن بە کێشەو ئاریشەکانی ژنان بەشداریی هەڵبژاردنەکانیان کردووەو هەروەها بەهۆی ژنبوونیانەوە نیگاو چاوەڕوانییەکان لەسەر ئەوان کۆ دەبیتەوە. لە ٢٨٥ نوێنەری مەجلیسی ئێران ٢٧٦ یان پیاونو تەنیا ٩ کەس لە نوێنەرانی مەجلیس ژنن، لەو ٩ کەسەش هەرە زۆریان پاساوهێنەری بیری پیاوسالارین. بۆیە دەبینین کەمترین نەخشیان لەسەر سڕینەوەی هەلاواردنەکانی سەر ژنانو پەسندکردنی قانوون لە بەرژەوەندیی مافەکانی ژنان نەبوە. ئەندامانی ژنان لە مەجلیس لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا لە ٥٠٢ لایحەدا تەنیا ژێری ٤٨ لایحەیان ئیمزا کردووەو زەهرە تەبیبزادە، چالاکترین ژنی مەجلیس هەموو قسەو ڕەخنەکانی لە دەوڵەتو وەزیرەکان لەسەر پرسە سیاسییەکان بووەو یەکجاریش بەلای پرسی ژناندا نەچوە. ئەوانەی دیکەش زۆرتر وەدووی کەڵکەڵە

ئابورییەکانیانی خۆیان کەوتوونو بە بیانووی ئەوەی دەنگیانو ژمارەیان کەمە، خۆیان لە هیچ پرسو کێشەیەکی ژنان نەداوە.

رەخنە لە کردەنییەکانی پەرلمانتارانی ژن لە ئێران بەوەندە نابڕێتەوە، رەخنەی سەرەکی لە نوێنەرانی ژن لە مەجلیس، نەک هەر نوێنەرانی دەوری نۆیەمی مەجلیس ئەوەیە کە پێشتر لەوانیش هکەم لەوان ئازایەتیی هێنانەبەرباسی پرسی ژنانیان بووە، لە حاڵێکدا لە دۆخی ئێستای ژنانو مافەکانیاندا ئازایەتیو بوێری دەبێ تایبەتمەندیی سەرەکیی هەر نوێنەرێکی مەجلیس بێ.

ئەوەندەش کە بۆ فراکسیۆنی ژنان لە مەجلیسی نۆیەم دەگەڕێتەوە، ئاشکرایە کە کارو کردەوەی ئەو فراکسیۆنە زۆر لە چاوەڕوانیو داوای ژنان دوورە؛ ئەوەش هەر لە سۆنگەی چەندایەتیو کەمیی ژمارەی ژنان لە مەجلیس نییە، بەڵکوو لە ڕووی چلۆنایەتیو ئەو چاوەڕوانییەی کۆمەڵگای ژنان لەوانیان هەیە، داواو چاوەڕوانییەکانی ئەوان شوێنکاری لەسەر کردەنییەکانی پەڕلمانتارانی ژن نەبوە.

بە سەرنجدان بەو لایەحانەی لەلایەن دەوڵەتەوە دەبرێتە مەجلیسو تێیاندا کێشە، پێداویستیو داوای ژنان ڕەنگ ناداتەوە، چاوەڕوانیی ئەوە دەکرێ کە لە مەجلیسدا ئەو مافە بۆ ژنان بگەڕێتەوە، ئەوەش دەخوازێ کە کۆمەڵگای ژنان لە ئێران کە نیوەی کۆمەلگای ئێران پێک دێنن؛ هەڵوێستێکی دیکە بگرنە بەر.

هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی دەیەم بەڕێوەیە، ژنان پێویستە لەو هەڵبژاردنانەدا ویستو داواکانیان تۆختر کەنەوە، دەبێ بەبەشداریی زیاتریان لە خۆکاندیدکردنو هاتنە مەیدان باڵانسی ژمارەیی ئەندامانی ژن لە مەجلیس تێک بدەنو دەنگدەرانیش پێویستە ئەو ژنانە وەک نوێنەر بنێرنە مەجلیس کە هەم شیاوی ئەو پێگەیە بنو هەم ئازایەتیی بەدواداچوونی مافەکانی ژیانیان بێ.

**ماڵپەڕی کوردستان و کورد**

**٩ی جوونی ٢٠١٥**

## خەسارە كۆمەڵایەتییەكان لە كۆمەڵگا كراوەو داخراوەكاندا

خەسارە كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵگای ئێران یەكو دوو نین، هەر جارەو دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی دەبێتە قەیران، هەمووش گرێدراوی یەكتریو پەرەسەندنی هەر كام لەوان كاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر قووڵبوونەوەی ئەوانی دی هەیە.

ئەگەرچی ئامارێكی وردو باوەڕپێكراو لەلایەن ناوەندێكی بەرپرسیارەوە لەسەر خەسارە كۆمەڵایەتییەكان بڵاو نابێتەوە، بەڵام ڕەنگدانەی زۆری لە میدیاكانداو، وەدەنگهاتنی بەردەوامی كارناسانو چاوەدێرانی كۆمەڵایەتیو، هەروەها بەرهەستبوونی هەموو ئەو خەسارو زیانە كۆمەڵایەتییانە ئیدی ڕێگای حاشا لێكردنی لە كاربەدەستانو ناوەندە پێوەندیدارەكان گرتوە. بەڵام پرسیار ئەوەیە كە جیا لە داننان بە قووڵایی كارەساتەكە، لەلایەن دەوڵەتو داموو دەزگا پێوەندیدارەكانەوە چی كراوەو، بەرنامەو ستراتژییەكان بۆ بەرەنگاربوونەوەیان كامانەنو لە كوێنو؛ هەر لە بنەڕەتدا ئەركی دەوڵەت چییەو بە گشتییش كێ لە بەرامبەر ئەو واقیعە تاڵەدا بەرپرسیارە؟

ئەو واقیعە تاڵە چییەو گرینگترین خەسارە كۆمەڵایەتییەكانی ئێستای كۆمەڵگای ئێران چین؟

هەژاری، بێكاری، خۆكوژی، ئێعتیاد بە ماددە سڕكەرەكان، تەڵاق، دزی، كوشتنو تاوانو، دیاردەكانی ژنانی سەرشەقام، ژنانی سەرپەرستی خێزان، منداڵانی كارو هەڵاواردنی ڕەگەزی تەنیا بەشێك لە خەسارە كۆمەڵایەتییەكانی ئێستای كۆمەڵگای ئێرانن. خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە كە لە باری زەمەنییەوە چەندی بۆ دواوە دەگەڕێینەوە، دەبینین كە ڕێژەی خەسارە كۆمەڵایەتییەكان كەمتر بووەو ئەو خەسارو زیانە كۆمەڵایەتییانە بەردەوام هەر هاتوونو زیادیان كردوە، ئەوەش دەریدەخا سیاسەتو بەرنامەكانی دەوڵەت بۆ كۆنتڕۆڵ، چارەسەرو مودیریەتی ئەو خەسارانە كارامەو وەڵامدەر نەبووە.

پرسیار ئەوەیە چۆنە لە كۆمەڵگایەكدا كە باس لە شارستانییەتی هەزاران ساڵەی دەكرێو لە حكومەتێكدا كە خۆی بە نموونەی دادو سەرتۆپی هەموو حكومەتەكانی دنیا دادەنێ، ئەو هەمووە خەسارە كۆمەڵایەتییە سەر هەڵدەدەنو پەرە دەستێنن؟

حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە دوای هاتنەسەرکاریدا بە دروشمی ئارمانخوازانە زۆر شتی تێکداو زۆر بڕیاری نوێی بە سەرکۆمەڵگادا سەپاند، بەڵام ئاکامەکەی چی بوو؟ ئەگەر ئەو کات لە هەموو شاری تاران لە تەنیا گەڕەکێک لەشفرۆشی هەبوو، ئێستا لەشفرۆشی بە ڕۆژی ڕووناک هەموو شەقامو شوێنە گشتییەکانی داگرتوە. ئەگەر حکوومەت مەیو مەیخواردنەوەی حەرام کردوەو بارەکانی کۆ کردوونەوە، ئێستا ئامارە ڕەسمییەکانی خودی دەوڵەت دەڵێن کە لە هیچ وڵاتێکی دنیا بە قەت ئێران مەی ناخورێتەوە. ئەگەر پێش هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران موعتادەکانی شارێک بە قامکەکانی دەست دەژمێردرانو " تریاکی"یەکانی ئەو کات بەشە ڕۆژانەی مەوادی خالیسی خۆیان لە ناوندە دەرمانی‌یەکان وەردەگرت، ئێستا بە میلیۆن کەس لە خەڵکی ئێران گیرۆدەی ماددەی هۆشبەرن، ئەویش لە جۆری شیمیاییو سەنعەتییەکەی. ئەگەر حکوومەتو کۆمەڵگا ئیسلامینو لە ئیسلامدا تەڵاق تا حەددی وەلەرزەهاتنی بارەگای حەقتەعالا بە خراپە باسی کراوە، لە ساڵدا زیاتر لە سێ میلیۆن پەروەندەی تەڵاق لە ئێراندا لە دادگاکان کەڵەکە دەبن، ئەگەر حکوومەت وەک ئیدیعا دەکا ئیسلامیو نموونەی داد لە دنیادایە، چۆنە کە زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئەو وڵاتە لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین؟ چۆنە ناشادترینو خەمۆکترینو بێهیواترین خەڵکی دنیا بە داهاتوو هەر دەبێ خەڵکی ئێران بن؟

بوونی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان سروشتی هەر کۆمەڵگایەکی مرۆیین، بەڵام لە کۆمەڵگا ئازادو کراوەکاندا لە ئەگەری سەرهەڵدانی هەر دیاردەیەکدا بێئەوەی بیانەوێ بە ڕوانگەیەکی ئەمنیەتیو نیزامی‌یەوە بۆی بڕوانن، لە بنچو بناوانی دەکۆڵنەوەو بۆ چارەسەرکردن یان هەرنەبێ کەم کردنەوەی، پلان دادەڕێژن. بەڵام لە ئێراندا دیاردە کۆمەڵایەتییەکان وەک واقیعێکی کۆمەڵایەتی سەیر ناکرێنو هەنگاوی جیددیو بنەڕەتییش بۆ چارەسەریان هەڵناگیرێ.

بۆ نموونە زۆربەی نیزیک بە تەواوی کۆمەڵناسانو خەسارناسە کۆمەڵایەتییەکان دەڵێن بێکاریو ئێعتیاد بە ماددە هۆشبەرەکان سەرچاوەو بنەمای هەر هەموو خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی ئێرانن، بەڵام هەر ئەو دوو قەیرانە لە کۆمەڵگای ئێراندا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر پەرە دەستێننو ئەوەی خەڵکو چاوەدێرانی سیاسیو کۆمەڵایەتی دەیبینن، دەستەوەستانیی دەوڵەتو دامو دەزگا حکومەتییە پێوەندیدارەکانە. دەستەوەستانییش نەک بەو مانایەی نەتوانن بە گژ ئەو قەیرانو کێشانەدا بچنەوە، بەڵکوو بەو مانایە کە کۆمەڵگاو کێشە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی نەک ئەولەوییەتی یەکەمو دووهەمیان نیە، بگرە بۆشیان گرینگ نیەو ئەوەی لە ڕوانگەی ئەوانەوە دەبێ خەمی لێ بخورێ تەنیاو تەنیا چۆنیەتیی پاراستنو ڕاگرتنی ڕێژیمەکەیانەو بەس، هەر

بۆیەیە کە تا ئێستاش لە سیاسەتی " کلان"ی وڵاتدا کۆمەڵگاو بیاڤە کۆمەڵایەتییەکان کەمترین سەرنجیان دراوەتێ. بۆ کۆنترۆڵو مودیرییەتی کۆمەڵگاش ڕوانگەو سیاسەتی ئەمنیەتی گیراوەتە بەرو، چەکی سەرکوت دەکار کراوەو دەکرێ.

بە گشتی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان شتێک نین کۆنترۆڵ نەبن، یان چارەسەریان نەبێو بنەبڕ نەکرێن. لە کۆمەڵگا مۆدێڕنو کراوەکاندا دەسەڵاتی کۆمەڵگا لە سیاسەت زیاترەو سیاسەتی بەڕێوەبەریی کۆمەڵگا لە ڕێگەی سیستمی پەروەردەوە دەخزێتە هەناوی کۆمەڵگاو دەسەڵات کەمترین دەستتێوەردانی لەو بوارەدا هەیە، بەڵام لە کۆمەڵگا داخراوەکانو یەک لەوان ئێراندا ئەوە سیاسەتو هێزی دەسەڵاتە کە هەموو قانوونەکان بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنێو بە ماهییەتی ئیدئۆلۆژیکیی خۆی پێناسەی دیاردەکانو ئەولەوییەتەکان دەکا.

بەو پێیە لە کۆمەڵگا کراوەکاندا خەسارە کۆمەلایەتییەکان زۆر زوو کۆنترۆڵ دەکرێن، چونکی ئەوە خەڵکو ڕێکخراوە مەدەنیو نادەوڵەتییەکانن کە ڕێگاچارەکانی بەربەرەکانی لەگەڵ خەسارە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان دەکەنو بە گژیاندا دەچنەوە، بەڵام لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا ئەوە نیزامی سیاسیی زاڵ بەسەر وڵاتدایە کە نە تەنیا هەوڵێک بۆ چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگا نادا، بەڵکووخۆی خەسارخوڵقێنەو خەسارە کۆمەڵایەتییەکان وەک چەکێک لە پێناو مانەوەی خۆیدا بەکار دێنێ.

**لە ژمارە ٦٦٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥**

## کۆمەڵگا نابێتە دینی یان ئەوان ئیسلامیان بۆ مانەوەی خۆیان دەوێ؟

کۆماری ئیسلامیی ئێران ماوەی ٣٧ ساڵە دەیەوێ سیمای حکوومەتێکی ئایینی لە خۆیو خەڵکی ئێران پیشانی دەرەوە بدا.

ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە لەو ماوەیەدا هەموو ستراتیژیان ئەوە بووە کە کۆمەڵگایەکی ئیسلامیو پێملی بایەخە ئایینییەکان دروست بکەنو خۆیان گوتەنی نەوەیەکی گوێڕایەڵو هەڵگری بایەخە ئیدۆلۆژیکییەکانی خۆیان پێبگەیەنن. بۆ ئەو مەبەستەش هەموو پەرنامەو پیلانێکیان لەکار کردوە. وەک ئیسلامیکردنی ناوەندە فێرکارییەکانو خوێندنگەکان لە هەموو ئاستەکاندا، شۆردنەوەو پڕکردنی مێشکی منداڵان بە باوەڕی خوڕافی لە ڕێگای هەموو کەرەستەکانی گەیاندنی گشتیو کتێبە دەرسییەکانڕا بگرە؛ تا دانانی دەیان ناوەندی بەناو پەروەردەییو فیکری؛ لەگەڵ سەپاندنی زۆر قانوونی وەک حیجابی زۆرەملێ بە پاساوی شەرعیو پەسندکردنو جێبەجێکردنی زۆر قانوونی پڕ لە هەڵاواردن بە پشت بەستن بە دەقە ئایینییەکان.

پرسیار ئەوەیە کە ئایا کۆماری ئیسلامیی ئێران توانیویەتی کۆمەڵگایەکی ئیسلامیی وەک دەیەوێ لە ئێراندا دروست بکا؟ ئایا توانیویەتی نەوەیەکی "ئینقلابی ئیماندار" بۆ شەڕی پاراستنی بایەخە ئیسلامییەکان پێبگەیەنێ؟ لە بنەڕەتڕا پێوەرەکانی کۆمەڵگای ئیسلامی چین؟ یان هەر لە جێدا ئایا کۆماری ئیسلامی حکوومەتێکی دینییە یان دەقو ڕێوشوێنە ئایینییەکان بۆ سەرکوتی کۆمەڵایەتیو پەرەپێدانی دەسەڵاتو مانەوەی خۆی بەکاردێنێ.

چاوخشاندن بەسەر هەندێ ئاماردا کە هەمووی ڕەسمینو لەلایەن ناوەندە حکوومەتییەکانەوە ڕاگەیەندراون، سیمایەکی گشتی لەو کۆمەڵگایەمان پێدەدا کە ٣٧ ساڵە حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی بە ئایدۆلۆژیو بایەخەکانی خۆیەوە دروستی کردوە.

لە کۆمەڵگای ئێراندا تەڵاق تا دێ زیاد دەکاو زەماوەندو پێکەوەنانی ژیانی هاوبەشیش هەر دێو لە کەمی دەدا. بەپێی ئامارەکان لە هەر ٤٤ حاڵەتی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش لە ئێران ١٠ یان هەڵدەوەشێنەوە، ١١ میلیۆنو

٢٤٠ هەزار لاویش بە سەڵتی ماون کە یەک میلیۆنو ٣٠٠ هەزار کەس لەوان لە تەمەنی قەیرەییش تێپەڕیونو لانیکەمی بەختی ژنهێنان، یان شووکردنیان هەیە.

سەرەڕای قەدەغەکرانی خواردنەوەو کڕینو فرۆشتنی مەشرووب لە ئێران، بەڵام ساڵی ڕابردوو بایی ١ میلیارد دۆلار مەشرووب هاتۆتە ئێرانو خوراوەتەوە، لە بازاڕی قاچاغی خواردنەوە ئەلکۆڵیەکاندا زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەس کار دەکەنو ساڵانە ٤٢٠ میلیۆن لیتر مەشرووب لە ئێران دەخورێتەوە.

سادق لاریجانی، سەرۆکی دەزگای قەزایی ئێران دەڵێ کە ١٥ میلیۆن پەروەندە لە دەزگای قەزایی ئێراندا لەسەر یەک کەڵەکە بوونو؛ لە ساڵی ڕابردوودا (١٣٩٣) زیاتر لە ٢٠٠٠ کوشتنی بەئەنقەستو ١٣٠٠ حاڵەتی دەستدرێژی بۆ سەر کچانو ژنان لەئێراندا ڕوویان داوە، جیا لەوەش زیاتر لە بیست هەزار پەروەندەی کەیفەری خراونەتە سەر پەروەندەکانی دیکە.

لە کاتێکدا کە بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران باس لە بنبڕکردنی نەخوێندەواری لە ئێراندا دەکەن، ڕێکخراوی نێهزەتی سەوادئامووزیی ڕێژیم ڕایگەیاندوە کە یەک لەسەر سێ پیاوان و دوو لەسەر سێی ژنانی ئێران نە خوێندەوارنو لە ئێراندا سەرجەم ٢١ میلیۆن بێسەواد و کەم سەواد هەیە. سەرۆکی ڕێکخراوی کتێبخانەی میللیی ئێرانیش دەڵێ سەدی ٧٠ی کتێبی کتێبخانە گشتیەکانی ئێران لە ماوەی ٨ ساڵی ڕابردوودا نەخوێندراونەتەوە.

لە حاڵێکدا کە مەجلیسی ڕێژیم ٧ ناوەندو دەزگای تایبەتیی بۆ پرسی " ئەمر بە چاکەو نەهی لە خراپە" ئەرکدار کردوەو ناوەندە ئەمنیەتیو نیزامیەکانیش سەرەڕۆیانە دەیان گرووپیان بۆ ئەو مەبەستە دروست کردوە، ئێستاش "بەدحیجابی" گەورەترین کێشەی نیزامو پیاوانی ئاینییەو ڕۆژ نیە لە مینبەرە ڕەسمیەکان لەو بارەیەوە هاواریان لێ هەڵنەستێ.

هەروەها لە کاتێکدا کە دەنگو ڕەنگی حکوومەتی لە ساڵدا بە هەزارن میلیارد تمەن لە بودجەی گشتیی وڵاتی پێدەدرێو، هێزە ئینتیزامیەکان یەکێک لە ئەرکە دایمیەکانیان کۆکردنەوەی ماهوارەی خەڵکە، بەڵام سەدی ٩٠ ی خەڵکی ئێران چاو لە ماهوارە دەکەن.
ئەگەر لەشفرۆشی لە ئایینی ئیسلامدا تاوانێکی گەورەیەو جووتبوونی ژنو پیاو لە دەرەوەی پێناسە ڕێگەپێدراوەکەی حەددی شەرعیو تەنانەت سزای بەردەبارانی لەسەرە، لە بەرامبەردا بازاڕی سێکس لە ئێران تا

دێ ڕمێنی زیاتر دەبێ.

خەساره کۆمەڵایەتی‌یەکانی دیکەش وەک ئێعتیاد بە مادده هۆشبەرەکان، خۆکوژی، هەژاریو نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی خۆ ئەگەر بەرهەمی بەڕێوەبەریی چەوتی وڵات بن، شتێک نین کە شیاوی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی بن، بەڵام دەبینین کە لە کۆمەڵگای ئێراندا ئەو خەساره کۆمەڵایەتی‌یانە بڕستیان لە خەڵکی بڕیوە.

ئێستا دەگەڕێینەوە سەر ئەو حەقیقەتە کە لە ماوەی ٣٧ ساڵی ڕابردوودا ئەوەندەی کار لەسەر بەئیسلامی‌کردنی کۆمەڵگا کراوە، یەک لە دەی ئەوەندە هەوڵ بۆ مودیرییەتی بێکاری، هەژاریو پرسە کۆمەڵایەتی‌یەکان نەدراوە، بەڵام ئەوەی نوێ زۆربەی هەرە زۆریان ڕوویان لەو نیزامەو بانگەشەکانی وەرگێڕاوە؟

هۆکارەکان ڕوونن. یەکەم ئەوە کە مۆدێلی کۆمەڵگای ئیسلامی ئەویش بەو وشکوبرینگی‌یە شتێک نیە ویستی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بێ. جیا لەوەش پرسی فەرهەنگسازیی ئیسلامی لەلایەن بنیاتو ناوەندەکانی سەر بە ڕێژیمەوە تەنیا کەرەستەیەک بووە بۆ ئەوەی بە ناوی تەبلیغی ئیسلامو دین، بۆچوونەکانی خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنن. ڕاستە کە ڕێژیمی ئێران ڕێژیمێکی دینی‌یە، بەڵام دین بۆ ئەوان کەرەستەیەک بۆ گەیشتن بە مەبەستە ئابووری، کۆمەڵایەتیو سیاسی‌یەکانیانەو؛ ئەوەش وای کردوە کە بانگەشەی ئیسلامی هەلێکی باش بۆ کەسو کەسانو ناوەندەکانی سەر بە دەسەڵات دروست بکا کە لەو ڕێگەیەوە بازاڕی خۆیان گەرم ڕابگرنو پووڵو سامانێکی زۆریش وەسەر یەک بنێن. لە هەر جێیەکیش بە پێویستی بزانن بیکەنە کوتکو وەک چەکی سەرکوت بە دژی دژبەرانیان بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵگا بەکاری بێنن.

ئەگینا ئەو تێچووە ماددیە قورسە کە ڕێژیم بۆ خەباتی بەناو فەرهەنگیو بانگەشە ئیسلامی‌یەکان دەیدا، بێتو بۆ نەهێشتنی بێکاریو هەژاریو بەربەرەکانی دژی دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتی‌یەکان تەرخان بکرێ؛ کۆمەڵگای ئێران لە دۆخێکی دیکەدا دەبێ.

**لە ژمارە ٦٦٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**٨ی دێسەمبەری ٢٠١٥**

## پێویستیی هەڵمەتێک بۆ ڕێگری لە کوشتاری کۆڵبەران‌و کاسبکارانی کورد

ڕۆژ نیە لە ناوچە سنووری‌یەکان هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی ئیسلامی بۆ پۆلێک لە شەریفترین کەسەکان کە ئامادەن بۆ پارووە نانێک مەترسیدارترین ڕێگا بگرنە بەر، بەڵام نانی سەرشۆڕی‌و چاولەدەستی نەخۆن؛ نەچنە کەمینەوە.

ڕەوتی بەردەوامی کوشتاری کۆڵبەران‌و کاسبکارانی زەحمەتکێشی کورد لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمەوە لە حاڵێکدایە کە بەپێی ئامارە ڕەسمی‌یەکان لە ساڵدا، بایی پتر لە ٢٥ میلیارد دۆلار کاڵاو شمەک بە قاچاغ دێتە ئێرانەوە، بەڵام نەک بە کۆڵی کۆڵبەران‌و لەسەر پشتی وڵاغی کاروانچی‌یەکان، بەڵکوو بەڕێی دەروازە ڕەسمی‌یەکان، بەندەرو ئیسکەلەو فڕۆکەخانەکاندا.

کەسیش نیە کە نەزانێ بەشی هەرە زۆری ئەو قاچاغە لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکان‌و هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم وەک سپای پاسداران‌و دامودەزگا دەوڵەتی‌یەکانی دیکەوە دەکرێ‌و تەنانەت ئەحمەدی‌نەژاد، سەرکۆماری پێشووی ڕێژیمیش کە ماوەیەک لەگەڵ سپای پاسداران تێکگیرابوون، باسی لە هەبوونی دەیان ئیسکەلەو دەروازەی مەرزیی ناقانوونی کرد کە لەلایەن " برایانی سپای پاسداران"ی ئەحمەدی‌نەژادەوە بەڕێوە دەبرێن.

بابەتی هێنان‌و بردنی کاڵا لە ناوچە سنووری‌یەکان بە درێژایی هەبوونی ئەو سنوورانە هەبووە، بەڵام ئەوەی ئەو بابەتە لە دۆخی ئێستادا جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەگەر لە دوو سێ دەیە لەمەوپێش چەند سەد کەسێک لە هەموو کوردستان بەو پیشەیەوە سەرقاڵ بوون، ئێستا بە دەیان هەزار کەس ڕوویان تێکردووە؛ ئەگەر پێشتر خەڵکێک بۆ سەوداو قازانجی زۆر پێوەی خەریک بوون‌و مەترسیی گیانییشی لەسەر نەبوو، ئێستا قازانج‌و دەسکەوتەکەی زۆرتر لە ڕۆژانەی کرێکارێک نیەو دەبێ سینگیشی بۆ بە گوللەوە نێن‌و مەترسی‌یەکانی کەوتنەسەرمین‌و هەڵدێران لە شاخ‌و مانەوە لە سەرماو کرێوەو کەوتنەژێر ڕنووشی بۆ لەخۆ بگرن.

کەواتە ئەو پرسیارە لە بنی‌ڕا لە جێی خۆی‌دایە کە بۆ ئەو خەڵکە بەو حاڵەش دەسبەرداری نابن‌و وەڵامەکەش شتێک نیە جیا لەوەی کە " ناچارن".

ئەگەر ئامارە ڕەسمی‌یەکان دەڵێن بێکاری کێشەی سەرەکیی کۆمەڵگای ئێرانەو نیزیک بە نیوەی خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، هەژاریو بێکاری لە کوردستان زۆر زیاتر لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانەو؛ بەهۆی سیاسەتی دواکەوتووڕاگرتنی کوردستانو پشتگوێخستنی ئەو بەشە لە ئێرانو کەمیی کارخانەو ناوەندەکانی بەرهەمهێن؛ زۆرترین خەڵک بە تایبەت لە ناوچە سنووری‌یەکان بێکارن.

بێگومان ئەگەر لەو ناوچانە دەرفەت بۆ کارێکی ئاساییو قانوونی هەبێو؛ گەورەی ماڵ شەرمەزاری دابینکردنی پێداویستی‌یەکانی ماڵو منداڵی نەبێ، کەس نیە لە گیانی خۆی بێزار بێو بەزەیی بە خۆیو ماڵو منداڵی‌دا نەیەتەوە؟

ئەگەر ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکانو دامو دەزگا دەوڵەتی‌یەکان زۆر پەرۆشی دیاردەی قاچاغ!و ئەو هاتوچۆ ناقانوونی‌یەن، با هەلی کار بۆ خەڵک دابین بکەن بزانن کەس ڕوو لە سنوورەکان دەکا؟ کەواتە ئەو خەڵکە نەک جێی لۆمەو شایانی کوژران نین، بگرە جێی ڕێزو شایانی پاداشو خەلاتیشن کە سەر بۆ نەبوونیو دەرکەوتەکانی نەوی ناکەنو بۆ پارووە نانێک دەپەڕنە سەر پشتی شێر. بەلام ئەوان کاری ئاسان دەکەن کە کوشتنو قەڵتوبڕی کاسبکارانو سڕینەوەی ئەسڵی بابەتەکەیە؛ چونکی ئەوان باوەڕیان بە بووژاندنی ئابووریی کوردستانو وشککردنی سەرچاوەی قەیرانەکان نیە، بۆ ئەوەی بیانوویان بۆ لەسەرڕێبوونی چەکەکانیانو، زاڵکردنی کەشی ئەمنیەتی بەسەر کوردستانیاندا هەر بەدەستەوە بێ.

سەیرە لە ناوچەیەکی ئەو ولاتە پانو بەرینو بەپیتوبەرەکەتەدا هەموو پێوەرە ئابووری، کۆمەلایەتیو فەرهەنگی‌یەکان لە نزمترین ئاستی ولاتدا بێو؛ ئەو کات سزای مەرگ بۆ بابایەکی کۆڵبەر بە ڕەوا ببینرێ کە جیا لەو پیشەیە هیچ دەرەتانێکی دیکەی بۆ ژیان نیە.

کۆڵبەران توێژێکی لاوازن، کەس نیە پشتیان بگرێ، کەس بە هانایانەوە ناچێ، کاربەدەستانو دامودەزگا حکوومەتی‌یەکانو نوێنەرانی شارەکانیان لە مەجلیس نە خەمیان لێ دەخۆنو نە لێیان دەپرسن، پارێزەرانیش کە قانوون دەزانن لە حاند هەموو ئەو بێقانوونی‌یەی دەرحەق بە کۆڵبەرانو کاسبکاران دەکرێ کەمترین دەنگیان لێوە نایە، ڕۆژنامەکانیش بەو هۆیەی ڕێژیم ناوی قاچاغچیی بەسەر کۆڵبەراندا بڕیوە، تەنانەت هەواڵی کوژرانو بریندار‌بوونیان بە دەست هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتیش بلاو ناکەنەوە؛ ئەو ڕاستی‌یانە ئەوەندەی جێی داخن،

ئەوەندەش دەرفەتی زیاتر بە ڕێژیم دەدەن کە بێبەزەییانەترو بێترسو دڵەراوکێ درێژە بە جینایەتە دژی مرۆیییەکانی لە کوردستاندا بدا.

هەر بۆیە پێویستە هەر کەسو لایەنێک بەش بە حاڵی خۆیو بەپێی دەستڕۆیشتوویی‌و قورسایی خۆی دەنگێک بێ بۆ مەحکوومکردنی کوشتاری کۆڵبەران. پێویستە کۆڵبەران لە نێو خۆیاندا یەکگرتوو بنو پشتی یەک بگرن، پێویستە ڕێکخراوە سیاسی‌و مەدەنییەکان لەسەرهەست بنو پێشێلکردنی مافە ئینسانییەکانی ئەوان لەلایەن ڕێژیمەوە لەقاو بدەن؛ پێویستە پارێزەرانی کوردو غەیرە کورد بێنە مەیدانو بەهێنانەوەی بەڵگەی قانوونی، بێقانوونییەکانی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم‌و وەبەر دەستڕێژدانی کۆڵبەران مەحکوم بکەنو بە وەئەستۆگرتنی خۆبەخشانەی پەروەندەی قوربانیانی ئەو ڕووداوانە تێچووی لەززەتی ئینسانکوژیی هێزەکانی ڕێژیم بۆ ئەوان زیاتر بکەن. نوێنەرانی شار پێویستە لە ناوەندەکانی بڕیارو قانووندانانندا دەنگی بەشمەینەتانی خەڵکەکەی خۆیان بنو بە ڕاکێشانی سەرمایەو بوودجەو پرۆژە ئابوورییەکان بۆ ئەو ناوچانە خەڵک لەو پیشە پڕمەترسییانە دوور خەنەوە.

خەڵکی کۆڵبەرو کاسبکار شەریفو زەحمەتکێشن، ئەوان شایانی عیززەتو ئیحترامن، نەک کوژنو ونبوونی خوێنو ژیانیان.

لە ژمارە ٦٦٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٨ی دیسەمبەری ٢٠١٥

## تەقینەوەی سێکسی لە کۆمەڵگای ئێران‌و سیاسەتی ناکارامەی حاشاو حەشاردان

توێژەرە کۆمەڵایەتی‌یەکان بە پشتبەستن بە توێژینەوە مەیدانی‌یەکان دەڵێن ڕەفتاری جینسیی مەترسی‌دارو لەشفرۆشی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیی ئێراندا بەردەوام لە پەرەسەندندان. بابەتی ناڕەزایەتیی سێکسی هۆکاری نیزیک بە نیوەی تەلاقو خەیانەتی ژن‌و مێردایەتین، بەڵام ئەو بابەتانە تا ئێستاش بڤە بوون‌و کەمتر ڕێگە دراوە بە میدیایی بکرێن‌و ئامارو زانیاری‌یەکان بدرێنە دەرێ.

هەر لەو ماوەیەدا ئەنجومەنی کۆمەڵناسانی ئێران ئاکامی توێژینەوەیەکی خۆیانی بڵاو کردەوە کە لە چەند شارێکی گەورەی ئێراندا کردوویانەو، دەڵێ سەدی ٢٨ ی لاوانی خوار ١٨ ساڵ لە ئێران ئەزموونی سێکس‌یان هەیە. هەروەها سەدی ٧٣ ی ئەو تازەلاوانەش کە پێوەندیی سێکس‌یان بووە، گوتوویانە کە زیاتر لەگەڵ یەک کەس ئەزموونی سێکس‌یان بووە.

ئەو توێژینەوەیە هەروەها دەری‌خستوە کە زیاتر لە نیوەی جیابوونەوەکان لە تاران هۆکاری سێکس‌یان هەیەو ناڕەزایەتیی ژن‌و مێرد لە یەکتریان لە پشتەو زۆربەی کچانی خوێندکاری زانکۆ کە لە خەوتنگەکان دەمێننەوە، لەگەڵ کوڕان پێوەندی‌یان هەبووەو سەدی ١٠ی ئەوان پێش شووکردن ئەزموونی سێکس‌یان هەبووە.

هەر ئەو توێژینەوەیە دەری‌خستوە کە سەدی ٢٠ی سەربازەکان لە تاران پێشینەی پێوەندیی سێکسی لەگەڵ کەسانی جیا لە ژنەکانیان هەبووەو سەدی ٢٣ی کوڕانی قۆناغی خوێندنی دەبیرستان نەیان‌ویستوە تا کاتی زەماوەندکردنیان خۆ لە سێکس‌کردن ببوێرن‌و چاوەڕوان بمێننەوە.

یەکێک لەو کۆمەڵناسانە دەڵێ لێکۆڵینەوەیەکی لە تاران دەری‌خستوە کە سەدی ٥٢، واتە زیاتر لە نیوەی کچانی خوێندکاری زانکۆ کە لە خەوتنگەکان دەمێننەوە دۆستی کوڕیان هەیە.

بەهاری ساڵی ڕابردووش مەحموود گوڵزاری، جێگری وەزارەتی وەرزش‌و لاوان گوتبووی کە پێوەندیی نێوان کچان‌و کوڕان لە ئێران لە پێش چوونەزانکۆ لە چاو سەردەمی پێش ئینقلاب سێ هێندەی ئەو کات زیادی کردوە.

گوڵزاری گوتبووی کە جیا لەوە پێوندیی هاوکات لەگەڵ چەند کەسی کچان یان کوڕان لە چاو پێشوو زیادی کردوە. ئەوانە هەمووی دەرەنجامی قەدەغەکردنی پێوەندیە سروشتیەکانی دوو مرۆڤە. بەرهەمی دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژییە بۆ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیە مرۆییەکانی مرۆڤەکان؛ سەرکوتکردنو قەدەغەکردنی غەریزەکان لە غەریزەی ئازادییەوە بگرە تا زۆر غەریزەی مرۆیی دیکەو، پاڵپێوەنانی لە دەرەوەڕا بۆ ژوورەوە، تا ئەو جێیەی " آزادیهای یواشکی"و تەقینەوەی جینسیی لێدەکەوێتەوە.

بەناوی ئیسلامو شەریعەت هەوڵیان دا پیاوانو ژنان لێک جیا بکەنەوە تا نەکا تووشی گوناح بن، حیجابو خۆداپۆشینی زۆرەملییان داسەپاند کە نەکا لاقو لەتەری ڕووتی ژنێکو تاڵەموویەکی دیارکەوتووی کچێک هەوساری هەوەس لە دەستی پیاوێک برفێنێو فەسادو تاوان بەسەر وڵاتدا نازڵ ببێ؛ پێوەندیو تێکەڵاویی دوو ئینسانی پێگەیشوو و باڵغیان قەدەغە کرد تا پێش بە وێککەوتنیان بگرن، بەڵام ئێستا بە پێچەوانە، ئەوە ڕووی دا کە دەیبینین: پەرەسەندنی پێوەندیە جینسیەکانی نێوان کوڕو کچو پیاو و ژن لە ئاستی تەقینەوەدا، پەرەسەندنی هاورەگەزبازیو هەروەها پەتای خۆڕەحەتکردن.

کاتێک کە ئەوانەو کۆمەڵێک کێشەو قەیرانی دیکەی وەک بێکاریو گرانیو ئێعتیادیش بەرۆکی کۆمەڵگا دەگرێ، دەبینین کە لەشفرۆشی لە گەڕەکو کۆڵانەکانی شارڕا دێتە سەرشەقامو تەمەنی لەشفرۆشییش لە ٣٠ ساڵی پێش ئینقلابەوە بۆ خوار ١٥ ساڵ دادەبەزێ. تاڵو ڕاتڵەکێنەر ئەوەیە کە بەپێی توێژینەوەیەکی مەجلیس سەدی ١١ ی لەشفرۆشەکانی تاران گوتوویانە کە مێردەکانیان بەو کارەیان دەزاننو چونکی ناچارن دەنگی لێدەرناهێنن.

وردبوونەوە لەسەر چەند بەشێکی ئەو توێژینەوەیەی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی مەجلیس ڕوونتر ئەو ڕاستیە تاڵەمان بۆ دەردەخا. کاکڵی لێکۆڵینەوەی ئەو گرووپە کارناسیە ئەوەیە کە لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ دا تەمەنی لەشفرۆشی لە سەرووی ٣٠ ساڵ بوو، بەڵام ئێستا تەمەنی لەشفرۆشی بۆ خوار ١٥ ساڵ دابەزیوە، هەروەها پێشتر سەڵتەکان زیاتر ڕوویان لە لەشفرۆشی دەکرد، بەڵام ئێستا ئەو دیاردەیە پتر لە نێو خێزاندارەکاندا پەرەی سەندوە.

کارناسە کۆمەڵایەتیەکان کۆمەڵێک هۆکار بۆ پەرەسەندنی لەشفرۆشی لە کۆمەڵگە مرۆییەکاندا و تێکەوتنی سۆزانیەکان بۆ ئەو لادانە ریز دەکەن کە گرنگترینیان بریتین لە: هەژاریو دەسکورتی، بێکاری، تەڵاق، بێ هاناو پشتیوان مانەوەی ژنانی سەرپەرستی خێزان، چوونە سەری تەمەنی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش، چوونەسەری ڕێژەی

ژنانی گیرۆدە بە مادە هۆشبەرەکان، خواستی زۆری پیاوانی ئامەزرۆی پێوەندیگرتن لە گەڵ سۆزانییەکانو داهاتی زۆرو بوونە پیشەیەکی پڕخێروبێر بۆ سۆزانییەکان و هتد. بەڵام گرینگ لێرەدا خەمساردیی بەرپرسانو بەڕێوەبەرانی وڵاتە کە وا سووک و ساناو بێ هیچ پلان و پرۆژەیەک بۆ چارەسەری قەیرانو خەسارە کۆمەڵایەتییەکان، لە تەنیشت ئەو خەسارانە کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە کۆمەڵگەی ئێراندا پەرە دەستێنن، تێدەپەڕن.

پەرەسەندنی دیاردەی لەشفرۆشی لە ئێران کاریگەریی بەرچاوو نیگەتیڤی لە سەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەک چوونە سەری ڕێژەی ئیعتیاد، پەتای ئایدز، تاوانکاری، کاڵبوونەوەی بایەخە مرۆییەکان و سست و لەرزۆکبوون و لێک ترازانی شیرازەی خێزان هەیەو ئەوەش دەخوازێ کە ئەو دیاردەیە لە کۆمەڵگەی بەهاخوازو نۆرمویستی ئێراندا وەک مەترسییەک بە هێند وەربگیرێ و مشووری ئەوەی لێ بخورێ کە ئاسەوارە زیانبارەکانی بە لانیکەمی خۆیان بگەیەندرێن.

لە ژمارە ٦٧٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٤ی دێسەمبەری ٢٠١٥

## بابەتەکانی: ساڵی ٢٠١٦

----------------------------------------------------------------

### بەڵێنی ئێران بە بەشار ئەسەدو حیزبوڵڵا بۆ دابینکردنی پێداویستی‌یە دەرمانی‌و پزیشکی‌یەکانیان

ماوەیەک بوو کەمتر باسی یارمەتی‌یەکانی ئێران بە سووریە و حیزبوڵڵای لوبنان و ڕێکخراوە تێرۆریستی‌یەکانی سەر بەو ڕێژیمە لە ناوچە دەکرا، کە دیارە بەشێکی لەبەر قورسایی گەمارۆ ئابووری‌یەکانی سەر ئێران و دۆخی تێکتەپیوی ئابووریی ئەو وڵاتە بوو؛ بەڵام ئێستا کە گەمارۆکان شل کراون و قەرارە زیاتر لە ١٠٠ ملیارد دۆلار پووڵی ئێران ئازاد بکرێ، هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە ئێران دەیەوێ دەست پێبکاتەوە.

هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دابینکردنی پێداویستی‌یە دەرمانی و پزیشکی‌یەکانی سووریە و لوبنانی گرتۆتە ئەستۆ.

وەزیری بێهداشتی کۆماری ئیسلامی کە لە بەرەبەری هەڵگیرانی گەمارۆ جیهانی‌یەکان و زۆربوونی داهاتی کۆماری ئیسلامی‌دا سەردانی سووریە و لوبنانی کردبوو، لە دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ کاربەدەستانی پایەبەرزی سووریە و لوبناندا بەڵێنی پێدان کە پێداویستی‌یە دەرمانی و پزیشکی‌یەکانی ئەوان لەلایەن ئێرانەوە دابین دەکرێن.

حەسەن هاشمی هەروەها گوتی کە کۆماری ئیسلامی بە دانی بوورسیە بە خوێندکارانی سووری و حیزبوڵڵاهیی لوبنان، خوێندکارە پزیشکی‌یەکانیان لە زانکۆ وەردەگرێ و دوو زانکۆی پزیشکییش لە لوبنان دەکاتەوە.

دابینکردنی پێداویستی‌یە دەرمانی و پزیشکی‌یەکانی سووریەو لوبنان لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە لە حاڵێکدایە کە لە ئێران کاربەدەستانی دەوڵەت لەگەڵ ئەوەی ئاماژە بە نەبوونی بوودجەی ئاوەدانکردنەوە دەکەن،

دەڵێن کە بۆ تەواوکردنی نەخۆشخانە نیوەچڵەکانی ئێستا چاویان لە دەستی خێرخوازانە.

دوکتور سەید محەممەد ئەیازی، قایمقامی وەزیری بێهداشتی ئێران ماوەیەک لەمەوبەر ڕایگەیاند کە ٢٦٧ نەخۆشخانەی نیوەچڵیان بەسەر دەستدا ماوەتەوە، بەڵام پووڵیان نیە و بۆ تەواوکردنیان تەنیاو تەنیا چاویان لە هیممەتی خێرخوازانە.

ئەو هەروەها گوتبووی بێت و بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژانە تەنیا پشت بە بوودجەی دەوڵەت ببەسترێ، ئەوا تەواوکردنی ئەو کۆمەڵە نەخۆشخانەیە هەر نەبێ ٢٠ ساڵی کات دەوێ.

دوکتور محەممەدرەزا نەورۆزی، ڕاوێژکاری وەزیری بێهداشتیش دەڵێ دروستکردنی نەخۆشخانە لە وڵاتدا تێچووی یەکجار زۆری هەیە و بەپێی بەراوردی ئەو وەزارەتخانەیە هەر تەختێکی نەخۆشخانە ٥٠٠ میلیۆن تمەنی تێدەچێ و ئەو تێچووە لە شارە گەورەکان بەهۆی گرانبوونی نرخی زەوی لە یەک میلیارد تمەنیش نیزیک دەبێتەوە. بە قسەی ئەو نەخۆشخانەیەکی٢٠٠ تەختی لە شارە گەورەکان هەر نەبێ ٢٠٠ میلیارد تمەن هەڵدەگرێ.

لەلایەکی دیکەوە تەخشانپەخشانی سامان و دارایی خەڵکی ئێران بۆ دەستو پێوەندەکان ڕێژیم لە ناوچە لە حاڵێکدایە کە هەژاری و بێکاری بینەقاقای خەڵکی ئێرانی گرتوە.

هەر لە ماوەی ٢ ساڵی ڕابردوودا کە حەسەن ڕووحانی هاتۆتە سەرکار، ١٥ هەزار کارگە و یەکەی ئابووری داخراون و یەکە بەرهەمهێنەکانیش بەهۆی بانکەکانەوە تووشی ڕاوەستان هاتوون.

ماوەیەک لەوە پێش بوو کە گۆڤاری بیزینێس ئینسایدێر، لیستی ١٨ وڵاتی بەڵالێدراوی بڵاو کردەوەو، ئێران لە ڕیزی دەیەمی ئەم ڕیزبەندییەدا جێی گرتبوو.

بیزینێس ئینسایدێر ئەم ئامارەی لە سەر بنەمای ئاماری ساڵی ٢٠١٥ی "دەفتەری ڕاستییەکان"ی سەر بە ڕێکخراوی هەواڵگریی ناوەندیی ئەمریکا بڵاو کردۆتەوە. ئێران لە ڕیزبەندیی جیهانیی پێوانەی نەهامەتی لە ساڵی ٢٠١٣دا لە نێو ٩٠ وڵاتدا، لە ڕیزی دووهەمدا جێی خۆش کردبوو.

بەپێی ئەم لیستەیە، پێوانەی نەهامەتیو داماوی لە ئێران سەدی ٢٦، نرخی ئاوسان سەدی ١٦و ڕێژەی بێکاری سەدی ١١ دیاری کراوە. پێوانەی نەهامەتی لە نێو سەرجەم ڕێژەی بێکاریو نرخی ئاوسان دەست دەکەوێ.

ئەم ڕاپۆرتە پێشبینیی ئەوەی کردوە کە هەڵگیرانی گەمارۆکان لە سەر ئێران دەتوانێ ببێتە هۆی پێکهاتنی گەلێک دەرفەتی ئابووری لەم وڵاتە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە بەم زووانە ٤ وەزیری کابینەی حەسەن ڕووحانی، لە بابەت گۆڕانی شکست بۆ قەیرانی ئابووری دەوڵەتی ناوبراویان وریا کردۆتەوە.

مەسعوود خانساری، سەرۆکی ژووری بازرگانیی تاران دەڵێ لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا گەشەی ئابووریی ئێران زۆر لە کزی داوە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە نوشوستییەکی زۆر قورس باڵ بەسەر ئابووریی ئێراندا بکێشێ بە شێوەیەک کە لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا شکستی وا وێنەی نەبووە و هەر ڕۆژەو چاوەڕوانیی داخرانی کارخانەیەک دەکرێ.

لە ژمارە ٦٧٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٤ی جانێوێری ٢٠١٦

---

## هەتا ماڵێ بیهەوێ لە مزگەوتێ حەرامە

لە حاڵێکدا کە نیوەی حەشیمەتی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، کۆماری ئیسلامیی ئێران بڕی ٢٠ هەزار دۆلاری بۆ هەر بنەماڵەیەکی فەلەستینی بڕیوەتەوە کە ماڵەکەی بەدەستی ئیسڕائیل ڕووخابێ.

باڵوێزی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە لوبنان گوتی کە ئێران بە هەزاران دۆلار بۆ ئەو بنەماڵە فەلەستینییانە دەنێرێ کە لەم دواییانەدا سەرپەرستەکانیان لە شەڕ لەگەڵ ئیسراییل کوژراون.

شەپۆلی هێرش بە چەقۆ، تەقەکردنو لێکدان لە نێوان فەلەستینی ئیسرائیلی‌یەکاندا ماوەی ٥ مانگە دەستی پێکردووەتەوەو لەو ماوەیەدا زیاتر لە ١٦٠ فەلەستینیو ٢٦ ئیسرایيلی کوژراون.
محەممەد فەتحعەلی، باڵوێزی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە وڵاتی لوبنان لە پرێس کۆنفرانسێکدا لە بیروت گوتی ئێران بڕیاری داوە بۆ بنەماڵەی هەر کوژراوێکی فەلەستینی بڕی ٧ هەزار دۆلار بنێرێ؛ هەروەها ٣٠ هەزار دۆلاریش بە هەر بنەماڵەیەک دەدا کە خانووەکەیان بەهۆی خۆمپارە یان بۆمبارانی ئیسرائیلەوە رووخاوە.

لەو نێوەدا بەرێوەبەری هەرێمی خۆبەرێوەبەریی فەلەستین ڕایگەیاندوە کە ئێران بە دانی پارە بە فەلەستینی‌یەکان بازرگانی بە ئێش و ئازاریانەوە دەکا.

تەشکیلاتی خۆبەرێوەبەریی فەلەستین لە کاردانەوە بە بڕیاری ئێران لە هەمبەر دانی پارە بە بنەماڵەی ئەم فەلەستینیانەدا کە بە هۆی هێرش بۆ سەر ئیسرائیلی‌یەکان کوژراون، گوتی: ڕێبەریی فەلەستین دژی هەر چەشنە بازرگانی‌یەکی ئێران بە ئێش و ئازاری فەلەستینی‌یەکانەوەیە.

نەبیل ئەبوو رودەینە، وتەبێژی ناوەندی سەرکۆماریی فەلەستین گوتی ئەگەر ئێران ئەم بڕیارەی داوە بۆچی ئیدارەی خۆبەرێوەبەریی فەلەستینی لێ ئاگادار نەکردۆتەوەو تا ئێستاش حکوومەتی قانوونیی فەلەستین ئاگای لەم باسە نەبووە.

رودەینە پێداگریی کردەوە کە ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین « ساف» تەنیا نوێنەری ڕەواو قانوونیی فەلەستینەو دەورلێدانی ئەم ڕێکخراوە و بە هیندنەگرتنی بە باش نازانین.

ئەم کاربەدەستە پلەبەرزە ڕێک ئاماژەی بە گەیاندنی پارە بە بنەماڵەی ئەو فەلەستینی‌یانە کرد کە قەرارە لە ڕێگەی بزووتنەوەی حەماسەوە یارمەتی‌یان بدرێتێ.

ئێستا جیا لە سیاسەتی نانەوەی ئاژاوە لە نێوان دوو ڕێکخراوی سەرەکیی فەلەستین بە مەبەستی قازانجە سیاسی‌یەکانی خۆی، پرسیار ئەوەیە کۆماری ئیسلامی لە چ بارودۆخێکدا لە سامانی گشتیی وڵات ئەو تەخشان پەخشانە دەکا؟

ئەو بەخشینەی ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکانی ئێران بە فەلستینی‌یەکانی حەماس لە حاڵێکدایە کە لەنێو سەرجەم ٦٣ میلیۆن کەس لە حەشیمەتی ئێران کە لە تەمەنی کارکردن‌دان، نزیکەی ٤٠ میلیۆنو ٢٠٠ هەزار کەس هیچ نەخشێکیان لە ئابووریی ئەم وڵاتەدا نیەو بێکارو بێداهاتن. لەو نێوەدا ٣ میلیۆنو ٤٧٦ هەزار ژنی دەرچووی زانکۆ بە بڕوانامەی بەرزی خوێندنەوە لە سووچی ماڵەکاندا کابانی دەکەن.

هەروەها بە پێی دوایین ئاماری بێهزیستیی ئێران، ٢ ملیۆنو ٥٠٠ هەزار ژن لە ئێران سەرپەرستی ماڵو خێزانەکانیانن‌و، لەو کۆمەڵە ژنە تەنیا ١٨٠ هەزار کەس لە ژێر چاوەدێریی ڕێکخراوی بێهێزیستی وڵاتدان.

ئەو تەخشان‌پەخشانەی ڕێژیم لە حالێکدایە کە کوردستان، وەک بەشێک لە ئێران نوقمی دواکەوتن لە گەشەو ئاوەدانی‌یە. زیاتر لە ٢٠٠٠ پرۆژەی ئابووری‌و ئاوەدانکردنەوە لە پارێزگای ورمێ بەهۆی تەرخان‌نەکردنی بودجە بە نیوەتەواوی بەرەڵڵا کراون. هەروەها١٥٠٠ پرۆژەی نیوەکارە لە پارێزگای سنە هەیە کە بۆ تەواوکردنیان پێویست بە تەرخانکردنی ٧ هەزار میلیارد تمەن بودجە هەیە.

یارمەتیدانی گرووپە تێرۆرسیتی‌یەکان لە حالێکدایە کە دوکتور سەید محەممەد ئەیازی، قایم‌مەقامی وەزیری بێهداشتی ئێران دەڵێ ٢٦٧ نەخۆشخانەی نیوەچڵیان بەسەر دەستدا ماوەتەوە، بەڵام پووڵیان نیەو بۆ تەواوکردنیان تەنیاو تەنیا چاویان لە دەستی خێرخوازانە.

جێگری وەزیری بێهداشت کە سەردانی پارێزگای کرماشانی کردوە، دەڵێ کە لە ئاستی ئێراندا کەمیی ١٠٠ هەزار تەختی نەخۆش بەدی دەکرێ‌و بەپێی تواناکانی دەوڵەت دابینکردنی ئەم ئیمکاناتە بۆ نەخۆشخانەکان ٥٠ ساڵی کات پێویستە.
سەرۆکی ژووری بازرگانیی ئێرانیش دەڵی بەپێی ئەو خەمڵاندنانەی کراون، بۆ گەشەی سەدی ٨ ی ئابووریی ئەو وڵاتە پێویست بە ٧٠٠ میلیارد دۆلار وەبەرهێنان هەیە.

هەر چەندرۆژ لەوە پێش بوو کە گۆڤاری بیزینێس ئینسایدێر، لیستی ١٨ وڵاتی بەڵاڵێدراوی بڵاو کردەوەو ڕایگەیاند کە ئێران لە ڕیزی دەیەمی ئەم ڕیزبەندی‌یەدا جێی گرتوە؛ بۆیە پێویستە بڵێین هەتا ماڵ بیهەوێ لە مزگەوتێ حەرامە، بەڵام ئەوە قسەیەک نیە کە لەلایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی‌یە وەربگیرێ، چونکی ئەوان بەدووای بەرژەوەندی‌یە سیاسی‌یەکانی خۆیاندان و ئەوەی بیری لێنەکەنەوە، خەڵکو کێشەو خەمەکانیانن.

لە ژمارە ٦٧٥ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە ٢٠١٦/٠٣/١٠

## ئەوەی ئەحمەد شەهید نەیدی

ئەحمەد شەهید، ڕاپۆرتدەری تایبەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافی مرۆڤ لە ئێران بەر لە نەورۆز یازدەهەمین ڕاپۆرتی خۆی پێشکێشی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد.

ئەحمەد شەهید کە ماوەی پێنج ساڵە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەرکی چاوەدێریی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێرانی پێسپێردراوە، ئەگەرچی لەو ماوەیەدا نەیتوانیوە سەردانی ئێران بکا، بەڵام لە ڕێگای ئەو ڕایەڵەو پێوەندییانەوە کە دروستی کردوون توانیویەتی کۆمەڵگەی جیهانیو ناوەندەکانی بڕیار لە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران ئاگادار بکا.

لەو نێوەدا ئەگەر لەلایەک کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر بەو ڕاپۆرتانەی ئەحمەد شەهید قەڵسەو پێی وایە ئامانجی سیاسییان بۆ ڕەشکردنی کۆماری ئیسلامی لە پشتە، ئەو ڕاپۆرتانە ڕەخنەی ئەوەشیان هاتۆتەوە سەر کە بە شێوەیەکی گشتیو وەک خۆیو دادپەروەرانە چاوی بەسەر هەموو پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران نەبووە؛ بە تایبەت کە پرسی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە ناوچە ئێتنیکییەکان وەک خۆیو بە گوێرەی پێویست بایەخی پێنەدراوە.

ڕاستە ئەحمەد شەهید بە حەق لەداردرانی ٩٦٦ کەس لە ئێرانی لە ساڵی٢٠١٥ دا لەهەڵا دەدا، بەڵام بەردەوامیی ئێعدامە سیاسییەکان لە کوردستان نابینێ. ئەگەر زیاتر لە نیوەی ئەو ٩٦٦ کەسە بە تاوانی بازرگانیی ماددەی هۆشبەرو کوشتنی بە ئانقەست لەدار دراون، لە کوردستان ئێعدام لە سەر بیرو باوەڕی نەتەوەیی درێژەی هەبووەو لەو ساڵەدا ٤ زیندانیی سیاسیی کورد بەناوەکانی مەنسوور ئاروەند، حەبیب ئەفشاری، عەلی ئەفشاریو بێهرووز ئالخانی لەدار دران. ئێعدامی زیاتر لە ١٦ چالاکی ئایینیی کوردی سوننیمەزهەبیش لە جێی خۆی کە بە تۆمەتی "محاربە" لەو ساڵەدا گیانیان لێئەستێندرا.

هەر لەو ساڵەدا ٣٦ کەس لە خەڵکی کاسبکاری ناوچە سنووریەکانی کوردستان بە پێچەوانەی ڕێوشوێنو قانوونەکانی خودی کۆماری ئیسلامییش، بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراونو بریندار بوون، بەڵام لە ڕاپۆرتەکەی ئەحمەد شەهیددا هیچ ئاماژەیەک بەو تراژیدیانە نەکراوە.

لە ڕاپۆرتەکەی ئەحمەد شەهیددا ئاماژە بە پێشێلکردنی مافی ئازادیی دەربڕینی بیرو باوەڕ کراوەو تێیدا هاتوە، کە لە ساڵی ٢٠١٥دا، شەش نووسەرو هونەرمەند و مۆسیقاژەن لەگەڵ ٢٢ ڕۆژنامەنووسو ٢٣ چالاکی مەدەنی لە ئێران دەستبەسەر کراون. بەڵام کە بەدواداچوونی ناوو نیشانی ئەو کەسانە دەکەین، دەبینین سەرنجو داتاکانی ئەحمەد شەهید لە سەر پێشێلکردنی مافی نەتەوە نافارسەکان نیە، وەک چۆن دەبینین لە ماوەی ساڵی ٢٠١٥ دا هەر بە داننانی سەعید مونتەزیرولمەهدی، وتەبێژی هیزە ئینتیزامییەکانی ئێران زیاتر لە ١١٠ چالاکی سیاسی، مەدەنیو ڕۆژنامەنووسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیراونو بە زیندانی درێژخایەنیش حوکم دراون، بەڵام لە ڕاپۆرتەکەی بەڕێز ئەحمەد شەهیددا جێیان بەتاڵە.

پنجداکوتانی سیاسەتی هەڵاواردن تەنانەت لە جۆری هەڵسوکەوتی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ زیندانیانی سیاسیو چالاکانی کوردو پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤی کورد لە ئێرانیش شتێکە کە ئەحمەد شەهید لە بەدواداچوونەکانیدا کەمتر خۆی لێداوە. وەک چۆن دەبینین کە بۆ کردەوەی وەک یەک سزای وەک یەک نیەو چالاکانی سیاسیو مەدەنیی کورد لە سەپاندنی ماوەی زیندانو دوورخرانەوە و بێبەشی لە مافەکان لە زینداندا پشکی شێریان پێ دەبڕێ.

ئەمن دەخوازم کە ئەحمەد شەهیدو ستافەکەی بەهۆی ئەوەی ڕێگەی سەردانی ئێرانیان پێنادرێو لەوانەیە سەرچاوەی هەواڵو زانیارییەکانیان سنووردار بن ڕاپۆرتەکانیان ئەو تێبنییانەیان لەسەر بێ، نەک ئەوەی تێڕوانینێکی "ناوەندگەرایانە"یان بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران هەبێ، یان ئەوەی " ملاحظات"ی سیاسی وای کردبێ ئەوان لا لە مافی نەتەوە بندەستەکان نەکەنەوە. دەنا ڕێگەدان بە هەڵبژاردنی دوو واحید خوێندنی زمانی کوردی لە تەنیا یەک زانکۆی کوردستان شتێک نیە کە ئەو وەک دەسکەوتێکی بەرچاو بۆ کورد لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی پێبدرێ. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەمڕۆکە زیاتر لە ١٠ میلیۆن کورد لە خوێندن بە زمانی زگماکی بێبەشنو تا ئێستاش هیچ بەرنامەیەک لە ئێران بۆ خوێندن بە زمانی دایک بۆ نەتەوە غەیرەفارسەکان لە گۆڕێدا نیە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کوردستان بەهۆی ئەو کەشە ئەمنیەتییەی بەسەریدا زاڵ کراوە، سروشتی

هەر چەشنە مافخوازییەکیش بە دڵی ناوەندە سەرکوتکەرەکان دەگۆڕدرێ، ڕۆژنامەنووسانی ڕەخنەگر، چالاکانی مافخوازی کرێکاری ، ژینگەپارێزانی بەهەڵوێستو چالاکانی مەدەنیی کورد یەکدابەدوو پەروەندەی ئەمنیەتییان بۆ دروست دەکرێو سزای قورسی زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا دەسەپێ.

ئەمانە دروشم نینو ئەحمەد شەهید دەبوو بیدیبایە کە محەممەد سدیق کەبوودوەند تەنیا بە تاوانی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کورد لە ڕێگەی دامەزرانی ڕێکخراوەیەک بۆ ئەو مەبەستە ١١ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاوە؛ یان خوسرەو کوردپوور، ڕۆژنامەنووسی لاوی کورد تەنیا بە تاوانی ڕوومالی هەواڵەکانی پێوەندیدار بە زیندانییانی سیاسی سزای٦ ساڵ زیندان لە دوورخراوەییدا بۆ بڕاوەتەوە.

کارو چالاکییەکانی ئەحمەد شەهیدو ڕاپۆرتەکانی گرینگو جێی بایەخن، بەڵام ئەگەر ئەحمەد شەهید دەیەوێ ڕاپۆرتەکانی ئاوێنەی بالانوێنی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران بن، دەبێ زیاتر لەوە خۆی بە پرسی پێشێلکردنی مافی نەتەوەکان لە ئێران ماندوو بکاو چاوەدێریی زیاتر بخاتە سەر ئەو بەشە لە چالاکییەکانی؛ لەو نێوەشدا پێوەندیی زیاتر بە هەڵسووڕاوانی بواری مافی مرۆڤ لە کوردستان و حیزبە سیاسییەکانەوە بگرێ؛ بۆ ئەوەی هیچ لایەنێکی ئەو دۆخەی لەبەرچاو ون نەبێ.

لە ژمارە ٦٧٦ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٠١٦/٠٣/٢٩

## کرێکار لە ئێران لە نێو دوو بەرداشی بێمافیو ترسی لە دەستدانی کارەکەیدا

ڕەنگبێ هیچ چینو توێژێکی کۆمەڵگەی ئێران بە قەت چینی کرێکار دڵیان بە وادەو بەڵێنەکانی حەسەن ڕووحانی پێش هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری خوش نەبووبێ. بەڵام ئەوان لە سێهەمین ساڵی سەرکۆماریی ڕووحانیدا لە کاتێکدا ڕۆژی کرێکاریان بەڕێکرد کە ئاسۆی دوارۆژیان پتر لە هەموو کاتێک لێڵو ناڕوونە.

ئەگەر خەڵک رۆژانە لە رێگەی میدیاکانەوە باسی داخرانی کارگەو کارخانەکان دەبیستنو دەخوێننەوە، کرێکاران بە ئێسکو پێستەوە هەست بە ژانو کەسەری ئەو موسیبەتە تاڵە دەکەن. کار بۆ چینی کرێکار بە مانای تروسکایی ژیانێکی کۆڵەمەرگیە و، بێکاری واتای ڕاوەستانی ژیانو کەوتن بە سەر نەهامەتیەکاندایە.

کێشەی سەرەکیی ئەمڕۆی کرێکاران لە ئێران نەبوونی ئەمنیەتی شوغلیو مۆتەکەی لەدەستدانی کارەکانیان بەهۆی داخرانی کارگەو کارخانەو یەکە بەرهەمهێنەکانەوەیە.

"خانەی سەنعەت، سامانەکانو بازرگانی"ی ئێران دەڵێ لە ئێران تا ٦ ساڵ لەوە پێش نزیک بە ١٥٥ هەزار یەکەی بچووکی پیشەسازیی چالاک هەبوو کە لەم یەکە پیشەسازیەیانەدا نزیک بە ٤ ملیۆنو ٤٠٠ هەزار کەس کاریان دەکرد، بەڵام لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوودا سەدی ٤٥ی ئەم کارگەو کارخانە بچووکانە بە هۆی سیاسەتی چەوتی کۆماری ئیسلامیەوە داخران.

بە پێی ئامارە ڕەسمیەکان ئێستا نزیک بە ٧٩ هەزار یەکەی پیشەسازیی بچووک لە کۆی ١٥٥ هەزار یەکەو کارگەی بچووکی ئێران داخراونو لەو سۆنگەیەوە ٢ ملیۆن کەسیش کارەکانیان لەدەست داوەو چوونە پاڵ حەشیمەتی بێکارانی ئێران.

لە خۆپیشاندانەکەی ڕۆژی ١١ی بانەمەڕ، ڕۆژی جیهانیی کرێکاردا ئەمساڵ لە تارانیش عەلیرەزا مەحجووب، سکرتێری گشتیی "خانەی کارگر" ڕایگەیاند کە زیاتر لە ٤٠٠ هەزار کەسی دیکە لە کرێکاران ئەمنیەتی شوغلیان نیە.

ئەم ئەندامە پلەبەرزەی فراکسیۆنی کرێکاریی مەجلیس نەیشاردەوە کە لە داهاتوودا زیاتر لە یەک ملیۆن کەسی دیکەش دەکەونە پاڵ ئەم ئامارە.
http://www.kurdistanukurd.com/files/saxtmansazii.jpgرە کرێکارانی بەشە سەنعەتیەکان بترازێ لە ئێران زۆرترین بەشی کرێکاران ئەوانەن کە لە کەرتی بیناسازیو خانووبەرەدا کار دەکەن. هەواڵەکان لەو پێوەندیەشدا دڵتەزێنن، چونکی دەڵێن سەدی ٦٠ی کرێکارانی خانووبەرە لە ئێران بێکارن.

چالاکانی کرێکاری دەڵێن کرێکارەکانی بەشەکانی دیکە، بۆ نموونە کرێکارانی بەشی سەنعەتو کارخانەکان کاتێک

کارەکانیان لە دەست دەدەن ڕوو دەکەنە کرێکاری لە بەشەکانی وەک کشتوکاڵ یان بیناسازیدا، بەڵام کرێکارانی بیناسازی کاتێک بێکار دەبن ئیدی جێیەک شک نابەن کاری تێدا بکەن.

ئیمزاکردنی گرێبەستی کاتیی کار، یان ئیمزای سپیو بێبەشی لە مافی بیمە کێشەیەکی دیکەی حەشیمەتی کرێکار لە ئێرانە.

عەلی ڕەبیعی، وەزیری کاری دەوڵەتی ڕووحانییش بەهاری ساڵی ڕابردوو و لە ڕۆژی جیهانیی کاردا بەڵێنی دا کە دەوڵەت هەموو کرێکارەکانی بیناسازی بیمە بکا، بەڵام نەک ئەو وادەیە جێبەجێ نەکرا، بەڵکوو چەند مانگ دواتر محەممەد حەسەنی زەدا، جێگری ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتی ڕایگەیاند کە بەهۆی ئەوەی بوودجەی پێویست بۆ بیمەی کرێکارانی بیناسازی دابین نەکراوە، بەڵکوو بیمەی ١٤ هەزارو ٢٦٣ کرێکاری بیناسازییشیان لێ بڕیون. ئەویش لە حاڵێکدا کە کانوونی ئەنجومەنە سینفییەکانی کرێکارانی بیناسازی لە ئێران دەڵێ کە زیاتر لە یەک میلیۆن کرێکاری خانووبەرە لە ئێران هیچ جۆرە بیمەیەکیان نیە و لە هەموو ماف و ئیمکاناتو کارئاسانییەک بێبەشن.

بێجگە لە ئەمنیەتی کاری ، بابەتێکی دیکەی پێوەندیدار بە دۆخی ژیانی کرێکاران کەمیی حەقدەستی کرێکارانە. وەزارەتی کار لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران بۆ ئەمساڵی ٨١٢ هەزار تمەن دیاری کردوە، ئەویش لە حاڵێکدا کە بەپێی بەراوردی ناوەندی ئامار هێڵی هەژاری لە شارە گەورەکان نیزیک دوو میلیۆن تمەنو لە شارە چووکەکان سەرووی میلیونێکو ٤٠٠ هەزار تمەنە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانە زیاتر لە نیوەی کرێکاران لە ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین.

لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانیی کرێکاریشدا وەزارەتی تەعاون، کارو خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی ڕاپۆرتێکی لەبارەی هەقدەستو تێچووی بنەماڵەی کرێکاران بڵاو کردەوە کە نیشاندەری فرەوانیی قەڵشتی نێوان داهاتو ژیانی ژێر هێڵی هەژاریی زیاتر لە نیوەی کرێکارانە.

لەو ڕاپۆرتەدا هاتبوو کە داهاتی نیوەی یەکەمی بنەماڵە کرێکارییەکان لە ئێران کەمتر لە لانیکەمی ئەو هەقدەستەیە کە بە ڕەسمی ڕاگەیەندراوە. ئەو قەڵشتەی نێوان داهاتو تێچووی ژیانی کرێکارانیش بۆتە هۆی ئەوەی ئەوان بەدوای کاری دووهەمدا بگەڕێن. بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان سەدی ٦٠ی کرێکارانی ئێرانی بۆ

دابینکردنی تێچووی ژیان جگە لە پەنابردن بۆ شوغڵی دووهەم هیچ چارەیەکیان نیە.

ئازادیی پێکهێنانی ڕێکخراوی سینفیی سەربەخۆ و ئازاد کێشەو داوایەکی دیکەی کرێکارانە.

کرێکاران لە ئێران لە سەر ویستو داخوازی خۆیان ناتوانن ڕێکخراوو کۆڕو کۆمەڵی خۆیان هەبێ، نارەزایەتیو داوا سینفیەکانی ئەوان بە چالاکیی ئەمنیەتی دژی نیزام لێک دەدرێتەوەو هەر بۆیەش دەبینین لە زیندانەکانی وڵاتدا کەم نین ئەو چالاکە کرێکاریانە کە لەسەر داوای سینفیی خۆیان قورسترین حوکم و درێژماوەترین سزای زیندانیان بەسەردا سەپاوە.

پاش هەموو ئەوانە ئەمجار نۆرە دێتە سەر ئەمنیەتی گیانیی کرێکاران لە شوێنی کارو کاتی کارکردندا.

پزیشکیی قانوونیی ئێران دەڵێ ڕۆژانە ٥ کەس لە ئێران بە هۆی ڕووداوی کار گیانیان لە دەست دەدەن. لە ساڵی ڕابردووشدا ١٤٩٤ کەس گیانیان لەدەست داوەو لە ماوەی یەک مانگو نیوی سەرەتای ئەمساڵیشدا زیاتر لە ١٨٠ کرێکار بەهۆی ڕووداوی کارەوە گیانیان داناوە.

بۆیە زیادمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین بە سەرنجدان بەو دۆخە ئەمرۆکە کرێکار لە ئێران لە نێو دوو بەرداشی بێمافیو ترسی لە دەستدانی کارەکەیدا ڕۆژ و شەو دەکاتەوە، ڕۆژ و شەوێک کە بۆ ئەو ماناکەی جیاوازە، ئەو کار ناکا بۆوەی بژی، بەڵکوو دەژی بۆ ئەوەی کار بکا، ئەویش ئەگەر دەستی کەوێو شەرمەزاری ماڵو منداڵی نەبێ.

لە ژمارە ٦٧٩ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٠١٦/٠٥/٠٧

## کوردستانێکی هەژار، خەڵکێکی بێکارو هەژاریی هەزار بە هەزار...

حەسەن ڕوحانی بەهۆی وادە ئابوورییەکانی لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا لە کوردستان دەنگی زۆرینەی خەڵکی کردە ئی خۆی، بەڵام لە سێ ساڵی ڕابردوودا سەرەڕای وادەو بەڵێنەکانی نەک بێکاری لە کوردستان لە کەمی نەداوە، بەڵکوو ڕەوتی داخرانی کارگەو یەکە پیشەسازییەکانو بێکاربوونی کرێکاران خێراتر بووە.

چالاکانی سیاسیو مەدەنیی کورد دەڵێن هیواکان ئەوە بوون پرسی کارو دەرفەتەکان لە کوردستان ببووژێنەوە، کەچی دەوڵەتی حەسەن ڕوحانی نەک بواری بۆ گەشەو بوژانەوەی ئابووری لە کوردستان خۆش نەکرد، بەڵکوو نەیتوانی ئەو کەمە کارگەو یەکە پیشەسازییەش ڕابگرێ کە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیەکی زیاتریان لێ دادەخرێ.

ئامارە ڕەسمییەکانی ناوەندی ئامار دەڵێن بڕی بێکاری لە پارێزگای سنە لە ساڵی ٩٤ کەمێک زیاتر لە سەدی ١٣ بووە، بەڵام کاربەدەستانی پارێزگای سنە دەڵێن ئاماری ڕاستیی ئەو دۆخە زۆر زیاتر لەوەیە کە ڕادەگەیەندرێ.

گاڵتەو گەپ بە ئاماری ڕەسمی لە ئاستێک دایە کە عەبدولمحەممەد زاهیدی، پارێزگاری سنە بە ئاشکرا ڕێژەی بێکاری لە پارێزگای سنە سەروو سەدی ٣٠ باس دەکاو حەوتووی ڕابردووش بەڕێوەبەری گشتیی کارو خۆشبژێویی پارێزگای سنە دوای تێپەڕینی سێ ساڵ لە دەوڵەتی حەسەن ڕوحانی پێی لێنا کە پێچەوانەی ئامارە ڕەسمییەکان ڕێژەی ڕاستەقینەی بێکاری لە سەدی ٣٠ زیاترە.

گەمە بە ئاماری بێکاری لە پارێزگای سنە لە حاڵێکدا درێژەی هەیە کە داخرانی کارگەو کارخانەکانو بێکاربوونی کرێکارانی ئەو یەکە پیشەسازییانە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا چۆتە فازێکی دیکەوە.

داخرانی کارخانەی "ئیستەک"ی سنەو دەرکرانی ١٣٨ کرێکاری ئەو کارخانەیە، داخرانی کارخانە قەندی سەقزو دەرکرانی ٢٥٠ کرێکاری ئەو بەشەو دەرکرانی دەیان کرێکاری کارخانەی کاشیی کەسرا بەهۆی کێشەو گرفتی ئەو کارخانەیە لە ماوەی چەند مانگدا، تەنیا چەند نموونەی بچووک بۆ ئاماژە بەو دۆخەیە.

موحسین بیگلەری کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دەورەیەی مەجلیسدا جارێکی دیکەش بۆ نوێنەرایەتیی شاری سەقزو بانە هەڵبژێردراوەتەوە، پێی لێناوە کە سەرەڕای بەدواداچوونی ئەو وەزارەتی سەنعەت، بازرگانیو کانزاکان تا ئێستاش هیچ هەنگاوێکی بۆ کێشەی کارگەو کارخانەکان لە کوردستان هەڵنەگرتوە.

ئەو دۆخە لە ئیلام تراژیدیترە. پارێزگای ئیلام کە سەدی ١١ی هەموو پاشکەوتی نەوتو گازی ئێرانی هەیە، لە بێبەشترینو پەراوێزخراوترین ناوچەکانی ئێرانە. بێکاریو بێدەرەتانیی ژیان لەو پارێزگا دەوڵەمەندە وایکردوە کە لاوانی بەردەوام بەرەو شارو ناوچە سەنعەتییەکانی دەرەوەی کوردستان کۆچ بکەنو دەیان کێشەو خەساری کۆمەڵایەتیی دیکە وەک خۆکوژی، ساڵانێکی زۆرە بەرۆکی ئەو بەشەی کوردستانی گرتوە.

عەلیڕەزا ڕەمەزانی، کارناسی ئابووری لە ئیلام دەڵێ تا ئێستا پرۆژەی گەورەی ئابووری لە ئیلام وەڕێ نەخراوەو چەند کارخانەیەکی بچووکی وەک پێترۆشیمیی ئیلام، پاڵاوگەی گازو کارخانەی سیمانی دێهلۆران بارتەقای ڕێژەی زۆری بیکاری لەو پارێزگایە نییە. ئەو دەڵێ زیاتر لە نیوەی پرۆژەکانی بەرهەمهێن لە پارێزگای ئیلام بەهۆی کەمیی بودجەو نەبوونی سەرمایە ڕاوەستاونو نە دەوڵەتو نە بانکەکان کەس ئاوڕیان لێ ناداتەوە.

ئەسکەندەر سیدایی، بەرپرسی ڕێکخراوی بەرنامەو پلاندانانی پارێزگای ئیلام لەگەڵ ئەوەی نایشارێتەوە ئیلام زەرفییەتی زۆر لەباری بۆ گەشەی ئابووریو بووژانەوە هەیە، بەڵام دانی بەوەش داناوە کە بێکاری بڕستی لە لاوانی ئەو ناوچەیە بڕیوەو تەنیا لە بەشی کشتوکاڵدا پتر لە ٣٠٠٠ مهەندیسی ئەو بوارە بێکارن.

لە پارێزگای ورمێش ئامارە ڕەسمییەکان باس لەوە دەکەن کە ٤٠ هەزار دەرچووی زانکۆ بە بڕوانامەی لیسانسو فەوقە لیسانس بێکارنو چاوی هیوایان لە دۆزینەوەی کارە.

قوربانعەلی سەعادەت، پارێزگاری ورمێ نایشارێتەوە کە گیروگرفتی سەرەکیی ئەو پارێزگایە لە ئێستادا بێکارییە، بە شێوەیەک کە لە ئێستادا ١١٨ هەزار کەس لە پارێزگای ورمێ بێکارن، جیا لەوەی بەهۆی داخرانی کارگەو کارخانەکان ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو ئامارە زیاتر دەبێ.

جەعفەر سادق ئێسکەندەری، سەرۆکی ڕێکخراوی پیشە، کانگاو بازرگانیی پارێزگای ورمێ دەڵێ لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ٩٠٠ یەکەی بەرهەمهێنان لەم پارێزگایە چالاکییەکانیان ڕاگرتوەو داخراون.

ئەو دەڵێ سەرجەم لە ٢٨٠٠ یەکەی پیشەیی گەورەو بچووک کە لە پارێزگای ورمێدا تۆمار کراون، هەر نەبێ زیاتر لە ١٠٠٠ یەکەیان بە هۆی کێشەی دارایی لە کار وەستاون.

ئاستی بێکاری لە پارێزگای کرماشانیش لە سەرجەم پارێزگاو شارەکانی دیکەی ئێران بەرزترە، بەڵام بە پێی دان پێدانانی کاربەدەستانی ئەو پارێزگایە، تاکوو ئێستا هیچ هەنگاوێک بۆ هێنانە خواری ڕێژەی بێکاری هەڵ نەهێندراوەتەوە.

دکتور عەبدوڵڕەزا میسری لە کۆبوونەوەیەکی پرسیارو وڵام کە لە زانکۆی ئازادی ئیسلامی ئەو شار بۆی ڕێکخرابوو، گوتی: جگە لە گریان بۆ ئەو دۆخەی کە لاوانی بێکاری پارێزگای کرماشانی تێکەوتووە، هیچم لە دەست نایە.

ئەو گوتی پارێزگای کرماشان ٩٠ هەزار بێکاری هەیە، بەڵام ئامارەکان دەڵێن ڕێژەی بێکاری لە کرماشان لەوەندە زیاترە کە بە ڕەسمی دەگوترێ.

ئەو دۆخەی ئێستای کوردستان بەرهەمی سیاسەتی هەڵاواردنو پشتگوێخرانی لەلایەن دەسەڵات، دواخستنی لە ڕەوتی گەشەو هەڵدانی سروشتیی ئابووری، سیاسیو کۆمەڵایەتیو؛ سیاسەتی ناهاوسەنگی دابەشکردنی سامانو بودجەی وڵات بۆ ئاوەدانی‌یە، سیاسەتێک کە گۆڕانی دەوڵەتەکان لە حاکمییەتدا تا ئێستا گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهێناوە.

لە ژمارە ٦٨٠ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٠١٦/٠٥/٢٦

## کاتێ منداڵێکی تەمەن ١٠ ساڵ ملی خۆی بە پەتەوە دەکا!

چەند رۆژ لەوە پێش بوو کە هەواڵی خۆکوژیی دانیش ئەمینی، کورێکی تەمەن ١٠ ساڵی دانیشتووی گەرەکی "کانیکووزەڵە"ی شاری سنە کۆمەڵگەی کوردستان و ئێرانی راتڵەکاند.

پاییزی ساڵی رابردووش خۆکوژیی کورە قوتابییەکی تەمەن ١٠ی دیکە لە شاری شنۆ بوو بە باسی گەرمی میدیاکان و زۆری لە سەر گوترا و نووسرا.

ئەو دوو منداڵە کوردە تەنیا قوربانیی ئەو کارەساتە نین، هەر ئەمساڵ تا ئێستا ئەوەندەی میدیاکان رووماڵیان کردبێ ٨ منداڵ و مێرمنداڵ لە ئێران خۆیان کوشتوە.

ئەوەی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بابەتەدا گرینگ و جێی پرسیارە ئەوەیە کە هۆکارەکان چین؟ کێ لە بەرامبەر ئەو تراژیدییەدا بەرپرسیارە و دەوڵەت و دامودەزگا حکومەتییەکان چەندە هەوڵیان بۆ رێگری لە دووپاتبوونەوەی ئەو رووداوانە داوە و چۆنیان مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە کردوە.

ئەوەندەی بۆ قوتابخانە و کاریگەریی قوتابخانە و نیزامی خوێندن لە سەر ئەو پرسە دەگەرێتەوە، روون و ئاشکرایە کە سیستمی پەروەردەیی و خوێندن لە ئێران لە رووی کەیفییەتەوە ئەوەندە لەسەرێ نییە سەرنجی منداڵان رابکێشێ، ئەوە جیا لەوەی لە رووی رەفتارییشەوە گونجاو نییە لەگەڵ رووح و داڵغە دەروونییەکانی منداڵان. لە رووی فێرکاریشەوە نەیتوانیوە منداڵان لەگەڵ چۆنیەتی بەرەورووبوونەوە لەگەڵ کێشەکان باربێنێ.
قۆناغی مێردمنداڵی قۆناغێکی پڕ لە هەڵچوون و هەڵەشەیی لە گەشەی جەستەیی و مێشکیی منداڵە، بەڵام سیستمی پەروەردەیی لە ئێران هیچ بەرنامەیەکی بۆ ئامادەکردنی منداڵان لەگەڵ ئەو قۆناغە و ئەو قەیرانە نییە، لە قوتابخانە و لە نیزامی پەروەردەیی ئێراندا فێرکردنی توانا و مەهارەتەکانی ژیان هەر نییە، هەر بۆیەشە کە دەبینین منداڵان کەمجیکڵدانەن و توانای بەگژداچوونەوەی کێشەکانیان زۆر کەمە؛ ئەرکوەخۆگر نین و لاواز و دەستەوەستانن.

جیا لە قوتابخانەش فاکتۆرەکانی دیکەش کە کاریگەریان لە سەر ژینگەی منداڵ هەیە، وەک دۆخی ئابووریی بنەماڵە، کەشی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی، هەموو ئەوانە لە تاوتوێی ئەو بابەتەدا دەبێ بە بایەخەوە سەیری بکرێ.

دیارە ئەگەرچی لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە هۆکارەکانی خۆکوژیی ئەو پۆلە لە منداڵان و مێردمنداڵان نەکراوە کە ئەمساڵ و ساڵانی رابردوو کۆتاییان بە ژیانیان هێناوە، بەڵام روونە کە خەمۆکی، داڵغە دەروونییەکان، هەست بە داماوی و نەبوونی ئەمنیەت وادەکا مرۆڤ بیر لە حەزفی فیزیکیی خۆی لە کۆمەڵگە بکاتەوە.

کێشە لەوە دایە کە خەمۆکی لای کاربەدەستانی ئێران بابەتێک نییە دانی پێدا نرابێ و گرینگی پێدرابێ؛ بۆیە کەسانی خەمۆک کە دەکرێ لە کاتی خۆیدا و بە ئاسانی لەو برگە هەستیار و مەترسیدارە دوور بخرێنەوە، پشتیان تێدەکرێ و نابیندرێن.

پەرەسەندنی توندوتیژیی سیستماتیک لە ئێران وایکردوە کە لە سیستمی پەروەردەیی وڵاتیشدا هیچ بەرنامەیەک بۆ دوورکەوتنەوە لە زەبروزەنگ و بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو بابەتە نەبێ. ئەویش لە کاتێکدا ساڵانە دەیان ئیعدام بەبەرچاوی منداڵان و لە شوێنی گشتییەکان جێبەجێ دەکرێن و دیمەنەکانی ئێعدام و خۆکوژی بەبەردەوامی لە تیلیڤیزیۆنەکاندا بڵاو دەبنەوە.

مانەوەی هەندێ کلتوور و نەریتی کۆن بە تایبەت لە ناوچە هەژار و پەراوێزنشینەکانی وڵات؛ وەک بەمنداڵی بەشوودانی کچان کە لەلایەن مەلاکانی شیعەشەوە بانگەشەی بۆ دەکرێ، وا دەکا قوربانیان بیر لە خۆدەربازکردن لەو دۆخە بکەنەوە کە خۆکوژیی ئەوانی لێدەکەوێتەوە.

بەڵام رێگەچارە چییە؟

سروشتییە کە باشترکردنی دۆخی ژیان و ژینگەی کۆمەڵایەتی، کەشی پەروەردە و بارهێنانی منداڵ و پلاندان بۆ خۆدیتنەوەی منداڵ لە هەموو هاوکێشەکانی کۆمەڵگە دەتوانێ هۆکاری بەرگێرەوەی جیددیی خۆکوژیی منداڵان بێ؛ بەڵام ئەوە ئەرکی دەوڵەت و سیستمی بەرێوەبەریی وڵاتە کە لە ئێران رەخنەی زۆری لەسەرە.

ئەوەی دیکە دەمێنێتەوە شێوەی هەڵسوکەوتی دەورووبەر لەگەڵ ئەو کەسانە.

زۆربەی ئەو کەسانەی هەوڵی خۆکوژی دەدەن، پێشتر بە جۆرێک مەبەستەکەی خۆیان ئاشکرا دەکەن، تێگەیشتن لەو هەلومەرجە زۆر گرینگە کە دوای ئاگادار بوون لەو نیازە ڕێگاکانی بەردەم هەوڵەکانی ئەو بۆ خۆکوژیی لێ بەربەست بکرێ و ئەو کەسە بایەخی زیاتری بدرێتێ.

دواجار ئەوەی بەرنامەی فێرکاریی تایبەت بۆ منداڵانی قوتابی دابندرێ. منداڵ زۆربەی کاتەکانی لە قوتابخانە دەباتە سەر، ئەوەش وادەکا کە مامۆستایانی قوتابخانە و کەشی خوێندنگە کاریگەریی زۆریان لەسەر بیرکردنەوەی هەبێ، بۆیە مامۆستایان دەتوانن ڕۆڵی گرینگ ببینن لە ڕووداني حاڵەتەکانی خۆکوژیدا.

پێویستیی خۆشەویستی، پێویستیی ڕێز و ئیحترام و پێویستیی پێڕاگەیشتن سێ نیازی دەروونین کە ئەگەر لە هەر کەسێکدا دابین بووبێ، ئەو کەسە لە خەمۆکی و بیرکردنەوە لە خۆکوژی دوور دەخاتەوە. دەستنیشانکردن و دابینکردنی ئەو نیازانەش بۆ منداڵان ئەرکە لەسەر بنەماڵە، قوتابخانە و ناوەندە بەرپرسیارە دەوڵەتییەکان کە چاوەدێریی وردی دۆخەکە بکەن و پلانیان بۆیان هەبێ.

لە ژمارە ٦٨٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٠١٦/٠٨/٠٤

## ئەو غەدرەی بگرە هەر لە کورد دەکرێ

هەواڵێکە و چەند رۆژێک لە سەر رووپەڕی هیندێک لە ماڵپەڕەکان دێت و دەچێ؛ "لە ماوەی ٥ مانگی سەرەتای ئەمساڵدا هەر نەبێ ٥٣ کاسبکاری کورد لە ناوچە سنوورییەکان کوژراون یان بریندار بوون."

ئیدی چەند کەس ئەو هەواڵە دەخوێنێتەوە و ژان دەیگرێ، یان چەند رۆژ لە سەر ماڵپەڕەکان دەمێنێتەوە و دوایە دێتە خوارێ باسێکە، بەڵام ئەوەی تاهەتایە دەمێنێتەوە برینێکە بە جەستەی نیشتمانەوە، هاواری ئەو دایکە جەرگسووتاوەی کوڕەکەی لە پێناو پاروو نانێکدا لە دەست داوە، ژانی بێ کۆتایی ئەو ژنەی مەینەتییەکانی هەموو ژیانی بەسەردا رووخاوە و، خەمی قووڵی ئەو مناڵانەی نازیان لێ شێواوە و دەبێ بە هەتیوی گەورە بن، هەتا هەمیسان جێی باوکیان بگرنەوە.

لە سەر رووداوی کوژران و برینداربوونی کۆڵبەرانی کورد رۆژ نییە هەواڵ و راپۆرت لە میدیاکاندا بڵاو نەبنەوە، بەڵام بێ وەڵامدانەوە بە چەند پرسیارێک ناکرێ ئەو پرسە بە لایەکدا بخرێ؛ یەکەم کێن ئەوانەی روو لە کۆڵبەری دەکەن؟ خەڵکی کوێن؟ بۆ دەدرێنە بەر دەستڕێژی گولله؟ کێن ئەوانەی سیلەیان لێ دەگرن؟ بنەماڵەی قوربانیان هانا و سکاڵایان بۆ کوێ بەرن؟ بەردەوامیی ئەو تراژێدییانە خەمی کێن و دەبێ خەمی کێ بن؟ وە دواجار قەرارە هەتاکەی دەبێ درێژەیان بێ؟

ئەوانەی کۆڵبەریان پێدەڵێن پێچەوانە ئەو ناوەی بەسەریاندا بڕیون و وەک قاچاغچی ناویان دێنن، کەسانێکی هەتا بڵێی زەحمەتکێشن و لە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگەن، پیر، لاو، ژن، منداڵ و تەنیا شتێک ئەوان هەموو ئەوان دەگرێتەوە بێ دەرەتانی لە رووتێکردن لەو پیشە پڕمەترسییەیە. ئەوان خەڵکی وڵاتێکن هەژاری بەردەرکەی پێگرتوون، کوردستانەکەیان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران لە دواکەوتوویی ئابووریدا راگیراوە، چاو لە چوار دەور و پشتی خۆیان دەکەن کارخانەیەک بەدی ناکەن، رێگای هەموو کاسبییەکیان لێ گیراوە، تەنانەت کرێکاریشیان دەست ناکەوێ و چەرمەسەرییەکانی ژیان وای لێکردوون سڵ لە گووللە و تەقینەوەی مین و هەڵدێران لە شاخیش نەکەن.

ئەوان بە بیانووی هێنانی کاڵای قاچاغ دەدرێنە بەر گولله، لە حاڵێکدا نە ئەوەی ئەوان لە کۆڵیان ناوە باری قاچاغە و نە ئەگەر قاچاغیش بێ بایی ئەوەندەیە لەسەری بکوژرێن.

لە حکومەتێکدا کە گەندەڵی بینەقاقای وڵاتی گرتوە، قاچاغی کاڵا بێگومان یەکێک لە خۆرکەکانی ئابووریی وڵاتە، بەڵام پرسیار ئەوەیە بڕی قاچاغی کاڵا لە ئێران چەندەیە و ئەوەی بە کۆڵی کۆڵبەران و لەسەر پشتی ئەسپەکان دێتە ئەمدیوی کوردستان چەندە کە ئەوان ئەو خەباتە خوێناوییەیان لە دژی وەڕێ خستوە!

ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن بایەخی قاچاغی کەلوپەلی نێوماڵ لە ئێران لە ساڵدا لە ٢٠ میلیارد دۆلار زیاترە و، قاچاغی دەرمان، ماشێنی لوکس و سووتەمەنیش خۆی لە ١٦ میلیارد دۆلار دەدا. واتە لە ساڵدا بایی ٣٦ میلیارد دۆلار کاڵا بە قاچاغ دێتە نێو خاکی ئێرانەوە، کاربەدەستان نایشارنەوە کە ئەو قاچاغکردنە لە ئێران شێوازی تەواو سیستماتیکی هەیە و زیاتر لە سەدی ٩٥ی کاڵای قاچاغ لە ئێران لە دەروازە سنووریە ڕەسمی و فڕۆکەخانەکانەوە دێتە نێوخۆی وڵاتەوە؛ ئەوانەش کە لە پشتی ئەو کارتێل و قاچاغە سیستماتیکەن، ناوەندە ئەمنیەتیەکان، هێزە چەکدارەکان و کاربەدەستانی پایەبەرزی ڕێژیمن، بەڵام لەو نێوەدا نە هیچ لایەک بە گژیاندا دەچێتەوە و نە کەس خوێنی لە لووتی دێ؛ کەچی ئەوە هەر ڕۆڵەی کوردە لەسەر تاوانی نەکردوو خەڵتانی خوێن دەکرێ. وەک بڵێی هێنانی تەلەڤیزیۆنێک بە کۆڵی کۆڵبەرێکی کورد یان هەندێ کەلوپەلی نێوماڵ لەسەر پشتی ئەسپێک گورزێکی وەها گورچکبڕ لە ئابووریی ئەو وڵاتە دابێ کە ناچاری کردبن ئاوا توندوتیژ بە گژیدا بچنەوە، بەڵام قاچاغی زیاتر لە ٣٥ میلیارد دۆلاریی ناوەندە ئەمنیەتیەکان، یان گەندەڵیە چەند هەزار میلیارد تمەنییەکان کە هەر چەند مانگ جارێک یەکێکیان لێ ئاشکرا دەبن تۆزی با بن.

لەوەش بترازێ خۆ ئەگەر ئەو کاسبیەی کۆڵبەرانی کورد بە ناچار هەڵیانبژاردوە قاچاغیش بێ، بێ ئەوەی باس هۆکار و بەستێنەکانی پەنابردن بۆ کۆڵبەری لە کوردستان و دوو جۆر ڕەفتاری دژ بەیەکی قانوون و حاکمییەت لە پێوەندی لەگەڵ قاچاغ لە ئێراندا بکەین، دیسانێکیش ئەوە غەدرێک و جینایەتێکی یەکجار گەورەیە چونکی هیچ هاوسەنگییەک لە نێوان تاوان و سزادا نییە. تۆمەتبارێک کە دەتوانی بیگری و زیندانیی بکەی، دادگایی بکەی و بە پێی قانوون لێی بپرسیتەوە ڕێک کەوکوژی بە دڵییەوە دەنێی، ئەوە تەنیا دەتوانێ تەعبیر لە سیاسەتی دوژمنایەتیی لەبنەهاتووی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کوردی و لەزەتکوژیی پیاوکوژانی ئەو ڕێژیمە بکا. وەک دەبینین کە تا ئێستا هیچ بکوژێک لە هێزە چەکدارەکان سەبارەت بە کوشتنی بێتاوانی کاسبکاران سزا نەدراوە

و تەنانەت هەندێ بنەماڵە کە لە دەزگای قەزایی شکایەتیان کردوە، یەک جوابیان نەداونەوە بگرە پووڵی ئەو فیشەکانەشیان لێ ستاندوون کە رۆڵەکانیانی پێ کوژراوە.

بە کورتی قسە ئەوەیە، ئاخۆ ئەگەر حکومەت سیاسەتی ئەمنیەتی لە کوردستان هەڵگرێ، وەک هەموو ناوچەکانی ناوەندی ئێران ئاوڕ لە کوردستان بداتەوە، کۆتایی بە سیاسەتی هەڵاواردنی کوردستان بێنێ، ناوچە ئازادە سنوورییەکان بکاتەوە، پەرە بە ژێرخانی ئابووریی ئەو بەشە لە ئێران بداتەوە و قەرەبووی هەموو ئەو پاشکەوتنانە بکاتەوە، هەلی کار بۆ بێکارانی کوردستان پێکبێنێ و وەک هاووڵاتیی پلە دوو و پلە سێ سەیریان نەکا، تۆ بڵێی کەس لە خۆڕا بیەوێ سینگی خۆی بە گوللەوە بنێ؟

لە ژمارە ٦٨٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٠١٦/٠٨/٢٠

---

## کوردستان و فەرهەنگێک بۆ لێفێربوون

لە دوو حەوتووی رابردوودا دوو رووداو لە کوردستان ئەگەرچی تەنیا بۆ چەند رۆژێک مانشێتی رۆژنامە و کاناڵە خەبەرییەکان بوون، بەڵام تەعبیر لە جووڵە و حەرەکەتێکی مەدەنیی زۆر بە پرێستیژیان دەکرد کە خەریکە لە کوردستان دەبێتە کلتوور.

لە روانسەر لە کاتێکدا هێزی ئینتیزامی و دەزگای قەزایی و میدیا دەوڵەتییەکان چەند رۆژ بوو هەواڵی ئێعدامکردنی تاوانبارێکیان جاڕ دابوو و خەڵکیان بۆ سەیری ئەو ئێعدامە لە شوێنێکی دیاریکراوی شار بانگ کردبوو، بەڵام جیا لە تیمی ئیعدام کەس نەچووە شوێنەکە؛ لە سنەش لە کاتێکدا تاوانبارێک پەتی ئێعدامی لە مل کرابوو، دایکێکی جەرگسوتاو سەرەڕای ئەوەی رۆڵەی لاو و شیرینی بە دەستی تاوانبارەکە بە کوشت چووبوو، دڵی بڕوای نەدا سەمای تەرمێک بە چاوی خۆی ببینێ و گوتی: " بیهێننە خوارێ، بەخشیم..."

ئەوی باس کرا هەر تەنیا دوو رووداو ئەویش لە دوو شوێنی جیا لە کوردستان نییە، بەڵکوو دەرکەوتەی بزاوتێکە کە چالاکانی مەدەنیی کوردستان ساڵانێکە کاری لەسەر دەکەن و ئەمڕۆکە بەرهەمەکەی هەڵدەگرینەوە، ئەوانە بەڵگە بۆ باس لەسەر ئەو راستییەن کە چەندەی کۆماری ئیسلامیی ئێران حەزی لە ئێعدام و تۆڵە و کوشتنە، خەڵکی کوردستان ئەوەندە بێزرا و لە پەتی دار و خەنکاندن و ناشتنە.

خەڵکی کوردستان کە بە ئێسک و پێست و لە ناخەوە هەموو زوڵم و زۆری و سەرکوت و توندوتیژییەکی لە کۆماری ئیسلامی هەست پێکردوە، باش دەزانێ کە مەبەستی کۆماری ئیسلامی لە ئێعدام تەنیا ترساندنی کۆمەڵگەیە و ئێعدام بە وێنەی ئامرازی پاراستنی دەسەڵاتەکەیان رەچاوی دەکەن؛ بۆیە بەرهەڵستی دەبنەوە.

خەڵکی کوردستان تێگەیشتوون کە شوێنی منداڵان پارکە و کتێبخانە، کۆڵان و فێرگە و سەرقاڵییان بە نەقاشی و سەیری فیلم و فێربوونی زانستە لە مەکۆی خۆی، نەک کۆبوونەوە لە شوێنی ئێعدام و سەیری مەرگی کەسێک؛ بۆیە خۆیان و منداڵانەکانیانی لێ بە دوور دەگرن.

شعووری کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان گەیوەتە ئەو جێیە کە دەزانن کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چوار دەیەی رابردوودا، بە دەیان هەزار کەسی بە بیانووی کوشتن، ماددەی هۆشبەر، شەڕ و شاڕلاتانی، دەستدرێژی و بیانووی جۆراوجۆری دیکە لە دار داوە، بەڵام ئەوەی ماوە ئێرانێک و کۆمەڵگەیەکە هەمیسان پڕ لە کوشتن، پڕ لە قەیران و پڕ لە هەموو ئەو شتانەی بە بیانووی ئەوانەوە ئێعدام درێژەی هەیە؛ هەر بۆیە نەفرەتی لێدەکەن.

خەڵکی کوردستان دەزانێ ئەوانەی ئەمڕۆکە دەچنە سەیری ئێعدام و لنگەفرتەی تاوانبارێک لە گیانەڵڵادا دەبینن، بۆ خۆیان سبەی کەسێکی چاوترساون کە حکوومەت دەتوانێ چۆنی بوێ ئاوایان لەگەڵ رەفتار بکا، بۆیە سڵ دەکەن و وەک نافەرمانییەک بە دژی دەوەستنەوە. ئەوان نایانەوێ بە چوونە سەیری ئێعدام شەرعییەت بەو بڕیار و بەو رەفتارەی کۆماری ئیسلامی بدەن، بۆیە بایکۆتی دەکەن.

خەڵکی کوردستان دەزانن کە ئەگەر دەسەڵاتی راگرتن و نەهێشتنی ئێعدامیشان نەبێ، ئەوەندەی پێوەندیی بە خۆیانە هەیە دەیبەخشن، بۆ ئەوەی دیکەش هێڵی سوور بەسەر شانۆگەریی ئێعدام لە شوێنە گشتییەکاندا دێنن و خۆیان لەگەڵ رێژیم لەو تاوانەدا و لەو کلتوورە سەقەتەدا ناکەن بە شەریک.

خەڵکی کوردستان لە چەند ساڵی رابردوودا بە کردەوە نیشانیان دا کە خەبات دژی ئێعدام دەتوانێ ببێتە بزووتنەوەیەکی مەدەنی و کۆمەڵایەتی و، ئەوەندەی نیزامی کۆماری ئیسلامی دەیەوێ پەرە بە سزای ئێعدام و کلتووری ئێعدام بدا، ئەوان دەتوانن بەو رادەیە کار بۆ جێخستنی فەرهەنگێکی دژ بەوە، واتە کلتووری لێبووردن و بەزەیی لە کۆمەڵگەدا بکەن.

خەڵکی کوردستان دەزانن ئەوە کۆماری ئیسلامی‌یە کە بۆ چارەسەری هەر کێشە و قەیرانێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و تەنانەت فەرهەنگی تەنیا چەکی ئێعدام و سڕینەوە شک دەبا، بێ گەڕان بە دوای هۆکارەکان زۆر بە دەستوبرد کەسێک یان دوو کەس یان کۆمەڵە کەسێک دەگرێ و تاوانەکانیان بەسەردا ساغ دەکاتەوە و ملیان بە پەتەوە دەکا تا دەوروبەر لێی فێربن!، لەو سۆنگەیە کە خەڵکی کوردستان پشتی تێدەکەن.

خەڵکی کوردستان دەزانن زۆربەی ئێعدامەکان لە ئێران سیاسین و بنەمای حقووقییان نییە، دەزانن نیزامی داد و دادئەستێنیی کۆماری ئیسلامی ناسەربەخۆ و پڕ لە بێ‌عەدالەتی‌یە، دەزانن قەیرانە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی‌یەکان پاڵنەری زۆربەی ئەو رەفتارانەن کە سزای ئێعدامیان بۆ داناون، هەر بۆیە نایانەوێ بەشێک بن لەو رەوایی پێدانە و، نایانەوێ بە بەشداری‌یان لە پرۆسەی ئێعدامدا ئەو بیانووە بە کۆماری بدەن چەکی ئێعدام وەک کەرەستە و ئامرازێک بۆ راگرتنی خۆی لە تەختی دەسەڵاتدا بەکار بێنێ.

پوختەی مەبەست ئەمەیە کە نەمانی سزای ئێعدام لە هەر کۆمەڵگەیەک پێویستیی بە گۆڕینی قانوونەکانی سزادانی ئەو وڵاتەیە، ئەوەش تەنیا بەوە دەکرێ خواستێکی بەهێز لە هەناوی کۆمەڵگە هەبێ و دەنگێکی بەرز کە "نا"یەکی گەورە بەو قانوونە بڵێ. لێرە دایە کە بایکۆتکردنی سەیری ئێعدامەکان، هەوڵدان بۆ رەزامەندیی بنەماڵەی قوربانیان لە وازهێنان لە تۆڵە و، بەخشینی تاوانباران و گۆڕینی بە سزایەکی دی دەتوانێ سەرەتایەک بێ بۆ بزاوتێکی بەهێز لە کۆمەڵگە، بزاوتێک بۆ کۆتاییهێنان بە ئێعدام.

ئەو سەرەتایە لە کوردستان دەستی پێکردوە و خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران دەتوانن بیکەن بە سەرمەشق و لێی فێربن.

لە ژمارە ٦٨٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٠١٦/٠٩/٠٤

## ئەوان لە کێلی مردووشمان دەترسن!

هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە شارەوانیی شاری مەهاباد لە ژێر ناوی جوانکاریی گۆڕستانی شاعیرانی ئەو شارە، کێل و مەزاری ئەوانی تێکداوە و تەنیا ناوێکی لێ هێشتوونەتەوە.

گۆڕستانی شاعیرانی مەهاباد شوێنی بەخاکسپاردنی کۆمەڵێک ناوداری کوردە کە مامۆستا هەژاری موکریانی، مامۆستا هێمن، خاڵەمین، محەمەد ماملێ، مارف ئاغایی، محەممەد قازی و مەلا غەفوور دەباغی چەند کەس لەوانن.

گۆڕستانی شاعیرانی مەهاباد هەر شوێنی لە ئامێزگرتنی ئەو زات و کەسایەتییە ئەدەبی، سیاسی و هونەرییانەی کورد نەبوو، مەکۆی بیری نەتەوەیی و شوێنی کۆبوونەوەی سەمبولەکانی کوردایەتی بوو. ئەوێ شوێنی گێڕانەوەی مێژوو، هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی کەوتن و سەرکەوتنی کورد لە زمان ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە بوو، لە خۆڕا نییە دوژمنانی کورد زەندەقیان لێ چووبوو.

کێلی ئەو نەمرانە ڕووگەی پاکی کوردایەتی بوو، ئایەتەکانی خەبات و نەسرەوتن و ژینی سەربەرزانە بوو، هەوێنی گوورانی بیری سەربزێوی و سەربەخۆیی بوو، بۆیە ئاوا بۆی کەوتنە بۆسە، تاکوو ئاسەواری نەهێڵن.
دوژمن دەیزانی ئەو بەردەنووسانە هەر کێلێکی ئاسایی نین، کلیلی کردنەوەی قفڵێکی داخراون، بۆیە ئاوا لێی تۆقاون.

دەیانزانی ئەو دێڕانەی لە سەریان نەخشاوە گەر چەند وشەی ڕیزکراو نین، بگرە مانیفێستی ژیانی سەربەستی و دڕدانی شەوەزەنگی دیلین، بۆیە ئاوا بێ ناو و نیشانیان کردن.

مەخابن ئەوەی دوژمن دەیکا دەردێکە و ئەوەی بە دەستی خۆمان لە دژی خۆمانی دەکا دەردێکی گەلێ بەژانترە.
تۆ بڵێی ئەو کاربەدەستە کوردەی بڕیاری تێکدانی مەزاری نەمران دەدا نەزانێ کە ئەوە شەڕێکی نەرمە و دوژمن بە خۆمانی دەکا؟ بڵێی بیری بۆ ئەوە نەچووبێ کە زۆردارانی شار کەی چاویان بە جوانیی کوردستان هەڵهاتووە هەتا

بێن و بەرنامە بۆ جوانیی شار داڕێژن؟ بڵێی خۆیان ماندوو نەکردبێ تێبگەن ئەوە خەونی گولیی نەیارانی کوردە کە ئاواتەخوازە لەو سەمبولانە تەنیا ناوێکی ون و بێ ناوونیشان بمێنێ؟ دەنا چۆنە چوونەتە ژێر باری ئەو تاوانە قورسە؟

لەوە بترازێ دەمێنێتەوە خەڵکی مەهاباد و ناوچەکانی دی. ئەوان دەبێ باش مەبەستە شاراوەکانی ئەو خەونە شوومە تێبگەن. ئەوان لەسەر شانیانە ئەمانەتداری ئەو سامانە مەعنەوییە بۆ نەوەی داهاتوو بن، نابێ بێدەنگ بن و بێڵن لە بێدەنگیی ئەواندا چی بەسەر شار و چی بەسەر میراتی باوانیان دەهێنن.

ڕێژیمی کوماری ئیسلامیی ئێران باش دەزانێ کە بە ڕووخانی کۆمارەی کورد و شەهیدکردنی سەرکۆمارەکەی، بە قەڵاچۆ و شەڕ و زڕەی زنجیر و پەتی سێدارە بیری کوردایەتی لە بن نەهاتووە، ئەو دەزانێ کە سەرکوت و پەلاماری دەیان ساڵەی ئەو گەلە ئەوانی لە ئامانجەکانیان نیزیک نەکردۆتەوە، هاتوون شەڕی شوناس و پێناسی دەکەن، هاتوون بە نەرمی لەو مێژووە دەدەن و هەوڵی هڵۆڵکردنی دەدەن. ئەوان دەیانەوێ نەوەی ئەمڕۆ بۆ سبەی خۆی دەستی بەتاڵ بێ و چاولەدەست، هەر بۆیە هەموو خەڵکی بەهەستی کورد دەبێ لەو پیلانە بە باشی تێبگەن و هەر وەکوو پێشوو، دوژمن داماو و کلۆڵ بێڵنەوە.

ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

---

## کاریگەریی بڕیاری دادگای میکونوس لە سەر گۆڕینی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی

تیرۆر بەشێکە لە مێژووی سیاسیی مرۆڤ و دەسەڵات. کەم نیزامی سیاسی لە مێژووی کەونار و هاوچەرخدا هەیە کە هەوڵی تیرۆری دژبەرانی خۆی نەدابێ و ئەوەشی لە پێناو پاراستنی دەسەڵات و سەقامگیریی نیزامەکەیدا بە پیرۆز و بڕیارێکی بەجێ نەزانیبێ، بەڵام لە چەند دەیەی رابردوودا لەگەڵ چەسپانی بایەخە جیهانگیرەکان، ئێستا ئیدی تیرۆر بە دیاردەیەکی دژەباو و نەریتێکی نیزامە توتالیتێر و سەرکوتگەرەکان دادەنرێ.

ئێستا بە دەگمەن نیزامی سیاسیی دێموکراتیک و قانونمەند پەنا بۆ تیرۆر دەبەن و لە کێبرکێی دەسەڵاتدا بەکاری دێنن. بەڵام ئەوەی لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا بەدی دەکرێ، ئەو ڕێژیمە بە شێوەیەکی زۆر بەرین شێوازی تیرۆری نەیارانی گرتۆتە بەر. کۆماری ئیسلامی سەرەڕای تیرۆری نەیارانی لە دەرەوەی سنوورەکانی و لە وڵاتانی دیکەدا، لە نێوخۆی وڵاتیشدا سەدان کەس لە دژبەران و ڕەخنەگرانی دەسەڵاتی تیرۆر کردوە، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکانی دەستی باڵایان لە پەروەندەسازی لە دژی دژبەرانیان بووە و دەزگای قەزایی ئەو ڕێژیمەش لە هیچ ئێعدامێکی سیاسی و کوشتاری دژبەرانی ڕێژیم نەپرینگاوەتەوە.

مێژووی تیرۆری سیاسی لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا تەنانەت بۆ پێش هاتنەسەرکاری ئەو ڕێژیمەش دەگەڕێتەوە. ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە نایشارنەوە کە لە سەردەمی پاشایەتیی پەهلەیشدا تیرۆری سیاسی‌یان کردوە.

عەلی ئەکبەر ڕەفسەنجانی، پلاندانەر و بڕیاردەری تیرۆرەکانی ڤییەن و بڕلین بە شانازی‌یەوە باس لەوە دەکا کە ئەو دەمانچەیەی حەسەنعەلی مەنسوور، سەرۆک وەزیرانی حەمەڕەزاشای پەهلەوی پێ کوژرا، ئەو دابینی کردبوو و دابووی بە محەممەد بۆخارایی هەتا تیرۆرەکەی پێبکا.

هەر لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی هاشمی ڕەفسەنجانیشدا بوو کە زۆربەی تیرۆرە سیاسی‌یە گرینگەکان لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵاتدا کران. لەو کاتەشدا تەماحی بەشداریی وڵاتە ئورووپاییەکان لە پشکیان لە وەبەرهێنان لە بازاڕی ئێران و نۆژەنکردنەوەی وێرانی‌یەکانی ئەو وڵاتە دوای شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراق وایکردبوو کە تەڕاتێنی ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتانە وەبەرچاو نەیە، هەتا ئەوەی کە بڕیاری دادگای مێکونوس کۆتایی بەو ڕەوتە هێنا.

کۆماندۆکانی تیرۆری سەر بە کۆماری ئیسلامی دوای ئەوەی ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی توانیان لە ریستورانتی میکونوس، دوکتور سادق شەڕەفکەندی، فەتاح عەبدولی و هۆمایون ئەردەلان و نوری دێهکوردی تیرۆر بکەن، کۆماری ئیسلامیی ئێران پێی وابوو هەر وەک تیرۆرەکانی پێشوو دەتوانی بە سیاسەتی حاشا و تەماحوەبەرنان بۆی دەربچێ، بەڵام لەوەیاندا کۆسپێکی گەورەی هاتە سەر ڕێ. دەزگای قەزایی سەربەخۆی ئاڵمان کە بڕیاری دابوو بەرگری لە کەرامەتی خاک و وڵاتەکەی بکا، پەروەندەیەکی گەورەی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو تیرۆرەدا پێکهێنا کە کاری دادگا زیاتر لە ٥ ساڵی کێشا.

بڕیاری دادگا لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٧٦ ڕاگەیەندرا و کاربەدەستانی هەرە پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی بە دەست تێداهەبوون لەو تیرۆرانەدا بە تاوانبار ناسران و حوکمی دەسبەسەرکرانیان بۆ دەرچوو.

ئەو بڕیارە بیروڕای گشتیی ئورووپای هەمووی بە خۆیەوە سەرقاڵ کرد و١٥ وڵاتی ئورووپایی بە نیشانەی نارەزایەتی بەو تیرۆرانە، باڵوێزەکانی خۆیان لە ئێران کێشایەوە.

هیچ وڵاتێکی ئورووپایی بەپێی مێعیار و پڕەنسیپە نێودەوڵەتی‌یەکان نەیدەتوانی بڕیاری دادگای میکونوس لە بەرچاو نەگرێ و ئێران بۆ دەرباز‌بوون لەو قەیرانە کەوتە تەنگانەوە.

دنیای دەرەوە لێبڕاو بوو کە تاکە ڕێگای ئاسایی‌کردنەوەی پێوەندی‌یەکانیان، چوونەوەی تیمە دیپلۆماتیکەکانیان و درێژەی هاوکاری‌یە تیجاری‌یەکانیان، ئاڵوگۆری بنەڕەتی لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی‌یە. ئەوە بوو کە ئێران ملی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە چیدی لە هیچ وڵاتێکی ئورووپایی‌دا تیرۆری دژبەرانی نەکا و گەرەنتیی ئەوەش دەدا پێی ئەو ڕێژیمە لە پەروەندەی هیچ کردەوەیەکی تیرۆریستی لە ئورووپا نەیەتە گۆڕێ.

بڕیاری دادگای مێکونوس ستۆپی بە ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی لە باشووری کوردستانیش کرد. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بۆشایی دەسەڵاتێکی تۆکمە لە باشووری کوردستان کە شەڕی نێوخۆیی و ناسەقامگیریی سیاسی دروستی کردبوو، تا ئەو کات توانیبووی لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە نیزیک بە ٣٠٠ کادر و پێشمەرگەی حیزبە کوردی‌یەکان کە بەشی هەرە زۆریان کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون تیرۆر بکا.

بەڵام دوای بڕیاری دادگای میکونوس کە ئەو ڕێژیمە سەبارەت بە تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکڕات بە تاوانبار ناسرابوو، درێژەدان بە تیرۆری ئەندامانی ئەو حیزبە لە باشووری کوردستان تێچوویەکی قورسی دیکە دەبوو کە کۆماری ئیسلامی نەیدەویست چیدی لەو قۆناغەدا بیدا.

لە نێوخۆی وڵاتیش‌دا حاکمییەت دەبوا ڕەفتار و ڕەوتێکی گرتبایە بەر، کە هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانی سیاسەتی دەرەوە، یارمەتیی بردنە پێشێی سیاسەتی ڕەواندنەوەی گرژی‌یەکان لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی دابا، ئەوەش پێویستی بە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بوو کە بە نیزیکبوونی کاتی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری دەبوا لەودا خۆی نواندبا.

پـرۆژەی ئیسـلاحات دەیتـوانی پووشـشـێکی زۆر بـاش بـۆ چاوبەسـتنی دنیـای دەرەوە بـێ، هەر بـۆیەش بینیمـان لە هەڵبژاردنەکـانی ٢ی جـۆزەردان، کە نیزیـک بە سـێ مانـگ دوای بڕیـاری دادگـای میکونـوس بەڕێوەچـوو؛ محەممەد خـاتەمی، وەک نمـادی دەسـپێکی ئیسـلاحات لە بەردەم نـاتق نـووری، درێژکـراوەی هێڵـی حـاکمییەت لە بەریەکدا راگیران و شێخی ئیسلاحات بە دروشمی ریفۆرمخوازی تـوانی هەڵبژاردنەکـان ببـاتەوە. پـرۆژەی ئیسلاحات نـاتوانێ نیشانەی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی فیکری لە نێو رێبەرانی رێژیمدا بووبێ، چونکی کە تا دوای بڕیاری دادگای میکونوس و پێش لەوە شوێنەوارێکی ئەوتۆ لە دەرکەوتنی وەها بیر و بۆچوونێک لە نێو رێبەرانی باڵای ئەو رێژیمەدا هەستی پێنەکراوە و سروشتی نییە کە رەفسەنجانی، یەکێک لە ئەندامانی تیمی تیرۆری حەسەنعەلی مەنسوور لە سەردەمی پاشایەتیدا و، پاشان پلاندانەر و یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی تـایبەتیی تیـرۆر؛ یەکجێ و یەکشـەوە و کتـوپڕ باداتەوە و ببێتە یەکێک لە پشتیوانە سەرەکییەکانی خاتەمی و دەوڵەتی ریفۆرمخوازی ئەو.

ئەگەر بـزووتنەوەی ریفۆرمخـوازی لە سـاڵانی پـاش و بە هـۆی گۆڕانکارییەکـانی دواتـردا ئاراسـتەی جیـاوازتری بەخۆیەوە گرت، بەڵام لە دەسپێکدا تەنیا پرۆژەیەک بۆ تێپەڕین و بۆ دەربازبوون لە قەیرانی میکونوس بوو. هەر بۆیەش لە دوای تەواوبوونی ٨ ساڵ سەرکۆماریی خاتەمی و دوای ئەوەی دەوڵەتی ریفۆرمخوازی ئەو توانی هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان بە قازانجی کۆماری ئیسلامی بگۆڕێ، دەسـەڵات خرایەوە دەست ئوسولگەراکان و هەتـا ئێسـتاش مەیدانی سەرودەرنان بە ریفۆرمخوازەکان نەدرایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئوسولگوراکانیش نەیانتوانی قەت کۆمەڵگـا و کەشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە بگەڕێننەوە بـۆ سەردەمی پـێش سەرهەڵدانی ریفۆرمخوازی و پـێش بڕیـاری دادگای میکونوس. چونکی ئەوە دەرەنجامی کاریگەرییەکی قووڵ بوو کە پرۆژەی تێپەڕین لە قەیرانـی میکونـوس لە نێوخۆی ئێراندا دروستی کردبوو، تێچوویەکی قورس کە رێبەرانی کۆماری ئیسلامی تەنیا و تەنیا بۆ دەربازبوون لە بڕیاری دادگای میکونووس و لە پێناو پاراستنی تەواوەتیی نیزامەکەیاندا ئامادە بوون بیدەن.

لە ژمارە ٦٨٨ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بلاو بۆتەوە

٢٠١٦/٠٩/٢٠

## فراکسیۆن، پرسێک کە نوێنەرانی کورد لە مەجلیس خۆ لەقەرەی نادەن

کاتێک لە وڵاتێک حیزبە سیاسی‌یەکان ئازاد نەبن یان نەبن هەتا بە بەرنامە و پلانی دیاریکراوەوە بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەن و لە پارلماندا بەرنامە پێشوەختە ڕاگەیەندراوەکانی خۆیان بەرنە پێشێ و هەوڵی پەسەندکردنیانی بدەن، دروستبوونی فراکسیۆن دەتوانێ بە جۆرێک ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە.

لە ماوەی١٠دەورە کار و تەمەنی مەجلیس لە ئێران لە ٣٧ ساڵی ڕابردوودا نوێنەرانی کورد لە مەجلیس تەنیا یەکجار لە فۆڕمێکی سیاسی و گشتی‌دا ئەزموونی کاری بەکۆمەڵ و هاوبەشیان بووە کە ئەویش دروستکردنی فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە مەجلیسی شەشەمە.

لەو ئەزموونەدا فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد کە لە هەلومەرجێکی تا ڕادەیەک کراوەتر و لە سەردەمی گوتار و دەسەڵاتی ڕیفۆرمخوازەکاندا پێکهاتبوو، توانی بە هەندێ تابۆشکێنی ڕوخسارێکی جیاواز بە پێگەی نوێنەرانی کورد و تەنانەت بە خودی نوێنەرانی کورد لەو کاتدا ببەخشێ.

قسە لەوە نییە کە فراکسیۆنی کورد دەیتوانی چەندی دیکەش بکا، یان ئەوەی کارکردنی ئەو فراکسیۆنە تەنیا خستنەبەرباسی پرس و داوا سیاسی و مەدەنی‌یەکانی کورد لە ئێران بوو و بە کردەوە پرسی کورد قەڵەمبازی نەدا؛ قسە لەوەیە کە بۆ یەکەمجار نوێنەرانی کورد توانیان لە یەکێک لە ناوەندەکانی دەسەڵات و چەقی بڕیار لە ئێراندا کۆمەڵێک بابەت بورووژێنن و تێچووی سیاسی بۆ بدەن. خستنەبەرباسی داوای سیاسی و نەتەوەیی، لەهەرادانی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی گەلی کورد لە ئێران، بە ئاشکرا باسکردن لەو جیاوازیخستن و هەڵاواردنانە کە کوردستانێکی دواکەوتوو و گەشەنەسەندووی لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران لێکەوتبۆوە، تۆخکردنەوەی پرسی زمان و فەرهەنگی کوردی بەشێک لەو کارانە بوون کە فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد دەیبردنە پێشێ. بەڵام ئەو ڕەوتە هەر لە سەرەتای گۆرانی‌دا و بە کۆتاییهێنانی تەمەنی مەجلیسی شەشەم ڕاگیرا. ئێستا دەپرسین لەبەرچی وای لێهات؟ بۆ دوای١٦ لەو ئەزموونە ساوایە هەوڵ نەدرا کە جارێکی دیکەش تاقی بکرێتەوە؟ کۆسپەکانی بەردەم پێکهاتنەوەی فراکسیۆنی کورد لە مەجلیسی ئێران کامانە بوون و لە ئێستاشدا چین؟ بێتوو فراکسیۆنێکی دیکەی لەو چەشنە دروست بێتەوە چی لە دەست دێ و چاوەڕوانی‌یەکان لەو پێوەندییەدا کامانەن؟

مەجلیسی شەشەم خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو کە هەر لەجێدا خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و باڵی تەواوەتیخوازی نێو حاکمییەت لێبڕان کە ئیدی نەیەڵن شتی وا لە ئێراندا دروست بێتەوە. ئەو لێبڕاوییە بنەمای ساغبوونەوەی شووڕای نیگابان لەسەر دیاریکردنی سەڵاحییەتی پاڵێوراوەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی گۆڕی.

ئەوە بوو کە بینیمان لە دوای مەجلیسی شەشەمەوە زۆربەی ئەوانەی لە کوردستان ڕێیان دەکەوتە مەجلیس یان کەسانێکی بێ ناو و نیشان و بێ پێشینەی سیاسی و دەسترۆیشتووی کۆمەڵایەتی بوون، یان باکگڕاندێکی ئەمنیەتییان هەبوو کە دواتر لە مەجلیسدا هەم تێکەڵ بە ڕەوت و فراکسیۆنەکانی دیکە دەبوون و مەیلەوئەوان دەجووڵانەوە؛ یان نەیاندەتوانی "مەخرەج مشترک"یک لە نێوان خۆیاندا بۆ ئەزموونی کاری هاوبەش لەسەر بنەمای شوناس و پڕۆژەی سیاسی بدۆزنەوە، یان لە بنەڕەتدا هەر نەیانویستوە هەوڵێکی لەو چەشنە بدەن.

تەنانەت نەک لە فۆڕمی کۆمایەکی سیاسی و شوناسخوازی، بەڵکوو نوێنەرانی کورد لە مەجلیس لە دەورەی ئێستا و لە سێ دەورەی پێشووشدا نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی دەستە و کۆڕێکی کارادا هەوڵ بۆ ڕاکێشانی بودجە و ئێعتباری زیاتر بۆ پڕۆژەکانی ئابووری و ئاوەدانکردنەوەی لە کوردستاندا بدەن.

لە دەوری دەهەمی مەجلیسیشدا واقعەکە درێژکراوەی ئەم ڕەوتەیە کە لە دوای مەجلیسی شەشەمەوە دەستی پێکردوە، هەم لە ڕووی ئەو پێکهاتەیە لە ناردنی نوێنەران بۆ مەجلیس، هەم لە ڕووی ئەو فۆڕمە کە بەگشتی مەجلیس لە زەرفییەت و کارکردەکانی بەتاڵ کراوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند شت هەیە کە دەبێ تیشکیان بخەینە سەر.

یەکەم ئەوەی زۆربەی نوێنەرانی ئێستای کورد لە مەجلیس لە کاتی بانگەشەکانی هەڵبژاردندا، لە ئیحسان عەلەوی لە سنەڕا بگرە هەتا دەگاتە قەسیم عوسمانی لە بۆکان و نوێنەرانی دیکە وادەی پێکهێنانی فراکسیۆنی کوردیان بە خەڵکەکەیان دابوو و ئەوەیان وەک بەرنامەی کاریی خۆیان لە مەجلیسدا هێنابوو، کەواتە ئەوەیان وەک بەجێگەیاندنی وادە و بەڵێن لەسەر ماڵە.

دووهەم ئەوەی کاتێ ئەوان خۆیان بە نوێنەری خەڵکەکەیان و ئەو جوغرافیایە دەزانن کە لەوێ هەڵبژێردراون، دەبێ تەعبیر لەو خواست و داوا و ئەو ئیرادە و چاوەڕوانییەی خەڵکی کوردستان بکەن کە لەوانیان هەیە. بە

تایبەت کە دەبینین فراکسیۆنێکی بەهێز بە ناوی فراکسیۆنی تورک زمانەکان لە مەجلیس پێکهاتووە کە دەتوانێ قورسایی زۆری لەسەر هاوکێشەکان لە مەجلیس، لە پرسی جێگە و پێگەڕا بگرە هەتا پرسی شوناس و نەتەوەیی و هەروەها راکێشانی سەرمایە و ئێعتبار و بودجە بۆ ناوچە تورکنشینەکان هەبێ.

جیا لەوانە خەڵک دەپرسن چۆنە نوێنەرانی کورد لە مەجلیس لەسەر پرسێکی سیاسی لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان لەسەر هەستن و دێنە سەر خەت و کاردانەوەیان هەیە، بەڵام بۆ هەمان پرسی سیاسی و لەسەر هەمان رۆژەڤ و بابەت لە ئێران و کوردستانەکەی خۆیان قڕوقپ دانیشتوون؟ ئەوە چاوەڕوانییەکی رەوایە و لەسەر نوێنەرانیش ئەرکە کە دەنگی ئەو داوا و داخوازەی خەڵکەکەیان بن لە مەجلیسدا و، بێگومان ئەو دەنگانەش کاتێک دەتوانن قورسایی خۆیان هەبێ کە لە چوارچێوەی فۆڕمێکی سیاسی و کاری هاوبەش و بەکۆمەڵی وەک پێکهێنانی فراکسیۆنێکدا بکرێ و وەک پرۆژە بخرێتە گەڕ و بەدواداچوونی بۆ بکرێ.

خەڵکی کورد لە ئێران کێشەی خوێندن بە زمانی خۆی هەیە، داوای سیاسی و مافی نەتەوایەتی هەیە، ناوچەکەی لەو ئێرانەدا لە دواکەوتوویی‌دا راگیراوە، دواکەوتوویی ئابووری و کۆمەڵایەتی سیاسەتێک بووە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بە شێوەی سیستماتیک لە کوردستان رەچاو کراوە، بەشێکی زۆری ئەو خەڵکە هەم ستەمی نەتەوایەتی لەسەر بووە هەم ئایینی و، مافی بەڕێوەبردنی ناوچەی خۆیانیان پێنەدراوە، لە سیاسەت و بەڕێوەبەریی وڵاتدا بەشدار ناکرێن و ئەوانە بەشێک لەو بابەتانەن کە وەک ئەرکێک لەسەرشانی نوێنەرانی کورد زەروورەتی پێکهێنانی فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد دەستنیشان دەکەن.

بەڵام ئەوەی کە ئاخۆ ئەوان دەیانەوێ خۆ لە قەرەی کارێکی ئاوا بدەن؟ ئایا ئەوان دەیانەوێ تەواو بە لای خەڵکدا بشکێنەوە و بە شێوەیەکی لێبڕاو تەعبیر لە نوێنەرایەتیکردنی خەڵک بکەن؟ ئایا ئەوان ئامادەن تێچووی ئەو کارە و ئەو بڕیارە سیاسی‌یە بدەن و ترسی ئەگەری رەدی سەڵاحییەت لە دەوری مەجلیسی داهاتوو ئەوان لە خستنەبەرباسی پرسە سیاسی‌یەکانی کوردستان و ئەرکەکانیان دوور نەخاتەوە؟

ئایا ئەوان لە بەرامبەر فشاری فراکسیۆنە بەهێزەکانی دیکەی وەک فراکسیۆنی ئومید و ویلایەت و ئەهلی سوننەت کە زۆربەیان لەواندا ئەندامن، هەروەها فشاری وەزارەتی ئیتلاعات و شووڕای بەرزی ئەمنیەتی وڵاتدا دەوەستنەوە کە دژی دروستبوونی فراکسیۆنێک بە ناوی فراکسیۆنی کوردن؟

راستە کە بوونی فراکسیۆنێکی کوردی دەنگێکی بەرزترە بۆ هێنانەگۆڕی داوا و مافە سیاسییەکان، هەروەها قورساییەکی زیاترە بۆ فشارهێنان بۆ دەوڵەت بۆ وەرگرتنی مافە سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و مەدەنییەکان؛ بەڵام قسە ئەوەیە کە نوێنەرانی کورد لە مەجلیس ئاخرییەکەی خۆ لە قەرەی ئەو بابەتە دەدەن؟ باسێک کە تا ئێستا خۆیان لێ دزیوەتەوە...

لە ژمارە ٦٩٢ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٠١٦/١١/٢٠

## جێگە و پێگەی منداڵان و مافەکانیان لە ئێرانی ئێستادا

رۆژی ٢٠ی نۆڤامبری هەموو ساڵێک رۆژی جیهانیی پەسەندکرانی کۆنڤانسیۆنی مافی منداڵانە، هاتنەوەی ئەو رۆژەش وەک بۆنەیەک دەکەینە بیانوو بۆ ئاوڕدانەوە لە پرس و دۆخی منداڵان لە ئێراندا.

لە پێوەندی لەگەڵ منداڵان و مافەکانیان گەلێ پەیماننامە و بەڵگەی حقوقی پەسند کراوە کە کۆنڤانسیۆنی جیهانیی مافی منداڵان، پەسەندکراوی ساڵی ١٩٨٩ی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گرینگترین و فرەڕەهەندترینی ئەو بەڵگەنامانەیە.

ئامانجی ئەو کۆنڤانسیۆنە دروستکردنی دنیا و ژیانێکی باشتر بۆ منداڵان و هەوڵدان بۆ دابینکردنی مافەکانی و یارمەتیدان بە گەشە و هەڵدانی لە بواری جەستەیی، دەروونی و عاتفیيە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران ٥ ساڵ دوای پەسەندکرانی ئەو کۆنڤانسیۆنە لە ساڵی ١٣٧٣ی هەتاویدا قامکی پێوەنا و چووە ڕیزی ئەو وڵاتانەی بە ئیمزاکردنی بەڵێنیان دا ئەو مافانە بۆ منداڵانی وڵاتەکەیان لەبەرچاو بگرن و بە

لەبەرچاوگرتنی ئەو قانوون و پرەنسیپیانە گۆڕانکاری لە قانوونە گشتی‌یەکانی وڵاتدا پێکبێنن، بابەتێک کە نەک ٢٢ ساڵە خۆی لێ دزیوەتەوە، بگرە قانوونی زۆر ناسەردەمیانەی دیکەشی لە دژی منداڵان و مافەکانیان لە ئێراندا پەسند کردوە.

بە پێی قانوونەکانی ئێران سزای کوشتنی بە ئانقەستی کەسێک "قەساس"ە، واتە کردوەی بەرامبەر و وەک یەک؛ بەڵام منداڵ ئەگەر بە دەستی باوکی، یان باپیرەی بکوژرێ ئەو قانوونەی نایگرێتەوە. ئەوە سەرەتایەکە بۆ ئەوەی لە قانووندا منداڵ ون و نادیار بێ.

هەر بە پێی قانوونەکانی ئێران ئەو منداڵانەی لە دایکێکی ئێرانی بەڵام لە باوکێکی نائێرانی لەدایک دەبن، پێناسیان نادرێتەوە و بە قانوون لە سەرەتاییترین مافی شوناسی خۆیان بێبەش دەکرێن.

هەڵاواردنی رەگەزی سێهەمی بەردی بناغەی پێشێلکردنی مافی منداڵان لە قانوونەکانی ئێران دایە. خۆ ئەگەرچی ئێران دەبوا تەمەنی گەیشتن بە بەرپرسایەتیی قانوونی بۆ منداڵانی ١٨ ساڵی هەتاوی و بە پێی پەسندکراوەکانی کۆنڤانسیۆنی جیهانیی مافی منداڵان ڕێکخستبا، بەڵام نەک ئەوەی نەکردوە بەڵکوو بۆ کچانی ٩ ساڵی مانگی (قمری) و بۆ کوڕان ١٥ ساڵی مانگی داناوە، واتە سزای تاوانێک کە کچێکی تەمەن ٨ ساڵ کردبێتی هەر ئەو سزایەیە کە لە پیاوێکی تەمەن ٥٠ رووبدا.

بێبەشکردنی زیاتر لە نیوەی منداڵانی ئێران لە خوێندن بە زمانی زگماکی، بارهێنانی منداڵان لە سەر بنەمای ئیدۆلۆژیی ئیسلامیی شیعە (بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی نیزیک بە نیوەی خەڵکی ئێران پێڕەوی ئایینزای شیعە نین)، تێوەگلاندنی منداڵان لە سیاسەت لە پێناو پاراستنی ڕێژیم بەهۆی ڕێگەپێدان بە ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکان بۆ پرۆژە فێرکارییەکانیان لە سەر منداڵان لە قوتابخانە و خوێندنگەکان و توند و تیژی دژی منداڵان، چەند بوارێکی دیکەی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی منداڵانە لە ئێران کە لەلایەن دەوڵەت و دەزگا حکومەتییەکانەوە لە دژیان دەکرێ.

باسکردن لە بارودۆخی نالەباری منداڵان لە ئێران چەندی لەسەری بگوترێ هێشتا کەمە، هەر لە پێوەندی لەگەڵ خوێندندا، ساڵی نوێی خوێندن بۆ منداڵان ئەمساڵ لە حاڵێکدا لە ٨٥ هەزار و ٤٥٥ قوتابخانە دەستی پێکرد کە ٢٦ هەزار و ٦١٠ قوتابخانەیان هەر بۆ ئەوە نابن تێیدا دابنیشی و ٣٢ هەزار قوتابخانەش پێویستییان بە

نۆژەنكردنەوە هەیە [ ایسنا، ٢٩ی خەرمانان]. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا عەباس عەباسپوور، سەرۆكی ستادی نوێژی وەزارەتی خوێندن و پەروەردە دەڵێ ئەمساڵ ٦ میلیارد تمەنیان بۆ پەرەپێدان بە بەرنامەكانی نوێژپێكردن بە منداڵان لە قوتابخانەكان تەرخان كردوە. [ هەواڵدەریی مێهر، ٧ی ڕەزبەر]

كاریگەریی خەسارە كۆمەڵایەتی‌یەكانی وەک بێكاری و هەژاری وایكردوە كە بە نیزیک بە یەک میلیۆن منداڵ چ بە دڵخواز یان لە رووی ناچاری وەبەركار بنرێن، ئەویش لە كاتێكدا كە هیچ چاوەدێرییەكی قانوونی بەسەر كاركردنی ئەو منداڵانەدا ناكرێ و بەشی هەرە زۆریان مەترسیی توشبوون بە ماددەی هۆشبەر و دیاردە كۆمەڵایەتییەكانی دیكەیان لەسەرە.

بارودۆخی دڵتەزێنو ژیانی سەخت و تاقەت پڕووكێنی منداڵان لەمێژە زۆر كەسی وەدەنگ هێناوە، بەڵام ئەو وەدەنگ هاتنەوەش شوێنیان لە سەر ژیانیان، لەسەر بارودۆخی گوزەرانیان دانەناوە، چونكی لە بیر كراون، چونكی لە بازنەی بیركردنەوە و تێفكرینی بەڕێوەبەرانی ئەو وڵاتەدا نین.

فاتمە دانیشوەر، بەرپرسی رێكخراوی «مهرآفرین» لە رۆژی جیهانیی منداڵانی ساڵی ڕابردوودا كە منداڵانی كار لە ئێران لەو رۆژەش هەر بێبەشن، گوتی كە لە بەرنامەی پێنجەمی گەشە و پەرەپێداندا ١٧ جار باسی ئاوەڕۆی پیس كراوە، بەڵام تاقە یەک جار باس لە "منداڵ"و وشەی منداڵ لەو بەرنامەیەدا نەكراوە.

خۆ لەوە بترازێ بارودۆخی منداڵانی كورد لە كوردستان لەچاو منداڵانی دیكەی ئێران گەلێ ناخۆشترە.

بێكاری، هەژاری، لەدواكەوتوویی‌ڕاگیرانی كوردستان كە بەرهەمی روانگەی ئەمنیەتیی دەسەڵات لە كوردستانە، كاریگەریی سلبی و چەند قات زیاتریان لەسەر منداڵان لە كوردستان داناوە. خەسارەكانی دیاردە كۆمەڵایەتی‌یەكان ئەگەر لە ئێران وەک یەكن، كاریگەرییەكانیان لە كوردستان بەهۆی ئەو دۆخە ئەمنیەتییە لەسەر منداڵان زیاترن؛ بەو واتایە ژمارەی منداڵانی كار زیاترە، بەڵام ئیمكاناتی پەروەردە و خۆشبژیوی بۆ منداڵان لە كوردستان كەمترە. لەوە بترازێ ئێستاش تەقینەوەی مینە لەكارنەخراوەكان مەترسییە لەسەر ژیانی هەزاران منداڵ لە ناوچە سنوورییەكانی كوردستان، كە ساڵ نییە ژمارەیەک لەوان بەو هۆیەوە گیانیان لە دەست نەدەن یان نقوستان نەبن.
بە گشتی دۆخی منداڵان لە ئێران چ لە ڕووی ماف و چ لە ڕووی پەروەردە و دابینبوونی كۆمەڵایەتییەوە دەرخەری ئەو راستییەن كە منداڵان جێگە و پێگەی شیاوی خۆیان نەدراوەتێ و كلتووری كۆمەڵگە و سیاسەتی حاكمییەت

وایکردوە کە ئەوان لە زۆربەی مافەکانیان بێبەش بن.

لە ژمارە ٦٩٣ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٠١٦/١٢/٠٥

## بۆ پەلامارە تێرۆریستییەکەی سەر حدک دەستی کۆماری ئیسلامیی لەپشتە؟

دوای پەلامارە تێرۆریستییەکەی شەوی یەڵدا بۆ سەر بنکەیەکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە نیزیک شاری کۆیە هەموو قامکەکان چوونەوە سەر کۆماری ئیسلامی. بەڵام ئایا ئەوە هەر لەبەر ئەوەیە کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کۆماری ئیسلامی بە تاکە دوژمنی خۆی دەزانێ؟ یان بەڵگەی لەوەش قایمتر هەیە؟

تێرۆر هەموو کاتێک بەشێک لە مێژووی سیاسیی مرۆڤ بووە، کەم نیزامی سیاسی بووە کە تێرۆری دژبەرانی خۆی، یان ئەو کەسانەی ئێستعدادی ئەوەیان بووە ببنە مخالیفی بە ئەرکی خۆی نەزانیبێ و ئەوەشی لە پێناو پاراستنی دەسەڵات و سەقامگیریی نیزامەکەی نەکردبێ. بەڵام لە دنیای هاوچەرخی ئێمەدا ئەو شێوازە بە شتێکی دژەبایەخ سەیر دەکرێ و نیزامی سیاسیی خەڵکی و دێموکڕاتیک زۆر بە دەگمەن پەنا بۆ تێرۆر دێنن.

لەو نێوەدا کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی زۆر بەرین شێوازی تێرۆری نەیارانی گرتۆتە بەر. نموونەی نیزامی سیاسیی تێرۆریست لە ناوچەدا کەم نەبوون، کۆرەی باکوور، عێراقی سەردەمی سەددام، بەڵام ئەوانە هیچ کام بە دڕندەیی و بە توند و تیژیی وەک کۆماری ئیسلامی نەبوون، ئەوان لە نێو خۆی وڵاتەکەیاندا دژبەرانی خۆیان گرتوە، لە دادگا یان بێدادگاکاندا محاکەمەیان کردوون و ئیعدامیان کردوون، بەڵام لە ئێران سەرەڕای بەکاربوونی دەزگا ئەمنیەتییەکان و دەزگای قەزایی لە سەپاندنی حوکمی ئێعدام و جێبەجێکردنی، لە دەیەی ٦٠ ڕا هەتا نیوەی دەیەی ٧٠ و هەتا هەراکانی قەتڵە زنجیرەییەکان، لانیکەم ١٨٠ چالاکی سیاسیی دژبەری خۆی تێرۆر کردوە.

لە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ڕا تا ئیستا زۆر وڵات، زۆر ڕێکخراو و دادگای دەوڵەتان ئێرانیان سەبارەت بە دەست تێداهەبوون لە کردەوە تێرۆریستییەکان یان پشتیوانی لە گرووپە تێرۆریستییەکان مەحکووم کردوە. ئاڵمان، ئەمریکا، ئارژانتین، بریتانیا و ئیسرائیل بەشێک لەو وڵاتانەن.

وڵاتی ئەمریکا وەک زلهێزی جیهان هەر لەم دواییانەدا جارێکی دیکە لە ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەیدا لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ ئێران ڕێککەوینی ئەتومییان ئیمزا کردوە، بەڵام ڕایگەیاند کە تەنیا وڵاتی پشتیوانی ترۆریسم لەئێستادا لە جیهان، کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. هەروەها هەر ئێستا وەزارەتی بەرگریی ئێران و هەروەها سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ئەمریکاوە لە لیستی ڕەشی گرووپە تێرۆریستییەکان خراون، بەڵام بۆ؟ ئایا هەر لەبەر دوژمنایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، یان بەڵگەی قانوونی بۆ ئەوە هەیە؟ بەڵێ بەڵگە هەیە کە هەوڵە تێرۆریستییەکانی ئێران هیچ جێیەک ناناسن، لە ئاسیا، لە ئورووپا و لە ئەفریقا تۆڕە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی کاری خۆیان کردوە.

### چەند بەڵگەیەک لەو پێوەندییەدا:

### دادگای میکونوس

گرینگترین بڕیارێ کە لەلایەن دادگایەکی سەربەخۆ بە دژی ئێران دراوە. لەو تێرۆرەدا دوکتور شەڕەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، فەتاح عەبدوڵی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و هۆمایون ئەردەڵان بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی ئالمان و نوردی دێهکوری، یەکێک لە دۆستانی کورد و لە دژبەرانی کۆماری ئیسلامی تێرۆر کران.

### تەقینەوەی ئامیا

ساڵی ١٣٧٣ناوەندی جوولەکەکان لە ئارژانتین تەقێندرایەوە. لەو ڕووداوەدا ٣٨٥ کەس کوژران و برینداربوون. دادگای ئارژانتین ئێرانی بە دەست تێداهەبوون لەو پەلامارە تێرۆریستییەدا مەحکوم کرد.

## بۆمب دانانەوە لە بانکوک

لە ساڵی ٢٠١٢ دا زنجیرەیەک تەقینەوە لە بانکوک، پایتەختی تایلەند کران. بەرپرسانی دەزگای قەزایی تایلەند ڕایانگەیاند کە ئێران لە پشتی ئەو تەقینەوانە بووە و دوو ئێرانیی ئەندامی سپای پاسداران بە ناوەکانی سەعید مرادی و محەممەد خەزایی بە زیندانی ئەبەد مەحکوم کران.

## تەقینەوە لە دێهلی

ساڵی ١٣٩١ ی هەتاوی پۆلیسی وڵاتی هیند، ئێرانی بەوە تاوانبار کرد کە بەرپرسی تەقینەوەیەکی دێلی بۆ کوشتنی دیپلۆماتەکانی ئیسرائیلی بووە.

## پیلانی تیرۆری باڵوێزی عەرەبستان لە ئەمریکا

ساڵی ١٣٩٠ دادگوستەریی ئەمریکا دوو تیرۆریستی ئێرانیی وەک  تاوانبار لە پەروەندەی تیرۆری سەرنەکەوتووی عادل ئەلجوبەیر، باڵوێزی عەرەبستان لە ئەمریکا ( وەزیری دەرەوەی ئێستای عەرەبستان) ناساند. مەنسوور ئەرباب سیر یەک لەوان بوو کە گیرا و ئێستا لە زیندانە/ غولام شکووری ڕایکردوە و لە ئێرانە/ دەزگای قەزایی ئەمریکا دەڵێ غولام شکووری ئەندامی سپای قودسی سەر بە سپای پاسدارانە.

## هەوڵە تیرۆریستیەکان لە بەحرەین

ساڵی ١٣٩٤،  پارەکە، ناوەندە ئەمنیەتییەکانی بەحرەین کارخانەیەکی گەورەی بۆمبسازییان لەو وڵاتەدا دەۆزییەوە. ئەوانەی لەوێدا کاریان دەکرد و دەسبەسەر کران هەموویان دانیان بەوە دانا کە لەگەڵ سپای پاسداران پێوەندییان هەیە/ بەحرەین دوای ئەو ڕووداوە باڵوێزی خۆی لە ئێران کێشایەوە و باڵوێزی ئێرانی لە وڵاتەکەی وەدەرنا.

## کردەوە تێرۆریستییەکان لە عێراق

سەرچاوەکانی هەواڵ و ناوەندەکانی توێژینەوە دەڵێن کە میلیشیاکانی سەر بە ئێران دوای شەڕی کەنداوی زیاتر لە ١١٠ سەربازی ئەمریکاییان لە عێراقدا تێرۆر کردوە.

## کاری تێرۆریستی لە وڵاتی کێنیا

ساڵی ٩١ پۆلیسی کێنا دوو تێرۆریستیی ئێرانی بە ناوەکانی ئەحمەد ئەبولفەتحی و سەید محەممەد موسەوی دەسبەسەر کرد. دەزگای قەزایی کێنیا کوتی ئەو دوو کەسە ئەندامی سپای قودس بوون و یەک تۆن تەقەمەنیی بۆمبیان لێگیراوە.

## هاوکاری لەگەڵ ئەلقاعیدە

ئێرانی شیعە دوای رووخانی تالیبان لە ئەفغانستان هاوکارییەکی زۆر نیزیکیان لەگەڵ ئەلقاعیدەی سووننی بووە، هەتا شەڕی سووریە کە مەرزبەندییەکان جۆرێکی دیکەیان لێهات/ ئەمریکا بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٣٩٠ دا ئێرانی تاونبار بەوە کرد کە لەگەڵ ئەلقاعیدە هاوپەیمانە. دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا ڕایگەیاندبوو کەو ڕێبەرانەی ئەلقاعیدە کە ئێران دالدەی داون، توانیویانە لە ڕێگەی ئێرانەوە تۆڕێکی ماڵی و ئابووریی زۆر بەرین بۆ بەرنامە تێرۆریستییەکانیان بەرنە پێشێ.

## تێرۆری کەسایەتییە ئێرانییەکان

لە دەرەوەش کە لە هەموویاندا پێی ئێران هاتۆتە پێشێ، وەک تێرۆری دوکتور قاسملوو و شەهیدانی دیکەی ڤییەن لەو ڕووداوەدا، تێرۆری دوکتور سادق و شەهیدانی دیکەی بڕلین لەو ڕووداوەدا، تێرۆری شاپوور بەختیار، دوایین سەرۆک وەزیرانی حکومەتی پاشایەتی لە پاریس، شەهریاری شەفیق، کوڕی ئەشرەف پەهلەوی لە پاریس؛ ئەرتشبود غولامعەلی ئۆوەیسی لەگەڵ غولامحوسێنی برای لە پاریس، فەرەیدون فەروخزاد لە وڵاتی ئاڵمان، عوبدوڕەحمان برومەند لە پاریس، کازم ڕەجەوی لە سویس و دەیان تێرۆری دیکە لە وڵاتانی ئورووپایی دا.

ئەوانە کۆمەڵە فاکتێکن کە پێمان دەڵێن تێرۆر و کۆماری ئیسلامی ئاوەڵدوانەی یەکترین و تێرۆر کالایەکە کە تەنیا بە بەژنی کۆماری ئیسلامی دەبڕێ.

٢٠١٦/١٢/٢٤

## بابەتەکانی: ساڵی ٢٠١٧

---

### ڕەفسەنجانی چیی بۆ نیزام کرد و چیی بەسەر خەڵک هێنا؟

ڕەفسەنجانی مرد. ئەو کە یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو، لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا زۆر پۆست و بەرپرسایەتیی گرینگی لە جومگەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەبوو.

ڕەفسەنجانی یەکێک لە دژبەرانی ڕێژیمی پێشووی پاشایەتیی ئێران بوو کە باوەڕی قووڵی بە لەنێوبردنی فیزیکیی نەیاران و دژبەرانی هەبوو. هەر بۆیەش پێوەندیی پتەوی بە گرووپی فیداییانی ئیسلام بە سەرۆکایەتیی "مجتبی نواب صفوی" هەبوو کە کۆمەڵێک تێرۆری سیاسیی گرینگیان کردبوو. ئەوان سێ سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی ئێرانیان تێرۆر کرد کە بریتی بوون لە: عەبدولحوسەین هەژیر، حاجی عەلی ڕەزمارا و حەسەنعەلی مەنسوور.

ئەو دەمانچەیەی کە ساڵی١٣٤٣ی هەتاوی حەسەنعەلی مەنسوور، سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی ئێرانی پێ کوژرا، هاشمیی ڕەفسەنجانی دابینی کردبوو و دابووی بە محەممەد بوخارایی هەتا تێرۆرەکەی پێبکا.

هاشمی ڕەفسەنجانی دوای شۆڕشی ئیسلامیی ساڵی١٣٥٧ یەکێک لە نیزیکترین و باوەڕپێکراوترین کەسەکانی نیزیک بە ئایەتوڵڵا خومەینی بوو.

ڕەفسەنجانی کە ئەندامی شوڕای ئینقلاب بوو، نەخشی بنەڕەتیی لە دارشتنی پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا گێڕا، ئەو بۆ ماوەی دوو دەورەی سەرۆکی پارلمان و دوو دەورە سەرۆک کۆماری ئێران بوو، هەروەها دوو دەورە سەرۆکی مەجلیسی خیبرەگانی ڕێبەری و هەتا مردنیشی سەرۆکی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام بوو. ئەو لە هەموو ئەو ماوەیەدا هەوڵیدا نیزامی کۆماری ئیسلامی لەسەر پێ ڕابگرێ و لە پێناو بەهێزکردنیدا تێبکۆشێ.

ڕەفسەنجانی لەو پێناوەدا زۆر مێتۆدی بەکارهێنا کە زەبروزەنگ و تیرۆری دژبەرانی سیاسیی ڕێژیم یەک لەوان بوو. ئەو مێتۆدەی ڕەفسەنجانی بووە هۆی ئەوە کە سەرەڕای بەکاربوونی دەزگا ئەمنیەتییەکان و دەزگای قەزایی لە سەپاندنی حوکمی ئێعدام و جێبەجێکردنی بەسەر دژبەراندا، لە دەیەی ٦٠ ڕا هەتا نیوەی دەیەی ٧٠ و هەتا هەراکانی قەتڵە زنجیرەییەکان، لانیکەم ١٨٠ چالاکی سیاسیی دژبەری خۆی تیرۆر کران. هەر لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی هاشمی رەفسەنجانییدا بوو کە زۆربەی تیرۆرە سیاسییە گرینگەکان لە نێو خۆی وڵات و دەرەوەی وڵات کرا. وەک تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە ساڵی ٦٨، تیرۆری شاپووری بەختیار لە ساڵی ٧٠ و تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە ساڵی ١٣٧١. بەڵام بۆ؟ بۆ زۆرترین و گرینگترین تیرۆرەکان لە سەردەمی ڕەفسەنجانیدا کران؟

لە سەردەمی رەفسەنجانی و ئێرانی دوای شەڕی ٨ ساڵە و دەوڵەتی ئابووری مێحوەر دا، بوونی دژبەرە سیاسییەکان، ئەوانەی لە کوشتارە بە کۆمەڵەکەی ساڵی٦٧ گیانیان دەرباز کردبوو، ڕووناکبیرانی ڕەخنەگری دەوڵەت و حاکمییەت لە نێوخۆ، خەبات و بەربەرەکانی و ڕوحی بەرگریی کورد لە کوردستان بە تایبەت حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئەوە برینێکی کراوە بوو کە دەبوو بە زووترین کات سارێژ کرابا.

لای ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی و یەک لەوان کە تیرۆری دژبەران کارێکی پیرۆزە، لەوەها بارودۆخێکدا دەبوا هەموو دەنگە دژەکان کپ بکرێن، هەموو حیزبە بە جووڵەکان، ئەوانەی لە مەیداندا بوون لە سەریان بدرێ، هەموو ئەو کەسانەی بە ملۆزم دادەنران دەبوو بێدەنگ بکرێن ولێیان بدرێ. ئەوە بوو کە قەتڵە زنجیرەییەکان لە نێوخۆی وڵات هەر لە ساڵی ٦٨ و لە گەڵ دەسپێکی سەرۆک کۆماریی هاشمی رەفسەنجانیدا دەستیان پێکرد.

لە دەرەوەی وڵاتیش بەستێنەکە بۆ کۆماری ئیسلامی لەبار بوو. شەڕی سارد کۆتایی هاتبوو، هاوکێشەکانی دنیای دووجەمسەری بەهۆی ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت بە تەواوی تێکچووبوو، لە دڵی ئورووپادا کە زۆربەی تیرۆرە سیاسییەکان لەوێ دەکران، تەماحی بەشداری و بەش لە دروستکردنەوەی وێرانییەکانی ئێرانی دوای شەڕ لەگەڵ عێراق و بازاڕی گەورە و بەپیت و بەرەکەتی ئێران چاوی ئەوانی لە حاند کۆماندۆکانی تیرۆری کۆماری ئیسلامی کوێر کردبوو، بەڵام تیرۆری میکونوس و دوایەش بڕیاری دادگای میکونوس خاڵی وەرچەرخان بۆ مێژووی سیاسیی ڕەفسەنجانی بوو.

دەزگای قەزایی سەربەخۆی ئاڵمان پەروەندەیەکی گەورەی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو تیرۆرەدا پێک هێنا کە کاری دادگا زیاتر لە ٥ ساڵی کێشا و دادگا لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٧٦ دا بڕیاری خۆی دا. بڕیارێکی قورس و قایم، لەو بڕیارەدا کاربەدەستانی هەرە پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی بە دەست تێداهەبوون لەو تیرۆرانەدا تاوانبار کران و حوکمی دەسبەسەرکرانیان بۆدەرچوو. هاشمی رەفسەنجانی، سەرۆک کۆمار و حەلی فەلاحیان، وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی ئێران دوو کەس لەوان بوون.

دوای ئەوە بوو کە ئیدی ڕەفسەنجانی تا ڕادەیەکی زۆر کەوتە قوژبن و پەسیوی دەسەڵاتەوە، بەڵام ئەو هەتا ما پشتی لە ڕێژیمە جینایەتکارەکەی نەکرد و بۆ یەک جاریش رەخنەی لە ڕابردووی نگریسی خۆی و ڕێژیمەکەی نەگرت.

هەر بۆیە خەڵکی ئێران، بە تایبەت کوردستان ناتوانن بۆ مەرگی ئەو بەداخ بن، ئەگەر بۆ شتێکیش بەداخ بن ئەوەیە ئەجەل مەودای نەدا رەفسەنجانی بمێنێ هەتا لە دادگایەکی خەڵکیدا وەڵامی تاوانەکانی بداتەوە.

٢٠١٧/٠١/١٤

---

## خەمی نان لە نێوان ڕێژنەی فیشەک و ڕقی سروشتدا

سەرەتای ئەم حەوتوویە ١٢ کۆڵبەری کورد لە ناوچە شاخاوییەکانی سەردەشت کە بەهۆی ڕاوەدوونانی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ناچار بە ڕێبڕین لە کوێرەڕێیەکانی کوێستانەکانی پشتی گوندی "بێوران" بوون، بەفر و بارن و بەستەڵەکیان بەسەردا هات و ٤ کەسیان بەو هۆیە گیانیان لە دەست دا.

ئەمە یەکەم جار نییە کۆڵبەرانی کورد کە گیانیان بۆ پارووە نانێک لەسەر لەپی دەستیان داناوە دەکەونە ژێر ڕنوو و تێدا دەچن، ئەوان پێیان وابوو لەوانەیە ڕقی سروشت لەو فیشەکانە بەبەزەییتر بێ کە لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمەوە پێیانەوە دەنرێ. بەڵام نە فیشەکی گەرم، نە ڕنووی سارد، نە گرمەی مین و نە هەڵدێران

و بەربوونەوە هیچ کامیان هێندە باوەشگەرم نین لێگەڕێن ئەوان جارێکی دی ڕسقی ڕۆژانەیان بەرنەوە سەر سفرەی هەژارانەی ماڵەکانیان.

ئێستا بەر لەوەی بپرسین کێ لە هاوار و زریکە و فرمێسکی ئەو باوک و برا گیانبەختکردووانە دەپرسێتەوە، بەر لەوەی بڵێین سووچی چییە و کێیە کە دەبێ ئەوە بەشێک لە چارەنووسی کورد بێ؛ دەپرسین قەرارە تاکەی ئەم تراژیدییانە دووپات ببنەوە و بۆ دەبێ ڕوو بدەن؟ سووچی چییە پەیداکردنی پاروە نانێک بۆ کۆڵبەری کورد چۆتە سەر پشتی ئەژدیها و گەرووی شێرەوە؟

چۆن دەکرێ کۆڵبەرێک کە بار و کۆڵەکەی نە ئی خۆیەتی و نە بە پێخۆشبوونی خۆی لە کۆڵی ناوە و ڕووی لەو کارە مەترسیدارە کردووە پێی بڵێی قاچاغچی، هەتا بتوانی کەوکوژی سیلەی لێ بگری و خەڵتانی خوێنی خۆی بکەی؟

کۆڵبەری کورد لە وڵاتێکدا لە سەرمان ڕەق هەڵدێ کە سامانی خامنەیی، کەسی یەکەمی ئە وڵاتە هەر نەبێ ٩٢ میلیارد دۆلارە و سامانە میلیاردی و میلیون دۆلاریی کاربەدەستانی ورد و درشتی دیکەی حکومەتیش با لەولا بوەستێ.

کۆڵبەر و کاروانچیی بێ ئەنوای کورد لە وڵاتێکدا سیلەی لێ دەگیرێ و لە سەر کۆلەبارێکی چەند سەد هەزار تمەنی گیانی لێ دەستێنندرێ، کە لەساڵدا پتر لە ٣٦ میلیارد دۆلار کاڵای بە تەواو مانا قاچاغ لە بەندەر و فرۆکەخانە و ئێسکەلە و دەروازە سنوورییە ڕەسمییەکانەوە دێتە نێوخۆی وڵاتەوە و دەرکی ئەو دەروازە و شوێنانە بۆ ناوەندە ئەمنیەتی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی کە گەورەترین کارتێلی قاچاغی کاڵا لە وڵاتن، ئاوەڵایە.

دەروازە ڕەسمییەکانی سنوور لە کاتێکدا لە کۆڵبەران و کاسبکارانی بێکاری کورد دادەخرێ کە بە قسەی محەممەد موقیمی، سەرۆکی پۆلیسی ئاگاهیی هێزی ئینتزامیی ئێران گەندەڵی و مافیای قاچاغ کە ناوەندە سیاسی، ئەمنیەتی و نیزامییەکانی وڵاتی لە پشتە، هێندە لە نێو سیستەمدا ڕیشەی داکوتاوە کە تەنانەت ماشێنە قورس و نیوە قورسەکانی دەوڵەت کاری قاچاخیان پێ دەکرێ و کاربەدەستانی سەرووی ڕێژیم بۆ قاچاخکردنی شتومەکو کاڵای بەکاریان دێنن.

کۆڵبەری کورد لە کاتێکدا نانبڕاو دەکرێن کە ڕۆژ نییە گەندەڵییەکی چەند هەزار میلیارد تمەنی لەو وڵاتە ئاشکرا نەکرێن کە هەر هەموویان دەستی کاربەدەستانی هەرە سەرووی ڕێژیمیان لە پشتە، بێ ئەوەی نە مەرگ و کوشتنی کۆڵبەران و نە لەقاودرانی گەندەڵییە میلیاردییەکان هیچیان گنجێک بخەنە نێوچاوانی بەڕێوەبەرانی وڵاتەوە.

کۆڵبەری کورد قوربانیی سیاسەتی پەرەنەسەندنی ئابووریی کوردستانە لە ئێران کە بە درێژایی چەند دەیەیە بە ڕوانینی ئەمنیەتییەوە سەیری دەکرێ. ناوچەیەک کە بەشێوەی سیستماتیک لە دواکەوتوویی‌دا ڕادەگیرێ، سەرچاوە سروشتیو کانزاکانی بە تالان دەبرێ و توندترین شێوەی سەرکوتی تێدا ڕەچاو دەکرێ.

سەیر نییە کاتێک ئەحمەدی‌نژاد، سەرۆک کۆماری پێشووی ڕێژیم بە ئاشکرا باس لە بوونی دەیان ئیسکەلە و بەندەری سەر بە سپای پاسداران بۆ قاچاغی کاڵا لە ئێراندا دەکا بەڵام کەس لێ ناپرسێتەوە، بەڵام زۆرترین فشار دەخرێتە سەر کۆڵبەرێک کە بارەکەی سەر پشتی ئی خۆیشی نییە. ئەوە پێمان دەڵێ کە سیستمی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لاوازترین ئاڵقەی سەرکوت و لێدان و بڕینی خۆی لە کوردستاندا دیتۆتەوە. هێزە چەکدارەکان لە کوردستان هێندە دەست ئاوەلا کراون کە لە ژێر ناوی بەربەرەکانی لەگەڵ کاڵای قاچاغدا لە هیچ جینایەتێک ناپرینگێنەوە. کوشتن و قڕکردنی سەدان سەر ئەسپ و ئێستری کاروانچییان لە مانگدا تەنیا گۆشەیەک لەو جینایەتە پیشان دەدەن کە تێکەڵ بە چێژی ئینسانکوژییان بووە.

ئێستا قسە ئەوەیە: لە کاتێکدا ئێستاش بەشی کورد لە عەداڵەت و ماف لە کۆماری ئیسلامی کوشتوبڕ و سەرکوت و یەک لەوان قڕکردنی کۆڵبەرانە، لە کاتێکدا پرسی بووژاندنەوەی ئابووری کوردستان هەمیسان پشتگوێ خراوە و هەناسەی کۆڵبەران هەروا سوارە، با بە هاناوەچوونی کۆڵبەران خەمی گشتی و ئەرکی هەموو لایەک بێ.

وەدەنگهاتن لە تەقەکردن لە کۆڵبەران و کردنی بە پرسێکی گشتیی کۆمەڵگا دەتوانێ فشارێک بێ کە ڕێگە نەدا هێزە چەکدارەکان بێ سڵکردنەوە و تەنانەت گوێدان بە قانوونەکانی بەکارهێنانی چەک درێژە بە کوشتاری کۆڵبەران بدەن. هەرووەها داوای کردنەوە و پەرەپێدان بە دەروازە سنوورییە ڕەسمییەکان و کارئاسانی بۆ هاتوچۆی کۆڵبەران دەتوانێ کەمێک لە قورسایی خەمەکانیان کەم کاتەوە.

٢٠١٧/٠٢/٠١

## نیسێی دروشمەکانی شۆڕشی ٥٧بەسەر ٣٨ ساڵ دەسەڵاتداریەتیی کۆماری ئیسلامیدا

٣٨ ساڵ لەمەوبەر لە ئێران دەسەڵاتی پاشایەتیی حەمەڕەزای پەهلەوی بەهۆی شۆڕشێکی جەماوەری تێکەوەپێچرا. شۆڕشێک کە زۆر لە کۆمەڵناسان و چاوەدێرانی سیاسی پێیان وایە دەکرا بە کرانەوەی سیاسیی زیاتر خۆی لێ ببوێری؛ بەڵام ئەو شەپۆلە بە دروشمەکانی پێکهێنانی گۆڕانی بنەڕەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵک و ماف و ئازادییەکانیان نیزامی سیاسیی ئێرانی لە بنیڕا گۆڕی.

ئەوە کە ئەوانەی ئەو شۆڕشەیان سەرخست بە چی گەیشتن و ئێستا لە کوێن؛ یان دەسکەوتەکانی ئەم شۆڕشە بۆ خەڵک بوو یان ڕژیمی جێگرەوەی پاشایەتی لە هەمبانەی خۆی هاویشت باسێکە هەموو کاتێ لە ساڵیادی ئەو ڕووداوە مێژووییەدا دێتە گۆڕێ. سەرەتا با بزانین ئەم شۆڕشە بە کام دروشم سەرکەوت و هەر هەمان ئەو دروشمانەی ڕژیمی پاشایەتییان پێ ڕووخا ئێستا بە دەست کێوە بەرز دەکرێنەوە؟

دیموکراسی، کرانەوەی سیاسی، نەهێشتنی گەندەڵیی، دابینکردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی کەلێنی کۆمەڵگای هەژار و دەوڵەمەند، دەستەبەری ژیانێکی ئاسوودە لەسەر بنەمای وەدیهێنانی مافە سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵە ئامانجێک بوون کە ئەو کات زۆربەی هێزە سیاسییەکانی لە دەوری یەک کۆکردنەوە هەتا ڕژیمی پاشایەتیی پێ بڕووخێنن و نیزامی سیاسیی نوێی لە جێ دابنێن.

ئێستا کە دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ جارێکی دیکەش یادی هاتنەسەرکاری خۆیان دەکەنەوە، ئەو پرسیارەش دێتە گۆڕێ کە ئاخۆ شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ دا سەرکەوتوو بوو؟

ئەگەر گۆڕینی نیزام بە دەرکەوتەی سەرەکیی ئەو سەرکەوتنە دابنێین بەڵێ سەرکەوتوو بوو، چونکە ڕژیمی پاشایەتیی پەهلەویی ڕووخاند و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هێنایەسەر کار؛ بەڵام بە وردبوونەوە لە دروشم و ئامانجەکانی شۆڕش و ئەوەی نیزامی سیاسیی نوێ بە کردەوە کردی، نەخێر، ئەو شۆڕشە خەڵکی نەک هەر بۆ پێشێ نەبرد بگرە دەیان ساڵی بۆ دواوە ڕادا.

سەرکوتی ماف و ئازادییەکان لەلایەن رژیمی تازە پێش هەموو شتێک حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی گرتەوە و لە ماوەی یەک دوو ساڵدا هەر هەموو هێزە سیاسییە رەخنەگرەکان و دژبەرانی رژیم سەرکوتکران و هەمووی لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران وەدەرنان.

٨ ساڵ شەڕ لەگەڵ عێراق بەهەموو وێرانی و ماڵوێرانی و قوربانییەکانی کە لەسەر پێداگریی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی درێژەی پێدرا و، ئێعدامی بە هەزاران زیندانیی سیاسی بەشێکی دی لە دیاری و دەسکەوتەکانی ئەو رژیمە لە دەیەی یەکەمی حاکمییەتی خۆیدا بوو و؛ بێکاری، هەژاری، سەرهەڵدان و پەرەسەندنی دەیان قەیرانی کۆمەڵایەتی لە تەنیشت سەرکوتی ماف و ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکانی خەڵکی ئێران دەرکەوتەکانی دیکەی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی لە سێ دەیەی دواتری حوکمڕانییەکەیان بەسەر ئێراندان.

ئەگەر لە نیسێی دروشمەکانی ئەو کاتەوە بۆ دۆخی ئێستای ئێران بڕوانین، دەبینین کە سەربەخۆیی سیاسیی ڕژیمی پاشایەتی لە ئی کۆماری ئیسلامی زیاتر بوو. لە سۆنگەی حوکمڕانیی ئەو ڕێژیمەوە زیاتر لە ٨ میلیۆن کەسی خەڵکی ئێران وڵاتیان جێهێشتوە، لە نێوخۆی وڵاتیش ئەگەر ڕێژەی حەشیمەت لە چاو کاتی شۆڕش زیاتر لە دوو بەرابەر زیادی کردوە، بەڵام ژمارەی بەندیخانە و بەندییەکان دەیان هیندەی ئەو کاتن.

هەژاری گرینگترین دەرکەوتەی دۆخی کۆمەڵایەتیی ئێستای ئێرانە و ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. لە وڵاتێکدا کە لە ریزی سێهەم وڵاتی خاوەن نەوت و گاز و وزەی دنیایە، ڕۆژ بە ڕۆژ خەساری کۆمەڵایەتیی نوێ سەرهەڵدەدا کە "گۆڕخەو"ەکان نوێترینی ئەو دیاردانەن.

بەگشتی بەراوردی دۆخی ژیان و بژیوی خەڵک، کۆمەڵێک پێوەری وەک نرخی گەشەو هەڵدانی ئابووری، داهاتی سەرانە، ئاوسان، گەندەڵیی بۆرۆکراتیک و دەیان پێوەری دیکە پێمان دەڵێن شۆڕشی ساڵی ٥٧ کۆمەڵگای ئێرانی لە ڕووی ئابوورییەوە بەرەوپێش نەبردوە. سەرکوتی ئازادییە سیاسی، مەدەنی، فەرهەنگی و ئاینییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانیش بەبەراورد لەگەڵ ئەو کات پێمان دەڵێن لە نێوان ئەوەی خەڵک خوێنی بۆ دا و ئێستاش تێچووی زۆری بۆ دەدا، لەگەڵ ئەوەی دەستی کەوتوە مەودا زۆرە.

گەندەڵیی حکومەتیی ئێستا بەبەراورد لەگەڵ نیزامی پاشایەتی شتێک نییە بە بەری یەکتر بگیرێن، سامانیی شەخسیی "حەمەڕەزا شا" و سامانی شەخسی خامنەیی قەت ناچنە تای تەرازوویەکەوە، کەسانی دەوروبەری

حەمەڕەزا شا هیچ كات بە قەت كەسانی دەوروبەری خامنەیی سامانی گشتیی خەڵكی ئێرانیان پاوان و بە تالان نەبردوە و لەلایەكی دیكەوە ڕژیمێك كە بە دروشمی نەهێشتنی گەندەڵی هاتەسەر كار، ئێستا خۆی گەندەڵترین نیزامی حوكمڕانییە و كاربەدەستانی ئەو ڕژیمە گەندەڵترین كەسن لە جیهاندا. ئەوە نە تۆمەتە و نە پڕوپاگەندە، هەرچەند مانگ لەوە پێش مەحموود سادقی، نوێنەری تاران لە مەجلیس لە كۆبوونەوەی ئاشكرای مەجلیسدا ڕایگەیاند: "دوای ٣٨ساڵ لە ڕووخاندنی رژیمی پاشایەتی، گەندەڵیی سیستماتیک لە ئێران زۆر زیاتر لەو سەردەمەیە". ڕێكخراوی جیهانیی شەفافییەتیش دەڵێ ئێران لە پلەی ١٣٦ی "پێوەرەی گەندەڵی"ی جیهاندا جێی گرتوە.

خەڵک شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی بۆ ماف و ئازادییەكانی كرد، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ حوكمی ئێران دەكا خەڵكی لە هەموو ماف و ئازادییەكانی بێبەش كردووە، بە زەبری چەک ئەوانی سەركوت و دەمكوت كردوەو، بە مانایەكی دی دەسكەوتەكانی ئەو شۆڕشە هەموو چووەتە گیرفانی حاكمییەتەوە.

ساڵیادی شۆڕشی ١٣٥٧، دەرفەتێكە بۆ بیركردنەوە و ڕامان لەوەی كە ئایا خەڵک هەر دەیانویست "شا و سێبەری خودا لەسەر زەوی" لە عەرشەوە داگرنە خوارێ و بەجێی ئەو ڕێگە بدەن " ڕێبەر و نوێنەری خودا لەسەر زەوی" لەسەر تەختی خونكاری جێی بگرێتەوە؟ خەڵک لەو ٣٨ ساڵەدا كە زۆرترین زەبریان لەو ڕژیمە خواردووە هەر خۆشیان یارمەتیی بەهێزتربوونی ڕژیمیان نەداوە؟ بڵێی دڵخۆشكردن بە ئیسلاحات، ئەویش ڕیفۆرم و گۆڕان لە حاكمییەتدا لەجێی خۆیدا بێ، بە تایبەت كە بزووتنەوەی ئیسلاحات و ڕیفۆرمخوازەكانیش تاقیكاریی خۆیان داوە. هاوكات ئایا چاوەڕوانیی گۆڕانكاری لە دەرەوەی سنوورەكان و پشتبەستن بە هێزی دەرەكی دەتوانێ بژێرەیەكی باش بێ، بە تایبەت كە ئەگەرێكی دوورە دەستە؟ ئایا مێژووی شۆڕش تەواو بووە یان هەمیسان پێویست بە ڕاپەڕینێكی دیكە دەكا. نارەزایەتیی بەربڵاوی خەڵک چۆن دەتوانێ گۆڕان لە نیزامی سیاسیی وڵاتی لێبكەوێتەوە و ئەو نارەزایەتییانە چۆن و لەلایەن كێ و كام لایەنەوە دەبێ ڕێكبخرێن؟

لە ژمارە ٦٩٨ ی ڕۆژنامەی "كوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٠١٧/٠٢/٢١

## ژنان لە ئێران و تێچووی زۆری بەشدارییان لە سیاسەت و کاری ڕێکخراوەییدا

بەشداریی بەربڵاوی ژنان لە شۆڕشی ساڵی ٥٧ شوێنکاری زۆری لە سەرخستنی شۆڕش و ڕێگاخۆشکردن بۆ دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبوو. بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕش ئەوەی لە مافە سیاسی، کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان بە ژنان برا، کەمتر لەوە بوو کە لە سەردەمی پاشایەتیدا بوویان.

جارێ هەر لە قانونی بنەڕەتیی وڵاتدا دان بە مافی وەک یەک و بەرامبەری ژن و پیاو دانەنرا و ڕەسمییەت بەو هەڵاواردنە درا. ژنان لە دەزگای قەزایی، وەک یەکێک لە سێ بنیاتی سەرەکیی حکوومەت و دەوڵەت وەلانران و مافی دادوەری لە ژنان وەرگیرایەوە. بە دامەزرانی دادگای مەدەنیی تایبەت و پێداچوونەوە بە قانوونەکانی پێشوو، مافی ژنان لە زۆر بابەتی پێوەندیدار بە تەڵاق، میرات، شووکردن، وەخۆگرتنی منداڵ، دییە و خوێنبایی و ... بە پشتبەستن بە بڕیاری شەرع و ئایین پێشێل کرا.

هاوکات پاڕادۆکسەکان لە پێناسەی پێگەی ژنان لە کۆمەڵ و قانوونەکانی کارپێکراو لە وڵات هۆکارێکی دیکەی بەرگێڕەوە لەبەردەم هاتنەمەیدانی ژنان و دەورگێڕانیان لە بوارە جیاکانی کۆمەڵگا بوون، ئەوەش سروشتییە؛ چونکی کاتێک ژن لەو کۆمەڵگایەدا نەتوانێ بڕیار لە سەر ژیانی خێزانیی خۆی و چارەنووسی منداڵەکەی بدا، چۆن دەتوانێ بێتە پێشێ و ڕۆڵی لە بڕیاردان و گۆڕینی ئاراستەکان لە کۆمەڵگادا هەبێ.

ئەو دۆخە بە درێژایی مێژووی ٣٨ ساڵی رابردوو لە ئێران وەک واقعێکی تاڵ لە ژیانی ژناندا درێژەی بووە، بۆیە دەبینین سەرەڕای ئەوەی ژنان بە تایبەت لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرترین کاریگەرییان لەسەر یەکلاکردنەوەی پرسە سیاسییەکان هەیە، سەرەڕای ئەوەی لە بوارەکانی فێرکاری و پەروەردەییدا نیزیک بە سەدا ٦٠ی زانکۆکانیان پاوان کردوە، بەڵام پشکی ژنان لە بەشی بەڕێوەبەریی وڵاتدا لە سەدی ٢ زیاتر نییە. ئەمڕۆکە بەپێی ڕێوشوێنەکانی کۆمیسیۆنی مادەی١٠ی حیزب و ڕێکخراوەکان لە کۆی ٢٤٢ حیزب و ڕێکخراوی سیاسی کە ئیزنی تێکۆشانیان دراوەتێ تەنیا ١٨ ڕێکخراوەیان هی ژنانە و لەلایەن ژنانەوە بەڕێوەدەبرێن؛ هەروەها لە ٢٩٠ نوێنەری مەجلیس لە خولی دەیەمدا تەنیا ١٧ کەسیان ژنن، تازە ئەوەش لە مێژووی خولە جۆراوجۆرەکانی مەجلیسدا نموونەی نەبووە و زۆرترین ژمارەی نوێنەرانی ژن لە مەجلیسەکانی پێشوودا بۆ خولی پێنجەم دەگەڕێتەوە کە ١٤

کەس بوون.

### هۆکارەکان چین؟

ئەگەر قانوونەکان لە ئێران لە زۆر بواردا لە دژی بەرژەوەندییەکانی ژنانن، ئەگەر روانگەی پیاوسالاری و نەریتە کۆنە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی‌یەکان وەک سێبەرێک بەسەر ژناندا زاڵن، ئەگەر لەلایەک بەشداریی ژنان لە کایە سیاسی‌یەکان بەهەند وەرناگیرێ و دەرفەت و بواری وەک یەک بۆ لەکلدەرهاتن و خاران لەو مەیدانەدا بە ژنان نادرێ؛ لەلایەکی دیکەشەوە تێچووی چالاکیی سیاسی بۆ ژنان هێند لەسەرێیە کە ژنان نەیانەوێ خۆی لێبدەن و ئەو باجە قورسەی بۆ بدەن. ئەوەش وا دەکا کە ژنان زیاتر خۆیان لە چالاکیی مەدەنی و سینفی‌دا ببیننەوە و لە سیاسەت و سیاسەتکردن بپرینگێنەوە.

کە باس لە تێچووی قورس و نابەرامبەر بۆ کار و چالاکیی سیاسی بۆ ژنان دەکرێ، دەرکەوتەکان روونن. بانگکرانی ژنان بۆ ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکان، گیران و کەوتنە بەندیخانەی ژنان بەلەبەرچاوگرتنی ئەو شتانەی لە گرتنگەکانی ئیتلاعات و لە زینداندا رادەبرێن و لە دەرێ لەقاو دەدرێن و ئەو بابەتانەی هێشتا بۆ ژنان بەپێی ستاتویان لە کۆمەڵگادا تابۆ و بڤەن؛ تێچوویەکی کەم نین کە ژنان بە ئاسانی بتوانن لە کەشی خێزانی‌یاندا بیدەن و لێی دەرباز بن.

تەنانەت لە کایەیەکی سیاسیی رێگەپێدراوی وەک هەڵبژاردنەکاندا دەبینین کە تێچووی "رەدی سەڵاحییەت"ی ژنێک لە هەڵبژاردنەکان لەوانەیە کاریگەریی پێچەوانە لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەو دابنێ، بە جۆرێک کە نەک هەر ئەو خاتوونە نەیهەوێ جارێکی دی خۆی لە قەرەی کایەی سیاسی بداتەوە، بەڵکوو سەدان کەسی دیکەشی پێ چاوترسێن بکرێ.

ئەو تێچووە قورسە بۆ چالاکیی ژنان بە تایبەت لە کوردستان زیاترە، هەم لەبەر روانگەی ئەمنیەتیی زاڵ بە سەر کوردستان و هەم بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی کلتووری کۆمەڵگا. بەڵام ئەوەی ژنانی کورد لە ژنانی بەشەکانی دیکەی ئێران جیا دەکاتەوە ئیمان، باوەڕ و هۆگریی زیاتری ئەوان بۆ چالاکی و بەشدارییان لە کایە سیاسی‌یەکانە. تێچووی قورسی ئەو کارەش دەدەن. وەک چۆن دەبینین لە ئێستادا هەر نەبێ ١٧ ژن لە کوردستان لە سۆنگەی چالاکیی سیاسی کە لە روانگەی دەزگای قەزایی و ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکانەوە بە چالاکیی ئەمنیەتی لە

دژی ڕێژیم لێکدراوەتەوە، لە بەندیخانەن و سزای قورسی زیندانی درێژماوەیان بەسەردا سەپاوە.

پرسی بەشداریی ژنان لە سیاسەت بە دۆخی مافەکانیان و چاوەڕوانی و ڕوانگەکان بۆ کارکردی ئەوان بەستراوەتەوە.

کۆمەڵگایەکی کراوە لە ژنان و پیاوانی سەربەست و خاوەن مافی وەک یەک پێکدێ. لەو کۆمەڵگایەدا پێویستە مافە مرۆییەکان لە هەموو بەستێنە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا بۆ گشت پێکهاتەکان وەک یەک ڕەچاو بکرێ، بۆ ئەوەش پێویستە قانوونەکان بگۆڕدرێن، ڕوانگەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێ، بوار بۆ سەربەخۆیی ئابووریی ژنان خۆش بکرێ و کەند و کۆسپەکانی بەردەم دەرکەوتن و کارکردنی ژنان لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکان هەڵبگیرێ، ئەوەش بەر لە هەموو شتێک بەندە بە خواست و ئیرادەی ژنان کە لەواندا شک دەبردرێ؛ بەو مەرجەی تێچووی ئەو چالاکی‌یانە بۆ ژنان کەم بکرێتەوە؛ بابەتێک کە وێناچێ حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی بەپێی ئیدۆلۆژی و دژایەتیی ڕەهای لە گەڵ مافی یەکسان بۆ ژنان بیەوێ یا بتوانێ ڕێگای بۆ خۆش بکا، مەگەر لە سۆنگەی گوشاری ژنانەوە ناچار بە پاشەکشە بکرێ.

لە ژمارە ٦٩٩ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٠١٧/٠٣/٠٧

## «دنیای منداڵان» لە باوەشی دایکی دڵسۆزی «کوردستان»دا

خزمەتەکانی «کوردستان» بە درێژایی تەمەنی هەر ئەوە نەبووە کە دەنگ و هاواری خەباتی شاخ و شاری بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بووە، یان مەتەرێزی پاراستنی زمانی کوردی و هاوکات فێرگەی ئەو زمانە دەلالە بۆ فێرخوازانی لە هەموو بەشەکانی کوردستان بووە، بگرە ئەوەندەی توانیویەتی لە بوارەکانی دیکەی ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسی‌دا هەنگاوی ناوە، کە باوەش گرتنەوە بۆ «دنیای منداڵان» یەک لەوانە.

ئەوە شانازییەکی گەورەیە بۆ «کوردستان» کە لە قۆناغی سەختی خەباتی شاخدا منداڵانی کوردستانی لەبیر نەکردوە، لە خەمی پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەی داهاتووی نیشتماندا بووە و ئەوەی لەو پێناوەشدا لە دەستی هاتووە بۆی کردوە.

«کوردستان» کە هەر لەبنیڕا پێی وابوو هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگەی کوردەواری بەش و مافیان بەسەریەوە هەیە، ئەو بەشەی بۆ منداڵان بەخاوەن کرد و لە ژمارەی ٣٤٢ی خۆیدا وەک دیاریی ڕۆژی جیهانیی منداڵان، بە ناوی «دنیای منداڵان» بەوانی بەخشی. بەڵام ئەوە هەمووی نەبوو. «کوردستان» لێبڕابوو کە باوەشی خۆی بۆ منداڵان ئاواڵە بێڵێتەوە و هەموو مانگێک بەو دیارییە خنجیلانەیە منداڵانی کوردستان بەسەر کاتەوە. «دنیای منداڵان» کە ئێستا ببووە دڵخۆشـییەکی گەورە بۆ منداڵان، ماوەی ٦ ساڵ و ٧١ ژمارە دیاریی مانگانەی «کوردستان» بوو کە ئێستا نەک هەر ئیدی وەک پاشکۆیەکی٨لاپەڕەیی ڕۆژنامە، بەڵکوو وەک ڕێکخراوێکی منداڵان کاری دەکرد و چالاکی و بەرنامەی پەروەردەیی، فێرکاری و کاتبەسەربەردنی بۆ منداڵان ڕێک دەخست، فستیڤاڵی بەڕێوە دەبرد و بەشداریی کۆڕ و کۆبوونەوەی منداڵان لە شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی دەکرد.

«دنیای منداڵان» کە ئێستا ئیدی پێی گرتبوو، ماڵی خۆی جیا کردەوە و بەو هەگبە پڕ لە زانست و ئەزموونەی لە ماڵە باوانی لە «کوردستان» خستبوویە سەر یەک، لە «ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان»دا کە ئەویش هەر بەشێک لە خەرمانلۆغەی کوردستان بوو، درێژەی بە وەشان و کار و تێکۆشان بۆ خزمەتکردنی زیاتری منداڵان دا.

### «دنیای منداڵان» و «کوردستان» لە بیرۆکەوە هەتا بەردەوامی

مانگی جۆزەردانی ١٣٨١ی هەتاوی هاوکات لەگەڵ ئامادەکارییەکان بۆ ژمارە ٣٤٢ی ڕۆژنامە کوردستاندا کاک قادر وریا پێشنیاری کرد بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان، «کوردستان» دیارییەک بە منداڵان بدا و ئەو دیارییەش با پاشکۆی ڕۆژنامە و تایبەتنامەیەکی منداڵانە بە ناوی «دنیای منداڵان» بێ. بڵاوبوونەوەی ئەو پاشکۆیە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی منداڵان و خوێنەرانی «کوردستان» بەرەوڕوو بووەوە. ئەوەش وایکرد کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڕیار بدا ڕۆژنامەی «کوردستان» هەموو مانگێک «دنیای منداڵان»ی لەگەڵ بێ.

خوێنەرانی دنیای منداڵان تەنیا منداڵانی نێو بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان نەبوون کە بە جیا پاشکۆی

دنیای منداڵانیان بەسەردا دابەش دەکرا، بەڵکوو گەورەکانیش هەروەها هەموو ئەو کەسانەی رۆژنامە «کوردستان»یان بۆ دەچوو، یان هەموو ئەو کەسانەی لە ماڵپەڕی «کوردستان میدیا» و دواتر لە «کوردستان و کورد»دا سەیریان دەکرد یان دایاندەگرت؛ لە خوێنەرانی دنیای منداڵان بوون و بابەتیان بۆ دەنارد و لەگەڵی بەردەوام بوون.

«دنیای منداڵان» لە بەردەوامیی کاری خۆیدا توانی کۆمەڵێک نوێقەڵەم و کەسانی هۆگر بە نووسین و دنیای ئەدەب هەر لەنێو منداڵاندا بدۆزێتەوە کە دوای چەند ساڵ ژمارەیەکی زۆر لەوان خۆیان لە دەستەی نووسەرانی دنیای منداڵاندا دیتەوە، هەروەها توانی سنووره تەسکەکانی پاشکۆیەتیی رۆژنامە ببەزێنێ و وەک رێکخراوە و ناوەندێکی منداڵپارێزی هەڵسوکەوت بکا و بەرنامە و پلانی پەروەردەیی و فێرکاری بۆ منداڵان دابنێ. «دنیای منداڵان» هەر لەو ماوەیەدا کە پاشکۆی «کوردستان» بوو، توانی لە نێوان ساڵەکانی ١٣٨٢ هەتا ١٣٨٦ی هەتاویدا چوار فستیڤاڵی هاوینە بەڕێوە ببا کە هەر کام لەو فستیڤاڵانە دەیان بڕگەی ئەدەبی، هونەری، وەرزشی، شانۆ و گۆرانی و سروود و چالاکیی منداڵانی تێدا جێ کرابوونەوە. بەڕێوەبردنی بۆنەکانی رۆژی جیهانیی منداڵان و کردنەوەی پێشانگای جۆراوجۆر بەڕێوەبردنی پێشبڕکێو فستیڤاڵە وەرزشییەکان بەشێکی دیکە لە چالاکییەکانی دنیای منداڵان بوو کە دواتریش، ئەو کاتەی «دنیای منداڵان» نەک وەک پاشکۆی «کوردستان»، بەڵکوو وەک گۆڤارێکی سەربەخۆ کاری دەکرد، درێژەیان پێدرا.

«کوردستان» بە وەشانی «دنیای منداڵان» هەر تەنیا جێژنانە و دیارییەکی بە منداڵان نەدا، بەڵکوو توانی بیانهێنێتە نێو کارێکی بەکۆمەڵ و رێکخراوەیی و، هەستی متمانەبەخۆبوونیان تێدا بەهێزتر بکا. کاتێک کە چاو بە لاپەڕەکانی دنیای منداڵاندا دەخشێنین و، بەرهەمی نووسراو، وەرگێڕان و شێوەکاریی منداڵان دەبینین و سەیری ئەو چالاکییە هونەرییانەی وەک شانۆ و هەڵپەرکێ و پێشبڕکێیەکانیان دەکەین و دەبینین کە چۆن دنیای منداڵان توانیویەتی ببێتە چەترێک و منداڵان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە؛ ئەو کات بە بایەخی ئەو کارە گەورەیەی «کوردستان» دەزانین کە کردوویەتی.

ئێستا کە یادی ژمارە ٧٠٠ی ڕۆژنامەی کوردستان دەکەینەوە، بۆ یادکردنەوەش بێ جێی خۆیەتی ئاماژە بە چەند ناوێک بکەین کە وەک سەرنووسەری دنیای منداڵان و پاشان وەک بەرپرسی منداڵپارێزی کە سەرپەرستیی بڵاوبوونەوەی ئەو گۆڤارەی دەکرد، کاریان کردوە و بەپرسایەتیی ئەو کارەیان لە ئەستۆ بووە؛ وەک برایم

جەهانگیری، عەلی بداغی، ناسر فەتحی، عوسمان بێورانی، فەرشید محەممەدی، ئازاد عەباسیان و شیلان قوربانیفەر.

بێگومان ئەو خزمەتەی رۆژنامەی «کوردستان» بە دنیای رۆژنامەنووسیی منداڵان و ئەدەبی منداڵان کردی، خزمەتێکی شایان و بەبایەخ بوو، خزمەتێک کە شایانی ئەوەیە بە تایبەت، کاری توێژینەوەیی لەسەر بکرێ.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٠.

٢٠١٧/٠٣/٢٢

---

## هەڵبژاردن چۆن دەکرێ ببێتە چەک بۆ دێموکراسیو مافی بەرامبەر لە ئێراندا؟

### دەنگدانی خەڵک چەکێک

لە ئێرانی ژێر دەسەلاتی کۆماری ئیسلامیدا ١١ دەورە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری، ١٠ دەورە هەڵبژاردنی مەجلیس، ٣ دەورە هەڵبژاردنی شووڕای شارو گوندەکانو چەند دەورە هەڵبژاردن بۆ چەند ئۆرگانیزمێکی حکومەتیی وەک "مەجلیسی خوبرەگانی رێبەری" کراوە، بەڵام دەکرێ بڵێین بەپێی ئەو پێودانگە کۆماری ئیسلامیی ئێران نیزامێکی دێموکراتیکە؟ لە جێدا هەڵبژاردنەکان لە ئێران ئازادو دێموکراتیک بەرێوەدەچن؟ بێگومان نا. چونکە هەڵبژاردنەکانی ئێراندا ئەسڵێکی بنەڕەتی ونە، ئەویش ئەوەی کەسێک کە هەڵدەبژێرێ خۆی مافی هەڵبژێرانی نییە.

ئەوەی کە هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا موهەندیسی دەکرێن، ئەوەی کە شووڕای چاوەدێری سەر بە وەزارەتی نێوخۆ و شووڕای نیگابان بەهۆی قانوونی "نظارت ئیستصوابی" پاڵێوراوەکان لە بێژنگ دەدەن، ئەوەی کە سندووقەکانی دەنگدان لە ئێران بە تایبەت لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریدا بۆ خوگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجە

سیاسییەکانی ناوچەو جیهان بەکاردەبرێنو ئاکامی پێشوەختە و دیاریکراو لەو هەڵبژاردنانە وەردەگیرێن، هەموو لەجێی خۆیدا بەڵگەو پێوەری حاشاهەڵنەگر بۆ بەتاڵبوونەوەی هەڵبژاردنەکانە لە مانای خۆی لە ئێرانی کۆماری ئیسلامیدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ئەوەی لە هەمووان زیندووترو جێی بایەخی زیاترە دروستبوونی ئەو پرسیارەیە کە لە هەڵبژاردنێکدا مافی هەڵبژێران بۆ ئەو کەسەی دەنگ دەدا نەبێ، ئەو بۆ دەبێ هەڵبژێرێ؟ یان ئەگەر بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکا، چۆن دەتوانێ بە "دەنگ"ەکەی خۆی شوێن لە سەر بڕیارەکان دابنێو کەمایسییەکانی هەڵبژاردنەکانی ئێستا نەهێڵێ؟

لە ئێرانێکدا کە پێکهاتەیەکی فرەئایینو فرە نەتەوەی هەیە، ڕێبەرو سەرۆک کۆمارو جێگرەکانیو وەزیرو گزیرو پارێزگارەکان هەر دەبێ شیعە بن، ئەوە لە حاڵێکدایە یەک لە چواری حەشیمەتی موسوڵمانی ئەو وڵاتە سوننە مەزهەبن. لە ئێران هیچ شوێنکەوتوویەکی ئایینی زەردوشتی، کەلیمی، مەسیحی، یارسان، بەهاییو ...مافی هەڵبژێران بە سەرۆک کۆماریو پلەو پایە بەرزە ئیداریو دەوڵەتییەکانی ئەو وڵاتەیان نییە کە لێی لەدایک بوونو تێیدا دەژین، ئەوە لە حاڵێکدایە کە حەشیمەتیان سەرجەم زیاتر لە چەند میلیۆن کەسە.

لە ئێران هیچ ژنێک بۆی نییە ببێتە ڕێبەرو سەرۆککۆمار. بە زمانێکی دی زیاتر لە نیوەی ڕاستی حەشیمەتی ئەو وڵاتە لەو مافەی هەڵبژێران بێبەش کراونو هەر دەبێ پیاوێک بە سەرۆکایەتیی خۆیان هەڵبژێرن.

بۆیە ئەو پرسیارە لەجێی خۆی دایە کە کوردو عەرەبو سوننەو ژنو کەمایەتییە ئایینییەکان لە ئێران لەبەرچی دەبێ بەشداری هەڵبژاردنێک بن کە بۆ خۆیان لە مافی هەڵبژێران لەو هەڵبژاردنانەدا بێبەش کراون؟ یان ئەگەر بەشداری ئەو هەڵبژاردنانە دەبن بۆ نابێ دەنگەکانیان لە جیاتی سەرخستنی ئاکامی موهەندیسیکراوی هەڵبژاردنو ڕەواییدان بەو قانوونەی ئەوانی لەو مافانە بێبەش کردوە، بکەنە کارتێکی بەهێز بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە؟

دیسان پرسیارە کە ئاخۆ ئەم بەشە لە خەڵکی ئێران کە لەو مافە مەدەنیو سیاسیو کۆمەڵایەتیو ڕەوایەی خۆیان بێبەش کراونو حەشیمەتیان یەک لە چواری خەڵکی ئەو وڵاتە دەبێ، ملیان بۆ ئەو چارەنووسە هەمیشەییە ڕاکێشاوە کە دەبێ لە وڵاتی خۆیاندا تا هەتایە هاووڵاتیی پلە دووهەم بن، چونکی شیعە نین؟ گریمان نەک شیعەو سوننیو شوێنکەوتووی ئایینێکی دیکە، هەر موسوڵمانو باوەڕمەندی ئایینی نین، بەڵام خۆ مرۆڤنو خەڵکی ئەو نیشتمانەن، کەواتە چۆن دەتوانن لە وڵاتی خۆیاندا مل بۆ ئەو فەرقو جوداخستنە ڕاکێشنو بۆ دەبێ وابکەن؟

یەکێک لە مکانیزمەکانی کاردانەوەی خەڵکی سوننی لە ئێران بەو بێمافییە لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا دەنگنەدان بەو کاندیدە بووە کە سەر بە حکومەتیان زانیوەو پێیان وابووە حاکمییەت نایهەوێ بێتە سەرێ، یان ئەو کاندیدانەی لە بانگەشەکانی هەڵبژاردنداندان لانیکەمی وادەو بەڵێنیان بۆ نەهێشتنی هەڵاواردنە ئاینییەکان داوە.

سەرخستنی خاتەمی لە بەرامبەر ناتق نووری، پشتیوانی لە کاندیداتۆریی کەڕوبیو موسەوی لە بەرامبەر ئەحمەدینژادو، سەرخستنی حەسەن ڕوحانی لە بەرامبەر قالیباف‌و جلیلیدا میکانیزمەکانی کاردانەوەی وشیارانەو ئامانجداری بەشداریی سوننی‌و کەمایەتییە ئایینی‌و تەنانەت کوردەکان لە ئێران بە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری بوون. لەوەشدا پرسیار ئەمەیە کە دەسکەوتەکانی ئەو جۆرە کاردانەوەیەو ئەم چەشنە "نا"گوتنانە بە حاکمییەت چی بووە؟ ئەوانەی سەریان خستوون وەک سەرکۆمار، چەندە پێبەندی بەڵێنەکانی پێش هەڵبژێرانیان بوون؟

سەنگو قورسایی ژنانیش بەپێی ڕێژەی زۆری دەنگەکانیان لەجێی خۆی، کە تا ئێستا نەیانتوانیوە لە پێناو لابردنی کۆسپەکانی بەردەوام بەشداری یەکسانیان لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەو هێنانەدی مافو داخوازەکانیان بەکاری بێنن.

ڕوونو ئاشکرایە کە هۆکاری بنەڕەتیی ئەو بێمافییەو کۆسپو لەمپەری سەرەکیی بەردەم مانەوەی ئەو هەڵاواردنە قانوونە نووسراو و نەنووسراوەکانی کۆماری ئیسلامییە. بابەتێک کە کاندیداکانی سەرۆک کۆماری پێش هەموو شتێک دەبێ ئیلتزامیان بۆیان هەبێ، لەوەش بترازێ وەدیهاتنی مافو داوای نەتەوەکانو کەمە ئایینییەکان لە ئێران نەک بە تەنیا لە دەسەڵاتی سەرکۆماری، بەڵکوو لە گرەوی ڕێگەپێدانی زۆر دەزگاو لایەنی ئەمنیەتیو لە سەروو هەموویانەوە بەیتی ڕەهبەرییەوە هەیە؛ لەم ڕووەوە دەنگدانو بەشداریی یەکلایەنە لە هەڵبژاردنەکان بۆ ئەو لایەنانەی لەو هاوکێشەیەدا بێماف کراون غەدرێکە کە بۆخۆیان لە خۆیانی دەکەن. ئەوان کاتێک دەبێ دەنگ بدەن کە دڵنیا بن لەوەی دەنگەکانیان دەبێتە هۆی سەرەکیی گۆڕینی قانوونەکانو ئاڵوگۆڕ لە جێگەو پێگەی یەکسانیان لە وڵاتدا.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٣.

٢٠١٧/٠٥/٠٧

## یادی ٥٠ ساڵەی ڕاپەڕینی ۴۶-۴۷ لە وتوویژی "کوردستان" لەگەڵ سمایل بازیاردا

**سمایل بازیار: ڕێبەرانی ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ کوردستانیان تێکەڵ بەو روحی خەباتگێڕییە کرد کە لە شەستەکاندا لەسەرتاسەری جیهان وەڕێ کەوتبوو**

بانەمەڕی ئەمساڵ نیوسەدە بەسەر بڕگەیەکی گرینگی مێژووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو ڕاپەڕینی سیاسیی کورد لە ئێران ڕادەبڕێ. لە بانەمەڕی ساڵی ١٣٤٦ی هەتاویداو لە گەرمەی شەڕی ساردو هێمنییەک کە حەمەڕەزاشای پەهلەوی بۆ خۆیو دەسەڵاتەکەی دانابوو، چەخماغەی ڕاپەڕینێکی چەکداری بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لێدرا کە ئەو گۆمە مەندەی شڵەقاند. جووڵانەوەیەک کە باوەڕو وەرەی بە ڕوحی خەباتگێڕیی کوردو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا کردەوە.

ڕاپەڕینی٤٦ - ٤٧ ئەگەرچی تەنیا ١٨ مانگی کێشاو بەهۆی هەلومەرجی سەختی خەباتی چەکداری لەو کاتداو ناهاوسەنگیی هێز تێکشکا، بەڵام کاریگەرییەکانی ئەو جووڵانەوەیە تا ئێستاش لەسەر بیرو ئەندێشەی خەباتکارانی سیاسیی کورد درێژەی هەیە.

«کوردستان» لە وتوویژێکدا لەگەڵ سمایل بازیار، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی کۆیەو ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات باسی لە چەند ڕەهەندێکی ئەو ڕاپەڕینە کردوە:

**٥٠ ساڵ دوای ئەو ڕاپەڕینەی ساڵانی ٤٦-٤٧ی هەتاوی لەلایەن تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتەوە لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی وەڕێخرا، بە ڕوانینی مێژوویی چۆن پێناسەی ئەو ڕووداوە دەکرێ؟ ئەوە ڕاپەڕین بوو؟ جووڵانەوە بوو؟ یان حەرەکەتێکی سنوورداری نیزامی؟**

**سمایل بازیار:** ئەوەی باسی دەکەی لە زۆر جێگاو سەرچاوەدا پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، تەنانەت لە هەندێ جێ ناوی «شۆڕش»یشی لێنراوە. چونکی شۆڕش بریتییە لە ئاڵوگۆڕێکی قووڵو بنەڕەتی لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووریو کلتووریو کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا. ئەمن لە نووسراوەی ئاکادمیکیشدا دیتوومە کە بە شۆڕشیان

ناوبردوە کە ئەوە ناتوانێ دەقیقو لەجێی خۆیدا بێ. بەرامبەر بەوەش هەیە کە دەیانەوێ زۆر بچووکی بکەنەوە، یانی بە ماجەراجوویی‌و سەربزێویی ناو دەبەن. هەڵبەت وەک گوتم ڕوانگەی جۆراوجۆر هەیە لەو بارەوە. ئی واهەیە عاتفی چاوی لێدەکا و زۆری گەورە دەکاتەوە، ئی واشە دەیەوێ بچووکی بکاتەوە. بەڵام دەکرێ بڵێین ڕاپەڕین بووە، چونکی ڕاپەڕین ڕاستەوخۆ لەگەڵ عەزمو ئیرادە پێوەندیی هەیەو پشتئەستووت بە فیکرو ڕێکخستنە. ڕاپەڕین بنەماکەی بۆ ئاگاهی‌و تێفکرین دەگەڕێتەوەو لاوەکان لە ڕاپەڕیندا دەوری سەرەکی دەبینن؛ چونکە ئارمانگەراو رادیکاڵن‌و بە گژ زوڵم‌و ستەم‌و چەوسانەوەدا دەچنەوە.

ئەم تایبەتمەندی‌یانە بە تەواوی لە ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧دا دەبیندرێ. بە تایبەتیش کە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا زۆری پەرە نەگرتو تەواو نەبووە جەماوەری. بۆیە بە ڕاپەڕین ناوهێنانی ئەو حەرەکەتە دەکرێ لە چەمکو زاراوەکانی دیکەی وەک شۆڕش، ڕاپەڕینو... دەقیقتر بێ.

**ڕێبەرانی ئەو ڕاپەڕینە کێ بوون؟ سەر بەکام ڕەوتی فیکریی حیزبی دێموکڕات لەو کاتەدا بوون؟**

**سمایل بازیار:** ئەوانەی ڕێبەرایەتیی ئەو ڕاپەڕینەیان کرد تەرکیبێکن لە کۆمەڵێک خوێندکارو ڕووناکبیری شاری، وەک سولەیمان موعینی کە ساڵێکی لە زانکۆی تاران خوێندبوو، سمایل شەریفزادە کە دواساڵی خوێندنی لە بەشی ئەلەکترۆنیک زانکۆی تاران بوو، حەمەدەمینی سیراجی کە ڕشتەی «حقوق»ی لە زانکۆی تاران تەواو کردبوو، سالار حەیدەری کە خوێندکار بوو ئەویش لە سەرەتاکانی جووڵانەوەدا لەگەڵ بوو. کاک عەبدوڵلا موعینی ڕێبەرێکی دیکەی جووڵانەوەکەیە کە دیپلۆمی بووە و بێ ئەوەی بیەوێ بچێتە زانکۆ دێتە ڕیزی جووڵانەوەکە. بە گشتی ئەوان ڕێبەرانی ئەو ڕاپەڕینەن.

**ئەدی مەلائاوارە؟**

**سمایل بازیار:** مەلا ئاوارەش یەکێک لە ڕێبەرانی ئەو ڕاپەڕینە بوو کە پێگەیەکی ئایینی هەبوو، مەلایەکی ناوچەی سەردەشت کە لە حوجرەدا پێگەیشتووە، هەڵبەت ئەو بەو مانایە نییە کە چونکی زانکۆ نەچووە تێگەیشتنی سیاسیی نەبووبێ، پێچەوانە کەسایەتییەکی وشیاری سیاسی‌و مایەی بەهێزی ئەدەبیی هەبوو. شێعری «توتنەوان»ی ئەو جوانترین تەعبیرە لە مەینەتی‌و نەهامەتی‌یەکانی جووتیارانی چەوساوە. بەڵام دەتوانین بڵێین کە زۆرینەی ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە توێژی خوێندکاران‌و ڕووناکبیرانی شار بوون. بەڵام زۆرینەی هێزەکەیان‌و

بەدەنەیان لە جوتیاران، خەڵکی ئاسایی‌و گوندنشینەکان پێکهاتبوون.

**ئەو کەسانەی ناوت هێنان یەکیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕات بووە لەو کاتەدا، مەبەستم کاک سولەیمان موعینی‌یە. دەمەوێ بپرسم ئەو ڕاپەڕینە چەندە وەڵامدانەوە بە زەروورەتێکی تاریخی لە سەر بەستێنێکی سیاسیی گونجاو و چەندە دەراوێشتەی قەیرانێکی تەشکیلاتیی حیزبی دێموکڕات بوو؟**

**سمایل بازیار:** کاتێک باس لە دیاردەیەک دەکەین ناکرێ «تەک سەبەبی» بۆی بچین‌و هەر فاکتەرێک بەبەڵگە بێنینەوە. بۆ خوڵقانی هەر ڕووداو و دیاردەیەک ئەوە کۆمەڵە فاکتەرێکن دەست دەدەنە دەستی یەکتر، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە ئێمە چۆنیان ئەولەوییەتبەندی دەکەین. ئەوە کە کامەیان فاکتەری سەرەکی‌یە؟ هەموو ئەوانە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر ئەو ڕەوتە بووبێ؛ بەڵام بێگومان هۆکارێک قورسایی‌و وەزنی زۆرترە لەوانی دیکە.

لە ڕاستی‌دا لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە باسی ئەو جووڵانەوەیە کراوەو کێشەکە یان جیاوازیی بۆچوونەکان لەو ئەولەوییەتبەندییەڕا سەرچاوە دەگرێ. ئی وایە دەڵێن ئەوە هەلومەرجی باشووری کوردستان‌و بارودۆخی شۆڕشی ئەیلوولە کە شوێنکاری لەسەر جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ داناوە. ئی واهەیە ئەو فشارانەی ڕاپەڕینی سیاسی لە باشووری کوردستان خستوویەتە سەر چالاکانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتو دەرەتانی تێکۆشانی پێنەداون، ئەوە بووەتە هۆی هەڵگیرسانی ئەو جووڵانەوەیە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هیندێکی دیکەش دەیبەستنەوە بە قەیرانی نێوخۆیی‌و کێشە نێوخۆیی‌یەکانی نێو حیزبی دێموکڕات. تەنانەت ئی واهەیە کە دەڵێ ئەوانە لە حەیفان خۆیان بە کوشتن داوە کە ئەمە ئیدی سەرسووڕهێنەرە بۆچوونی لەم چەشنە.

**بەڵام ئەو کێشە و ناکۆکی‌یانە بووە، تەنانەت لە پێش کۆنگرەی ٢ی حیزبەوە بووە، کۆمیتەی ساغکەرەوەی لێ کەوتۆتەوەو درێژەی بووە.**

**سمایل بازیار:** وایە، ئەوە دەزانم، بەڵام هیندێک کەس دەڵێن ئەوەیان بەسەردا سەپاوە، کە دیارە ناکۆکی‌و تێبینیی من تایبەت لەسەر ئەو خاڵەیە. ڕاستە ئەوانەی ئاماژەم پێکردن کەمو زۆر کاریگەری‌یان لەسەر بووە. بەڵام ئەوەی دەڵێ ئەوەیان بەسەردا سەپا ئەوە غەدرە، چونکی فاکتەرێ گرینگی باوەڕو ئیرادەیان لێ زەوت دەکا. چونکی ئێمە دەبینین هەر لەو کاتەدا بەشێکی زۆری ڕێبەری‌و کادرو پێشمەرگەی حیزب هەر لە باشوور ماونەتەوەو کێشەو گرفتیشیان نەبووە.

**ئەمەیان ئی ئەو نەبووە کە ئەو بەشە لە بنەڕەتدا کێشەیەکیان دروست نەکردوە بۆیە کێشەشیان نەبووە؟**

**سمایل بازیار:** بەڵێ وایە، ئەوانەی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧یـان وەرێخست ئەوانیش دەیـانتوانی وەک ئەوان بێکێشە دانیشنو فارس گوتەنی « آهسته بیا، آهسته برو». بەڵام ئەوان نەیـانتوانی بەو شێوەیە دابنیشنو هیچ نەکەن. دیارە ئەوانیش کێشەی خۆیان بووە بەڵام وانەبووە کە ئەوەیان بەسەردا سەپابێ. هۆکـاری سەرەکیی ئەوە دەبێ لە کەشو هەوای سیاسیی ئەو کاتدا بۆی بگەڕێی. ناکرێ ئەو دیاردەیە لە دۆخی ئێستادا هەڵسەنگاندنی بۆ بکەی، دەبێ بگەڕێیەوە کاتی ڕووداوەکانو بزانی لە چ هەلومەرجێکدا سەری هەڵداوە.

جارێ بـا لە پـێشدا بـا سەیری ڕەوتـی ڕووداوەکـان لەو کـاتی ئێراندا بکەیـن، بـا بـزانین لە ئێـران دەرەتـانی چـالاکیەکی ئـاسایی هەیە؟ بە تـایبەت دوای ئەوەی کرانەوەیەکـی سیاسی لە سـاڵەکانی ١٣٣٩ تـا ١٣٤٢ بەهـۆی فشاری ئەمریکا بۆ ناچارکردنی ئێران بە هەندێ چاکسازی دروست ببوو. عەلی ئەمینی، سەرۆک وەزیـری ئەو کـات هەندێ دەرەتـانی سیاسی بۆ خەڵک کردبۆوە کە تێیدا بەرەی نیشتمانیو ئەوانە دەستیان بە چـالاکی کردبـۆوە. لە کاتی جوڵانەوەی ٤٦ - ٤٧دا ئەو قۆناغە کۆتـایی هاتبوو، ئەو دەرەتـانە بچووکەش نەمابوو، بەتـایبەت دوای ئەوەی لە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٤٢ هەرای خومەینیـیان سەرکوت کرد. ئیدی دوای ئەوە مەجالێک بـۆ چـالاکیی سیاسی نەمـا. مهەنـدیس بـازرگـان قسەیەکی جوانی هەیە لەو کـاتـدا. ئەو کە ئەنـدامی ڕێبەریـی نێهزەتـی ئـازادی بـوو لە کـاتی دادگاییکردنیدا بە دادستانەکەی دەڵێ: «ئێمە ئـاخرین کەسانێکین کە دەمانەوێ لە چوارچێوەی قـانوونی بنەڕەتیدا خەبـاتو تێکۆشـانمان هەبـێ.» ئەو کە بۆخـۆی لە نێـو کۆمەڵگـاو لە هەنـاوی ڕووداوەکـاندا بـووە، پێشبینیی ئەوە دەکاو دەڵێ ئێمە ئـاخر نەسڵین. نەسڵەکەی دیکە دەست بـۆ چەک دەبـاو لە ڕێگەی دیکەوە خەبـات دەکـا، واتە لە ڕێگەی توندوتیژییەوە.

**یانی دەفەرمووی دۆخی سیاسیی ئەو کات ئەو شێوازەی بەسەردا سەپاندن یان ئیلهامیان لە شتێکی دی وەردەگرت؟**

**سمایل بازیار:** دەمەوێ بڵێم هەلومەرجێکی ئـاسایی و یـاسایی بۆ تێکۆشان لەبەردەستدا نەبووە، ئەوە یەکەم. دواتر بـا سەیرێکی ڕەوتـی ڕووداوەکـان لە نـاوچەو جیهـان بکەیـن. دەیەی ٦٠ی زایینـی کە ئەو جووڵانەوەیەی تێدا کراوە دەیەیەکـی زۆر تـایبەتـیە لە سـەدەی بیستەمدا. ئێریـک هابزبـاوم بە دەیەی ڕادیکـالیزمو شـۆڕش نـاوی دەبـا. لە دەیەی ٦٠دا لە زۆر شوێنی دنیا رادیکالیسمو شۆڕشو ڕاپەڕین دەستی پێکردوە. چاو لێکە تەنـانەت لە ئەمریکـا لە دەیەی ٦٠ دایە کە ڕەشپێستەکان بە ڕێبەرایەتیی مارتین لوترکینگ بـۆ مـافە مەدەنییەکانیـان ئـاوا چالاکـانە دێنە

پێشێ. ئەوجار وەرە ئورووپا و سەیری بزاوتە خوێندکارییەکان لە پێتەختی وڵاتانی ئورووپایی بکە، بزانە چۆن لە پاریس پاشەکشە بە «دوگول» دەکا. لە جیهانی سێیەم بە تایبەت ئەوە بەرچاوترە. لە ڤێتنامڕا بگرە تا دێتە فەلەستین لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تا دەچێتە ئەفریقاو تەنانەت ئەمریکای لاتین. بە دەیان وڵات لەو دەیەدا زنجیری کۆلۆنیالیسمو دیلیان پساندو هاتنە سەر نەخشەی جوغرافیای سیاسیی وڵاتان. لەو دەیەدا خەباتی ڕزگاریخوازی دەگاتە لوتکەی خۆی. ئەوەی جالبە، ئەوەی لایەنگرانو هەروەها دژبەرانی ئەو جووڵانەوەو بزاوتانەی سەرسام کردبوو ئەوەیە کە ئەوەندەی تۆمار کراوەو ئاماژەی دراوەتێ نیزیک بە٣٢ حاڵەتو جووڵانەوەو بزاوتی چەکداری هەیە لە دنیادا. مەسەلەن ڤێتنامییەکان کە پێشتر فەڕانسەوییەکانیان تێکشاندبوو، لەو دەیەدا ئەمریکایان بە تەواوی بە «چالش» کێشابوو. فەلەستینییەکان هەروەها. سەیر کە بزانە چۆن ئەلجەزایرییەکان هەر لە ڕێگای خەباتی چەکدارییەوە فەڕانسەوییەکانیان لە وڵاتانی خۆیان دەرکرد، سەرکەوتنی شۆڕشی کوبا، شۆڕشی چین هەر لە ڕێگای خەباتی چەکدارییەوە بوو، گۆڕانکارییەکان لە ئەمریکای لاتین. ئەو رادیکالیسمەو ئەو پەنا بۆ چەکبردنە کاریگەریی زۆری لە سەر ڕێبەرانی ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ بووە. هەر لە کوردستانی خۆشمان، لە باشووری کوردستان ئەوکات خەباتێکی چەکدارانەی بەهێز هەیەو هەموو ئەوانە کاریگەریی لەسەر ئەوان بووە. جا کە سەیر دەکەی دەبینی زۆربەی ڕێبەرانی جووڵانەوەکە کەسانێکی لاون، پێشینەیان لە خەباتو بزاوتی خوێندکاریی ئێران لەوساڵانەدا هەیە، ئەوانە هەموو کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوەو بڕیارەکانی ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیەدا هەبووە.

**بەشی هەرە زۆری ئەو بزاوتانەی جەنابت باست کرد لەچین، لە ئەلجەزایر، لە ڤێتنامو لە ئەمریکاش سەرکەوتن بە تایبەت لە کوبا؛ بەڵام لە کوردستان نا. هۆکارەکەی چییە؟ ئایا ڕێبەرانی جووڵانەوەی ٤٦-٤٧ لە لێکدانەوەکانیاندا بەهەڵەچوبوون؟ ئایا ئیحساسی بڕیاریان دابوو؟**

**سمایل بازیار:** ئێمە بۆ قسەکردن لەسەر ئەو بابەتە دەبێ بگەڕێینەوە کەشوهەوای سیاسیی دەیەی ٦٠ کە جۆرێک لە ڕوحی خەباتگێڕی هەموو جیهانی گرتبۆوە، لە ئورووپا، لە جیهانی سێیەم بە ئەمریکاشەوە. ئەو ڕوحە خەباتگێڕییە کاریگەریی خۆی لە هەموو جێیەک داناوە. لە ڕاستیدا سەرکەوتنی کوباییەکان لە کوبا لە ڕێگای خەباتی چەکدارییەوە بوو. ئەو سەرکەوتنە بوو ئولگوو، بوو بە ئیلهامدەری زۆر لە شۆڕشگێڕەکان، لە لاوە ڕادیکاڵەکان لە زۆر وڵاتان جا لە ئاسیا، لە ئەفریقاو لە ئەمریکای لاتینو شوێنەکانی دیکەش.

هەلومەرجی کوبا جۆرێک بوو زۆر ڕاحەت بە دەستیانەوە هات. ئەوان ١٩٥٧ لە چیاکانی «سیرا مائێسترا» دەستیان پێ کردو لە ١٩٥٩ سەرکەوتن. ئەو سەرکەوتنەوە و بەدەستەوەهاتنەوە بووە ئیلهامدەری زۆر ڕاپەڕینەکانی دیکە کەچی لە زۆر جێیان ئەمە سەرکەوتنی وەدەست نەهێنا. هەر یەکێک لە ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەی کوبا کە بەناوبانگەو هەمووما‌ن دەیناسین، چێگوارا. ئەو ویستی عەینی ئەو شێوازە لە بۆلیوی کۆپی بکا بەڵام نەیتوانی، بۆ خۆیشی لەوێ کوژرا.

جا بێ ئەملاوئەولا ئەوە کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر بیرکردنەوەی ڕێبەرانی جووڵانەوەی ٤٦-٤٧. تەنانەت لە ئێرانێشدا ئەم کۆپیکردنە لە شۆڕشی کوبا کرا، ئەوەی سازمانی چریکەکان لە سیاهکەل لە ساڵی ١٣٤٩ کردیان، دیارە ئەوانیش تێیدا سەرکەوتوو نەبوون. بۆیە ئەمن ناڵێم ئەوان ئیحساسی جووڵاونەتەوە، بەڵام لە لێکدانەوەکانیاندا ئەو وردبینییە پێویستەیان نەکردبوو. دەمەوێ بڵێم عونسوری ئیحساس لە وەرێخستنی ئەو جووڵانەوەیەدا زۆر لاوازەو ئەوەی پتر تۆخو دیارە باوەڕبەخۆبوونو ئیرادەخوازیی ئەوانە.

**دەکرێ وەک نموونە بەڵگەیەک لەو پێوەندییەدا باس بکەی؟**

**سمایل بازیار:** بەڵگە زۆرن. تۆ کە نامەیەکی کاک سولەیمان موعینی دەخوێنییەوە کە دێکۆمێنتەو هەیە، بۆت دەردەکەوێ کە لە لێکدانەوەی هەلومەرجی کوردستاندا دیققەتی تەواویان نەکردوە. چونکی لە نامەکەدا وا باس دەکا کە هەلومەرج لەبارە، خەڵک پێیان پێوەست دەبێ و ئەوان تێیدا سەردەکەون. ئەوە ئیحساسی بوون نییە، بەڵام دەکرێ بڵێین لێکدانەوەکانیان ورد نەبووە، لە سەر بارودۆخی کوردستان.

لەگەڵتم بۆ ئەوەیان. چونکی دەبینی ئەو جووڵانەوەیە لە بەشی گوندنشینەکانی کوردستاندا دەکرێ، لە شوێنێک کە چەند ساڵێکە ئیسلاحاتی ئەرزی بە فەرمانی شا کراوەو خەڵکی گوندی بوونەتە خاوەنی مەزراو مووچە. سروشتییە لەو هەلومەرجەدا کار بۆ ئەو شۆڕشگێڕانە سەختو دژوار دەبێ.

ڕاست وایە. ئەگەر باس لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی بکەین، یەکێک لە هۆکارەکانی دەتوانێ ئەوە بێ.

**دوایە وردتر دێینە سەر باسی هۆکارەکانی تێکشکانی ڕاپەڕینەکە، لێرە پرسیارێک دێتە گۆڕێ ئەویش ئەوەیە کە ئەو ڕاپەڕینە هەڵگری چ گوتار و گوفتومانێک بوو؟ لە بنەڕەتدا ئەو جووڵانەوەیە تیوریزە کرابوو، گوتاری**

**تایبەت بە خۆی هەبوو؟**

**سمایل بازیار:** لە ڕاستیدا ئەوان گوفتومانێکی تایبەتییان نەبوو. ئەوان زۆر بە خێراو بەپەلە کەوتنە ڕێکخستنی ڕاپەڕینەکە. تۆ سەیر بکە ئەو ساڵەی کە ئەوان دەستیان بە ڕاپەڕینەکە کرد، ئەو ساڵە بوو کە حەمەڕەزا شا تاجی پاشایەتیی لەسەر دانا. حەمەڕەشا لە ساڵی ١٣٢٠ دەبێتە شای ئێرانێو لەسەر تەخت دادەنیشێ بەڵام دوای ٢٦ ساڵو لە ساڵی ١٣٤٦دا تاجگوزاریی کرد. کاتێک کە هەست بە سەقامگیری دەکا. ئەو کات ئیدی ژاندارمی ناوچەکە بوو، ئەمریکا ئەو نەخشەی پێدابوو، یانی نەک خۆی هەستی تەواوی بە ئەمنیەتی خۆیو وڵاتەکەی دەکرد، بەڵکوو لە پێناو ئامانجی بەرەی ڕۆژاوادا خۆی بە پارێزەری ئەمنیەتی ناوچەکەش دەزانی. ئێمە دەبێ بیر لەوەش بکەینەوە کە جووڵانەوەکە لە چ کاتێکدایە، لە کاتی شەڕی سارددا. مەبەستم ئەوەیە کە تۆ بتەوێ بە گژی ڕێژیمێکی ئاوا بەو ئیمکاناتەو بەو جێگەو پێگەیە ڕاچی، دەبێ بە ئیمکاناتی زیاتر، بە وردبینیی زۆرترو بە دووربینیی باشترەوە دەست پێبکەی. خۆئامادەکردنی زیاتری دەویست هەم لەباری فیکرییەوە، هەم لەبواری ماددیو لۆجستیکییەوە کارەکەیان زۆر کتوپڕ بوو، ئەوە ڕەخنەیەکە لەو ڕاپەڕینە دەگیرێ، جا ڕەنگبێ هەلومەرجی باشووری کوردستانیش وای لێکردبن کە پەلە بکەنو دەست ببزوێن.

با یەک شتی دیکەش لە سەر ڕێبەریی جووڵانەوەکە بڵێم. تۆ کە چاو لە نامەکانیان دەکەی، بەشی زۆریان کاریگەریی بیری چەپیان بەسەرەوە بوو، ئەویش چ جۆرە چەپێک، چەپی مائوییستی. ئەوان سەرسامن بە شۆڕشی چینو ئیلهاموەرگرتن لە ئەزموونەکانی شۆڕشی چینو بە تیۆرییەکانی مائۆ کە پێی لەسەر نەخشو دەوری گوندەکانو جوتیاران دادەگرت. ئەوەی کە دەیگوت ئاوردووی شۆڕش لە گوندەکان باشتر دەسووتێو گەمارۆدانی شارەکان لە ڕێگای دێهاتەکانەوە. شۆڕشی چین بە ڕێبەرایەتیی مائۆ لەو ڕێگایەوە سەرکەوت، پێگەی سەرەکییان گوندەکان بوون، ئەرتەشی سووری مائۆ زۆرینەی هەرە زۆری جوتیارەکان بوون، ئەوە کاریگەریی زۆری بەسەر بیرکردنەوەی زۆربەی ڕێبەرانی ٤٦-٤٧ەوە هەبوو، هەڵبەت حاشاش لەوە ناکرێ کە کاریگەریی بیری نەتەوایەتیش ئاوێتەی ڕاپەڕینەکەیان بووە.

**باشە بۆ ئەوان کەوتبوونە ژێر کاریگەریی بیری چەپ ئەویش لەو جۆرەی؟ بەڵگەی بۆ ئەوە چییە؟**

**سمایل بازیار:** جیا لە تایبەتمەندیی ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە کە باسمان کرد بەشێکی دیکەی هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێوەندییەی لە نێوان ئەوانو سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودەدا هەبوو. سازمانی ئیقلابیی

حیزبی توودە ئەم ڕێکخراوەیە بوو کە ساڵی١٣٤٣ لە ئوروووپا بەشێک لە جوانەکانی ئەو حیزبە پێکیان هێنابوو. دیارە هەندێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی توودەش وەک فرووتن و قاسمیو سەغایی لەگەڵیان کەوتبوون، بەڵام زیاتر کەسانی وەک موحسین ڕیزوانی، مێهدی خانبابا تێهرانیو کورش لاشاییو ئەو تیپە کەسانە لە حیزبی توودە جیابوونەوەو سازمانی شۆڕشگێڕی حیزبی توودەیان پێکهێنا. ئەوانیش تەواو لە ژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی مائۆدا بوون، ئەو کاتەی بەرەی سۆسیالیستی لە دنیادا ئینشعابی تێکەوت، یانی یەکیەتیی سۆڤییەتو چین ڕیزی خۆیان لە یەکتر جیاکردەوە، لە ژێر کاریگەریی ئەم ئینشعابە لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا لە نێو حیزبە کۆمۆنیستییەکاندا ئەو جیابوونەوەیە ڕوویان دا. ئەم ڕێکخراوەیەی ئینقلابیی حیزبی توودەش لەو چوارچێوەیەدا دروست بوو. ئەوان یەکیەتیی سۆڤیەتیان بە ریویزیونیسیت تاوانبار دەکردو دەیانگوت ئەوان پیداچوونەوەیان بە بنەماکانی مارکسیزمو لێنینیسمدا کردوە. جا ئەو ڕێکخراوانە باوەڕیان بە خەباتی چەکداری هەبوو و کاریگەریی مائۆییسمیان بەسەرەوە بوو. ڕێبەرانی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧و ئەوانە پێکەوە پێوەندییان هەبوو.

بەڵگەیەکی دیکە بۆ ئەوەی زۆربەی ڕێبەرانی خەباتکاری جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ چەپی مائوییستی بوون بیرەوەرییەکانی یەکێک لە ڕێبەرانی سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودە کورش لاشاییە. کورش لاشایی لە ئورووپاڕا گەڕاوە، هاتەوە باشووری کوردستانو تەقریبەن دوو مانگیان لەگەڵ بووە. لەگەڵ کاک سمایل شەریفزادەو کاک حەمەدەمین سیڕاجیو ئەوان زیاتر لە دوو مانگ لە ناوچەدا جەولەی کردوە.

دوایە دەڕواتەوە ئورووپا کە دێتەوە ئی دیکەش لەگەڵ خۆی دێنێ، بەڵام ئیدی ڕاپەڕینەکە کۆتایی پێهاتوە، تەواو بووەو بەشێک لە ڕێبەرەکانی شەهید بوون. لە لابەلای بیرەوەرییەکانی کورش لاشاییدا تێڕوانینی چەپی مائۆئیستیی ڕێبەرانی ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ دەبیندرێو بە تایبەتی لە نامەکانیاندا کە بۆ د. قاسملوو و کەریم حیسامییان نووسیوە کە تێیدا پێداگری لەسەر پێویستیی خەباتی چەکداریو دەوری جوتیارانو گوندەکان لە بەرپاکردنی شۆڕشدا دەبینین.

با ئەوەش بڵێم چەند ساڵ پێشتریش سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودە ویستی لە نێو ئێلی قەشقایی لە باشووری ئێران لە خانو دەرەبەگەکان بە ڕیفۆرمەکانی شا لە بابەت زەویو زار ناڕازی بوون کار بکەنو ئاراستەی پێبدەن کە سەرکەوتوو نەبوون. دیارە ئەوەی قەشقاییەکان ملبادانو سەربزێویی خانو دەرەبەگەکان بوو بە ڕیفۆرمەکانی

شا و ناچێتە چوارچێوەی ڕاپەڕین، چون فیکرو ڕێکخستنو ئیرادەی تێدا نەدەبینرا.

**باشە پێوەندیی نێوان سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودەو خەباتکارانی ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ چۆن دروست بووە؟ ئەوان لە وڵاتانی ئوروووپایی، ئەمان لە باشووری کوردستانو چیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟**

**سمایل بازیار:** ئەو پێوەندییە لە ڕێگای «مام جەلال»ەوە دروست بووە. دوای دروستبوونی کێشەو ناکۆکی لە نێوان ڕێبەری شۆڕشی ئەیلوول کە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی جیابوونەوە ، مام جەلال یەکەم کەس لە ڕێبەرانی کوردە کە کاریگەریی ئەندێشەکانی مائۆی لەسەر بوو. یانی دەتوانم بڵێم مام جەلال زووتر لەو کاتو لە نیوەی پەنجاکانی زایینییەوە کەوتبووە ژێر کاریگەریی بیرو ئەندێشەکانی مائۆ. ئەو بۆ خۆی ئەو کات بۆ بەشداری لە فستیڤاڵێکی خوێندکارانی جیهان سەردانی چین دەکاو ئەوێ دەبینێو بە تەواوی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بیرو ئەندێشەکانی مائۆ. ئەمانە، واتە باڵی مەکتەبی سیاسی لە دەرەوەی وڵات، لە بێرلین نەفەریان هەیەو لەگەڵ ڕێبەرانی سازمانی ئینقلابی یەکتر دەبینێو بەو جۆرە پێوەندییەکان لەگەڵ خەباتکارانی ڕۆژهەڵات دروست دەکەنو کەسانێکی وەک کورش لاشایی دێنەوە بەکرەجۆ و لەوێ لەگەڵ سمایل شەریفزادەو ئەوان یەکتر دەگرنو دێنەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. واتە لە ڕێگای مام جەلالەوە ئەم پێوەندی‌یە دروست بوو.

**بە هەموو ئەو سەرنجو تێبینی‌یانە ئەگەر بمانەوێ باس لە گرینگیی ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ بکەین دەبێ قامک لەسەر چی دابنێین؟ ئێوە گرینگیی ئەو جووڵانەوەیە لە چیدا دەبینن؟**

**سمایل بازیار:** با لە پێشدا و سەرەتا بزانین ئەو ڕاپەڕینە لەبەرچی بۆ حیزبی دێموکرات گرینگە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان ئەگەرچی تێکۆشانی بووەو خەباتەکەی هەورازو نشیوی زۆری بە خۆیەوە بینیوە. بەڵام هەتا ئاشکرابوونەوەی تێکۆشانی لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ لە ١١ی ڕەشەمەدا و لە میتینگەکەی مەهاباددا؛ جووڵانەوەی٤٦ - ٤٧ دیارترینو بەرجەستەترین قۆناغی چالاکیو فەعالیەتێتی.

دیارە لەو ماوەیەدا خەبات بووە، چالاکی بووە، ئەندامانی ئەو حیزبە کەوتوونەتە زیندانەوە، بەڵام ڕاپەڕینی٤٦ - ٤٧ گرینگترینی ئەو مێژووەیە. واتە لە دوای کۆماری کوردستانەوە هەتا شۆڕشی ١٣٥٧ ئەمە لوتکەی چالاکیو تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. ئەگەر دەبینی لە میتینگی ١١ی ڕەشەمەدا پێشوازی‌یەکی بەرین لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کرا بەشێکی کاریگەریی ئەم ڕاپەڕینەیە. ڕاستە بیرەوەری‌یەکانی کۆمار، نۆستالیژیای کۆمار

ئێستاش لە بیری بەشێكی خەڵكدا هەر مابوو، بەڵام كۆمەڵانی خەڵك كە ڕوو لە حیزب دەكەن، حیزبێك كە ساڵەهایە دوورە لە خەڵكو چالاكیی ئاشكرای نەبووە، خەباتەكەی كز بووە، ئەدی چۆنە پێشوازیەكی ئاوای لێدەكرێ؟ ڕاستە بەرنامەو شوعارەكانی حیزب گرینگن، بەڵام بەبێ ئەملاوئەولا یەكێك لە فاكتەرەكانی ئەو پێشوازیە لە ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧و ئاكامەكانیەتی. چونكی هەر دە ساڵ بوو ئەو ڕاپەڕینە تێكشكابوو. كەسایەتییەكانی ئەو جووڵانەوەیە لە یادەوەریی خەڵكدا هەر مابوون. كەوابوو ئەمە خاڵێكی گرینگە. دواتر لە ئێراندا ئەمە یەكەمجارە كە ڕێكخراوێك بە كردەوە ڕوو لە خەباتی چەكداری دەكاو ئەو شێوازە بۆ خەبات لە دژی حكومەت هەڵدەبژێرێ. ڕەنگە وەك فیكر هەبووبێ، بەڵام بە عەمەلی حیزبی دێموكراتی كوردستان بە جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ یەكەم ڕێكخراوە كە پەنا بۆ ئەو شێوازە لە خەبات دەبا. بە ڕوویەكی دیكەدا ئەو جووڵانەوەیە كاریگەریی بووە لەسەر ڕێكخراوەكانی دیكە لە ئێران كە ئەو شێوازە لە خەبات بگرنە بەر. دیارە ئەوەی مهەندیس بازرگان كە باسم كرد، لە دوای ساڵی ١٣٤٣ یەكەم بیر و گەراكانی خەباتی چەكداری بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێراندا دروست دەبێ بەهۆی «بیژەنی جەزەنی»، ئەمیر پەرویزی پوویانو مەسعوودی ئەحمەدزادەو ئەوانەوە كە دوایە لە ساڵی١٣٤٩ ڕێكخراوی فیداییانی لێكەوتەوە، ساڵی دواتر سازمانی مجاهیدنی خەلق كە ئەوانیش لە بیری خەباتی چەكداریدا بوون؛ لە كاتێكدا كە ئەو ڕێكخراوانە هەر لە فیكری ئامادەكاری دابوون ئەو لە كوردستانە كە چەخماغەی ئەم شێوازە لە خەبات لێدەدرێ. ئەمن گوتم كە یەكەم هەستەكانی چریكە فیداییەكان لە ساڵی ١٣٤٣ دروست دەبێ، بەڵام یەكەم كاری بەكردەوەیان ڕووداوەكەی سیاهكەل لە ساڵی ١٣٤٩ بوو. بەبێ ئەملاوئەولا جووڵانەوەی ٤٦-٤٧ كاریگەریی لەسەر ئەو ڕێكخراوانە بووە. تەنانەت كاك سمایلی شەریفزادە لە سەردەمی خوێندكاریشدا لەگەڵ هیندێك لە خوێندكاران كە دواتر لەگەڵ چریكەكان كەوتن پێوەندیی بووە، نامەو نامەگۆڕینەوەیان لە نێواندا بووە، وەك عەلیڕەزا نابدل، بێهرووز دێهقانی، برای ئەشرەف دێهقانی كە دواتر هەردووكیان كوژران. ئەوەمان لەبیر نەچێ كە چۆن ئەو ڕاپەڕینە هێمنیو ئارامیی ئێرانی شڵەژاند. شا كە ئێرانی بە جەزیرەی ئارام لە دەریای تۆفانیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەشوبهاند، ئەو گۆمە مەندەیان لێ شلەقاند. ئەوانە گرینگن.

**باشە هەر گرینگە یان دەسكەوتیشی بووە؟**

**سمایل بازیار:** ئەو گرینگییانە هەموو دەسكەوتی مەعنەوین. یەكێك لە دەسكەوتە مەعنەوییەكان درێژەدانی خەباتەو كاریگەریی لە سەر بەردەوامیی تێكۆشان داناوە. نەسڵی پاش ئەوانو نەسڵی دواتر كە من یەكێك لەوانم

کاریگەریی ئەوانی بەسەرەوە بووە. بەڵام ئەو نەسلەی کە بەدوای ئەواندا کاریگەریی ئەوانی بەسەرەوەبوو کۆمەڵێک لاو بوون کە لە زانکۆکانی ئێراندا دەیانخوێندو دواتر ئەوەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانیان دروست کرد، ئەوە بەرهەمی کاریگەریی ئەوان بوو. یانی ئەو نەسڵەی دوایە بوونە ڕێبەرانی کۆمەڵە، کاریگەریی ئەوانیان بەسەرەوە بوو. نەسڵی دواتر کە ئەمن بۆ خۆم یەک لەوانم، لە ساڵەکانی ١٣٥٥ - ١٣٥٦ کە دەچووینە شاخەوانی لە ناوچەی مەهابادو شارەکانی پیرانشارو سەردەشت، لەهەر مووچەیەک، لەهەر کانیاوێک کە لامان دەدا، خاوەن مووچەکە باسی کاک سولەیمانی موعینی کە بە کاک فایق دەناسرا، باسی ئەوانیان بۆ دەکردین، ئێمەش کاریگەریی ئەوانمان بەسەرەوە بوو. لام وایە لە کەم حوجرەی فەقێیان باسی مەلا ئاوارە نەکرابێ، زۆر کەس ناوی منداڵەکانی بە ناوی ئەوان دەکرد. هەروەها مینەشەم لە ناوچەی ڕەبەتو سەردەشت ناوو ناوبانگی هەبوو. دیسان تۆ چاو لە مەهابادی ئەو کات بکە کە شارێکی بچووک بوو. لەو شارەدا کە چەند کەسی جوان ئەویش لە بنەماڵە بەناوبانگەکانی ئەو شارەی لێ بکوژرێ، بزانە چ کاریگەرییەکی بووە. بۆ خۆت دەزانی کە باوکی کاک سولەیمان موعینی وەزیر بووە لە کۆماری کوردستاندا، بنەماڵەی شەریفزادە کە بازرگانێکی گەورەی شارەکە بوون، لەو شارە بچووکەدا کە دوو برای وەک کاک عەبدوڵلا و کاک سولەیمان موعینی، کاک سمایل شەریفزادە، کاک سەید فەتاح نیزامی شەهید دەبن چ کاریگەریی سایکۆلۆژیی قووڵی بەسەر شارەکەوە دەبێ. ئەو کاریگەرییە کاتی شۆڕشی ٥٧یش هەر مابوو، وەک گوتم ئێمە نەسڵی دووهەمی دوای ئەوان بووین. ئەم شەهیدانە بۆ ئێمە ئیلهامبەخشو ئۆلگوو بوون؛ چۆن «خوسرەو ڕۆزبە»و «بیژەن جەزەن»ی و «حەمید ئەشرەف» بۆ لاوانی ئێران سەمبوولو ئۆلگووی موبارزاتی بوون، ئەوانیش بۆ ئێمەی لاوی کورد وابوون.

**ئەدی چ شوێنکارێکی لەسەر ڕەفتاری حکومەتی ناوەندی دانا. حکومەتی پاشایەتیی تووشی چ کاردانەوەیەک کرد؟**

**سمایل بازیار:** ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ حکومەتی پاشایەتیی تووشی شۆکو ڕاچلەکانێکی گەورە کرد. ڕێژیمی پاشایەتی قەت چاوەڕوانیی ئەوەی نەدەکرد، باوەڕی نەبوو کە ڕووداوێکی لەو چەشنە ئەو دوڕگە ئارامەی! لێ تێکبدا، ساڵێک پێش ئەم ڕاپەڕینە شا لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی بیانیدا کە لەسەر پرسی کورد پرسیاری لێدەکا، دەڵێ ئێمە کێشەیەکمان بە ناوی کێشەی کورد نییە، هەموو لە نیژادی ئارییاینو باسێک بەو ناوە نییە. بۆیە لەگەڵ دەسپێکی جووڵانەوەکە کاردانەوەی زۆر خێرایان هەبوو. ئەوان دەسبەجێ ئەفسەرێکی بەناوبانگی ئەرتەشی شاهەنشاهی، «ئەرتەشبود ئۆوەیسی»ی ڕاسپارد کە ڕاپەڕینەکە سەرکوت بکا. ئەو هات لە جەلدیان ستادێکی فەرماندەیی پێکهێنا. ئەوان زۆریان گرینگی بەوەدا کە نەهێلن ڕاپەڕینەکە بۆ ناوچەکانی دیکە پەرەبستێنێ. با

ئەوەش بڵێم کە حکومەتی ناوەندی لە ئێران لەو ڕووداوەدا بوو کە یەکەمجار چەکداری کوردی بەشێوەی ڕێکخراو بۆ سەرکوتی ڕاپەڕینی کوردی بەکارهێنا. بۆیە سەرکوتی ئەو ڕاپەڕینیە گرینگیی یەکجار زۆری پێدرا. ئەگەر چاو لە کتێبی «چپ به روایت اسناد ساواک» دەکەی، ئەو کات دەزانی کە ئەو جووڵانەوەیە چەندەی هەراسان کردوونو چەندە نیگەرانن لە نفووزی ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە لە نێو خەڵکدا. تەنانەت لە یەکێک لە بەڵگەکاندا هاتووە کە خەڵک بۆ چارەسەری کێشەکانیان ڕوو ناکەنە ئیدارەو شوێنە دەوڵەتیو حکومەییەکان، بەڵکوو ڕوو دەکەنە ئەوان هەتا بۆیان چارەسەر بکەن. یانی کاتێک کە چاو لە بەڵگەنامەکانی ساواک دەکەی ئەو کات بۆت دەردەکەوێ کە چەندە ئەو جووڵانەوەیەو سەرکوتکردنەکەی بەلای حکومەتی پاشایەتییەوە گرینگ بووە، بۆیە بە هەموو تواناوە سەرکوتی کرد. ئەوان جیا لە کۆکو پۆشتەی سەربازی هێزی ئاسمانیو هێلیکۆپتێریان بەکار هێنا. لە دوای تێکشکانی ڕاپەڕینەکەش خەڵکێکی یەکجار زۆریان گرتو ژمارەیەکیان ئێعدام کرد.

**جوغرافیای تێکۆشانی ئەو ڕاپەڕینە بۆ هەر لەو بەشە لە موکریاندا مایەوە کە باسمان کرد؟**

**سمایل بازیار:** وەک گوتم جووڵانەوەکە کتوپڕ بوو، دوایە مەوداو دەرەتانیان نەدرایە. دیارە ئەوەش بڵێم ئەم ڕاپەڕینە تیمێکی لە ناوچەی ورمێش بووە، بەڵام زور زوو تیمەکەیان بەداخەوە لەنێو دەچێ، ئەو تیمەی نحۆ، ناسراوی بە باپیر شکاک فەرماندەیی دەکردن. بۆیە بەرنامەش بۆ پەرەپێدان بە جوغرافیای چالاکییەکان هەبوو ئەگەر مەجالیان درابایە. هەروەها بەهۆی پێگەی سوننەتی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی موکریان کە دیارە ئەم کەمایسییە دواتر لە بەرگریی چەکدارانەی گەلەکەمان لە دژی کۆماری ئیسلامی چارەسەر کراو جوغرافیای تێکۆشانی سیاسی لە کرماشانەوە تا ورمێو سەڵماسی گرتەوە.

**بەر لەوەی وردتر باس لە هۆکارەکانی تێکشکانی ئەم جووڵانەوەیە بکەین، دەپرسم بۆ کەمایەتییەکی زۆر کەم لە ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەشداری جووڵانەوەکە بوون؟**

**سمایل بازیار:** نا، ئەمن پێم وانییە کە بەشی زۆرینەی حیزبی دێموکڕات لەگەڵ ئەو جووڵانەوەیە نەبووبێ.

**ئەی ئەوە نییە لە هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی تەنیا یەک کەس، ئەویش کاک سولەیمان موعینی لە ڕێبەریی جووڵانەوەکەدا بووە.**

**سمایل بازیار:** ناتوانم بڵێم بەشی زۆری حیزب لەگەڵ نەکەوتوە، لانیکەم نیوەی ئەندامانی حیزبی دێموکڕات لەگەڵ جووڵانەوەکە بووە. دیارە ئەمن ئاماری وردم لەسەر ئەو ئەندامانەی حیزب نییە کە لە باشووری کوردستان مانەوە، بەڵام وایە هەندێ سیمای ناسراوی حیزب هەبوون کە لەگەڵ نەکەوتن. ڕەنگبێ هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە ئەو بڕیارە ڕیسکێکی گەورە بوو. ئەتۆ دەست بۆ کارێک دەبەی کە ئیحتمالی ئەوەی تێدابچی یەکجار زۆرە، ئەمن هۆکاری سەرەکیی ئەمە بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێنمەوە. بۆ بەشدارییان نەکرد، ڕەنگبێ ئەگەر بەپێی هەلومەرجو تێگەیشتنی ئێستا لێکدانەوەی مەنتیقیی بۆ بکەن، مەسەلەن بڵێن هەلومەرجەکە گونجاو نەبووە. تەنانەت یەکێک لەوان لە بیرەوەرییەکانیدا بە «ماجەراجوویی» ناو دەبا، بۆ خۆی چونکی تێیدا بەشدار نەبووە دەڵێ ماجەراجوویی بووە. دەتوانم بڵێم چونکی زەریبی ڕیسکی ڕاپەڕینەکە یەکجار لەسەرێ بووە، بۆیە خۆیان لێ نەداوە. ئەوانەی لەم ڕاپەڕینەدا بەشدارییان کرد دەستیان لە گیانی خۆیان شوشتبووە. لە ژیاندا مانی تەنیا یەکێک لە ڕێبەرانی ئەم ڕاپەڕینە (حەمەدەمین سیڕاجی) سەلمێنەری ئەم ئیدیعایەیە.

**پشتیوانەکانی ئەو جووڵانەوەیە کێ بوون؟ دژبەرانی کێ بوون؟**

**سمایل بازیار:** زۆر لەمێژە دەگوترێ، دەڵێن کوردەکان جیا لە شاخەکان دۆستی دیکەیان نییە، ئەو قسەیە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو قۆناغە لە تێکۆشانی خەباتگێڕانی کورددا قەت ئەوەندە ڕاست نەبووە. بەڕاستی پڕ بە پێستی ئەو ڕاپەڕینە بووە. شاخەکانیان بووەو چوار - پێنج کلاشینکۆفو دوو تیربارو چەند تفەنگی کۆنی برنوو. کەس یارمەتیی نەداون، تەنانەت پشتی جیبهەشیان نەبووە، ئەویش لە کاتێکدا کە بۆ خەباتی چەکداری بوونی پشتی جیبهە ئەسڵێکی ستراتیژیو بنەڕەتییە. ئەوان ئەوەشیان نەبوو.

با ئەوەمان لە بیرنەچێ لە دیوی کوردستانی عێراقدا حیزبی شیوعی لە ڕادەی تواناییو دەسەڵاتی خۆیدا زۆر جار فریایان کەوتوە.

**هەر ئەوە دەفەرمووی کە جیا لە کۆمەڵێک چەکی سووکو نیوەسووک ئیمکاناتی لۆجستیکیی دیکەیان نەبوە، ئایا ئەوە خاڵی لاوازی ڕاپەڕینەکە نییە کە بە کەیفییەتەوە بەرەنگاری ڕێژیمێکی زەبەلاح بۆتەوە؟**

**سمایل بازیار:** پێشتر ئاماژەم پێکرد کە ئەوان بە خێراییو پەلە دەستیان دایە کارێکی گەورە. لە ڕاستیدا ئەوان لە سفرەوە دەستیان پێکردو بێجگە لە ئیمانو ورە هیچیان شک نەدەبرد.

**گوتت کە جیا لە شاخەکان پشتیوانیان نەبووە، ئەدی دژبەرانیان؟**

**سمایل بازیار:** دژبەرانی دیارە کە بەپلەی یەکەم ڕێژیمی پاشایەتی بوو، وەک پێشتریش باسم کرد بۆ یەکەمجار بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە حکومەتی ناوەندی هێزی چەکداری کورد بەشێوەیەکی ڕێکخراو بە گژی جووڵانەوەی کورددا بکا. ئەوە زیانێکی گەورە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا بەداخەوە ئاغاوەتو دەرەبەگەکانیی کوردیش بە تایبەت لە ناوچەی بانە دەوری خراپیان گێڕا. ئەو هێزە ٤٠٠- ٥٠٠ کەسەی وەدووی تێکۆشەرانی ئەم جووڵانەوەیە کەوتووە دەبینی بە چاوساغیی ئاغاوەتەکانی ئەو ناوچەیە بووە.

**ئەدی لە ئاستی ئێراندا دەنگدانەوەی چۆن بوو، توانی پشتیوانێک بۆ خۆی ببینێتەوە؟**

**سمایل بازیار:** ئەوکاتە تاکی حیزبی سەرتاسەری لە ئێران حیزبی توودە بوو، بەڵام حیزبی توودە چۆن هاتە نێو ئەو مەوزووعەوە. حیزبی توودە کە زانی ڕێکخراوی ئینقلابیی حیزبی توودە پێوەندییان لەگەڵ ڕاپەڕینەکە گرتوە، بۆ ئەوەی ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە بە لای ڕێکخراوی ئینقلابیدا نەکەونو بۆ خۆیان جڵەوی ڕاپەڕینەکە لە دەست نەدەن، چونکی ئەو کات ڕێکخراوی ئینقلابی‌یان وەکوو دوژمنی خۆیان سەیر دەکرد، ئەوانیش بە پەلەپەل وەخۆ کەوتن. هەڵبەت لەو نێوەدا دوکتور قاسملوو و کەریم حیسامی بۆ ئەوەیان زۆر هاندەر بوون کە حیزبی توودە پشتیان بگریو پاڵپشتیان بن. بۆیە دەبینین ساڵی ١٣٤٦ لە بەغدا، ڕەزا رادمەنش، سکرتێری حیزبی توودە؛ لەگەڵ کەریم حیسامی کە لە بوڵغارستان لە ڕادیۆ پەیکدا کاری دەکرد، لەگەڵ دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو کە لە پڕاگ بوو دێنەوە بەغدا. ئەوان لەوێ لەگەڵ کاک سولەیمان موعینیو کاک حەمەدەمین سیراجی دادەنیشن. ئەوە دەریدەخا کە دوکتور قاسملوو لە بەرامبەر ئەو حەرەکەتەدا بێتەفاوت نەبووە. کاک سمایل شەریفزادەو کاک سولەیمان موعینی بەردەوام لەگەڵ دوکتور قاسملوو لە پێوەندیدا بوون، لەگەڵ کاک کەریم حیسامی‌ش. نامەکان ماون. ئەوان بەردەوام ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەگەڵ یەکتر بووە. ئەو نامانە هەنو بە ئێمە دەڵێن کە کەریم حیسامیو دوکتور قاسملوو بەردەوام پێوەندییان بە جووڵانەوەکە بووە. هەر ئەوانیش حیزبی توودە هان دەدەنو فشاریان بۆ دێننو حیزبی توودەش لە ترسی ئەوەی ڕاپەڕینەکە نەکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودەوە، بۆیە دانیشتنێکیان لەگەڵ ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە بووە. لەوێ حیزبی توودە هیندێک بەڵێنیی یارمەتیو شتی دیکەیان پێدەدا؛ بەڵام هیچ شتێک لەو وادەو بەڵێنو قسانە شین نەبوو. هیچ شتێکیان نەکرد، تەنانەت هەندێک شەرتیشیان بۆ دادەنان، کە دەبێ ئەو ڕاپەڕینە چەپەکان، واتە باڵی چەپو پێشکەوتنخواز

ڕێبەریی بکاو ئەوان باڵادەست بن تێیدا.

**بە تـۆخی باسـی ڕۆڵـی دوکتـور قاسـملوو دەکەی، دەتەوێ بڵێـی دوکتـور قاسـملووش یەکێـک لە ڕێبەرانـی ئەو جووڵانەوەیە بوو؟**

**سمایل بازیار:** دوکتور قاسملوو و کاک کەریم حیسامی بەردەوام لەگەڵ ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە لە پێوەندیدا بـوون. لە دانیشـتنێکی دیکە کە کـاک سولەیمان موعینیو کـاک سمایل شـەریفزادە بە مەبەسـتی بەرینکـردنەوەی کـادری ڕێبەریی ڕاپەڕینەکە دەیکەن، دوکتور قاسملوو و کاک کەریم حیسامی کاندید دەکەن. قەرار دەدەن دوکتـور قاسـملوو بگەڕێتەوە کوردستانو لە بواری فیکریو پەروەردەییو فێرکاریدا یارمەتییان بدا بۆ ڕێبەریی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی.

**ڕاپەڕینێک کە دەیەوێ پەلو پۆ باوێ، ڕاپەڕینێک کە دەیەوێ ڕێبەرییەکەی بەرینتر بکاتەوە؛ ئەدی بـۆ تێکشکا؟ بۆ شکستی خوارد؟**

**سـمایل بازیـار:** لە ڕاسـتیدا زۆر هۆکـارن دەسـتیان داوەتە دەسـتی یەکتـر هەتـا ئەو جـووڵانەوەیە تێکبشـکێ. هەلومەرجی عەینی بەهیچ جۆر ئامادە نەبوو، وە تەنانەت هەلومەرجە زێهنییەکەش. بەڵام هەلومەرجی عەینی بـۆ ئامادە نەبوو؟ پێگەو چەقی تێکۆشانی خەباتگێڕانی ئەو ڕاپەڕینە گوندەکان بـوو، ڕاستە دەبینین لە زۆر جێگـادا خەڵکانێک بوون کە پێیان پێوەست بوون. هەر لە بیرەوەرییەکانی کورش لاشاییدا دەردەکەوێ کە خەڵـک بە ڕووی خۆشەوە وەری گرتوون، عەتفیان بۆ نیشـان داون، یارمەتییـان کردوون، پەنایـان داون؛ بەڵام ئەمە هەمـوو شتێک نییە. ڕیفۆرمەکـانی زەویو زار بە جۆرێـک جوتیارەکـانی بێتفـاوت کـردوە، شـار هیـچ دەورێکـی نییەو بە کـورتیو پوختی هەلومەرجی شۆڕشو ڕاپەڕین لەبارو ئامادە نییە. هەلـومەرجەکەش سەخت بـووە. ئەوەی وایکردبـوو کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر فشاریان بخرێتە سەرو بـازنە تێکۆشانو چالاکییەکانیان تەنگەبەرتر بێتەوە. هەروەها لە ژمارەی هێزەکانیـان کەم دەبـۆوە، بـۆیە دەبینـین کە کـاک سمایل شـەریفزادە شـەهید دەبـێ خـۆیو چوار کەس لەگەڵـی مابوونەوە کە تەنیا یەک لەوان لەو شەڕەدا بە برینداری ڕزگاری بوو و ئێستاش بە خۆشییەوە لە ژیاندا ماوە.

دەمەوێ بڵێم هەلومەرجە عەینییەکە ئامادە نییە، بارودۆخەکە سەختە؛ لە بـاری زێهنیشەوە دروشمی ڕاپەڕینەکە دیار نییە کە چییە، ستراتیژییەکی ڕوونی نییە، ڕێکخستنەکانیان لاوازن، لەوە بترازێ حیزب بۆ خۆی لەو کاتەدا لاوازە، تەنانەت دیار نییە کە بە ڕەسمی کێ کەسی یەکەمی ڕاپەڕینەکەیە. مەعلوومە کە کاک سولەیمانی موعینی

دەبێ کەسی یەکەمی بەرپرسایەتی‌یەکان بووبێ، چونکی ئەو تەنیا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبە، بەڵام بە رەسمی لە هیچ کوێ ئەوە نەگوتراوە. یان وتەبێژەکەی کێ بووە. دەڵێن کاک حەمەدەمین سیراجی بووە، بەڵام دەبینی لە نێو خۆیاندا ئەو شتانەیان ساغ نەکردۆتەوە. وەک گوتم زۆر بەپەلە ڕاپەڕینەکەیان وەڕێ خستوە. سەرباقی ئەوە پێشتریش باسمان کرد، لەباری چەکو تەقەمەنی‌شەوە لە تەنگانەدا بوون. ئەوەشمان گوت کە پشتی جیبهەشیان نەبوو، دواتر یەک ڕادیۆ و چاپەمەنی نییە کە باسیان بکا، دەمەوێ بڵێم نە دەستیان بە ڕادیۆیەک ڕادەگا قسەی تێدا بکەن، نە ڕۆژنامەیەک هەیە هەواڵی چالاکی‌یەکانیان بڵاو بکاتەوە. دوای شەهیدبوونیانە کە هێندێک لە ڕۆژنامەکانی حیزبە کۆمۆنیستی‌یەکانو مەسەلەن ڕادیۆ پەیک، ئەویش بە هیممەتی کاک کەریم حیسامی باسیان دەکەن، ئەویش دوای شکانو تەواوبوونی.

ئەوانە هەموو هۆکارن بۆ تێکشکانی ئەم ڕاپەڕینە. دیارە وەک گوتم ڕێژیمیش زۆری پێ حەسساس بوو، بۆیە فشارێکی یەکجار زۆریان لەسەر بوو.

**دوای نیوسەدە لەو ڕووداوە مێژووییە، ئەگەر بە کورتی هەستی خۆت، خوێندنەوەو ڕامانی خۆت لە ڕاپەڕینی ٤٦-٤٧ باس بکەی دەڵێی چی؟**

**سمایل بازیار:** دەڵێم ئەوان نەسڵێکی لەخوبووردووی عەمەلگەرا بوون، ئەوە پێناسەی منە بۆ ئەو خەباتکارانە، بۆ ئەوان کە ئارمانخوازو بەبیرو باوەڕ بوون. ئەوان ئێستاش ئیلهامدەرن بۆ زۆر کەس بە تایبەت خوێندکارانی ئارمانگەرا و ڕادیکاڵ، ئەوان ئێستاش هەر وەک ئولگوو سەیریان دەکرێ.

ئەگەر کەسێکی وەک چێگوارا دەبێتە ئەو کەسایەتی‌یە، دەبێتە ئولگویەک بۆ زۆربەی زۆری گەنجەکانی ئارمانخوازەکانی دنیا، ئەو پزیشکێکی ئارژانتینی‌یە کە لە چیاکانی بۆلیوی دەکوژرێ؛ کاک سمایل شەریفزادەش مهەندیسێکی جەوانە کە ساڵێک دوای وی شەهید دەبێ. ئەو لە دارستانەکانی بۆلیەوی شەهید دەبێ، ئەمیش لە شاخەکانی کوردستان، دەبینین کە خاڵی هاوبەشیان زۆرە، ئارمانەکەیان هەر یەکە، هەر دووکیان دەست لە پیشەکانیانو ژیانی ئاسایی‌یان هەڵدەگرنو وەدووی ئارمانەکانیان دەکەون. چێگوارا دەیتوانی وەک پزیشکێک ژیانی ئاسایی خۆی لە ئارژانتین بکا، کاک سمایل شەریفزادەش وەک مهەندیسێک درێژە بە ژیانی خۆی بدا. شتێکی لەوە گرینگتر، ئەو پۆلە لە خەباتکارانی کورد کوردستانیان تێکەڵ بەو ڕوحی خەباتگێڕی‌یە کرد کە ئەو کات لە دەیەی ٦٠ی دا لەسەرتاسەری جیهان لە کەفو کوڵدا بوو. لە هانۆی لە ویتنام، لە هاوانا لە کوبا، لە

ئەلجەزایر، لە غەنا، لە پاریس، ئەوان کوردستانیان تێکەڵ بەو ڕوحە خەباتگێڕیە کرد، یانی کوردستان لەو ڕەوتە بەجێ نەما. یانی کە باس لە دەیەی ٦٠ دەکەین، کوردستان غایب نییە، ون نییەو جێگەی خۆی لەم قۆناغە تاریخسازەی سەدەی بیستەمدا هەیە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٣.

٧ی مای ٢٠١٧

## کوردستان و پشکی لە قەیرانەکانی ئێران لە بەشی بەرهەمهێنان و پیشەسازیدا

بەرهەمهێنان و هەڵسووڕانی چەرخی پیشەسازی لە ئێران یەک لەو باس و قەیران و بابەتانەیە کە هەم لە بانگەشەکانی کاندیداکان و هەم لە باس و پێکهەڵپڕژانەکان لە دیبەیتەکانی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیدا ڕەنگدانەوەی زۆری هەبوو.

ئەگەرچی دروشم و سیاسەتی سەرەکیی حەسەن ڕوحانی ئاشتکردنەوەی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی و ڕاکێشانی متمانە و سەرمایە بۆ بووژاندنەوەی ئابووریی ئەم وڵاتە بوو، بەڵام ئامارەکان دەڵێن ناوبراو سەرەڕای ئەوەی هەموو قورسایی خۆی بۆ ئەو بەشە دانا، کەچی لەو چوار ساڵەدا دۆخەکەی پێ باشتر نەبوو.

وەزارەتی سەنعەت و کانزا و بازرگانیی کۆماری ئیسلامی پشتڕاستی کردەوە کە لە ماوەی سەرۆک کۆماریی حەسەن ڕوحانیدا ٥١٠٠ یەکەی پیشەسازی و بەرهەمهێنانی دیکە داخراون. ئەو ئامارە کاتێک بڵاو کرایەوە کە ئیبراهیم ڕەئیسی، ڕکەبەری سەرەکیی حەسەن ڕووحانی بۆ سەرۆککۆماریی داهاتووی ئێران ڕایگەیاند کە لە ماوەی سەرکۆماریی ڕوحانیدا ١٧ هەزار کارگە و یەکەی بەرهەمهێنان داخراون، بەڵام دەوڵەت یەک لە سێی ئەو ئامارە بەڕاست دەزانێ.

بانگەشە و لێکلەهەڵادانی کاندیداکان لەو ماوەیەدا دەلاقەیەکی باش بۆ وێناکردنی بارودۆخی ئابووری تێکتەپیوی ئێران بوون، هەڵبەت بارودۆخی پیشەسازی لە ئێران دوو ساڵە بۆتە چەقی هەڵاکانی نێوان دەوڵەتی ڕوحانی و ڕەوتی دژبەری.

وەزارەتی سەنعەت و کانزا و بازرگانیی ئێران پاییزی ساڵی ٩٤ ڕایگەیاند کە ٧٥٠٠ کارگە و کارخانە کە لەکاروەستاون دەکرێ بە ١٦ هەزار میلیارد تمەن زۆریان وەگەڕ بخرێنەوە، بەڵام کاتی ناونووسی بۆ وەرگرتنی نەغدینەیی و ئاسانکارییە بانکییەکان ڕێک ١٢ هەزار و ٥٠٠ کارگە و یەکەی لەکاروەستاوی بەرهەمهێنان ناونووسیان کرد و دەستی یارمەتییان بۆ دەوڵەت درێژ کرد. ئەوە کە دەوڵەت چەندە توانی هەناسەیەک بەبەری ئەو بەشەدا بکاتەوە و چەند لەو کارگە و کارخانە لەگەڕکەوتووانە ببووژێنێتەوە باسێکی دیکەی جێی ناکۆکییەکانە. دەوڵەت دەڵێ توانیویەتی کە ژیان و جووڵە بۆ نیزیک بە ٥٠٠٠ کارگە و کارخانە بگەڕێنێتەوە، بەڵام ڕەخنەگرانی دەوڵەتی ڕوحانی دەڵێن ئەم ئامارە ڕاست نییە و دەوڵەت نەیتوانیوە لەو بوارەدا کارێکی ئەوتۆ بکا.

ئێستا با بزانین دۆخی پیشەسازی و بەرهەمهێنان لە کوردستان چۆنە و بۆ ئەوەش هەر پشت بە ئامارە ڕەسمییەکان و قسەی زاری کاربەدەستان دەبەستین.

سەرۆکی ڕێکخراوی پیشەسازی، سامانەکان و بازرگانیی سنە بە ئاشکرا دەڵێ کە لەم پارێزگایە هیچ سەرمایەگوزارییەک نەکراوە. محەممەد دەرەوزمی وێڕای ئاماژە بەوەی کە لەم پارێزگایەدا ٧٥٨ یەکەی بەرهەمهێنانی لە بەشی پیشەسازیدا هەیە و گوتی لەوەندە ١٢٨ یەکەی بەرهەمهێن بە تەواوی داخراون و ٢٤٢ یەکەش نیوە چالاکن و بەرەو ڕاگیرانی کارەکانیان دەچن.

قاسم جاسمی، نوێنەری کرماشان لە مەجلیسیش دەڵێ سەدی ٨٥ی کۆمەڵە پیشەسازی و بازرگانییەکانی پارێزگای کرماشان وەرشکستە بوون و داخراون.

جاسمی دەڵێ تەنیا سەدی ١٠ تا سەدی ١٥ی کۆمەڵە پیشەسازی و بازرگانییەکانی پارێزگای کرماشان خەریکی چالاکین و ئەم یەکە چالاکانەش تەنیا بە زەرفییەتی سەدی ٤٠ تا سەدا ٤٥ی سەرەکیی خۆیان کار دەکەن.

جەعفەر سادق ئەسکەندەری، سەرۆکی ڕێکخراوی پیشەسازی، سامانەکان و بازرگانیی ورمێش دەڵێ ٢ هەزارو ٩٨٤ کارگە و یەکەی بەرهەمهێنان لە ئاستی پارێزگای ورمێدا هەن کە نیزیک بە نیوەی تەواویان داخراون.

وەک ئەو باسی دەکا لە ٢ هەزارو ٩٨٤ کارگە و یەکەی بەرهەمهێنان لە ئاستی پارێزگای ورمێدا هەزار و ٦٨٠ یەکەیان چالاک و نیوە چالاکن، ٣٦٣ یەکە و کارگە کۆیان کردۆتەوە و ٩٠١ کارگا و یەکەی دیکەی ئەم پارێزگایە لەکار کەوتوون و هیچ چالاکییەکیان نییە.

ئەحمەد شەوهانی، نوێنەری ئیلام لە مەجلیس بە ڕاشاوی باس لە قەیرانی بەرهەمهێنان لە پارێزگای ئیلامدا دەکا. ئەو ئایشارێتەوە کە سەدی ٩٠ی کارگە و یەکەکانی بەرهەمهێنان لە ئیلام لە کار وەستاون و تەنیا سەدی ١٠ی ئەوان ئەویش بە کەمترین توانیانەوە کار دەکەن.

پارێزگای ئیلام کە سەدی ١١ی هەموو پاشکەوتی نەوتو گازی ئێرانی هەیە، لە بێبەشترین و پەراوێزخراوترین ناوچەکانی ئێرانە لە بواری بەرهەمهێناندا. عەلیرەزا ڕەمەزانی، کارناسی ئابووری لە ئیلام دەڵێ تا ئێستا پرۆژەی گەورەی ئابووری لە ئیلام وەڕێ نەخراوە و چەند کارخانەیەکی بچووکی وەک پێترۆشیمیی ئیلام، پاڵاوگەی گاز و کارخانەی سیمانی دێهلۆران بارتەقای ڕێژەی زۆری بیکاری لەو پارێزگایە نییە. ئەو دەڵێ زیاتر لە نیوەی پرۆژەکانی بەرهەمهێن لە پارێزگای ئیلام بەهۆی کەمیی بودجەو نەبوونی سەرمایە ڕاوەستاون و نە دەوڵەت و نە بانکەکان کەس ئاوڕیان لێ ناداتەوە.

ئەم داتا و ئامارانە دەریدەخەن قەیرانە ئابوورییەکان و پەرەنەسەندنی کوردستان لە جوغرافیای سیاسیی ئێراندا ئەگەر لەلایەک تایبەتێکە لە بارودۆخی گشتیی وڵات، لەلایەکی دیکەش لە ڕووی چەندی و چۆنایەتییەوە بەرهەمی سیاسەتی هەڵاواردن و ڕوانینی ئەمنیەتی بۆ کوردستانە. لەو نێوەدا فەرق ناکا پێکهاتەی پارێزگاکانی کوردستان لە ئێران، واتە ئیلام، سنەم کرماشان و ورمێ چین و شیعەن یان سوونەن؛ بەڵکوو کوردستان و کوردبوون بەگشتی هۆکاری سەرەکیی ئەو پەراوێزخرانەیە کە ئامار و داتا ڕەسمی و حکومەتییەکان بە باشی دەیسەلمێنن.

ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٢ی مای ٢٠١٧

## هەڵبژاردنەکانی ٢٩ی بانەمەڕی ئێران، لە سەرەتاوە تا کۆتایی

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ٢٩ی بانەمەڕی ئەمساڵدا و لە یەک کاتدا هەڵبژاردنەکانی خولی دوازدەهەمی سەرۆک کۆماری و خولی پێنجەمی شوڕای ئیسلامیی شار و گوندەکانی بەڕێوە برد.

ناونووسی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری لە ڕۆژانی ٢٢ هەتا ٢٦ی خاکەلێوەدا کرا و لە ماوەی ئەو ٥ ڕۆژەدا ١٦٣٦ کەس ناونووسییان کرد کە ١٣٧ کەس لەوان ژن و ١٤٩٩ کەسیان پیاو بوون، بەڵام شووڕای نیگابان پاش ٥ ڕۆژ و دوای تاوتوێی پەروەندەی ئەو ١٦٣٦ کەسە، لە نێویاندا تەنیا ٦ کەسی بە شیاوی ئەوە زانی کە لەگەڵ یەکتر بکەونە ڕکەبەریی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری.

لە ڕەوتی دیاریکردنی سەلاحییەتی ئەوانەشدا کە بۆ شوڕای ئیسلامیی شار و گوندەکان ناویان نووسیبوو، سەلاحییەتی ١٤ هەزار و ٥٠٠ کەس ڕەد کرایەوە.

حەسەن ڕوحانی، محەممەد باقر قالیباف، ئیبراهیم ڕەئیسی، مستەفا میرسەلیم، ئیسحاق جەهانگیری و مستەفا هاشمیتەبا ئەو ٦ کەسە بوون کە لە قۆناغی یەکەمی بانگەشەکاندا ڕکەبەریی یەکتریان دەکرد، بەڵام چەند ڕۆژ پێش هەڵبژاردن ئیسحاق جەهانگیری لە بەرژەوەندیی حەسەن ڕوحانیدا و، محەممەد باقر قالیباف لە بەرژەوەندیی ئیبراهیم ڕەئیسیدا کشانەوە.

خاڵی جێی سەرنج لە ڕەدی سەلاحییەتەکانی ئەمجارە لە لایەن شوڕای نیگابان متمانەنەدان بە زۆر وەزیر و گزیر و کاربەدەستی پلەبەرزی حاکمییەت بوو کە دەتوانین وەک گرینگترینیان ئاماژە بە مەحموود ئەحمەدینژاد، سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران؛ حەمید بەقایی، جێگری سەرۆک کۆماری پێشوو؛ حەمیدڕەزا حاجی بابایی، وەزیری پەروەردەی دەوڵەتی پێشوو؛ سادق خەلیلیان، وەزیری کشتوکاڵ؛ عەلیڕەزا زاکانی، نوێنەری پێشوی مەجلیس؛ مەسعوود زەریفبافان، سەرۆکی بنیاتی شەهیدی کۆماری ئیسلامی؛ محەممەد غەرەزی، کاندیدیدای سەرۆک کۆماریی خولی پێشوو بکەین. هەروەها ئەمجارەشیان هیچ ژنێک بە شیاوی ئەوە نەزاندرا کە بێتە نێو هەڤڕکێی

هەڵبژاردنەوە هەتا پیاوانە!بوونی هەڵبژاردنەکان لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا جارێکی دیکەش بە زەقی خۆ بنوێنێ و ئەو بێمافییە پیشان بدا کە ژنان لە ئێران تەنیا دەتوانن هەڵبژێرن، نەک هەڵبژێردرێن.

یەک لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی ئەم هەڵبژاردنە ئەو باس و بابەتانە بوون کە لە سێ دیبەیتەکەی کاندیداکان لە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیدا هاتنەگۆڕێ. سەرەتا بڕیار وابوو کە دیبەیتەکان تۆمارکراون بن، بەڵام دوای کاردانەوە و نارەزایەتیی زۆری خەڵک دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی ناچاربوو ڕاستەوخۆ دیبەیتەکان بگوازێتەوە. ئەگەرچی بەو حاڵەش ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران چوارچێوەیەکی زۆر دیاریکراوی بۆ باس و مناقشەکانی نێو دیبەیتەکە دیاری کردبوو، بەڵام کاندیداکان بۆ ڕاکێشانی زیاتری خەڵک بۆ لای خۆیان زۆرترین ئیفشاگەرییان لە دژی یەکتر کرد.

حەوتوویەک پێش هەڵبژاردن عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کە نەیتوانی ترسی خۆی لە پرسی نەتەوەکان، جوغرافیا و پێکهاتەی فرەچەشنیی ئێران ئەویش لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکاندا بشارێتەوە، شەش پاڵێوراوەکەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی وریا کردەوە کە لە دوایین دیبەیتدا کەمتر پرسی هەستیاری کۆمەڵگا بورووژێنن و زیاتر لە سەر پرسی ئابووری بدوێن، دەنا بە زللە لێیان دەدرێ. ئەو بەرێزانەش ئەوەندەی بۆیان کرا گەندەڵی و قەیرانە ئابوورییەکانی ئێرانیان لە هەڵلادا، ئەویش هەر کام بە مەبەستی پاکانە بۆ خۆیان و تاوانبار پیشاندنی ئەوانی دی.

گەندەڵیی ئابووری، پەروەندەسازی، ڕانتخۆری، بنیاتە زەبەلاحە سەربازییەکانی خاوەن قازانج لە قاچاغی کاڵا، مووچەی فیرعەونیی کاربەدەستان، بازرگانیکردنی وەزیرەکان، بوونی ١٤٤ ئیسکەلە و بەندەری سەر بە ناوەندە ئەمنیەتییەکان و زۆر بابەتی دیکە چەند تەوەرێک بوون کە پاڵێوراوەکان لەسەری ڕۆیشتن و پەردەیان لەسەر ڕاستییەکان لادا، ڕاستییە تاڵەکان کە ئابڕوو و شەرەفیان بە کۆماری ئیسلامیی ئێران نەهێشت.

خاڵی جێی سەرنج ئەوە بوو کە ئەو جەنابانە حاشایان لە هیچ کام لەو دیاردە و پەتایانە نەکرد، تەنیا ئەوە نەبێ کە هەر کام لەوان تاوانەکانیان لە خۆیان دادەماڵی و بە ئەستۆی ئەوانی دیکەیان دادێنا.

لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا ٦ حیزبی کوردستانی ئێران، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی

ئێــران)، حیزبــی دێمــوکڕاتی کوردســـتانی ئێــران و کــۆمەڵەی زەحمەتکێشــانی کوردســـتان هاوهەڵوێســت و لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا هەڵبژاردنەکانیان بایکۆت کرد.

ئەو شەش لایەنە سیاسییە ڕایانگەیاند ئەوەی بەناوی هەڵبژاردن لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بەڕێوە دەچێ، بە هیچ پێوەرێکی دیموکراتیک و ئەورۆیی ناکرێ ناوی هەڵبژاردنی ئازادی لەسەر بێ و لەبارودۆخێکدا کە حیزبە سیاسییەکانی نەیاری ڕێژیم قەدەغە کراون، ڕادەربڕینی ئازاد لەهەموو ئێران تاوانە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەسەرەتاییترین مافی نەتەوایەتی و ئینسانی خۆیان بێبەش کراون، ئەم بەناو هەڵبژاردنە بە واتای بێ مافکردنی کۆمەڵانی خەڵک لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیانە و یەکێک لەهۆکارەکانی درێژکردنەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی و نیزامی سەرەڕۆ و داپلۆسێنەرە لەئێران.

هەڵبژاردنی خولی دوازدەهەمی سەرۆک کۆماری و پێنجەمین دەورەی شوڕای ئیسلامیی شار و گوندەکان لە ئێران لە نەبوونی چاوەدێریی هیچ لایەنێکی نێونەتەوەییدا ڕۆژی ٢٩ی بانەمەڕ بەڕێوەچوو و دواتر ڕاگەیەندرا کە حەسەن ڕوحانی بۆ جارێکی دیکەش وەک سەرۆککۆمار هەڵبژێردراوەتەوە و لە شار و گوندەکانیش شوڕای ئیسلامی بۆ کاروباری تایبەت بە خۆیان هەڵبژێردراون.

**ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٢ی مای ٢٠١٧**

## بەڵگەکانی تاوانێکی گەورە کە ناتوانن بیسڕنەوە!

جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی نە یەک و دوون و، نە هەر لە بڕگەیەکی مێژووی دەسەڵاتدارەتیی ئەو ڕێژیمەدا کراون. کۆماری ئیسلامی هەر لەگەڵ گووڕانی فرچکی بە خوێن و تاوان گرتوە و کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە پەیژەکانی سەرکەوتن و بڕینی پلەکانی بەرپرسایەتیی سەروویان بە پێودانگی چەندی و چۆنیی بەشدارییان لەو جینایەتانەدا وەرگرتوە؛ وەک چۆن یەکێک لە شانازییەکانی سەید ئیبراهیم ڕەئیسی، ڕکەبەری سەرەکیی حەسەن ڕوحانی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی مانگی ڕابردوو، بەشداریی ڕاستەوخۆی لە کۆمەڵکوژیە سیاسیەکەی

زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ٦٧ و سەرکوت و قەڵتوبڕی هێزە سیاسی‌یەکانی نەیاری ڕێژیم بوو.

شکستی ماشێنی نیزامیی ئێران لە شەڕی٨ساڵە لەگەڵ عێراق کە بۆ کۆماری ئیسلامی حەیسییەتی بوو، تورموزی بە ماشێنی سەرکوتی ئازادییە سیاسی‌یەکانی خەڵکی ئێران بڕی، ڕەوتێک کە ڕێژیم هەر لە سەرەتای بەدەستەوە گرتنی جڵەوی دەسەڵات لە ئێران بۆ دەرکردن گرووپ و لایەنە ڕکەبەرە سیاسی‌یەکان لە مەیدان دەستی پێکردبوو. ئەم ڕەوتە لە نێوخۆی وڵاتدا دوای خواردنەوەی جامی ژارەکە لەلایەن خومەینی بۆ قەرەبوو کردنەوەی باری ڕەوانیی تێکشکان لە شەڕ لەگەڵ عێراق دەستی پێکرد و کوشتاری هەزاران بەندیی سیاسی و زاڵکردنی کەشی سەرکوت لە تایبەتمەندی‌یە بەرچاوەکانی ئەو سەردەمە بوون. سەردەمێک کە ئیدی کۆتایی بە شەڕ، کۆتایی بە شاردنەوە و پەراوێزخستنی ئەو قەیران و کێشانەش هێنا کە لەمێژساڵ بوو بەرببینگیان بە خەڵکی ئێران گرتبوو، بەڵام لە حاڵ و هەوای شەڕدا نەدیو دەکران.

بە گشتی کوشتنی دژبەرانی سیاسی، تیرۆری کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکانی دژبەری ڕێژیم لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، سەرکوتی کەمە نەتەوە و کەمە ئاینییەکان، ئەشکەنجەی زیندانیانی سیاسی و دەستدرێژی‌کردنەسەریان چەند ڕەهەندێکی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامین. لەو پێوەندی‌یەدا تیرۆری کەسایەتییە سیاسی‌یەکانی وەک د.عەبدوڕەحمانی قاسموو و د. سادق شەڕەفکەندی، دوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، شاپوور بەختیار، دوایین سەرۆکوەزیرانی ڕێژیمی پێشوو و دەیان کاراکتێری سیاسیی دیکە لەگەڵ کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ١٣٦٧ دوو ڕەهەندی گرینگی ئەو جینایەتانەن کە شوێنکاری زۆریان لەسەر خەباتی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن بە دژی کۆماری ئیسلامی داناوە. شوێنکاری ئەو ڕووداوانە نەک هەر لە کاتی ڕوودانیان، بگرە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی و ڕەوتی گۆڕانکارییەکان دیار و بەرچاوە، هەم وەک بەڵگە بۆ ڕیسواکردنی کۆماری ئیسلامی، هەم وەک پەڵە شەرمێک کە نەوەی نوێی کۆماری ئیسلامی لەمێژە هەوڵی پاکردنەوە و سڕینەوەی دەدا.

تێکدانی گۆڕێکی بەکۆمەڵی ٤٤ زیندانیی سیاسی لە ئەهواز کە لە کۆمەڵکوژی‌یەکەی هاوینی ٦٧دا گوللەباران کران، نوێترین هەوڵی دامودەزگا سیاسی و ئەمنیەتی‌یەکانی کۆماری ئیسلامییە.

بێ‌شک تێکدانی ئەو شوێنە بەمانای نەهێشتنی بەڵگەکانی تاوانە. کاربەدەستانی ڕێژیم دەیانەوێ بیرەوەریی ئەو جینایەتانە لە مێژوودا بسڕنەوە و هەروەها بنەماڵە و کەسوکاری قوربانیان لە مافەکانیان بێبەش بکەن و، مافی

دۆزینەوەی ڕاستییەکان، عەدالەت و قەرەبووکردنەوەیان لێ بستێنن.

نموونەی هەوڵێکی لەو چەشنە لە گۆڕستانی بەهەشتی زارا لە شاری مەشهەدیش دراوە، ئەو جێیەی کە شوێنی شاردنەوەی تەرمی ١٧٠ زیندانیی سیاسی‌یە کە بە کۆمەڵ گوللەباران کران.

ئەگەرچی لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکان و دامودەزگا حکومەتی‌یەکان بەهەموو شێوەیەک ڕێیان لە سەردانی بنەماڵەی قوربانیان لەو شوێنانە گرتوە، بێڕێزی و سووکایەتی‌یان هەم بە گڵکۆی ئەو گیانبەختکردووانە و هەم بە بنەماڵەکانیان کردوە، ناوی قیزەونی وەک «نەحلەتاوا»یان لەسەر ئەو شوێنانە داناوە و ڕێگەی ئەوەیان بە بنەماڵەکانیان نەداوە گۆڕی ئازیزەکانیان لانیکەم کێل و بەردەنووسێکیان لەسەر بێ؛ بەڵام ئەمە هیچ کات نەبۆتە هۆی ئەوەی ئەم جینایەتانە لە بیر و مێشکی خەڵکی بچنەوە. جینایەتێک کە تێی‌دا لانیکەم ٣٨٠٠ کەس و وەک زۆربەی سەرچاوەکان باسی دەکەن ٤٤٠٠ زیندانیی سیاسی درانە بەر ئاگری گوللە، کەسانێک کە تەنیا تاوانیان «نا»گوتن بە کۆماری ئیسلامی و ئەندامەتیان لە حیزبە سیاسی‌یەکانی دژبەری ڕێژیمدا بوو.

کۆمەڵکوژی‌یەکەی هاوینی ٦٧ نابێ قەت لە بیر بچێتەوە و ئەوە دەبێ ئەرکی گشتیی هەموو لایەک بێ، چونکی ئێستاش دەبینین کۆمەڵکوژیی زیندانیانی سیاسی و عەقیدەتی درێژەی هەیە، هەر پارەکە بوو کە ٢٥ زیندانیی سیاسی و عەقیدەتیی کورد لە زیندانی ڕەجایی‌شاری کەرەج بە کۆمەڵ لەداردران. ڕاستە بڕیاردەری سەرەکیی ئەو جینایەتانە خۆمەینی بوو کە ئێستا لە ژیاندا نەماوە، بەڵام هەم نیزامە سیاسی‌یەکە و بەڕێوەبەرانی بڕیارەکە بەشی زۆریان لە ژیاندان و دەبێ بدرێنە دادگا و وەڵامدەری کردەوەکانیان بن؛ وەک ئیبراهیم ڕەئیسی، کاندیدی سەرۆککۆماری و بەرپرسی بنیاتی ماڵی و ئاییینی ئاستانی قودسی ڕەزەوی؛ مستەفا پوورمحەممەدی، وەزیری دادی دەوڵەتی ڕوحانی؛ حوسێنعەلی نەییری، جێگری دیوانی بەرزی وڵات و مورتەزا ئیشراقی کە ئایەتوڵڵا مەنتەزیری لە کۆبوونەوەیەکدا هەموویانی بە جینایەتکاری مێژوو ناوبردبوو.

ئەستاندنی دادی قوربانیانی ئەو جینایەتانە پەروەندەیەکی کراوەیە. ئەو تاوانە گەورانە لە کاتێکدا کران کە قوربانیان دەرەتانی هیچ بەرگرییەکیان لە خۆیان نەبوە و تەنانەت لەلایەن میدیا و ئۆرگانە حکومەییەکانەوە دێوزمەیەکیان لێ سازکرابوو هەتا قەڵتوبڕیان نەبێتە هۆی هیچ کاردانەوەیەک لە کۆمەڵگادا. بۆیە تا ئەو کاتەی کەرامەتیان بۆ دەگەڕێندرێتەوە، تا ئەو ساتەی بکەرانی ئەو جینایەتانە وڵامی شیاوی خۆیان وەردەگرنەوە و

بنەماڵە و کەسوکاری قوربانیان قەرەبوو دەکرێنەوە، دەبێ ئەو پەروەندە و بەڵگەکانی تاوانەکە و یەک لەوان شوێنی شاردنەوەی تەرمی ئەو هەزاران کەسە پارێزراو بێ.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٤.

٢٥ی جوونی ٢٠١٧

## ئێران وڵاتێکی ئیسلامیی پڕ لە تاوان و لادان

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی نەک یەک و دوویان، بگرە زۆربەیان دەڵێن کە ڕێژیمەکەیان نموونەی دەسەڵاتێکی ئاسمانی و بێ کێشەیە. لە بیرمانە تەنانەت ئەحمەدینژاد سەرکۆماری پێشووی ئەو وڵاتە لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا گوتی ئامادەن ڕاسپاردەیان بۆ هەموو وڵاتانی دنیا هەبێ و هەموو دەتوانن لە ئێران فێر بن کە چۆن وڵاتەکانیان بەڕێوە ببەن.

جا ئەو قسانە و تیشکخستنەسەر بارودۆخی ئەو وڵاتە لەهەر بوارێکدا جێی تێرامانە، یەک لەوان بڕی تاوان و ژمارەی تاوانباران لە ئێران. دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەڵێ ئەو وڵاتە لە ڕووی ژمارەی بەندی و بەندیخانەوە هەشتەمین وڵاتە لە دنیادا.

حەمید شەهریاری، جێگری سەرۆکی دەزگای قەزایی ئێران دەڵێ ٢٢٥ هەزار کەس لە ئێران لە بەندیخانەدا توند کراون و لە هە١٠٠هەزار کەس ٢٨٧ کەسیان بەهۆی تاوانی چووک و گەورە لە بەندیخانەدان و بەوەش ئێران هەشتەمین وڵاتە لە دنیادا کە زۆرترین ژمارەی بەندکراوی هەبێ.

ناوبراو ڕەخنەی لەوە گرتوە کە لە ئێراندا بۆ هەر تاوان و لادانێک یەکەم شت و یەکەم سزا بەندکردنە. ئەو دەڵێ ئەمە هۆکاری ئەو ڕێژە زۆرەیە و قانوونەکان لەو پێوەندییەدا دەبێ ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێ.

ماوەیەک لەوە پێش ئەسغەر جەهانگیر، سەرۆکی ڕێکخراوی زیندانەکانی ئێران ڕایگەیاند کە ساڵانە ٥٠٠ هەزار کەس لەئێران بەهەر هۆیەک بێ ڕێیان لە زیندان دەکەوێ. سەرۆکی زیندانەکانی ئێران هەروەها گوتی سەدی ٢٥ی بەندکراوەکانی ئێران بە هۆی کەمیی دادیارو لێکۆلەر پەروەندەکانیان لە کاتی خۆیدا نابەسترێ و ئەوەش وادەکا ماوەی بەندکرانیان لە زیندان درێژ ببێتەوە.ئەسغەر جیهانگیر لە بۆنەیەکی دیکەدا و لە ڕێورەسمی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی نێوان ڕێکخراوی بەندیخانەکانی ئێران و جێگرایەتیی کاروباری ژنان و بنەماڵە سەر بە نووسینکەی سەرکۆماری گوتبووی، نرخی گەڕانەوە بۆ زیندان لە ئێراندا بەرزە و، سەدی ٤٦ی ئەم کەسانەی کە زیندانی دەکرێن پێشینەی پێشوویان هەیە و پێشتر لە زینداندا بوون؛ ئەمەش دەری دەخا کە کۆمەڵگا نەیتوانیوە پاش کێشانی سزاکانیان، پشتیوانی لەم کەسانە بکا و هەلی کاریان بۆ پێک بێنێ؛ هەر بۆیەش دووبارە بۆ سوڕی تاوانەکان گەڕاونەتەوە.

ناوبراو گوتبووی سەدی ٦٤ی ئەم کەسانەی کە لە بەندیخانەکان دان خێزاندارن و؛ ئەگەرچی کۆمەڵگە بەرەوەپیربوون دەڕوا؛ بەڵام کۆمەڵگەی بەندیخانەکان هەر دێ و گەنجتر دەبێتەوە و ئەگەر ئەم بابەتە و ئەم لاوانە ئاوڕیان لێ نەدرێتەوە، بنەماڵە زیانێکی گەورەی لێ دەکەوێ.

کاربەدەستانی ئێرانی حاشا لەوە ناکەن کە ڕێژەی بەندکراوان دوو هێندەی زەرفییەتی زیندانەکانە و، سەدی ٧٣ی بەندکراوان موعتادن و بە قسەی وەزیری بێهداشت، بەندکراوان وەک بۆمبێکی سەعاتیی قورمیشکراو وان.

کارناسانی کۆمەڵایەتی دەڵێن کێشەی سەرەکی هەر ئەوە نییە کە ٢٢٥ هەزار کەس لە ئێراندا بەندکرابن، بەڵکوو کێشە ئەو دەیان قەیرانەیە کە لە سۆنگەی ئەو بابەتەوە بەرەوڕووی کۆمەڵگا بۆتەوە.

کاربەدەستانی زیندانەکانی ئێرانیش نایشارنەوە تا پێش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ حەشیمەتی بەندکراوانی ئێران لە چاو حەشیمەتی ٣٦ میلیۆن کەسی ئەو کات تەنیا ١٠ هەزار کەس بوو، بەڵام لە ئێستادا دا حەشیمەتی ئێران ئەگەرچی لە چاو ئەو کات دوو بەرابەر بووە، بەڵام ئەژماری بەندکراوان زیاتر لە ٢١ بەرابەر زیادی کردوە.

بەپێی ئاماری ڕەسمی و ئاشکراکراوی ڕێکخراوی زیندانەکان ژمارەی بەندکراوانی ئێران لە ٢١٠ هەزار کەس زیاترە و ئەوە گۆشەیەکی بچووک لە کۆمەڵگایەکە کە ئێران دەیەوێ پیشانی دنیای بدا و وەک بەڕێوەبەرییەکی

سەرکەوتوو بینوێنێ.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٥.

٨ی جووڵای ٢٠١٧

## کۆماری ئیسلامی وەک دژی ژین و ژینگە لە کوردستان

دوژمنایەتیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵکی کوردستان هەر بە سەرکوتی ئەو نەتەوە مافخوازە و بێبەشکردنی لە مافە مەدەنی و سیاسییەکانی تەواو نابێ، بەڵکوو هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵک لە کوردستان دەگرێتەوە.

ئەگەر هەواڵەکان ڕۆژانە باس لە گرتن و سزادانی چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان دەکەن، ئەگەر ئامار و داتاکان باس لە هەڵاواردنی سیستماتیکی کوردستان لە گەشەی ئابووری و مرۆیی کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران دەکەن، ئەگەر کورد و مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی هەروا چیرۆکی بەردرێژی داوا و مافخوازیی ئەو نەتەوەیە لە ئێرانە؛ ژینگەی کوردستانیش کەمی لە سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی نەچێشتووە.

خۆ ئەگەر باسی بڕینەوە و سووتاندنی هەزاران هێکتار دار و دارستان لە کوردستان لە ساڵەکانی یەکەمی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ی گەلانی ئێران و سەپاندنی شەڕ لە کوردستان بەسەر خەڵک و هێزە کوردییەکان نەکەین، ئەگەر خۆ لە دەرهێنان و بە تاڵانبردنی بە میلیۆن تۆن بەردە کان و بەردە گرانباییەکان لە کانگاکانی کوردستان لابدەین، ئەوەی ئێستا ڕۆژانە دڵ و ناخی هەموو نیشتماندوست و ژینگەپارێزێک بریندار دەکا، سووتان و سووتاندنی هێکتار بە هێکتاری دارستان و لێرەوارەکانی کوردستانە کە زۆربەیان دەستی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە پشتە.

جارێ با ئیستێک لە ئامارە ڕەسمییەکانی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا بگرین:

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی سەرچاوە سروشتییەکانی ئێران دەڵێ لە ٥ ساڵی ڕابردوودا ٩٠ هەزار هێکتار دارستان و لێرەوار لە ئێران لە ئاگردا بوونەتە خەڵووز کە لێرەشدا کورد بۆ نەهامەتییەکان پشکی شێری بەردەکەوێ و بەشی هەرە زۆری سووتمانەکان لە دارستان و لێرەوارەکانی بناری زاگرۆس بوون.

قاسم سەبزەلی، فەرماندەی یەکەی پاراستنی ڕێکخراوی دارستانەکانی ئێران دەڵێ لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا نیزیک بە ٤٠ حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکاندا بووە کە بەشی نیزیک بە تەواویان لە دارستانەکانی بناری زاگرۆس بوون.

ئەو بۆ خۆی دان بەوەدا دەنێ کە تەرخانکردنی ٣٠ میلیارد لە ساڵدا بۆ دابینکردنی هێزی مرۆیی و کەرەستەی هاتوچۆ بۆ ئاگرکوژێنەوە لە هەموو ئێراندا وەڵامی زیانە زۆرەکانی سووتمانەکان ناداتەوە و زیاتر لە هەموو شتێک پێویست بە دابینکردنی هێلیکۆپتێر دەکا.

بەرپرسانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەڵێن سەرەڕای زۆر تێبینی و ڕەچاوکردنی زۆر ڕێوشوێن توانیویانە شوێنکاریان لەسەر کەمکردنەوەی سووتانی دارستانەکان هەبێ، بەڵام بەو حاڵەش لە ساڵدا لە نێوان ١٥ هەتا ١٦ هەزار هێکتار لە سەرچاوە سرووشتییەکانی ئێران لە گڕی ئاگردا دەسووتێن و زیانی ماددیی ڕاستەوخۆی ئەو سووتمانانە ٣٢٠ میلیارد تمەنە لە ساڵدا و، زیانە درێژخایەن و ناڕاستەوخۆکانیشی خۆ لە هەزاران میلیارد تمەن دەدا؛ بەڵام لە کوردستان کەمتر لە چەند میلیارد تمەن بۆ پێشگرتن لەو ڕووداوانە تەرخان کراوە.

خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە زۆرترین بەشی دارستانەکان ئێران، واتە دارستانەکانی بناری زاگرۆس لە چوار پارێزگاکەی کوردستان هەڵکەوتوون، بەڵام کەمترین بەشیان لە ئیمکاناتی ئاگرکووژێنەوە وەک بەڕێوەبەری و ئۆرگانیزمی کارا و بەکردەوە و، کەرەستەکانی وەک هێلیکۆپتێر و بەنداوی بچووکی تایبەت بە دامرکاندنی ئاگر لە تەنیشت دارستانەکان پێبڕاوە.

قسە لە کەمیی ئیمکانات بۆ کۆنترۆڵی ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکان و تەرخانکردنی کەمترین ئیمکانات لەو کەمە ئیمکاناتەش بۆ کوردستان لە حاڵێکدایە ئەوەی دەسووتێ و دەبێتە خەڵووز و دووکەڵ گرانترین و بەبایەخترینی

سامانە سروشتییەکانی ئەو نیشتمانەیە.

یان ئەگەر هێزە چەکدارەکان لە بەشەکانی دیکەی ئێراندا بەشێک لە بەرەی بەگژداچوونەوە و کوژاندنەوەی سوتمانەکان لە دارستانەکانن، لە کوردستان هێزە چەکدارەکان بۆ خۆیان بەشێک لە هۆکاری ئاگرکەوتنەوە و سووتاندنی دارستان و لێرەوارەکانن. ئەوە هەر تۆمەت یان قسەیەکی بێ بەڵگە نییە، تۆپبارانکردنی ناوچە شاخاوییەکان بە بیانووی بەربەرەکانی لەگەڵ حیزبە کوردییەکان، بەڕێوەبردنی دەیان مانۆڕی نیزامی لە وەرزی گەرما و هاوین، نابەرپرسیاریی دامودەزگا حکومییەکان لە هەمبەر ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکان و زۆرجار ڕێگری لە کەسانی خۆبەخش بە بیانووی ئەمنیەتی هەموو بەڵگەن بۆ ئەوەی بەشی هەرە زۆری سووتمان لە دارستانەکانی کوردستان دەستی ناوەندە ئەمنیەتییەکان و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی لە پشتە.

ئاماری سوتمانەکان لە دارستانەکانی کوردستان ساڵ لەگەڵ ساڵ زیاتر دەبن، بەڵام نە گۆڕانکارییەک لە ڕەفتاری دامودەزگا دەوڵەتییەکاندا دەکرێ، نە کەسێک لەو سۆنگەیەوە سزا دەدرێ و نە کەس داوای لێبوردن لە خەڵکی دەکا و نە کەس لە کارەکەی دەکشێتەوە.

بەسەرهاتی سووتان و سووتاندنی دارستانەکانی کوردستان تاڵ و جێی داخ و نەبڕاوەیە، ئەوەی پێویستە بکرێ دەنگ هەڵبڕینە. لە کاتێکدا حکومەت و دەوڵەت خۆیان بەشێک لە قەیران وکێشەکەن، ئەوە خەڵکن کە دەبێ بە وشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەن. ئەوەی لەو نێوەدا بەبایەخ و هەوڵێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و پیرۆزە، چالاکیی ژینگەپارێزی لە هەموو بوارەکانی فێرکردن و پێشگیری، نەمام چاندن و بە هاناوەچوونی ئاگرکەوتنەوەکانە، ئەرکێک کە دەبێ هەموو تاکەکانی کوردستان لە سەر شانی خۆیانی بزانن و بۆی تێبکۆشن.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٥.

٩ی جوولای ٢٠١٧

## هەژاری لە ئامارەوە هەتا هەژانی کۆمەڵگە

ئێستا ئیدی نەک خەڵک و چاوەدێرانی سیاسی و ڕەخنەگرانی دەسەڵات، بەڵکوو لە کاربەدەستانی حکومەتیش کەس حاشا لەوە ناکا هەژاری و داماوی یەک لەو پێناسە سەرەکییانەیە کە ئێران و کۆمەڵگای ئێرانی ئێستای پێ دەناسرێتەوە.

هەژاری و مەودای چینایەتی (کاخنشینی و کوخنشینی) خۆی یەک لەو تەوەرانە بوو کە لە شۆڕشی ساڵی ٥٧ بە دژی ڕێژیمی پاشایەتیدا دروشمی زۆری لەسەر درا، بەڵام ئێستا دوای نیزیک بە ٤٠ ساڵ لە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی دەبینین کە هەژاری کۆمەڵگای ئێرانی بەرەو هەڵتەکان بردوە و بووەتە سەرچاوەی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی زۆر خەسار و دیاردەی کۆمەڵایەتیی دیکە.

باس لە هۆکارەکانی پەرەسەندنی هەژاری لە کۆمەڵگای ئێران باسی سەرەکیی نووسینی ئەو بابەتە نییە، بەڵکوو شێوەی مامەڵە و هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەو دیاردەیە، کە بەرهەمی شێوەی مودیرییەت و بەڕێوەبردنی وڵاتە لەلایەن خۆیانەوە؛ ئەوەیان جێی باس و لێوردبوونەوەیە.

لە پێشدا با بزانین ئامارە ڕەسمییەکان چیمان پێدەڵێن و قسەی کاربەدەستانی پێوەندیدار بەو بابەتە چین:

دوای ماوەیەکی یەکجار زۆری باسی میدیاکان لە سەر ئەو بابەتە کە هێڵی هەژاری لە ئێران چەندەیە و چەند کەس لە حەشیمەتی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین، دواجار بەرپرسێکی ڕەسمیی وڵات دانی بەوە دانا کە دیاردەی هەژاری لە ئێراندا پەرەی سەندوە و زیاتر لە ٤٠ میلیۆن لە حەشیمەتی ٧٠ میلیۆن کەسیی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین.

سەرۆکی ناوەندی ئاماری ئێران لە لێدوانێکیدا بۆ هەواڵدەریی ئیسنا ڕایگەیاندوە کە بە هۆی کێشەکانی بێکاری، تەوەڕوم و نەبوونی کۆنترۆڵی نەختینەیی ٤٠ ملیۆن کەس لە خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. ئەو دەڵێ سەرەڕای ئەوەی ئێران لە ڕووی سەرچاوە سروشتی و کانگا و سەرچاوە ژێر زەوینییەکاندا یەکجار دەوڵەمەندە،

بەڵام بەو حاڵەش زیاتر لە ١٠ میلیۆن کەس لە ئێران لە ژێر هێلی هەژاری موتڵەق و ٣٠ میلیۆن کەسیش لە ژێر هێڵی هەژاری ڕێژەیی دا دەژین.

محەممەد موخبیر دزفولی، سەرۆکی »ستادی ئیجرایی فەرمانەکانی ئیمام» دەڵێ ٣٠ میلیۆن کەس لە ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین کە ١٢ میلیۆن کەس لەوان بە تەواوی لە ژێر هێلی هەژاریی موتڵەقدان، واتە بۆ نانی شەوێ موحتاجن.

هەر ماوەیەک لەوە پێش بوو کە پەرویز فەتاح، سەرۆکی کومیتەی ئیمداد ڕایگەیاند کە ١١ میلیۆن کەس لە ئێران توانای دابینکردنی خواردنی ڕۆژانەی نییە و عەلی ئەکبەر سەیاری، جێگری وزیری تەندروستی، دەرمان و فێرکردنی پزیشکیش ڕایگەیاندبوو کە داڵغەی زیاتر لە ٢٥ میلیۆن کەس لە خەڵکی ئێران نان و چۆنیەتیی هێنانی بژیوی ژیان بۆ سەر خوانیماڵەکەیانە.

موجتەبا ڕەحماندوست، نوێنەری تاران و ئەندامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی مەجلیس ڕایگەیاندوە کە لە ئاستی ئێراندا ١٢ میلیۆن کەس ئاتاج و چاو لەدەستن. وەک ئەو باسی دەکا ٦ میلیۆن کەس لەوان لە ژێر چاودێریی ماڵیی هیچ ناوەندێکی حکومیدا نین و جێی سەرنجە کە لانی زۆری داهاتی ئەم ٦ میلیۆن کەسەش کە ڕەحماندوست باسی دەکا هەمان بڕی ٤٥ هەزار و ٥٠٠ تمەن یارانەیەیە کە لە دەوڵەتی وەردەگرن.

ئەحمەدڕەزا موعینی، نوێنەری کرێکاران لە شوڕای بالای کار دەڵێ ئێستا حەقدەستی ژێر ١ میلیۆن و ٨٠٠ هەزار تمەن بە تەواوی دەخرێتە ژێر هێڵی هەژاری، کەچی هەر بەپێی نرخی دەوڵەت کرێکاران هەقدەستەکانیان مانگانە خوار ٩٠٠ هەزار تمەنە.

خۆش ئەوەیە کە پاسدار ڕۆستەم قاسمی وەزیری پێشووی نەوتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لە شەڕی دەسەڵات و باڵباڵێنی نێو ڕێژیمدا لەو پێوەندییەدا کەمی ناهێنێ و دان بە بارودۆخی خراپی ئابووری و هەژاری و بێکاری دادەنێ. ئەو دەڵێ ٢٠ میلیۆن کەس لە ئێران بە تەواوی هەژارن. ئەو بە پەلاماردانی حەسەن ڕوحانی دەڵێ ئەوانەی دەیانگوت لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژدا هەموو کێشەکانی ئێران چارەسەر دەکەین پێموایە ئالزایمێری سیاسییان گرتوە.

لەلایەکی دیکەشەوە پەرەسەندنی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران بەهۆی هەژاری ڕوویەکی دیکەی ئەو بابەتەیە کە ئەویش هەر بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ.

حەسەن موسەوی چەلەک، بەڕێوەبەری گشتیی نوسینگەی کار و بەرنامەکانی ڕێکخراوی بێهزیستی دەڵێ زۆربوونی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی خراپی لەسەر ئەمنیەت و سلامەتیی کۆمەڵاتی خەڵکی ئێران داناوە و ئەو خەسارانە لە کۆمەڵگای ئێراندا هەر دێ و زیاد دەبن.

ئێعتیاد، تەلاق، خۆکوژی، چوونەسەرێی تەمەنی پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش، دزی و لەشفرۆشی بەشێک لەو خەسارانەن بەهۆی پەرەسەندنی هەژارییەوە تا دێ زیاتر دەبن، بەڵام خەمساردیی دەوڵەت گەیوەتە جێیەک کە لە بەرنامەی پێنجەمی گەشەدا تەنانەت چووکترین ئاماژەش بە خەسارە کۆمەڵایەتییەکان نەکراوە.

ئەوانەی ئاماژەیان پێدرا ئەو ئامار و ڕەقەمانەن کە لەلایەن خودی کاربەدەستانی دەوڵەتەوە باس دەکرێن و سەرەڕای کەمێک سەنگی و سووکییان لەگە یەکتر بە ڕوونی دەریدەخەن کە ڕەوشی کۆمەڵگایان بە چ ئاقارێکدا بردوە، بەڵام ئەوەی دەبێ بگوترێ ئەوەیە کە کێ سەبەبکاری ئەو دۆخەیە؟ مەگەر ئەو بەڕێزانە هەر بۆ خۆیان بڕیاربەدەست و جێبەجێکاری بەرنامەکانی دەوڵەت و پیاوی ئەو حکومەتە نین؟ بە ئەمنیەتیکردنی ئابووری، گەندەڵیی سیستماتیک و ڕانتخۆری کە بەشێک لە هۆکارەکانی ئەو دۆخەن مەگەر هەر لەلایەن خۆیانەوە نەکراوە؟ ئەگەر ئەوان گلەییان لەو دۆخە هەیە خەڵک دەبێ چیی دیکەی لێ زیاد بکا و پاشان چارەسەر چین و کامانەن؟ ئایا جیا لەوەیە کە هەر خۆیان تاوانباری سەرەکیی خوڵقانی ئەو دۆخەن؟

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٧.

٩ی ئاگۆستی ٢٠١٧

# حەوت دەیە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕوانگەی چەند کەسایەتییەکی سیاسی و ڕووناکبیرییەوە

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵدا جێژنی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی خۆی گرت. پتر لە حەوت دەیە خەبات و تێکۆشانی سیاسی بۆ ڕزگاریی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و زۆر دەسکەوتی بە نرخ کە ئەو حیزبە لە ڕەوتی ئەم خەباتەدا بۆ کوردی دەستەبەر کردوە، جێگە و پێگەیەکی تایبەتیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەخشیوە.

«کوردستان» بەو بۆنەیە ڕاوسەرنجی کۆمەڵە کەسایەتییەکی سیاسی و ڕووناکبیریی کوردی وەرگرتوە:

**د. مەحموود عوسمان، سیاسەتمەدار و کەسایەتیی سیاسیی ناسراوی باشووری کوردستان**

حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبێکی مێژوویی نیشتمانپەروەر و نەتەوەییە. ئەم حیزبە هەر لە کۆنەوە و لە دامەزرانییەوە خەباتی کردوە بۆ وەدیهاتنی مافەکانی کورد لە ئێران و لەو پێناوەشدا قوربانیی زۆری داوە. حیزبێکی تێکۆشەر کە زۆر لە سەرکردەکانی تیرۆر و شەهید کران، بەڵام قەت نەوێستاوە.

ئەم حیزبە بە پڕەنسیپە لە پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێیدا قەت پێوەندییەکانی لەسەر حیسێبی کوردی پارچەکانی دیکە نەبوە، بۆ وێنە ئەگەر پێوەندییەکی باشی لەگەڵ ڕێژیمی عێراق بووە، بەڵام قەت ئەو پێوەندییەیان بە کار نەهێناوە دژی کوردی عێراق، کەچی ئێمە پێشتر تووشی ئەو هەڵەیە بووین.

ئەوەش کە ئەم حیزبە تەمەنێکی زۆری هەیە و هێشتا نەیتوانیوە خەباتەکەی بگەیەنێتە لوتکەی سەرکەوتن، هەم هۆکاری دەرەکیی هەیە، وەک ئەوەی ڕێژیمەکانی ناوەند هەموویان سەرکوتگەر و دڕندە بوون و قەتیان زمانی ئاشتی و دیالۆگ نەزانیوە و پاڵپشتیی نێونەتەوەییش بۆ پرسی کورد نەبوە، هەم مەسەلەی ناکۆکیی نێوماڵی کورد کە لە هەموو پارچەکانی کوردستان بەداخەوە بووە. ئەگینا بە شانازییەوە ئەم حیزبە سیاسەتەکانی هەموو دروست

بووە و هەرگیز سیاسەتی وای نەبووە کە دژی بەرژەوەندی گەل و نەتەوەکەمان بێ و هەموو کاتێ لەسەر سەر ڕێی ڕاست بووە. بەڵام ئەشێ هەڵەشی کردبێ و ئەگەر واش بووبێ ئەوە لە گەورەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کەم ناکاتەوە. حیزبێک نییە کە هەڵەی نەکردبێ و مومکینە جاری وایە فورسەت هاتبێتە پێشێ و سوودی لێ وەرنەگرتبێ، بەڵام بە گشتی حیزبێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بووە و خەباتی بۆ نەتەوەی خۆی کردووە و بەردوامە لەو خەباتەی.

هەر بۆیە لە قووڵایی دڵەوە بەبۆنەی ساڵیادی دامەزرانی پیرۆزباییان لێ دەکەم و سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی شەهیدەکانیان و لە سەروو هەموویانەوە قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی. هاوکات سیاسەتی کۆماری ئیسلامی مەحکووم دەکەم کە بەو شێوەیە کوردی وڵاتەکەی سەرکوت دەکا و هیچ مافێکی پێ ڕەوا نابینێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئاواتەخوازم کە دوو بەشی حیزبی دێموکرات ببنەوە بە یەک و خەباتی خۆیان بۆ مافەکانیان لە ئێراندا بەرینتر بکەنەوە.

**برایم عەلیزادە، سکرتێری کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٧٢ ساڵ بۆ هەر حیزبێکی سیاسی تەمەنێکی دوور و درێژە، لە سەرەوە بوونی تەمەنی حیزبی دیمۆکرات وامان لێدەکا کە هەڵسەنگاندنی مێژوویی ئەو حیزبە بسپێرین بە مێژوونوسانێک کە بە ویژدانی زانستییەوە، بە دوور لە «حب و بغز»، ڕاستییەکان بخەنە بەردەم نەوەی نوێ و نەوەی داهاتوو. ئەگەر چی بەداخەوە ئەو کارە تا ئێستا نەکراوە، بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر پێویستە بکرێ.

ئێمە هیوادارین حیزبی دیمۆکرات ڕابردووی پڕ لە هەوراز و نشێوی بکاتە پردە بازێک بەرەو داهاتوویەکی باشتر. بەڵام ئەوە مەیسەر نابێ بەبێ پێداچوونەوە بەم ڕابردووەدا و ئەزمون لێ وەرگرتنی. لام وایە گرینگترین ئەزموون ئەوەیە کە ئەم واقعیەتە بە ڕەسمی بناسرێ کە لە کۆمەڵگای کوردستاندا بە هۆی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، بە هۆی گەشەی پیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، بە هۆی دەورانێکی دوور و درێژ لە خەبات و خۆڕاگری بەرانبەر بە حکومەتی ناوەندی، ئاستی وشیاری کۆمەڵانی خەڵک گەلێک بەرز بووەتەوە و ئەو کۆمەڵگایە خاوەنی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی پێشکەوتنخوازانە و شارستانیانەیە. هەر حیزبێک کە لە گەڵ ئەو دیاردە نوێیە نامۆ بێ و خۆی لەگەڵ نەگونجێنێ و وەڵامی پێویستی پێ نەداتەوە، مێژووی ڕابردووی نایەتە هانایەوە و دەکەوێتە پەراوێزەوە. بە لای منەوە واتای ئەم وتەیە پێداگرتن لە سەر چەند خاڵی گرینگە:

ڕوحی ڕەخنەگرتن و ڕۆشنگەری بە زمانی نەرم و شارستانییانە بسەلمێنین و پێی سەخلەت نەبین. هەرگیز لە کێشە و ناکۆکییە سیاسییەکاندا، چەک و توونـدوتیژی بەکار نەهێنین. دەسەڵات بە ئەمری جەماوەر بزانین و ڕێز بۆ ئازادی دابنێین و هەرگیز بە بان سەری خەڵکەوە دەسەڵات لە نیو خۆماندا دابەش نەکەین. ڕێگا نەدەین ڕێژیمێکی وەکوو کۆماری ئیسلامی لە کەلێن و کەلەبەرکاندا بە شێوەی ڕاستەوخۆ و یان فێڵاوی جێگای خۆی بکاتەوە و چەند بەرەکی بنێتەوە. ڕێگا نەدەین بزووتنەوەی خەلکی کوردستان بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان لە بزووتنەوی ڕزگاریخوازانە و ئازادیخوازانە لە ئیران و لە ناوچەکە دابڕێ، ڕێگا نەدین هیچ لایەنیکی کۆنەپارێز و دەسەڵاتدار و زلهێز بە دەستێوەردانی خۆی رواڵەتی بزوتنەوەی کۆمەلایەتی و عادلانە و ڕەوای خەلکی کوردستان خەوشدار بکا.

٧٢ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتتان لێ پیرۆز بێ.

عەلی عەونی، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان

بەر لە هەموو شتێک سڵاو و ڕێزم هەیە بۆ هەموو هەواداران ئەندامان و بۆ هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەر شوێنیک بن.

بێگومان هەبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئیران یا با بڵێین لە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە کارێکی وای کردوە کە هەر چوار وڵاتە داگیرکەرەکەی کوردستان لە یەک لەو پارچانەدا ئەو دڵەڕاوکێیەیان هەبێ کە بەڵێ هەمیشە بزاوت و حەرەکەتێکی کوردی ماوە و دەمێنێ. بە خۆشییەوە ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی ئەم میللەتە قەت وای لێ نەهاتوە داگیرکەرانی کوردستان بتوانن هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵکێشن و بڵێن لە کوردستان شۆڕش و خەبات بۆ ڕزگاری دامرکاوە و نەماوە.

هەر بۆیە ئەمن پێموایە هاوکات بوونی یادی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بەرهەمی هەڵکەوت و سوتفەیەک نەبووە، بەڵکوو بەرهەمی ڕاویژی بارزانیی نەمر لەگەڵ پێشەوا قازی محەممەد و سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات لە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. دەمەوێ بڵێم ئەم خەباتە و ئەم دوو حیزبە دوو لقی دارێک و دوو بەشی یەک تێکۆشانە لەو نیشتمانەدا. دیارە لەگەل ئەوەشدا کە قەناعەتمان وایە ئێمە یەک نەتەوەین و یەک جوغرافیا و یەک نیشتمان و یەک چارەنووسیشمان هەیە، بەلام پێمان وایە سروشتی

داگیرکەرانی کوردستان لە هەر پارچەی کوردستان و زۆر واقعی سیاسی کە لە دەیان ساڵی ڕابردوودا لەو بەشانە ڕوویان داوە، تایبەتمەندیی جیاوازی بە خەباتی هەر کام لەو بەشانەی کوردستان داوە و لە ئێستادا هەر کام لە بەشەکان بۆ خۆیان باشتر ڕێگای خەبات بۆ ئازادیی خۆیان دەناسن. لەو سۆنگەیەوە ئێمە ڕێز لە تێکوشانی برایانمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرین و ڕێز لە بڕیاریان دەنێین و تێکۆشانیان بۆ بە دەستهێنانی ئازادی بەرز دەنرخێنین.

حەوت دەیە خەبات بۆ ڕزگاری ماوەیەکی کەم نییە، بەڵام ئەوە کە بۆ سەرەڕای ئەو ماوە درێژە خەباتی ئێمە بە ئاکام نەگەیشتووە چەند هۆی هەیە. جارێ پێش هەموو شتێک سروشتی مرۆڤی کورد وایە کە هەمیشە خەتا لە خۆی دادەماڵێ و لە دەرەوەی ماڵی خۆیدا بۆ بیانوو و بۆ هۆکارەکان دەگەڕێ. بەڵام ئەمن پێموایە کێشەی سەرەکی جۆری خەباتی خۆمانە، ئێمە زیاتر لایەنە چەکدارییەکەمان مەبەست بووە هەتا کار لەسەر ڕێکخستنی کۆمەڵ و دروستکردنی گوشار بۆ لایەنی بەرامبەرمان بکەین. ڕاستە دوژمنی دڕندە زۆر سیاسەت و بڕیارت بەسەردا دەسەپێنێ، بەڵام ئێمە دەبوا لە ماوەی ئەو ٧٢ ساڵەدا لە بواری خەباتی مەدەنییەوە جۆرێکمان کار کردبا کە خەڵکمان ئامادەی ڕاپەڕینی سەرتاسەری و مانگرتنی سەرتاسەری کردبا. ئەمن پێموایە لەو بوارەدا ئێمە کەمتر پشتمان بە ڕێکخستن بەستووە و زیاتر خۆمان بە چەکەوە سەرقاڵ کردوە. دەبێ ئەو قەناعەتە دروست بکەین کە لایەنی چەکداریی خەباتەکەمان ئەوەندە زاڵ نەبێ کە سێبەری قورس بخاتە سەر خواستە سیاسییەکان لە ڕێگای وشیاری و تێکۆشانی مەدەنی.

### عەبدوڵلا موهتەدی، سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

بەر لە هەموو شتێک پیرۆزبایی یادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە هەموو تێکۆشەرانی کۆن و نوێی ئەو حیزبە و سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکەم. حیزبی دێموکرات هەر لە کۆماری کوردستان لە مهابادەوە تا ئێستا، خاوەنی مێژوویەکی خەباتکارانەی دووردرێژە، هەزاران شەهیدی داوە، سێ ڕیبەری یەکەمی ئەو حیزبە ئیعدام یان تیرۆر کراون، ناو و ناوبانگی لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان هەیە و ئێستاش لە مەیدانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددا بوونێکی چالاکی هەیە. دیارە ئەو حیزبە گرفت و تەنگەژەشی کەم نەبووە و زیانی زۆریشی بەرکەوتووە کە ئەوەش نائاسایی نییە.

حیزبی دێموکرات لەگەڵ کۆمەڵە نیزیکەی پەنجا ساڵە کە دوو ڕەوتی سەرەکیی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیان پێک هێناوە. ئەو دوو ڕەوتە سەردەمی هاوکاری و تەباییان زۆر بووە کە بەخۆشییەوە ئێستاش درێژەی هەیە، بەڵام گرفت و گرژیش لە نێوانیاندا هەبووە. دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان لە ئیستادا بەرینتر کردنەوەی هەرچی زیاتری ئەو هاوکاری و هاوپەیمانییەمان لێ دەخوازێ تا ئاستی پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی، وە لە داهاتووشدا تا ئاستی پیکهێنانی دەوڵەت و دەسەڵاتی هاوبەشی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.

سەردەمانێک بوو کە حیزبی دێموکرات زەرفی گشتگیری سەرجەم بزووتنەوەی گەلی کورد بوو. نەوەی پێشووی هەموومان بە شانازییەوە لە ڕیزی ئەو حیزبەدا خەباتیان کردووە. لە لایەکی دیکەوە، پلۆرالیزمی سیاسی کە لە دەیەکانی ڕابردوو هاتە ئاراوە و کوردستانی کردە مەیدانی خۆنواندن و ململانێی نێوان ئەو دوو هێزە و هێزەکانی دیکەش، نەقشە و پیلانی شاراوەی کەس نەبوو و نییە، بەڵکوو بەرهەمی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی کوردستان بووە و دەبێ بە دڵی ئاواڵەوە وەربگیرێ و بە دروستی مودیرییەت بکرێ. گرینگ ئەوەیە کە لە هەناوی ئەو فرەییەدا یەکیەتی و یەکگرتوویەک بنیات بنێین. ئەمە گەورەترین ڕاسپاردە و ئەرکی مێژوویی ئەم سەردەمەی حیزبەکانی کوردستان بە تایبەت کۆمەڵە و دێموکڕاتە، وەڵامدانەوەی دروست و بەرپرسانەشە بە داخوازی کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستان. هەر ئەو ئاراستەیەش لە بەرژەوەندی باڵای گەلی کورد و بزووتنەوەکەی دایە.

### عومەر ئیلخانیزادە، سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

دامەزراندنی حیزبی دێموکرات هی ئەو سەردەمەیە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ و مودێرن و دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە وەڵامی گونجاو بەو قۆناغە دەدەنەوە. هەر ئەو سەردەمە کۆماری کوردستان دامەزراوە کە دامەزرانی کۆمار هەم شانازییەکی گەورەیە بۆ حیزبی دێموکرات و، هەم دامەزراندنی کۆمار لە خەباتی نەتەوەیی گەلی کورددا ئیقدامێکی سیاسیی گرینگە کە خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردستانی بردە قۆناغی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی و؛ هۆشیاریی نەتەوەیی بە چەند قات بردە سەرێ. دامەزراندنی کۆمار کاریگەریی گەورەی لە سەر هەموو پارچەکانی کوردستان دانا و دەتوانم بڵێم تا ئێستاش کاریگەرییەکانی هەر هەن.

حیزبی دێموکرات لەو کاتەوە بەردەوام تێکۆشەری خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی کوردستانی ڕۆژهەڵات بووە. سەرەڕای هەوراز و نشێوی سیاسی، بەڵام ئەو حیزبە هەم شەهیدی زۆری داوە و، هەم بە بێ پسانەوە بەردەوام

بووە لە خەبات و بەرگری لە مافەکانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بۆیە ئەم مێژوویە جێگای ڕێزە و ئەو حیزبیش لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراتیکی کوردستاندا جێگای خۆی گرتووە و فاکتەرێکی گرینگە لە پرۆسەی سیاسی کوردستاندا.

لە ئێستاشدا کە بزووتنەوەی سیاسی و مافخوازانەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان هەل و دەرفەتی باشی بۆ ڕەخساوە و لە هەمان کاتدا نەیارانی کوردستان پیلانگێرییەکانیان زیاتر دەکەن، پێویستە یەکڕیزیی کوردستان بپارێزرێ بۆوەی بتوانین خەباتەکەمان سەربخەین و دێمۆکراسی بسەپێنین. لەو بارودۆخەدا چاوەڕوانی ئەوە لە حیزبی دێموکرات دەکرێ شێلگیرانە بۆ یەکڕیزی و پێکەوە کارکردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێ بکۆشێ و، بۆ پاراستنی دێموکراسی و دیالۆگی سیاسیی نێو هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات هەنگاوی جیددی هەڵبگرێ؛ تا هەموومان بتوانین پێکەوە ئەو قۆناغە هەستیارە بە سەرکەوتوویی تێپەڕ بکەین.

مومتاز حەیدەری، کەسایەتیی ئەدەبی و سەرنووسەری گۆڤارەکانی K۲۱ و لەیلا قاسم - لەیلا زانا

حیزبی دیموکراتی کوردستان خاڵی وەرچەرخان بە نەتەوەبوونی هاوچەرخانەی ڕەوتی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستانە. حزبی دیموکراتی کوردستان لە ئامێزەی میهرەبانەکەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ کاف)دا خەملا و بوو بە بەشێکی زیندووی مێژووی نوێی کوردایەتی.

حیزبی دیموکراتی کوردستان نموونەی حیزبێکی شۆڕشگێڕ و ڕووناکبیرە و لە ۷۲ ساڵەی دامەزرانی ئەو حیزبەدا بەر لە هەموو شتێک یادی هەر سێ سەرکردە کاریزما و مەزنەکەی بەرز ڕادەگرین، چونکی ئەم یادە لە نێو دڵی هەموو نەتەوەی کورددا هەر دەم شکۆدارە.

لەگەڵ دەسپێکی بزووتنەوە ڕووناکبیری و شوناسخوازییەکان لە سەدەی ۱۹ لە سەر دەستی نوخبە سیاسی و ڕووناکبیرییەکان لە خاکی ئیمپراتوریی عوسمانیدا و سەرهەڵدان و دامرکانی زۆر شۆڕش و ڕاپەڕین، ئەوانە هەموو کاریگەریی قووڵیان لەسەر بزووتنەوەی سیاسی و ڕووناکبیری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا.

ئەگەر ئاوڕێک لە ڕێچکەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەینەوە، ئەگەر لە شۆڕشەکانی شیخ عوبەیدوڵڵا و سمکۆ وردبینەوە تا دەگاتە سەردەمی دروستبوونی «ژ.ک»، ئەوانە دەسەلمێنن کە جووڵانەوەی

ڕزگاریخوازیی کورد لەو بەشەدا پاشخانەکەی نەتەوەیی و شۆڕشگێرییە. ئەوەیە کە لە ئەنجامدا و لە ١٦ - ٨ - ١٩٤٥ لە باوەشی نەتەوەپەروەرییەکەی ڕێکخراوی «ژ.ک» حیزبی دیموکراتی کوردستان بە گەورەیی لە دایک بوو.

دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەکوو زەروورەتێکی گرینگی مێژوویی و خەبات و تێکۆشانی ئەم حیزبە لە پێناو ئازادیی نیشتمان و بەختیاریی تێکڕای خەڵکی کوردستان بووەتە هۆی ئەوە دەسکەوتی گەورە لەسەر دەستی ئەم حیزبە دروست بێ.

دیارە لە سەرەتاوە بە خەباتێکی پشوودرێژو و شەونخونیی سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەسەرۆکایەتیی پێشەوا قازی و تێکڕای پێشمەرگە شوڕشگێر و ڕووناکبیرەکان، حیزبی دیموکراتی کوردستان زۆر بەزوویی لە باوەشی گەرم و گەورەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا جێی خۆی کردەوە و توانی لە سەردەمی گۆرانکارییەکانی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی دەرفەتەکان بقۆزیتەوە و دەسکەوتێکی مەزنی نەتەوەیی وەک کۆماری کوردستان بۆ کورد بە دیاری بێنێ.

بە گشتی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و پاشان ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بە خاڵی وەرچەرخان لە ڕەوتی مێژووی کوردایەتیی نوێی و هاوچەرخ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە کوردستانی گەورەش دادەنرێ.

ئەو ٧٢ ساڵە لە تەمەنی دژوار و پڕ شکۆی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، خەباتە خوێناوییەکەی و قوربانیدانە هەرە زۆرەکەی لە پێناو کورد و کوردستان بە بەشێکی مەزن و زیندووی سەرجەم مێژووی خەباتی گەلی کورد دادەنرێ.

وێڕای پیرۆزبایی گەرم، دەکرێ سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە چاوی رەخنەشەوە چاو لەو مێژووە پڕ هەوراز و نشێو و شکۆدارەی خەبات و قوربانیدانی بکا و دەرس لە کەوتنەکانی وەربگرێ و لە پێناو یەکڕیزیی نێو ماڵی حیزبی دیموکرات و و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێ بکۆشێ.

**جەلیل ئازادیخواز، نووسەر و ڕووناکبیر**

چڕبوونەوەی داواکاریە سیاسیەکانی کورد، گەشەی کۆمەڵگەی کوردستان و دەرکەوتنی سەرەتاکانی بۆرژوازیی

نەتەوەیی و ڕووناکبیری نوێی کورد، گۆڕانکارییە جیهانی و ناوچەییەکان و دەرکەوتنی جیهانی پیشکەوتووی ڕۆژئاوا، لە چەمکی سیاسیی کۆی دیاردەکانی ناوچەکەدا، دەرفەتێکی تازەی بۆ کورد ڕەخساند کە هێزی خۆی کۆکاتەوە و لە فۆرمیکی نوێی سەردەمیانەدا هەموو خواستەکانی خۆی گەڵاڵە بکا و بە چاوکراوەیی و بەرنامەوە هەوڵی وەدیهاتن و ئەنجامدانیان بدا.

لەڕاستیدا ئەم فۆرمە نوێ و هێزە ڕیکخراوەیە حیزبی دیموکرات بوو کە بوو بە پێشەنگی داواکانی گەلی کورد و بەرپرسایەتییەکی گرنگی مێژوویی کەوتە ئەستۆ. ئەم دەرفەتە گرنگ و دەرکەوتە مێژووییە، نەک تەنیا لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا، بەڵکوو لەکۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەییماندا ئەرک و بەرپرسیارەتیی گرنگی خستە ئەستۆی حیزب. بۆیە وەک بوونێکی بابەتی، حیزب لەمێژووی خۆیدا خاوەنی ڕۆڵ و قورسایی و جێگای خۆی بووە لە کۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورددا. مێژووی حیزب بە هەموو هەوراز ونشێوەکانیەوە مێژوویەکی قابلی قبوڵ و گونجاوە . ڕۆڵی حیزب لە قۆناغی تازەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد، بەتایبەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا دیار و بەرجەستە و شیاوی سەرنجە. سودوەرگرتن لە تاکتیکی گونجاو، هەوڵی خۆرێکخستن و گونجان لەگەڵ سەردەم و گۆڕانکارییەکان و داخوازییەکانی گەل ئەرکی هەمیشەی حیزب بووە و هەیە.

چرکەساتی ئێستامان چرکەساتێکی گرنگ و چارەنووسساز و هەتا کەم وێنەیە لە کۆی مێژووی نوێماندا. ئەم دەرفەت و چرکەساتە بەباوەڕی من دەخوازێ حیزب وەک یەک لە کۆڵەکە سەرەکی و هێزە گەورەکانی ڕۆژهەڵات، لە ئاست دوو بابەتی هەرە گرنگدا هەڵوێستەی جدی بکا و بە لێبراوی و سنگفراونی و هەست بە بەرپرسیارێتی زۆرتر وڵامی گۆڕانکارییە نوێکان و پێداویستیەکانی بداتەوە.

پێدەچێت لەئێستادا لانیکەم لە ڕووبەری زەینی و کولتووریدا، بزاوتی کوردی ڕۆژهەڵات ویست و داواکارییەکانی گۆڕاون و تاکی کورد بە فیدرالیزم و ئەم جۆرە فۆرمانە بۆ دەستەبەرککردنی ویستەکانی رازی و پێ مل نەبێ. باشتر وایە هەم حیزب و هەم کۆی هێزەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان دروشمی «مافی چارەی خۆنووسین» هەڵگرن . فۆرمی ئەم چارەش دانێن بۆ دەنگدانی سەربەست و ئازادانەی جەماوەری گەل لە چرکەساتی شیاوی خۆیدا.

دۆخی ئێستامان، بەئاشکرا بەرجەستە و لە ویست و پێویستییەکی گرنگی ئیستراتیژیکەوە، خوازیاری یەکبوون و یەکگرتن و یەکخستنی هێزەکانمانە، بۆیە دەبێ حیزبی دیموکرات لەئاست دروستبوونی بەرەی کوردستانی و چەترێ

بۆ یەکخستنی توناکانی خۆرهەڵات لانیکەم، لە ڕەهەندەکانی سەربازی و دیپلۆماسی و میدیاییدا بە ڕاشکاوی و لەخۆبوردەیی بێتە مەیدان و هەوڵی دروستکردنی ئەم بەرە و چەترە بدا.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٨.

٢٦ی ئاگۆستی ٢٠١٧

## داڕمانی ئەخلاقی لە کۆمەڵگە و خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتییەکان

چەند ڕۆژ پێش هەواڵدەریی «مێهر»ی ئێران هەواڵی دەستدرێژیی کارمەندێکی بێهزیستیی لە شاری تاران لە قاو دا، کە لە ناوەندێکی ڕاگرتنی کچانی بیرکۆڵدا، دەستدرێژیی سێکسیی کردبووە سەر کچانی بیرکوڵ.

حەوتووی ڕابردوو کارمەندەکانی شارەداریی سنە بە تاوانی دروستکردنی خانوویەک بەدەر لە ڕێنماییەکانی شارەداری، ماڵەکەیان ئاگر دا، بەو هۆیەوە موسلیح حوسێنی بوو بە خەڵووز و گیانی لە دەست دا.

چەند حەوتوو لەوە پێش بوو تاوانبارێک پاش کێشانی ماوە زیندانییەکەی و هە لە دوای ئازادبوونی ئوتومبیلێک دەدزێ و کە دەبینێ کچۆڵەیەک لە نێو ئوتومبیلەکە دایە، دەرگای ئوتومبیلەکە دادەخا و ئەو کچە ساوایە بەهۆی گەرما و نەمانی هەوا پلیشاوە و گیانی لە دەست دا.

هەروەها ڕۆژەکانی کۆتایی جۆزەردانی ئەمساڵ بوو کە ئاتنا ئەسلانی، کیژۆڵەی تەمەن ٧ ساڵ لە پارس‌ئابادی موغان لەلایەن پیاوێکی تەمەن ٤٠ ساڵەوە دەستدرێژیی کرایە سەر و دوایەش تەرمی بێ گیانی لە نێو بۆشکەیەک لە کارێژی ماڵی بکوژدا دۆزرایەوە.

ئەوانە تەنیا چەند نموونەیەک لە داڕمانی ئەخلاقیی کۆمەڵگە و بزرکانی بایەخەکانی هەڵسوکەت لە کۆمەڵگای

ئێرانن کە ڕۆژانە لە ڕەهەندی جۆراوجۆر و لێرە و لەوێ بەرچاو دەکەون و چەندپاتە دەبنەوە.

هۆکارەکان چین؟ ئەوەی کە دەزگای زەبەلاحی میدیایی ڕێژیم بانگەشەی بۆ دەکا کە گوایە بەرهەمی هێرشی فەرهەنگیی ڕۆژاوا لە ڕێگای سەتەلایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دنیای مەجازین؟

ئەگەر ڕووی بەرپرسایەتیی ئەو دیاردەیە لە دەسەڵات و حکومەت بێ ئەم پرسیارە لە جێی خۆی دایە کە ئەدی سیاسەت و پلانە داڕێژراوە کلتوورییەکان بە بودجە و تێچووی میلیاردی هەزاران هەزار میلیارد تمەن لە سەر گیرفانی خەڵک لە ماوەی ٣٨ ساڵی رابردوودا، لە کام دیوی کۆمەڵگەدا ڕەنگیان داوەتەوە؟

کاڵبوونەوە و گۆڕانی بایەخ و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان، لادان و قانوون بەزاندن و دروستبوونی کەلێن و کەلەبەر لە نێوان تاک و کۆمەڵگا واقعێکی حاشاهەڵنەگری کۆمەڵگای ئێرانە کە دەرەنجامی شکستی سیستەمی پەروەردەیی و سیاسەتی کەلانی کۆماری ئیسلامییە لە مەهندیسی کردنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەدا.

ئاکامی ٣٨ ساڵ سیاسەتی پەروەردەیی و فەرهەنگی لە توێی ئامارە ڕەسمییەکاندا بەمجۆرە خۆ دەنوێنن: ڕۆژ بە ڕۆژ تەمەنی لادان و تاوانکاری دێتە خوارێ؛ درۆ هەموو جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی داگرتوە، تەمەنی لەشفرۆشی گەیوەتە ١٢ ساڵ؛ لە ساڵدا ٥ میلیۆن پەروەندە لە دادگاکاندا دروست دەکرێن؛ تەمەنی ئیعتیاد بە مادەی هۆشبەر گەیوەتە خوار ١٠ ساڵ؛ یەک لە سێی ژیانە هاوبەشەکان هەڵدەوەشێن، دزی کردن و دەستدرێژییەکان ساڵ بە ساڵ زیاتر دەبن و ...

هۆکارەکان چین؟ هەژاری دەکرێ هۆکاری بنەڕەتیی هەموو ئەو قەیرانانە بێ کە بەرۆکی کۆمەڵگەی ئێرانی گرتوە. ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن کە نیزیک بە نیوەی خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. هاوتەریب لەگەڵ ئەوە گەندەڵیی تاسەر ئێسقان لە سیستەمی سیاسی و ئابووری و بەڕێوەبەریی وڵاتە کە ئاکامەکەی پەرەسەندنی بێ متمانەیی و کاڵبوونەوەی نۆرم و بایەخە نەریتییەکانە لە کۆمەڵگەدا.

سەیر ئەوەیە لەو کۆمەڵگەیەدا کە نوقمی قەیران و خەسارە و خەریکی لەبەر یەک هەڵتەکانە، ڕوانگەی دەسەڵات بۆ دارمانی ئەخلاقی دەرکەوتنی چەند تاڵ قژی کچان و ژنان و دەبەرکردنی مانتۆی کورت و کراسی بێ دوگمەیە. کێشەیەکی دی لەو پێوەندییەدا سەیرکردنی لادان و دارمانە ئەخلاقییەکان بە چاوی نۆرمە ئاینییەکانە. لە کاتێدا

ئەخلاق دین و ئایین نییە. ئەخلاق بنچینە و بایەخ و ڕێوشوێنەکانی پێوەندییەکان بۆ تێکەڵاوی و ژیانی هاوبەش لە کۆمەڵگەیە، جا چ ئەو کۆمەڵگەیە ئایینی بێ یان نەبێ. ئەوەش لە جێی خۆی کە لە زۆر جێدا ئەخلاق و بنەما ئایینییەکان تێک دەگیرێن. بۆ نموونە ئەخلاق لە کۆمەڵگای پێشکەوتوودا حوکم دەکا مرۆڤ ڕێزی لێ بگیردرێ و ژن و پیاو مافی وەک یەکیان هەبێ، بەڵام لە حوکمی ئاییندا شیاوترین و بەرێزترین کەسەکانی خاوەن ماف هەر پیاوی موسوڵمانە! ئەخلاقی کۆمەڵایەتی بانگەشەی پێکەوەژیان و تەبایی لە کۆمەڵگەدا دەکا، بەڵام لە ئاییندا حوکمی جیهاد و بەکافرزانین و کافرکوشتن هەیە! ئەوەی لێرەدا گرینگە خۆشاردنەوە و حەشاردانی دزێوی و قوبحە کۆمەڵایەتییەکانە لە ژێر دەمامکی ئاییندا؛ ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردوویەتی و دەیکا.

کۆمەڵگەی ئێران نوقمی دارمانی ئەخلاقی و بایەخە مرۆییەکانە. ئەگەر دیوێکی کۆمەڵگە بە گوتار و بایەخە ئایینییەکان رازاوەتەوە کە شەو و ڕۆژ دەسەڵات و میدیا و دامودەزگا زەبەلاحەکانی بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵام ناخی کۆمەڵگا دیوێکی دیکە و پێچەوانەی هەیە و تا سەر ئێسقان ڕۆچۆتە نێو گەندڵی و ترازانەوە. تیورییەکانی کۆمەڵناسیش دەڵێن ئەو دۆخە لە بەرژەوەندەیی دەسەڵات دایە. دەسەڵات بە پەرەپێدان بەو دارمانە ئەخلاقییە و لە ڕێگای زەبر و زەنگەوە هەوڵ دەدا ڕێ لە هەرچەشنە کردە و کاردانەوەیەکی کۆمەڵایەتی بگرێ. کاتێکیش کۆمەڵگە نوقمی ژیانێکی ڕۆژانەی لەو چەشنەیە، تاکەکان بۆ مانەوەیان هەموو شتێک دەکەنە بەردەباز و پێ دەنێنە سەر هەرچەشنە نۆرم و بایەخێک. ئەوەش شتێک نییە دەسەڵات بە بەرهەڵستی خۆی بزانێ، چونکی ئاستی داوا کۆمەڵایەتییەکان هێندە نزم دەبێتەوە کە حکومەت دەتوانێ لە ڕێگای کەرەستەکانی بەردەمی بەباشی کۆنترۆڵیان بکا.

بۆچوونێکی دیکەش ئەوەیە کە کۆمەڵگەی ئێران لە بەردەم گۆڕانێکی ئەخلاقی دایە، بەڵام گۆڕانکاریی ئەخلاقی لە هەر کۆمەڵگەیەک دەبێ دوو تایبەتمەندیی هەبێ، هەم لە ڕووی چەندایەتییەوە خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە کەمی بدەن و لە ڕووی چۆنایەتیشەوە لە هەناوی بێ ڕەوشتییەکان دوور کەوێتەوە، بابەتێک کە لە کۆمەڵگەی ئێستای ئێراندا نایبینین، ئەوەی دەبیندرێ دارمان و هەرەسهێنانی ڕەوشتە مرۆییەکانە کە ئەگەر کۆمەڵگە بیەوێ بیوەستێنێ تەنیا یەک ڕێگای هەیە، ئەویش سەرچەشنێکی نوێ بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ.

مۆدێل و سەرچەشنی نوێش بێ گومان دژایەتی و ناتەبایی بنەڕەتیی دەبێ لەگەڵ نۆرمە ئایینییە داسەپاوەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٩.

٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

## ئەزموونێک و دەرفەتێک بۆ بەخۆداهاتنەوە

گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانە لە عێراق و هەرێمی کوردستان هەر بۆ ئەو وڵاتە مێژوویی و چارەنووسساز نین، بەڵکوو شوێنکاری ئەم ئاڵوگۆڕانە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ناوچەش دەگرێتەوە.

کورد لە عێراق بە تەمای گشتپرسییە بۆ سەربەخۆیی و جیابوونەوە لەو وڵاتە. بۆ؟ چونکی وەک بۆ خۆیان دەڵێن ئەزموونی هاوبەشیی سیاسییان لەگەڵ هێز و لایەنەکانی دیکەی ئەو وڵاتە بۆ بنیاتنانەوەی عێراقێکی نوێی دێموکرات کە ئی هەموو لایەک بێ، شکستی خواردوە. لەوە بترازێ کە کورد لە عێراق سەرباقی نیزیک ٩ دەیە خەباتی خوێناویی بۆ دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە دوای شەڕی دووهەمی کەنداو و ڕووخانی ڕێژیمی بەعس، هەلی لەباری بۆ جیابوونەوە لە عێراقی وێران و کاولکراوی ڕووخاو بۆ هەڵکەوت، بەڵام بڕیاری سەرکردایەتیی کورد هاوبەشییان لە دروستکردنەوەی عێراقێکی فیدراڵ، بە لەبەرچاوگرتنی دابینبوونی مافی هەموو جۆراوجۆرییەکانی ئەو وڵاتە بوو. ئێستا کە هەرێمی کوردستان لە ساتەوەختێکی هەستیار بۆ بڕیارێکی مێژووییە، سووچی ئەو ناکامییە لە درێژەدانی ژیانی پێکەوەیی بێگومان لە ئەستۆی حکومەتی ناوەندییە کە بە پڕکێشیی خۆی هەرێمی کوردستانی خستە پەراوێزەوە و وەک هاوبەشێکی سیاسی لە ئیدارەکردنی وڵات و بەکردەیی کردنی زۆر لە بەندەکانی قانوونی بنەڕەتیی ئەو وڵاتە حسێبی بۆ نەکرد و وەلای نا.

بێشک ئێستا کە چارەسەری قەیرانی سیاسی لە عێراق لە شێوەی دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیشتراکی و هاوپەیمانی بە ئاراستەی دەربازبوون لە ناکۆکییەکانی نێوان پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە زەحمەت و دوورەدەستە، هەرچەشنە گۆڕانکارییەک لە سنووره جوغرافیاییەکانی عێراق و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لەو وڵاتە و ئەگەری سەربەخۆیی کوردستان، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر دۆخی وڵاتانی ناوچە بەتایبەت دراوسێکانی ئەو وڵاتە دەبێ، پرسیار

ئەوەیە کە ئەم وڵاتانە و یەک لەوان بەڕوونی ئێران ئەمە بە دەرفەت دەبینێ یان هەڕەشە؟ وەڵامەکەش روونە کە بەندە بە شێوەی ڕەفتار و سیاسەت و ڕووبەڕووبوونەوەی کاربەدەستانی سەرووی ئەو وڵاتە.

هەڵوێستە بەراییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەچنە خانەی دژایەتیی بڕیارەکەی هەرێمی کوردستان. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی گۆڕانکاری لە تەواوەتیی خاکی عێراق بە هێڵی سوور دەزانن و لێدوان و قسەی زاری بەرپرسانی سیاسی و نیزامیی ئەو وڵاتە لە دوو مانگی ڕابردووشدا هەر لەسەر ئەم تەوەرەیە. بەڵام بێگومان ناکرێ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بەلەبەرچاوگرتنی واقعە سیاسییەکان - بۆ نموونە سەختی و تەنانەت نامومکینبوونی چارەسەری قەیرانی سیاسیی نێوان هەرێم بەغدا، قورسایی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکان و پاڵپشتیی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان، ئەزموونی تا ڕادەیەکی زۆر دێموکراتیک و سەرکەوتوو لە ئیدارە و خۆبەڕێوەبەریی هەرێمی کوردستان و گرتنەبەری سیاسەتی دوور لە چرژی و گرژی لەگەڵ دراوسێکانی، ئاوێتەبوونی بەرژەوەندییە ئابووری و ئەمنیەتییەکانیان لەگەڵ هەرێم - خۆیان بۆ ئەگەرەکانی دیکە دانەنابێ و بە لەبەرچاوگرتنی زۆر فاکتۆری دیکەی نێوخۆیی و دەرەکی وەک ڕکەبەریی مێژوویی ئێران و عێراق، پرسی وزە لە ناوچەی ژئوستراتیژیکی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و هەڤرکێی زلهێزە جیهانی و ناوچەییەکان ناکرێ لە خانەی دژبەرایەتیدا جێ بگرێ. بەڵام پڕدیارە کە ئەم گۆڕانکارییانە لە عێراق و هەرێمی کوردستان شوێنکاری قووڵیان لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پرسی کورد لەو وڵاتە دەبێ و پەرە بە مافخوازی و خواستی شوناسخوازیی کورد لە ئێران دەدا. کەوابوو کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەمەیان چی دەکا؟

پرسی کورد لە ئێران سەرەڕای زۆر تایبەتمەندیی خۆی، هاوچارەنووسی و خاڵی هاوبەشی زۆریشی لەگەڵ پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بەتایبەت لەگەڵ باشووری کوردستان هەیە.

بزووتنەوەیەکی مافخوازی نەتەوەیی بە مێژووی زیاتر لە حەوت دەیە کە لە هەناوی کۆمەڵگای کوردیدا ڕەگاژۆی کردووە، بەڵام سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندی لە دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی لە وەڵامی ئەو داخوازە سیاسی و مەدەنییانەدا کە بە درێژایی ئەو حەوت دەیە لە شێوەی مافی خۆبەڕێوەبەری لە چوارچێوەی ئێرانی دێموکرات بۆ هەمووانیدا بووە، هەموو کاتێ حاشا و سەرکوت و زەبروزەنگ بووە. جێکردنەوەی پرسی کوردی لە خانەی ئەمنیەتیدا و سەپاندنی شەڕ بە سەر کوردستان و پاشان پەراوێزخستنی کورد و ڕاگرتنی کوردستان لە پاشکەوتوویی ئابووری و وەبەرهێناندا و، بێبەشکردنی کۆمەڵگای کوردی لە مافە مەدەنی و سیاسییەکانی و

سیستماتیک کردنی سیاسەتی هەڵاواردنی کورد لە ئێران ڕەفتاری ڕەسمی و شێوەی مامەڵەی تاران لەگەڵ پرسی کورد بووە، بەڵام تا کوێی بڕ کردوە؟ مافخوازی و خەباتی کورد بۆ داوا ڕەواکانی سەرباری تێچووی زۆری هەر لەجێی خۆیەتی.

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دنیای پڕ گۆڕانکاریی ئێستا بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا ناتوانن خۆیان لەو ئاڵوگۆڕانە و کارلێکییان لەسەر یەکتر بدزنەوە، بۆیە ئەزموونی باشووری کوردستان و ڕەوتی ڕووداوەکان لە عێراق و ناوچە دەتوانن بۆ ئێران هەل و دەرفەتێکی لەبار بن. دەرفەت بۆ ڕزگارکردنی ئەو وڵاتە لەو چارەنووس و داهاتووەی زراویان لێی چووە. ئەمەش بەندە بەوەی چەندە خۆیان لەگەڵ ئەم هەلومەرجە نوێیە دەگونجێنن و چۆن گۆڕان لە سیاسەتی تا ئێستای خۆیان لە هەمبەر کوردستان - کە تەنیا هەڵاواردن و پەراوێزخستن و سەرکوتی ماف و داواکانی خەڵک بووە - دەهێنن.

پێچەوانەی کورد لە عێراق، کورد لە ئێران هاوبەشیی مێژوویی زۆر و دوور و درێژی لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی ئەم وڵاتە هەیە. هەر لەجێدا خەباتێکی ڕەوا و بە پرستیژی بۆ گەیشتن بە مافەکانی کردوە و بە درێژایی حەوت دەیەی ڕابردووش بە دوای چارەسەری ئاشتییانەی ئەو پرسە لە چوارچێوەی ئێراندا بووە. هەموو ئەوانە ئەگەر بۆ کورد سامانێکی مەعنەویی بەبایەخن، دەتوانن بۆ دەسەڵات لە تاران دەرفەتێکیش بن تا بە سەرنجدان بۆ شەپۆلی خێرای گۆڕانکارییەکان لە ناوچە و تۆخبوونەوەی مافخوازی و خەباتی شوناسخوازیی کورد لە ئێران، بە گۆڕان لە سیاسەت و بیرکردنەوە و شێوەی ڕوانینیان بۆ پرسی کورد، هەلی چارەسەری مەدەنیانە و ئاشتییانەی ئەو پرسە لە کیس خۆیان نەدەن.

(لە ژمارەی ٧١٠ ی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

## پاییز، کچانی شیناوێ و وەرزی نوێی خوێندن لە دڵەخورپە و نیگەرانیدا

پێنج ساڵە لەگەڵ کرانەوەی قوتابخانەکان و دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن برینێک لە جەستەی کوردستان تەشەنا دەستێنی. برینی سووتانی کچانی شێناوێی پیرانشار کە بەهۆی گڕگرتنی سۆبەیەکی نەوتی لە پۆلێکی خوێندندا ٢٤ قوتابیی مێرمنداڵ سووتان و سێزدە کەس لەوان برینی خەستیان هەڵگرت، برینێک کە لەگەڵ گەورەبوونیان نەک سارێژ نەبووە، بەڵکوو تا دێ قووڵتر و بە ئێشتر دەبێ.

ئەوەی کە بەڵێنی زۆر بۆ چارەسەر و پیڕاگەیشتن بە کێشە و خەمی ئەو کیژانە درا و کەمیشی نەگەیشت، ئەوەی کە زۆر کەس نان و پیوازی بە زامەکانی ئەوان خوارد و کەس دڕوویەکی لەشیان دەرنەهێنا، باسی سەرەکیی ئەم نووسینە نین. ئەوەی مەبەستی ئەم نووسینەیە باسکردنە لە سەردێڕی کۆمەڵێک کێشە و قەیران لە دەسپێکی وەرزێکی نوێی خوێندندا، بە تایبەت لە کوردستان و ناوچە پەراوێزخراوەکانی دیکەی ئێراندا.

حەوتوویەک پێش کرانەوەی قوتابخانەکان بوو کە بەڕێوەبەرایەتیی نۆژەنکردنەوە و پەرەپێدانی قوتابخانەکانی ئێران ڕایگەیاند کە ئێستاش ٨٣ هەزار پۆلی خوێندن ستاندارد نین و ئەمنیەتی خوێندنیان تێدا مسۆگەر نییە. بە پێی داتاکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە زیاتر لە ١١٠٠ پۆلی خوێندن قوڕین و دارینەن،١٧٠٠ پۆلی خوێندن کانکێسن و زیاتر لە ١٠٠ هەزار پۆلی خوێندن بە سۆبەی نەوتی گەرم دادێن، واتە دوور نییە کارەساتێکی لە چەشنی ئەوەی شیناوێ لە هەر کام لەو ١٠٠ هەزار پۆلەدا دووپات بێتەوە.

بەڵام ئەو ١٠٠ هەزار پۆلە پتر لە کام جوغرافیای ئێرانن، هەر وەک بۆ خۆیان دەڵێن بەشی هەرە زۆر و نیزیک بە تەواویان نەک لە تاران و تەورێز و شیراز و ئیسفەهان و ئەردەوێل، بەڵکوو لە کوردستان و ناوچە وێڵکراوەکانی دیکەی وەک سیستان و بەلوچستان و بەشە پەراوێزخراوەکانی دیکەی ناوچە سنوورییەکانن.

باس لە ناوچە سنوورییەکان کرا، خۆزگە دەردی ئەو ناوچانە هەر ستانداردنەبوونی قوتابخانە و خوێندنگەکانی با، ئێش و ژانی سەرەکی ئەوەیە کە نیزیک بە نیوەی قوتابیانی کچی ئەو ناوچانە ناگەنە قۆناغی دواناوەندیی

خوێندن و واز دێنن، یان وازیان پێدەهێنن.

هۆکارەکان هەرچی بن، نەبوون یان دووربوونی قوتابخانە لە گوندەکان، کارپێکردنی منداڵ لە مووچە و مەزراکان، هەژاری و دەسکورتیی بنەماڵەکان یان هەر هۆکارێکی دی؛ تاوان و بەرپرسایەتیی یەکەمی لە ئەستۆی حکومەتە کە خوڵقێنەری ئەو دۆخەیە، ئەویش بە تایبەت لە کوردستان.

ڕیزوان حەکیمزادە، جێگری وەزیری پەروەردە و خوێندنی ئێران دەڵێ بەشی هەرە زۆری ئەو منداڵانەی لە قۆناغی سەرەتایی خوێندندا لە قوتابخانە و پەروەردە دادەبڕێن لە ناوچە سنووری و دوو زمانەکاندان، واتە کوردستان و دیسانەکەش سیستان و بەلوچستان و ڕۆژاوای خوزستان.

خوێندنی زۆرەملێ بە زمانی فارسی و بێبەشی لە خوێندن بە زمانی زگماک بە هۆکارێکی سەرەکیی دیکەی دابڕانەکان لە خوێندن باس دەکرێ. عەبدولحوسێن موقتەدایی، پارێزگاری پێشووی خوزستان دەڵێ ڕێگری لە خوێندنی منداڵان بە زمانی زگماکییان بووەتە هۆی وازهێنانی زۆر لە منداڵان لە خوێندن لە ناوچە فارسەکان، بە تایبەت ناوچە سنوورییەکانی سیستان و ڕۆژاوای ئێران، واتە دیسان کوردستان.

چاوخشاندنێک بە چەند ئامارێکی پێوەندیدار بەو بابەتە باشتر و ڕوونتر سیاسەتی هەڵاواردن و پەراوێزخستنی کوردستان لە بەشی پەروەردە و فێرکردنمان لەلایەن حاکمییەتی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ دەردەخا.

ڕەمەزان یوسفی، جێگری بەشی خوێندەوارکردن لە ئیدارەی پەروەردە و فێرکردنی پارێزگای سنە بە ئاماژە بەوەی پارێزگای سنە دوای سیستان و بەلوچستان پلەی دووهەمی نەخوێندەواریی لە ئاستی ئێراندا هەیە، دەڵێ: هەر بە پێی سەرژمێرییەکەی ساڵی ۹۰، پارێزگای سنە زیاتر لە ۲۸٦ هەزار نەخوێندەواری بەتەواو مانا و ۲٦۲ هەزار کەسی کەم سەوادی بووە.

بە پێی ئامارەکان لە ئێستادا و لە ئاستی پارێزگای کرماشاندا ۳۰۰ هەزار کەس نەخوێندەوارن. محەممەدڕەزا بەسامی، جێگری "سەوادئاموزی"ی ئیدارەی فێرکردن و پەروەردەی پارێزگای کرماشان دەڵێ لەو ۳۰۰ هەزار کەسە زیاتر لە ۸۲ هەزار کەسیان تەمەنیان لە نیوان ۱۰ تا ٤۹ ساڵ دایە.

لەلایەکی دیکەوە پارێزگای ورمێ لە ئێستادا بە هۆی بوونی ١٨٣ هەزار کەسی نەخوێندەوار، لە پلەی ٢٨ی ڕیزبەندیی پارێزگاکانی ئێران دایە و هەر ئەوەش دەری دەخا کە ئەو پارێزگایەی کوردستان یەکێک لە پەراوێزخراوترین ناوچەکانی ئێرانە.

فەرەیدوون سەید مستەفەوی، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردە و فێرکردنی پارێزگای ورمێ دەڵێ پارێزگای ورمێ لە ڕووی شوێن و جێ و ڕێ بۆ خوێندنی قوتابییان کەمایسیی زۆری هەیە و هەرنەبێ ٦٨٠٠ پۆلی نوێی خوێندنیان بۆ دەسپێکی ئەو ساڵی خوێندن کەمە.

پێشتریش فەریبۆرز ئسماعیلزادە، بەڕێوەبەری گشتیی نۆژەنکردنەوە و پۆشتە کردنی خوێندنگەکانی ورمێ گوتبووی بەهۆی کەمیی بودجە و ئیعتیبار نەیانتوانیوە بەڵێنییەکان بۆ نۆژەنکردنەوە و چاککردنەوەی خوێندنگەکانی ئەم پارێزگایە ببەنە سەرێ، واتە مەترسیی دووپاتبوونەوەی ڕووداوەکەی شێناوێ هەردەم و لە هەر کام لەو قوتابخانە کۆن و دارماو و بێ ئیمکاناتانەی کوردستان لە ئارا دایە.

ئەو دەڵێ بۆ دروستکردنی ئەوەندە پۆلەی خوێندن لە ماوەی ٥ ساڵی داهاتوودا بڕی ١٢٥٠ میلیارد تمەن بوودجە پێویستە و دەوڵەت گوتویە بۆی دابین نابێ و تەنانەت سەدی ١٠ی ئەو بودجەیەش نادرێتە دەست ئەو ئیدارەیە.

هەروەها پارێزگای ئیلامیش کە سەدی ١١ی هەموو پاشکەوتی نەوتو گازی ئێرانی هەیە، لە بێبەشترین و پەراوێزخراوترین ناوچەکانی ئێرانە و بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان ٣٠ هەزار کەسی تێدا بە تەواوی نەخوێندەوارن.

لە کوردستان پاییز و دەسپێکی وەرزی نوێی خوێندن بە واتای وەرزێکی دی لە بێبەشیی خەڵکی کوردستان لە مافی پەروەردە و فێرکاری دێ کە زیانەکانی تا چەند نەوە دواتریش بەرۆکی بەرنادا.

(لە ژمارەی ٧١١ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

## ئێعدام چەکی درێژکردنەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی

١٨ی ڕەزبەر (١٠ی ئۆکتۆبر)ی هەموو ساڵێک ڕۆژی نەهێشتن و بەربەرەکانی لەگەڵ سزای ئێعدامە.

ڕۆژی ١٠ی ئۆکتۆبری ئەمساڵ لە حاڵێکدا یادی کرایەوە کە ڕاگەیەندرا دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای ئەمساڵی زایینیەوە تا ئێستا ٤٣٥ کەسی لەدار داوە و تەنیا هەواڵی ئێعدامکرانی ٨٣ کەسیان لە میدیا رەسمییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.

چاوخشاندنێک بە ئامارەکانی ئێعدام لە ئێران لە سێ ساڵی رابردوودا پێمان دەڵێ چ کارەساتێک لەو وڵاتە ڕوو دەدا. کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ٢٠١٤دا ١٦٣٤ کەسی لە دار داوە. ساڵی ٢٠١٥ ژمارەی ئێعدامکراوەکان لە ئێران ٩٧٧ کەس بووە و، ساڵی ڕابردووش ٥٦٧ زیندانی لە ئێران لە دار دران، بەو پێیەش کە لە ٩مانگی ئەمساڵدا زیاتر لە ٤٠٠ کەس ئێعدام کراون، وێدەچێ ژمارەی ئێعدامکراوەکان لە ئێران لەمساڵدا زیاتر لە ساڵی ڕابردوو دەبێ.

چەکی ئێعدام لە تەنیشت چەکی تێرۆر هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی خرایە خزمەتی دەسەڵاتبەدەستانی ئەو ڕێژیمە. ئێعدامەکان لەو ڕێژیمەدا لە سەربانی قوتابخانەی ریفاه لە تاران بە کوشتنی ئەفسەر و کاربەدەستانی ڕێژیمی پاشایەتیی رووخاو دەستی پێکرد و کەس هاواری ئەو بێ تاوان یان تاوانبارانەی نەبیست کە داوای دادگاییکردنێکی عادڵانەیان دەکرد. ئێعدامەکان دوایە گەیشتنە کوردستان و تورکەمەن سەحرا و دوایەش کە ئێعدامەکانی دەیەی شەستی زیندانیانی سیاسیی لێکەوتەوە. ئامانج لە هەموو ئەو ئێعدامانە لێدانی فیزیکی لە دژبەرانی نیزام و سەقامگیرکردنی ڕێژیم بوو و تێرۆر و ئێعدام ئامرازی باش بۆ ئەو مەبەستە لای ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بوو. بەڵام ئەوە کۆتایی بەسەرهاتەکە نییە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دوای سەقامگیریش بە پاساوی ئایینی ئێعدامی کردە چەکێک بۆ ڕاگرتنی نەزمی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی لەو کۆمەڵگا ئیسلامییەدا! بە ڕەچاوکرانی ڕێوشوێنە ئاینییەکان ڕەگ و ڕیشەی تاوان و لادانەکان ویشک بکا. ڕەچاوکردنی ئەو سیاسەتە وایکردوە ئێران لە ڕووی ئاماری ئێعدامەکان دوای چین لە ڕیزی

دووهەمدا جێ بگرێ و بەپێی ڕێژەی حەشیمەت و ژمارەی ئێعدامکراوەکانیش یەکەم وڵات بێ لە دنیادا.

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی دەڵێ کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ۱۳۵۷ ڕا هەتا ساڵێ ۱۳۹۵ی هەتاوی پتر لە ٦١ هەزار کەسی لەو وڵاتەدا لەدار داوە. مەسەلە ئەوەش نییە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی حاشا لە ئێعدامەکان _ چ ئێعدامە سیاسی یان نا سیاسییەکان_ بکەن، بەڵکوو بە دەگمەن نەبێ هەر هەموویان بەرگریی لێ دەکەن و ئەو جینایەتانەیان بۆ مانەوەی ڕێژیمەکەیان بە پێویست زانیوە.

وەک گوترا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئامانج لەبەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدام بۆ بنەبڕکردنی تاوان لە کۆمەڵگا و گەڕاندنەوەی بایەخ و بەها کۆمەلایەتی و ئایینییە بزربوو و کاڵبووەکان دەگەڕێننەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەو وڵاتە لە رووی جێبەجێکردنی حوکمی ئیعدامەوە بە پێی حەشیمەتەکەی پلەی یەکەمی لە دنیادا هەیە، بەڵام ئەو شالاوە لە ئیعدامکردنانە نەک نەیتوانیوە ڕێژەی تاوان و جینایەت لەو کۆمەڵگایەدا کەم بکاتەوە، بەڵکوو بە پێی ئیعترافی کاربەدەستانی پایەبەرزی ڕێژیم و بە پێی ئامار و زانیارییەکان، بڕی تاوان و تاوانکاری لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بە تایبەت لە دوو دەیەی رابردوودا چەند قات لە چاو پێشوو زیادی کردوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدام ساڵ نییە لەلایەن ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤەوە مەحکوم نەکرێ و داوای لێ نەکرێ کە بەهۆی ناکارامەیی سزای ئێعدام، ئەو سزا نامرۆڤانەیە لە یاساکانی سزادان بسڕێتەوە، بەڵام ئەو بەربەرەکانی و هەموو ئەو هەوڵ و هەڵوێستە جیهانییە تا ئێستا شوێنی لەسەر بڕیاری کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا دانەناوە، بۆیە چالاکانی مافی مرۆڤ دەڵێن وڵاتانی زلهێز و خاوەن بەرژەوەندی لە ئێران پێویستە لە دانوستان و پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێراندا فشار بخەنە سەر ئەو وڵاتە بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر نەهیشتنی سزای ئێعدام بدا و بۆ ئەوە گوشاری زیاتر بخرێتە سەر ئەو وڵاتە.

بەڵام بابەتی ئیعدامکردن وەک سزایەک لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا پتر لەوەی بنەمای حقووقی هەبێ، بڕیارێکی سیاسییە و دەسەڵات بۆ زاڵکردنی کەشی ترس و سەرکوت بەکاری دێنێ، بێ ئەوەی وڵامی پێوستی لێ وەرگرتبێتەوە. هەر لەبارەی ئێعدامی چالاکانی سیاسیی کورد کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا بەبەردەوامی درێژەی بووە، ئەو پرسیارە هەیە کە ئاخۆ ئێعدامە سیاسییەکان چۆکیان بە بزووتنەوەی سیاسیی کورد داداوە؟ بێ گومان نا. چونکی ئەگەر ئیعدام و لە سێدارەدان و زیندان و سەرکوت کاریگەریی لە سەر ڕاوەستانی خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری

هەبوایە، هەر لە دوای لە سێدارەدانی پێشەوا و ڕووخانی کۆماری کوردستان دەبوایە ڕەوڕەوی خەبات و تێکۆشان لە جووڵە کەوتبا و هیچ تاکێکی کورد باسی لە ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد نەکردبایە، کە دەبینین وانییە.

بەشی هەرە زۆری ئێعدامە ناسیاسییەکانیش لە ئێران لە چەند دەیەی ڕابردوودا سەبارەت بە تاوانەکانی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر بووە، بەڵام زۆر لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی نایشارنەوە کە سەرەڕای ٤٠ ساڵ بەردەوامی لە جێبەجێکردنی سزای ئێعدام، بازرگانیی مادەی هۆشبەر لەو وڵاتە ساڵ بە ساڵ زیادی کردوە. لە ئێستاشدا دەوڵەت لایحەیەکی بۆ لابردنی سزای ئێعدام لەسەر کۆمەڵێک تاوانی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر داوەتە مەجلیس کە ئەگەر پەسند بکرێ، زیاتر لە ٥ هەزار زیندانی لە مردن ڕزگاریان دەبێ، کەچی بەهۆی دژایەتیی دەزگای قەزایی و چەت تێخستنی ئەو ناوەندی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا وەڵامی پێویستی وەرنەگرتۆتەوە.

هەوڵەکان بۆ نەهێشتنی سزای ئێعدام لە ئێران چ لەلایەن مافناسان، کۆمەڵناسان و چالاکانی مەدەنی حاشای لێ ناکرێ، بەڵام بێگومان ئەو هەوڵانە لە بەرامبەر دەسەڵاتی ئیدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامیدا بڕ ناکەن، مەگەر ئەوەی تۆکمەتر و زۆر بەربڵاوتر لەوە بن کە ئێستا هەیە. تەنیا لە ئەگەری دروستبوونی فشارێکی نێوخۆیی و دەرەکییە کە دەکرێ هیوادار بە پاشەکشە پێکردن بە کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا بین.

(لە ژمارەی ٧١٢ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

## لەپێناو پاراستنی دەسکەوتەکاندا

هەرێمی باشووری کوردستان لە ماوەی یەک حەوتووی ڕابردوودا بووەتە مەیدانی شەڕ و ئاڵۆزییەک کە تا ئەو دەم و ساتە درێژەی هەیە. شەڕ و پێکدادانەکان بە گرتنەوەی کەرکووک لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق دەستی پێکرد و پێشڕەویی ئەو هێزانە لە خاکی هەرێمی کوردستان و دەستبەسەرداگرتنی بەشی زۆری ئەو ناوچە کوردستانییانەی دەرەوەی هەرێمی لێ کەوتەوە کە پاش شەڕی داعش کەوتبوونەوە دەستی کورد.

هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان نیزیک مانگێک دوای ڕاپرسییەکەی باشووری کوردستان بۆ سەربەخۆیی کرا، ڕاپرسییەک کە نزیکەی ٩٣% ی بەشدارانی دەنگی «بەڵێ»یان بۆ جیابوونەوە لە عێراق و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی دا. لە ئەنجامی ئەو بڕیارەدا سێ وڵات کە هەموو مێژووی خۆیان پڕە لە ناتەبایی و ململانێ و دوژمنایەتی، بەڵام لەسەر دژایەتیی کوردەکان و شکاندنی شکۆ و هەرەسهێنان بە ئیرادەی سەروەری و سەربەخۆییخوازیی ئەوان یەکیان گرت و پیلانێکی نێودەوڵەتییان لە دژی کورد گێڕا.

لە هەناوی ئەو پێشهات و گۆڕانکارییانەدا چەند شت هەیە باسیان بکەین:

یەکەم، کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر بە پشتیوانی ناسەربازی لە دەوڵەتی ناوەندیی عێراق بۆ ئابلۆقەی هەرێمی کوردستان و داخستنی سنووری ئاسمانی و خاڵە سنوورییەکانی هاتوچۆ و بازرگانی نەوەستا، بەڵکوو ئەوەی دەیبینین بەشداریی ئاشکرا و ڕاستەوخۆی سوپای پاسدارانیشە لە شەڕ و پەلامارەکانی حەشدی شەعبی بۆ سەر هەرێمی کوردستان. ئەویش ڕاست لە کاتێکدا کە بەپێی ستراتیژیی نوێی کۆشکی سپی، سپای پاسداران وەک کاراکتەری سەرەکیی

ئاژاوە و قەیرانخوڵقێنی و ناجێگری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناوی دەبرێ و سەبارەت بە پشتیوانی لە گرووپە تێرۆریستەکان لەلایەن وەزارەتی خەزێنەدارییەوە خراوەتە لیستی ڕەشی گەمارۆوە. بە گرنگیدان بە قسە و هەڵوێستەکانی پێشووی سەرکۆماری ئەمریکا و ستراتیژییە نوێیەکەی، بێ تەفاوەتیی ترامپ و

بەڕێوەبەرایەتییەکەی بە نیسبەت گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانە کە هەموو بەڵگەکان ڕۆڵی ئاشکرای سپای پاسداران لە دروستکردنی شەڕێکی دیکەی ناوچەییدا دەسەلمێنن؛ جێی سەرسووڕمانی زۆر کەس و لایەنن. ئەوەی لە هەرێمی کوردستان ڕوو دەدا لەگەڵ ئەوەدا کە جێبەجێکردنی پیلانێکی دژمنکارانەی ستراتژیک بەدژی نەتەوەی کوردە، هەرلەوکاتەدا نادیدەگرتن و دەمەلاسکەیەکی روونی ستراتیژیی نوێی ئەمریکا لە بەرامبەر ئێران دایە.

دووهەم، ئەو هێرشە بۆ سەر کوردستان دوای گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کرا و ئێستاش بەغدا دەڵێ لە ئەگەری وتووێژ لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەسەر پرسە ناکۆکەکان بە هیچ شێوەیەک ڕیفراندۆم و ئاکامەکەی قسەی لەسەر ناکرێ. هەروەها هەم لە بەرەی حکومەتی ناوەندی و هەم لە نێوخۆی هەرێمەوە کۆمەڵە دەنگێک بەو ئاقارەدا دەبیسترێ کە تاوانی ئەو دەستدرێژی و کاولکارییە بخرێتە ئەستۆی گشتپرسییەک کە کراوە. ئەوەی لەو پێوەندییەدا دەگوترێ ئەستاندنەوەی ڕەواییە لە بڕیارێکی هەرە ڕەوای کورد لەو هەرێمەدا. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەرپرسایەتیی سەرەکیی خوڵقانی ئەو دۆخە لە ئەستۆی ئەو لایەنەیە (حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی بەغدا) کە بە درێژایی مێژووی دروستبوونی عیراق وەڵامی ماف و داواکانی کوردی بە ئاگر و ئاسن داوەتەوە. کورد لە باشووری کوردستان لە مێژووی نە هێندە دووردا چەند جار خەبات و شۆڕشەکەی بۆ ماف و ئازادییەکانی لەلایەن حکومەتی پاشایەتی و کۆماریی عێراقەوە سەرکوت کراوە، لە ١٩٧٥دا وەک ئێستا پیلانی نێودەوڵەتییان لە دژی گێڕاوە، ئەنفال کراوە، بە بۆمبی شیمیایی لێی دراوە و لە کۆڕەوی میلیۆنیدا ناچار بە جێهێشتنی زێدی باب و باپیرانی کراوە، بەڵام ڕاست لەو کاتەدا _ ٢٠٠٣ لە پاش ڕووخانی ڕێژیمی سەدام_ کە ئەودەمیش دەیتوانی باسی جیابوونەوە و سەربەخۆیی بکا، بڕیاری دا لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی ئەو وڵاتە شانسێکی دی بە هاوبەشی و بنیاتنانەوەی عێراقێکی نوێ بدا. ئەوەی هەرەسی بەو مەیلە و بە ئەزموونی پێکەوە ژیان لە عیراقدا هێنا بێ بەڵێنیی حکومەتی ناوەندی و سیاسەتی شۆڤێنیستیی بەغدا بوو کە بە پاوانخوازی و نادیدەگرتنی دەستوور و بنەماکانی تەوافوق و شەراکەت، بە کردەوە هەرێمی کوردستانی خستە سەر ڕێچکەیەک کە بیر لە ڕێگا و بژاری دیکە بۆ ئایندەی خۆی بکاتەوە.

سێهەم، هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە لە چوار ساڵی ڕابردوودا بەو شەڕ و بەرگرییە خوێناوییەی کە لەگەڵ دوژمنێکی قەستەسەری ئاسایش و ئەمنیەت لە جیهاندا وەک داعش کردی، دنیای ڕۆژاوای قەرزداری خۆی کرد. لە ماوەی چارەگە سەدەیەکیش لە دەسەڵاتی دوفاکتۆی کورد لە عیراق ئەزموونێکی باشی لە خۆبەڕێوەبەری و ڕێزگرتن لە پرەنسیپە جیهانییەکانی وەک وێکهەڵکردنی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکان و ئازادییە مەدەنی و

دێموکراتیکەکان پێشکێش کردوە. هەر بۆیە چاوەڕوانیی ئەوە دەکرا کە دنیای ڕۆژاوا هەرێمی کوردستان وەک دۆست و هاوپەیمانێکی ستراتژی و وەک مۆدێلێکی شیاوی پاراستن چاو لێ بکا و پشتیوانی بێ. ئەوەی تا ئێستا دیومانە ڕووی دزێوی ئەو دیپلۆماسییە بە تایبەت لە ساڵانی شەڕ لەگەڵ داعش بوو، وەک بڵێی کوردیان هەر بۆ شەڕی داعش دەویست و ماف و داوا ڕەواکانی کوردیش - کە هەر هەمووی لەسەر بنەمای ئەو پرەنسیپانەن کە خۆیان پێناسەیان کردوون - وا دیارە لای ئەوان ئەوەندە گرینگ نیە کە لە ڕۆژی تەنگانەدا لەسەری بەکردەوە وەجواب بێن.

چوارەم، بەداخەوە ئەوی برینی ئەمجارەی بەژانتر کردوە ئەوەیە کە ئەگەر کورد تا ئێستاش دۆست و پشتیوانی جێی متمانەی نییە لە نێو وڵاتاندا، لەنێو خۆیشیدا ناکۆکی و دووبەرەکی بینەقاقای گرتوە. ئەوەی لەم ڕۆژانەدا دەیبینین و دەیبیسین وەدیهاتنی خەونی نەیارانی کوردە کە هەمیشە کۆشکی هیوایان لەسەر کاولکردنی کوردستان و لێدان لە شکۆی نەتەوەیی و یەکیەتیی کورد هەڵچنیوە. ئاراستەی پێشهاتەکان و داهاتووی کورد لە هەرێمی کوردستان دیارە، یان دەبێ دەست لە شکۆی و دەسکەوتەکانی چەند دەیە ڕابردووی بشوا و بێ گەڕانەوە بۆ پاشخانی خەباتی مافخوازی و سەروەریخوازیی قایل بەو قەدەرە بێ و ببێتەوە بە بەشێک لە حکومەتی ناوەندگەرا، یان پێویستە خەبات و ململانێ بۆ مانەوەی ئەو، پاراستنی دەسکەوتەکانی و وەدیهێنانی خەونە مێژوویی و ڕەواکەی بکا.

ڕووداوەکانی ئەم دواییانەش وەک بێ پشتیوان مانەوەی تا ئێستای کورد لە دنیای دەرەوە و گەلەکۆمەی وڵاتانی نەیاری ناوچە لە دژی کورد پێمان دەڵێن تەنیا بەخت و تەنیا ڕێگای دەربازکردنی کورد لەو قەیرانەی ئێستا و گەیاندنی ئەو بەلەمە لە دەریای تۆفانی و پڕ شەپۆلی ناوچە بۆ کەنارەکانی ئارامی، یەکیەتی و یەکبوونەوەی هەرچی زووتر و هەرچی قایمتری کوردە. گەڕانەوە بۆ دەنگ و داوای خەڵک و گرنگیدان بە ویست و چاوەڕوانیی ئەوان؛ ئەزموون وەرگرتن لە شکان و نەهامەتییەکانی ئەم دواییانە؛ کاراکردنەوەی هاوپەیمانی و دامەزراوە نیشتمانییە هاوبەشەکانی کورد لە باشوور و ڕێککەوتن لەسەر نەخشەڕێگایەکی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران و بنیاتنانەوەی ئایندە لە ریزی ئەو هەنگاوانەدان کە لەو قۆناغەدا زەروورەت و ئەولەوییەتیان هەیە.

(لە ژمارەی ٧١٢ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

## کوردستان دوور لە سیلەی چاوی جەهانگیر

ئەسما جەهانگیر، ڕیپۆرتێری شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئێران لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە کۆمیتەی سێهەمی کۆڕە گشتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان گیرا، یەکەم ڕاپۆرتی خۆی لەو بەرپرسایەتییەدا پێشێکش کرد. لەو ڕاپۆرتەدا کە تایبەت بە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٧ کراوە، عاسمە جەهانگیر نیگەرانیی! خۆی لە بەردەوامیی ئێعدامەکان لە ئێران دەربڕیوە. لەو ڕاپۆرتەدا باس لە نیگەرانییەکانی! نابراو سەبارەت بە بەردەوامیی ئەشکەنجەدانی بەندکراوان، ڕاوەدوونانی چالاکانی بواری مافی مرۆڤ، گرتنی سەرەڕۆیانەی خەڵک لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کراوە و تێیدا هاتووە کە ئێستاش ئازادیی ڕادەربڕین پێشێل دەکرێ و مافی ڕۆژنامەنووسان و هەروەها ژنان پشتگوێ دەخرێ.

لە وردەکاریی زیاتری ئەو ڕاپۆرتەدا ئەوەش هاتووە کە بنەماڵەی چەند کارمەندێکی بی بی سی لە تاران خراونەتە ژێر فشارەوە بۆ ئەوەی منداڵەکانیان ناچار بە وازهێنان لە هاوکاریی ئەو کاناڵەی ڕاگەیاندن بکەن، هەروەها ئاماژە بەوەش کراوە کە لەو شەش مانگەدا ١٤ چالاکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەسبەسەر کراون. باس لە پێشێلکردنی مافی ئەو کەسانەی ئێرانی و هاووڵاتیی وڵاتێکی دیکەن_یەک لەوان کە ناوی هێنا نازەنین زاغەری_ وێڕای ئاماژەی سەرپێی بە پێشێلکرانی مافی کەمە ئاینییەکان _وەک بەهاییەکان کە ناوی بردن_ چەند تەوەری دیکەی ڕاپۆرتەکەی خاتوو ئەسما جەهانگیر بوون.

ڕیپۆرتێری شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئێران هەروەها دەسخۆشیی لە وادە و بەڵێنییەکانی حەسەن ڕوحانی، سەرکۆماری ئێران لە پێوەندی لەگەڵ مافی ژناندا کرد و بێ ئەوەی بڵێ کە کام وادە و بەڵێنی ناوبراو وەدی هاتوە و کامە گۆڕان و چاکسازیی دڵخۆشکەر لە دۆخی ژناندا ڕووی داوە، بە خشکەش گوتویەتی کە سەرەڕای ئەو دەسپێشخەرییەی! حەسەن ڕوحانی هێشتا بەشی زۆری مافی ژنان وەدی نەهاتوە و ئاماژەی بە حیجابی زۆرەملێ کردوە، وەک بێبەشییەکی گرینگی ژنانی ئێران لە مافەکانیان.

لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم ڕاپۆرتەی ئەسما جەهانگیر کاردانەوەی نوێنەری ئێران لەو کۆڕە و دەزگای قەزایی ڕێژیم لە

تارانی لێکەوتەوە و بە بڕیاری سیاسی و یەکلایەنەی شوڕای مافی مرۆڤ بۆ دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامییان ناو برد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند قسەیەک هەڵدەگرێ کە ئێمەش بیکەین:

کۆماری ئیسلامی لە مێژووی ٣٨ ساڵەی خۆیدا بە وڵاتێکی نادێموکڕاتیک و پێشێلکەری مافی مرۆڤ ناسراوە، هیچ ساڵێک نەبووە ئەو ڕێژیمە لەلایەن کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووکان _کە ئێستا چەند ساڵێکە پێکهاتەکەی بە شۆڕا گۆڕاوە_ ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنوور، ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی شورای یەکیەتیی ئورووپا و کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکانی دیکەی داکۆکاری مافی مرۆڤەوە سەبارەت بە پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە ئێران مەحکوم نەکرێ؛ هەر ئەوەش کە لە چەند قۆناغدا و لەلایەن کۆمیسیۆن و شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بە بەردەوامی ڕێپۆرتنێری تایبەتیی بۆ دیاری کراوە، دەریدەخا کە ڕێژیمێکی تا سر ئێسقان دژی بەها مرۆییەکانە. هاوکات دیاریکردنی ڕێپۆرتێری تایبەتیش بۆ ئەوەیە گوشاری زیاتر بخرێتە سەر ئەو ڕێژیمە تا لە چوارچێوەی ڕێوشوێنە دیاریکراوەکاندا چاکسازی لە قانوونەکانیدا بکا و ناچار بە ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و بەها ئینسانییەکان بن. ئەوەی کە ئەمجارەیان خاتوو ئەسما جەهانگیر بە خۆشبینییەوە باس لە هاوکاریکردن و بە دەنگەوەهاتنی کۆماری ئیسلامی دەکا ناتوانێ لە جێی خۆیدا بێ، چونکی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران سەرەڕای گۆڕینی دەوڵەتەکان و دروشمەکانی حەسەن ڕوحانیدا هیچ بەلای باشیدا نەشکاوەتەوە.

خاتوو ئەسما جەهانگیر باشتر لە هەموو کەس دەزانێ کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای ئەوەی موریس کاپیتورن، ڕێپۆرتنێری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئێران لە ساڵی ١٣٧٥ سەردانی ئەو وڵاتەی کردوە، پتر لە ٢١ ساڵە ڕێگای بە هیچ چاوەدێرێکی نێونەتەوەیی نەداوە پێ بنێنە خاکی ئەو وڵاتە. بێ گومان وەڵامی ئەرێی کۆماری ئیسلامی بە داوای سەردانی خاتوو ئەسما لە ئێران بۆ تاوتوێی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە وڵاتە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و لە نیزیکەوە دەتوانێ نیشانەیەک بۆ دڵخۆشبوونی بەڕێزیان بێ، شتێک کە سەرەڕای داوای بەردوامی ئەحمەد شەهید و لە ئێستاشدا خاتوو ئەسما جەهانگیر وەڵامی «نا»ی پێ دراوەتەوە.

قسەیەکی، دی کە لەسەر ئەم ڕاپۆرتە هەیە بیکەین پشتگوێخستنی مافی نەتەوە نافارسەکان و یەک لەوان کوردە، کە ئەگەرچی لە پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا پشکی شێریان پێ دەبڕێ، کەچی ئەم ڕاپۆرتەدا بە یەک وشەش بەلایدا نەچووە. باسەکە لێرەدایە کە گوشاری ناوەندە ئەمنیەتییەکان بۆ بنەماڵەی چەند کارمەندی تۆڕی

میدیایی بی بی سی، یان بێبەشی لە مافی مەرەخەسی و هەبوونی پارێزەر بۆ زیندانییەک کە هاوکات تەبەعەی وڵاتێکی ئورووپایە - نازەنین زاغەری - دەبێتە کەڵکەڵەی خاتوو ئەسما و ناویا دێنێ، کەچی چاوی لە ٩١ ڕۆژ مانگرتنی محەممەد نەزەری نوقاندوە کە ٢٤ ساڵە لە زیندان دایە بێ ئەوەی تاقە ڕۆژێک مەرەخەسیی بدرێتێ و بێ ئەوەی لە دادگایەکی عادڵانەدا محاکەمە کرابێ.

خاتوو ئەسما دەڵێ ئەو ڕاپۆرتەی تایبەتە بە بازنەی زەمەنیی ٦ مانگی یەکەمی ٢٠١٧ و لەودا کە باس لە گرتنی چالاکانی مەدەنی و هەڵسووراوانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکا، دەڵێ لەو ماوەیەدا ١٤ چالاکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گیراون و ژمارەیەکیان دادگایی و سزای زیندانیان بەسەردا سەپاوە. تۆ بڵێی خاتوو ئەسما نەیزانیبێ کە هەر لەو شەش مانگەی بەڕێزیان باسی دەکا هەرنەبێ ١٥٥ کەس لە کوردستان بێ بڕیاری دادگا و سەرەڕۆیانە لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەر و زیندانی کراون، یان بڵێی ١٤ لە ئاستی ئێراندا لە ١٥٥ لە بەشی کوردستان زیاتر بێ، یان دەنا چونکی ئەم گیراوانە کوردن لە ئامارەکاندا بە حسێب نایەن؟

هەر بۆ بەرچاوڕوونی خاتوو ئەسما جەهانگیر پێویستە بڵێین کە لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا زیاتر لە ٣٢٧ حاڵەتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان ڕووی داوە.

لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا ٧٩ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوونەتە قوربانیی سیاسەتی پەرەنەسەندنی کوردستان لە ڕووی ئابووری و ڕەفتاری دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە گەلی کورد. لەوەندە کەسە ٣٧ کاسبکار بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کوژراون و ٤٢ کەسیش هەر بەو هۆیە بریندار بوون. هەر لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا ١٥٥ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیراون. ژمارەیەک لەوان دوای لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان تا کاتی دادگاییکرانیان بە دانانی بارمتە ئازاد کراون و ١٦ کەس لەوان حوکمی ساڵێک تا ١٥ ساڵ (سەرجەم ٧٧٩ مانگ) زیندانیان بەسەردا سەپاوە و بەندکراوێکی کوردیش سزای ئیعدامی بۆ بڕاوەتەوە. هەروەها لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵی ٢٠١٧ی زایینیدا ٣٨ بەندکراوی کورد کە بە تاوانەکانی پێوەندیدار بە ماددەی سڕکەر حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپابوو، لە زیندانە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا لەدار دراون؛ تازە ئەوانە بەشێک لەو پێشێلکارییە سیستماتیکەی مافی مرۆڤ لە کوردستانن کە ناوەندەکانی سەربەخۆی

داکۆکیکاری مافی مرۆڤ توانیویانە بە دێکۆمێنتی بکەن.

بێگومان کار و تێکۆشانی ئەسما جەهانگیر و ڕاپۆرتەکانی گرینگ و جێی بایەخن، بەڵام ئەگەر بەڕێزیان دەیەوێ ڕاپۆرتەکانی گشتگیر و پڕ بە بەری دۆخی ڕەوشی مرۆڤ لە ئێران بن، پێویستە زیاتر لەوە خۆی بە پرسی پێشێلکردنی مافی نەتەوەکان لە ئێران ماندوو بکا و چاوەدێریی زیاتر بخاتە سەر ئەو بەشە لە چالاکییەکانی؛ بۆ ئەو مەبەستەش دەتوانێ پێوەندیی لەگەڵ ناوەندەکانی تایبەت بە پرسی مافی مرۆڤ لە کوردستان هەبێ تا ڕاستی و دروستیی هەموو خاڵ و حاڵەتانەی بۆ ڕوون بێتەوە.

(لە ژمارەی ٧١٣ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

---

## خامنەیی ٩٥ میلیارد دۆلاری سامان هەیە و سەدا ٩٥ی خەڵکی ئێرانیش هەژارن

لە ئێران شۆڕش کرا بۆوەی مەودای هەژار و دەوڵەمەند نەمێنێ، شۆڕشگێڕەکان نووکەی پەلاماریان لە "شا" بوو. دەیانگوت شا بۆ خۆی لە کەشکەلانی ئاسمان و لە کۆشکەکانیدا دانیشتوە و ئاگای لە خەڵکی بێ ئەنوا نییە کە لە قەراغ شارەکان بەسەر یەکتریدا مەڵاس بوون.

شۆڕش سەرکەوت و شۆڕشگێڕەکان و یەک لەوان جەنابی خامنەیی کە ئێستا ڕێبەری ڕێژیمە، بناغەی نیزامێکیان داڕشت کە دروشمیان بۆ دەدا و خەڵک بۆ ئەو دروشمانە حەمەڕەزاشای پەهلەوییان لە تەختی شایەتی هێنایە خوارێ.

چوار دەیە لە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی تێپەڕیوە و کۆشکەکان هەر لەجێی خۆیانن، تەنیا خەڵکەکەی ناویان گۆڕاون، شای پێشوو جلوبەرگی ڕازاوە و خەملاو بە میدال و نیشانی شایەتیی دەبەر دەکرد و ئەوەی ئێستا

عەبا و مەندیلی هەیە و ئەنگوستیلەی نقیمداری لە دەست دایە... خەڵکی ئێران هەژارتر و بێ ئەنواتر بوون و مەودای دارا و نەدار لەو وڵاتەدا قەت هێندەی ئێستا نەبوە، بەو جیاوازییە کە ئەوانەی دەوڵەمەندن و هەیانە، بەشی کەمی کۆمەڵگەن و هەژار و بەشمەینەتەکەش زۆرینەی ڕەهان.

ئێستا هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە وەزارەتی خەزێنەداریی ئەمریکا ئەرکە و خراوەتە سەر شانی کە دەبێ سەروەت و سامانی عەلی خامنەیی و ۸۰ کاربەدەستی دیکەی ڕێژیمەکەی، بە تایبەت فەرماندەکانی سپای پاسداران ئاشکرا بکا. کۆمیتەی کاروباری ماڵیی کۆنگرەی ئەمریکا لەسەر وەزارەتی خەزێنەداریی کردوە کە دەبێ ڕوونی بکاتەوە خامنەیی، حەسەن ڕوحانیی سەرکۆمار، ئەندامانی شوڕای نیگابان، ئەندامانی مەجلیسی خیبرەگان و کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام، وەزیری ئیتلاعات، حوسێن تائیب سەرۆکی بەشی ئیتلاعاتی سپای پاسداران و زیاتر لە ۸۰ کاربەدەستی گەورەی ئەو ڕێژیمە چەندەیان سەروەت و سامان لەسەر یەک داناوە. بڕیاریش وایە دوای تەواوبوونی کارەکە ڕاپۆرتەکەی ئاشکرا بکرێ و لەسەر ماڵپەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دابندرێ و خەڵک هەموو بیبینن.

قسە ئەوەیە کە نەک ئەندامانی کۆنگرەی ئەمریکا، بەڵکوو ئیدی هەمووان دەزانن کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت لە بەشی سیاسی و ئەمنیەتی و چەکداریدا هەتا بینەقاقا لە گەندەڵی تێوەگلاون و هێندەیان سامانی ئەو وڵاتە بە تالان بردوە کورد گوتەنی ڕەنگبێ بە حیسێبی خۆشیان نەزانن. وەک چۆن ڕۆژ نییە هەواڵی گەندەڵییەکی چەند میلیارد تمەنی کە هیچ، چەند هەزار میلیارد تمەنی لەو وڵاتەدا ئاشکرا نەکرێ و ئەوانەش کە کردوویانە و دەیکەن هەمووی کاربەدەستی هەرە درشت و گەورەی ڕێژیمن کە تازە بەشێکی زۆر کەمی ئەو گەندەڵییانە ئەویش لە سایەی ڕکەبەریی نێوخۆیاندا ئاشکرا دەبن و بەشی هەرە زۆری لەبەر لایەنی ئەمنیەتی! و پاراستنی ڕیژیمەکەیان پووشبەسەر دەکرێن و بێدەنگەیان لێ دەکەن.

بروس پۆلیکوین، نوێنەری کۆماریخواز لە کۆنگرەی ئەمریکا و یەک لە ئامادەکارانی ئەو پڕۆژە یاسا و بڕیارە دەڵێ چوونەسەرێی هەژاریی هەوسارپچڕاو لە ئێران پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ گەندەڵیی بەلێشاو و سیستماتیک لە نێو توێژی دەسەڵات و بڕیاربەدەستانی ئەو ڕێژیمەدا.

خەرمانانی ئەمساڵ دامەزراوەی ناحکومیی "بورگێن" کە بە کاری بەربەرەکانی لەگەڵ هەژاری لە دنیادا خەریکە، ڕایگەیاند ئاستی هەژاری لە ئێران بەهۆی فەساد و گەندەڵیی دەوڵەتی و دەستبەسەرداگرتنی توێژی دەسەڵاتدار

بەسەر هەموو جومگە ئابوورییەکانی ئێران بە شێوەی سەرسووڕهێنەر زیادی کردوە.

ئامارەکان دەڵێن تەنیا سەدی ٥ی خەڵکی ئێران کە خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم و بنەماڵە و بازنەیەک لە خزمان و کەسوکاری ئەو دەگرێتەوە هەر هەموو سامان و سەروەتی وڵاتیان لە بن چنگی خۆیان ناوە و سەدی ٩٥ی خەڵکیش هەژار و ئاتاج و بێ ئەنوان.

بە تۆزێک سەرنج و وردبوونەوە لە سەر چندراوەکانی هێز و دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا بۆمان دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی رێژیمێکە گەندەڵی لە هەناویدا دروست دەبێ. ڕێژیم بازنەیەکە لە کۆمەڵێک کاربەدەست کە بەشی زۆریان خزمایەتییان لەگەڵ یەکتری دروست کردوە و بەردەوام لە شوێنێک و بەشێکی ڕێژیمەوە دەچن بۆ شوێنێکی دی. ئەو کۆمەڵە کەس و بنەماڵەیە لەو بازنەیەدا سەرەڕای هەموو جیاوازیی بیرو بۆچوونەکانیان، بەڵام لە سەر بەرژەوەندییە گشتییەکانی بنەماڵە گەورەکە! واتە ڕێژیمەکەیان و سفرە ڕاخراوەکەی بەردەمیان بۆ هەڵلوشینی سەروەت و سامانی گشتیی وڵات هاوهەڵوێستن.

لە مەجلیسی هەشتەمدا نیزیک بە ١٨٠ نوێنەری مەجلیس بەرتیلیان لە جێگری یەکەمی سەرکۆمار وەرگرت، دەیان ئیسکەلە و بەندەر هەیە کە لەژێر دەسەڵات و چاوەدێریی گومرکدا نین و لە پاوانی سپای پاسداران دان.

سیستەمی بانکی و کۆمپانیا هەڵسووڕەکان لە بورس و پەیمانکارە دەوڵەتییەکان هەموو لە بازنەیەکی ئاڵۆز و تێکگیراو دان کە هەم وەک دامودەزگا گشتییەکان دەردەکەون، هەم بودجەی دەوڵەتییان دەدرێتێ و هەم لە ڕێگەی ڕانت و دەستوپێوەندییەکانیان ڕێ لە هەر گرووپێکی دیکە دەگرن و، هیچ بەشێکی ئابووریی ئێران نەماوە لەلایەن بونگا و دەستوپێوەندییەکانی ڕێبەرانی حکومەتەوە پاوان نەکرابێ. ژوورەکانی بازرگانی، یەکیەتییە سینفییەکان، پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و بازرگانیی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات هەمووی لە پاوانی ئەو ئاڵقەیە دایە و ناوەندە بەستراوەکانی دیکەش لە ڕێگەی فرۆشی نەوت و هەڵلوشینی ئەو داهاتەوە ڕۆژ بە ڕۆژ زەبەلاحتر دەبن.

بە کورتی لە سیستەم و ڕێژیمێکدا کە گەندەڵی پێکهاتەیەکی بەهێزی هەیە و لە دەوڵەت و ناوەندێکەوە بۆ دەوڵەت و ناوەندێکی دیکە دەگوازرێتەوە؛ تەنیا ڕێگەی بنەبڕکردنی گەندەڵی، بنەبڕکردن و هەڵتەکاندنی هەموو مافیا و بنیاتەکانی گەندەڵی نێو سیستەم و خودی دەوڵەت و حکومەتێکە کە ماکە و سەرچاوەی گەندەڵییەکانە.

**ماڵپەڕی: کوردستان و کورد - ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧**

## خوێنی کاڵتری کوردان!

بوومەلەرزەیەکی بەهێز بە گوڕیی سەروو حەوت ڕیشتێر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داوە، ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن نیزیک بە ٥٠٠ کەس گیانیان لە دەست داوە، زیاتر لە ٧٠٠٠ کەس بریندارن، بە سەدان باڵەخانە و بە هەزاران ماڵ کاول بوون و چیدی نابنەوە جێ و مەکانێک بۆ ژیان، ئەوانە خەم و ئازارێکی قورس و ناخهەژێنی هەموو کوردێکە، بەڵام ئەوەی تاڵترە بینین و دەرکەوتنی هەندێ ڕاستییە کە باشتر تەعبیر لە دۆخی کورد لە ئێراندا دەکەن.

ڕۆژی ٣٠ی بەفرانباری ساڵی ڕابردوو (١٣٩٥) لە تاران بینای «پلاسکۆ» ئاگری گرت. لەو ڕووداوەدا لە نێوان ٢٠ تا ٣٠ کەس گیانیان لە دەست دا و نیزیک ٢٣٠ کەس بریندار بوون کە بەپێی ڕاگەیەندنە ڕەسمییەکان زیاتر لە ١٨٠ کەسیان لەسەر لاق لە ناوەندە دەرمانییەکان چارەسەری پزیشکییان بۆ کرا و بەرەو ماڵێ بوونە. دەوڵەت بۆ ئەو ڕووداوە تاڵ و ناخۆشە »ماتەمینیی گشتیی لە ئاستی ئێران»دا ڕاگەیاند. ١٠ مانگ دواتر کارەساتە گەورەکەی پارێزگای کرماشان ڕوو دەدا کە وەک باس کرا زیاتر لە ٧٥٠٠ قوربانی و کاولبوونی هەزاران ماڵ و خانووی لێکەوتەوە، بەڵام دەوڵەت تەنیا لە کرماشان ماتەمینی ڕادەگەیەنێ، بە واتایەکی دی ئەو بوومەلەرزەیە و خەسارەکانی تەنیا دەتوانێ خەمی کورد و خەڵکی کوردستان بێ، نەک ئێران!

زیاتر لە ٧٠ هەزار کەس بێ خانەولان بوون، خەڵک داوای بەهاناوەچوون دەکەن، سەرماوسۆڵەیە و خێوەت و ڕاخەر و پێخەف نییە و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی دی ڕایانگەیاندوە ئەگەر ئێران بیەوێ ئەوان بە هاوکاری و یارمەتییەکانیان فریای لێقەوماوان دەکەون، بەڵام دەوڵەت نە وەڵامی داوای خەڵک دەداتەوە و نە گرینگی و بایەخێک بۆ داوای کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان دادەنێ! جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران ڕایگەیاندوە کە پێویست بە هاوکاریی دەرەکی نییە و دەوڵەت بۆ خۆی خەم لەو کێشەیە دەخوا و دیارە کە چۆنیشی خەم لێ دەخۆن... حەقیقەتە تاڵەکان با لە مانشێتی ڕۆژنامەکان وەرگرین:

دوکتور پیرحوسێن کولیوەند، سەرۆکی ئۆرژانسی ئێران ڕۆژی یەکشەممە، ٧ی خەزەڵوەر بە هەواڵدەریی «مهر»ی

ڕاگەیاند کە ٨٠٠ ئامبولانسیان لە مەسیری شێنگێڕی و ماتەمینیی ئەربەعین بۆ زیارەتکەرانی کەربەلا جێگیر کردوە. دوو حەوتوو دواتر و ڕۆژی ٢٢ی خەزەڵوەر، واتە ڕۆژی دوای بوومەلەرزەکەی کرماشان، هوشەنگ بازوەند، پارێزگای کرماشان بە هەواڵدەریی «مهر» و «تسنیم»ی ڕاگەیاند کە کەمی و نەبوونی ئامبولانس گەورەترین کێشەی ئەوان لە بابەت گواستنەوەی برینداران و بەهاناوەچوونی قوربانیانی بوومەلەرزەکەیە!

تاکە نەخۆشخانە و ناوەندە دەرمانییە تاقانەکەی سەرپێلی زەهاو لە یەکەم بیناکان بوو کە لە بوومەلەرزەکەدا ڕووخا و خەڵک ناچاربوون بریندارەکانیان بەرێی نەخۆشخانەکانی شار و ناوچەکانی دیکە بکەن، ئەویش لە حاڵێکدا کە کۆماری ئیسلامی دەیان نەخۆشخانەی تەیار و پێشکەوتووی لە وڵاتانی لوبنان، سووریە، عێراق و تەنانەت لە ئوگاندا لە ئەفریقادا دروست کردوە! هەر لەو پێوەندییەدا کۆمەڵە پزیشک و کادری دەرمانیی پارێزگای کرماشان ئاشکریان کرد کە عەمبارەکانی داودەرمانی دوو پارێزگای کرماشان و ئیلام بۆ پێڕاگەیشتن بە زیارەتکەرانی کەربەلا بەتاڵ کراوە و ئێستا خۆیان بۆ دابینکردنی داودەرمان بۆ بوومەلەرزەلێدراوەکان داماون! لەم بەشەدا دەرد یەک و دووان نین، شارەکانی پارێزگای کرماشان و یەک لەوان سەرپێڵی زەهاو بەهۆی لەدواکەوتووییدا ڕاگیران و گەشەنەسەندن پزیشکی پسپۆڕ و کادری دەرمانیی ئەوتۆی نییە و زانیارییەکان باس لەوە دەکەن زۆربەی زۆری کوژراوەکان لە نەخۆشخانە و بەهۆی نەبوونی پزیشکی پسپۆڕ لەسەریان و نەمانی داودەرمان گیانیان لەدەست داوە.

بۆ خواردن و پێخەف و ڕاخەر و حاواندنەوەش؛ هەموو لە بیرمانە کاتێک ئیسرائیل غەزەی بۆمباران کرد، ڕۆژێکی نەبرد ئێران بە چەند پاپۆڕی پڕ خواردەمەنی و پێخەڤ و ڕاخەر و کەرەستەی دەرمانی و پێڕاگەیشتن لە کەنداوی فارسەوە خۆی گەیاندە کەنارەکانی ڕۆژاوای چۆمێ ئوڕدۆن، بەڵام ئێستا بە بێشەرمی وێنە و ویدیۆی خەڵکی ئەزگەلە و سەرپێلی زەهاو و قەسری شیرین لە تەلەڤیزیۆنەکاندا بڵاو دەکەنەوە کە هاواری قومە ئاوێک و پاروە نانێک دەکەن!

ئەو بوومەلەرزەیە سەلماندی کە کۆماری ئیسلامی هەر سیستماتیک کوردستانی لە پاشکەوتوویدا ڕانەگرتوە، هەر سیستماتیک مافە سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردی پێشێل نەکردوە، هەر سیستماتیک کانگا و وزە و سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستانی بە تالان نەبردوە، بەڵکوو ئێستا دەبینین لە یارمەتیگەیاندن و بەهاناوەچوونی لێقەوماوانی ڕووداوە سروشتییەکانیش - کە ئەرکی بنەڕەتی و قانوونی و مرۆیی هەر دەسەڵاتێکە-

سیستماتیک فەرق و جیاوازی دادەنێ. ئەگەر کۆبوونەوەیەکی چەند سەد کەسی بۆ نارەزایەتیدەربڕین یان داواکارییەک لە شارێکی کوردستان پێکبێ، لە یەکەم چرکەکاندا هێزە چەکدارەکان عەرز و ئاسمانی ئەو شارە داگیر دەکەن، بەڵام دەوڵەت نیورۆژ دوای بوومەلەرزەکە لە خەو هەڵدەستێ و تەکانێک لەخۆی دەدا. ئەوە دەریخست کە حکومەت ئەرتەش و هێزە چەکدارەکان و هێلیکۆپتێر و کەرەستە سەربازییەکانی هەر بۆ سەرکوتی خەڵکی کورد دەوێ، نەک بۆ یارمەتیدانی خەڵکی لێقەوماوی کورد لە ڕووداوێکی سروشتی وەک بوومەلەرزەدا. خۆ هەر ئەو خاوەخاوە و گوێ پێنەدانە کە سەرچاوەکەی بۆ بێ بایەخی گیانی مرۆڤی کورد لای حکومەت و چاولێکردنی کوردستان وەک ناوچەیەکی پلە سێ دەگەڕێتەوە، وایکرد کە بڕی زیان و ژمارەی قوربانیانی ئەو ڕووداوە زیاتر بن.


دەرد و خەفەتی پرۆژەکانی «مسکن مهر»، میراتەکەی دەوڵەتە پۆپۆلیستییەکەی ئەحمەدینژادیش لە جێی خۆی کە پووڵ و سامانی خەڵکی کوردستانیان لە گیرفانیان دەرهێنان و قوتولکەیان پێدان؛ ئەو قوتولکانەی بەرگەی ڕاتڵەکانێکیان نەگرت و بەسەر خاوەنە بێ ئەنواکانیاندا ڕووخان و گیانیان لێ ستاندن.

ئەو بوومەلەرزەیە دەریخست کە کۆماری ئیسلامی نە قەت چارەی کوردی ویستوە و نە قەت وەک بەشێک لەو وڵاتە سەیری دەکا. حکومەت زێڕ و نەوت و بەرد و ئاو و سامانەکانی دیکەی کوردستانی دەوێ بۆ تاڵانی و هیچی دی، بەڵام ئەوەی لەو نێوەدا ئۆخژنێک دەخاتە هەناوی سووتاومان ئەو هەرەوەزیە کە خەڵکی کوردستان کردیان.

ئەو بازنە و گوارە و ملوانکانەی کچان و ژنانی ئەو نیشتمانە لە خۆیان کردەوە و کردیان بە پووڵ و ناردیان بۆ خوشک و برا لێقەوماوەکانیان، داخڵەی ئەو منداڵانەی بۆ کەمکردنەوەی ئازاری هاوتەمەنەکانیان شکان، ئەو میداڵە وەرزشییانەی لەلایەن پاڵەوانە وەرزشکارەکانی کوردەوە خرانە مەزادەوە بۆ ئەوەی ببنە هۆی هەتوانی برینی هەتیوان، ئەو هەرەوەزە بەوەخت و دڵسۆزانەیەی سەرجەم چین و توێژەکانی کوردستان بۆ بەهاناوەچوونی هاونیشتمانییەکانیان کردیان و ئەو دیمەنانەی لە کوردستان لە کاتی بەڕێکردنی تەرمی ئەبووبەکر مەعرووفی - کە لە کاتی گەیاندنی یارمەتییە مرۆڤدۆستانەکاندا بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ گیانی لە دەست دا- بینیمان؛ مانایەکی دیکەی بە ڕوحی کوردانە و کوردایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخشی و وەک سەرمایەیەکی بەنرخ دەتوانێ سوکناییەکی کەم بێ بۆ ئەو برک و ژان و کۆستە جەرگبڕە.

(لە ژمارەی ٧١٤ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧




**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**سەرماوەزی ٢٧١٧ی کوردی - نۆڤەمبەری ٢٠١٧ی زایینی**